**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 37

**ساڵی/ 2006 – بەرگی سی و حەوت**

---

**چاپی یەکەم/ ساڵی 2007**

له بلاَوكراوەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(2006)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق
بەرگی: 37
چاپی یەكەم: 2007
تیراژ: 500
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێریست

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2006/9/3 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/9/4 ل25

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2006/9/5 ل49

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/9/6 ل99

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/9/11 ل147

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/9/13 ل161

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/9/20 ل229

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2006/9/24 ل282

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/9/25 ل354

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/9/27 ل400

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/10/2 ل420

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2006/10/3 ل471

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/10/9 ل529

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/10/11 ل532



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێك**

**یەك شەممە ڕێکەوتی 3\9\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەستپێك

## یەك شەممە ڕێكەوتی 2006/9/3

**كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2006/9/3 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان ڕشاد موفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادە بوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی دەستپێك خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی كردنەوەی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:**

**1-وتاری بەخێرهاتن لە لایەن بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**2- وتاری بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان بەبۆنەی كردنەوەی خولی گرێدانی دووەمی پەرلەمانەوە.**

**3- وتاری بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان بەوەكالەت بەم بۆنەیەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (2.1)ی مادده (54) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو, بڕیاردرا دانیشتنی كردنەوەی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق بەم شێوەیە بێت:**

**1-وتاری بەخێرهاتن لە لایەن بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**2- وتاری بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان بەبۆنەی كردنەوەی خولی گرێدانی دووەمی پەرلەمانەوە.**

**3- وتاری بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان بەوەكالەت بەم بۆنەیەوە.**

**سەرەتا داواتان لێ دەكەم دەقیقەیەك بۆ گیانی پاكی شەهیدانی ئازادی سەربەزی بوەستن.**

**زۆر بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان جەنابی كاك مەسعود بارزانی.**

**زۆر بەڕێز كاك عومەر فەتاح سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان.**

**خوشك و برایانی بەڕێز.**

بــەناوی ســەرۆکایەتی و ئەنــدامانی پەرلــەمانی کوردســتان بــەخێرهاتنی گــەرمتان لێدەکــەم سوپاســی ئامادەبوونتان دەکەم لـە یەکـەمین دانیشتنی ئاسایی دەسـتپێکردنەوەی کارەکـانی خـولی دووەمـی لـە ساڵی دووەمی پەرلەمانی کوردستان.

دەمەوێ ئاماژە بە پشووی هاوینەی پەرلەمان بکەم کە تیایـدا دوو کۆبوونـەوەی نائاسـایی بەسـترا, جگـە لـە کورتکردنەوەی ماوەی پشووەکە بۆ هەفتەیەك, کە تێیدا یاسای وەبەرهێنان پاش گفتوگۆیـەکی تێروتەسـەل پەسەند کرا.جێی خۆیەتی لێرەدا بەپێی ماندوو بوونیان سوپاسـی لیژنـەی یاسایی پەرلـەمان و لیژنـەکانی تــر بکــەم, کــە لــە پشــووی پەرلەمانــدا رۆژانــە کــاری خۆیــان کــردووە بــۆ ئامــادە کردنــی پــرۆژەی یاســای وەزارەتــەکان و ئەنجامــدانی چــەندین کۆبوونــەوە لەگــەڵ وەزیــرە بــەڕێزەکان بــۆ ئــەو مەبەســتە, هــەروەها لیژنەکانیش سەردانی وەزارەتەکانیان کردووە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانیان.

بەڕێزان.

دیارە پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی خولی گرێدانی یەکەمیدا ئەوەندەی لە توانای دابوو بێت هـەوڵی داوە هەمیشە بە دوای داواکاری و کێشەو پێداویستیەکانی جەماوەری کوردستاندا بچێت. بـەو پێیـەش چـەندین یاسا و بڕیاری پێویستی دەرکردووە, وەك:یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی تـیرۆر و یاسـای وەبـەرهێنان, هـەروەها لیژنەی نووسـینەوەی دەسـتوور کـە سـاڵێك لەمەوبـەر ئـەرکی ئامـادە کردنـی پـرۆژەی دەسـتووری هـەرێمی کوردستانی پێسپێردرا کارەکانی تەواو کردووەو بڕیارە لە رۆژانی داهاتوودا پرۆژەی دەستوورەکە بنێردرێتە ســەرۆکایەتی هــەرێمی کوردســتان و مەکتــەبی حزبــەکان و لــە میدیاکانیشــدا بــڵاو بکرێتــەوە, بــۆ ئــەوەی راوبۆچــووین هــەموو لایــەکی لەســەر وەربگیرێــت, بــە تێبــینی و پێشــنیازی گونجــاو پــرۆژەی دەســتوورەکە دەوڵەمەنــدتر بکرێــت, ئەوســا جــارێکی تــر لیژنەکــە پێداچــوونەوەی لەســەر دەکــات و دەخرێتــە بــەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگـۆ کـردن و پەسـند کردنـی وەك دەسـتووری هـەرێمی کوردسـتان رەوانـەی سـەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

خوشك و برایانی بەڕێز.

لەماوەی رابردوودا پەرلەمان پێشوازی لە چەندین لێپرسراوی باڵای عێراقی فیدراڵ کـردووە, کـە سـەردانی کوردستانیان کـردووە لەوانـە:بـەڕێزان د.مـەحموود مەشهەدانی سـەرۆکی ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێـراق و د.نــوری مــالیکی ســەرۆکی ئەنجومــەنی وەزیــران و وەفــدێکی کوتلــەی ئیئتــیلافی یــەکگرتووی عێراقــی بــە سـەرۆکایەتی بـەڕێز عـەممار ئەلحـەکیم لەسـەرجەم دیدارەکانـدا مەسـەلە گرنگـەکانی گـەلی کوردسـتان لـە گەڵیاندا باسکراوەو راشکاوانە بیروڕایان لەسەر ئاڵوگۆڕ کراوەو چەندین بڕیاری پێویسـتیش دراوە بـۆ پتـەو کردنی پەیوەندی نێوان دام و دەزگاکانی هەرێم و عێراقی فیدراڵ.

بەتایبــەت لەســەر مەســەلەی فیدراڵیــەت و چۆنیەتی جـێ بـەجێ کردنـی ماددەکـانی دەسـتووری عێراقـی بەگشتی و ماددەی 140 و بەکارهێنانی زمانی کوردی وەك زمانێکی رەسمی لە عێراقدا بەتایبەتی, داوامـان لێکــردوون کــە پێویســتە وەك زمــانی عــەرەبی, زمــانی کــوردیش لەســەر پاســەپۆرت و پــارەو پــولی عێراقــی

بنوسرێت, هەروەها داوامـان لێکـردوون کـە لـە دانـانی بودجـەی عێراقـدا عەداڵـەت رەچـاو بکرێـت و دەبـێ قـەرەبووی زەرەرو زیانـەکانی خـەڵکی کوردسـتان بکرێتـەوەو کـە بەدەسـت سیاسـەتی رژێمـی لەناوچـووی بەعس لە گەلی کوردستان کەوتووە. هەروەها بەوردیش باسمـان لـە چۆنیەتی چارەسـەر کردنـی کێشـەکانی هاووڵاتیـان کـردووە, وەك:زیـادکردنی مووچـەی فەرمانبـەران و چارەسـەر کردنـی کێشـەکانی کارەبـا و سوتەمەنی و گرانی بازاڕ و هەتادوایی.

بەڕێزان.

لەم قۆناغە هەستیارەدا کە کوردسـتان و عێـراق پێیـدا تێپـەر دەبـن, پێویسـتە هـەمووڵا بـۆ کـار و خـەباتی بێوچان خۆمان ئامـادە بکـەین, هـەوڵی سەرخسـتنی خـەباتی گەلەکـەمان بـدەین لێـرەدا دەمـەوێ بـەکورتی ئاماژە بە ئەرکەکانی سەرشانی پەرلەمان بکەم کە پێویستە لەم چەند مانگەی داهاتوودا ئەنجامی بدەین:

یەکـەم/دەرکردنـی یاسـای وەزارەتـەکانی حکومـەتی هـەرێم و پـرۆژەی یاسـاکانی تـری لـە لایـەن حکومـەتی هەرێمـەوە ئاراسـتەی پەرلـەمان کـراوە, یـان دەکـرێن و ئـەو پرۆژانەشـی کـە بـە رێگـای یاسـایی دەخرێتـە بەردەمتان.

دووەم/هـەموار کردنـی پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان بەرەچـاو کردنـی ئـەو گۆڕانکاریانـەی لـە عێـراق و کوردستان و ناوچەکە هاتۆتە مەیدان, بەشێوەیەك کە کارەکانی پەرلەمان بەرەو پـێش ببـات و ببێتـە هـۆی دانانی میکانیزمێك بۆ ئەوەی پەرلەمان بتوانێ باشتر و کاریگەرانە تر بەدەوری خۆی هەڵبستێ.

سێیەم/ چاوخشاندنەوەو پێداچوونەوە بـە لیژنـەکانی پەرلـەمان و دانـانی لیژنـەی تـازەش لەبـەر رۆشـنایی ژمارەی وەزارەتەکان بەپێی پێویست.

چوارەم/پێویستە ئەو لیژنانە زیاتر کارا بکرێن بۆ ئەوەی وەك پێویست چاودێری کاری وەزارەتـەکان بکـەن و راپـۆرتی خۆیـان پێشـکەش بـە پەرلـەمان بکـەن. بـۆ ئـەوەی لـە کـاتی پێویسـتدا بـۆ چارەسـەر کردنـی کەموکوڕیەکان بانگهێشتی وەزیرە پەیوەندارەکان بکرێت.

پێنجـەم/گفتوگـۆ کردنـی پێویسـت لەسـەر بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان کـە چاەڕوان دەکرێـت حکومـەتی هەرێم لە مانگی ئۆکتۆبەری پێشکەش بە پەرلەمانی بکات.

شەشەم/بەدواداچوونی هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم لە پێناو یەکخستنەوەی دام و دەزگای وەزارەتـەکان و هاوکاری پشتگیری کردنیان بەپێی پێویست.

حەوتەم/داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە بەزووترین کات ئەو پرۆژە یاساییانەی کە لەبـەر دەستیان دایەو پەیوەندیان بە ژیان و گـوزەرانی توێـژە جۆربـەجۆرەکانی خەڵکـەوە هەیـە ئامـادەی بکـەن و ڕەوانەی پەرلەمانی بکەن, بەتایبەتی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان و پرۆژەی یاسای خانەنشینی.

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئاماژە بەو کۆبوونەوە نائاساییە بکەم کە پەرلەمان ئەنجامی داو تیایدا بەڕێز سـەرۆکی حکومەت بەوەکالەت و ژمارەیەك لە وەزیرە بەڕێزکان بەشداریان تێدا کرد. بـۆ باسـکردنی کێشـەی کارەبـاو سـووتەمەنی و گرانـی بـازاڕ کـە جێگـای پرسـیارو خـەمی رۆژانـەی خـەڵکی کوردسـتانە, دوای ئـەوەی

گفتوگۆیەکی تێروتەسەلیان لەبارەیەوە کرا, چەندین راستی دەرکەوتن کە پێشتر ئاشکرا نەبوون, پێشنیاری گونجاو خرایە بەردەم حکومەتی هەرێم بۆ نەهێشتنی کێشەکان و چۆنیەتی چارەسەر کردنیان.
ئومێدم وایە کە ئەم جۆرە دانیشتنانە لە داهاتوودا بەردەوام بێت. بۆ زیاتر بەدواداچوونی داواکارییەکانی کۆمەلأنی خەڵك و چاودێری کردنی ئیشوکاری وەزارەتەکان.
بەهێز کردنی حکومەتی هەرێم و چارەسەر کردنی گرفتەکانی خەڵکی کوردستان و چەسپاندنی یاسا و دابینکردنی دادوەری کۆمەلأیەتی وبەهێز کردنی هەنگاوەکانی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە کوردستانی ئازاد و دیموکرات و فیدراڵدا.
لە پێش هەموویانەوە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەنابی کاك مەسعود بارانی کە چاوەڕوان دەکرێت وەك هەمیشە پشتگیری هەنگاوەکانی پەرلەمان بکات.
هەروەها پێویستە سەرکردایەتی حزبەکانیش لە ئاستی بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆیان دابن, رووبەڕوو بوونەوەی گرفتەکان, وەك چۆن بە خەبات و تێکۆشانی ئەوان و گەلەکمان و خوێنی شەهیدان ئەم دەستکەوتانەی بەدەستهاتوون, بەهەمان شێوە لەم قۆناغەشدا پێویستە وەك سالأنی بەرنگاربوونەوەی دەسەلأتدارانی بەعس و رژێمە گۆر بە گۆڕەکەی, یەك هەڵوێست بەخەباتێکی بێوچان کەتیایدا هەزاران شەهید و قوربانی بەخوێنی گەشی خۆیان خاکی کوردستانیان ئاودا, ئازادی و هەڵبژاردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و عێراقی فیدراڵی بەدواداهات.
ئێستاش لەم قۆناغەدا ئەرکی هەموو لایەکمانە ئەم دەستکەوتانە بپارێزین و دژایەتی کردنی گەندەڵی لەناو دامودەزگاکانی هەرێم و دابینکردنی پێداویستیەکانی کۆمەلأنی خەڵکی کوردستان, بەتایبەتی چارەسەر کردنی کێشەکانی کارەباو سوتەمەنی و گرانی بازاڕ و چەسپاندنی دادوەری و گیانی دیموکراتی و سەقامگیر کردنی یاسا لە کوردستاندا. با هەمووومان پێکەوە خەبات بکەین و کار بکەین لە پێناو بەدیهێنانی گشت ئاواتەکانی گەلەکەمان.
هەر بژین و سەرکەوتووبن.

**بەڕێز کاك مەسعود بارزانی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**خوشك و برایانی بەڕێزو خوشەویست.**

خۆم بە بەختەوەر دەزانم جارێکی تریش لە خزمەتی ئێوەدا کۆببینەوە لەو شوێنە پیرۆزە.
بێگومان پەرلەمانی کوردستان رۆڵێکی سەرەکی بینی لە دامەزراندنی دامودەزگا دەستووری و یاساییەکان و لێرە بڕیار لە هەر بابەتێکی چارەنووسساز دەدرێت, لەبەر ئەوە بە دڵنیاییەوە عەرزتان دەکەم کە من وەکو سەربازێك لە خزمەتی ئێوەدام و هەرچی پێم بلێن و پێم بکرێت درێغی ناکەین لە پشتگیری کردنی ئەم پەرلەمانەو داواشتان لێدەکەم کە ئێوەش رۆڵی خۆتان بە چاکی ببینن و ئەوەی کە میللەت بە ئێوەی سپاردووە بەچاکی ئەنجامی بدەن, ئێوە دەتوانن چاودێریی حکومەت بکەن, چاودێریی سەرۆکایەتیی

هەرێم بکەن, چاودێریی هەموو دامودەزگاکان بکەن و خۆشبەختانە دەبینین کە یەکگرتنەوەی گەلەکەمان یەکگرتنەوەیەکی ستراتیژییەو بە قەناعەتەوەیە, لە مێژبوو من گەیشتبوومە ئەو قەناعەتەی کە ئەو برایەتی و تەباییەی لە ئاستی سەرکردایەتیی هەردوو حزبی سەرەکی و حزبەکانی هاوپەیمان گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر زۆر بەرز, بەلاَم من زۆر لەوە دلّنیا نەبووم کە ئایا ئەمە دابەزیوە بۆ ناو خەلّك یان نا, لەم سەفەرەی سلێمانی بۆم دەکەوت کە سوپاس بۆ خودا زۆر بە چاکی دابەزیوەتە نێو خەلّك, ئەمەش زۆر زۆر جێگەی خۆشحالّییە.

یەکگرتنەوەی دەزگاکانی حکومەت, بە خۆشحالّییەوە عەرزتان دەکەم کە لە ماوەی رابردوو هەم لەگەلّ وەزیری ناوخۆ و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ, هەروەها لەگەلّ وەزیری پێشمەرگەو هەردوو فەرماندەیی لەشکریش کۆبوومەوە. هەنگاوی زۆر زۆر باش هاوێژراوەو دەتوانم بلّێم ئەو پێشکەوتنەی لە یەکگرتنەوەی پێشمەرگەو دروستکردنی لەشکرێکی یەکگرتووی مودێرن بۆ کوردستان لە تەوەقوعی من زیاتر بوو, پەنا بەخودا زۆری پێناچێ ئەوەش رادەگەیەنرێ و یاسای پێویستی بۆ دادەنرێ و دەبینە خاوەنی یەك لەشکر لە کوردستان, هەروەها یەك دەزگای پۆلیس و ئاسایش و هەروەها دەزگاکانی تر, پێش ماوەیەکیش جەنابی کاك عومەر پێی گوتم کە سەبارەت بە وەزارەتی دارایی و داد یەکگرتنەوەیان لە تەواو بووندایە و شتێکی ئەوتۆ نەماوە.

سەبارەت بە دادگای تەمیزیش خۆتان ئاگادارن کە راگەیانراو پێموایە ئێستا ئێمە خاوەنی دەزگایەکی دادوەریی زۆر زۆر رێکوپێکین و ئومێدەوارم ئێمە هەر بەردەوامبین لەبەرەو پێش چوون و دامەزراندنی دامودەزگا یاسایی و دەستوورییەکان.

خۆپشاندانەکانی ماوەی رابردوو, لە ماوەی رابردوو هەندێ خۆپشاندان روویاندا بەهۆی هەندێك گلەیی و گازاندەی خەلّك, بێگومان ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانە بۆ ئەوە بووە خەلّکی ئێمە ئازاد بکرێ, بۆ ئەوە بووە خەلّکی ئێمە هەر کاتێك بیەوێ نارەزایی خۆی بە ئازادی و سەربەستی دەرببڕێ, تەنها یەك شت من حەز دەکەم جەماوەری ئێمە خەلّکی کوردستان لێی ئاگادارین کە زۆر جوان نییە فەرهەنگێك بێتە ناو ئێمە کە لە کاتی خۆپیشاندان چ بە دەستێکی خراپ, یان بێ ئاگایانە پەلاماری دامودەزگاکان بدرێ و شوێن خراپ بکرێ یا بسوتێندرێ یا ئۆتۆمبێلی وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان تێکبشکێندرێ.

ئەمە لادانە لە یاسا, ئەم شتانە نەکرێ ئەوەی تر بێگومان خەلّکەکە ئازادەو بەرێزیشەوە, ئێمە گوێ لە گلەیی و گازاندەکانیان دەگرین و ماڤی خۆشیانە, پێویستە لەسەر دەزگاکانی حکومەت شت بۆ خەلّك روون بکەنەوە, چونکە هەندێ شت هەیە مومکینە کەموکوڕی هەیە با خەلّکەکە هەموو شتێك بە شەفافییەتەوە بزانێ. نابێ کەلێنێك دروست بکرێ, یا دروست ببێ لەنێوان ئێمەو خەلّکی ئێمە کە پێیان وا بێ ئێمە شتیان لێدەشارینەوە یا شەفافیەت نییە لە ئیشەکاندا.

من پێموایە کە خەلّکەکە گەیشتە ئەو قەناعەتە خۆشی رازییە پێی, ئەوەی ئامادە بووە کە کیانی خۆی بدات لە پێناو ولاَتەکەیدا, بێگومان ئامادەشە هەموو کاتێك کە هەرچی قوربانییەکی پێویستە بیدا, ئەگەر

له بارەکە بگات بە تەواوی, پاشان دەبێ ئەو جەماوەرە بزانێ ئێمە ئینقیلابچی نین ئێمە نەهاتووین بە زۆری کودەتایەك بکەین و دەسەلآت بگرینە دەست, ئێمە خەڵکێکی شۆڕشگێر بووین خەباتمان کردووە, گیانمان لەسەر دەست بووە, بۆ ئەوەی ئەم میللەتە زرگاری ببێت, ئەو خەڵکە دەنگی داوە بەم حزبەو بە حزبە هاوپەیمانەکانیش ئەمڕۆ ئەم پەرلەمانە نوێنەری خەڵکی کوردستانە, کوردە, تورکمانە, ئاشوورییە, کلدانە, هەمووی تیادایە بە ئارەزووی خۆشتانە سبەی دەتوانن بە هەمان ئەو دەنگەی کە ئێمە مانانتان هێناوە بۆ ئێرە بە دەنگی خۆتان دەرمان بکەن.

بەڕاستی ئێمە وا دەبینین کە کوردستان دەبێ وابێ.

پرسی کیانە هەڵەشاوەکان, بابەتێکی تر هەیە من بە پێویستی دەزانم پێشی ئەوەی بێمە سەرباری گشتی ئاماژەی پێبدەم, کە ماوەیەك پێش ئێستا بابەتێك خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە, ئەویش مەسەلەی مووچەی کیاناتی مونحەلە بوو.

کە لەوانە هەندێ لە موستەشارەکان دیسان چووبوون پەیوەندییان کردبوو بە هەندێ دەزگای حکومەت کە مووچە وەربگرنەوە, یەکێك لەو ئافاتەی کە ئێمە وەکو کورد و خەڵکی کوردستان تووشی بووین ئەوەبوو کە لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە خەڵکێك دەستی دایە چەك و لەگەڵ حکومەت بوو, ئەمەش شتێکی زۆر زۆر ناخۆش بوو, بەرەبەرە گەیشتە ئەوەی کە سوپاس بۆ خودا لە راپەڕینی 1991 میللەت بوو بەیەك دەنگ و یەك ریز و سوپاس بۆ خودا کوردستان رزگار کرا لە دوژمنان, ئەو کاتەش سەرکرادیەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی وای بە باشی زانی کە لێبووردنێکی گشتی رابگەیەنێ هەرچەندە برینی زۆر قووڵ هەبوو لای زۆر کەس, بەلآم بەرژەوەندیی وڵاتەکەمان لە سەرووی هەموو شتێك بوو, من پێموایە یەکێك لەو نیعمەتانەی کە ئێستا ئێمە تیایدا این ئەو بڕیارە بوو کە بڕیارێکی حەکیمانە بوو راستبوو, بەلآم بەو مەرجەبوو کە کەس جارێکی تر نەگەڕێتەوە سەرکاری پێشووی خۆی.

ئێستاش ئێە بەشێکی هەرە گرنگین لە دەوڵەتی فیدراڵ, سەرۆك کۆمار راستە سەرۆك کۆماری هەموو عێراقە, بەلآم لە خۆمانە و هی خۆمانە, زۆر لە وەزیرە سەرەکییەکان هی خۆمانن سەرۆکی ئەرکانی سوپاش هی خۆمانە جێگری سەرۆك وەزیران هی خۆمانە, واتە ئێمە بەشێکین لە دەوڵەتی عێراقی, خۆ ئێمە غەریبە نین, ئۆپۆزیسیۆن نین, بە هەر شێوەیەك بێت, ئێمە نایەڵین شتی وا سەر بگرێ لە کوردستان, گەر واش نەبێ مومکین نییە جارێکی تر رێگە بدرێ دووبەرەکی لە ناو میللەتی کورد دروست ببێتەوە, یا کەسێك دەست بۆ شوێنێکی تر ببات و جاشایەتی زیندوو بکرێتەوە لە کوردستان ئەمە مەحاڵەو بە هیچ شێوەیەك رێگەی پێنادرێت, ئەو بڕیارەش کە درا هەر لە کاتی خۆی ئێمە پەیوەندیمان کرد بە جەنابی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران و دامودەزگاکانی تری حکومەتی فیدراڵیش بۆ ئەوەی ئاگاداربن ئەو شتە نەبێت و ئەوەش ئاگادار کردنەوەیەك بوو بۆ ئەو موستەشارانە کە هەڵەی وانەکەن, چونکە گەرشتی وا بکەن کارە کۆنەکانیان نوێ دەبێتەوە, بەلآم دوای ئەوە بیستم زۆر هەڕەشەو گوڕەشە کراوە.

ئێمە پابەندین بەو لێبوردنەی کە دراوە, چونکە بەناوی سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی دراوە بۆ ئەوە نە دراوە ئێمە پاش ماوەیەك لێی پەشیمان ببینەوە, بەلأم ئەگەر هاتوو کەسێك خۆی پەشیمان بووەوە لەو پەیمانەی کەدابووی ئەو کاتە خۆی بەرپرسیاریەتیی دەگرێتە ئەستۆ و ئەو لێبوردنەش ماوەو بەردەوامە و نابێ هیچ پێشیلییەکی ئەو بڕیارە بکرێت.

ئەنفال و دادگاییکردنی تاوانباران, بابەتێکی ترە, کە بەلای منەوە زۆر گرنگە مەسەلەی ئەنفال و دادگاییکردنی تاوانبارەکانە.

یەکێك لەو ساتە خۆشانەی ژیانی هەموو کوردێك ئەوەیە کە ئەو تاوانبارانە دەبینین لە قەفەزی تاوانباریدا دادگایی دەکرێن, بەلأم من لێرە بە پێویستی دەزانم لیژنەی یاسایی پەرلەمان و حکومەتیش گرنگیی زیاتر بەم بابەتە بدەن, هەندێ جاری وا هەیە هەندێ شایەدی خۆمان کە خەلکێکی فەقیرن نەزمان دەزانێ نەیاسا دەزانێ مافێکی تەواو تەواوی هەیە, بەلأم ناتوانی بەرگریی لێ بکات.

ئەو ڕۆژە من سەیرم کرد خوشکێك, دایکێك خۆی دەیگوت من زۆر شتم لە یاد نەماوەو خوێندەواریشم نییە, لەبەر ئەوەی من نازانم باشە چۆن؟ ئەمانە دەتوانن خالێکی وا بە دەستەوە بگرن و بیکەنە خالێکی لاواز لە دژی ئێمە, لەبەر ئەوە هەولی تریش هەیە بۆ بە سیاسیکردنی هەلمەتەکانی ئەنفال, وای لێ بکرێت کە هۆکاری ئەم هەلمەتە بۆ ئەو بیانووە بگەڕێتەوە کە کورد هاوکاری ئێران بووە لە شەڕی ئێران و عێراق, شەڕی کورد لەگەل ڕژێمەکانی عێراق لە کاتێکدا بووە کە نە شەڕی ئێران و عێراق هەبووەو, نە ئەم دەولەتەی عێراق هەبووە, ئەوەی کە تووشی شەڕ بوو لەگەل ئێران نە دەولەتی ئێرانی ئێستا هەبوو, کە تووشی شەڕ بوو لەگەل عێراق ئەوانە هەر نەبوون. سالی 1974 بۆمبارانی قەلأدزێ و زانکۆی سلێمانی چی بەسەر ئەو خەلکە هێنا؟ ئەو کاتە شەڕی ئێران و عێراق نەبوو, دوای دوو سێ ڕۆژ هەلەبجە بۆردومانکرا, چونکە تاوانی زۆر گەورە تر کران لەبەر ئەوە ئەو تاوانانە بچووك هاتنە بەرچاو, دوایی لە هەلەبجە دیسان قەسابخانەیەکی تریان بۆ خەلکەکە دانا.

4000 گوندی کوردستان وێرانبوو چ شەڕی عێراق و ئێران هەبوو؟ شەڕی ئێران و عێراق دەستی پێکرد کەی ڕژێمی عێراق هەولیدا داوا لە کورد بکات لە خەلکی کوردستان ڕۆلی خۆیان ببینن؟ پاشان ئەو بڕیارەی شەڕ کردن لەگەل ئێران کەی بڕیارێك بووە میللەتی عێراق لێی ڕازی بێت؟ کەی لەبەرژەوەندیی میللەتی عێراقدا بووە؟ کابرایەك هەستاوە عەقلی بڕیوە بڕیاریداوە شەڕێك لەگەل ولأتێکی تر بکات, لە هەمان کاتیشدا شەڕی بەردەوام و توندتر بوو بەرامبەر بە میللەتی کورد, وێرانکردنی دێهات هەر بەردەوامبوو کوشتنی خەلکی کوردستان هەر بەردەوامبوو نەهاتە پێش بۆ ئەوەی هەولبدات ئاشتی ببێت لەگەل ئەوەش هەر کاتێ کە هەلێك هاتبێتە پێش, ئێمە دەستپێشخەریمان کردووە, بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەری مەسەلەکە بکەین, لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك نابێ ڕێگەی ئەوە بدەین مەسەلەکە دابمەزرێ و دەبێ لە قالبی جینائی خۆیدا بمێنێت, چونکە ئەمانە تاوانبارن و دەیانەوێ بەم شێوەیە ڕەوتی

دادگا بگۆڕن و چاو لە تاوانەکانیان بپۆشرێ, جا ئەمە بەڕاستی بۆ یاساناسان دەمێنێتەوە, هەروەها لیژنـەی یاسایی پەرلەمانی خۆمان و حکومەتیش پێم وابێ دەبێ زۆر زۆر وریابن نەهێڵن ئەم فێڵە لە ئێمە بکرێ.
ئاڵای بەعس لە کوردستان هەڵنادرێ, ئینجا دێمە سەر هەندێ بابەتی تر ئەوە چەند رۆژێکە هەڵاڵایـەکی گەورە دروستکراوە نازانم هۆیەکەی چییە بەڕاستی, لەسەر مەسەلەی ئاڵایـە, دەستوورە, دوێنێ مـن خـۆم سەیری هەندێ دیمانەی تەلەفزیۆنیم دەکرد, ئینجا رۆژنامەو ئینسات و بابەتی ئینتەرنێت کـە بـۆم دێـت رۆژانە ئەو شۆڤێنی و داخ لە دلانەی کە ئێستاش پێیان وایـە دەبـێ کـورد خزمـەتکاری ئـەوان بێـت خـاوەن ئیرادە نەبێت, هاربوونە گوایە بڕیاردراوە ئاڵای عێراق هەڵنـەدرێ لـە کوردستان, بەڕاستی هیـچ بڕیارێکی وانەدراوە ئـەو بڕیارەش کـە دراوە بـۆ رێکخستنی بـاری خۆمـان بـووە, ئـاڵای عێـراق گـرفتی ئێمـە نـەبووە, چـونکە ئـاڵای بـەعس لـە کوردسـتان هەڵنـەدراوە تـاوەکو ئێمـە هەڵیبـدەین, یابیهێنینـە خـوارەوە, ئێمـە داوامـانکردووە ئـاڵای عێـراق دروسـت بکرێـت ئاڵایـەکی تـازە کـە بەڕاسـتی ئـاڵای عێـراق بێـت تـا ئێمـەش هەڵیبدەین و لە دەستووردا دەڵێ دەبێ ئاڵایەکی تازە دروست بکرێت بەواتای ئەوە ئاڵایـەك نییـە, مـاددەی $12$ دەڵێ سروودێکی نیشتمانی و ئاڵایەك دەبێ گوزارشت لە پێکهاتەی میللەتی عێراق بکات دروست بکرێ, واتای ئەوەیە ئەمە ئاڵا نییە, پاشان ئاڵایەك هەبوو لە عێراق لـە زەمـانی حـوکمی پادشـایی دوو ئەسـتێرەی تیادا بوو یەکێك تەعبیری لە کورد دەکرد ئەوەی تر لە عەرەب وەکو دوو نەتەوەی سەرەکی لە عێراق.
شۆڕشی $14$ی تەمووز بوو $10$-$15$ ئەفسەر بڕیاری گۆڕینی ئاڵاکەیاندا, بەلام ئاڵایەکیان هێنا دیسان مێـژوو و رابردوو و پێکهاتەی عێراقی تیادا بوو دیسان ئێمە وەکو کورد قبووڵمان کرد و ئێستاش هەڵماندا وە, دوای ئـەوە کودەتـای رەشـی $8$ی شـوبات بـوو هەسـتان ئـەم ئاڵایـەیان گـۆڕی, چـونکە شـتیکی لـەبارەی کـورد و نەتـەوەکانی تـری تیـادا بـوو, $3$ ئەسـتێرەی تیادایـە جـا بـا بـێن ئـەم شـۆڤێنیانە روونییکەنـەوە, ئـەم $3$ ئەستێرەیە واتە یەکێتی $3$ قۆڵیی عێراق و میسر و سووریایە کە ئەو یەکێتییە نەبووەو نە دەشبێت, میسر وازی لێهێناوە سوریا وازی لێهێناوە, ئەوان بەردەوامبوون لەسەر ئەم ئاڵایە, هەرچی ئەنفالە هەرچی کوشتن و کوشتارە بەم ئاڵایە کرا.
ئەم ئاڵایە ئاڵایەك نییە بۆ عێراق بێت, بەڕاستی ئاڵای بەعسە, ئاڵای ئەنفالە, ئاڵای کیمیابارانە, ئەو بڕیارە دراوە, سەبارەت بـە ئێمـە ئەگـەر ئـەوان پەلـەیان نـەبێت, ئێمـەش پەلـەمان نییـە, ئێمـە داوامـانکردووە لـە پەرلەمان, لە ئەنجومەنی حوکم کاتی خۆی بۆ مەسەلەی گۆڕینی ئاڵا, ئێستاش پەرلەمانی فیدراڵ پێویستـە ئاڵایەکی تازە بۆ عێـراق دروسـت بکـات و پابەنـدە بـەم شـتە, ئـەم ئاڵایـە پێویسـتە گوزارشـت لـە پێکهاتـەی عێراق بکات بەڕاستی, هەر کاتێ ئەوان دروستیان کرد بەسەر سەر ئێمە هەڵیدەدەین, ئەو بڕیـارەی کـە مـن دەرم کرد بۆ رێکخستنی باری خۆمانبوو, دوای ئەوەی کە بووین بە خاوەن یەك حکومەت لە زۆر شـوێن لـە بازگەکان لە زۆر لە بارەگاکان ئاڵای پارتی و ئاڵای کوردستان هەبوو, ئاڵای یەکێتی و ئاڵای کوردستان هەبوو, لە هەندێ شوێنی تر هەندێ بازگەکان ئاڵای حزب هەبوو, ئەمەش نابێ, ئێستا یەك حکومـەتمان هەیـە, نـە

حکومەتی پارتییە, نە حکومەتی یەکێتییە حکومەتی کوردستانە, بۆ ڕێکخستنی باری خۆمان گووتمانە پارتەکان دەتوانن لە بارەگاکانی خۆیان لە تەك ئالآی کوردستان ئالآی خۆشیان هەڵبدەن.

بەلآم دەزگای رەسمی لە بازگە لە بارەگای لەشکر پێویستە تەنها ئالآی کوردستان هەڵبدرێت, ئەگەر لە بۆنەیەکیشدا پێویست بوو کە ئالآی عێراق هەڵبدرێت, تا ئالآیەکی تازە بۆ عێراق لە پەرلەمانی فیدراڵ دەردەچێت, ئێمە ئالآی 14ی تەمموز هەڵدەدەین, ئالآی ئێستاش تەماشا بکەن, کاتی خۆی 3 ئەستێرە بوو پاشان سەدام بە دەستنووسی خۆی نووسیوتی "الله اكبر" (کلمة حق یراد بها باطل) وشەیەکی حەق بۆ مەبەستێکی ناحەق, ئێستا لە هەندێ ناوچەی عێراق ئەم (الله اكبر)ە بە خەتی کووفی نووسیویانە, لە هەندێ شوێن بە حەتی روقعە نووسیویانە, لە هەندێ شوێن بە خەتی رەیحانی نووسراوە, لە هەندێ ناوچەی عەرەبە شوڤێنییەکانیش هەر بە دەستنووسی سەدام ماوەتەوە بۆ یادگاری, لەمەشدا کۆکبوون نییە لە بارەی شێوەی ئەو خەتەی کە ئەم دەستەواژەیەی پێ نووسراوە, ئەگەر کەسانێك پێیان وابوو بێ کە لە پارچەیەکی هەرێم هەبووە لەوەی تر نەبووە کاتی خۆی لەسەردەمی دوو ئیدارەیی ئەم ئالآیە (الله اكبر)ی تیادا نەبووە.

لەبەر ئەوە بەڕاستی بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو هەرێم تا ئالآیەکی تازە بۆ عێراق دەردەچێت یەك ئالآمان دەبێت ئالآی 14ی تەمووز کە گوزارشت لە عێراق دەکات کاتی خۆی پێی رازی بووین ئێستاش پێی رازین, کە ئالآی تازەش دەرچوو ئێمە هەڵیدەدەین بەسەرچاو ئێمە نەمان گوتووە ئێمە ئالآی عێراق هەڵنادەین ئێمە ئالآی ئەنفال هەڵنادەین, ئێمە ئالآی بەعس هەڵنادەین, ئینجا زۆر گەورەیان کردووەو کردوویانە بەپرسێکی سیاسی وەکو ئەوە وایە کە ئێمە بڕیاری جیابوونەوەمان داوە, بەڕاستی ئەوانە شۆڤێنین لە گرفتی ناوخۆیان رادەکەن, ئەمانە فاشیلن پیاوی حوکمڕانی نین و ناتوانن ناوچەکانی تری عێراق بەڕێوەببەن دەیانەوێ کوردستان وەکو خۆیا لێبکەن, ئێمە ئامادەین یارمەتیان بدەین شوێنەکانی تر وەکو کوردستانیی لێ بێت, بەلآم بە هیچ شێوەیەك رێگە نادەین کوردستان وەکو شوێنەکانی تری لێ بێت کە خۆیان حوکمی دەکەن, من مەشوورەتم کردووە لەگەڵ جەنابی سەرۆك کۆمار و بە سەرۆك وەزیرانیشم گوتووە تا هاتنەدیی ئالآیەکی تازە ئێمە ئالآی 14ی تەمووز هەڵدەدەین, ئەم بڕیارە بە تاکڕەوی نەدراوە, نەك هەر لە کوردستانیش, ئەم ئالآیە ئالآی گۆڕی بە کۆمەڵە, ئالآی وشك کردنەوەی ئەهوارە, ئالآیەکە هەموو عێراق لە ژێر سایەی وێرانبووە, مەسەلەکە تەنها بە کورد پەیوەست نییە, بەڵکو بە عەرەبیشەوە, بەلآم ئەوانە بەڕاستی دەیانەوێ لە گرفتەکانی خۆیان رابکەن و گەیشتە ئەو رادەی کە هەندێ کەس هەڕەشە بکەن و بڵێین دەستمان شکاوە ئێستا (ایدنا مکسورة وراح تنجبر و بعدین راح ناخذ ما اوخذ بالقوة)و نازانم چی. کاکە نەدەستی تۆ شکابوو, دەستی تۆ ساغ بوو, دە دەستی تری وەکو تۆ ساغ بوو, دە دەستی وەکو دەستی تۆش لەگەڵ بوو, لە ئاکامدا پەشیمانیت بۆ مایەوە, جارێکی تریش لە ئایندەشدا دەستی خۆت و دە دەستی تری وەکو تۆ بە شکاوی و غەیرە شکاوی ناتوانن و لە غەیری پەشیمانی زیاترتان بۆ نامێنێتەوە, زەمانی ئەوە نەما, زمانی هەڕەشە, ئێمە دەڵێین, ئێمە لەگەڵ عێراقی فیدراڵی دیموکراتین,

ئێمە بەشێکین لە دەوڵەتی فیدراڵی ئەمڕۆ، بڕیاری سەرۆك کۆمار، بڕیاری سەرۆك وەزیـران لـە کوردسـتان زۆر زۆر بە رێزتر و بە ئیلتیزامتر جێبـەجێ دەکـرێ لـەوەی لـە رومـادی یـا لـە بەسـرا یـا لـە شـارێکی تـری عێـراق، ئێمـە لەگـەڵ ئـەو دەسـتوورەین، خـەباتمان کـردووە بـۆ ئـەو دەسـتوورە، تـا عێراقێـك خـاوەنی ئـەم دەستوورە بێت و کورد ئەو رۆڵەی تێـدا هـەبێت، ئێمـە شـانازی پێـوە دەکـەین و ئێمـە لەگـەڵ ئـەو عێراقـە دەبـین، بـەلاّم بـە هـیچ شـێوەیەك ئێمـە لەگـەڵ عێراقێـك نـین، حـوکمێکی فاشـی حـوکمێکی دیکتـاتۆری حوکمێکی شۆڤێنی، خەڵکێك یا یەك تایفە حوکمی لێ بکات.

بودجەی پێویستی کوردستان، باسی بودجەیان دەکرد، کە گوایە ئێمە دەڵێین (مالنا لنـا ومـالکم لنـا ولکـم)و ئێمە 17٪ دەدەین بە کوردستان، جارێ لەسەرەتاوە کاك عومەر و زۆر لە بـرا وەزیرەکـان دانیشـتوون 17٪ نادەن، لەوەدا راست ناکەن، ئـەوەی بـە ئێمـە دەدرێ زۆر لـە 17٪ کـەمترە، پاشـان رێـژەی ئێمـە 17٪ نییـە، تەحەدایان دەکەین با بێن سەرژمێری بکەن ئەگەر رێژەی کورد لە 25٪ کەمتر بوو، قەیدی ناکا با هیچمان نەدەنێ، لەگەڵ ئەوەشدا، چونکە هێشتا زۆر شوێنی تـر مـاوەو نەهاتۆتـەوە سـەر هـەرێمی کوردسـتان، ئێمـە گوتمان قەیدی ناکا رازین بە 17٪، بەلاّم بـۆ باسـی ئـەوە ناکـەن چـوار ملیـار دۆلار بەشـی ئێمـە لـە بڕیـاری 986 پاش رووخانی رژێم بردیان، چیان لێکرد؟ چوار ملیار دۆلار بەشـی میللـەتی کوردیـان بـە تـالاّن بـرد، ئێستاش نازانین چۆنیان برد، رێککەوتنەکـە وابـوو چـەند نـرخی نـەوت زیـاد دەبێـت، دەبـێ ئـەو زیـادە بـۆ ئێمەش حساب بکرێ، ئێستاش بەسەدان ملیۆن دۆلاری ئێمە، پێش ئەوەی مالیکی ببێ بە سەرۆك وەزیـران، پارەی ئێمەیان بردووەو تا ئێستاش نایدەنـەوە، ئێمـە نـاڵێین: (مالنـا لنـا ومـالکم لنـا ولکـم)، ئێمـە دەڵـێین: (مالنا جمیعا ولنا جمیعا) ئێمە وا دەڵێین، بەلاّم ئەگەر ببێ بە حەق و حساب و ئەوان ئەوە بکەن، ئەوە 80 ساڵە نەوتی ئێمە دەبەن و دەیکەن بە تۆپ و تەیارەو ولاّتی ئێمەی پێ وێران دەکـەن، ئـەوان قـەرزدارن، بـۆ منەت لەسەر ئێمە دەکەن، خێرمان پێدەکەن 17٪ مان دەدەنێ، حـەقی خۆمانـەو مـولّکی خۆمانـە، بـا بـێن حەق و حساب بکەین، 80 ساڵە نەوتی ئێمە دەبەن، چیان لێکردو چـیان بـۆ کوردسـتان کـردووە، فـەرموون یەك پرۆژە کە لە پرۆژە بچێ لە کوردستان دروستیان کردووە؟ ئینجا بێنە سەر تەلەفزیۆن منەتمان لەسەر بکەن، وەك ئەوەی خێریان پێ کردووین، کە 17٪مان دەدەنێ.

دەستووری هەمیشەیی و فیدراڵی، مەسەلەی دەستوور، ئێمە داوامان کردووە، نابێ دەسکاری دەستوور بکرێ، ئێمـە دەڵـێین بەشـی هـەرە زۆری میللـەتی عێـراق رای لەسـەر ئـەم دەسـتوورە داوە، ئەگـەر پێویسـت بـە دەستکاری کردنیش بێت، دەبـێ بـەپێی ئـەو ئالیەتـە بێـت، کـە لـە دەسـتووردا داهـاتووە، بـەلاّم بـەم دواییـە دەنگێك بەرزبۆتەوەو داوای هەڵپەساردنی دەستوور دەکات و دەڵـێ دەبـێ ئـیش بـە دەسـتوور نـەکرێ، ئێمـە دژی ئەوەین، مەسەلەی فیدراڵی بەلای ئێمـەوە تـەواو بـووە، ئەگـەر ئێمـە بـە فیـدراڵی رازیـن، دەبـێ ئـەوان مەمنوون بن، ئێمە سەبەرخۆییەکمان هەبووە، کە ئێمە رازی دەبین بە فیدراڵی لەگەڵ ئەوان بـژین، ئـەوان دەبێ مەمنوون بن، ئێمە ئیلتزامەمان هەیە بەو دەستوورەو پابەندی ئەو دەسـتوورەین، هـەر دەسـکاریەکیش ببێـت بـەپێی ئـەو ئالیەتـەی لـە دەسـتوور داهـاتووە، بەسەرچـاو، بـەلاّم بـە زۆر دەسـکاری دەسـتوور بکـرێ

بێگومان ئێمە قبوڵمان نییەو قبوڵ ناکەین دەسکاری دەستوور بکرێ, هەمووشی بە مەبەستی ئەوەی ئە دەستکەوتانەی بۆ کوردی تێدایە, هەمووی پوچەڵ بکەنەوەو هەمووی نەهێڵن, چۆن کورد ئەمە قبوڵ دەکات؟ کێ دەتوانێ ئەمە قبوڵ بکات؟ هەروەها ئەو دەستکاری کردنە نابێ لەسەر حسابی مافی کوردو لەسەر حسابی مافی دیموکراتی بێت بۆ هەموو عێراق.

ئاشتەوایی نیشتمان, لە باسی ئاشتەوایی نیشتمانی ,هەموو دەزانن کورد خاوەنی دروشمی ئاشتەوایی نیشتمانی بوو,بەلاَم ئەوان واپیشان دەدەن کەئێمە دژی عەرەبین.,ئێمە دژی سوپای ئێراقین,ئێمە دژی هەموو ئەوانەین کەپەیوەندی بە ئێراقەوە هەیە.بێگومان ئەمانە هەمووی بوختانە,لەراپەرینی1991سێ فەیلەقی جەییشی ئێراقی تەسلیمی کوردبوو.یەك سەربازی ئێراقی نەك نەکوژرا,بەلَکوئیهانەش نەکراو هەمووی بەرێزەوە ئیجازە دران و بۆماڵی خۆیان رۆیشتنەوە.ئەوان چیان کرد؟چوارهەزارگوندی ئێمەیان وێرانکرد,ئەنفالیان کردین,کیمیابارانیان کردین.بێگومان من زۆرگوێ نادەمە قسەی ئەم و ئەو,بەلاَم یەك شت هەیە ئێمە وەکو کوردو کوردستانی دەبێ بزانین .ئەگەرئەمانە دەسەلاَتیان ببێ سبەینێ چۆن حوکمی ئێراق دەکەن؟چۆن رەفتار لەگەڵ ئێمە دەکەن؟پرسیارەکە ئەمەیە.هەر لەئێستاوە کەخۆیان دەلَێن(ایدنا مکسورە)ئینشائەللاَ ملیشی شکاوە,بەم حالەتە وا دژبەکورد و دەسکەوتەکانی بیربکەنەوە,ئەدی ئەگەر سبەینێ وەکو خۆی مەزەندە دەکات,تۆپ و تەیارە و حکومەتێکی بەهێزی هەبێ,ئەو وەختە چ دەکەن؟چ چاوەڕوانیەکیان لە ئێمە هەیە؟ئێمە داوەتمان نارد پاش ئەوەی راوێژم کرد لەگەڵ برای بەرێز جەنابی مام جەلال سەرۆك کۆمار,داوەتێکمان نارد بۆ هەموو حزبە سیاسیەکانی بۆ بەشدارکردن لە پروسەی سیاسی و ئەندام لە پەرلەمان تا کۆبونەوەیەك لەکوردستان ببێ بۆئەوەی رەوشی ئەمنی و کێشەکانی ناوخۆی ئێراق باس بکرێ,ئێمە لەگەڵ ئەو داوەتەین و گوێ نادەینە ئیستفزازاتی ئەو خەلَکانە.ئەوەی بێ بەخێربێ,ئەوەی ناشهێ کەیفی خۆیەتی,ئەگەر بهێن ئێمە لەخزمەت داین,ئەگەر ناشهێن کەیفی خۆیانە,بەلاَم با ئەوە نەکەنە بەهانە.کورد بەرپرسیار نیە لەوەی ئەوان هەموو رۆژێ چاوی یەکتر بەدرێل دەردەهێنن و سەری یەکتر بەدرێل کون دەکەن و هەموو ڕۆژێك 20_30 تەرمی بێسەر فڕێ دەدرێتە سەر ئەم جادەو ئەو جادە.بۆ ئەمەش خەتای کوردە؟با ئەو عەیبو عارە بە ئێمە دانەپۆشن,ئەوان خۆیان لەگەڵ ئاشتەوایی دانین,خۆیان نایانەوێ ئاشتەوایی بکەن.ئەگینا ئێمە وەکو کورد چ لەسەر ئێمە پێویستە,چ بتوانین بیکەین بۆ ئەوەی ئاشتەوایی نیشتمانی ببێ و ئەو کوشتوکوشتارە لە ئێراق نەمێنێ بەسەر چاو ئێمە ئامادەین.

جێبەجێکردنی ماددەی140 مەسەلەی ماددەی140 ,خۆشبەختانە بڕیار دەرچووە بەسەرۆکایەتی وەزیری داد لە ئێراق,بەلاَم ئەمە بەدواداچوونێکی جیدی دەوێ لە پەرلەمان و حکوومەتیشدا.ئێمە بەتەماین لەسەرۆکایەتی هەرێم نووسینگەیەکی تایبەت دروست بکەین,بۆ بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی ماددەی140 .ئێمە لەگەڵ ئەوەین هەرچی کێشەیەکی هەمانە ,چۆن لەدەستووردا چارەسەری بۆدۆزراتەوەو ڕێکەوتنی لەسەر کراوە,ئێمە پابەندی ئەوەین و بەپێی دەستوور ئێمە رەفتاردەکەین. پەیامێك بۆهەمووان بەراستی مەسەلەیەك هەیە و حەزدەکەم ئەو پەیامە بۆ هەموو لایەك بێت.زەمانی هەرەشە نەماوە.ئێمە

زمـانی هەرەشـە لـە هـیچ لایـەك قبـوڵ ناكـەین.ئێمـە دەسـتی دۆسـتایەتی برایـەتی بـۆ هـەموو لایـەك درێژدەكەین,بەلاَم جارێكی تر ئیرادەی میللەتی كورد ناكەوێتە دەست خەڵكی تر.ئیرادەی میللەتی كورد لەو شـوێنە بریـارەی لێـدەدەرێ.ئێمـە لـەوە نەترسـاوین و لـەوەش ناترسـین.ئـەم پەرلەمانـە بریـاری داوە لـە بەرژەوەندی میللەتی كوردستانە,كە ئێمە لەئیراقێكی فیدراڵی دیموكراتـدا بـین.بریـارێكی راستیشـە.باكـەس نەئیستفزازمان بكات و نەهەرەشەمان لێ بكات,نەپێشی وابێ ئێمە تووشی هەڵچوون دەبین.هەر سـاتێك ئـەم پەرلەمانە یا میللەتی كورد بە رژەوەندی خۆی زانی كە سەربەخۆیی خۆی رابگـەینێ,بـەبێ ئـەوەی لەكـەس بترسێ,بەلاَم ئێمە دەڵێین,ئێمە پێمان خۆشەو لەبەرژەوەندی ئێمەش دایە لە ئیراقێكـی فیـدراڵی دیموكراتـدا بین.جارێكی تریش من دەڵێم:ئێمە دوژمنی كەس نین,ئێمە پابەندین بـە بونیاتنانـەوەی ئیراقێكـی فیـدراڵی دیموكرات.ئێمە بەشێكی زۆر گرنگین لە ئیراقـی ئـەمرۆدا.ئەگـەر ئـەوان خۆیـان بـەخاوەنی ئـیراق بـزانن,بـۆ ئێمە خاوەنی ئیراق نەبین؟بۆ هەقی لە بەغدا هەبێت؟ بۆئێمە هەقمان لە بەغدا نەبێت؟لەبـەر ئـەوە ئێمـە نە موزایەتی كەس قبووڵ دەكەین,نـە لـە موزایـەتی كەسـیش دەترسـین.ئەمەیـە وەلاَمـی ئێمـە,ئەمەشـە سیاسەتی ئێمە بەراشكاوی,كـە رامانگەیانـد,ئـەوەی پێـی خۆشـە زۆر باشـەو ئەوەشـی پێـی ناخۆشـە كـەیفی خۆیـەتی.لـە كۆتایـدا جـارێكی تـریش زۆر زۆر خـۆم بـە بەختـەوەر دەزانم كـە لـە خزمـەتی ئێـوەدام.داوای سەركەوتنتان بۆدەكەم و زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سـوپاس بـۆ جـەنابی بـەڕێز كـاك مەسـعود بـارزانی سـەرۆكی هـەرێمی كوردسـتان بـۆ وتارەكـەی و بـۆ ئامۆژگاریەكانی, بـۆ ئـەو باسانەی كـە بـۆ میللـەتی كـوردی رۆنـی كـردەوە, سـەبارەت بـەو رووداوانـەی بـەم دواییـدا روو بـە رووی كوردسـتانی عێـراق بۆتـەوە, داوا لـە جـەنابی بـەڕێز كـاك عومـەر فـەتاح سـەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بە وەكالەت دەكەم بفەرمووێت بۆ پێشكەش كردنی وتارەكەی.

**بەڕێز عمر فتاح سەرۆكی حكومەتی كوردستان بە وەكالەت:**

**جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان.**

**جەنابی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان.**

**خوشك و برایانی بەڕێز.**

خۆشحاڵم كـە بەشـدارم لـەم كۆبوونـەوە گرنگـەدا, یەكـەم كۆبوونـەوەی كردنـەوەی پەرلـەمانی كوردسـتانە بەشـداری دەكـەین, پیرۆزباییتـان لـێ دەكـەم و هیـوادارم سـەركەوتووبن لـەم خولـەی داهـاتوو, ئـەم خولـەی داهاتووی پەرلەمانی كوردستان خولێكی گرنگە سەبارەت بە خەڵكی كوردستانەوە, چونكە ئـەم خولـە دوای ئەمـە هـاتووە كـە هـەردوو ئیـدارەی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان یەكیگرتۆتـەوە, ئـەو یەكگرتنەوەیـە پێویستی بەوەیە كە یەك بخرێت لە چوارچێوەی یاسـادا, حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان 20 یاسـای خسـتە بـەردەمی پەرلـەمانی كوردسـتان, بـۆ ئـەوەی كـە رێـك بخرێتـەوە, بـەپێی ئـەو یاسـایانە ئیـدارەی هـەرێمی كوردستانی پێ بكرێت, جگە لەوە كۆمەڵێك یاسا هەیـە كـە پێشـتر لـە هـەردوو ئیـدارە پـەیڕەو كـراوە, بـە

بڕیاری سیاسی و بە بڕیاری هەموو لایەك ئەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان بەو یاسایانەدا بچێتەوەو یەکی بخات بۆ ئەوەی لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان ئەو یاسایانە پەیڕەو بکرێن و هیچ جۆرە جیاوازیەك نەبێ لە پەیڕەو کردنی یاسا, ئێمە سوپاستان دەکەین ئێوە لەماوەی پشووی خۆتاندا چەندین کۆبوونەوەتان کرد هەم بۆ لێدوان و باسکردنی ئەو مەسەلانەی کە گرنگ و ئەهمیەتدارن بۆ میللەتەکەمان و بۆ حکومەتەکەمان و هەمیشە هەندێ لەو کارانەی کار ئاسانیتان کرد بۆ درەکردنی چەند پرۆژەیەك بۆ رێکخستنی ئیش و کاری ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی خۆی پێشکەش کرد بە ئێوەی بەڕێزو لە رێگای ئێوەشەوە بۆ کۆمەلانی خەلکی کوردستان, ئێمە حەز دەکەین تەئکیدی بکەینەوە کە ئامادەین کە ئەو بەرنامەیە بەشێوەیەکی رێك و پێك جێ بەجێ بکەین و ئامادەشین هەموو رۆژێك, هەموو ساتێك, کاتێك لێدوانی لەسەر بکەین, بۆ ئەوەی کە ئەوەی دواکەوتووەو جێ بەجێ نەکراوە جێ بەجێ بکرێ, بخرێتە جێ بەجێ کردن. دیارە ئەو بەرنامەیە هەمە لایەنەیە و حکومەت و ئیدارەی کوردستانیش دەبێ بێ لایەنانە سەیری بکات, دیارە ئەم ئەولەویاتانە دەبێ لە پێشەوەی جێ بەجێ کردن بن, بەلاّم ناشکرێ لایەنەکانی تری ژیانی کوردستان و ئیدارەی کوردستان و خەلکی کوردستان فەراموّش بکرێ بەشی خۆی پێ نەدرێت, چونکە ئەگەر وابێت دیارە دوادەکەوین لە لایەنەکانی تری ژیانی کوردستان و خەلکی کوردستان, ئەولەویاتی خەلکی کوردستان و ئێوەو حکومەتیش ئێستا خزمەتگوزارییەکانە, ئەو خزمەتگوزاریانە زۆرزۆر گرنگ و پێویستن, حەز دەکەین دلّنیاتان بکەین ئێمە لەو مەسەلانە زۆر خەریکین, ئەوەی ئێستا پێداویستی خەلکی کوردستانە کارەبایە, سوتەمەنیە, ئاوە, ئێمە بۆ کارەبا چەندین گرێبەستمان کردووەو هەولّی زۆریشمان داوە, سوپاسی جەنابی سەرۆکی هەرێمیش دەکەین کە هەولّی دایە لەگەلّمان بۆ ئەوەی لە رێگای بەغداوە بتوانین پشکێکی باشی کارەبا وەربگرێت بۆ کوردستان کە دیارە کارەباشیان حساب کردووە بە مەرکەزی, حکومەتی عێراق مولزەمە دابینی بکات بۆ سەرجەم عێراق, لەبەر ئەوەی لەمیزانیە و بودجەوە ئەوان مولزەمن, بەلاّم لە پێدانی بەشی خۆمان و ئەهمیەت دان بەو ناوچەیە دیارە زۆر فەراموّشمان دەکەن و زۆر جاریش ئەو بەلّێنانەی کە پێمان دەدەن وەکو خۆی جێ بەجێ ناکەن, ئەو رۆژەی کە پێمان دەلّێن 200 مێگاتان دەدەینێ رەنگە ئەو شەوە 200 دەدەن و سبەینێش, بەلاّم بۆ دوو سبەی بەرەو کەمبوون و نەمان دەچێ, بەراستی ئێمەش بەرامبەر ئەوە داوامان لێکردوون کە ئاوی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان ناچار دەبین هەموو بەکاربێنین و هیچی تیا نەهێلّین و خەلکی خۆشمان بلّێن ئەوە ئاویش نەماو ئەوە کارەباش عێراق نایدا تا ئێستا ئەوەن کۆمپانیا یانەش کە داوامان کردوون نەکەو توّتە جێبە جێکردن, لەبەرئەوە گرفتە کە ئاوا دەمێنێ, ئێستاش لەمرۆژانە دیسان بەلّێنی ئەوەیان پی داوین کە حسابیان کردووە ئەگەر ئێمە ئیلتیزام بەکەمی ئاو بکەین, 260 مێگامان دەدەنێ, بەلاّم ئێستا نایدەن,هەردەلّێن180 تان دەدەینێ و لە 180کەش,80 یان داوە, ئیتر ئومێدەوارین بەردەوام بن, بۆ مەسەلەی سوتەمەنی ئێمە دلّنیاتان دەکەین کە لە سالّی داهاتوودا هەولّی

زۆرمان داوە کە هەر سەرچاوەکانی سوتەمەنی و, هەمیشە بە قەدەر ئەوەی کە ئیحتیاجاتی خۆمان جێ بەجێ بکات و پالأوگەکان بکەونە گەڕو ئیشی پێ بکەن, دیارە ئەگەر تەگەرەی دیکە نەیەتە بەردەمی ئەوە. بۆ مەسەلەکانی تر بەڕاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێوە متمانەتان پێداوین و هەر رۆژێك ئێوە متمانەتان لێ سەندینەوە ئێمە یەکسەر بەجێی بهێلێن, ئێمە بە تەمانین خۆمان جێی بهێلێن, ئێوەش تووشی ئەوە بکەین بلێین ئێوە بۆ متمانەتان بەو حکومەتەدا ئەوا خۆی نایکاو وازی لێ هێنا, ئێمە لە رۆژانی سەخت و خەباتی حزبەکانمان و میللەتەکەمان بەرگەیان گرتووەو سەنگەریان چۆڵ نەکردووە, لەبەر ئەوە ئەو سەنگەرە کاتێك چۆڵ دەکەین کە ئێوە پێتان گوتین ئێوە شایستەی ئەو شوێنە نین و ئەو جێگەیە نین و پێویستمانە بیگۆڕن و حەزیش دەکەم لە ئێستاوە دەیزانین پێمان بلێن زۆر مەمنونتان دەبین و سوپاستان دەکەین کە ئاگادارمان بکەن. حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها ئیشی ئەوە نییە کە خزمەتگوزارییەکان دابین بکات, چونکە بەڕاستی شۆڕشی خەڵکی کوردستان و میللەتی کورد کە دەستی پێ کردووە, بۆ کارەبا و ئاو و ئەو شتانە نەبووە, بۆ ئەوە بووە کە ئێمە مافەکانی خۆمان بێ و ئێمە وەکو میللەت سەیر بکرێین, کە ئێمە قەوارەیەکی سیاسیمان هەبێ و وەکو ئینسان لە دونیا سەیر بکرێین و لە پێناوی ئەوە قوربانیمان زۆر داوە من پێم وایە لە شەستەکان کە شۆڕشی کورد دەستی پێ کردووە, ئەگەر بۆ کارەبا بوایە کەس ئەو قوربانیەی نەدەدا, کەسیش خەباتی نەدەکردو کەسیش خۆی بە کۆشت نەدەدا, دەیگوت قەیچی دەکا چرا دادەگیرسێنم و با کارەبا نەبێ, لە پێناوی مافەکانی گەلی کوردا خەباتی کردووەو هەزاران قوربانی داوەو, بە هەزاران خەڵکی ئەنفال کراوە, ئێستاش ئێمە سوورین لەسەر ئەوە کە ئەو خەباتە بۆ ئەوە بووە کە خەڵکی کوردستان باش بژی, ژیانی باش بێ, وەکو ئینسان بژی, هەموو خزمەتگوارەییەکانی هەبێ, بۆ ئەوە بووە کە لە وڵاتی خۆی سەروەت و سامانی خۆی بۆ خۆی بەکاربێنێ و ئیدارەی وڵاتی خۆی بکاو ژیانی باش بێ, ئەگەر بێت و ژیانی باش نەبێ گوزەرانی باش نەبێ, ئەو وەختە واز لەو دروشمە دەهێنێ دەڵێ دیارە ئێمە نەمانتوانیوە ژیانێکی باش بۆ خۆمان دابین بکەین, لەبەر ئەوەی دڵنیاتان دەکەین ئەو مەسەلانەی کە مەسەلەی رۆژن و مەسەلەی خزمەتگوزارین و مەسەلەی پێداویستیەکانی میللەتەکەمانن, لە ئەولەویات و لەسەر دێری حکومەتی هەرێمی کوردستانەو هەوڵیشی بۆ دەدا, حەز دەکەم مژدەتان بدەمێ کە سەرکەوتوو دەبێ واتە ئەوە نییە کە دەڵێن هەر دێن وەعدمان پێ دەدەن و هیچ ناکەن, لەمەولا هەموو وەعدەکانیش دەخەینە بەردەستان و روونیان دەکەینەوە دەڵێین ئەوە هەوڵەکانەو, ئەوەش پارەیەو, ئەوەش ئیمکانیەتە, ئەوەش کەوادیرەو, ئەوەش خیبرەیە, ئەوەش هەوڵی جێ بەجێ کردنیەتی, بۆ ساڵی داهاتوو, ئێمە داوامان لە هەموو وەزارەتەکان و پارێزگاکان و قایمقامیەتەکان و هەموو یەکە ئیداریەکان کردووە, کە هەموو پێداویستیەکانی ناوچەکانمان بۆ بنێرن لە کاری خزمەتگوزاری و کاری ئاوەدانکردنەوەو پێشخستن و پێویستی و ئەمن و ئاسایش و سنوورو هەموو دەسەڵاتی سیاسی, بۆ ئەوەی ئێمە داوامان کردووە پێشکەشی وەزارەتی پلان دانانی بکەن و وەزارەتی پلان دانان بیکات بە بەرنامەو بەرنامەکانیش پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران بکات و ئەولەویات بدات بەو

شتانەی کە زۆر زەرورن و ئێمە دوای ئەوەی کە پێداچوونەوەی لەسەر دەکەین بەلای خۆمانەوە پەسندی دەکەین دەیخەینە بەردەمی پەرلەمان بۆ ئەوەی لە ساڵی داهاتوودا میزانیە بەپێی ئەو پێداویستیانە بەپێی ئەو پلانە دابنرێت و هەموو خەڵکیش بزانێ کە پێداویستیەکانی هەموو ناوچەکان خراوەتە پلانەوە, بەلأم ئەوەندە ئیمکانەو ئەوەندەی ئەمساڵ بۆمان جێ بەجێ دەکرێ, ئەوانە دەخەینە میزانیەی ساڵی داهاتوو و پەرلەمان خۆی متمانەی پێ بدات و میزانیەی ساڵی داهاتوو, ئەوەی پێی دەڵێن بە شەفافیەت ئێمە دوای ئەوەی کە هەموو وەزارەتەکان بەشداری دەکەن و پسپۆڕ و شارەزاکان بەشداری دەکەن, پاش ئەوەی ئەو داوا کاری و پێداویستیانەی کە هاتوون و وەزارەتی پلان داوامان لێ دەکات و تەواوی دەکەین دەیخەینە بەردەستی پەرلەمان دوای متمانەی پەرلەمان, ئێمە ئەو میزانیەیە جێ بەجێ دەکەین.

ئێمە سوپاسی جەنابی سەرۆکی هەرێم دەکەین کە ئێمەی خستە بەردەم بەرپرسیارێتی ئەوە کە بەشدرایمان هەبێ و بەشداری کاریگەرمان هەبێ و لەم مەسەلانە مەسەلەی کەرکووکەو, مەسەلەی ئەو ئەفواجانەی کە تازە داهاتووە, ئەوانە حەز دەکەم لێرە بە سەراحەتی رای خۆمانتان پێ بڵێین, کەرکووك بەشێکی گرنگی کوردستانەو هیچ کەسێك و هیچ حکومەتێك و دام و دەزگایەك ناتوانێ بڵێت کەرکووك بەشێك نییە لە کوردستان, کەرکوك دیارە شاری برایەتی نەتەوەکانە, نەتەوەی جیاجیای تێدایەو دیارە ئەوانەش خاوەنی کەرکووکن خەڵکی کەرکووکن و, کەرکووك شاری ئەوانیشە, بەلأم کەرکووك بەشێکە لە کوردستان, لەبەر ئەوە ئێمە لە میزانیەی ساڵی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگمان تەرخانکردووە بۆ کەرکووك کە لە میزانیەی ئێمەدا نییە, ئێستاش بەردەوام دەبین لەوە کە جگە لەوەی بەغدا بۆی تەرخان دەکات, بۆ جێ بەجێ کردنی ماددەی 140و, گەڕانەوەی کەرکووك بۆ باوەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان, حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی تایبەتی بەوە دەدات و بەشی زیادی بۆ دادەنێت و هەموو ئەو کوردانەی کەرکووك دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و خەڵکی ئەم کوردستانەن و هاوولأتی ئەم کوردستانەن, لەبەر ئەوە بەشیان هەیە لەم سەروەت و سامانەی ئەم ولأتە, ئەگەر چی بەشەکەی بەغداش بێ, بەلأم ئێمە لای خۆمان حسابیان بۆ دەکەین و بەردەوام دەبین لەسەر سیاسەتی ئەوەی کە دەبێ کەرکووك بە باشترین شێوە ئاوەدان بکرێتەوە, ئێمە بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە هاتوون لێرە گرێبەستمان لەگەڵدا کردوون, بۆ دەرهێنانی نەوت, سوودمان لەوە وەرگرتووە, کە کەرکووك لەسەر دەریاچەی نەوتە, بەلأم حکومەتەکانی داگیرکەرانی کوردستان بە هیچ شێوەیەك بەشی ئەم شارە خۆشەویستەیان نەداوەو دەبینن خەڵکی ئەو شارە لەو مەینەتیەدا دەژی لە بەر ئەوە ئێمە لەو گرێبەستانەی, کە لەگەڵ کۆمپانیاکان کردوومانە بەشێك, رێژیەکمان داناوە بۆ ئەو ناوچەیەی, کە ئەو گرێبەستەیەی لێ کراوەو ئەو پارەیە نە حکومەتی هەرێمی کوردستان, نە کۆمپانیاکە لە کۆمپانیاکە سەرفی دەکات, بۆ نموونە لە ناوچەی کەلار, کە کۆمپانیایەکی نەوت کار دەکات, ئەم ناوچەیە ناوچەی ئەنفالەو, ناوچەی وێرانەیە, ناوچەی خاپور کردنی دێهات و هەموو شوێنەکانیەتی پێویستی بە خزمەتگوزاری زۆرە, لەبەر ئەوە جگە لەوەی کە لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی دادەنرێ و دەبێ بەشی خۆی

هەبێت داوامان کردووە لەو بەشەی لەویٚ هەیە ڕێژەیەکی جیا بکرێتەوەو بکریٚ بە خزمەتگوزاری بۆ ئەو شوێنەی, کە هەیە خۆشبەختانە گوێم لێبوو وەزارەتی نەوتی عێراقیش دەڵێت ئێمە سوود لەو تەجروبەیە وەردەگرین و لەمەولا بۆ شوێنەکانی دیکە وا دەکەین, کە ڕێژەیەك لەو داهاتە بدریٚ بە ناوچەکە خۆی, جگە لەوەی بۆ هەموو گرێبەستەکانی تر, دیارە لە چوارچێوەی دەستوور و لە چوارچێوەی پەیڕەو کردنی یاساکانی, کە پابەندین پێوەی جیٚ بەجێی دەکەین و لەوە لانادەین, بەلاٚم ئێمە خاوەنی ولاٚتێکین سەروەت و سامانێکی زۆرمان هەیە و ئەگەر دەری بێنین و دەریشی دەهێنین لە سالاٚنی داهاتوودا دەبین بە ئەوەی, کە ولاٚتەکەمان گەشە کردوو بێت و بتوانین بەرەو ژیانی باش بچین, لەم ڕۆژانە باسی قەوارەی هەڵوەشاوەو فەوجەکانی هەڵوەشاوە دەکەن, ئەوانە بە یاسا, یان بە بڕیارێکی بەرەی کوردستانی لێبوردراون, لەبەر ئەوە لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەوانە وەکو هاوولاٚتی سەیر کراون و هیچ کەیمان پیٚ نەدراوە لە هیچ هاوولاٚتیەکی تر, ئەوانە 300 هەزار کەس بوون, ئێستا زۆربەی زۆریان فەرمانبەرن, مووچە خۆرن, هەیانە پلەو پایەشیان وەرگرتووە, هەیانە ڕۆژانە گلەییمان لێدەکرێت, دەڵێن فلاٚنە کەس لە فلاٚنە شوێنە, بەلاٚم ئێمە پابەندین بەو بڕیارەی, کە دەڵیٚ بوردراوەو, کە لێشیان بوردراوە ئەوانە هاوولاٚتی خۆمانن و دەبێت وەکو هەموو هاوولاٚتیەکی دیکە سەیریان بکەین, بەلاٚم بەڕاستی پێمان خۆش بوو ئەوانیش ئەو هەڵوێستە بە هەند وەربگرن و جارێکی دیکە خۆیان نەخەنەوە خانەی خیانەت و بڵێن ئێمە خائین بووین و ئێمە خۆفرۆش بووین و کوردستانمان وێران کردووە و بەشداریمان کردووە لە ئەنفال و ئەوانە بە پێچەوانە بڵێن ئێمە هەڵەمان کردووە, کەموکوڕیەمان هەبووە, سوپاس بۆ بەرەی کوردستانی, سوپاس بۆ گەلی کورد, سوپاس بۆ پەرلەمان, سوپاس بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان, کە لێی بوردووین و هیچ فەرق و جیاوازییەکمان ناکات لەنێوان هیچ هاوولاٚتیەکی دیکە. پێموایە لە هەموو شوێن و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان و جگە لەوە بەڕاستی هەندێکتان کە دیوەخانیان هەیە, شوێنیان هەیە جێگەیان هەیە لە لایەن حکومەت و لە لایەن حزبەکان و لە لایەن ئیدارەی کوردستانەوە دیوەخانانەشیان بۆ بڕاوەتەوەو یارمەتیشیان دراوە, پارەشیان دراوەتیٚ, ژیانیشیان بەڕێوە دەچێت ئیتر نازانم بۆچی جارێکی دیکە دەچنەوە ئەو خانەیە, کە بڵێن وەڵلاٚ ئێمە خائین بووین دەمانەوێت پارەی خیانەتەکەش وەرگرین, پارەی دوو کەسیان دەدا هەشتیان دەخوارد, 400یان دەنووسی پارەی 120 کەسیان دەخوارد, لەبەر ئەوە بەڕاستی ئێمە هیچ بڕیارێك لەو بابەتە جیٚ بەجیٚ ناکەین, کە باسی ئەوە بکات ئێمە پاداشتی خیانەت بدەینەوە, ئێمە پاداشتی تێکۆشەرانی ولاٚتەکەمان دەدەینەوە, پاداشتی خەڵکی کوردستان دەدەینەوە, کە زیانی لێکەوتووە, کە بووە بە قوربانی ئەو کارە ناڕەوایانەی داگیرکەرانی کوردستان و حکومەتەکانی پێشوو, حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە پاداشتی خیانەت بداتەوە, بە هیچ کەسێك و ئەگەر لە ڕووی یاسایشەوە سەیری بکەیت بەڕاستی وەختی خۆی ئەوانە ناویان نابوون موستەشار, چونکە ئەوانە غەیرە نیزامی بوون, بەعسیش ئامر فەوجێکی سەربازییان بۆ دانا بوو, چونکە ئەوانە لە نیزام و لە یاسا نازانن, نازانم چۆن ئەوان جارێکی دیکە داوای ئەوەمان لیٚ دەکەن, لەبەر ئەوە

ئێمە هیچ پابەند نابین بە جێ بەجێ کردنی هیچ جۆرە بڕیارێك لەوە, بەڵام پابەندین بە بڕیاری بەرەی کوردستان, کە ئەوانە هاووڵاتی خۆمانن, خەڵکی خۆمانن هەڵەیان کردووە, کەموکوڕییان کردووە, ئێستا لە ریزی نیشتمانن, لە ریزی خەڵکی کوردستانن, لە ریزی خەباتن, لە ریزی ئیشکردن و کارکردنن بۆ بنیادنانەوەی کوردستان. سەرچاو و سەر سەر لە هیچ شوێنێك فەرقیان نەکراوەو ئەو گلەییانەی, کە دەکرێت ئەوانە هاووڵاتی خۆمانن, ئێمە کە بەڵێنێکمان پێدان هەقە بۆیان جێ بەجێ بکەین.

لەبەردەمی ئەم پەرلەمانەی کوردستاندا ئێمە ئامادەیی خۆمان پیشان دەدەین و پێتان رادەگەیەنین, کە ئێمە بە بڕوای ئەم پەرلەمانە, بە بڕوای خەڵکی کوردستان هاتووین ئەم پۆست و ئیدارەیەمان وەرگرتووەو ئامادەین شەو و رۆژ بکەینە یەك و بە لە خۆبردووییەوە کارەکانمان ئەنجام بدەین و بە زانایی و زانستی و ئەویش بە سوود وەرگرتن لە زانایی و زانستی خەڵکانی خەبیرو شارەزا ئیدارەکەمان بەڕێوە بەرین و ئامادەین بۆ هەموو کارێکیش هەر رۆژێك پێویست بوو لێرە لەبەردەمی ئێوە, چونکە ئێمە ئەم مینبەرە بە مینبەری خەڵکی کوردستان دەزانین, بە مینبەری وڵاتەکەمان دەزانین, کە لێرەوە قسەمان کرد, کە لێرەوە لێدوانمان کرد پێمان وایە بۆ هەموو خەڵکی کوردستانەو بۆ هەموو میللەتەکەمانە, لەبەر ئەوە ئامادەین هەموو رۆژێك بێین و لێدوان لەسەر ئەم مەسەلانە بکەین و هەمووی بەپێی ویست و ئارەزوو, بەپێی بەرنامەی داڕێژراو جێ بەجێ بکەین, جارێکی دیکە دڵنیاتان دەکەینەوە, کە ئێمە پابەندین بە جێ بەجێ کردنی ئەو بەرنامەیەی کە رامانگەیاندووەو یەکە یەکەی و لە هەموو مەسەلەکانیشدا, لە مەسەلەی خزمەتگوزاری, لە مەسەلەی چاککردنی رەوشی پەروەردەو پێگەیاندن, لە مەسەلە سیاسەکان, لە مەسەلەی ئەوەش بەڕاستی کورد لە هەموو شوێنێکی دنیا دڵی خۆش بێت بەوەی کە ئێمە لێرە ئیدارەیەکمان هەیە, ئیدارەی دیموکراتیەو ئیدارەی خەڵکی کوردستانەو یەکێك لە شانازییەکانی میللەتی کورد ئەوەیە, کە دوای راپەڕینی خەڵکی کوردستان یەکەم شت هەڵبژاردنی کرد و یەکەم شت پەرلەمانی دامەزراند و یەکەم دامودەزگای دیموکراسی دامەزراند, کە ئەمە داوای خەباتگێڕان و جەماوەری خەڵکی کوردستان بوو, کە ئێمە دەبێت رژێمێکی دیموکراستی دامەزرێنین, لەبەر ئەوە پابەندی خۆمان بە بڕیارەکانی پەرلەمان, بەبڕیاری خەڵکی کوردستان رادەگەیەنین و پیشتیوانیان لێ دەکەین و ئامادەین هەموو رۆژێك هەر کار و پێداویستییەکی خەڵکی کوردستان لە ئێمەی بخوازێ و بۆ جێ بەجێ کردنی ئامادەییمان تێدایەو دڵنیاشتان دەکەین بەرنامەکانمان دەخەینە بەردەمتان و بەشداری هەموو کۆمەڵانی خەڵکی تێدا دەکەین, ئەگەر بەرنامەیەك نارێك و باش نەبوو, گونجاو نەبوو ئاگادارمان بکەنەوە, بۆ ئەوەی لە بڕگەکانی بەرنامەکە لای بەرین, جارێکی دیکە پیرۆزبایتان لێ دەکەم, باری ئەم خولەتان زۆر قورسە, ئێمە کاری زۆرمان پێتانەو داوای پشتیوانیتان لێ دەکەین و داواش دەکەین کە کارەکانمان زوو جێ بەجێ بکەن, چونکە ئەمە کاری ئیدارەی خەڵکی کوردستان و میللەتی کوردەو هەر بژین و سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ برای بەڕێز کاك عومەر سەرۆکی حکومەت بەوەکالەت, بۆ ئەو وتارەی کە تیایدا دووبارە تەئکید کردنەوە بوو بۆ بەرنامەی حکومەت, کە بەرنامەیەکی خزمەتگوزارییە, بەرنامەیەکە لە پێناوی

**خـەڵکی کوردسـتاندا, هـەمان بەرنامـەی پەرلەمانیشـە, هـەدەفمان خزمـەت کردنـی کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردستانە, ئەو تەئکیداتەی ئـەو کـردی, وا لـە ئێمـەش دەکـات کـە پشـتگیری لـێ بکـەین و دەستخۆشـی لـێ بکەین, ئەو هەستەی ئەو هەیەتی لە پێناو خزمەت کردنی کۆمەڵانی خەڵك, لـە پێنـاوی پەرلـەمان, ئامـادە بوونی لەبەر دەم پەرلەمان لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکان, بۆ ئەوەی یەکەمیان گەلەکەمان دڵنیـا بکەینـەوە, کـە هەموومان لە خزمەتی ئەوان داین, دووەمیش بە ئازادی و شەفافیەتەوە هەموو ڕووداوەکان بخەینە بەردەم خەڵکەوە, بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێك ویستی تەقییمی بکات لەبەر ڕۆشنایی مەعلومات تەقییمی بکـاتن, نـەك بەبێ مەعلومات, ئەو دانیشتنەی کە باسمان کرد ئاماژەی پێ کرا لە وتارەکانـدا, جێگای خۆی گرتۆتـەوە, لـە لای خەڵك زۆر شت ڕوون نەبوو ڕوون کراوە, ئومێدەوارم لە داهاتووشدا هەر وا بـین, پـێش ئـەوەی کۆتـایی بە دانیشتنەکەمان بێنم, هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو تەئکیداتەی کە هەموو لایـەکمان کردمـان, پێویسـتە لـەو مەرحەلەی داهاتوودا, هەریەکەمان کـاری زۆر بکـەین, ئـیش زۆر بکـەین, بـەیانی سـەعات 9 کۆبوونـەوەمان دەست پێ دەکات, بۆ باس کردن و گفتوگۆ کردن و پەسند کردنی ئەو پرۆژەی یاسایانەی وەزارەتەکان پێش هەموو شتێك.**

**دواتر هەر پرۆژەیەك لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێم, یاخود لە لایەن سەرۆکایەتی حکومـەت, یـان لـە لایـەن لیژنـەی یاسـایی پەرلەمانـەوە پێشـکەش بـە ئێـوە دەکرێـت و, زۆر سوپاسـتان دەکـەم و زۆر بـەخێر بـێن سەرچاوان کۆتایی بە کۆبوونەوەکە دەهێنین.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(کمال کرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)**

**دوو شەممە رێکەوتی 4\9\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتـۆكۆلـی دانیشتنـی ژمارە (1)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2006/9/4

كاتژمێر (11.20)ی سەر لـە بـەیانی ڕۆژی دوو شـەممە ڕێكـەوتی 2006/9/4 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق بـە سـەرۆكایەتی بـەڕێز عـدنان رشـاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێزمحمـد قـادر عبـدالله(د.كمـال كـەركووكی) جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا دانیشتنی ژمـارە (1)ی خـولی گرێـدانی یەكـەمی سـاڵی دووەمـی خـەلی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق بـەم شێوەیە بێت:

1–خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی كوردستانی عێراق.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی دەرامەتە ئاویەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق.

3- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی گەشتوگوزاری هەرێمی كوردستانی عێراق.

4- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوانی هەرێمی كوردستانی عێراق.

5- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردنی هـەرێمی كوردسـتانی عێراق.

6- خوێندنـەوەی یەكـەمی پـرۆژەی یاسـای هـەموار كردنـی یاسـای ژمـارە (22)ی سـاڵی 2003هـەرێمی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەست پێ دەكەین, بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11,20)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2006/9/4دا بەم شێوەیە بێت:

1-خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی كوردستانی عێراق.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی دەرامەتە ئاویەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق.

3- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی گەشتوگوزاری هەرێمی كوردستانی عێراق.

4- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوانی هەرێمی كوردستانی عێراق.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردنی هەرێمی کوردستانی عێراق.

6- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (22)ی ساڵی 2003هەرێمی کوردستانی عێراق.

سەرەتا دەمەوێ داوای لێبووردنتان لێ بکەم, ئەو چارەکە سەعاتەکە تاخیر بووین, وەفدێکی ئەمریکیمان لا بوو, بڕیار بوو سێ چارەك زیاتر تێنەپەڕێت, بەلاَم مەسەلەکان گرنگ بوون, لەسەر مەسەلەی نەوت وقانونی ئیستیسمارو یاساکانی تر و ئەوانە, حەزیان دەکرد بزانن ئاخیر قسە چییەو پرسیاریان زۆر بوو, بۆیە دواکەوتین داوای لێبووردنتان لێ دەکەین, داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن, بۆ ئەوەی ئیلتیزاممان بە کات بێت و, وەکو هەندێ جار گلەییمان لێ دەکەن کۆبوونەوەکە زۆری نەخایەنێت, هەر لە ئێستاوە ئەوەندەی پێمان بکرێتن پێش سەعات یەك و نیو کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین, چەندمان بۆ بخوێندرێتەوە باشەو, ئەویتر سبەینێ لە هەمان کاتدا بەردەوام دەبین لە خوێندنەوەی پرۆژەکان, کاك شێروان نازانم خۆتان قەرار بدەن هەردوو قانونی دەخوێنەوە بە کوردی و عەرەبی, یان تەنیا بە کوردی دەخوێننەوە, تەنیا بە کوردیەکە بخوێننەوە, عەرەبیەکەش نەصێك هەیە ئیعتیمادی دەکەینە سەر, بەلاَم وەختی ئیستیفادەی لێ دەکەین, فەرموو.

1-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پرۆژەکە دەخوێنینەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**رەشنووسی یاسای وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان**

**ماددەی یەکەم:**

ئەم دەستەواژانەی خوارەوە مەبەستمان ئەو مانایانەیانە کە بەرامبەریان نووسراون بۆ مەبەستی ئەم یاسایە بەکارهاتوون:

1-هەرێم:هەرێمی کوردستان – عێراق.

2-وەزارەت:وەزارەتی پلاندانانی هەرێم.

3-وەزیر:وەزیری پلاندانانی هەرێم.

4-بریکار:بریکاری وەزارەتی پلاندانانی هەرێم.

5-ناوەند:ناوەندی هەرێمی کارگێڕیی.

**ماددەی دووەم: وەزارەت هەوڵ دەدا ئەم ئامانجانەی خوارەوە بهێنێتە دی:**

1-ئاماده کردنی پلانی هەرێم لە رووی ئابووری و کۆمەلأیـەتی و مرۆیـی و رۆشـنبیرییەوە لەبـەر رۆشـنایی پێویستیە هەنووکەیی و پێشبینی کراوەکانی کۆمەڵگا.

2-ئاماده کردنی نیشاندەری تێکڕایی (مؤشرات) پلانە درێژ و کورت و مام ناوەندییەکان بە روونکردنـەوەی ئامانج و سیاسەتەکان بە بەشداربوونی گشت وەزارەتەکان و کەرتە حکومی و تایبەتییەکان.

3-ئاماده کردنی پلان بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتـە کۆمەلأیەتیـە هەمـە جۆرەکـان بـە هاریکـاریی لەگـەڵ وەزارەت و دەزگا پەیوەندارەکان.

4-پلانـدانان بـۆ بـە گەڕخسـتنی سـەرمایەی حکـومی و پێشـنیار کردنـی تـەرخان کردنـی بـە گەڕخسـتنی سەرمایە لە بودجەی گشـتیی دەوڵـەت و دابەشـکردنی لەسـەر کەرتـەکان بـە گوێرەی  پارێزگاکـان و ناوچـە لادێیی و، شارییەکان لەگەڵ بە هەند هەڵگرتنی شێوازی دانانی کارکردنی پێشینە (اولوية) لـە کـاتی دەسـت نیشان کردنی پرۆژەکانی ئـاوەدانیی کـە لـە بودجـەی وەبـەرهێنان پـارەی بـۆ تـەرخان دەکـرێ بـە هاوکـاری لەگەڵ گشت ئەو وەزارەتانەی کە پەیوەندییان بەم پرۆژانەوە هەیە لەگەڵ بە دواداچوون بۆ باش جێبەجێ کردنیان.

5-ئاماده کردنی بەرنامەیەکی گشتگری درێژخایەن و کورت خایەن لەگەڵ بەرنامەی سالأنەش بۆ شـیاندنی (التأهيل) هێزی مرۆیی پێویست بە هاوکاریی لەگەڵ زانکۆکان و دەزگاکانی فێرکردن.

6-هاوکـاریکردن لەگـەڵ دەزگـا حکومییـەکان لـە ئامـادە کردنـی لێکۆڵێنـەوەی پێویسـت بـۆ پەرەپێـدان و تازەکردنەوەو چاککردنی رێکخستنی کارگێریی و بەرزکردنەوەی ئاستی جێبەجێ کردن تێیداو کار کردن لە پێناو توانای سەرکردە کارگێریی و تەکنیکیەکان و راهێنانیان لەسەر ئاسـتە جیاجیاکـان لـە رێـی پراکتیـزە کردنـی پرۆگرامـەکانی کـارگێریی و پـڕ کردنـی وەزارەت و دەزگاکـانی هـەرێم بـە لێکۆڵێنـەوەو راپـۆرت و توێژینەوەو خولی راهێنان.

7-رێکخستن ل نێوان سەرچاوەکان و پێویستیەکانی لە رێی دانانی چەند پرەنسیپ و ئاراسـتەی گشـتیی بـۆ بەڕێوەبردنی ستراتیژیی ئابووری و کۆمەلأیەتی.

8-بایەخدان بە دامەزراندنی حکومەتی ئـەلیکترۆنی بـۆ کۆکردنـەوەو دامەزرانـدنی بـانکی زانیـاری پـەیڕەو کردنی شێوازی والأیی (شفافية) بۆ دامەزراندنی حکومەتی دامودەزگا (المؤسسات).

9-بەشداریکردن لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدرالی لە گەڕان بەدوای سەرچاوەی پارە دابینکـردن (تمویـل)و داوا کردنی یارمەتی تەکنیکی لە دەوڵەت و دەزگا دەولی یە بەخشەرەکان و بەشداریکردن لەو گفتوگۆیانەی ئێستا لە ئارادان لەگـەڵ لایەنـە بەخشـەرەکان و بەشـدرایکردن لـەو گفتوگۆیانـەی ئێسـتا لـە ئـارادان لەگـەڵ لایەنە بەخشەرەکان (پارەدەرەکان) بۆ جێ بەجێ کردنی بەلێنەکانیان لە پێناو بە دەسـتهێنانی یارمـەتی و بەخشین و قەرز بۆ دابینکردنی پارە بۆ پرۆژەکانی هەرێم بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێم.

10-هاندانی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنانی سەرمایەی خۆماڵی و بیانی بۆ بەشدار بوون لە ئابووری هەرێم لەگەڵ پێشنیار کردنی ئەو شێواز و ڕێگایانەی کە ئەم کەرتە چالاك دەکەن بە هاوکاریی لەگەڵ دەزگا حکومییە پەیوەندارەکان.

11-پشت بەستن بە سیستەمێکی نیشتمانیی بۆ پێوانە و کۆنترۆلی چۆنایەتی لە هەرێم بە هاوکاریی لەگەڵ جهازی ناوەندیی بۆ پێوانە و کۆنترۆلی چۆنایەتی لە وەزارەتی پلاندانان و هاوکاریی عێراقی فیدراڵ لەگەڵ پەیڕەو کردنی مواسەفاتی عێراقی و چاودێریی کردنی جێ بەجێ کردنیان و ئەنجامدانی پشکنین و شیکردنەوەو تاقیکردنەوەی تایبەت بە پێوانە کردن و کۆنترۆلی چۆنایەتی لەگەڵ پێشکەش کردنی راوێژ لەسەر ئەم بابەتانە بۆ هەموو ئەو لایەنە حکومی و ناحکومییانەی کە ئارەزوویان بۆ ئەم بابەتە هەیە لە هەرێم.

12-هەستان بە ئەنجامدانی کرداری ئامارییی لە هەرێم کە پەیوەندی هەیە بە ئەنجامدانی سەر ژمێریی گشتیی بۆ دانشتتوانی هەرێم لەگەڵ رووپێوو سەر ژمێریی تایبەت بە کەرتە هەمە جۆرەکان لە هەرێم بە هاوکاریی لەگەڵ جهازی ناوەندیی ئامار لە وەزارەتی پلاندانان و هاوکاریی عێراقی فیدراڵ.

ماددەی سێهەم:

یەکەم:وەزیر:سەرۆکی باڵاو, بەرپرسی ئیش و کارو ئاڕاستە کردنی سیاسەتی وەزارەتەکەیەو, هۆ و بڕیارو فەرمان و رێنمایەکان پێوەندییان بە ئەرکو فرمانی و پێکهاتە و سەلاحییات و کاروباری دیکەی هونەری و دارایی و ئیداری و ڕێکخستنی وەزارەتەکەوە هەیە, لە وەزیرەوە دەردەچن و بە سەرپەرشتی وەزیر جێ بەجێ دەکرێن.

دووەم:بریکاری وەزارەت: لە چوارچێوەی سەلاحییاتدا کە پێی دەسپێردرێ, یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاراستە کردنی سیاسەتی وەزارت و سەرپەرشتیکردنی کاروباری وەزارەتدا, مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ.

سێیەم:راوێژکاران: ژمارەیان لە چوار کەس زیاتر نییە, مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و, خاوەن ئەزموون و شارەزا بن.

ماددەی چوارەم: مەرکەزی وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

یەکەم:نووسینگەی وەزیر:فەرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, ژمارەیێ فەرمابنەریش یاریدەی دەدەن.

دووەم:نووسینگەی بریکاری وەزارەت:فەرمانبەرێ بەڕێوەی دەبا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

سێهەم:دەستەی ئاماری (الاحصاء) هەرێم: فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ.

**چوارەم:دەستەی بواردنی خراپ لە چاك (التقييس)و كۆنترۆلی نەوعی لە هەرێمدا: فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتیی دەكا, بڕوانامەی زانكۆ هەبێ, ئەركوفرمانی خۆیشی بەپێی ئەو سەلاحییاتە هەڵدەسووڕێنێ.**

**كە پێی سپێرراداوە, بەڕێوەبەرایەتی بواردنی خراپ لە چاك و كۆنترۆلی نەوعییش, لە پارێزگاكانی هەرێمدا, واوەستی دەبن.**

**پێنجەم:بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كاروباری ئیداری و دارایی:فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتیی دەكا, بڕوانامەی زانكۆی هەبێ, ئەم دایەرەیە ئەركوفرمانی رێكخستنی پێداویستەكانی ئیش و كار دەسەبەر دەكا.**

**ئەمانەی خوارەوەش پێوەی پەیوەستن:**

**أ-بەڕێوەبەرایەتیی كاروباری ئیداری.**

**ب-بەڕێوەبەرایەتیی كاروباری دارایی.**

**ج-بەڕێوەبەرایەتیی كاروباری یاسایی.**

**د-بەڕێوەبەرایەتیی كاروباری تاكە تاكەی كارمەندان.**

**هـ-بەشی پۆلینكردنی (تصنيف) بەڵێندەران.**

**شەشەم:دایەرەی ئامادە كردن و هاودەنگیی پلانەكانی فراژوكاری:فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتیی دەكا, ئەم دایەرەیە, ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەشی تێدایە:**

**أ-بەڕێوەبەرایەتیی هاودەنگیی پلانەكانی گەشەپێدان.**

**ب-بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانانی ئابووری.**

**ج-بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانانی پیشەسازی.**

**د-بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانانی گەشتوگوزار.**

**هـ-بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانانی بینا دروستكردن و ئیسكان و خزمەتگوزاری.**

**و-بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانانی گواستنەوەو گەیاندن (الاتصالات).**

**حەوتەم: دایەرەی پلاندانانی پرۆژەكانی بودجەی وەبەرهێنان (الاستثماري):فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتی دەكا, بڕوانامەی زانكۆی هەبێ, ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەش لە خۆ دەگرێ:**

**أ- بەڕێوەبەرایەتیی لێكۆڵینەوەی ئەوەولیاتی پرۆژەكان.**

**ب- بەڕێوەبەرایەتیی دابەشكردنی پرۆژەكان.**

**ج- بەڕێوەبەرایەتیی كەڵكی (جدوى) پرۆژە فراژوكارییەكان.**

**هەشتەم: دایەرەی گەشەپێدانی بەشەری:فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتی دەكا, بڕوانامەی زانكۆی هەبێ, ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەش لە خۆ دەگرێ.**

أ- مەركەزی هەرێمايەتی بەرەو چاكتر گۆڕينی ئيداری.

ب- بەڕێوەبەرايەتی ديراساتی هێزی كار (القوى العاملة) كارپێكردن (التشغيل).

ج- بەڕێوەبەرايەتی سياساتی پەروەردەو فێركاری.

د- بەڕێوەبەرايەتی سياساتی گەشەپێدانی كۆمەلأيەتی.

هـ- بەڕێوەبەرايەتی تەكنۆلۆيای مەعلوماتی.

نۆيەم:دايەرەی هاودەنگی و هاوكۆمەكيی گەشەپێدانی:فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكايەتی دەكا، بڕوانامەی زانكۆی هەبێ، ئەم بەڕێوەبەرايەتيانەی خوارەوەش لە خۆ دەگرێ:

أ-بەڕێوەبەرايەتی پێوەنديكاری و هاودەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و هاوكاريی گەشەپێدان (التعاون الاتمائي) فيدراڵدا.

ب- بەڕێوەبەرايەتی بەدواداچوونی كاروباری دەوڵەتە بەخشندەكان و رێكخراوە نێو دەوڵەتيەكان.

ج- بەڕێوەبەرايەتی سياساتی هاندانی كەرتی تايبەت و وەبەرهانين.

ماددەی پێنجەم: وەزير بۆی هەيە رێككەوتن لەگەڵ كەسانی تەبيعی و مەعنەويدا، لە خاوەن ئەزموون و پسپۆڕی ناوەوە يان دەرەوەی هەرێمدا ببەستێ، بۆ ئەنجامدانی ئەركوفرمانێ كە پێياندەسپێردرێ لە ماوەيەكی كە وەزير بە گونجاوی بانێ جێ بەجێ بكەن و، ئامانجەكانی وەزارەتی پێ بێتەدی، ماف و ئيلتيزاماتيشيان لە لايەن وەزيرەوە ديار دەكرێن، دوای وەرگرتن موافەقەتی سەرۆكايەتيی ئەنجومەنی وەزيران.

ماددەی شەشەم:

يەكەم:ئەركوفرمان و كارە تايبەتەكانی پێكهاتەكانی وەزارەت بە پەيڕەوی ناوخۆی ديار دەكرێن.

دووەم:وەزير بۆی هەيە بەڕێوەبەرايەتی و بەش و هۆبە لە كاتی پێويستدا بكاتەوە، يا ئيلغايان بكات، يان يەكيان بخات.

ماددەی حەوتەم: هەر دەقێ لەگەڵ ئەم ياسايەدا نەگونجێ، كاری پێ ناكرێ.

مادەی هەشتەم: پێويستە لەسەر ئەنجومەنی وەزيران ئەم ياسايە بخەنە كار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو پرۆژەكەی تر.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم خۆشە هەمووومان بزانين كە ئەو پرۆژانەی بۆمان دێت هەمووی بە زمانی عەرەبييە، ئەوە بارگرانيەكی گەورەمان بۆ دێت، لەمەودوا پێويستە داوا لە ئەنجومەنی وەزيران بكەين كە بە زمانی كوردی و عەرەبی بێت، نەك بەس بە زمانی عەرەبی، چونكە ئەو تەرجومەی كە كراوە بەڕاستی بەدڵی ئێمەش نييە، بەلأم پێكی دەينين.

## پرۆژەی یاسای وەزارەتی دەرامەتی ئاوی هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە, لەم یاسایەدا ماناکانی بەرامبەریانە:**

**1-هەرێم:هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**2-وەزارەت:وەزارەتی دەرامەتی ئاوی هەرێم.**

**3-وەزیر:وەزیری دەرامەتی ئاوی هەرێم.**

**4-بریکار:بریکاری وەزارەت دەرامەتی ئاوی هەرێم.**

**5-ئەنجومەن:ئەنجومەنی راوێژکاری دەرامەتی ئاو.**

**ماددەی دووەم:**

**ئامانجی وەزارەت ئەوەیە کە:**

**یەکەم:ستراتیج و سیاسەت و پلانگەلێك بۆ بەرەو چاکتر گۆڕین (تطویر)و فراژو کردن (تنمیة)و وەبەرهێنانی دەرامەتی ئاوی (سەر زەوی و ژێر زەوی)ی هەرێم دابنێ و, دیراسات لە سەر کەڵکی (جدوی) هونەری و ئابووریی پرۆژەکانی دەرامەتی ئاو ئامادە بکاو, ئاستی ئاوو پرۆژەگەلی ئاودێری لە چوارچێوەی پلانە گشتیەکانی هەرێمدا دابمەزرێنێ و خزمەتیان بکێشێ (صیانة)و وەگەڕیان بخاو, سەلامەتیی بەستەکانی هەڵسەنگێنێ و, لە ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی بە جۆرێ بەرخورداربێ, شێوازی بەکارخستنی پڕ بە پێست (الاستخدام الامثل)ی سامانی ئاو و, دەست بێنێ و خاکی زەوی و زاریش بپارێزێ.**

**دووەم:دانانی پلانگەلی تایبەت بە بنبڕ کردنی مەترسییەکانی لافاوو کۆنترۆڵکردنی سێڵاوو نشێواو (احواض)ی رووبارەکان و, رێکخستنی دابەشکردنی ئاوو, چاوکردنەوەو تێگەیاندنی خەڵکی لە گرنگیی پاراستنی سامانی ئاو.**

**سێیەم: زامنکردنی ئاو بۆ کەرتە بەکار بەرەکانی (المستهلکة) ئاو (کشتوکاڵ, ئاوی خواردنەوە, بەکارهێنانی ناو ماڵ و بۆ گەشتوگوزار, بەکارهێنانی بۆ پیشەسازی و, ئەفراندنی وزەی کارەبا.............هتد) بەپێی پلانگەلی ئیقرار کراو, بە جۆری کە لە هەرێمدا خزمەتی فراژوکاری (تنمیة) بکات, رای خۆیشی لەسەر داواکاریەکانی دامەزراندنی پرۆژەگەلێ دەدات کە پێوەندییان بە خزمەت خستنی ئاوەوە هەبێ.**

**چوارەم:**

**سەرپەرشتکردن و بەدواداچوونی هەنگاوەکانی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی دەرامەتی ئاو, بەپێی پلانە ئیقرار کراوەکان, ئەمەش بەستەکان و ئەستێڵەکان (الخزانات) و پرۆژەکانی ئاو داشتن دەگرێتەوە.**

**پێنجەم:**

**پاراستنی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی لە پیسی و, پێشتریش لایەنەکانی ژینگە بگرێتەوە, بە جۆرێ کە لەگەڵ مەعاییری نێو دەوڵەتیدا بگونجێ.**

ماددەی سێیەم:

یەکەم:وەزیری:سەرۆکی باڵاو, بەرپرسی ئیش و کارو ئاراستە کردنی سیاسەتی وەزارەتەکەیەو, هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییگەلێکیش پێوەندییان بە ئەرکوفرمان و پێکهاتە و سەلاٚحییات و کاروباری دیکەی هونەری و دارایی و ئیداری و ڕێکخستنی وەزارەتەوە هەبێ, بەپێی یاسا لە وەزیرەوە دەرچێ و, خۆی سەرپەرشتیی جێ بەجێ کردنیان دەکات.

دووەم: بریکاری وەزارەت:لە چوارچێوەی ئەو سەلاٚحییاتەی کە پێی دەسپێردرێ, لە ئاراستە کردن و, سەرپەرشت کردنی کاروباری وەزارەتەکەدا, یاریدەی وەزیر دەدات, مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ.

سێیەم:ڕاوێژکاران: ژمارەیان لە چوار کەس زیاتر نابێ, مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و, خاوەن ئەزموون و کەردەش بن.

ماددەی چوارەم: وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1-نووسینگەی وەزارەت:فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

2-نووسینگەی بریکاری وەزارەت:فرمانبەرێ بەڕێوەی دەبات, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

3-ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەت:

لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

أ-وەزیری دەرامەتی ئاو – سەرۆکە.

ب-بریکاری وەزارەت – جێگری سەرۆکە.

ج-بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ – ئەندامە.

د-بریکاری وەزارەتی شارەوانی – ئەندامە.

هـ-بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن – ئەندامە.

و-بریکاری وەزارەتی ژینگە – ئەندامە.

ز-بریکاری وەزارەتی کارەبا – ئەندامە.

ح-ڕاوێژکار و خاوەن ئەزمونان, لە ناوەوە یان لە دەرەوەی وەزارەتەکە, لەوانەی کە وەزیر بیەوێ لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار بن – ئەنجومەن هەر کاتێ پێویست بکا, بە بڕیاری وەزیر کۆدەبێتەوە.

4-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ئیداری و دارایی.

5-بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و بەدواداچوون.

6- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاودێری و دەرامەتی ئاو.

7- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەست و کۆگاکانی ئاو.

8- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیراسات و تصامیم.

**ماددەی پێنجەم:** وەزیر بۆی هەیە لەگەڵ کەسانی تەبیعی و مەعنەوی, لە خاوەن ئەزموون و پسپۆڕی ناو هەرێم, یان دەرەوەی هەرێمدا رێك بکەوێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکوفرمانێ کە پێیاندەسپێرێ, لە ماوەیەکدا کە وەزیر, خۆی بە گونجاوی بزانێ – دوای وەرگرتنی موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران, ماف و ئەرکیشیان لە لایەن وەزیرەوە دیار دەکرێن.

**ماددەی شەشەم:** وەزیر, بۆی هەیە کاتێ پێویست بکا, بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی نوێ بکاتەوە, یان یەکیان بخات, یان ئیلغایان بکات.

**ماددەی حەوتەم:** لە هەر یاساو پێڕۆیەکی بەرکاردا (النافذة) ناوی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری هاتبێ و تایبەت بێت بە دەرامەتی ئاو, ئەم وەزارەتە جێگای دەگرێتەوە.

**ماددەی هەشتەم:** پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕۆ دیار دەکرێن.

**ماددەی نۆیەم:** وەزیر بۆی هەیە رێنماییگەلێ بۆ سانا کردنی بە جێهێنانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی دەیەم:** پێویستە لەسەر وەزیرەکانی هەرێم ئەم یاسایە بخەنە کار.

**ماددەی یازدە:** ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاو کردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەوە کاری پێ دەکرێ.

**هۆی دانانی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان – عێراق هەرێمێکی دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئاوو, ئاویش بۆ زۆربەی بوارەکانی ژیان گرنگەو, لە فراژووکردنی (تنمیة) ئابووری و رێکخستنی پێوەندییەکان و, سیاسەتی نێو دەوڵەتی و هەرێمایەتی و محەللی و, گۆڕانکایی رووداوەکانی ناو وڵاتدا, رۆڵێکی گەورەی هەیەو, بۆ ئامانجی فراژوکردن و بەرەو چاکتر گۆڕینی (تطویر) سامان و دەرامەتی ئاوو, بەکار خستنی پڕ بە پێست (الاستخدام الامثل)ی سامانی ئاودا, پێویستی بەوە کرد وەزارەتێکی سەربەخۆ و پسپۆر بۆ کاروباری دەرامەتی ئاو دابمەزرێ, لەبەر ئەوانە, ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, پرۆژەی یاسای پلاندانانی هەرێمی کوردستان بدرێ بە لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی دیراسەتی بکەن و راپۆرتی خۆیان حازر بکەن, پرۆژەی یاسای دەرامەتی ئاویەکان بۆ لیژنەی یاسایی و هەروەها چەندین لیژنەی کشتوکاڵی و لیژنەی شارەوانی ناویان هاتووە ئەندام دەبن لەو لیژنەی راوێژکاری, هەروەها وەزارەتی ژینگەو کارەبا, ئەو لیژنانە ئەگەر پێویستی کرد راپۆرتیان هەبێتن دیراسەتی بکەن, ئەگەر نا وەکو ئەندام لە لیژنەکاندا بۆچوونیان هەبێتن لە موداخلە دەتوانن, ئەوە خوێندنەوەی یەکەمە وەکو خۆی دەمێنێتن, لە کاتی موناقەشە کردنی تەعدیلەکان و هەموو چاك دەکرێتن, زۆر لە ناحیە زمانەوانیش هەلەی تێدایە, فەرموون.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## یاسای وەزارەتی گەشت و گوزار

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:**

**1-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**2-وەزارەت: وەزارەتی گەشتو گوزاری هەرێم.**

**3-وەزیر: وەزیری گەشتو گوزاری هەرێم.**

**4-بریکار: بریکاری وەزارەتی گەشتو گوزاری هەرێم.**

**5-ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەتی گەشتو گوزاری هەرێم.**

**6-مەبەستی گەشتو گوزار: مەبەست لە حەوانەوە (الراحە)و بووژانەوە (الاستجمام)و وەرزش ومەلەوانی و رابواردن و، راوو، دیتنی هەوار گەلی میژوویین و ئاسەوار ونیگاری سروشتی وپارك وسەیرانگاو زیارە ئایینی و، کرینی پێداویستی شەخسی و، بزاڤی خەمرەوێن وهەر مەبەستێکی دیکەشە کە گەشتیاران رابکێشێ.**

**7-جێگەی گەشتو گوزار: هەر جێگەیەکە، مەبەستی گەشتوگوزار تێدا بەجێ بێ، وەك، ئوتێل و خواردنگە و گازینۆ و جێگای بووژانەوە (المنتجعات)و چادرگاو، جێگای دیکەش کە بۆ مەبەستی گەشت و گوزار ئامادە کرا بێ.**

**8-ناوچەی گەشتوگوزار: هەر ناوچەییێکە، بۆ چالاکیی گەشتوگوزار لەبار بێ و، مەبەستی گەشتوگوزاری بۆ فەراهەم کرابێ، یان بۆ گەشتوگوزاری لەبار بێ.**

**ماددەی دووەم:**

**ا-وەزارەت ئەم ئامانجانەی خوارەوە دێنێتە دی:**

**1-بەهاودەنگی لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکاندا، وزەی گەشتوگوزار و چاوگە خۆرسکەکانی هەرێم و وەبەردێنی و بەرەو چاکتریان دەگۆڕێ.**

**2-بەهاوکاری و هاودەنگی لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکاندا، ناوچە مێژوویی و ئاسەوارە جۆربەجۆرەکان، بەجۆرێ بەرهەم دێنێ و بەرەو چاکتریان دەگۆڕێ، کە خزمەت بە مەبەستەکانی گەشتوگوزار بکات.**

**3-هاندانی دروستکردنی شارو کۆمەڵگای گەشتوگوزار و جێگای بووژانەوەو ئوتێل و خانووی گەشتوگوزار.**

**4-دامەزراندن و بەکرێدان و بەکرێگرتنی خواردنگە و گازینۆ و چایخانەو جێگای رابواردن و سەیرانگاو جێگای خۆڕسك و دەستکردنی مەلەوانی و، جێگای خلیسکانی سەر بەفر و سەهۆڵ و شتی دیکە.**

**5-لەگەڵ سەندیکاو رێکخراوە جەماوەریەکاندا هاوکاری دەکاو، بەپێی توانا، ئاسانکاری بۆ هەموویان دەڕەخسێنێ، بۆ پەیدا کردنی بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی گەشتوگوزاری.**

6-گەڕان (سفرە)ی گەشتوگوزاریی تاك تاك و بەكۆمەڵیش, لە دەرەوە بۆ هەرێم و بە پێچەوانەشەوە, بەشێوازی جۆربەجۆر رێك دەخاو, هەروەها گەڕانی گەشتوگوزاریی بەتاك و بەكۆمەڵیش رێك دەخات.

7-بە هاودەنگی و بە پێكهاتن لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەكاندا, خزمەتگوزاریی پارە گۆڕینەوەی پێویست لە ناوچەو دامەزراوە گەشتوگوزاریەكاندا, پێشكەش دەكا.

8-دامەزراندنی كۆمپانیاو نووسینگ وەكالەتی سەفەرۆ گەشتو گوزاری.

9-لەگەڵ دەستەو كۆمپانیاو تاكەتاكەی خەڵكیشدا, لە ناوەوەی هەرێم و لە (دەرەوەی هەرێمیش دوا وەرگرتنی موافەقەتی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران), گرێبەست سازدەدات.

10-لەگەڵ وەزارەتەكان ولایەنی دیكەی پێوەندیداردا, لەبوارەكانی گەشتوگوزاریدا هاودەنگی پەیدادەكات.

11-لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان, لەهەرێمدا بۆ راكێشانی وە بەرهێنەران بۆناو هەرێم, لەچوارچێوەی پلانەكان وياساكاندا, كەبۆ ئەم مەبەستە دانراون دەكەوێتە هاەكاری وهاودەنگی.

ب-ئەركوفرمانی وەزارەت:

وەزارەت ئەم ئەركوفرمانانەی خوارەوە پیادە دەكا:

ِلەچوارچێوەیپلانی گشتی گەشتو گوزار, لەهەرێمدا, نەخشەی بزووتنەوەی گەشتو گوزارو ناوچەی هاوینە هەوارە كان ئامادە دەكا.ِ

ماددەی سێیەم:

یەكەم:وەزیر:سەرۆكی بالأو, بەرپرسی ئیش و كارو ئاراستە كردنی سیاسەتی وەزارەتەكەیەو, هەموو بڕیارو فەرمان و رێنكاییگەلێ پێوەندییان بە ئەركوفرمان و پێكهاتەو سەلأحییات و كاروباری دیكەی هونەری و دارایی و ئیداری و رێكخستنی وەزارەتەكەوە هەبێ, بەپێی حوكمەكانی یاسا, لەوەزیرەوە دەردەچێ و بەسەر پەرشتیی خۆی جێ بەجێ دەكرێن.

دووەم:بریكاری وەزارەت:لە چوارچێوەی ئەو سەلأحییاتانەدا كە پێی دەسپێردرێ, لە ئاراستە كردن و سەرپەرشتیكردنی كاروباری وەزارەتەكەدا, یاریدەی وەزیر دەدات, مەرجیشە بڕوانامەی زانكۆی هەبێ.

سێیەم:وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1-نووسینگەی وەزیر:فرمانبەرێ سەرۆكایەتیی دەكا, بڕوانامەی زانكۆی هەبێ, ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

2-نووسینگەی بریكاری وەزارەت:فرمانبەرێ بەڕێوەی دەبات, بڕوانامەی زانكۆی هەبێ ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

3-راوێژكارەكان: لە چوار راوێژكار زیاتر نەبن, مەرجیشە بڕوانامەی زانكۆیان هەبێ و, خاوەن ئەزموون و كەردەش بن.

4-ئەنجومەنی راوێژكاریی وەزارەت:

أ-وەزیر:سەرۆكە.

ب-بریکاری وەزارەت:جێگری سەرۆکە.

ج-بەڕێوەبەرە گشتییەکان:ئەندامن.

د-راوێژکار و خاوەن ئەزموونەکان: ئەندامن (بە مەرجێ لە سێ کەس زیاتر نەبن و, بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و, خاوەن ئەزموون و کەردەش بن).

ئەنجومەن ئەم کارانە دەگرێتە ئەستۆ:

أ-نەخشەی سیاسەتی گشتیی گەشتوگوزار دادەنێ و ئیقراری دەکات.

ب-ئەو رێککەوتننامانە تەسدیق دەکات کە پێوەندییان بە دامەزراندن و بەرەو چاکتر گۆڕین و وەبەرهێنانی دەزگاو پرۆژەگەلی گەشتوگوزارەوە هەیە.

ج-دوای موافەقەتی لایەنە پێوەندیدارەکان, ئەو رێککەوتننامەو هەرەوەز سازیيانە (التعاونيات) تەسدیق دەکات کە لەگەڵ لایەنە بیانیەکاندا گرێ دراون.

د-ئیقرار کردنی بودجەی ساڵانەو میلاکات و حساب و حسابکاریی کۆتایی.

5-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئیدارەو دارایی: لەمانە پێك دێت:

1-بەڕێوەبەرایەتی تاکەتاکەی کارمەندان.

2- بەڕێوەبەرایەتی ئیدارە.

3- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی.

4- بەڕێوەبەرایەتی ریقابە و لێوردبوونەوە (التدقيق)ی ناوخۆ.

5- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

6- بەڕێوەبەرایەتی نەخشەسازی و بەدواداچوون.

6- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسەوار: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, دایەرە گەلی ئاسەوار لە پارێزگاکاندا پێوەی پەیوەستن.

7-بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری گەشتوگوزار/ لە هەولێر: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ

8- بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری گەشتوگوزار/ لە سلێمانی: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ.

9- بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری گەشتوگوزار/ لە دهۆك: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ.

ماددەی چوارەم: ئەرکوفرمان و پێکهاتەکانی وەزارەت بەپێڕۆ دیار دەکرێن.

ماددەی پێنجەم: وەزارەت سەلاحییاتی ئەوەی هەیە, جێگاکانی گەشتوگوزار و کۆمپانیا گەشتوگوزاریەکان لە هەر مزەیێ (رسوم) ببەخشێ تەنیا مزەی گومرگ نەبێ.

ماددەی شەشەم: وەزیر سەلاحییاتی کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی نوێ و, یەکخستن و ئیلغا کردنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هەیە.

**ماددەی حەوتەم: هەر دەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ ناخرێتە کار, یاسای ژمارە (39)ی ساڵی (2004)ی دەزگای گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان و, یاسای پێشووی دەزگای گەشتوگوزاری ئیدارەی سلێمانیش ئیلغا دەکرێن.**

**ماددەی هەشتەم: پێویستە لەسەر وەزیرەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.**

**ماددەی نۆیەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بلاَوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)ەوە کاری پیَ دەکریَ.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس, ئەم پرۆژەیە پەیوەندی بە لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانییەوە هەیە, بۆ ئامادە کردنی راپۆرتی خۆیان, پرۆژەی تر بخوێنەوە.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2006**

**یاسای وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە, لەم یاسایەدا, ماناکانی بەرامبەریانە:**

**1-هەرێم: هەرێمی کوردستان عێراق.**

**2-وەزارەت: وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم.**

**3-وەزیر: وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم.**

**4-بریکار: بریکاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم.**

**5-ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەتەکە.**

**ماددەی دووەم: وەزارەت, ئەم ئەرك وفرمانانەی و وەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:**

**1-فەراهەمکردنی چاودێریی ماددی و مەعنەویی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان, تا بتوانن بە ئازادی و سەربەرزانە بژین.**

**2-زیندو و کردنەوەی بۆنەگەلی تایبەت بە یاد کردنەوەی سەرکەشی و نەمریی شەهیدان و ئەنفالکراوان.**

**3-پێشنیاز کردن و هەموار کردنی یاساو, هەواڵە کردنی بۆ ئەنجومەنی وەزیران, بۆ وەدیهێنانی ئەرکوفرمان و ئامانجەکانی وەزارەت.**

**4-دانانی سیاسەتی گشتی بۆ فراژوکردن (تنمیە)و وەبەرهێنانی دەرامەتی (موارد) وەزارەتەکەو, لە چوارچێوەی ئیلتیزاماتی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئامانجە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خۆیدا, پاشان جیَ بەجیَ کردنی ئەو سیاسەتە بەپێی یاسا لە کاردابووەکان.**

**5-کارکردن لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکان, بۆگرنگیدان بە باری پەروەردەیی و فێرکاری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ئابووری و ئاوەدانکاریی خاوخێزانی شەهید و ئەنفالکراوەمان و دانانی بەنامەش بۆ بەرەو چاکتر گۆڕینیان.**

6-كۆشـش بـۆ راسـتكردنەويە واقيعـى ژيـانى ئەوانـەى ئـەم ياسـايە دەيانگرێتـەوە, لـە رێگـاى هاوكـارى و هـاودەنگيى وەزارەتـەوە لەگـەڵ پـارەدەرانى (ممـولين) نێودەوڵـەتى و محـەللى رێكخـراوە حكـومى و ناحكوميەكاندا, بەپێى ياسا بەركارەكان.

7-ديكۆمێنتكردنى (توثيق) هەر شتێ پێوەنديى بە ئەنفالكراو و قوربانيـانى چـەكى كيمياييـەوە هەيـە, بـۆ داوا كردنى قەرەبووى خێزانەكانيان, لە حكومەتى فيدراڵى و لەم لايەنانەش كە ئەو چەكانەيان بـە عێـراق داوە.

8-كـاركردن, بـەهاودەنگى لەگـەڵ حكومـەتى عێراقـى فيـدراڵ و رێكخـراوە نێودەوڵەتيـە حكـومى و ناحكوميەكاندا, بۆ ئەوەى پلاندانەران و بەجێهێنەرانى ئەو جينۆسايدەى دەرهەق بە گـەلى ئێمـەيان كـرد, بدرێنە دادگا پێوەنديدارەكان و سزا بدرێن.

9-هاوكارى لەگەڵ لايەنە پێوەنديدارەكان بۆ دەستەبەر كردنى جێگاى ژيان (سكن) بـۆ خـاوخێزانى شـەهيد و ئەنفالكراوو قوربانيانى چەكى كيميايى.

ماددەى سێيەم:

يەكەم:وەزير:سەرۆكى باڵاو, بەرپرسى ئيش و كارو ئاراستە كردنى سياسەتى وەزارەتەكەيەو, هەموو بڕيارو فەرمان و رێنماييگەلێ پێوەندييان بە ئەركوفرمان و پێكهاتـەو سـەلاحييات و كاروبـارى ديكـەى هونـەرى و دارايى و ئيدارى و رێكخستنى وەزارەتەكەوە هەبێ, بەپێى حوكمەكانى ياسا, لەوەزيرەوە دەردەچێ و بەسەر پەرشتيى خۆى جێ بەجێ دەكرێن.

دووەم:بريكارى وەزارەت:لـە چوارچێوەى ئـەو سـەلاحيياتانەدا كـە پێـى دەسـپێردرێ, لـە ئاراسـتە كـردن و سەرپەرشتيكردنى كاروبارى وەزارەتەكەدا, ياريدەى وەزير دەدات, مەرجيشە بڕوانامەى زانكۆى هەبێ.

ماددەى چوارەم: پێكهاتەكانى وەزارەت ئەمانەن:

1-نووسـينگەى وەزيـر:فرمانبـەرێ سـەرۆكايەتيى دەكـا, بڕوانامـەى زانكـۆى هـەبێ, ژمـارەيێ فرمانبـەريش ياريدەى دەدەن.

2-نووسـينگەى بريكـارى وەزارەت:فرمانبـەرێ بـەرێوەى دەبـات, بڕوانامـەى زانكـۆى هـەبێ ژمـارەيێ فرمانبەريش ياريدەى دەدەن.

3-راوێژكارەكان:لە چوار راوێژكار زياتر نەبن, مەرجيشە بڕوانامەى زانكۆيـان هـەبێ و, خـاوەن ئـەزموون و كردەش بن.

4-بەڕێوەبەرايەتى گشتيى كاروبارى ئيدارەو دارايى: لەمانەى خوارەوە پێك دێت:

1-بەڕێوەبەرايەتى ئيدارەو زاتييە.

2- بەڕێوەبەرايەتى حساب و حسابكارى..

3- بەڕێوەبەرايەتى ريقابە و لێوردبوونەوە (التدقيق)ى ناوخۆ.

4- بەڕێوەبەرايەتى هەمە ژمێرى (الاحصاء)و لێكۆڵينەوە.

5- بەڕێوەبەرایەتی نەخشەسازی (التخطیط) و بەدواداچوون.

6- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

7-بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری.

5-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی وەبەرهانین: لەمانە پێك دێت:

أ-بەڕێوبەرایەتی پرۆژەکان.

ب-بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هونەری.

ج-بەڕێوبەرایەتی حساب و حسابکاری.

د-بەڕێوبەرایەتی گرێبەستنامەکان.

6-بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان – لەمانە پێك دێت:

أ- بەڕێوبەرایەتی کاروباری پەروەردەکان.

ب- بەڕێوبەرایەتی کاروباری کۆمەلأیەتی.

ج- بەڕێوبەرایەتی کاروباری تەندروستی.

د- بەڕێوبەرایەتی کاروباری ئابووری.

هـ- بەڕێوبەرایەتی کاروباری نیشتەجێکردن لە پارێزگاکانی هەرێم.

7-دایەرەی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە پارێزگاکانی هەرێمدا: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, لەمانە پێك دێت:

أ-بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری شەهیدان.

ب-بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئەنفالکراوان.

ج- بەڕێوبەرایەتی ئیدارەو زاتیە.

د- بەڕێوبەرایەتی حساب و حسابکاری.

هـ- بەڕێوبەرایەتی لێوردبووردنەوەو ریقابەی ناوخۆ.

و- بەڕێوبەرایەتی راگەیاندن و پێوەندییەکان.

ز- بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی.

ماددەی چوارەم:

یەکەم:وەزارەت ئەنجومەنێکی راوێژکاری دەبێ, لەمانە پێك دێت:

أ-وەزیر:سەرۆکە.

ب-بریکاری وەزارەت,:ئەندامەو, لە دیارنەبوونی وەزیردا سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکا.

ج- بەڕێوبەرە گشتییەکان: ئەندامن.

د-یەك راوێژکار, وەزیر دیاریی دەکا: ئەندامە.

هـنوێنـەرێ, لە هەریەکە لەم وەزارەتانە: (تەندروستی, پەروەردە, کاروباری کۆمەڵایەتی, پێشمەرگە, دارایی, ئاوەدانکاری, رۆشنبیری) بەمەرجێ پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.

دووەم:

أ-ئەنجومەن کۆبوونەوەکانی خۆی, هەرکاتێ پێویست بکا, بە بانگهێشتی وەزیر ساز دەدات.

ب-کـاری تایبــەتی ئەنجومــەن ئەوەیــە راسـپێریی پێشـکەش بــەوەزیر بکـا, راسـپێرییەکەش ئەگـەر وەزیــر تەسدیقی بکا, سیفەتی بڕیاری وەزاری وەردەگرێ.

ماددەی پێنجەم:

یەکەم:بەڕێوەبەرایەتی گشتیی وەبەرهانین, بودجەیەکی تایبەتی دەبێ و, پارەدار دەکرێ لە:

1-بەخششی (منحە)حکومەتی هەرێم.

2-خیرات (تبرعات).

3-پیتاك (الاکتتاب), کە وەزارەت خۆی بەپێی یاسا کۆی دەکاتەوە.

4-دەرامەتی (الواردات)وەبەرهێنانەکانی تایبەت بە وەزارەت.

5-قازانجی بزاڤە جۆر بەجۆرەکانی وەزارەت.

6-بەخششی دیکە.

دووەم:

بودجەی وەبەرهانینەکانی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەرهانینەوە ئامادە دەکرێ و, وەزیر تەسدیقی دەکا, ئینجا دەخرێتە بەردەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ تەسدیق کردنی.

ماددەی حەوتەم:

1-هەموو داراییەکی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهانینەکان, بە دارایی گشـتی لـە قەڵـەم دەدرێـن و, بۆ مەبەستی ئەم یاسایە نەبێ, ناشێ دەسکاری بکرێن.

2-حساب و حسابکاری وەبەرهانینەکانی وەزارەت ملکەچی ریقابەی داراییین.

ماددەی هەشتەم:

یەکەم:پەیکەری رێکخستنی پێکهاتە و کارە تایبەتیەکانی وەزارەت, بە پێڕۆ دیار دەکرێن.

دووەم:وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی بەشی نوێ بکاتەوە یان ئیلغایان بکات.

سێیەم:وەزیر: بۆی هەیە لیژنەگەلی هەمیشەیی, یان کاتی بـۆ وەدیهێنـانی هـەرکامێ لـەو ئەرکانـەی کـە لـە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون.

ماددەی نۆیـەم: وەزیـر بـۆی هەیـە پـاش وەرگـرتنی موافەقـەتی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران, لەگـەڵ کەسـانی تـەبیعی و مەعنـەویی و خـاوەن ئـەزموون و پسـپۆری نـاوەوەو دەرەوەی هەرێمـدا گرێبەسـتی سـاز بدات, بۆ ئەنجامـدانی ئـەرك وفرمـانێ کـە پێیـان دەسـپێردرێ, لـە ماوەیەکدا کـە خـۆی بـە لـەباری بزانـێ, بەمەبەستی وەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت, ماف و ئیلتیزاماتیشان وەزیر خۆی دیاریان دەکات.

**ماددەی دەیەم:** یاسای ژمارەی (4)ی ساڵی 1997 (یاسای دەزگای شەهید) و, یاسای ژمارە (186)ی ساڵی 1999 (یاسای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەنفال)و, یاسای ژمارە ( 126)ی ساڵی(2000)و, یاسای ژمارە(22)ی ساڵی2005 ئیلغا دەکرێن و, هەموو مەوجودات و کارمەندانی دەزگای شەهید و بەڕێوبەرایەتی گشتی ئەنفال, لەگەڵ هەموو ئیلتیزاماتی دارایی و مەعنەوی و قەرزەکانیاندا, دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەت.

**ماددەی یازدەم:** وەزیر بۆی هەیە رێنماییگەلی پێویست بۆ ئاسانکردنی بەجێهێنانی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی دوازدەم:** هەردەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ ناخرێتە کار.

**ماددەی سیازدەم:** پێویستە لەسەر وەزیرە پێوەندیدارەکان, حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

**ماددەی چواردەم:** ئەم یاسایە لە رۆژی بلاْوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)ەوە, کاری پێ دەکرێ.

**هۆکاری دانانی ئەم یاسایە**

ئەمڕۆ, ئەگەر گەلی کوردستان مافی شانازیی بە سیستەمی سیاسی و دامودەزگای دەستووری ئێستای خۆیەوە هەبێ ئەو شانازییە, هی ئەو کەسانەیە کە بۆ وەدەستهێنانی ئەم دەستکەوتانە ژیانی خۆیان بەخت کرد و مێژووی پڕ ئیفتیخاری گەلەکەمانیان دروست کرد و, رێگای ئایندەیان بۆ رۆشن کردەوە, ئەوانەش شەهیدەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانن.

جا بۆ وەفاداری و رێز لە قوربانیان و تەقدیر کردنی شان و شەوکەتیان, هەر دەبوو لایەنێکی پسپۆڕ پەیدا بکرێ, ئەرکی ماف و رێکخراوەو بەدواداچوون و جێبەجێ کردنی ئەو وەفاو رێز و تەقدیرە بگرێتە ئەستۆ و کاروباری ئەو کەم ئەندامانە رەچاو بکا, کە لە خەباتی ناو ئەم بزووتنەوەیەدا, دووچاری بوون, هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەمەش بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ بنێردرێ, بۆ ئەوەی راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن, پرۆژەی وەزارەتی (الاعمار والاسکان), وابزانم تەرجومە نەکراوەو بە عەرەبی بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو جەنابت ئیشارەتت پێدا, بەڕاستی فریا نەکەوتین بۆ تەرجومە کردنی ئەم یاسایە, بۆیە ئیجازەمان پێ بدەن بە عەرەبی بیخوێنینەوە.

**قانون وزارة الاعمار والاسكان**

**المرقم () لسنة 2006لاقليم كوردستان – العراق**

**المادة الاولى:**

**يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها:**

1-الاقليم:اقليم كوردستان – العراق.

2-مجلس الوزراء:مجلس الوزراء لاقليم كوردستان – العراق.

3-الوزارة:وزارة الاعمار والاسكان.

4-الوزير: وزير الاعمار والاسكان للاقليم.

5-الوكيل:وكيل وزارة الاعمار والاسكان.

المادة الثانية: تتولي الوزارة:

1-اقتراح الخطط العامة لسياسة الاعمار والاسكان في الاقليم في مجالات الاسكان والمباني والطرق, بما في ذلك (طرق المرور السريع)و الجسور والانفاق والمطارات والسكك الحديدية لمعالجة ازمة السكن وبناء شبكة الطرق الحديثة بجميع انواعها وملحقاتها.

2-القيام بالدراسات الخاصة ضمن مجال قطاع الوزارة ودراسة الجدوى الفنية والاقتصادية للمشاريع التي يتم اقتراحها ضمن خطة الوزارة.

3-وضع التصاميم ومناهج العمل للخطط المصدقة للمشاريع الموكلة اليها وتنفيذ المشاريع المتعلقة بها تنفيذا مباشرا من قبل تشكيلات الوزارة او احالتها الى مقاولين او استشاريين.

4-المساهمة في اعداد المواصفات الفنية وفق ظروف الاقليم.

5-تنفيذ السياسة المقرة للوزارة واقتراح الخطة (السنوية والمرحلية والبعيدة المدى) اللازمة لتنفيذها.

6-تنفيذ المشاريع الموكلة اليها من جهات اخرى خلال تشكيلاتها التنفيذية والتصميمة او عن طرق الشركات المختصة في القطاع الخاص.

7-القيام بصيانة الطرق العامة بما في ذلك طرق المرور السريع الواقعة خارج حدود البلديات وصيانة وتشغيل الجسور ومحطات الاوزان المحورية والمعابر مع تأثيثها والحفاظ على محرماتها بموجب قانون محرمات الطرق.

8-القيام بدراسة وتقييم خطط المستثمرين الخاصة بالاعمار والاسكان في الاقليم ضمن اختصاص الوزارة.

المادة الثالثة: تتألف مركز الوزارة من:

1-الوزير:هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون.

2-وكيل الوزارة:يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه, على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية.

3-المستشارون:لا يزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الاولية وله خبرة وممارسة.

4-يتألف مركز الوزارة من:

أ-مكتب الوزير:يرأسه موظف حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

2-مجلس الوزارة:يتكون من الوزير و وكيل الوزارة والمستشارين والمدراء العامين وعدد من ذوي الخبرة ضمن اختصاص الوزارة ممن يحددهم الوزير وتحدد مهامه بتعليمات.

ت-مكتب وكيل الوزارة:يديره موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد عن الموظفين.

ث-مديرية المعامل والمكائن والمعدات:يرأسها موظف يحمل شهادة الجامعية الاولية في علوم الهندسة/الميكانيكية او الكهربائية ومن ذوي الخبرة والاختصاص وتتولى هذه المديرية شؤون المعامل والاليات والمخازن العائدة للمديريات التابعة للوزارة.

ه-مديرية الرقابة والتفتيش:يرأسها موظف بدرجة مدير ذوي الخبرة والاختصاص ويساعده عدد من الموظفين الاكفاء في مجال الرقابة وتقوم بمهام الرقابة والتفتيش على اعمال الوزارة والتشكيلات التابعة لها في المجالات المالية والادارية والفنية وترتبط بالوزير مباشرة.

المادة الرابعة:

1-المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية:يرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية الاولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

أ-مديرية الشؤون الادارية والافراد.

ب-مديرية الشؤون المالية.

ج-مدرية التدقيق والرقابة الداخلي.

د-مديرية الخدمات.

هـ-مدير الدائرة القانونية.

2–المديرية العامة للتخطيط والمتابعة:يرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية الاولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص في مجال التخطيط والمتابعة الوزارة وترتبط بها المديريات التالية:

أ-مديرية التخطيط:يرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل شهادة الجامعية الاولية.

ب-مديرية المتابعة:يرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل شهادة الجامعية الاولية.

ج-مديرية النظم المعلوماتية والاحصاء:يرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية الاولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

3-المديرية العامة للطرق والاعمار والاسكان في اربيل:يرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية الاولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص في علوم الهندسة المدنية ومن ذوي الخبرة وتتولى الاشراف على تنفيذ مشاريع الاسكان والمباني والطرق في المحافظة وترتبط بها مديريات الطرق والاعمار والاسكان في حدود تلك المحافظة.

4-المديرية العامة للطرق والاعمار والاسكان في السليمانية:يرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية الاولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص في علوم الهندسة المدنية ومن ذوي الخبرة وتتولى الاشراف على

تنفيذ مشاريع الاسكان والمباني والطرق في المحافظة وترتبط بها مديريات الطرق والاعمار والاسكان في حدود تلك المحافظة.

5–المديرية العامة للطرق والاعمار والاسكان في دهوك:يرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية الاولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص في علوم الهندسة المدنية ومن ذوي الخبرة وتتولى الاشراف على تنفيذ مشاريع الاسكان والمباني والطرق في المحافظة وترتبط بها مديريات الطرق والاعمار والاسكان في حدود تلك المحافظة.

المادة الخامسة: الاحكام العامة:

1-يحدد مهام واختصاصات وتشكيلات دوائر الوزارة بنظام.

2-للوزير استحداث او دمج او الغاء مديريات الوزارة او اقسامها او شعبها عند الحاجة والاقتضاء.

3-للوزير تشكيل هيئات او لجان مؤقتة لتنفيذ وتنظيم احكام هذا القانون حسب الحاجة.

4-للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة السادسة: للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعيين والمعنويين من ذوي الخبرة والاختصاص داخل الاقليم او خارجه للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليهم وللمدة التي يراها مناسبة, ولذلك لغرض تحقيق اهداف الوزارة, وتحدد حقوقهم والتزاماتهم من قبل الوزير بعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء.

المادةالسابعة: يلغى قانون برلمان كوردستان المرقم (25) لسنة 204 وقانون مجلس الوزراء (ادارة السليمانية) المرقم 242 في 1999/9/4 ويحل محلهما هذا القانون.

المادة الثامنة: لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة التاسعة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة العاشرة: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ اصداره وينشر في جريدة وقائع اقليم كوردستان – العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەم پرۆژەیەش پەیوەندی بە لیژنەی یاسا و لیژنەی شارەوانی و لیژنەی ئاوەدانکردنەوە هەیە, بۆ ئەوەی ئەم سێ لیژنەیە راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن. دوا خاڵ لە بەرنامەی کارمان خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (22)ی ساڵی 2003یە.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**ب/پرۆژەی یاسایی**

سلاَو و رێزمان..

**ئێمەی ژمارەی ئەنـدامانی یاسایی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتان پـرۆژەی هاوپێچمان گەڵاڵـە کـردووە بـەناوی (پـرۆژەی یاسای پوچـەڵ کردنـەوەی مـاددەی یـازدە لـە یاسـای ژمـارە (22)ی سـاڵی 2003, تکایـە بخرێتە بەرنامەی کاری داهاتووی ئەنجومەن.**

**ناوی ئەو بەڕێزانە کە واژوویان کردووە:**

1-**شێروان حیدری.**

2-**عونی بزاز.**

3-**عبدالکریم ابوبکر.**

4-**محمد صالح ابراهیم.**

5-**کریم بحری عبدالله.**

6-**طارق جامباز.**

7-**رشاد احمد ابراهیم .**

8-**د.رمضان عبدالرحمن محمد.**

9-**د.فوئاد احمد بابان.**

10-**جمیل محمد عثمان.**

11-**عمر عبدالرحمن علی.**

**پرۆژەی یاسای کارپێکردنەوە بە ماددەکانی دەروازەی دووەم لە یاسای بنچینەکانی دادگاییکردنی سزایی**

**ماددەی یەکەم: ماددەی یازدەمی یاسای ژمارە (22)ی سـاڵی 2003ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتان – عێـراق پووچـەڵ دەکرێتـەوە سـەبارەت بـە راگـرتنی کـارپێکردن بـە دەروازەی دووەمـی یاسـای بنچـینەکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (22)ی ساڵی 2003 لە هەرێمی کوردستان و کار بە حوکمەکانی دەکرێتەوە.**

**ماددەی دووەم: زاراوەی (سەرۆکی هەرێم) شوێنی زاراوەی (سەرۆکی کۆمـار) و زاراوەی (فـەرمانی هـەرێمی) شوێنی (فەرمانی کۆمـاری) دەگرنـەوە لـە هـەر شـوێنێك لـە دەروازەی دووەمـی یاسـای نـاوبراودا هـاتبن, بـۆ ئەوەی حوکمەکانی لە هەرێمی کوردستان جێ بەجێ بکرێت.**

**ماددەی سێیەم: کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە پێچەوانە بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.**

**ماددەی چوارەم: ئـەم یاسـایە لـە رۆژی دەرچـوونیەوە کـاری پێـدەکرێت و لـە رۆژنامـەی فـەرمی (وەقـائیعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.**

**هۆی دانانی ئەم یاسایە**

**لەبەر نەمانی ئـەو هۆیانـەی لـە کـاتی خـۆی پێویسـتیان کـرد کـە جـێ بـەجێ کردنـی سـزای لـە سـێدارەدان (اعـدام) لـە هـەرێمی کوردسـتان رابگیرێـت بـەپێی مـاددە (11)ی یاسـای ژمـارە 22/ی سـاڵی 2005 کـە دەستەڵاّت بە سەرۆکی هـەرێم دەدات حـوکمی (اعـدام) پەسـند بکـات, یـان کـەمی بکاتـەوەو بـۆ ئـەوەی ئـەو**

بڕیارو حوکمە دادوەریەکان کە لە دادگاکان دەرچووینەو پلەی کۆتاییان بە دەست هێناوە بە هۆی پەسند کردنیان لەلایەن دادگای پێداچوونەوە (تمییز) بۆیە ئەم یاسایە داندرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ڕێمان بدەیت بە زمانی عەرەبیش بخوێنینەوە, چونکە لەبەر گرنگی پرۆژەکە.

**مشروع قانون اعادة العمل بمواد الباب الثاني من قانون اصول المحاكمات الجزائية**

**قانون رقم ( )لسنة 2006**

المادة الاولى: تلغى المادة (الحادية عشرة) من القانون رقم 22 لسنة 2003 الصادر عن المجلس الوطني لكوردستان – العراق بخصوص ايقاف العمل بمواد الباب الثاني من قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم 22 لسنة 1971 في اقليم كوردستان ويعاد العمل باحكامه.

المادة الثانية: تحل عبارة (رئيس الاقليم) محل عبارة (رئيس الجمهورية) وعبارة (مرسوم اقليمي) محل عبارة (مرسوم جمهوري) اينما وردت في الباب الثاني من القانون المذكور لغرض تطبيق احكامه.

المادة الثالثة: لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الاسباب الموجبة**

بالنظر لزوال الاسباب التي استدعت في حينه ايقاف تنفيذ عقوبة الاعدام في اقليم كوردستان وفق المادة (11) من قانون رقم (22) لسنة 2003 الصادر عن برلمان كوردستان – العراق ولصدور قانون رئاسة الاقليم رقم (1) لسنة 2005 المعدل المتضمن منح صلاحية المصادقة على حكم الاعدام او تخفيفها الى رئيس الاقليم وبغية تنفيذ القرارات والاحكام القضائية الصادرة من المحاكم والمكتسبة للدرجة القطعية بتصديقها من محكمة التمييز فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەمەش بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ بنێردرێ, بۆ ئەوەی راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن, بەم شێوەیە سوپاس دەکەین هەموو پرۆژەکە تەواو بوو, لەو وەختەی کە دامانبوو کەمتر, ئەمەش کارێکی باشە, سبەی سەعات (11) کۆدەبینەوە, بۆ موناقەشە کردنی دوو پرۆژە, پرۆژەی یاسای کارەبا و پرۆژەی یاسای ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم, تەوزیع کراوە لەسەرتان, خوێندنەوەی یەکەمی کراو پێتان گەیشتووە, بەرنامەی کارەکە بەیانی ئیمزای دەکەین و, بەڵام لە ئێستاوە بزانن کە موناقەشەی ئەم دوو یاسایەیە, لیژنەی قانونی پێیان وایە پرۆژی یاسای هەموار کردنی یاسای کە پەیوەندی بە ئیعدامەوە هەیە, ئەویش بخرێتە سبەینێ, بەڵام پێم وایە هەفتەیەك ماوەی بدەین و بیخەینە هەفتەی داهاتوو, بۆ ئەوەی لیژنەی مافی مرۆڤ و برادەرانیش لە هەموو روویەکەوە بیری لێ بکەنەوە, کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دەهێنین تا بەیانی سەعات (11), زۆر سوپاستان دەکەم بەخێر بێن.

فرست احمد عبدالله
سكرتێرى ئەنجومەنى نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(كمال كركوكى)
جێگرى سەرۆكى ئەنجومەنى نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

عدنان رشاد مفتى
سەرۆكى ئەنجومەنى نیشتمانیی
كوردستان - عێراق

# ئەنجومەنى نیشتمانیى كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلى دانیشتنى ژمارە (2)**

**سێ شەممە رێكەوتى 5\9\2006**

**خولى دووەمى هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)

## سێ شەممە رێکەوتی 2006/9/5

**کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2006/9/5 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (2)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:**

**1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی کارەبا.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2006/9/5دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی کارەبا.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.**

**سەرەتا بەخێرهاتنی هەردووی وەزیری بەڕێز کاك هوشیار وەزیری کارەبا و کاك محمد احسان وەزیری کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم دەکەم کە بەشداریان کردووە, داوا لە لێژنەی یاسایی و لێژنەی پیشەسازی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن, لێپرسراوی لێژنەی پیشەسازی لەگەڵ دوو ئەندامی لێژنەی قانونی, کاك شێروان چۆنت پێباشە ئەم قانونە هەمووی بیخوێنینەوە یان خوێندنەوەیەك کەوا**

مـادده مـادده بیخوێنینـەوە, ئـەوجا تـەقریرەکان بخوێندرێتـەوە, باشـە فـەرموو سـەرۆکی لێژنـەی یاسـایی تەقریرەکانی خۆی بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی دەست بەخوێندنەوەی ڕاپۆرتەکان بکەین مەلاحەزەیەکمان هەیە, حەزدەکەین بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و جەنابتان ڕوونی بکەینەوە, ئنجا ئەوەیە بە حقیقەت ئەو ترجمە کوردیە کە کرایە تەرجومەیەکی رێك و پێك نیە, ئەو موزەفەی کە لێرە لە بەرلەمان مەسئوولە ئەو کردوویەتی, لێژنەی یاسا نەی کردووە بەحقیقەت, لۆیە تەرجومەکە وەك پێویست بەڕاستی نەهاتیە زۆر کەم و کوڕی تێدایە, ئەوە هەر ویستم تەوزیحی کەم, بەحقیقەت وەنەشدەکرا لەئاینده ترجمەکە بەشێوەیەکی رێکوپێکتر بێت, وەئەگەر حوکمەت هاوکارمان بێت لەتەرجومەکە زۆر مەمنونیان دەبین, چونکە بەڕاستی هیچ کەسی وامان نیە لە پەرلەمان, بۆیە ئێستا حەز دەکەین کە تەرجومەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان بێت, زۆر سوپاس. ئێستاش برای بەڕێزم مامۆستا کاکە ڕاپۆرتی لێژنەی یاسا دەخوێنتەوە بەکوردی فەرموو:

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان - عیراق**

**بابەت/ ڕاپۆرت**

دوای خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسایی وەزارتی کارەبای هەرێمی کوردستان_ عیراق لەپەرلەمان لەڕۆژی 2006/7/10دا کە هەواڵەی لێژنەکەمان کرا, لێژنەکەمان لێکۆڵینەوەی لەسەر کردو لەگەل وەزیردا, کە پۆستی ئەو وەزارەتە تازەیەی پێ سپێردراوە, کۆبۆوەو, وتوێژو ڕاگۆڕینەوەی لەسەر کرد, ئەم ڕاپۆرتەش, بەڕاسپاردەو پێشنیازگەلی خۆمانەوە, دەربارەی پرۆژەکە بە کۆیڕا لەمانەی خوارەوەدا پێشکەش دەکەین:

یەکەم: لێژنەی یاسا, تەئیدی پرۆژەکە دەکات, چونکە وەزارەتەکە تازە لەهەرێمدا دانراوە, بەلاّم پێشنیاز دەکەین دیباجەی بۆ دابڕێژری ٛو, ماددەکانی تبویب بکرێن و برگەکانی رێك بخرێن و هەندێ هەموارو گۆرانکاریش لەداڕشتن و هەندێ لەبەندەکانیدا ئەنجامبدرێن,

وەك ئەمانەی کە لە ڕاپۆرەتەکەدا دەخرێنە بەرچاو.

دووەم: لێژنە پێشنیاز دەکا کە دێباجەی یاساکە, بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

بەناوی خوای بەخشندەو میهربان.

بەناوی گەلەوە ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان - عیراق پشت بە حوکمی بڕگەی (1) ماددەی (56) لەیاسای ژمارە(1)ی ساڵی1992ی هەموارکراوو لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان–

**عیراق ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان– عیراق لە دانیشتنی ژمارە ( )ی رۆژی / /2006یدا, بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:**

**یاسای ژمارەی ( ) رۆژی/ / 2006 یاسایی وەزارەتی کارەباییی هەرێمی کوردستان _عیراق**

**سێیەم: لەبارەی (ماددەی یەکەم)ی ئەسڵی پڕۆژەکەوە لیژنەکەمان پێشنیاز دەکا و, ئەمانەی خوارەوە رادەسپێریٚ:**

**1-وشەی (دەستەواژە), کە لە دێری یەکەمی ماددەی یەکەمدا هاتووە, بکریٚ بە وشەی (زاراوە), بۆ ئەوەی لەگەل ڕستەی پەیڕەوکراوی پێناسەی دیکەی یاساکاندا ڕێك بخریٚ.**

**2-زنجیرەی بڕگەکانی ماددەکە لە ڕەنوسەوە (رقم) بگۆڕدرێن بۆ زنجیرە بەنووسین.**

**چوارەم: دەربارەی ماددەی دووەم لە پڕۆژەکە, لیژنە پێشنیاز دەکا وشەی نیشتیمانیی دوابەدوای وشەی (وەبەرهانینەکان) زیاد بکرێت کە لە (شەشەم)یدا هاتووە.**

**پێنجەم: لەبارەی ماددەی سێیەمی پڕۆژەکەوە لیژنە ئەم پێشنیازانەی خوارەوەی هەیە:**

**1- بڕگەی (یەکەم و دووەم) بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

**1- وەزیر: سەرۆکی بالأو, بەرپرسی ئیش و کارو ئاڕاستە کردنی سیاسەتی وەزارەتەکەیەو, خۆی سەرپەرشتی ریقابەیان دەکات, بەپێی حوکمەکانی یاسایش هەموو بڕیارو فرمان ورێنمایی گەلێکیش, پەیوەندیان بە ئەرك و فرمان و پێکهاتە و سلاحیەت و کاروباری دیکەی هونەری و دارایی و ئیداری و رێکخستنی وەزارەتەکەوە هەبیٚ, لە وەزیرەوە دەردەچن و بەسەرپەرشتی خۆی جێبەجیٚ دەکرێن, وەزیر بەرپرسە لە بەردەمی ئەنجومەنی وەزیراندا, چونکە, خۆیشی ئەندامێکی هاوکاری ئەنجومەنەکەیە.**

**2- بریکاری وەزارەت: لەچوارچێوەی ئەو سلاحییاتەدا کە وەزیر پێی دەسپێریٚ, لەئاراستە کردنی سیاسەت و, سەرپەرشتیکردنی کاروباری وەزارەتەکەدا, یاریدەی وەزیر دەدات.**

**2– گواستنەوەی برگەی(1)و (2)و (3) لەماددەی چوارەمی پڕۆژەکەوە بۆ سەر ئەو ماددەیەو زنجیرەکانیش بەنووسین (سێیەم, چوارەم, پێنجەم) بنووسرێن, بەئامانجی رێکخستنی پێکهاتەکانی وەزارەتەکە, لەبڕگەی (1, 2) ڕستەی (بەپلەی بەڕێوەبەر) دوابەدوای وشەی (فرمانبەریٚ)ی بۆ زیاد بکریٚ و, لەبڕگەی (3)یشدا (ڕاوێژکاران) ڕستەی (خاوەن ئەزموون بێت) بکریٚ بە(خاوەن ئەزموون بن).**

**شەشەم: هەرچی ماددەی چوارەمی پڕۆژەکەیە, ئەوا لیژنەکە لەسەر ئەوە رێك کەوتوون, کە بەم جۆرەی خوارەوە پێشنیازی بکەین:**

**(بەڕێوبەرایەتی گشتی ئەفراندن و گواستنەوەی وزە) بکریٚ بەدوو بەڕێوبەرایەتی, یەکێکیان بۆ (ئەفراندن) ئەوەی دیکەیان بۆ (گواستنەوە), ئەمە پێشنیازی وەزیرەو دەڵیٚ هەریکەیان ئەرکوفرمانێکی گەورەیان دەکەوێتە ئەستۆو, زۆربەی ئەندامانی لیژنەکەمانیش تەئییدی پێشنیازەکەی وەزیر دەکەن و, کەمینەیەکیشیان پییٚ قایل نەبوون, رای کۆتاییش, رای پەرلەمانە.**

**ماددەی چوارەم: وەزارەت لەم بەڕێوبەرایەتیە گشتییانەی خوارەوە پێك دێت:**

**یەکەم: بەڕێوبەرایەتی گشتیی کاروباری ئیداری و دارایی: فرمانبەرێ سەرۆکایەتی دەکا و بەڕێوەی دەبا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و, خاوەن ئەزموون و پسپۆر بێت.**

**دووەم: بەڕێوبەرایەتی گشتی پلانادان و بەجێهێنانی پڕۆژە کارەبایییەکان: فرمانبەرێ سەرۆکایەتی دەکا, و بەڕێوەی دەبا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆر بێت.**

**سێیەم: بەڕێوبەرایەتی گشتیی ئەفراندنی وزەی کارەبا: فرمانبەرێ بە پلەی تایبەت سەرۆکایەتی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆر بێت.**

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی وزەی کارەبا: فرمانبەرێ بە پلەی تایبەت سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆر بێت.**

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی دابەشکردنی وزە کارەبا: فرمانبەرێ بەپلەی تایبەت سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆر بێت.**

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کۆنترۆڵ و دەنگ گەیاندن: فرمانبەرێ بە پلەی تایبەت سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ خاوەن ئەزموون و پسپۆر بێت.**

**حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر: فرمانبەرێ بە پلەی تایبەت سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆر بێت.**

**هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی: فرمانبەرێ بە پلەی تایبەت سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆر بێت.**

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارەبای دهۆك: فرمانبەرێ بە پلەی تایبەت سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆر بێت.**

**حەوتەم: هەرچی ماددەی پێنجەمە ئەوە, لێژنە, ئەمانە پێشنیاز دەکا:**

**1-(رئیس) بکرێت بە (رئیسا) لەبڕگەی یەکەم/1**

**2-(نائب رئیس) بکرێت بە (نائبا للرئیس) لە بڕگەی یەکەم/2**

**3-بڕگەی یەکەم_ 3_ رستەی (بەمەرجێ پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمترنەبێ)- ئەندامە, بکرێ بە: (هاوشانی بەڕێوەبەری گشتی بێ)**

**4-بۆ بڕگەی یەکەم/4, 5: هەمان ئەو رستەیەی سەرەوە دابنرێ.**

**5-بۆ بڕگەی یەکەم/7: رستەی (لە وەزارتەکە) لەکۆتاییدا زیاد بکرێ.**

**6-دێری یەکەم و دووەمی بڕگەی (دووەم) تادەگاتە (یان جێگیرەکەی) لابرێن, چونکە دەکرێ لەپێڕۆی ناوەخۆدا چارەسەر بکرێ بەم شێوەی خوارەوەش دابڕێژرێتەوە:**

**((دووەم: ئەنجومەن لەم کاروبارانەی خوارەوەدا ئامۆژگاری پێشکەش دەکا- وەك لە پڕۆژەکەدا هاتووە- دوای زیادکردنی وشەی (رێکخستن) بۆ بڕگەی (1) لە (دووەم).**

**هەشتەم: هەرچی ماددەی ((شەشەم))ی پڕۆژەکەیە ئەوە هیچ تێبینیەکمان لەسەر نیە تەنیا ئەوە نەبێ کە ((دووەم))ەکەی بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

**((دووەم: وەزیر بۆی هەیە هەر بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەیەکی پێکهاتەکانی وەزارەتەکە بەپێی پێداویستی ئیشەکانیان, بکاتەوە یان یەکیان بخا یان ئیلغایان بکات.))**

**نۆیەم: ماددەی حەوتەم, هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە.**

**دەیەم: هەرچی ماددەی هەشتەمی پڕۆژەکەیە, ئەوە, لێژنە پێشنیاز دەکا, بکرێ بەماددەی کۆتایی یاساکە و, بەم شێوەیەی خوارەوەش دابڕێژرێتەوە:**

**((ماددەی دەیەم: ئەم یاسایە, لەڕۆژی دەرهێنانیەوە کاری پێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)- بلاّودەکرێتەوە.**

**یازدە: هەرچی ماددەی نۆیەمی پڕۆژەکەیە, ئەوە, لێژنە ئەم پێشنیازەی خوارەوەی هەیە: ((رستەی (پێویستە لەسەر وەزارەتەکان حوکمەکانی ئەم.....هتد)**

**کە دەکەوێتە کۆتایی ماددەکەوە, لابرێت و, ماددەیەکی سەربەخۆ, بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێت:**

**(پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکان, حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن).**

**دوازدە: دوا پێشنیازی لێژنەکەمان ئەوەیە, کە: (هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە)ی بۆ دابنرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:**

***هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە***

**لەبەر ئەوەی وەزارەتێکی نوێ, لەحوکمەتی هەرێمی کوردستاندا, بەناوی وەزارەتی کارەباوە دانراوەو, دایەرەکانی کارەبایش, لەوەزارەتی پێشووی پیشەسازی و وزە, دابڕ دەکرێن و بەم وەزارەتە نوێیە دەبسترێنەوە و, بەئامانجی چڕکردنەوەی بزاڤ و چالاّکییەکانی ئەفراندن و گەیاندن و دابەشکردنی وزەی کارەباو, خزمەتکردن و ئیدامە پێدانی وێستگە (بنکە) و تۆڕی گواستنەوەو گەیاندن و دابەشکردنی وزەی کارەباو, گەیاندنی بۆ هەموو ماڵ و کون و قوژبنێکی هەرێمی کوردستان و, بۆ دیاری کردنی پێکهاتەو ئەرکوفرمان و ئامانجەکانی ئەم وەزارەتە, لەبەر ئەوانە هەمووی, ئەم یاسایە دانرا.**

**تکایە بفرموون, سەیری بکەن و, ئەسڵی پڕۆژەکەو, رای لێژنەی یاساییش لەبارەی پڕۆژەکەوە, بخەنە بەرچاوی ئەنجومەن تا گفتوگۆی لەسەر بکاو رای لە بارو گونجاوی خۆی لەسەر دەرببڕێت.لەگەڵ ڕێزدا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس بۆ لێژنەی یاسایی, لێژنەی یاسایی هیچ هەیە, دەزانی چییە حەتمەن کوردیەکە ئەسڵیە یەکەم, دووەمینش ماددە ماددە عەربی بخوێنەوە, هەروەك ئەو راپۆرتەی لێژنەی یاسایی, تەبیعیی کۆبوونەویان کردیە لەگەڵ وەزیری کارەبا بەڕێز هۆشیار سیوەیلی, دانیشتنیان کردوەو ئەم راپۆرتەیان خوێندۆتەوەو, ئەگەر هەموو پێکەوە بخوێندرێ زۆر هینە, بەلاّم ئەگەر ماددە ماددە خوێندرا ئەوا, حەقی زیاتر دەدرێتێ, ئەو وەختی هەم ئەگەر وەزیری کارەبا ملاحەزەی هەبوو لەسەر رەئی لێژنەی قانونی, هەم ئێوە**

ملاحەزیەکتان هەبوو لەسەری قسە دەکەین, لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ماددە بەماددە بەکوردی و عەرەبییەکەی بخوێنرێتەوە, ئینجا ئەگەر وەزیر رەئیەکی هەبوو, ئێوە رەئیەکتان هەبوو دواتر دەچینە سەر ماددەکانی تر, لێژنەی پشەسازی ووزە راپۆرتان هەیە؟ باشە بفەرموون:

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان**

**بابەت/راپۆرت**

لەڕێکەوتی2006/7/17 لێژنەکەمان لێژنەی پیشەسازی ووزە کۆبوونەوەیەکی سازکرد بۆ گفتوگۆکردنی پرۆژەی وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان- عیراق بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان لەرێکەوتی 2006/7/13 دوای خوێندن و گفتوگۆکردنی خاڵەکانی پڕۆژەکە لێژنەکەمان ئەم تێبینیانەی هەبوو لەسەر پڕۆژەکە:

یەکەم: ماددەی دووەم خاڵی سێیەم, لێژنەکەمان بەپێویست دەزانی ئەم رستەیە زیادبکرێ (بەبەرهەمهێنانی زیاتر تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لەدوای وشەی (ویستگە) ویستگەی بەرهەم هێنانی لەکۆتایی ریزی پێنجەم, ئەمەش لەپێناوی کۆت کردنی وەزارەت بەدانانی ویستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای پێشکەوتوو لێژنەکەش بەم شێوەیە دەبێت:

سێیەم: هەماهەنگی لەپاڵپشتکردنی ئابووری نیشتیمانی لەبواری بەرهەمهێنانی گواستنەوە وەزارەتی گەیاندن بەشداربوون گوایە هەموو شێوەکانی کۆنترۆڵکردن, سیستەمی کارەبایی, دانانی کرێی ئاسایی, بەرزکردنەوەی ئاستی کارکردن بەمەبەستی دەرکردنی لەپرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەلأیەتی و رۆشنبیری لەهەموو شوێنەکانی هەرێمدا لەرێگای بنیاتنانی ویستگەی دروست کردنی کارەبایی نوێ بە بەرهەمهێنانی زیاتر و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و زامنکردنی پەیوەستی هەنووکەیی وزەکان لەگەل دروست کردنی پەرەپێدانی و فراوان کردنی تۆڕەکانی گواستنەوەو دابەشکردنی بگونجێ لەگەڵ داواکارەیەکانی زیاتر بوونی قورسایی بەرزکردنەوەی پلەی متمانەو زامنکردنی گەیاندنی بڕی کارەبا بۆ بەشدار بووان بەپێی سیمای ئەندازەی پێویست.

دووەم: ماددەی سێیەم خاڵی دووەم, لێژنەکەمان بە پێویست دەزانی وشەی پسپۆری زیاد بکرێ لە کۆتایی بڕگەکە, ئەمەش وادەگەینێت بریکاری وەزارەت بڕوانامەی پسپۆری هەبێت, لەبواری کارەبا, چونکە وەزیر پۆستێکی سیاسیە گرنگ نیە کەوا پسپۆری هەبێت لەم بوارە, وە رستەکەش بەم شێوەیە دەبێت:

((دووەم: بریکاری وەزارت لەچوارچێوەی صلاحیەتێ کە پێی دەسپێردرێ لە ئاراستەکردنی وەزارەت وەلە سەرپەرشت کردنی کارەکانیدا یاریدەی وەزیر دەدات و مەرجە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و پسپۆر بێت.))

سێیەم: ماددەی چوارەم خاڵی سێیەم لێژنەکەمان بە پێویست دەزانی ئەم رستەیە بە فعلیی خزمەتیان لە دە ساڵ کەمتر نەبێ زیاد بکرێ بۆ کۆتایی ساڵی سێیەم, ڕستەکەش بەم شێوەیە دەبێت:

((سێیەم: راوایێژکاران لە چوار کەس زیاتر نابێ, بەمەرجێ بڕوانامەی زانکۆیان هەبێت و شارەزاو ئەزموونداری فعلیی بن و خزمەتیان لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.))

لە خاڵێ چوارەم بە گرەنتی دەزانی وشەی پسپۆری بۆ زیاد بکرێ لەدوای وشەی بڕوانامەی زانکۆ و رستەکەش بەم شێویە بێت: بەرێوبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەجێهنانی پرۆژگەلی کارەبا فرمانبەرێ بە پلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و پسپۆڕ بێت.

چوارەم: لێژنەکەمان بە پێویست دەزانی کەوا وەزارتی شارەوانی نوێنەرایەتی هەبێت, لەئەنجومەن, چونکە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە, وە دووەمی خاڵی چوارەم زیاد بکرێ بەم شێوەیە (( پێنج: نوێنەری وەزارەتی شارەوانی بە پلەی بەرێوبەری گشتی ئەندامە.))

لەخاڵی هەشتەم کە دەبێتە خاڵی نۆیەم دوای زیاد کردنی خاڵی نوێنەریی شارەوانی لێژنەکەمان بە پێویست دەزانێ ئەم رستەیە بە رەزامەندی ئەنجومەن زیاد بکرێ لەدوای وشەی وەزیر بەم شێوازە بێت:

((هەر شارەزایەکی پسپۆری دی کە وەزیر بە رەزامەندی ئەنجومەن لەناوەوەی وەزارەت یان لە دەرەوەی وەزارت دایبنێت ئەندامە.))

پێنجەم: ماددەی شەشەم خاڵی سێیەم لێژنەکەمان بە پێویست دەزانێ زیاد کردنی رستەی راوێژکاران لەسەر داواکاری ئەنجومەن لەکۆتایی خاڵەکە, بەم شێوەیە:

((سێیەم: وەزیر بۆی هەیە کاتی پێویست بەرێوبەرایەتی و بەشی نوێ بکاتەوە یان پووچەڵیان بکاتەوە یان یەکیان بخاتەوە لەسەر داواکاری ئەنجومەنی راوێژکاران)) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ لێژنەی پیشەسازی, ئەوەی تر ئەو خاڵانەی کە مناقشەیان دەکرێت دەتوانێت رەئیی خۆی ئەو وەختە بڵێت بۆ ئەوەی زیاتر وزوح هەبێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن ئێستا دەست دەکەین بەموناقەشەکردنی پرۆژەکە بەماددەی یەکەم دەست پێدەکەین,

**مشروع قانون وزارة الكهرباء لأقليم كوردستان- العراق**

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير التالية المعانى المبينة ازاءها:

1- الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

2- الوزارة: وزارة الكهرباء للاقليم

3- الوزير: وزير الكهرباء

4- وكيل الوزارة: وكيل وزير الكهرباء

5- المجلس: المجلس الاستشاري للوزارة

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی یاسای وەزارەتی كارەبای هەرێمی كوردستان - عێراق**

**ماددەی یەكەم: مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە مانەكانی بەرامبەریانە:**

1-هەرێم: هەرێمی كوردستان- عیراق

2-وەزارەت: وەزارەتی كارەبای هەرێم

3-وەزیر: وەزیری كارەبای هەرێم

4-بریكار: بریكاری وەزارەتی كارەبای هەرێم

5-ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژكاری وەزارەتی كارەبای هەرێم

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا رای لیژنەی یاسایی بە عەرەبی دەخوێنمەوە سەربارەت بە ماددەی یەكەم

فيما يتعلق بالمادة الاولى من اصل المشروع, تقترح اللجنة وتوصى بما يلى:-

1- تبديل كلمة (التعابير) الواردة في السطر الاول من المادة الاولى الى كلمة (المصطلحات) لتنسجم مع الصيغة المتبعة في سرد التعاريف المستعملة فى القوانين الصادرة عن برلمان كوردستان.

2- تبديل التسلسلات الرقمية الى التسلسلات الكتابية لفقرات المادة.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین تەنها دوو تێبینیمان هەیە:

1- بەنیسبەت تعابير پێمان باشە (المصطلحات)بەكاربێت (يقصد بالتعابير التالية) يقصد بالمصطلحات التالية .

2-بەنیسبەت ترتیب و صیاغەتی تبویبی ماددەكان تەبعەن تبویبەكە لێرە بە ئەرقام هاتووە, عادەتەن بە اولا دێت دوایی بە ئەلف دێ ئینجا بە رەقەم دێ یەك, دوو, سێ مەسەلەكە ئەوەیە ئەوش دەتوانین دوایی ئێمە چارەسەری بكەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم شتێكی زۆرتر نەفسیە, چونكە قیمەتی نییەو, لێژنەی صناعەتیش دەمانەوێ وەزیریش موافەقتی لەسەر بكات تەنها كەسیش معارزەیەی لەسەر نیە ئەگەر یەكێ لەگەل ئەو ماددەیە دەستی بەرزكاتەوە؟ بەكۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی یەك تەواو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تتولى الوزارة المهام التالية:

اولا: توليد وتامين الطاقة الكهربائية وتوزيعها.

ثانيا: تشغيل و صيانة محطات التوليد و شبكات النقل والتوزيع.

ثالثا: المساهمة في دعم الاقتصاد الوطني في مجال انتاج و نقل الطاقة وايصالها للمشتركين بجميع اصنافهم والسيطرة على المنظومة الكهربائية وجباية اجورها ورفع مستوى الاداء بهدف التعجيل في عملية التنمية الاقتصادية و الاجتماعية و الثقافية في كافة ارجاء الاقليم من خلال انشاء محطات توليد جديدة لتامين الحاجة الحالية والمستقبلية للطاقة الكهربائية اضافة الى انشاء وتطوير وتوسيع شبكات النقل والتوزيع لتتلائم مع متطلبات زيادات الاحمال ورفع درجة الوثقية و ضمان ايصال التيار الكهربائى الى المشتركين بموجب المواصفات القياسية المطلوبة.

رابعا: اعداد الخطط السنوية وبعيدة المدى في القطاع والاشراف على تنفيذ الخطط المقررة وتقويم نتائج التنفيذ.

خامسا: اعداد دراسات الجدوى الفنية والاقتصادية لمشاريع الوزارة واقتراح ادراجها ضمن خطط الوزارة وتنفيذ المشاريع المقررة مع مراعاة سلامة البيئة.

سادسا: العمل على اجتذاب روؤس الاموال و تشجيع الاستثمارات الاجنبية فى القطاعات ذات العلاقة باعمال الوزارة.

سابعا: التنسيق والتكامل مع الوزارات الاتحادية

ئەوە دەقی ماددەی دووە, ئێستا برای بەڕێزم مامۆستا کاکە بەزمانی کوردی دەیخوێنێتەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم ئەرك و فرمانانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم: بەرهەم هێنان و زامنکردن و دابەشکردنی وزەی کارەبا.

دووەم: وەگەڕخستن و خزمەتکردنی بەردەوامی بنکەکانی دروست کردنی کارەباو تۆڕەکانی گەیاندن و دابەشکردنی وزەی کارەبا.

سێیەم: هەماهەنگی لە پاڵپشتی کردنی ئابووری نیشتیمانی لە بواری بەرهەم هێنان و گواستنەوەی وزەو گەیاندنی بە بەشداربوان, بە هەموو شێوەکانی و کۆنترۆڵ کردنی سیستەمی کارەبا و دانانی کرێیەکەی و بەرزکردنەوەی ئاستی کارکردنی بەمەبەستی پەلە کردن لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەلأیەتی و رۆشنبیری لە هەموو شوێنەکانی هەرێمدا, لە رێگەی بنیادنانی ویستگەی دروست کردنی کارەبای نوێ و

زامن کردنی پێویستییە هەنووکەیی و ئایندەییەکانی وزە لەگەڵ دروست کردنی و پەرەپێدان و فراوان کردنی تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەش کردنی کە بگونجێ لەگەڵ داواکاریەکانی زیاد بوونی قورسایی و بەرزکردنەوەی پلەی متمانە و زامن کردنی گەیاندنی بری کارەبا بە بەشداربووان بەپێی سیمای ئەندازەیی پێویست.

چوارەم: ئامادەکردنی پلاندانانی ساڵانەو, دوورخایەنیش, بۆ کەرتەکانی کارەباو, سەرپەرشتیکردنی بەجێهێنانی پلانە ئیقرارکراوەکان, وراستکردنەوەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان.

پێنجەم: ئامادەکرنی دیراسەتی کەڵکی (جدوی) هونەری و ئابووری پڕۆژەکانی وەزارەت, پێشنیازکردنی تۆمارکردنیان لە پلانەکانی وەزارەتداو, جێبەجێکردنی پڕۆژە ئیقرارەکراوەکانیش بەخەمخۆری لەسەلامەتیی ژینگە.

شەشەم: کۆشش بۆ وەکێشکردنی (اجتذاب) سەرمایە گەل و هاندانی وەبەرهێنانی بیانی لە و کەرتانەدا کە پێوەندیان بە ئیش و کاری وەزارەتەوە هەیە.

حەوتەم: هەماهەنگی و تەواوکاری (التكامل) لەگەڵ وەزارەتە فیدرالیەکاندا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش رەئی لێژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی سەربارەت بە ماددەی دووەم دەخوێنمەوە:

فيما يتعلق بالمادة الثانية من المشروع, ان اللجنة القانونية تؤيد جميع فقرات المادة وتقترح اضافة كلمة (الوطنية) الى ما بعد كلمة (الاستثمارات) الواردة في سادسا منها وتقراء كالاتى:

العمل على اجتذاب رؤوس الاموال وتشجيع الاستثمارات الوطنية والاجنبية في القطاعات ذات العلاقة باعمال الوزارة.

بە بەرهەم هێنانی زیاتر پاش ویستگەی نوێ ماددەی دووەم لە ڕێزی پێنجەم ناو سێیەم (بەبەرهەم هێنانی زیاتر تەکنەلۆژیایی پێشکەوتوو) چونکە ((محطات)) ویستگەی نوێ پێشکەوتوو هەیە بەکۆنترۆڵ و بە ئەوەی نوێ هەرچی تری نوێ هەبێت بەلأم کۆنترۆڵ و بەشێوەی کۆنترۆڵ تەکنەلۆژیا وا شیاو نیە

لە سێیەم بە بەرهەم هێنانی زیاترو تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بە تەرجەمەوە مەبەست ئەوە محطاتی نوێ هەیە لەپاش محطات جديدە ویستگەی نوێ لەدرێژی پێنجەم لە الاستثماراتە و تەکنەلۆژیایی زیاتر تکنەلوجیە متطورە.

بە عەرەبیەکەی (ذات تقنيات عالية تكنلوجية).

**بەڕێز هۆشیار سیوەیەلی/وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من ئەوە رەنگە زیادە بێت, تەنها بڵێین ویستگەی نوێ بەس بێت, چونکە ئەگەر تکنەلۆژیایی نوێ ئیزافە دەکەین, ئێمە تا حەدێك ناچارین کورتی کەین کە ئەو تکنەلۆژیایە نوێیە کە لە عالەمدا

بەکاردەهێنرێ هەندێ جار دامەزراندنی لێرەدا ئاسان نەبێت, زەحمەت بێت لەبەر کۆمەڵێك هۆکار ئێمە دەتواتین کەڵك لەمانە وەرگرین لەبەر ئەوەی ئەو شتەی لێرە هاتووە یەعنی ویستگەی نوێ بە قەناعەتی من بەسە ئەو ئیزافەیەی ناوێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(محطات توجية جديدة متطورة), ئەو کلمەیە ئیزافەی بکەن, یان بێجگە لەوش (متطور ذات تقنية عالية اخر تقينة عالي)ە تقصیری زۆرە تقنیە عالیە تووشی نشتویمان دەکات.

**بەڕێز عزالدين سليم خديدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مامۆستا نموونەت بۆ دەهێنم لە تولیدە گشتیەکانی مێگەوات مکائینی هینەکە باسکران بۆمان هێناوە تاکو ئێستا مکائینی باشبکرن تاکو ئێستا مکائینی نوێ ئەصڵی نین مکائینی ئەوە لە هەولێرەو لە سلێمانی لە دهۆکە وە.

**بەڕێزحاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا خۆتان باش دەزانن کە کارەبا بۆتە گیروگرفتێکی زۆرگەورە لەبەر دەستی ئێمەوە منیش بۆخۆم دەڵێم چی بکرێ و چۆن بتوانین تێلی کارەبا زیاتر بکەین بۆ ئەوەی ئەم چمکە  بخرێتە روو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە گرفتی کارەبامان هەیە, راستە, هەتا ئێستاش چارەسەرکردنی بەتەواوی نەبووە, وەهەرچیەکشی بۆمان هاتووە مەحەتاتی کۆن بووە, یان موستەهلك بووە, لە وولاتە شەرقیەکان ئەیکڕن یاخود لە لوبنان لەم شوێنانە ئەگەر ئێمە بمانەوێ کارەبایەکی بەردەوامی رێك وپێك بدەین بە هاوولاتیان, هەقی خۆمانە وشەی موتەتەویرە بخەینە پاڵیەوە.

دووەم: ئێمە ئەگەر باسی تەقەنیاتی تازە بکەین, بەڵێ ئەوتوانین ئێمە هینی بە هەوا دروستکردنی کارەبا, ئەگەر پرۆژەکی وا هەبێت لە رێگەی رەشەباوە بتوانێ کارەبا بەپێی ئەوە تقەنیکی تازەش و زۆرزۆریش هین نیە یەعنی مهم نیە ئەگەر ئێمە تقەنیکی تازەی بکەینە ناوەوە هیچی پێ دروست ناکات بۆ وەزارەت لەبەر ئەوە موتەتەوەرە کە شوملی بکات لەگەل ئەو کەلیمەیە زۆرسوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەل ئەوەدام, وشەی (متطور) زیاد بکرێ بەلام لە دوای ( متطور ذات قدرة عالية) چونکە زۆر شت هەیە موتەتەویرە بەلام قودرەتەکەی بەرز نیە بنووسرێ ((خلال انشاء معدات توجيه جديدة متطورة ذات قدرة عالية)).

**بەڕێز هۆشیار سیوەیلی/وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

بێگومان ئامانجی ئێمە لەوەزارت ئەوەیە ئێستا باشترین مەکینە و تکنەلۆجیای بەرز بهێنین و کارەبای پێی بەرهەم بهێنین, ئەوە هیچ گومانی تێدانیە, بەڵام هەندێ جار رەنگە دانانی ئەو نقصە یاخود ئەو چەند کلمەیە لەیاسادا ئاڕاستەیەك هەندێ گرفت بۆ ئێمە دروست بکات و ببێتە نقصێکی یاسایی بۆ من نەوەك حەزدەکەم ئێستا, ئێمە بەتەماین بۆ چارەسەرکردنی گرفتی کارەبا لەقۆناغی هەنووکەیی لەرێگەی کەرتی تایبەتەوە بەدانانی چەند وێستگەیەکی بەرهەمهێنان چارەسەری ئەو گرفتە بکات, بەڵام هەندێ جار کەرتی تایبەت وزەی بەرهەمهێنانی کارەبا دێنێتە ئێرە, رەنگە لەووڵاتێکی تر بەکارهاتبێ, ئەوە کەرتی تایبەتە من سەیتەرم بەسەریان هەیە, بەڵام مەرج نییە, من رێ و بۆچونێکی بۆ دانێم بڵێم ئیللا ئەبێ ئەو محتەیەی کە ئەیهێنی بەم شێوە عالەمیە بەرزە تکنەلۆژیایە بێت, چونکە نتیجە من کارەبا دەینێم, من خاوەن محتەکە نیم, خاوەن لێژنەکە نیم, نتیجە من کارەبا لەو دەکرم, ئەگەر کارەبا 200 مێگەوات بێت ئەگەر 150 مێگەوات بێت من 150 مێگەوات ئەوێ لەبەر ئەوە هەندێ جار دانانی ئەو تعدیلە رەنگە تۆزێ مەشاکل دەدات وە بۆ ئێمەش دروست دەکات, دووەم بەکافائەتی بەرز یاخود تکنەلۆژیای نوێ ئێستا لەعالەما کەمتر محەتاتی دولی بەکار دەهێنن کەبەنەوتی رەش ئیش بکات, ئێستا نەوتی ڕەش بۆ ژینگە هەمووومان دەزانین زیانێکی ئێجگار گەورەی هەیە, بەڵام لەحاڵی حازری ئێمەدا چارەمان نیە, خاڵی سروشتیمان نیە, نەوەتی خاو زۆر زەحمەتە دەستمان کەوێ, رەنگە ئێمە ناچار بین لەمەرحەلەی بڵێین نزیکدا, لەقوناغی یەکەمی بەرنامەکاندا پەنا بەرینە بەر ئەو ویستگانەی کە بەنەوتی رەش ئیش دەکات, ئەوە تکنەلۆژیای بەرز نیە, بێگومان تکنەلۆژیای کۆنە, لەبەرئەوە ئەگەر ئەو شتە بۆیان دابنرێ, رەنگە هەندێ گرفتمان بۆ دروست بکات بەتایبەتی لەمەرحەلەی ئانی, یاخود لە قۆناغی یەکەمی جێبەجێکردنی بەرنامەکانماندا, بەڵام پێشکەوتوو لەگەڵ ئەوەدام تەتەورات دابنرێت هیچ شتێکی ئەوتۆ نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس, بۆ بەڕێز کاك هۆشیار (وەزیری کارەبا) بەڕاستی بۆ گرفتی کارەبا دانیشتنێکی تری بۆ دادەنێین, خەڵکی کوردستان داوا دەکات تەفسیلات بزانێ, ئێمە چەند ساڵە هەر ماتۆر دێ, کارەبا دێ, عقود توزیع دەکرێ, تۆزێ ئێوەش چەند ماوەیەك ئیش بکەین, دانیشتنێك بکەین بۆمان روون بکرێتەوە, خەڵکیش ببینن حەقیقەتی وەزعی کارەبا بزانێت و حقیقەتی بۆچی کارەبا تووشی ئەو کێشیە دەبێت, ئێستا جاربەجار ئەو کۆبوونەوەی کە کردمان هەندێك سوئال روون بۆوە, بەڵام جەنابت ئینشائەڵلا لە دانیشتنێکی تردا لەگەڵ ئەوانی مختصین دەتوانن یاریدەدرە بن, ئاگادارمان کەنەوە, بەنووسین پێمان بڵێین

لەگەڵ پرلەمانتاراندا مناقشه بکەین خەڵکیش ببینێت بۆئەوەی بزانێ وەزعی کارەبا وە ئەو ئیمکانیەتەی کە هەمانە حوکمەت چی کردوە, چی دەکا, لەبەر دەم خەڵکدا بیت, ئەو وەختەی پرسیاریش کەم دەبێتەوە کە راستیەکەی زانی, هەوڵی حکومەتی زانی, ئیمکانیەتی حکومەتی زانی, لەگەلمانا تعاملەکەی باشتر دەبێ, گلەییەکانیش کەم دەبێتەوە, وەبۆئەوەی ئەو کەسانەی مەسئوولیشن زیاتر هان دەدرێن, بزانن خەڵك چاویان لێیانە بەدوای داواکاریەکانیان کەوتوونە, من ئەو دوو کەلیمەیە دەخەمە تصویت, یعنی اقتراح دەکەم کە ئیزافە بکرێت موتەتەویر و, لەوێشدا (تسجیل الاستثمارات الوطينة والاجنبية), ئەوە شتێکی تەبیعیە, ئینجا قسە کرا هینە عامەکە مابوو ئەوە بوو ئیزافەکە بکرێت, بەڕێز وەزیرش موافەقتی لەسەر ئەودوو ئیزافەیە, لەبەر ئەوەی ماددەکە بەهەمووی دەخەمە دەنگدانەوە بەو دوو ئیزافەیەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵ نیە دەستی بەرز کاتەوە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا, هەندێك خاڵ ئیزافەت هەیە باشە.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەم لەسەر ترجمە کوردیەکە هەیە, لێرەدا لەماددەی سێ یەعنی ماددێ دوێی خاڵێ سێ (المساهمة في الاقتصاد) لێرەنێ هەماهەنگێیەك لەپاڵپشتی کردن, یەعنی هەماهەنگی شتێکی ترە ومساهمەش شتێکی ترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, بەلاٚم سەرۆکی لێژنەی یاسایی ئاماژەی کرد, ئەم ترجمە کوردیە ئەساس نابیَت پێیی دابچینەوە, ئێمەش زانیمان غەڵەتە ئەساسەکەی عەربیە پێش ئەوەی قانونەکە ئەنجام بکەین ئەوە چاکی دەکەین لەگەڵ وەزیری پەیوەندیداریش, ئەو مەوزوعە دەکرێتەوە یەعنی ئەو خەلەلە زمانەوانیە کوردیە هەیە دەدرێتە خەڵك چاوی لێیانە بەدوای داواکاریەکان کەوتوون, سۆزان خان فەرموو, گوڕانکاری نەبووە لەسەر ماددەکە تەنیا دوو کلیمە ئیزافە کراوە دوو کەلیمەکەشمان وتەوە یەعنی ئەگەر گۆرانکاریمان لە سەترێك و دوو سەترو مەعناکەی گۆڕابووایە ئەوە راستە قسەکەت, بەلام تەنیا دوو کەلیمە ئیزافە کراوە ووتمان ئەو دوو کلمە ئیزافە کراوە ماددەکە پاش ئەو دووکەلیمەیە.

**بەڕێز احمد محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە مەترح نەکردا بوو بۆ نیقاش, بەس گوتت ئەم نوقتەیە هەیە, تەتەور ئیزافە بکەن, بەس ئەو نیقاشە لەبیر چوو, بەس رەنگە مولاحەزات لەسەر خاڵەکانی دیکە هەبن, ئەمن پێشنیارم هەبوو ئیزافەتەن لەسەر ئەوەی وتەنەیە المساهمە هەبێت, بەس دیار نەبوو لەسەری رێككەوتنی بیروڕاتان چیە بۆ ئەم ئیزافەیە بۆ ئەم ئیقتراحە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوكاتەی كە كەس داوای نەكرد قسە بكات جەنابیشت نوقتەی ئیزافەكەت خستە پاش ئەوەی كە دەنگماندا, ئەگەر دەمان زانی مناقەشەت هەیە, پێمان وابوو هەردوو ئەو ملاحەزەیە لێژنەی قانونی و لێژنەی صناعە ئەوەیان باس كردبوو كەسی تریش مولاحەزەی نەدا, وەزیریش موافەق بوو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

باست نەكرد ئایا بیر لەسەر ئەو برگەیە بكەین یان ناوی خۆمان بنووسین یان باسی بكەین, هەر رەئسەن گوتت قسە لەسەر ئەو وشەیە, ئایا بەكاربێت ئەو دەستەواژەیە یان نا؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەلەن یەعنی نوقتەی نیزامەكەی پێشتر هەمان نوقتەیە نیزامی ئەم دانیشتنەیە, دووەمیش هەموو ماددەیەك ئەگەر بزانی ئەوەی هەر دەڵێی مناقشەیەی خۆی قەیناكە قسەی خۆی دەكات, بەلأم ئەوە شتێكی بەدیهییە وەزیر موافەقە, لێژنەی یاسایی تەنها ئەو نوقتەیەی هەیە, لێژنەی پیشەسازی تەنها ئەو نوقتەیەی هەیە, یەكجار تەئكیدیمان لەسەر ئەو سێیە كرد, ئەگەر بمانزانی با نارەزایی هەیە, رەغبەتێكمان دیبا لە دەموچاو, نەك مەسەلەكە دەمان كردەوە, لەگەڵ ئەوەش ئەو ماددانەی دادێت قسەتان هەیە, تەماشاتان دەكەم ئەگەر ویستان قسە بكەن بەسەرچاو, پێش تصویت قسەی خۆتان بكەن, برۆ سەر ماددەی سێیەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

اولا: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة و المسؤول عن اعمالها وتوجية سياستها و تصدر عنه وتنفذ باشرافة جميع القرارات و الاوامر و التعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة و تشكيلاتها و صلاحياتها و سائر شؤونها الفنية و المالية و الادارية و التنظيمية وفق احكام القانون.

ثانيا: وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة و الاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التى تعهد اليه, على ان يكون حاصلا على شهادة جامعية اولية.

**بەڕێز عبد الكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

یەكەم: وەزیر: سەرۆكی باڵای وەزارەتەكەیە. لەئیشو كارو ئاڕاستەكردنی سیاسەتی بەرپرسەو, بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایەش, هەموو بریارو فەرمان و ڕێنماییگەڵێ پێوەندیی بە ئەركو فرمان و پێكهاتەو سەلأحییات و كاروباری دیكەی هونەری و دارایی و كارگێری و رێكخستنەوە هەبێ, لە وەزیرەوە دەردەچێ و, خۆی سەرپەرشتیی بەجێهێنانیان دەكا.

دووەم: بریکاری وەزارەت: لەچوارچێوەیی سەلاحییاتێ کە پێی دەسپێردرێ, لەئاڕەستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتیکردنی کاروباری وەزارەتدا, یاریدەی وەزیر دەدات وەمەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیی هەبێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**فيما يتعلق بالمادة الثالثة من المشروع تقترح اللجنة مايلي:**

1-اعادة صياغة (الفقرتين اولا وثانيا) كالاتي:-

اولا:- الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها و توجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات و الاوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضوا متضامنا فيه.

ثانيا:- وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة و الاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه من قبل الوزير.

2-نقل الفقرات (1و 2و 3) من المادة الرابعة من المشروع الى هذه المادة وتحت تسلسلات كتابية (ثالثاو رابعا و خامسا) بهدف تنيسق تشكيلات الوزارة.

بعد إضافة جملة (بدرجة مدير) الى مابعد (الموظف) في الفقرتين (1و2) وتبديل (وله خبرة) الى (ولهم خبرة) في الفقرة (3) المستشارون.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس پسپۆڕی زیاد بکرێ (له شهادة جامعية أولية) چونکە وەزاەتی کارەبا نابێ یەك شهادەی جامعەی ئیقتیصادی هەبێ, ببێتە وەکیل وەزیری کارەبا ئیختیصاصیە بەس زیاد بکرێ, دەبێ مهندس بێ, ئیختیصاصی کارەبا بێ, چونکە (شهادة جامعية أولية) شەهادەی جامیعەی ئەوەلییە لەبوارەی قانون, لەبوارەی ئیقتیصاد لەبوارەی هەر شتێکی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بوارم بدەی تەوزیحەك بدەم لەسەر ئەو ماددەیە, ئێمە کۆبوونەوەیەکمان ئەنجام دا لەگەل جەنابی وەزیر ئەو خالأنەی کە لە راپۆرتی لێژنەی قانونی هاتووە بزەبت بەتنسیق لەگەڵ جەنابی وەزیر هاتووە, خاڵەکانیش حەز دەکەم تەوزیح بکەم.

یەکەم: هیچ بابەك نەهاتووە لەپڕۆژەکە بەناوی تەشکیلاتی وزارە, مەفروزە بابەك بێتە ناوەوە کە تەشکیلاتی وەزارە چیە ئەوەیەك.

دووەم: وەزیر و وەكیل وەزیر خۆیان لەخارجی تەشكیلیەی وەزارەی دانایە, دەلیلیشم بەوەیە لە مودیر عامەكان دەڵێن (تتألف الوزارة من المديريات العامة التالية) مع العلم وەزیر و وكیل وەزیر لەسەرووی هەرمی ئەو وەزارەتەنە, مەفرووزە لە زیمنی تشكیلاتی وەزارەت ئەولەن ناوی وەزیری بڵێ, دوایێ وەكیل وەزیر, دوایێ مدیر مەكتەبی وەزیر, بۆیە ئێمە ئەو گۆرانكاریە بەتنسیق كردوومانە.

سێیەم: ئەوەیە بەحقیقەت وەكیل وەزیر بەنیسبەت دەرەجەی مدیر عام كەهاتیە خۆی مدیریە عامەیە دەرجەی بۆ چیە, بەڕاستی خۆی دەڵێ (المدیریە العامە لفلان مكان) بابزانین بۆ دەڵێ (ان یكون بدرجە مدیر عام), بۆیە ئێمە وامان بەباش زانی دەرجەكە لاببەین, ئەصڵی ئەوكارە مدیرەكە دەیكا, نەك دەرجەی مدیر عام, ئەمە نوقتەی سێیەم

چوارەم: بەنیسبەت وەكیل وزیر, ئێمە بڕیارێكمان هەیە لێرە دەڵێین (یجب ان یكون حاصلا علی شهادة جامعیة اولیة) پێویست ناكات ئێمە لەهەموو بڕگەیكی وەزارەتەكە ئەمە دووبارە بكەینەوە وەكو ئەمە بڕیارێكی تایبەتیمان هەیە بەنیسبەت وەكیل وزارەتەكە بەنیسبەت صیاغەی ماددەكە تعریف وەزیرو ئەركەكانی وەزیر ئێمە لەرابردوو صیغەیەكمان بەكارهێناوە پێمان باشە صیغەكان موەحد بێ چ بەنیسبەت وەزارەتەكانی كە لە92 دامەزرایە چ بەنیسبەت وەزارەتەكانی كە ئێستا دامەزراون, بۆیە ئێمە وەك لێژنەی یاسا ئیعادەی صیاغەمان كردیە لەسەر ئەساسی ئەو وەزارەتانەی كەتعریفی وەزیری كردیە, دەسەلأتەكانی وەزیری كردیە كەساڵی 92 لەوزارەتەكان هاتیە, بۆ ئەوەی یەك تعریف و یەك دەسەلأتی منسق هەبێ بۆ هەموو وەزارەتەكان, ئەمە بەكورتی بە حەقیقەت, وە ئێستاش داوا لە بەڕێزانتان دەكەین كە ئەوە ببێتە مناقشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز هۆشیار سیوەیلی/ وەزیری كارەبا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆربەی ئەو شتانەی كەباس كران, بێگومان نتیجەی مناقشە و گفتوگۆ كردنی نێوان ئێمەو لێژنەی یاسایی كراوە, من موافق و رازیم لەسەر ئەو شتانەی كە تەرح كراوە, بەس ئەگەر بەنیسبەت ئەوەی لێژنەی پیشەسازی تەرحی كرد ئەگەر كەلیمەی ((تخصص)) یان پسپۆری زیاد بكرێ بۆ وەزارەت, وابزانم شتێكی خراپ نیە, زۆر سوپاس.

**بەڕیز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەوپێیە ئەو ئیقتراحەی لێژنەی قانونی كردوویەتی, لەگەل ممارسەی رەقابەش كرابوو لەلایەن وەزیرەوە دوایش فەقەرەی یەك و دوو و سێی ماددەی چوارەم كە علاقەی بە ماددەی سێەوە هەیە تەشكیلاتە وەزیرەو جێگیری وەزیرە, بەڕێوەبەری مەكتەبەكەیە, ئەمانە تشكیلاتی وەزیرەكەیە لەبەرئەوە شتەكە تەبیعیە, ئەوجا لەبەر ئەوە ئەو كەلیمەی ((الاختصاصیە)) زۆر زەروریە ئەوەی كە لێژنەی پیشەسازی وتوویەتی وەكیل وەزیر دەبێ الاختصاص بێت, جا كێ دەیەوێ مناقشە لەسەر ئەو ئیقتراحانە بكات.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە داڕشتنی بڕگەی یەکەمی ماددەی سێهەم, پێویستە هەندێك دەستکاری بکرێ لەڕووی زمانەوانییەوە عەرەبیەکەی ئەڵێ (الوزير:هو الرئيس الاعلى و المسؤول عن اعمالها و توجية سياستها) باشتر و جوانترە بنووسرێ (والاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ جميع القرارات والاوامر والتعليمات ....الخ) سەبارەت بەو بڕگەیەی وەکیل وەزیرش پشتگیری ئەوە ئەکەم کەوا پێویستە پسپۆر بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەت لەجێیە, بەڵام جەنابت ئەندامی لێژنەی قانونی مەفرووز بوو لەوێ بی, غایب بووی, بەڵام لە جیاتی مومارسە والاشراف, ممارسەکە زیادە بەس والاشراف ئەویان ناء.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماددەی چوار لەتشکیلیەی هاتووە پاش ئەوەی دەڵێ (المديرية العامة للشؤون الادارية و المالية) ئەو مدیریەتانە بەخۆیەوە دەگرێت هەتا مدير الاداره پاشان المديريات ئیزافە بکرێ مدیریەتی (التدقيق و الرقابة الداخلية) ئیزافە بکرێ, چونکە زۆر زۆر زەروریە بۆ وەزارەت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڵام هێشتا نەچووینە ماددەی چوار, زۆر سوپاس, بەس سێیەم ئەو بڕگەیەمان ئیقتیراح کردیە بچێتە ماددەی چوار تەخصیص زیاد بکرێ, سوپاس

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕوانامەی زانکۆی هەنە, لەزۆر بڕگەکان هاتووە من پسپۆریش ناڵێم, من هەر ئەڵێم حەقە بڵێین لە بواری کارەبایی بۆ ئەوەی هیچ شهادێك لەموزوع نەمێنێتەوە لە هەموو بڕگەکانی تریش ئەوانە بۆی زیاد بکرێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەت هینە, بەڵام کە الاختصاصی مەعلومە الاختصاصی لەکارەبا یەعنی مفهومە, ئەگەر بیخوێننەوە ماددەکە بە نصەکەی تازە, چونکە سێ ماددەی زیاد کراوە بۆ ئەوەی بیخەینە تصویت.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانيا:وكيل الوزارة يساعد الوزير في توجيه الوزارة و الاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه من قبل الوزير, على ان يكون حاصلا على شهادة جامعية اولية إختصاصية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە بە ئیقتراحاتەکان بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێراون ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: اولا: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة و المسؤول عن اعمالها وتوجية سياستها وممارسة الاشراف والرقابة عليها وتصدر عنة وتنفذ باشرافة جميع القرارات و الاوامر و التعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة و تشكيلاتها و صلاحياتها و سائر شؤونها الفنية و المالية و الادارية و التنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضوا متضامنا فيه.

ثانيا: وكيل الوزارة يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه من قبل الوزير, على ان يكون حاصلا على شهادة جامعية اولية اختصاصية.

ثالثا: مكتب الوزير: يراسه موظف حاصل على شهادة جامعية اولية و يعاونه عدد من الموظفين.

رابعا: مكتب وكيل الوزارة: يديره موظف حاصل على شهادة جامعية اولية و يعاونه عدد من الموظفين.

خامسا: المستشارون: لايزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الاولية ولهم خبرة وممارسة.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەبێتە دەقی ماددەی سێ. وەڵلاً هەریەکی لە لایەکیە ماددەکان, دوایی تەسبیتی دەکەین ئێمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وازیحە ئێستا دوایی تەرجومە کوردییەکە تەرجومەکە چاك دەکەینەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵندکا؟ کێ لەگەڵی نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا, بگەڕێوە سەر ماددەکەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای ئەوەی فەقرەی یەك و دوو و سێمان لابرد لەماددەی چوارەم هێنامانە سەرماددەی سێ, ئێستا ماددەی چوارەم بە (المديرية العامة للتخطيط) دەست پێ دەکەم و دەچمە خوارێ.

المادة الرابعة: تتالف الوزارة من:

اولا: المديرية العامة للتخطيط وتنفيذ المشاريع الكهربائية: يرأسها موظف حاصل عل شهادة جامعية اولية بدرجة مدير عام.

ثانيا: المديرية العامة للشؤون الادارية و المالية: ويرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوى الخبرة والاختصاص وتتألف من:

1-مديرية الافراد.

2-مديرية الشؤون المالية.

3-مديرية الشؤون القانونية.

4-مديرية الادارة.

ثالثا: المديرية العامة لتوليد ونقل الطاقة الكهربائية: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوى الخبرة والاختصاص وتتألف من:

1-مديرية توليد الطاقة.

2-مديرية نقل الطاقة.

رابعا: المديرية العامة لتوزيع الطاقة الكهربائية: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوى الخبرة و الاختصاص.

خامسا: المديرية العامة للسيطرة و الاتصالات: يراسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعة اولية ومن ذوى الخبرة و الاختصاص.

سادسا: المديرية العامة لكهربأء اربيل: ويرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص.

سابعا: المديرية العامة لكهرباء السليمانية: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص.

ثامنا: المديرية العامة لكهرباء دهوك: ويرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص.

ئەوە دەقی مادده چوارە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: وەزارەت لەمانە پێك دێت:

یەكەم: بەڕێوبەرایەتی گشتی پلاندانان و بە جێهێنانی پرۆژەگەلی كارەبا: فەرمانبەرێ بە پلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆكایەتی دەكا, بڕوانامەی زانكۆی هەبێ.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری كارگێری و دارایی: فەرمانبەرێ بەپلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆكایەتی دەكا, بڕوانامەی زانكۆی هەبێ, شارەزاو پسپۆڕیش بێ, لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1-بەڕێوەبەرایەتی تاكەتاكەی كارمەندان.

2-بەڕێوەبەرایەتی كاروباری دارایی.

3-بەڕێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی

4-بەڕێوەبەرایەتی كارگێڕی.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەفراندن و گەیاندنی وزەی كارەبا: فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتی دەكا, بڕوانامەی زانكۆی هەبێ و شارەزاو پسپۆڕیش بێ, لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1-بەرێوەبەرایەتی ئەفراندن و وزە.

2-بەڕێوەبەرایەتی گەیاندنی وزە.

چوارەم: بەڕێوبەرایەتی گشتی دابەشکردنی وزەی کارەبا: فەرمانبەرێ بە پلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و شارەزاو پسپۆریش بێت.

پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆنترۆڵ و پەیوەندیکاری: فەرمانبەرێ بەپلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و شارەزاو پسپۆریش بێت.

شەشەم: بەرێوبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر: فەرمانبەرێ بە پلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و شارەزاو پسپۆریش بێت.

حەوتەم: بەرێوبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی: فەرمانبەرێ بەپلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و شارەزاو پسپۆریش بێت.

هەشتەم: بەرێوبەرایەتی گشتی کارەبای دهۆك: فەرمانبەرێ بەپلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و شارەزاو پسپۆریش بێت.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أما فيما يتعلق بالمادة الرابعة من المشروع تقترح اللجنة بالاكثرية صياغتها كالأتي:

المادة الرابعة: تتألف الوزارة من المديريات العامة التالية:

اولا: المديرية العامة للشؤون الادارية و المالية: يرأسها و يديرها موظف حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص.

ثانيا: المديرية العامة للتخطيط وتنفيذ المشاريع الكهربائية: يرأسها ويديرها موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص.

ثالثا: المديرية العامة لتوليد الطاقة الكهربائية: يرأسها ويديرها موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص.

رابعا: المديرية العامة لنقل الطاقة الكهربائية: يرأسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص.

خامسا: المديرية العامة لتوزيع الطاقة الكهربائية: يرأسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص.

سادسا: المديرية العامة للسيطرة و الاتصالات: : يرأسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص.

سابعا: المديرية العامة لكهرباء أربيل: يرأسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص.

ثامنا: المديرية العامة لكهرباء السليمانية: يرأسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص.

تاسعا: المديرية العامة لكهرباء دهوك: يرأسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص.

علما اقترح الوزير تشكيل مديريتين احداهما للتوليد والاخرى للنقل بدلا من المديرية العامة لتوليد و نقل الطاقة، وذلك لضخامة المهام التى يكلف بها كل منها و تؤيد الاكثرية من اعضاء اللجنة القانونية مقترح الوزير و عارضتة الاقلية وان الرأى الاخير للبرلمان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو گۆڕانکاریەی کە کرایە لەو ماددەیەی بەراستی بە ئیتیفاق لەگەڵ جەنابی وەزیر بە ئیتیفاقێکی دوورودرێژ کراوە، یەك دەرجەی مدیر عامان نەهێشتیە، چونکە خۆی بە ئەصڵ مدیر عامە، بۆ دەرجەیەك سەرپەرشتی بکات، ئەمە یەك لەخاڵەکانە، خاڵی دووەم لەگەڵ جەنابی وەزیر قسەمان کرد، هەندێ مدیر عامی خورد کردۆتەوەو هەندێکی تری خورد نەکردەتەوە، یان دەبێ هەمووی خوردکاتەوە، یان ئەوەی خوردی کردیە دوو مدیر عامی خوردکرۆتەوە، تەنها ئەوانی تری خورد نەکردۆتەوە، بۆیە لەگەڵ جەنابی وەزیر اتفاقمان کرد مدیریاتی صعب بسرێتەوە لە پرۆژەکە، بەلاَم ماددەیەکی تایبەتیمان دانایە کە دەسەلاَت دەداتە وەزیر بۆ ئیستیعداد بۆ ئیلغاء بەنیسبەت مدیریاتی صعبە، ئەوە لەدەسەلاَتی وەزیرە، دوایی خۆی دەتوانی بەنیزام چارەسەری بکات، ئەمە گۆڕانکاریی دووەمە کە لەسەر ئەو فەقەرەیەی کە هاتیە مەسئەلەی تولیدو نقل ببێتە دوو مدیریە عامە ئەوە جەنابی وەزیر اقتراحی کرد ئێمە زۆربەی ئەندامانی لێژنەی یاسا پشتگیریمان لێکردیە، دوا بڕیاریش لای ئەندامانی پەرلەمانە، لەسەر ئەو مەسەلەیە لەگەڵ جەنابی وەزیر قسەمان کرد، گوتمان بەنیسبەت پرۆژەی یاساکە تەزەخومێك دەبینین وەك لێژنەی یاسا لەوە، تەبیعی جەنابی وەزیر تەبریراتی خۆی پێشاندا کە ئەو تەزەخومە راستە، بەلاَم ئەو قۆناغە پێویستی بەوە هەیە بۆ ئەوەی ئەرکەکانی خۆی بەڕێك و پێکی جێبەجێ بکات، ئەمە بوو کورتەی ئەو گۆڕأنکاریانە کە لەسەر ماددەکەدا هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی صناعە هەروەك گوتت.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس ئەوە خدمە لە 10 ساڵ کەمتر نەبێ، هی مستشاری، ئەوەی تریش هەر (شهادە جامعیە اولیە ببێتە پسپۆر بەنیسبەت مرحەلەی چوار، بەالاختصاص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راوەستە ئێستا ناوتان دەنوسم، کاك ادهم، کاك محمد فرج، کاك ئارێز، خاتوو گێلاس، لەولاوەش پەخشان خان، کاك فرسەتیش ئاخیر کەس ناوی دەنوسم کاك هۆشیار وەزیری کارەبا چ مولاحەزیەکت هەیە.

**بەڕێز هۆشیار سیوەیەلی/ وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەبعەن تەئییدی ئەو پێشنیارەی لێژنەی یاسایی دەکەم کە بەمناقشەیەکی دووردورێژ ئەو رەئیە گەلاڵە کراوە, بەس تەنها یەك تێبینی بچووکم هەیە لەسەر ئەوەی کە لێژنەی پیشەسازی تەرحی کرد, دیاری کردنی مودەی بڵێین تجربە یان ئەزموونی مدیر عامەکان یان مستەشارەکان بەحقیقەت لێرە وابزانم شتێکی باش نیە دیاری بکرێ, چونکە وەکو ئێستا بەڕێز وەزیر لێژنەکی تایبەتە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێکهاتووە, بۆ دیراسەت کردنی ئەو موزوعەو دیاری کردنی مودەی خزمەت و تجربەی مدیر عام, موستەشارەکان, بە رەئیی من زیادەیە دیاری نەکەین بە ماوەی 10 ساڵ.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزانی ئەندامان و سەرۆکی پەرلەمانێ من لەسەر بەندا 7و 8و 9 من تێبینەیەکا هەی, تەبعەن یاسایەکە لەشکلدا پێویست نیە, مدیریەتی عام ئیقتیراح بکەین وەك دەبێژین (لکل محافظة من محافظات الاقلیم مدیریة عامة للکهرباء), هەم صیغەکە هۆ پێویست ناکات ناوێ دهۆك و سلیمانیە بینین یان قەزایەك لەقەزاکانی کوردستان ئێستا ببیتە محافەزە, ئێمە صیغەکەی بەو شکلەی پێویستە, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆژێکی هەرزای لێدێت, بەلاّم ئەوەی کە شێخ ادهم گوتی مومکنە لەموستەقبەل ئەگەر تعدیلك بوو کە پێویست بەتعدیل نەکا, یەکسەر (المدیریة العامة للمحافظات) بێ, رەنگە تعدیلەکەی پێناوێ یەکسەر محافەزەکە داخل دەکرێ بەمدیریە عامە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لەماددەی سێ نووسراوە پێکهاتەکانی وەزارەت, یەعنی وەزیر لەچی پێکهاتیە, وەزارەت پێکهاتیە لەمدیریەت, نازانم ئەمە گرفتێك دروست دەکا, دەبوایە لەماددەی سێ بنووسرێ پێکهاتەکانی وەزارەت, وەزیر, جێگری وەزیر, بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەت لەمانە پێکدێت, بەلاّم ئێستا لەماددەی چوارەم ئەوەی تێدایە لەبەرئەوەی پێشنیار دەکەم کە ماددەی چوارەم نەمێنێ هەر لەماددەی سێ بنووسرێ پێکهاتەکانی وەزارەت, پێشنیاری ئەوەش دەکەم لەمە و دوا شێوازێکی نۆرمەڵ بەکاربهێنین بۆ هەمووان ماددەی یەکەم زاراوەکان ماددەی دووەم ئامانجەکانی وەزارەت, ماددەی سێیەم پێکهاتەکانی, یەعنی بۆ هەموو وەزارەتەکان بەم شێوەیە بیکەینە سیستەم, لە خاڵی دووەمیشم ئەو پێشنیارە بوو کە شێخ ادهم وتی بۆ پارێزگاکان, نموونە کەرکووك و سلێیمانیش دروست دەبێ, یەعنی جارێکی تر گۆڕانکاری هەموو

پارێزگاکان هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، بۆ هەر پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرێکی گشتی کارەبا هەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەم وەزیری کارەبا اای لێیە صیغەکان حازرکەن لەجیاتی صیغەی مدیریەت محافەزەی پێکهاتەکە دوو ماددەی جیاوازە بەەائیی من، نازانم لێژنەی قانونی باشتر دەزانی.

**بەڕێز شێراوان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی تەشکیلاتی وەزارەتە، ماددەی چوارە تەواوکەری ماددە سێیە، یەعنی ئەگەر دەمجیش بکرێ هیچ ئیشکالیەتی تێدا نیە، ماددە سێ و چوار، چونکە یەك تەواوکەری یەکتریە، مدیریە عامە جزئێکە لە تەشکیلاتی وەزارە، وەزیر جزئێکە لە تەشکیلاتی وەزارەت و، ئەگەر دەمجیش بکرێ هیچ مشکیلەکی تێدا نییە، بەنیسبەت ئەوە کاك عەونی صیاغەیەك حازر دەکا، بەنیسبەت (مدیریات عامة في المحافظات)، بەنیسبەت خاڵی سێیەمیش کە مامۆستا محمد فرج ئیشارەتی پێدا، ئێمە محاولەمان کردیە ئەو صیغەیە بەنیسبەت هەموو وەزارەتەکانی تر بەکاربهێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێموایە ئێستا ناکرێ لەبەر ئەوەی بۆ ماددەی تەشکیلە فەرقێکی ئەوتۆش ناکرێ ئەو تەشکیلاتەش بە دوو ماددە تەعبیر کراوە، ئەوەیان با بڵێین سەرۆکایەتی وەزارەتەکەیە، وەزیرە، جێگرەکەی، مدیر مەکتەبێتی، ئەوەی تریشیان، یەعنی فەرقێکی ئەوتۆی نیە، ماددە سێیەم دەڵێ (الوزیر هو الرئیس الاعلی اذن) تەشکیلەکە زیمنی تەشکیلەکەیە، کاك هۆشیار ئەتوو رائیەکت هەیە لەسەر ئەوە؟

**بەڕێز هۆشیار سیوەیەلی/وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە بەدوو ماددەی جیاواز ئەو شتە روون بکرێتەوە، تعدیل بکرێ لەوانەیە گرفتێك دروست بکات لەڕووی ئیداریەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەتوانین بە صیغەیەکی دیکە ماددە چوار بڵێین (تتالف الوزارە من المدیریات العامە التالیە).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەتوانین لە ماددە سێ لەبدایەت کە دەڵێت تەشکیلات دەڵێین (تتالف الوزارە من التشکیلات الاتیە) بەوەزیر دەست پێدەکەین لەماددەی چوار (تتالف الوزارە من المدیریات العامە التالیە) زۆر تەبیعیە وابزانم، یەعنی ماددەی چوارەم تەواوکەری ماددەی سێ دەبی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەء, پێم وایە دروستە, تەواوە, چونکە ئەوەش لێرەدا کە نووسرا (تتالف الوزارة من مدیریات التالیة) یعنی دەکات.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتیوانی لە کاك ادهم دەکەم, پێم وایە ناوی پارێزگاکان بهێندرێ, لەبەر ئالوگۆڕی دوارۆژ, ئیحتماله ببێتە پێشرەو, سوپاس.

**بەڕێز گیلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك ادهم دەکەم, عەیەنن پێشنیارم هەبوو لەگەڵ کاك ئاریێز یەك وشە پیشەی ئەفراندن بەکارهێنانی کارەبا بوو, چونکە بەرهەم هێنانی کارەبا دروست نییە, چونکە ئەفراندن ئیبداعە, نەك تولید, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە صیغەکمان ئامادە کردیە ئێستا بۆ بەڕێزانتان دەیخوێنینەوە سەبارەت بە مدیریە عامەی محافەزات ئەگەر پێتان باش بوو ئەو صیغەیە دێنینە خوارێ ومدیریاتی عامەی دهۆك و سلێمانی وهەولێری رادەگرین, ئەو ماددەیە جێگای مدیریاتی محافەزەی قائم دەگرێتەوەو جێگای محافەزاتی مستقبەلیش دەگرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سارا فقی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم لە جەنابی وەزیری کارەبا هەیە, ئایا حاڵەتی وا نەهاتیتە پێشەوە کە وزەی کارەبا وەربگیرێ لەدەوڵەتێکی دراوسێ بەشێوەیەکی سنووری, ئایا ئەگەر هەیە لەکام لەو بەڕێوبەرە گشتیانە دا دەبێت, لە کوێ دا دەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بۆ ئەو رۆژە دادەنێین کە وتمان دانیشتنێك دەکەین لەسەر قانونی وەزارەتەکان موناقشە دەکەین. ئێستا مەحصورە  هەر محافەزەو خۆی ئیدارە دەکات و سەر بە وەزارەت دەبێ, بەڵام رەبتەکە بەو سنووری ئەو شوێنە دەبێ کە عایدی محافەزەکەیە.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش هەمان پێشنیازی کاك ادهمم هەبوو خاڵی دووەمیشم بەڕاستی قسەکەی گیلاس خان راستە, وشەی ئەفراندن هەر بە ئیبداع دێ, ئێمە بۆ ئەوەی فاتحە لە زمانی کوردی نەکەین بەڕێز سەرۆکی

پەرلەمان دوێنی من چوومە یەکێتی نووسەرانی کورد داوام لێکردن وتم ئەگەر بتوانن دوو مترجمم بۆ پەیاکەن تاکو بیخەمە پێشنیازی بەڕێزتان بۆ ئەوەی ئەو هەموو وشەی پرۆژەگەلی و ڕێنمای گەلی کە لە ژیانما من شتی وام نەبینیوە, هەمووی دروست کراوە, تکاتان لێ ئەکەم ئەگەر ئەو پێشنیازەم وەربگرن بە هەند بۆ ئەوەی ئەم زمانەمان ئەوا تێکنەدرێ لە پەرلەمانی کوردستان, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەلاّم ئێمە لیژنەیەك دادەنین ئیتفاقیشمان کردووە لەسەر مەسەلەی زمان.

**بەڕێز هۆشیار سیوەیلی/ وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمج کردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەو سێ پارێزگایە شتێکی باشەو بڵێین بۆ ئەوەی کردنەوەی مجال بۆ داهاتوو, ئەگەر کەرکووك هاتەوە سەر بە هەرێمی کوردستان یاخود پارێزگارێکی تر زیاد کرا, بەلاّم ئایا سەلاّحیەتەکەی کێ ئەبێ؟ ئێمە وتمان بۆ ئەوەی جارێکی تر نەگەڕێینەوە پەرلەمان تعدیلی قانونەکە نەکەین, بەلاّم ئایا پەرلەمان ئەو سلاّحیەتە ئەدا بە وەزیری کارەبا بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نوێ لەو پارێزگایە نوێیانە کە دێنە سەر هەرێمی کوردستان یاخود کە دێنەوە ئیزافە بکات یاخود دیسان ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پەرلەمانی بەڕێز بۆ تعدیلی قانونەکە؟ بەرەئیی من ئەگەر ئەو صلاّحیەتە بدرێتە وەزیر بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نوێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەرێ ئەگەر ئەو نصە وەکو موقتەرەح کراوە مدیریەت محافەزەو کەرکوك وەك محافەزە گەڕایەوە بۆ سەر هەرێم تەبیعیە دەسەلاّتی وەزیر دەبێت, یەعنی ئەگەر ئەو سێ لایەنە هەبێ هەر محافەزەیەك مدیریەتی هەبێ ئێستا سێ محافەزە لەهەرێمە, کەرکووك هاتە سەر هەرێم ئەو مدیریەتی لقی ئەو هینە, نوقتەی نیزامە, ئەگەر ئەو نصە نەبی مدیریە عامە دەسەلاّتی وەزیر نیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مدیریات و شوعەب و ئەقسام, ئەو دەسەلاّتە ماددەکی قانون بە وەزیری داوە, مشکلە نیە بەنیسبەت مدیریە عامە ئەگەر ئێمە دەسەلاّت نەدەینە وەزیر تعدیلی پێویستە, بەلاّم ئێمە دەڵێین(المديرية العامة للكهرباء في محافظات الاقليم) ئەوەی کە بڵێین مەعنای زیمنی دەسەلاّت درایتە وەزیر کە مدیریەتی عامە دانراوە بەبێ تعدیلە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز پخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە شهادە یان بڕوانامە کە لەیاساکەدا هاتووە, لەم ماددەیەو هەتا لەماددەکەی پێشی, ئەوەش شهادەی بریکاری وەزارەت و مدیر عامەکە, لە صیغە عەرەبیەکەیدا ئەڵێ شهادەی جامعی ئەوەلی هەبێ, لە

کوردیەکەی ئەڵێ بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, من پێم وایە هی کوردیەکە دروست ترە بۆ عەرەبیەکە, ئەگەر ئەڵێین (شهادة جامعیة فی حد ادنی) چونکە ئێمە لەقانونەکەی پێشتریش کە لەقانونی (الاستثمار) هەمان شت بە حد ادنی دامان نا, یان ئەوەتا بڵێین شهادە جامعیە بەبێ ئەوەلیە کە هەموو شتێك ئەگرێتەوە, یان حد ادنی شهادە جامعیە اولیە علی ئەقل, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(شهادە جامعیە اولیە) کە دێتن بەڕاستی مقصدی خریجی زانکۆیە, بەڵام ئەگەر ئەوەلیەشی لەگەڵ دانەبێ بەرەئیی من شهادەی جامعیە دێ.

**بەڕێز د.محمد احسان (وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەی دوێنی کە تەوزیحت کرد, لەبەر ئەوەی ئێمە لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لێژنەکمان داناوە تحدید کردنی فەترەی خالی مدیر عام و معاون مدیر عام و مستشار و مستشار اقدم و خبیر, هەریەکێکیش لێیان تحدیدی تەتویرمان کردیە, وتمان ئەوەی ئەگەر شهادەی بکالۆریۆسی هەبێ, دەبێ تقدیرێکی زۆر زۆرو خبریەکی کاری هەبێ, تاوەکو بکەوێتە سەرشانی مدیرعامی دکتۆرای هەبێ بەدیلێکی کەمتری هەبێ, ماجستری هەبێ, تحدیدمان کردیە ئەتوانن حازرە ئەوە رای لێژنە هەمووی حازرە لەبەر دەست, لەبەر ئەوە نابێت, من ئەڵێم شهادەی جامعی اولی بەس لە دامەزراندن دەبێ لەکەسێ بپرسی کە دکتۆرای هەیە خۆ ناڵێین شهادەی جامعیەی اولیە هەموو شهادەکان شهادەی جامعین, دکتۆرا بێت, ماجستر بێت, بکلۆریۆس بێت, دبلۆم بێت, لەبەرئەوەی دەتوانین ئەو مشروعەی ئەوەی قسەی کە بڕیاری ئەنجومەن لەسەری دامزراوە بۆتان بنێرین بۆ تەوقیع, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس وەاللە ئەو کارە باش دەکەن ئەو لێژنەتان دانایە, بەڵام دەبێ بەقانون دەربچێ, دەبێ وەکو پڕۆژەیەك بۆمان بنێرن تاوەکو هەموو ماددەکان ئیلزامێکی تێدابێ, دوایش بەقەرارێك لەبەر حیساباتی تایبەت هین نەکرێتن, فەرموو کاك تارق نوقتەی نیزام بزانم چیە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی مدیر عام و وەکیل وزارەت لە 92وە مدیر عام دەبێ شهادەی زانکۆی هەبێ وە پێویست ناکات لێرە باس بکرێ, دووش لەو ئاخرەیەی تەعدیلی ئەوەی قانونی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد, کەوا هەموو وەکیل وەزیرەکان دەبێ خەریجی زانکۆ بن, پێویست ناکات لەو قانونە باسی بکەین, چونکە لەپێشتری باسکرایە, کەوا دەبێ هەموویان خەریجی زانکۆ بن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێویست ناکا شتێکه, بەڵام ئایا ئەوە تەئکیدە, مادام لەوێ هاتووە مەعنای وانیە نابێ لێرە بێت لەوێش هاتووە باشتر,تەئکیدێکە لەسەر قانونی پێشتر دەبوایە بێتن, محدد بێ باشترە, خۆی مەفروزە کە وتت شەهادەی جامعیەی ئەوەلیە حەد ئەدنی معروفە, یەعنی بڵێی حد ئەدنی نەڵی حد ئەدنی شەهادە جامعیە ماستر قبول دەکرێ و دکتۆرا قبول دەکرێ, چونکە ئەتوو کە شهادە جامعیەت قبول کرد, ئەوا ئەوانی تر قبول دەکەن, چونکە بەرزترە تەبیعیە لەهەردوو شهادەکە تێدەگەن مەبەستمان چیە وازیحیشە.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددانەم بینی, بینیم بە هیچ شێوەیەك بەڕێوەبەرایەتیك نیە بەناوی بەڕێوەبەرایەتی گەرمیان کە من لێرەوە بیر جەنابتان دەخەمەوە, لەساڵی 92وە پارێزگایەك دانرا بەناوی پارێزگای کەرکووکەوە لەسەر ئیحتمالاتی سیاسی, وتمان بەپێی ئەمە سەرژمێری ئاماری گەرمیان ژمارەی دانیشتوانی ئەم قەزایە چوار سەدو نۆهەزارو پێنج سەدو شست و هەشت کەسە, یعنی دانیشتوانی کەلارو کفری و چمچەماڵ و دەربەندیخان, باشە ئێمە بەگوێرەی واقع, بەگوێرەی ئەوەی کە کەرکووك لەبەردەستی ئێمە نییە, بەڵام ئەو چوار قەزایە ئەگەر بەو ماددەیە بێ بەڕێوەبەرایەتی نییە, ئەگەر پێشنیارەکەی کاك ادهم بێ هەم دیسان محافەزە نییە, ناشبێتە محافەزە, بەڕاستی ناکرێ بۆخۆمان ئەزانین علمی الادارە لەوە دایە رۆتین و ئەو شتانە کەم کرێتەوە خدمە نزیك بێ لە خەڵکەوە, ئایا ئەو چوار قەزایە, کارەبای ئەو چوار قەزایە مراجعەی کوێ بکات, لەگەڵ کوێ تەعامل بکا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت دیارە حەقیقەتێکت لەبیر چووە, ئەوەلەن ئەو ناوچانە کەباست کرد پێش کۆتایی 2007 هەڵبژاردن کەرکووکیش بەپێی ماددەی 140 دەگەڕێتەوە کوردستان, بەپێی هەموو عورف وحەقائیقێکی وانە وەختەوە ئێستا تۆ لە ئێستاوە محافەزەکە بکەیتەوە ئەو واقعەیە کە لەلای ئێمە مەفروزە لەبەر ئەو مەوزوعە دوایی دێینەوە سەری, ئەوەی محافەزەی گەرمیان دابنێن پشتگیری ئەو ماددەیە هەر ناکرێ, زۆر مەشروعی تر هەیە ئاکرێش داوا دەکا, رانیەش داوا دەکات, زاخۆش داوا دەکات, لەبەر ئەوە ئەو تەوزیحە ئەو تەفصیلەت لەبیر چوو, زۆر سوپاس بەهەر حاڵێ.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پێشنیارم هەیە لەسەر ئەو ماددەیە یەکێکیان جوابەکەی موقعەکەیەتی ئێستا گەورەکان یاخود دوور خستنیان لە محافەزەکان قەزا من ئەڵێم برگەی زیاد بۆ کردنەوەی بەڕێوەبەریەتێك بۆ ئەو قەزا گەورانەی وەکو ئاکرێ و رانیە کە دوورن لەسەنتەری محافەزەکانیان وەکاتی خۆشی هەبوو و دوای تقیمی ئیلغا کرا کۆمەڵە بەشداریەکی لەسەر دروست بوو, ئەوە ئاسانکاریە بۆ وەزارەتی کارەبا, دوو من پێشنیارێکی تر ئەکەم لەوانەیە ئەو پێشنیارە تازە بێت یعنی بەڕێوەبەرایەتێکی حیراسەت ئەگەر پۆلیس

بێت ئەگەر سەر بەوەزارەتی کارەبای بێت, چونکە کاتی خۆی لەئیدارەی کوردستان لە هەموو مەرحەلەکانی ئیدارەی کوردستانە یەکێك لەموشکلە ئەساسیەکان نەبوونی تەنزیماتێکی ڕێکوپێکی حەراسەتی کارەبا بووە, کەکەس نەیدەزانی سەربەکوێن, ئەگەر بەڕێوەبەرایەتێکی شورتە سەر بە وەزارەتی ناوەخۆ بۆ وەزارەتی کارەبا دابنرێت, ئەوکاتە کێشەکە سەدان سەد چارەسەر دەکات زۆر سوپاس.

**بەڕێز هۆشیار سیوەیلی (وەزیری کارەبا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی خاڵی یەکەم کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکان بابەجێبێڵین بۆ وەزارەت بۆ ئێمە, ئێمە کە هەیکەلی وەزارەتمان دانا تەبعەن ئەمە تەنها هەیکەلە سەرکیەکەیە ئەو هەیکەلە پێویستە نوێ بکرێتەوە, ئەو وەختە ئەو شتانە بخرێتە پێش چاو کوێ بکەینە بەڕێوەبەرایەتی کوێ لەگەڵ کوێ دەمج کەین, ئەوەی دووەم کە بەڕێز جەنابی تحدیدی کرد ئێمە زۆر لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران باسی ئەوەمان کرد ئەو لێژنەیەی کەپێکهاتووە لەسەرۆکایەتی ئەنجومەن بۆ پێکهێنانی هەیکەلی وەزارەتی کارەبا بێ گومان پێشنیاری ئێمە ئەوە بوو کە بەڕێوەبەرایەتێکی گشتی پۆلیسی کارەبا دابنرێ وەسەر بەوەزارەتی کارەبا بێت, بەس بەداخەوە لەو لێژنەیە پەسەند نەکرا پێشنیارەکەی ئێمە و نەخرایە ناو هەیکەل و قانونی وەزارەتی کارەبا, من لە سەدان سەد لەگەڵی بووین, مەسەلەن لەڕووی یاسایی وهەندێك ڕووی عەسکەریەوە گرفت دروست دەکات کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتێکی گشتی پۆلیسی کارەبا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەوەزارەتی کارەبا بێت وابزانم ئیش و کارەکانم زیاتر ئاسان دەکات ئێستا هەندێك گرفت و کەم و کوڕیمان هەیە وەکو ئەو بەڕێزە باسی کرد, یان ئەوانەی ئێستا مناقشە ئەکرێت یاخود دواتر وەکو تعدیلێك دەکرێتە ناو قانونەکەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە پرۆژەکە نەهاتیە, بەراستی پرۆژەکەش لە ئەنجومەن پەسەند کرایە, ئێمە ناتوانین زیاتر زەختی لێبکەین, ئەمە یەك, دوو, ڕەنگە ئەو پرۆژەیە ئەو تەرحەی جەنابی وەزیر ئیمکانی هەیە تەختیتی وەزارەت بێت ئەوجا بەراستی لەدەستی کێیان دابێ لەسەر میلاکی وەزارەت نەبی لەسەر میلاکی ئەوا وەزارەتی پەیوەندی داریش دەبێ ئەو دەسەڵاتە وەربگرێ بۆیە ئیمکان نابێ لێرە ئێمە چارەسەری بکەین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شورتەی کارەبا هەیە, شورتەی کارەبای عام لەکوێیە بەپێی تەجروبەی منیش عائیدی داخلیی بی باشترە, یەعنی لەناحیەی زەبتو ڕەبتی, لەناحیەی توانای ئەوەی جێبەجێکردنی هەبێت هەندێك بەرنامەجی هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی تیرۆرو تیرۆرستان, ئەوانە لەگەڵ ئەو هەموو شورتەی وەزارتی

**ماليه, شورتەی کارەبا عایدی, بەس دەبوایه ئێستا نازانم پەیوەندی بە ئەنجومەنی وەزیران هەیە؟ نوقتەی نیزام هەیە, بزانم چیه.**

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

**بۆئەوەی ئاگادار بن لەوەزارەتی ناوخۆی سلێمانی مدیریه عامەی گشتی پۆلیسی کارەبا هەیە, پارێزگاری لە محەتەو هەموو ئەو شوێنانە ئەکات کە سەرچاوەی کارەبان, ئەو بەڕێوەبەرایەتیە سەر بەوەزارەتی ناوەخۆیە لەبەر ئەوە پێویست ناکات لەناو وەزارەتی کارەبا ئەو بەڕێوەبەرایەتیە هەبێت, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەلآم دەبێ ئەمڕۆ شتەکانی لە وەزیری کارەبای دەوڵەت وەرگرێت, ئەوەتەبیعیە.**

**بەڕێز هۆشیار سیوەیەلی(وەزیری کارەبا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بێگومان تاماوەیەکی زۆرتر ئەو بەڕێوەبەرایەتیە یاخود ئیدارەی پێشتری هەولێر بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کارەبای هەرێم بەهەمان شێوە لە سلێمانیش هەبوو, وەزارەتی کارەبا بێگومان تارادەیەکی زۆر کارەبایان لەهەرێمەوە وەردەگرت, ئێمە وەختی خۆی پێشنیارمان کرد, باشترە دوایەکەش ئەگەر هەمووی بچێتە سەر وەزارەتی کارەبا, بەلآم وادیارە وەزارەتی ناوەخۆ تایبەتێکی ئەو لێژنەی تێدایە, زیاتر ئێمە وەك وەزارەتی کارەبا تێدەگەین هاوکاری لەگەل وەزارەتی ناوەخۆ دەکەین, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس ئەگەر لەئەنجومەنەوە بۆمان بێت موقتەرەح دەکرێ, چونکە ئێستا ئەگەر وابکەین دەبی نیزامی داخلی وەزارەتی ناوەخۆش بگۆڕێین.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لە پرۆژەی ئەصلی ئەنجومەنی وەزیران هاتووە مجموعەیەکی مدیریاتی عام ئەوی سەرپەرشتی دەکات و بەڕێوەی دەبات مدیرە عامەو ئیعتیادی و بدیهیە و دەرجەی مدیر عامەو پێشنیاری لە راپۆرتی لێژنەی قانونی هاتووە, مجموعەی مدیریاتی عام بە مدیر عامیان داناوە مجموعەی مدیریاتی عامی تر بە دەرجەی خاصیان داوە بە رەئیی من ئیحتمال هەیە ئەو موقتەرحە نەگونجێ لەگەڵ قانون لە سێ چوارلاوە, لە لایەکەوە لە پوختی قانونی ئەوەی مدیر عام بەڕێوەی ببات, ئەوەی سەرپەرشتی ئەکات مدیر عامە نە دەرجەیەکی ترە, ناحیەکی تر هەیە دەرجاتی خاص لەعیراق قانونەکە نافز مفعول لەکوردستان محددن بەقانون, قانون دەرجات خاص, دەرجەی مدیری عامی تێدا نییە, چونکە مدیر عام لەژێر دەرجەی خاصە ئەمە لەلایەکی تریشەوە موخالفەی قانونە, ناحیەکی تر تەمایزەکی تر پەیدادەکات لەنەفسی مزەوەرە**

(عند مديريات عام) دەرجەی مدير عامن ئەوەی سەرپەرشتی ئەكەن عند مديريات عام دەرجەيەك يان پلەيەك بەرزترە, دەرجەی خاصە بەرەئيی من تەماييز لەهەر مجالێك مەرغوب نييە خيلافی قانونە, نوقتەی چوارەم بەرەئيی من و برادەرانی من لەلێژنەی قانونی حەقيان نييە دەرجەيەك بدەنە موزەفەك, حەقيان ئەوەيە ئەگەر صلاحەتيان ئەوەيە كە مخالفيەكی قانونی لەناو پرۆژەيەك هەبێتين ئەو مخالەفەيە رێك بێخن لەگەل مبادئی قواعيدی عام قانون مادەم مدير ناوی هاتووە مديريەی عام ئەگەر ناوێكی تری هاتبا ئيحتيمالی هەيە رەئيان دروست با, مەسەلەن ناوی موئەسسە هاتبا يان ناوی مونشەئە هاتبا يان ناوی مصلحە هاتبا كە وەحداتی لامەركەزينە لە قانونی ئيداری, حەقيان هەبوو بكەنە دەرەجە خاص, زۆر ئيعتيادی بوو, بەس مادام ناوی دائيرەكە مديريەی عامە, لازمە ئەوەی ئيدارەی بكات مدير عام بێت, نابێت درەجەی خاص دەرجەی خاص ئەو دەرجانەنە ئەوی لە ژێر دەرجەی وەزير بێت وە لەسەر دەرجەی مدير عام بت لە درجەی وەكيل وەزارەت دەست پێدەكات هەتا دەرجاتی تر معيەنە لەقانونێك لەوانەيە مەسەلەن محافزە بێت دەرجاتی ترن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د0كمال كەركوكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی دەربارەی مديريەتی پۆليس كە سەر بەوەزارەتی كارەبا بێت, لەرووی عەمەليەوە لە ئەمڕۆی كوردستان زۆر لەجێی خۆی نيبە, چونكە دائيرەی كارەبا لەناو كوردستان ئەوجا حەرسێكی زۆری ئەوێت و هەموويان چەكيان لەدەست دەبێتن, وەزارەی داخلی ئەجهيزەی جۆراو جۆری هەيە بۆ متابەعەی ئەفرادەكانی لەهەموو رووێكەوە, ئەوجا وەزارەی كارەبا ئەمەی پێناكرێ, بەلاَم پێويستە حمايەكانی سەر بە وەزارەتی ناوەخۆ بمينێنەوە, تەنسيقێكی بەقەوەت هەبێ, سەوابقێك لەوەزارەی كارەبا بۆ وەزارەی ناوەخۆ كە چۆن ئەو حمايانە رێ پێبدرێن, چ وەختێك لەوێنەبن, لەوێوە ئيهمال نەكرێن, بەلاَم ئيمرۆ خەلكێكی زۆر چەكی بدرێتە دەست لەناو شار بێت, لەم زروفی ئيمرۆی كوردستان مساعد نييە, هەر ئەمەم ويست زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاك هۆشيار وەزيری كارەبا وبرادەرانی لێژنەی قانونی ئەو دەرجە خاصەيە بۆ ئەو مديرەتانە بۆچی لەمبرراتی هەندێكيان مدير عامن هەندێكی مدير عامە, بەلاَم ئيزافەش كراوە كە دەرەجەی خاصە تەبريری چيە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئيحتيمال هەيە ئەوە غەلەتێكی مەتبەعی بێت, چونكە مدير عام معقول نيە دەرجەی خاصی بۆ دانرێ, بەڕاستی مومكنە خەتەئێكی مەتبەعی بووە, هەرمديرعام سەرپەرشتی مديريەی عامە بكات چ لە محافەزە بێ, يان لەديوانی وەزارەتيش بێت.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پێشنیار دەکەم تعدیلێك بێ، شتێك بێ، بەشێك بێ بەناوی ئیستیسمارەوە، چونکە تەشکیلەی وەزارەت هەبێ، چونکە تەنزیمی ئوموری ئیستیسماری کە لەماددەی دوای ئەوە دێت بەمەجلیسی ئیستیشاری، ئەوجا لەڕێگەی دائیرەکی مەعنی بڵێین ئیستسمار خۆمان ئەزانین هەموو کاروباری خاسەتەن لە مەجالی تەولیدا ئیحتماله وەزارەت ئیعتماد دەکاتە سەر ئیستیسماری وەتەنی، یان ئەجنەبی، پێشنیار دەکەم دائیرەکی تایبەت بە ئیستیسمار هەبێ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس تەبعەن لە هەیئەی ئیستیسمار مەجلێس ئیستیسمار وەزیر ئەندامە تیایدا، وەزیری کارەبا ئەندامە لەم مەجلسە وەخۆشی دەتوانێ و پڕۆژەی هەیە، شتیان هەیە دەتوانن لەو ڕێگایە جێبەجێی بکەن پێویست بەوە ناکا ئیزافەی بکەین، یەعنی پێم وایە ئەو دەرجە خاصانە نەمێنێ باشترە، ئیشکالێك دروست دەکا، هەندێ بۆ مدیر عام دەرجەی خاصە هەیە وە خلافە وەك کاك فرست ئاماژەی پێکرد لەگەل قانون ناگونجێ بەڕاستی.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەمە بەڕاستی 20 مشروعمان لەپێش بووە، رەنگە تداخلات بووە لەگەل مشروعاتی تر، ئێمە هەستمان پێنەکردیە، وەئیلا ئەو موزوعە وازیحە یەعنی جا ئەگەر دەتوانن بەوەرگرتنی ملاحەزات کە پەسەند کراوە لەلایەن وەزیرشەوە دەتوانن ماددەکە بخوێننەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئەو ماددەیە کە جەنابت ئیشارەتت پێدا کە ئێمە صیاغەکی بۆ دابنێن، صیاغەکەمان دانایە لەوێندەرێ بە مدیر عام صیاغەکمان دانایە، ئەگەر مجال بدەی کاك عەونی دەیخوێنێتەوە..**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الرابعة:**

**تتألف الوزارة من المديريات العامة التالية:**

**1-المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية: يرأسها ويديرها موظف حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**2-المديرية العامة للتخطيط والمشاريع الكهربائية: يرأسها ويديرها موظف حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**3-المديرية العامة للتوليد الطاقة الكهربائية: يرأسها ويديرها موظف حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

4-المديرية العامة لنقل الطاقة الكهربائية: يرأسها ويديرها موظف حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوى الخبرة والاختصاص.

5-المديرية العامة لتوزيع الطاقة الكهربائية: يرأسها ويديرها موظف حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوى الخبرة والاختصاص.

6-المديرية العامة لسيطرة و الاتصالات: يرأسها ويديرها موظف حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوى الخبرة والاختصاص.

7-تشكل في كل محافظة من محافظات الاقليم مديرية عامة للكهرباء يراسها ويديرها موظف حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوى الخبرة والاختصاص.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو فەقەرەی ئاخیریش دەرجەی پێناوی هەر مدیریە عامەیە فی محافەزاتە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەبێتە حەوتەم, كوردیەكە حازرە, یەعنی كوردیەكە دوایی تەرجومەی دەكەین, ئەو ماددەی بەصیغەی خۆی خوێنیدرایەوە دەخمە دەنگدان, كێ لەگەڵیەتی؟ كێ لەگەڵی نییە؟ بە ئەغلبیەت, یەك دەنگی موخالیف وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

اولا:يؤلف المجلس الاستشارى للوزارة من:

1-الوزير/الرئيس

2-وكيل الوزارة/نائب للرئيس

3-ممثل وزارة المالية و الاقتصاد/ على ان لا يقل درجته عن مدير عام/ عضوا

4-ممثل وزارة الموارد الطبيعية/ عضوا

5-ممثل وزارة الموارد المائية/ عضوا

6-المستشارون: على ان الا يزيد عددهم عن ثلاثة/ عضوا

7-المدراء العامون.

8-اى خبير اختصاصى يختاره الوزير من داخل الوزارة او خارجها/ عضوا

ثانيا: يعقد المجلس الاستشارى اجتماعا (اعتياديا) كل ثلاثة اشهر على الاقل و كلما دعت الحاجة و لاينعقد الابحضور رئيسه او من ينوب عنه و يتولى تقديم الاستشارة في الامور الاتية:

1-سياسة توليد ونقل وتوزيع الطاقة الكهربائية و وضع الخطط الاستراتيجية لها

2-اعداد الميزانية السنوية للوزارة

3-تنظيم الاستثمار الاجنبي في مجال الكهرباء

4-تحدد اجور الكهرباء بقرار من المجلس الاستشاری للوزارة و بأقتراح من الوزير.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: ئەنجومەنی راوێژکاریی وەزارەت پێك دێت لە:

1-وەزیر: سەرۆکە

2-بریکاری وەزارەت: جێگری سەرۆکە

3-نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری: ئەندام (بەمەرجێ پلەی لە بەرێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ).

4-نوێنەری وەزارەتی دەرامەتی سروشتی: ئەندامە

5-نوێنەری وەزارەتی دەرامەتی ئاو:ئەندامە

6-راوێژکاران: بەمەرجی ژمارەی لە سێ کەس زیاتر نەبێ: ئەندامە

7-بەڕێوەبەرە گشتیەکان: ئەندامن.

8-هەر شارەزایەکی پسپۆڕی دی کە وەزیر خۆی لەناو وەزارەت یان لە دەرەوەی وەزارەتەکە دایبنێ: ئەندامە.

دووەم: ئەنجومەنی راوێژ, لانی کەم سێ مانگ جارێك کۆبوونەوەیەکی ئاسایی سازدەدات و کەینێش پێویستی کرد, کۆدەبێتەوە, کۆبوونەوەیشی بەئامادە بوونی سەرۆکی ئەنجومەن یان بە ئامادەبوونی جێگری نەبێ ساز نادرێ, ئەم ئەنجومەنە, لەم کاروبارانەی خوارەوە, راوێژ پێشکەش دەکا:

1-سیاسەتی ئەفراندن و گەیاندن و دابەشکردنی وزەی کارەباو, دانانی پلانگەلی ستراتیژی بۆ ئەو سیاسەتەی.

2-ئامادەکردنی بوجەی سالآنەی وەزارەت.

3-رێکخستنی وەبەرهێنانی بیانی لەبواری کارەبادا.

4-لەسەر پێشنیازی وەزیرو, بەبریاری ئەم ئەنجومەنە, کرێی کارەبا دیار دەکرێ.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أما بالنسبة للمادة الخامسة تقترح اللجنة ما يلي:-

1-جعل كلمة (الرئيس) في الفقرة أولا/1 (رئيساً)

2-جعل كلمة (نائب للرئيس) في الفقرة أولا/2 (نائبا للرئيس)

3-اضافة جملة (في الوزارة) الى أخير الفقرة اولا/7

حذف السطرين الاولين من الفقرة ثانيا منها لغاية (او من ينوب عنه) وامكانية معالجتها بنظام داخلي واعادة صياغتها كالأتي:

ثانيا: (يتولى المجلس تقديم الاستشارة في الامور الاتية كما هي واردة في المشروع بعد اضافة كلمة (تنظيم) الى فقرة (1) منها.

**بەڕێز عزالدين سليم خديدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەی پیشەسازی پێشنیار دەکات کە نوێنەری وەزارەتی بەلەدییە لەگەڵ ئەوانە ببێتە راویژکار, یەعنی ئیزافە بکرێت و ببیتە فەقەرەی شەش و فەقەرەی تر (وزير او اى خبير اختصاصي يختارة الوزير وبموافقة المجلس الاستشاری) یەعنی زیاد بکرێت (وبموافقة المجلس الاستشاری).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی (المجلس الاستشاري) موافەقتی کێ وەربگری؟

**بەڕێز عزالدين سليم خديدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەشتەم نووسراوە (اى خبير اختصاصي يختارة الوزير من داخل الوزارة او خارجه), ئێمە ئیزافە دەکەین و(بموافقه مجلس الاستشارى) یەعنی ئەو مەجلیسە زیاد بکرێ, نە بەتەنها صلاحیەتی وەزیر بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەندە ڕۆتینی زیاد مەکەن مەتروح ئەو مناقشەیە, ئێستا کاك شێروان ئەوەی وەزیر رئيسا بنووسە رئیس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێکی عیلاقەی بەصیغەوە هەیە, بەڕاستی دەڵێ (الوزير, الرئيس) ئێمە دەڵێین (الوزير, رئيسا) ئەوە صیاغەیە (وكيل وزاره, نائب للرئيس) ئەمە دەلێین (نائباً للرئيس) بەنیسبەت فەقەرەی سێیەم (ممثل وزارة المالية و الاقتصاد لايقل درجته عن مدير عام) بەنیسبەت فەقەرەی چوارەم و پێنجەم بەهەمان شێوە ئیزافەی تێدایە (لايقل عن درجه مدير عام)

بەنیسبەت (المدراء العامون) مخصوص للوزاره بەڕاستی ئەوەی کە مجلس الاستشارى ئەوەی بەشداری لە مجلس الاستشارى دەکا بەنیسبەت (ثانيا عقدی جلساتی مجلسی الاستشاری) ئیمکان هەیە بە نیزام معالجه بکرێ, نەك لەناو قانون, بۆ بێتە ناو قانون, جلساتی چۆن دەبێ, چۆن قرار وەردەگری؟ ئێمە صیاغەی

ئەوشمان كردیە, تەنها دەڵێن (المجلس تقدم الاستشارات في الامور التالية) دێینە سەر فقرەی 1و 2 و3 و4 ئەوە مختەصەری ئەو گۆڕانكاریە كە بەسەر ئەو ماددەدا هاتووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاك هۆشیار هیچ مولاحەزەیەكت هەیە لەسەر هەردوو مقترح؟

**بەڕێز هۆشیار سیوەیلی/وەزیری كارەبا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوانەی كە لێژنەی یاسایی باسیان كرد و تەرحیان كرد, من موافقم, بەس ئەو تێبینیەی لێژنەی پیشەسازی زیادكردنی وەزارەتی شارەوانی, بەرەئیی من پێویست ناكات بۆ لێژنەی ئیستشاری, چونكە ئێمە كە وەزارتمان داناوە, وەزارەتی سەرچاوە ئاویەكان یاخود دەرامەتە ئاویەكەكان, دەرامەتە سروشتیەكان, چونكە پەیوەندیەكی راستەوخۆیان بەتەولیدەوە هەیە, پەیوەندیەكی راستەوخۆیان بەبەرهەمهێنانی كارەباوە هەیە, ئێمە ناتوانین سیاسەتی تەولید دارێژین, ئەگەر تەنسیق بكەین باشترە لەگەڵ ئەو وەزارەتە, دەوام نەكەین لەبەر ئەوە بوونی ئەو دوو وەزارەتە زۆر گرنگە لە لێژنەی ئیستیشاری, بەڵام وەزارەتی شارەوانی بەرەئیی من لەگەڵ ئەوەشم كە گرنگە, چونكە پەیوەندی بەسیاسەتی تولیدو توزیعی گواستنەوەی كارەبا نییە, چونكە ئەگەر ئێمە وەزارەتی شارەوانی زیاد بكەین پێویستە وەزارەتی كشتوكاڵیش زیاد بكەین, وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە زیاد بكەین, چونكە زۆربەی هەرە زۆریان پێویستیان بەكارەبا هەیە و پەیوەندی بەوەزارەتی كارەباوە هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر دێ ماددەی پێنج و سێ كە بڕی هەر سێ هەیە اجارێكی روو لێبكە من پێباشە كە هەمی بێتە بەتایبەتی لەبەر زروفی خەراپێ وەزعی كارەبای كوردستان پێداچی هاتیە بیتە 45 رۆژان.

**بەڕێز هۆشیار سیوەیلی(وەزیری كارەبا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تەبعەن سێ مانگ موهلە ماوەكە زۆر باشە, ئێمە نیازمان ئەوە بوو پێشنیارەكە شەش مانگ جارێك دانیشین, چونكە زیاتر ئیستیشاریە, یاخود مەسەلەیەكی راوێژكارو الاستشاریە بۆ وەزارەت بەتایبەتی بۆ وەزیر, لەبەر ئەوەی سێ مانگ مودەیەكی مناسبە, كەمتر بكرێتەوە لەرووی عەملیەوە, لەرووی ئەنجامدانی كۆبوونەوەكان ئەوە كارێكی ئاسان دەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نووسرایە لەهینەكە, ئەوەی شێخ داوای كرد دەتوانین ببێتە وەكو لەماددە (عند الحاجة) یەعنی دەتوانن هەر مانگێ جارێك داوا بكەن, (وكلما دعت الحاجة).

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان شارەوانیەکان و دائیرەی کارەبا گەورەترین کێشە دروست دەبێ, راستە جەنابی وەزیر ئیشارەی بەوەدا کە لەمەجالی دواییدا ئەو وەزارەتانە مەعنیی بوون وەزارەتی سەرچاوە ئاویەکان, مەوادی تەبیعی, بەلأم ئەی لەمجالی تەوزیعدا مەسەلەن دەیان تاوەری کارەبا دەبینین بەناوی ئەرزی شارەوانی, بەناو ئەو شوێنانەدا دەڕوات, لەبەر ئەوە نەبوونی ئەم هەماهەنگیە لەوانەیە مەشاکل دروست بکات, دوو پێشنیارەکەم لە برگەی دوو بەشی سێیەم (تنظیم الاستثمار الاجنبی في مجال الكهرباء) بۆ هەر ئیستیسماری ئەجنەبی بێت بکرێت بە ئیستیسماری ئەجنەبی و وەتەنی, سێ پێدانی مۆڵەت بە شرکەی ئەجنەبی وەتەنی لە بواری بەرهەم هێنان و توزیعا بە ئیستیشارەی مجلس ئیستیشاری بێت باشترە, ئەبێ ئەو برگەیەی بۆ زیاد بکەین (اجازة توزيع الطاقة الكهربائية لشركات متخصصة وطنية واجنبية), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ مولاحەزەی دووەمت ئەگەر ئەجنەبیەکە شەتب بکرێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو تەرحەی شێخ ادهم بەنیسبەت عەقدی جەلەساتی مەجلیس ئیستیشاری ئەمە لەموقتەرەحی لیژنەی قانونی داوامان کردیە کە ئیحالەی نیزام داخلی بێ لە نیزام داخلی ئیمکان هەیە ئەوا جێگایی ببێتەوە, جەلەساتی ئیستیسنائی دەکات (عند الحاجه) موتەتەلەباتی عەمەل چۆن پێشتر دەزانی لەنیزام, بەلأم لەهەیکەلی وەزارەت چۆنیەتی ئیش کردنی لە لیژنەی ئیستیشاری بە رەئی ئێمە وارد نییە, زۆرسوپاس.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قسەکانی بەڕێز وەزیری کارەبا ئیشارەتی بەوە کرد کە ئەو مەسائیلانەی دێن بۆ تەولیدی کارەبا, هەندێکیان بەنەوتی رەش ئیش دەکەن, ئەوەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە ژینگە پیس بێت, پێمان وایە لەو ئەنجومەنی راوێژکاریە, ئەگەر بکرێت نوێنەری وەزارەتی ژینگە دابنرێت, بۆ ئەوەی بزانێ لەچ شوێنەکەو چۆن هاووڵاتیان زەرەر مەند نابەن لە دوکەڵی ئەو مەکینانەو, یان ئەو مۆلیدانە, پێمان وایە ئەگەر نوێنەری وەزارەتی ژینگە هەبێ یان تەنسیقێك هەبێ, سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری کارەبا لە بۆ ئەو دوو موقتەرەحە کە پەیوەندی بەوەزارتی شارەوانی و ژینگەش هەبێ.

**بەڕێز هۆشیار سیوەیلی (وەزیری کارەبا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیسان دووپاتی رای خۆمان دەکەینەوە, بەلاّم تەنسیق لەگەلّ هەموو وەزارەتەکان پێویستە, چونکە وەزارەتی کارەبا بەشێوەیەکی راستەخۆ پەیوەندی هەیە لەگەل هەموو وەزارەتەکان, بەس بوونیان لە مەجلسی راوێژکاری یان ئیستیشاری بەرەئیی من پێویست نییە, چونکە بێگومان ئەگەر وابێ ژینگە گرنگە, ئەگەر وابێ شارەوانی گرنگە, ئەی کشتوکالّ بۆ گرنگ نییە؟ ئەی ئاوەدان کردنەوە بۆ گرنگ نییە؟ باسی راکێشانی هێلّ و باسی دارایی بە ئەو ئەرزانەی کە هی شارەوەانیە, زۆربەی تاوەرەکان و هێلّەکان بەئەرزی زراعیدا ئەڕوا, بە ئەرزی کشتوکالّدا ئەڕوا, وەزارەتی کشتوکالّ لەبەر ئەوە بەرەئیی من بێگومان هەموو وەزارەتەکان بوونیان گرنگە, بەنیسبەت ئێمە زۆر گرنگە بزانین کارەکانیان چیە, بزانین داهاتوویان چیە؟ بۆ ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان بۆ ئەوەی ئێمە لەبەر رۆشنایی ئەو کارانە بتوانین خزمەتگوزاری کارەبا بگەینین وە لە ئێستاوە تەئمینی وزەی کارەبایان بۆ بکەین, بەلاّم لەناو مجلسی راوێژکاری, بەرەئیی من لە ئەنجومەنی راوێژکاری ئەو سێ وەزارەتە بوونیان زۆر گرنگەو لەوە زیاتر دەبێ عەمەلیەی وا نەتوانین ئێمە وەکو پێویست ئەنجام بدەین و ئەنجومەنی راوێژکاری راوێژ پێشکەش بە وەزیر و وەزارەت دەکات, بریارەکانی ئەنجومەنی راوێژکاری مولزەم نیە لەسەر وەزارەت, لەبەرئەوە تەنها مەجلیسێکی ئیستشاریە کە پەیوەندی لەبەینی ئێمە و ئەم وەزارەتانە بەهێز تر دەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەلاّم ئەگەر بێتو هینەکەتان چڕتر کردبایەوە, مەسەلەن وەزارەتی مالیەش پێویست ناکا نوێنەری هەبێت؟ چونکە چ پەیوەندیکەی تەخصیصاتان هەیە, مەوادی مالیە هەیە, مومکنە شارەوانی ئیستشاری چی دەکات تۆ پرسیار دەکەی لە یەکێ شارەزایی هەبێت, مەعلوماتی مالیەی زۆر زەروریە, تەبیعیە ئینسان ئەوەی زەروریە, بەلاّم بەدەرجەی کەمتر, مالیە زەروریە, بەلاّم بە دەرجەی کەمتر, شارەوانی ژینگە زەروریە, یەعنی ئەوانیش داخیل بکەین, یان هەینێکە لەکاتی پێویست بانگی بکا نوێنەری مالیە خۆ ناتوانێ تەخصیصاتی بۆ بکات, تەخصیصات پێشتر کرایە, ناتوانێ موافەقشی بۆ بکات, ئەگەر پێویستی بە موافەقەت بوو دەبێ بدرێتە مەجلیس وزراء, وەزیری مالیە لەوێ تەرحی دەکات, لەبەر ئەوە نوێنەری مالیە شەتب بکات, بۆ ئەوەی ئەوانی تریش لە مەجلیس وزراء یەعنی رەئی هەردووکیان وەزیری ژینگەش لەوێیە, وەزیری شارەوانیش لەوێیە بۆ ئەوەی مجلسە ئیستشاریەکە خاص بی بۆ مسائیلی تەکنیکی و فەنی و ئەوانە .

**بەڕێز هۆشیار سیوەیلی/وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لاریمان نیە کەوەزارەتی دارایی لەولێژنیە دابنرێ ئەگەر دوو وەزارەتەکەی تریش دابنێن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مانعمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت ئەوەی داوای كرد شارەوانی و ژینگە هەبێت لە مەجلیس ئیستیشاری، قرارەكە دێت وەزیر تەرحی دەكات، ژینگە دەتوانێ ئیقتیراح بكات، ئەگەر خیلافی بەرنامەی ئەوان بن، شارەوانی دەتوانێ موداخلە بكا، رەئیی خۆی بدات، لەبەرئەوە ئەو شتە نوێنەری وەزارەتی مالیە بێت، ئەگەر كەس نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من سەد لەسەد پشتیوانی لە بەڕێز وەزیری كارەبا دەكەم، چونكە بەراستی كارەبا كێشەیەكی زۆر گەورەیە تاوەكو ژمارەی نوێنەران كەمتر بێتەوە لەو لێژنەیە كارەبا بە ئاسان تر دەگا بە ناوچەكان، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەگەر صیغەكەی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز د.شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێكم لە وەزیری كارەبا هەیە، ئەم هەموو بەڕێوەبەریە گشتیانە لێرە كە ژمارەیان دەگاتە نۆ و كۆی گشتی هەمووشیان لەم ئەنجومەنی ئیستیشاریە دەكاتە هەژدە، ئایا زۆر نییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە موناقەشە كرا هەر وەكی دەنگمان لەسەردا ئەمانە ئەوەلەن ئیشیان ئەوەیە بەنیسبەت ئەو ماددەیە دەڵێ ئەگەر نوێنەری مدیریەی كاروباری سلێمانیەی تێدا نەبێ چۆن ئاگادارئەبن، تەوەزیعی تاقەیە هەموو پێویستە، كاك شێروان دەتوانی بیخوێنیەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن ئێستا ئەو ئیزافەتانە كە دەستكاری ئەو ماددەیەی كرا ئێستا برای بەڕێزم كاك عەونی دەیخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بدرێتە تصویت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة الخامسة:**

**اولا: یؤلف المجلس الاستشاری للوزارة من**

1- الوزیر/رئیساً.

2- وكیل الوزارة/ نائباً للرئیس.

3- ممثل وزارة الموارد الطبیعیة/ على ان لایقل درجته عن مدیر عام/عضواً.

4- ممثل وزارة الموارد المائیة/ على ان لایقل درجته عن مدیر عام/عضواً.

5- المستشارون: على ان لايزد عددهم عن ثلاثة أعضاء.

6- المدراء العامون.

7- اى خبير اختصاصى يختاره الوزير من داخل الوزارة او خارجها/ عضوا.

ثانيا: يتولى المجلس تقديم الاستشارات في الامور الاتية:

1- تنظيم سياسة توليد ونقل وتوزيع الطاقة الكهربائية و وضع الخطط الاستراتجية لها.

2- اعداد الميزانية السنوية للوزارة.

3- تنظيم الاستثمار في مجال الكهرباء.

4- تحدد اجور الكهرباء بقرار من المجلس الاستشاري للوزارة وباقتراح من الوزير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی بیخەمە تصویت میزانیە چۆن ئەوها دێت؟ میزانیە دەبێ مودیرییەی ئیداری و مالی تێدابێ، ئەوان خۆیان دای دەنێن، مەجلیس ئیستیشاری چ عیلاقەی هەیە بە ئیعدادی میزانیەوە، ئیعدادی میزانیە، ئیختیصاصی مەجلیس نییە، ئەمەش لاببەن، ئێستا وەکو خوێندیانەوە تەبعەن کوردیەکە بەدیقەت دەکات، بەبێ ئیعداد و میزانیەکە، چونکە دەسەلاتی ئەوان نییە، ئیشی ئەوان نییەو معلوماتیشیان لا نییە، تەفسریاتیشیان لا نییە، خەبیریشیان نییە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر تەئکید لەسەر ئەوە دەکەم یەعنی ژینگە و شارەوانی، چونکی ئەمە جارێك دەرئەچێ کارەبا بێنن بۆ ئەم شارە، بۆ ئەم ناوچەیە، بۆ ئەم شوێنە، ئیتر ئەمە تەفاصیلی ئەوێ، تەفاصیلەکە لەو موستەشاریانە ئاستی بەڕێوەبەرایەتیان یەعنی ئێستا جەنابت سەیری ئەکەی لەشارێکدا بیست جار شۆستەیەك هەڵوەشێ، ئەگەر لەسەرەتاوە هەماهەنگی و رێك وپێکی هەبێ، پێم وایە یەکەم جار ئەو شارانە، یەعنی لەهەر کەسێکی پرسی شوێنی وای رەسیف هەیە، دە جار چاك کراوە، هۆکارەکانیشی ئەوەیە، یەعنی هەم ئیشی خۆی ئەکا، ژینگەش بەراستی هەر کەلیمەیەك بۆی هەندەی بوێ یەعنی مەسەلەن مەکینەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن سوپاس، بەلاٌم لەبەر ئەوەی ئێمە رۆشەنبیریمان لەسەر ئەو مەسەلانە کەمە، بەس ئەگەر بێیە سەر راستی، ژینگە بۆی هەیە لەهەموو جار توجیهی هەبێ، متابەعەی هەموو شتێ بکات، لەبەرئەوە لەم مەجلیسە ئیشکال هەبێ یان نەبێ ئەو تەنسیقە، ئەو بەدوا چوونە واجبی لێرەیەو خۆی یەعنی لە مەجلیسەکە تێناگات، ژینگە دەبێ فەرەقی هەبێ، بچێتە سەر هەموو شوێنەکان، بزانێ چەند ئەم شتانە تەئسیر لەسەر ئەوە دەکات؟ یەعنی لەو لێژنەیە هەبێ یان نەبێ تەئسیری نیە وەکو وەزارەتەکانی تر، ئەو تەنسیقەی کە پێویستە لە مەجلس وزراء دەکرێتن، ئەگینا واجباتی ژینگە زۆر زۆر لەوە گەورەترە، بتوانێتن تەنها لێرەوە متابەعەی بکات، ملاحەزیەکی تریش هەیە، کاك وشیار و برایانی بەڕێزم ئەویش

ئەوەیە (تحدید اجور الكهرباء بقرار من مجلس الوزراء شأن الوزارة وبأقتراح من الوزير) كاك فرست ملاحەزەی بدە كاك وریا ئەوە (تحدید الاجور) دەبێ لەبەر رۆشنیایی تێگەیشتنی وەزعی الاقتصادی قدرەی خەڵك, لەبەرئەوە ئەگەر ئیزافە بكرێتن (على ان يصادق عليه رئيس مجلس الوزراء) ئەو جملە ئیزافە بكرێت بۆ ئەوەی تقدیرەكە باشتر بێت لەهەموو روویێكەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لێژنەی یاسا مانعمان نییە, بەس ئەگەر مجالمان بدەن, بەنیسبەت ئەوەی كاك محمد فرج تەرحی كرد, بەڕاستی ئەو لێژنەی ئیستیشاریە لەهەموو وەزارەتەكان بۆ ئاسانكاری ئیشو كاری ئەو وەزیریە, بۆ راپەراندنی ئیشوكارەكانە, وەئیلا وەزیر لە ئەنجومەنی وەزیران مسئولیەتی متزامنە, ئەوەی كە جەنابی وەزیری كارەبا تەرحی دەكات لەوێندەرێ وەزیری بەلەدیەش دەتوانێت موداخەلە بكات, وەزیری بیئەش دەتوانێ موداخلە بكات, بۆیە ئەو قەرارەی كە دەردەچێ بە تەزامون دەردەچێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا من پێم باشە كاك عەونی جارێكی تر بیخوێنیەوە زحمەت نەبێ, یەكەم ئەوی (اعداد الميزانية)مان شەتب كرد,دووەم لەئەخیر (تحدید اجور الكهرباء على ان يصادق عليه), لە (ثانیا) دەست پێ بكە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ثانيا: يتولي المجلس تقديم الاستشارات في الامور الاتية:

1- تنظيم سياسة توليد ونقل وتوزيع الطاقة الكهربائية و وضع الخطط الاستراتيجية لها.

2- تنظيم الاستثمار في مجال الكهرباء.

3- تحديد اجور الكهرباء بقرار من المجلس الاستشاري للوزارة وباقتراح من الوزيرعلى ان يقترن بموافقة مجلس الوزراء ومصادقة مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامت هەیە كاك رشاد, فەرموو نوقتەی نیزامت هەیە مقترح و شتی وا نا.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئیعدادی زیادە صوڵبی واجبی ئەو لیژنەیە, لە هەر وەزارەتێك ئیعداد دەكرێت, دوایی لە جیهاتی (الاعلى) تەصدیق دەكرێت, ئێستا ئەدی لەكێ تەصدیق دەكرێت, ئەگەر لەوێ دروست نەكرێ؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دیوانی وەزارەتی مالیە موحاسەبەو تەدقیق, ئەوانە هینی دەکات, ئێستا ئێمە پەرلەمان کێ دەیکات؟ خۆ هینمان نییە دیوانی ئیدارەی مالیە لەگەڵ ریئاسەت مناقەشە ئەکات, مصادقە دەکرێ, دەکرێ لە مەجلیس ئیستیشاری موصادقەی لەسەر بکەن.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی سەرۆك پێویستە وەزارەتی فنیە وەزارەتی مالیە نازانێ لە کارەبا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیوان، دیوان کاکە خۆ منیش (الاختصاصیة) علی ئەقل لەوەدا برێکی لێدەزانم, لەبەر رۆشنیایی تەقاریر و راوێژکاری دانیشتن لەگەڵ هەموو مدیریەتەکان میزانیە, هەموو مدیریەتەکان کۆ دەکاتەوە لەگەڵیان دادەنیشێت, میزانیەکەی تەهیئە دەکات, دەیداتە وەزیر, جا وزیر دەتوانیت بیباتە مجلسی ئیستشاری مناقشە بکات, ئەگەر پێویستی کرد بانگیان دەکات بۆ مناقشەکەو ئیقراری دەکەن, کاك فرستیش قسەیەك دەکا دەڵێ دانانی میزانیەی وەزارەتی کارەبا چ عیلاقەی بە وەزارەتی مەواردی مائی هەیە, نوێنەرەکەی بەشداری بکات لەدانانی, ئێستا ماددەکە وەکو خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدان, کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند کا؟ کێ دژە؟ بە تێکڕای دەنگ قەبول کرا, بڕۆ سەر ماددەی دواتر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

اولا: تحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

ثانيا: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

ثالثا: للوزير استحداث و دمج او الغاء مديريات و اقسام عند الاقتضاء.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی (مامۆستا کاکە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: ئەرك و فرمانی کاری تایبەت بەوەزارەت, بە پەیرەوی ناوەخۆ دیار دەکرێن.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە, بۆ سانابەکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە, رێنمایگەلی پێویست دەربێنێ.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە, کاتی پێویست, بەڕێوەبەرایەتی و بەشی نوێ بکاتەوە, یان پوچەڵیان بکاتەوە, یان یەکیان بخات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اما بالنسبة للمادة السادسة من المشروع فلا توجد اية ملاحظات عليها سوى اعادة صياغة (ثانيا) منها و كالآتي:

(للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقا لمتطلبات عملها).

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم لەبەر گرنگی ئەو مدیریات کە (ئیلغاء) یان (استحداث) دەکا, لێژنەی پیشەسازی ئیقتراح کرد کە ئەو (استحداث دمج مدیریة والغاء مدیریات و اقسام عند الاقتضاء بناء على اقتراح مجلس الاستشاري) نەبە پەرتی بێتن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو گۆڕانکاریەی کە لەسەر ماددەکە هاتیە تەنها و تەنها شوعبەمان زیاد کردیە, ئەمە یەك (وفقا لمتطلبات العمل) ئیزافە کرایە, بەنیسبەت ئەو لیژنەی صناعەش بە حقیقەت خۆی مەجلیسێکی ئیستیشاریە, حەقی ئبتیخاژی قەراراتی نییە, وەزیر خۆی حەقی (اتخاذ القرارات)ی هەیە, بەس حەقی تەقدیمی مەشاریع عایدی ویە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هۆشیار وەزیری کارەبا رەئیت هەیە لەسەر ئەو ئیقتراحە؟

**بەڕێز هۆشیار سیوەیلی (وەزیری کارەبا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو باسکرا ئەنجومەنی راوێژکاری بە حقیقەت زیاتر لەمەسائلی تەکنیکیە, سیاسەتی عامی وەزارەت, مسائیلی ئیداری یان بەڕێوەبەردن ئیحتیماله دانانی بەرێوەبەرایەتیەك بێت, دانانی بەشێك بێت, هیچ پەیوەندی بە مەجلیسی ئیستیشاریەوە نەبێت, ئەصلەن پێویستیش ناکا بێتە مەجلیسی ئیستیشاری, مەسەلەیەکی ئیداری و هیچ عیلاقەشی بە مەجلیسی ئیستیشاریەوە نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بەندا سێدا تەڤێ ماددەی کە بێژی (للوزیر استحداث و دمج او الغا مدیریات) لێرە هەمی تێگەیشتیا من ئەگەر غەڵەت نەبم دەشێ مدیر عامیش ئیلغاء بکات, پرسیارێك, من ئەگەر ئەو دەسەڵاتە وەکو مدیریات قبول کرا پەرەلەمانا دەیەوێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مدیریات عام دەسەڵاتی ئەو نیە لەدانان و لابردنی.

**بەڕێز حاتم محمد جان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵەی کە ئەڵێت (وەزیر بۆی هەیە کاتی پێویست بەڕێوەبەرایەتی و بەشی نوێ بکاتەوە یان پوچەڵیان بکاتەوە یان یەکیان بخات) ئەوە ناکاتە، یەعنی ئەوەکەی تر کەپێشتر لەماددەی پێشوو ئیشارەتمان بەوەدا، یەعنی محافەزەکانمان لابرد، ناوی محافەزەکانمان لابرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگوترایە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سوپاس. فەرموو:

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمان محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم ئەو بۆچوونەی جەنابی وەزیر بەلادان و یان دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی نوێ رەهایە یان لەژێر زەرووریەتیە، چونکە ئەو بۆچوونەی کە تائێستا کرایە لە حکومەتەکانی ئێمەدا رەنگە لەسەر زەروریەی زانستی یان لەسەر پێوەری زانستی نەبووبێ، لەبەر ئەوەی پێویستمان بەوەیە پۆستێك بۆ کەسێك بدۆزینەوە، ئەگەر بەم شێوانە ئەمە کاری سەرەکیە یان دانانی کەسێك لەبەرئەوەی رابردوویەکی هەیە، دەمانەوێ تەعویزی بدەینەوە، دانانی هەر کەسێك لە پۆستێکدا لەبەرئەوەیە کە ئەمڕۆی ئەو کەسەمان پێویستە، سەبینێ پێویستە ئەگەر وابیر کەینەوە کێشەیەکمان بۆ دروست نابێ بەس ئەگەر ئەوە بێ کەمن بیست ساڵ ماندووم ئێستا دەتانەوێ تعەویزم بدنەوە بەدانانی پۆستەك، ئەمە لەسەر نەتەوەکەمان و داهاتووی میللەتەکەمان زۆر دەکەوێ، هیواداریین لەبەر چاو گرتنی سبەی و ئەمڕۆی هەموو کەسەکان بۆ پۆستەکان پێوەر بێ نەوەك رابردووەکەمان، رابردووەکەمان بەمەعاشێك بەمەدالیەك بدرێتێ و بچینەوە ماڵەوە رێزەکەمان هەبێ لەکۆمەڵەکەمان، بەلاّم ئێمە ئیشمان بەهەموو کەسەکانە لەپۆستەکانە لەسەر ئەو توانایەی کەهەیانە، ئەوە پێوەر بێ و سوپاس. شتێکی تر هەیە ئەگەر چی تێپەڕی مەسەلەی مدیر و رەئیس، تۆ دەڵێی مدیریەت کەواتە (مدیر یدیرها) یان بەڕێوەبەر بەرێوەی دەبات، تۆ بەرِێوەبەرایەتی ناوەکەی ئەڵێی (یرأسها) نابێ ئەگەر ناوی ریئاسەی دائیرەی فلانەو ئەوە ریئاسەتی ئەکات، ئەگەر ناوی مدیریەتیشە بەس کلمەی (یدیرها) دەبێت ئەمە زمانەوانیە شتێکی جوان نیە بەسەر ئێمە تێپەڕی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لەجیاتی وەزیر و لێژنەی قانونی وەلاّمت دەدەمەوە، ئەوەلەن ئێمە کە مناقشەی قانونێك دەکەین نابێ لەبەر رۆشنایی ئەوەی لە مێشکماندا هەیە خەراپترى بڕوا، غەڵەت بروا، لەفلان کرا، محاسبەی فلان کرا، لە فلان شوێن محاسبەی فلان کرا، لە فلان شار یەکێ دانرا، مستەحەق نەبوو، ئەمە قانونێکە لە هەموو وەزارەتەکان هەیە ئیعتیادیە، دانانی (مدیریات، استحداث) کردن ئیلغا کردن زیمنی ئیختیصاصی وەزیرە بەپێی پێویستی، بەپێی بەرنامەی، بەپێی خوتەی کە دایدەنێتن تەماشای دەکات، مودیریەتێك دادەنێتن شەش مانگی تر تەماشا دەکا ئەو مدیریەتە سوودی نییە، بەپێی ئەو تەقاریرانە ئیلغای ئەکات، ئەمە بەتەنها لەوێ نییە، لەهەموو شوێنی تر هەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر بێتو بەگومان تەماشا بکەن قسەکەت

راستەو ئیشمان پێناکرێ, ئەگەر بەگومان بڵێین وەلاَ ئەوە ئیستغلالی ئەو دەسەلاَتە دەکا بۆ ئەوەی بەکەیفی خۆی ئەو لاببات, ئەو بیەوێت ئەو هین بکاتن, بەلاَم ئێمە مەفروزە ئەو تەنسیقەمان نەبووە, وەزیرێك عەکسەکەی (اثبات) نەبێتن, مەفروزە بەردەوام بێ, قانونیەنیش ئەو دەسەلاَتەی پێبدرێتن کەی خوانەخواستە زانیمان وەزیرێك پابەند نیە بەو سیقەیە بانگی دەکەین و رووبەرووی دەبینەوە, ئیشمان ئەوەیە, پێم وایە ئەو ملاحەزاتانەی کەکرا, ئەو ئیزافەی لێژنەی قانونی وەزیرش موافقەو کەسیش ئیعتیرازی لەسەر نییە, دوا صیغە ئەگەر بخوێنیەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

اولا: تحدد بنظام مهام واختصاصات وتشكيلات الوزارة.

ثانيا: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

ثالثا: للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقا لمتطلبات عملها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوردیەکەی دوایی صیاغە ئەکەین, بەلاَم وەکو خۆی دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند کا؟ کێ لەگەڵی نیە دەستی بڵندی کا؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: للوزارة ابرام العقود الخارجية و الداخلية بشأن مشاريع الكهرباء.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: وەزارەت بۆی هەیە, بۆ پرۆژەگەلی کارەبا, رێککەوتنی دەرەکی و ناوەکی ئیمزا بکات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اما بالنسبة للمادة السابعة فلاتوجد اية ملاحظات عليها.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەنیسبەت لێژنەی پیشەسازی وا ئیقتراح کرا, چونکە ئەوە ئیشەکانی ترە عقودی خارجی و ئەوشتانە پەیوەندی بەئیشی مجلسی ئیستیسمار هەیە (بالتنسيق مع المجلس) ئیزافە بکرێ (بالتنسيق مع المجلس), لەوانەیە وەزارەکە عقدێك بکات لەگەڵ کەسانێك, یان لەگەڵ شریکەیەك

**عەینی شت(مجلس الاعلی للاستثمار) ئەو عقده بكات, یان شتێك ئیستیشاره بكات, ئەو تەنسیقەی نێوان هەردووكان هەبیتن.**

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من سوئالێكم هەیە لەجەنابێ وەزیر حەق وایە بەدووی كەوێتن, جەنابێ ئەنگۆ تەوزیحتان ئەبێت, لێرەدا لەماددەی چوار ئەگەر خەلآسیشی كردیە وەتصویتش دەلێ (المدیریة العامة للشؤون الاداریة والمالیة) پاشی كەدەلی (یتعلق او تتعلق من مدیریة الافراد, مدیریة الشؤون المالیة, مدیریة الشؤون القانونیة, مدیریة شؤون الادارة) لێره ئەڤە مدیریەتە, مدیریەتی عام نیە, بۆ لێره دا ئەگەرتصویت حەقی جەنابی وەزیریش بی جارێ مدیریە ئیزافە بكات, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**لامان برد له تصویت كه خۆێندمانەوە لامان برد, ملاحەزەكەت لەجێیە, بەس لادرا لەوێش لادرا.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**وشەیەك به موتڵەق هاتووه (للوزارة ابرام العقود الخارجیة) كلمە خارجیە شامیلە شەریكاتی الاجنەبیە شاملی دوەلی ئەجنەبیەش, بەنسبەت دوەلی ئەجنەبی ئیشكالك بۆمە دروست ئەكا, چونكە لەسیستەمی فیدرالی ئیجرائاتی تایبەتی پێی ئەوێ لەگەلێ حكومەتی مەركەزی, لەبەرئەوە من پێشنیار ئەكەم ئەو كەلیمەیە بێتە گۆڕین ئان ببێتە (للوزارة ابرام العقود مع الشركات الاجنبیة و الوطنیة) شتكی وا بتن له جێگای كلمەی (الخارجیة) تاكو لەو ئیشكالە نەجات بین سوپاس.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمەش لەگەلێ ئەو پێشنیارەی كاك فرسەتین له جێگای خارجیە زۆر مشكلەمان بۆ حەل دەكات, زۆرسوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بیخوێنەوە بە صیغەی تازە.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة السابعة:**

**للوزارة ابرام العقود مع الشركات الاجنبیة و الوطنیة بشأن مشاریع الكهرباء.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك هۆشيار ئەم صيغەيە ئيشكالى نييە, باشە دەيخمە دەنگدان, كێ مولاحەزەى هەيە فەرمووو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

پێم باشە وەكو ئەوانى تر (وطنية) بكەوێتە پێش (الاجنبية), چونكە ئەوها باشترە (للوزارة ابرام العقود مع الشركات الوطنية والاجنبية بشان مشاريع الكهرباء) زۆر سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێزسەرۆكى ئەنجومەن.**

من پێشنيارەكەم (للوزارة ابرام العقود مع المستثمرين) لەبەر ئەوەى موستەسيمرمان تەعريف كردووە, لە قانونى ئيستيسماريەكەى پێويست ناكا خارجى نطاق بێ.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

شەرت نيە موستەسيمر بێت, (للوزارة ابرام العقود مع الجهات الوطنية والاجنيبة), شەرت نييە موستەسيمر بێ, بيخوێنەوە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

للوزارة ابرام العقود مع الشركات الوطنية والاجنبية بشأن مشاريع الكهرباء.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

دەيخمە دەنگدان, ئاخر نابێ جيهاتى ئيعتزازمان بۆ دروست بوو, كێ لەگەڵيەتى دەستى بڵند كا؟ كێ لە دژيەتى؟ بەتێكراى دەنگ وەرگيرا, برۆ سەر ماددەى تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية( وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كەستان مولاحەزەيەكى هەيە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

مادده هەشت و نۆ پاش و پێش كرايە لە مشروعەكە, خۆى مادده نۆ دەڵێ (لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون و على الوزارات تنفيذ احكامه), پێويستە ئەو مادده بچێتە جێگاى مادده هەشت, ماددەى

**هەشتیش بێتە جێگای مادده نۆ، لەو نسخەیە وانیە، ئەگەر پێتان باشە ماددەی نۆ دەکەینە هەشت دەیهێنینە پێشەوەو ماددەی هەشتیش لە جێگای مادده نۆ دادەنێین مەوزوعەکە رێك دەکەوێ.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لە ناحیەتی قانونی ئەو ماددەیە راستە، دروستە، کە قاعیدەیەکی عام قانون لەتاریخی نەشری کەی بزەبت لە غەیر قانون ئیستیسنائە بەس، چونکە ئەو وەزارەتانە پێویستیان بەو قانونانە هەیە، وەزارەتی تازەنە، نەشەرەکە لە وقائیعی ئێستادا ئەبینم تەقریبەن مانگێك زیاتر پێئەچن، لەبەر ئەوە پێشنیارم ئەوەیە ببتە (ینفذ هذا القانون من تاریخ اصداره وینشر في الجریدة الرسمیة) تاکو خیلالی چەند رۆژێك ئیصدار دەبێت و وەزارەت ئیلازم بت و تەنفیزی بکات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەگەر من تاریخ ئیصدارە، ئەوا مانعمان نییە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**اما بالنسبة للمادة الثامنة من المشروع تقترح اللجنة جعلها المادة الاخیرة في القانون و إعادة صیاغتها کالأتي:**

**ینفذ هذا القانون اعتبارا من تاریخ اصداره وینشر في الجریدة الرسمیة (وقائع کوردستان)**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دەیخمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی؟ سوپاس، کێ دژە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة التاسعة: لا یعمل بای نص یتعارض مع احکام هذا القانون و على الوزارات تنفیذ احکامه.**

**ئێمە لێرە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن نصەکی ترمان داڕشتووە ئەگەر بەنەزەری ئیعتبار وەرگرن و ماددەی نۆش دەچێتە جێیی ماددەی هەشت و ماددەی هەشتیش دێتە جێگای مادده نۆ، نصەکەش بەو شکلەیە:**

**(على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ احکام هذا القانون.) زۆر سوپاس**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**باوەڕ ناکەم موناقەشەی هەبێ، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵندکا؟ کێ دژیەتی؟ کەس دژی نیە، بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا، ئێستا قانونی وەزارەتی کارەبا وەکو یاساکانی تر.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەجالمان بدەی (الاسباب الموجبة) بیخوێنینەوە

**الاسباب الموجبة**

نظرا لاستحداث وزارة في حكومة اقليم كوردستان باسم وزارة الكهرباء ولفك أرتباط دوائر الكهربا ء عن دوائر وزارة الصناعة و الطاقة و ربطها بالوزارة المستحدثة وبهدف تكثيف نشاطاتها في مجال توليد ونقل وتوزيع الطاقة الكهربائية وصيانة محطات وشبكات النقل والتوزيع وإيصال التيار الكهربائي الى كل بيت وزاوية من اقليم كوردستان ولتحديد تشكيلات ومهام واهداف الوزارة فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**هۆكارەكانی دانانی ئەم یاسایە:**

لەبەر ئەوەی وەزارەتێكی نوێ لە حكومەتی هەرێمی كوردستاندا, بەناوی (وەزارتی كارەبا) دانراوەو, دایەرەكانی كارەبایش, لەوەزارەتی پێشووی پیشەسازی و وزە, دابڕ دەكرێن و بەم وەزارەتە نوێیەوە دەبسترێنەوەو, بەئامانجی چڕكردنەوەی بزاڤ و چالاكییەكانی ئەفراندن و گەیاندن و دابەشكردنی وزەی كارەباو, خزمەتكردن و ئیدامەپێدانی وێستگە (بنكە) و تۆڕی گواستنەوەو گەیاندنی و دابەشكردنی وزەی كارەباو, گەیاندنی بۆ هەموو ماڵ و كون وقوژبنێكی هەرێمی كوردستان, بۆ دیاری كردنی پێكهاتەو ئەركوفرمان و ئامانجەكانی ئەم وەزارەتە, لەبەر ئەوانە هەمووی, ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو نصەتان ئیلغا كردیە ماددەی ئاخیر (لا یعمل باي نص یتعارض مع احكام هذا القانون) كەواتە پرۆژەی یاساكە بەگشتی دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیتی؟ كێ دژیەتی؟ بە تێكرای دەنگ وەرگیرا, ئێمەش موافقین. هەموو قانونێك دەبێ (الاسباب الموجبە)ی هەبێ٬ زۆر سوپاستان دەكەین.

**بەڕێز هۆشیار سیوەیلی (وەزیری كارەبا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن دوا وشەمان ئەوەبوو كە زۆرسوپاسی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان دەكەم كە بەسینگ فراوانیەوە گوێیان بۆ مناقەشەكان گرت, لەهەمان كاتدا سوپاسی هەردوو لێژنەی یاسایی و پیشەسازی ئەكەم كە لە هفتەكانی رابردوو و رۆژەكانی رابردوو یاساكەیان بینیوە و دەوڵەمەندیان كرد, سوپاسی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیش دەكەم كە هاوبەش بوون لەمناقشەو گفتوگۆكان, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمەش سوپاست دەكەین, بەنیسبەت وەزارەتی كاروباری دەرەوەی هەرێم بەڕێز كاك د.احسان ئەمرۆ زۆر ئەزیتماندا, سبەینێ كۆببینەوە سەعات 11ی بەیانی چوارشەممە, بیر لە رۆشتن مەكەن ئەگەر

جەلسەشمان نەبێ بەپێی قانون دەبێ دەوام بکەن, لەبەرئەوە سبەینێ سەعات 11 کۆدەبینەوە, تەواوی دەکەین انشاءالله.

| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(کمال کرکوکی) | عدنان رشاد مفتی |
|---|---|---|
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)**

**چوار شەممە رێكەوتی 6\9\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (3)

## چوار شەممە ڕێكەوتی 2006/9/6

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2006/9/6 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (3)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی كاروباری ناوچەكان لە دەرەوەی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار, بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی 2006/9/6دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز د. محەمەد ئیحسان دەکەین وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دەرەوەی هەرێم, هەروەها بەخێرهاتنی کاک سعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەیوەندی بەینی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان دەکەین, زۆر زۆر بەخێربێن, دەمەوێ پێشتر بەخێرهاتنی گەرمی ئەو میوانانە بکەم کە لەسەرەوە دانیشتوون, چاوێکتان لێیان بێت, کە ئەمڕۆ لە کوردستان حازرن, بەسەرۆکایەتی بەڕێز کاک کەندال, ئەو وەفدە هاتووە بۆ کۆنفراسێکی نێودەوڵەتی دەربارەی کورددیلۆجی, شەخصیاتی شارەزان و دۆستی گەلی کوردن, لە رۆژانی زۆر سەختدا کە دۆستمان نەبوون, ئەمانە دۆستایەتی گەلی کوردیان دەکرد و چ بە نووسین و چ بەبەشدارکردن لە کۆنفراسدا و دیفاع کردن لە گەلی کورد, ئەمڕۆ لە کوردستانی ئازاددا بەشدارن, ئەم کۆنفراسە نێودەوڵەتیە دەربارەی کۆرددیلۆجی دەکەن, لەبەر ئەوە بەناوی ئێوەوە بەخێرهاتنی گەرمیان دەکەم زۆر بەخێربێن سەرچاو, داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە جێگای خۆیان دابنیشن, بەنسبەت ئەندامانی لیژنەی پەنجاو هەشت کە بەنسبەت ئەوانەوە ئەو یاسایە گرنگە, دەتوانن کە موناقەشە کرایەوە هەریەك لە شوێنی خۆیدا قسە بکات و موداخەلەی بۆ بکات, داوا دەکەم لە لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی یاساکە بخوێننەوە دواییش رای لیژنەی یاسایی بخوێنەوە, فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەگەر ئیزنم بدەن راپۆرتی لیژنەی یاسا کاک تاریق دەیخوێنێتەوە بەناوی لیژنەی یاسا, پاشان برای بەڕێزم کاک عونی بەزمانی عەرەبی دەیخوێنێتەوە, ئینجا دەست پێدەکەین یەکە یەکە ماددەکان دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنەی یاسا**

دوای خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان – عێراق, لە پەرلەمان لە رۆژی (2006/7/10)دا, پرۆژەکە هەواڵەی لیژنەکەمان کراو, لیژنەش دیراسەی کردو, لەگەڵ وەزیری پۆست پێ دراوی ئەم وەزارەتە نوێیە کۆبووەو, پاش گفتوگۆ و راگۆڕینەوە, رای لیژنە

و راپۆرت و راسپاردە و پێشنیازەكانی خۆی, لە بارەی پرۆژەكەیەوە, بە كۆی را, لە مانەی خوارەوە پێشكەش دەكات.

یەكەم: لیژنەی یاسا, تەئییدی پرۆژەكە دەكا, چونكە ئەم وەزارەتە, تازە لە هەرێمدا دانراوە, لیژنە پێشنیاز دەكا, دیباجەیەكی بۆ دابڕێژرێ و ماددەكانی تەبویب بكرێن و, بڕگەكانی رێك بخرێن و, هەندێ هەموار و گۆڕینیش لە رشتەی هەندێ بەند و بڕگەیدا بكرێن, كە پاشتر لەم راپۆرتەدا بەرچاو دەكەون.

دووەم: لیژنە پێشنیاز دەكا, دیباجەی یاسایەكە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق

پشت بە حوكمی بڕگە (1)ی ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 ی هەموار كراو و, لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان – عێراق, ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق, لە دانیشتنی ژمارە ( )ی رۆژی ( / / 2006) یجل, بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەیدا:

## یاسای ژمارە ( ) ی ساڵی 2006

## یاسای وەزارەتی كاروباری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان – عێراق

سێیەم: لەبارەی ماددەی یەكەمی ئەسڵی پرۆژەكەوە, لیژنە, ئەم پێشنیازو راسپاردانەی خوارەوەی هەیە:

1-دووبارە داڕشتنەوەی دێری یەكەمی ماددەی یەكەم, بۆ ئەوەی لەگەڵ رشتەی پێڕۆكراوی پێناسەكانی یاساكانی تری پەرلەمانی كوردستاندا بگونجێن.

2-زنجیرە رەنووسەكانی بڕگەكانی ماددەكە, بەنووسین بنوسرێن.

3-وشەی (فصلت) لە بڕگە (5) ی ماددەكەدا, بكرێ بە (انقطعت).

چوارەم: هەرچی ماددەی (دووەم, سێیەم, چوارەم)ی پرۆژەكە ئەوە لیژنە ئەم پێشنیازانەی خوارەوەی هەیە:

1-ماددەی سێیەم, پێش ماددەی دووەم بخرێت, تا (ئەرك وفرمانی) وەزارەتەكە, هاوئاهەنگ لەگەڵ یاسا گەلی وەزارەتەكانی دیكەدا پێش (پێكهاتەكان)ی بكەوێ.

2-زنجیرە ڕەنووسەكانی (التسلسلات الرقمیە) بڕگەكانی ماددەی, بەنووسین بنووسرێن.

3-رستەی (العمل علی) بۆ سەرەتای بڕگەی (1)ی ماددەكە زیاد بكرێ.

4-لە بڕگەی (1)ی ماددەكەدا, رستەی (فیما بینها وربطها بوطنها الام) زیاد بكرێ و یەكسەر بخرێتە دوای وشەی (التعاون)ەوە.

5-بڕگەی (6) ی ماددەكە بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(تطویر العلاقات الثقافیة والاجتماعیة والانمائیة بین الاقلیم والاقالیم الاخری)

6-لە بڕگەی (7)ی ماددەكەدا, وشەی (تشجیع) بكرێ بە (تطویر).

7-هەردوو بڕگەی (4,9) لاببرێن, چونکە ئەوانەی لەو دوو بڕگەیدا هاتوون, سەلاحیاتی سەرۆکی هەرێمن و, لەگەڵ ماددەی دووەمی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم (یاسای ژمارە (1) ی ساڵی 2005) ی هەموار کراودا ناگونجێن.

8-بڕگەکانی (1,2,3) بخرێتە سەر ماددەی دووەمی پرۆژەکە و, بە زنجیرەی (ماددەی سێیەم) وەك ئەمەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی سێیەم:

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی باڵاو, بەرپرسی ئیش وکارو ئاراستەکردنی سیاسەت و, سەرپەرشتیکردن وریقابەکردنی وەزارەتەکەیەو, هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییگەلێکیش, پێوەندیان بە ئەرك وفرمان و پێکهاتە و سەلاحیات و, کاروباری دیکەی هونەری و دارایی و ئیداری و ڕێکخستنی وەزارەتەکەوە هەیە, بەپێی حوکمەکانی یاسا, لە وەزیرەوە دەردەچن و بەسەرپەرشتی خۆی, جێبەجێدەکرێن, وەزیر بەرپرسیش دەبێت لە بەردەمی ئەنجومەنی وەزیراندا, چونکە خۆیشی ئەندامێکی هاوکاری ئەنجومەنی وەزیرانە.

دووەم: بریکاری وەزارەت: لە چوارچێوەی سەلاحییاتدا کە وەزیر پێی دەسپێرێ, یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاراستەکردن وسەرپەرشتیکردی کاروباری وەزارەتەکەدا.

سێیەم: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکا. بڕونامەی زانکۆی هەبێ, ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

پێنجەم: ڕاوێژکارەکان, لە چوار کەس زیاتر نابن, مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و, خاوەن ئەزموون و کەردەش بن.

1-هەرچی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانیشە, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکا ببنە (ماددەی چوارەم) بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژێ:

ماددەی چوارەم: وەزارەت لەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتیانەی خوارەوە پێك دێت:

یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ئیداری و دارایی.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆچبەری و کۆچ پێ کراوان.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پێوەندی و هاودەنگی.

چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ناوچە لە هەرێم دابڕاوکان.

پێنجەم: هەرچی ماددەی (پێنجەم و شەشەمە) ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکا, هەردووکیان بە یەکخراوەیی ببنە (ماددەی پێنجەم) و, بڕگەیەکی دیکەشیان بۆ زیاد بکرێ و, بەم شێوەیەی خوارەوە داڕێژرێ:

یەکەم: ئەرك و فرمان و ئیشە تایبەتەکانی پێکهاتەی وەزارەت, بە پێڕۆ دیار دەکرێن.

**دووەم: وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست, بۆ بەسانا جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.**

**سێیەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە, لە پێکهاتەکانی وەزارەتەکەدا, بە پێی پێداویستی ئیش و کار بکاتەوە, یان یەکیان بخا, یان ئیلغایان بکات.**

**شەشەم: هەرچی ماددەی حەوتەمی پرۆژەکەیە, کە بەپێی پێشنیازی لییژنە یاسا (بووە بە ماددەی شەشەم)ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکا دووبارە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

**ماددەی شەشەم (پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکان, حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن).**

**حەوتەم: هەرچی ماددەی هەشتەمی پرۆژەکەیە, کە بەپێی پێشنیازی لیژنەی یاسا (بووە بە ماددەی حەوتەم) ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکا دووبارە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

**(هەر دەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ, کاری پێ ناکرێ).**

**هەشتەم: هەرچی ماددەی نۆیەمی پرۆژەکەیە, کە بەپێی پێشنیازی لیژنەی یاسا (بووە بە ماددەی هەشتەم), ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکا بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:**

**(ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنییەوە کاری پێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا, بڵاو دەکرێتەوە.**

**نۆیەم: دوا پێشنیازی لیژنە ئەوەیە (هۆکارەکانی دانانی یاساکە) بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژێ:**

**هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

**لەبەر ئەوەی سیاسەتی رژێمی شۆڤینی گۆڕبەگۆڕ لە رێگای گۆڕینی سنووورە ئیدارییەکانی پارێزگاکانی کوردستان و, نیشتەجێ کردنی غەریبە و دەرکردنی خەڵکی رەسەنی ناوچەکەوە, گۆڕینی پێکهاتەی دیموگرافی و تاواندنەوەی نەتەوایەتی بە بەرنامە رێژەی خستەکار و ئێستاش لە پێناوی دابینکردنی ئاشتی و تەبایی و سەقامگیر کردنی ناوچەکەدا و, بۆ وەرگرتنەوەی مافی رەوای خەڵکی ناوچەکە لە رێگای بەکارخستنی ماددەی (140) ی دەستووری فیدراڵیەوە – کە چارەسەر کردنی پێ بەپێی (المتدرج) یاسایی بۆ ناوچە لە کوردستان دابڕاوەکان چەسپاندووە – هەروەها بە مەبەستی پشتگیری لە جالیەی کوردستانی و پتەوکردن و دەوام پێدانی سیلەی (اواصر) خۆشەویستی لە ناویانداو, بەنیازی دنەدان و بەهێز کردنی کلتورو رۆشنبیریی کوردستانی, کە لە رێگای نوێنەرایەتیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەپەرشتی کاروباریان بکرێ, بە ئامانجی ئەوەش کە پێوەندی و هاودەنگی لەگەڵ دەسەڵات و وەزارەتەکانی فیدراڵدا بۆ چارەسەر کردنی کێشەی سنووورە ئیداریەکان رێك بخرێ, لەبەر ئەوەش کە ئەم وەزارەتە تازەیە, هەموو ئەو ئەرك وفرمانانە دەگرێتە ئەستۆ....... لەبەر ئەوانە, ئەم یاسایە دانرا.**

**تکایە سەیری بفەرموون و ئەسڵی پرۆژەکە رای لیژنەی یاسایش بخەنە بەرچاوی ئەنجومەن تا گفتوگۆی لەسەر بکاو, رای لەباری خۆی لەسەر دەربڕێ. لەگەڵ رێزدا**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**رای لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە.**

**الى رئاسة المجلس الوطني الكوردستاني**

**م/ تقرير اللجنة القانونية**

**قامت لجنتنا بدراسة مشروع قانون وزارة شؤون المناطق خارج اقليم كوردستان – العراق المحال اليها بعد القراءة الاولى له في البرلمان بتاريخ (2006/7/10 واجتمعت مع الوزير المكلف بحقيبة الوزارة المستحدثة وبعد المناقشة والمداولة تقدم اللجنة تقريرها وتوصياتها واقتراحاتها بشأن المشروع باجماع الآراء وكما يلي:**

**اولاً: ان اللجنة القانونية تؤيد مشروع القانون نظراً لاستحداث الوزارة في الاقليم, وتقترح صياغة ديباجة له وتنظيم فقراته واجراء بعض التعديلات والتغييرات في صياغة بعض بنوده و فقراته والتي ستظهر لاحقاً من خلال هذا التقرير.**

**ثانياً: تقترح اللجنة صياغة الديباجة للقانون وكالآتي:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

**استناداً لحكم الفقرة (1) من المادة (56) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل وبناءَ على ماعرضه مجلس وزراء اقليم كوردستان – العراق قرر المجلس الوطني لكوردستان – العراق بجلسته المرقمة ( ) والمنعقدة بتاريخ / /2006 تشريع القانون الآتي:**

**قانون رقم ( ) لسنة 2006**

**قانون وزارة شؤون المناطق خارج اقليم كوردستان**

**ثالثا: فيما يتعلق بالمادة الاولى من اصل المشروع تقترح اللجنة وتوصي بمايلي:**

**1-اعادة صياغة السطر الاول من المادة الاولى لتنسجم مع الصيغة المتبعة في سرد التعاريف المستعملة في القوانين الصادرة عن برلمان كوردستان:**

**2-تبديل التسلسلات الرقمية الى التسلسلات الكتابية لفقرات المادة.**

**3-تبديل كلمة (فصلت) الى كلمة(انقطعت) من الفقرة (5) منها.**

**رابعاً: اما بالنسبة للمواد الثانية والرابعة من المشروع تقترح اللجنة مايلي:**

**1-تقديم المادة الثالثة على المادة الثانية انسجاماً مع النسق المتبع في قوانين الوزارات بشأن تقديم مهام الوزارة على التشكيلات.**

2-تبديل التسلسلات الرقمية الواردة في المادة الثانية الى التسلسلات الكتابية لفقرات المادة.

3-اضافة جملة (العمل على) الى بداية الفقرة (1) منها.

4-اضافة جملة (فيما بينها و ربطها بوطنها الام) الى مابعد (التعاون) في الفقرة (1) منها.

5-اعادة صياغة الفقرة 6) كالآتي:

(تطوير العلاقات الثقافية والاجتماعية والانمائية بين الاقليم والاقاليم الاخرى).

6-تبديل كلمة (تشجيع) الى كلمة (تطوير) في الفقرة (7) منها.

7-حذف الفقرتين (9,4) لان ماورد فيهما من صلاحيات رئيس الاقليم و تتعارض مع احكام المادة الثانية من القانون رئاسة الاقليم رقم (1) لسنة 2005 المعدل.

8-اضافة الفقرات (1,2,3) الى المادة الثانية من المشروع واعادة صياغتها و تحت رقم المادة الثالثة كالآتي:

تشكيلات الوزارة

المادة الثالثة:

اولاً: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة و المسؤول عن اعمالها و توجيه سياستها و ممارسة الاشراف و الرقابة التي تصدر عنه و تنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر و التعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها و صلاحياتها و سائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام المجلس الوزراء بأعتباره عضواً متضامناً فيه.

ثانياً: وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه من قبل الوزير.

ثالثاً: مكتب الوزير: يرِأسه موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعة اولية و يعاونه عدد من الموظفين.

رابعاً: مكتب وكيل الوزارة: يرأسه موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

خامساً: المستشارون: لايزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة شهادة جامعية اولية ولهم خبرة و ممارسة.

1-اما بالنسبة للمديريات العامة التابعة للوزارة تقترح اللجنة جعلها برقم المادة الرابعة و صياغتها كالآتي:

المادة الرابعة: تتألف الوزارة من المديريات العامة التالية:

اولاً: المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية.

ثانياً: المديرية العامة للهجرة والمهجرين.

ثالثاً: المديرية العامة للعلاقات والتنسيق.

رابعاً: المديرية العامة للمناطق المقتطعة من الاقليم.

خامساً: اما بالنسبة للمادتين الخامسة والسادسة تقترح اللجنة دمجهما بمادة واحدة تحت رقم المادة الخامسة واضافة فقرة اخرى اليها وصياغتها كالاتي:

اولاً: يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

ثانياً: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

ثالثاً: (للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقاً لمتطلبات عملها).

سادساً: اما فيما يتعلق بالمادة السابعة من المشروع والتي اصبحت برقم المادة السادسة من مقترح اللجنة القانونية اعادة صياغتها كالآتي:

المادة السادسة:

(على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).

سابعاً: اما فيما يتعلق بالمادة الثامنة من اصل المشروع والتي اصبحت برقم المادة السابعة من مقترح اللجنة القانونية تقترح اللجنة اعادة صياغتها وتقرأ كالآتي:

(لايعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون).

تاسعاً: اما فيما يتعلق بالمادة التاسعة من المشروع والتي اصبحت برقم المادة الثامنة تقترح اللجنة صياغتها كالآتي:

(ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

عاشراً: واخيراً فيما يتعلق بالاسباب الموجبة تقترح اللجنة صياغتها كالآتي:

**الاسباب الموجبة**

نظراً للسياسة الشوفينية التي انتهجها النظام البائد والتي تمثلت في التغيير الديموغرافي والصهر القومي و ذلك بتغيير الحدود الادارية لمحافظات كوردستان واسكان الوافدين فيها بعد طرد السكان الاصليين منها, وحرصاً على احلال السلام و الاستقرار في المنطقة واعادة الحقوق الى اهلها, وتنفيذا للمادة (140) من الدستور الاتحادي التي تمثل الحل القانوني المتدرج للمناطق المقتطعة من كوردستان, ولغرض دعم الجالية الكوردستانية وتقوية اواصر المحبة والتواصل بينها, وتشجيع ودعم الثقافة الكوردستانية فيها والاشراف على شؤونها من خلال ممثليات حكومة اقليم كوردستان في الخارج, وبغية تنظيم العلاقة والتنسيق مع السلطات والوزارات الاتحادية لحل الاشكالات المتعلقة بالحدود الادارية ولاستحداث وزارة لتولى تلك المهام فقد شرع هذا القانون.

راجين التفضل بالاطلاع وعرض اصل المشروع و رأي اللجنة القانونية بشأنه على المجلس للمناقشة و ابداء الرأي المناسب بصدده.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیاره لە خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژەیە داوا لە لیژنەی پەیوەندیەکانیش کراوە کە راپۆرت بنووسێت, ئەگەر حازری کردووە, با لێپرسراوی لیژنەی پەیوەندییەکان با بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆژی 2006/7/23 لیژنەکەمان بۆ تاوتوو کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کۆبووەوە, وا لە خوارەوەش سەرنج و پێشنیارەکانمان سەبارەت بە پرۆژەکە دەخەینە روو:

1-پێمان باشە ناوی وەزارەتەکە بکرێ بە وەزارەتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان – عێراق, چونکە بەم شێوەیە ناوەکە باشتر لەگەڵ ئەرك و ناوەڕۆکەکەی دەگونجێ.

ماددی یەکەم:

1-بڕگەی (2و3و4) بەپێی گۆڕینی ناوەکە بگۆڕدرێن.

2- بڕگەی (5) بەم شێوەیەی خوارەوە بخوێندرێتەوە هەموو ناوچە مێژوویی و جوگرافیە کوردستانیەکان, کە بەپێی سیاسەتێکی شۆڤێنیستی بە مەبەستی ئیستیتان و بە عەرەب کردن و وەدەرنانی کلدو ئاشوور و تورکمان و کورد لە کوردستان – عێراق دابڕێنندراون.

ماددەی دووەم:

بڕگەکان بکرێن بە (1و2) چونکە تەواوکەری ماددەی یەك نییە.

1-وەزیر بەرپرسی یەکەم و رێنوێنی کار و ئەرك و سەرپەرشتیار و چاودێری چالاکیەکانی وەزارەتەو, سەبارەت بە کاروباری وەزارەتەکەی بڕیارو رێنمایی پێویست دەردەکا.

2- وەکیل: هاوکاری وەزیرە لە ئاراستە و سەرپەرشتی کردنی کاروباری وەزارەت بەپێی ئەو ئەرك و دەسەڵاتەی لە لایەن وەزیرەوە بۆی دیاری دەکرێ.

ماددەی سێیەم: بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە:

هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر کوردستان – عێراق بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراق و لە ژێر رۆشنایی دەستووری عێراقی فیدراڵدا.

3- هەماهەنگی و هاوکاری کردن لەگەڵ وەزارەتە فیدراڵیەکان لە پێناوی پاراستنی مافەکانی گەلی کوردستان, بەتایبەتی کوردستانیانی دەرەوەی کوردستان – عێراق.

4- لاببرێت, چونکە لەگەڵ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ناکۆکە و ئەو ئەرك و مافە بە سەرۆکی هەرێم سپێردراوە.

5- ............

6- لا ببرێت, چونکە لە دەسەڵات و ئەرکەکانی وەزارتەکان رۆشنبیری بازرگانی و پلاندانانە.

7- لا ببرێت, چونکە لە دەرەوەی دەسەڵاتەکانی ئەم وەزارەتەیە.

8- لا ببرێت, چونکە لە دەرەوەی دەسەڵاتەکانی ئەم وەزارەتەیە.

ماددەی چوارەم: وەك خۆی بێت.

ماددەی پێنجەم: بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە:

ئەرك و تەشكیلاتی وەزارەت بە پێڕۆ دیاری بكرێ.

ماددەی شەشەم: وەك خۆی بێت.

ماددەی حەوتەم: بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە:

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە تایبەتمەندەكانە ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا دەچینە سەر پرۆژەكە ماددە بە ماددە, ماددە ئەصڵیەكە دەخوێنینەوە دواییش ڕەئیی لیژنەی قانونی و ڕەئیی لیژنەی پەیوەندییەكان, ڕەئیی بەڕێز وەزیری پەیوەندیدار بەڕێز د. احسان, ئینجا ئەگەر پێویستی كرد و ڕەئییتان نەبوو ناوتان دەنووسین قسە دەكەین, بەڵام من داواكارییەكم هەیە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندیدار كە راپۆرتیان هەیە, ئەندامانی ئەو لیژنەیە تەنها ئەگەر موعتەریز بن لەسەر لە لیژنەكەدا كە كۆبوونەتەوە ڕەئیان وانەبێت, ئەقەلیەتێك بن قسە بكەن, بەڵام حەق نییە موداخەلەكە بكەن, با وەخت بدەنە برادەری تر, بە ئیعتیبار ڕەئیەكەی خۆیان داوە لە لیژنەكەیان, ئەو لیژنەیە بەو راپۆرتە تەعبیر لە هەموو ئەندامانی لیژنەكە دەكات, سەرۆكی لیژنەكە كە دەڵێ ڕەئی لیژنەكە ئەوەیە, یانی ئەندامانی لیژنەكە كە لێرە دانیشتوون هەمان ڕەئییان هەیە, تەنها ئەگەر پێویستی كرد و ئیجابی كرد كە ڕەئیەكی هەبوو یان عەكسی ڕەئیی هەبوو, فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پرۆژەكە ماددە یەك دەخوێنینەوە.

**قانون رقم ( ) لسنة 2006**

***قانون وزارة شؤون مناطق خارج اقليم كوردستان***

المادة الاولى:يقصد بالتعابير التالية المعاني المدرجة ازاءها:

1-الاقليم:اقليم كوردستان العراق.

2-الوزارة:وزارة شؤون مناطق خارج اقليم كوردستان.

3-الوزير:وزير شؤون المناطق خارج اقليم كوردستان.

4-وكيل الوزارة:وكيل وزارة شؤون المناطق خارج الاقليم.

5-المناطق المقتطعة من كوردستان:جميع المناطق التي تعرضت الى الصهر القومي وسياسة التعريب والترحيل القسري وتغيير الهوية القومية وبسببها فصلت عن كوردستان.

ئێستا كاك تاریق ڕەئیی لیژنەی قانونی دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبارەی ماددەی یەكەمی ئەسڵی پرۆژەكەوە, لیژنە, ئەم پێشنیازو راسپاردانەی خوارەوەی هەیە:

1-دووبارە داڕشتنەوەی دێری یەكەمی ماددەی یەكەم, بۆ ئەوەی لەگەڵ رشتەی پێڕۆكراوی پێناسەكانی یاساكانی تری پەرلەمانی كوردستاندا بگونجێن.

2-رەنووسەكانی بڕگەكانی ماددەكە, بەنووسین بنوسرێن.

3-وشەی (فصلت) لە بڕگە (5) ی ماددەكەدا, بكرێ بە (انقطعت).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, كەس تێبینی هەیە, فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت رەئیی من لەگەڵ رەئیی لیژنەی پەیوەندییەكانە, ناوەكە بگۆڕدرێ, لەبەر ئەوەی كە ناوەكەی دەخوێنینەوە (وزارة شؤون مناطق خارج اقلیم كوردستان) یانی ئەگەر بە دیقەت تەماشای بكەی هەموو جێگایەك دەگرێتەوە, بەصرە دەگرێتەوە, فەلوجەی دەگرێتەوە, لێرە ئیشارەتێك ئیزافە بكرێ كە مەبەستمان ئەو مەنتیقانە نییە, لە فەقەرە (5) (المقتطع)وابزانم قەواعیدی نییە, پێم وایە دەبێ موصتەلەحێكی تر بەكاربێنێ, قەصدم (المناطق المقتطعة) ئەو كەلیمەی (مقتطعة) لەكێ هاتووە پێشنیار دەكەم بكرێتە (مستحق), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن ناوی وەزارەت لێرە ناگۆڕدرێ, چونكە هەر قانونێك دەرچێ دەبێ بە پرۆژەوە بێت و دیراسەت بكرێت, دووەمینیش رەئیی خۆم شەخصی یانی مەفهومە شتێكی (وزارة شؤون مناطق خارج اقلیم كوردستان) هەموو كەس دەزانێ مەناتیقی كوردی هەیە و تەعدیلیش كراوە لەناو بەرنامجی هینەكاندا ئەو مەناتیقانە كەركووك و خانەقین و ئەوانە لەناو دەستووریش هاتوونە, لەبەر ئەوە لێرەشدا ناگۆڕدرێت, (استقطعت) یان (المناطق المستقطعة) ئەوەی بەجێ بێڵن بۆ زمانەوانیەكان, من هەردووكیم پێ مەقبولە, هەردووكی دەڕوا, هەردووكی بەكاردێت, بەڵام دواتر حەز دەكەن ئەوانەی زمانەوانی چاكی بكەن, بۆیە ماددەكە بەو مولاحەزەی لیژنەی قانونی و بە موافەقەتی وەزیر كە كەلیمەی (فصلت)بنووسرێ بە (اقتطعت) بەو مولاحەزەش كە ئەگەر زمانەوانی پێویستی كرد (استقطعت) بنووسرێت, وای لێ دەكەین, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبكاتەوە؟ سوپاس, كێ دژیەتی؟ یەكێك دژیەتی خەمان خان دژیەتی, بە ئەكسەریەتی قەبووڵ كرا, ماددە دووەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانیة:

الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن توجيه اعمالها وممارسة الاشراف والرقابة على فعالياتها وتصدر عنه القرارات والاوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضوا متضامنا فيه.

وكيل الوزارة:يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه من قبل الوزير.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕەئیی لیژنەی قانونی.

هەرچی ماددەی (دووەم, سێیەم, چوارەم)ی پرۆژەكە ئەوە لیژنە ئەم پێشنیازانەی خوارەوەی هەیە:

1-ماددەی سێیەم, پێش ماددەی دووەم بخرێت, تا (ئەرك وفرمانی) وەزارەتەكە, هاوئاهەنگ لەگەڵ یاسا گەلی وەزارەتەكانی دیكەدا پێش (پێكهاتەكان)ی بكەوێ.

2-زنجیرە ڕەنووسەكانی (التسلسلات الرقمیە) بڕگەكانی ماددەكە, بەنووسین بنووسرێن.

3-رستەی (العمل على) بۆ سەرەتای بڕگەی (1)ی ماددەكە زیاد بكرێ.

4-لە بڕگەی (1)ی ماددەكەدا, رستەی (فیما بینها وربطها بوطنها الام) زیاد بكرێ و یەكسەر بخرێتە دوای وشەی (التعاون)ەوە.

5-بڕگەی (6) ی ماددەكە بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(تطوير العلاقات الثقافية والاجتماعية والانمائية بين الاقليم والاقاليم الاخرى)

6-لە بڕگەی (7) ماددەكەدا, وشەی (تشجيع) بكرێ بە (تطوير).

7-هەردوو بڕگەی (4,9) لاببرێن, چونكە ئەوانەی لەو دوو بڕگەیدا هاتوون, سەلاحیاتی سەرۆكی هەرێمن و, لەگەڵ ماددەی دووەمی یاسای سەرۆكایەتیی هەرێم (یاسای ژمارە (1) ی ساڵی 2005) ی هەموار كراودا ناگونجێن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادده گۆڕین پاش ئەوەی خوێنرایەوە, نازانم دەتوانن پاش و پێش بخرێن, نازانم ئەو دوو لیژنە ڕەئیتان چییە لەسەری؟ لەسەر مادده دوو مەزمونەكەی چییە؟ دوایی دەیخەینە سەری, تەسولسولەكە موشكیلە نییە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مادده دوو ئێمە وەكو لیژنەی یاسا هیچ مولاحەزەیەكمان نییە, تەنها ئەوەی كاك تاریق ئیشارەتی پێدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشه, لیژنەی پەیوەندییەکان.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیارمان کرد بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە.

1-وەزیر بەرپرسی یەکەم بێت و چاودێری چالاکیەکانی وەزارەت و سەبارەت بە کارەکانی بڕیار و ڕێنمایی پێویست دەردەکات.

2-وەکیل هاوکاری وەزیرە لە ئاراستە و سەرپەرشتیکردنی کاروباری وەزارەت بەپێی ئەو دەسەلاتانەی کە وەزیر بۆی دیاری دەکات.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کلێشەی کە هاتووە لە کلێشەی هەموو وەزارەتەکانە, ئەوە شتێکی موتەبەعە و وەزیر رەئیسی ئەعلایە و مەسئولیشە لە وەزارەت, هەروەکو لە ئاخیری فەقەرەکە هاتووە, مەسئولێکی موتەزامنیشی هەیە لە مەجلیسی وزەرا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس ئیعتیرازی هەیە لەسەر رەئیی هەردوو لیژنەکە, ئەو قانونەی کە وەکو خۆی هاتووە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوامان کردووە دوو فەقەرە حەزف بکرێن لە مادەە سێ لە مەشروعەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هێشتا نەهاتینە سەر مادە سێ, مادەکە دەخەینە تەصویتەوە, فەرموو کاك جمال قسەت هەیە.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر رۆشنایی تێگەیشتنەکەم لەسەر کاری وەزارەتەکە, وادیارە وەزارەتەکە دوو لایەنی سەرەکی و لێکتر جیاوازی هەیە, یەکێکیان ئەو ناوچە دابڕاوانەی کوردستانە, کە بەخۆیان سەر بە کوردستانن, ئەوەی تر کە خارجی ئیقلیمی کوردستانن وەك نیمچە وەزارەتێکی دەرەوەیە, ...........

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەسەر مادە دوو موناقەشە دەکەین, مادە دوو دوو برگەیە, وەزیر و وەکیل وەزیر, ئەم دوانە فەقەت.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ, بۆیە پێشنیارم ئەوەیە لەبەر ئەو سەبەبە ئەو وەزارەتە دوو وەکیل وەزیری هەبێت, یاخود وەکیلێك ویاریدەدەرێك, وەکیلێك بۆ شئونی مەناتیقەکانی دەرەوەی کوردستان, لەدەرەوەی ناوچە کوردستانیەکانن, ئەوی تر بۆ ئەو مەناتیقانەی هەموو جیهان دەگرێتەوە, ئەوەی ئیقلیمی کوردستان و هەموو ئەو ناوچانەی دەرەوەی کوردستان, سوپاس.

**بەڕێز محمد احسان/وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاری ئەو وەزارەتە راستە لەگەڵم دوو میحوەری ئەساسی دەگرێتەوە, میحوەرێکی ئەساسی ئەو ناوچانەی کە دابڕاون لە کوردستان, ئەویش فیکرەیەکی موحەدد هەیە تا نیهایەتی 2007, ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەر کوردستان, بەس مانای وانییە مەشاکیلی ئەو ناوچانە تەواو بێت, عەینی وەختیش تەنسیقێکی کامل لەگەڵ حکومەتی عێراق, لەهەر وڵاتێکی فیدراڵی لە عالەم, وەزارەتێك لە ئەقالیم هەیە کە تەنزیمی عیلاقات بکات لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ, لە کوبا دوو وەزارەت هەیە وەکو ئەم وەزارەتە, وەزارەتێك هەیە پێی دەڵێن ئینتر گەڤەرنەرێت ستیری, وەزارەتێکی تریش هەیە وەزارەتی منستریت ئینتەرنیشن, بەس بۆ ئەوەی ئەم دوو کارانە بکات, لە کوردستان فەراغێکی قانونی هەیە, تاکو کێ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ کاردەکات و حکومەتی هەرێمیش لە ئایندەدا موحتاجی چەند کارە و چەند دانوستاندنێکی ترە لەگەڵ ئیقلیمەکانی تر, ئەم ئیشە دێتە کردن لەجیاتی وەکیل وەزیرێکت هەبێت یان موساعدێکی تر هەبێت, نەخێر, پێنج موستەشارت هەیە, چوار مدیر عامت هەیە, شەرت نییە هەموو شتێك کە بێتە کردن لەسەر ئاستی وەکیل وەزیر بێت, یان وەزیر بێت, یان موساعد وەزیر بێتە کردن, ئەڵێم تاکو لە هەیکەلی وەزارەت تەوسیع بێت زۆر ئەو دبلۆماسیەتی لەو وەزارەتی حکومەت هەمووی تەوسعی نەدەین, من دەڵێم ئەو بڕیارە لە جێگای خۆی نییە, واتە ئەو پێشنیارە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی دەتوانێ ئەوە بە موساعدین و بە موستەشارین حەل بکات ئەوەی, لەبەر ئەوە ماددەکە وەکو خۆی دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات؟ سوپاس, کێ دژییەتی؟ بە تێکڕای دەنگ قەبووڵ کرا, تەبعەن ئەو ماددەیە دەبێتە مادده سێ, ئێستا مادده سێ بخوێنەوە, کە دەبێتە مادده دوو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واپێدەچێت موناقەشەکان لەسەر تەسەلسولی مەوادی پرۆژەکە دەکەین, ئەگەر بەم شێوەیە بێت رەنگە جێگۆڕکێی ماددەکان بکرێت, ئەگەر تەخویلمان بکەی بە تەنسیق لەگەڵ سکرتێری پەرلەمان, بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ سکرتێری پەرلەمان بتوانین ماددەکان دوایی پێکەوە تەنسیق بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە شتێكی فەنییە رۆتینیە, بەڵێ مخەوەلن هیچ شتێك ناگۆڕێ, داعی نییە بیخەینە دەنگدان, بە پێی مەسائیلی فەنی و قانونی, فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تتولى الوزارة المهام التالية:

1-اعادة ربط المناطق المقتطعة من كوردستان بالاقليم من خلال التعاون مع الحكومة العراقية لتطبيق احكام الدستور الاتحادي.

2-التنسيق في السلطات والوزارات الاتحادية في كل ما يتعلق بضمان حقوق اقليم كوردستان واعادة رسم الحدود الادارية لكوردستان وفقا للدستور.

3-التنسيق مع الاقاليم الاخرى في العراق.

4-تمثيل حكومة الاقليم في المناسبات القومية والوطنية خارج الاقليم.

5-دعم الجاليات الكوردستانية لبناء اواصر المحبة والتعاون وربطهم بوطنهم الام.

6-تشجيع العلاقات الثقافية والتجارية والاقتصادية بين الاقليم والاقاليم الاخرى.

7-تشجيع الثقافة الكوردستانية في العالم وربط العلاقات مع الكوردستانيين في خارج الاقليم.

8-تنظيم امور الهجرة ومتابعة شؤون المهجرين.

9-التنسيق مع الحكومة الاتحادية في قضايا الاتفاقات الدولية التي تكون لاقليم طرف منها.

10-تمثيل حكومة الاقليم في قضايا الاتفاقات الدولية التي تقوم بها الحكومة الاتحادية.

11-الاشراف على ممثليات حكومة اقليم كوردستان وتوجيه ممثلي الحكومة بما يخدم سياستها والتوصية بفتح ممثليات جديدة في دول العالم حسب الحاجة لذلك.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی لەبارەی ماددەی سێ:

1-هەردوو بڕگەی (4,9) لابرێن, چونكە ئەوانەی لەو دوو بڕگەیدا هاتوون, سەلاحیاتی سەرۆكی هەرێمن و, لەگەڵ ماددەی دووەمی یاسای سەرۆكایەتیی هەرێم (یاسای ژمارە (1) ی ساڵی 2005) ی هەموار كراودا ناگونجێن.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی پەیوەندییەكان بەم شێوەیەیە:

ماددەی سێیەم یەكەم بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە یانی گۆڕانی تێدا بكرێت:

هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی سەر کوردستان – عێراق بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراق و لە ژێر رۆشنایی دەستووری عێراق.

سێیەمینیان بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە:

هەماهەنگی و هاوکاری کردن لەگەڵ حکومەتە فیدراڵیەکان لەپێناوی پاراستنی مافەکانی گەلی کوردستان, بەتایبەت ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی کوردستان – عێراق.

چوارەم لاببرێ, چونکە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ناکۆکە وەکو ئەو مافەی بەسەرۆکی هەرێم سپێرراوە.

پێنجەم: وەکو خۆی.

شەشەم: لاببرێ چونکە لەدەسەڵاتەکانی وەزارەتەکانی رۆشنبیری و بازرگانی پلاندانانە, بۆیە پێشنیار دەکەین شەشەمیش لاببرێ.

حەوتەم لاببرێ چونکە لەدەرەوەی دەسەڵاتەکانی ئەم وەزارەتەیە, من لە رابردوودا هەشتەمم خوێندەوە, بەڵام نۆیەمە بە هەڵە چاپ کرابوو, دەیەمیش لاببرێ چونکە لەدەرەوەی دەسەڵاتەکانی ئەم وەزارەتەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە بە ماددەیەکی گرنگ دادەنرێ و تۆزێك راوەستانی لەسەر دەوێ, لەبەر ئەوە پێم باشە خاڵ بەخاڵ رەئیی لەسەر بدەین و مناقەشەی لەسەر بکەین, ئەگەر تەعدیلی ویست یان ئیلغای ویست, یا هەرچیەك بێت, بۆیە خاڵ بەخاڵ بخوێنن و موفقتەرحی خۆتان بڵێن, ئێستا خاڵی یەکەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

1- العمل على اعادة ربط المناطق المقتطعة من كوردستان بالاقليم من خلال التعاون مع الحكومة العراقية لتطبيق احكام الدستور الاتحادي.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر فەقەرە فەقەرە موناقەشەش بکەین, با یەکەم فەقەرە لە مەشروعەکە چ هاتووە ئەوەی بخوێنینەوە, پاشان رەئیی لیژنەی قانونی بخوێنینەوە. ئێستا کاك عونی رەئیی لیژنەی قانونی خوێندەوە, ئێمە ئێستا رەئیی یەکەم بەنیسبەت پرۆژەی حکومەت دەخوێنینەوە, ئێستا ئەصڵی پرۆژەکە دەخوێنینەوە.

تتولى الوزارة المهام التالية:

1-اعادة ربط المناطق المقتطعة من كوردستان بالاقليم من خلال التعاون مع الحكومة العراقية لتطبيق احكام الدستور الاتحادي.

ئێمە تەنها لە لیژنەی قانونی ئەوەندەمان ئیزافە کردووە:

- العمل على اعادة ربط المناطق المقتطعة من كوردستان بالاقليم من خلال التعاون مع الحكومة العراقية لتطبيق احكام الدستور الاتحادي.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیار دەکەین لە جیاتی هەرێم بنووسرێ بۆ سەر کوردستان – عێراق.

**بەڕێز محمد احسان/ وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت من دژی ئەو مەفهومەم تەمام، ئەوەی کوردستان داش عێراق لە هیچ جێگایەك لە هیچ دەستوورێك لە هیچ وڵاتێکی فیدراڵ، لەهیچ دەستوورێکی ئیقلیمی نییە، ئەو وەزارەتە لە کوبا داش لە کەنەدداش، ئەم ئقلیمە داش وڵات و داش عێراق، وجودی عێراق لەوێ چییە، من دەستووری ئیقلیمێکم هەیەو باسی دەستوورێك دەکەم، باسی قانونێك دەکەم لە ئیقلیمێك، من بۆ تاریخیش دەڵێم و چەند جار لە جامیعەی ئەمریکیش بە منیان وت یەك تەجروبەتان کردووە لە کوردستان لە هیچ جێگایەك لە عالەم، لەدەوڵەتێك شتی وا نەبووە، لە ئەمریکا یۆنڤریستی یەکیان داناوە لە کوردستان، ئێمە دەڵێین ئەمریکا یونڤریستی سلێمانیە داش عێراق، ئەڵێن لە وڵاتێکی عالەم ئەم تەجروبە نییە، لە هەموو جێگایەك، ئەمریکا یونفرستی بیروتە، ئەمریکا یونفرستی قاهیرەیە، بۆ من هەموو شتێك بڵێم داش عێراق و داش عێراق، کێ دەڵێ ئەمرۆ عێراق هەیە سبەی بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی دەبێ هەندێك هینمان هەبێت، ئەوەی مولاحەزەکەی دەڵێ داش عێراق، کوردستانی عێراق، بۆ ئەوەیە کە کوردستانی تریش هەیە، لەناوی پەرلەماندا، لە قەوانیندا، لە موراسەلاتدا ئەوەی دەنووسی، بەڵام لە قانونێکدا کە تۆ محاوەلە دەکەی بە نەصێکی قانونی دەستووری عێراق جێبەجێ بکەی، من شەخصی پێم وایە وەکو رەئیەك ئیقلیمەکە راست هاتووە، لەبەر ئەوە ئەوەنییە بڵێی نامەیەك هاتووە و بنووسی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان داش عێراق، ئەوە نییە وەکو تەعریفە ئیسبات دەکەی کە تۆ کوردستانی تریش هەیە، بەڵام لێرە بۆ تەنفیز کردنی خۆتە بۆ تەنفیز کردنی ماددەیەکە، بۆ گەڕاندنەوەی ناوچەکانی ترە بۆ سەر کوردستان، پێم وایە راست هاتووە، هەرێم زەرووریە لێرە ناوی بێت، باشە کێ دەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەوە، تکایە ئەو دوو لیژنەیەی تێدا نەبێت، فەرموو کاك شێخ نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەوعە بێ تەنزیمیەك یان مەسەلا خوێندنا بەند بەندا، ئەم بەعەرەبیە دەخوێنێ، بۆیە پێویستە بە کوردیش بخوێندرێ، لێرەدا ماددەیەك بە عەرەبی دێتە خوێندن ڤە موقتەرەحا وێ دێتە خوێندن، کوردی تێدا دێتە ژبیر کرن، پاش ڤە خوێندنا هەر مادەکی چ بکوردی، چ بعەرەبی، وڤە خوێندنا موقتەرەحێ لیژنا

یاسایش, پاشی لیژنا پەیوەندیدار ئەویش ژ رەئیا خۆ بێژی و پشتی وی موناقەشە دێتە کرن, هەر بەندەك بە عەرەبی دێتە خوێندن و کوردی نا, پاشی کە عەرەبی دێتە خوێندن موقتەرەحی یادمێنیٚ, لێرە نارێکیەك دەبینم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ, ئەوەش ئینشائەڵڵا حەل دەبێت, ئیشکال نییە, ئێستاش ناوەکان ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن, کاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیقلیم لەوێ کە هاتووە لە قانونەکە وابزانم شتێکی دروستە, بەڵام ئەو رەئیەی کە کوردستان داش عێراق, لە هیچ شوێنێ نەبێ, یانی ئێمە تابلۆکەی پەرلەمان وایە, ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, ئیقلیمی تێدا نییە, ئەبێ ئەو ناوە لە هەموو شوێنێك بە رۆشنایی ئەوەوە دەربکەوێ, یانی ئیقلیم لەناوی بێت شتێکی سروشتییە لە تەفاصیلی قانونەکە, لەسەر ئەساسی کوردستان داش عێراقە, یانی تابلۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق, یانی ئەصڵ هەیە لە کوردستان بڕیاری لەسەر دەرچووە, سوپاس.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کاك محمد فرج کردی, سوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نەصە کوردیەکەم لایە, ئەڵێ سەر لەنوێ بەستنەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بە هەرێمەوە بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ, من ئەو هاوکاریە بەباشی نازانم, چونکە ئەوە صوڵبی ئیشی وەزارەتە (من خلال العمل مع الحکومه العراقیه)نەك تەعاون, یانی حەقە ئەوان تەعاون لەگەڵ ئێمەدا بکەن, نەوەك ئێمە تەعاون لەگەڵ ئەواندا بکەین, سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم مەسەلەی کوردستان داش عێراق, هەرێمی کوردستان زیاتر قوڵ بکرێت, چونکە پێم وایە هەرێم بۆ یەك پارێزگاش دێت, یانی یەك پارێزگاش دەکرێ پێی بڵێی هەرێم, بۆیە کوردستان گەورەترە لە هەرێم, ئەو حەساسیەتە کارێکی باش نییە, پێم وایە باشتر کورتی بکەینەوە, مەسەلەن کوردستان عێراقیش زۆر لەجێی خۆی نییە, چونکە کوردستان بۆ هی عێراقە؟ بۆیە باشترین وشە وەکو دەڵێین بۆ ئەو مەسەلەیە کوردستان داش عێراق زۆر باشە, چونکە لەسێ چوار کێشە رزگارت دەبێ, وهاوکاریمان دەکات چونکە سێ چوار پارچەی کوردستان هەیە, دووەمیش ئەگەر بڵێی کوردستانی عێراق, کوردستان بۆ هی

عێراقە، بڵێین هەرێم هەرێمی کوردستان راستە تۆزێك جێگیر بووە، بەڵام هەرێم لە کوردستان داش عێراق بچوکتر دێت، بۆیە حەز دەکەم لە رووی یاساییەوە لەو مەسەلەیە زیاتر لێدوانی لەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تەنها بۆ روون کردنەوە تەماشا بکەن، لە ماددەی یەك، یەکەم کە دەڵێ هەرێم، شەرحی هەرێم دەکات دەڵێ هەرێمی کوردستانی عێراق، لەبەر ئەوە لە قانونەکە لە کێ هەرێم هات، مەقصەدی کوردستانی عێراقە، ئەو شەرحەی لە نوقتەی یەکەم کراوە کە دەڵێ وەزیر، پێویست ناکات بڵێین وەزیری کاروباری دەرەوەی هەرێمی کوردستان، چونکە نوسراوە وەزیر وەزیری کاروباری دەرەوەی هەرێم، لەبەر ئەوە کە دەڵێ وەزیر پێویست ناکات بڵێین وەزیری دەسەڵاتی کاروباری هەرێم و ناوچەکانی دەرەوە، چونکە لە ماددە یەك روونکراوەتەوە، یاشێخ فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سێیەمدا لە فەقەرە یەك کە نووسراوە (اعادة ربط المناطق المقتطعة من کوردستان بالاقلیم من خلال التعاون مع الحکومة العراقیة لتطبیق احکام الدستور الاتحادي.) من پێشنیار دەکەم (لتطبیق احکام الدستور الاتحادي فیدرالي و لاتزید عن مدة معینة المحددة في الدستور و متابعة المعنیین في الوزارة لهذا السقف الزمني المتفق علیه) لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز رفعت عبدالله حمەرەش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە کوردستان داش عێراق پێویست ناکات، چونکە لە ماددە یەك باسی هەرێم دەکات، نوسراوە اقلیم کوردستان العراق، چونکە زۆر دیار و ئاشکرایە، لەبەر ئەوە هیچ پێویست ناکات لە بڕگەکانی تردا بێت، سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حەقیقەتدا من تۆزێك موشکیلەم هەیە، واتێدەگەم لە ئەسبابی دامەزراندنی ئەم وەزارەتە، چونکە پێ ئەچێت لەگەڵ رێزم بۆ لیژنەی یاسایی کە دەست خۆشیان لێ دەکەم خاڵی (4 و9) یان جیا کردۆتەوە کە دەسەڵاتی سەرۆکی ئیقلیمە، مەبەستم لەوەیە ئەو وەزارەتە وەزارەتی دەرەوەیە، یان وەزارەتێکە عیلاقەی بە راپەڕاندنی ئیش وکاری ئەو ناوچانەیە کە تا ئێستاکە نەخراوەتەوە سەر کوردستان، ئەمە مەفروز بوو ئێمە شیمان بکردبایەوە و دەست نیشانمان بکردبایە، بۆ ئەوەی بمانزانیبایە ئیش وکارەکانی ئەم وەزارەتە چییە، ئێستا ئەوەی من تێبینی دەکەم و لەسەر خاڵی یەکەم هیچ تێبینیم نییە، سوپاس.

**بەڕێز سارا فقی خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕوونكردنەوەكەی من بەڕێز كاك تەلعەت باسی كرد, سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگە یەكی ماددەكە كە باس لە گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە دەكرێت, خۆتان دەزانن ئەو ناوچانە هەمووی وێران كراون, هەرچی گوندە نەماوە, شارو شارۆچكەكان تەماشا دەكەین لەو پەڕی بێ خزمەتگوزارین, بۆیە ئەگەر بكرێ ئیزافەیەك بكرێتە سەر ئەو بڕگەیە لەگەڵ گەڕاندنەوەی كار بۆ ئەو ناوچانەو ئاوەدانكردنەوەیان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەرچەندە دەڵێین موداخەلە نەكەن لە ئیش وكاری وەزارەتەكان, وەزارەتەكان ئیشیان هەیە و هەریەكە ئیشی خۆی هەیە, كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم لەجیاتی ناوچە دابڕاوەكان, ئەگەر بكرێت ناوی ناوچەكان بگوترێت, یاخود ئاماژە بە ماددەی 140 بكرێت, سوپاس.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنسبەت خاڵی یەكەم باوەڕ ناكەم ئەو وەزارەتە ئەو صەلاحیەتەی هەبێت یەكسەر ڕاستەوخۆ بڵێین (اعادة ربط المناطق) چونكە ئەوە قەرارێكی سیادیە و پێویستی بە حكومەتی عێراقیش هەیە, بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەوە ئیعادەی صیاغە بكرێت بەم شێوەیە (العمل على كل ما من شأنه ان یساعد على اعادة ربط مناطق المقتطعة) نەك (المقتطة من كوردستان) و ئیزافەی كلیمەی(فیدرالی) (خلال التعاون مع الحكومة الفیدرالیة العراقیة) سوپاس.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو ئەندامێكم لە لیژنەی (58) دەمەوێ قسە بكەم, تەبعەن دوێنێ كۆبوونەوەمان هەبوو ئەو مولاحەزاتانەی كە دوێنێ كردمان پێویستە ئەمڕۆ لێرە تەرح بكرێت, بەتایبەتی لیژنەكەی ئێمە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بەو وەزارەتە, بەتایبەتی ئیشەكانی پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە هەیە, بەهەر حاڵ من بەشبەحاڵی خۆم پێم وایە یەكێك لە گرنگترین ئەركەكانی ئەو وەزارەتە, ئەگەرچی پێش ئەوە من لەگەڵ ڕایەكەی جەنابی وەزیرم, ئەم وەزارەتە دوای ماددەی 140 یش كە جێبەجێ دەكرێ و مەشاكیلی

ئەمێنێ و پێویست بە ئیش کردن دەکات, بەڵام زەروورەت وایە لە ماددەی یەکدا تەرکیزی ئەساسی بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ماددەی 140, یانی قەصدم وایە ئەو ماددەیە تەسبیت بکرێ لەو بڕگەیە و بەو شێوەیە بێت, من لەگەڵ رایەکەی لیژنەی یاسام کە لە بیدایەت کارکردن بێت واتە (العمل علی), بەڵام لە ئەخیردا وای لێ بێت ( کارکردن بۆ بەستنەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بە هەرێمەوە بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بۆ پیادەکردنی حوکمەکانی ماددەی 140ی دەستووری فیدرالی, یانی بەو شێوەیەی لێ بێت باشترە بە رای من, چونکە ئەو ئەرکە ئەرکێکی ئەساسی ئەو وەزارەتەیە بەراستی, ئەوجا ئەرکی دووەمی مەسائیلەکانی ترە پەیوەندی بە شێوەیەك لە شێوەکانی وەزارەت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رایەکەت مەنتیقی تێدایە, فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز محمد احسان/وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو جێگایەك هەر فیدرالیە, کەلیمەی ئیتیحادی تەرجومەی عەرەبی کەلیمەی فیدرالیە, ئەگەر بێتو بە ناوچەکان هەمووی بڵێی لە قانونەکە بە حەقیقەت هەندێ شت هەیە, یانی لەسیاسەتدا هەیە ناتوانین بڵێین واتە ئەو ناوچانە دیاری نەکراون بەناوی چین, لە قانونی ئیدارەی دەوڵەت هاتووە (متنازع علیها) ئێمە (تنازع)مان گۆڕی وتمان ( المتقطعة) لەبەر ئەوەی ئیمانێکی موتڵەقمان هەیە کە ئەو ناوچانە دابڕاون لە کوردستان, بۆ تەواجود بوونە لە عەمەل, (خلال التعاون مع الحکومة العراقیة لتطبیق احکام الدستور الاتحادي), چونکە ئەحکامی دەستوور زۆرە, ماددە هەیە عیلاقەتی بەم ناوچانە نەك بەس ماددەی 140, تەوزیعی مەواریدە, تەوزیعی سەروەیە, ئەو مەناتیقانە لە هەموو مەناتیقەکانی تر زەرەرمەندترە, ئەگەر ئەو ناوچانە هاتنە سەر کوردستان کارێك بکەین کە چۆن حصەیەکی باشی واریداتی عێراق بێتە تەرخان کردن, ماددەیەکی تری دەستوور هەیە دەڵێت (مواریدی عێراق دێتە تەرخانکردن لەسەر ئەساسی مەناتیقی موتەزەریرە) هەرچ مەنتیقەیەك لە عێراق موتەزەررتر نییە بۆ کاری ئەمە, یانی بۆ کاری ئەم وەزارەتە موتەعلیق نییە بەس بە گۆڕانی ماددەی 140 و تەنیا, بە هەموو تەتبیقاتی دەستووری ئیتیحادی لەسەر ئەم ناوچانەیە بووە, یانی ئەگەر وەزارەتێك دە ساڵ دامەزرا بوو بۆ تەتبیق کردنی ماددەی 140, موستەشارێك بۆ دامەزراندن ئەم ماددەیە یان نوێنەرێك بێتە دامەزراندن, یان مەلەفێکی سیاسییە بۆ وەختێکی موعەیەن, فەترەیەکی تەحدید کرا قەد وەزارەتێك نایەتە دامەزراندن, یەکێك تەکلیف دەبێ بۆ ئەم مەسەلەیە تاکو کۆتایی دێت, نەك وەزارەتێك دێتە دامەزراندن, ودامەزراندنی وەزارەت لەم هۆڵە دەرچووە, ئەم هۆڵە بڕیاری دامەزراندنی ئەم وەزارەتە دەدات, نەك جێگیر نەك وەڵڵا ئەمڕۆ ئەم وەزارەتە حاجەتی نییە و رۆڵ و ئەرکەکانی دیار نییە, ئێوە ئەو ئەرکەتان دابین کردیە, لەدوای ئەوە شەرەفی وەزارەتەکە بە من دراوە, یانی قەرارەکە لێرە دەرچووە, ئینجا ناویش لێرە دەرچووە, فکرەی دامەزراندنی وەزارەتیش هەر لە قانونی پەرلەمان دەرچووە, نەك لە ئەنجومەنی وەزیران, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ مولاحەزەكانت، بەڵام یەك تێبینی هەیە، ئەوەی ماددە 140 پەلەی لێ بكرێت باشە، بۆ؟ چونكە تۆ دەڵێی هەوڵدان، كاركردن بۆ ئەوەی رەبتی ئەو ناوچانەی دابڕاون بە كوردستان، ئەمەش ئالیەتی گەڕاندنەوەی ماددەی (140) دەكەیە، ئەوە رێگە لەوە ناگرێت كە تۆ شتی تریش بكەیت، ئەو ماددەیە جوملەكەی سەرەتاكەی دەڵێت (العمل على اعادة ربط المناطق) ئەوەش بە چ دەكرێت، بە ماددە (140) دەكرێت، چونكە تەفسیرەكە باشتر دەبێت، نازانم رەئیی لیژنەی قانونی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ئەسبابی موجبە ئەوەمان درج كردووە بەراستی، ئیشارەتمان بە ماددە 140 داوە (تنفیذاً لاحكام مادة 140 من الدستور) لێرە دووبارە ماددە 140 دووبارە بكەینەوە، بەراستی لە ئەسباب موجبەكەش كەم دەكاتەوە، ئێمە قانونێكی گەورە و گران یەك لە ئەسباب موجبەكەی ماددە 140، بێین لە ماددەیەك گچكەی بكەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر بەحەقیقەت كاك شێروان ئەوە موشكیلە نییە، ئەوە ماددەیەكی مولزەمە، دیباجە مولزەم نییە، ئەو ماددەیە تەئكیدی دیباجە دەكاتەوە، دیباجە خولاصەی قانونەكە دەكات، فەرموو كاك د. كمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت كوردستان زۆر جێی لێ بڕاوە، بەرەئیی من با شامل تر بێت، تەحدید نەكەین بەوە، چونكە هەر ئەوەندە نییە، شوێنی تریشی لێ بڕاوە، ئەمە یەك، دوو، بەنسبەت ماددە 140 لە داهاتووی پرۆژەكە یان مودیریەتێك ئیزافە بكەین بۆ تەتبیع و ئاسایی كردنەوە و ئیحصا و گەڕانەوەی دیموگرافی، كە ئیشێك قسمێك بێت لە ئیشی وەزارەتەكە و بۆ پەرەپێدانیش، ئەوە لە داهاتوو ئیزافەی بكەین، بەڵام ئەمە بەرەئیی من وەكو لیژنەی یاسایی كە پێشنیاری كردووە بەو شێوەیە بمێنێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو پێشنیارم هەیە لەو فەقەرەیە، پێشنیاری یەكەم لیژنەی یاسایی باسیان كرد كە دەبێت بگوترێ (العمل على اعادة ربط) نەك (اعادة ربط) لەبەر ئەوەی (اعادة ربط) تەنیا ئەركی ئەو وەزارەتە نییە، لیژنەیەك هەیە لە بەغدا پێك هێنراوە و سەرۆكایەتی كۆمار بەشێك لەو ئەركەی هەیە، بۆیە دەڵێم دەبێت بگوترێت (العمل على)، لە كۆتایی فەقەرەكە دەڵێ (لتطبيق احكام الدستور الاتحادي)، ئێمە واتێی

دەگەین کە (لتطبيق احكام الدستور الاتحادي) بویتە ئامانجمان تەنیا, بەڵکو بە تەتبیقی دەستووری ئەو شوێنە دابڕاوانە بێت, بۆیە لە جیاتی (لتطبيق) بگوترێت (بتطبيق), سوپاس.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت من صیاغەیەکی ترم هەیە و تەئکیدیشە هەر لەسەر ماددەی 140, چونکە (تقيد الاحكام العامة) و تەئکید کردنەکەشی بە پێویستی دەزانم, جا ئەگەر مەجال هەبێت صیاغەکە بخوێنمەوە (العمل على اعادة ربط المناطق المقتطعة من كوردستان بالاقليم من خلال التعاون مع الحكومة العراقية لتطبيق المادة 140 و الاحكام الاخرى من الدستور الاتحادي), یانی ئەحکامەکانی تریشی چی هەبێت زمنی ئەوەیە, ماددەی 140شی تێدا بەهێز ترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لەسەر دوو شت خیلاف هەیە, (العمل) یان هەوڵ دان یان کارکردن, (على المناطق المقتطعة من كوردستان بالاقليم من خلال التعاون مع الحكومة العراقية لتطبيق احكام الدستور لاقليم كوردستان), لەوە خیلاف هەیە هەندێك دەڵێن (لتطبيق المادة 140), ئەوەی دەخەمە دەنگدان, ئەوەی لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێ کە لیژنەی قانونی ئیقتراحی کردووە, تکایە صیغەکە بەم شێوەیە (العمل على اعادة ربط المناطق المقتطعة من كوردستان بالاقليم من خلال التعاون مع الحكومة العراقية لتطبيق احكام الدستور الاتحادي), فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

العمل على اعادة ربط المناطق المقتطعةمن كوردستان بالاقليم من خلال التعاون مع الحكومة العراقية لتطبيق احكام الدستور الاتحادي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێکی تر هەیە لە نەتیجەی موداخەلەی ئێوە کراوە وئەوانە کە ئیزافەی ماددەی 140 بکرێت,(لتطبيق المادة 140 من الدستور), جاری یەکەم, تۆ دەڵێی گەڕاندنەوەی ناوچەکانی تری هەرێم بۆ هەرێم, ئەمە یەك ئالیەتی بۆ دانراوە لە ماددە 140, ئەحکام ئوخرای چی, بزانین یەکەم جار تاکو تەصویتی بۆ بکەین, لەبیر مەکەن جوملەکە تەسلسولە, گەڕاندنەوەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ سەر هەرێم, ماددە 140 هەیە, چی تر هەیە تاکو ئیزافەی بکەین, دەستووری هەر ئەوەیە, ئەوەی یاسایی کە خوێندیەوە, ئەوەی ئیزافەی 140 ئەصڵەکەی بێ 140 دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات؟ عەفو کاك  فرست دەڵێ ئەوەل جار موقتەرح دێتە تەصویت, کە لەنەتیجەی قسە کردندا

کەدەڵێ 140 ەکە, کێ لەگەڵ ئەوەیە کە 140 ەکە ئیزافە بکرێت دەستی بڵند بکات؟ 36 کەس لەگەڵە, کێ لەگەڵ نییە؟ کاک شێروان تەوزیحی هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت لە بیدایەتی جەلسە دەستت پێ کرد وتت ئەو ئەندامانەی کە لە لیژنە دەنگیان داوە تەقلیصی قسەیان بکەن, ئێستا نەك تەقلیصی قسەیان بکەین, بەڵکو من ڕەچاوم کرد سێ ئەندامی لیژنەی یاسا بەداخەوە لە مەحزەری لیژنە ئیمزایان کردووە کە لەگەڵ ڕەئیی ئێمەن, و ئێستا موخالیفی ڕەئیی ئێمەن, ئەوەش ناکرێت بە حەقیقەت, یەکیان کاک کریم, دووەمیان کاک دلێر, سێیەمیان دکتۆر نوری, وکاك زاناش, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبدەئیەن قسەکەی لیژنەی یاسا ڕاستە, بەڵام لە نەتیجەی موناقەشە کە موقتەرەحێك دێتە پێشەوە تازە بێت, ئەو ئەندامەی کە ئیمزای کردووە, خۆ کەلەبچەمان لەدەست نەداوە, بەڵام بڵێ بەداخەوە من ئیمزام کردووە و تەرح کراوە, فەرمووو کاک کریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەگەر مەسەلەی زیکر کردنی ماددەی 140 زیاتر کەڵکی هەیە بۆ ئەوەی لەو یاسایەدا هەبێت, نەفسی مانا دەگەیەنێت, بۆیە من دەنگم بۆدا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانم نەفسی مانا دەگەیەنێت, منیش لەگەڵ تۆم, فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لە هەموو دانیشتنێکی دنیا کە وەکو جەنابت فەرمووت ئەگەر دەنگەکان وەکو یەك بوون, سەرۆکی پەرلەمان دوو دەنگە حەسم دەکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆن بوو کاک عوسمان, بەتەخمینی من 35 بە 35 بوو, بە تەخمینی وان 34 بە 35 بوو, ئەگەر بەتەخمینی من بێت ڕاستە, بەڵام خیلاف هەیە 34 بە 35, جارێکی تر دەیدەینە دەنگدانەوە, ئەوەی لەگەڵ ئەوەیە کە ئیزافەی 140 بکرێت دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ 41 بە 41 و دەنگی منیش لەگەڵ ئەوەیە ئیزافە بکرێت, کەواتە حەسم کرا, بە حەقیقەت خۆی فەرقێکی گەورەی تێدا نییە, بەڵام ئەو تەجروبەیەشمان کرد لە پەرلەماندا سوپاستان دەکەم, من مولاحەزەکەم سەحب دەکەمەوە, کە

36 به 35 بوو، دیار بوو ئەو پێنج شەش دەنگە لەملا و ئەولا دەستیان بەرزنەکردبۆوە، بەڵام لە دەنگداندا دەنگیان دا، ئەوە نەبوو لەبەر پارتی و یەکێتی بێت، سوپاسیان دەکەم، ئەوەی ئێستا کە ئیزافە کراوە لیژنەی قانونی بیخوێنێتەوە، تاکو بیخەینە دەنگدان، خاڵی یەکەم بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

العمل على اعادة ربط المناطق المقتطعةمن كوردستان بالاقليم من خلال التعاون مع الحكومة العراقية لتطبيق احكام المادة 140 من الدستور الاتحادي

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ماددەکەیە دەستی بڵند بکات؟ سوپاس، کێ دژیەتی؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئەوە چونکە خیلافی لەسەر بوو، بۆیە بەجیا دەنگمان لەسەردا، ئەوانی تر هەمووی پێکەوە دەنگی لەسەر دەدەین، ئەو ماددەیەی خیلافی لەسەر بێت و حەسم نەکرێت و تەراجوع نەکەن ئەو تەرەفانە، ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو دووەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

2–التنسيق في السلطات والوزارات الاتحادية في كل ما يتعلق بضمان حقوق اقليم كوردستان واعادة رسم الحدود الادارية لكوردستان وفقا للدستور.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

2- هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەستەڵاتداران و وەزارەتەکانی فیدراڵی دا، لە هەر شتێکدا پێوەندی بە زامنکردنی مافەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەبێ و، بۆ سەر لەنوێ دەستنیشانکردنی سنووری ئیداری کوردستان، بەپێی دەستوورەکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لیژنەی یاسا هیچ مولاحەزەیەکمان لەسەر ئەو بڕگەیە نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان وایە بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە:

هەماهەنگی و هاوکاری کردن لەگەڵ وەزارەتە فیدراڵیەکان لە پێناوی پاراستنی مافەکانی گەلی کوردستان, نەك هەرێمی کوردستان, بەتایبەت کوردستانیانی دەرەوەی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داش نەما, داشەکەمان شەرح کرد و حەسم بوو.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە قسەمان هەبوو, وەڵاممان هەبوو بۆ کاك جەنابی وەزیر, کە ئەو قسەی کرد, بەڵام دەرفەت نەبوو, کۆمەڵێك هۆکار هەنە, بەڕای من ئەوە حەسم نابێ, چونکە هەتا ئێمە قانون دابڕێژین هەموو رۆژ ئەو مەسەلەیە دووبارە دەبێتەوە, ئێمە کۆمەڵێك هۆکار هەیە کە پشتی پێ دەبەستین و پێمان وایە رەئیەکەشمان گونجاوتر بووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ رەئیەکەت وایە بەسەرچاو, ئیحترامی رەئیت هەیە, بەڵام ئەمە ئیختیصاصی خۆیان هەیە, لیژنەی قانونیە و وەزیر خۆیەتی و صیاغەیە, وتمان ئەوە یەکەم خاڵ لە قانونەکە پێت دەڵێ هەرێم یانی هەرێمی کوردستانی عێراق, تەواو یانی لە کێ ناوی هەرێم هات واتە هەرێمی کوردستانی عێراق, ئەوە تەواو بووە و شەرحی کردووە, لەبەر ئەوە مەسەلەیەکی قانونیە, منیش فێر بوومە, کە تازە هاتبووم ئەو موستەلەحاتانە فێر بووم, بۆیە وەڵامت دەدەمەوە, وەزیریش هەمان شتی تەئکید کرد, فەرموو.

**بەڕێز محمد احسان/وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیگری رەئیی لیژنەی قانونی دەکەم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە با ناوەکان بنووسین, فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(التنسیق مع السلطات و الوزارات الاتحادیة في کل مایتعلق بضمان حقوق اقلیم و شعب کوردستان و اعادة رسم الحدود الاداریة للاقلیم وفقا للدستور)لە جوملەیەك دووجار کوردستان تیکرار کراوەتەوە, بەرەئیی من جوملەکە رەکیکە ئەگەر دووبارە بکرێتەوە یەك شت, دوو هەر اقلیم بە تەنیا نابێت شعبیش لەگەڵی هەبێت, اقلیم و شعب کوردستان اعادة رسم الحدود الاداریة للاقلیم وفقا للدستور , سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەند ئەوە ئیشی وەزیرە, بەڵام من پێم وایە حقوق الاقلیم (کوردستان)ەکە زیادە, ئێمە وتمان اقلیم لەدەستووری خۆمان لەو رۆژانە دیاری کردووە سنوورەکەی چییە, حەقی اقلیم ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە,

ئینجا رەسمی حدود لەبەر رۆشنایی ماددەی 140 لکوردستان وفقا للدستور, یانی کوردستانی یەکەم زیادە, فەرمووو کاك احسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان فیکرەم هەبوو, بەڵام (بضمان حقوق شعب کوردستان) یەکەم جار (واعادة رسم الحدود الاداریة للاقلیم کوردستان) یانی جاری یەکەم (اقلیم)ەکە لابرێ و شعب لە جێگای دابنێین, دووەم اقلیم ئیزافە بکرێت, وابزانم واتاکە باشتر دێتە پێش, سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدانیم کە سوڵتات, چونکە ئێمە دەبێ جیای بکەینەوە, سوڵتات ئێمە سوڵتەی قەزائیمان هەیە, سوڵتەی تەنفیزیمان هەیە و سوڵتەی تەشریعیمان هەیە, کە دەڵێ (التنسیق مع السلطات والادارات الاتحادیة) ئەو وەکو وەزیرێك ناتوانێ تەنسیق بکات لەگەڵ سوڵتەی قەزائی لەگەڵ سوڵتەی تەشریعی و لەگەڵ سوڵتەی تەنفیزی, ئەو بەس دەتوانێ لەگەڵ سوڵتەی تەنفیزیدا کاربکات یان تەنسیق بکات, لەگەڵ ئەوەدام کە سوڵتە نەمێنێ هەر بڵێ ( التنسیق مع الوزارات و الادارات الاتحادیە) چونکە سوڵتە ئەبێ بزانین ئێمە سوڵتە هەر تەنها یەك وشە نییە, سێ سوڵتەمان هەیە ئێمە لەناو عێراقدا, سوپاس.

**بەڕێز محمد احسان/وەزیری ناوچەکانی دەرەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لوغەویەن لەگەڵ پێشنیاری کاك جمالم, یەکەم کوردستان زیادە (بضمان حقوق الاقلیم) (الف ولامەکە) زیاد بکرێت, بەڵام (سلطات) بمێنێ, کێشەکانی ئێمە لەگەڵ بەغدا بەس لەسەر سوڵتاتە, تەنفیزیمان نییە, نەك لەسەر سوڵتاتی تەنفیزیە, موشکیلەی ئێمە لەگەڵ جانبی قانونیمان هەیە, موشکیلەمان لەگەڵ قەزا هەیە, موشکیلەمان لەگەڵ محکەمەی ئیتیحادیمان هەیە, موشکیلەمان لەگەڵ پەرلەمانی عێراقی هەیە, چونکە موئەسەسەیەکی حکومەت بە رێگای ئەو موئەسەسە دانوستاندن لەگەڵ هەموو نەوعە سوڵتات دەکەین لەگەڵ حکومەتی عێراق, ئەمە شەرت ئەوە نییە ئێستا حەقیقەت وایە, ئەمە لەهەندێ وڵات پێی دەڵێن (ئینتفەرگریمینتر یونستری) وەزارەتێك کە بتوانێ تەنسیق لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی, و تائێستاش حکومەتی فیدرالی لەم وڵاتە نەهاتۆتە دی, هەر سەترەکەیە, دەبێت دەزگایەکی حکومی هەبێت, فەراغێك هەیە لای ئێمە لە کوردستان, ئەمە سێ ساڵە لەسەر تەجروبەی حکومەتی هەرێم, لەسەر تەجروبەی هەردوولا, ئەگەر بێی سەیری کێشەکانی ئێمە بکەی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ, سەبەبی نەبوونی دەزگایەکە کە تەنزیمی ئەم کارانە بکات لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ, تووشی زۆر کێشە بووینە لەسەر میزانیە, لەسەر مەسائیلی قەزا, لەسەر مەحکەمەی عولیا, لەگەڵ پەرلەمان, حەقیقەت غەرەزمان ئەوە بووە, نەك شتێکی تر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەو خاڵە وابزانم گرفت لە تەرجومەکەیەتی, یانی تەرجومەی دەسەڵات لە سوڵتات دەستەڵاتداران نییە, دەسەڵاتەکانە, هەڵەکە لە کوردیەکە دروست بووە, یانی دەسەڵاتداران عادەتەن شەخصێکە, بەڵام سوڵتات ئەو جیهاتە مەشروعە تەشریعانەیە کە لەپەرلەمان سوڵتەی قەزائین, وەکو سوڵتەی یاسایی وئەوانە, گرفتەکە لەوەدایە, منیش پێم وایە ئیش لەسەر ئەو ناوچانە بکات کە دابڕاون, من قسەکەم لەسەر ئەوەیە سەرەتا تەنسیق کە لە کوردیەکە بە هەماهەنگ هاتووە, هەماهەنگی یانی تەزامون, تەنسیق یانی هاریکاری, هەماهەنگی هەڵەیە, ئەبێ بڵێین هاریکاری لەگەڵ وەزارەتەکانی عێراقی فیدراڵدا, نەك هەماهەنگی, هەماهەنگی یانی تەزامون, ئەمە وەکو زمانەوانی, لەوەی تردا (فیما یتعلق بضمان حقوق اقلیم کوردستان) ئیتر حقوقی ئیقلیمی کوردستان یانی ئەرازی دەگرێتەوە, حقوقی ماددی دەگرێتەوە, حقوقی مەعنەوی دەگرێتەوە, لێرە کە واوێکی بۆ داناوە (واعادة رسم المناطق الاداریة) بەشێکە لە حقوقی ئیقلیمی کوردستان, لە ئەصڵدا موتەزەمینە, بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر لێی قووڵ ببینەوە, ئەبێ جیای بکەینەوە, بڵێین یان (ومنها) بۆ گرنگی پێدان, یانی ئەو خاڵە لەهەموویان بە گرنگی تر سەیری بکەین, ئەگینا خۆی ئەوە کافیە بڵێین (بضمان حقوق اقلیم کوردستان) یانی ئیداریەکەی و مەناتیقەی بەشێکە لە حەقی, یانی خاك بەشێکە لەم ئیقلیمە, لەهەموو دنیا وایە, یانی حکومەت هەیە بریتی یە لە خاك و خەڵك و ئەو ئیدارەی کە هەیە کە ئەڵێن حقوقی شەعبی کوردستان خاکەکەش دەگرێتەوە, ئەو مەناتیقانەش دەگرێتەوە, بەڵام بۆ زیاتر ئیهتیمام, یان ئەبێ بڵێین (ومنها) یان بڵێین (وبالاخص), یانی گرنگیەکی زیاتر بدەین بەوە, لای ئێمە ئەوە زۆرە, نەڵێین (وفقا للدستور), ئاگامان لێ بێت لەدەستوور بەراستی من بۆ ئەو ماددەیەی پێشیش ئەو ئیقتیراحەم هەبووە, یانی ماددەی یەکەم کە بڵێین ماددەی 140 (المناطق المشمولة بالمادة 140) چونکە (وفقا للدستور) دەستوور هێشتا ماددەی 103 لە دەستووری عێراقی موەقەت هاتۆتە ئێرەش, ئەم دەستوورە هەمیشە دژایەتیەکی هەیە بەرامبەر ماددەی 140, ئەبێ ئاگامان لێ بێت, ئێمە ئەبێ زیاتر گرنگی بە ماددەی 140 بدەین, یانی لێرەش نەڵێین وفقا للدستور, بەڵکو بڵێین بەپێی مادەی 140, سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەقریبەن ئەوەی کاك محمد فرج باسی کرد ئەوەی منیش هەر ئەوەیە, بەڵام من ئەوەی وەکو تەعبیرێك وەکو صیغەیەکی باش حەز دەکەم بیخوێنمەوە, (هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتەکانی فیدراڵ لە هەر شتێکدا پەیوەندی بە مافەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەبێت بە گوێرەی ماددەی 140 لە دەستووری هەمیشەیی عێراق) سوپاس.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارێكم هەیە ماددەی سێ, بڕگەی دوو ئەگەر ئەوە زیاد بكرێت (مافەكانی هەرێمی كوردستان هەبێت و بۆ سەرلەنوێ دەستنیشان كردنی سنووری ئیدارەی كوردستان) زیاد بكرێت, یانی بەپێی جوغرافیای پێشوو, یانی دیاریكردنی سنووری ئیدارە كوردستان بە پێی ئەو ناوچانەیە كە جوغرافیا و مێژووی كوردستان دەگرێتەوە, ئەوە یەك, دوو كاك عزالدین رایەكی هەبوو ئەڵێ ئەو دەستوورەی دیاریكردووە, دەستووری هەرێمی كوردستان, دەستووری عێراقە, و بەپێی دەستوور دەستوورەكە دیار نییە, زۆر وازح نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم بڕگە ئەگەر بەم شێوەیە بە موتڵەقی وەربیگرین, بەرای من ئەوە پێچەوانەی ماددەی دووی قانونی سەرۆكی هەرێمە, لەبەر ئەوەی لەوێ ئەڵێ سەرۆكی هەرێم (یتولی تنسیق بین السلطات الاتحادیة وسلطات الاقلیم) ئەوەی كە سۆزان خان وتی, بەراستی سوڵتات لە موستەلەحی قانونی سوڵتاتی تەنفیزی و تەشریعی و قەزائی ئەگرێتەوە, ئەگەر ئێمە تەماشای بكەین, یانی بەراستی ئەوە پێچەوانەی ئەو ماددەیە ئەگەر ئێمە بێتو بە موتڵەقی وەریبگرین, سوپاس.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(التنسیق مع السلطات والوزارات الاتحادیة في كل ما یتعلق بضمان حقوق شعب كوردستان و اعادة رسم الحدود الاداریة للاقلیم) بەبێ ئەوەی باس لە دەستوور بكەین, هەتا ماددەی 140یش چونكە كۆمەڵێك ئێستا لایەنی دەرەكی و ناوەكیش ئێستاكە لە هەوڵ و تێكۆشاندان, بۆ ئەوەی كەوا ناوەڕۆكی ئەو ماددەیەش پوچەڵ بكرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا منیش ئەگەر كاك دكتۆر ئیحسان ئیجازەم بدات و لیژنەی قانونیش, پێم وایە ئەو مولاحەزەیەی كاك عادل دای دەبێ رەچاو بكرێت, یانی شتێك نەنووسین لەگەڵ ئیختیصاصاتی حكومەت و سەرۆكی حكومەت و سەرۆكی هەرێم تەناقوض بكات, لەبەر ئەوە من پێم باشە لێرە بنووسرێ ( التنسیق مع السلطات والوزارات الاتحادیة في كل ما یتعلق بضمان حقوق شعب كوردستان في حدود صلاحیات الوزارة), ئەگەر ئەوە نەنووسی لەگەڵ دەسەڵاتی حكومەت تێكەڵاو دەبێت, ئێمە لێرە لە صەلاحیاتی سەرۆكی هەرێمدا ئەو مونەسیقە لەگەڵ حكومەتی فیدراڵ, دەسەڵاتی حوكمەت ئەو نووسراوە بە روونی لەوێ نووسراوە, دووەمیش وەزارەتەكەش زیادە,(التنسیق مع السلطات) عام دەگرێتەوە, چونكە لەگەڵ ئەوە نیم بەس لەگەڵ وەزارەتەكان بێت, لەگەڵ سوڵتاتیش دەتوانێ بیكات, لەگەڵ سوڵتەی تەشریعیش دەتوانێ بیكات, كوتلەیەكی تەحالوفی كوردستانی هەیە هەندێ مەسائیلی هەیە دەیەوێ لە پەرلەمانی عێراق ئیسارەی بكات, دەبێ

ئتیسال و تەنسیقیان لەگەڵ بکات, بەڵام شتێك بڵێن لە دەسەڵاتەكەیدا كە لەسنووری واجباتی وەزارەتەكە, كە تەنفیزی ماددەی 140 ە, ئەوە تەنسیق لەگەڵ سوڵتات (بضمان حقوق شعب كوردستان), هەمووی دەگرێتەوە, بەڵام ئەگەر بڵێی (لتطبیق المادة 140) ئەوە ئیمكان هەیە جائیزە, (لتطبیق الواجبات المرسومة للوزارة) یان (لمهام الوزارة) شتێكی وا دەبێت, فەرموو كاك نوری.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕوونكردنەوەیەكم هەیە, ئەو وەزارەتە و وەزارەتەكانی تری ئەنجومەنی وەزیران, هەروەكو لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستاندا هاتووە و ئاماژەمان بۆ كردووە ئەرك و كارەكانیان هەمووی لە ژێرچاودێری سەرۆكی هەرێمی كوردستان جێبەجێ دەكەن, لەبەر ئەوە وەزارەت بەشێكە لەو دەسەڵاتە گەورەیەی كە پێی دەوترێت دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن, كارەكانی هەر لە خۆیەوە ناكات هەر لە ژێر چاودێری سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە دەیكات, سوپاس.

**بەڕێز محمد احسان/وەزیری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەتوانین ئێمە زۆر خۆمان نەكەینە صاحێب لە مادده 140, ماددەی 140 یەكێكە لە وەسائیلی جێبەجێ كردنی بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی كوردستان, مانای ئەوە نییە وەك عەرەب دەڵێن (خلي كل بیضات نفس اللون وحدة) مانای یەك پیلانمان هەیە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە تەنیا ماددەی 140 بێت, وماددەی 140 یەك وەختی هەیە عەمەلی, ماددەی 140 ڕێگایەكە, نەك لە ماددەیەكی تر خۆمان لەو كێشەیە ڕزگار بكەین, نەك هەر ماددەیەك بێت بڵێین وەڵڵا ماددەی 140 و ماددەی 140و تا دوایی, لە دیباجەكە هاتووە, ئەتوانین مدیریەتێكی عام لەسەر پێشنیاری ئێوە ئیزافەی بكەین بۆ جێبەجێ كردنی ماددەی 140, ئەوەش لە ئاخیردا دەتوانین بەبڕیارێك بێت, یان مدیریەتێكی عام كە زۆر لە دەسەڵاتی وەزیرەو كە پەرلەمان ئەو صەلاحیەتەی بە هەر وەزیرێك دایە, كە ئیزافەی مدیریەتێك یان فەرعێك بكات, هەتا (خارج مناطق متقطعة) بێت, ئەو پێشنیارەشمان هەیە, ئەگەر ئێمە لە ئێستاوە لەسەر پێشنیاری جەنابت ئێمە لە مەرحەلەی مهامین, پێویست دەكات لەم مەرحەلەیە و لەم ماددەیە مەهامی وەزارەت دیاری بكەین, یانی پێشنیاری جەنابت بە حەقیقەت كەمایەتیەكی تێدا هەیە, پێویستە ئێمە لەم وزوحی مەهامەتە دیاری بكەین, نەك بڵێین (ضمن مهام الوزارة) وەزارەت تا ئێستا ئێمە لە خانەی دووەمین, ئەگەر دیاری نەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازەم بدەی یەك حەرف شەتب بكەین, ڕەنگە عەینی مەهام بگەیەنێ, ئەو (واو)ە لابدەین بیكەینە (لام), (لاعادة) بێ واو, ئەوە حقوقی شەعبی كوردستان لێرە عەینی مەفهومەكەی من دەگرێتەوە,

لەحیاتی (واعادة) بکرێتە (لاعادة رسم الحدود الادارية لكوردستان) بەپێی دەستورەکە باشە, فەرموو کاك دکتۆر.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كركوكي):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەم بدەن, دەمەوێ بە حەقیقەت بزانن کە ئەم وەزارەتە وەزارەتێکی زۆر زۆر موهیمە, و بەتەواو بوونی جێبەجێ کردنی ماددەی 140 یش کاری تەواو نابێت, بەردەوام دەبێت, یانی ئەمە لە مێشکمان دەرکەین کە ماددەی 140 جێبەجێ بوو ئەم وەزارەتە کاری تەواو دەبێت, ئەمە نییە بۆ مەعلوماتی هەموو ئەو بەڕێزانە, کارەکەشی شاملە کە ئێمە وەکو کاك دکتۆر وتی لە هەموو دنیادا ئەگەر هەر بڵێین ماددەی 140, یانی بەیانی ئەبێ عیمارەیش بهێنینەوە سەر هەرێمی کوردستان وەك پێش ئێستا بڕیارتان لێدا, بەراستی ئەبێ زۆر ورد بین و دووربین بین, ئیشی ئەو مەنتیقانە زۆر گرنگە, ناوچە دابڕاوەکان زۆر گرنگە, بەڵام هەموو شتێکیش رەبت نەکەین وەکو کاك دکتۆر نوری وتی, من سەدی سەد لەگەڵ رایەکەی کاك دکتۆر نیم هەموو شتێك تەرەفێك بێت کە ئەم وەزارەتە دانراوە و مەشاکیلمان لەگەڵ عێراق زۆرە, لە هەموو روویەکەوە, لەوەزاراتی موختەلەف, لە دائیرە, هەتاکو لە ئیدارەی موحافەزەیەکیش مەشاکیل و کێشەمان دەبێت, ئەم وەزارەتە ئالیەتی خۆی هەیە, وەڵامگۆی ئەو کێشانەی کردووە و چارەسەری بکات و لەبن کۆنتڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەم پەرلەمانە بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەنگە من ئیختیلافێکم هەبێ لەگەڵ دکتۆر کەمالدا, ئەبوایە ماددەی 140 جێ بەجێ ببێ وکاری ئەم وەزارەتە نامێنێ, یان ئەبێ ناوی بگۆڕێ, چونکە ئەگەر وتت وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دەرەوە دەبێتە ناو هەرێم, بەپێی تێگەیشتن و مەفهومەکە, فەرموو.

**بەڕێز محمد احسان/وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تۆ دەڵێی وەزیری کاروباری دەرەوەی هەرێم, وەزیری کاروباری دەرەوە نییە, کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم, فەرقێکی زۆر هەیە, ئەگەر بڵێی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و کاروباری دەرەوەی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی کە ناوچەکان گەڕانەوە ناو هەرێم ناگۆڕێ, مەهامیشت دەگۆڕێ, مهامی ئەساسی ئەوەیە بیگەڕێنیەوە سەر هەرێمی کوردستان, لە ناحیەی ئیداری و جێبەجێ کردنی کە گەڕایەوە دەبێ ناوەکەی بگۆڕی, فەرموو کاك ادهم.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤێ ئاخافتنێ دیماهێ جەنابێتە و جەنابێ وەزیرێ, براست ئەز لێرە مەوزعێك دێت لێرە ئەبینم, وەكی جەنابێتە دبێژی ئەگەر سوبە ئەڤ مەنتیقەی دەرەڤەی هەرێمێ بگەڕیا نەفسی هەرێمێ, ئا یا مەعنا ڤە نابێ وەزارەتێ پاشی چییە, یانێ پێ بێژین ئیكسپایەر بێت, كاری وی نامێنێ, بەلێ لە ئەصلدا ئەز هۆ بوو, بەپێی دەستوورا عێراقێ چێ نابێتە هەرێمدا مە وەزارەتێك ناڤێ وەزارەتێ خارجی هەبێت, بەرەئیا من ڤە وەزارەت چ شتێك لە ناڤەییە یان دەورەكا لە وەزارەتا خارجیە بێنێت, مە بەحسێن وەزارەتێت كرد بەندایەك كو جەنابتە یەخستێتە دەنگدانێ و بە رەئیا جەنابێتە زۆربەی دەنگ بەس بۆ هەندێ بێ ماددە 140 كەفتە تێدا, هەندەكا برایا گۆ ئەمی لەگەلْ 140 داین, ئایا كێ لەگەلْ 140دا نابێت, لێرەدا هاتنە ماددە 140 بۆ ئێك لە مەهامێ وەزارەتێ دیسان بەرەئیا من و بە بۆچونا من و هەمی بۆچوونا جێی رێز و تەقدیرا, لێرا لە مەهامێ ڤێ وەزارەتێكێ زەعیف دەكا, لە حەقیقەتدا مەهامێ ڤێ وەزارەت مەهامێكی مەزترە, هیچ شتێك لە مەهامێ كەركووك مەزتر نییە یانێ جێی ئەوێ نەبێ لوكیل وەزارەت مەهامێ وەزیر مەزترە لەڤێ هەندێ, دەورەكا نیمچا وەزارەتا خارجی, یاد بینین نەك بۆ ئەمرۆ بۆ سبا بۆ داهاتیا كوردستانێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی پێتان چۆنە ئەگەر ئەو واوە لاببەین ببێتە (لاعادە) ئەو ئیشكال و ئەوانە ئیجماعێكی لەسەر دەبێت, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە مانعمان نییە ئیزافە بكرێ لامەكە, بەلام یەك دوو مولاحەزەی بچوكمان هەیە ئەگەر لێمان وەربگری, یەكەم ئێمە لەگەلْ ئەوە نین ماددەی 140 تیكرار بێتەوە لە فەقەرەكە, بەشێك وەكو مەبدەئێك, لێرە تەنیا مانعمان نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یانی (دفعاً للاشكال), بۆ ئەوەی لەگەلْ دەسەلاتی سەرۆكی هەرێم تێكەلاوی نەبێت, ئەوان دەسەلاتی خۆیانە, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەو كیتابەی كە دەرچووە لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە كە بە ئیمزای بەڕێز نوری مالیكیەوەیە, ناوی وەزیری دەرەوەی هەرێم نەهاتووە وەكو مەنصب, بەلْكو نووسراوە (ممثل عن اقلیم كوردستان) یعنی ئەوان هەتا ئێستا وەكو تەنزیمی عیلاقەی بەینی هەرێم و مەركەز نەكراوە, لەبەر ئەوە كە تۆ باس لەوە دەكەی, ئێستاش سوورم لەسەر ئەوەی كە ئەلێ سولْتات وەزارەتێك لە هەرێمێك كە ناتوانێ نە لەگەلْ سولْتەی

تەنفیزی و نە لەگەڵ سوڵتەی تەشریعی ونەلەگەڵ قەزائی یا راستەوخۆ کار بکات, بەس خاڵەکەی من ئەوەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر دەتوانی وەختێ بەناوی حکومەتەوە چوون, بەکەیفی خۆیان نییە, ئێستا ئەوان مومەسل عن الاقلیم یانی ئیعتیرازمان کردووە, پێشمان وتون وەزیری هەرێم بۆ ناوچەکانی دەرەوە, بەکەیفی خۆیان نییە, ئەگەر ئەو جوملەیەش کە حەقی خۆیەتی هەندێ برادەر پێشنیاریان کرد (التنسیق مع الوزارات الاتحادیة مع کل ما یتعلق بضمان حقوق شعب کوردستان) لەجیاتی ئیقلیم کوردستان دەکرێ بڵێت (شعب کوردستان) (لاعادە رسم الحدود) ئەگەر مانعتان نییە, وابزانم ئەو موداخەلاتانە بەو شێوەیە ئیشباعی دەکات, ئەگەر جەنابی وەزیریش پێی باشە, فەرموو کاك محمد فرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یانی کە ئێمە دەڵێین حقوق, حقوق عەینی یە و مەعنەویە, ئینجا کە دەڵێین حکومەتیش وازیحە, یانی حکومەت ئەرزە و خەڵکە, یانی کە جەنابت دەڵێی بۆ, (لاعادە) مانای وایە هەر ئەوە ئەصڵە لێرە, ئەی مافەکانی تر.........

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە وەزارەت, ئەو وەزارەتە تەنسیق دەکات لەگەڵ سوڵتاتی ئیتیحادی.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ وەزارەت, ئەگەر تەماشای مەهامەکانی تری بکەی تەنیا ئیشی هەر ئەمەیە, ئەو دوو شتە بگرێتەوە, شتەکانی تری هەمووی بۆ شتی ترە, مەسەلەن تەنسیقەکە لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادیە بۆ ئیتیفاقی ترە, مەبەستم ئەوەیە لەهیچ شوێنێکی تردا ئەم ئیشانە بەم خەستیە نایەت کە باس لە حقوقەکان بکات بە شێوەیەکی گشتی, من ئەڵێم هەر لەسەر ئەوەی پێشووم بڵێین (ضمان حقوق اقلیم کوردستان ومنها اعادة) یانی گرنگیەکی زیاتر بدەین بەوە, یاخود (بالاخص), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر کاکە, دیارە لە موناقەشەکانمان تێ نەگەیشتی, وتمان تێکەڵاوی نەبێت بەینی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتی ئەم وەزارەتە, ئەگەر نەڵێی (لاعادە) حەصری نەکەین و وای بەجێبێڵین لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێم کە یەك لە (تنسیق مع سلطات الاقلیم و سلطات الاتحادیة), بەڵام ئەوە حەصرت کرد (لاعادة).

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر جەنابت هەرچی حقوقی شەعبی کوردستان هەیە ئەیگێڕیتەوە بە رەسمی حدودی ئەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت ئەو وەزارەتەوە, بەنسبەت ئەو وەزارەتەوە ئەیگێڕمەوە بۆ ئەوە, کاکە بنووسن (للاقلیم) جوانترە, ئەوەی یەکەم بمێنێ (حقوق شعب کوردستان لاعادە رسم الحدود الاداریە للاقلیم) ئەوە مەفهومترە, صیغەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

2-التنسیق مع السلطات والوزارات الاتحادیة في كل ما يتعلق بضمان حقوق شعب اقليم كوردستان لاعادة رسم الحدود الادارية للاقليم وفقا للدستور.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە وابزانم وەزاراتیش زیادە, هەر سوڵتات بەس نییە, بوترێت (التنسيق مع السلطات الاتحادية في كل ما يتعلق بضمان حقوق شعب اقليم كوردستان لاعادة رسم الحدود الادارية للاقليم) کەس موعارز هەیە لەوە کە وتمان, دوو کەس موعارزە, مادام ئیعتیراز هەیە بیخوێنەوە با بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

2-(التنسيق مع السلطات الاتحادية في كل ما يتعلق بضمان حقوق شعب اقليم كوردستان لاعادة رسم الحدود الادارية للاقليم

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو نەصەیە دەستی بڵند بکات؟ سوپاس, کێ لەگەڵی نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا, سێیەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

3-التنسيق مع الاقاليم الاخرى في العراق.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

3- هەماهەنگی کردن لەگەڵ هەرێمەکانی دیکەی عێراقدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەیوەندیەکان ئێوە هیچتان هەیە, فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر تەنیا (دیکە) بکرێتە (ئیتر), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی من نازانم لەئێوەش دەپرسم ئایا هێشتا ئەقالیم دروست نەبووە, بۆیە ئێمە تەوەقوع بکەین کە ئەقالیم هەیە و شتی وا هەیە, یانی کاك احسان مەنتیقی ئەوە چییە, فەرمووو.

**بەڕێز محمد احسان/وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستووری عێراق هەیە و ئەقالیمی موحافەزاتیش, (تشکل) ئێستا موحافەزەت هەیە و هەندێك موحافەزاتیش لە شێوەی ئیقلیم دان, ئەمە پێویستە لە دەزگایەکی حکومی هەبێت, دەزگایەك هەبێت کە بتوانێت تەنسیقێك لەگەڵ ئەو ئەقالیمی موحافەزانە بکات, لەگەڵ زۆر شتی موشتەرەکمان هەیە فیکرەی فیدراڵیەت موحافەزاتی کۆن نییە, با تێبگەین, با خۆمان تێبگەیەنین, لازمە کۆمەڵێکمان هەبێت لەگەڵیان قسە بکەین, نەك موحافز لەگەڵ موحافز, حدودی لەگەڵ حدودی, یان ئیقلیم, لازمە بە کۆمەڵێکی رەسمی هەبێت لە رێگای حکومەت, لەسەر ئەو ئەساسەمان داناوە, ئێستا زۆر مەشاکیلمان هەیە لەگەڵ ئیقلیم, موشکیلەی کێشەی ئیداریت هەیە لەگەڵ موحافەزەی موصڵ, لەگەڵ موحافەزەی صەلاحەدین, لەگەڵ جێگایەکی تر, عیلاقاتی تیجاریت هەبێت, مەشاکیلی تەسویق و ئیدارەت هەبێت لەگەڵ ئیقلیمی جنوب, یان ئیقلیمی وەسەت, یان ئیقلیمێکی تر کە بێتە دامەزراندن لەم وڵاتە, پێویستە دەزگایەك هەبێت کە تەنسیق لەگەڵ ئەوانە بکات, ئێمە بۆچوونمان ئەوەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بزانین لەسەر ئەو بڕگەیە کێ دەیەوێ قسە بکات, کاك سردار فەرمووو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونی جەنابتانم بە حەقیقەت ئێمە تاکو ئێستا هیچ هەرێمێکی ترمان نییە, تاکو ئەوە هەبێت, ئینجا نابێ وەزیر باسی ئەوە دەکات کە لە عێراق ئێستا هەندێك موحافەزە هەیە شێوەی هەرێمی وەرگرتووە, ئەوە ئیستیناد ناکات جەنابی وەزیر, بەڵکو زێدەرۆییان کردووە لەقانون, وەکو موحافەزەی بەصراو محافەزەکانی تر, لەگەڵ موصڵ و ئەو شوێنانە کە مەشاکیلمان هەیە, ئێمە لەگەڵ محافەزان موشکیلەمان نییە, لەگەڵ مەرکەز موشکیلەمان هەیە, موشکیلەمان لەگەڵ مەرکەز حەل دەبێت, نەك لەگەڵ موصڵ یان کەرکووك یان شوێنێکی تر, پێم وایە ماددەکە کە وا نووسراوە (التنسیق مع اقالیم اخرى في العراق) نوقصانە, تەنسیق لەبۆ چی, لێرە دەبێ تەوزیح بدەی, (لضمان اعادة ربط مناطق المستقطعة بالاقليم), سوپاس.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم دەمجی ئەو فەقەرەیە بکرێ لەگەڵ فەقەرەی شەشدا, چونکە لەوێ (التنسیق مع الاقالیم الاخرى في العراق) لەوێش هاتووە (تشجيع العلاقات الثقافية و التجارية والاقتصادية بين الاقليم والاقاليم

الاخری)، ئەگەر بڵێین (التنسيق و تطوير وتشجيع العلاقات الثقافية والتجارية بين الاقليم والاقاليم الاخری)، من پێم وایە ماناکەی هەردووکی دەگەیەنێت، سوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سێدا شئونی تەنسیقەکە دیاری نەکراوە، تەنسیق بۆچی؟ لە مادده شەشدا دیاریکراوە، ئەگەر بکرێ لێرەش دیاری بکرێ بۆچییە، دیفاعیە، ئەمنیە، رۆشنبیریە، شئونەکان دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موشکیلەی من زیاتر وازح دەکات، ئەم خاڵە هیچ عیلاقەی بەو وەزارەتەوە نییە، بەرەئیی من ئەگەر بنووسرێ لە موستەقبەل ئەگەر ئەقالیم دروست کرا، ئەبێ وەزارەتێکی تایبەتی دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە بکات، ئیشی ئەم وەزارەتە بەحەقیقەت ئەبوایە لیژنەی یاسایی زیاتر وردەکاری تێدا بکردبایە، من تەبیعی وەکو وتم زۆر سوپاسیان دەکەم کە ئەوەیان دیاریکردووە، بەڵام نەیانتوانیوە تەحدیدی ئیشەکانی ئەم وەزارەتە بکەن، ئەم وەزارەتە وەزارەتی دەرەوە نییە، وەزارەتی چارەسەرکردنی و گەڕانەوەی ئەو ناوچانەیە بۆ ئیقلیمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی دوو مولاحەزەم هەبوو، یەکیان برادەران باسیان کرد، بەڵام مولاحەزەی دووەمم (تنسيق) بەتەنیا زەعیفە، بگوترێت تەنسیق وتەعاون لەگەڵ هەرێمەکانی دیکەی عێراق، ئەوە بەقوەت ترە لە رووی صیاغە و دارشتنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی بڕێك دەبێت شی بکرێتەوە، دەبێ تەفصیلاتی پێ بدەی، ئەگینا نابێ وا، من خۆم نازانم صیغەکە ئەگینا وام پێ باشە، (التنسيق مع المحافظات والاقاليم التي ستتشكل او في حال اذا تشكلت فيما يتعلق بالمناطق الكوردستانية خارج الاقليم) یانی شتێکی وا، نازانم لیژنەی قانونی رای چییە، فەرموو.

**بەڕێز د.محمد احسان/وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رایەکەی جەنابتم (التنسيق والتعاون مع المحافظات والاقاليم الاخرى التي تشكل داخل العراق) بێین تەحدیدی مەناتیقی موتەنازع علیها بکەین، لەبەر ئەمە بە حەقیقەت فەراغێکی تەواوت بۆ پەیدا دەکات، مانای تۆ ناتوانی تەعاون و ئیتصال لەگەڵ هەر موحافەزەیەکی تر بکەی لە عێراق، فەرقیش لە

مابەینی فەقەرەی سێ و فەقەرەی شەش، فەقەرەی سێ باسی داخلی عێراق دەکات، فەقەرەی شەش ماددەیەکی صەریح هەیە لە دەستووری عێراقی لە صەلاحیاتی ئەقالیم (تطویر العلاقات من حق الاقالیم تطویر العلاقات الثقافیة و الاجتماعیة و الانمائیة بین الاقالیم الاخری) ئەو صەلاحیاتە لەدەستووری عێراقی لە فەقەرەی چوارلە ماددەی 121 لە دەستووردا هەیە، ئەمە جیاوازیەکە لەنێوان هەردووکیاندایە، لەفەقەرەی سێش حەقێکی قانونی و فەراغێکی هەیە کە دوایی ناتوانن تەنزیمی عیلاقات بکات لە مابەینی ئەقالیمی کە دروست دەکرێن و محافەزەکانی ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە زۆر سوپاس، کاك فرسەت رستەیەکی وت وەسەت بێ لە مابەینی شتەکان، یانی بڵێین (التنسیق مع المحافظات والاقالیم التي ستتشكل في المجالات التي يحددها مجلس وزراء الاقليم)، یانی مەجلیس وزەرای خۆمان، کاك فرسەت رەئیی وایە نابێ بڵێی ستتشكل، د. نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی پاشەرۆژ دەکەین کە لەدەستووری عێراقی باسی کردووە کە هەرێمی تر دروست دەبێت، من صیغەیەکی ترم نووسیوەتەوە، (التنسیق مع الاقالیم الاخری في العراق في كل ما يتعلق بتشجيع العلاقات الثقافية والتجارية و الاقتصادية والشؤون الاخرى) سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی 117ی دەستووری عێراقیدا هاتووە (2- يقر هذا الدستور الاقاليم الجديدة التي تؤسس وفقاً لاحكام)، هاتووە لە دەستوور، سوپاس.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە تەنها بەعزە گۆڕانی تێدا بکرێت، چونکە باسی ئەوە کراوە کە ئەقالیم هەیە لە عێراق، ئێمە بەپێی دەستووری عێراق کە هاتووە کە ئەقالیم لە ئایندەدا دروست دەبێت، من دەڵێم خراپ نییە ئەگەر بڵێین (التنسیق مع الاقالیم الاخری فی العراق الاتحادی) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆنە، ئەوە زیاتر حەقی لیژنەی قانونیە، ئەوان زیاتر حەسمی ئەو مەوزوعە بکەن، تۆ وتت بە رووتی (التنسیق مع الاقالیم الاخری) ئەقالیم دروست نەبووە، ئەو ماددەیە ئەگەر تۆ لە قانون داتناوە، ناڵێ کوا ئەقالیم، خۆ ئیشی ئەو لیژنەیەش ئێستایە، خیلافێك هەیە لەسەر دروست کردنی ئەقالیم، خەڵکێك

هەیە داوا دەکەن ئەو ماددەیەش هین بکات, تۆ لێرەوە فەرزی بکەی, ئەگەر (ستۆسس) نەنووسی, لیژنەی قانونی ئێوە چ دەڵێن, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەپێی ئەو مولاحەزەتانە دەبێ صیغەیەکی تر دابنێین بەراستی, ئەو صیغەیەش ئەو ئەقالیمە بگرێتەوە کە دروست دەبێت, بۆ ئەوەی بتوانی تەنسیق بەینی ئەو وەزارەتە و ئەو ئیقلیمە بکەی, مەبدەئەکە بەو شکلەیە, ئەگەر مەجالمان بدەیێ صیغەیەکی تر دابنێین, ئەمەش هەندێك وەختی دەوێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەن تەئجیلی بکەین تاکو هەندێك پرسی تریش بکەین, بیرێکی تریشی لێ بکەینەوە, فەرموو محمد فرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وائەزانم فەراغێکی دەستووری هەیە, لە عێراقدا دوو ئەنجومەن هەیە, هیچێکیان ئێستا دەست بەکار نین لە مەجلیسی ئەقالیم, ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە, ئەو کارە لەوێ دەکرێ یانی بە موتڵەقی, تەنسیق لە بەینی ئەقالیمەکاندا لە مەجلیسی ئەقالیم دەکرێ, یانی لە عێراقەوە تا ئێستا نەکراوە, ئەمەش فەراغێکی دەستووریە و ئەبێ بکرێ, بەڵام ئەوەی کە وەزیر وتی شتێکی تەواوە, من دەڵێم دووەم و شەشەم بکەین بەیەك, عەفو بڕگەی سێیەم و شەشەم بکەین بەیەك, یانی تەنسیق و تشجیع ئەبێ شتێك هەبێت, زەرووره و واجبە, ئەبێ شتێك لە مابەینی ئەو ئەقالیمانە هەبێت, نەشترسین بڵێین ئەقالیم بۆ, مادام لە دەستووردا دوو مەجلیس هەیە, ئەبێ ئەو دروست ببێ, لە عەرەبیدا شتێك دەڵێن (باعتبار ما سیکون) یانی تۆ دەتوانی بنووسی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە جیاوازە, شەشەم جیاوازە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم سێیەم نەمێنێ, چونکە ئەوە ئیشی ئەو مەجلیسەیە, ئیشی مەجلیسی ئەقالیمە, بە موتڵەقی, بەڵام ئەمە وەکو وەزارەت دەیەوێ لەگەڵ ئەو ئەقالیمانە پەیوەندییەکی هەبێت, پەیوەندی هەرچەند بڵێی وابزانم ئەوە شتێکی قانونی و دروستە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دەڵێم ئەو خاڵە تەئجیل بکەین و دوای بخەین, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز محمد احسان/وەزیری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای من محافزات ئیزافە بكەین, لەبەر ئەوەی ئەو محافەزاتانەی كە ئێستا كاردەكەن لە عێراق, كارناكەن وەك محافەزاتی كە ئێمە تێی دەگەین پێشتر, یان مەحافەزاتی ئەمڕۆی كوردستانن, مەحافەزەتەكان هەمووی لە عێراق وا كاردەكەن وەكو ئەوەی كە ئیقلیمن, بەحەقیقەت میزانیەی خۆیان هەیە ومەجلیسی خۆیان هەیەو كاری خۆیان دەكەن وەكو ئیقلیم, هیچ رەبتێكیش لەنێوان حكومەت و ئەواندا نییە, ئیستیقلالیەتێكی تەواویان هەیە, یانی ئێمە قەد وا بیر نەكەینەوە كە بەس ئێمە ئیستیقلالیەكی وامان هەیە لە كوردستان ئێمە ئیقلیمین, بۆ نموونە مەجلیس محافەزەی سەماوە وا تەصەروف دەكات كە وەكو ئیقلیمێكی تەواوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەزانی چی حەسمێك بۆ ئەوە, (التنسيق مع المحافظات والاقاليم التي ستؤسس) ئەوە لێرە لە دەستوورەكە هاتووە (التنسيق والتعاون مع الاقاليم والمحافظات الغير منتظم في الاقليم في المجالات التي تحددها مجلس الوزراء) ئەوە پاشی كە تەشكیل دەبێت, ئەوە نابێت, هێشتا قانون دروست نەبووە, ئەوە باشترە (التنسيق والتعاون مع المحافظات والاقاليم التي ستؤسس في العراق) باشە با لەسەر مەسئولیاتی ئێوە, بەڵام من پێم وایە (المحافظات والاقاليم الاخرى في المجالات التي يحددها مجلس الوزراء) فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم كێشەكەمان لەوەوە دەست پێدەكات كە ناوی وەزارەتەكە كاروباری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمە, واتە مەبەستی سەرەكی ئێمە و فەلسەفەی دانانی ئەم وەزارەتە ئەوەیە كە ماددەی 140 تەتبیق بكرێ و ناوچە دابڕاوەكان بگەڕێنەوە سەر هەرێمی كوردستان, ئێمە وتمان لە ناوەكەی تێدەگەین, كەچی كە دێتە ناو مەهامەكان ئەنواعی شتی هاتۆتە ناوێ, بەڵام هەرچی هی وەزارەتەكانی ترە نەك هی ئەو وەزارەتە, چونكە ئەصڵی مەوزوعەكە ئەو وەزارەتە بۆ ئەوە دانراوە, لە دواییدا لە خودی ناوی وەزارەتەكەش كە دەڵێین كاروباری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم, ئێمە كۆمەڵێك لە رووی جوگرافیەوە كوردستانیایێكی زۆرمان هەیە لە دەرەوەی هەرێمی كوردستان, بەڵام لەرووی جوگرافیاوە كوردستانی نین, ئایا ئەوە لە كوێ جێگای دەبێتەوە, لە دواییدا بۆ دەبێت عیلاقەی بەینی هەرێمەكان ئەو وەزارەتە لە ئەستۆی بگرێ, بۆچی خودی حكومەتی كوردستان شوێنێكی نەبێ و مەرجەعێكی نەبێ ئەم عیلاقەیە لە ئەستۆ بگرێ, ئەم وەزارەتە هەوڵ دەدات كە ناوچە دابڕاوەكان بخاتەوە سەر هەرێمی كوردستان, باشە بۆ كاروباری رۆشنبیری هەڵنەستێ بۆ كاروباری بازرگانی, یا وەزارەتی بازرگانی پێی هەڵنەستێ بۆ كاروباری ئابووری, وەزارەتی ئابووری پێی هەڵنەستێ, بۆ ئەم وەزارەتە كاری رەوەندی كوردی لە دەرەوەی هەرێمی كوردستان و لە ئەورووپا و لە ئەمریكا لە ئەستۆ بگرێ, بۆیە من تەصور دەكەم تێكەڵاویەك دروست بووە لە ئەصڵی وەزارەتەكە, پێشنیار

دەکەم جارێکی تر د.محمد احسان ولیژنەی یاسایی وخەڵکانی پەیوەندیدار دابنیشنەوە سەر لەنوێ فەلسەفەی داڕشتنی ئەم وەزارەتە، پێکهێنانی ئەم وەزارەتە بۆچییە، با بۆ ئێمەش ساغ ببێتەوە، چونکە بەعزێك لە ئەرکەکانی وەزارەتی خارجیەی وڵاتێکە، بەعزێك لە ئەرکەکانی ناوچە دابڕاوەکانە کە دەمانەوێت بیخەینەوە سەر ئیقلیم، وابزانم هەدەفی ئەساسیش ئەوەیە، ئێمەش پێمان خۆشە دکتۆر محمد بەو چالاکیەی خۆی حەز دەکەین سەرکەوتوو بێت، بۆ ئەوەی هەموو تاقەتی خۆی صەرف بکات بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان و تەتبیق کردنی ماددەی 140، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چییە، کە ئێمە نووسیمان ئەو تەنسیقە و مەهامەکەی بە موافەقەتی مەجلیسی وەزەرا یاخود (في مهامات التي يحددها مجلس الوزراء ) ئەو ئیشکالاتەمان لەکۆڵ دەبێتەوە، چونکە ئەو تەنسیق و تەعاونە بەشێوەیەکی شمولی مەسئولیەتی مەجلیس وەزەرا و سەرۆکی هەرێمە، کە ئەو دەسەڵاتەت تەحدید کرد بەوە حەل دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو صیغەیەی کە لیژنەی قانونی نوسیویەتی بۆتانی دەخوێنمەوە، ئەگەر ئیعتیرازتان لەسەر نەبوو بۆ ئەوەی بچینە سەری (التنسيق و التعاون مع الاقاليم و المحافظات في العراق الفيدرالي في المجالات التي يحددها مجلس الوزراء) کەس ئیعتیرازی هەیە لەسەر ئەوە، باشە ئەگەر ئیعتیرازتان نییە دەیخەمە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پارێزگا لەگەڵ پارێزگا فەرقی هەیە، بۆ نموونە لە پارێزگای سلێمانی و پارێزگای دیالە، ئەوە پارێزگای پێ دەڵێن، پێویست ناکات هەرێمی کوردستان بکەوێتە گفتوگۆوە یان تەنسیق یان هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگایەکی تردا، هەرێم لەگەڵ هەرێمدا ئەگەر دروست بوو، ئەگەر کێشەش هەبوو لە پاشەڕۆژدا، ئەوە پارێزگای سلێمانی یان پارێزگای هەولێر لەگەڵ هی موصڵدا یان لەگەڵ هی پارێزگاکانی تردا دروست دەکات، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدا نیم کەوا وشەی پارێزگا بخرێتە سەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وشەی پارێزگا لە دەستووری عێراقدا هەیە، ئەگەر نەبێتە هەرێم وەکو هەرێم تەعامولی لەگەڵ دەکرێ، زۆر تەبیعی یە لەبەر ئەوەی ئەو صیغەیەی ئەخیری لیژنەی قانونی بەرەغمی خۆم لەسەر هەندێ شت موتەحەمسین، بەڵام دەیخەمە دەنگدانەوە، (التنسيق و التعاون مع الاقاليم و المحافظات في العراق الفيدرالي في المجالات التي يحددها مجلس الوزراء) کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات؟ سوپاس، کێ لەگەڵی نییە؟ سێ کەس لەگەڵی نییە، باشە رۆیی تەواو، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا. خاڵی چوارەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

4- تمثيل حكومة الاقليم في المناسبات القومية والوطنية خارج الاقليم.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای ليژنەكەمان، لەبەر ئەوەی ناگونجێ لەگەڵ صەلاحيەتی سەرۆكی هەرێم، دەبێ ئەو بڕگەيە لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رەئيی ليژنەی پەيوەندييەكانيش هەمان رەئيی ليژنەی ياساييە، پێمان باشە ئەو بڕگەيە لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە دەيخەمە دەنگەوە، ئەوە شەتب بكرێت، كێ موافيقە بە شەتب كردنی، فەرموو قسەت هەيە.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنيسبەت ئەو بڕگەيە دەڵێت (تمثيل حكومة اقليم كوردستان) يانی نوێنەرايەتی حكومەتی كوردستان دەكات بۆ بۆنە نەتەوەيی و نيشتمانيەكان، سەرۆكی هەرێمی كوردستان ئەو نوێنەرايەتی گەلی كوردستان دەكات لە بۆنە نيشتمانی و نەتەوەييەكان، بۆ نموونە جاليەی كوردی لەدەرەوەی وڵات ئاهەنگێك بە موناسەبەی نەورۆز دەكات، يان هەر بە موناسەبەيەكی تر، خۆ سەرۆكی هەرێم ناچێتە ئەوێ، زۆر تەبيعی يە كە نوێنەری حكومەتی هەرێم لەوێ ئامادە بێت، تەمسيلی حكومەتی كوردستان دەكات لەوێ، شتەكە زۆر ئاساييە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو تەمسيليەی جەنابت دەفەرمووی دەكرێ هەر كەسێك بيكات، حكومەتی هەرێم بيكات، وەزيری كارەبا بكات، هەر يەكێك بێت دەتوانی بيكات، بەڵام دەسەڵاتەكە حەصر كراوە بە سەرۆكی هەرێم ئەو تەمسيل دەكات لەهينەكاندا، ئێستا دەيخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ لابردنی ئەو بڕگەيە؟ سوپاس، كێ لەگەڵی نييە؟ سێ كەس ئيعتيرازی هەيە، بە زۆرينەی دەنگ قەبووڵ كرا كە شەتب بكرێت، پێنجەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

5- دعم الجاليات الكوردستانية لبناء اواصر المحبة والتعاون وربطهم بوطنهم الام.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی چوارەم لاچوو ئەوە دەبێتە چوارەم:

4- پشتگيريكردنی رەوەندە كوردستانيەكان و بنياتنانی پێوەندی خۆشەويستی و هاوكاری و بەستنەوەيان بە كوردستانی دايكەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اضافة جملة (فيما بينها و ربطها بوطنها الام) الى ما بعد (التعاون) في الفقرة (5) منها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن با ناویان بنووسین, فەرموو دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکی وام نییە لەسەر بڕگەکان, بەس یەك ووشە هەیە, وشەی (رەوەند) زیاتر بۆ خێڵ دەچێ کە کوێستان و گەرمیان دەکەن, ئینجا جوانترە وشەی (رەهەند) بەکاربێنی, سوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە یەکێك لە مەهامەکانی ئەو وەزارەتە, هەوڵدانە بۆ دروستکردنی لۆبیەکی کوردی بۆ پشتگیری کردنی مەسەلەکان, ئەم چوارچێوە بەم صیغەی کە دانراوە وەکو ئەوە نایگەیەنێتە ئاستی لۆبی, ئێمە زۆر پێویستیمان بە مەدای دوورە, ئەگەرچی مەفهومی لۆبی زۆر قسەی تر هەڵدەگرێ, بەڵام یەك لە مەهامەکانی وەزارەت هەوڵدانە بۆ دروستکردنی لۆبیەکی کوردی, سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دیسان دەڵێمەوە لەسەر ئەو پشتگیری کردنی رەوەندە کوردستانییەکان, لەجیاتی ئەوە دیسان بۆ تەرکیز کردن لەسەر ئەوەی کە باسم کرد بڵێین پشتگیری کردنی کوردستانیەکانی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم, زیاتر تەرکیز بکرێ لەسەر ئەوەی ئەو عیلاقاتەو پتەوی عیلاقە لە بەینی خەڵکانی ئەو ناوچەیە زیاد بکرێت, ئەوە زەروورترە تاکو ئێمە بپرژێینە سەر جالیەی کوردی, خۆی نوێنەرایەتی حکومەت هەیە لە هەموو وڵاتان ئەوان بەو ئەرك و فەرمانانەی خۆیان هەڵدەستن, سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ژمارەی فەقەراتی ئەو ماددەیە کە مەهام و صەلاحیاتی ئەو وەزارەتە یازدەیە, من دەیخوێنمەوە تەنها سێ یان چوار پەیوەندیان هەیە بەو مهامە, من دەبینم ئەو فەقەرەیە وفەقەرەکانی کە لەدوای دێن عیلاقەی نییە, واتە ئەو فەقەرەیە پەیوەندی نییە بەو وەزارەتە, بەڵکو زیاتر ئەرکی وەزارەتی خارجیەیە, یاخود هەر وەزارەتێکی رۆشنبیری و ئەوانە, ئێمە هەموو ئامانجمان ئەوەیە شوێنە دابڕاوەکانی کوردستان وەکو کەرکوکە و سنجارە خانەقینە و مەخمورە, بگەڕێتەوە بۆ سەر کوردستان, بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی

140 و ئەوانی تر, مەترسی من ئەوەیە ئێمە ئەو وەزارەتەی مەشغول بکەین بەو هەموو ئەرك و کارانە و نەتوانی کە ئەو ئەرکە بەتایبەتی جێبەجێ بکات, سوپاس.

**بەڕێز د. محمد احسان/وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت هەندێك وا تێدەگەن ئەو وەزارەتە تەنیا بۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم دامەزراوە, نەخێر وانییە, نەك فەلسەفەی قیادەی سیاسی ئەوەیە و نەك حاجەتی ئەمڕۆی کوردستانیش ئەوەیە, ئەسبەقیەتی کاریە, بەلاَم مانای ئەوەش نییە کە وەکو خوشکە نازناز دەڵێ کاری وەزارەتەکانی تر دەکات, نەخێر هیچ وانییە, حکومەت هەمووی یەك تیمە, یەك کار دەکەن بۆ خزمەت کردنی ئەم کوردستانە, دەعمی جالیات لە زۆر وڵات خزمەتێکی تایبەت بە شئونی جالیات هەیە, لە کوردستان فەراغێکی قائیمت هەیە کەسێك نییە ئیهتیمام بەو جالیەیە بدات, وجالیاتی کوردیش لەدەرەوە تا ئێستا تەقسیم کراوە لەسەر یەك تاپ دوو, هەندێکیشیان تەقسیم کراوە لەسەر بیستیش, پێویستە دەزگایەکی حکومەتیش هەبێت کە ئیهتیمام بەشئونی ئەو جالیاتانە بدات, ئەمڕۆ لەدوای دامەزراندنی حکومەت زۆربەی عقودی زەواج و زۆربەی ئەشیای قانونی دێتە ئێرە لە کوردستان خەڵکێکی زۆر دێت بەرامبەر دەرگای ئەنجومەنی وەزیران رادوەستێت کە موصادەقەی عەقدێکی هەیە, محاکمی کوردستان تەصدیق ناکات لەسەر حکومەتی فیدراڵی عێراق لەسەفارەکانی عێراق, تەصدیق دەکات بە نوێنەرایەتی حکومەت لە دەرەوە, بە نوێنەرایەتی حکومەت, پێویستی بە وەزارەتێکی تر هەیە, وەزارەتی مافی مرۆڤ نەماوە کە ئەم کارانە بکات بۆ خەڵك, دەعم و کاروباری جالیاتی کوردی ئێمە یەکێکە لەو مینەتانەی کە گرنگترین و گەورەترین جالیەی کوردیمان هەیە لە دەرەوە, و کوردستانیشمان هەیە نەك بەتەنیا, لەبەرئەوەش وشەی کوردستانیمان بەکارهێناوە تاکو کورد و تورکمان و ئاشوری و کلدان و هەموو کوردستانیەکان پێکەوە بێت, رەبتیان بکەین بە وەتەنی دایك, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من سوپاست دەکەم, بەلاَم کاك دکتۆر ئیحسان ئەگەر ئیجازەم بدەیتێ, خۆی شتەکان بڕێك تێکەلاَون و پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە, من ناوی وەزارەتەکە و لەگەڵ ناوەڕۆکی ئیختیلافی هەیە, لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی تۆ خۆت وەکو شەخص هەندێ مەعلوماتت هەیە, وەزارەتی خارجیە ئەگەر بیکەین, ناکرێ بە ناوی وەزارەتی خارجیە, ئەوە یەك, دەکرێ هەیئەتێك عاید بە مەجلیسی وزەرا, ئەگەر بشکرێت تۆ تەشجیع دەکەم لە ئێستاوە بۆ ئەوە بەراستی, پەیوەندی کردن بۆ تەنزیم و ئەوانە و زمان دەزانی و قابلیەتت هەیە و زۆر صیفاتت هەیە, بەلاَم من پێم وایە ئەو موهیمە گەورەیە کە سپێردراوە بەتۆ لەگەڵ ناوەکەی بگونجێت تێکەلاَو دەبێت, مەشغولی دەرەوە دەبیت زیاتر لەوەی مەشغولی ناوەوە بیت, ئەو ناوچانەی کە موحتاجی ئەوەن ئەو وەزارەتە هاوکاری بۆ بکات, ناوچە دابڕاوەکانن ماددەی 140 ئیشارەتی پێداوە کە

ناوچەی کەرکووکە، بەڵام ئەمە ئیشێکی زۆری دەوێ، لەبەر ئەوە من ئەو دەسەڵاتانەی کە لێرەن مومکینە دەتوانی ئیشەکان بکەیت، بەڵام نەك لە وەزارەت مەجلیس وزەرا هەیئەتێك دابنێ موشرفێك بی هاوکاریان بکەیت، پێم وایە لەگەڵ ناوەکەی ناگونجێ لەراستیدا، دووەمینیش هەر کەسێکی شارەزا بیخوێنێتەوە گلەیی لە پەرلەمانیش دەکات، دەڵێ کاکە قانونە بۆ ناوێکتان دەرهێناوە کە ناگونجێ لەگەڵی، بۆ نموونە تۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، هەموو دونیاش دەزانێ و تەحدیدیشمان کردووە و لەسنوریش تەحدیدمان کردووە، جالیاتی کوردستانی خەڵکی هەولێری تێدایە، خەڵکی بادینانی تێدایە، رەبتی بە وەزارەتی ئێوە نییە، ئەوە ئیشی مەجلیسی وزەرایە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو خاڵە و خاڵی تریش هەیە وەکو خاتوو نازنازیش ئاماژەی پێکرد، لەراستیدا لێرەدا لەگەڵ ناوەکەی ناگونجێت، یان ئەبێت ناوەکەی بگۆڕین، تەوەجوهی قیادە دەزانم ئەوە من لەگەڵتم، بەڵام ئەو تەوەجوهە لەو مەرحەلەدا مەجلیس وزەرا پێی بکات، هەر وەختێك زروف هاتە پێش دەڵێین ناوی وەزارەتی خارجیەیە، دەزانم ئیختیلاف هەیە، من حەز ناکەم بە عەواتیف قسە بکەین، ئێمە لێرە قانون دادەنێین، مەسئولین لە قانونەکە، سبەینێ پێمان نەڵێن ئەوە چۆن پەرلەمانێکە تۆ حەقی خۆتە دفاع لە خۆت دەکەی، شتێکی نووسیوە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی و لەگەڵ ناوەکەی ناگونجێ، لەگەڵ دەستووری عێراق ناگونجێ، لەگەڵ دەستووری خۆشمان ناگونجێ لە هەندێ مەسائیلدا، وەزارەتی هەرێم بۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، تەحدیدیشمان کردووە کەرکووك و فلان و فلان، لەو بەرنامەی کە تۆ داتناوە کە هیچ نییە بڵێین وەڵڵا دەبێ بچین ئیعادەی موهەجرین و چۆن دەچی هاوکاری کردنیان و دابین کردنی ئیش بۆیان، ئەوە ئیشی وەزارەتەکەیە بە حەقیقەت، بەڵام نوقاتەکانی تر ئیشی هەیئەتێکە رەنگە بە تۆ بسپێردرێت، پێشت سپێردراوە، بەڵام نەك وەکو وەزیری کاروباری دەرەوەی هەرێم، وەکو دکتۆر ئیحسان خێروبێرێکت پەیدا کردووە لەوە، ئەو کۆنفراسەش کە ئەو رۆژە کە تۆ تەنزیمت کردووە، لەراستیدا ئەو کۆنفراسە رەبتی نییە بۆ ئەو وەزارەتە، بەس رەبتی بەخۆتەوە هەیە، وەکو وەزیر لە ئەنجومەنی وەزیران، ئێستا دەتوانی بڵێی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دەرەوەی هەرێم سازی کۆنفراسی نێو نەتەوەیی دوەلی دەکات، دەبێتە هەڵڵا لەسەرمان بەراستی، فەرموو د. کمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من ئیختیلافم هەیە لەگەڵ ئەو وجهەت نەزەرەی ئەو خوشکە نازناز و ئەوەی کە ئێستا سەرۆکی ئەنجومەن فەرمووی، ئەم وەزارەتە تەنها بۆ ئەو ئیشە نییە، ئەو ئیشە زۆر گرنگە، وەك جوزئێك دەبێت لە ئیش وکاری ئەو وەزارەتە، ئەمە یەك، بەنسبەت ئەو خوشك و برایانەی دەرەوە لە سنجار و زەمار بگەرە لەو شوێنانەی کە ئێستا هەمووی ئاوارە بوونە و پەراگەندە بوونە لەو وڵاتانە دەژین، ئەوانیش جالیەی کوردین و کوردی تریش دەژین لەو مەنتیقانە، ئەتوانرێ لە وەزارەتەکە قسمێك یان مدیریەتێکی عام هەبێت بۆ ئەو ئیشانە، ئەو ئیشانە تەنزیم بکات کە عایدی وەزارەتەکە بێت، بەنسبەت ئەوەی کە بڵێین فەقەت و فەقەت ئیشی ئەو بابەتە ماددەی (140) ە وبەیانی خەلاص بوو ئیشی تەواو دەبێت، ئەوە

وانییه, حەز دەكەم زۆر وازح بێت و لەلای هەمووتان روون بێت, تەنها و تەنها ئیشی ئەم وەزارەتە ئەمە نییە, ئیشی زۆرترە و گەورەترە و لەم نوقتەیەوە دەست پێدەكات و ئینشائەڵڵا لە جێگەیەكی خێرتر كۆتایی پێ دێت, سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن كاك دكتۆر تەوزیحی كرد دەعمی جالیات, بەڵام لێرە زیاتر لە دێرێكی شیعر دەچێت (لبناء اواصر المحبة), چونكە خۆشەویستی بە وەزارەت دروست ناكرێت, تەعاونیش بە وەزارەت دروست ناكرێت, ئەگەر بڵێی هەڵدەستێت بە ئاسان كردنی كاری جالیەی كوردستانی كە دەگەڕێتەوە بۆ كوردستان جیایە, بەڵام خۆ ئەمە شیعر نییە, خۆشەویستیش خۆ بە وەزیر و هینیش نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆ ئەگەر موافیق بین لەسەر ئەوەی دەمجی بكەین صیغەكە دەگۆڕین, كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی پڕاوپڕ پشتیوانی تێبینی سەرۆكی پەرلەمان دەكەم, چونكە بە حەقیقەت ئێمە كە كارێك دەكەین بۆ ئەم وەزعەی ئێستا ناكەین, ئەم قەرارەی كە ئێمە دایدەنێین بیست ساڵی تر خەڵكێكی تر بەم دەستوورەی ئێمەدا دەچێتەوە, بەم قانونەدا ئەچێتەوە, ئەڵێ ئەندامانی پەرلەمان هەستیان بەوە نەكرد ئەم كارانە عیلاقەی بەم وەزارەتەوە نییە, عیلاقەی بە دام و دەزگایەكی ترەوە هەیە, من بۆیە ئەڵێم ئەم مەوزوعە بەراستی گرنگە بۆ داهاتوو, ئێمە ناڵێین هیچ شتێكمان لە توانای دكتۆردانییە, بەڵام با دام و دەزگایەكی تر هەبێت, با دكتۆر ئەو مەهامەی تری پێ بسپێرێ ئەوەی كە ئەكرێ لە ژێر ناوی هیومرلینیشن, لەرێی پەیوەندییەكان, لە هەر ناوێك بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

منیش ئیقتراح دەكەم ئەگەر ناوێك بێت ئەگەر پاش هەرێم بێت, ئەو هیومرلینیشن یان پاپلیگەیشن یان فۆرنیشن, هەمووی دەبێت, وەكو هەیئەتێك دەبێت, خۆت قسە بكە دوایی بزانین لیژنەی قانونی چ دەڵێت بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز د. محمد احسان/وەزیری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت كەسێك بە قەدەر من ئیعتیرازی نەبوو لەسەر ناوی وەزارەت, لەیەكەم رۆژی دانیشتنی لەگەڵ لیژنەی قانونی و لەگەڵ قیادەی سیاسیش, بەڵام بڕیاری ئەم ناوە لێرە دەرچووە, قەرارەكە لێرە دەرچووە, ئێمە بۆچوونمان ئەوەیە شت هەیە وەزارەت نایەتە دامەزراندن تا 2007/12/31 وەزارەتێك نییە لە دنیا

بێته دامەزراندن عەمری هەبێت, عەمر نایەته دامەزراندن, ئیشی وەزارەت ئەگەر ئیعتیماد بکەینە سەر بۆچوونی زۆربەی برادەران, یانی 2007/12/31 ئەم وەزارەته ئینها دەبێت, تۆ زۆر فەراغێکی دەستووری و قانونیت هەیە, زۆر شت هەیە دەبێ پێویسته بیکەیت, من ئێستا ئەگەر محتاجیم هەبێت موزاهەرەیەك بکەم له نیویۆرك تاکو زەغت بکەم لەسەر حکومەتی ئەمریکی دەعمی من بکات له مشروعی ماددەی 140 , کێ ئەم پارەیەم دەداتێ, دەبێ دەزگایەکی حکومی هەبێت هاوکاریم بکات, ئەگەر پارتی داوای موزاهەرە بکات یەکێتی ناچێت, ئەگەر یەکێتی داوا بکات پارتی ناچێت, به حەقیقەت ئەمه واقع حالەکه وایە, کەسێك بەقەدەر من له عالەم نەگەڕاوە له جالیەتەکانی کوردی, تەقریبەن بیست ساڵه له وڵاتانی جیهان گەڕاوم و دەزانم وەزعی جالیەتەکان چۆنه, وتمان دەعمی جالیات بێته کردن, مانای ئەوە نییه صەلاحیەتی وەزارەتێکی تر لەدەست دەدەین, یان کاری وەزارەتێکی تر دەکات, ئەمه وەزارەتێکی حکومەتی کوردستانە, پێویسته دەزگایەك هەبێت, وتمان لەسەر ئەساسی نەبوونی ئەو دەزگایە و ئەو فەراغەی که ئێستا هەیە, من بۆ نموونه بۆتی دەێنم ئێستا که زۆر شت دێته کردن له دەرەوە موصادەقەی حکومەت لەسەر دەکەن, نییە, پێشتر وەزارەتی مرۆڤایەتی هەبوو, ئێستا نییە, کێ ئەو کارە دەکات وەزارەتی مرۆڤایەتی له هەردوو ئیدارە هاتۆته سەر شانی ئێمە, پێویسته ئێمه له قانونی وەزارەتەکه مەجالێك ببینمەوە تاکو ئەم کارە بکەم, من لەگەڵ کاك جمالم بەراستی, ناوەکه لەگەڵ ناوەڕۆکەکه زۆر جیاوازی هەیە, بەڵام گۆڕینی ناوەکه به من نایەته کرن, ماوەی هەفتەیەکمان بدەنێ تاکو کاری لەسەر بکەین, بۆچوونمان ئەوەیە من لەگەڵ تۆم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەگەر نوقتەی نیزامه, فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر دەڵێ ئەم ناوە لێرە دیاریکراوە, بەڵام .............

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە, ئەوە نوقتەی نیزام نییە, کۆتایی پێ دێنم به دوو جوملە, بەراستی دوو نوقتەی زۆر جەوهەری هەیە لەو مەوزوعە, یەکێکیان ئەوەیە ئەو ناوە کۆسپە, خۆی ئێمە هەمووومان دەمانەوێ شتێکمان هەبێ لەگەڵ دەرەوە, ئەو ناوە کۆسپە و مەهامەکەشی دوو شتی موتەناقیزە, بۆ ئیعلام و بۆ ئەوەی سەرجەم ئەونەص وئەوانه ئێمه دەڵێین بۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمە, وفیعلەنیش وایە, ئەوە لەوەتی بۆتە ئەندام لەو لیژنەیە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140, وەزیر داندراوە ئەندامە لەوێندەر, کەواته ئیشە سەرەکیەکەی ئەوەیە, پێش هەموو شتێك ئێمه تەموحمان ئەوەیە له دەرەوە تەنزیمی بکەینەوە, بەرەئیی من ئەو کۆبوونەوەیە لێرەدا کۆتایی پێ بێنین تا دووشەممە, دووشەممە لەگەڵ مەجلیسی وزەرا قسه بکەین و بزانین ئەو مەهاماتانە دەیداته ئەو وەزارەته, ئەگەر دەیداته ئەو وەزارەته بەراستی دەبێ بەلای

**کەمی ناوچەکان لە قانونەکان بگۆڕین, ناوەکەی نەیکەینە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم, ئەگەر ناوچەکان لێ لابدەین, دەتوانین بیکەین, ئەو خاڵانەی تریش هەیە کە هەمان نیقاشی لەسەر دەبێت, لەگەڵیان حەسم دەکەین, دووشەمە لەگەڵیان کۆدەبینەوە بۆ ئەوەی یەکلایی بکەینەوە, زۆر سوپاستان دەکەم.**

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کرکوکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 11\9\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4)

**دوو شەممە رێكەوتی 2006/9/11**

کاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی ڕۆژی دوو شـەممە ڕێکـەوتی 2006/9/11 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردستانی عێراق   بە سەرۆکایەتی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(کمال کەرکووکی) و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (4)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامـەی کار بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (22)ی ساڵی 2003.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2006/9/11دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (22)ی ساڵی 2003.

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسا تکایە ڕوونکردنەوەیەك بۆ ئەندامە بەڕێزەکان بکرێت پێش خوێندنەوەی ماددەکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا برای بەڕێزم کاك عەونی ماددەی یەکەم بە کوردی دەخوێنێتەوە, پاشان ئێمە ڕوونکردنەوەیەك سەبارەت بەو ماددەیە دەدەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی یاسای کارپێکردنەوە بە ماددەکانی دەروازەی دووەم لە یاسای بنچینەکانی دادگاییکردنی سزایی

**ماددەی یەکەم:**

**ماددەی یازدەمی یاسایی ژمارە (22)ی ساڵی 2003ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق پووچەڵ دەکرێتەوە سەبارەت بە راگرتنی کارپێکردن بە دەروازەی دووەمی یاسای بنچینەکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (23)ی ساڵی 1971 لە هەرێمی کوردستان و, کار بە حوکمەکانی دەکرێتەوە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سورەتێکی وازیحیان هەبێت لەم بڕگەیە, من حەز دەکەم ئەو روونکردنەوەیە پێشکەش بە بەڕێزیان بکەم, بۆ ئەوەی بتوانین موناقەشەیەکی رێکوپێك لەسەر ئەو بابەتە بکەین, لە حەقیقەت لە عەهدی بریمەردا, کە حاکمی مەدنی عێراق بوو, هەندێك بڕیاری دەرکرد, یەك لەو بڕیارانە ئەوە بوو کە کاری بەو یاسایە راگرت, یان بەو بڕیارانە راگرت, ئەویش پەیوەندی هەبوو بە یاسای ئوسول موحاکەماتی جەزائی ژمارە (23)ی ساڵی 1971, ئەو بڕگەیە پەیوەندی هەیە بە راگرتنی کار کردن بە جێ بەجێ کردنی سزای لە سێدارەدانەوە هەیە, واتا ئەو بڕیارانەی کە دەرچوو بوو سەبارەت بە ئیعدام بە نیسبەت موحاکمەوە, ئەوە ئیقاف تەنفیزی پێ دەکرێت هەروەکو بە زمانی قانونی پێ دەڵێن و, کاتی خۆی ئەوە لە بەغدا دەرچوو, دوای ئەوە یاساناسانی تەحالوف هاتنە کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان پەیوەندیان بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد, بۆ ئەوەی بە هەمان شێوە ئێمە ئەو بڕگانە رابگرین, سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو یاساناسانەی ئیحالە کرد بۆ لیژنە قانونی, بۆ ئەوەی لەگەڵ لیژنەی قانونی دانیشن و, ئێمە چەندین دانیشتنمان لەگەڵ کردن و, بڕیارماندا ئێمەش بە هەمان شێوە راگرتنی هەندێك لە بڕگەکانی ئوسول موحاکەماتی جەزائی بە بڕیارێك رابگرین, ئەوە بوو بە حەقیقەت ئەو بڕیارە بەو شێوەیە هاتووە رامانگرت تا جێ بەجێ کردنی سزای لە سێدارەدان لە هەرێمی کوردستان, ئەویش بەپێی ئەو بڕیارە راگیرا, ئێستا لەبەر ئەوەی لە بەغدا ئەو بڕیارە هەڵوەشایەوەو ئیعادەی عەمەل بەو بڕیارە کراوە, دووبارە ئەو بڕیارانەی لە موحاکمی عێراقی دەردەچێت, سزای لە سێدارەدان دووبارە کاری پێکراوە, واتا ئەو قەراراتانەی دەرچووە لە موحاکم بە ئیعدام جێ بەجێ دەکرێت و تەنفیز دەکرێت, بە هەمان شێوە ئێمەش پێمان باش بوو ئەم پرۆژەیە ئامادە بکەین, لەبەر دوو سێ هۆی سەرەکی:**

**هۆی یەکەمیان/ ئەوەیە ئێمە قانونی سەرۆکایەتی هەرێمان دەرخستووەو بەپێی ئەو یاسایە دەسەڵاتی تەسدیق لە قەراراتی ئیعدام لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمەو, تەخفیف کردنیشی لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە.**

**دووەم/ زۆر لەو بڕیارانە لە دادگا دەرچووە بە حەقیقەت سەبارەت بە سزای لە سێدارەدان وەستاون, کە ئێمە ئەوەمان دەرکرد بە حەقیقەت وەکو پێشتری لێ دێتەوەو, مونسەجم دەبێت لەگەڵ ئەو بڕیارانەی لە بەغدا دەرچووە, بۆیە بە حقیقەت ئێمە ئەو پرۆژەیەمان ئامادە کرد و, هۆکارەکانی ئەم پرۆژەیە بەم شێوەیە کە بتوانین بەڕاستی بڕیارەکانی دادگا جێ بەجێ بکەین سەبارەت بە یاسای سزای لە سێدارەدان,**

بەتایبەتی ئێمە دەزانین مومکینە زۆر قەرارات لە موحاکمی ئێمە دەرچوو بێت و، نابێت دەرەجەی قەتعی بکرێت، بەڵام هیچ نەکراوە، بەڵام ئێمە ئەگەر هاتوو ئەو پرۆژەیەمان لێرە پەسند کرد، ئەوە ئیعتیادی ئەو بڕیارانە پەسند دەکرێت، ئەوە بەکورتی روونکردنەوەیەك بوو بە حەقیقەت بە هەموار کردنی یاسای ئوسولی موحاکەماتی جەزائی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، ئێستا نوێنەری لیژنەی یاسایی ئەگەر ئامادەن بێن لەسەر مەنصەکە دانیشن، مافی مرۆڤ، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ راپۆرتان هەیە فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرنامەی کار ئێستا وا ئێمە دەیبینین، باس لەوە کرا کە ئەمڕۆ تەنها ئەوەی پێشوو بێت، واتا باس لە یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بوو، یەعنی ئەو رۆژەی کە هەڵستاین گوتمان بۆ رۆژی دوایی هیچ باسێکی ترمان نەکرد.

ئێستاش جێ بەجێ کردنی ئەم پێشنیارە کە لیژنەی یاسایی کردوویانە هەموار کردنی یاسای ژمارە 22 لەسەر ئەوە پێك هاتووین، کە هیچ تاوانێك بەبێ سزا نابێت و، ئەو سزایەش کە دانراوە بۆ هەندێك تاوانی گەورە، کە یەکێك لەو سزا زۆر قورس و گەورانە بریتییە لە سزای لەناو بردن، کە لە سێدارەدان نییە، یەعنی ئەمە راپۆرتی یاسای تیرۆرە، ئەوە تەقریبەن تەسیبت بوو لە جیاتی وشەی ئیعدام تەرجومەکە بە کوردی لەناوبردن بە کار بێنین، چونکە لە سێدارەدان جوانترەو گونجاوترە، بێگومان رەدع، یان فەلسەفەی عقوبە بۆ دوو شتە:

یەکێکیان/ بۆ رەدع بۆ بەرامبەرەکان.

دوو/ بۆ ئیسلاحی ئەو کەسەی کە فاعیلەو تاوانەکەی کردووە، کە جانیەکەیە، ئەم سزایە لە دنیادا لە کۆی 195 دەوڵەت، 111 دەوڵەت یان بە یاسا، یان بە جێ بەجێ نەکردن ئەم یاسایەیان وەلا خستووە، ئەم عقوبەیان وەلا خستووە، 84 دەوڵەت لە دنیادا هێشتا موتەمەسیکن بە جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارە، ئەم عقوبەیە، ئەوەی کە ئێمە تەقریبەن کۆی دەنگی هەمووومان لەسەر بوو لە لیژنەکە، ئەوە بوو مەبدەئیەن ئەم یاسایە ئەوەی دەکرێت تەمەنای دەکەین ئەم سزایە نەمێنێت لە دنیادا هەڵگیرێت، بەشێوازی تر مامەڵە لەگەڵ ئەم یاسای سزایە بکرێت، بەڵام دیارە بارودۆخی وڵاتی ئێمە و وڵاتانی تر کە پێویست بەمە دەکات موتەمەسیکن بەم سزایە لەسەر ئەو ئەساسە، لەسەر ئەوە کۆبووینەوە کە ئەم سزایە لەسەر تاوانە گەورەکان بمێنێت، لەسەر ئەو تاوانانەی کە زۆر گەورەن و وەکو دەڵێن بەشیعن ئەم سزایە بمێنێت، ئەویش بە مودەتە، تاکو بتوانین رۆشنبیرییەکی وا لە ناو ئەو کۆمەڵگایە دروست ببێت، خەڵك بۆ خۆی ئەمەی بە تاوان بزانێت، چونکە ئەو کەسەی کە خەڵك دەکوژێت، ئەو کەسەی کە خەڵك ئەتۆقێنێت، ئەوە تاوانبارە، ئێمەش نابێت بێین بە قانون خەڵکێکی تر بکوژین، بەڵام کۆمەڵێك تێبینی گرنگ لێرە رەچاو بکەین،

گەورەترین شت ئەوەیە مەحاكمی ئیستیسنائی نەمێنێت, یەعنی ئەو بڕیارانەی كە دەردەچن بۆ لەناوبردن ئیعدام بە محاكمی عەلەنی بێت و, ئەو تاوانبارەی ئەم سزایەی لەسەر دەچەسپێت بواری ئەوەی بدرێت كە داكۆكی خۆی بكات, هەروەها ئەو بەڵگەو دەلیلانەی كە دەكرێن, یەعنی مەجالی ئەوە هەبێت, ئەگەر پێویست بوو ئەو مەحكەمانە ئیعادە بكرێنەوە, بەتایبەتی ئەو مەحكەمانەی كە عەلەنی نین لەبەر مەسائیلی شەرەف, یان لەبەر هەر مەسائیلێكی تر پێویست بەوە دەكات كە داخراو بێت مەجالی ئیعادە كردنەوەی هەبێت, یەعنی لەسەر عقوبەی ئیعدام و سجنی موئەبەد, هەتاوەكو ئێمە پێ داگرین و وەكو بڵێین چاودێری زیاتر لەسەر بێت, پێم وایە دەتوانرێت باشتر كۆنترۆڵی ئەو وەزعە بكات, بۆ ئەوەی بڵێین ئەو عقوبەیە رەدع بێت, دەكرێت شتی تریش بخەینە كار, ئەوەی كە ئەمڕۆ لە ئەوروپا جێ بەجێ دەكرێت, یان رەچاو دەكرێت, كە بریتییە لە دروست كردنی فایل بۆ هەموو كەسێك, یەعنی كەسێك كە تاوان دەكات لە فایلەكە دەنووسرێت ئەم كەسە فلان تاوانی كردووە, ئەگەر خەڵكێكە فەرمانبەرە لە حكومەتدا كار دەكات, ئەوە ناتوانێت لە هیچ جێگایەك بەو تاوانەوە كارێكی وا بكات, كەوا خەڵك دەترسێت تاوان ناكات, نە بادە لە جێگایەك وەرنەگیرێت, ئەگەر خەڵكی بازاڕەو دەیەوێت كارو ئیش بكات, لە هیچ كۆمپانیایەك ناتوانێت ئیش بكات, كۆمپانیایەكەی لە هیچ دەوڵەتێك ناتوانێت كار وەربگرێت و بتوانێت كارێكی ئازاد و سەربەخۆ بكات, ئەگەر لە سجلەكە نووسرا بێت ئەمە كەسێكی تاوانبارە, لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە بە هەموو جۆرێك هەوڵ بدەین, ئەم جۆرە تاوانانە لە ناو كۆمەڵگا كەم بكەینەوە, بۆ ئەوەی رێگرێكیش بكەین كەم كەم بتوانین دائیرەی ئەم سزایە كەم بكەینەوە, ئەوەی كە ئێمە لەسەری كۆبووینەوەو بە تەما بووین راپۆڕتێكی لەسەر بنووسین و بەیانی پێشكەشی بكەین, وامان دەزانی, ئەوەی لەسەری كۆبووینەوە ئەوە بوو لە تاوانە گەورەكاندا ئەم سزایە بكرێت, بەڵام تا مەجالەكە كەمتر بێت كە قەتلی عەمدی تیایە لەمانە رەچاو بكرێت, لە شتانی كە چاوپۆشی لێ بكرێت, بكرێت بە سزایەكی تر, سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت ئەو مولاحەزەتانەی كە برای بەڕێزم كاك مەحمەد فەرەج دای ئێمە هەندێك تێبینیمان لەسەری هەیە, جارێك هەندێك مولاحەزاتی دا عیلاقەی بەو بڕگەیەوە نییە, ئەمە یەك.

دوو/ بەنیسبەت عقوبەی ئیعدام, موناقەشەی عقوبەی ئیعدام ناكەین بمێنێت, یان نەمێنێت, ئێمە دەڵێین ئیقافی تەنفیز, ئەو ئیقافی تەنفیزە هەڵبگرین, یان هەڵنەگرین.

سێ/ ئێمە موحاكمی ئیستیسنائیمان نییە لە كوردستان بە قەراری قەتعی, هەموو موحاكمی ئێمە مەعلومەو بە قانونی سوڵتەی قەزائی تەنزیم كراوە.

چوار/ مەسەلەی دیفاع لە تاوانبار، ئێمە قانونەکانمان تەعدیل کردووە، ئەو مافەی کە هەیەتی دەولیەن هەموو بە تاوانبارەکەمان داوە بەکاری بهێنێتن و، بەکاریشی دەهێنێت لە موحاکمی ئێمە، بۆیە بە حەقیقەت ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین کە مەسەلەی عقوبەی ئیعدام لێرە موناقەشە بکرێت، چونکە مەسەلەی عقوبەی ئیعدام لە قوانینەکان لە هەموویدا هەیە لە بەغدا قەراراتیش دەرچووەو تەنفیزیش کراوە، ئەگەر لە مانشێتەکان بخوێننەوە، دەڵێ ئەمڕۆ موحاکم قەراری دەرهێناو تەنفیزیش کرا زۆر ئیعتیادی و زۆر تەبیعییە، ئەمە بە حەقیقەت کورتەی مولاحەزەکانی ئێمە بوو لەسەر ئەمەو، بەنیسبەت ئەوەی کە مەحکەمە حوکم ناکات ئەگەر تاوانەکە گەورە بێت، ئەوە بەڕاستی بۆ تەقدیری مەحکەمە دەمێنێتەوە.

دووەمینیش موحاکمی ئێمە عادەتەن جەلەساتی عەلەنییە، ئیلا ئەگەر مەحکەمە خۆی ویستی جەلسەکە سری بێت ئەویش هۆکاری هەبێت، هەروەکو خۆی ئیشارەتی پێدا، بەلاّم جەلەساتی موحاکم بەپێی قانونی سوڵتەی قەزائی جەلەساتی عەلەنییە، ئەوە بە کورتی مولاحەزاتی ئێمە بوو لەسەر بۆچوونەکانی برای بەڕێزم کاک محەمەد فەرەج، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

سوپاس بۆ ئێوە، بەڕێزان ئەم ماددەیە کە موناقەشە دەکرێت، تکایە کەس لە بابەتەکە دەرنەچێت، ئەمە پرۆژەی یاسای کارپێکردنەوە، یەعنی (اعادە العمل) لەسەر ئەوە موناقەشە دەکەین، مەجالی هیچ بابەتێك و شتێکی تر نەدەین، تەنیا تەرکیز لەسەر ئەوەیە، ئێستا دەرگا دەکەینەوە بۆ ئەو بەڕێزانە لەسەر ماددەی یەك دەیانەوێت رەئی خۆیان بدەن، تکایە ناوتان بدەن، تکایە هەر برایەك دەیەوێت ناوی خۆی بنووسێت ناوی بڵێت بۆ ئەوەی تەسجیل بکرێت و، پاشان گفتوگۆ لەسەر ماددەکە بکرێت، فەرموو کاك خورشید شێرە.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەو بڕیارەی لە کاتی بریمەر دەرچووە، هەلومەرجی ئەو کاتی کە عێراق تازە ئازاد کرا بوو، نە ئێمە و نە بریمەریش بیری لەوە نەدەکردەوە، کە ئەو رووداوانەی پاش تەحریری عێراق روویداو، ئەو ئیرهابەی کە پاش تەحریری عێراق هاتە کایەوەو، تا ئێستاش بەردەوامە، قەناعەتم وایە ئەو کاتی ئەو بیرکردنەوەیە غەڵەت نەبووە، بەلاّم رووداوەکانی تاکو ئێستا بەردەوامە وای کرد ئەو بڕیارە وەکو ئێستا کە بیری لێ بکرێتەوەو گۆڕانکاری لەسەر بکرێت، ئەو بڕیارە وەکو کاك محەمەدیش فەرمووی مەرج نییە ئیلا شتی گەورە بگرێتەوە، نەصی قورئانیش وازیحە، دەستووری عێراقیش وازیحە، تاوان تاوانە، چ یەکێك بکوژی، چ سەد کەس بکوژی، لەبەر ئەوەی ئەوە زۆر زەروورییە بمێنێتەوەو لەسەری بڕۆین، ئەگەر حوکمی ئیعدامیش لە هەندێ وڵاتانی پێشکەوتوو ماوە، لە هەندێك وڵاتانی پێشکەوتووتریش ماوە، بەپێی زرووفی خۆیان و میللەتەکەیان و وڵاتەکەیان حوکم دەکەن، لەبەر ئەوەی بە رەئی من ئەو قانونە زەروورییە بێتەوە کایە و حوکمی ئیعدام بکرێت و زەرووریشە زوو جێ بەجێ بکرێت، چونکە بە دەیان

کەس مومکینە حوکم درا بێت چاوەڕوانی نەتیجە بێت مەحکمە دەسەڵاتی نەبێت, بەڵام شتێکی گرنگتر هەیە نازانم پەیوەندی بەو مەوزوعەوە هەیە, یان نا, چونکە مەسەلە هەر سجنە کێشەیەکی گەورە هەیە حقووقی ئینسان ناوی حقووقی ئینسانەکەیەو بەند کراوەکەیە, لە زیندانەکانی کوردستان دەیان کەس هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

تکایە لە مەوزوع دەرمەچوو, کە بمێنێت, یان نەمێنێت.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە بمێنێت باشترە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

کاك دکتۆر نوری.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕیاری سزای لە سێدارەدان, یان لەناوبردن, بەپێی قانونی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان, سەرۆکی هەرێم ئەو دەسەڵاتەی هەیە کەوا بڕیاری دادگایی هەرێمی کوردستان پەسند بکات, یان بیگۆڕێت, کەواتە ئەو سزایە بەپێی ئەو قانونەی ئێستا هەیەو کاری پێ دەکرێت, هەروەها کۆمەڵێك سزای تر هەن, کە لە کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای ئێمەدا پێویستە سزای لە سێدارەدان بیگرێتەوە, لە عێراقدا ئێستا کار بە سزای لە ناوبردن و لە سێدارەدان دەکرێت, باری ژیانی کوردستانیش جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ باری عێراقدا, بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کەوا ئەم دەستکارییە بکرێت, بۆ ئەوە کەوا ئەو دەسەڵاتە بدرێت بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان, بۆ ئەو تاوانانەی کەوا بەپێی قانون ئەو حوکمەیان بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت و سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

زۆر سوپاس, گوڵناز خان.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە یاسای دژە تیرۆردا دەنگمان دا بەوەی کە سزای لە سێدارەدان هەبێت و, لە دەستووریشدا هاتووە, بەڵام وەکو لە هەرێمی کوردستاندا راگیراوە, راگیرانەکەی لەبەر ئەو هەلومەرجە بووە, کە کوردستان بڕوای

به پێشكەوتن و بڕوای بە دیموكراسیەوە هەبووە, ئێستاش بۆ بە گڕ خستنەوەی ئەم یاسایە, ئێمە دەنگ لەسەر ڕاگرتنی یاسایەك دەدەین كە پێشتر هەبووە, بەڵام ئێستا ڕاگیراوە, پێویستە هەندێك حوكم هەیە پیاچوونەوەی پێ بكرێت, چونكە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

تكایە لە مەوزوعەكە دەرمەچوو, باسی ئەوە بكە ئایا سزایەكە بمێنێت باشە, یان نەمێنێت باشە؟ سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەبێت بمێنێت, چونكە هەندێك شت هەیە پێویستیەتی, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی یەكەم لەم پرۆژەیە, من پێم باشە بەو شێوەیە نەمێنێت كە ئێستا هاتووە, ئەو پرۆژەیە بە گشتی تەئجیل بكرێت, داواش دەكەم لە سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان, لەبەر ئەوەی بارودۆخی ڕابردوو و سیاسی كوردستان شێوەیەك نائاسایی بووە, دوو ئیدارەیی بووە, یەك مەحكمەی تەمییزمان نەبووە, هەندێك بڕیاری ئیعدام كردن دەركراوە لە دادگاییەكانی ئێمە, باسی گروپەكەی شێخ زانا مەكەن, باسی شتەكانی ترە, تێكەڵ نەبێت, هەندێك زانیاریمان بەدەست گەیشت بێت لەوانەیە لە بارودۆخی ئاسایی نەبوو بێت بەڕاستی, بۆیە من داوا دەكەم لە سەرۆكایەتی پەرلەمان هەموو ئەو حوكمی ئیعدامانەی كە چاوەڕێی جێ بەجێ كردنن داوا بكات و, لێكۆڵینەوەیان لەسەر بكات, ئەگەر گەیشتینە قەناعەت, ئەو حوكمانە لە بارودۆخێكی ئاسایی دابن و, تاوانبار هەموو هۆكارەكانی دیفاعی بۆ ساز كراوەو, بارودۆخی مەحكمەكە عەلەنی بووە, هیچ موشكیلەمان نەبێت, ئەو كاتە ئەو پرۆژە بێتەوە ئێرەو پەسندی دەكەین و بە دە پەنجە مۆری دەكەین, بەس ئێستا هەندێك گومان هەیە لەسەر حوكمی ئیعدام كە دراوە لە دادگاییەكانی كوردستان, لەوانەیە بە دواداچوونەوە هەبێت, جا لە دەسەڵاتی جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستانە, ئەنجومەنی وەزیرانە, پەرلەمانی كوردستانە, یان نا, هەندێ حوكم هەیە پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە, بۆیە من لەگەڵ ئەو ماددەیەی ئێستا نیم بەو شێوەیەی ئێستا, پرۆژەكە بە گشتی تەئجیل بكرێت و سەرۆكایەتی پەرلەمان تەحقیق لەو مەوزوعە بكات, بۆ ئەوەی بە دەست بەرز كردنەوەی ئێمە خوا نەخواستە كەسێك كە موستەحەقی ئیعدام نییە, ئیعدام بكرێت, ئێمە تەحەمولی ئەو تاوانە ناكەین, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

سوپاس, كاك جەمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی کاتێك کە دادگا بیری لە سزادان کردۆتەوە، بیری لەوە کردۆتەوە کە شەخسێك چاك بکات، خۆی ناوێکی تایبەتی هەیە پێی دەڵێم (کۆرێکشن) ئەو شوێنەیە کە خەڵك چاك دەکەنەوە لەناو کۆمەڵگا، بەڵام کاتێك مەحکمە بڕیاری لەناوبردنی شەخسێکی دا، یەعنی قەناعەتی بەوە هاتووە، کە ئەو شەخسە باش نییە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگا، بۆیە تەئیدی رای لیژنەی یاسایی دەکەم، ئەو قەرارە ئیلغا بکرێت و، لە داهاتووشدا ئینشائەڵڵا مەسەلەی ئیعدام یاساکانی پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

زۆر سوپاس، ئەگەر لیژنەی قانونی مولاحەزەیان نییە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کەسانەی کە تێبینیاندا زۆربەیان تەئیدی پرۆژەیەکەیان کرد بە حەقیقەت، تەنها دوو بەڕێز نەبێتن، کاك زانا ئیشارەت بەوە دەدات، کە هەندێك بڕیار دەرچووە، رەنگە ئەو بڕیارانە موحیق نەبێت، ئەو قەراراتانە ئیکتیسابی دەرەجەی قەتعی کردووە، لە لایەن مەحکمەی تەمییز تەدقیق کراوەو تەسدیقیش کراوە، بۆیە بە حەقیقەت ئەو توعوناتەی ئێستا لێی دەدرێت، ئەو بەڕێزەی، یان وەکیلەکەی دەتوانێت لە مەراحیلی موحاکەمە بیڵێتن بە نەزەر ئیعتیبار وەربگیرێت.

بەنیسبەت ئیعدام بمێنێت، یان نەمێنێت، ئێمە موناقەشەمان لەسەر ئیعدام نییە، چونکە قەراراتی ئیعدام، حوکمی ئیعدام لە یاساکانی ئێمە پیادە دەکەن و ماوە، خوای تەبارەك و تەعالی دەفەرموویێت (ولكم في القصاص حياة يا اولوا الالباب)، عقوبەکە بە حەقیقەت لە یاسای ئێمە ماوە، بەڵام مەعقولە عقوبەی ئیعدام لەلای ئێمە هەبێتن و جێ بەجێ کردنەکەی تەئجیل بکرێت، ئەوە لە ئێوە دەپرسم، ئەی ئەو عقوبە بۆ دەدرێت؟ زۆر سوپاستان دەکەم.

بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان یەك تێبینیمان هەیە پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، ئەویش ئەوەیە بە حەقیقەت لە پرۆژەکەدا مادده یەك ئیزافە بکرێت، ئەویش (بخصوص ایقاف العمل بمواد الباب الثاني (المواد من 285 الى 293)، چونکە تەدقیقی قانونی ئوسول موحاکەماتی جەزائیمان کرد چەندین (باب الثاني)ی تێدا هەیە، بۆیە ئەو (باب الثاني)یە ئەگەر رەقەمەکەی بخوێنینەوە وازیحتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

صیاغەکەی خۆتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی وازیح بێت بۆ پەرلەمانتارە بەڕێزەکان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا به زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:

المادة الاولى:

تلغى المادة (11) من القانون رقم (22) لسنة 2003 الصادر عن المجلس الوطني لكوردستان العراق, بخصوص ايقاف العمل بمواد الباب الثاني المواد (285 الى 293) من قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (23) لسنة 1971 في اقليم كوردستان, ويعاد العمل بأحكامه.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, زۆرینەی دەنگ ماددەکە وەرگیرا, ماددەی دووەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ماددەی دووەم دەخوێنمەوە:

المادة الثانية:

تحل العبارة (رئيس الاقليم) محل عبارة (رئيس الجمهورية) وعبارة (مرسوم اقليمي) محل عبارة (مرسوم جهموري) اينما وردت في الباب الثاني من القانون المذكور لغرض تطبيق احكامه في اقليم كوردستان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

به کوردی بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

زاراوەی (سەرۆکی هەرێم) شوێنی زاراوەی (سەرۆکی کۆمار)و زاراوەی (فەرمانی هەرێم) شوێنی (فەرمانی کۆمار) دەگرنەوەو لە هەر شوێنێك لەدەروازەی دووەمی یاسای ناوبراو هاتبن, بۆ ئەوەی حوکمەکانی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

روونکردنەوە تکایە بۆ ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قانونی ئوسولی موحاکەماتی جەزائی ناوی سەرۆك کۆمار هاتووەو, مەرسوم جمهوریش هاتووە, ئێمە هەرێمین سەرۆکی هەرێممان هەیە, بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ئەو دەسەڵاتە دراوەتە سەرۆکی

هەرێم, پێویستە لەم یاسایە رەنگدانەوەی هەبێت و, بەهەمان شێوە مەرسوم جمهوریمان نییە, ئێمە مەرسوم هەرێممان هەیە, پێویستە لەو ماددەیە ئیشارەتی پێ بدرێت, بۆ ئەوەی وازیح بێتن لە كاتی جێبەجێ كردنی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

لیژنەی مافی مرۆڤ هیچ شتێك دەربارەی ئەو ماددەیە هەیە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێر.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

كێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە گفتوگۆ بكات, با ناویان بنووسین, كەس نییە, فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رایەكەی لیژنەی یاسایی دەكەم, بەلاَم من پێشنیارێكم هەیە تكا دەكەین ئەوە چەندەمین جارە داوا دەكەین خوێندنەوەی ئەو پرۆژانە كە دەخوێندرێتەوە بە كوردی بخوێندرێتەوە, پاشان ئەگەر بە عەرەبیش بخوێندرێتەوە موشكیلە نییە, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

بە كوردیش خوێندرایەوەو بە عەرەبیش خوێندرایەوە, فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنها یەك تێبینیم هەیە لەگەڵ لیژنەی یاسایی ماددەی (406), یان (285), چونكە لە قانونی عقوبات (285) تا ئەوەندە, سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە قانون ئوسول موحاكەماتی جەزائی لە ماددەكان (الباب الثاني تنفيذ عقوبة الاعدام), لە مادە (285 تا 293) چارەسەر كراوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بەكۆی دەنگ ماددەكە پەسند كرا, ماددەی سێیەم تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە پێچەوانە بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الماد الثالثة:

لایعمل باي نص یتعارض واحکام هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

کێ قسەی هەیە؟ ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ ماددەکە وەرگیرا, ماددەی چوارەم تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

ینفذ هذا القانون اعتباراً من تاریخ اصداره وینشر في الجریدة الرسمیة (وقائع کوردستان).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

کێ قسەی هەیە لەسەر؟ دەخەینە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بەکۆی دەنگ ماددەکە وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەسباب موجیبەکە دەخوێنمەوە:

**الاسباب الموجبة**

بالنظر لزوال الاسباب التي استدعت في حینه ایقاف تنفیذ عقوبة الاعدام في اقلیم کوردستان العراق وفقا للمادة (11) من القانون رقم (22) لسنة 2003 الصادر عن برلمان کوردستان العراق ولصدور قانون رئاسة اقلیم رقم (1) لسنة 2005 المعدل المتضمن منح صلاحیة المصادقة على حکم الاعدام او تخفیفها الى رئیس

الاقليم، وبغية تنفيذ القرارات والاحكام القضائية الصادرة من المحاكم والمكتسبة الدرجة القطعية بتصديقها من محكمة التمييز فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش هۆی دانانی بە زمانی کوردی دەخوێنمەوە:

**هۆی دانانی ئەم یاسایە**

لەبەر نەمانی ئەو هۆیانەی لە کاتی خۆی پێویستیان کرد کە جێبەجێ کردنی سزای لە سێدراەدان (اعدام) لە هەرێمی کوردستان رابگیرێت، بەپێی مادده (11)ی یاسای ژمارە 22/ی ساڵی 2005 کە دەسەڵات بە سەرۆکی هەرێم دەدات حوکمی (اعدام) پەسند بکات، یان کەمی بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو بڕیارو حوکمە دادوەریانەی کە لە دادگاکان دەرچووینەو پلەی کۆتاییان بەدەست هێناوە، بەهۆی پەسند کردنیان لەلایەن دادگای پێداچوونەوە (تمییز)، بۆیە ئەم یاسایە داندرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئێستا هەموو ماددەکان دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ هەموو ماددەکانە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، دانیشتنی داهاتوو رۆژی چوارشەممە دەبێت سەعات (11)، سوپاستان دەکەم و سەرکەوتوو بن.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله (د. کمال کرکوکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)**

**چوار شەممە رێکەوتی 13\9\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (5)

**چوار شەممە رێكەوتی 2006/9/13**

کاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی چـوار شـەممە رێکـەوتی 2006/9/13 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق بـە سـەرۆکایەتی بـەڕێز عـدنان رشـاد مفـتی سـەرۆکی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێزمحمـد قـادر عبـدالله(د.کمـال کـەرکووکی) جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (5)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامـەی کار بەم شێوەیە بێت:

1-خوێندنـەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەڵاوێردنی (بواردنی) رۆژنامەوانان لە هەلومەرجی تەشدید کە لە ماددەی (433 و 434)ی یاسای سزاکاندا هاتووە.

2-خوێندنـەوەی یەکەمی یاسای پێشنیاز کراوی کۆمەڵەی پەرلەمانتارانی کوردستان.

3-خوێندنـەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای (14)ی ساڵی 1992ی وەزارەتی پەروەردە.

4-خوێندنـەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای لە سنووردانی حاڵاتی دوو ژنی.

5-بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پلانـدانان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2006/9/13دا بەم شێوەیە بێت:

1-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەڵاوێردنی (بواردنی) رۆژنامەوانان لە هەلومەرجی تەشدید کە لە ماددەی (433 و 434)ی یاسای سزاکاندا هاتووە.

2-خوێندنەوەی یەکەمی یاسای پێشنیاز کراوی کۆمەڵەی پەرلەمانتارانی کوردستان.

3-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای (14)ی ساڵی 1992ی وەزارەتی پەروەردە.

4-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای لە سنووردانی حاڵاتی دوو ژنی.

5-بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پلاندانان.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن بۆ جێگای خۆیان دابنیشن, بڕگەی یەکەم خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەڵاوێردنی (بواردنی) رۆژنامەوانان لە هەلومەرجی تەشدید کە لە ماددەی (433 و434) ی یاسای سزاکاندا هاتووە. فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ژمارەی بڕیار:

ڕۆژی بڕیار:

**پرۆژەی بڕیار**

**ماددەی یەكەم:**

**ڕۆژنامەنووسان و ئەوانەی لەبواری گەیاندن كاردەكەن بەدەر دەبن لە بارێك كە لە حوكمەكانی هەردوو ماددەی 433 و 434 لەیاسای سزاكان ژمارە (111) لە ساڵی 1969ی هەمواركراودا هاتووە.**

**ماددەی دووەم:**

**كاربەهیچ دەقێك ناكرێت كە پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم بڕیارە بێت.**

**ماددەی سێیەم:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بكات.**

**ماددەی چوارەم:**

**ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لەرۆژنامەی وەقایعی كوردستان كاری پێ دەكرێت.**

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**مشروع قرار**

**رقم الاصدار:**

**تاريخ الاصدار:**

**بناءاً على ماشرعه المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المرقمة ( ) والمنعقدة بتاريخ / / 2006 واستناداً الى حكم الفقرة (1) من المادة (56) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (3) من المادة الثانية من القانون رقم (10) لسنة 1997 قررنا اصدار القرار الاتي:**

**المادة الاولى: يستثنى الصحفيون والاعلاميون من ظرف التشديد الوارد في احكام المادتين 433 و 434 من قانون العقوبات رقم (111) لسنة 1969 المعدل**

**المادة الثانية:**

**لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القرار.**

**المادة الثالثة:**

**على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.**

**المادة الرابعة:**

**ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو پرۆژەیە لە حکومەتەوە هاتووە، باشە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رۆشنبیری، ئەو پرۆژەیە دیراسەت بکەن و لە رۆژی کە موناقەشە دەکرێت حازری بکەن، برگەی دوو خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای پێشنیاز کراوی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، فەرموو.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

**ژمارەی بڕیار:**

**رۆژی بڕیار:**

**پشت بە حوکمەکانی برگە (1)ی ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق، لە دانیشتنی رۆژی (  /  /2006)یدا، ئەم یاسایەی خوارەوەی دانا:**

**یاسای ژمارە (    )ی ساڵی /2006**

**یاسای یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان**

**بەشی یەکەم**

**دامەزراندن و ئامانجەکان**

**ماددەی یەکەم: بەپێی ئەم یاسایە، یەکێتییەکی سەربەخۆ، بۆ پەرلەمانتاران دادەمەزرێ، ناو دەنرێ یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان و، بارەگەکەی لە هەولێری پایتەختدا دەبێت و، بۆشیی هەیە، لق لە پارێزگاکانی هەرێمدا بکاتەوە.**

**ماددەی دووەم: ئەم یەکێتییە، کەسایەتیی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداریی خۆی هەیە.**

**ماددەی سێیەم: یەکێتییەکە، دروشمێکی دەبێ، لە ئاڵای کوردستان و تەرازوویەك لە بانەوەی پێك دێت، کە تەرازووەکە هێمای عەدالەت و سەروەریی یاسا دەنوێنێ و، لە ژێرەوەی دەنووسرێ ( یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان).**

**ماددەی چوارەم: ئامانجەکانی ئەم یەکێتییە ئەمانەن:**

**1ـ کۆشش دەکا، ئەزموونی یاساکاری و رۆشنبیری و زانستیی ئەندامانی یەکێتییەکە، لە خزمەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دابنێ.**

**2ـ لە ئامادەکردنی لێکۆڵکاری و دیراساتی پێوەندیکاری پەرلەمانی دا هاوپشك دەبێ.**

3. به هەموو شێوازێكی ئاشتەوایی و دیموكراتی, بۆ پشتگیری و داكۆكی لە مافە رەواكانی گەلی كوردستان, كۆشش دەكا.

4. كار, بۆ چەسپاندنی فیدرالییەت دەكا.

5. كۆشش بۆ پتەوكردنی پێوەندیی نێوان پەرلەمانی كوردستانی عیراق و, ئەو پەرلەمانتارانەدا دەكات كە گەلی كوردی پارچەكانی دیكەی كوردستان دەنوێنن.

6. بۆ بنیادنانی هاوكارییەكی توندوتۆڵ لە نێوان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانی عیراق و پەرلەمانتارە كوردستانیەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا, كۆشش دەكا.

## بەشی دووەم

## ئەندامێتی

ماددەی پێنجەم:

یەكەم: مەرجی ئەندامێتی لەم یەكێتییەدا ئەوەیەكە:

1. هاوولاّتیی هەرێمی كوردستان بێت.

2. ئەندامی كار, یان لە خولێ لە خولەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان ـ عیراقدا دوای رابوونەكەی ساڵی (1991).

3. ئەندامی كار بێ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا, یان لە كۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقدا ئەندام بوو بێ، دووای ڕووخانی ڕژێمی لەناوچوو ساڵی 2003 ئەوانەی نوێنەرایەتی گەلی كوردستان دەكەن.

دووەم: ئەندامی یەكێتی, ئەندامییەتی خۆی لەم بارانەی خوارەوەدا لە دەست دەدات:

1. ئەگەر دەست لە ئەندامێتیی خۆی هەڵبگرێ و, دەستەی ئیداری لێی قبووڵ كرد بێ.

2. بە تاوانێكی (جەریمەیەكی) شەرەفنەنگێن حوكم بدرێ.

3. ئەگەر لە كارێكی پێچەوانەی ئامانجەكانی یەكێتییەكەوە گلابێ و, لە سەرئەوە, بە بڕیاری دەستەی گشتی, لە ئەندامێتیی یەكێتییەكە دەركرا بێ.

سێیەم: ئەو پەرلەمانتارانەی كوردی پارچەكانی دیكەی كوردستان دەنوێنن, دەبنە ئەندامی فەخریی یەكێتییەكە.

چوارەم: ئابوونەی ساڵانەی بەشداربوونی ئەندام(150000) سەدو پەنجا هەزار دیناری عیراقیە.

## بەشی سێیەم

## دەستەی گشتی

ماددەی شەشەم: دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانە پێك دێ كە ئیلتیزاماتی خۆیان بەجێ گەیاندووە.

**ماددەی حەوتەم: دەستەی گشتی، ساڵانە، بۆ هەڵبژاردنی دەستەی ئیداریی یەکێتی کۆدەبێتەوەو، بە دەنگدانی نهێنی و راستەوخۆو، بەزۆرینەی ئامادە بووان، حەوت ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی یەدەگ بۆ دەستەکە هەڵدەبژێرێ.**

**ماددەی هەشتەم: دەستەی گشتی، لە یەکێ لەم بارانەی خوارەوەدا، کۆبوونەوەیەکی نائاسایی سازدەدا:**

**1. بە بڕیاری دەستەی ئیداری.**

**2. کە (سێیەکی) ئەندامانی دەستەی گشتی، داواکارییەك بدەنە دەستەی ئیداری.**

**3. بابەتی کۆبوونەوەکە دیار دەکرێ و، ناشێ لە بەرنامە دیار کراوەکەی بترازێ.**

**4. بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی دەستەی گشتی (نیصابی) یاسایی دێتەجێ.**

**ماددەی نۆیەم: ئەرکەکانی دەستەی گشتی:**

**1. گفتوگۆ کردن لەسەر ئیش وکاری دەستەی ئیداری.**

**2. ئیقرار کردنی بوجەی ساڵانەی یەکێتییەکە، کە دەستەی ئیداری دایدەنێ.**

**3. سەیری کاروباری یەکێتییەکە دەکاو، ئەو پێشنیازانەش ئیقرار دەکا، کە لە بارەی هەموار کردنی یاسایەکەوە پێشکەش کراوە.**

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم: دەستەی ئیداری، لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا کە لە ماوەی هەفتەیەکی دوای هەڵبژاردنەکەیدا، سازی دەدا، سەرۆکێك و جێگری سەرۆك و بەرپرسێکی دارایی لە نێو ئەندامانی خۆیدا هەڵدەبژێرێ.**

**دووەم: ماوەی ئەندامێتی لە دەستەی ئیداریدا، یەك ساڵە.**

**ماددەی یازدە:**

**یەکەم: کۆبوونەوەکانی دەستەی ئیداری مانگانەیی. لەسەر داوای سەرۆکیش، بۆ کاتی پێویست، بۆی هەیە زیاد لە کۆبوونەوەیەکیش ساز بدات.**

**دووەم: دەستەی ئیداری لەسەر داوای زۆرینەی ئەندامەکانی , کۆبوونەوەیەکی نائاسایی سازدەدات.**

**سێیەم:( نصابی) یاسایی، بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامەکانی دەستەی ئیداری دێتەجێ و، بڕیارەکانیش بە زۆرینەی دەنگەکان، دەدرێن. کاتێکیش دەنگەکان یەکسان ببن، ئەوە، لەوبارەدا، بۆ ئەو لایەنەیان دەبێ کەسەرۆك دەنگی دەداتێ.**

**ماددەی دوازدە:**

**ئەگەر هات و، زۆربەی پۆستەکانی دەستەی ئیداری، بە هەر هۆیەك دەبێ، ببێ چۆڵ بوو، ئەوە، لەو بارەدا دەستەی ئیداری، دەستەی گشتی بانگهێشت دەکا بۆ کۆبوونەوە.**

**ماددەی سیازدە:**

**ئەگەر ئەندامی دەستەی ئیداری، لە سێ کۆبوونەوەی بانەوبان یەکدا، بەبێ پاساوێکی رەوا، ئامادە نەبێ، ئەوە، بە دەست لە کار هەڵگرتوو لەقەڵەم دەدرێ.**

**ماددەی چواردە:**

**دەستەی ئیداری ئەم ئیش و کارانە دەکات:**

**یەکەم: بوجەی ساڵانەو, حساب و حسابکاریی کۆتایی و, پێشنیازگەلی پێویست بۆ فراژووکردنی (تطویر) یەکێتییەکە, ئامادە دەکاو, هەواڵەی دەستەی گشتییانی دەکا بۆ ئیقرارکردنیان.**

**دووەم: داواکاریگەلی ئینتیساب بۆ یەکێتی قبوڵ دەکا, یان دەیانداتە دواوە. هەر کەسێکییش داواکەی قبوڵ نەکرا بێ, بۆی هەیە, لە ماوەی(30) رۆژ لە رۆژی دەرچوونی بڕیاری قبوڵنەکردنەکەوەی, لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان تانە لە بڕیارەکە بدات. بڕیاری ئەم دادگایەش کە دوای ئەو تانەلێدانە دەردەچێ, بڕیارێکی بنبڕە.**

**سێیەم: کارمەندان بۆ یەکێتییەکە دادەمەزرێنێ و, مووچەکانیان دیاردەکاو دەست لە کار هەلگرتنیان قبوڵ دەکاو, لە کاریان دەخاو سزاشیان دەدات.**

**چوارەم: بڕیار گەل و راسپاردەکانی دەستەی گشتی دەخاتەکار.**

**پێنجەم: لیژنەکان پێك دەهێنێ و, ناویان لێ دەنێ و, ئەرکوفرمانیان دیار دەکاو, کۆتایی بە ئیشەکانیان دێنێ.**

**شەشەم: سەیری مەسەلەی هاوپشکی لە کۆنگرەو سمینارە محەللی و نێودەوڵەتییەکاندا دەکاو, ژمارەی هاوپشکانیش, دوای وەرگرتنی رەزامەندیی ئاسایی, دیار دەکات.**

**حەوتەم: پارێزگاری لە ئەموالی یەکێتییەکە دەکاو, وەدەستیان دێنێ و, لە دارایی بەردەست, خەرجی پێویست ئیقرار دەکاو, بە بڕیاری دەستەی ئیدارییش نەبێ, ناشێ دەستکاریی ئەموالی یەکێتییەکە بکرێ.**

**هەشتەم: راپۆرتی ساڵانە, لەبارەی بزاڤی یەکێتی و ئیش و کاری یەکێتییەوە ئامادە دەکات.**

## بەشی چوارەم

## کاروباری ئیداری

**ماددەی پازدە:**

**یەکەم: سەرۆکی یەکێتییەکە, ئەم ئەرکوفرمانانەی خوارەوە, مومارەسە دەکا:**

**1- سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکانی دەستەی ئیداری دەکاو, ئەگەر خۆیشی لەوێ نەبێ, جێگرەکەی نوێنەرایەتیی دەکا.**

**2- خۆی, یان کەسێکی دی رادەسپێرێ, نوێنەرایەتیی یەکێتییەکە لە بەردەمی دادوەری و لایەنەکانی دیکەدا بکات.**

**3- مومارەسەی هەموو ئەو سەلاحییاتانە دەکا, کە دەستەی گشتی پێی داوە.**

**4- موستەنەدی پارەدان و (صکوك)و رەشنووسی دانیشتنەکان و نامەونامەکارییەکانی یەکێتییەکە واژوو دەکات.**

**5- سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی دەکا.**

دووەم: بەرپرسی دارایی, ئەرکوفرمانی دارایی یەکێتییەکە, لە ئەستۆ دەگرێ و, سەرپەرشتیی تۆمار راگرتن (مسك السجلات) دەکاو, لەگەڵ سەرۆکی یەکێتییەکەشدا, (صکوك) و سەنەدەکان واژوو دەکات.

## بەشی پێنجەم

## دارایی یەکێتییەکە

ماددەی شازدە:

دارایی یەکێتییەکە لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1. ئابوونەی ساڵانەی ئەندامەکان.

2. بەخششەکانی پەرلەمانی کوردستانی عیراق و حکومەتی هەرێمی کورستان.

3. خەڵات و پیتاك (الهبه والتبرعات).

4. قازانجی چاپەمەنییەکانی یەکێتییەکە.

## بەشی شەشەم

## تۆمارەکانی یەکێتییەکە

ماددەی حەڤدە:

پێویستە لەسەر یەکێتییەکە, ئەم تۆمارانەی خوارەوە رابگرێ:

1. تۆماری ئەندامەکان: ناوی ئەندامەکان و, هەر شتێکی پێوەندیی پێیانەوە هەبێ, تێیدا تۆمار دەکرێن.

2. تۆماری بڕیارەکان: بڕیارەکانی دەستەی گشتی و بڕیارەکانی دەستەی ئیداریی تێدا تۆمار دەکرێن و, لەلایەن دەستەی ئیدارییەوە واژوو دەکرێ.

3. تۆماری حساب و حسابکاری: داهات و سەرف و خەرجی تێدا تۆمار دەکرێن و, مەرجیشە لەلایەن نووسەری عەدلەوە تەسدیق کرابن.

4. تۆماری پیتاڵ و مەوجودات: هەموو ئەموالی گواستەنی و ناگواستنەنی و خەسڵەت و نرخەکانیانی تێدا تۆمار دەکرێن.

5. تۆماری هاتن و دەرچوونی نامەونامەکاری: ژمارە و رۆژو جێگاو لایەنی ئەو نووسراوانەی تێدا تۆمار دەکرێن کە لێوەی دەردەچن و بۆی دەنێردرێن.

ماددەی هەژدە: هەموو نامەو نامەکارییەکان و تۆمارەکانی یەکێتییەکە بە مۆری تایبەت مۆردەکرێن و, تۆمارو بەڵگەنامەکانیش بە بۆکسفایل لە یەکێتییە کەدا دەپارێزرێن و بەپێی یاسایش پشکنینیان لە سەر دەبێ.

## بەشی حەوتەم

## حوکمە کۆتاییە گشتییەکان

ماددەی نۆزدە:

یەکەم: لە حاڵەتی لە خۆوە هەڵوەشانی یەکێتییەکەدا, بە دەقێك وەسفی ماف و ئیلتیزاماتی دیار دەکرێن. ئەگەر بەزۆرداری هەڵوەشێنرایەوە, ئەوە, لەو بارەدا, ئەموالی یەکێتییەکە, دەچێتە سەر ئەموالی نزیکترین یەکێتی, ئامانجەکانی لەگەڵیدا هاوشێوە بن.

دووەم: لەو حاڵەتانەدا کە دەقێکیان لەم یاسایەدا, لەسەر نەهاتبێ, ئەوە, حوکمەکانی یاسای کارپێکراوی کۆمەڵەکانی بەسەردا دەسەپێ.

ماددەی بیستەم:

یەکێتییەکە, بۆی هەیە چاپکراوێکی خولاوخول دەربکا.

ماددەی بیست و یەك:

دەستەی گشتی بۆی هەیە پێڕەو و ڕێنماییە پێویستەکان دەربکات بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی بیست و دوو:

هەر دەقی لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ, ناخرێتەکار.

ماددەی بیست و سێ:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و, لایەنگەلی پێوەندیدار, حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەکار.

ماددەی بیست و چوار:

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە دەخرێتە کارو, لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە, بۆیە نەمانتوانی بیخوێنینەوە, ئینشائەڵلا لەکاتی خوێندنەوەی پرۆژەکە دەیخوێنینەوە, زۆر سوپاس, ئەگەر ئیجازەمان بدەنێ بە عەرەبی پرۆژەکە بخوێنینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ با رەئیی سەرۆکایەتی بخوێندرێتەوە, دەکرا یەکەم جار بە عەرەبی بخوێندرێتەوە, کوردیەکەی نەخوێنینەوە, تاوەکو ئەگەر پرۆژەکە بە کوردی بهاتبایە, بە کوردی دەمانخوێندەوە و عەرەبیەکەمان تەئجیل دەکرد, بەڵام خۆی بە عەرەبی هاتووە, نەوەك خیلاف هەبێت لە نەصەکە, فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**رقم القرار:**

**تاريخ القرار:**

**استناداً إلى أحكام الفقرة(1) في المادة(56) من القانون رقم(1) لسنة 1992 المعدل وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس قرر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / تشريع القانون الآتي:**

## قانون رقم( )لسنة 2006

## *قانون اتحاد برلمانيي كوردستان*

## الفصل الأول

## التأسيس والأهداف

**المادة : الأولى:**

**يؤسس بموجب هذا القانون اتحاد مستقل للبرلمانيين يسمى باتحاد برلمانيي كوردستان ويكون مقره في العاصمة اربيل وله ان يفتح فروعا له في محافظات الاقليم.**

**المادة : الثانية:**

**يتمتع الاتحاد بالشخصية المعنوية والاستقلال المالي والاداري.**

**المادة : الثالثة:**

**يكون للاتحاد شعار يتكون من علم كوردستان يعلوه ميزان يرمز الى العدالة وسيادة القانون ويكتب تحته باللغة الكوردية ( يةكيةتي ثةرلةمانتاراني كوردستان).**

**المادة : الرابعة:**

**يهدف الاتحاد الى ما يلي:**

**1ـ العمل على وضع الخبرات التي يمتلكها أعضاء الاتحاد في المجالات التشريعية والثقافية والعلمية في خدمة برلمان وحكومة اقليم كوردستان.**

**2ـ الإسهام في إعداد البحوث والدراسات ذات الصلة بالعمل البرلماني.**

**3ـ العمل بكافة الوسائل السلمية والديمقراطية من اجل مساندة والدفاع عن الحقوق المشروعة لشعب كوردستان.**

**4ـ العمل على ترسيخ الفدرالية.**

**5ـ العمل على توطيد العلاقة بين برلمان كوردستان العراق والبرلمانيين الذين يمثلون الشعب الكوردي في باقي أجزاء كوردستان.**

**6ـ العمل لبناء تعاون وثيق بين أعضاء برلمان كوردستان العراق والبرلمانيين الكوردستانيين في مجلس النواب العراقي.**

## الفصل الثاني

## العضوية

**المادة الخامسة:**

**أولاً: يشترط لعضوية الاتحاد أن يكون:**

**1. من مواطني اقليم كوردستان.**

**2. عضو عمل أو يعمل في احدى دورات المجلس الوطني لكوردستان - العراق بعد إنتفاضة سنة 1991.**

**3. عضواً في مجلس النواب العراقي أو كان عضواً في الجمعية الوطنية العراقية بعد سقوط النظام البائد عام (2003) الذي يمثلون شعب كوردستان.**

**ثانياً: يفقد عضو الاتحاد عضويته في الحالات التالية:**

**1. إذا قدم الاستقالة عن عضويته في الاتحاد وتم قبوله من قبل الهيئة الادارية.**

**2. اذا حكم عليه بجريمة مخلة بالشرف.**

**3. إذا فصل من عضوية الاتحاد بقرار من الهيئة العامة لارتكابه أعمالاً تنافي أهداف الاتحاد.**

**ثالثاً:- يكون البرلمانيون الذين يمثلون الكورد في باقي اجزاء كوردستان و لهم مواقف قومية مشرفة اعضاء فخريون في الاتحاد.**

**رابعاً:- يكون بدل الاشتراك السنوي للعضو(150000) مائة وخمسين الف دينار عراقي.**

## الفصل الثالث

## الهيئة العامة

**المادة السادسة:**

**تتكون الهيئة العامة من كافة الاعضاء الذين أوفوا بالتزاماتهم.**

**المادة السابعة:**

**تجتمع الهيئة العامة سنوياً لانتخاب الهيئة الإدارية للاتحاد بالاقتراع السري المباشر بأغلبية الحاضرين من سبعة أعضاء أصليين وعضوين احتياط.**

**المادة الثامنة:**

**تجتمع الهيئة العامة اجتماعاً استثنائياً في احدى الحالات الاتية:**

**1-بقرار من الهيئة الادارية.**

**2-بطلب يقدم الى الهيئة الادارية من قبل 1/3 اعضاء الهيئة العامة.**

**3-يحدد الموضوع المطلوب الاجتماع من أجله ولا يجوز الخروج عن المنهاج المحدد له.**

**4-يعتبر النصاب حاصلاً بحضور أكثرية اعضاء الهيئة العامة.**

**المادة التاسعة:**

**واجبات الهيئة العامة:**

1- مناقشة اعمال الهيئة الادارية.

2- إقرار الميزانية السنوية للاتحاد المعدة من قبل الهيئة الإدارية.

3- النظر في شؤون الاتحاد وإقرار المقترحات المقدمة إليها بشأن تعديل القانون.

المادة العاشرة:

اولاً: تنتخب الهيئة الإدارية في اول اجتماع لها خلال اسبوع من تاريخ انتخابها رئيساً ونائباً للرئيس ومسؤولاً مالياً من بين أعضائها.

ثانياً: مدة العضوية في الهيئة الإدارية سنة واحدة.

المادة الحادية عشرة:

اولاً: تكون إجتماعات الهيئة الادارية شهرية, ولها أن تعقد أكثر من اجتماع عند الاقتضاء بدعوة من الرئيس.

ثانياً: تعقد الهيئة الادارية اجتماعاً استثنائياً بطلب من أكثرية أعضائها.

ثالثاً: يكتمل النصاب القانوني بحضور اكثرية اعضاء الهيئة الادارية وتتخذ القرارات باغلبية الاصوات وعند التساوي يرجح الجانب الذي صوت فيه الرئيس.

المادة الثانية عشرة:

تدعو الهيئة الادارية الهيئة العامة للاجتماع اذا شغرت اكثر مناصب الهيئة الادارية لاي سبب كان.

المادة الثالثة عشرة:

اذا تغيب عضو الهيئة الادارية ثلاثة اجتماعات متتالية دون عذر مشروع يعتبر مستقيلاً.

المادة الرابعة عشرة:

تقوم الهيئة الادارية بما يلي:

اولاً: إعداد الميزانية السنوية والحسابات الختامية والمقترحات اللازمة لتطوير الاتحاد الى الهيئة العامة لإقرارها.

ثانياً: قبول طلبات الانتساب الى الاتحاد او رفضها ولمن رفض طلبه الطعن في قرار الرفض لدى محكمة تمييز اقليم كوردستان خلال مدة ثلاثين يوماً من تاريخ صدوره ويكون قرار محكمة التمييز إثر الطعن باتاً.

ثالثاً: تعين العاملين في الاتحاد وتحديد اجورهم وقبول استقالاتهم والاستغناء عنهم ومعاقبتهم.

رابعاً: تنفيذ قرارات وتوصيات الهيئة العامة.

خامساً: تشكيل اللجان وتسميتها وتحديد مهامها وانهاء اعمالها.

سادساً: النظر فيما يخص المشاركة في المؤتمرات والندوات المحلية والدولية وتحديد المشاركين بعد اخذ الموافقات الاصولية.

سابعاً: الحفاظ على اموال الاتحاد واستحصالها واقرار صرف النفقات ضمن الموجودات ولا يجوز التصرف باموال الاتحاد الا بقرار من الهيئة الادارية.

ثامناً: اعداد التقرير السنوي عن نشاط الاتحاد واعماله.

## الفصل الرابع

## الامور الادارية

**المادة الخامسة عشرة:**

**اولاً: يمارس رئيس الاتحاد المهام الاتية:**

1- يرأس اجتماعات الهيئة الادارية وفي حالة غيابه ينوب عنه نائب الرئيس.

2- يمثل الاتحاد او من يخوله امام القضاء والجهات الاخرى.

3- يمارس جميع الصلاحيات المخولة له من قبل الهيئة العامة.

4- يوقع على مستندات الصرف والصكوك ومحاضر الجلسات ومراسلات الاتحاد.

5- يرأس اجتماعات الهيئة العامة.

**ثانياً: يتولى المسؤول المالي المهام المالية للاتحاد ويشرف على مسك السجلات ويوقع مع رئيس الاتحاد الصكوك ومستندات الصرف.**

## الفصل الخامس

## مالية الاتحاد

**المادة السادسة عشرة:**

**تتكون مالية الاتحاد م**

1- الاشتراك السنوي للاعضاء.

2 - منح برلمان كوردستان - العراق وحكومة اقليم كوردستان و مجلس النواب العراقي.

3- الهبات والتبرعات.

4- ريع المطبوعات التي يصدرها الاتحاد.

## الفصل السادس

## سجلات الاتحاد

**المادة السابعة عشرة:**

**على الاتحاد مسك السجلات التالية:**

1- سجل الأعضاء: تدون فيه اسماء الاعضاء وكل ما يتعلق بالعضو.

2 - سجل القرارات: تدون فيه قرارات الهيئة العامة والهيئة الادارية ويوقع عليه من قبل الهيئة الادارية.

3- سجل الحسابات: تدون فيه الايرادات والمصروفات على ان يكون مصدقاً من الكاتب العدل.

4- سجل الاثاث والموجودات: يدون فيه جميع الاموال المنقولة وغير المنقولة واوصافها واثمانها.

5 - سجل المراسلات الصادرة والواردة تدون فيها ارقام وتواريخ ومواضع الكتب والجهات الصادرة منها والواردة اليها.

**المادة الثامنة عشرة:**

**تختم جميع مراسلات الاتحاد وسجلاتها بالختم الخاص به وتحفظ السجلات والوثائق في اماكن مخرزه داخل الاتحاد وخاضعة للتفتيش وفقاً للقانون.**

**الفصل السابع**

**أحكام ختامية عامة**

**المادة التاسعة عشرة:**

**اولاً: في حالة حل الاتحاد اختيارا ينص وصف لتحديد الحقوق والالتزامات واذا كان الحل اجبارياً تؤول اموال الاتحاد الى اقرب اتحاد مماثل في الاهداف.**

**ثانياً: تطبق احكام قانون الجمعيات النافذ في الحالات التي لم يرد فيها نص في هذا القانون.**

**المادة العشرون:**

**للإتحاد اصدار مطبوع دوري.**

**المادة الحادية والعشرون:**

**للهيئة العامة إصدار الأنظمة و التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة الثانية والعشرون:**

**لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.**

**المادة الثالثة والعشرون:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقةتنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة الرابعة والعشرون:**

**ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**لیژنەی یاسایی پێویستە راپۆرتی خۆی ئامادە بکات لە رۆژی گفتوگۆ کردنی, ئێستا دێینە سەر خاڵی سێیەم خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای (14)ی ساڵی 1992ی وەزارەتی پەروەردە. هەر بە عەرەبی بۆمان هاتووە لە حکومەتەوە زۆریشە, رەنگە هەر عەرەبییەکەی بخوێنینەوە و کوردیەکەش لاتان هەیە و بۆ رۆژی موناقەشەکە, فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەراستی ئەو پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە هاتووە, تۆزێك کەم وکوڕی تێدایە, یەکەم بەشێوەی تەعدیل هاتووە, ئەوە زۆر باشە, بەڵام پاش هەنگینێ لاپەڕەی سێ و چوارەم بە شێوەی مەوادی ئیزافی هاتووە, ئێمە کە خوێندنەوەی یەکەمی کراوە ئیحالەی لیژنەی قانونی کرا, رەنگە بتوانین دەستکاری بکەین بۆ ئەوەی ئەو مادده ئیزافیەش داخلی تەعدیلەکە بکەین و ببێتە تەعدیلی وەزارەتی پەروەردە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە, برادەری تریش هەر عەینی مولاحەزەی دابوو لەسەر یاساکە, ئەمە خوێندنەوەی یەکەمە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لە بیدایەت پرۆژەیەکمان لە بۆ هات, ئەو پرۆژەیە پرۆژەیەکی تازە بوو بەنسبەت وەزارەتی تەربیە, تەعدیلاتێکی کەمی تێدا بوو دوای ئەوەی ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین ئەوان ئیکتیفایان کرد بە تەعدیل, وتیان ئێمە بە پرۆژەیەکی لاحق تەعدیلێك دەنێرین و صەرفی نەزەر لەو پرۆژەیە دەکەین, ئیتر بۆیە ئێمەش ئەو تەعدیلەمان خوێندەوە, دوا رەئییش رەئیی ئێوەی بەڕێزە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با تەوزیحێك بدەم, وادیارە ئەو تەعدیلەی کە کراوە لاتان نییە, لەبەر ئەوەی دەکرێت خوێندنەوەی یەکەمی بکرێ بەبێ ئەوەی نوسخەی یەکەمتان لابێت, لە موناقەشە تەبعەن هەمووتان لاتان دەبێت, خوێندنەوەی یەکەم دەکرێت پێشتر تەوزیع کرابێت, و دەکرێت نەکرابێت, یانی ئێستا خوێندنەوەی یەکەم دەخوێندرێتەوە, دواتر بە تەبع کراوی پێتان دەگات, بۆ ئەوەی خۆتان ئامادە بکەن بۆ رۆژی موناقەشەکردنی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

**قانون التعديل الثاني لقانون وزارة التربية لاقليم كوردستان- العراق**

**رقم (4) لسنة( 1992) المعدل**

المادة الاولى:

تلغى الفقرة (6)من المادة (الاولى)من قانون وزارة التربية رقم (4) لسنة 1992.

المادة الثانية:

تعدل الفقرة (3) من المادة الثانية من قانون وزارة التربية رقم 4 لسنة 1992 المعدل و تقرأء كالأتي:-

( للوزير مستشارون لايزيد عددهم عن اربعة يساعدونه في ادارة شؤون الوزارة و تنفيذ مهماتها الفنية ).

المادة الثالثة:

تلغى المادة الثالثة ويحل محلها مايلي:-

هدف الوزارة :- تهدف الوزارة الى تنشئة جيل واعٍ محب لوطنه اخذ بالتفكير العلمي ومتشبع بالعلم والمعرفة و الخلق, مستوعب لمعطيات التطور الحضاري, مدرك لحقوق الانسان ومؤمن بمبادئ ، واجباتها متفهم للحريةو، المسؤولية في نطاق المجتمع وتوفير فرص التعلم لكل من يرغب في ذلك أو بحاجة اليه.

المادة الرابعة:

**تعدل الفقرة(4) من المادة الرابعة من القانون رقم 4 لسنة 1992 و تضاف فقرة اخرى اليها لتصبح فقرة (5) لها وتقرأن كالاتي:**

**4- جعل اللغات التركمانية والسريانية والأرمنية لغة التعليم في المناطق التي يشكل الناطقين فيها كثافة سكانية وفقاً للضوابط التربوية على ان يكون تعليم اللغتين الكوردية والعربية إلزامياً.**

**5- تغيير المناهج الدراسية لجميع المراحل الدراسية وفق متطلبات العصر بحيث يتلاءم مع السياسة التربوية والتنموية في اقليم كوردستان.**

**المادة الخامسة:**

**تعدل الفقرتان (1) و (4) من المادة الخامسة من القانون رقم 4 لسنة 1992 و تقرآن كالآتي:**

**1- ضمان اعداد وتأهيل المعلمين و المدرسين و المشرفين التربويين و المسؤولين عن ادارة التعليم و الاشراف عليه و اعادة تدريبهم اثناء الخدمة و تمكينهم من النمو المهني و العلمي و دعم منزلتهم بالتنسيق مع وزارة التعليم العالي و البحث العلمي والوزارات ذات العلاقة.**

**4- العناية بالتربية الدينية و الخلقية وفق مبادئ التسامح والتعاون والصدق والاخلاص في الأقوال والاعمال.**

**المادة السادسة:**

**تلغى المادة التاسعة من القانون رقم 4 لسنة 1992 و يحل محلها ما يلي:**

**تنشئ الوزارة من الصفوف و المدارس وفق الأساليب العلمية الحديثة لرعاية:**

**أ- ذوى الاحتياجات التربوية الخاصة.**

**ب- المتفوقين والموهوبين.**

**المادة السابعة:**

**تعدل المادة االحادية والعشرون من القانون رقم 4 لسنة1992 المعدل وتقرأ كالآتي: -**

**تتكون تشكيلات مركز الوزارة من:**

**1- مكتب الوزير**

**2- مكتب وكيل الوزارة**

**3- المديرية العامة للديوان**

**4- المديرية العامة للمناهج و الوسائل التعليمية و المطبوعات**

**5- المديرية العامة للنشاط الرياضي و الفني**

**6- المديرية العامة لرياض الأطفال و التعليم الإبتدائي**

**7- المديرية العامة للتقويم و الإمتحانات و الشهادات**

**8- المديرية العامة للتعليم الثانوي و المهني**

**9- المديرية العامة للتخطيط التربوي**

**10- المديرية العامة للتعليم التركماني**

11- المديرية العامة للتعليم السرياني

12- المديرية العامة للمعاهد و التدريب

13- المديرية العامة للإشراف التربوي

14- المديرية العامة للأبنية والمعامل

المادة الثامنة:

تضاف مايلي الى أخر المادة الثانية والعشرين المعدلة وتصبح الفقرة (5) لها:

ا- للوزير التعاقد مع خبراء عراقيين.

ب- للوزير التعاقد مع الاجانب أو الشركات للاستفادة من خبراتهم في المجالات التي يراها ضرورية أو بحاجة الى خدماتهم بعد موافقة رئاسة مجلس الوزراء.

المادة التاسعة:

تضاف المادة التالية الى القانون رقم 4 لسنة 1992 المعدل كالآتي:

أولاً: تنشئ الوزارة بنظام معاهد المعلمين و الفنون الجميلة و الفندقة و السياحة و غيرها.

ثانيا: ينظم التعليم المهني و فروعه بنظام.

المادة العاشرة:

تضاف المادة التالية الى القانون رقم 4 لسنة 1992 المعدل كالآتي:

يجوز اختصار مدة الدراسة بالأنتقال الى صف اعلى و تحدد بتعليمات جميع الأمور المتعلقة بالإنتقال.

المادة الحادية عشرة:

تضاف المادة التالية الى القانون رقم 4 لسنة 1992 المعدل كالآتي:

يجب ان يتوفر في المدير العام للتربية المواصفات التالية :

أ- ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية و له خدمة في التربية اكثر من ( 15) سنة .

ب- يمتاز بقوة الشخصية و النزاهة و السمعة الطيبة وذو خبرة و كفاءة بين اعضاء الهيئة التدريسية و التعليمية.

المادة الثانية عشرة:

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثالثة عشرة:

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة الرابعة عشرة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الخامسة عشرة:

ينفذ هذا القانون إعتباراً من تأريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية(وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی یەکەم جار قانونەکە هاتبوو بەناوی یاسای وەزارەتی پەروەردە، لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە لە ئەصڵدا هەیە، لیژنەی یاسایی ئیعتیرازی کرد وتی ئەوە یاسایەکی تازە نییە، ئێوە ئیزافاتتان هەیە و تەعدیلاتتان هەیە، دەبێت ناوەکەشی بگۆڕدرێت وناوەڕۆکەکەشی بگۆڕدرێت، بۆیە یاسای هەموارکردنی یاسای وەزارەتی تەربیە، ئەو خاڵانەی کە خوێندرانەوە، ئەو خاڵانە بوون کە پێویستە بگۆڕدرێن یان هەموار بکرێن، ئێوە ئەصڵی یاساکەتان لایە، ئەو پرۆژەیەی کە تازە هاتووە لەلایەن حکومەتەوە بۆ هەموارکردنی ئەو یاسایە ئەویشتان پێدەگات، لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەش راپۆرتی خۆی ئامادە دەکات بۆ رۆژی موناقەشە کردنی، سوپاس، بڕگەی چوارەم خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای لە سنووردانی حاڵاتی دوو ژنەیی. فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ماددەی یەکەم و ماددەی دووەم وەرگێڕانەکەی تۆزێك ناڕێکە، دەست کاریەکم کردووە ئەگەر ماوە بدەن بە دەستکارییەوە بیخوێنمەوە.

**مشروع قرار**

المادة الاولى: يعاقب بالحبس مدة لاتزيد عن ثلاث سنوات وبغرامة لاتزيد عن مليوني دينار كل من اجرى عقداً بالزواج بأكثر من واحدة.

المادة الثانية: يستثنى من المادة الاولى الحالات التالية:

1-مرض الزوجة المزمن.

2-عدم الانجاب اذا كان السبب يعود الى الزوجة.

3-مرور سنتين على نشوز الزوجة.

المادة الثالثة: لايعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة الرابعة: على الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

المادة الخامسة: ينفذ هذا القرار من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەعلیقات زۆرە، بەڵام رۆژی تەعلیقات نییە، رۆژی موناقەشەکردنی هەرچی موداخەلەی هەبێت دەتوانێ بیکات، فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی بڕیار:

مێژووی بڕیار:

**ماددەی یەکەم:** بە حەبس سزا دەدرێت کە ماوەکەی لە سێ ساڵ و غەرامەکەی لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێ هەر یەك لە ژنێك زیاتر مارە بڕێت.

**ماددەی دووەم:** ئەم حاڵەتانەی خوارەوە لە ماددەی سەرەوە دەبوردرێن:

1-پەتای درێژخایەنی ژنەکە.

2-نەزۆکی، ئەگەر هۆیەکە بگەڕێتەوە بۆ ژنەکە.

3-رەت بوونی دوو ساڵ بەسەر ناچێژەی ژنەکەدا.

**ماددەی سێیەم:** هەر دەقەی لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارەدا نەگونجێ ناخرێتە کار.

**ماددەی چوارەم:** پێویستە لەسەر وەزیرەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخەنە کار.

**ماددەی پێنجەم:** ئەم بڕیارە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە وەقایعی کوردستانەوە دەخرێتە کار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی من مولاحەزەیەکم هەیە، لەسەر عەرەبیەکە و لەسەر کوردیەکە، ماددەی یەکەم مەفروزە ئەم عقوبەیە هەم ئەم کەسە بگرێ کە مارەکە دەبڕێ، هەم ئەو کەسەی کە ژنی دووەمی دێنێ، صیغەکە دەبێ بەم شکلە بێت، من وای تێدەگەم. لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ئافرەتان و ژنان راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن لەو مەوزوعە، فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژانەی کە هاتوون با بزانین لە کوێیەوە هاتوون، مەسەلەن پرۆژەی یەکێتی ئەندامانی پەرلەمان، جێی خۆیەتی بزانین کە ئایا لەلایەن کۆمەڵێك ئەندامی پەرلەمانەوە گەیشتووە، یان لەلایەن حکومەتەوە، لەبەر ئەوە دیاری بکرێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ نوقتەی نیزامیە، راستە وەکو لیژنەی قانونی دەبێت ئیشارەتی پێ بکات، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

غەیری مەسەلەی ئیتیحادی پەرلەمانی نەبێت، ئەوانی دیکە هەمووی لەلایەن حکومەتەوە بۆمان هاتووە، بەڵام بەبێ دیباجە هاتووە، ئێمە ئیزافەی دیباجەکە دەکەین، لە دیباجە ئیشارەت بەوە دەدەین کە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە، ئەوەلیاتیش هەمووی لەلای دەستەی سەرۆکایەتییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ بڕگەی دوایی، خاڵی پێنجەم لەبەرنامەی کار بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پلاندانان. تەبعەن دەبوایە لەسەرەتاوە بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پلاندانان عوسمان شوانی و وەزیری هەرێم کاك سعد بکەین، وەخت ماوە بەخێربێن بەسەرچاو، بەنسبەت کاك عوسمانەوە بۆ ئەوەی

بەشداریمان بكات لە موناقەشەی وەزارەتەكە و كاك سعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەیوەندی نێوان حكومەتی هەرێم و پەرلەمان, هەردووكیان بەخێربێن بەسەرچاو, فەرمووو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی راپۆرتی لیژنەی یاسا سەبارەت بەم پرۆژەیە بە زمانی كوردی برای بەڕێزم كاك كریم دەیخوێنێتەوە, دوایی بەزمانی عەرەبی برای بەڕێزم كاك عونی دەیخوێنێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی**

لیژنەكەمان هەڵسا بە تاوتوێكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی كوردستان ـ عیراق كە دوای یەكەمین خوێندنەوەی بۆمان راوانە كرابوو لە پەرلەمان رێكەوتی 2006/9/4 دواتر كۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیری راسپێردراو بۆ پۆستی وەزارەتە نوێكە ئەنجامداو, دوای گفتوگۆ و راگۆرینەوە لیژنە راپۆرتەكەی و راسپاردە و پێشنیازەكانی سەبارەت بە پرۆژەكە بەتێكڕای پووخەتەكان. بەم شێوەی خوارەوە پێشكەشی دەكات:

یەكەم: لیژنەی یاسای پشتگیری پرۆژەی یاساكە دەكات لەبەر ئەوەی وەزارەتێكی نوێیە لە هەرێمدا و, دوای راستكردنەوەی ئەو هەڵە زمانەوانی و رێزمانانەی تیایدا بەدیكراوە لە سۆنگەی خوێندنەوەی ئەم راپۆرتەدا.

دووەم: لیژنە پێشنیازی دارشتنی دیباجەیەك بۆ پرۆژەكە دەكات.

سێیەم: بەگوێرەی ماددەی یەكەم لە پرۆژەكەدا لیژنە پێشنیازی ئەمەی خوارەوە دەكات:ـ

1ـ دارشتنی دێری یەكەم لە ماددەكەدا بەشێوەی دادێت ( مەبەست لەم دەستەواژانەی دادێن واتای دیار كراوی بەرامبەریەتی).

2ـ زنجیرە( ژمارەییەكان) بەنووسین بنووسرێن, بۆ ئەوەی لەگەڵ دارشتنی ئاسایی پێناسەكانی یاساكانی دیكەدا كە لە پەرلەمانەوە دەرچوون, بگونجێن.

چوارەم: بەلاًم ئەمەی پەیوەندی بە ماددەی دووەمی پرۆژەكەوەیە, لیژنە, هیچ تێبینیەكی لەسەری نییە.

پێنجەم: بەلاًم ئەمەی پەیوەندی بە ماددەی سێیەم و چوارەمەوەیە, ئەوە, لیژنە ئەم پێشنیازەی خوارەوەی, بۆیان هەیە:

1ـ هەردووكیان بكرێن بە یەك ماددە, چونكە پێوەندییان بە پێكهاتەو پێكهێنەرەكانی وەزارەتەكەوە هەیە. زنجیرەی ماددە یەكخراوەكەش, دەبێ بە

( ماددەی سێیەم)و, زنجیرەكانی دیكەی دوای ئەویش ریز بەندیەكی رێك دەخرێتەوە.

2- جیگای برِگەو زنجیرەکانی, دووبارە ریّك بخریّتەوە, بەجۆریّ کە, (سیّیەم: راویّژکاران) زنجیرەی (پیّنجەم) وەربگریّ و, نووسینگەی وەزیر, بچیّتە سەرووترو, نووسینگەی بریکاری وەزارەتیش پاش ئەو, بیّت.

3- لە دوا دیّری خەسلەتی راویّژکارەکاندا, وشەی(ولە) بکریّتە(ولهم).

4- دوای وشەی( فرمانبەریّ) کە بۆ هەردوو نووسینگەی وەزیریش بریکاری وەزارەتەکەش دادەنریّ, وشەی( بەپلەی بەریّوەبەر) یان, بۆ زیاد بکریّ.

شەشەم: هەرچی ماددەی (پیّنجەم)ی پرۆژەکەیە, کە دەکریّ بە(ماددەی چوارەم)ی پیّشنیازەکانی لیژنەی یاسا, ئەوە هیچ تیّبینیەکمان لەسەری نییە.

حەوتەم: هەرچی ماددەی(شەشەم)ی پرۆژەکەیە, کە دەبیّ بە(ماددەی پیّنجەم), ئەوە, لیژنە پیّشنیاز دەکا, برِگەی (دووەم)ی دووبارە بەم شیّوەیەی خوارەوە دابرِیّژریّتەوە:

((وەزیر بۆی هەیە, بەرِیّوەبەرایەتی و بەش و هۆبە, لە پیّکهاتەکانی وەزارەتەکەدا, بەپیّی پیّداویستی کار, لە کاتی زەروورەتدا, بکاتەوە, یان یەکیانبخا, یان ئیلغایان بکات)).

برِگەی ( سیّیەم)یشی بەم شیّوەیەی خوارەوەی بۆ دابرِیّژریّ:

((وەزیر بۆی هەیە, ریّنمایی پیّویست بۆ ئاسانکردنی جیّبەجیّکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەر بکات)).

هەشتەم: هەرچی ماددەی حەوتەمی پرۆژەکەیە, کە بووە بە( ماددەی شەشەم)ی پیّشنیازەکانی لیژنەی یاسا, ئەوە, لیژنە پیّشنیاز دەکا, بەم شیّوەیەی خوارەوە دابرِیّژیّتەوە:

((هەر دەقیّ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجیّ, ناخریّتە کار)).

نۆیەم: هەرچی ماددەی(هەشتەم)ی پرۆژەکەیە, کەبووە بە (ماددەی حەوتەم), ئەوە لیّژنە, پیّشنیاز دەکا, بەم شیّوەیەی خوارەوە دابرِیّژریّتەوە:

((پیّویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پیّوەندیدارەکانیش, حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار)).

دەیەم: لیژنە پیّشنیاز دەکا, ماددەیەکی دیکەی بەم شیّوەیەی خوارەوەی بۆ دابرِیّژریّ و ببیّتە (ماددەی هەشتەم)

((ئەم یاسایە, لە رۆژی دەرکردنییەوە, دەخریّتەکارو, لە (وەقایعی کوردستان)دا بلاّودەکریّتەوە)).

یازدە: لە کۆتاییدا, پیّشنیاز دەکەین( هۆکاری دانانی یاسایەکە) بەم شیّوەیەی خوارەوەی بۆ دابریّژریّ:

**- هۆکاری دانانی ئەم یاسایە -**

لەبەر ئەوەی وەزارەتیّك, لە حکومەتی هەریّمی کوردستاندا, تازە دانراوە, کە ئەرکوفرمانی ئامادەکردنی پلانەکانی فراژوکردنی هەریّمی لە ئەستۆ گرتووەو, لە بەر تیشکی پیّداویستی هەنووکەو ئایندەش, لە رووی ئابووری و کۆمەلآیەتی و بەشەری و رۆشنبیرییەوە بەرەو چاکتری دەگۆرِیّ و, بەهاوکاری لەگەڵ

دامودەزگاكانی حكومەتدا دیراساتی پێویست بۆ بەهاوچەرخ كردن و بەرەوچاكتر گۆڕین دادەنێ و, ستراتیجییەتی فراژوكاریی ئابووری و كۆمەڵایەتی هەڵدەسووڕێنێ و, كێشە كۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەكانی چارەسەر دەكاو, هێزی مرۆ رادەهێنی و تەئهیلی دەكا, لەبەر ئەوە, زەروورەت, وەها پێویستی كرد, كە یاسایەك دابنرێ, ئەركوفرمان و ئامانجەكانی ئەم وەزارەتەو ئیش و كاری بەرێوەبەرایەتییەكانی ئەم وەزارەتە, دیاربكاو, ئیشی یەكە بە یەكەیان رێك بخا. بۆ بەدی هێنانی هەموو ئەو ئامانجانە, ئەم یاسایە دانرا.

تكایە, بفەرموون ئەسڵی پرۆژەكەو, رای لیژنەی یاساییش دەربارەی پرۆژەكە, بخەنە پێش چاوی ئەنجومەن تا گفتوگۆی لەسەر بكاو, رای لە باری خۆی لەسەر بدات، لەگەڵ رێزدا.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێویستە بەرنامەی كار بەلایەنی كەمی بەپێی پەیرەوی ناوخۆ دوو رۆژ پێشتر بخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان, ئێمە ئێستا زانیمان ئەمڕۆ موناقەشەی پرۆژەی وەزارەتی پلاندانانە,  رەنگە خۆشمان بۆ ئامادە نەكردبێت, و قانونەكەشمان لا نییە, لەبەر ئەوە ئەوە لادانە لە پەیڕەوی ناوخۆ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوو مولاحەزەت دەدەمێ, یەكەم دەبوایە لەسەرەتای خوێندنەوەكان ئەم نوقتەی نیزامیە بڵێی, دووەم لە 2006/7/10 ئەوە تەوزیع كراوە و خوێندراوەتەوە, وجەنابت لێرە نەبووی غائیب بووی, بەسەر هەمووان تەوزیع كراوە و لیژنەی قانونی ئەمڕۆ تەواوی كردووە و ئێستاكە دەیخەینە موناقەشە و دەیخوێنێتەوە بڕگە بە بڕگە, ئەوەی غائیب بووە یان خۆی موتابەعەی نەكردووە, ئەوەی صندوقی بەریدی نەكردۆتەوە یان غائیب بووە, ئەوا خەتا لەخۆیەتی, فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الى/ رئاسة المجلس الوطني الكوردستاني**

**م/ تقرير اللجنة القانونية**

قامت لجنتنا  بدراسة مشروع قانون وزارة التخطيط لاقليم كوردستان ـ العراق المحال اليها بعد القراءة الاولى له في البرلمان بتأريخ 2006/9/4 وإجتمعت مع الوزير المكلف بحقيبة الوزارة المستحدثة وبعد المناقشة والمداولة تقدم اللجنة تقريرها وتوصياتها وإقتراحاتها بشأن المشروع بإجماع الآراء وكما يلي:-

أولاً: إن اللجنة القانونية تؤيد مشروع القانون نظراً لإستحداث الوزارة في الاقليم، وتصحيح الاخطاء اللغوية والنحوية الواردة فيه من خلال قراءتها لهذا التقرير.

ثانياً: تقترح اللجنة صياغة الديباجة للمشروع.

ثالثاً: بالنسبة للمادة الاولى من المشروع تقترح اللجنة مايلي:

1- صياغة السطر الاول من المادة بالشكل التالي (يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة إزاءها)

2- تبديل التسلسلات الرقمية بالسلسلات الكتابية لتنسجم مع الصيغة المتبعة في سرد التعاريف المستعملة في القوانين الصادرة عن برلمان كوردستان.

رابعاً: اما فيما يتعلق بالمادة الثانية من المشروع فلا توجد لدى اللجنة اية ملاحظات عليها.

خامساً: اما فيما يتعلق بالمادتين الثالثة و الرابعة تقترح اللجنة مايلي:

1- دمجهما بمادة واحدة لكونهما تتعلقان بتشكيلات و تكوينات الوزارة وتكون تحت تسلسل المادة (الثالثة) وترتب تسلسلات المواد تبعاً لذلك.

2- اعادة ترتيب مواقع فقراتها وتسلسلاتها بحيث تكون ثالثاً المستشارون بتسلسل (خامساً) و يتقدمه مكتب الوزير ثم مكتب وكيل الوزارة.

3- جعل ( وله) بـ( ولهم) في اخر السطر من وصف المستشارون.

4- اضافة ( بدرجة مدير) بعد كلمة موظف في مكتب الوزير ومكتب وكيل الوزارة.

سادساً: اما بشأن المادة ( الخامسة) من المشروع والتي تصبح برقم المادة (الرابعة) من مقترح اللجنة القانونية لا توجد اية ملاحظات عليها.

سابعاً: اما بالنسبة للمادة (السادسة) من المشروع والتي تصبح برقم المادة (الخامسة) تقترح اللجنة: اعادة صياغة (ثانيا)ً منها وتكون كالأتي( للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقاً لمتطلبات عملها عند الاقتضاء).

واضافة فقرة ثالثا اليها وكالاتي( للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون)

ثامناً: اما بالنسبة للمادة السابعة من المشروع والتي اصبحت برقم المادة (السادسة)من مقترح اللجنة تقترح اللجنة صياغتها كالاتي: ( لا يعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون)

تاسعاً: اما بالنسبة للمادة الثامنة من المشروع والتي اصبحت برقم المادة ( السابعة) تقترح اللجنة صياغتها كالاتي: ( على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).

عاشراً: وتقترح اللجنة اضافة مادة بالصيغة التالية وتحت رقم المادة (الثامنة) ( ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان).

حادي عشر: واخيراً تقترح اللجنة صياغة الاسباب الموجبة التالية للمشروع.

## - الاسباب الموجبة -

بالنظر لاستحداث وزارة في حكومة اقليم كوردستان لتتولى مهام اعداه خطط تنمية الاقليم وتطويره اقتصادياً واجتماعياً و بشرياً وثقافياً في ضوء حاجات المجتمع الكوردستاني القائمة والمتوقعة والتعاون مع المؤسسات الحكومية في اعداد الدراسات اللازمة لتطويرها وتحديثها وادارة استراتيجية التنمية الاقتصادية

والاجتماعية ومعالجة المشاكل الاجتماعية المختلفة وتأهيل القوة البشرية فقد اصبح من الضروري تشريع قانون يحدد مهام واهداف هذه الوزارة والمديريات المرتبطة بها وتنظيم مهام كل منها ولتحقيق ما تقدم فقد شرع هذا القانون.

راجين التفضل بعرض اصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بصدده على المجلس للمناقشة وابداء الرأي المناسب بشأنه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئاریێز تۆ مەقصەدت بەرنامەی كار بوو, یان هەردووكی بوو. بەرنامەی كار, من تێنەگەیشتم, راستە بەرنامەی كار دەبێ دوو رۆژ پێشتر, بەڵام بە حەقیقەت واقیعی نییە, ئەگەر بەپێی بەرنامەی كار بڕۆین زۆر جار لێمان هین دەبێت, كاكە ئەمڕۆ حازر بووینە, دوێنێ حازر بووینە, هەندێ جار شتی تازە دێتە پێشەوە, وتومانە پێنج شەموان جەلسە ناكەین, بیخەینە هەفتەی داهاتوو كۆمەڵێك پرۆژەی ترمان هەیە, دامانایە رۆژی دووشەممە قانونەكانی تر موناقەشە بكەین, هەندێ جار پەیڕەوی ناوخۆ لەو ناوەوە دەیشكێنین ناچاریە, واقیعیەتی ئەوەیە بەحەقیقەت, موهیم ئەوەیە هەدەفەكەیە, بێجگە لەوەش زۆر جار مولاحەزە دەكەین پرۆژەی یاسا و شتی كە لێرە ئەندام لەبیری دەكات لەسەر مێزەكەی, یانی حەق وایە لە ژوورەكەی خۆیان تەنزیمی بكەن و شتی بكەن, دوایی گلەیی نەكەن پێمان نەگەیشتووە, بەحەقیقەت ئێمە هەوڵیش دەدەین, زۆر جار باسیشمان كردووە هەوڵ دەدەین پابەند بین بە نیزامی داخلی, بەڵام كە پێمان نەكرێت هەندێ جار كارەكە نابێ رابگرین لەبەر ئەوەی زۆرجار عەرقەلە دەبێت, رەنگە تەحەمولی مەسئولیەتەكە بكەین, ئێستا داوا دەكەم لە لیژنەی یاسایی ماددەی یەك بخوێنێتەوە لە نوسخە ئەصڵیەكەی, دوایی موقتەرەحەكە, ئینجا دوایی گوێ لە بەڕێز كاك عوسمان وەزیری پلاندانان دەگرین, ئەگەر پێویستی بە موناقەشە كرد, دەرگا دەكرێتەوە بۆ موناقەشە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی ماددەی یەكەم بخوێنینەوە, مولاحەزەیەك و روونكردنەوەیەكم هەیە, مولاحەزەكەم ئەوەیە نازانم ئەگەر ئەو پرۆژەیە ئیحالەی تەنیا لیژنەی یاسا كراوە, ئایا ئیحالەی لیژنەی تر كراوە, نازانم ئەوەی بەراستی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر ئیحالەی هیچ لیژنەیەك نەكراوە لە لیژنەی یاسایی زیاتر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە یەك, دوو ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیری پلاندانان دانیشتین, تەقریبەن دوو سەعات دانیشتین, ئەو رەئیانەی كەلەو راپۆرتەدا هاتووە, جەنابی وەزیر قەناعەتی بە هەمووی هێنا, بۆیە ئەم گۆڕانكارییە بە

ئیتیفاقی هەردوولا بووە و گۆڕانکاریەکانیش شتێکی ئەساسی نەبوو, هەیکەلی تەنزیمیەکە وەکو خۆی ماوەتەوە تەنها بەعزێ گۆڕانکاریمان تێدا کردووە کە جەنابی وەزیر قەناعەتی پێ هێناوە, دوا رەئییش رەئیی جەنابی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانە, ئێستاش ماددەی یەکەم دەخوێنینەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم:

ئەم دەستەواژانەی خوارەوە مەبەستمان ئەو مانایانەیانە کە بەرامبەریان نووسراوون بۆ مەبەستی ئەم یاسایە بەکارهاتوون:

1-هەرێم:هەرێمی کوردستان – عێراق.

2-وەزارەت:وەزارەتی پلاندانانی هەرێم.

3-وەزیر:وەزیری پلاندانانی هەرێم.

4-بریکار:بریکاری وەزارەت پلاندانانی هەرێم.

5-ناوەند:ناوەندی هەرێمی کارگێڕیی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها ادناه لاغراض هذا القانون:

اولا: الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

ثانيا: الوزارة: وزارة التخطيط للاقليم.

ثالثا: الوزير: وزير التخطيط للاقليم.

رابعا: الوكيل: وكيل وزارة التخطيط للاقليم.

خامسا: المركز: مركز التطوير الاداري.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین تەنها موصتەلەحی (تعابیر)مان کردووە بە (مصطلح) ئەگینا لەگەڵ ماددەکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس مولاحەزەی هەیە لەسەر ماددەی یەکەم فەرموو کاك سردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت یەك تێبینیمان هەیە لەگەڵ برادەران، ئەویش لە خاڵی پێنجەم عەرەبیەكە دەڵێ (مركز التطوير الاداري) كەچی كوردیەكە دەڵێ (ناوەندی هەرێمی كارگێڕیی)، دەبوایە بوترێت گەشە پێدانی كارگێڕی، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە بیدایەت وتومە بەرپرسیار نین لە تەرجومەكە، ئەو موشكیلەمان هێشتا حەل نەبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم لەسەر خاڵی پێنجەم هەیە، بەڵام صیغەیەكم لایە، دەكرێ بنووسین ناوەندی هەرێم بۆ پەرەپێدانی كارگێڕی، ناوەندی هەرێم بۆ پەرەپێدانی كارگێڕی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەو پێشنیارە بەڕێز وەزیری پلاندانان كاك عوسمان شوانی، ئەگەر تێبینی هەیە. فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ منیش لەگەڵ ئەوەم كە وشەی (بۆ) ی لەگەڵ بێت، بوترێت (بۆ پەرەپێدانی كارگێڕی) تاكو لەگەڵ ئیقلیمی كوردستان رێك بكەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی هیچ تێبینیتان هەیە، موافیقن لەسەر ئەم پێشنیارە، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە موافقین و تەئشیرمان كرد لەلای خۆمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان كاك فرسەت رەئیەكی هەیە، دەڵێ هەرێمەكەی لابدەین باشترە، ناوەندی پەرەپێدانی كارگێڕی، كەواتە ئەو مولاحەزەیەی كاك غفور لەلایەن بەڕێز وەزیری پلاندانان پەسندە و لەلایەن لیژنەی قانونیش پەسند بوو، ئیعتیرازیشی لەسەر نییە، هەرێمەكەش لادەدرێت، بەنسبەت كوردی و عەرەبیەكەی تەبعەن ئێمە عەرەبیەكەمان لا ئەساسە، بەعەرەبی بۆمان هاتووە، موصتەلەحاتی قانونی ئیشكالی لەسەر نییە، هەر ئیشكالێكیش زمانەوانی بێت، مەصدەرە ئەساسیەكە قانونە عەرەبیەكەیە. ئەوانی تر دوایی چاكی دەكەنەوە، بۆیە من داوا دەكەم لە لیژنەی قانونی كاك شێروان بەو تەعدیلاتە بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەکوردی بیخوێنمەوە یان بە عەرەبیەکەی؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەعەرەبیەکەی بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة ازاءها ادناه لاغراض هذا القانون:

اولا: الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

ثانيا: الوزارة: وزارة التخطيط للاقليم.

ثالثا: الوزير: وزير التخطيط للاقليم.

رابعا: الوكيل: وكيل وزارة التخطيط للاقليم.

خامسا: المركز: مركز التطوير الاداري.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا خاڵی پێنجەم گۆڕانکاری تێدا کرا, کرا بە:

ناوەندی پەرەپێدانی کارگێڕی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە, دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات؟ کێ لەگەڵی نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا, فەرموو ماددەی دوو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: وەزارەت هەوڵ دەدا ئەم ئامانجانەی خوارەوە بهێنێتە دی:

1-ئامادە کردنی پلانی هەرێم لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی و رۆشنبیرییەوە لەبەر رۆشنایی پێوەیستیە هەنووکەیی و پێشبینی کراوەکانی کۆمەڵگا.

2-ئامادە کردنی نیشاندەری تێکڕایی (مؤشرات) پلانە درێژ و کورت و مام ناوەندییەکان بە روونکردنەوەی ئامانج و سیاسەتەکان بە بەشداربوونی گشت وەزارەتەکان و کەرتە حکومی و تایبەتییەکان.

3-ئامادە کردنی پلان بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتیە هەمە جۆرەکان بە هاریکاریی لەگەڵ وەزارەت و دەزگا پەیوەندارەکان.

4-پلاندانان بۆ بە گەڕخستنی سەرمایەی حکومی و پێشنیار کردنی تەرخان کردنی بە گەڕخستنی سەرمایە لە بودجەی گشتیی دەوڵەت و دابەشکردنی لەسەر کەرتەکان بە گوێرەی پارێزگاکان و ناوچە

**لادێیی، شارییەکان لەگەڵ بە هەند هەڵگرتنی شێوازی دانانی کارکردنی پێشینە (اولویە) لە کاتی دەست نیشان کردنی پرۆژەکانی ئاوەدانیی کە لە بودجەی وەبەرهێنان پارەی بۆ تەرخان دەکرێ بە هاوکاری لەگەڵ گشت ئەو وەزارەتانەی کە پەیوەندییان بەم پرۆژانەوە هەیە لەگەڵ بە دواداچوون بۆ باش جێبەجێ کردنیان.**

**5-ئامادە کردنی بەرنامەیەکی گشتگری درێژخایەن و کورت خایەن لەگەڵ بەرنامەی ساڵانەش بۆ شیاندنی (التأهیل) هێزی مرۆیی پێویست بە هاوکاریی لەگەڵ زانکۆکان و دەزگاکانی فێرکردن.**

**6-هاوکاریکردن لەگەڵ دەزگا حکومییەکان لە ئامادە کردنی لێکۆڵینەوەی پێویست بۆ پەرەپێدان و تازەکردنەوەو چاککردنی ڕێکخستنی کارگێریی و بەرزکردنەوەی ئاستی جێبەجێ کردن تێیداو کار کردن لە پێناو توانای سەرکردە کارگێریی و تەکنیکیەکان و راهێنانیان لەسەر ئاستە جیاجیاکان لە ڕێی پراکتیزە کردنی پرۆگرامەکانی کارگێریی و پڕ کردنی وەزارەت و دەزگاکانی هەرێم بە لێکۆڵینەوەو راپۆرت و توێژینەوەو خولی راهێنان.**

**7-ڕێکخستن لە نێوان سەرچاوەکان و پێویستیەکانی لە ڕێی دانانی چەند پرەنسیپ و ئاراستەی گشتیی بۆ بەڕێوەبردنی ستراتیژیی ئابووری و کۆمەڵایەتی.**

**8-بایەخدان بە دامەزراندنی حکومەتی ئەلیکترۆنی بۆ کۆکردنەوەو دامەزراندنی بانکی زانیاری و پەیڕەو کردنی شێوازی والآیی (شفافیة) بۆ دامەزراندنی حکومەتی دامودەزگا (المؤسسات).**

**9-بەشداریکردن لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدرالی لە گەڕان بەدوای سەرچاوەی پارە دابینکردن (تمویل)و داوا کردنی یارمەتی تەکنیکی لە دەوڵەت و دەزگا دەولی یە بەخشەرەکان وبەشدرایکردن لەو گفتوگۆیانەی ئێستا لە ئارادان لەگەڵ لایەنە بەخشەرکان (پاردەرەکان) بۆ جێ بەجێ کردنی بەڵێنەکانیان لە پێناو بە دەستهێنانی یارمەتی و بەخشین و قەرز بۆ دابینکردنی پارە بۆ پرۆژەکانی هەرێم بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێم.**

**10-هاندانی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنانی سەرمایەی خۆماڵی و بیانی بۆ بەشدار بوون لە ئابووری هەرێم لەگەڵ پێشنیار کردنی ئەو شێواز و ڕێگایانەی کە ئەم کەرتە چالاك دەکەن بە هاوکاریی لەگەڵ دەزگا حکومییە پەیوەندارەکان.**

**11-پشت بەستن بە سیستەمێکی نیشتمانیی بۆ پێوانە و کۆنترۆلی چۆنایەتی لە هەرێم بە هاوکاریی لەگەڵ جیهازی ناوەندیی بۆ پێوانە و کۆنترۆلی چۆنایەتی لە وەزارەتی پلاندانان و هاوکاریی عێراقی فیدراڵ لەگەڵ پەیڕەو کردنی مواسەفاتی عێراقی و چاودێریی کردنی جێ بەجێ کردنیان و ئەنجامدانی پشکنین و شیکردنەوەو تاقیکردنەوەی تایبەت بە پێوانە کردن و کۆنترۆلی چۆنایەتی لەگەڵ پێشکەش کردنی راوێژ لەسەر ئەم بابەتانە بۆ هەموو ئەو لایەنە حکومی و ناحکومییانەی کە ئارەزوویان بۆ ئەم بابەتە هەیە لە هەرێم.**

12-هەستان بە ئەنجامدانی کرداری ئاماریی لە هەرێم کە پەیوەندی هەیە بە ئەنجامدانی سەر ژمێریی گشتیی بۆ دانیشتوانی هەرێم لەگەڵ رووپێوو سەر ژمێریی تایبەت بە کەرتە هەمە جۆرەکان لە هەرێم بە هاوکاریی لەگەڵ جیهازی ناوەندیی ئامار لە وەزارەتی پلاندانان و هاوکاریی عێراقی فیدرال.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تتولى الوزارة تحقيق الاهداف التالية:

اولا: اعداد خطط تنمية الاقليم وتطويره اقتصاديا واجتماعيا وبشريا وثقافيا في ضوء حاجات المجتمع القائمة والمتوقعة.

ثانياً: اعداد المؤشرات الكلية للخطط الطويلة والمتوسطة والقصيرة الاجل بما تشتمل عليه من اهداف وسياسات بمشاركة الوزارات والقطاعات الحكومية والقطاع الخاص.

ثالثاً: اعداد خطط لمعالجة المشاكل الاجتماعية المختلفة وذلك بالتنسيق مع الوزارات والمؤسسات ذات العلاقة.

رابعاً: التخطيط للاستثمار الحكومي, واقتراح التخصيصات الاستثمارية في الميزانية العامة للدولة وتوزيعها بين القطاعات وحسب المحافظات والمناطق الحضرية والريفية, ومراعاة الاولوية عند تحديد المشاريع الاعمارية التي تمول من الميزانية الاستثمارية بالتنسيق مع جميع الوزارات المعنية بهذه المشاريع ومتابعة حسن تنفيذها.

خامساً: اعداد برامج شاملة طويلة وقصيرة المدى وسنوية لتأهيل القوى البشرية اللازمة بالتعاون مع الجامعات والمؤسسات التعليمية.

سادساً: التعاون مع المؤسسات الحكومية في اعداد الدراسات اللازمة لتطويرها وتحديثها وتحسين التنظيم الاداري ورفع مستوى كفاءة الاداء فيها, وتنمية القيادات الادارية والفنية وتدريبها في المستويات المختلفة.

سابعاً: العمل على خلق التوازن بين الموارد واحتياجات التنمية من خلال وضع المبادئ والاتجاهات العامة لادارة استراتيجية التنمية الاقتصادية والاجتماعية.

ثامناً: الاهتمام بانشاء الحكومة الالكترونية لجمع المعلومات وانشاء بنك المعلومات واتباع اسلوب الشفافية لانشاء حكومة المؤسسات.

تاسعاً: المساهمة مع الحكومة العراقية الاتحادية في البحث عن مصادر التمويل والمساعدة الفنية من الدول والمؤسسات الدولية المانحة, والمشاركة في المفاوضات الجارية مع الجهات المانحة لتنفيذ تعهداتها من اجل الحصول على المساعدات والمنح والقروض لتمويل المشاريع في الاقليم بالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد في الاقليم.

عاشراً: تشجيع القطاع الخاص والاستثمار المحلي والاجنبي للاسهام في التنمية الاقتصادية للاقليم, واقتراح السياسات والسبل التي تعمل على تنشيط هذا القطاع بالتعاون مع المؤسسات الحكومية ذات العلاقة.

حادي عشر: اعتماد نظام وطني للتقييس والسيطرة النوعية في الاقليم بالتنسيق مع الجهاز المركزي للتقييس والسيطرة النوعية في وزارة التخطيط والتعاون الانمائي العراقية الاتحادية, واعتماد المواصفات

العراقية والعالمية ومراقبة تطبيقها واجراء الفحوصات والتحاليل والاختبارات والبحوث الخاصة بالتقييس والسيطرة النوعية, وتقديم المشورة في هذه القضايا لكافة الجهات الحكومية والاهلية الراغبة بذلك في الاقليم.

ثاني عشر: القيام بالعمليات الاحصائية الاقليمية والمتعلقة بالتعدادات العامة لسكان الاقليم والمساكن والمسوحات الاحصائية الخاصة بالقطاعات المختلفة في الاقليم وذلك بالتنسيق مع الجهاز المركزي للاحصاء في وزارة التخطيط والتعاون الانمائي العراقية الاتحادية.

ثالث عشر: مراعاة سلامة البيئة في الاقليم عند اعداد خطط الوزارة وبرامجها.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ئامانجانەی لەماددەی دوو دا هاتووە, بە تەئكيد لە زيمنی ئيش وكارەكانی وەزارەتی پلاندانانە, بۆيە ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەين, هيچ مولاحەزەيەكمان نييە, تەنها مەسەلەی تەرقيمەكە نەبێ, ئێمە دوايی تەرقيمی دەكەين, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە, ئێستا بڕگە بڕگە موناقەشەی دەكەين, لەعەرەبيەكە واهاتووە دەبێ لە كورديەكە بڵێی وەزارەت هەڵدەستێ بەم كارانەی خوارەوە, هەوڵدەدات وابزانم باش نييە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان وايە هەموو ماددەكە پێكەوە موناقەشەی بكەين, راستە ئێمە لە قانونی ناوچەكانی دەرەوە بڕگە بڕگە موناقەشەمان كرد, بەنيسبەت ئەوەوە وابزانم ئەوە هەموو ماددەكە پێكەوە موناقەشەی بكەين, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی هەردوو رێگە جائيزە, بەڵام من پێم وايە ئاسانترە بڕگە بڕگە زووتر بڕۆينە سەرى, بەڵام لەسەر ماددەكە هەموو تەصويت دەكەين پێكەوە, بۆ ئەوەيە تاكو يەكێك لە خاڵی يەكەوە بێتە خاڵی حەوت و ئاوا, كێ لەسەر بڕگە يەك تێبينی هەيە, فەرموو كاك محمد فرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە عەرەبيەكە هاتووە دەڵێ (اعداد خطط التنمية), بەڵام لە كورديەكە (پلاندانانی هەرێم) ئەگەر وای لێ بكرێت ئامادەكردنی پلانێكی زانستی بۆ بوارە ئابووری وكۆمەڵايەتی و مرۆيی و رۆشنبيريەكان) يانی هەرێمی ناوێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مەبەستت تەنیا زمانەوانیەکەیە, مەسەلەی زمانەوانی زۆر زەق بوو, وتمان لیژنە پێدا دەچنەوە, مەبەستت ببێتە (اعداد خطط علمية) بە هەر حاڵ, باشە کاک ئارام فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئەوە دەکەم کە وشەی ئاوەدان کردنەوە لەدوای ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی و رۆشنبیری زیاد بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئیی من کەلیمەی (علمی) ناوێت, چونکە وتراوە (خطط تنمية) و من پێشنیاری خۆم و ناوی وەزارەتەکە (وزارة التخطيط والتنمية)م نووسیبوو, بەڵام وتیان لەبەر ئەوەی کە قانون لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە کە ناوی وەزارەتەکە, هەر بەناوی وەزارەتی تەختیت هاتووە, تەختیت وتەنمیە نەهاتووە, ئێمە موعالەجەیەکی قانونیشمان بۆ نووسیبوون, وادیار بوو برادەران رازی نەبوون بەم موعالەجەیە, وتیان ئەبێ تەنها پێشنیارێك بێت لە ئەنجومەنی وەزیران کە داوای گۆڕانکاری ناوی وەزارەتەکە بکەین, ئینجا ئەتوانین ناوەکە بگۆڕین, مەبەستەکەی من یەك شتە, ئەویش ئەوەیە (تخطيط والتنمية) وشەی تەنمیە نابێ رەش بکرێتەوە, لە تەرجومە کوردیەکە هەمووومان رێك بکەوین لەسەر یەك وشە کە موقابیلی تەنمیە بێت, ئایا پەرەپێدانە یان گەشەپێدانە, موهیم کەلیمەیەك بنووسرێت, بە وشەی زانستی, خۆی خوتە خۆی دەبێ زانستی بێت, زانستی ئەوەیە ئیعتیماد بکاتە سەر ئامار, سەر دیراسات, ئەوە پێی دەوترێت زانستی, وشەی زانستی بەرەئیی من تحصیل حاصلە, هەر لە تەرجومەکەی دا بنووسرێت (ئامادە کردنی پەرەپێدانی هەرێم لە بوارەکان) ئیتر دەنووسرێتەوە ئابووری, کۆمەڵایەتی, رۆشنبیری, لەسەر مەسەلەی ئاوەدانکردنەوە ئەوەش بەشێکە لەمەسەلەی ئابووری, بۆیە داعی نییە زیاد بکرێت بەرەئیی من, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی زمانەوانی وئەوانە بە ئێمە ناکرێ وەکو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەدەڵێم مولاحەزەکە بنووسن, مەقصەدم ئێوە نییە, مەقصەدم ئەوەیە کە لەگەڵ ئەو لیژنانەی کە شارەزان باسی بکەن, بەڵام ئیشارەت بکەن کە ئیختیلافێك هەیە کە پێیدا بچنەوە, فەرموو د.نوری.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی یەکەی من سەبارەت بە وەرگێڕانی بڕگەی یەکەمە, لەرووی زمانەوانیەوە, پێشنیاز دەکەم کەوا بنووسرێتەوە (وەزارەت ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێ دەکات) ئەمانە ئەرکن لەسەری , یەکەم ئامادەکردنی پلانی جۆراوجۆر بۆ گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان لەرووی ئابووری و کۆمەلایەتی و مرۆیی و رۆشنبیریەوە بە رەچاو کردنی داواکارییەکانی هەنووکەیی و پاشەرۆژی کۆمەلگای کوردستان) سوپاس.

**بەڕێز شێردل عبدالله حویزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی وەکو جەنابی وەزیریش باسی کرد, تەنمیە تێدا گرنگە, بەلام یەکێك لە خالەکان تەنمیە تەرجومە نەکراوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خالی یەکەمەوە من ئەوەی تێدا بەدی ناکەم کە موراعاتی ژینگەیان کردبێت, لەبەر ئەوە ئەو پرسیارەم ئاراستەی بەڕێز وەزیری پلاندانان دەکەم, سوپاس.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی پێشنیارەکەی دکتۆرە شوکریە دەکەم, لەبەر ئەوەی لەکاتی خۆی من لە مسوەدەی قانونە ئەصلەکەی خۆمان نووسیومە, سێ شتم ئیزافە کردبوو, بەلام لەم فەقەرەیە نەبوون, لەفەقەرەکانی ناوەڕاست بوون, ئێستا تێیدا نەماوە, یەکیان مەسەلەی موراعاتی ژینگەیە, یەکیان حقوقی ئینسان بوو, یەکیان مەسەلەی دیموکراسیەت بوو, ئەم سێ فەقەرەیان نازانم لە لای لیژنە قانونیەکەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەمەی تێدا نەماوە, منیش خۆم تەئییدی ئەوە دەکەم مەرج نیە لەو بڕگەیەدا بێت, فیعلەن بیئە زۆر گرنگە, لە دونیای تازەدا دەبێ ئیعتیباری بۆ بکەین, بیئەو حقوقی ئینسان بەرەئیی من ئەو دوو مەسەلەیە زۆر گرنگن, دەبێ حسابی بۆ بکرێت لە هەموو قانونەکانی کە لە پەرلەمانەوە دەردەچێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوە دەبێ لەیەکەم ئیزافە بکرێت, مەهامەکە, کە خالەکانمان تەواو کرد, خەریکی موفتەرەحێك بن لەسەر ژینگەو ئەوانە دوایی تەقدیمی بکەن, د. دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی تێبینیەكانی من جگە لەوە تێبینی دەربارەی ژینگە, خاڵێكم نەبینی باسی بكەن, جگە لەوە هەندێ خاڵی تەكنیكیم هەیە, سەبارەت بە پاش و پێش كردنی بڕگەكان و خاڵەكان ئەگەر ڕێگەم بدەی باسی بكەم, جگە لەوە خاڵێكم هەیە كە سەرەتا ئیزافە بكرێ, چونكە یەكێ لەو مەسەلە گرنگانەی كە وەزارەتی پلاندانان پێی هەڵدەستێ, سەر لەنوێ بینا كردنەوەی وڵاتی ئێمەیە, چونكە وڵاتێكی وێرانمان بۆ ماوەتەوە, یەكێك لەو مەسەلە گرنگانەی كە ئاماژەی پێ بكرێ مەسەلەی ئاوەدانكردنەوەی پردەكان و ڕەخساندنی هەلومەرجی گونجاو بۆگەڕانەوەی گوندنشینەكان و سەر لەنوێ بینا كردنەوەی ئەو پرۆژانە و ئەو دام ودەزگایانەی كە هەیە بۆ كارگە و كارخانەكان, ئەمە ئەبێت بە خاڵێكی تایبەت ئاماژەی پێ بكرێ, ئێمە ئەبێ پلان دانێین بۆ گەشەكردنی و گەشەپێدانی ئابووری و كۆمەڵایەتی, جگە لەوە من پێم باشترە خاڵێك لە میكانیزمی پلاندانانە بەراستی, پلان ناتوانین دابنێین ئەگەر بێتو تۆ ئاماری تەواوت نەبێ, خاڵی دوازدەهەم, (القیام بالعملیات الاحصائیة) ئەمە خراوەتە ئەخیر, ئەمە پێویستە بخرێتە سەرەتا, بۆ ئەوەی لەرووی میكانیزم و لەرووی زانستیەوە لەوەوە دەست پێبكات نەخشەو پلانەكانی دابنێ, جگە لەوە خاڵی سێهەمیش بكرێ بە یەكەم و یەكەمیش بكرێ بە سێهەم, ئەمە كۆمەڵە تێبینیەك بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك دلێر, بەڵام بەحەقیقەت تۆ جەنابت مولاحەزەی پێشوو وای لێت كرد كە ئیقتیراحی لیژنەی یاسایی سەربكەوێ, لەبەر ئەوە با موناقەشەكان هەمووی پێكەوە بێت, با پێشنیارەكەی لیژنەی یاسایی الرجوع الی فەزیلەش ئیعتیبار ناكەم, با موناقەشەی هەموو بڕگەكان پێكەوە بێت, چونكە دیارە ئیلتیزامی پێ ناكرێت, یەكێك هەڵدەستێ خاڵی یەكەم موناقەشە دەكات, یەكێكی تر هەیە دەیەوێ خاڵێكی تر ئیزافە بكات, بڕگە یەكەم بباتە سێیەم , سێیەم بباتە دووەم, لەبەر ئەوە دەرگا دەكەمەوە بۆ موناقەشەی هەموو بڕگەكان پێكەوە, كێ دەیەوێ قسە بكات كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نازانم ئێوە پرسیارتان كردووە و ئێمە قسەمان كردووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ قسەت كردووە, ئەگەر دەتەوێ قسەی تر بكەی, فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو تێبینیم هەیە لەسەر بڕگە دوو و بڕگە پێنج, لە بڕگەی دوو هاتووە دەڵێ, (اعداد المؤشرات الكلیة للخطط الطویلة والمتوسطة والقصیرة) من تێ ناگەم, بە ڕەئیی من ئەو موئەشرە كولیە زیادە, ئەگەر جەنابی وەزیر ئاگادار بێت, یانی هەر بوترێت (اعداد الخطط الطویلة والمتوسطة والقصیرة), تێبینی

دووەمم لەو برگەیە باسی ئەوە نەکرایە کە (طويلة و متوسطة و قصيرة) بۆچییە؟ باسی ئەهدافی ئەو خوتەیە نەکراوە, تەنها گوتراوە (بما تشتمل عليه من اهداف وسياسات) دەبێ تەوزیح بکرێت, یا هەر هیچ نەبێت بوترێت (لتنميه الاقليم), لە برگەی پێنجەم هاتووە دەڵێ (لتأهيل القوى البشرية) پێم وایە ئەمە زیادە, باشترە ئەگەر بوترێت (للتنمية البشرية) و کفایەتە, سوپاس.

**بەڕێز عثمان شوانی /وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێم وایە ئەو مەسەلەیە کە موناقەشەتان کرد لەسەری کە هەموو برگەکان پێکەوە بێت, شتێکی باش بوو, چونکە نووسینەوەی ئەهدافەکان هەموویان پێکەوە بەستراونەتەوە, یەکیان جوابی یەکێکی تریان دەداتەوە, ئەوەی کە سەردار دەڵێ ئێستا بێتوو مەسەلەی (مؤشرات الكليه) و کەلیمەی(كليه) رەش بکرێتەوە, موئەشەراتی کولیە ئەوەیە کە موئەشەراتی ئیقتیصادی هەیە و کە هەموو پلانێك دادەنێت, پلانی یەك ساڵی هەیە و پلانی وەسەت هەیە و پلانی درێژخایەن هەیە, تۆ لە هەموو پلانەکان کۆمەڵێك موئەشەرات نیشان دەدەیت, مەرتەبەی عومر چەندە لەو کۆمەڵەی, نەخوێندەواری گەیشتۆتە چ ئاستێك و چۆن موکافەحە کراوە؟ ئەوە پێی دەڵێن (موئەشەراتی کولی), بەڵام کەباسی ئەهداف و سیاسەتەکەی دەکەی, ئەوە لە برگەی یەکەمدا باس کراوە, بۆیە پێویست ناکات تۆ دووبارەی بکەیتەوە, باسی کەلیمەی تەئهیل القوى البشريه کرا, خۆی راست دەکات یەکێك لە دائیرەکانم کە زۆر گرنگە بەلامەوە, دائیرەی تەنمیەی بەشەریە, چونکە تەنمیەی بەشەری ئەمرۆکە لە دونیای تازەدا لەپاش نەوەتەکانی ئەم سەدەی رابردوو بووەتە مەسەلەیەکی گرنگی کۆمەڵگا, بەڵام ئەوەی من لێرە مەبەستمە, (تأهيل القوى البشريه)مەبەستمان پەیوەندیدارە بە دوو مەرکەز, یەکیان مەرکەزی تەتویری ئیداری, کە وەزارەتی ئێمەیە, یەکیان مەرکەزی تەدریبی میهەنیە, کە لەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییە, یمکن باسم کرد کە تەنسیقمان هەبێت لەگەڵ وەزاراتی تر, بۆیە لێرە کەلیمەی تەنمیەی بەشری بەکار نەهێناوە, تەنیا تەنمیە بەشەری لەیەکەم ئەهدافدا بەکارهاتووە, کە وتومانە ((اعداد خطط تنمية الاقليم وتطويره اقتصاديا واجتماعياً وبشريا و ثقافيا) لێرە کەلیمەی تەنمیەی بەشەری هاتووە, پێویست ناکات لێرە دووبارەی بکەیتەوە, بەرەئیی من بنووسرێ (لتأهيل القوى البشريه) ئەوە تەئهیلە و ئامادە کردنی خەڵکە, پێگەیاندنە لە ناحیەی ئیداری و ناحیەی فەنی و ناحیەی تەکنیکار و ئەوانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من گوتم (مؤشرات الكلي) هەر شەتب بکرێ و بوترێت (اعداد الخطط الطويلة و المتوسطة والقصيرة) کە خوتە دادەنێی هەر خۆی موئەشەراتی تێدایە و مەجموعەیەك شتی تر, نەك تەنیا موئەشەراتی کولی, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین كە موئەشەراتەكە بمێنێ, لەبەر ئەو ئەسبابانەی كە جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان من دەمەوێ پرسیار بكەم, (اعداد المؤشرات) موئەشر چۆن اعداد دەكرێت, یانی موئەشەر چییە؟

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی موئەشر نەتیجەی دیراسەتەكەیە, موئەشەرات لە تەختیتدا, موئەشر قۆناغی یەكەمیەتی و ئینجا دوایی خوتەكە دەنووسرێتەوە, موئەشەراتی ئیقتیصادی مەسەلەن ناتجی مەحەلی ئیجمالیە, ناتجی قەومیە, دەخلی قەومیە, دەخلی فەردە, مەسەلەن لە مەجالی تربیە, نەخوێندەواریە, كۆمەڵێك ئاست دەگرێتەوە, لە تەندروستی مەعەدەلی عومرە, مەعەدەلی مردنی منداڵە لە تەمەنی یەكساڵیدا, مەعەدەلی مردنی ژنە لە كاتی لەدایك بوونی منداڵ, ئەوانە پێی دەوترێت موئەشر, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە موعەدەلێكی ئیحصائیە, وابزانم فێر بووین, كاك عزالدین فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی سێیەم دەمەوێ ئیزافەیەك بكەن ئەویش (اعداد خطط معالجة المشاكل الاجتماعیة والاسكانیة) بۆ دێهاتەكان و ئاوەدانكردنەوە, لەفەقەرەی هەشتەم لەلایەنی زمانەوە نووسراوە (الحكومة الالكترونیة) وابزانم بوترێت (المنظومة الالكترونیة), سوپاس.

**بەڕێز عثمان شوانی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی مەشاكیلی ئیسكان بەشێكە لە مەشاكیلی ئیجتیماعی, بۆیە لە قانوندا عادەتەن باشتر دەزانن و برادەرانی قانونی باشتر دەزانن, دائیمەن كەلیماتی شمولی بەكاردێنن, كە دانابەزێتە ناو هەموو تەفاصیلەكان, لە مەسەلەی (الحكومە الالكترونیە) خۆی لە ئینگلیزیەكەی هاتووە (ئی گۆڤەر مینت)واتە (الحكومە الالكترونیە), ناوەكەی وایە, ئەمە كەلیمەیەكی تازە هاتۆتە كایەوە موصتەلەحەكە وایە (ئی گۆڤەرمینت), سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگە نۆ تەنیا باسی تەمویل کردن دەکات, ئەو پارانەی کە دابین دەکرێت لە بۆ پڕۆژەکان حیسابێکی تایبەتی خاص بکرێتەوە بەناوی وەزارەتی تەختیت, ئینجا لە ژێر چاودێری وەزارەتی دارایی و ئابووری بێت, یانی بوترێت (ان یتم ایداع الاموال التی تمنح او تخصص للمشاریع لدی البنك في الحساب الخاص) ولەو بڕگەیەی کە باسی ئەولەویەتی مەشاریع دەکرێت, مرونەتێکی تێدایە, ئەگەر چەند معیارێك دابنرێت لە بۆ ئەولەویەتی مەشاریع, وەکو کولفەی مەشروع, ئەو ناوچانەی کە زۆر پێویستە, زیاتر بڕگەکە روون بکرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەو مەسەلەیە پێویست ناکات حساب و ئەوانەی بۆ بکرێت, دەڵێ (المساهمة مع الحکومة العراقیة الاتحادیة في البحث عن مصادر التمویل) تۆ لێرەدا باسی ئەوە دەکەی, یەکێك لە مەهامەکانی وەزارەتی پلاندانانی ئێمە ئەوەیە لەگەڵ حکومەتی عێراقی بەیەکەوە, ئێمە خۆمان بەتەنها ناتوانین لەگەڵ دوەلی مانیحە مفاوەزات بکەین, بۆیە ئەڵێم موشارکین لەگەڵیان بۆ گەڕان بەدوای تەمویل, بۆیە لێرەدا موهیم ئەوەیە تۆ چۆن ئەتوانی سەهم پەیدا بکەیت, چونکە لەلاپەرەکەی تر و فەقەرەکەی تر وەڵاممان داوەتەوە, باسی میزانیەی ئیستیسماری ئەکەین کە بەشێکە سەر بەوەزارەتی پلانی عێراقە, دوو میزانیە هەیە, یەکیان میزانیەی ئیعتیادیە کە پێی دەڵێن (ئۆپەرێشن ) یەکیان میزانیەی ئیستیسماریە, میزانیەی یەکەم کە بریتی یە لە شەش فەصڵ, هەتاکو فەصڵی نۆیەم و نۆ فەصڵە, کە بریتی یە لە رەواتب, بەڵام میزانیەی ئیستیسماری تەبعەن ئەوە لەلایەن وەزارەتی مالیەی عێراق رێك دەخرێت و وەزارەتی مالیەی کوردستان ئیشی لەسەر دەکات, بڕگەی دووەمیان کەمیزانیەی ئیستیسماریە کە لەلایەن وەزارەتی تەختیتی عێراقی ئامادە دەکرێت, ئەوە لەلایەن حکومەتی خۆمانەوە ئەمساڵ لە ساڵی 2006 و لەناوەڕاستی 2006 و تاکو 2007 ئەوە دەبێتە ئەرك و مەهامی وەزارەتی پلاندانان, بەڵام ناحیەی تەمویل کە ئەبێتە پارە, ئەبێتە صەرف کردن وەزارەتی تەختیت نییە, وەزارەتی تەختیت پارەکە پەیدا دەکات و وەزارەتی مالیە صەرفی دەکات, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی سێ پێم باشە ئەگەر بوترێت (گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئیداریەکان) چونکە پلان دانان نەخشە زیاتر بۆ مەسەلەی ئیداری و ئابوریەکانە, مەرج نییە, یانی گیروگرفت تەنیا کۆمەڵایەتی بێت, بڕگەی چوارەم لە بڕی ناوچە لادێییەکان بکرێت بە گوندنشین, وشەیەکی زۆر ناجوانە, لە دێڕی دوای ئەوە پێشینە یانی خەلفیەت یانی ئەولەویەت نییە, ئەولەویەت یانی ریز بەندی, بڕگەی حەوتەم رێکخستن و هاوسەنگی لە نێوان سەرچاوەکان و پێداویستیەکاندا, ئەگەر مومکین ئەبێت دەسکەوت و

خەرجیشدا, یانی ئەوە مەسەلەیەكی زۆر گرنگە (داهات و خەرج), وابزانم ئەوە یەكێك لە كارە گرنگەكانی وەزارەتی پلاندانانە چەند داهات و خەرجە, چۆن ئەوە هاوسەنگی دەكرێت؟ رێكخستن لە نێوان سەرچاوەو پێداویستیەكانی داهات و خەرجە, لە برگەی نۆ بەشداری كردن لەگەڵ حكومەتی عێراقی فیدراڵ لەگەڵ گەڕان بەدوای سەرچاوە دابین كردن, وانازانم یانی تەمویل بێت, تەمویل یانی پارە پێدان, جا ئەگەر وای لێبكرێت بە دوای كۆمەكی ماددی و تەكنیكی و پسپۆری, ئیتر وشەی لە دەوڵەت و دەزگانێودەوڵەتیەكان لابچێت, یانی بەشێوەیەكی گشتی بێت, گەڕان بەدوای سەرچاوەی كۆمەكی ماددی وتەكنیكی و پسپۆریدا, سوپاس.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەسەلەی یەكەم كەباسی مەشاكیلی ئیجتیماعی دەكات, ئەڵێ ئابووری و ئیداری لەگەڵ بێت, لەبەر ئەوەی تۆ لێرە باسی مەشاكیلی ئیقتیصادی ناكەیت, چونكە لەرووی ئیجتیماعیەوە مەشاكیلت هەیە, لەرووی ئیقتیصادیەوە تۆ بەرنامەت هەیە دەبێ تۆ پلانی بۆ دابنێی, كە پلانت دانا پلانی پەرەپێدان دادەنێی, كە پلانی پەرەپێدانت دانا یانی حەل كردن و چارەسەركردنی كێشە ئابووریەكان, ئەمە لەسەر مەسەلەی یەكەم, لەسەر مەسەلەی گۆڕانكاری لەسەر لابردنی (دول والمؤسسات الدولیة المانحة) تەبعەن ئەوە لەتەرجومە كوردیەكە منیش لەگەڵ ئەوەمە, نازانم ئەوە چۆن كراوە, بەرەئیی من كەلیمەی (دول والمؤسسات الدولیة المانحة) ئەوە زۆر زۆر گرنگە, چونكە ئەوە بەشێك لە مەهامەكەیە, ئەگەر وانەبێت چۆن ئەتوانی داوا لە وەزارەتی تەختیتی عێراقی بكەین لەگەڵ تۆ شەریكم كە چۆن پارە پەیدا بكەین, مەسەلەی كەلیمەی تەمویل چۆن تەرجومە دەكرێت, ئەوە حەقە لیژنەی یاسایی یا لیژنەی زمانەوانی لێرە هەیە هەندێ كەلیمات بە موەحەدی بێت, بۆ نموونە من لێرە مولاحەزەم كردووە و یەكسەر دێتە بەرچاویشتان (تەقییس و سەیتەرەی ) لێرە بە نەوعێك كراوە و لەماددەكەی دوایی بەنەوعێكی تر كراوە, مەسەلەی داهات و خەرج, ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە وەزارەتی مالیەیە, چونكە وەزارەتی مالیە مەسئولە لە مالیە, بۆیە ئەو مەسئولە لە مەسەلەی خەرج و داهات, یەكێك لە ئیشەكانی وەزارەتی مالیە ئەوەیە چۆنیەتی ئیشراف بكاتە سەر خەرج و داهات, ئیشی رەقابەی مالیەشە و ئیشی پەرلەمانیشە, ئەو سێیانە هەرسێكیان مەسئولن لەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(تحسین الوضع الاداري) لە برگە شەشیش هاتووە, كاك كریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی وەرگێڕان پەیوەندی بە ئیش ومەهامی لیژنەی یاسایی نییە, بۆیە ئەو کەم وکوڕیانەی کەلە وەرگێڕان هاتووە, ئێمە لێی خەتابار نین و هیواداریین لەمەودوا ئەنجومەنی وەزیران کە پرۆژەکان دەنێرن بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بۆمان ڕەوانە بکەن, داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمانیش دەکەین کەئاگاداری ئەنجومەنی وەزیران بکاتەوە لەو رووەوە, داوا لە ئەندامانی بەڕێزیش دەکەم کە ئەگەر هیچ ئیعتیرازێکیان هەیە لەسەر موصتەلەحات و تەرجومە, نەیخەنە روو, چونکە ئێمەش دەزانین کەم وکوڕی تێدایە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەکە دووبارە دەکەمەوە, راستە ئێوە مەسئول نینە لە تەرجومەکەی, بەڵام کە خوێندرایەوە یەکەم هەر مولاحەزەیەك دەدرێت, لای خۆت ئیشارەت بدە, بۆ ئەوەی چاکی بکەنەوە, ئەوە یەك دووەمیش نەصە عەرەبیەکە ئەساسە, هەرخیلافێك بێت, دەگەڕێینەوە سەر نەصە عەرەبیەکە, کوردیەکەش هەمواردەکەینەوە لەبەر رۆشنایی ئەو بێت, فەرموو کاك جمال یوسف.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت ئەو خاڵەی پێنجەم کە دەڵێ (اعداد برامج شاملة طويلة المدى وقصيرة المدى وسنوية المدى لتأهيل القوى) من پێم باشە بڵێن (اعداد برامج شاملة طويلة وقصيرة المدى) دەمج بکرێت (وبرامج سنوية لتاهيل القوي البشرية اللازمة بالتعاون مع الجامعات والمؤسسات التعليمية) یانی ئەو تەوزیفە زیاد بکرێت, ئەو دوو مەدایەش حەزف بکرێت, خاڵی دووەم (اعداد المؤشرات) ئەگەر بکرێت نازانم جەنابی وەزیر باشتر دەزانێت (اعداد المؤشرات)بکرێت بە (اعداد البرامج الكلية) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کۆتایی وەڵام دایەوە, فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە مەسەلەی (اعداد المؤشرات)ەکە تەواوە, هیچ ئیشکالی تێدا نییە, بەڵام مەسەلەیەك هەیە دەمەوێ روونی بکەمەوە بۆ هەموو ئەو برادەرانەی کە لێرە دانیشتوونە, ئەم یاسایەی کە نووسیومانەوە, داوامان لەوەزارەتی تەختیتی عێراقی کرد, کە ئەو کاتی دکتۆر بەرهەم وەزیری پلاندانان بوو, وەفدێکی گەورە کە سێ وەکیل وەزیریان هەیە کە هەرسێکیان هاتبوون, سەرۆکی جیهازی مەرکەزی کوبراو سەرۆکی جیهازی سەیتەرەی نەوعی و نوێنەری بانکی دەولی و هەموویان حازر بوون بۆ نووسینەوەی ئەو قانونە, پێکەوە موناقەشەمان کرد و ئینجا ئەو قانونە نووسراوەتەوە, موراعاتی کەلیمە بە کەلیمەمان کردووە لەکاتی نووسینەوەی قانونەکەدا, بەڵام هەندێ کەلیمە هەیە لەوانەیە ئێمە هەندێکمان پێی ئاشنا نەبین و

پێمان وایە بە صیغەیەکی تر بنووسرێتەوە, بەڵام بەتایبەتی ئەو برادەرەی کە لە بانکی دەولی بوو زۆر شارەزا بوو, لە کۆمەڵێك وڵاتدا ئیشی کردبوو, لەسەر یاسای وەزارەتەکان یاخود یاسای ئیستیسمار کە نووسرابۆوە خۆی بەشداری کردبوو, لەیاسای ئیستیسماری سعودی بەشداری کردبوو, لەقەتەر بەشداری کردبوو, لەقانونی تەختیتی یەمەنی ئیشی کردبوو, بۆیە زۆر بەوردی وشەکان ئیختیار کراون و نووسراونەتەوە, بەڵام تەرجومە کوردیەکەی فیعلەن موتابیق نییە لەگەڵ ئەو عەرەبیەی کەوا هاتووە, سوپاس.

**بەڕێز د. شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگە دوو و پێنجەوە, لەگەڵ کاك سەردار و کاك جمالم, بەنسبەت ئەو خوتەیەی کە ئەڵێ درێژ خایەن و کورت و مام ناوەند, من نازانم زۆر دانە جار کەپلانی دەوڵەتان دەخوێنمەوە, خوتەی سولاسی هەیە, خوماسی هەیە و (طويل الامد) هەیە, ئیتر من حەز دەکەم یانی تۆ سەیر بکە منالێ لە قۆناغەکانی منداڵیەوە لە بچکۆڵەوە بۆ ناوەند بۆ درێژخایەن, لێرەدا ئێمە بنبڕمان کردووە, لە درێژەکەوە هاتووینە بۆ کورت و ئەوە, ئینجا وا جوانە من زۆر شت ئەخوێنمەوە لەم لاو ئەولا, ئەو خوتانە لە بچکۆڵەوە دەست پێ بکرێت بۆ مام ناوەندی و بۆ درێژخایەن, یانی (طويل الامد)یشمان هەیە, زیاتر لە دەوڵەتان ئەمە رۆیشتووە, ئەمە خاڵێك, بەنسبەت خاڵی هەشتەمەوە, بەراستی کە دەڵێ بۆ دامەزراندنی حکومەتی دام و دەزگا, یانی ئەمە زۆر رەکیك دەبێت, یانی دامەزراندنی دام ودەزگای حکومی ئەوە جوانترە, بەنسبەت خاڵی دەیەمیشەوە نازانم ئەمە تەداخول نییە بەنسبەت وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی, هاندانی کەرتی تایبەت و بەرهەمهێنانی سەرمایەی خۆماڵی وبیانی بۆ بەشداری بوون لە سەرمایەی ئابووری هەرێم, ئەوە حەزم دەکرد وەزیر وەڵامم بداتەوە, بەنسبەت خاڵی دوازدە, من حەز دەکەم پاش وپێش لەم دەستەواژەیە بکرێت, ئەو وەزارەتەکە بخرێتە پێشەوە, بەتایبەتی بەهاوکاری جیهازی ناوەندی ئاماری وەزارەت لەگەڵ پلاندانانی عێراقی فیدراڵدا, ئەم بخرێتە پێشەوە و ئینجا بابەتەکە بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێکی ئیشی لیژنەی قانونیە, بەڵام بەنسبەت تەشجیع, لەجیاتی کاك عوسمان قسە دەکەم, تەشجیع ئێمەش دەگرێتەوە, یانی هەموو وەزارەتێك ئەوە بکات و پلاندانان پەیوەندی هەیە, لەبەر ئەوە تەداخول نییە, فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا تەرجومەی کەلیمەی (حكومة المؤسسات) لە تەرجومەی دام و دەزگای حکومی نەهاتووە, من پێم وانییە ئەوە تەرجومەکەی تەواو بێت, چونکە لێرە با بێینەوە سەر کەلیمە عەرەبیەکە (واتباع اسلوب الشفافية لانشاء حكومة المؤسسة) لێرە کەلیمەکە ئەوەیە خۆی موئەسەسات ئێستا بۆتە موصتەلەحێکی

دەولی, شێوەیەکە لە شێوەکانی حوکمڕانی کە پێی دەوترێت حکومەتی موئەسەسات, کە ئەم شێوە حوکمڕانیە ئەو دەزگای قانونی خۆی جیایە و پەرلەمانی هەیە ودەزگای تەشریعی هەیە و قەزائی هەیە, ئەوانەی هەیە, ئەوە پێی دەوترێت (حكومة المؤسسات) یانی پێم وایە کەلیمە کوردیەکەی ئەوەی ئەو وتی باسی دام ودەزگای حکومەت دەکات, نەخێر ئەوەی من ئەیڵێم (حكومة المؤسسات) یانی موئەسەسات جیاوازە لەگەڵ دام ودەزگاکان, مەسەلەی ئەوەی کە وەڵامت داوە, راستە ئەوە تەواوە, مەسەلەی ئەمە پێش ئەمە بخرێت, مەسەلەی وەزارەتی تەختیت و تعاون العراقیە الاتحادیە, ئەمە باسی ئەوە دەکەین کە ئیحصا, من دوو شتم موراعات کردووە, بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان لێی ئاگادار بن, مەسەلەی تەقییس و سەیتەرەی نەوعی لەگەڵ ئیحصادا لەدەستووری مەرکەزی هاتووە, هەتا نووسیومە مەقایسی عێراقی موراعاتم کردووە, لەبەر ئەوەی ئەو قانونەی کە دەردەچێت موخالیف نەبێت لەگەڵ دەستووردا, سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر بڕگەی یازدە هەیە, لە دێری سێیەم هاتووە, (اعتماد المواصفات العراقية) ئیعتیرازم لەسەر ئەوە نییە, بەڵام ئێمە لە قانونی ئیستیسمار مواصەفاتی عالەمیمان کردە ئەساس بۆ ئەو شتە, بەرەئیی من زۆر زەرووریە, چونکە مواصەفاتی عالەمی هەیە ئیزافە بکرێتە سەر بەشێوەیەك لە شێوەکان ئیکتیفا بەوە نەکەین کە موزەف بەس عێراقی بێت, مەفروزە عێراقیش اعتیماد بکاتە سەر عالەمی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی منیش پێم وایە ئەوە دەبێت وابێت, بەڵام من تەنها لەپێناوی مەسەلەیەکی قانونی ئەوەم وا لێکردووە, بۆ ئەوەی تەعاروز نەکات لەگەڵ دەستوور, ئەگەر نا من بڕوام بەوە نییە کە مواصەفاتی عێراقی ئەمڕۆکە, هەرچەندە مواصەفاتی عێراقی خەریکی گۆڕانکاری تەواون ئێستاکە, یانیش نیزامێکی ئینگلیزی هەیە ئەوا حالیەن دیراسەی دەکەن کە یەکێك لە نیزامە پێشکەوتووەکان نیزامی ئینگلیزیە لە مەقاییس و سەیتەرە نەوعی, خەریکی دیراسەی ئەوەنە لە عێراق بیکەن, بەڵام نەمتوانیوە ئەو کەلیمەیە ئیزافە بکەین, مەسەلەکە تەنیا لە بۆ ئەوەی بڕوام بەوەیە کە مەقاییسی عالەمی بەکاربهێنین, بەڵام یەك مەسەلە هەبوو کە جەنابی سەرۆك لە سەر مەوزوعی ئەوە بیستم کە لەدەستووردا هاتووە کە دەزگای تەقییس و سەیتەرەی نەوعی دەزگایەکی موستەقیلە, من پێم خۆش نییە موستەقیل بێت, بەڵام لە تەشکیلەی عێراقدا سەر بە وەزارەتی تەختیتە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بكرێتە مواصفات عالمیە و العراقیە, (عالمیە)کە ئیزافە بکرێت, دەوڵەمەندی دەکات و باشترە, پێم وانییە مولاحەزەیەکی وا گەورە هەبێت لە هینەکاندا, هیچ گۆڕانکاری نییە, چونکە ئەوانەی ئیعتیرازەکان کە کرابوون, جەنابی وەزیر وەڵامی دایەوە و شەرحی کرد, دوایی پێش خستن و پاش خستنی مەوادەکانیش, ئەوە دەکرێت لە صیاغەی نیهائی, لیژنەی قانونی لەگەڵ وەزیردا دابنیشن, وابزانم چەند گۆڕانکاریەکی گەورە نابێت, پێم باشە لیژنەی قانونی بیخوێننەوە, ئەو کەلیمەیەی ئەگەر ئیزافە کرابێت و لەگەڵ ئیزافە کردنی خاڵێك کە پەیوەندی بە موراعاتی ژینگە هەیە, پرسیارەکانتان حازر نەکردووە, فەرموو د. شوکریە.

**بەڕێز د. شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئامادەکردنی پلانی هەرێم لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی و رۆشنبیریەوە, لەبەر رۆشنایی پێویستی بە هەنووکەیی و پێشبینی کراوەکانی کۆمەڵگا و بەرەچاوکردنی باری ژینگەش, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیشی وەزارەتی ژینگەیە, وەزارەتی پلاندانان دەتوانێ جوملەیەك بڵێت, بڵێ هاوکاری کردن لەگەڵ هەموو دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی ئەو پلانەی بۆ هەرێم دادەنرێت رەچاوی ژینگە بکات, جوملەیەکی وا دەکرێت دابنرێت, بەڵام ئەوەی دکتۆرە شوکریە وتی ئەوە صولبی واجباتی وەزارەتی ژینگەیە, ئیعدادی پلان, وەزارەتی پلاندانان و هەر وەزارەتێکی پەیوەندیدار هاوکاری بکات, بۆ ئەوەی ئەو پلانی ژینگەیە سەرکەوێت, موراعات بکرێت, موراعات یانی هاوکاری, بەڵام ئەوان وەزارەتی پیشەسازی هەڵدەستێ یانی خوتە دادەنێن, بەرنامە دادەنێن بۆ وەزارەتەکانی تر, بۆ حکومەت و ئەوانە, لەبەر ئەوە هاوکاری بکاتە ئیعداد, کاك فرست صیغەیەکی هەیە, ئەگەر لیژنەی یاسا پێی باش بێت ( مراعاة سلامة البیئة لاعداد خطط الوزارة وبرامجها), فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە پەیوەندی بە ژینگەشەوە نییە, نەك بە مافی مرۆڤ, یانی ئەم پلاندانانە بۆ گەشەپێدان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ژینگە یانی هەمووومان عیلاقەمان پێ هەیە, فەردیش عیلاقەی پێ هەیە, کە دەچی لە رێگایەك لەناو سەیارە بیبسییەك دەخۆی, کە فڕیدەی دەی, ئەوە دژی ژینگەیە, لەبەر ئەوە ئەمیش کە پلان دادەنێت مەقاییسی عێراقی وعالەمی دەبێت رەچاو بکات, هێنانی مەکینەیەك ئەگەر بە دووکەڵ بێت ئەوە دژی ژینگەیە, مولیدەیەك دێنی بۆ کارەبا ئەگەر دەستەی دوو بێت, مانای ئەوەیە دژی ژینگەیە, فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری صیغەیەك دەكەم لە بۆ پاراستنی ژینگە, (عند اعداد اية خطة او برنامج يجب مراعاة حماية البيئة من التلوث), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەینی شتە, بیخوێننەوە دووبارە, فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(مراعاة سلامة البيئة في الاقليم عند اعداد خطط الوزارة و برامجها).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, كەواتە ئەمە ئیزافە كرا و كەلیمەی (عالمیه) لەوێ ئیزافە كرا, كەواتە بڕگەكان یەكەم و دووەم دوایی ئەهمیەتەكەی لیژنەی قانونی لەگەڵ كاك عوسمان وەزیری پلاندانان ڕێك دەكەون, زمانەكە عەرەبی دەخوێنینەوە, كوردیەكە دەبێت وەكو عەرەبیەكە بێت, عەرەبیەكە ئەساسە, بۆیە ئێستا داوا دەكەم لیژنەی قانونی بۆ ئەوەی بیخوێننەوە, بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان, فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت مولاحەزەیەك ئێستا بۆمان هات, نازانم جەنابی وەزیر ڕەئیی لەو مولاحەزەیە نییە, دەڵێ بەنیسبەت فەقەرە حەفت (التنسيق بين الموارد وإحتياجات التنميه) تەنسیقەكە بەقەناعەتی ئێمە زۆر مەعنا نادات, ئەگەر تەوازن بێت هیچ لە ماناكە دەگۆڕێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێم وایە (موارد) ئیعتیادیە, بەڵام مەرج نییە تەنیا موارد بێت, میزانیە هەندێ جار دێت پەیوەندی بە مواردەوە نییە, مومكینە هەندێ جار عەجزت هەبێت, هەندێ جار تەزەخومێك هەبێت, بەڵام ئەوەی هاتووە باشترە, هیچ مولاحەزەت نییە كاك عوسمان, بكرێتە تەوازن, ئەوە هەندێ گرانی ناخاتە سەرتان؟ تەنسیق شەرت نیە, تەوازن دەبێت وەكو یەك بێت, ئەگەر هەر تەوازنیشتان لا گرنگە پێویستە بڵێی (العمل على خلق التوازن بين احتياجات الاقليم) یان (احتياجات التنميه والمواردو العمل على خلق التوازن) ئەوە ڕەنگە حەلێك بێت, وانییە كاك عوسمان, (العمل على خلق التوازن بين الموارد واحتياجات التنميه ) ئەوەتان چاك كرد لیژنەی قانونی, (العمل على خلق التوازن) لەجیاتی تەنسیقەكە, فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كە پەیوەندی بە ژینگەوە هەیە لە ئاخیری فەقەرەكەی دابنێین هیچ مانع هەیە؟.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەئاخیری، فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا تەنها گۆڕانکاریەکە، یان هەموو ماددەکە بخوێنمەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەمووی بخوێنەوە بە ئیزافەکانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تتولى الوزارة تحقيق الاهداف التالية:

اولا: اعداد خطط تنمية الاقليم وتطويره اقتصاديا واجتماعيا وبشريا وثقافيا في ضوء حاجات المجتمع القائمة والمتوقعة.

ثانياً: اعداد المؤشرات الكلية للخطط الطويلة والمتوسطة والقصيرة الاجل بما تشتمل عليه من اهداف وسياسات بمشاركة الوزارات والقطاعات الحكومية والقطاع الخاص.

ثالثاً: اعداد خطط لمعالجة المشاكل الاجتماعية المختلفة وذلك بالتنسيق مع الوزارات والمؤسسات ذات العلاقة.

رابعاً: التخطيط للاستثمار الحكومي، واقتراح التخصيصات الاستثمارية في الميزانية العامة للدولة وتوزيعها بين القطاعات وحسب المحافظات والمناطق الحضرية والريفية، ومراعاة الاولوية عند تحديد المشاريع الاعمارية التي تمول من الميزانية الاستثمارية بالتنسيق مع جميع الوزارات المعنية بهذه المشاريع ومتابعة حسن تنفيذها.

خامساً: اعداد برامج شاملة قصيرة وطويلة المدى وسنوية لتأهيل القوى البشرية اللازمة بالتعاون مع الجامعات والمؤسسات التعليمية.

سادساً: التعاون مع المؤسسات الحكومية في اعداد الدراسات اللازمة لتطويرها وتحديثها وتحسين التنظيم الاداري ورفع مستوى كفاءة الاداء فيها، وتنمية القيادات الادارية والفنية وتدريبها في المستويات المختلفة.

سابعاً: العمل على خلق التوازن بين الموارد واحتياجات التنمية من خلال وضع المبادئ والاتجاهات العامة لادارة استراتيجية التنمية الاقتصادية والاجتماعية.

ثامناً: الاهتمام بانشاء الحكومة الالكترونية لجمع المعلومات وانشاء بنك المعلومات واتباع اسلوب الشفافية لانشاء حكومة المؤسسات.

تاسعاً: المساهمة مع الحكومة العراقية الاتحادية في البحث عن مصادر التمويل والمساعدة الفنية من الدول والمؤسسات الدولية المانحة، والمشاركة في المفاوضات الجارية مع الجهات المانحة لتنفيذ تعهداتها من اجل الحصول على المساعدات والمنح والقروض لتمويل المشاريع في الاقليم بالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد في الاقليم.

عاشراً: تشجيع القطاع الخاص والاستثمار المحلي والاجنبي للاسهام في التنمية الاقتصادية للاقليم, واقتراح السياسات والسبل التي تعمل على تنشيط هذا القطاع بالتعاون مع المؤسسات الحكومية ذات العلاقة.

حادي عشر: اعتماد نظام وطني للتقييس والسيطرة النوعية في الاقليم بالتنسيق مع الجهاز المركزي للتقييس والسيطرة النوعية في وزارة التخطيط والتعاون الانمائي العراقية الاتحادية, واعتماد المواصفات العراقية والعالمية ومراقبة تطبيقها واجراء الفحوصات والتحاليل والاختبارات والبحوث الخاصة بالتقييس والسيطرة النوعية, وتقديم المشورة في هذه القضايا لكافة الجهات الحكومية والاهلية الراغبة بذلك في الاقليم.

ثاني عشر: القيام بالعمليات الاحصائية الاقليمية والمتعلقة بالتعدادات العامة لسكان الاقليم والمساكن والمسوحات الاحصائية الخاصة بالقطاعات المختلفة في الاقليم وذلك بالتنسيق مع الجهاز المركزي للاحصاء في وزارة التخطيط والتعاون الانمائي العراقية الاتحادية.

ثالث عشر: مراعاة سلامة البيئة في الاقليم عند اعداد خطط الوزارة وبرامجها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی ماددەكە هەمووی بیدەمە دەنگدان, دەگەڕێمەوە سەر خاڵی حەوتەم, نازانم دەمەوێ پرسیار بكەم لە لیژنەی قانونی, ئایا موارد راسترە یان ایرادات؟ بۆ نموونە میزانیە لە بەغداوە دێت, ئەو میزانیە مەواردی خۆمان یان شتێك یا ئەو میزانیەی كە بۆمان دێت رەنگە زیاتر بێت, مەقصەدم ئەوەیە موارد كە لێرەوە دەبێت.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

موارد باشترە, چونكە ایرادات باسی پارە دەكات, موارد باسی مواردی بەشەری دەكات, چونكە تۆ دەڵێی (العمل على خلق التوازن بين الموارد) لێرە هێزی كار مواردە, ئەوەی كە لەژێر زەویدایە مواردە, لەگەڵ احتیاجاتی تەنمیە لە هەرێمدا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە, وەكو خۆی كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات؟ سوپاس, كێ دژیەتی دەستی بڵند بكات؟ بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا, سوپاس, ماددەی سێ بخوێنەوە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

ماددەی سێهەم:

یەكەم:وەزیر:سەرۆكی باڵاو, بەرپرسی ئیش و كارو ئاڕاستە كردنی سیاسەتی وەزارەتەكەیەو, هەموو بڕیارو فەرمان و رێنمایەكان پێوەندییان بە ئەرك و فرمان و پێكهاتە و سەلاحییات و كاروباری دیكەی هونەری و دارایی و ئیداری و رێكخستنی وەزارەتەكەوە هەیە, لە وەزیرەوە دەردەچن و بە سەرپەرشتی وەزیر جێ بەجێ دەكرێن.

دووەم:بریکاری وەزارەت: لە چوارچێوەی سەلاحییاتدا کە پێی دەسپێردرێ, یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاراستە کردنی سیاسەتی وەزارت و سەرپەرشتیکردنی کاروباری وەزارەتدا, مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ.

سێیەم: راوێژکاران: ژمارەیان لە چوار کەس زیاتر نییە, مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و, خاوەن ئەزموون و شارەزا بن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تتألف الوزارة من التشكلات التالية:

اولا: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها والاشراف والرقابة عليها و تصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر التعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون.

ثانيا: وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي توكل اليه, على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية.

ثالثا: المستشارون: لايزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن, رەئیی لیژنەی یاسا دەخوێنینەوە سەبارەت بەو ماددەیە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پێنجەم:** بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی سێیەم و چوارەمەوە هەیە, ئەوە, لیژنە ئەم پێشنیازەی خوارەوەی, بۆیان هەیە:

1- هەردووکیان بکرێن بە یەك ماددە, چونکە پێوەندییان بە پێکهاتەو پێکهێنەرەکانی وەزارەتەکەوە هەیە. زنجیرەی ماددە یەکخراوەکەش, دەبێ بە

( ماددەی سێیەم)و, زنجیرەکانی دیکەی دوای ئەویش ریز بەندیەکی رێك دەخرێتەوە.

2- جیگای برگەو زنجیرەکانی, دووبارە رێك بخرێتەوە, بەجۆرێ کە, (سێیەم: راوێژکاران) زنجیرەی (پێنجەم) وەربگرێ و, نووسینگەی وەزیر, بچێتە سەرووترو, نووسینگەی بریکاری وەزارەتیش پاش ئەو, بێت.

3- لە دوا دێری خەسلەتی راوێژکارەکاندا, وشەی(ولە) بکرێتە(ولهم).

4- دوای وشەی( فرمانبەرێ) کە بۆ هەردوو نووسینگەی وەزیرو بریکاری وەزارەتەکەش دادەنرێ, وشەی( بەپلەی بەڕێوەبەر) یان, بۆ زیاد بکرێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئیی لیژنەی یاسایی بە عەرەبی:

خامساً: اما فیما یتعلق بالمادتین الثالثة و الرابعة تقترح اللجنة مایلي:

1- دمجهما بمادة واحدة لکونهما تتعلقان بتشکیلات و تکوینات الوزارة وتکون تحت تسلسل المادة (الثالثة) وترتب تسلسلات المواد تبعاً لذلك.

2- اعادة ترتیب مواقع فقراتها وتسلسلاتها بحیث تکون ثالثاً المستشارون بتسلسل (خامساً) و یتقدمه مکتب الوزیر ثم مکتب وکیل الوزارة.

3- جعل ( وله) بـ( ولهم) في اخر السطر من وصف المستشارون.

4- اضافة ( بدرجة مدیر) بعد کلمة موظف في مکتب الوزیر ومکتب وکیل الوزارة.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی یەکەم کە لەبۆ وەزیر هاتووە, حەقە ئەو عیبارەیە بنووسرێت (ویکون مسئولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضوا متضامنا فیه وله تخویل بعض من صلاحیاته الی وکیل الوزارة او المدراء العامین او من یراه مناسبا من موظفي الوزارة. لەبەر ئەوەی ئەمە صیغەیەکی قانونیە و لە هەموو قانونەکان کە پەرلەمان دەری کردووە, ئەو عیبارەیە هاتووە, من پێشم وایە ئەمە عیبارەیەکی قانونی راستە, لەوانەیە کاك فرسەتیش شارەزایی باشتر بێت لەوبارەیەوە, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئیشارەتمان بەو مەسەلەیە داوە لە راپۆرتەکەمان, ئەو صیاغە هەیە لە هەموو وەزارەتەکان, لێرەش بەکاری دەهێنین, بەڵام من تەوزیحێکی ترم هەیە, بەحەقیقەت ئێمە لەگەڵ ئەوەینە کە مادده سێ و مادده چوار دەمج بکرێت, چونکە تەعریفی وەزیر لەگەڵ وەکیل وەزیر لە مادده سێ هاتووە, وەکو پێشتریش وتم خارجی تەشکیلاتی وەزارەنە, بەینەما وەزیر شتێکی هەرێمیە لەو وەزارەتە, مەفروزە وەزیریش لە زمنی تەشکیلاتی وەزارەت بێت, ئەمە یەك, بەنسبەت یەکەم هەتا چوارەمیش ئێمە پێمان باشە نەقلی مادده سێ بکرێت, ئەگەر ئەوی دیکەش بە ماددەیەکی موستەقل دێتەوە هەر مانع نییە, دوا رەئییش رەئیی ئێوەی بەڕێزە, پێتان باشە دەمجی ماددەکە بکەین و هەیکەلی تەنزیمیەکە بەشێوەیەکی رێك وپێك دەچینە دووی بەشێوەیەکی مونەسق, من اعلی الی اسفل وەکو گوتەنی لەوەزیرەوە دێینە خوار تا ئاخیر موەزەف, لەوەزارەتەکانی تریش وامان کردووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو وەزارەتەکانی تر چۆن بووە وای لێ دەکەین, فەرموو کاك محمد فرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی سێ برگەی یەکەم، لە کۆتاییەکەیدا و بەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا، هەروەکو شتێکی تەقلیدی دوای هەموو شتێك دەڵێن وەزیر بەرپرس بێت لەبەردەم ئەو دەزگایە، دووەم لەوەزارەتی کارەبا من پێشنیارم کرد ماددەی سێ و چوار بکرێ بەیەك، یانی پێکهاتەیەك بێت، قەبوول نەکرا، بەم جۆرە ماددەیەك وەزیر و بریکار و راوێژکارەکان بێت، ئەوی تر وەزیری کارەبا و وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بەوە بڕیارمان لەسەر داوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك شێروان ئەمە عیلاقەی بە وەزارەتی کارەباوە هەیە؟**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە ئەو دوو فەقەرەیەمان دەمج کرد، و بەپێی ئەو هەیکلیەتەی وەختی خۆی لەپەرلەمان پێشنیار کرا پەسند کرا لەلایەن پەرلەمانەوە، ئێستاش بەهەمان هەیکەلیەت دەڕۆین ئەگەر پێتان باشە دەمج بکەین، ئێمە مولاحەزەکانی ماددەی چواریش هەر پێکەوە دەیکەین، ئەگەر پێشتان باش نییە، ئەوە ماددەی سێ تەواو دەکەین دوایی دێینە سەر مولاحەزەکانی ماددەی چوارە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڵام ئەو تەشکیلاتەی وەزارەتەکان هەموو وەکو یەك بێت، چۆن بووە ئەوانی تر.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هەمووی وەکو یەکە تەقریبەن، لەوەزیرەوە دێتە خوارێ، وەکیل وەزیر، مودیر، مەکتەبی وەزیر، مەکتەبی وەکیل وەزیر، مستەشارەکان پاشی مودیر عامەکان، پاشان مودیرەکان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەگەر خیلافێك هەبێت تەعدیلی دەکەین، مەفروزە ئەگەر خیلافێك لەمە هەبێت، وەزارەتەکانی تر پرۆژەیەك تەقدیم بکەن بەشێوەیەکی یاسایی ئەوان تەعدیل بکەین، بەڵام ئێستا کێ موافیقە لەسەر دەمجەکە با دەستی بڵند بکات؟ کەس دژی نییە؟ باشە ماددە چواریش بخوێنەوەو تەکمیلەی ماددەی سێ دەکەین، پاش ئەوەی کە دەمج کرا.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی سێیەم:**

4-**نووسینگەی وەزیر:فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ، ژمارەیێ فرمابنەریش یاریدەی دەدەن.**

5-:**نووسینگەی بریکاری وەزارەت:فەرمانبەرێ بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ، ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.**

6-:دەستەی ئاماری (الاحصاء) هەرێم: فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ.

7-:دەستەی بواردنی خراپ لە چاك (التقييس)و كۆنترۆلی نەوعی لە هەرێمدا: فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆ هەبێ, ئەرکوفرمانی خۆیشی بەپێی ئەو سەلاحییاتە هەڵدەسووڕێنێ. کە پێی سپێرراوە, بەڕێوەبەرایەتی بواردنی خراپ لە چاك و كۆنترۆلی نەوعییش, لە پارێزگاکانی هەرێمدا, واوەستی دەبن.

8-:بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ئیداری و دارایی:فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, ئەم دایەرەیە ئەرکوفرمانی ڕێکخستنی پێداویستەکانی ئیش و کار دەسەبەر دەکا.

ئەمانەی خوارەوەش پێوەی واوەستن:

أ-بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئیداری.

ب-بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری دارایی.

ج-بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری یاسایی.

د-بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری تاکە تاکەی کارمەندان.

ه-بەشی پۆلینکردنی (تصنیف) بەڵێندەران.

9-:دایەرەی ئامادە کردن و هاودەنگیی پلانەکانی فراژوکاری:فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا, ئەم دایەرەیە, ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەشی تێدایە:

أ-بەڕێوەبەرایەتیی هاودەنگیی پلانەکانی گەشەپێدان.

ب-بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانانی ئابووری.

ج-بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانانی پیشەسازی.

د-بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانانی گەشتوگوزار.

ه-بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانانی بینا دروستکردن و ئیسکان و خزمەتگوزاری.

و-بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانانی گواستنەوەو گەیاندن (الاتصالات).

10:دایەرەی پلاندانانی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان (الاستثماري):فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەش لە خۆ دەگرێ:

أ-بەڕێوەبەرایەتیی لێکۆڵینەوەی ئەولەویاتی پرۆژەکان.

ب- بەڕێوەبەرایەتیی دابەشکردنی پرۆژەکان.

ج- بەڕێوەبەرایەتیی کەڵکی (جدوی) پرۆژە فراژوکارییەکان.

11:دایەرەی گەشەپێدانی بەشەری:فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەش لە خۆ دەگرێ.

أ-مەرکەزی هەرێمایەتی بەرەو چاکتر گۆڕینی ئیداری.

ب- بەڕێوەبەرایەتیی دیراساتی هێزی کار (القوى العامله)و کارپێکردن (التشغیل).

ج- بەڕێوەبەرایەتیی سیاساتی پەروەردەو فێرکاری.

د- بەڕێوەبەرایەتیی سیاساتی گەشەپێدانی کۆمەلأیەتی.

هـ- بەڕێوەبەرایەتیی تەکنۆلۆژیای مەعلوماتی.

12:دایەرەی هاودەنگی و هاوکۆمەکیی گەشەپێدانی:فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەش لە خۆ دەگرێ:

أ-بەڕێوەبەرایەتیی پێوەندیکاری و هاودەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و هاوکاریی گەشەپێدان (التعاون الانمائی) فیدرالّدا.

ب- بەڕێوەبەرایەتیی بەدواداچوونی کاروباری دەوڵەتە بەخشندەکان و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان.

ج- بەڕێوەبەرایەتیی سیاساتی هاندانی کەرتی تایبەت و وەبەرهانین.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوانەوە حەز دەکەم هەندێ مولاحەزەکەم دووبارە بکەمەوە, ئەوەی نەموتوە بەنسبەت ماددەکانەوە بۆ ئێوەی بەڕێز تەوزیحی بکەم, مەوزوعەکە وای لێ دێت, ماددە سێ و چوار دەمج دەکرێت, لەسەرەوە دەنووسرێت تەشکیلاتی وەزارەت, پاشان دەنووسرێت ماددەکە, پاشان وەزیر و جێگری وەزیر و مەکاتبەکان دێنە خوارەوە, دوایی خۆمان تەرتیبی نوقاتەکان دەکەین, دوو بەنسبەت مەکتەبی وەزیر و مەکتەبی وەکیل وەزیر کەدەرەجەی مودیر نەنوسراوە ولەهەموو وەزارەتەکان دەرەجەکەی مودیرە, ئەمە ئیزافە دەکەین, سێ هەندێك لە مودیریاتی عام هاتووە دەڵێ (یرأسها موظف بدرجة مدیر عام) خۆی مدیر عامە پێویست ناکات مودیر عام تەرەئوسی بکات, خۆی مودیر عامەکە تەرەئوسی دەکات, ئەوە سێ, چوار موصتەلەحی دائیرە هاتووە, دائیرە (اعداد وتنسیق خطط التنمویة والخ) چەند دائیرەیەك هاتووە, لەگەڵ جەنابی وەزیر ئێمە دانیشتوین لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین کە پێویست ناکات دائیرە, دائیرە زۆر لەهەرێمی کوردستان موتەداول نییە, بەحەقیقەت ئەوانە مودیریەی عامەن, (المدیریة العامة لاعداد وتنسیق خطط تنمویة)دائیرە نووسراوە, خۆی مودیریەی عامەیە, دائیرەی تەختیت و مەشاریعی میزانیەی ئیستیسماری, خۆی مودیریەی عامەیە, ئەوانەشمان تەصحیح کردووە و کردومانە بە مودیریەی عامە بە حەقیقەت, بەپێی ئەو زەوابتەی کەلەسەرەوە ئیشارەتمان پێدا, بەنسبەت پڕکردنەوەی میلاکاتەکان ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین, بەنسبەت پڕکردنەوەی مودیریاتەکان هیچ ئیعتیرازێکمان نییە, ئێمە لەگەڵ پڕکردنەوەکەین بەشێوەیەکی زۆر ڕێك وپێك هاتووە, ئەمە کۆی مولاحەزەکانی ئێمە بوون کەدەبێتە ماددە چوار و بەو نەصەی کە وتم دێتە خوارەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك عوسمان شوانی وەزیری پلاندانان، ئەگەر موافیقە لەسەر ئەوەی لیژنەی قانونی وتی، ئەوە ئیشمان ئاسان دەكات، فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من موافقم لەسەری، بەڵام یەك ئیعتیرازم هەیە كە وەختی خۆی موناقەشەمان كرد، كەلیمەی دائیرە و مودیریەی عامەیە، یانی لەوەزارەتی تەختیتی عێراقی هیچی ناوی مودیریەی عامە نەهاتووە، هەمووی بەناوی دائیرە هاتووە، بەڵام لە هی كوردستاندا هیچی ناوی دائیرە نەهاتووە هەمووی مودیریەی عامەیە، بۆیە گونجاوە كەلیمەی مودیریەی عامە لەجیاتی دائیرە كە بەكاردێت، ئەوە مەرتەبەیەكی تەبیعی یە، و تەشكیلاتەكانیش كە دەمجی كرد پێم وایە شتێكی قانونی یە، چونكە وەزیریش زیمنی تەشكیلاتی وەزارەتە، ئەویش تەبیعی یە كەیەك لەدوای یەك هاتوونەتە خوارەوە، بەڵام یەك ئیزافەی تێدا هەیە كە مەسەلەی (المستشارون)لێرە (ولهم الخبرە والممارسە ویجوز) ئێمە وەختی خۆی وامان نووسیبوو، (ویجوز رئاسە الدوائر والمدیریات العامە) ئایا ئەمە ئەبێ یان نابێ؟ چونكە ئەمە لەپێشمانە، زۆر جار ئێمە كە موستەشارێك دێنینەوە لەدەرەوە، چونكە زیاتر ئێمە ئیعتیماد لەسەر موستەشارەكانی دەرەوە دەكەین، لەو كەفائەتە سوودی لێ وەردەگرین، تۆ تەكلیفی دەكەی بۆ ماوەی ساڵێك یانی (یقوم بمهام مدیریە العامە) یانی ئەوەمان لەرووی قانونیەوە كە موافقن كە بڵێ (ویجوز رئاسە الدوائر والمدیریات العامە) بەنسبەت (مستشارون) (ویجوز)، ئایا جائیزە یان جائیز نییە لەرووی قانونیەوە، ئەگەر ئەوان پێیان باش بوو، من پێم خۆشە ئەوە ئیزافە بكرێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر نووسیمان دائیرە، جەنابی وەزیریش باش دەزانێت، مەرج نییە مودیرێكی عام تەرەئوسی ئەو دائیرەیە بكات، رەنگە موستەشار دێنن تەرەئوسی ئەو دائیرەیە دەكات، یان خەبیرێك دێنن تەرەئوسی ئەو دائیرەیە دەكات، ئێمەش مەبدەئێكمان هەیە، ئێمە نابێ جێگا بۆ خەڵك بدۆزینەوە، پڕ بەپێستیەتی مودیر عام بە قەناعەتی ئێمە، جەنابی وەزیریش موافق بوو، با مودیر عامەكە پڕ بەپێستیەتی با ئەو دەزگایە وەربگرێت، بۆ یەكێكی تر وەربگرێت، ئەمڕۆ موستەشارێك وەریبگرێت، سبەی خەبیرێك وەریبگرێت، دووسبە دەرەجەیەكی تر وەریبگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت موستەشارەوە، ئێوە موحتاجی موستەشاری ئەجنەبیش دەبن، كاك تاریق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم تەنیا لەسەر بڕگەی دوو هەیە, وەکیل وەزارەت, چونکە ئیشێکی ئیداری و فەنییە, لە ئاخیر بڕگەدا ئەوە ئیزافە بکرێت (وذوي اختصاص في هذا المجال) ئەگەر بێتوو نەنوسرێت ئیختیصاصەکەی بەناحیەی تەختیت نەبێ, نابێ یەکێکی تر ئیشەکە بکات, چونکە شتێکی فەنییە و شتێکی ئیدارییە و زۆریش پێویستە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عوسمان وابزانم ئەمە شتێکی تەبیعییە, دەبێ موختەص بێت, چونکە وەکیل وەزیر عورفێکە و مەنتقێکە دەبێت موختەص بێت, ئەگەر بنووسن بەقوەتترە بۆ ئەوەی ئیلتیزامی پێ بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبیدایەتی فەقەرە ئیشارەتمان پێداوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ, ئێستا ئەوەی قسەی هەیە, فەرموو دکتۆرە رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر گرنگی کارەکانی ئەو وەزارەتە, پێم باشە ئەگەر بڕگەیەك هەبێت بەناوی ئەنجومەنی پلاندانان, وەزیری دارایی و ئابووری ئەندام بێت لەو ئەنجومەنە, هەروەها بەڕێوەبەری ژووری بازرگانی ئەویش ئەندام بێت, دەتوانێ سەرۆکی ئەنجومەنەکەشتان ئەندام بێت, بڕیار لەسەر کارەکان بدەن, سوپاس.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا خۆی ئەوە لە وەزارەتی پلاندانانی عێراقیدا هاتووە, بەڵام ئێستا لەعێراقیشدا نەماوە, نە ئەمریکیەکان رازین, و نەبانکی دەولی رازیە, چونکە ئەوە دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ مەسەلەی تەختیتی مەرکەزی, ئەگەر مولاحەزەتان کردبێت هەر عیبارەیەکمان نووسی, ئێمە لە هەموو شوێنەکان نووسیومانە (اعداد خطط للتنسيق مع الجهات المعنية) یانی ئێمە زیاتر ئیشمان ئەوەیە کە خوتەیەك لە زراعە هەیە, خوتەیەك لە صناعە هەیە, دەبێت تەنسیقی ئەو خوتانە بکەین, یاخود پلانی ئیستیراتیجی بنووسین, یاخود پلانی پێنج ساڵانە بنووسینەوە, یاخود مەشاریع چۆن دابەش دەکەین, خۆی مەشاریع دابەش کردن ئێمە نین دابەش دەکەین, ئێمە داوا لەوەزارەت دەکەین, مەشاریعی خۆی پێشکەش بکات, ئێمە بە پێی ئەولەویەتی حکومەت مەشاریع دابەش دەکەین بەپێی مەواقیعی جوگرافی لەنێوان شارو دێهاتەکان, ئەوە ئیشی ئێمەیە, بۆیە مەسەلەی مەجلیسی تەختیت نەما, نە لەعێراق ماوە و نەلە زۆربەی وڵاتەکان نەماوە, بەو پایە ئەگەر بمانەوێ مەسەلەکە دروست بکەین, دێین بە قانونێکی مولحەق سبەی رۆژێك بەرزی

بكەینەوە بۆ پەرلەمان, بەڵام حكومەت زۆر موشەجیعی ئەوە نینە كە مەجلیسی تەختیت هەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی لەراستیدا ئەو مەجلیسە وەختی خۆی هەبووە, عەمەلیش بووە, بەڵام ئێستاكە لە مەجلیسی وەزەرا ئەو ئیشە دەكرێت, وەزارەتی تەختیت پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی وەزارەتەكان هەیە, لەگەڵ وەزارەتی مالیە و ئیسكان و بەلەدیە و هەمووی, بۆیە ئەو خوتەی كە دادەنێت, ئەو مەجلیسە لەمەجلیسی وەزەرا دەبێت, یان لەعێراق وەختێكی زۆر هەبووە كە مەجلیسی وەزەرا نەبووە, فەترەیەك مەجلیسی وەزەرای عێراق نەبوو, رەئیسی جمهور بە ئیشی رەئیس مەجلس وەزەراش هەڵدەستا ئەو وەختە هەبوو, ئێستاكە رەئیس وەزەرا رەئیسی تەختیتی عالیە, وەزیریش هەر ئیحتیاجێكی هەبێت وەزارەتێكی تر لە مەجلیسی وەزەرا رووبەرووی دەبێتەوە, ئەگەر پێویستی كرد بەكۆبوونەوەی دوو قۆڵیش و سێ قۆڵیش دەتوانن ئەنجامی بدەن, فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینی من لە ماددە سێیە بڕگە یەك, وەزیر لە بڕگەكە دووبارە بۆتەوە, ئەگەر بكرێ لەوەزیرەوە دەردەچن و سەرپەرشتی جێبەجێ كردنی دەكات, ئەو كەلیمەی وەزیری دووەم جار دووبارە نەبێتەوە, تێبینی دووەمم كاك تاریق باسی كرد و ئاماژەی پێكرد بۆ وەكیل وەزیر منیش هەمان تێبینیم هەیە و پشتگیری رایەكەی دەكەم, پێم باشە بۆ هەموو مودیر عامەكانیش بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ئەم وەزارەتە تازەیە, پێشتر هیچ لەو وەزارەتە لە كوردستاندا نەبووە و ئەو كەسانەی كە لەو وەزارەتە كاردەكەن خیبرەو ئەزموونێكیان هەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنیا بەنیسبەت موستەشارین مولاحەزەم هەیە, موستەشارین مەفروزە خیبرەیان لە دە ساڵ كەمتر نەبێت, شهادەی جامیعی و خیبرە, بەڵام لە دە ساڵ كەمتر نەبێت, چونكە موستەشار ئیستیشارە عومرە یانی دەبێ خیبرەیەكی باشیان هەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا پرۆژەیەك هەیە, لیژنەیەك هەیە دیراسەتی ئەوە دەكات كە مودیر عام مواصەفاتی چییە و موستەشار وخوبەراو ئەوانە, دوایی ئەو پرۆژەیە دەبێتە یاساو هەموو لایەك دەبێت پابەند بین بەوەی كە یەكێك دەبێتە موستەشار ئەو سەقفەی كە بۆی دانراوە بەلای كەمی خیبرەی هەبێت, فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەبوو, یەکێکیان ئەو دوو ماددەیە بوو کە بوونە یەك ماددە, ئەوەی تریان لە ماددەی سێیەمی بڕگەی یەکەم هاتووە ئەڵێ هۆو بڕیار و فرمان دان, خۆی لێرە دەڵێ هەموو بڕیار و فرمانەکان, هۆ ببێتە هەموو, سوپاس.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سێیەم بڕگەی یەکەم, صەلاحیاتی وەزیر وابزانم هیچ ڕێی نەداوە بە صەلاحیاتی مودیر عام و ئەوانە, چونکە دەڵێت (وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها) واتە ئەوە کە ئەگەر مودیر عام بێت ئەوامر بدات یان تەعلیمات بدات, دەبێت بە ئیشرافی وەزیر بێت, یانی ئەوە تەفویضي نیزامی داخلی دەکات, ئەوە قانونە, ئەگەر ئەو نەصەی تێدا بێت, یانی هیچ صەلاحیەتی تر بە مودیر عام وبە تەشکیلاتی وەزارەت نادات, بەپێی ئەو نەصە, چونکە نەصەکە تەحدید کراوە و موتڵەقە, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو وەزارەتەکان ئەو نەصە هاتووە, لەهەموو وەزارەتەکانیش دەسەڵات دابەش کراوە, چ بەنسبەت مودیریاتی عامە و چ بەنسبەت وەکیل وەزیر وچ بەنسبەت موزەفەکانی تریش, لە نیزام داخیلیەکان ئەوانە هەموو شی دەکرێنەوە, پاشان دەنێردرێت لە بۆ ئەنجومەن, ئەنجومەنی وەزیران موصادەقە لەسەر نیزامی داخلی وەزارەتەکان دەکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوە عورفێکە, مەسئولی یەکەم دەسەڵاتەکان دەدات و خۆشی ئیشراف لەسەر دەکات, ئەگەر تەماشا بکەیت ئەوەی مودیریاتەکان, دەڵێ (: المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية وتتولى مهمة تأمين ) ئەوەی تر هەر هەمان شت دەڵێ, یانی بەصەراحەت ئەگەر لە پەرلەمان مودیر عام بە ئیمزای رەئیسی پەرلەمان صەلاحیەتی پێ بدرێت وفق الصلاحيات التاليه, رەئیسی پەرلەمان دەبێت ئیشراف بکات بزانێ ئەو صەلاحیاتانە چۆن جێبەجێ دەکرێت, ئەوە عورفێکە لەهەموو وەزارەتەکان هەیە, دەسەڵاتەکان تەوزیع دەکرێت, وەکیل مودیرە, مودیر عامە, هەموو دەسەڵاتەکان لای وەزیر نابێت, بەڵام وەزیر مەسئولە لەسەر ئەوەی ئیشراف بکات لەچۆنیەتی تەنفیزی ئەو قەراراتە, فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرەدا (دائيرة اعداد وخطط التنموية) لە هەموو وەزارەتەکان دەبینم, هەرچەندە دەزانم لە هەموو وەزارەتێکدا مودیریەتی تەختیت هەیە, تەنها شت کە غائیبە لێرە, مودیریەتی تەختیتی تەربەوی, هەرچەندە لە خاڵەکەی تردا ئەوەمان هەیە (مديرية سياسات التربية والتعليم), ئینجا بەرەئیی من ئەگەر

بكرێت (مديرية التخطيط و اعداد السياسات التربية والتعليم), چونكە باوەڕتان هەبێت لە بێ تەختیتیدا تەربیەی ئێمە وێران بووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من لەجیاتی كاك عوسمان وەڵام دەدەمەوە, ئەصڵەن تەربیە هیچ پێویستی بە مودیریەتێك ناكات لە وەزارەتی پلاندانان, چونكە وەزارەتێك هەیە لەناو ئەو وەزارەتە سەدان پسپۆڕ هەیە كە ئیش دەكەن, لەبەرلەماندا لیژنەی پەروەردە هەیە, لەمەجلیسی وەزەرا خۆیان ئیشراف دەكەنە سەر تەربیە و تەعلیم عالی وئەوانە, جارێ تەربیە پەروەردەییە, وەزارەتەكە پڕ بەپێستی خۆیەتی, فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مەكتەب وەزیر و مەكتەب وەكیل وەزیر, نووسراوە لە مەكتەب وەزیر (یرأسه موظف) كەچی لە وەكیل وەزیر نووسراوە (یدیره موظف) لێرە تەحدید بكرێت, بەڕەئیی من هەردووكی هەر بكرێت بە (یدیره) اداریا رێكوپێكترە لە (یرأسه مدیر), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕاستە هەردووكی بكرێتە (یدیره), كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەدوای یەكبوونی ئەو دوو ماددەیە, خاڵی شەشەم ئەبێتە نۆیەم, (اعداد وتنسيق الخطط التنموية) ئەوانە لەكۆمەڵە مودیریەتێك پێك هاتووە, (مديرية تنسيق الخطط التنموية, مديرية التخطيط الاقتصادي, مديرية التخطيط الزراعي, صناعي و سياحي الخ) تەختیتی ئیقتیصادی عیبارەت نییە لە تەختیتی زراعی و صناعی و تادوایی, لەبەر ئەوەی ئەو تەختیتی ئیقتیصادیە بەلای منەوە شتێكی زیادە, بە پێچەوانەوە لە خاڵی هەشتەمدا كە ئەبێتە یازدەهەم, دائره التنميه البشريه, بەتەصەوری من ئەوە لابرێت, و بخرێتە ئێرە لەجیاتی دائرة التخطيط الاقتصادي, بوترێت (مديرية تخطيط القوى البشرية), جگە لەوە لە ئەخیردا مودیریەتێكی تر بۆ ئێرە ئیزافە بكرێت (مديرية التخطيط الاجتماعي), بەم شێوەیە هەم ئەو تەزەخومەی كە لەئیدارە هەیە, هەم ئەو تیكرارەی كە هەیە بەراستی تیكرارێكی وازحی تێدایە, مودیریەتێك هەیە بەناوی مديرية التخطيط الاقتصادي, ئێ باشە زراعه و صناعه وسياحه ئەمانە قوتاعاتی ئیقتیصادی نیە, خۆی ئەوە ئیشی تەختیتی ئیقتیصادیەكەیە, من وای تێدەگەم وای بۆ دەچم جۆرە تیكرارێكی تێدایە, لەبەر ئەوە چاو پیاخشاندنەوەیەكی دەوێ, بۆ ئەوەی دەزگاكە لە جۆرە تەزەخوم و هەڵئاوسانێك رزگاری بكەین, لەخاڵی یازدەهەم دائیرەی تەنمیەی بەشەری بكرێتە مودیریەتێك هەر لەخاڵی نۆیەمدا, لەجێگای مودیریەتی تەختیتی ئیقتیصادی, بوترێت مديريه القوى البشريه, جگە لەوە مودیریەتێك ئیزافە بكرێت (مديرية التخطيط الاجتماعي), سوپاس.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من تەئییدی ناکەم, چونکە تەختیتی ئیقتیصادیم هەیە, ڕاستە مەسەلەی زراعە وصناعە وسیاحە بەشێکن لە ئیقتیصاد, بەڵام ئەوەی کە لێرە هەیە باسی ئەوە دەکەن کە موئەشەراتی ئیقتیصادین, موئەشەراتی ئیقتیصادی لە وڵات پەیوەندی هەیە بەوە وئیختیصاصی خۆیەتی و پەیوەندیدارە بەمەسەلەی سیعر و بە موئەشەراتی ئیقتیصادی وەکو دەخلی ئیقتیصادی وناتجی مەحەللی ئیقتیصادی, ئەمە جیایە ئەمە باسی ئەوە دەکات کە لەگەڵ وەزارەتی زراعە بۆ دارشتنی پلانی زراعەیە, یا لەگەڵ پلانی صناعەیە, یان لەگەڵ پلانی سیاحەیە, هەمووی داخلی یەك پلانی مەرکەزی دەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا, بۆ ئەوەی هەموویان یەکتر بخوێننەوە, مەسەلەی دووەمیان بەتاتەن من لەگەڵ ڕەئیەکەی نیم, چونکە باسم کرد, مەسەلەی ئەو قوی بەشەری, مەسەلەی بەشەریە, ئەگەر بێتو ئێمە هەموومان سەیری تەجروبەی وڵاتانی شەرقی ئاسیا بکەین, ئەو وڵاتانە بەتایبەتی بەقیادەی یابان و شەش وڵاتەکە کەپێیان دەڵێن (نموری ئاسیا) ئیعتیمادی ئەساسیان لەسەر ئینسان و تەنمیەی ئینسانە, ئینسان چونکە هەدەفە, وەسیلەیە, هەموویەتی, ئینسان پێشخرا ئینجا توانیان ئەوە بکەن, ئینسان چۆن دەتوانێ پێش بخرێت, دانانی سیاسەتی باش بۆ تەنمیە, دانانی سیاسەتی باش بۆ فرصی عەمەل, دانانی سیاسەتی باش بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکان, مەرکەزێکی تایبەت بە تەقریری ئیداری بەوانە, مەسەلەی ئایدئمپرۆشین کە مەسەلەی زانست و پێشکەوتن, توانای ئینسانە لەرووی زانستەوە, لەرووی بەکارهێنانی تەکنەلوجیا, ئەوانە بەرەئیی من ئەگەر دائیرەی تەنمیەی بەشەری ئەگەر دوو مودیریەی عامە ببێتە سەر بەوانە باشە, و دائیرەی تەنمیەی بەشەری گرنگییەکی زۆری هەیە, ئەبێ هەمیشە چاومان بکەینەوە لە مەوزوعی تەنمیەی بەشەری, چونکە پێشکەوتنی تازە لەدونیادا هاتووە لە دوای نەوەتەکانەوە, مەسەلەی ئێستای ئومەمی موتەحیدە ئێستا خۆی تەبەنای دەکات, نەك ئومەمی موتەحیدە, تەنمیەی بەشەری بۆتە مەسەلەیەکی عالەمی گەورە, بۆیە من لەگەڵ ئەوە نیم کە ئیلغا بکرێتەوە, بۆ مەسەلەی دووبارە کە لێرە کەلیمەی (المركز الاقليمي للتطوير الاداري)هاتۆتەوە, وتمان کەلیمەی (اقليم)ەکەی لاببەین وبکرێتە (المركز للتطوير الاداري), لەفەقەرەی هەیئەی ئیحصا وهەیئەی تەقییس و سەیتەرە, بەرەئیی من وەك یەك صیاغە بکرێت, لەوەی یەکەمیرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية عليا) لەوەی دووەمیان هەیئەی تەقییس و سەیتەرە (يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية ويمارس مهامه وفق الصلاحيات المخولة اليه وترتبط بها مديريات التقييس والسيطرة) عەینی لەوەی ئیحصاش هەمان عیبارە بێت, بۆ ئەوەی هەردووکیان بەیەك صیغە دا بڕۆن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لێره تەنیا کەلیمەی دائیره مودیریەی عامەیە, خۆی لەماددەیەکی دواتر هاتووه ئەڵێت (وەزیر بۆی هەیە ئیستیحداس و ئیلغای مودیریاتی عام بکاتەوە), لەبەر ئەوەی ئەو وەزارەتەش تازەیە بەتەئکید ئەو دەسەڵاتە پاش ماوەیەك لەبەر رۆشنایی وەخت, خۆی دەتوانێ تەقدیمی بکەن کە چ مودیریەتێك زیادە, چ دەتوانێ ئیلغای بکات یا دەتوانێ دەمجی بکات, ئێستا لەهەندێ شوێن مودیریات نووسراوە, رەنگە هەندێکی پاشی شەش مانگی ئینتیباه بکات کە پێویست ناکات, ئەگەر ئەو دەسەڵاتەی دراوەتێ پێویست ناکات, کاك دلێر مولاحەزەت هەبوو, فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەرووی عیلمیەوە بەراستی ئەو پێشنیارەی من دەیکەم, ئەوە کەم کردنەوە نییە لە هێزی کار, بەپێچەوانەوە ئەوە زەغتێکە بەسەر ئەوەی کە هێزی کار و قوای بەشەری ئەبێت گرنگی پێ بدرێت, چونکە لەهەموو کەرتێکی ئابووریدا هێزی کار گەورەترین بەرهەمهێنە, ئەوە بەرهەم دروست دەکات, لەبەر ئەوە, ئەوە کەم کردنەوە نییە لەمەسەلەی قوای بەشەری, لە هەموو کەرتێکی ئابووری ئەبێت حسابی هێزی کارو قوای بەشەری بکەیت, یانی ئەمە کەم کردنەوە نییە, ئەگەر ئێمە مەبەستمانە وەزارەتێکی پلاندانان دابنێین, پلان ئەگەر بەو شێوەیە بێت وەکو زانست پلان دانان خۆی لەخۆیدا زانستێکی سەربەخۆیە, ئەگەر وەکو پلان دابنێین, ئەگەر مەبەستیشمان بەرنامەی تەنمەویە, بەرامجی تەربەوی دەکرێت وا دابنرێ, بەڵام بۆ پلاندانان مەفروزە وابێت, ئێمە ئەڵێین مودیریەتی تەختیتی ئیقتیصادی, باشە ئیقتیصادمان بۆ لەزراعە و صناعە وسیاحە وخدەمات وئیسکان و ئەمانەی تر جودا کردۆتەوە, ئەمە ئەصڵەن ناوەکەی تیکرارە لەرووی عیلمیشەوە نابێت, لەرووی عیلمیەوە ئەگەر مەسەلە پلاندانانە و ئەگەر مەسائیلی عیلمیە ناکرێت وابێت, ئەگەر مەسەلە بەرامجە, دەکرێت ئەمە تیکرار بێتەوە, زۆر ئیعتیادیە, بەڵام ئەمە کەم کردنەوە نییە لە نرخی قیوای بەشەری, بزەبت ئەو قسانەی جەنابی وەزیر فەرمووی سەبارەت بەو تاقی کردنەوانەی نموری ئاسیەوی و هێزی کار و ئەمانە هەمووی هەیە, ئەبێت ئێمەش گرنگی تایبەتی پێ بدەین, خۆی ئەو مودیریەتانەی هەیە دەست کاری ناکرێت, ئەمێنێتەوە وەکو خۆی و کاری خۆشیان دەکەن, بەڵام تەنها مەبەستی من ئەوە بوو کە تیکرار نەبێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دائیرانەی کەبوونە مودیریاتی عامە, ئەگەر مولاحەزە بکەن پێنج مودیریەی عامەیە, مودیریە عامەکان دەخوێنمەوە, ئەگەر هیچ مولاحەزەی لەسەر نەبێت:

1-المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية.

2-المديرية العامة لاعداد تنسيق الخطط التنموية.

3-المديرية العامة لتخطيط مشاريع الميزانية الاستثمارية.

4-المديرية العامة للتنمية البشرية.

5-المديرية العامة للتنسيق والتعاون الانمائية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشه, ئینجا دائیرەكان دەبێته مودیریاتی عامه و دائیره نامێنێ, تەنیا من پرسیارێكم هەیه, ئەوەی له ئاخیر مدیریه العامه للتنسیق والتعاون, ئایا ئەوه له دەسەڵاتی وەزارەت دەبێت یان ئەنجومەنی وەزیران, مدیریة العلاقات والتنسیق مع مدیریة متابعة شؤون الدول المانحة, موتابەعەی شئونی دوەلی مانحه, وەزارەت دەیكات یان ئەنجومەنی وەزیران, فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوه وەزارەت دەیكات, وبڕیاریشی پێ دەرچووه له ئەنجومەنی وەزیران, ئەوەشمان بەرەسمی بۆ هاتووه بەئیشی خۆمان هەڵستین, جگه لەوەش فەقەرەی یەكەم وەختی خۆی نووسیبومەوه, بەڵام رەش كراوەتەوه كه مەسەلەی شئونی مونەزەمات, مونەزەماتی ئینسانی نا, بەڵام هەر مونەزەمەیەك پارەی هەبێت پەیوەندی به وەزارەتی تەختیتەوه هەیه, بەڵام یەك مولاحەزەم هەیه ئەوەی كه جەنابی كاك دكتۆر, مەسەلەی تەختیتی ئیقتیصادی لەخۆمەوه ناڵێم شەرحم كرد راسته, بەڵام ئەگەر بێتو سەیری تەشكیلەكەی وەزارەتی تەختیتی عێراقی بكەین, بیست وسێ مودیریەی عامەی تێدایه, ئەم مدیریه عامانه لەشێوەی دائیره هاتوونه, (دائرة التخطیط الاقتصادي, دائرة التخطیط الزراعي, دائرة التخطیط الصناعي) ئێمه ئەو سێیەمان لا گرنگه, بۆیه ئیزافەم كرد, ومن دەمجی هەموو ئەو مدیریه عامانەم كردووه و یەك مدیر عامەیه, سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برادەران هەموویان دەزانن, صەلاحیەتی حكومەتی ئیتیحادی مەحصورە, حصر كراوه له دەستووری عێراقی, لەفەقەره (أ) له مادده دوازده (مدیریة العلاقات والتنسیق مع وزارة التخطیط والتعاون الانمائي الاتحادي) لێره بڕێك ترس هەیه, ئەترسین دوایی وای لێ بێت تەنسیق له هەموو بوارەكان بكەن, تەقەیود بەوه نەكەن تەنسیقەكه زیمنی صەلاحیاتی حەصری بێت, بەراستی پاش ئەو وەختە مەفهومی فیدراڵیەت لاواز دەبێت, پێشنیارەكەم ئەوەیه با ناوەكه مودیریەی عیلاقات موتڵەق بێت, شەتری دووەم تنسیق مع وزارة التخطیط والتعاون الانمائي الاتحادي) شەتب بكرێت, تاكو ئەو وەختە كۆنترۆل بكرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشه با ئەوه شەتب بكرێت, ئێستا دەتوانن بیخوێننەوه به تەعدیلاتەكانەوه.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة: تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:**

**اولا: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها والاشراف والرقابة عليها و تصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر التعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسئولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه.**

**ثانيا: وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه من الوزير, على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية اختصاصية.**

**ثالثا: مكتب الوزير: يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**رابعاً: مكتب وكيل الوزارة: يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**خامساً: المستشارون: لايزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.**

**سادسا: هيئة الاحصاء في الاقليم: يرأسها موظف بدرجة مدير عام, حاصل على شهادة جامعية اولية, ويمارس مهامه وفق الصلاحيات المخولة اليه.**

**سابعا: هيئة التقييس والسيطرة النوعية في الاقليم: يرأسها موظف بدرجة مدير عام, حاصل على شهادة جامعية اولية ويمارس مهامه وفق الصلاحيات المخولة اليه وترتبط بها مديريات التقييس والسيطرة النوعية في محافظات الاقليم.**

**ثامناً: المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية وتتولى مهمة تأمين وتنظيم متطلبات العمل وتتألف من المديريات الاتية:**

**أ-مديرية الشؤون الادارية.**

**ب-مديرية الشؤون المالية.**

**ج-مديرية الشؤون القانونية.**

**د-مديرية الافراد.**

**هـ-قسم تصنيف المقاولين.**

**تاسعاً: المديرية العامة لاعداد وتنسيق الخطط التنموية: يرِأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية, وتتألف من المديريات الآتية:**

**أ-مديرية تنسيق الخطط التنموية.**

**ب-مديرية التخطيط الاقتصادي.**

ج-مديرية التخطيط الزراعي.

د-مديرية التخطيط الصناعي.

هـ-مديرية التخطيط السياحي.

و-مديرية تخطيط التشييد والاسكان والخدمات.

ز-مديرية التخطيط للنقل والاتصالات.

عاشراً: المديرية العامة لتخطيط المشاريع الاستثمارية: يرِأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية, وتتألف من المديريات الآتية:

أ-مديرية دراسة الاولويات للمشاريع.

ب-مديرية توزيع المشاريع.

ج-مديرية جدوى المشاريع التنموية.

حادي عشر: المديرية العامة للتنمية البشرية: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية وتتألف من المديريات الآتية:

أ-المركز الاقليمي للتطوير الاداري.

ب-مديرية سياسات القوى العاملة والتشغيل.

ج-مديرية سياسات التربية والتعليم.

د-مديرية سياسات التنمية الاجتماعية.

هـ-مديرية تكنولوجيا المعلوماتية.

ثاني عشر: المديرية العامة للتنسيق والتعاون الانمائي: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية, وتتألف من المديريات الآتية:

أ-مديرية العلاقات.

ب-مديرية متابعة شؤون الدول المانحة والمنظمات الدولية.

ج- مديرية سياسات تشجيع القطاع الخاص والاستثمار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێ لەناحیەی زمانەوە, ئەو (یرأسە) بكرێتە (یرأسها), ناكرێ بڵێین (یرأسها مدیر عام)خۆی كاك فرست دەڵێ پێویست بە كەلیمەی (موظف) ناكات, (یدیرها مدیر عام).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە وەزارەتی یەكەم نییە وامان نووسیوە, لە ساڵی 1992ەوە وامان نووسیوە تاكو ئێستا, خۆی دەرەجەكەشی هەر مودیر عامە, مودیر عام هەر موەزەفە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەندێك تیكراریشە, (موظف بدرجة مدير عام) تەبیعیە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەموو وەزارەتەكان بەو شێوەیە ڕۆیشتووە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەزیرمان هەیە بدرجە وزیر, ئەوەی بۆ میسال دێنم, مودیر عاممان هەیە بەدەرەجەی مودیر عام, یانی مەقصەدم ئەوەیە ئەوەی بەدەرەجەی مودیر عام بنووسین, مودیر عامی ئەصڵی نییە, قەصدم ئەوەیە, كە نووسیمان بدرجە یانی ئەوە مودیر عام نییە, واتە بدرجە مدیر عام.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكە (المديرية العامة يديرها موظف بدرجة مدير عام), فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەو ڕەئییە نینە بەراستی, ئێمە وامان نەنووسیوە, موقتەرەحی ئێمە لە ڕاپۆرتەكە تەماشا بكە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەرقێك هەیە لەنێوان دەرەجەی مودیر عام و دەرەجەی وەزیر, لە دەرەجاتی میلاك وەزیر نەهاتووە دەرەجەی وەزیر هاتووە, بەڵام وەكو مودیریەی عام دەرەجەی مودیر عام نییە, هەر مودیر عام هاتووە, یانی دوو پلە نییە, دوو دەرەجە نیە, بەس بەنیسبەی وەزیر دوو دەرەجەیە, وەزیر شەخصێكی سیاسی یە, ئەوە مەعلومە وەزیرە, دەرەجەی وەزیر موەزەفێك لە زمنی جەداولی میلاك مستەوای وەزیرە, وەزیر نییە, بەڵام مستەوای وەزیرە, بەڵام لە مودیریاتی عام هەر وەزیفەی مودیر عام هاتووە, نەهاتووە مودیر عام پلەی دووەم دەرەجەی مودیر عام, لەبەر ئەوە بەرەئیی من هەر چ موصتەلەحێك بەكاردێت, چ بڵێین یدیرە مدیر عام, یان یدیرها موظف بدرجة مدير عام, بەرەئیی من نەفسی شتە, وەزیفەی مودیر عامە, بەڵام ئێستا لە وەزاراتی تر بەو شێوەیە موعالەجەمان نەكردبێت, عەیبی تێدا نییە ئەگەر ئینسان غەلەتی بكات لە لاحق تەراجوع لە غەلەتەكەی خۆی بكات و تەصحیحی بكات, نابێت بەردەوام بێت لەسەر غەلەتەكە, چونكە موصتەلەحی موەزەف موصتەلەحێكی موتڵەقە, لە فەراشەوە تاكو وەكیل وەزارەت, وەزیر ناكرێت, بەڵام تاكو وەكیل وەزیر موەزەفە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێم وایە مدیر عام وازحترە, بۆ ئەوەی تەفسیر نەکرێت, یەکێك تازە دەرچووە, سێ ساڵە موەزەفە ناتوانێ دەرەجەی مودیر عامی بدرێتێ.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مانای وایە موەزەفێك ئەگەر مودیر عام نەبێت دەتوانێ لێرە ببێتە مودیر عام, حاکمێك دەتوانێ وەزیر بیکاتە مودیر عام, چونکە دەرەجەکەی مودیر عامە, لێرە موەزەفەکە هەر بە مودیر عام دەمێنێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بنووسە (یدیرها مدیر عام), وەزیر صەلاحیاتی تەخویلیشی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە ئێستا بۆمان هات لەلایەن جەنابی وەزیرەوە, ماددەیەکی ئیزافییە, ماددەکە بەو شێوەیەیە, (للوزیر تخویل بعض صلاحیاته الی الوکیل او المدراء العامیین او من یراه مناسبا) شتێکی وایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوەزارەتەکانی تر ئەوە ئیزافە نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عفوم بکەن ئەگەر ئیجازە هەیە, خۆی لە فەقەرە دوودا هاتووە دەڵێ وکیل وزارة یساعد الوزارة لتوجیه الوزارة والاشراف علی شؤونها ضمن الصلاحیات التي تعهد الیه) (تعهد) بیکە بە (توکل الیه), کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە جیاتی (بدرجە مدیر عام) با ببێتە (بعنوان مدیر عام), سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەخویلی مودەرائی عامین و ئەوانەی تر, بەقەناعەتی من ئەوە دەسەڵاتی خۆی نییە, ئێمە ماددەیەك هاتووینەتە خوارێ, دەڵێ (تحدد مهام وتشکیلات الوزارة بنظام) تەبیعی مودیریەی عامە یەك لەتەشکیلاتی وەزارەیە, جەنابی وەزیر چی بوێ دەتوانێ لە نیزامی داخیلی بیداتێ, سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو بۆچوونەی من موتەفەقم لەگەڵ کاك شێروان، صەلاحیاتی وەزیر صەلاحیاتی قانونیە، مەبدەئێك هەیە، قاعیدیەکی عام لە قانون هەیە، ئەگەر کرا تخویل من غیر تفویض، تۆ لازمە لێرە بە قانون تەفویزی بکەیت، کە بتوانی تەنازول لە صەلاحیاتی قانونی بکات، نیزام دەرەجەیەك لە ژێر قانونە، ناتوانێ لەوێ تەنازول بکات، لێرە ئەتوانێ تەوزیحی بکات، ئەتوانێ تەفصیلی پێ بکات، بەڵام تەفویزەکە لازمە لەناو قانونەکە بێت، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە هەیکەلی هەموو وەزارەتەکان مەوجودە لە 1992ەوە تاکو ئێستا، بزانن لە زیمنی هەیکەلی تەنزیمی وەزارەت مودیرعامەکان تەخویل کراون، صەلاحیاتیان هەموو لە نیزامی داخلی هاتۆتە خوارێ، ئێمە بەو نەصە رۆیشتووینە بەراستی.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هاتووینە ئێرە تەتبیقی قانون بکەین، ئەگەر غەلەتیەك هەبێت چ لە ئێمە وچ لە غەیری ئێمە بێت دروستی بکەین و راستی بکەینەوە، بەڵام چونکە پێش ئێستا وابزانم لە زۆر پرۆژەکانی وەزارەتەکان و قەوانینی وەزارەتەکان ئەو نەصە مەوجودە، چۆن وەزیر حەقی هەیە تەخویلی صەلاحیاتی خۆی بکات، ئەگەر هاتوو ئەو نەصە نەبێت، بەرەئیی من ئێمە پێویستە قاعیدەی قانونی بەجێ بێنین، نەوەکو ئەوە لەسەر غەلەتیەکە بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، بەڵام ئەوە موعارزە دەکات لە ئەوەلەن، (ولە تخویل بعض صلاحیاته الی وکیل الوزارة او الی المدراء العامین)، ئەگەر مانعتان نییە بۆ ئەوە لە بڕگەی یەکەم (ولە تخویل بعض صلاحیاته الی وکیل الوزارة او الی المدراء العامین) ئەگەر موفقتەنەعن دەتوانین دوایی بەشێوەیەکی ئاسایی بدرێتە هەموو وەزارەتەکان، دەکرێ ئەوەش بخەینە ئەخیری، بۆ ئەوەی ببێتە خاڵێك لە ئاخیردا، ئەوە با وابڕوات، بەڵام وەکو صیغەیەك حازری بکەن، فەقەرەیەك بێت ئەو صەلاحیەتە بدەینە هەموو وەزارەتێك، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سێ چوار رۆژ نابێت، وەزارەتی کارەبامان لێرە تەصدیق کرد، بەهەمان شێوە رۆیشت، چ ئیشکالیەت نەبوو هەمووی بەباشی رۆیشت، دوو بەنسبەت نیزام داخلی هەموو وەزارەتەکان بەو شێوە رۆیشتووە، وەزیریش دەسەڵاتی خۆی بەکارهێناوە بەنسبەت تەخویلەوە، ئینجا ئێمە لەوێندەریش ئەگەر نەیدەیێ با لێرە بێت، هیچ ئیشکالێك پەیدا ناکات، بەڵام لەرووی قانونیەوە، ئێمە ئەوەی کە پیادە دەکرێت بەپێی

نیزامی داخلی پیادە کراوە تاکو ئێستا, خۆ قانونیش ئەو فەقەرەیەی تەخویلی وەزیر دەکات, کە بەنیزام داخلی تەشکیلاتی وەزارەت دابنێ بما فیها مودیر عامیش, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لەرووی عەمەلیەوە قسەکەی راستە, بەڵام ئەو نەصەی کە کاك فرست وتی (لاتخویل من غیر نصوص) باشە, با لێرە بینووسین, دوایی ئەوانی تریش دەتوانین موعالەجە بکەین, کەواتە لەفەقەرە یەك دەکرێ ئیزافە بکرێت, فەقەرە یەك, بیخوێنەوە بەو مولاحەزەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تتألف الوزارة من التشيكلات التالية:

اولا: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها والاشراف والرقابة عليها و تصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسئولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه, وله تخويل بعض صلاحياته الى وكيل الوزارة او المدراء العاميين او من يراه مناسباً من موظفي الوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بەو صیغەیەی کە خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات؟ سوپاس, کێ دژیەتی؟ بەتێکڕای دەنگ قەبوول کرا, ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: وەزیر بۆی هەیە رێککەوتن لەگەڵ کەسانی سروشتی و مەعنەویدا, لە خاوەن ئەزموون و پسپۆڕی ناوەوە یان دەرەوەی هەرێمدا ببەستێ, بۆ ئەنجامدانی ئەرکوفرمانێ کە پێیان دەسپێردرێ لە ماوەیەکی کە وەزیر بە گونجاوی دانێ جێ بەجێ بکەن و, ئامانجەکانی وەزارەتی پێ بێتەدی, ماف و ئیلتیزاماتیشیان لە لایەن وەزیرەوە دیار دەکرێن, دوای وەرگرتنی موافەقەتی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل الاقليم او خارجه للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليهم وللمدة التي يراها مناسبة, وذلك لغرض تحقيق اهداف الوزارة وتحدد حقوقهم والتزاماتهم من قبل الوزير بعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن, ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس مولاحەزەی هەیە لەسەر ماددەکە, فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم (موافقه مجلس الوزراء ) لابدرێت, لەبەر ئەوەی کەسێك دەکرێتە وەزیر لە پەرلەمانەوە سیقەی پێ دەدرێت, یانی بۆ نموونە ئەگەر خەبیرێك لەبواری ئیحصا, ئەگەر کەسێك بێت عەقدی لەگەڵ بکات, ئەبێ بچێتەوە رەئاسەتی مەجلیسی وەزەراو, بەراستی ئەوە رۆتین دروست کردنە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لەجیاتی لیژنەی قانونیش ئەو قسەیە دەکەم, وەزیر موافقە, بۆیە بێ دەنگە, بەلآم بۆ ئەو ئەشخاصانە داخلی بێت, راستە پێویست بە مجلس وەزەرا دەکات, بەلآم ئەگەر خارجی بێت, ئەوە لێرە مەقصەدی هەردووکێتی, خارجی بێت پێویست دەکات مەجلیس وەزەرا, وەزارەتی داخلیەیە, حقوق و واجبات هەیە ئیحتیمال هەیە موزەفێك کەلەدەرەوە بێت ئەو پارەی دەدرێتن, سێ قاتی ئەوەی لەناوەوە هەیە, بۆیە دەسەلآتەکە لە مجلیس وەزەراوەیە, ئەو بنووسرێت تەبیعیە پێم وایە, کەسی تر ئیعتیرازی نییە, کەواتە دەیخەینە دەنگدان, کێ لەگەڵیەتی؟ سوپاس, کێ لەگەڵی نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا, فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: یەکەم:ئەرکوفرمان و کارە تایبەتەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پەیڕەوی ناوخۆ دیار دەکرێن.

دووەم:وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە لە کاتی پێویستدا بکاتەوە, یا ئیلغایان بکات, یان یەکیان بخات.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: اولاً: يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

ثانياً: للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب عند الاقتضاء.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە مودیریاتەكانمان لێرە بەقانون تەحدید كرد, پێم وایە ئیلغا كردنی یا دەمج كردن بە دەسەڵاتێكی تەشریعی دەبێت لەپەرلەمانەوە دەبێت, لەوانەیە ئیستیحداسی پێ بدرێت, بەڵام ئیلغا كردن و دەمج كردن, وابزانم دەبێت بە قانون بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەوەڵەن تەخویل كراوە, مەقصەدم مدیریە عامە نییە, مودیریاتە, بە عەكسەوە لەهەموو وەزارەتەكاندا ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتی وەزیرە, چونكە هەر بۆ مودیریەتێك ئەو خۆی تەقدیم دەكات, شەش مانگی تر لەبەر ئەوەی مودەكەی زیادە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەقەرەیەكمان ئیزافە كردووە (ثالثاً: للوزیر اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون. ).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش تەبیعی یە, باشە جارێكی تر بیخوێنەوە, با بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

اولاً: يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

ثانياً: للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقاً لمتطلبات عملها عند الاقتضاء.

ثالثاً: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدان كێ لەگەڵێەتی؟ سوپاس. كێ لەگەڵی نییە؟ بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز كریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم:

هەر دەقێ لەگەڵ ئەم یاسایەدا نەگونجێ, كاری پێ ناكرێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە؟ كێ لەگەڵی نییە؟ بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ئەم یاسایە بخەنە كار.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس تێبینی هەیە؟ دەیخەینە دەنگدان, كێ لەگەڵیەتی؟ سوپاس, كێ لەگەڵی نییە؟ بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەجالمان بدەنێ ماددەیەكی ئیزافیمان هەیە ئەویش:

(ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرزبكاتەوە؟ سوپاس, كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەسباب موجەبەكمان پێشنیار كردووە, ئەگەر برادەران و جەنابی وەزیر موافق بێت بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الاسباب الموجبة**

بالنظر لاستحداث وزارة في حكومة اقليم كوردستان لتتولى مهام اعداد خطط تنمية الاقليم وتطويره اقتصاديا وبشرياً وثقافياً في ضوء حاجات المجتمع الكوردستاني القائمة والمتوقعة والتعاون مع المؤسسات الحكومية في اعداد الدراسات اللازمة لتطويرها وتحديثها وادارة استراتيجية التنمية الاقتصادية والاجتماعية ومعالجة المشاكل الاجتماعية المختلفة وتأهيل القوى البشرية فقد اصبح من الضروري تشريع قانون يحدد مهام واهداف هذه الوزارة والمديريات المرتبطة بها وتنظيم مهام كل منها ولتحقيق ما تقدم فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس تاقەتی مایە موناقەشەی بكات, ئێستا قانونەكە بەگشتی دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات؟ سوپاس, كێ لەگەڵی نییە؟ بەتێكڕای دەنگ قەبووڵ كرا, زۆر سوپاس, كۆتایی بەدانیشتنەكە دێنین, دانیشتنی داهاتوو ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو, بۆیە خستمانە سێ شەممە بۆ ئەوەی دوو ڕۆژەكەمان لە پێش بێت, ڕۆژی یەك شەممە بەرنامەی كار هەبێت بۆ ئەوەی چل وهەشت سەعاتەكە لەپێشتان بێت, پێشنیارەكەی كاك ئاریێز تەتبیق بكەین, سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.كمال كركوكی) | عدنان رشاد مفتی |
| سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6)**

**چوار شەممە رێكەوتی 20\9\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6)

## چوار شەممە ڕێكەوتی 2006/9/20

كاتژمێر (11,10)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2006/9/20 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (6)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوەكان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11,10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2006/9/20دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوەكان.

سەرەتا داوای لێ بووردن دەكەم كە دوێنێ سوو فەهمێك بوو كۆبوونەوەكەمان دوا كەوت و لە ڕاستی دا مەوعیدێكمان هەبوو سەعات (5) من تەلیفۆنم كرد بوو بۆمەوعیدەكەی سەعات (5) دواخراوە ئەوان وا تێ گەیشتبوون بەهەڵە ئاگاداری كاك فرسەتیان كردبوو، وتیان دانیشتنەكە دواخراوە، كە لە كۆبوونەوەی مەسیف تەواو بووین دەوری(3،30) تەلیفۆنم كرد وتیان وامان زانیوە هەمووتانیان تەبلیغ كردبوو لەبەر ئەوە مەسەلەكە ئەوە نەبووە دانیشتنەكە ئیلغا بكرێتن، ئەو سوو فەهمەبوو بۆیە داوای لێبووردن دەكەین.

**بەڕێزشێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمن دوو سێ مولاحەزەم هەیە پێش ئەوەی دەست بە موناقەشەکانمان بکەین ئەگەر مەجالم پێ بدەن.

1- بەنیسبەت تەئجیلەکەی دوێنی بە حەقیقەت تەعلیقەکم هەیە لە سەری و ئەو مولاحەزاتانەی کە دەدەم تەنها بۆ رێك خستنی ئیش وکارەکانی خۆمانە، من وەکو فراکسیۆن ئاگام لێنەبووە لە تەئجیلەکە بەیانی هاتومەتە ئێرە لە ئیستعلامات بە من وتراوە بەینەما ئەندامیکی پەرلەمان بۆ شەو تەلەفۆنی بۆ من کردووە کۆبونەوە تەئجیل کرایە، ئەوە بە حەقیقەت نەفسێکە ئومێد ئەکەین ئەوە تەلافیی بکرێت ئەمە یەك، دوو مەوزوعی بەرێوە چوونی ئیش وکارەکانی ناو پەرلەمان من سستییێکی لێ دەبینم ئێمە سێ مانگ دەستمان بە دەوام کردیە ئەمرۆ (20) ی مانگە تا ئێستا دوو پرۆژە موناقەشە کرایە مەعەلعلم (10) پرۆژە ئامادە یە بۆ گفتوگۆ کردن لە سەری، مەوزوعی سێیەم دوێنێ سێ سەرۆکایەتی کبوونەوەیان هەبوو لە گەڵ هەردوو لایانی سەرەکی حەق نییە ئێمە، وەکو ئەندامانی پەرلەمان لە مییدیاکان گوێ بیستی خالەکان بیین حەق وایە موختەسەرێکیش بە ئێمەش بدرێ وەکو ئەندامی پەرلەمان بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەم رەوشە بین، خالەکەی سێیەمیش ئەوەیە مەوزوعی لیژنەی یاسا، لیژنەی یاسا ئەرکەکی زۆری لە سەرە ئەو فەترەیە خاسەتەن لەم قۆناغە، ئەگەر لە کاتی موناقەشات ببین بە دوو گروپ، گروپێك مەشغولی موناقەشە بیت لە لیژنەی یاسا، گروپێکیش مشغولی نیقاشات بیت بۆ تاوتووکردنی پرۆژەکان مەجالان پێ بدەن بۆپێرەوی نا خۆی پەرلەمانمان لە پێشە وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئەولەن بەنیسبەت ئەوەی رەخنەکەت، رەخنەکەت قبولە کە دەبوایە ئاگادار بکرێن، تەئجیلەکەی بۆ ئێوارێ نەك لای ئێوارێ شەرحم کرد لە بەیانیەوە بۆ ئێوارێ، پێرێ شەو ئێمەش ئاگادار کراین کە کۆبونەوەیەکی ئاوا هەیە لە بەینی هەرسێ سەرۆکایەتی بە ئامادەبوونی جێگرو سکرتێر وسکرتێری هەردوو حیزبە سەرەکیەکە و، لەبەر ئەوەش ئەمەش بە ناچاری تەبلیغی کاك فرسەتمان کرد ئەوەندەی لێرە بووین کە کۆبونەوەکە بخەینە ئێواری هەر بۆیێش خستمانە ئێواری بۆ ئەوەی رۆژێکمان لە دەست نەچێ بۆ موناقەشەو ئەوانە ئێوارەکەش بەم شێوەیە بووکە ئێمە مەخسەدمان نەبوو تەئجیل بیتن، مەخسەدمان ئەوەبووئەوکۆبوونەوەی کە ئێستا کردمان لە گەڵ مەترانێکی ئاشوریەکان لێرە بوون ومەوعیدمان (5،30) بووخرایە ئەمرۆ(10،30) ئەمە مەخسەدمان ئەوپێنجە بوو بە هەڵە لە ئێوەیان تێ گەیاندبوو کە تەئجیل کرایە، بە نسبەت  ئاگادارکردنی ئێوە و، ئێمەش دوێنی کۆبونەوەمان کردووەو ناکرێتن راگەیاندنی  راوەستێنین تا کۆبونەوەیەك بکەین ئەوە باس بکەین بۆ ئێوە، دووش هەر پێشنیارێك هەیە نیزامی داخلی ئەو شتانەش کۆسپێکی زۆریش هەیە لە بەردەم موناقەشەکردنی زۆر شت دەبێ بخرێتە بەرنامەوباس بکرێت ئەوچاك بکەن نیزامی داخلی چاك بکەن بۆ ئەوەی رێگا بداتن سەرەتای هەموو کۆبوونەوەیەك چی تازە هەیە بۆی باس بکەین چ برادەرێك نوقتەیەکی موهیمی هەیە، وەختێکی

بۆ دابنێتن دە دەقیقەیەك یان چارەكێك باسی بكەین ئەوە باشە، بەڵام نیزامی داخلیەكە ڕێگەمان لێ دەگرێ مەگەر هەروا شتێكی گرنگ هەبێتن و گۆێ نەدەینە نیزامی داخلی و بۆتان باس بكەین، من ملاحەزەكەم دەرنەبڕی. سەرەتا دەبوو بەخێرهاتنی ( خاتوو چنار) وەزیری شەهیدان و ئەنفال و ( كاك سعد)وەزیری هەرێم بۆ تەنسیق لەبەینی پەرلەمان و حكومەت بكەم كە ئەمڕۆ لێرەدا حازرن، بۆموناقەشەكردنی پرۆژەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال كراوەكان، ئێستا بەخێرهاتنتان دەكەم بەناوی ئەوان، ئومێدەوارم پرۆژەكەمان بەڕێك و پێكی بەڕێوەبچێتن، سەرەتا داوا دەكەم لە لیژنەی قانونی بین لەشوێنی خۆیان دانیشن فەرموو نوقتەی نیزامە بۆیە.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە جەدوەلی ئەعمال ئێمە ژمارەیەكی یاسایی كە زۆرینەی پێكهاتەكەی پەرلەمانی تێدابوو، داواكاریەكمان پێشكەش كرد بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان دوو رۆژ پێش ئێستا بەپێی نیزامی داخلی كە بخرێتە ناو جەدوەلی ئەعمال سەبارەت بە مەحكوم كردنی لێدوانەكانی (پاپای ڤاتیكان)كە جۆرێك لە پشێوی لەناو كۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەنێتەوە،و پێمان خۆش بوو لەناو جەدوەلی ئەعمال هەبووایەو روونكردنەوەیەك بكرێت كە لەبەرچی نەخرایە ناو جەدوەلی ئەعمال.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵا خۆی ڕەئیەك وا پەیدابوو كەلەجیاتی ئەوەی بخرێتە بەرنامەوە سەرۆكایەتی بەیانێك دەربكاتن بۆتەوزیحی مەوقیفی چونكە بەبێ ئەوەی بخرێتە ناو بەرنامەوە مەوقیفێكی عام هەیە ئەسەفێك دەنوێنێ لەو بەیانەی كەدەرچووە، لەبەرزترین پایەی برامەسیحیەكان، حەزمان نەدەكرد وابێتن و ڕەئیەكەوا بوو كە سەرۆكایەتی بەیانێك دەربكاتن، بۆیە ئەگەر ئەو بایەنە لەئارادا نەبووایە، دەكرا موناقەشەی بكەین و بخرایەتە ناو بەرنامەی كارەوە.

بەڵام ڕەئیەكی واهەبوو لەلایەن خۆمانەوە كە ئێمە بەیانێك دەربكەین. ئومێدیش دەكەم خۆی پایا تا ئێستا دوو جاریش ئەسەفی نواندووە هەموو لایەك خەریكن ئێمەش هەر لەو ڕووەوە وەك هەڵوێستێك دەنووسین تەسریحێك دەدەین.كە ئێمەش ناڕازین لەوە، و ئەسەف دەكەین لەو تەسریحەی كەداویەتی ئومێد دەكەین خۆیان چارەی بكەن. چونكە عیلاقەی بەینی مەسیحیەت و ئیسلامە، عیلاقەیەك سەدان ساڵە پێكەوە دەژین و پێویستیش دەكاتن ئەدیان لایەنە ئیجابیەكانی لەپەیوەندیدا بچەسپێنێتن بەتایبەتی بەنیسبەت ئێمەوە. مەسیحیەت دینێكە ڕێزی هەیە، وئیسلام بۆمانی ڕوونكردۆتەوە كە مەسیحیەت دەبێ ڕێزی لێ بگرین. ودەبێ گفتوگۆیان لەگەڵدا بكەین و قبوڵە ئەوانیش خواپەرستن مادام خواپەرستن برای ئێمەن، وئومێدیش دەكەین ئەو عیلاقەیە هەموو لامان بیپارێزین،و هەموولایەكمان پتەوی بكەین، ڕێگا نەدەین خەڵكێكی توند ڕەو لەناو ئیسلامدا لەناو هەر ئەدیانێكی تردا ئەو عیلاقەیەمان لێ تێك بدات, فەرموو كاك عوسمان:

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن.**

دیارە بەشێك لە قسەکانی من برای بەڕێزم کاك شێروان کردی، منیش پشتگیری لە قسەکانی ئەو دەکەم، مەسەلەی دواخستنی کۆبوونەوە، بەڕاستی حەقە بەفراکسیۆنەکان بڵێن چونکە ئەوانیش گلەیی لە ئێمە دەکەن دەڵێن بۆ پێمان ناڵێن تەئجیل بووە تابڕۆینەوە تاوەکو بێین، بۆیە داوامان وایە هەرشتێك لەو بابەتەوە بوو بە فراکسیۆنەکان بڵێن.

دوو: مەسەلەی پرۆژەی دەستورەکە نازانم لە هەندێ جێ خەڵك وەریان گرتیە، خەڵك پرسیار لە ئێمە دەکات. بەڕاستی دەستورمان نەدیتیە دەبوایە مەسەلەی دەستوریش لەباتی بچێتە شوێنی تر عەلەلئەقەل فراکسیۆن دانەیەکی بدەنێ یان نازانم لە هەندێ جێ بڵاوکراوەتەوە لەسەر لق و مەڵبەندەکان. مەعقولە تائێستا دەستورمان نەدیتیە. لە لق و مەڵبەندەکان دیتم دەستور تائێستا نەماندیتیە، خاڵێکی تریش ئەوەیە کە دەمەوێ باسی بکەم ئەوەیە کە ئێمە ئیقرارمانکرد کە سەیارە نەیەتە بەردەم کۆشکی پەرلەمان ئێستا سەیارە دێتە ئەوێ بێ ئەوەی ئێوە لێی بپرسنەوە. دوای ئەوەش ئەمە بەڕاستی شتێکی ناخۆشە، ئێمە لێرە قەرارماندا کەکەس سەیارە نەهێنێتە بەردەم دەرگەی پەرلەمان، ئێستا هەندێ خەڵك دێت لەوانەیە سبەینێ کێشە دروست بکەن، ئێوە یان هەمووی ئازاد بکەن یان هەمووی قەدەغەکەن.

چونکە بەڕاستی ئەوە شتێکە شتی لێ دروست دەبێ، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئیعتیرازی یەکەمت جوابی درایەوە پێویست ناکات بگەڕێمەوە سەری ئەوەی کاك شێروان باسی کردو شەرحم کرد، لەسەر مەسەلەی سەیاراتیش سەیارە قەرار درایە حەقە هەمووومان إلتزامی پێوە بکەین چۆن قەرار درایە وا جێبەجێی بکەین، نوقتەی سێیەم بەنیسبەت دەستورەوەیە ئێمە بڵاومان نەکردۆتەوە تەنها دراوەتە سەرۆکی هەرێم و دراوەتە سەرۆك کۆمار ئەو دوو نوسخەیە، و ئێستا قەرارمان داوە کە پێتان بڵێین کە رۆژی یەك شەم جەلسەیەك دەکەین بۆ خوێندنەوەی، ئەو خوێندنەوەیە لەهەمان کاتیشدایە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕەئی عام رۆژی یەك شەم دەیخوێنینەوەو بڵاوی دەکەینەوە، هەم بۆ ئێوەیە هەم نوسخەشتان دەدەینێ هەمیش لەڕێگای ئەو بڵاوکردنەوەیە بۆ ڕەئی عام و دوایش دەیخەینە سەر سایت و داوا لە هەموو خەڵك دەکەین، لە حیزبەکانیش دەکەین کە هەریەکە بەشێوەی ڕەسمی بۆیان دەنێرین کە ئەوە پرۆژەیە ئەو خوێندنەوەش خوێندنەوەیە بۆ بڵاوکردنەوە نەوەکو خوێندنەوەی یەکەم. خوێندنەوە بۆ بڵاوکردنەوەی لە میدیا بۆ خەڵك  خەڵك بۆی هەیە بیخوێنێتەوە ملاحەزەی خۆی بنێرێتن بەئیمێل و ئێوەش هەمووتان مولزەمن بە تایبەتی ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور.بەشداری بکەن لە شیکردنەوە، وشەرحکردنی و نەدوات بەستن لەسەری و لەشارەکانی تریش ئەگەر پێویست بێت جەولە بکرێتن و شەرح بکرێتن، و هەر مولاحەزەیەك بێتن دێتە ئەو لیژنەیە وەختی بۆ دادەنرێت تا 12/1 مقررە تا12/1 ئەو موناقەشەیە کراوەدەبێتن وە هەچ ملاحەزەیەك هەیە دەدرێتە ئەو لیژنەیە، ئەو

لیژنەیە چی بەپەسەند زانی بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو پرۆژەیە دووبارە إعادەی دەکاتەوە، ئنجا بەهەموارکراوی پرۆژەکە جارێکی تر پاش 12/1 کە تەواو دەبێتن دەخرێتە بەردەمتان بۆ موناقەشەکردن و پاش ئەوە إقرارکردنی ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێت دابنیشن وابزانم مافی مرۆڤیش ڕاپۆرتی هەیە.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمرۆ ئێمە کۆبووینەتەوەقسە لەسەر یاسای وەزارەتێك دەکەین کە وا وەزارەتی شەهید و ئەنفالە. ئێستەش دەنگۆیەکی گەورە هەیە. کەوا دادگایی کردنی سەرانی ڕژێمە بەو قەزیەوە. کە دادوەر هەندێ شتی وت لەگەڵ بێلایەنی مەحکەمەکەدا نەدەگونجا، جا بە پێویستی دەزانین. ڕایەکمان هەبێ.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە نوقتەی نیزام نیە یەك. دووەمینیش دوێنێ ڕەئیس وزەرا داوای کرد دادوەرەکە لابەرن مەحکەمەش قبوڵی کرد یەعنی ئەو موشکیلەیە هەر حەل بوو، دیارە موتابەعەی تەلەفزیۆنت نەکردووە. ولە بەرنامەی کاریشدانیە. ببورە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان:**

بۆ ئەوەی دەست بەکاربین وەدەست بەگفتوگۆکردن لەسەر بڕگەکانی یاساکە بکەین ئێستا، سەرەتا لیژنەی یاسا ڕاپۆرتی خۆی بەزمانی کوردی لەلایەن کاك زاناوە دەخوێنێتەوە با بفەرمووێ.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بەزمانی کوردی.

دوای خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی لەسەرەوە ناوبراو, لە ڕۆژی 2006/9/4دا, لە پەرلەمان, پرۆژەکە حەواڵەی لیژنەکەمان کراو, ئێمەش دیراسەمان کردو, لەگەڵ وەزیری پۆست پێ سپێردراوی ئەم وەزارەتە تازە دانراوەدا, کۆبووینەوە. دوای گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوەش, لیژنە, ڕاپۆرت و ڕاسپاردەو پێشنیازەکانی خۆی, لەبارەی ئەو پرۆژەیەوە, بەکۆی ڕا, لەمانەی خوارەوەدا پێشکەش دەکات:

یەکەم: لیژنەی یاسا تەئییدی پرۆژەکە دەکا, چونکە ئەم وەزارەتە, تازە لە هەرێمدا دانراوە, بەدەم ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەوە, هەڵەی زمانەوانی و ڕێزمانیی ناو پرۆژەکەشمان ڕاست کردووەتەوە.

دووەم: لیژنە پێشنیاز دەکا دیباجەیەك بۆ ئەم پرۆژەیە دابڕێژرێ:

**سێیەم: لەبارەی ماددەی یەکەمی پرۆژەکەوە، لیژنە پێشنیاز دەکا، دێری یەکەمی ماددەکە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕشتەی ئاسایی پێناسەکانی یاساکانی دیکەی پەرلەمانی کوردستاندا بگونجێ بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:**

**(مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە)**

**چوارەم: هەرچی ماددەی دووەمی پرۆژەکەیە، ئەوە، لیژنە پێشنیازی ئەوەیە کە، بڕگەکانی بەپێی گرنگییان ڕیز بکرێنەوە.**

**پێنجەم: هەرچی (ماددەی سێیەم و چوارەمە)، ئەوە لیژنە، ئەم پێشنیازەی خوارەوەی هەیە:**

**1- هەردووکیان یەك بخرێن و، ببن بە(ماددەی سێیەم)، چونکە هەردووکیان پێوەندییان بە پێکهاتەو پێکهێنەرەکانی وەزارەتەکەوە هەیە. پاشان، بەپێی ئەوە، ماددەکانی پاش ئەم ماددەیە، ڕیز بەند دەکرێنەوە.**

**2- جێگای بڕگەکانی، بەپێی گرنگی و ڕیزبەندی ئاسایی پێکهاتەو پێکهێنەرەکانی وەزارەتەکە دووبارە ڕیز بکرێنەوەو، پرۆژەکەش وەکو پرۆژەی وەزارەتە تازەکانی دیکە، ئەم ڕشتەو ڕیز بەندەی خوارەوەی بۆ زیاد بکرێت.**

**پێکهاتەکانی وەزارەتەکە**

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم: وەزیر: سەرۆکی باڵاو، بەرپرسی ئیش و کارو ئاڕاستەکاری سیاسەتی وەزارەتەکەیەو، سەرپەرشتی و ڕیقابەی دەکا. وبۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بە بریکاری وەزارەت، بەڕێوەبەرە گشتییەکان، یان بەوکەسەری لە وەزارەتدا بەشیاوی دەزانێ بسپێرێت هەموو ئەو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییانەی کە پێوەندییان بە ئەرکوفرمان و پێکهاتەو ودەسەڵات و، کاروباری دیکەی هونەری و دارایی و ئیداری و ڕێکخستنی وەزارەتەکەوە هەبێ، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لە وەزیرەوە دەردەچن و، خۆی سەرپەرشتیی جێبەجێکردنیان دەکا، وەزیر بەرپرسیشە بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیران، چونکە ئەندامێکی هاوکاری ئەنجومەنەکەیە.**

**دووەم: بریکاری وەزارەت: لە چوارچێوەی سەلاحییاتدا، کە وەزیر پێی دەسپێرێ یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاڕاستەکردن و سەرپەشتکردنی کاروباری وەزارەتەکەدا، مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیی تایبەت بەم ئیشەوەی هەبێت.**

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر: فرمانبەرێ، بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکاو، بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ. ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.**

**چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر، سەرۆکایەتیی دەکاو بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ. ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.**

**پێنجەم: راوێژكاران: لە چواركەس زیاتر نابن, دەبێ بڕوانامەی زانكۆیان هەبێ و, خاوەن ئەزموون و كەردەش بن.**

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری ئیداری و دارایی: فرمانبەرێ سەرۆكایەتیی دەكاو, بڕوانامەی زانكۆی هەبێ و, خاوەن ئەزموون و پسپۆڕیش بێ. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەش وابەستی دەبن:**

**ا. بەرێوەبەرایەتی ئیدارەو زاتییە.**

**ب ـ بەرێوەبەرایەتی حساب و حسابكاری.**

**ج ـ بەرێوەبەرایەتی لێوردبوونەوەو ریقابەی ناوخۆ.**

**د ـ بەرێوەبەرایەتی هەمەژمێری( ئامار)و لێكۆڵینەوە.**

**هـ ـ بەرێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوون.**

**و ـ بەرێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی.**

**ح ـ بەرێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری: لەبەر ئەوەی كە زیادەیە, بەپێكهاتن لەگەڵ وەزیردا, لامان برد.**

**حەوتەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهانین: فرمانبەرێ سەرۆكایەتیی دەكا بڕوانامەی زانكۆی هەبێ و, خاوەن ئەزموون و پسپۆڕیش بێ. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەش, پەیوەستی دەبن:**

**ا. بەرێوەبەرایەتیی پرۆژەكان.**

**ب ـ بەرێوەبەرایەتی كاروبار.**

**ج ـ بەرێوەبەرایەتی حساب و حسابكاری.**

**دـ بەرێوەبەرایەتی پێكهاتنەكان: ئەمەیان, لابرا, چونكە زیادەیەو, ئیشەكەشی, ئیشی بەرێوەبەرایەتیی كاروباری یاساییە.**

**زـ بەرێوەبەرایەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان:ئەمەش, لابرا, چونكە بە هەڵە كەوتووەتە پرۆژەكەوە.**

**هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خزمەتگوزاریی كەس وكاری شەهیدان و ئەنفالكراوان: فرمانبەرێ سەرۆكایەتیی دەكا, بڕوانامەی زانكۆی هەبێ و, خاوەن ئەزموون و پسپۆڕیش بێ.**

**نۆیەم: بەڕێوەبەڕایەتیی گشتیی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان لە پارێزگاكانی هەرێمدا: فرمانبەرێ سەرۆكایەتیی دەكا, بڕوانامەی زانكۆی هەبێ و, خاوەن ئەزموون و پسپۆڕیش بێ. ئەم بەرێوبەرایەتییانەی خوارەوەش وابەستی دەبن:**

**ا. بەڕێوەبەرایەتی كاروباری شەهیدان.**

**ب ـ بەڕێوەبەرایەتی كاروباری ئەنفالكراوان.**

**ج ـ بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەو زاتییە.**

**د ـ بەڕێوەبەرایەتی حساب وحسابكاری**

**هـ ـ بەڕێوەبەرایەتی لێبوردبوونەوە.**

و ـ بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پێوەندیکاری.

ز ـ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

شەشەم: هەرچی ماددەی پێنجەمی پڕۆژەکەیە، کە دەبێتە( ماددەی چوارەم) بەپێی پێشنیازەکانی لیژنەی یاسا ئەوە، لیژنە پێشنیاز دەکا، نوێنەرانی ئەو وەزارەتانەی لە ئەنجومەنی ڕاوێژکاریدا هاوپشکن، وەزارەتی ناووخۆو نوێنەری وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و نوێنەری وەزارەتی فێرکردنی بالأیشیان بۆ زیادە بکرێن.

هەروەها بڕگە( ١) لە ( دووەم) لادەبرێ، چونکە، ئەوە، هەر لە سازدانی کۆبوونەوەکاندا بەجێ هاتووە.

حەوتەم: بەش بەحاڵی ماددەی (شەشەم) لە پڕۆژەکە، کە دەبێتە ماددەی پێنجەم، ئەوە، لیژنە ئەم پێشنیازەی خوارەوەی هەیە:

ماددەی پێنجەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان، لە چوارچێوەی بوجەی وەزارەتەکەدا، بوجەیەکی تایبەت بە خۆی دەبێ، لەم چاوگانەی خوارەوە، پارەدار دەکرێ:

1ـ بەخشش ( منحة)ی حکومەتی هەرێم.

2 ـ پیتاك( التبرعات) و بەخششی دیکەی ـ دوای موافەقەتی ئەونجومەنی وەزیران.

3 ـ دەسنگە ( الکتتاب) کە وەزارەتەکە بەپێی یاسا خڕی دەکاتەوە.

4 ـ داهاتی وەبەرهێنانە تایبەتییەکانی وەزارەتەکە.

5 ـ قازانجی بزاڤی جۆربەجۆری وەزارەتەکە.

6 ـ بەخششی دیکە.

هەشتەم: هەرچی (ماددەی حەوتەم)ی پڕۆژەکەیە، ئەوە، لیژنە پێشنیاز دەکا، لابرێ، چونکە زیادەیەو، ئەو دوو حاڵەتەش کە تێیدا هاتوون، بە دەقی یاسایی گشتی چارەسەر کراون.

نۆیەم: هەرچی ماددەی ( هەشتەم و یازدە)یە لە پڕۆژەکە، ئەوە، لیژنە پێشنیاز دەکا، لە یەك ماددەدا یەك بخرێن و، بکرێن بە ( ماددەی شەشەم)و، بەم شێوەیەی خوارەوە دابرێژرێت:

{ماددەی شەشەم} :

یەکەم: ئەرکوفرمان و کارەتایبەتەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی بە پیرۆ دیاردەکرێن.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە، بەرێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە، لە پێکهاتەکانی وەزارەتەکەدا، بەپێی پێداویستی کارو لە کاتی زەروورردا، بکاتەوە یان یەکیانبخا یان ئیلغایان بکات.

سێیەم: وەزیر بۆ بەجێ گەیاندنی هەر ئەرکوفرمانێکی وەزارەتەکە، کەلە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، بۆی هەیە لیژنەگەلی هەمیشەیی یان کاتی پێك بهێنێ.

چوارەم: وەزیر، بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ بە ئاسانی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، دەربهێنێ.

دەیەم: سەبارەت بە( ماددەی نۆیەم) لە پرۆژەکە کە بووەتە زنجیرەی( حەفتەم)بەپێی پێشنیازی لیژنەی یاسایی ئەوە هیچ تێبینییەکی لەسەر نییە.

یازدەم: هەرچی ماددەی دەیەمی پرۆژەکەیە, کە بووەتە( ماددەی هەشتەم) بەپێی پێشنیازی لیژنەی یاسا, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە بێت: (( یاسای ژمارە ( 4)ی ساڵی 1997, ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان, یاسای دەزگای شەهید, و بریارەکانی ژمارە 186 لە 1999/6/19 و 126 لە 2000/10/17 و 22 لە 12ی کانونی دووەمی 2005ی ئیدارەی سلێمانی پووچەل دەکرێتەوە)).

دوازدەم: سەبارەت بە ماددەی ( دوازدەم) کە لە پرۆژەکە بووەتە زنجیرەی( نۆیەم) لیژنە هیچ تێبینەکی لەسەر نییە.

سیازدەم: هەرچی ( ماددەی سیازدەم)ی پرۆژەکەیە, کە بووەتە( ماددەی دەیەم) ئەوە, لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە دابرێژرێتەوە: ((دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن)).

چواردەم: هەرچی ( ماددەی چوارده)ی پرۆژەکە یە, کە بووەتە( ماددەی یازده), ئەوە, لیژنە پێشنیازدەکا, بەم شێوەیەی خوارەوە دابرێژرێ:

( ئەم یاسایە, لە رۆژی دەرکردنییەوە دەخرێتە کارو, لە وەقایعی کوردستاندا بلاّو دەکرێتەوە).

لە کۆتاییدا, بەش بە خاڵی هۆکارەکانی دانانی یاسایەکە, ئەوە, هیچ تێبینییەکمان لەسەری نییە.

تکایە بفەرموون سەیری بکەن و, ئەسڵی پرۆژەکەو, رای لیژنەی یاساییش لە بارەی پرۆژەکەوە بخەنە پێش چاوی ئەنجومەن, تا, گفتوگۆی لەسەر بکاو, رای شیاوی خۆی لەسەر دەربڕێ.

لەگەڵ رێزدا

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. ڕاپۆرتی ماڤ مرۆڤ. عەرەبیەکە پێویست ناکات دوایی خاڵ بەخاڵ بەعەرەبی بخوێنرێتەوە.

**محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان:**

ڕاپۆرتی ماڤ مرۆڤ لەسەر ڕەشنووسی یاسای وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

ماددەی یەکەم پەسەندە وەکو خۆی.

ماددەی دووەم پێشنیاری لیژنەی ماڤ مرۆڤ بەم جۆرەیە:

وەزارەت ئەم ئەرك و فەرمانانەو، وەدەستهێنانی ئەم ئامانجەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1-فەراهەمهێنانی پێداویستیە ماددی و مەعنەویەکانی کەس وکاری شەهیدان وئەنفالکراوان. بۆ ئەوەی بەژیانێکی سەربەرزو کامەران بژین.

2-زیندوو ڕاگرتنی یادەکانی کیمیابارانی هەڵەبجەو ناوچەکانی تری کوردستان وئەنفال و شەهیدانی کوردستان وەکو هێمایەکی نەتەوەیی گەلی کوردستان.

3-کارکردن بۆ ناساندنی ئەو دوو کارەساتە بەجیهان وەك جینۆسایدی نەتەوەیەکی زیندووی ڕۆژهەلاَت و، دانانی یادگاری شیاووشایستە بۆیان.

خاڵی سێیەم : خاڵی سێیەمی ناو ڕەشنووسەکە لەپێڕەوی ناوخۆدا جێگای دەبێتەوە بەدارِشتنەوەیەکی تر. یەعنی لێرە زیاد بێ بەبۆچوونی ئێمە.

خاڵی چوارەم: خاڵی چوارەمی ڕەشنووسەکە لەگەڵ ئەرکەکانی ئەم وەزارەتە هاوسەنگ نیە. بۆیە دەکرێ بگوێزرێتەوە بۆ خاڵی (6) و بکرێتە خاڵی (4) بەم شێوەیە دابرِێژرێتەوە. یانی خاڵی چوارەمی ناو ڕەشنووسەکە. ئەکرێتە خاڵی شەش کەلەناو ڕەشنووسەکەدا هەیە.جا ئەو ئەبێتە خاڵی چوار.غەڵەتە یەعنی بۆیە ڕاستەکە ئەخوێنمەوە. (5)ەکە زیادە. یانی بۆ خاڵی (5) هەڵەیە. بۆ خاڵی (5)ەکەی لابچێ و بکرێتە خاڵی (4)و بەم جۆرە دابرِێژرێتەوە:

کارکردن بۆ ڕاستکردنەوەی واقیعی ژیانی کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە:

أ-بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و گوزەرانیان.

ب-خودکەفاکردنیان لە ڕێگای کردنەوەی بنکەو فێرگەی پیشەدەستی و دەست ڕەنگینی لە ناوچانەی کە زۆرترین شەهیدو قوربانیان تێدایە.

ج- دروستکردنی کارگەی گونجاو وپێویست لەو ناوچانەدا بۆ سوود مەندبوونی کەس وکاری شەهیدو ئەنفالکراوان.

خاڵی پێنجەم: خاڵی (5)ەم هەر وەکو خۆیەتی بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەو خوێندن و ڕۆشنبیری منالاَنی شەهید و ئەنفالکراوان بەدیاریکردنی ڕابەری پەروەردەیی و تەندروستی بۆ دابینکردنی پێداویستی تەندروستی و بەرنامەی گەیاندنیان بە خوێندنی بالاَ.

ماددەی حەوت: دەبێتە ماددەی شەش. وەکو خۆی. ماددەی حەوت

7-کارکردن بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو شارو شارۆچکەو گوندانەی بەر هێرشی کیمیاباران و شالاَوەکانی ئەنفال کەوتوون بە شێوەیەکی هاوچەرخ.

8- قەرەبوو کردنەوەی کەس و کاری شەهیدانی کیمیاباران و ئەنفالەکان لەسەر هەر سێ دەسەلاَتی حکومەتی هەرێم و عێراقی فیدراڵ و کۆمەلگەی نێودەوڵەتی.

ئێمە لەو پێشنیارانە دوو خاڵمان زیاد کردبوو.

خاڵی (8) کارکردن بۆ بەشداری پێکردنی کەس و کاری کیمیاباران و ئەنفالکراوان لە بۆنە نێودەوڵەتیە تایبەتیەکانی ئەو بوارە وەکو نوێنەری نەتەوەیەك کە جینۆساید کراوە.

خاڵی (3)ەمیش ئەوە بوو کارکردن بۆ ناساندنی ئەو دوو کارەساتە بە جیهان وەك جینۆسایدی نەتەوەیەکی زیندوی ڕۆژهەلاَت و. یانی ماددەی سێ و چوار پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەین بکرێتە یەك.

1-لەكۆتاييەكەيدا ئەمەی بۆ زياد بكرێت. وەزير بەرپرسيارە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزيراندا كە خۆی ئەندامێكی ئەو ئەنجومەنەيە دوو بەڕێوە بەرايەتيەكان بەم جۆرە بێت:

بەڕێوەبەرايەتی شەهيدانی كيمياباران.

بەڕێوەبەرايەتی شەهيدانی پێشمەرگەی كوردستان.

بەڕێوەبەرايەتی ئەنفالكراوان.

يەعنی ئەو شەهيدانە ببێتە دوان. شەهيدی كيمياباران جيابێت لەگەڵ شەهيدی پێشمەرگە جيابێت. لە ليژنەكە ئێمە ئەوەی كە ليژنەی ياسايی إقتراحی كردبوو بۆ ديباجەيەكی هەبێت.ئێمە پێشتر وەكو ديباجە نووسيمان بەڵام دوايی وتيان ديباجە نابێت هەندێك لەوانەی كە قانون زان بوون.

لە هۆكاری دانانی ئەم ياسايە حيسابمان كرد ئەمەمان پێشنيار كردووە:

گەلی كورد لە ناو گەلانی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا گەورەترين و زۆرترين شەهيدو قوربانی داوە لە پێناو وەدەستهێنانی مافە ڕەواكانيدا، جگە لەوەی لەو پێناوەدا دووچاری گەورەترين كۆڕەوی بەردەوام و دەركردنی زۆرە ملێ و ترسناكترين جينۆسايد بۆتەوەو، نيشتيمانی وێران كراوە دياری ترينيان كيميابارانی هەڵەبجەو ناوچە گەلێكی تری كوردستان و كارەساتی ئەنفالە، جگە لە هەزاران ڕۆڵەی فيداكارو شۆڕشگێڕ كە گيانی خۆيان كردوەتە قوربانی و شەهيد بوون لەپێناو ڕزگاری نيشتيمان و دەستەبەركردنی مافی چارەی خۆنووسی گەلەكەيان و هەر بۆيە بەرز ڕاگرتنی يادی ئەو شەهيد وقوربانيانە و خزمەتكردنی كەسوكاريان ئەركێكی ئاينی و نيشتيمانی هەموو لايەكە بەتايبەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان, كە دامەزراندنی ئەم وەزارەتەيش بەو مەبەستەيە. ئيتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەروكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس مامۆستا هەرچەنە دوو مولاحەزەم هەيە يەكێكيان ئەوەيە كە ڕەشنووس نيە پرۆژەيە. ئەو وشەيە بەكار مەهێنن. يەعنی كە لێرە خوێندرايەوە دەبێتە پرۆژە، لە ڕەشنووسی تەواو دەبێت. دووەميش هەندێ خاڵ عيلاقەی بەليژنەی ياساييەوە هەيە.زياتر لەوەی عيلاقەی بەليژنەی مافی مرۆڤەوە هەبێت. يەعنی ئەو تێكەڵاويە ملاحەزەی بكەن. ئێستا داوا لە ليژنەی ياسايی دەكەم خاڵ بەخاڵ بيخوێنێتەوە. ئەسڵەكەی بەكوردی و عەرەبی ئينجا ئەگەر ملاحەزە هەبێتن لەسەری هی هەردوو ليژنەكە و ئەگەر ئيختلاف هەبێ هی هەردوو ليژنەكە ئەو كات لە جەنابی وەزيری ئە پرسين.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی ماددە يەك بەعەرەبی دەخوێنمەوە.

**مشروع قانون وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين لأقليم كوردستان – عيراق**

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير الآتية المعاني المؤشرة إزاءها لاغراض هذا القانون.

1-الأقليم: اقليم كوردستان العراق.

2-الوزارة: وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين للاقليم.

3-الوزير: وزير شؤون الشهداء والمؤنفلين للاقليم.

4-وكيل الوزارة: وكيل وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين.

5-المجلس: المجلس الاستشاري للوزارة.

ئێستا ڕای لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبارەی ماددەی یەکەمی پرۆژەکەوە, لیژنە پێشنیاز دەکا, دێری یەکەمی ماددەکە, بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕشتەی ئاسایی پێناسەکانی یاساکانی دیکەی پەرلەمانی کوردستاندا بگونجێ بەم شێوەیەی خوارەوە دابرێژرێ:

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە, ماناکانی بەرامبەریانە:

1-هەرێم: هەرێمی کوردستان عێراق.

2-وەزارەت: وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم.

3-وەزیر: وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم.

4-بریکار: بریکاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم.

5-ئەنجومەن: ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەتەکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسایی بەزمانی عەرەبی.

بالنسبة للمادة الاولى من المشروع تقترح اللجنة صياغة السطر الاول من المادة كالاتي:(يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة إزاءها) لتنسجم مع الصيغة المتبعة في سرد التعاريف المستعملة في القوانين الصادرة عن برلمان كوردستان.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

وەزیری شەهیدان هیچ ملاحەزەی هەیە؟

**بەڕێز چنار سعد عبدالله (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سوپاسی لیژنەی یاسایی دەکەم، بەڕاستی هەوڵیان داوە بابەتەکە دەوڵەمەند بکەن، لەسەر مەسائیلی لوغەوی وداڕشتنی سیاغەکە ئێمە هیچ ئێشکالمان نییەو ڕەئی خۆمان دەگەڕێنینەوە لە بۆ ڕەئی لیژنەی یاسای لە زۆر شوێن ئەگەر پێویست بوو لە ناوەڕۆك و مەهامەکان ئێمە لەوێ قسە ئەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

ئێمە هەر ماددەیەك کە موناقەشەی لەسەر کرا گۆڕانکاری ئەبێتن دەبێ بڵێیت مانعم نیە بۆ ئەوەی بڵێین وەزارەت مانعی نیە، ئینجا کەس لەسەر ئەوە خیلافی هەیە. ئەگەر خیلافی نیە جارێکی تر بیخوێنەوەو بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە. بەموقتەرەحی تازەتەوە.بەکوردی هەردووکی بڵێن فەرقی نیە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة إزاءها لاغراض هذا القانون:

اولاً: الأقليم: اقليم كوردستان العراق.

ثانياً: الوزارة: وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين للاقليم.

ثالثاً: الوزير: وزير شؤون الشهداء والمؤنفلين للاقليم.

رابعاً: وكيل الوزارة: وكيل وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين.

خامساً: المجلس: المجلس الاستشاري للوزارة.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاسای وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان - عێراق

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە, ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەکەم:هەرێم:هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

دووەم:وەزارەت:وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم.

سێیەم:وەزیر:وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم.

چوارەم:بریکاری وەزارەت:بریکاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم.

پێنجەم:ئەنجومەن:ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەتەکە.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

ببورن مولاحەزەیەك یەك یان یەکەم یان یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم ئاوەها بێت وەك ئەوانەی خوارەوە.

دەیخەمە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵیەتی دەستی بلند بکا. کێ لەگەڵی نیە. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية: تتولى الوزارة تأدية المهام و تحقيق الاهداف التالية:**

**1-توفير الرعاية المادية والمعنوية لذوي الشهداء والمؤنفلين لتمكينهم من العيش حياة حرة كريمة.**

**2- احياء المناسبات الخاصة بذكرى الشهداء والمؤنفلين وتمجيدبهم وتخليدهم.**

**3- اقتراح القوانين وتعديلاتها لمجلس الوزراء من اجل تحقيق مهام واهداف الوزارة.**

**4- وضع السياسة العامة لتنمية موارد الوزارة واستثماراتها ضمن اطار التزاماتها القومية والوطنية و اهدافها الاجتماعية والاقتصادية وتنفيذها بعد اقرارها بموجب القوانين النافذة.**

**5- العمل مع الجهات ذات الاختصاص للاهتمام بالجانب التربوي والتعليمي والثقافي والاجتماعي والصحي والاقتصادي والاعمار لعوائل الشهداء والمؤنفلين ووضع برامج ومناهج لتطوير ذلك.**

**6- السعي للنهوض بواقع المشمولين بأحكام هذا القانون من خلال تعاون وتنسيق الوزارة مع الممولين الدوليين والمحليين والمنظمات الحكومية وغير الحكومية وفق القوانين النافذة.**

**7- توثيق كل ما يتعلق بالشهداء والمؤنفلين وضحايا الاسلحة الكيمياوية لمطالبة الحكومة الاتحادية والجهات التي جهزت العراق بتلك الاسلحة لتعويض عوائلهم.**

**8- العمل بالتنسيق مع الحكومة الاتحادية والمنظمات الدولية الحكومية وغير الحكومية لاحالة مخططي ومنفذي عمليات الابادة الجماعية بحق ابناء شعبنا الى المحاكم المختصة للقصاص منهم.**

**9- التعاون مع الجهات ذات العلاقة بتأمين السكن لعوائل الشهداء والمؤنفلين وضحايا الاسلحة الكيمياوية.**

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**هەرچی ماددەی دووەمی پرۆژەكەیە, ئەوە لیژنە پێشنیازی ئەوەیە كە, بڕگەكانی بەپێی گرنگییان ریز بكرێنەوە.**

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**خاڵی یەكەمیان: وا بزانم هەر تەعبیرەكە فەرقی هەیە. فەراهەمهێنانی پێداویستی ماددی و مەعنەویەكانی كەس وكاری شەهیدان وئەنفالكراوان. بۆ ئەوەی بەژیانێكی سەربەرزو كامەران بژین.**

**دووەم: زیندوو كردنەوەی بۆنە گەلێك وەكو بلێیت ئێمە لێرە تەحدیدمان كردووە.**

**زیندوو ڕاگرتنی یادەكانی كیمیابارانی هەڵەبجەو ناوچەكانی تری كوردستان وئەنفال و شەهیدانی كوردستان وەكو هێمایەكی نەتەوەیی گەلی كوردستان.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية:**

1-توفير الرعاية المادية والمعنوية لذوي الشهداء والمؤنفلين لتمكينهم من العيش حياة حرة كريمة.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین بەنیسبەت ئەو فەقەراتەنە و ئەو فەقەراتانەمان موناقەشە كرد تەبیعی هەموو ئەهدافی ئەو وەزارەتە هەر پیرۆزە بەلأم تەرتیبی فەقەراتەكان دەشێ یەك گرنگی لەوی تر زیاتر بێت بۆیە ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیر تەسەلسولەكەكەمان گۆڕی ئەو فەقەرەیەی ئەهەمێتی زیاترە بەپێشمان خست ئەوی تر ئەهەمێتی لەوی تر كەمترە بە بەدوامان خست ئەو تەسەلسولەمان وەرگرتیە هەروەكو برای بەڕێزم كاك عەونی ئیشارەتی پێدا.زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو چنار ئەوئیقتراحەی مافی مرۆڤ بۆ زیندوو ڕاگرتنی یان زیندووكردنەوەی.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله (وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە(احياء المناسبات الخاصة بذكرى الشهداء والمؤنفلين وتمجيدهم وتخليدهم) ئەوە نەفسی ئەوەیە كە كاك محمد باسی لێكرد شتێكی وا نیە بەلأم ئەوان وردیان كردیتەوە و ناویان لێهێنایە ئەوە شمولیەو هەموو لایەنەكان دەگرێتەوە. سوپاس

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم دوو مەسەلە گرنگە ئەبێ ئێمە زۆر گرنگی پێ بدەین، یەعنی ئەگەر ئێستا ئێمە مافەكانمان دەستەبەر بوون جێگیر كردن و گەورە كردنی بەم دوو مەسەلەیە بەكیمیاباران وبە ئەنفال، ئەبێ هەمیشە گرنگی پێ بدەین.ئێستا مەبدەئێك هەیە لە دونیا مەبدەئی (عەدالەی ئینتقالی) زۆر گرنگی بەم مەسەلەیە ئەدات ئەبێ تۆ هەمیشە ئەمانە لەسەرەوە حسێب بكەی وە شتی شایستەشیان بۆ دروست بكەی.یەعنی ئەتوانین بڵێین مەسەلەن ئێمە ئەوەمان پێش خستووە، ئەوەمان بەگرنگ تر سەیر كردووە. ئەو دوو مەبەستە.

**بەڕێز سەروكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله (وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە بەیاسا دەرچووە یادی رۆژی هەڵەبجە یاسا لەپەرلەمان دەرچووە.ئەو رۆژە تەسبیت بووە پێویست ناكات لێرە دووبارە بكرێتەوە 3/16/ ئەو رۆژە بۆنەیەكی رەسمیەو پەرلەمان إقراری كردیە.سوپاس.

**بەڕێز سەروكی ئەنجومەن:**

كاك محمد إقتراحەكەت سەحب دەكەيت يان بيخەمە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵا هەر ديفاعی لێدەكەم يەعنی ئەگەر وابێ قانون بۆ هەموو شتێ دەرچووە، يەعنی ئەم وەزارەتە ئەبێ لەمەولا وازح تر يەعنی راستەوخۆ تر لەگەڵ ئەم ئيشانە مامەڵە ئەكات. يەعنی ئەگەر پێشتر ياسايەك دەرچووە، لەوانەيە ياساكە دابەش بووبێ بەسەر جيهاتی ترا، ئێستا ئەم وەزارەتەی بەڕێزت راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەم شتانە ئەكات.و ئەبێ ئەم شتانە هەميشە بە گەورەيی بێ، چونكە ئەبێ تۆ بيناسێنی بە دنيا، ئەگەر تۆ لەناوخۆ ئيشی گەورەی بۆ نەكەی، بەدەرەوە ناناسرێ.

**بەڕێز سەروكی ئەنجومەن:**

كێ قسەی هەيە لەسەر ئەو مەسائيلانە با ناويان بنووسم.راوەستن ئێستا دەينووسێتن، موناقەشەی هەموو مادەكانە.

**بەڕێز د. دلێر اسماعيل حقی شاوەيش:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من چەند جارێك لێرەوە خاڵێكم باس كردووە كە ئەنفال كراوەكان شەهيد نين، ئەمانە نابێ مامەڵەی شەهيديان لەگەڵا بكرێ، ئەمانە كۆمەڵە كەسێكن هەزاران كەسن، سەدان هەزار كەسن، كە چارەنووسيان ناديارە، شەهيد كردنيان و كوشتنيان كارێكە، زەرەر لە بەرژەوەندی نەتەوەيی و ئايينی ئەم وڵاتە ئەدات، ئەمە لەلايەك، لەلايەكی ترەوە، بەڵگە نيە كەئەمانە شەهيد كراون، ئەمە كۆمەڵە تاوانێكە بەرامبەر بە مۆرڤايەتی كراوە، كۆمەڵە كەسێك چارەنووسيان ديار نيە.هەندێك لەوانە بەڵگە هەيە كە بەكۆيلە كراون ئەچێتە خانەی بەكۆيلە كردنی مرۆڤەوە.كەئەمە يەكێكە لەو تاوانانەی ئەم سەردەمە، كە تاوانێكی گەورەيە بەرامبەر بە مرۆڤايەتی. ڕەنگە هەندێك لەوانە شەهيد كرابن.بەڵام ئەمانە زۆربەی هەرە زۆريان ياخود بەشێوەيەكی گشتی كۆمەڵە كەسێكن كەچارەنووسيان ناديارە.لەبەر ئەوە من لەپێش هەموو شتێكا من داوای ئەوە ئەكەم كە ئەنفالكراوەكان جودا بكرێنەوە لە شەهيدان وخاڵێكی بۆ زياد بكرێ ببێ بەخاڵی دووەم لەم مادديە ( هەوڵدان بۆ ئاشكراكردن و زانينی چارەنووسی هاوڵاتيانی ئەنفالكراو) ئەبێ خاڵێك بەم مانايە زياد بكرێ. لەبەر ئەوە زۆر زۆر گرنگە لەچەند شوێنێكی كەما نەبێ لەم ياسايە ئەنفالكراوەكان لە شەهيدان ئەبێ جيا بن، ئەمە خاڵێكی گرنگە.زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەروكی ئەنجومەن:**

داواكردنی بێ دەنگی بۆ سەرۆكايەتيە دكتۆر عەفوو. خۆی نابێ من مداخەلە بكەم لە هەموو شتێكا بەڵام موئەنفەلين هەم شەهيدن هەم ناشبێ بەشەهيد بنووسرێن. هەردووكی ڕاستە شەهيدن وەكو عەدالەت ئەبێ قەرەبووی ژيانيان بكرێ مەعاشيان بۆ دابين بكرێ وەكو مەسەلەيەكی سياسی نابێ إعتبار بكرێ

بەشەهید. بەڵام ئەوە نەبەقەراری ئێمە ئەبێتن إعتبار کردنیان بەشەهید.نەبە ئەو پرۆژەیە ئەبێتن کە بۆ وەزارەت دەنووسین. ئەوە قەرارێکە مەحکەمە ئەبێ بزانین چی لێ دێتن، ئەو مەحکەمەیە کە ئێستا بەردەوامە ئەو قەرارە ئەبێ لە بەغداوە دەرچێتن،چونکە زۆر شتی بەدواوە دێتن بۆیە من پێم وایە ئەو جانیبە باش معالەجە کراوە هەم تایبەتمەندی دراوەتێ وەکو ئەنفال هەمیش وەکو شەهید بۆ مەزایەکانیان.فسەی خۆتت کرد کاك دکتۆر, کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی بۆچوونی لیژنەی یاسایی و بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەم و پێم وایە پێشنیارەکەی لیژنەی مافی مرۆڤ لەجێی خۆی نیە ئەگەر ئێمە تەنها ئەنفال و شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە جێ بکەینەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە چەندین بابڵێین بۆنەمان هەیە شەهیدی یەکجار زۆریان تێدا هەیە بۆ نمونە شەهیدانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بۆ نموونە شەهیدانی شۆڕشی،گوڵان ڕاپەڕین،ناوخۆ، پرۆسەی ئازادی عێراق هەروەها بێتەوە کارەساتە تیرۆریستیەکان، و شەهیدانی هاووڵاتی بۆیە پێویستە هەموو بەیەکەوە بێت وهەروەها پێشنیاری ئەوە دەکەم. بۆ خاڵی دووەم لەبەر بوونی ئەم شەهیدانە لە چەندین قۆناغی بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردستان، داوا دەکەین رۆژێك لەساڵێکدا یان هەفتەیەك لەساڵێکدا دیاری بکرێت.بەناوی رۆژی شەهید یان هەفتەی شەهیدان کە لەو رۆژە یاخود لەبەینی ئەو رۆژە بۆ ئەو هەفتەیە کۆمەڵێك بۆنەو موناسەبات ئەنجام بدرێت بۆ ئەو یادەوەریانە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

کاك حاتەم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵا من سوپاسی هیلاکی لیژنەی یاسایی و ئەو بەڕێزانە دەکەم کە زەحمەتیان کێشاوە بەڵام بەنیسبەتی ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ من وا ئەزانم ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەڵە زۆریش باشە بەحەقەت خاڵەکانیشیان لەجێگەی خۆیەتی کەدایان ناوە بەڵام لێرەدا، یەك دوو خاڵێك هەیە کەمن عەرزی جەنابتانی بکەم، ئەویش ئەوەتانێ کە دوو خاڵی تری ئەوێت ئیزافەتەن کە بەبۆچونی من.یەکێکیان ئەو خاڵەی بۆ زیاد بکرێت:

هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشە یاساییەکانی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان بەدەرکردنی هەر قانونێك کە پێی بکرێت. بۆ نموونە: ئێستا کێشەی سورەت قەید هەیە. زۆر لەوانە بەحوکمی ئەوەی لەدەشت بوون لەشار نەبوون بەحوکمی ئەوەی کە لە جنسیە لەنفووس ناوی ماڵ و مناڵیان نەنووسیوە. ئێستا حەتا دوێنێ لە دادگایی کردنی سەدام ئیشارەتیان بەوە دا کە سورەت قەیدەکەی کوا ئەو کەسانەی کە تیا چوون ئەنفال بوون شەهید بوون، و حەتا ئێمە ئێستا کێشەی تریشمان هەیە زۆر لەوانە ئەو ئافرەتانە لە مەحکەمە مارە

نەبڕاون، یان پیاوەکان وەکو باوك حیسابیان بۆ نەکراوە. تائێستاش کوڕن لە قانون و نفوس وئەمانە.بۆیە ئەو خاڵەی بۆ زیاد بکرێ جێگای خۆیەتی و خەمخۆرییەکە، خاڵێکی تریش هەیە کە زیاد بکرێ، پێشنیاری ئەوە ئەکەم کە ئەو دام و دەزگاو بەڕێوەبەرایەتی و ئەوانەی کاروباری شەهیدان و ئەنفالەکانیان ئەدرێتە دەست، ئەوانە خەڵکێکی پاك و پوختەی ڕابردوو پاك بن، خەڵکێك بن کەحیسابیان بۆ بکرێت چونکە ئەبنە واجیهەی بنەماڵەی شەهیدان. زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ماوەم بدەیتێ من وەکو کچە شەهیدێك حەزەکەم چونکە باسی موعاناتی ئەم عیلاقەیە بەسەر موعاناتی ماڵە شەهید و ئەنفالکراوەکانەوەیە.لەخاڵی یەکەما من حەزەکەم باسی لەوە بکەم لە عەرەبیەکەیا هاتووە. (احیاء المناسبات الخاصة بذکری الشهداء) ئێمە شەهیدان هەردەم زیندوون لەلای ئێمە.لەبەر ئەوە (تخلید وتمجید ) باشترە لە إحیاء چونکە ئێمە لە دەقە کوردیەکەدا نووسراوە زیندووکردنەوەی ئێمە نامانەوەێت زیندووکردنەوە نیە زیندووڕاگرتن. ئەوانە لەدڵی ئێمەدا هێشتا هەر زیندوون. لەبەر ئەوە هیوادارم بەزیندوو ڕاگرتن باس بکرێت. خاڵی دووەمم إقتراحی دوو خاڵ ئەکەم. ئەگەر بەگوێم بکەن یەعنی یەکێك لەشتە موهیمەکان کە ئێمە پێویستیمان پێیەتی. لەو وەزارەتەیا هەبێت و هەڵسێ بەکارکردن بۆی دۆکیمێنت کردنی مێژوو،وڕووداوەکان و کارەسات و ئەنفال و شەهید بوون چونکە ئەوە بەشێکە لە مێژووی ئێمە بەڕاستی (تضیق) نەکرێت وون ئەبێت و لەدوایدا نەوەکانی تر نازانن چی ڕووی داوە لەو کاتانەو لەو ساتانەیا چۆن شەهید کراون. دووەم ئێمە بێ لەوەی ئەو خاڵەی کە کاك حاتەم باسی کر کە ئەو عائیلانە پێویستییان بە بێ ئەوانەی هی ئەنفال هەتا هی شەهیدانیش هەتا ئێستا کێشەی قانونیان هەیە زۆر جار هەیە ئەبینی ماڵە شەهیدەکە کە هێشتا باوك و دایکی ماون خێزانەکەی ژنەکەی و مناڵەکانی هەن، ئیتر کێشە ئەکەوێتە بەینیانەوە شەرع و مەحکەمەو خۆشی موچەکە بەو کەمیەو، ئینجا خانووەکە بەو بچوکیەو، نازانن چۆن دابەشی بکەن بەڕاستی ئەبێت. هەستێ بەحەل کردنی ئەو کێشانە. ئەگەر نا ئەو کێشانە بەردەوام ئەمێننەوە. و تەئسیر ئەکاتە سەر نەفسێتی مناڵەکانیش و هەروەها دایك وباوکەکەش. من دەست خۆشی لەوەزارەتی ئەنفال و شەهیدان ئەکەم. بەڵام هیوادارم ئەم شتانە تەنها بەقسە نەبێ. بەفیعل بێ لەبەر ئەوەی ئێمە چینێکی زۆرمان هەیە لە ناو کۆمەڵگای کوردیا کە خاوەن شەهیدن وخاوەن ئەنفالن و پێویستە هەردەم کاریان بۆ بکەین. زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

**وا بزانم احیاو لەگەڵ تخلید فەرقۆکەیەکیان هەیە. تخلیدەکەش هاتووە لە عەرەبیەکەیا ئەگەر سەیری بکەی (احیاء المناسبات الخاصة بذکری الشهداء والمؤنفلین وتمجیدهم وتخلیدهم) نووسراوە ئاخر کەلیمە نووسراوە. فەرقی هەیە احیاو تەخلیدی موناسەبە ناکرێت تەخلیدی یادەکە دەکرێت. لەبەر ئەوە ئاخریەکەی جوان هاتووە (وتخلیدهم) یەعنی بۆ شوهەدا ئەگەڕێتەوە(احیاو المناسبات) 16/ئازارە یادی شەهید کردنی و هی ئەندامە تەخلید بۆ شەهیدەکان هاتووە.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن.**

**من مەبەستم لەکوردیەکەیەتی کە زیندووکردنەوەی بۆنەگەلی تایبەتی) کە ئێمە پێویستیمان پێی نیە. بۆنە زیندوو کەینەوە، ئێمە لەسەرمانە ئەم بۆنانا بەرز ڕاگرین و هەردەم بەبەرزی ڕای گرین یەعنی من مەبەستم ئەوەیە. زیندوو کردنەوە لەویا ئەو کەسە نەمردووە لەدڵی ئێمەیا. زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

**کوردیەکە وەکو عەرەبیەکە بگونجێنن. عەرەبیەکە باش هاتووە کوردیەکەش والێ بکەن, ڤیان خان.**

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دووسێ خاڵم هەیە ئەمەوێ موناقەشەی لەسەر بکەم. بەڕای من یادکردنەوەکە ئەوەی کە کاك ئارام گوتی یادکردنەوەکە بەرای من رۆژێك لەو ساڵە هەڵبژێردرێ بەڵام لەمانگی شوبات بێت تا مانگی ئەیلول کەشالاوی ئەنفالەکە لەشوباتی 1988 تا ئەیلول بەهەشت قۆناغ کرا یەك رۆژ بێتن بەڵام هەفتەیەك دابنرێت بەناوی( هەفتەی ڕەشی ئەنفال) و زەنگ لەهەموو رۆژی ئەو هەفتەیەك لێبدرێتن و لە هەموو شارو شارۆچکەو لادێیەکان. بەڵام یەك رۆژ یادکردنەوە هەبێتن. بەڵام بەگوێرەی زەنگ لێدانەکە وەکو ئاگادارکردنەوەیەك بێتن لە هەفتەیەك بکرێت لەهەموو ناوچەکانی کوردستان. وەکو ئاماژەشم پێکرد لەشوباتەوە تا مانگی ئەیلول بێ لەو قۆناغە، لەو فەترەیە بێت.بەنیسبەت قەرەبووکردنەوەکەش دوو خاڵم هەیە لە قەرەبووکردنەوەکە ئەوەلەن قەرەبووکردنەوەکە بکرێتە یاسا. بەیاسا دەربچێت شەریکات و ئەو دەولەتانەی کەبەشداریشیان کردیە جیهانیەکان لەو ئەنفالە ئەوانیش بەرپرسیار بن و بەشدار بن لەو قەرەبووکردنەوەیە. ولەلایەکی تر قەرەبووکردنەوەی ئەو ژنانەی کە منداڵیان نیە.وەکو تەقاعودیەك دەربچی بۆ ئەوان نەك بۆ کەس و کاری پیاوەکە بێت. ئەو خاڵەشم هەیە لە قەرەبووکردنەوەی ئەو ژنانەی کەمناڵیان نیە، میراتەکەیان بۆ ئەوان بێ نەك بۆ کەسوکاری پیاوەکە، خاڵێکی تریشم هەیە گرنگی دان بە**

کەس و کارەکان بەلایەنی پەروەردەی دەروونی وکۆمەڵایەتی و دەروونیەکە لە هەموویان گرنگ ترە تاوەکو ئەو منالآنە بخرێنەوە سەر رێرەوێکی تەبیعی و شارستانێتی وبە ئاسایی ژیانی خۆیان بەرێوە بچێتن. دووبارە یاد کردنەوە بەگوێرەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە، گۆرەکان کۆبکاتەوە بەشێوەی نەسبێکی بۆ بکاتن. ئەو نەسبەش بەشێوەیەکی وا بێتن کە ئەنفالە و بکرێتە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی و جیهانی. خاڵێکی تریشم هەیە بەنیسبەت سەر ژمێری. سەرژمێریەکە وای تەماشا بکرێتن کە تا ئێستا ئێمە سەرژمێریەکی تەواومان نیە لەسەر ئەنفال بەلأم ئەگەر سود لەپاشماوەی ئەنفالەکان وەربگیرێ لەبۆ سەرژمێری و لەگەڵ ئەو سایەقانەی کە لە شۆفڵ و ئەوانەی کەبەشدار بوونە لە حەفارەو شۆفڵ کە بەشدار بوونە وابکرێتن کە ئەوانیش بانگ بکرێن سەرژمێری لەگەڵ ئەوان بکرێ تا بگەینە نەتیجەیەك و سەرژمێریەکی تەواو. ئیتر سوپاس.

**بەرێز تاڤگە محمد علی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی من سۆزان خان وتی بەرزراگرتنەکە بوو. زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش سوپاس. کاك کەریم.

**بەرێز کریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من پێشنیارێك و تێبینیەکم هەبوو. پێشنیارەکە ئەوە بوو کە برگەکانی ماددەکە هەمووی پێکەوە بوو دیارە پەیرەو کرا. سوپاس تێبینیەکەم بەراستی ئەوەیە دیارە ئەندامانی بەرێز دەچن باس لەمەسەلەی یاسایەکی دی دەکەن کە تایبەتە بە حقوق و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان وئەنفالکراوەکان کە ئەوەش پرۆژەیەکە هێشتا نەدراوەتە پەرلەمان. بەلأم ئەوەی کە ئێستا موناقەشە دەکرێتن موناقەشەی وەزارەتە پێکهاتەو ئامانجەکانی ئەو وەزارەتەیە سوپاس. تێبینی ئەوە بکەن زۆر سوپاسیان ئەکەین.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال.

**بەرێز جمال محمد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاً من چەند تێبینیەکم هەیە. مەسەلەیەکی زۆر گرنگ هەیە کەمن مولاحەزەی ئەکەم. لەم خاڵانەدا نیە، مەسەلەی راهێنان و گونجانی کەس و کاری ئەنفال بۆ ناو کۆمەڵگا. بەئینگلیزی پێی ئەڵێن (ئۆرێنتەیشن) جیاوازە لە فێرکردن و راهێنان لەهەموو کۆمەڵگای مەدەنی عادەتەن کەکارەساتێك دەبێت. کارێك دەکەن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە کەسوکاریان لەدەست داوە بۆ ئەوەی بتوانن رایان بهێنن جارێکی کە بگونجێن لەگەڵ کۆمەڵگا، ئەگەر ئەم تێبینیە ئیزافەبکرێت بۆ خاڵی هەشت وابزانم کارێکی چاکە،

بەنیسبەت خاڵی حەوت لەتەسەلسولەکەدا تەبیعی عادەتەن ئێمە کە بیر لەوە ئەکەینەوە. خەڵکێك یارمەتیمان بات. ئەبێ قانونی ئەو تەرەفە بزانین کە چۆن یارمەتی ئەدەن تەبیعی مونەزەماتی حکومی، مونەزەماتی ئەهلی، حەتا خەڵکی إعتیادی کە یارمەتی ئەدا یارمەتی بە حکومەت نادات بەهیچ شێوەیەك یارمەتی حکومەت نادات، بەڵکو یارمەتی بەمونەزەمات ئەدا. لەبەر ئەوە ئەگەر ئەم سیغەیە تەعلیلێکی تێدا بکرێت وەزارەت دەست نیشانی مونەزەمات بکات لەدەرەوە مونەزەماتی حکومی و مونەزەماتی ئەهلی و خەڵکی إعتیادی ( ئیندیفیجیوەڵ) بۆ ئەوەی بتوانن لەڕێگەی مونەزەمەکەوە یارمەتی وەربگرن چونکە حکومەت یان مونەزەمات بەهیچ شێوەیەك مامەڵەو یارمەتی لەگەڵ وەزارەت ناکەن. خاڵێکی ترم هەیە بەنیسبەت ئەوەی مولاحەزەم کرد. لەسەرتاسەری ئەم موحاکەمەیا زۆربەی شاهیدەکان وەسیقەی وەفات نامەیان پێیە. مۆرنەکراوە کە ئەنفالە ئەگەر مودیریەتێك دروست بکرێت یان جیهازێك دروست بکرێت ئەوانەی کە ئەنفالن لەوەفات نامەکە بنووسرێ ئەنفال. چونکە موحامیەکان زۆر بەجدی گرنگیان بەو نوقتەیە ئەدا. خەڵکێك کەوەفات نامەی پێ بێ ئەگەر لێی نەنووسرابێ ئەنفال مەعنای ئەوە نیە إعتیبارئەکرێت بەئەنفال. ئینجا ڕێگەیەکیش بۆ ئەوە بدۆزرێتەوە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت گوتت کێ موناقەشەی هەیە ڕەئیەکی هەیە لەسەر ئەو ڕەئیەی لیژنەی مافی مرۆڤ و ئەو نەسەی کە لە یاساکەدا هاتووە. نەك موناقەشەکردن لەسەر ماددەکە. بەڵام تێبینی دەکەین بووە موناقەشە لەسەر ماددەکە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا من وتم لەسەر هەموو ماددەکەیە چونکە تایبەتمەندیەکی تایبەتم نیە. خاڵەکان بڵێین یەك خاڵ موهیمە. هەموو بەیەکەوە بەستراوە. لەسەر هەموو مادەکانە موناقەشەکە دەکرێ. خاڵی یەکەمە دووەمە سێیەمە چوارەمە هەمووی پێکەوە. کاك دیلمان.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێك لەپێشنیارەکەم بەڕێز ئارام پێشکەشی کرد ئەوی دیش تەواو دەکەم منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەم ئەگەر یاسا دەست بداتن ڕۆژێك دەست نیشان بکرێتن بۆ ڕۆژی شەهیدێن کوردستان. و یادگارێکی سەنتەری هەبیتن بۆ شەهید. یەکێك لەئەرکەکانی وەزارەت بیتن کارێك بکاتن بۆ ئەوە گەر ئیمکانە ئیزافە بیتن دوو هەمان حاڵەت لەگەڵ ئەنفالەکان بەتەسەوری من $3/16$ ئەگەر ڕۆژی ئەنفال بیتن دەبی بۆ هەمی

کوردستان بیتن تەنها ئەوەی حەلەبچە دەبیتە ئەنفال هەمووی یان نە وەلەگەل ئەوەمە یادگاریکی سەنتەری هەبیتن بۆ ئەنفال لە پایتەخت بیتن وەکی قەزیەکی رەسمی حکومەت بیتن بۆ هاتنی وفود بیتن کە دێن سەرەدانی دەکەن لە برگەی (5) الاعمار زیادە هاتیە لەپاش إقتصادی ئابووری شتەکی زیاد هاتیە لەگەل یەك رەبت نیە بچیتە برگەی (9)(والتنسیق مع الحکومة الاتحادیة )بەقەناعەتی من ماددەکە وەکی دادگایی کردنە لەگەل (المحکمة الاتحادیة) بیتن باشترە رەنگە لە( الحکومة الاتحادیة) ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت کۆی خاڵەکانەوە. خاڵەکانی ماددەی یەك باشە گشتین. بەڵام خاڵی حەوتەمی تۆزێك تایبەتمەندی پێوەدیارە باس تەنها لە دیکۆمێنت کردنی هەر شتێك پەیوەندی بە ئەنفالکراوو قوربانیانی چەکی کیمیاوی هەبێ. یەعنی بەس ئەنفال و چەکی کیمیاوی باس کردووە چونکە قوربانیانی چەکی کە هەیە. ئایا ئەوانە نابێ دیکۆمێنت بکرێن بۆ نموونە قەڵادزە بەچەکی ناپاڵم چەندین شەهیدی هەیە یەکەم کارەساتی جینۆساید لەوێ بووە.لەبەر ئەوە حەقە تۆزێك گشتی تر بێت ئەو خاڵە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان بەنیسبەت ئەم مولاحەزە ئەگەر وەربگیرێ لە برگەی(7)( توثیق کل ما یتعلق بالشهداء والمؤنفلین) ئەوە ئەویش دەگرێتەوە. ئەگەر خاتوو چنار مولاحەزەی بکات.

**بەڕێز جعفر شێخ مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند تێبینیەکم هەیە ماددەی دوو برگەی یەك. زیاتر ئەو برگەیە لەشتی رۆتینی دەچێت. یەعنی پێویستە وردەکارییەکانی دیاری بکرێت. ئەو فەراهەم کردنە چۆنە و کەی بۆ ئەوەی دیاری بکرێت برگەی (7) ئەو شوێنانە دیاری بکرێن کە ئەو دۆکیمینتانەی تێدا کۆدەکرێتەوە بەتایبەتی هەولێری پایتەخت شوێنەکە دیاری نەکراوە برگەی (9) بێتە شوێنی برگەی دوو وئەم برگەیە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت ئەو سوکنا چۆنە ئەبێ ئەو سوکنایە بەو شێوەیە بێ کەبرادەران باسیان کرد لەگەڵ شێوەی سەردەمی ئێستای سوکنای خەڵك بشوبهێت. برگەیەکی تر زیاد بکرێت بۆ ئەم ماددەیە بەناوی برگەی (10) کە خوێندنی منالآنی شەهیدان لەسەر ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت.پاش تەواو کردنی خوێندنەکەش ئەبێ لەشوێنی شیاوا دابمەزرێن. زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن اسماعیل.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن لەماددەی دوو بڕگەی حەفت هاتووە دەڵێتن بەعەرەبی (توثيق كل ما يتعلق بالشهداء والمؤنفلين وضحايا الاسلحة الكيمياوية لمطالبة الحكومة الاتحادية والجهات التي جهزت العراق بتلك الاسلحة لتعويض عوائلهم) لێرە دیار نیە چ نەوعە تەعویزێك داوا دەكرێتن. خۆ تەعویز هەیە یەك جار دەدرێتن و تەواو. تەعویز هەیە موستەمرە. بۆیە من وا پێشنیار دەكەم كە قائیمەیەك دروست بكریتن تەنزیم بكریتن بەناوی ( شوهەداو ئەنفال و كیمیاباران) ئەمە داوا بكریتن لەحكومەتی مەركەزی كە بوجەیەك یان میزانییەكی تایبەتی بۆ ئەم مەسەلە دابین بكریتن لەگەل بوجەی هەرێمی كوردستان رێكبخریتن بۆ ئەوەی هەموو مانگێك مەعاش بدریتن چونكە ئەگەر یەك جار مەعاش هەبیتن ئەبی ئێمە مەعاشی بدەینێ ئەو مەعاشە ئەبێ داوا بكریتن لەحكومەتی مەركەزی بۆ ئەوەی دائیمی موستەمر ئەو مەعاشە هەبیتن بۆ ئەو عەوائیلانە. ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەروكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەس ئەوە هەروابووە بەتەئكید ئەوە هەیكەلی وەزارەتە ومەهامەكانیەتی مەبادیئی عام تێیدا دەكرێت بەڵام تەفسیلات وەكو جەنابت فەرمووت. ئەوە وەزارەت دەتوانێ پێی هەڵبستێتن و دیاری بكاتن یەك،دوو، سێ، چوار، ئەوە دەبیتن پاش دراسەت كردنی وەكو قانونێك دەربێتن ئەگەر گەیشتە ئەو مەرحەلەیە بەڵام لێرەدا تەنها هەیكەل و مەبادیئی عامی وەزارەتەكە چیە جێبەجێی بكەن. دكتۆرە شوكریە.

**بەڕێز د. شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵم هەیە، حەزەكەم بیخەمە بەرچاو. خاڵی یەكەم. ئەوەی تێكستە عەرەبیەكەیە بەتایبەتی خاڵی حەوتەم.﴿ توثيق كل ما يتعلق بالشهداء﴾ زاراوەی شوهەدا زیاد بكرێت بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن ئەوەمان وت و چاك كرا. خاڵی هەشتەم. (العمل بالتنسيق مع الحكومة الاتحادية والمنظمات الدولية والحكومية وغير الحكومية لاحالة) بكرێ بە ﴿على إحالة﴾ مخططي ومنفذي عمليات ﴿الانفال﴾ زیاد بكرێت و﴿الإبادة الجماعية﴾ لەگەڵ ئەو ووشەیەدا. و هەر دەربارەی تێكستە كوردیەكە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان حەزەكەم ئەوەتان بۆ باس بكەم. كە ئەو كتێبانەی لەسەر ئەنفالی بادینان دەردەچێ بەتایبەتی چواردانە كتێب هەبە هەمووی لەسەر ئەنفالی بادینانە، لێرەدا لەخاڵی هەشتەمدا كەدەڵێ دەرحەق بەگەلی ئێمەیان كرد لەناو ئەو كتێبانەدا برا مەسیحیەكانیش دووچاری ئەنفال بوون. كەنیسەكانیان هەمووی تێكدراوە كەواتە لێرەدا ئەم خاڵە ئەوانە هیچ ناگرێتەوە. جا بۆیە بەڕای من زیادكردنی كە دەڵێت دەرحەق لەخاڵی هەشتەم كاركردن بە هاودەنگی لەگەڵ حكومەتی عێراقی فیدرال و ڕێكخراوە حكومی و ناحكومیەكاندا بۆ ئەو پیلاندانەرانەو بەجێهێنەرانی ئەو جینۆسایدەی دەرحەق بەگەلی ئێمەیان كردووە.

بۆ بڵێین دەرحەق بەئێمەیان کردووە دەرحەق بە گەلی کوردو یان بڵێین کوردستان یان بڵێین دێیانی کوردستانیان کردووە، جا ئەمە بەڕاستی غەدرە. سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

دیارە تۆ ملاحەزەت نەکردووە دەڵێت (بحق ابناء شعبنا) وا نووسرایە. هەموویان دەگرێتەوە. فەرموو نەسرین خان.

**بەڕێز نەسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەماددەی دوودا لەخاڵی نۆیا( هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ باشکردنی ژیانی خێزانی شەهیدو ئەنفال و قوربانیانی چەکی کیمیاوی) ئەوە هەرچی بۆ ئەو شەهیدانە بکرێ وابزانم هێشتا کەمەو برینەکانیان سارێژ نابێ. یەعنی زیاتر گرنگیان پێ بدرێ لە هەموو بوارێکا. بەڵام ئەوەی من ئەمەوێ لێرەیا باسی بکەم، ئەو کەم ئەندامانە باس ئەکەم ولە ئەمە باسی ئەنفال و ئەوانە ئەکات. سەربە کەم ئەندامەکان نییە. بەڵام هەندێك.کەم ئەندام هەیە کەلە شەڕا کەم ئەندام بووە. وەکو ئەوانەی کەل مینا قاچیان لەدەست بداوە دەستیان لەدەست بداوە. چاویان لەدەست داوە, ئێستا ئەوانە. هیچی ئەوتۆیان بۆ نەکراوە ئایا ئەوانە چیان بۆ ئەکرێ یان لەشەڕی ناوخۆوە یان لەهەندێ شەڕی ترا لە ڕاپەڕینا زۆر کەس ئێستا کەم ئەندامە لێرەدا هیچ دەست نیشانە نەکراوە. وپێشنیار دەکەین ئەوانیش لەوەدا دەست نیشان بکرێن. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەم ئەندام لەوەزارەتی شئوونی ئیجتماعیە وا بزانم مادام زیندوونە الحمد لله کاری. وەزارەتی پێشمەرگەیە و وەزارەتی شئونی ئیجتماعیە.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەسەلەی کەم ئەندام کە پەیوەندی بەمافی مرۆڤەوە هەیە. وهەروەها وەکو بەڕێزیشتان ئاماژەتان پێدا پەیوەندی بە شئونی ئیجتماعیەوە هەیە. ئێمە لە لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانا فایلێکی تایبەتیمان هەیە بە کەم ئەندام و ئەوانەی کەلە شەڕیشا کەم ئەندام بوون. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی یەکەمم لیژنەی یاسایی دایمەن پێشنیارێکیان هەیە بۆ ڕیزبەندی تەرقیمی فەقەرات دەبینم لێرەدا ئەو پێشنیارەیان نەکردیە. دوو لەفەقەرەی سێیەم﴿إقتراح القوانین﴾ من پێم وایە ئەوە بوترێت. یان

نەوترێت وەزارەت خۆی ئەو مافەی هەیە. یەعنی ئەگەر بشمێنێ ئیشکالێکی تێدانیە. بەڵام دەبێتە حەشر زیاتر بۆیە پێشنیار دەکەم ئەوە لابدرێت. لەفەقەرەی پێنجەم کاك دیلمان باسی کرد کەلیمەی إعمار زیادە. إعمار لەبۆ کۆڵانەك بەکاردێت لە بۆ شارەك لەبۆ وڵاتێك بەڵام لەبۆ إسکانی عەوائل بەکار ناهێنرێت ئەگەر مەبەستیان لە ئیسکان بێتن ئەوە خاڵی نۆیەم باسی کردیە. لەخاڵی شەشەم باسی ئەوەی دەکات (السعي للنهوض بواقع المشمولين) دەڵێ (من خلال تعاون وتنسيق الوزارة مع الممولين الدوليين والمحليين),.واتە (للنهوض بواقع المشمولين) تەنها حەسری کردیە بەو کەلیمەی و من دەبینم ئەو فەقەرەیە برِەك رەکیکە. لۆ فەقەرەی شەشەم من پێشنیار دەکەم بەو جۆرە بی. (العمل من أجل الحصول على الهبات والتبرعات من الدول والمؤسسات الدولية المانحة لتحقيق أهداف الوزارة). لەخاڵی حەفتەم بەحەقیقەت ئەو وەزارەتە وەزارەتی ئەنفال و شەهیدەکانە تەنها وەزارەتی ئەنفال و زەحایەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نیە، هەروەکو سارە خان باسی کرد دەبێ باسی شوێنەکانی تر بکات، بۆیە پێشنیاردەکەم بوترێ(بالمؤنفلين وضحايا الاسلحة الكيمياوية), خاڵی ئەخیرم پێشنیاری فەقەرەیەکی تر دەکەم.پێم وایە یەکێك لەئەرکە سەرەکیەکانی ئەو وەزارەتە، ئەوەیە خەڵکی ناوخۆو دەرەوە بناسێنێ بەو کارەساتەی لە ئەنفال و بەو کارەساتەی کەبەشەهیدەکان رووبەڕوو بویتەوە. بۆیە پێشنیار دەکەم فەقەرەیەك ئیزافە بکرێت بەو جۆرە دابرِێژرێت.( وضع الخطط والبرامج التوعوية والتثقيفية محلياً ودولياً للتعريف بالمأساة الكبيرة التي حلت بشعبنا من خلال عمليات الانفال). سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەقە تۆ بچیتە لیژنەی قانونی بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت، لە ملاحەزاتت. کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی یەکەم (فەراهەمکردنی چاودێری مادی ومەعنەوی کەس وکاری شەهیدان وئەنفالکراوەکان) هەرچەندە لەدرێژەی پرۆژەکەی لێك جیاکرایتەوە. بەڵام جیاکردنەوەی شەهیدانی ئەنفال لە شەهیدانی گەلی کوردستان. گرنگیەکەی لەوەدایە وەکو دەڵێیت فایلی ئەنفال دادەخەرێ وکۆتایی پێهات و تەواو دەبیتن کاری لەسەر دەکرێت بۆ دوا ڕۆژی گەلەکەمان بەڵام فایلی پرۆسەی شەهیدانی گەلی کوردستان إستمراریەتی هەیەو بەردەوامە. یەعنی لەوانەیە لەمەودوا شەهیدی زیاتریش بێت. بۆیە جیاکردنەوەی گرنگی زۆر تایبەتی هەیە. بۆیە برادەرانیش باسیان کرد جیاکردنەوەی زۆر بەوازحی کارێکی زۆر زەرورە وەکو باسم کرد چونکە فایلەکە دادەخرێن. خاڵێکی تر کەلیمەی ئەنفال بۆ ئەو کارەساتە گەورەیە زۆر کەمە. گچکەیە، کەلیمەی ئەنفال بۆ (182)هەزار کەسی کوردی زیندە بەچاڵکراو، ئەو کەلیمە بویتە باو لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا. حەقە ئەمەش مەسەلەن جینۆسایدی کەلیمەی جینۆساید حەقە بڵێین لە پرۆسەی ئەنفالدا. (182)هەزار کەسی کورد جینۆساید کران مەسەلەن کەلیمەی جینۆساید شانبەشانی ئەنفال جێگیر بکەین. بۆ ئەوەی خەڵك بەتێکەڵی باسی بکاتن. بەڕاستی ڕاستە ئەنفال لە قورئاندا هاتیە

بەڵام کەلیمەیەکی عام نیە لەسەر مستەوای جیهانی لە وڵاتانی ئیسلام ئەوانەی قورئان بخوێنن دەزانن ئەنفال چیە. بەڵام لەسەر ئاستی دونیا جینۆساید زیاتر جێگیر بووە. خاڵێکی تر داوابکرێت لەپەرلەمان یان بەنەس ئەو خاڵە زیادبکرێت کە قەرەبووی کەسوکاری کیمیابارانی هەڵەبجە بکرێتەوە لەحکومەتی عێراق و ئەو وڵات و کۆمپانیایەی کە مەوادی کیمیاویان بەعێراق فرۆشتیە، یەعنی ئەوە بکەینە نەص و کاری لەسەر بکرێت، نەك هەر بەوەی بێت. فیعلەن ئێمە بتوانین مافی ئەو خەڵکانە لەو کۆمپانیایانە وەربگرینەوە بە إستیمراری نەك هەر یەك جار. خاڵێکی تریشم هەیە زۆر باسی رۆژێك دابنرێ یان هەفتەیەك دابنرێ بۆ شەهید دیارە ئەو وڵاتانەی ئینتاجیان نیە موناسەبەو ڕۆژانی عوتلە زۆر دادەنێن ئێمە ئەوەندە رۆژە رۆژی $3/16$ دانراوە پێم وایە لە جێگەی خۆیتی.و ئەو رۆژەش بەسە دیارە ئەو رۆژەش بۆیە دانرا $3/16$ پێویستە هەمووومان بیزانین $3/16$ ئەو رۆژەیە کیمیابارانی هەڵەبجە کرایە. دیارە هەموو رۆژێك لەکوردستان خەڵك شەهید بووە. لە هەموو شوێنێك شەڕ کرایەو تەزحیەو قوربانی بەنیسبەت گەلی ئێمە درایە. بەڵام $3/16$ لە چرکە ساتێکدا (5) هەزار ئینسانی کورد گیانیان لەدەست دا. بۆیە لە هیچ شوێنێکی تری کوردستان لە چرکە ساتێکدا ئەوەندە کەس نەمردیە بۆیە ئەو رۆژە کرایە بەرۆژی شەهید. پێم وایە رۆژەکە زۆر باشە ولە جێگەی خۆیەتی.لە خاڵی تر باسی ئەوە کرا. شوێنی دیکۆمێنت بۆ ئەنفالەکان. لە کوێندەرێ بکرێت من پێشنیار دەکەم دیاری کردنی شوێن بۆ دروست کردنی دیکۆمێنتی ئەنفالکراوەکان. لە گەرمیان بکرێت. هەم بۆ ئەوەی بەڕاستی زیندوو ڕاگرتن و ئاوەدان کردنەوەی ئەو ناوچەیە. بۆیە لەبەر چاومان بێت زۆربەی ژمارەی ئەنفال چۆن رۆژی شەهید زۆرترین ژمارە لەهەڵەبجە بووە. و ئەنفالیش زۆرترین لە گەرمیان بووە. بۆیە پێشنیار دەکەم مەسەلەی شوێنی دیکۆمێنت لە گەرمیان بکرێت. ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەس بەتەنها جینۆساید یەعنی ئیبادەکردنی جنسێك، میلەتێك بۆیە بەتەنها ئەنفال جینۆساید ناکرێت هەموو سیاسەتی حکومەتی بەعسی گۆڕبەگۆڕ بەرامبەر بەمیلەتی کورد جینۆساید بوو، فەوتاندنی گەلی کورد بوو، کیمیاباران و ئەنفال وبوردومانی قەڵادزەو وێرانکردنی دیهاتەکان هەمووی لە زیمنی جینۆسایدەکەیە ناکرێ بڵێین ئەنفال و جینۆساید.و ئەو ناوە پاش دراسەتێکی زۆر بوو ئێستا گۆڕینی ئەو ناوە بەو هینە ئەی هەڵەبجە چیە. ئەی دیهاتەکان وێران کراون. خۆی لەعامدا دەتوانین بەکاری بهێنین بۆ ئەوەی کەئیسپاتی بکەین حکومەت جینۆسایدی بەرامبەر بە گەلی کوردستان هەبووە. بەڵام بەتەنها بڵێی ئەوە عەمەلیەی جینۆسایدە ئەوانی تر چی بووە ئەوانیش جینۆسایدن. جزئێك بووە لە عەمەلییەی جینۆساید. کاکە حەمە.

**بەڕێز محمد  حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەوانەی کە باسیەکەین بەتەئکید وەزارەت خۆشی. یان قانونێکی تایبەت پێویستە بۆ ئەوە دەربچێت وخۆشیان کۆمەڵێك هینیان هەیە لەسەر ئەو مەوزوعانە بەلأم ئێمە زیاتر لەسەر مەسەلەی ئەنفالەکان ئەڕۆین. مەسەلەی رۆژی $3/16$ بۆ رۆژی شەهیدان ئەوە دیاری کراوە. پێم وایە ئەو رۆژە رۆژێکی ئەوەیە چونکە لەسەعاتێکدایە لە چەند چرکەیەکدایە ئەو هەموو خەڵکە تیا چوون. وەکو زۆر لەو بەڕێزانە باسیان کرد. مەسەلەی شەهیدانی کوردستان، یەعنی هەموو خەڵکی کوردستان وا بکرێت جیانەکرێتەوە، لای ئێمە شەهیدانی کیمیاوی وئەنفال و سەنگەرو هاولأتی هەیە ئێستا. مەسەلەن کەسێك ئەچێت ئەڵێن شەهیدەکەت هاولأتیە فلأن شت نایگرێتەوە. خۆی ئەگەر کورد نەبووایە بۆ تۆپێك لەماڵەکەی ئەدات و شەهید ئەبێت. مەسەلەن ئەکەوێت بەسەر ئەڵغاماو شەهید ئەبێت. یەعنی لەبەر ئەوەی کە کوردە. بەڕای من کارێکی وا بکرێت شەهیدان هەریەکێك لە قۆناغەکە چوار قۆناغی شەهیدە(، ئەنفالە، کیمیاویە.هاولأتیە). ئەم چوارە وا لێبکرێت هەریەکێك لەقۆناغی وابێ شەهیدە ئەو شەهیدە ئەو ئیمتیازە شەهیدەکەی سەنگەر ئەیگرێتەوە شەهیدەکەی( ئەنفال وکیمیاوی و هاولأتی)یەکەش بیگرێتەوە هاولأتیەکەش کورد نەبوایە بۆچی لەو شاخە ئەکەوێت بەسەر ئەڵغاما تۆپ لێی ئەدات. ماڵی ئەسوتێت یەعنی من پێم وایە کەسێك بێ لایەن نەبووە لەکوردا. هەمووکەسێك کورد بووە لایەن بووە. هەوڵبدرێت لە مەسەلەی ئامارێکی کاملی شەهیدان بکرێت بەتأریخ و ئەوانەوە چونکە تا ئێستا بەڕاستی ڕاستە ئێمە پێویستە شتەکانی خۆمان زیاد بکەین لەوەی کەهەیە. بەلأم تا ئێستا ئامارێکی ڕاستی تەواوی شەهیدانی نە کیمیاوی نەئەنفال نە شەهیدانی تر نیە ڕاستە ئەوەی کەخۆمان بۆ خۆمان بووێ. پێویستە ئەوە بەتأریخ و ئەوانە هەوڵبدرێت کاری بۆ بکرێت. هەوڵبدرێت ئەنفال و کیمیاوی بەتایبەتی لەبەرنامەی خوێندن دابنرێن چونکە ئەگەر لەبەرنامەی خوێندن دانەنرێن نەوەکانی داهاتووی ئێمە نازانن نەئەنفال چیە و نەکیمیاوی چیە ئەوانە چنە ئەگەر بکرێت. قەرارێکی بۆ دەربکرێت لەبەرنامەی پەروەردە لەسەرەتاییەکانەوە دابنرێت شتێکی باشە. مەسەلەی تەعوێزو ئەوە بەڕای من هەڵەبجە قەرار بوو تەعویزێکیان بکرێ یان تەعویزێکیان بدرێتێ ئەو تەعویزە خۆی تەعویز بۆ یەك جارە. بەلأم مووچەی دائیمی ئەو جیابکرێتەوە. کە ئەڵێی تەعویز ئەوە بۆ یەك جارە. و بەو تەعویزە کۆتایی پێدێت. ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخمووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی یەکی ماددەی دووەم، بەڕاستی باس لە کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوان کراوە. ئێمە باسمان لەکەسوکاری بێ سەروشوێنان نەکردووە، خۆتان دەزانن شالأوی بەدناوی ئەنفال لە سالأنی $1988$ دەستی پێکردن، شالأوەکان، یەعنی لە کۆتایی $77$ و سەرەتای $88$ دواتر پێش ئەوە ئێمە بێسەروشوێن

کردنی (8)هەزار بارزانیمان هەیە (5) هەزار فەیلیمان هەیە هەندێك بە(7) هەزار فەیلی دادەنێن. ئەوانە هەموو بێ سەروشوێن کراون تا ئێستاکەش مەسیریان دیار نیە، بۆیە بەڕاستی من پێشنیاری ئەوە دەکەم. ئەو بڕگەیەی ماددەی دوو بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە( فەراهەم کردنی چاودێری ماددی و مەعنەوی کەسوکاری شەهیدان وبێ سەروشوێنکراوان و ئەنفالکراوان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی تابتوانن بەئازادی و سەربەرزانە بژین). ئەو مادەیە بەو شێوەی لێبێتن. لەبەر ئەوەی لەو بڕگەیە بڕگەی یەك. قوربانیانی چەکی کیمیاوی نەهاتووە لەپاش ئەنفالکراوان. بەڵام لەبڕگەکانی تر هەنە. کە هەبن با هەموو موەحەد بن. لێرەش هەبێتن، بەقوەت تر دەبێتن سیغەکەی بەو شێوەیە. دواتر بەنیسبەت ئەو ماددەیە. لە بڕگەکانی تر تەماشادەکەین تەرجومەیەکی زۆر زۆر رەکیك کرایە بەڕاستی بۆ نموونە لەو بڕگەیە ئەو ( بۆنەگەل و ڕێنماییگەل) ئەو شتانە ئەوە کورد قەت وا قسەناکاتن. یەعنی هەر کەسێك بیبینێتن بەڕاستی بۆ پەرلەمانی کوردستان و بۆ لیژنەی یاساییش هەم جوان نیە. حەقە لیژنەی یاسایی کەسانی زمانزان بێنێ بۆ ئەوەی تەرجومەیەکی جوان وڕێك وپێك تریان بکاتن. و ئەو بۆنەگەل و ئەو شتانەی کەلەگەڵ زمانی کوردی نایەنەوە لایانبباتن. ولەهەمان کاتدا پێم باشە بەڕاستی بڕگەیەکی تریش بۆ ئەو ماددەیە زیادبکرێتن. بەوەی جگە لەوەی بەشێك لە خوشك و برایانی بەڕێزی ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد. قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتوانی قوربانیانی چەکی کیمیاوی لەلایەن کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانەوەو ئێمە با بڕگەیەك زیاد بکەین یەك لە مەهامەکانی وەزارەت ئەوە بێ کە کارکردن بێتن بۆ سزادانی ئەو کۆمپانیاو دامەزراوانەی کە هاوکاری ڕژێمیان کردووە لە کیمیاباران کردنی کوردستاندا. بڕگەکەش بەو شێوەیە بنوسرێت.( کارکردن بۆ سزادانی ئەو کۆمپانیاو دامەزراوانەی کە هاوکاری ڕژێمیان کردووە لە کیمیاباران کردنی کوردستاندا). و ئەو مەسەلەی تر بەهاودەنگی نیە وا بزانم. لە بڕگەی هەشت کارکردن بە هاودەنگی نیە کارکردن بە هەماهەنگی یەعنی بەتەنسیق، تەنسیق لەگەڵ حکومەتی فیدرالی عێراق و ڕکخراوە نێودەوڵەتیەکان. من هەر ئەوەندەم هەبوو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دەمەوێ بەس نوقتەیەك مولاحەزە بکەم. لیژنەی یاسایی مەسول نیە لە تەرجومە. و ئەرکی ئەوانیش نیە مەفروزە لە ڕاستیدا حکومەت پڕۆژەکە کە دەنێرێ بەکوردیش بینێرێ. بەکوردی و بەعەرەبی هەردووکی بنێرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەر باسی ئەوەمان کردووە، کەخەڵکێکمان داناوە پسپۆڕ لە زمان و ( ان شاء الله) ئەو لایەنە پڕەکەینەوە. کەسی تر مابوو ناوی خۆی بنووسێ. فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەم وەزارەتە وەزارەتێکی تازە هاتۆتە کایەوە. و ئەهدافێکی زۆر گرنگ و زۆر پیرۆزی هەیە, زۆر زۆر تەواوە، و من هیوادارم جەنابی وەزیر، زۆر ئاگای لە خزمەتی کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکان و ئەنفالکراوەکاندا بێت بەڵام، لە بڕگە (3و4)ی ئیشوکارەکانی وەزارەتدا.وەکو کاك سەرداریش باسی لەسەر

کرد، فەقەرە (3)یەکە خۆی تەحسیل حاسلە لە ئیشوکاری ئەسڵی وەزارەتدایە کە پرۆژەو مەشاریع تەقدیم بکات. بەنیسبەت فەقەرە چواری باس لە إستسمارو تەنمیە ئەکات، من پێم وایە ئەم وەزارەتە هەدەفەکەی ئەوەندە پیرۆزە ئەوەندە گرانە، زۆر بەرزترە لە ئیستیسمارکردن و پارە پەیاکردن، چونکە لە ئەصلی نەشات و ئەهداڤی ئەم وەزارەتە، وەزارەتێکی خەدەمیە، وەزارەتێکە خزمەت بەکەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دەکات، نەك پارەیان بۆ پەیا بکات، سەرە ڕای ئەوەی کە وەزارەت خۆی میزانیەی تایبەتی هەیە مینەحیش وەرەگرێ، لەهەر لایەکەوە بێت کەباسی بابەکانی ترا لێکرایەوە، لەبەر ئەوەی بەڕای من ئەوەنەی وەزارەت دامودەزگایەکی تایبەتی دائەنێت بە ئیستیسمارکردن چەند مودیریەتێکی عام و خۆشی زۆر پێوە مەشغوڵ ئەکات، ئەو مەشغوڵ بوونە زیاترە ئەو وەختە زیاتر بدەن بەخزمەتکردن بەکەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان. ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە، جگە لەبری ئەو بڕگەیە بڕگەیەکی تر دانێن کە ئێستا کەسوکاری ئەنفالکراوەکان پێوەی ئەناڵێنن، بەنیسبەت ئەو بەڵگەنامە ڕەسمیانەی کەهەیانە لەدەفتەری نفوس لە جنسیەی عێراقی، لە عەقدی زەواج ئەمە رۆژانە لە دادگاکاندا، توشی ئەو کێشەیە ئەبن و بەرەنگاری ئەوە ئەبن کە حوجەی وەفات دەربێنن، ناچارەبن حوجەی مەفقود دەردەهێنن، بۆ ئەوەی بتوانن مناڵیان دێنە پێشێ مناڵیان بووە، دەفتەر نفوسیان نەماوە بەهۆی ئەنفالەوە، با وەزارەتی شەهیدو ئەنفالکراوەکان جەنابی وەزیر بەهەماهەنگی فەقەرەیەکی بۆ ئیزافەبکرێ. تەنسیق بکات لەگەڵ وەزیری دادو وەزیری ناوخۆ. بۆ حەل کردنی ئەو کێشەیان و چارەسەرکردنی ئەو بەڵگەنامانەی کە نەیانماوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو گوڵناز خان.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەند بەشێك لەخاڵەکانم جەنابی کاك عومەر باسی کرد سوپاسیەکەم. بەڵام ئەوەی من لێرەدا ئەیخەمە ڕوو. و یەکێکە لەداواکانی کەسوکاری ئەنفالەکان، لە 4/14دا هێنانەوەی روفاتی شەهیدەکانە ببێتە یەکێك لەئەرکەکانی وەزارەت. و لەگەڵ دانانی سێ رۆژمان ئەوێت ئێمە رۆژی 4/14 و 3/16 یەك شتە ناکرێ نکۆلی لێ بکرێت وبووەتە شتێکی چەسپیوو. لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستانیش، و رۆژێکیش تایبەت بۆ شەهید دابنرێت، چونکە ئێمە لە درێژایی شۆڕشی کوردا لە 1920 کەحکومەتی عێراق دروست بووە گەلی کورد قوربانی ئەدات و شەهید ئەدات. بەڵام ئەم دووکارەساتە دوو کارەساتن، پێناسەیەکی نوێن بۆ گەلی کورد، ولەگەڵ ئەو خاڵەی کاك دلێرام بەڕاستی گەلی ئێمە ژمارەیەکی زۆر بێ سەروشوێنمان هەیە ڕەنگە نەلە ئەنفال بن نەلە کیمیاباران بن نە شەهیدی سەنگەر بن بۆیە، ئەگەر بکرێ خاڵی بێسەروشوێنەکان ئیزافە بکرێ. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دکتۆرە.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها من پرسیارەکم هەیە ئاڕاستەی جەنابی وەزیری دەکەم. بزانم هیچ تەنیسقێکیان هەیە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەوەی تاوانی ئەنفال بخرێتە ناو مەناهیجی پەروەردەی ئیبتیدائی و متەوەستە زۆربەی منداڵەکانمان بەداخەوە دەزانن هۆلاکۆ چی کردیەوە زۆر تاوان ئەناسن بەس تاوانی ئەنفال ناناسنەوەو نازانن چیە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک تەڵعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەهەموو جیهاندا مەعلومە شەهیدەکان گۆڕستانێکی تایبەتیان هەیە. و زۆر ڕۆژ ئێمە لەجەریدەی دەخوێنینەوە یان لە تەلەفزیۆن دەردەچێ. لێرەدا کۆمەڵە قەبرەك دەرچووە، 10، 15 کەس شەهید بووە، لەولا ڕەمی کراینە، ئەگەر ئەو وەزارەتە بەو ئەرکە هەڵبستێتن یەعنی جێگایەکی تایبەت لەشاری هەولێر دابنێ بۆ نموونە، ناوبنرێ قەبرستانی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەکەمم لەماددەی 101ی دەستوری عێراقی فیدراڵی دەزگایەك هەیە بەناوی دەزگای شەهید ئەو دەزگایە کە بۆ هەموو عێراقە دیارە دەستکەوتی مادی ومەعنەوی وسیاسی هەیە، ئێمە لەگەڵ خاڵێك ڕەبتی کەینەوە. کە ئەم وەزارەتەی خۆمان لە دەسکەوتی ئەو دەزگای شەهیدانی عێراق بێبەش نەبین لەدەستە سەربەخۆکان هاتووە لەماددەی 101دا دەزگایەکە ئێمە لەبەر ئەوەی ئەو  دەستکەوتانە بۆ هەموو عێراقە. هەر بۆ بەغدا نیە. ئەوە خاڵێکم، خاڵی دووەم ئەوەی کاك دلێر باسی کرد بۆ بەدواداچوون بۆ ئەنفالەکان وکەسوکاریان و پاشماوەیان. ئێمە تەحەفوزێکمان کردووە. هەموو ئەنفالمان بەشەهید دانەناوە. بۆ نموونە لە حەفتەی پێشوودا لە مەنتقەی گەرمیان عائیلەیەکی ئەنفال دۆزرایەوە. ژنێك و دوو منداڵ، لای زابتێکی عەسکەری بوون، ئەمە لەخاڵێکدا نەهاتووە ئەرکی ئەوە بێت بەدواداچوونی هەبێت، ئەوە دوو، سێیەم ئەوەی کاك عوسمان باسی کرد سەدام جینۆسایدی کرد بەڕای منیش ئەنفالی نەکرد چونکە ئەو ئیبادەی جەماعی کرد، کۆمەڵکوژی کرد. ئەنفالی ئیستیغلال کرد ئەو ناوە بۆ ئەوەی ئیسلام ناشیرین بکات

و كورد تاوانبار بكات، چونكه له ئەنفالدا خەڵك كوشتن نيه. گرتن و ئەسيرو دەستكەوتە. بەس كوشتن نيه له ئەنفالدا له تەفسيرى ئەو ئايەتەدا و ئەو وشەيە. ئەو جينۆسايدى كرد ئيبادەى جەماعى كرد. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك د. كمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

له ڕاستى ملاحەزەيەك لەسەر وشەى شەهيد. شەهيدان وشەيەكى زۆر بەرزو پيرۆزەو موقەدەسە كە هەموومان ئەزانين. بەو كەسانە ئەوترێ كە يان پێشمەرگە بووە، لەسەنگەر شەهيد بووە، يان ئەوانەى لەگەڵ بيروبۆچوونى ئەو ديكتاتۆرانە نەڕۆيشتوون. بۆيە بەناحەق بەزوڵم، بردراون شەهيد كراون، بزركراون، بۆيە ئێمە لێرە لەپەرلەمانى كوردستان كەنوێنەرى خەڵكى كوردستانين، ماڧى ئێمە نيه ئەو سەربەرزانە له وشەى پيرۆزى شەهيد بێبەش بكەين ئەوانە شەهيدن، ئەوانەى ئەدۆزرێنەوە ئێستا، له سەحراكانى جنوب، له هەموو شوێنێك وەجبە وەجبە ئەهێنرێنەوە، ئێمە نابێ لەو وشە پيرۆزە بێبەشيان بكەين. ئێمە پێويستە ناوى وەزارەتەكەش تەعديل كەين وەزارەتى شەهيدان و ئەنفالكراوانى شەهيدى كوردستان بكەين. يەعنى ئەمانە شەهيدن من زۆر پێم گرانە كە ئەو سەربەرزانە لەم ووشە پيرۆزە بێبەش بكەين ئەمە نەلە ماڧيان كەم ئەكات ئەگەر بەعەكسەوە ئێمە ئەو وشەيان پێنەڵێين، ئەوە دڵى هەزاران كەسى جەرگ سوتاوى ئەو ميللەتە برينداد ئەبێ، ئەو ڕژێمە ديكتاتۆرە ئەو خەڵكەى بردووە له هەموو نەتەوەكانى كوردستان. كورد، مەسيحى، ئاشورى، كلدانى حەتا لەعەرەب له هەندێك شوێن و توركمان بەڵام بەنيسبەت ئێمە له ناو كوردستان، ئەو خەڵكەى ون بووە بەر شاڵاوى ئەو ديكتاتۆرانە كەوتووە، ديارنين ئێستا لەسەحراى عەرعەرو شوێنەكانى تر ئەدۆزرێنەوە، ئەمانە شەهيدن يەعنى زۆر غەريبە بڵێين ئەمانە شەهيد نين، چۆن شەهيد نين، بۆيە من تكام له ئێوەى بەڕێزى سەربەرزە ئەم وشەيە نابێت، لەو بەڕێزانە بزربكرێت، ئەوانەى كەپەيدابوون شەهيد نيەو زيندووە.بەڵام كێ هەيە نەزانێتن، كە بەچ شێوەيەك ئەم خەڵكە بردران بە لۆرى عەسكەرى بەو شێوەيە دكتاتۆرى وزوڵمە بزركران و، ئێستا وا جومجومە پيرۆزەكانيان ئەدۆزينەوە، يەعنى ئەوە تكام لێتانە موراعاتى ئەوە بكەن، و خەڵكى خۆمانى كوردستان لەو وشە پيرۆزە بێبەش نەكەن. و زۆر سوپاس.

بەنيسبەت ڕاپۆرتى ماڧى مرۆڤ. خاڵى پێنج فەقەرەى (ب، ج) من بەگرنگى ئەزانم ئيزافە بكرێتە سەر مەشروعەكە. وەكى تر لەگەڵ ليژنەى ياساييم، لەگەڵ تەعديلاتەكانى، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەروكى ئەنجومەن:**

بەخشان خان وەرەقەيەكى ناردووە، دەبوايە سەرەتا بەنوقتەى نيزام بيخوێندايەتەوە، بەڵام بەداخەوە نەيكردووە، خراپ نيه هەرچەندە دواش كەوتووە بۆ خۆمان سوودى هەيە دەڵێت، پێم وايە تێكەڵيەكە

لەناو موناقەشەدا هەیە لەنێوان سیاسەتی گشتی وەزارەت و نەخشەو پلان و ووردەکاریەکان، ئەمەش نیزامی نیە. سەرەڕای ئەوەی کەموناقەشەکە. زۆر جار بەئاقارێکی عاتفیانەدا ئەڕوات هەندێ جار، دووبارەکردنەوەی خودی دەقەکانی، پرۆژەکە دەکرێتەوە، لە حەقیقەتدا ئەمە نوقتەی نیزامە، ئەمە سودی دەبوو بۆ هەمووومان بۆ ئەوەی تیکرار نەبێتن، تێیدا بۆ ئەوەی لەتەوەری موناقەشەکەدا دەرنەچین بەڵام بەداخەوە دەستی هەڵنەبڕی بڵێت نوقتەی نیزام بەوەرەقەیەکی نارد وەرەقەکەش درەنگ گەیشت، بەهەر حاڵ سوپاست دەکەین لە موناقەشاتی ماددەکانی تردا ئاگامان لەیەکتری دەبێت. خۆی ئەو قسانەی کە کاك د. کمال کردی ڕاستە لە ناحیەی بیروباوەڕی خۆمان. بەڵام یەك موشکیلە هەیە. لە مەسەلەی ئەنفالدا تەبعەن زۆر موناقەشە کرا زۆر کەس ڕەئی وەکو د. کمال وایە، بەڵام قانونیەکان ڕایان وانیە، قانونیەکان دەڵێن ئەمە، باجی خۆی هەیە لەڕووی قانونی ئەگەر پێیان بڵێین شەهید. ئەگەر پێیان بڵێین شەهید حەقی ئەوەمان نابێت بەدوای قەزیەکاندا بچین، ئەمانە لەکوێن بزرکراون، شەهادەی وەفاتیان نیە, دوێنێ تەماشای مەحاکەمەم کرد دەیگوت شەهادەی وەفاتیان نیە بۆچی دەرنەچووە ، لەبەر ئەوە لەڕووی قانونیەوە، لە مەحاکم وا پەسەند کرا پێشتر ئێمە وەکو سیاسی ڕەئیمان وابوو، من و د. کمال وتمان ئەمانە شەهیدن، بەڵام قانونیەکان وتیان نابێ بنووسن شەهید، ئەگەر وتان شەهید ناتوانین بڵێین کوان، شەهید دەبێ جێگای هەبێتن، تەرمی هەبێتن شەهادەی وەفاتی بۆ دەرچوبێتن، حەسم کرابێت مەسەلەکان ئەگەر نا وەکو، سیاسی ئێمە عەمەلیەنیش وایان تەعامول لەگەڵدا دەکەین، لەبەر ئەوە من پاش موناقەشەیەکی زۆر ملکەچی ڕەئی لیژنەی قانوونی بووم ئەگەر نا خۆشم ڕەئیم وابوو، کە ئەمانە شەهیدن بەڵام، قانونی تەماشا ئەکەی، من باری ئەوەی ناتوانم هەڵبگرم زەرەرێکی قانونی بێت نازانم، ڕەئی لیژنەی قانونی لەسەر ئەوە مەوزوعە چیە کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بزەبت ئێمەش لەگەڵ ئەو ڕەئیەینە بەڵام لەڕووی قانونیەوە ناتوانرێ تەحامول بکرێت و مەلەفی ئەنفالیش هەر ئەبێ کراوەبێ بەحەقیقەت ئەوەی کە دەدۆزرێتەوە فیعلەن حیسابی شەهیدی بۆ دەکرێ وئەو پلە بەرزە وەردەگرێ بەڵام ئەوەی کە نادۆزرێتەوە بەتەئکید موعامەلەی ئەنفالی لەگەڵ دەکرێ, یەعنی موئەنفەلین ئەوەی کە لەوەزارەتەکەدا هاتووە ئەو وشەیەی کەلەوەزارەت هاتووە و بۆ زیاتر زانین سێ چوار ڕۆژ پێشتر ئێمە لەکۆنفرانسێك حازر بووین جەنابی وەزیر کۆنفرانسێکی کردبوو. لەو مەسەلانە ئەو تەسنیفاتەی هەموو تێدایە و ئەبێتە پرۆژە ئەو ملاحەزاتانەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتیان پێدا زۆر بەوردی و زۆر بەتەفسیلی لەو یاسایەدا هاتووە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

ئێستا داوا لە خاتوو چناردەکەین ڕەئی خۆی لەسەر ئەو ڕەئی و پێشنیارانەی کە کران بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر موافەقە لەسەر هەندێکیان ئەگەر بۆمان بڵێتن ئەگەر پێی وایە زیادە ئەوە هینی بکاتن.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن زۆر سوپاسی بەڕێزان و خوشکان و برایان دەکەم کە تەداخولیان کرد، حەتمەن بەڕۆحێکی دڵسۆزانە دەیانەوێت بابەتەکە زیاتر دەوڵەمەند بکەن پێم وایە ئەوە چوارچێوەیەکی یاساییە لێرەدا دانرایە یەعنی هەریەك لەتەوەرەکان ئەگەر شی بکەینەوە ڕەنگە ئەگەر وابێ یەك دونیا فروعاتی لێ ئەبێتەوە و ووردەکاری لێ دەبێتەوە، و تەعلیمات و نیزامی تایبەتی خۆی دەوێ، بۆیە ئەوەی جەنابیان باسیان کرد. لەزۆر جێ مەسەلەن ئیشارەیان بەتەعویزات دەکرد، لێرەدا بەندێك تەسبیت بکەین بۆ تەعویزاتی ئەوانە من ئاگاداری بەڕێزان دەکەمەوە ئەو ڕۆژەی کە کوتلەی کوردی لە بەغدا هاتبوونە ئێرە، لەگەڵ د. فؤاد مەعسوم قسەمان کرد ئێستا خەریکی ئامادەکردنی پڕۆژە یاسای تەعویزاتین. لێرە ئێمە دەیدەینە کوتلەی کوردی لەوێ تەسبیتی بکا وەکو یاسایەك، یەعنی ئەمە یاسایەکی تایبەتی دەوێ مەسەلەن باسی رۆژی شەهیدیان کرد، ڕۆژی شەهید هەیە بەڵام ئەوەی کە ئەنفال بەجیاو مەسەلەن قۆناغەکان بەجیابێ ئێمە تەقویمێك لە وەزارەت دادەنێین دیارە کە دەڵێین ( تمجیدهم و احیاء ذکراهم) یان تەقویمێك دادەنێین بۆ هەموو یادەکان ئەوە ئەرکی وەزارەتە چالاکی بکات و ئەو یادانە بەرز ڕابگرێ. و یادیان بکاتەوە. لێرەدا بەڕێزێك مەسەلەی(العمل بالتنسيق مع الحكومة)ی باس کرد. بەڕێزێك باسی کرد ڕێکخراوی تایبەتی هەیە( ئێن، جی، ئۆ) تەعامول لەگەڵ مونەزەمات بکات لەبەر ئەوەی حکومەت ناتوانێ، من دەمەوێ بەجەنابی بڵێم هەندێك لە ڕێکخراوەکان تەنها تەعامول لەگەڵ حکومەت دەکەن لەگەڵ ڕێکخراوی ( ئین، جی، ئۆ)ی ناکەن بەپێچەوانەوە ڕێکخراوی دیشمان هەیە ئێمە وەکو حکومەت دەتوانین تەنسیق بکەین لەگەڵ هەردووکیان، ئەو دەقە دروستە. لێرەدا مەسەلەی جانبی تەربەوی و تەعلیمی و سەقافی باس کرا، وەکو ڤیان خان باسی کردو هەندێك لەبەڕێزان پێم وایە لێرە بەووردی ئەو جانیبانە هەموویان هاتینە. لەمەسەلەی کێشەی وەفاتنامەیان هەیە لێرە لە خاڵی (1) دەڵێ(توفير الرعاية المادية والمعنوية) لایەنە مەعنەویەکە ئێمە چاودێریان دەکەین، کێشەکانیان هەموو ئەو لایەنانە ئەرکی وەزارەتە ناکرێ بچینە ناو وردەکاریەکان و سیاسەتی وەزارەت، بەڵکو نیزام داخلی هەیە تەعلیماتی تایبەتیمان هەیە لەسەر ئەوە ئەوانە ورد دەکەینەوەو دەیکەینە پلانی وەزارەتمان. دوایی مەسەلەی ( شهداء) برادەران باسیان کرد ( ذوي الشهداء والمؤنفلين) دەکرێ لێرە من لەگەڵ ئەو ڕەئیەمە کە( المفقودين) زیاد بکرێت بۆ ئەوەی شمولی بێت.کوردە فەیلیەکان و بارزانیەکان و ڕەشەکوژی ئەوانیش بگرێتەوە. هەندێك لەبرادەران باسیان کرد لێرە لەخاڵی حەفتەم. توپیق کل ما يتعلق بالمؤنفلين وضحايا الأسلحة دیارە لێرە حەسر بووە (بالمؤنفلين وضحايا الاسلحة) دەکرێ لەگەڵ ڕەئی ئەوانا ئەوە ئیزافە بکەین(توثيق كل ما يتعلق بالإبادة الجماعية) یەعنی هەموو ئەو جەرائیمانەی بەسەر کوردا هاتووە دەیانگرێتەوە. ئەگەر لیژنەی قانونی بەدروستی دەزانن، زۆر لەو خاڵانەی باسکران موتەئەکید بن، ئەوە پلانی وەزارەتە بەڵام تەعلیماتە ئێمە بەتەعلیمات ئەوانە چارەسەر دەکەین. دوای ئەوە کاك شێروان و کاك کەریمیش ئیشارەیان بە یاسای

تەقاعودی و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوەکان کرد. ئێمە پرۆژە یاسای تایبەتمان هەیە. لەوێ پێناسەی شەهید دەکەین. ئەنفال دەکەین تەسنیفی دەکەین، ئیمتیازاتەکان تەحدید دەکەین، یەعنی ئەوە هەموو سیاسەتی وەزارەتە تایبەتە بە هەیکەلی وەزاری بەلام، بێگومان کۆمەڵێك یاسای دیمان پێویستە، کە حەتمەن

دێتەوە بەردەمی ئێوەی بەڕێزو لەوێ قسەی لەسەر دەکەن، ناکرێ هەموو کێشەکان لێرە چارەسەر بکەین بەڵکو ئەوە تەنها ئیتارە عامەکەی لۆ دادەڕێژین، بۆ یاساکانی تر و تەعلیماتی تر دەچینە ناو ووردەکاریەکان، بەڵێ لێرە خاڵی پێنجەم (العمل مع الجهات ذات الاختصاص للاهتمام للجانب التربوي والتعليمي والثقافي والاجتماعي والصحي والاقتصادي والاعمار لعوائل الشهداء) إعمار لێرەدا مەبەستمان ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوند و لادێیانەیە کە خەڵکی موئەنفەل دوای ئەوەی کە لادێکانیان وێران کراوەو هاتنە ناو موجەمەعات، بۆیە إعمار مەبەستمان ئاوەدانکردنەوەو هاوکاریکردنیانە بۆ گەڕانەوە بۆ شوێنی تایبەتی خۆیان، ئەگەر لیژنەی یاسایی و جەنابتان لەگەڵ ئەوەنە کە ئەمە زیادە و ئەو ئەرکە نابینێ مانع نیە دەکرێ گۆڕانکاری تێدا بکرێت. د. هالە باسی تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی کرد وەزارەتی پەروەردە خەریکی دارشتنی فەلسەفەی خۆیەتی، لە فەلسەفەکەی خۆی بێگومان، لایەنی نەتەوەیی لەبەرچاو بگرێت، لەوێدا ئەو جەرائیمانەش لەبەرچاو بگرێت کە گەلی کورد هەموو موعاناتی تأريخی بەچیدا رۆیشتیە، باس لەو هەموو جینۆساید و ئەو تاوانانە بکرێت لە مێژوو ڕەنگ بداتەوە لە جوگرافیا ڕەنگ بداتەوە، لە کۆمەلایەتی ڕەنگ بداتەوە، ئەوە شتێکی ئاساییە و فەلسەفەی پەروەردە دەبێ چارەسەری بکات. و ئێمە پێشتر لەگەڵ وەزارەتی مافی مرۆڤ قسەمان کردووە، بۆ مەسەلەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان وچارەنووسیان و گێڕانەوەیان ئەرکی وەزارەتی مافی مرۆڤ بێت، بەلام دواتر دانیشتین و تەنسیقمان کرد ئەوئەرکەیان خستەوە سەر وەزارەتەکەی ئێمە، تەبعەن ئەو پرۆژەیە دەرچوو بوو ئەو دەمەی گەیشتبووە پەرلەمان بۆیە بڕیارماندا لەپەرلەمان لێرە ئەو دەقە ئیزافە بکەین. بۆیە من لێرە پێم باشە لەبەر ئەوەی مودیریەتێکی تایبەت إستیحداس دەکەین، بە گەڕان بەدوای گۆڕە بەکۆمەڵەکان و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و گێڕانەوەیان بۆ کوردستان، پێم باشە لێرەدا بەندێك، فەقەرەیەك ئیزافە بکرێت، بکرێتە سیاسەتی وەزارەتمان ئەویش بەچ شێوەیەکی یاسایی ڕێکی دەخەن یەکێك لە مەهامەکانی وەزارەت ئەوەیەکە گەڕان بەدوای چارەنووسی گۆڕە بەکۆمەڵکان و گێڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان و مەسکەنی خۆیان. سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكي):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك مولاحەزەیەك لەسەر ئەوەی وەفاتنامە باسکرا بۆ، شەهیدانی ئەنفالکراو، کێ وەفاتنامەیان بۆ بکات کە ئەم خەڵکە بەسەدان هەزار بردران، بزرکران کێ بووە لەکام دەزگایەك بنووسی وەڵلا ئەمە ئەنفالکراوە، عەوائل هەبوو هەر کۆمپلیتی رۆیی دەزگای مەنتیقە نەما حکومەت نەما ئێمە ئێستا کە نوێنەری ئەو

خەڵکەین هی ئەو شەهیدانەین، ئەبێ ڕێگایەك بدۆزینەوە بۆ تەوسیقی ئەو شتە، خاڵی دووش ئەوەی کە چنار خان خۆی ئیزافەی کرد، بۆ گەڕان بەدوای چارەنووس وئەو شوێنانە کە ئەو ڕێزدارانە لێی ئەنفالکراون و بهێندرێنەوە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند ئەنفالمان هەیە کەسوکارەکەی بەناچاری چون ئەنفالەکەیان کردووە بەمردوو، لە دوای 1991کەوە، ئەمە ئەگەر بڕیارێك دەرنەکەین بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو وەفاتنامانە ئەوە کێشەی گەورە لە مەسەلەی ئەنفال ئەدات. سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی من هەر خاڵی یەکەمم خوێندەوە, دوایی بە بەڕێزت وتت  خاڵەکان هەمووی بەیەکەوە موناقەشە ئەکەین. ئەوەی کە ئێمە زیادمان کردبوو.

1- زیندوو ڕاگرتنی یادەکانی کیمیابارانی هەڵەبجەو ناوچەکانی تری کوردستان وئەنفال و شەهیدانی کوردستان وەکو هێمایەکی نەتەوەیی گەلی کوردستان.  ئەوەی کە دەڵێ باسی شەهیدانت نەکرد.

2- ناساندنی ئەو دوو کارەساتە بەجیهان وەك جینۆسایدی نەتەوەیەکی زیندووی ڕۆژهەڵات و، دانانی یادگاری شیاووشایستە بۆیان. ئێمە ئەو دوو خاڵەمان زیاد کرد لە کارەکانی ئەم وەزارەتە نەك ئەوە کە بەهای شەهیدان کەم بکەینەوە. یەعنی شەهیدان هاتووە. بەس جیامان کردەوە و پێشنیاری ئەوەشمان کردووە کە بەڕێوەبەرایەتیەکانیشی جیابن بۆ ئەوەی کە کەس مافی کەس نەخوات، یان کەس نەبێ بەژێرەوە، مەسەلەن ئێستا لەکەرکوکا هەمیشە کە دەڵێی کەرکوك ناوچەکانی تریش گلەیی دەکەن، ئەگەر لە ئەوەڵ جارەوە بەدیقەتەوە ئەو کەلیمەیە بووترایە ئەو گرفتە دروست نەئەبوو بۆ ئەوەی شەهیدی سەنگەر شەهیدی پێشمەرگە دیاربێ شەهیدی کیمیاباران دیاربێ قوربانیەکانی ئەنفال دیاربن، یەعنی ئەمانە بۆ ئایندە کاریگەریان هەیە من وانازانم مەلەفی کیمیاباران و ئەنفال داخرابێ، بەپێچەوانەوە لەمەودوا ئەمەیە، کە نەتەوەی کورد ئەباتە پێشەوە، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە بڕیاری نێودەوڵەتی هەیە، وەکو ئەو شتانەی کە هاوشێوەی مەسەلەکەی ئێمەن، سوپاس.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە بدەی کاك محمد خۆی کە دەڵێی سیلاحی کیمیاوی خۆ تەنها لە هەڵەبجە نەبووە، لە 15 - 20 جێگابووە. یەعنی ئەگەر یەك جێگا ئاماژەی پێ بدەی دەبێ ئاماژە بەهەمووی بدەی. ئەوە مەبادئی عامە، وەزارەت پێی هەڵدەستێ بۆنەکان دیاری دەکات ئیهتیمامیان پێدەدات ئەوە بەتەفسیلات بەڵام کەوتت ئەسلیحەی کیمیاوی هەمووی دەگرێتەوە. گۆپ تەپە دەگرێتەوە، گەرمیان دەگرێتەوە، بادینان دەگرێتەوە شێخ وەسانان دەگرێتەوە، هەموویان دەگرێتەوە هەڵەبجە دەگرێتەوە، تەبعەن لەپێش هەموویانەوە، بەڵام

من يەك خاڵم پێباشە كە ئاماژەت پێكرد ئەویش ئەوەیە، لە واجیباتی وەزارەت ئەوە بێتن كە جیهاتی دووەلی تەعریف بكاتن بەوقەزێیە ئەوەی تێیدا نیە وابزانم.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله (وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

﴿احیاء المناسبات الخاصة بذكری الشهداء والمؤنفلین وتمجیدبهم وتخلیدهم﴾ نەی گوتیە لێرە لەناو حدودی كوردستان ئەو دەڵی(احیاء و مناسبات و بذكری) كەواتە تۆ دەتوانی بیبەیتە ئەو پەڕی دونیاش لەویٚ یادیان بكەیتەوە لەویٚ ئیحتیفالیان بۆ بكەی قەیناكا لەموناسەباتەكان دەكریٚ، بۆنەیەك لەوێندەریٚ قسەی لەسەر بكەی موئتەمەری لەسەر بكەی، حەتا ئەگەر بەو موناسەبەیە ئەو ئیشە دەكەی.

**بەڕێز سەروكی ئەنجومەن:**

عەفوو ئەگەر ئیزافەی جوملەیەك بكەی كاك شێروان. بەڵكو وا بكەی ملاحەزەی مافی مرۆڤ سەحبی بكاتەوە. احیاء المناسبات الخاصة بذكری الشهداء والمؤنفلین وتمجیدبهم وتخلیدهم والعمل علی تعریف هذه الجرائم في الاوساط محلیاً ودولیاً. لە نیهایەتی فەقەرەكەدا ئیزافەبكرێتن.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەخاڵی شەشەم هاتووە. لە پرۆژەكەی وەزارەت. كۆشش كردنەكە لای ئێمە بووەتە. (كاركردن بۆ ڕاست كردنەوەی، واقعی ژیانی كەسوكاری شەهیدان وئەنفالكراوان).

أ- بەرزكردنەوەی ئاستی بژێوی و گوزەرانیان.

خودكەفاكردنیان لە ڕێگای كردنەوەی بنكەو فێرگەی پیشەدەستی و دەست ڕەنگینی لە ناوچانەی كە زۆرترین شەهیدو قوربانیان تێدایە.

ج- دروستكردنی كارگەی گونجاو وپێویست لەو ناوچانەدا بۆ سوود مەندبوونی كەسوكاری شەهیدان وئەنفالكراوان.

خاڵی شەشەم لێرەدا ئەبێتە خاڵی چوارەم.

**بەڕێز سەروكی ئەنجومەن:**

خاتوو چنار ڕەئیت.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله (وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە لیژنەی مافی مرۆڤ ئەوەی جەنابتان باسی دەكەن لەخاڵی چوارەم كەوا دەڵێت (وضع السیاسة العامة لتنمیة موارد الوزارة)  ببورە لە شوێنێكی كە خاڵی پێنجەم (العمل مع الجهات ذات الاختصاص للاهتمام بالجانب التربوي والتعلیمي والثقافي والاجتماعي والصحي) یەعنی ئەوە هەمووی بوارەكان دەگرێتەوە. كەجەنابتان شیتان كردیتەوە و وردتان كردیتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من ئەوەی کاك محمد باسی کرد، وەسائیلە بۆ تەحقیقی ئەهداف، لە زمنی ئیشوکاری وەزارەتە، لە زمنی ئەهدافی ڕەئیسی نیە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

کاك محمد ئەوە ڕەئی خاتوو چنارت بیست لەگەڵ ڕەئی قانونی. ئێستا خۆت ڕەئیت پاش ئەو دوو ڕەئیە چیە؟

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەکەم کردووە بەخاڵی تر هەرئەوەنەیە بۆ ئەوەی دیار بێت. لەویٚ ئیستسمار بۆ وەزارەتەکەیە. ئێمە لێرە ئەمانەوێت کەسوکارەکە بەقوەت بن. فەرقەکە تەنها لێرەدایە.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی إستسمار بۆ وەزارەت بۆ کەسەکانی وەزارەت و موزەف و وەکیل و وەزیر ئەوانە نیە، رجائەن ئیستسمارەکە کە دەکرێ، بۆ ئەوەیە کە ئیستقلالیەت بەدەست بهێنین بتوانین باشترکاربکەین، بۆ ئەوەی کەسوکاری شەهیدان ئەوەندە چاویان لەحکومەت و منەزەمات و میزانیەی حکومەت نەبێ، ئیستقلالیەتی مادی هەبێتن بتوانین نمونەمان هەیە لە ئێران نمونەمان هەیە لەو وڵاتانەی، یابان ئەوانە، هەمووی شەریکاتی تایبەتی هەیەو ئەو موئەسەساتانەی کە تایبەتن بە مەسائیلی ئینسانی، بۆیە پێم وایە ئەوە زۆر زەرووورە بۆ ئەوەی ئیستقلالیەت پەیدابکەین و بتوانین باشترین خەدەماتیان پێشکەش بکەین.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەیەك زۆر موناقەشەی لەسەر کرا د. کمالیش ئیشارەتی پێدا. مەسەلەی ئەحوالی مەدەنی و ئەحوالی شەخصی موئەنفەلین، ئێمە لەو پەرلەمانە بڕیارێکمان دەرهێناوە ئەوەمان بەموعەلەقی بەجێنەهێشتیە، ئێستا بڕیارەکە لەبەردەستم نیە بیخوێنمەوە. بەڵام من موتەئەکیدم ئەو مەسائیلانەی ئەحوالی شەخصی کە عیلاقەی بەکەسوکاری موئەنفەلینەوە هەیە ئەوەی متەوەفیە ئەوەی کەمایە، هەمووومان لەو بڕیارە عیلاج کردووە، نازانم بزەبت تأریخی بڕیارەکە و هینەکە بەڵام ئەتوانم بیخەمە بەردەست بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەروكی ئەنجومەن:**

كاك محمد ئەگەر موقتەرەحەكەت سەحب ناكەی دەیخەمە دەنگ دانەوە. كاك محمد موقتەرەحێكی هەیە ئیبزافە بكرێتن دەخوێنێتەوە ئەگەر ڕازینە ئیزافەی دەكەین، ئەگەر ڕازی نین ئەچینە سەر ئەصلی شتەكە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەعنی من بۆ ئەو شتەی چنار خانی ئەیلێ من موناقەشەم نیە، ئەوەنەی لای من گرنگە ئەم كەسانە، هەمیشە چاوەڕێی حكومەت نەبین. خۆیان خود كەفابن، یەعنی گرنگی دانەكە لێرەدایە.

4- كاركردن بۆ ڕاستكردنەوەی واقیعی ژیانی كەس وكاری شەهیدان و ئەنفالكراوان بە:

بەرزكردنەوەی ئاستی بژێوی و گوزەرانیان.

خودكەفاكردنیان لە ڕێگای كردنەوەی بنكەو فێرگەی پیشەدەستی و دەست ڕەنگینی لە ناوچانەی كە زۆرترین شەهیدو قوربانیان تێدایە.

ج- دروستكردنی كارگەی گونجاو وپێویست لەو ناوچانەدا بۆ سوود مەندبوونی كەس وكاری شەهیدو ئەنفالكراوان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی ئەصلی پرۆژەكە چیە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

1-السعي للنهوض بواقع المشمولين بأحكام هذا القانون من خلال تعاون وتنسيق الوزارة مع الممولين الدوليين والمحليين والمنظمات الحكومية وغير الحكومية وفق القوانين النافذة.

5-العمل مع الجهات ذات الاختصاص للاهتمام بالجانب التربوي والتعليمي والثقافي والاجتماعي والصحي والاقتصادي والاعمار لعوائل الشهداء والمؤنفلين ووضع برامج ومناهج لتطوير ذلك.

**بەڕێز سەروكی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحەی پێنجەم لیژنەی ماڧ مرۆڤ بەتەنها كردوویەتی بە سێ نوقتە. لە جیاتی ئەوا، كێ موقتەرەحی لیژنەی ماڧ مرۆڤی پێباشە بادەستی بڵند بكات.

ئەوەی ئەصلی پرۆژەكەی پێ باشە بادەستی بڵند بكات.ئەكسەریەت، ئێستا ماددەكە بەوەرگرتنی مولاحەزات، ئەگەر هەمووتان وەرگرتبێ. بەڵام بەتەئكید لای خۆتان نوسیوتانە، بۆیە ئەگەر پێتان ئەكرێ ئێستا حازرتان كردبێ باشە ئەگەرنا، دەچینە سەر ماددەی تر. لە دوایدا دەنگ دەدەین بۆ ئەو ماددەیە. حازرە ئەو ئیزافاتانە.

**بەڕێز سعد محمد امین (وەزیری هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**نازانم ئەگەر لەباری قانونی وارد بێ من ئەو پێشنیارە بکەم بەئیجازەی خاتوو چناریش. من بۆ ئەوەی جەنابت ئیشارەت پێدا، و لیژنەی مافی مرۆڤیش ئەو پێشنیارەیان کرد، بەجیهانی کردنی ئەو دوو کارەساتەیە، ئەنفال و جینۆساید. باشە سوپاس.**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

**کاك عەونی حەزەکەی ئەصڵەکەی بخوێننەوە، ئەو مولاحەزاتانەی کە خاتوو چناریش موافەقەی لەسەر کرد، دوایی بەئیتفاق لەگەڵ وەزیر دەیخەینە دەنگ دانەوە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية: تتولى الوزارة تأدية المهام و تحقيق الاهداف التالية:**

**1-توفير الرعاية المادية والمعنوية لذوي الشهداء والمؤنفلين لتمكينهم من العيش حياة حرة كريمة.**

**2- احياء المناسبات الخاصة بذكرى الشهداء والمؤنفلين وتمجيدبهم وتخليدهم.**

**3- اقتراح القوانين وتعديلاتها لمجلس الوزراء من اجل تحقيق مهام واهداف الوزارة.**

**4- وضع السياسة العامة لتنمية موارد الوزارة واستثماراتها ضمن اطار التزاماتها القومية والوطنية و اهدافها الاجتماعية والاقتصادية وتنفيذها بعد اقرارها بموجب القوانين النافذة.**

**5- العمل مع الجهات ذات الاختصاص للاهتمام بالجانب التربوي والتعليمي والثقافي والاجتماعي والصحي والاقتصادي والاعمار لعوائل الشهداء والمؤنفلين ووضع برامج ومناهج لتطوير ذلك.**

**6- السعي للنهوض بواقع المشمولين بأحكام هذا القانون من خلال تعاون وتنسيق الوزارة مع الممولين الدوليين والمحليين والمنظمات الحكومية وغير الحكومية وفق القوانين النافذة.**

**7- توثيق كل ما يتعلق بالمؤنفلين وضحايا الاسلحة الكيمياوية لمطالبة الحكومة الاتحادية والجهات التي جهزت العراق بتلك الاسلحة لتعويض عوائلهم.**

**8- العمل بالتنسيق مع الحكومة الاتحادية والمنظمات الدولية الحكومية وغير الحكومية لاحالة مخططي ومنفذي عمليات الابادة الجماعية بحق ابناء شعبنا الى المحاكم المختصة للقصاص منهم.**

**9- التعاون مع الجهات ذات العلاقة بتأمين السكن لعوائل الشهداء والمؤنفلين وضحايا الاسلحة الكيمياوية.**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

**ئەو ماددەیە بەو گۆڕانکاریانەی کە پێویستە لەبەر ڕۆشنای ملاحەزاتەکانی کە کرایە و قبوڵ کران، لەلایەن( وەزیری شوهەداو لیژنەی قانونی و لیژنەی مافی مرۆڤ) یش دەیخەمە دەنگ دانەوە.**

**کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات.فەرموو.**

کێ لەگەڵی نیە با دەستی بڵند بکات.  بەتێکڕای دەنگ قبوڵ کرا. وابزانم ماددەکانی تر هەمووی ڕۆتینن، تەنها ئەو ماددەیە نەبێت. إنشا للە پێش سەعات دوو تەواوی دەکەین، ئەزانم گەرماتانە. فەرموو ماددەی سێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

اولاً: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن أعمالها وتوجية سياستها وتصدر عنه وتنفذ بأشرافه جميع القرارات و الاوامر و التعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة و تشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون.

ثانياً: وكيل الوزارة:يساعد الوزير في توجية الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسا.

هەرچی ماددەی سێیەم و چوارەمە لیژنە ئەو پێشنیازەی خوارەوەی هەیە:-

هەردووکیان یەك بخرێن و ببن بەماددەی سێیەم چونکە هەردووکیان پەیوەندیان بە پێکهاتەو پێکهێنەرەکانی وەزارەتەکەوە هەیە، پاشان بەپێی ئەوە ماددەکانی پاش ئەوەش ڕیز بەند دەکرێنەوە.

جێگای بڕگەکانی, بەپێی گرنگی و ریزبەندی ئاسایی پێکهاتەو پێکهێنەرەکانی وەزارەتەکە دووبارە ریز بکرێنەوەو, پرۆژەکەش وەکو پرۆژەی وەزارەتە تازەکانی دیکە, ئەم رشتەو ریز بەندەی خوارەوەی بۆ زیاد بکرێت:-

ماددەی سێیەم: پێکهاتەکانی وەزارەتەکە

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی باڵاو, بەرپرسی ئیش و کارو ئاڕاستەکاری سیاسەتی وەزارەتەکەیەو, سەرپەرشتی و ریقابەی دەکا. وبۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بە بریکاری وەزارەت, بەرێوەبەرە گشتییەکان, یان بەوکەسەری لە وەزارەتدا بەشیاوی دەزانێ بسپێرێت هەموو ئەو بڕیارو فەرمان و رێنماییانەی کە پێوەندییان بە ئەرکوفرمان و پێکهاتەو ودەسەڵات و, کاروباری دیکەی هونەری و دارایی و ئیداری و رێکخستنی وەزارەتەکەوە هەبێ, بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە, لە وەزیرەوە دەردەچن و, خۆی سەرپەرشتیی جێبەجێکردنیان دەکا, وەزیر بەرپرسیشە بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیران, چونکە ئەندامێکی هاوکاری ئەنجومەنەکەیە.

دووەم: بریکاری وەزارەت: لە چوارچێوەی سەلاحییاتدا, کە وەزیر پێی دەسپێرێ یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاڕاستەکردن و سەرپەشتکردنی کاروباری وەزارەتەکەدا, مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیی تایبەت بەم ئیشەوەی هەبێت.

سێیەم: نووسینگەی وەزیر: فرمانبەرێ, بەپلەی بەرێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکاو, بەرێوەی دەبا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ. ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فرمانبەرێ بەپلەی  بەرێوەبەر, سەرۆکایەتیی دەکاو بەرێوەی دەبا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ. ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

پێنجەم: راوێژکاران: لە چوارکەس زیاتر نابن, دەبێ بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و, خاوەن ئەزموون و کەردەش بن.

شەشەم: بەرێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ئیداری و دارایی: فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکاو, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و, خاوەن ئەزموون و پسپۆڕیش بێ. ئەم بەرێوەبەرایەتیانەی خوارەوەش وابەستی دەبن:

ا. بەرێوەبەرایەتیی ئیدارەو زاتییە.

ب ـ بەرێوەبەرایەتیی حساب و حسابکاری.

ج ـ بەرێوەبەرایەتیی لێوردبوونەوەو ریقابەی ناوخۆ.

د ـ بەرێوەبەرایەتیی هەمەژمێری( ئامار)و لێکۆڵینەوە.

ھ ـ بەرێوەبەرایەتیی پلاندانان و بەدواداچوون.

و ـ بەرێوەبەرایەتیی کاروباری یاسایی.

ح ـ بەرێوەبەرایەتیی خزمەتگوزاری: لەبەر ئەوەی کە زیادەیە, بەپێکهاتن لەگەڵ وەزیردا, لامان برد.

حەوتەم: بەرێوەبەرایەتی گشتیی وەبەرهانین: فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و, خاوەن ئەزموون و پسپۆڕیش بێ. ئەم بەرێوەبەرایەتیانەی خوارەوەش, وابەستی دەبن:

ا. بەرێوەبەرایەتیی پرۆژەکان.

ب ـ بەرێوەبەرایەتیی کاروبار.

ج ـ بەرێوەبەرایەتیی حساب و حسابکاری.

د. بەرێوەبەرایەتیی پێکهاتنەکان: ئەمەیان, لابرا, چونکە زیادەیەو, ئیشەکەشی, ئیشی بەرێوەبەرایەتیی کاروباری یاساییە.

ز. بەرێوەبەرایەتیی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:ئەمەش, لابرا, چونکە بە هەڵە کەوتووەتە پرۆژەکەوە.

هەشتەم: بەرێوەبەرایەتی گشتیی خزمەتگوزاریی کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان: فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و, خاوەن ئەزموون و پسپۆریش بێ.

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە پارێزگاکانی هەرێمدا: فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و, خاوەن ئەزموون و پسپۆریش بێ. ئەم بەرێوبەرایەتییانەی خوارەوەش وابەستی دەبن:**

**ا. بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان.**

**ب ـ بەرێوەبەرایەتی کاروباری ئەنفالکراوان.**

**ج ـ بەرێوەبەرایەتی ئیدارەو زاتییە.**

**د ـ بەرێوەبەرایەتی حساب وحسابکاری**

**هـ ـ بەرێوەبەرایەتی لێوردبوونەوە.**

**و ـ بەرێوەبەرایەتی راگەیاندن و پێوەندیکاری.**

**ز ـ بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

**کاک شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مادده سێ و مادده چوار دەمج بێتن ئەوەش پێویست بە تەسویت دەکاتن. بەقەناعەتی ئێمە ئەگەر دەمج بوو تەشکیلەکەمان بە تەنسیق لەگەڵ جەنابی وەزیر داناوە، ئەو وەختە هەیکەلی وەزارەتەکە، لە ئەلفی هەتا یائی دەخوێنینەوە. و گفتوگۆ لەسەرئەوە دەکەین، ئەمە خاڵی یەکەم. خاڵی دووەم. محاوەلەمان کردیە لەگەڵ جەنابی وەزیر، بەعزە تەقلیساتێك بکەین لەمودیریەتەکان ڕەنگە مودیریەتێکی زۆرمان تەقلیس کردبێ، چونکە تەزەغومێکی زۆری تێدایە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

**ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی بۆ دەمجی ئەو دوو ماددەیە دەخەمە دەنگەوە.**

**کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات. فەرموو.**

**کێ لەگەڵی نیە دەستی بڵند بکات. یەك کەس لەگەڵی نیە باشە. خوێندرایەوە ماددەکە، هەمووی بە تەفسیلی خوێندرایەوە، دوو مولاحەزە هەیە، وا بزانم ڕۆتینە لە هەموو وەزارەتەکانی تریشدا هەر وابووە. وا بزانم دوو مولاحەزە هەبوو، مولاحەزەکان ڕوونن با لای هەموومان ڕون بێتن، ( مدیریات عامة للمحافظات) نەوەکو هەروا تەسەور بکاتن لە سلێمانی دەبتە مودیریە ( لەسلێمانی مودیریەی عامە لە هەولێر مودیریەی عامە لە دهۆکیش مودیریەی عامە) دەبێ سبەینێ ئەگەر کەرکوکیش پاش جێبەجێکردنی ماددەی (140) بێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. مودیریەی عامەش دادەنێین لە کەرکوك. ئەوە یەك. دووش کاك فرست ملاحەزەی هەیە حەزەکەم خۆی تەقدیمی بکاتن ئێستاکە لە قانونەکەیا**

ئەبێتە ( سابعاً) لە پرۆژەکەش ( سادساً) ئێستا ئەبێتە ( سابعاً) مودیریە عامەی ئیستسمارات. فەرمووو کاك فرست.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موداخەلەی من موداخەلەیەکی ساف قانونیە بەڕاستی، ئەرك وواجیباتی مودیریەی عامەی ئیستسمارات ئەوی لێرە هاتیە نووسین، و ئەوەی ئێمە ئەزانین، زۆر گەورەترە لەئەرکو واجیباتی مودیریەکی عام ئەگەر سەیری مادده (6) بکەین، ئەو مودیریەی عامە میزانیەتی خۆی ئەبیتن، وارداتی خۆیشی ئەبێت، ئەو واریداتانە ناچنە خزینەی مەرکەزی، ئیحتفازی پێئەکاتن، و موحاوەلە ئەکاتن وورده وورده، تەنمیەی پێ بکاتن، ئەگەر بێین تەماشای ئەو سیماتانە بکەین، ئەوە سیماتی مودیریەکی عام نیە، سیماتی دەزگایەکی لامەرکەزیە، لازمە شەخصیەتی مەعنەوی هەبیتن، چونکو تەسەروفاتی قانونی هەیە، سبەی داخلی عقود دەبیتن، سبەی دور نیە شەریکات دروست بت، بەو شکلە نابیت مودیریەتی عامە، ئەو ئیشانە بکات، دوو ئەگەر بیت وبلێین میزانیەی خاصی ئەبیتن، ئەبێ بەیانی بکەین چ نەوعە میزانیەتەکە، یان میزانیەتەکە وەك میزانیەتی وەزارەت، دەمجە لەگەڵ میزانیە هەرێم، یان میزانیەکی موستەقیلە، سەربەخۆیەو مەفروزە، وابێ چوکو، واریداتی خۆی دەبیتن، یان میزانیەکی مولحەق بیتن، وەك میزانیەی پەرلەمان مولحەق بیتن، بە میزانیەی عامی هەرێم، سیماو سیفاتی ئەو تەشکیلاتانە هەموو، پێ ئەچێتن لازمە ئەو دەزگایە ببتە دەزگایەك، شەخصیەی مەعنەوی خۆی هەبیتن، مودیریاتی عام ئیعتیادی لە قانونی ئیداری، شەخصیەی مەعنەوی پێنادەن، من لە هەموو تەشکیلاتی حکومەتی عێراقی یەك جارم دیت شەخصیەی مەعنەوی، بەمودیریەتی عامی دابوون ئەویش، بەڕای من خیلافی قانونی ئیداری بویە، لەبەر ئەوە ئیقتیراحم ئەوەیە، ئەو دەزگایە ئەهەمیەتی زیاتر پێبدەین چونکە موحتاجی ئەوەین، ناوەکە لە مودیریەی عام ببتە هەیئەی عام، لە ژێر ئیشرافی وەزیر بیتن، ببتە هەیئەیەکی ئیداری لامەرکەزی، ئەو وەختە نەسەکیش چێبکەین، شەخصیەتی مەعنەوی پێبدەین، دوو میزانیەی موستەقل حەقی هەبیتن، میزانیەی موستەقل هەبتن وەك میزانیەی هەر بەلەدیەك، چونکو میزانیەی موستەقل کەنگی ئەبیتن ئەو وەختە ئەبیتن کە دەزگا وارداتی موستەقلی خۆی هەبتن، وە ئیحتیفاز بەو واریداتانە بکاتن، لازمە میزانیەی موستەقل بت، سێ چونکو مەجالی نیە لێرە، تەشکیلاتی ئەو دەزگایە بەیانی بکەی، نەسەکی تێبکەین بلێین بەنیزام تەشکیلاتی ئەو هەیئەی عامە دروست دەکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

خاتوو چنار.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مانعیەتم نیە لەگەڵ ڕەئیەکانی کاك فرست.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی ئەی ئێوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ کاك فرستم. بەنیسبەت نزومی ئیداری عادەتەن ئەوەی شەخصیە مەعنەویە موستەقیلەی هەبیتن. وەزیریش دەیبێتن مودیریە عامە شەخصیە مەعنەویە موستەقیلەی نادرێتێ، بەڵام ئەگەر ببێتە هەیئە ڕەنگە ئیمکان هەبێ وەکو دەزگایەکی لامەرکەزی بابڵێین، شەخصیەتی مەعنەوی بدرێتێ.ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، بەنیسبەت میزانیە بەڕاستی، ئێمە لە لیژنەی قانونی ئەوەمان دیراسەت کرد، و ئەوە زیاتر ئیشوکاری لیژنەی مالیەیە نەك لیژنەی قانونی، و لەسەر ئەوەش ڕانەوەستاین ئیتساڵمان بە وەزارەتی مالیە کرد، بزەبت ئەوەی کاك فرسەت دەیڵێ لەگەڵ ئەوان باسمان کرد، وتمان ئەوە دەبێ میزانیە موستەقیل بێت، ئەوان سورن لەسەر ئەوەی کە ڕاستە میزانیە ئەبێت موستەقیل بێت، بەڵام میزانیەی موستەقیلە دەبێ لە زمنی میزانیەی وەزارەت بێتن، نەك میزانیەکی موستەقل بێت سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت، بۆیە ئێمە بەو شکلە جێمان هێشتۆتەوە، دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە وتمان زمنی میزانیەی حکومەت بت، پێی ناڵێن میزانیەی موستەقل، ئێمە ناتوانین هەندەك موستەلەحاتی قانونی وەکو دەولیەن و فقهی ئیداری، بەڕێوە چویەو دامەزراون بێین بەکەیفی خۆمان بیگۆڕین دور نیە یەکێکی نا قانونیش ئەو موفتەرەحەی کردبی. میزانیە سێ نەوعن کاکە، ( ئان میزانیەی هەرێمە، یان میزانیەی مولحەقە وەك میزانیەی پەرلەمان بەخۆی تەسدیقی ئەکات ڕەقەمی نیهائی داخلی میزانیەی عامی هەرێمە بت، یان میزانیەی موستەقلە) هەکە وتت موستەقل لازمە کەلیمەی موستەقل مانای خۆو مەدای خۆ وەربگرەت، نابت بڵێی میزانیەی موستەقل، بەس بێی بیکەی بەبەشێك لە میزانیەی وزارە. ئەگەر بووە جزئەك لە میزانیەی وزارە پێی ناڵێن میزانیەی موستەقل، لازمە هەر زمنی میزانیە وزارەیە چ کەلیمەی موستەقل نابت وابی، دوو حەقی نامێنیت ئەو دەزگایە، تەسەروفاتی قانونی بەخۆ بکاتن، ئیستقلالیەتی نامێنێتن، چونکو زیممەی مالی نامێنێتن، سبە ئەو دەزگایە موعەرەزە دەعوا لەسەر خەڵکەك بکاتن، خەڵکیش دەعوا لەسەر بکاتن، ئەگەر شەخصیەی مەعنەوی نەبتن، ناتوانێتن ئەو ئیشانە بکاتن، ناتوانێت داخلی موعامەلاتی تجاری وإقتصادی ببتن، لازمە هەموو شتەك وەزارەت تەبەنا بکاتن، ئەگەر وەزارەت تەبەنا بکاتن میزانیەی هەر وەزارەتێك نابێ موستەقل بتن، میزانیەی وزارەت جزئەکە لەمیزانیەی حکومەتی هەرێم، ئەو وەختە پێی ناڵێن موستەقل، ئەگەر نەتگوت موستەقل حەقی نابتن إحتیفاز بە مواردی خۆی بکات لازمە ئەو وارداتانە بچنە میزانیەی مەرکەزی هەرێم کەچونە ناو

ميزانيەی حكومەتی هەرێم، ئەو وەختە ئەو واريداتانە بەزرەبن چوكە ئەبنە ڕەواتب بۆ غەير وزارە بۆ ئيشوكاری تر سەرفەبت ناتوانێ ئەو حەوافيزەش نامينيتن كو بيتن تەنميەی مەواردی خۆ بكەتن، زۆر سوپاس. بە ڕەئی من ڕەئی وزارەی ماليەش بۆ ئێمە مولزەم نيە ئەگەر بێتوو ڕەئيەكەيان لەگەڵ مەبادئی ئەو بەديهياتی قانون نەگونجەت.

**بەڕێز سەروكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ كاك فرسەت هيچ خيلافمان نيە ئەو ميزانيە ئەو ئەنواعەی ئەو ئيشارەتی پێدا ئێمەش لەگەڵياين. بەنيسبەت هەئيەش لەگەڵين، تەنها ئێمە ئەوە دەڵێين، ميزانيەكەی ئێرە هاتيە ناڵێت موستەقلە دەڵێت، ميزانيە خاصە، ميزانيە خاصە مەعنای ئەوەيە سەر بە وزارەتە. بەڵام مومكنە كە شەخصيەتێكی مەعنەوی بدرێتێ،ڕەنگە تەسەروفاتی قانونيش بكا، تەسەروفاتی فيعليش بكا، تەعەقوديش بكاتن، مەقسەدەكە ئەوەيە لێرە. ئەوەی ئێمە لێی حاڵی بووين، بەنيسبەت وەزارەتی ماليە، سوپاس.

**بەڕێز سەروكی ئەنجومەن:**

بامنيش لەسەر ميزانيە موستەقيل بڕەك قسە بكەم، ميزانيەی موستەقلی ئەبێت هەبی كە وتت ئيستسمار دەبی داخلی ميزانيەی وزارەت بيت، سەرشێوانيەكی لێ پەيدادەبيتن، ئيستسمار درێژخايەنی هەيە، ناتوانرێ بە ڕێكی دياری بخەی لە ميزانيەدا، وەكو ملاحەزەيەك كاكە حەمەش ملاحەزەی لەسەر ئيستسمار هەيە، فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من لەسە ناوەكەی هينێكم نيە، ئەوەی كە مودير عام بێت، ئيستسمار بێت بەڵام من پێم وايە وەزارەتی شەهيدان وئەنفال ئەبێ موئەسەسە بێت ئەو موئەسەسە، خۆی بۆ خۆی كۆمەڵێ پرۆژەی إقتصادی هەبێت، لە ناوەوە لە دەرەوە لە هەر جێگەيەك، ئيحتيمالی لەسەر خۆی بێت، حەتا ئەگەرمانگێك لە ميزانيەی حكومەتيش نەبێت، خۆی بتوانێ كيفايەی خۆی بدات، دوو وەزارەت ئەبێ ئەو ڕێچكەيە بگرێت وەزارەتی كۆمەڵايەتی وەزارەتی شەهيدان وئەنفالكراوان، چونكە لەهەموو دونيادا ئەو دوو وەزارەتە، حكومەت قەرزاری ئەوانە زۆر جار نەك ئەوان چاوەڕێی ئەوە بن حكومەت شتيان بداتێ، بۆيە من پێم وايە ببن بەدوو موئەسەسەی گەورە وە خۆيان بتوانن، كيفايەتی خۆيان بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەروكی ئەنجومەن:**

وەزارەت لە موئەسەسە گەورەترە، لەبەر ئەوە ئێستاکە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، لە موئەسەسە گەورە ترە بەڵام، لە ناو وەزارەتە ئیستسمارەکە، موقتەرەحی کاك فرسەت ئەوەیەکە، ببێتە هەیئەت، گەورە ترە لەمودیریەت یەعنی گەر میزانیەی تایبەتی خۆی هەبیتن إستقلالیەت وشەخصیەتی دەبیتن، بۆ ئەوەی بتوانێ بەرنامەشی هەبیتن، داهاتێك پەیدابکات بۆ ڕۆژێك کە مەشاریع بۆ مندالآنی شەهید شتی تایبەت خارجی ئەوەی بەپێی قانون و بەپێی نیزام بۆ خاوەن شەهید و ئەنفال و ئەوانە دانرایە. لەو ئیستسمارەدا دەتوانێ کارێ بۆ ئەوان بکاتن و ئیشیان بۆ پەیدابکاتن و ئیلا ئاخری.بەڵێ کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە من لەناحیەی قانونی نازانم بەس تەجروبەیەکی ئیران هەیە، لە ئیران موئەسەسەی شەهید هەیە وەزارەت نیە، ئەو موئەسەسەی شەهیدە وەکو پێشتر ئێمە کە دەزگای شەهیدمان هەبوو، مەربوت بوو بە مەجلسی وزەرا. ئەو موئەسەسەی شەهیدی ئیران، موستەقلە وەکو وەزارەتێکە میزانیەشی تەقدیم دەکات بەوەزارەتی مالیە سالآنە، موەحەدە، ئیستسماراتیشی هەیە دەوڵەمەندترین وەزارەتیشە لە ئیران، پێم وایە ئەو هەیئەیەی کە ئێستاموقتەرەح دەکرێ ئیزدیواجیەت دروست دەکا ئەگەر ئەو هەیئەتە تابعی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال بێ، ئەبێ ئەوامر لەوەزارەت وەربگرێ ئەگەر نا ئەو هەیئەتە جیا بکرێتەوە لە وەزارەت هەیئەی ئیستسمارەکەش دەبێ جیابکرێتەوە لەوەزارەت چونکە ئیزدیواجیە دروست دەکات، ئەگەر نا دەبێ زمنی وەزارەت بێ، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن ئیران ناتوانین نمونەی ئەوێ بهێنینەوە، موئەسەسەیەکی موستەقلە بە داواکاریەك نیدایەك بە مەلاین پارە کۆدەبێتەوە موحتاجی حکومەت نابێت، لەبەر ئەوە دەبێ وەزارەت بێ حکومەت میزانیەکەی دەدات، دووش ئەو هەیئەتەی کەدامەزرا، موافەقەتان لەسەر کرد، هەیئەتێك دەبێ موستەقل دەبێ، بە تەئکید، بەڵام لە زمنی تەشکیلاتی وەزارەت دەبێ، و وەزیریش موشریف دەبێ لەسەریان، بەڵام ئەگەر موستەقیل نەبی بۆچی ناوی دەنێین هەیئە خۆی موستەقل دەبێ و هەموو تەشکیلاتی دەبی وپێم وایە ئەگەر بخرێتە دەنگ دانەوە ئەگەر ئەو جانیبە بخەینە تەصویت، دوایی بەجێی بێڵین بۆ کاك فرسەت و لیژنەی قانونی و خاتوو چنار سیغەیەك دابنێن لەبەر ڕۆشنایی ئەوە ئەگەر کەستان ئیعتزازتان نیە، و پێتان باش بێت بۆ ئەوەی وەقت نەکوژین، فەرموو.

**بەڕێز کەریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لەڕووی ئیداریەوە ڕاستە، ئەگەر ناوی لێبنێین هەیئەو میزانیەی موستەقیلە وەکو کاك فرسەت باسی کرد، دەبی بەو شێوەیە بیتن میزانیەکە موستەقیل بیتن، یان وەکو میزانیەی پەرلەمان وابێ، بەڵام لە پرۆژەی ئەو یاسایەدا هاتیە دەڵێ میزانیەی تایبەت، ئەگەر میزانیەی خاص بێتن ئەوە لەزمنی

میزانیەی وەزارەت دەبێ، با هەیئەش بیتن هەیئەیەکی موستەقل بێتن بەلاّم ئەگەر میزانیەکەی خاص بێتن لەزمنی میزانیەی گشتی وەزارەتدا دەبێ وسوپاس.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

کەوتت میزانیەی وەزارەت ئەی ئەو میزانیەتەی کەلە دەرەوەی وزارەتەوە لەدەرەوەی حکومەت بۆت دێتن، لەکوێی دابنێی، و ئیستسماریشی دەکا بەو شێوەیە یەکێ ملیۆنێك دۆلار دەداتن بۆ ئەو هەیئەتە دەڵێ بۆ شەهیدان ئیستسماری بکەن ناکرێ داخلی میزانیەی حکومەتی بکەی، نابێ تێکەلاّوی بکەی.دەبێ ئیستقلالیەتی خۆی تەواوبێتن، پێم باشە ئەوە فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێگەشتم ئەم مودیریەتە بگۆڕدرێت بۆ هەیئە، و مەعنەوێتێکی خاصی بدرێت و میزانیەتێکی خاصی هەبێت، باشە ئەمە جێگای دەستەی گشتی وەبەرهێنان ناگرێتەوە، کە ئێمە لە یاسای ئیستسماردا دامان ناوە، تەقریبەن ئەو شکلە بەخۆیەوە دەگرێت. سوپاس.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

ئەو جیاوازە ئەمە تایبەتە بۆ شەهیدان وکەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوانە، تایبەتەو هەیئەتێکی بچوکەو پارەکەشی فەقەت بۆ ئەو مەوزوعەیە، ئەوی تر فراوانەو بەپێی قانون دەرچووە، بەهەرحاڵ ئەو ماددەیە دەبێت ماددەیەکی تایبەت بێت و لەو ماددەیە نەبێت، دوایی ئیتفاق بکەن و بیخەنە دەنگدان، یەعنی ئەو خاڵە لێرەدا هەڵبگرین، مەبدەئەکەتان پێ باشبیتن، ئەگەر دەڵێن دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر موناقەشەتان لەسەر نەبیتن، کاك نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو کۆنفرانسەی لە نیسانی ساڵی 2002دا لە هەولێری پایتەخت بەسترا سەبارەت بە ئەنفال، پێشنیازی ئەوەکرا کە دەستەیەك بکرێت بەناوی دەستەی ئەنفالەوە، ئەو سەردەمە باس لە دروستکردنی وەزارەت نەبوو، کەئەو دەستەیە وەکو موئەسەسەیەکی گەورە بێت، حکومەت هاوکاری تێدابکات، لەگەڵ کۆمەڵێك لە ڕێکخراوانی، نێوخۆی و نێودەوڵەتی، چونکە من لەو باوەڕەدام، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، کۆمەڵێك ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هەن، دەتوانن هاوکاری دەزگایەك بکەن بەمەرجێك کە بزانن ئەو لەژێر ڕکێفی حکومەتدا نیە، من بۆیە وا ئەزانم ئەو شتەی کە ئێستا باسی لێکرد بیهێڵنەوە بۆ ماوەیەکی تر، بۆ ئەوەی کەوا دەستەیەکی لەو جۆرە دروست بکرێت مەجلسێکی ئیداری تایبەتی هەبێت نوێنەرانی حکومەت و

وەزارەت و لەگەڵ کۆمەڵێك لەرێکخراوانی پەیوەندیدار بە شەهیدان و ئەنفالکراوان بەشداری تێدابکەن، لەگەڵ نوێنەرانی چەند رێکخراوێکی نێودەوڵەتی، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بەو شێوەی کە جەنابت دەیڵێیت کۆمەڵێ کۆسپی دێتەپێش، ڕۆتینی زۆری تێدا دەبیتن، ئێمەدەبێ مەبدەئەکە تەسبیت بکەین، دوایش سیغەکە دابنێین بە سێ قۆڵی پاشان دەسەلات دەدرێتە وەزارەت و وەزیر مەبدەئەکەی هەبیتن، خۆی بە تەفسیلی دەزانێت مەبدەئەکە چۆن پێك بهێنێتن، چی دەبیتن و چی دەکات، بۆ ئەوەی فروعی بۆ بکاتەوە، ئێستا هەیە عەمەلیەن، پرۆژەی ئیستسمار هەیە لەسلێمانی لێرە لە هەموو شوێنێك هەیە بۆ کەسوکاری شەهیدان، من دەیخەمە دەنگەوە، ئەو ماددەیە ڕازینە ئەو مودیریەتە. فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك مولاحەزەم هەیە، ئەو فەقەرەیە لە ئەنجومەنی وەزیران بەتەئکید موناقەشەکرایە، ئێستا لێرە جیای کەینەوە ڕەبتی بکەینەوە بە ئەنجومەنی وەزیران، ئەویش بەقەناعەتی من.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

عەفوو کاك شێروان، ئەوەلەن ئێمە لێرە بۆمان هەیە، هەموو شتەکان موافەقەت بکەین یان نەکەین لە ئەنجومەنەوە هاتیە بەڵام، دوا قسە بۆ ئێوەیە، ئەوە یەك، دووەمیش ئێمە بۆ ڕەبتی بکەین بەئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەرکی وەزارەتە، لە ژێر ئیشراف وەزیرە عیلاقەی بەئەنجومەنی وەزیرانەوە نیە. بەڵێ کاك سعد.

**بەڕێز سعد محمد امین (وەزیر هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەوەی لەپرۆژەکەدا هاتووە، لە باری قانونی ئیشکالی هەبوو، کە کاك فرسەت مەخرەجێکی باشی بۆ دۆزییەوە، ئەگینا ئیشکال لەسەر شتەکانی تر نیە، یەعنی نابتەوە سەر بەئەنجومەن، سەربەوەزارەت دەبتەوە، بەڵام زیاتر ئیشکالەکە، فعلەن لەسەر قانونی بوو کەکاك فرسەت ئەو شەرحەی کەکردی بەڕاستی مەخرەجێکی قانونی زۆر بەجێیەو منیش هەر پێم باشە، بدرێتە دەنگدان و بڕوا ناکەم ئەکسەرێتی ئەندام پەرلەمانەکان، موشکیلەیان لەسەر ئەوە هەبێت، موشکیلە لەسەر جانیبە قانونیەکە هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی دەیخەمە دەنگدانەوە، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەتهێشت من جانبی دووەم تەواو بکەم، منیش لەبیرم چوو بەڕاستی، مەقسەدەکەی من ئەوە نیە ڕەبتی وەزارەت مەقسەدەکەی من ئەوەبوو ببتە دوو میزانیە، مەقسەدەکەم ئەوەنەیە ئێستاکە، لە ئەنجومەنی وەزیران عەجەبەن ئەو موافەقەیەکراوە، من ئەوە بوو مەقسەدەکەم.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

ئێمە لێرەدا کە کردمانە قانون، دەبێ ئەوان موافەقەی لەسەر بکەن، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەو مودیریەببێتەماددەیەکی تایبەت دوایی لیژنەی قانونی لەگەڵ وەزیر سیاغەکەی بۆمان حازر بکەن، بۆ جەلسەی داهاتوومان، کێ ڕازییە، باشە سوپاس کێ دژیەتی باشە سوپاس.بەزۆرینەی دەنگ ڕۆیشت.

ماددەکە ئەوەی کە خوێندرایەوە، هیچ موشکیلەیەکی لەسەر نیە هەمووی وەکو وەزارەتەکانی ترە، ئەوانی تر بێ ئەو ماددەیە کاك شێروان، ئەگەر بیخوێننەوە بۆ ئەوەی تەصویتی لەسەر بدەن، بە ئیستسنای ئەو ماددەیەی کە گواسترایەوە بۆ ماددەیەکی بەتەنیا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فيما يتعلق بالمادتين الثالثة والرابعة تقترح اللجنة بتوحيدهما ويصوت البرلمان على ذلك، وتقرأ كالاتي

**( تشكيلات الوزارة)**

**المادة الثالثة:**

اولاً: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها و توجيه سياستها والاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ بإشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والإدارية والتنظيمية وفق أحكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء بأعتباره عضواً متضامناً فيه وله تحويل بعضٍ من صلاحياته الى وكيل الوزارة او المدراء العامين او من يراه مناسباًفي الوزارة

ثانياً: وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي توكل اليه من قبل الوزير على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية اختصاصية.

ثالثاً: مكتب الوزير: يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

رابعاً: مكتب وكيل الوزارة: يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

خامساً: المستشارون: لايزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

**سادساً: المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص وتتألف من المديريات التالية.**

**أ. مديرية الادارة والذاتية.**

**ب - مديرية الحسابات.**

**ج - مديرية التدقيق والرقابة الداخلي.**

**د - مديرية الاحصاء والبحوث.**

**هـ - مديرية التخطيط والمتابعة.**

**و - مديرية الشؤون القانونية.**

**وتم حذف (ح) مديرية الخدمات من ضمن المديريات المذكورة لكونها زائدة وذلك بالاتفاق مع الوزيرة.**

**سادساً: المديرية العامة لخدمات ذوي الشهداء والمؤنفلين: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص وتتألف من المديريات التالية:**

**أ - مديرية الشؤون التربوية والتأهيلية.**

**ب - مديرية الشؤون الاجتماعية والصحية.**

**وتقترح اللجنة حذف المديريتين (د) و ( ز) الواردتين في المشروع لكونها زائدتين.**

**سابعاً: المديريات العامة لشؤون الشهداء و المؤنفلين في محافظات الاقليم: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص وتتألف من المديريات التالية:-**

**أ - مديرية شؤون الشهداء**

**ب - مديرية شؤون المؤنفلين**

**ج - مديرية الادارة والذاتية**

**د - مديرية الحسابات**

**هـ - مديرية التدقيق**

**و - مديرية الاعلام والعلاقات**

**ز - مديرية الشؤون القانونية**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

**تەبعەن ئەوە موقتەرەحی لیژنەی قانونیە بە تەعدیلاتەوە. فەرموو کاك ئارام.**

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەۆرکی ئەنجومەن.**

**گوێ بیستی موقتەرەحاتی جەنابی وەزیر بووین، باسی لەدامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی کرد بۆگەڕان و دۆزینەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی ئەنفال و داواشی کرد کەوا لە مەهامەکانیش هینێکی تێدا بێ، پێویست ناکات ئەوە ئیشارەتی پێ بدرێ ئێستا، سوپاس.**

**بەڕێز چنار سعد عبدالله (وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە خاڵی یەكەم سیاسات، كەفەقەرەكەمان بە تەعدیلات ئیزافەكرد، دامەزراندنی مودیریاتەكان یان ئیلغاكردنەوەی سەلاحیاتی وەزیرە بەقانون لێرە تەحدید كراوە، بۆیە ئەگەر زكریش نەكرێ ئاساییە، دوایی هەر سەلاحیاتی هەیەو دەتوانێ دایبمەزرێنێ.

**بەڕێز سەروكی ئەنجومەن:**

ئەو ئەركانە دەكرێتن تەوجیە بكرێتن لەسەر ئەو وەزارەتانەی كەهەیە، موشكیلە نیە، فەرموو یاشێخ.

**بەڕێز أدهم عثمان احمد بارزانی:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**رێزدار سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە لەو سیاغە یاساییەی لیژنا یاسایی، جارێكی دی هەمی توشی هەڵە بووینەڤە ئەویش ئەون مودیریا عاممە هاتیە زكر كرن، مودیریاتت عام لە سەلاحیاتا جەنابی وەزیر نینە كەبێنە ئیلغا كرن، بەلێ مودیریاتی تر لە سەلاحیاتە وەزیرنە، مادام مودیریاتی تر لە سەلاحیاتە جەنابی وەزیرنە، بینە ئیلغاكرن، هیچ پێویست نینە لێرە دا لە پەرلەمان بێتە دەنگدان، و دەنگی لەسەر بدەین، غەیری مودیریاتی عامە پێویست نینە بەبێ سیاغەی یاسایی دوو بارە بێنە زكر كرن سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەبەست لە تەفاسیلی مودیریات عامە خورد كردنەوەی مودیریاتەكانە، خۆ ئەگەر بشبێ هیچ زەرەری نیە ئێمە یەك نەسەقمان وەرگرت. وتمان ئەگەر هەموو وزارەتەكە خورد كرایەوە، ئەو كاتە زۆر بە مونەسەقی رێك و پێكی دێت، ئیعتیادیە وەزیریش سەلاحیاتی هەیە، حەزڤی كات دەمجی كات، مودیریاتی تازە دانێ، ئەوە لە دەسەڵاتی وەزیرە، هەندەك وەزارەتیشمان پەسەند كرد هەرچەند خوردی نەكردبووەوە، مودیریات عامە، بەگوێرەی پێداویستی وەزارەتەكە خوردی دەكاتەوە، ئەو كاتە تەبیعی دەبێت و زۆر ئیعتیادیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز أدهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئیعتیرازەك هەیە لەسەرلیژنا یاسایی، چونكە شتەت لە پەرلەمانێ دێتە تەصویت كرن، دەنگ لەسەر دان، پاشی حەفتەیەك تەصویت كردن دەنگ لەسە دان، پاشی هەفتەیەك جەنابی هەر وەزیرەكی نابیتن كە ئیلغا بكا، یان دەمج بكا، دەبی موافەقەتی پەرلەمانی دووبارە لەسەر هەبی. سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەخودی قانونەکە بە بڕیاری ئەو پەرلەمانە دەسەڵات دەدەینە وەزیری، ئەو بڕگەیە بەشێکە لەو یاسایە کە پەرلەمان دەنگی لەسەرداوە زۆر سروشتی و زۆر ئیعتیادیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

**ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵیەتی با دەستی بڵند بکات، سوپاس.**

**کێ لەگەڵی نیە دەستی بڵند بکات، بەتیکڕای دەنگ ماددەکە وەرگیرا، ئەزانم گەرماتانە باقی ماددەکە دوا دەخەین بۆ رۆژی دوو شەممە بەرنامەی کاری دوو شەممە تەواو کردنی ئەوەیەو لەگەڵ پرۆژەی یاسای وەزارەتی گواستنەوە، ژینگەش دادەنێین ئەگەر بۆمان بکرێتن. یەك شەممە کۆبوونەوەیەکی تایبەتە بەخوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان هەم خوێندنەوەیە بۆ ئێوە هەم ئیعلانیشە بۆ جەماوەری هەرێمی کوردستان، سەعات یانزە، یەك شەممە. دوو شەممەش بۆ ئەمەیەو بۆ پرۆژەکانی تر.**

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کرکوکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە (7)**

**یەك شەممە رێكەوتی 24\9\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (7)

## یەك شەممە رێكەوتی 2006/9/24

كاتژمێر (11,15)ی سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2006/9/24 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی

بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (7)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ راگەیاندنیی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11,15)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 2006/9/24دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ راگەیاندنیی.

خوشك و برایانی بەڕێز.

دیارە پێش ساڵێك زیاتر لێرە بە بڕیاری ئێوە لیژنەیەکمان دامەزراند, بۆ پێداچوونەوەی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان, رەشنووسی پرۆژەکە پێدابچنەوە, ئەم لیژنەیە پێك هاتبوو لەم بەڕێزانە:

1-پارێزەر فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمانی کوردستان/سەرۆکی لیژنەکە.

2- پارێزەر طارق جامباز/ئەندامی پەرلەمان/جێگری سەرۆکی لیژنەکە.

3- پارێزەر شێروان حەیدەری/ ئەندامی پەرلەمان/جێگری سەرۆکی لیژنەکە.

4- پارێزەر عبدالکریم ابوبکر/ ئەندامی پەرلەمان/ بڕیاردەری لیژنە.

5- پارێزەر عونی بزاز/ ئەندامی پەرلەمان/ بڕیاردەری لیژنە.

6- دکتۆر نوری تاڵەبانی/ ئەندامی پەرلەمان/ ئەندامی لیژنە.

7- کاك خلیل ابراهیم/ ئەندامی پەرلەمان/ ئەندامی لیژنە.

8- پارێزەر دلێر محمد شریف/ ئەندامی پەرلەمان/ ئەندامی لیژنە.

9- پارێزەر قادر سعید خضر/ ئەندامی پەرلەمان/ ئەندامی لیژنە.

10- پارێزەر کریم بحری/ ئەندامی پەرلەمان/ ئەندامی لیژنە.

11- پارێزەر محمد صالح/ ئەندامی پەرلەمان/ ئەندامی لیژنە.

12- خاتوو پخشان عبدالله زەنگنە/ ئەندامی پەرلەمان/ ئەندامی لیژنە.

13- **كاك كرخى نجم الدين/ ئەندامى پەرلەمان/ ئەندامى ليژنە.**

14- **كاك رۆميۆ حزيران نيسان/ ئەندامى پەرلەمان/ ئەندامى ليژنە.**

15- **حاكم امير عبدالكريم حوێزى/ حاكم مەحكمەى تەمييز خانەنيشين كراو/ ئەندامى ليژنە.**

16- **دكتۆر عمر محمد مولود/ ئەندامى مەحكمەى تەمييز/ ئەندامى ليژنە.**

17- **دكتۆر شێرزاد احمد نجار/ مامۆستاى زانكۆ/ ئەندامى ليژنە.**

18- **كاك شۆرش حسن عمر/ مامۆستاى زانكۆ/ ئەندامى ليژنە.**

19- **كاك خضر سليمان خليل/ ئەندامى پەرلەمان/ ئەندامى ليژنە.**

**ديارە پاش ئەوەى چەندين كۆبوونەوەيان كردووە, رەشنووسەكەيان ئامادە كردووە, بۆ جەماوەرى خەڵكى كوردستان, لێرەوە من بەناوى ئێوەوە زۆر سوپاسى سەرۆكى ليژنەو هەردوو جێگروو بڕياردەرو ئەندامەكانى ليژنە دەكەم, كە زۆر ماندوو بوونە لەم ماوەيەدا, لێرەدا لەگەڵماندا حازرن بەو ئيعتيبارەى ئێمە تەكليفمان كردوون, كە بەو ئيشە هەڵستن ئەندامانى پەرلەمان و مامۆستايانى تر كە ئەندامى پەرلەمان نين, لەبەر ئەوەى بە تەكليف لەبەر ئەو ئيشە هەڵساون, ئەمڕۆ لێرە حازرن, بۆ ئەوەى ئەو ئيشەى كە پێى تەكليف كرا بوون, پێمان بڵێن چييان كردووە, لە ماوەى ساڵى رابردوودا دەيان كۆبوونەوەيان كردووە, بە وەرگرتنى بيرِ و راى لايەنەكانى تر و پسپۆڕەكان و تەجاروبى هەرێمە فيدراڵيەكان بە دنيادا, ئەو رەشنووسەيان ئامادە كردووە, بۆ ئەوەى ئەمڕۆ لێرەدا عەرزى بكەين, تەنيا بۆ ئێوە نييە, بۆ راگەياندنە, بۆ جەماوەرى خەڵكى كوردستانە, بۆ حزبە سياسيەكانە, بەپێى ئيتيفاق لەگەڵ ليژنەكە دەرگا كراوە دەبێتن تاكو (2006/12/1) بۆ هەموو حزبە سياسيەكان, بۆ هەموو كۆمەڵگاى مەدەنى, رێكخراوەكانى ناو كۆمەڵگاى مەدەنى, رێكخراوە ديموكراتيەكان, تاكەى خەڵك, لە پێش هەموويانەوە بەڕێز سەرۆكى هەرێم, مەكتەبى سياسى حزبە بەڕێزەكان, ئێمە پێش ئەوەى لێرەدا عەرزى بكەين, وەكو سەرۆكايەتى چووين بۆ لاى بەڕێز سەرۆكى هەرێم رەشنووسەكەمان پێشكەش كرد, هەروەها سەردانى بەڕێز سەرۆكى كۆماريشمان كرد كۆپيەكەمان دا جەنابى مام جەلال تاڵەبانى, بەشێوەيەكى رەسمى ئەم رەشنووسە دەدرێتە مەكتەبى سياسى حزبەكان, چونكە جگە لەوەى كە لە ميديا بلاَو دەكرێتەوە, هەموو ئەندامانى پەرلەمان, بەتايبەتى ئەندامانى ليژنەكە پێويستە لەو ماوەيەدا تاكو 12/1 بەشدارى بكەين لە شەرح كردنى ئەم رەشنووسە بۆ خەڵك و, لەسايدەكاندا لە عينوانى ئيمێل بلاَو دەكەينەوە, كە ئاراستەى ليژنەكە بكرێتن, هەر كەسێك تێبينى هەبێتن, يان رەئى هەبێت ئاراستەى ليژنەكە بكرێت, پێشى 12/1 هەر تێبينيەك و سەرنجێك و پێشنيارێكى گونجاو, كە زۆرينەى حزبەكان ئاماژەى پىَ بكەن خەڵك, تەبيعى ليژنە بە تەئكيد لەبەر چاوى خۆى دەگرێتن, دووبارە ئيعادەى نەزەر دەكاتەوە لەو فەقەرەيەى كە گونجاوى دەكاتن لەگەڵ ويستى خەڵكدا, ئينجا پێشى كۆتايى ساڵ وەكو پرۆژە دەخرێتە بەردەم ئێوە بۆ گفتوگۆ كردن لەسەرى.**

خاڵێك هەیە كە لەو چەند ڕۆژەدا باس كراوەو لە ڕەشنووسەكەشدا هاتووە, دەڵێت ریفراندۆم دەكرێت, یاخود چاوەڕوان دەكرێت تاكو ماددەی 140 جێ بەجێ بكرێتن, ئەوجا ریفراندۆم دەكرێت, ئەوە دەمێنێتەوە سەر ئێوە, كاتێك پرۆژەكە دێتە موناقەشە كردن, ئەو بڕیارەی ئێوە دەیدەن پێویست بە بڕیارێك دەكاتن, ئایا دوابخرێت ریفراندۆمەكە, یان تا ماددەی 140 جێبەجێ دەكرێتن, یاخود پاشی ئەوەی كە لە لایەن پەرلەمانەوە پەسند دەكرێتن بدرێتە ریفراندۆم, ئێمە هەوڵ دەدەین بە هەردوو زمانەوە بخوێندرێتەوە, لەبەر ئەوە بە زمانی كوردی دەست پێ دەكەین, داوا لە ئەندامانی لیژنە دەكەم ئەوانەی بە كوردی دەخوێننەوە, سەرەتا داوا لە چواریان دەكەم دەست بكەن بە خوێندنەوە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی كوردستان بە كوردی, پاشان چواری تر, یان پێنجی تر دێن بۆ خوێندنەوە, پاش ئەوەش بە عەرەبی دەخوێنینەوە, ئێستا داوا لە كاك كەریم بەحری, كاك تارق جامباز, كاك عبدولكەریم كاكە, كاك كەرخی نەجمەدین دەكەم بفەرموون لێرە دابنیشن, خاڵی نیزام نییە, چونكە ئەوە تەنیا خوێندنەوەی پرۆژەكەیە, فەرموو بزانم چی دەڵێی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەردوو دەقەكە هەیە, پێویست ناكات بە هەردوو زمانەكە بخوێندرێتەوە, كوردیەكە بەسە, هەر ئەوە بوو قسەكەم, چونكە (160) ماددەیە, ئەگەر بە هەردوو زمان بخوێندرێتەوە دەبێتە (320)ماددە, دەڵێم هەر بە كوردیەكە بخوێندرێتەوەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر كاك كەرخی نەهاتووە, كاك ڕۆمیۆ بابفەرمووێت, ئێمە لە لیژنەی دەستووریەكە دانیشتین پێش ئەوە ڕەئیەكی وا هەبوو, بەڵام چونكە نەصە عەرەبیەكە ئیلتیزامی پێ دەكرێتن, ڕەنگە كوردیەكە ئیختیلاڤ لەسەر وشەیەك هەبێتن, زۆر لە تەلەفزیۆنەكانی دەرەوەش حەز دەكەن بە عەرەبیەكە بێت, بۆیان پێیان باش بە عەرەبی بخوێندێتەوە, ئەگینا دەزانم وەختی دەوێت, ئەگەر فریا نەكەوتین و زۆری كێشا, ئەوە دەتوانین دوای بخەین بۆ جەلەسەی ئێوارە, داوا لە كاك كەریم بەحری دەكەم بۆ خوێندنەوەی دیباجەكە با بفەرمووێت, ئێوە هەمووتان نوسخەكەتان لایە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستاش پرۆژەی دەستووری هەمیشەیی هەرێمی كوردستان بە زمانی كوردی دەخوێنینەوە, سەرەتا دیباجەكەی.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**دیباجە**

ئێمە، گەلی کوردستان- عێراق، ئەو گەلەی بە دەیان ساڵ ستەم وزۆرداریی ئەو رژێمە دیکتاتۆریانەی چەشتووە کە زۆر بە خەستی دەسەڵاتیان لەدەست خۆ چڕکردبۆوە، وبەشێوەیەك ئازادییان لێداماڵیبووین ولەو مافە سروشتیانەیان بێبەش کردبووین کە خوا بەئادەمیزادی بەخشیوون وئەو مافە شارستانی وسیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی ورۆشنبیریانەی مرۆڤ کە لە بەڵێننامە نێودەوڵەتیەکاندا دانیان پێدانراوە، بۆ ئێمەیان بەزۆر زانی.

پێشتریش بووین بە قوربانی بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکان، کاتێ بێبەشکراین لەوەی بە خواهیشتی خۆمان بریار لەسەر چارەی خۆنووسین بدەین وپێگەی سیاسی ویاسایی خۆمان دەستنیشان بکەین، بە پێچەوانەی ئەو گەلانەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم، سوودمەندبوون پشت بە چوارده بنەماکەی سەرۆکی ئەمریکی ئەودەم "ویدرۆ وێلسون"، لە ئیمبراتۆریەتی عوسمانی داماڵان.

ئەوەبوو کاتێ لە ساڵی 1920، رێکەوتنامەی سیڤەر لە مادەکانی 62و63و64 یدا دانی نا بەمافی کورد لەبریاردان لەسەر چارەی خۆنووسین، بە رێکەوتنامەی لۆزان لە ساڵی 1923 ئەو مافە سڕایەوە. کاتێکیش لیژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمکاری نەتەوەکان - عصبە الامم - بۆی دەرکەوت کەوا کوردستانی باشوور، کەلەدواتردا بە کوردستانی عێراق ناوبرا، رۆژێك لە رۆژان بەشێك نەبووە لە عێراقی عەرەبی وداوا وداواکاریەکانی ولاّتە دراوسێکان هیچ بەلگەنامەیەکی مێژوویی پشتڕاستیان ناکەنەوە وئەو کتێب ونەخشانەی مێژوونووس وجوگرافیناسە کۆنەکانی عەرەب کێشاویانن ونەخشەکانی سەدەی شازدەم وبیستەمی ئەوروپاییەکان بەدرۆیان دەخەنەوە وبۆیان دەرکەوت سنووری عیراق، لەباکوورەوە لە چیای حەمرین تێپەرناکات وکوردستان هەرگیز بەشێك لە ئەنادۆڵ نەبووە، ئەمەش داوای داواکاران رەت دەکاتەوە. سەرەڕای ئەمەش بێ راوەرگرتن وراپرسی ئێمە ولەبەر هەندێ بەرژەوەندی نێودەولەتی، کوردستانیان بە عێراقی عەرەبیەوە لکاند.

کاتێکیش حکومەتی عیراق لە لێدوانی 30مایسی 1932یدا بە نیوەچڵی دانی نا بە لانی کەمی مافەکانمان ، وپابەندیەکەشی سروشتی نێو نەتەوەیی هەبوو، کە ماددەی دەیەمی قەدەغە دەکات بەبێ پەسەندکردنی زۆرینەی ئەندامانی کۆمکاری نەتەوەکان ئەو پابەندیە هەموار بکات یان لایبەرێت، وەهەرچەندە پابەندیەکەی حکومەتی عێراق لەڕووی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەدوای دامەزراندنیدا کارابوو ودەبوایە جێبەجێ بکرێت، بەڵام وەك مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە.

بە درێژایی هەشتا ساڵ، سیاسەتی داپلۆسین، ساڵ بەساڵ، لەزیادبوون دابوو وهیچ یەك لەو دەق وحوکمانەی لەجاڕی گەردوونی وبەڵێننامە نێونەتەوییەکان دا هاتبوون وبەشانوباڵی دادپەروەری ویەکسانی وهاوبەشی وئازادی وهەلی یەکسانیان دا هەلدەدا ودەخرانە ناو دەستووره یەك لە دوای یەکەکانی عیراق, لە دەستووری ساڵی 1925 ەوە بەرەو دەستوورەکانی 1958و1964و1968و 1970 وتا دەگاتە پرۆژەی دەستووری

1990وه ئەو سیاسەتەیان ڕا نەگرت ونە رادەشیان بۆ دانا. بەڵکو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان گشت هێڵێکی سووریان بەزاند وبەخۆگێلکردن لە مافە نەتەوەییەکانمان نەوەستان، بەڵکو گەیشتە قۆناغی تاوانەکانی ئەنجامدانی لەناوبردنی بەکۆمەڵ وپاکتاوکردنی رەگەزی، وسیاسەتەکەیان گەیاندە خاپوورکردنی نزیکەی 4500 گوند وگۆڕینی دیمۆگرافی شوێنی باب وباپیران لە بەشێکی زۆری کوردستان، لە رێگەی راگوێزانی زۆرەملێی هاوڵاتیانی کوردستان لەو شارو دێیانەی بەپێوە مابوون وبەرخاپوورکردن نەکەوتبوون وناچارکردنیان بۆ ئەوەی نەژادی خۆیان بگۆڕن وپەیرەوکردنی سیاسەتی پاکتاوکردنی جەستەیی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجەی شەهید وناوچەکانی بالیسان وبادینان ودەیان شوێنی دیکە وهەزاران گەنجی کوردی فەیلی، بەرەو مەرگ، بۆ ناو گێلگەکانی ئەزموونی کیمیاوی وگۆڕی بە کۆمەڵ راگوێزران، دوای ئاوارەکردنی خاوخێزانیان بۆ دەرەوەی عێراق ولێسەندنەوەی وڵاتنامەی عیراقی، وبەدوایەوە دەستکرا بە هێرشی لەناوبردنی بارزانیان وهەڵمەتەکانی ئەنفالکردن وزیاتر لە 182000 مەردمی سڤیلی بێ چەك لە لاو وپیر وئافرەت ومنداڵی تێدا بوون بە قوربانی.

ئەو دڵڕەقیەی بەرامبەرمان بەکارهاتووە وئەو داپلۆسین وزۆرداری ولەناوبردنەی کە زمانی فەرمانڕەوایانی عێراق بوو لەگەڵماندا گیانی شۆڕشگێڕی پێبەخشین وگڕی سەرهەڵدانە یەك لەدوای یەکەکانی لە دڵماندا هەڵگیرساند وژیلەمۆی ئەوبلێسەیەی باوك و باپیران خستیانە ئەستۆ لەسەر ڕێبازی بەرگری لەخۆکردن وشەڕی پارێزگاری لە بوون، گەش کردەوە وبۆ وەڵامدانەوەی غەریزەی مانەوە لەژیاندا، بە درێژایی هەشتا ساڵ شۆڕش وڕاپەڕین وسەرهەڵدانەکانمان بە دوایەوەدا هاتن. لەو ماوەیەشدا هەر کاتێك ترووسکەی هیوایەك هاتبێتە ئاراوە، سەرکردەکانمان درێغیان نەکردووە لە دەست درێژکردن بۆ ئاشتی. بەڵام ئەو فەرمانڕەوا یەك لەدوای یەکانەی هاتنە سەر تەختی حوکمڕانی، هەمیشە پیشەیان جارێك ستەم وجارێك پاشگەزبوونەوە بوو لە بەڵێنەکانیان.

ئەمە بوو کرۆکی سیاسەت ونەریتی رێبازیان، چاکترین بەڵگەش پاشگەزبوونەوەکەی رێکەوتن نامەی حوزەیرانی ساڵی 1966 وخۆدزینەوە لە رێکەوتنامەی ئاداری 1970 ومۆرکردنی رێکەوتنە شوومەکەی جەزائیری ئاداری 1975 بوو، کە رێخۆشکەر بوو بۆ زاڵبوون بەسەر بزاڤی ئازادیخوازی گەلەکەمان، کە ئەگەرچی بۆ ماوەیەك رۆشنایی کپ بۆوە، بەڵام تا هەتایی نەبوو چونکە دوای چەند مانگێك بەتوندی هەڵگیرسایەوە وتاجە گوڵێنەکەشی راپەڕینی بەهاری 1991 بوو کە کۆڕەوە ملیۆنیەکەی بۆ وڵاتە دراوسێکانی بەدواوەدا هات، و ویژدانی جیهانی هەژاند ولەسەروبەندیەوە لە 5/نیسانی1991دا بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە 688 دەرچوو، کە لە ئەنجامیدا وڵاتانی هاوپەیمانی جەنگی دووەمی کەنداو ناوچەی ئارامیان لە کوردستاندا دامەزراند وبووە پەتی دەربازبوون ولەدوارۆژێکی نادیاری رزگارکردین.

ئەم هەلە زێرینەمان قۆستەوە و یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانمان لە 1992/5/19، ئەنجامدا ولە 1992/7/5، یەکەم حکومەتی لێ هاتەکایەوە، ودەسەڵاتی دادوەری داندرا لەدواجار، بریاری پەرلەمانی یەکلایەنە دەرچوو بە جاردانە بەناوبانگەکەی بۆ فیدرالی وهەڵبژاردنی پەیوەندی فیدرالی بۆ کوردستان

لەگـەڵ هـەر حکومـەتێکی ناوەنـدی عیراقـی وبـوونی عـیراق بـە وڵاتێکـی کۆمـاری، فیـدرالی، دیموکراسـی، پەرلەمانی، وفـرە لایەنـە. ئەمـەش بـەپێی مـافی ڕەوامـان لـە بریـاردان لەسـەر چـارەی خۆنووسـین، بەپشـت بەسـتن بـە پـەیمانی نەتەوەیـەکگرتووەکان وبەڵێنامـەی نێونەتـەوەیی بـۆ مافـە شارسـتانی وسیاسـیەکان وپــەیمانی نێونەتــەوەیی بــۆ مافــە ئــابووری وکۆمەڵایــەتی ورووناکبیریــەکان، کــە ســاڵی 1966 لــە نەتەوەیەکگرتووەکان دەرچوونە وعیراقیش لە 1971/1/25 چۆتە پاڵیانەوە.

کاتێ عیراق ئازادکرا لەدەست ڕژێمی دیکتـاتۆری دڕنـدە وبڕیـاری یاسـای بـەڕێوەبردنی عـیراق بـۆ قۆنـاخی گواستنەوە دەرچوو، بەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی فیدرالی ولەدواجار، لەسـەر هـەمان بنـەما دەسـتووری هەمیشەیی عیراق داندرا، جارێکی دی ئومێدمان نوێ بۆوە.

پەســەندکردنی دەســتووری فیــدرالی لەلایــەن زۆرینــەی گــەلی عێراقــەوە لــە ڕاپرســیەکەی ڕۆژی 2005/10/15دا، دروســتیی هەلبــژادنی گــەلی کوردســتان ودروســتی دەستنیشــانکردنی سیســتەمی فەرمانڕەوایی گونجاو بۆ عیراقێکی پێکهاتوو لـە دوو نەتـەوی سـەرەکی کـورد وعـەرەب، لەگـەڵ نەتـەوەکانی تورکمـان وکلـدان وئاشـووری وئەرمـەن وئایینـە هەمـەجۆرەکانی وەك ئیسـلام ومەسـیحی وئێـزدی وصـوبی مەنـدایی، کـە خێروبێـری لـە دامـەزرانی دەوڵـەتێکی فیـدرالی بـەدی دێـت کـە توکمـەتر وشـیاوتر بێـت بـۆ هێنانـەدی دادپـەروەری وئاسـایش وهـێمنی وئـازادی ودیموکراسـی ودادپرسـی لـە نێـوان پێکهاتـە نەتـەوەیی وئایینیەکانیدا.

بۆیــە، لــە هەســتکردنمانەوە بــەو داپلۆســین وجەزرەبــە وجــەور وســتەمەی نــەوەکانمان چەشــتوویانە ولەڕێزگرتنمانەوە بۆ سەرکردەکانی هێمای بزاڤی ئازادیخوازی کوردستانی وخەباتگێڕە پێشمەرگەکانی وئەو شەهیدانەی گیانیان بەختکرد لە پێناو ئازادی گەلی کوردستان ومافە ڕەواکانی بە مـافی چـارەی خۆنووسـین ولە پێناو دیموکراسی بـۆ عـیراق، ولـە دانپێدانمانـەوە بـە ڕەوایـی ئـەو ئامانجانـەی لـە پێناویانـدا خـەباتیان کردووە ولـە ڕۆشـنایی بنـەماکانی جاری گـەردوونی مـافی مـرۆڤ وئـەو پـەیمان وبەڵێنامـە نێونەتەوەییانـەی پەیوەسـتن بـەو ئامانجانـەوە وبـۆ هێنانـە کایـەوەی کۆمەڵگایـەکی دیمـوکرات لـە هـەرێمی کوردسـتان کـە دامـەزراوبێت لەسـەر دادپـەروەریی کۆمەڵایـەتی ومافـە سـەرەکیەکانی مـرۆڤ وکراوەبێـت لـە سـەر پێکهاتـە نەتـەوەیی وئایینیـەکانی وتواناکـانی هاوڵاتیـانی بخاتەگـەڕ ولـە کوردسـتانی عـیراق هـەرێمێکی یـەکگرتوو ودیموکرات بێنێتە کایەوە کە هاوکار بێت لـە بنیاتنـانی عیراقێـك کـە ویسـت وبـژاردەمان لـە گـەڵ ویسـتی سـەرجەم پێکهاتـە نەتەوەییـەکانی گـەلی عـیراق وهێـزە سیاسـیە نیشـتمانپەروەکانی یەکـدی بگرنـەوە، بەمەرجێ فیدرالی ودیموکرات وپەرلەمانی بێت وبڕوای بە فرەلایەنە ومافەکانی مرۆڤ هەبێت.

لە بەر گشت ئەم هۆکارانە, ئەم دەستوورەمان هێنا کایەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سـوپاس, فـەرموو کـاك تـارق جامبـاز, تـەنیا لـە دیباجەکـە نووسـراوە (ویـدرۆ نیلسـۆن), خـۆی (ویـدرۆ ویلسۆن)ە لە کوردیەکە, لە عەرەبیەکە ڕاستە, فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من موناقەشەی ناکەم, ئەم پرۆژەیە تەوسیق دەکرێت, لەبەر ئەوە پێویستە وەکو خۆی بخوێندرێتەوە بێ زیاد و کەم, لەگەڵ رێزمدا بۆ بەڕێز کاك کەریم بەحری, بەڵام خوێندیەوە پرۆژەی دەستووری هەمیشەیی هەرێمی کوردستان, هەمیشەیی لێرە نەنووسراوە, تکایە ئاگادار بن و هەندێك وشەی زیاد لەگەڵ خوێندنەوەی پرۆژەکە وشەی واتای بەکار هێنا کە لەناو دەق نووسەکەی نەهاتووە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دواتر کە تەواو دەبێت لە خوێندنەوەکەی, هەرچی لە نووسینەوەکە هەڵەی بکاتن شەتبی دەکەینەوە, ئەساسەکە ئەوەیە ئەوەی کە چاپ کراوە, بۆیە من نیلسۆنەکەم کردە ویلسۆن, چونکە بە چاپ کراویش نووسرا بوو نیلسون, فەرموو کاك تارق.**

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## دەروازەی یەکەم

## بنەما سەرەکیەکان

**ماددەی: 1**

**هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی (فیدراڵە) لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا، کە سیستمە سیاسیەکەی کۆماریو پەرلەمانیو دیموکراسییە پشت بە بنەمای فرە لایەنی سیاسیو ئالوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتو بنەمای لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبەستێت.**

**ماددەی: 2**

**یەکەم: کوردستان-عێراق، لە پارێزگای دهۆك، بە سنووری کارگێڕیی ئێستایوسنووری کارگێڕیی پێش ساڵی 1968ی پارێزگاکانی کەرکوكو سلێمانیو هەولێرو قەزاکانی ئاکرێو شێخانو شەنگارو تەلەعفەرو تلکێفو قەرەقۆشو ناحیەی زومار وباشیقە وئاسکی کەڵەك، لە پارێزگای نەینەواو هەردوو قەزای خانەقینو مەندەلی، لە پارێزگای دیالەو قەزای بەدرەو ناحیەی جەسسان لە پارێزگای واسیت بەسنووری کارگێڕیی ساڵی 1968، پێکدێت.**

**دووەم: بۆ دیارکردنی سنوری کارگێڕی هەرێمی کوردستان، پشت بە ماددەی140ی دەستوری فیدراڵی دەبەسترێت.**

**سێیەم: ڕۆڵەکانی ئەو ناوچانەی لە هەرێمی کوردستان دابڕێندراوون، هەر کاتێ بەپێی حوکمی ماددە (140)ی دەستوری فیدراڵی گەڕاندرانەوە بۆی، ئەو کاتە وەکو هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان سوودمەند دەبن بە یەکسانیی لەو مافو ئەرك وئەو دەستەبەریانەی لەم دەستوورەدا دەقنووس کراوون.**

**ماددەی: 3**

نابێ هەرێمێکی نوێ لەناو سنووری هەرێمی کوردستان-عیراقدا، دروست بکرێت.

ماددەی: 4

یەکەم: گەل سەرچاوەی دەسەلاّتەکانەو بنچینەی ڕەوایەتییانەو لە ڕێگای دامەزراوە دەستوورییەکانیەوە پیادەیان دەکات، ودەستووری هەرێمی کوردستانو یاساکانی، سەروەرتر وبالاّترن لەو یاسایانەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەردەچن، جگە لەو بوارانەی تایبەتن بە دەسەلاّتی حکومەتی عێراق کە لە ماددەی 110ی دەستوری کۆماری عێراقی فیدرالّدا، هاتوون.

دووەم: هەر کاتێك یاساکانی هەرێمی کوردستان لەگەلّ یاساکانی دیکەدا ناکۆك بوون، دەبێ دادگاکانی کوردستان پابەندبن بە پیادەکردنی دەستور و یاساکانی کوردستان، ئەگەر یاساکە لەلایەن پەرلەمانەوە هەلّنەوەشێندرابێتەوە, یان هەموار نەکرابێت, یان لەلایەن دادگای دەستوورییەوە پووچەلّ نەکرابێتەوە.

ماددەی: 5

پەرلەمانی کوردستان بۆی هەیە هەر یاسایەکی کۆماری عێراقی فیدرال، و لە دەسەلاّتە دیارکراوەکانی ماددەی 110 ی دەستووری فیدرالدا نەبن، بخاتەکار، ئەگەر ئەو یاسایە لە بەرژوەندی گەلی کوردستاندا بێت، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

ماددەی: 6

یەکەم: گەلی کوردستان-عیراق پێك هاتووە لە کوردو نەتەوەکانی دی (تورکمان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەنو عەرەب) لەوانەی بە پێی یاسا، هاولاّتی هەرێمن.

دووەم: دەسەلاّتەکانی هەرێم، بۆیان هەیە مافی هاولاّتیبوون لە هەرێمدا، بە پێی یاسا ڕێك بخەن.

ماددەی: 7

ئەم دەستوورە جەخت لەسەر ناسنامەی موسلّمانێتی زۆرینەی گەلی کوردستان دەکات وبنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لە سەرچاوە سەرەکیەکانی یاسادانان، هەر وەها تەواوی مافە ئاینییەکانی مەسیحیو ئێزدیو هی دیکە لە ئازادیی باوەڕ وپیادەکردنی ئایین دەستەبەر دەکات.

ماددەی: 8

گەلی کوردستان- عێراق مافی دیارکردنو بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە. بەپێی ئەم مافەش ئازادە لە دیارکردنی پێگەی ڕامیاری وبەدیهێنانی گەشەی ئابوریو کۆمەلاّیەتیو ڕۆشنبیری خۆیدا ، یەکگرتنی ئازادانەی لەگەلّ عێراقدا بە گەلو خاك وسەروەری هەلّبژاردووە، ئەمەش بەستراوە بە پابەندبوون بە دەستوری فیدرالّی وسیستەمی فیدرالّیو پەرلەمانیو دیموکراتیو فرە لایەنی وڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بە تاكو کۆمەلّیەوە، وبۆی هەیە چاو بگێڕێتەوە بەم هەلّبژاردنەی، بۆ دیارکردنی پاشەڕۆژ و پێگەی سیاسی خۆی لەم بارانەی خوارەوەدا:

یەکەم: پێشێلکردنی شکۆمەندیی دەستوری فیدرالّی، کە وەك پاشگەزبوونەوەیەك دابندرێت لە پابەندبوون بە سیستەمی فیدرالّی یان بنەما بنچینەییە دەستوریەکان لە دیموکراسیو مافەکانی تاكو بەکۆمەلّی مرۆڤ.

دووەم: پەیڕەوکردنی سیاسەتی جیاوازی ڕەگەزیو گۆڕینی باری دیموگرافی کوردستان، یان کارکردن بۆ هێشتنەوەی شوێنەوارو ئاکامەکانی پێشووی ئەم سیاسەتە، کە بە پاشگەزبوونەوە لەو پابەندبوونە دەستوورییەی لە ماددەی 140ی دەستوری فیدراڵیدا هاتوون، دابنرێت.

ماددەی: 9

مافێکی بنچینەییو دەستووری هەرێم دەبێت:

یەکەم: وەرگرتنی بیرو ڕای هەرێم, بەر لە مۆرکردنی هەر گرێبەستو ڕێککەوتنێك لەنێوان حکومەتی فیدراڵی وهەر دەوڵەتێك یان لایەنێکی بیانیی پەیوەست بێت بە بارو دۆخ, رەوش, یان مافەکانی هەرێمی کوردستان کە ئێستا هەن, یان لە داهاتوودا دەبن.

دووەم: هەرێم بۆی هەیە لە سنوری دەسەڵاتیدا بۆ دەرکردنی ئەو یاسایانەی، لەدەرەوەی دەسەڵاتە دیارکراوەکانی حکومەتی فیدراڵن، لەگەڵ حکومەتەکانی هەرێمی دەوڵەتە بیانیەکان رێکەوتنامە مۆر بکات.

سێیەم: هەرێم بۆی هەیە لە سنووری دەسەڵاتی دەرکردنی ئەو یاسایانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتە دیارکراوەکانی حکومەتی فیدراڵین ، بەرەزامەندی حکومەتی فیدراڵی گرێبەستی رێکەوتنامە مۆر بکات، کە نابێ ئەویش بەبێ پاساوی یاسایی دڵنیاکار ڕەزامەندی نەنوێنێت.

ماددەی: 10

مافێکی دەستوری وبنچینەیی هەرێمە کە:

یەکەم: بەشێکی دادپەروەرانەی لە داهاتەکانی فیدراڵی هەبێت، کە بنەمای هاوشانیو ڕێژەی دانیشتوانو لەبەر چاو گرتنی بەسەرهاتەکانی کوردستان لە سوتاندنو ڕووخاندنو بێ بەشبوونی گەلەکەی لە مافەکانی بەدرێژایی ڕژێمەکانی فرمانرەوایی پێشوو.

دووەم: هاوبەشی کردنی لە پۆستو فەرمانبەرایەتییەکانی فیدراڵی بەشێوەیەکی هاوشانو ڕێژەیی.

سێیەم: پلە فەرمانبەرێتیەکانی فەرمانگەکانی فیدراڵی لە هەرێمی کوردستاندا بە هاوڵاتیانی هەرێم بسپێردرێت.

ماددەی: 11

شاری هەولێر، پایتەختی کوردستان-عیراقە، پەرلەمانیش بۆی هەیە شارێکی دیکەی هەرێم بکاتە پایتەخت.

ماددەی: 12

یەکەم: هەرێمی کوردستان ئاڵایەکی تایبەت بەخۆی هەیە ولەتەك ئاڵای کۆماری عیراقی فیدرالدا هەڵدەدرێت ودروشم وسروودی خۆی هەیە وجەژنی نەتەوایەتی نەورۆزە وئەمەش بە یاسایەك ڕێکدەخرێت.

**دووەم: ئـاڵای کوردسـتان لـە سـوور ، سـپی، وسـەوز پێـك دێـت وخـۆرێکی زەردی بیست ویـەك تیشکی لـە ناوەندیەتی.**

**سێیەم: مەدالیەو نیشانەکان و پشووە فەرمیەکان بەپێی یاسا ڕێك دەخرێن.**

**ماددەی: 13**

**هـەرێمی کوردسـتان، هێزێکـی بـەرگریکاری پێشـمەرگەی هەیـە، بـۆ پاراسـتنی هـەرێم، وپێکهاتـە وئـەرك وکاروفەرمانەکانی، بە یاسـا رێکـدەخرێن، ونـابێ میلیشـیای چـەکداری، لـە دەرەوەی کەمـەرەی یاسـادا، پێـك بهێندرێت.**

**ماددەی: 14**

**یەکـەم: کـوردیو عـەرەبی، دوو زمـانی فـەرمین لـە هەرێمـدا، وئـەم دەسـتورە مـافی هاوڵاتیـانی هـەرێم لـە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایك، وەك تورکمانیو سریانیو ئەرمەنی، لەدەزگا حکومیەکانی خوێندندا ، دەستەبەر دەکات، بەپێی ڕێککاریە پەروەردەییەکان.**

**دووەم: لـە پـاڵ زمـانی کـوردیو عەرەبیـدا، زمـانی تورکمـانیو سـریانی، دوو زمـانی فـەرمین لـەو یەکـە کارگێڕییانەی کە ئەوانەی پێی دەئاخڤن چڕیی دانیشتوانیان پێکدێنن، ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.**

**سێیەم: بۆ دیارکردنی زمانی فەرمی، ئەگەر بواری یاسایی بۆ بەکارهێنانی لـە هەرێمـدا لـە ئـارادابوو، پشت بە ماددەی 4ی دەستووری فیدرالی دەبەسترێت.**

**ماددەی: 15**

**هەرێمی کوردستان پشت بە سیستەمی ئابووری ئازاد دەبەستێت وڕێگا بە قۆرخکردن و چەوسانەوە نادرێت وکێبرکێی ئازادو ڕەواش، دەستەبەر دەکرێت.**

**ماددەی: 16**

**حکومەتی هەرێم،لەسەر بنەما ئابووریەکانی سەردەم چاکسازی ئابووری هـەرێم دەگرێتـە ئەسـتۆ لـە پێنـاو بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی وگەشەپێدان وهاندانی وەبەرهێنان لـە هـەموو کەرتـە جیاکانـدا. ئەمـەش بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت.**

**ماددەی: 17**

**یەکەم: سامانی گشتی لە هەرێمدا مولکی گەلی کوردستانە وحوکمەکانی تایبەت بە پاراسـتن وبـەڕێوەبردنی ومەرجـەکانی رەفتـار لەسـەرکردن وئەوسـنوورەی دەکـرێ دەسـت لـە بەشـێکیان هـەلبگیرێت، بـە یاسـا رێـك دەخرێن.**

**دووەم: سـامانە سروشـتیەکانو ئاوەکـانی سـەر زەویو ژێـر زەویو کـانزا دەرنەهێنـدراوەکان وکانـەکانی دەرهێنانی بەردو کانزاکان سامانێکی نەتەوەیین بۆ هەرێمو دەرهێنـان وبـەڕێوەبردن ومەرجـەکانی رەفتـار لەسەرکردنیان بە یاسایەك ڕێك دەخرێن کە بەرژوەندی نەوەکانی ئێستاو داهاتوو بپارێزێت.**

## دەروازەی دووەم

## مـــافـــەکـــان

## بەشی یەکەم

**مافه مەدەنی و سیاسیەکان**

ماددەی: 18

هاوڵاتیان لە بەردەم یاسا، لە ماف و ئەرکدا یەکسانن, بەبێ جیاوازی لەنێویان بەهۆی ڕەگەز، نێرو مێ، ڕەنگ، زمان، پێگەی کۆمەڵایەتی، ئایین، ئایینزا، باری ئابووری، باری کۆمەڵایەتی، یان ئینتیمای سیاسیو هزری.

ماددەی: 19

هەموو کەسێك مافی ژیان وئاسایشو ئازادی هەیە، ونابێ کەس لەم مافانە بێبەش، یان سنوردار بکرێت، مەگەر بە پێی یاساو بە بڕیاری لایەنێکی دادوەری تایبەمەند بێت.

ماددەی: 20

ڕەخساندنی هەلی بە یەکسانیی بۆ هەموو هاوڵاتیانی هەرێم مافێکی دەستەبەرکراوە، ودەسەڵاتەکانی هەرێم دەبێ ڕێکاری پێویست بۆ بەدیهێنانیان بگرنەبەر.

ماددەی: 21

ئافرەت یەکسانە لەگەڵ پیاو ونابێ جیاوازی لە دژی بکرێت وحکومەتی هەرێم هەموو ئەو مافە مەدەنیو سیاسیانەی لەم دەستووروە ولەو پەیمان و ڕێککەوتنامە نێو دەوڵەتیانەدا هاتوون کە دەوڵەتی عێراق پەسەندیکردوون، دەستەبەر دەکات، هەروەها دەبێ هەر شتێك بە بەربەست دابندرێت لەبەردەم یەکسانیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو ئابووریو سیاسیدا، لابەرێت.

ماددەی: 22

یەکەم: فێرکردن مافێکە حکومەتی هەرێم، بۆ گشت هاوڵاتیەك، دەستەبەری دەکات, بەبێ جیاوازی، وقۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەوزیمی دەبێتو حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری لەنێو سەرجەم تەمەنە جیاوازەکاندا، بەنێرو مێوە.

دووەم: حکومەتی هەرێم خوێندن بە خۆڕایی لە هەموو قۆناغەکانی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەییو زانکۆییو خوێندنە پیشەییو تەکنیکیەکاندا، دەستەبەر دەکاتو پابەندیش دەبێت بە گەشەپێدانو هاندانی توێژینەوەی زانستی، بۆ مەبەستی ئاشتیانەو مەدەنییانە، وچاودێری سەرکەوتنو داهێنانو نوێکارییو هەموو دیاردەیەکی بلیمەتی دەکات.

سێیەم: خوێندنی تایبەتیو ئەهلی، بە یاسا ڕێکدەخرێت.

ماددەی: 23

یەکەم: هاوڵاتیانی هەرێم مافی بەشداریکردنیان هەیە, ڕاستەوخۆ یان، لە ڕێی نوێنەرە هەڵبژێر دراوەکانیانەوە، لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی بەشێوەیەکی ئازادانە، هەروەها مافی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنە گشتیەکان وڕیفراندۆمو هەڵبژاردنی ئەنجومەنە خۆجێیەکان و شارەوانیو دەستە ئەهلیەکاندا،

هەیە، لەگەڵ وەرگرتنی پۆستە گشتیەکان بە یەکسانی، بەپێی ئەو مەرجانەی یاسا دەستنیشانیان دەکاتو لەسەر بنەمای ڕەخساندنی هەلی یەکسان.

دووەم: لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردسان-عیراق وئەنجومەنی خۆجێیو شارەوانیەکاندا ڕێژەیەك بۆ ژنان تەرخان دەکرێت کە لە 25٪ ی کورسیەکان کەمتر نەبێت.

ماددەی: 24

سزادان کەسییە، ئازادیو شکۆمەندی مرۆڤ پارێزراون.

ماددەی: 25

نەتاوان هەیە ونە سزا، مەگەر بەپێی دەقێکی یاسایی نەبێت، هیچ کردەوەیەکیش بەر سزادان ناکەوێت ئەگەر لەکاتی ئەنجامدانیدا لە یاسادا بەتاوان دانەنرابێت، وناکرێت سزایەکی توندتر لەو سزایەی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بەرکارە، بەسەر تۆمەتباردا جێبەجێ بکرێت

ماددەی: 26

دادوەری لەبەردەم دادگایەکی تایبەتمەندا، مافێکی پارێزراو ودەستەبەرکراوە بۆ هەموو هاوڵاتیان.

ماددەی: 27

تۆمەتبار، بێتاوانە تا ئەو کاتەی لە دادگایکردنێکی دادپەروەری یاساییدا، تاوانەکەی دەسەلمێنرێت.

ماددەی: 28

مافی داکۆکیکردن لەخۆ، پیرۆزەو لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردندا، بە پێی حوکمەکانی یاسا.

ماددەی: 29

هەموو کەسێك لەرێکاری دادوەری وکارگێریدا، مافی ئەوەی هەیە بە دادپەروەری ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێتو نابێ ڕەفتاری خراپ یان بەکارهێنانی ئەشکەنجەی جەستەیی، دەروونی، یان هەڵسو کەوتی نامرۆڤانەی لەگەڵدا بەکاربێت، ودانپێدانانی بە زۆر یان بە هەرەشە یان بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە یان بەڵێن پێدانو ترساندن، بە هەند وەرناگیرێت، زیانلێکەوتووش دەتوانێت داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە جەستەییو دەروونییە بکات کە لێی کەوتووە، وڕادەی ئەو قەرەبووکردنەوەیە بە پێی یاسا دیاردەکرێت.

ماددەی: 30

یاسا کاریگەری بۆ رابردوو نییە، ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە نەبێت، بەڵام ئەم بەدەریە ئەو یاسایانەی تایبەتن بە باجو (رەسم)، ناگرێتەوە.

ماددەی: 31

یاسای سزادان کاریگەریی بۆ رابردوو نابێت، تەنیا مەگەر پتر لە بەرژوەندی گومانلێکراودا بێت.

ماددەی: 32

**لایەنی لێکۆڵینەوە دەبێ دۆسیەی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی بخاتە بەردەم دادوەری تایبەتمەند, لە ماوەیەکدا کە لەبیستو چوار کاتژمێر تێپەڕنەکات، لەو کاتەیەوە کەتۆمەتبار دەستگیردەکرێت، ئەو ماوەیەش لە یەکجار زیاتر درێژ ناکرێتەوە ودەبێت بۆ هەمان ماوەش بێت.**

**ماددەی:** 33

**یەکەم: کەس گل نادرێتەوەو کەسیش بەبێ فەرمانی لایەنێکی دادوەریی تایبەتمەند، دەستگیر یان بەند یان زیندانی ناکرێت، ئەویش بە گوێرەی یاسا دەبێت.**

**دووەم: دەستگیرکردن، بەندکردن، یان زیندانیکردن لە دەرەوەی ئەو جێگایانەی کە بەپێی یاسا بۆ ئەو مەبەستە دیارکراون، قەدەغەیە، ودەبێت ئەو جێگایانەش بەر چاودێری تەندروستی وکۆمەڵایەتی بکەون ولەژێر دەسەڵاتی دەزگا حکومیەکاندابن.**

**ماددەی:** 34

**دادگا لەسەر خەرجی حکومەت لە هەردوو قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردندا، پارێزەرێك دادەنێت بۆ داکۆکی کردن لە تۆمەتبار بە ئەنجامدانی تاوان یان کەتن، ئەگەر پارێزەرێکی نەبێ داکۆکی لێبکات.**

**ماددەی:** 35

**یەکەم: نشینگە وئەو شوێنانەی هاوشێوەی ئەون ڕێزیان لێدەگیرێت، وپێشێلکردن یان چوونە ناویان، پشکنین، یان چاودێریکردنیان دروست نیە، تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە یاسا دەستنیشانیکردووون.**

**دووەم: بە پێی یاسا نەبێت هیچ کەس یان شتوومەکەکەی ناپشکێندرێت.**

**ماددەی:** 36

**ئەو کەسەی دەستگیر دەکرێت دەستبەجێ دەبێ لە هۆکاری دەستگیر کردنەکەی ئاگاداربکرێتەوە، هەروەها دەبێت, یەکسەر لەو تۆمەتەی ئاراستەی دەکرێت، ئاگاداربکرێتەوە.**

**ماددەی:** 37

**نابێ زیندانی بەهۆی توخمی، ڕەنگی، ڕەگەزی، ئایینی، بیرو بۆچوونی سیاسی، بنەچەی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، سامانی، شوێنی لە دایکبوونی، یان هەر هۆیەکی دیکە، هەڵسو کەوتی جیاوازی لەگەڵدا بکرێت.**

**ماددەی:** 38

**ڕێز لە باوەڕی ئایینیو بنەمای ڕەوشتی ئەو پێکهاتەی زیندانی لێوەی هاتووە، دەگیرێت.**

**ماددەی:** 39

پێشکەشکردنی داواکاریو سکالاّ بە دەزگاکانی هەرێم مافێکی ڕەوای هاولاّتیانەو پێویستە دەسەلاّتداران لە ماوەیەکدا کە لە پانزە ڕۆژ تێپەڕ نەکات، بڕیاری لەسەر بدەن، ووەرنەگرتنیان لەبەر هەر هۆیەك بێت، یان بڕیار لەسەر نەدانیان بەبێ پاساوێکی ڕەوا تووشی لێپرسینەوەی یاساییان دەکات.

ماددەی: 40

پەنابەری سیاسی بە زۆر نادرێتەوە بەو ولاّتەی لێوەی هەلاّتووە.

ماددەی: 41

حکومەتی کوردستان-عێراق ڕێزگرتنی خانەوادەی شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان وپێشمەرگە وخانەوادەی قوربانیانی ئەنفال وبۆردومانی کیمیایی وئەوانەی بەهۆیانەوە تووشی کەمئەندامیی بەردەوام بووینە, لەئەستۆ دەگرێت.

ماددەی: 42

ڕێگە بەهیچ کیان, یان ڕێبازێك نادرێت بیری شۆڤینی، فاشی، ڕەگەز پەرستی، تیرۆریستی، بە کافردانان، پاکتاوی نەژادی یان تایفەگەری بگرێتەبەر، هەروەها هاندەریان بێت، یان ڕێگا خۆشکەرییان بۆ بکات، یان بە شکۆمەندییەوە تەماشایان بکات، یان پڕوپاگندە یان پاساویان بۆ بهێنێتەوە. دەزگاکانی کوردستان-عیراقیش پابەند دەبن بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە هەموو شێوەکانیەوەو کاردەکەن بۆ پاراستنی خاکی هەرێم لەوەی ببێتە بارەگایان یان ڕێگەی پەڕینەوەیان یان گۆڕەپانی چالاّکیەکانیان. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك تارق, جا وشەیەك گرنگە لە ماددەی (42) ڕێگە بەهیچ کیان, یان ڕێبازێك نادرێت بیری شۆڤینی, نادرێتەکەی لە بیر چوو, بۆیە گوتمەوە, پێشتریش عەرزم کردن, گوتم ئەوە ئەساسە, خوێندنەوەکە غەلّەت و شتی واش بێت وەرناگیرێت, ئەمە وەردەگیرێت, ئەمە حیساب دەکرێتن, ئەمەش دەدرێتە ئیعلام, فەرموو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## بەشی دووەم

## مافە ئابووری و کۆمەلاّیەتی و رۆشنبیرییەکان

ماددەی: 43

کارکردن مافی هەموو هاولاّتییەکەو پێویستە هەلی بەدەستهێنانی بژێوی بۆ فەراهەم بکرێت بە ئەنجامدانی ئەو کارەی خۆی هەلّیدەبژێرێت وبە ئازادی خۆی دەیەوێت.

ماددەی: 44

حکومەتی هەرێم بەرنامەی ئاراستەکردنو ڕاهێنانی هونەریو پیشەیی بۆ پەیداکردنی دەرفەتی کار دەستەبەر دەکات.

ماددەی: 45

کرێکار مافی کرێی یەکسانی بەرامبەر بە کاری یەکسان هەیە، بە یاساش پێوەندی کرێکارو خاوەنکار لەسەر بنـەما ئابووریـەکان ڕێکـدەخرێت وپێویسـتە ڕێسـای دادپـەروەریی کۆمەڵایـەتی و پاراسـتنی کرێکـاران لـە چەوساندنەوە رەچاو بکرێت.

ماددەی: 46

کرێکاران مافی یەکسانیان لە بەدەستهێنانی هەلو دەرفەتی بەرزبوونەوە بۆ پلەی باڵاترو گونجاو هەیە، بێ رەچاوکردنی هیچ شتێك جگە لە ساڵانی خزمەتو توانایی کەسەکە.

ماددەی: 47

حکومـەتی هـەرێم مـافی دامەزرانـدنی سـەندیکاو یەکێتییـە پیشـەییەکان، بەشـێوەیەکی ئازادانـە وچوونە پاڵیانەوە مسۆگەر دەکات، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

ماددەی: 48

خاوەندارێتی (موڵکداریەتی) تایبەت پارێزراوە، نابێ لەکەس بسەندرێت تەنیا بۆ مەبەستی سوودی گشتیو بـە قەرەبووکردنەوەیـەکی دادپەروەرانـەی خێـرا نـەبێت، کـە بـەر لـە دەسـتبەرداربوونی لەموڵکەکـەی، یـان لەکاتی دەست بەسەر گرتنیا پێی دەدرێت، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

ماددەی: 49

خێـزان یەکـەی کۆمەڵایـەتی سروشـتیو بنچـینەییە لـە کۆمەڵگـەدا، ومـافی خۆیـەتی حکومـەتو کۆمەڵگـە پارێزگاری لێبکەن بۆیە:

یەکـەم: نـابێ گرێبەسـتی هاوسـەرێتی مۆربکرێـت بەڕەزامەنـدیی تـەواوی هـەردوو لایـەنی هاوسـەرێتیەکە نەبێت وبەبێ زۆرلێکردن.

دووەم: حکومەت پاراستنی دایکایەتیو منداڵێتیو پیریەتی لە ئەستۆ دەگرێتو ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری بۆ کاروباری خێزان دادەمەزرێنێت.

سێیەم: منداڵان مافی پەروەردەو سەرپەرشتیکردنو فێرکردنیـان بەسـەر بـاوكو دایکیانـەوە هەیـە، بـاوكو دایکیش مافی ڕێزلێگیرانو چاودێریان بەسەر منداڵەکانیانەوە هەیـە، بەتایبـەتی لـە حاڵـەتی دەسـتکورتیو پەککەوتەییو پیربووندا.

چوارەم: چەوساندنەوەی منداڵ لـە ڕووی ئابوورییـەوە قەدەغەیـە، حکومـەتی هـەرێم ڕێکـاری پێویسـت بـۆ پارێزگاریکردنیان دەگرێتەبەر.

پێنجەم: هەموو شێوەیەکی جیاوازیو توندوتیژی و (تعسف) ناحـەقی لـەناو کۆمـەڵو قوتابخانـەو خێزانـدا قەدەغەیە.

شەشـەم: حکومـەتی هـەرێم دامەزرانـدنی خانـەی تایبـەت بـە چـاودێریکردنو پاراسـتنی ئـەو ئافرەتانـە دەستەبەر دەکات کە بەهۆکاری کۆمەڵایەتیەوە ئارامیی خێزانیان لەدەستداوە.

ماددەی: 50

**هەموو هاوڵاتییەك مافی چاودێریی تەندروستی هەیـە، ودەبـێ حکومـەتی هـەرێم شـێوازی پارێزگاریکردن وچارەسـەرکردنی دەسـتەبەربکاتو بـە گـوێرەی تواناشـی, مـافی ئـەو کەسـانە دابـین دەکـات کـە بـە هـۆی بارودۆخێکەوە کە لـە دەسـتخۆیاندا نـەبووە، سەرچـاوەی بـژێوییان لـە دەسـتداوە و لـە حاڵـەتی نەخۆشـیو پەککەوتەییو پیریەتیو بێوەژنی، یان بێوەمێردیدا.**

**ماددەی:** 51

**یەکـەم: حکومـەتی هـەرێم پابەنـدە بـە بایەخـدان بـە تەنـدروسـتی گشـتی، بـە دروسـتکردنی نەخۆشـخانەو دامـەزراوە تەندروسـتیەکانو خانــەی چـاودێری کۆمەڵایــەتی بـۆ بەساڵاچـوان، وشـێوازی خـۆ پاراسـتنو چارەسەرکردنیش دەستەبەر دەکات.**

**دووەم: تاکە کـەسو دەزگـا ئەهلییـەکان دەتـوانن نەخۆشـخانەو خانـەی چارەسـەریی تایبـەت دروسـت بکـەن لەژێر چاودێری دەزگا تایبەتمەندەکانی حکومەتی هەرێم، ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.**

**ماددەی:** 52

**یەکەم: کەمئەندام مافێکی رەسەنی خۆیەتی کە ڕێز لە مرۆڤایـەتیی بگیرێـت، هـەروەها هـەر چـییەك هـۆی کەمئەندامبوونی بێتو لەهەر ئاستێکدا بێت، هەمان ئەو مافە بنەڕەتیانـەی هاوڵاتیـانی هاوتەمـەنی خـۆی هەیە، ومافی خۆیەتی ژیانێکی شایستە کە بەپێی توانا سروشتی بێت، بەسەر بەرێت.**

**دووەم: کەم ئەندام مافی چارەسەرکردنی پزیشکیو دەروونــیو فێربـوونو دامەزرانـدنو سـوود وەرگـرتن لـە ئەندامی دروستکراو وئـامێری توانـا بـەخشو هـەموو ئـەو شـتانەی هەیـە، کـە گەشـە بـە توانـاو لێهـاتوویی دەدەن تائەوپەڕی توانا بۆ ئەوەی تێکەڵ بە کۆمەڵگەی بکاتەوە.**

**سێیەم: کەمئەندام مافی خۆیـەتی لەسـەرجەم قۆناغـەکانی پلانـدانانی ئـابوریو کۆمەڵایەتیـدا، پێداویسـتیە تایبەتیەکانی لەبەر چاو بگیرێت.**

**چوارەم: کـەم ئەنـدام مـافی خۆیـەتی بپارێزرێـت لـە هـەر چەوسـانەوەیەك، یـان لـە هـەر سیسـتەمێك، یـان مامەلەیەك کە سروشتێکی جیاکاری یان ناحەقی تێدابێت، یان لە شکۆدارێتی کەمبکاتەوە.**

**پێنجەم: حکومەتی هەرێم بایەخدان بە زمانی ئاماژەو نوسین بە ڕێگەی "برایل" بۆ ئەو کەسانەی بـەهۆی کەمئەندامێتیی لەشیانەوە پێویستیان پێیەتی، لە ئەستۆ دەگرێت.**

**ماددەی:** 53

**حکومـەتی هـەرێم چـاودێری زانکۆکـانی کوردسـتانو پارێزگـاری حـەرەمو پێگـەی کەسـایەتیی مەعنـەویان، لەچوار چێوەی یاسادا، لە ئەستۆ دەگرێت.**

**ماددەی:** 54

**یەکەم: حکومـەتی هـەرێم چـاودێریکردنی زانسـتو ئـەدەبو هونـەرو هانـدانی توێژینـەوەی زانسـتیانە لـە ئەستۆ دەگرێت.**

دووەم: هەموو كەسێك مافی خۆیەتی بەشداری لە ژیانی ڕۆشنبیریدا بكاتو سوود لە پێشكەوتنە زانستییەكانو پیادەكردنیان ببینێو سوود لە پارێزگاریی یاسایی لە بەرژوەندیە ماددیو مەعنەویانەی بەدیهاتوون لە هەر كارێكی زانستی یان هونەری یان ئەدەبی خۆی، وەربگرێت.

سێیەم: هەموو كەسێك مافی خۆیەتی لە لێكۆڵینەوەی زانستی وچالاكی داهێنەرانە ئازاد بێت.

چوارەم: حكومەتی هەرێم پارێزگاریكردن لە مافی موڵكدارێتی داهێنانو ڕەنگرێژیو نموونەو نیشانەی تۆماركراو و ناوی بازرگانیو كارە ئەدەبیو هونەری وزانستیەكان،لە ئەستۆ دەگرێت.

ماددەی: 55

حكومەتی هەرێمی كوردستان چاودێری تازە پێگەیشتوانو لاوان لە ئەستۆ دەگرێت، ئەویش بەوەی كە:

یەكەم: لە چەوساندنەوە ولادان بیانپارێزێت.

دووەم: لە گشت بوارەكاندا گەشە بە توانایان بدات وپەرە بە لێهاتووییان بدات وبەهرەكانیان مشتوماڵ بكات وهانی چالاكیەكانیان بدات.

سێیەم: لە رووی پەروەردەكاریەوە ئامادەیان بكات وبەها ڕەوشتیو نیشتمانیە ڕەسەنەكانیان تێدا پتەوبكات وگیانی دەستپێشخەریو وشیارییان بە كەلتوری مێژوویيو تێكۆشانو مرۆیانەی نەتەوەكەیان تیادا بچەسپێنێت.

چوارەم: بوار لەبەردەمیاندا بڕەخسێنێت تاكو بەهرەكانیان لە بەشداریكردنی پرۆژەی پەرەپێدانی ئابووریو كۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریدا بەگەڕ بخرێن.

پێنجەم: دانانی بەرنامەو پلان تا بەرپرسیاریەتی بگرنە دەستو ڕۆڵی خۆشیان لە كۆمەڵگەدا بگێڕن.

شەشەم: هانی دەستپێشخەریە تاكە كەسیو بەكۆمەڵەكان بدات وبایەخ بە داهێنانەكانیان بدات وبنكەی پێویست دابمەزرێنێت بۆ چاودێریو پشتگیریكردنی ماددیو مەعنەوییان.

حەوتەم: گیانی هاریكارییو هەرەوەزییو پیادەكردنی دیموكراسییانە لەنێویاندا هان بدات و هۆكارەكانی سوود وەرگرتن لەكاتی دەست بەتاڵیان بۆ دەستەبەر بكات بەشێوەیەك كە بەرهەمهێنەربێتو تواناو شارەزاییان مشتوماڵ بكات.

ماددەی: 56

وەرزشكردن مافی هەموو هاوڵاتییەكەو دەبێ حكومەتی هەرێم هانی چالاكییە وەرزشییەكان بداتو پێداویستییەكانی دابین بكات.

ماددەی: 57

یەكەم: پارێزگاریكردن لە ژینگە (زەوی، ئاو، هەوا، ڕووەكو زیندەوەران) بەرپرسیاریەتی هەموو كەسە سروشتی ومەعنەویەكانە، وئەوەی زیان بەهەر یەكە لەوانە بگەیەنێت، بەرپرسیار دەبێت لە چاككردنەوەی، جگە لەبەرپرسیارێتی سزایی، بەپێی یاسا.

**دووەم: هاوڵاتی مافێکی بنەڕەتی هەیە لە ئازادیو یەکسانیدا ولە بارودودۆخێکی بـژێوی گونجـاو وکەشـێکی کۆمەڵایـەتیو ئـابووریی ئـەوتۆدا کـە ژیـانێکی شـەرفمەندانە وخۆشـگوزەرانی بـۆ دابـین بکـات، وئـەرکی سەرشانیەتی ژینگە بپارێزێت وباشتری بکات بۆ بەرژوەندی نەوەکانی ئێستاو ئایندەش.**

**سێیەم: چارەسەرکردنی سەرچاوەکانی پیسکردنی ژینگەو کەمکردنەوەیان لە ئەسـتۆی حکومـەتی هەرێمـە، لە پێناو ئەوەشدا تێدەکۆشێت بۆ پەرەپێدانی دارستانو پاراسـتنی وبـەرفراوانکردنی پانتاییـان وپاراسـتنی ناوچەو پشتێنەی سەوزی ناو شارو دەوروبـەری شـارەکان وپەرەپێـدان وفراوانکردنـی دروسـتکردنی باخچـە گشـتیەکان وپاوانـە سروشـتیەکان، بـۆ پاراسـتنی گیانـەوەرەکان وگیـاو بـەروبوومی سروشـتی ونەهێشـتنی بنیاتنانی ساختمان ودامەزراوەکان وبەکارهێنانی ئامێر ومەکینەکان لە پاوانە سرووشتیەکاندا.**

**ماددەی:** 58

**دەبێ حکومەتی هەرێم رێکاری پێویست بگرێتەبـەر بـۆ پاراسـتنی بەکاربـەر (مستهلك) وهـانی بەکاربـەران بـدات بـۆ ئـەوەی بتـوانن بـەرگری لـە خۆیـان بکـەن بەهێنانـە کایـەوەی ڕێگـا یاسـاییەکان بـۆ دامەزرانـدنی یەکێتیو کۆمەڵەکانی تایبەتمەند بەم مەبەستە.**

## بەشی سێیەم

## ئازادییەکان

**ماددەی:** 59

**هەموو کەسێك مافی لە ئازادیی را وڕادەربڕینی هەیە.**

**ماددەی:** 60

**حکومەتی هەرێم ئازادی بڵاوکردنەوەو چاپو ڕۆژنامەگەریو مافی کۆبوونەوەو خـۆ پیشـاندانو مـانگرتنی ئاشتیيانە دەستەبەر دەکات، ئەمەش بە یاسا رێکدەخرێت.**

**ماددەی:** 61

**ئازادی گەیاندنو نامەگۆڕینەوە بە پۆستو بروسکەو تەلەفۆنو نامەی ئەلیکترۆنیو ئەوانی تـر پـارێزراوەو نابێت چاودێری بکرێن یان گوێیان لێبگیرێـت یـان ئاشـکرا بکـرێن، تـەنیا لەبـەر پێویسـتییەکی یاسـایی یـان ئاسایشیدا نەبێت، ئەویش بە بڕیارێکی دادوەری.**

**ماددەی:** 62

**هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەسەفەرکردن یان نیشتەجێبوون لەدەرەوەی هەرێمو گەڕانەوەیاندا، ئازادن.**

**ماددەی:** 63

**هەر کەسێك بەشێوەیەکی یاسایی لە هەرێمدا بێت مـافی هـاتو چـۆکردنی بەشـێوەیەکی ئازادانـە هەیـەو لـە دیارکردنی شوێنی نیشتەجێبوونیدا ئازادەو ناشبێت ئەو مافە سنووری بۆ دابندرێت، تەنیا لەبەر پێویستی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یان دابونەریتی گشتی یان تەندروستی گشتی یان مافو ئـازادی کەسـانی دیکـە نەبێ، بە پێی یاسا.**

ماددەی: 64

حکومـەتی هـەرێم پابەنـدە بـە پتـەوکردنی ڕۆڵـی دامـەزراوەکانی کۆمـەڵگای مـەدەنیو پشـتگیریکردنیانو پەرەپێدانیانو پاراستنی سەربەخۆییان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، ئەویش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

ماددەی: 65

ئایین بەزۆر نیە، هەموو کەسێك ئازادی هزرو ئایینو باوەڕی هەیـەو حکومـەتی هـەرێم ئـازادی هاوڵاتیـانی کوردستان بە موسڵمانو مەسیحیو ئێزیـدیو ئـەوانی دیکـەوە دەسـتەبەر دەکات، بـۆ پیـادەکردنی پەرسـتن وئەرکو ڕێوڕەسمە ئاینییەکانیانو ڕێزگرتن لە مزگەوتو کەنیسە وپەرستگاکانی دیکە وپەرەپێدانیان.

ماددەی: 66

ڕێگە بەهیچ شێوە بێگارییەك یـان کـارپێکردنی زۆرەملێیانـە یـان دەرکردنـی بەناحـەق (تعسفی) نادرێـتو نابێت پەنایان بۆ ببرێت:

یەکـەم: وەك شـێوەیەك بـۆ ناچـارکردن، یـان ئاراسـتەکردنێکی سیاسـی، یـان وەك سـزایەك لەسـەر بـیروڕای سیاسی، یان بیروڕایەك لە ڕووی مەزهەبیەوە پێچەوانەی سیستەمی سیاسی یان ئابووریی یان کۆمەڵایـەتیی باو بێت، یان لەبەر دەربڕینی ئەو جۆرە بیروڕایانە بێت.

دووەم: وەك شێوازێك بۆ کۆکردنەوەی هێزی کارگەر وبەکارهێنانیان بۆ ئامانجەکانی پەرەپێدانی ئابووری.

سێیەم: وەك سزایەك لەسەر بەشداریکردن لە پارتە سیاسیەکاندا.

چوارەم: وەك شێوازێك بۆ جیاکاریی ڕەگەزیی، کۆمەڵایەتیی، نەتەوەیی، ئایینی، ئایینزایی یان سیاسی.

ماددەی: 67

یەکەم: ئازادی دامەزراندنی کۆمەڵەو پـارتی سیاسـی یـان چـوونە ڕیزیانـەوە دەسـتەبەرکراوەو بـە یاسـایەك ڕێکدەخرێت.

دووەم: کەس ناچار ناکرێت بچێتە نـاو پارتێـك یـان کۆمەڵەیەکـەوە وناچـار ناکرێـت لـە ئەندامیەتییەکـەی بەردەوام بێت یان دەستەبەرداری بێت.

سێیەم: کۆمەڵەو پارتە سیاسییەکان لـە بـەڕێوەبردنی پێکهاتـەو ڕێکخسـتنو مـافی ئەندامەکانیانـدا پابەنـد دەبن بە پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت.

چوارەم: نابێت پارتی سیاسی لقی پارتێکی بیانی، یان سەر بە بەرژوەندیو لایەنێکی بیانی بێت.

پێنجـەم: پـارتو کۆمەڵـەکان لـە پـەیڕەوو پرۆگـرامو پیادەکردنـدا پابەنـد دەبـن بـە بنـەماکانی ئـەو مافـە بنچـینەییانەی لــە دەســتووردا هاتوونــەو قبــووڵکردنی ڕای بەرامبــەرو فــرە لایــەنیو بەکارنــەهێنانی توندوتیژی.

شەشـەم: ڕێگـە بـە پـارتو ڕێکخـراو وکۆمەڵـەو تاکـە کەسـیش نادرێـت لـە پێنـاو بـەدیهێنانی دەسـکەوتی پارتایـەتی یـان هەڵبـژاردن یـان شـتی دیکـە، ئـایین یـان بەشـێك لـەناوەڕۆکی کتێبـە پیرۆزەکـانی, یـان ڕێـو ڕەسمێکی ئایینی وەك شێوازێك بۆ کەمکردنەوە لە پێگەی سیاسی یان کۆمەڵایەتی کەسانی دی بەکاربهێنن.

**حەوتەم: ئەو کۆمەڵانەی ئامانج و کردەوەکانیان لەگەڵ حوکمی یاسا سزاییەکان ناکۆکن و هەڵوێستێکی دژ بە سیستەمی سیاسی هەرێم و ژیانی ئاشتیانەو نزیک بوونەوە لە پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینی گەلی کوردستان پەیڕەو دەکەن، قەدەغە دەکرێن.**

**ماددەی:** 68

**هەموو کەسێك مافی بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەو کۆمەڵە ئاشتییەکاندا هەیەو ناشێت کۆت لەسەر ئەم مافە دابنرێت، بە پێی یاسا نەبێت.**

**ماددەی:** 69

**بەڵێننامەو پەیماننامەو ئاگادارییە نێو دەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ کە پێشتر لەلایەن عێراقەوە پەسند کراون، یان دواتر دەچێتە ڕێزیانەوە، تەواوکەری ئەم دەستورەن.**

**ماددەی:** 70

**بیانیەکان لەو مافو ئازادیانە سوودمەند دەبن، کە لە بەڵێننامە وپەیماننامەو ڕێککەوتننامە نێو دەوڵەتییەکان، کە بڕیاریان لەسەر دراوە وکۆماری عێراقی فیدرال پەسەندی کردوون، لە بەرامبەریشدا ئەو ئەرکانەی تێیاندا هاتوون لە ئەستۆیان دەبن.**

**ماددەی:** 71

**کۆت، یان سنووردانان لەبەر دەم پیادەکردنی هەر مافو ئازادییەك کە لەم دەستوورەدا هاتووە بە یاسا نەبێت دروست نیە، ئەویش بە مەرجێك ئەو کۆتو سنووردانانە کار نەکاتە سەر کرۆکی ماف یان ئازادیەکە تەنها بەو رادەیە کە کۆمەڵگایەکی بنیاتنراو لەسەر بنەمای دیموکراسیو شکۆمەندیو یەکسانیو ئازادی ودادپەرەرانە قبوڵی بکات.**

## بەشی چوارەم

## ئەرکەکان

**ماددە:** 72

**بەرگری کردن لەنیشتمان وسەلامەتی خاکەکەی وپاراستنی دەزگا دەستووریەکانیو پارێزگاری لە یەکێتی نیشتمانیو پابەندبوون بە شکۆمەندیە نموونەییەکانی خەباتی گەلی کوردستان لە پێناو ئازادیو دیموکراسی، ئەرکێکی پیرۆزە لەسەر شانی هەموو هاوڵاتیەکدا.**

**ماددەی:** 73

**پابەند بوون بە دەستوورو یاساکان ڕەچاوکردنی سیستەمی گشتی ئەرکێکە لەسەر شانی هەموو هاوڵاتیانی هەرێمدایە.**

**ماددەی:** 74

**ڕێزگرتنو بەرز ڕاگرتنی سیمبولەکانی بزافی ئازادی خوازی کوردیو شۆڕشو شەهیدەکانیو پاراستنی شکۆمەندی کەسو کاریانو پێشمەرگە دێرینەکانو خەباتگێرانو بەشداربووان تیایدا ئەرکێکی پیرۆزە لەسەر حکومەتو هاوڵاتیانی کوردستان.**

**ماددەی: 75**

**پێویستە لەسەر هەر هاوڵاتیەك موڵکی گشتی وسامانی گشتی بپارێزێت، ڕێز لە مافی موڵکایەتیی کەسانی دیکەش بگرێت.**

**ماددەی: 76**

**دەبێ هەموو کەسێك هاوکاری لە خەرجی گشتیدا بکات لە ڕێگەی ئەو باجو ڕەسمانەی لەسەریەتی بەپێی یاسا.**

**ماددەی: 77**

**دەبێ ئەوەی پۆستێکی فەرمی یان فەرمانبەرایەتیەکی گشتی دەگرێتە ئەستۆ، ئەرکەکانی جێبەجێ بکات بە بەرزەفتکاری ودەستپاکیو شەرفمەندیەوە.**

## دەروازەی سێیەم

## دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی: 78**

**دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان-عیراق پێکهاتوون لە:**

**یەکەم: دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمانی کوردستان)**

**دووەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن**

**سێیەم: دەسەڵاتی دادوەری.**

**یەکەم:دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمانی کوردستان).**

**ماددەی: 79**

**پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی یاسادانانە لە هەرێمداو ژێدەری (مەرجعی) بڕیاردانە لەسەر کێشە چارەنووسسازەکانی گەلی هەرێمی کوردستان، وئەندامەکانی نوێنەرانی گەلنو بە دەنگدانێکی گشتیو ئازاد ونهێنی وڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن.**

**ماددەی: 80**

**یەکەم: شێوەی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان- عێراقو چۆنیەتی ئەنجامدانیو دیارکردنی کاتەکەیو ڕێژەی نوێنەرایەتی لە پەرلەمانو مەرجەکانی دەنگدەرو ئەندام بەپێی یاسا دیار دەکرێن.**

**دووەم: لە پێکهاتەی پەرلەماندا نوێنەرایەتی دادپەروەرانە بۆ نەتەوەکانی هەرێمی کوردستان، ڕەچاو دەکرێت.**

**سێیەم: ئەندامی پەرلەمان نوێنەری گەلی کوردستان- عێراقە، بە هەموو پێکهاتە نەتەوایەتیو سیاسیو ئایینیەکانەوە بەبێ ڕەچاوکردنی ئینتیما یان ناوچەی هەڵبژاردن.**

**ماددەی: 81**

**یەکەم: خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان چوار ساڵەو لە ڕۆژی یەکەمین کۆبوونەوەیەوە دەست پێدەکات.**

**دووەم:** لەماوەی پانزە ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی دوا ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا، بەداوای سەرۆکی هەرێم, پەرلەمان کۆ دەبێتەوە، ئەگەر داوای کۆبوونەوەی لێنەکرا، ئەوا لە کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی دوای کۆتایی ماوەکە، خۆی کۆ دەبێتەوە.

**ماددەی:** 82

پەرلەمان یەکەم دانیشتنی بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندامی دەبەستێتو بە دەنگدانی نهێنی، سەرۆكو جێگری سەرۆكو سکرتێری گشتی هەڵدەبژێردرێن.

**ماددەی:** 83

ئەندامی پەرلەمان بەر لە دەست بەکاربوونی، ئەم سوێندەی خوارەوە دەخوات:

"سوێند بەخوای گەورە دەخۆم کە بەرژوەندی گەلی کوردستانو یەکێتیو شکۆمەندییو مافو ئازادییەکانی هاوڵاتییانی بپارێزمو ئەرکی ئەندامێتی بە ڕاستگۆییو دڵسۆزیی بە جێ بگەیێنم"

**ماددەی:** 84

ئەندامی پەرلەمان لە ڕۆژی سوێندخواردنی دەستووریەوە بە دەست لەکار کێشایەوە لە فەرمانبەرێتی خۆی دادەندرێت، و دوای کۆتایی هاتنی ماوەی ئەندامێتیی لە پەرلەمان، مافی گەڕانەوەی هەیە بۆ سەرکاری خۆی یان کارێکی نزیك لە کاری جارانی وماوەی ئەندامێتی لە پەرلەماندا بۆ مەبەستی زیادبوونی مووچەو پلەداریو بردنەپێشو خانەنشینی، دەژمێردرێت.

**ماددەی:** 85

نابێ ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان وئەندامێتی لە پەرلەمانی فیدرال یان لە ئەنجومەنە خۆجێیەکان, یان شارەوانیەکان, یان فەرمانبەرێتی گشتی کۆبکرێنەوە.

**ماددەی:** 86

پەرلەمان لە ساڵێکدا دوو خولی چوار مانگی دەبەستێتو پەیڕەوی ناوخۆی چۆنیەتی بەستنەکەی دیار دەکاتو ئەو خولەی کە بودجەی گشتی تیادا دەخرێتە بەرچاو، تا پەسەندی نەکات، کۆتایی نایەت.

**ماددەی:** 87

دەکرێ خولی بەستنی پەرلەمان لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان بیستو پێنج ئەندامی پەرلەمان بۆ ماوەیەك کە لەسی (30) ڕۆژ زیاتر نەبێت، درێژ بکرێتەوە، بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی پێویستیان بە ماوەکە هەیە.

**ماددەی:** 88

ڕێژەی ئامادەبوونی یاسایی (نیساب) لە پەرلەماندا بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دێتە دی وبڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبوان دەردەچن، ئەگەردەقێکی پێچەوانە لە یاسادا نەبێت، وئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون ئەوا بەو لایەدا دەشکێتەوە کە سەرۆکی پەرلەمان دەنگی پێداوە.

ماددەی: 89

بۆ دە (10)، یان پتر لە ئەندامانی پەرلەمان هەیە پێشنیازی پرۆژەی یاسا یان بڕیارێك پێشكەش بكەن.

ماددەی: 90

یەكەم: ئەندامی پەرلەمان بۆیٚ هەیە پرسیار لە سەرۆك وەزیران یان لە جێگرەكەی بكات سەبارەت بەو كارانەی تایبەتن بە ئەنجومەنی وەزیران یان یەكێك لە وەزارەتەكان، ویاسای پەرلەمانو پەیڕەوی ناوخۆی ئەو رێكخستنەی دەگرنە ئەستۆ.

دووەم: دە (10)، لە ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە لەسەرۆك یان لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بپرسنەوە، گفتوگۆ لەسەر لێپرسینەوەكە پاش هەشت ڕۆژ، لە ڕۆژی گەیشتنی داواكە بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەنجام دەدرێت وئەگەر لێپرسینەوەكە داوای متمانە كێشانەوە لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، یان وەزیرێكی لێكەوتەوە، ئەوا متمانە كێشانەوە لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بە رەزامەندیی دوو لەسەر سیٚ (3\2)ی ئەندامانی پەرلەمان دەبێت، وبۆ وەزیریش بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دەبێت.

ماددەی: 91

ماف‌و ئیمتیازەكانی سەرۆكی پەرلەمانو جێگری‌و سكرتێری گشتی‌و ئەندامانی پەرلەمان، بە یاسا دیاردەكرێن.

ماددەی: 92

یاسای پەرلەمانو پەیڕەوی ناوخۆی، درێژەی چۆنیەتی كاركردن لە پەرلەمانو بەستنی دانیشتنە ئاسایی‌و نا ئاساییەكانو حاڵەتی كۆتایهێنانی ئەندامیەتی‌و چۆنیەتی پڕكردنەوەی كورسیە چۆڵەكان دیار دەكات.

ماددەی: 93

پەرلەمان ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەكات:

یەكەم: بڕیاردان لەسەر كێشە چارەنووسسازەكانی گەلی كوردستان- عێراق.

دووەم: پەسندكردنی پێشنیازی هەمواركردنی دەستوری هەرێم، بە زۆرینەی دوو لەسەر سیٚ (3\2)ی ژمارەی ئەندامانی، بە مەرجێك لە مافە سەرەكی‌و ئەو ئازادیانە كەم نەكاتەوە كە تێیدا هاتوون.

سێیەم:

أ) دانانی یاسای تایبەت بە هەرێم وهەمواركردنیانو پوچەڵكردنەوەیان.

ب) هەمواركردنی شێوەی جێبەجێكردنی ئەو یاسا فیدراڵیانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتە دیاركراوەكانی حكومەتی فیدراڵین.

ج) دانانی ئەو یاسایانەی كە پێوەندیان بە دەسەڵاتە هاوبەشەكانی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی‌و هەرێمەوە هەیە.

**چوارەم: لادانی سەرۆکی هەرێم یان جێگرەکەی، بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان، ئەویش دوای خەتابارکردنی لەلایەن دادگای دەستووری کوردستانەوە، لە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە:**

**أ. کارکردن بە پێچەوانەی سوێندی دەستووری.**

**ب. پێشێلکردنی دەستوور.**

**ج. ناپاکی (خیانەتی) گەورە.**

**پێنجەم: متمانەدان بە حکومەت و ئەندامانیو لێسەندنەوەیان بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان.**

**شەشەم: بڕیاردان لەسەر سیاسەتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی فیدرال.**

**حەوتەم: چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن ولێپێچینەوە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو جێگرەکەیو وەزیرەکان بەپێی یاساو پەیرەوی ناوەخۆ.**

**هەشتەم: پەسندکردنی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستانو ژمێرکاریە کۆتاییەکانیو ڕاگوێزان لەنێو بەشەکانی بودجەو پەسەندکردنی هەر خەرجیەك تێیدا باس نەکرابێ.**

**نۆیەم: پەسندکردنی پلانە گشتیەکانی پەرەپێدان.**

**دەیەم: دانانی باجو رەسمو هەموارکردنی و پووچەڵکردنەوەیان.**

**یازدەم: یەکلاکردنەوەی دروستیی ئەندامییەتی لە پەرلەماندا.**

**دوازدەم: دانانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانو دیارکردنی میلاکیو خەملاندنی بودجەکەیو دامەزراندنی فەرمانبەرانیو دیارکردنی مووچەکانیان.**

**سیازدەم: پێکهێنانی لیژنەی هەمیشەییو کاتییو لێکۆڵینەوەییەکان لەو کێشانەی بە پێویست دەزانێت.**

**ماددەی:** 94

**نابێ پەرلەمان دەستبەرداری دەسەڵاتی یاسادانانی خۆی بێت جگە لەوەی کە لە برگەی (حەوتەم)ی ماددەی سەدو چوارەمی ئەم دەستوورەدا هاتووە.**

**ماددەی:** 95

**یەکەم: ئەندام پەرلەمان (حەسانە)ی پەرلەمانی هەیەو لە قسەکردنیشیا ئازادە لەو سنوورەی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا دیارکراوە.**

**دووەم: نابێت سنوور بۆ ئازادی ئەندامی پەرلەمان دابنرێت یان چاودێری بخرێتە سەر، بە ڕەزامەندی پەرلەمان نەبێت.**

**سێیەم: نابێ ئەندام پەرلەمان لە کاتی خولی کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا، ڕاوەدوو بندرێت, لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت، خۆی، ماڵی، یان نووسینگەی بپشکنرێت، یان دەستگیر بکرێت لەلایەن هیچ لایەنێکەوە بەبێ ڕەزامەندیی پەرلەمان، مەگەر لە حاڵەتی تاوانی بینراودا بێت.**

**چوارەم: ئەندام پەرلەمان لە دەرەوەی خولی کۆبوونەوەکانی، بەبێ ڕەزامەندی سەرۆکی پەرلەمان، نابێت ڕاوەدوو بنرێت یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت، یان, خۆی، ماڵی، یان نووسینگەی بپشکنرێت یان دەسگیر**

بكرێت، مەگەر لە حاڵەتی تاوانی بینراودا بێت، ودەبێ لەگەڵ دەستپێكردنەوەی كۆبوونەوەكانیدا, یەكسەر، پەرلەمان ئاگاداربكرێتەوە لەو رێكارانەی دەرهەقی كراون.

ماددەی: 96

یەكەم: پەرلەمان بۆی هەیە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ژمارەی ئەندامانی، خۆی هەڵوەشێنێتەوە.

دووەم: پەرلەمان بە فەرمانی سەرۆكی هەرێم لەم حاڵەتانەدا هەڵدەوەشێتەوە:

أ. دەست لەكار كێشانەوەی زیاتر لە نیوەی ئەندامەكانی.

ب. ئەگەر لە ڕۆژی بانگێهێشتكردنی بۆ كۆبوونەوەی بۆ دەستپێكردنی خولی هەڵبژاردنی تا ماوەی چل‌و پێنج ڕۆژ، ژمارەی یاسایی(نیساب)ی بەدی نەهات.

ج. ئەگەر پەرلەمان متمانەی بە سێ پێكهاتەی وەزاریی پێشنیازكراوی جیاوازی یەك لەدوایەك نەبەخشێت.

سێیەم: فەرمانیك دەردەچێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان لە ماوەی (15) پازدە رۆژ لە رۆژی هەڵوەشاندنیەوەیدا ولەماوەی دوو مانگی پێش كۆتایی خولی هەلبژاردنی.

ماددەی: 97

لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، یان كۆتاییهاتنی خولی هەڵبژاردنەكەی، هەڵبژاردنێكی نوێ ساز دەكرێت، ئەویش لە ماوەی ئەو پەڕەكەی شەست ڕۆژدا، لە ڕۆژی هەڵوەشاندنەوەیەوە، یان لە ماوەی دوو مانگدا بەسەر كۆتاییهاتنی خولی هەڵبژاردنی.

ماددەی: 98

ئەگەر ماوەی خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان كۆتایی هات‌و بەهۆی شەڕ یان كارەساتی سروشتی نەتوانرا هەڵبژاردنێكی نوێ ساز بكرێت، پەرلەمان لە ئەركەكانی خۆی بەردەوام دەبێت تا هەڵبژاردنی پەرلەمانێكی نوێ‌و بەستنی یەكەمین كۆبوونەوەی خۆی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, كاك رۆمیۆ فەرموو, كاك شۆرش حەسن, كاك زانا سەعید, كاك دلێر محەمەد شەریف, فەرموون دانیشن.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**دووەم:دەسەلاتی جێبەجێ كردن**

**یەكەم: سەرۆكی هەرێمی كوردستان**

ماددەی: 99

یەكەم: هەرێم سەرۆكێكی هەیە بەناوی " سەرۆكی هەرێمی كوردستان" كە سەرۆكی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێكردنەو فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیە (پاسەوانی هەرێم)و نوێنەری گەلی هەرێمە ولە

بۆنەی نیشتمانیو نەتەوەییەکاندا نوێنەرایەتی هەرێم دەکاتو هەماهەنگی لەنێوان دزگاکانی فیدراڵ ودەزگاکانی هەرێمدا دەکات.

دووەم: سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێت لە ئەرکەکانیدا هاریکاری دەکاتو لە کاتی ئامادەنەبوونیدا جێگەی دەگرێتەوەو جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەشە.

ماددەی: 100

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە دەنگدانی نهێنی گشتیی ڕاستەوخۆ، لەلایەن هاوڵاتیانی هەرێمەوە هەڵدەبژێردرێت.

مادده: 101

شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانو مەرجەکانی پاڵاوتنیو چۆنیەتی تۆمەتبارکردنو دادگاییکردنیو حاڵەتەکانی کۆتاییهاتنی ماوەی سەرۆکایەتی بە یاسایەك دیاردەکرێت.

ماددەی: 102

سەرۆکی هەرێم بەر لە دەستەبەکاربوونی ئەرکو فەرمانەکانی ئەم سوێندە دەستووریەی خوارەوە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان- عێراق دەخوات:

"سوێند دەخۆم بە خوای گەورە پارێزگاری لە مافو دەسکەوتەکانو یەکێتی گەلی هەرێمی کوردستان و بەروژەندییەکانی بکەمو ڕاستگۆیانەو دڵسۆزانە ئەرکەکانم جێبەجێ بکەمو پابەندی دەستووری کوردستان-عیراق بم".

ماددەی: 103

ویلایەتی سەرۆکی هەرێم چوار ساڵە ودەکرێت بۆ ویلایەتێکی دووەم هەڵبژێردرێتەوە.

ماددەی: 104

سەرۆکی هەرێم ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات:

یەکەم: پێشنیارکردنی پرۆژەی یاسا وبریارەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان-عیراق.

دووەم: دەرکردنی ئەو یاساو بریارانەی پەرلەمانی کوردستان دایان دەنێت، لەماوەی دە (10) رۆژ لە رۆژی وەرگرتنیان لە لایەن دیوانی سەرۆکایەتیەوە، سەرۆك بۆی هەیە توانج لە هەمووی یان لە هەندێکی بدات ورەوانەی پەرلەمانیان بکاتەوە بۆ دووبارە چاوپێخشاندنەوەیان،. ئەو کاتە بریاری پەرلەمان بنبر دەبێت لەبارەیەوەو ئەگەر لەماوەی دیارکراو دەرنەکرا، بە پەسندکراو دادەندرێت.

سێیەم: دەرکردنی فەرمانێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانی کوردستان-عیراق لە کاتی هەڵوەشاندنەوەیدا، یان بەکۆتایی هاتنی ماوەی خولی هەڵبژاردنی، ئەمەش بەپێی ماددەی 96ی ئەم دەستوورە لەگەڵ رەچاوکردنی ئەوماوانەی لە ماددەکانی 96 و97ی دا دیارکراوون.

چوارەم: دەرکردنی فەرمانی بانگهێشتکردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەستنی یەکەم دانیشتنی خولی هەڵبژاردنی لەماوەی پازدە ڕۆژدا، لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان، ئەگەر ئەو بانگهێشتنە نەکرێت، ئەوا پەرلەمان خۆی ڕۆژێك دوای تەواوبوونی ئەو ماوە دیارکراوە، کۆ دەبێتەوە.

پێنجەم: هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی کوردستان- عێراق بە دەرکردنی فەرمان (مەرسوم), لەو حاڵەتانەی کە لەم دەستوورە یان لە یاسای پەرلەمانی کوردستاندا، دیارکراون.

شەشەم: دەست پێ لەکارکێشانەوەی وەزیر لەسەر پێشنیاری سەرۆکی وەزیران.

حەوتەم: دەرکردنی هەندێ فەرمان کە هێزی یاساییان هەیە، دوای ڕاگۆڕینەوەو ڕێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، ئەگەر هەرێمی کوردستانو سیستەمی سیاسی یان ئاساییشە گشتییەکەی یان دامەزراوە دەستوورییەکانی ڕوو بەڕووی مەترسی تێکدەرانەی ئەوتۆ هاتن کە هەڕەشە لە قەوارەکەی بکاتو نەشدەتوانرا پەرلەمان کۆ ببێتەوە، بە مەرجێك ئەو فەرمانانە لە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەماندا بخرێنە بەردەمی، ئەگەر نەخرانە بەردەمی یان خرانو پەرلەمان پەسەندی نەکردن، ئەوا ئاکاری یاسایی لەدەست دەدەن.

هەشتەم: دەرکردنی لێبوردنی تایبەت بە تاوانباران، بەپێی یاسا.

نۆیەم: پەسندکردنی بڕیاری لە سێدارەدان، یان کەمکردنەوەی بۆ زیندانکردنی تا هەتایی.

دەیەم: ڕاگەیاندنی باری نا ئاسایی لە حاڵەتەکانی جەنگ، داگیرکردن، یاخیبوون، پشێوی، کارەساتی سروشتی، بلاوبوونەوەی پەتا یان هەر حاڵەتێکی نا ئاسایی دیکە، بەو مەرجەی ماوەی یەکەمیان لە مانگێك تێپەڕ نەکاتو درێژکردنەوەکانی دواتر بە قایلبوونی پەرلەمان بکرێنو بۆ ماوەیەك بن، کە هەر جارە لە سێ مانگ تێپەڕ نەکاتو بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بێت، و بە یاسایەك حوکمەکانی تایبەت بە باری نا ئاسایی ڕێکدەخرێن.

یازدەهەم: بانگهێشتکردنی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کۆبوونەوەی نا ئاسایی لە کاتی پێویستداو قسەکردن لە بارەی ئەو بابەتە دیارکراوانەی کۆبوونەوەکەی بۆ بەستراوەو سەرۆکایەتی کردنی ئەو کۆبوونەوەیە.

دوازدەهەم: ڕێگەدان بە هاتنە ناوەوەی هێزی چەکداری فیدراڵ بۆ ناو هەرێم لەکاتی پێویستدا، بە قایل بوونی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، بە مەرجێك ئەرکو شوێنو ماوەی مانەوەیان دیار بکرێت.

سێزدەهەم: سەرۆکی هەرێم، بە ڕەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، بۆی هەیە هێزی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) یان هێزی ئاسایشی ناوەخۆ بۆ دەرەوەی هەرێم بنێرێت.

چواردەهەم:

أ) پالێوراوی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانی رابسپێرێت بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی سی (30) ڕۆژ لە ڕۆژی ڕاسپاردنیەوە.

ب) سەرۆکی هەرێم پالێوراویکی دیکەی هەمان فراکسیۆن ڕادەسپێرێت کە وەزارەت پێك بهێنێت ئەگەر پالێوراوی یەکەم لەو ماوەی لە برگە (1) ی سەرەوەدا دیارکراوە نەیتوانی وەزارەت پێك بێنێت.

ج) له حالەتێك پاڵێوراوی دووەمیش نەی توانی وەزارەت پێك بێنێت، سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە كەسێكی دیكە كە پەسەندی دەكات رابسپێرێت وەزارەت پێك بێنێت.

د) دەكرێ ئەوەی رادەسپێردرێت بە پێكهێنانی وەزارەت لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان، یان هی دیكە بێت.

پازدەهەم: دەركردنی فەرمانێك بۆ پەسەندكردنی دەست لەكار كێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرێك، دوای ئەوەی پەرلەمان متمانە لە هەریەكێكیان دەستێنێتەوە.

شازدەهەم: دەركردنی فەرمان (مەرسوم)ێك بۆ پەسەندكردنی دەست لەكاركێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرێكو ڕاسپاردنیان بۆ بەردەوامبوون لە ئەركەكانیاندا، تا پێكهاتنی وەزارەتێكی نوێ.

حەڤدەهەم: دەركردنی فەرمان (مەرسوم) بۆ دامەزراندنی نوسینگەی تایبەتی هەرێم بۆ كاروباری ڕۆشنبیریو كۆمەڵایەتیو پەرەپێدان لە باڵوێزخانەو نێردراوە دیپلۆماتە عێراقیەكانی دەرەوەدا.

هەژدەهەم: دامەزراندنی خاوەن پلە تایبەتەكان، پاش كاندیدكردنیان لەلایەن وەزیری تایبەتمەندەوەو ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران.

نۆزدەهەم: دامەزراندنی دادوەرانو سەرۆكو ئەندامانی داواكاری گشتی، دوای كاندیدكردنیان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەوە.

بیستەم: بەخشینی پلەی سەربازیی بە ئەفسەرانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم)و هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆو دەركردن وخانەنشینكردنیان، بەپێی یاسا ڕەچاوكراوەكان.

بیستو یەك: بەخشینی نیشانەو مەدالیای تایبەت، بەپێی یاسا.

ماددەی: 105

مووچەو دەرماڵەی سەرۆكی هەرێم وجێگرەكەی بە یاسا دیار دەكرێت.

ماددەی: 106

سەرۆكایەتی هەرێم دیوانێكی دەبێت، كە پێكهاتەو ئەركەكانی بە یاسا دیار دەكرێن.

ماددەی: 107

یەكەم: ئەگەر سەرۆكی هەرێم دەستی لەكار كێشایەوە یان كۆچی دوایی كرد یان تووشی پەككەوتەیی هەمیشەیی هات، سەرۆكێكی تر بە هەمان ڕێگەی كە لەم دەستورەدا دیاركراوە هەڵدەبژێردرێت.

دووەم: ئەگەر پایەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان چۆڵ بوو، سەرۆكی پەرلەمان ئەركوفەرمانەكانی دەبینێ تا سەرۆكێكی نوێ بە هەمان شێوەی لەم دەستورەدا هاتووە، هەڵدەبژێردرێت.

سێیەم: لەكاتی ئامادەنەبوونی سەرۆكی هەرێمی كوردستان یان وەرگرتنی پشوو، جێگرەكەی ئەركەكانی بەجێ دەگەیەنێت.

## دووەم: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان

ماددەی: 108

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان دەسەڵاتی جێبەجێكردن وكارگێریە لە هەرێمداو لەژێر چاودێریو ئاراستە كردنی سەرۆكی هەرێمی كوردستاندا ئەركەكانی جێبەجێ دەكات.

ماددەی: 109

یەکەم: ئەنجومەنی وەزیران لە سەرۆك و جێگرەکەیو وەزیرەکان پێکدێو بە یاسا پێکهاتەکەی دیار دەکرێت.

دووەم: راسپاردنی پاڵێوراو بۆ پێکهێنانی وەزارەت بەپێی حوکمەکانی برگەی چواردەهەم لە ماددەی (104)ی ئەم دەستووره دەبێت.

سێیەم: سەرۆك وەزیرانی ڕاسپێردراو لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان یان لە کەسانی دی لەوانەی مەرجی ئەندامێتی پەرلەمانیان تێدایە، جێگرەکەیو وەزیرەکان دیار دەکات.

چوارەم: سەرۆك وەزیرانی ڕاسپێدراو لیستێك بەناوی ئەندامانی وەزارەتەکەی پێشکەش بە سەرۆکی هەرێم دەکات بۆ پەسندکردنی.

پێنجەم: دوای پەسندکردنی سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی وەزیرانی ڕاسپێرداو ئەندامانی وەزارەتەکەی پێشکەش بە پەرلەمان دەکاتو داوای بڕوا پێدانیان بۆ دەکات.

شەشەم: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی ئەنجومەن دەکات، تەنیا لەو دانیشتنانەدا نەبێ کە سەرۆکی هەرێم ئامادەی دەبێت.

ماددەی: 110

سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دوای ئەوەی متمانەیان پێ دەدرێو بەر لەدەست بەکاربوونیان لە ئەرکو فەرمانەکانیان ئەم سوێندە دەستووریە لەبەردەم پەرلەمان دەخۆن:

(سوێند بە خودای مەزن دەخۆم، کە بە دڵسۆزیەوە یەکێتی گەلو خاکی کوردستان-عێراق بپارێزمو ڕێزی دەستوورو یاسا رەچاوکراوەکان بگرم وبەرژوەندیەکانی گەل بە تەواوی لەبەرچاو بگرم).

ماددەی: 111

لە پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا، ڕەچاوی نوێنەرایەتیەکی دادپەروەرانەی نەتەوەکانی هەرێم دەکرێت.

ماددەی: 112

وەزیرەکان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا هاوکاری دەستەبەرن سەبارەت بە بەرپرسێتیان لەو کاروبارانەی پەیوەستن بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە وهەر وەزیرێکیش بە تەنیا بەرپرسە لە کاری وەزارەتەکەی وهەر ئەویش بەرپرسیاری یەکەمو ڕاستەوخۆیە لێی.

ماددەی: 113

ئەنجومەنی وەزیران ئەم دەسەڵاتو تایبەتمەندیانەی خوارەوەی پیادە دەکات:

یەکەم: جێبەجێکردنی یاساو بڕیارو ڕێنماییەکان لەگەڵ پارێزگاریکردنی ئاسایشی هەرێمو سامانی گشتی.

دووەم: بە بەشداری لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا، نەخشەی سیاسەتی گشتی دادەنێ وجێبەجێی دەکات, دوای رەزامەندیی پەرلەمان لەسەر نەخشەکە.

**سێیەم:** ئامادەکردنی پرۆژەکانی پلانی پەرەپێدان وجێبەجێکردنیان، ئەویش دوای بڕیاردانی پەرلەمان لەسەر پرۆژەکان.

**چوارەم:** حکومەتی هەرێمی کوردستان, لەگەڵ حکومەتی فیدرالیدا، کێڵگەکانی نەوتو گازی دەرهێنراو لە خاکی کوردستان-عیراق وسوود لێورگیراو لەرووی بازرگانیەوە بەر لە 2005/8/15 بەڕێوەدەبەن، بە مەرجێك دەرامەتەکەیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو بەپێی ئەو بنەما دیارکراوانەی لە مادده 112 ی دەستووری فیدراڵدا هاتوون، دابەشبکرێن، ئەمەش بە یاسایەك رێکدەخرێت. پێوەری بەرهەمی بازرگانی بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم برگەیەش دەرهێنانی(5000) پێنج هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا لەماوەی 12 دوازدە مانگی پێش 2005/8/15ـەوە.

**پێنجەم:** حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا نەخشەی ڕامیاریە ستراتیژیەکانی پێویست بۆ پێشخستنی سامانی نەوتو گاز دەکێشێت، بە مەرجێك رەزامەندیی پەرلەمانی کوردستانی لەسەر بێت.

**شەشەم:** حکومەتی هەرێمی کوردستان چی پێویست بکات بۆ ئەو کێلگە نەوتانەی لێیان دەرنەهاتوون، یان لێیان دەرهاتوون ولە رووی بازرگانیەوە بەروبوومیان لێوەرنەگیراوە پێش 2005/8/15، لە ئەستۆ دەگرێت، وەك کردارەکانی پرۆسەی دیتنەوەو دەرهێنانو بەڕێوەبردون دروستکردنو فرۆشتنو بازاڕ دیتنەوەو ناردنەدەرەوە و شتەکانی دی لە ئەستۆ دەگرێت. ئەمەش بە یاسایەك رێکدەخرێت. پێوەری بەرهەمی بازرگانی بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم برگەیە (5000) بەرمیلە لە رۆژیکدا لەماوەی دوازدە (12) مانگی پێش رۆژی 2005/8/15.

**حەوتەم:** هەموو ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات کە لە تایبەتمەندیە دیارکراوەکانی دەسەڵاتی فیدراڵدا نەهاتوونو بە ئەرکی جێبەجێکردنی تایبەت بە هەرێم دادەنرێن، بە پێی ماددەی 110ی دەستوری فیدرال.

**هەشتەم:** ئەو دەسەڵاتە هاوبەشانە جێبەجێ دەکات کە لە نێوان دەسەڵاتەکانی فیدرال ودەسەڵاتەکانی هەرێمدان، بە پێی حوکمەکانی دەستووری فیدرالی.

**نۆیەم:** ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی گشتی هەرێم.

**دەیەم:** ئامادەکردن و پێشکەشکردنی پرۆژەکانی یاسا وبریارەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان-عێراق.

**یانزدەم:** دەرکردنی بڕیاری جێبەجێکردنو کارگێری بەپێی یاساو ڕێنماییەکان.

**دوازدەم:** سەرپەرشتیکردنی کاری وەزارەتو دەزگاو شوێنە گشتییەکانی هەرێمی کوردستانو ئاراستەکردن و بەدوا چوونو چاودێریو هەماهەنگیکردن لە نێوانیاندا.

**سیازدەم:** دامەزراندنی فەرمانبەرانو بەرزکردنەوەی مووچەکانیان ودەرکردنو لابردن وخانەنشینکردنیان، بەپێی یاسا بە شێوەیەك پێچەوانەی یاسای ئەنجومەنی راژەی شارستانی لە هەرێمدا نەبێت.

**چواردەم: پاڵاوتنی نوێنەرانی هەرێم لە دەستە فیدراڵییە سەربەخۆکان و فەرمانبەریە فیدراڵییەکاندا لەوانەی لە پلەی بەڕێوەبەری گشتیو بەرەو ژوورن، بە رەزامەندی پەرلەمانی کوردستان- عێراق.**

**پانزدەم: دروستکردنو ڕێکخستنی هێزی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم وەك پۆلیسو ئاسایشو پاسەوانی هەرێم.**

**ماددەی: 114**

**یەکەم: ئەنجومەنی وەزیران لە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا بە دەست لەکارکێشایەوە دادەنرێت:**

**أ) دەستکێشانەوەی سەرۆکەکەی.**

**ب) پەرلەمانی کوردستان متمانە لە سەرۆکەکەی وەربگرێتەوە.**

**ج) دەسپێکردنی ویلایەتێکی نوێی پەرلەمانی کوردستان-عیراق.**

**د) دەستپێکردنی ویلایەتێکی نوێی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.**

**هـ) کۆچی دوایی سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دووەم: وەزیر بەدەستکێشایەوە دادەنرێت ئەگەر پەرلەمانی کوردستان متمانەی لێوەربگرێتەوە.**

**سێیەم: ئەنجومەنی وەزیرانی دەست لەکارکێشایەوە بە ئەنجومەنێکی راییکردنی کارەکان (تصریف اعمال) دادەندرێت تا ئەو کاتەی ئەنجومەنی نوێ دادەمەزرێت.**

**ماددەی: 115**

**یەکەم: چۆنیەتی تۆمەتبارکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو جێگرەکەیو وەزیرەکانو دادگاییکردنیان بە یاسایەك دیار دەکرێت.**

**دووەم: مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی وەزیرانو جێگرەکەیو وەزیرەکان بە یاسا دیار دەکرێت, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس, فەرموو خاڵی نیزامی هەیە.**

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پێشنیار دەکەین لە خوێندنەوەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا, ژنانیش بەشدار بن لەوە, بۆ ئەوەی بەو کۆڕە هەڵبستن, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەمە ئەندامانی لیژنە دەیخوێننەوە, ئێمە تەکلیفمان کردن بە کارێك هاتوون لێرە عەرزی ئەو کارە دەکەن, ئەوانە تەنها ئەندامانی لیژنە دەخوێننەوە, بەلأم ئافرەتیشی تێدایە تاکو دەوری دێت, فەرموو مامۆستا شۆرش.**

**بەڕێز شۆرش حسن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**سێیەم: دەسەلأتی دادوەریی**

**یەکەم: بنەما گشتیەکان**

**ماددەی:** 116

**دادگا سەربەخۆیەو جگە لە یاسا هیچ دەسەلآتێکی تری بەسەرەوە نیە.**

**ماددەی:** 117

**دادگا ویلایەی گشتی هەیە لەسەر هەموو کەسە سروشتیو مەعنەوییەکانی هەرێمی کوردستان.**

**ماددەی:** 118

**حوکم وبڕیارەکانی دادگا بەناوی گەلەوە دەردەچێتو جێبەجێ دەکرێت.**

**ماددەی:** 119

**دادوەر لانابرێت تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە یاسا ڕێی پێدەدات.**

**ماددەی:** 120

**دادوەر وئەندامی داواکاری گشتی ئەم کارانەی خوارەوەیان لێ قەدەغەیە:**

**یەکەم: کۆکردنەوە لەنێوان فەرمانبەرێتی دادوەری وفەرمانبەرێتی یاسادانانو جێبەجێکردنو هەر ئیشێکی دیکە.**

**دووەم: چوونە ڕیزی پارتی سیاسی یان ڕێکخراوێکی ڕامیاری یان کارکردن لە هەر چالآکییەکی ڕامیاریانە.**

**ماددەی:** 121

**دانیشتنی دادگاکان بە ئاشکرا دەبێت، مەگەر دادگا لەبەر ڕێسای گشتی یان نەریت یان ڕێزی خێزان بڕیاری نهێنێتی بدات، ئەویش بەمەرجێك خوێندنەوەی بڕیارەکە لە دانیشتنێکی ئاشکرادا بێت.**

**ماددەی:** 122

**دامەزراندنی دادگای تایبەت یان نا ئاسایی لە هەرێمدا قەدەغەیە.**

**ماددەی:** 123

**یاسا ئەو دادگا تایبەتمەندانە ڕێکدەخات کە تاوانەکانی شێوە سەربازیانەی کەسانێك دەبینێت سەر بەهێزی پێشمەرگەو ئاسایشی ناوخۆن، لەگەڵ ئەو تاوانانەش کە لەنێوان تاکەکانی هێزی پێشمەرگە یان ئاسایشی ناوخۆدا ڕوو دەدەن.**

**ماددەی:** 124

**یەکەم: نابێ حوکمە کەسینەکانی ئایینێك بەسەر شوێنکەوتوانی ئایینێکی دیکەدا بسەپێندرێت.**

**دووەم: بۆ شوێنکەوتوانی ئایینەکان و ئایینزا ناموسڵمانەکانی هەرێم، وەك مەسیحیو ئێزدیو هی دیکە هەیە کە ئەنجومەنە رووحانیەکانیان پێك بێنن وحوکمەکانی تایبەت بە باری کەسیی خۆیان پیادەبکەن کەبەیاسایەك دیاردەکرێن ولەلایەن دادگای مەوادی شەخصی دەبیندرێن.**

**سێیەم: حوکمی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمدا پیادە دەکرێ سەبارەت بە باری کەسینەی ئەوانەی موسڵمان نین ، تا ئەو کاتەی حوکمەکانی باری کەسایەتی تایبەت بە خۆیان ڕێکدەخرێ.**

**ماددەی:** 125

نابێت دەقێك لە یاساكاندا دابندرێت كە ڕێگا لە دادگا بگرێت بۆ بینینی ئەو داوایانەی لێیانەوە دێنەكایەوە.

ماددەی: 126

نابێ دەقێك لە یاساكاندا هەبێت ڕێگەی توانج لێدان لەكارێك یان لە بریارێكی كارگێری بگرێت.

ماددەی: 127

یاسا بێ لایەنیی كارگێڕی دەستەبەردەكات وسزای ئەو كەسەش دەدات كە ناحەقی (تعسف) دەكات لە بەكارهێنانی دەسەڵاتدا.

ماددەی: 128

هەر كەسێك زیانی لێ بكەوێت لە ئەنجامی ڕەفتاری یان كاری یان گوێپێنەدانی كەسانێكی سەر بە دەزگاكانی هەرێم ودەستە حكومیەكان لە كاتی پیادەكردنی كارەكانیاندا، بۆی هەیە داوای قەرەبووكردنەوە بكات لەو لایەنانەی باسكران.

ماددەی: 129

حوكمەكانی دادوەری دەبێ جێبەجێ بكرێن، وجێبەجێ نەكردنی، یان پەكخستنی جێبەجێ كردنی بە تاوان دادەندرێت وبەپێی یاسا سزا دەدرێت. ئەگەر تۆمەتباریش فەرمانبەری گشتی, یان ڕاسپێردراو بێت بەكار گوزاریەكی گشتی، ئەوا لەسەر كار لادەبرێت، سەرباری سزادانی وئەوەی حوكمی بۆ دەدرێ مافی ئەوەی هەیە راستەوخۆ داوا لەسەر دادگای تایبەتمەند بەرز كاتەوەو لە حاڵەتێكدا زەرەرمەند بێ حكومەت قەرەبووی تەواوی بۆ دەستەبەر دەكات.

## دووەم- ئەنجومەنی دادوەری

ماددەی: 130

دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمدا سەربەخۆیەو لە ئەنجومەنی دادوەریو دادگای دەستووریو دادگای پێداچوونەوەو ئەنجومەنی شوراو دەستەی سەرپەرشتیاری دادی ودەزگای داواكاری گشتیو دادگاكان بە گشت پلە وجۆرو دەستەكانیانەوە پێك دێت، وشێوازی پێكهێنانو مەرجو ڕێكارەكانی دامەزراندنی ئەندامانیو لێپرسینەوە یان بەپێی یاسا ڕێك دەخرێن.

ماددەی: 131

یەكەم: ئەنجومەنی دادوەری لەسەرۆكی دادگای دەستووریو یەكێك لەجێگرەكانیو سەرۆكی دادگای پێداچوونەوەو یەكێك لە جێگرەكانیو سەرۆكی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی وسەرۆكی داواكاری گشتیو سەرۆكی دادگای ناوچەكانی تێهەڵچوونەوە لە هەرێمدا پێك دێت.

دووەم: ئەنجومەنی دادوەری بەڕێوەبردنی كاروباری دادوەریو سەرپەرشتیكردنی دەستەكانی دادوەریو دەستبەركردنی سەربەخۆییەكەی بەپێی یاسا دەگرێتە ئەستۆ.

ماددەی: 132

**یەکەم: دەسەڵاتی دادوەری بودجەیەکی تایبەتی هەیە بەبودجەی هەرێمەوە دەلکێندرێ.**

**دووەم: ئەنجومەنی دادوەری پرۆژەی بودجەی ساڵانەی دەسەڵاتی دادوەری ئامادە دەکاتو دەیخاتە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان-عێراق بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر بنوێنێ، بە مەرجێك ژمارەی کۆتایی ئەو بوودجەیە بخرێتە ناو بودجەی ساڵانەی هەرێمەوە.**

## سێیەم: دادگای دەستووری

**ماددەی: 133**

**کوردستانی عێراق دادگایەکی باڵای هەیە بەناوی (دادگای دەستوری کوردستان) وبەپێی یاسا دادەمەزرێت.**

**ماددەی: 134**

**یەکەم: دادگای دەستوری کوردستان لە حەوت ئەندام پێك دێت بەسەرۆکەکەیەوە، و هەڵدەبژێردرێن لەنێوان دادوەرانو مامۆستایانی یاساو ئەو پارێزەرانەی لە مەیدانی دادوەریو یاسا دانانو دەرس وتنەوە یان پارێزەرایەتی کە بەکۆی بیست ساڵ راژەیان هەبێت.**

**دووەم: هەڵبژاردنی ئەندامانی دادگای دەستوری لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریەوە بە راوێژکردن لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجام دەدرێت.**

**سێیەم: ، دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر پاڵێوراوەکان دەنوێنی، سەرۆکی هەرێم بە فەرمانێك ئەندامانی دادگا دادەمەزرێنێت**

**ماددەی: 135**

**سەرۆکی دادگا لەنێوان ئەندامەکانیەوە هەڵدەبژێردرێت.**

**ماددەی: 136**

**سەرۆكو ئەندامانی دادگای دەستوری ودادگای پێداچوونەوە سوێندی یاسایی لەبەردەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عێراق دەخۆن بەر لەدەست بەکاربوونیان لە فەرمانەکانیاندا، ودادوەرانی دادگاکانی دیکە لەهەرێمدا سوێندی یاسای لەبەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری دەخۆن.**

**ماددەی: 137**

**دادگای دەستووری ئەم دەسەڵاتە تایبەتیانەی خوارەوەی هەیە:**

**یەکەم: راڤەکردنی دەقەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق.**

**دووەم:**

**أ- چاودێریکردنی بەدەستووری بوونی یاساکان لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان یان ئەنجومەنی وەزیران یان زەرەرمەندی ڕاستەوخۆ.**

**ب – یەکلاکردنەوەی ڕەوایی پێرەو وبڕیارو ڕێنماییەکان لەسەر داوای ڕاستەوخۆوی زیانلێکەوتوو.**

سێیەم: یەکلاکردنەوە لە داکۆکی لەو داوایەی خراوەتە بەردەم دادگا لەبەر دەستووری نەبوونی یاساو، یان ناڕەوایی بڕیار، پێڕەو، یان ڕێنماییەکان. دەبێ دادگای بابەتەکە داوایەکە دوا بخات بۆ ئەو کاتەی ئەنجامی ئەو داکۆکیە یەکلادەکرێتەوە.

چوارەم: پەسندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنە گشتیەکان بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانی کوردستان — عێراق.

ماددەی: 138

مەرجەکانی ئەندامێتیو بەڕێوەبردنی کارەکانو چۆنیەتی وەرگرتنی داواو داواکاریەکان بەپێی یاسا ڕێك دەخرێن.

ماددەی: 139

حوکمەکانی دادگای دەستوری بنبڕە وهەموو لایەك پابەند دەکات، ئەگەر دادگاش, لەکاتی یەکلاکردنەوەی بڕیاری بە دەستووری بوونی یاساکان,یان ڕەوایی پێڕەو وڕێنماییو بڕیارەکانیدا، کە یەکێك لەوانە پێچەوانەی دەستوور, یان یاسا بوو، پێویستە دەسەڵاتی پەیوەندیدار لە کوردستاندا لێی ئاگادار بکاتەوە، بۆ ئەوەی ڕێکاری پێویست بگرنەبەر بۆ لابردنی ئەو سەر پێچیە دەستووریە یان بۆ ڕاستکردنەوەی.

## چوارەم- داواکاری گشتی

ماددەی: 140

داواکاری گشتی نوێنەرایەتی کۆمەڵ دەکات، وداوای گشتی بەناوی خۆیەوە دەگرێتە ئەستۆ بۆ بەرگری کردن لە مافی گشتیو هێنانەدی دادپەروەری، وهەوڵی تەواوی دەخاتە کار بۆ پیادەکردنی یاساکانی سزاییو، سەرپەرشتیکردنی کاروباری بەرزەفتکاری دادوەری وچاودێری پێشلکاریەکانی یاسایی وجێبەجێکردنی بڕیارو حوکمو سزاکان دەکات.

## پێنجەم — ئەنجومەنی شورا

ماددەی: 141

ئەنجومەنی شورا بەپێی یاسا دادەمەزرێو، وتایبەتمەندە بە:

یەکەم: یەکلاکردنەوەی ئەو تانوتانەی تایبەتن بە ڕێکارەکانی، تەمێکردن وبەرزەفتکاریو کێشەکانی راژەی فەرمانبەرێتیی پەیوەست بەکارمەندانی فەرمانگە حکومیەکان.

دووەم: یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ناکۆکی لەسەر تایبەتمەندی لەنێوان وەزارەتەکان و دامەزراو وفەرمانگەکانی حکومەت لە هەرێمدا، لەسەر داواکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

سێیەم: ئامادەکردنو داڕشتنی پرۆژەی یاساکانی هەرێم لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم یان ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەتە تایبەتمەندەکان یان ئەو لایەنانەی پەیوەندیان بە وەزارەتەوە نیە.

چوارەم: رادەربڕین وراوێژپێدان لەو پرسە یاساییانەی لەلایەن وەزرارەتو لایەنەکانی پەیوەندیان بە وەزارەتەوە نیە، دەخرێنە بەردەمی، هەروەها یەکلاکردنەوەی جۆرەها کێشە لە نێوانیاندا، ئەگەر

لایەنەکانی کێشەکە ئەنجومەنیان کردە ناوبژیوان، ئەو کاتە ڕای ئەنجومەنیان لەسەر دەسەپیٚو دەبیٚ پابەندبن پێیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دەروازەی چوارەم**

**کارگێریە خۆجێیەکان وئەنجومەنە شارەوانیەکان**

ماددەی: 142

دابەشکردنی یەکە کارگێڕییەکان لە هەرێمی کوردستاندا (پارێزگا، قەزا، ناحیە) وهێنانەکایەوە وگۆڕینی مەڵبەندەکانیان ودیارکردنو هەموارکردنی سنوریان ولێکترازانو لکاندنیان بە یەکەیەکی کارگێریی دیکەوە، بەپێی یاسا دەبێت.

ماددەی: 143

یەکەم: لە بەڕێوەبردنی یەکەکارگێریەکانی هەرێمی کوردستاندا (پارێزگا، قەزا، ناحیە) پشت بە بنەمای نامەرکەزی کارگێریەوە دەبەسترێت، وبۆ هەر یەکێکیان ئەنجومەنێکی خۆجێیی هەڵبژێردراوی لە هەڵبژاردنێکی گشتیو نهێنیو ڕاستەوخۆوە دەبێت، وشێوازی هەڵبژاردنیو دەسەڵاتو ئەرکو فەرمانەکانی بە یاسایەك دیاردەکرێن.

دووەم: هەر یەکەیەکی کارگێری ئەنجومەنێکی جێبەجێکردنی دەبێت وسەرۆکی یەکەی کارگێری سەرۆکایەتی دەکات، وبە یاسایەك چۆنیەتی پێکهێنان ودیارکردنی دەسەڵات وئەرکوفەرمانەکانیو پەیوەندی بە ئەنجومەنی خۆجێیی خودی یەکە کارگێڕیەکە ووەزارەتو دامەزراوەکانی ناوەندی لە کوردستان دیاردەکرێت.

ماددەی: 144

سەنتەری هەر پارێزگایەك وقەزاو ناحیەك وهەر گوندێك کە ژمارەی دانیشتوانی لە (3000) سێ هەزار کەس پتر بێت، شارەوانییەکی دەبێت، ئەنجومەنێکی شارەوانی هەڵبژێرداو بەڕێوەی دەبات، وخزمەتگوزاریەکانی گشتی پێشکەش بە هاوڵاتیانی دەکات، بەپێی یاسا.

ماددە: 145

یەکەم: ئەنجومەنەکانی خۆجێیو شارەوانی کەسایەتی مەعنەویان دەبیٚ.

دووەم: هەر یەکەیەکی کارگێری یان شارەوانی بودجەی سەربەخۆی دەبیٚ.

ماددەی: 146

لە دامەزراندنی ئەنجومەنەکانی خۆجێیو شارەوانی، نوێنەرایەتی دادپەروەرانەی نەتەوەکانی نێو یەکە کارگێڕیەکە، یان شارەوانیەکە لەبەر چاو دەگیرێ، ئەوەش بەپێی یاسایەك ڕێك دەخرێت.

## دەروازەی پێنجەم

## دەستەو کۆمیسیۆنە سەربەخۆکان

ماددەی: 147

یەکەم: بە یاسایەك ئەمانەی خوارەوە دادەمەزرێن:

أ) دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنو ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان.

ب) ئەنجومەنی ڕاژەی شارستانی.

ج) دیوانی چاودێریی دارایی.

د) دەستەی گشتی دەستپاکی.

هـ) کۆمیسیۆنی پاراستنی مافی گەل (ئەمبەدسمان).

و) کۆمیسیۆنی تایبەت بە مافی کوردە فەیلیەکان.

ز) دەستەی گشتی بۆ سەلامەتو چاکی بەرهەمە خۆجێییو هاوردەکان.

ح) دەستەی سەربەخۆی کوردستان بۆ ڕاگەیاندنو گەیاندن.

دووەم:

أ) بە یاسایەك ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بۆ کاروباری ئابووری وکۆمەڵایەتی دادەمەزرێت.

ب) ئەرکی ئەنجومەن پێشکەش کردنی ڕاوێژە لە کاروبارە ئابووری وکۆمەڵایەتییەکان بۆ سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانی هەرێمی کوردستان- عێراق وئەنجومەنی وەزیران.

ماددەی: 148

ئەو دەستەو کۆمیسیۆنانەی لە بڕگەی یەکەمی ماددەی 147 هاتوون، لەژێر چاودێری پەرلەمانی کوردستان دەبن، بەپێی یاسا.

## دەروازەی شەشەم

## حوکمە داراییەکان

ماددەی: 149

یەکەم: نابێت باجێك یان ڕەسمێك بسەپێندرێت، هەموار بکرێت، پووچەڵ بکرێتەوە یان کەسێکی لێببووردرێت، وکەسیش، بە یاسا نەبێت، داوای شتێکی دیکەی لەوەی سەپێندراوە لێناکرێت.

دووەم: خاوەن دەرامەتە نزمەکان لە باجدان دەبووردێن بە شێوەیەك نزمترین رادەی دادپەروەرانەی بژێویان بۆ دەستەبەر دەکات، ئەویش بە یاسایەك ڕێکدەخرێت.

ماددەی: 150

داهاتی هەرێمی کوردستان پێکدێت لە:

یەکەم: دەسکەوتی باج‌و رەسم وکرێی خزمەتگوزاریی شوێنە گشتیەکان‌و داهاتی دەزگاو کۆمپانیاو بەروەژندییە گشتییەکان لە هەرێمدا وئەوەی وەردەگیرێت لە خەرجیی بەرێوەچوون وکۆکردنەوەی باج ورەسمە گومرگیەکان وشتی دیکە لە داهاتە فیدرالیەکان لە هەرێمدا.

دووەم: دەسکەوتی وەبەرهێنانی دەرامەتە سروشتیەکان لە هەرێمدا.

سێیەم: بەخشینەکان وهیبەکان.

چوارەم: قەرزە ناوخۆیی‌و دەرەکیەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان.

پێنجەم: پشکی هەرێم لە داهاتی سامانە نەوتی وغازی ورەسمەکانی گومرگ ودەرامەتەکانی دیکەی فیدرالی.

ماددەی: 151

ساڵی دارایی بە یاسایەك دیار دەکرێت.

ماددەی: 152

یەکەم: لە هەموو ساڵێکی داراییدا یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان دادەنرێت کە داهات‌و خەرجیە خەملێنەرەکانی لە خۆ دەگرێت.

دووەم: پرۆژەی بودجەی ساڵی دارایی، پێش سێ مانگ بەر لە کۆتاییهاتنی ساڵی دارایی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان- عێراق دەکرێت.

سێیەم: لە باری دواکەتنی ئامادەکردن یان پێشکەشکردنی بودجەی هەرێم لە سەرەتای ساڵی داراییدا، لەبەر هەر هۆیەك بێت، حکومەتی هەرێم بۆ هەر مانگێك پشت بە خەرجکردنی رێژەی 1/12ی ئەو پشتەوانەی پەسندکراو دەبەستێت کە لە بودجەی ساڵی دارایی پێشوو بریاری لەسەر دراوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## دەروازەی حەوتەم
## حوکمە کۆتاییەکان

ماددە: 153

نابێ سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی پەرلەمانی هەرێم یان ئەندام پەرلەمان یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان جێگرەکەی یان وەزیرو دادوەرو داواکارانی گشتی‌و جێگرەکانیان‌و خاوەن پلە تایبەتەکان‌و بەڕێوەبەرە گشتییەکان‌و ئەوانەی پلەی ئەوانیشیان هەیە، هیچ شتێك لە سامانی گشتی لەهەرێمدا بکڕن، یان بەکرێ بگرن یان بەکرێ بدەن بە دەزگاکانی هەرێم، شتێك لە سامانی خۆیان پێیان بفرۆشن، یان رێککەوتنێکی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ گرێبەست بکەن وەك پابەند، هێنەر، یان بەڵێندەر.

**ماددەی: 154**

**کار بەهیچ دەقێکی دەستووری یا یاسایەکی فیدراڵی ناکرێت کە لە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ولە دەرەوەی تایبەتمەندیەکانی دەسەڵاتە فیدرالیەکاندان، کەم بکاتەوە، تەنیا بە ڕەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان ورەزامەندیی گەلی هەرێمی کوردستان لە ڕاپرسییەکی گشتیدا وزۆرینەی دەنگدەران دەنگی بۆبدەن.**

**ماددەی: 155**

**یەکەم: ئەو زەویانەی لە هەرێمی کوردستاندا یەکلاکردنەوە (تسویە) یان تەواو نەبووە یان ئەوانەی کە بڕیاری یەکلاکردنەوەیان پلەی کۆتایی بەدەست نەهێناوە لە هەرێمی کوردستاندا، حوکمی ماددەی دەوانزەی یاسای چاککردنی کشتوکاڵی ژمارە 117ی ساڵی 1970 دەیانگرێتەوە، وجێبەجێکردنی بڕیاری ماددەی هەشت لە یاسای ژمارە 90ی ساڵی 1975 ڕادەگیرێت.**

**دووەم: دادگاکان تایبەتمەند دەبن بە سەیرکردنی داوای قەرەبووکردنەوەی مافی ئەو زەویانەی پێشتر لەلایەن حکومەتەوە بە مەبەستی سوودی گشتی دەستیان بەسەرداگیراوەو بڕیارەکانی بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە دەیان گرێتەوە، ئەوانەی هێشتا ئەو مافانەی بەسەریانەوە هەن لەلایەن لێژنە تایبەتمەندەکانەوە نەچەسپێندراون.**

**ماددەی: 156**

**دادگای پێداچوونەوە "تەمییز"ی هەرێمی کوردستان جگە لە تایبەتمەندییە ئاساییەکانی خۆی، دەقەکانی ئەم دەستورە لێکدەداتەوەو بڕیار دەدات لەسەر نادەستووریی یاساو ڕێنماییەکان لەو داوایانەی خراونەتە بەردەم دادوەری، تا ئەوکاتەی دادگای دەستوری لە کوردستاندا دادەمەزرێت.**

**ماددەی: 157**

**یاساکان لە ڕۆژنامەی فەرمی هەرێمی کوردستان- عێراق "وەقائعی کوردستان" بڵاودەکرێنەوەو لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیان کاریان پێدەکرێت، مەگەر دەقێك هەبێت پێچەوانەی ئەوە بێت.**

**ماددەی: 158**

**ئەو دەستوورە دوای ڕەزامەندیی زۆرینەی دەنگدەرانی گەلی کوردستان- عێراق لەسەری، لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بە پەسەندکراو دادەندرێت.**

**ماددەی: 159**

**یەکەم: سەرۆکی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە یان نیوەی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە پێشنیازی هەموارکردن لەم دەستوورەدا بکەن، بە مەرجێك هەموارکردنەکە دەست لە سیستەمی کۆماریی, پەرلەمانیی دیموکراتی هەرێمو یەکێتی خاکی هەرێم نەدات.**

دووەم: پەرلەمانی کوردستان – عێراق بۆی هەیە بەرێژەی دوو لەسەر سێی (3/2) ژمارەی ئەندامانی بڕیار لەسەر پێشنیازەکە بدات.

سێیەم: ڕاپرسی مافێکی ڕەوای هاوڵاتیانی کوردستانە و لە 25٪ ی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان لەهەرێمدا هەیە دەتوانن داوای ڕاپرسی بۆ بابەتێکی دیارکراو بکەن، بە مەرجێك بە یاسا ڕێکبخرێت وئەنجام بدرێت.

چوارەم: دوای تێپەڕبوونی شەست ڕۆژ بەسەر ڕەزامەندییی گەلی هەرێمی کوردستان لەسەر هەموارکردنەکە لە ڕاپرسییەکی گشتیدا وبەزۆرینەی دەنگی دەنگدەران، هەموارکردنەکە کارا دەبێت.

ماددەی: 160

ئەم دەستورە بە کارا دادەندرێت لە دوای تێپەڕبوونی شەست (60) ڕۆژ لە ڕۆژی پەسەندکردنیەوە لە ڕاپرسیە گشتیەکەدا، وسەرۆکی هەرێم لە ماوەی دە (10) ڕۆژ لە دوای پەسەند کردنیەوە لە ڕاپرسینەکە ئەم دەستوورە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بڵاودەکاتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, لێرەدا کۆتایی بە خوێندنەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەهێنین بە زمانی کوردی, دەمەوێت سوپاسی تەرجومەکەی بکەم لەلایەن دکتۆر نوری تاڵەبانییەوە کراوەو, ئەندامانی لیژنەکە پێداچوونەتەوە, کەریم بەحری و مامۆستا کاکە و کاك تاریق و, دەستیان خۆش بن ڕەشنووسێکی ڕەوا و جوان بوو هیچ گلەیی و شت نەبوو, ئومێد دەکەم هەروا هەموو یاسانمان لەمەودوا کوردیەکەی وا جوان بێت, یاخود بۆ خوێندنەوەی بە زمانی عەرەبی کاك فەرسەت, کاك شێروان, کاك خدر, کاك شێرزاد, خاتوو پەخشان با بفەرموون,ت کاك فەرسەت دیباجەکە بە عەرەبی دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مشروع دستور اقليم كوردستان - العراق**

**الديباجة**

نحن شعب كوردستان العراق الذي عانى من جور وظلم لعقود من حكم أنظمة دكتاتورية بالغة الغلو في مركزيتها، سلبتنا حريتنا وجردتنا من حقوقنا الطبيعية، هبة الله لبني البشر وأستكثرت علينا ما أقرت به المواثيق الدولية من حقوق مدنية وسياسية واقتصادية واجتماعية وثقافية للإنسان، وكنا قبلها ضحية للمصالح الدولية بعد أن حرمتنا من حقنا في تقرير المصير وتحديد مركزنا السياسي والقانوني بإرادتنا بخلاف ما تمتعت به الشعوب التي انسلخت عن الامبراطورية العثمانية بعيد الحرب العالمية الأولى إستناداً الى مبادىء الرئيس الأمريكي ويدرو ويلسن الأربعة عشرة فحينما أقرت اتفاقية سـيفر سنة 1920 بحق الكورد في تقرير مصيرهم ضمن موادها (62و63و64) نسخت باتفاقية لوزان سنة 1923 وحينما تأكد للجنة التحقيق لعصبة الأمم بأن كوردستان الجنوبية المسماة فيما بعد بكوردستان العراق لم تكن جزءًا من العراق

العربي يوماً من الأيام وإن مطالبة وادعاء الدول المجاورة بها لا تدعمه وقائع التاريخ وتفنده الكتب والخرائط المعدة من قبل المؤرخين والجغرافيين العرب القدماء وخرائط الأوربيين في القرنين السادس عشر والعشرين وتأكد لها أن حدود العراق لاتمتد شمالاً أبعد من منطقة جبل حمرين كما وأنها لم تكن جزءًا من الأناضول وردَت بذلك حُجج المطالبين بضمها إلا أنه ورغم ذلك تم إلحاق كوردستان بالعراق العربي لمقتضيات مصالح دولية دونما استطلاع لرايئنا أو أستفتاء لإرادتنا، وحينما أقرت حكومة العراق جزئياً بحد أدنى لبعض حقوقنا في تصريحها الصادر بتاريخ 30/مايس/1932 وكان إلتزامها هذا ذا طبيعة دولية حيث منعت المادة العاشرة منه تعديله أو إلغاءه إلا بموافقة غالبية أعضاء عصبة الأمم ورغم أن التزام الحكومة العراقية هذا بقي نافذاً تجاه الأمم المتحدة بعد تأسيسها إلا أنه بقي حبراً على ورق. وإن سياسة القمع تصاعدت سنة بعد أخرى على مدى أكثر من ثمانية عقود لم توقفها أو تحد منها ما سطر في دساتير العراق المتعاقبة من نصوص وأحكام أقتبست من الإعلانات والمواثيق الدولية الخاصة بحقوق الإنسان والتي تتغنى بالعدل والمساواة والشراكة والحرية وتكافؤ الفرص بدءًا من دستور سنة 1925ومروراً بدساتير 1958، 1964، 1968، 1970 وانتهاءًا بمشروع دستور 1990 بل أن الحكومات المتعاقبة تعدت كل الخطوط الحمراء ولم تتوقف عند حد تجاهل حقوقنا القومية بل تعدتها إلى مرحلة ارتكاب جرائم الإبادة الجماعية والتطهير العرقي فتوجت سياساتها بإزالة مايربو على أربعة آلاف وخمسمائة قرية عن بكرة أبيها وتغيير الواقع الديمغرافي لأجزاء واسعة من كوردستان بتهجير مواطني كوردستان قسراً عما تبقى من مدنهم وقراهم وحملهم على تغيير قوميتهم وانتهاج سياسة التصفية الجسدية باستخدام الأسلحة الكيمياوية في مدينة حلبجة الشهيدة ومناطق باليسان وبهدينان وعشرات المواقع الأخرى وساقت الآلاف من شبان الكورد الفيليين إلى حتفهم في حقول التجارب الكيميائية والمقابر الجماعية بعد أن هجَرت عوائلهم إلى خارج العراق واسقطت عنهم الجنسية العراقية وتبعتها بحملات الإبادة بحق البارزانيين وحملات الأنفال التي راح ضحيتها أكثر من 182 ألف إنسان مدني أعزل من شباب وشيوخ ونساء وأطفال..

إن القسوة التي عوملنا بها والاضطهاد والقمع والظلم والإبادة التي كانت لغة حكام العراق معنا ألهمتنا روح الثورة وأججت فينا لظى الانتفاضات المتعاقبة التي حمل مشاعلها الأجداد والآباء على درب مسيرة الدفاع عن الذات ومعارك الحفاظ على الوجود واستجابة لنزعة البقاء فكانت ثوراتنا وثباتنا وانتفاضاتنا التي امتدت على مدى القرن العشرين ولم يتوانَ قادتها مد يدهم للسلام كلما لاح في الأفق بصيص أمل له إلا أن شيمة الحكام الذين توالوا على سدة حكم العراق كان الغدر تارة والنكول عن تعهداتهم تارة أخرى وهكذا كان جوهر سياستهم وديدن نهجهم وما أدل على ذلك نكولهم عن اتفاقية 29/حزيران/1966 وتنصلهم من اتفاقية آذار 1970و إبرامهم اتفاقية الجزائر المشؤومة في /آذار/1975 التي مهدت السبيل للانقضاض على حركة شعبنا التحررية والتي وإن خبت أنوارها إلى حين إلا أنها لم تخمد إلى الأبد فلقد تجددت بقوة بعد أشهر وتوجت أخيراً بانتفاضة ربيع عام 1991 وما أعقبها من مسيرة مليونية إلى دول الجوار هزت مآسيها الضمير العالمي صدر على أثرها قرار مجلس الأمن 688 في 5/نيسان/1991 وما نتج عنه في إقامة المنطقة الآمنة في

كوردستان من قبل الدول المتحالفة في حرب الخليج الثانية والتي جاءت حبلاً للنجاة أنقذتنا من مصير مجهول، وقد استثمرنا لتلك الفرصة الذهبية بانتخابنا لاول برلمان في 1992/5/19 وتأسيس أول حكومة انبثقت منه في 1992/7/5 وإقامة السلطة القضائية ومن ثم قرار البرلمان بإعلانه المشهور للفيدرالية من جانبه واختياره العلاقة الفيدرالية لكوردستان مع أية حكومة عراقية مركزية وأن يكون العراق دولة جمهورية فيدرالية ديمقراطية برلمانية تعددية مستنداً في ذلك إلى حقنا المشروع في تقرير مصيرنا استناداً إلى ميثاق الأمم المتحدة وإلى العهد الدولي للحقوق المدنية والسياسية والعهد الدولي للحقوق الاقتصادية والاجتماعية والثقافية الصادرين عن الأمم المتحدة عام 1966 حيث انضم إليهما العراق بتاريخ 1971/1/25، ولقد تجددت آمالنا حينما تم تحرير العراق من النظام الدكتاتوري الوحشي وإقرار قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية بتأسيس دولة العراق الفيدرالية ومن ثم إقامة دستور العراق الدائم على نفس الأسس وإقرار غالبية شعب العراق بالدستور الفيدرالي في الاستفتاء العام في 2005/10/15 يثبت صحة اختيار شعب كوردستان وصحة تشخيصه لنظام الحكم الصالح لعراق يتكون من قوميتين رئيسيتين هما العربية والكوردية إضافة إلى القوميات التركمانية والكلدانية والآشورية والأرمن وأديان متنوعة هي الإسلام والمسيحية والأزيدية والصائبة المندائيين. يكمن خيره في إقامة دولة اتحادية تكون أكثر كمالاً وتأهيلاً لإقامة العدل وتحقيق الأمن والاستقرار والحرية و الديمقراطية وإنصاف مكوناتها القومية والدينية.

فإدراكاً منا لما عانت أجيالنا من اضطهاد وقمع وظلم وتقديراً منا لقادة ورموز الحركة التحررية الكوردستانية ومناضليها الپێشمەرطة وشهداءها ممن ضحوا من أجل حرية شعب كوردستان وحقوقه المشروعة بما فيها حقه في تقرير المصير والديمقراطية للعراق وإقراراً بعدالة الأهداف التي ناضلوا من أجلها واهتداءً بمبادئ الإعلان العالمي لحقوق الإنسان والعهود والمواثيق الدولية ذات الصلة ولإقامة مجتمع ديمقراطي في اقليم كوردستان مؤسس على العدل الاجتماعي وحقوق الإنسان الأساسية منفتح على جميع مكوناته القومية والدينية يحرر طاقات مواطنيه ويبني كوردستان- العراق أقليماً موحداً ديمقراطياً يساهم في بناء عراقٍ تلاقتْ فيه إرادتنا وخياراتنا مع إرادة بقية مكونات شعب العراق القومية وقواها السياسية الوطنية على أن يكون فيدرالياً ديمقراطياً برلمانياً يؤمن بالتعددية وحقوق الإنسان ولكل ذلك فلقد أقمنا هذا الدستور.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

## الباب الاول

## المبــادئ الأســاسية

المادة: 1

إقليم كوردستان إقليم اتحادي ضمن دولة العراق الاتحادية نظامه السياسي جمهوري برلماني ديمقراطي يعتمد التعددية السياسية وتداول السلطة سلمياً ومبدأ الفصل بين السلطات.

المادة: 2

أولاً: تتكون كوردستان - العراق من محافظة دهوك بحدودها الإدارية الحالية ومحافظات كركوك والسليمانية وأربيل وأقضية عقرة والشيخان وسنجار وتلعفر وتلكيف وقرقوش ونواحي زمار وبعشيقة وأسكي كلك من محافظة نينوى وقضائي خانقين ومندلي من محافظة ديالى وقضاء بدرة وناحية جصان من محافظة واسط بحدودها الإدارية قبل عام 1968.

ثانياً: تعتمد المادة (140) من الدستور الاتحادي لرسم الحدود الادارية لاقليم كوردستان.

ثالثاً: يتمتع أبناء المناطق المقتطعة من كوردستان حال إعادتها اليها بحكم المادة (140) من الدستور الاتحادي بالمساواة في الحقوق والواجبات والضمانات المنصوص عليها لابناء شعب كوردستان في هذا الدستور.

المادة: 3

لا يجوز تأسيس أقليم جديد داخل حدود أقليم كوردستان - العراق.

المادة: 4

أولاً: الشعب مصدر السلطات وأساس شرعيتها ويمارسها عبر مؤسساته الدستورية ولدستور اقليم كوردستان وقوانينه السيادة والسمو على كافة القوانين الصادرة من الحكومة العراقية خارج الاختصاصات الحصرية للحكومة الاتحادية المنصوص عليها في المادة (110) من دستور جمهورية العراق الاتحادية.

ثانياً: في حالة تنازع قوانين اقليم كوردستان مع اية قوانين أخرى تكون محاكم كوردستان ملزمة بتطبيق دستور كوردستان وقوانينها ما لم يتم إلغاء القانون او تعديله من قبل البرلمان أو ابطاله من قبل المحكمة الدستورية.

المادة: 5

لبرلمان كوردستان إنفاذ اي قانون لجمهورية العراق الاتحادية في اقليم كوردستان خارج عن الاختصاصات الحصرية للحكومة الاتحادية المنصوص عليها في المادة (110) من الدستور الاتحادي ان اقتضت مصلحة شعب كوردستان وذلك بقانون.

المادة: 6

أولاً: يتكون شعب كوردستان العراق من الكورد والقوميات ألاخرى (التركمان والكلدان والآشوريين والأرمن والعرب) ممن هم من مواطني الاقليم وفق القانون.

ثانياً: لسلطات الاقليم تنظيم حقوق المواطنه في الاقليم بقانون.

المادة: 7

يؤكد هذا الدستور الهوية الاسلامية لغالبية شعب كوردستان وإن مبادئ الشريعة الاسلامية هي احد المصادر الاساسية للتشريع،كما يضمن كامل الحقوق الدينية للمسيحين والايزيدين وغيرهم في حرية العقيدة والممارسة الدينية.

**المادة: 8**

**لشعب كوردستان العراق الحق في تقرير مصيره بنفسه وهو بمقتضى هذا الحق حر في تقرير مركزه السياسي وحر في تحقيق نمائه الاقتصادي والاجتماعي والثقافي وقد اختار الاتحاد الحر بالعراق شعباً وأرضاً وسيادةً طالما يُلتزم بالدستور الاتحادي والنظام الفدرالي البرلماني الديمقراطي التعددي ويحترم حقوق الإنسان الفردية والجماعية. وله إعادة النظر في إختياره لتحديد مستقبله و مركزه السياسي في الحالات التالية:-**

**أولاً-أنتهاك حرمة الدستور الاتحادي بما يعد تراجعاً عن الالتزام بالنظام الاتحادي أو المباديء الاساسية الدستورية للديموقراطية و حقوق الانسان الفردية والجماعية.**

**ثانياً- إنتهاج سياسة التمييز العرقى وتغير الواقع الديموغرافي في كوردستان أو العمل على إبقاء على اثارها ونتائجها السابقة تراجعاً عن الالتزامات الدستورية الواردة في المادة 140 من الدستور الاتحادي.**

**المادة 9:**

**يكون حقاً أساسياً ودستورياً للإقليم:**

**أولاً: استطلاع رأي الاقليم قبل عقد اية إتفاقية بين الحكومة الاتحادية وأية دولة أو جهة أجنبية من شأنها المساس بظروف أو أوضاع أو حقوق أقليم كوردستان القائمة حالياً أو مستقبلاً.**

**ثانياً: للأقليم وفي الحدود التي يختص بسن القوانين ضمنها والتي تخرج عن الصلاحيات الحصرية للحكومة الاتحادية الحق بعقد إتفاقيات مع حكومات اقاليم الدول الاجنبية.**

**ثالثاً: للاقليم وفي الحدود االتي يختص بسن القوانين ضمنها والتي تخرج عن الصلاحيات الحصرية للحكومة الاتحادية الحق بعقد إتفاقيات مع الدول الاجنبية بموافقة الحكومة الاتحادية والتي ليس لها حجب موافقتها دونما مبررات قانونية مقنعة.**

**المادة: 10**

**يكون حقاً أساسياً ودستورياً للإقليم:**

**أولاً: ان يكون للاقليم حصة عادلة من الموارد الاتحادية تحقق مبدأ التكافؤ والتناسب السكاني والاخذ في الاعتبار ما اصاب كوردستان من حرق وتدمير وحرمان شعبها من استحقاقاته طيلة حقبات انظمة الحكم السابقة.**

**ثانياً: مشاركة الاقليم في المناصب والوظائف الاتحادية بشكل متكافئ ومتناسب.**

**ثالثاً: إناطة الدرجات الوظيفية للدوائر الاتحادية في أقليم كوردستان بمواطنيه.**

**المادة: 11**

**مدينة أربيل عاصمة كوردستان - العراق وللبرلمان اتخاذ غيرها من مدن الاقليم عاصمة له.**

**المادة: 12**

**أولاً: لاقليم كوردستان علم خاص به يرفع إلى جانب علم جمهورية العراق الاتحادية، وله شعار ونشيد وعيده القومي (نوروز) وينظم ذلك بقانون.**

**ثانياً: يتكون علم كوردستان من اللون الاحمر فالابيض فالاخضر ويتوسطه شمس بلون أصفر ذات واحد وعشرين شعاعاً.**

**ثالثاً: تنظم بقانون الاوسمة والانواط والعطل الرسمية.**

**المادة: 13**

**لاقليم كوردستان قوات (پێشمەرگە) دفاعية لحراسة الاقليم تنظم تشكيلاتها ومهامها بقانون ولا يجوز تشكيل ميليشيات مسلحة خارج نطاق القانون.**

**المادة: 14**

**أولاً-اللغتان الكوردية والعربية لغتان رسميتان في الاقليم ويضمن هذا الدستور حق مواطني الاقليم في تعليم أبنائهم بلغتهم الأم كالتركمانية والسريانية والأرمنية في المؤسسات التعليمية الحكومية وفق الضوابط التربوية.**

**ثانياً-اللغة التركمانية والسريانية لغتان رسميتان أخريان في الوحدات الإدارية التي يشكل الناطقون بها كثافة سكانية الى جانب اللغتين الكوردية والعربية و ينظم ذلك بقانون.**

**ثالثاً-تعتمد المادة (4) من الدستور الاتحادي بخصوص اللغة الرسمية أينما وجد المجال القانوني لتطبيق أحكامها في الاقليم.**

**المادة: 15**

**يعتمد أقليم كوردستان نظام الاقتصاد الحر ويحظر الاحتكاروالاستغلال ويضمن المنافسة الحرة المشروعة.**

**المادة: 16**

**تكفل حكومة الاقليم إصلاح اقتصاد الاقليم على أسس اقتصادية حديثة لإنهاض البنى التحتية والإنمائية وتشجيع الاستثمارات في القطاعات المختلفة وينظم ذلك بقانون.**

**المادة: 17**

**أولاً: الاموال العامة في الاقليم ملك شعب كوردستان وتنظم بقانون الاحكام الخاصة بحفظها وإدارتها وشروط التصرف بها والحدود التي يجوز فيها التنازل عن شيء من هذه الأموال.**

**ثانياً: الثروات الطبيعية والمياه السطحية والجوفية والمعادن غير المستخرجة والمقالع والمناجم ثروة قومية للاقليم وينظم استخراجها وإدارتها وشروط التصرف بها بقانون يحفظ مصلحة الاجيال الحالية والمستقبلية.**

## الباب الثاني

## الفصل الاول

## الحقوق المدنية والسياسية

**المادة: 18**

**المواطنون متساوون أمام القانون في الحقوق والواجبات دون تمييز بسبب الجنس أو العرق أو اللون أو اللغة أو المنشأ الاجتماعي أو الدين أو المذهب أو الوضع الاقتصادي أو الاجتماعي أو الانتماء السياسي والفكري.**

**المادة: 19**

**لكل فرد الحق في الحياة والأمن والحرية ولايجوز حرمانه من هذه الحقوق أو تقييدها إلا وفقاً للقانون وبناءا على قرار صادر من جهة قضائية مختصة.**

**المادة:** 20

**تكافؤ الفرص حق مكفول لجميع مواطني الاقليم وعلى سلطات الاقليم اتخاذ الإجراءات اللازمة لتحقيق ذلك.**

**المادة:** 21

**تتمتع المرأة بالمساواة مع الرجل ويمنع التمييز ضدها وتكفل حكومة الاقليم تمتعها بجميع الحقوق المدنية والسياسية المنصوص عليها في هذا الدستور وفي العهود والمواثيق الدولية المصادق عليها من قبل دولة العراق وعليها إزالة كل ما يعتبر عقبة تحول دون المساواة في الحياة الاجتماعية والثقافية والاقتصادية والسياسية.**

**المادة:** 22

**أولاً: التعليم حق تكفله حكومة الاقليم لكل مواطن دونما تمييز ويكون إلزامياً في المرحلة الابتدائية وتلتزم حكومة اقليم كوردستان بمكافحة الأمية بين كافة الفئات العمرية ذكوراًوإناثاً.**

**ثانياً: تكفل حكومة الاقليم مجانية التعليم في مراحله الابتدائية والثانوية والجامعية والتعليم المهني والتكنيكي وتلتزم بتطويرها وتشجيع البحث العلمي للأغراض السلمية والمدنية، ورعاية التفوق والإبداع والابتكار ومختلف مظاهر النبوغ.**

**ثالثاً: ينظم التعليم الخاص والأهلي بقانون.**

**المادة:** 23

**أولاً: لمواطني الاقليم حق المشاركة في إدارة الشؤون العامة مباشرة أو بواسطة ممثليهم المنتخبين بحرية كما لهم حق المشاركة في الانتخابات العامة والاستفتاء وانتخاب المجالس المحلية والبلدية والهيئات الأهلية وتقلد الوظائف العامة على قدم المساواة وفق الشروط المبينة في القانون ومبدأ تكافؤ الفرص.**

**ثانياً:يضمن نسبة لاتقل عن 25٪ من المقاعد لمشاركة المرأة في أنتخابات برلمان كوردستان - العراق والمجالس المحلية والبلدية.**

**المادة:** 24

**العقوبة شخصية وحرية الإنسان وكرامته مصانتان.**

**المادة:** 25

**لاجريمة ولاعقوبة إلا بنص في قانون، ولا عقوبة إلا على الفعل الذي يعده القانون وقت ارتكابه جريمة، ولايجوز تطبيق عقوبة أشد من العقوبة النافذة وقت ارتكاب الجريمة.**

**المادة:** 26

**التقاضي أمام محكمة مختصة حق مصان ومكفول للجميع.**

**المادة: 27**

**المتهم برئ حتى تثبت إدانته في محاكمة قانونية عادلة.**

**المادة: 28**

**حق الدفاع مقدس ومكفول في جميع مراحل التحقيق والمحاكمة وفق أحكام القانون.**

**المادة: 29**

**لكل فرد الحق في أن يعامل معاملة عادلة في الإجراءات القضائية والإدارية ولايجوزأساءة معاملته أو استعمال وسائل التعذيب الجسدي أو النفسي أوالمعاملة غير الإنسانية بحقه، ولايعتد بالاعتراف المنتزع بالإكراه أو التهديد أو التعذيب أو الوعد والوعيد وللمتضرر المطالبة بالتعويض عن الضرر المادي والمعنوي الذي أصابه وفق القانون.**

**المادة: 30**

**ليس للقوانين أثر رجعي ما لم ينص فيها على خلاف ذلك ولايشمل هذا الاستثناء قوانين الضرائب والرسوم.**

**المادة: 31**

**ليس للقانون الجزائي أثر رجعي إلا إذا كان أصلح للمتهم.**

**المادة: 32**

**على جهة التحقيق عرض أوراق التحقيق الابتدائي على القاضي المختص خلال مدة لاتتجاوز أربعاً وعشرين ساعة من حين القبض على المتهم ولايجوز تمديدها إلا مرة واحدة وللمدة ذاتها.**

**المادة: 33**

**أولاً: يحظر حجز الاشخاص، كما لايجوز توقيف شخص أو حبسه أو سجنه إلا بقرار صادر عن جهة قضائية مختصة طبقاً للقانون.**

**ثانياً: لايجوز التوقيف أو الحبس أو السجن في غير الأماكن المخصصة لذلك وفق القانون على أن تكون مشمولة بالرعاية الصحية والاجتماعية وخاضعة لسلطات الحكومة.**

**المادة: 34**

**تنتدب المحكمة محامياً على نفقة الحكومة للدفاع عن المتهم بارتكاب جناية أو جنحة في مرحلتي التحقيق والمحاكمة لمن ليس له محامٍ يدافع عنه.**

**المادة: 35**

**أولاً: للمساكن أو ما في حكمها حرمتها ولايجوز انتهاكها أو دخولها أو تفتيشها أو مراقبتها إلا في الأحوال وبالطرق التي نص عليها القانون.**

**ثانياً: لايجوز تفتيش الأشخاص أو مقتنياتهم إلا بموجب القانون.**

**المادة: 36**

**يتوجب إبلاغ أي شــخص يتم توقيفه بأسباب توقيفه لدى وقوعه كما يجب إبلاغه فوراً بأية تهمة توجه اليه.**

**المادة: 37**

لايجوز التمييز في معاملة السجين بسبب العنصر أو اللون او الجنس أو الدين أو الرأي السياسي أو المنشأ القومي أو الاجتماعي أو الثروة أو المولد أو أي وضع آخر.

المادة: 38

تحترم المعتقدات الدينية والمبادئ الأخلاقية للفئة التي ينتمي إليها السجين.

المادة: 39

تقديم الشكاوى والعرائض إلى سلطات الاقليم حق مكفول لمواطني الاقليم وعلى السلطات البت فيها خلال مدة لاتتجاوز خمسة عشر يوما ًوإن رفض استلامها لأي سبب كان أو عدم البت فيها ضمن المدة المحددة بعذر مشروع يستوجب المسؤولية القانونية.

المادة: 40

لايجوز تسليم اللاجئ السياسي قسراً إلى البلد الذي فر منه.

المادة: 41

تضمن حكومة كوردستان ـ العراق رعاية عوائل شهداء الحركة التحررية لشعب كوردستان والپێشمەرگە وعوائل ضحايا الأنفال والقصف الكيميائي والمصابين بالعاهات المستديمة جرائها.

المادة: 42

يحظر كل كيان أو نهج يتبنى الفكر الشوفيني أو الفاشي أو العنصري أو الارهابي أو التكفيري أو التطهير العرقي أو الطائفي أو يحرض أو يمهد أو يمجد أو يروج أو يبرره، وتلتزم سلطات كوردستان ـ العراق بمحاربة الأرهاب بجميع أشكاله والعمل على حماية أراضي الأقليم من أن تكون مقراً أو معبراً أو ساحة لنشاطه, شكراً

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, خاتوو پەخشان فەرموو.

**بەڕێز پخشان عبدالله زنگنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

## الفصل الثاني

## الحقوق الاقتصادية والاجتماعية والثقافية

المادة: 43

العمل حق لكل مواطن ويجب أن تتاح أمامه إمكانية كسب رزقه بعمل يختاره ويقبله بحريته.

المادة: 44

تكفل حكومة الاقليم توفير برامج التوجيه والتدريب الفني والمهني لتوفير فرص العمل.

المادة: 45

**للعامل الحق في أجر متساوي على العمل المتساوي، وينظم بقانون العلاقة بين العمال وأصحاب العمل على أسس اقتصادية مع مراعاة قواعد العدالة الاجتماعية وحماية العمال من الاستغلال.**

**المادة:** 46

**للعاملين الحق في تساوي الجميع في فرص الترقية داخل عملهم إلى مرتبة اعلى ملائمة دون إخضاع ذلك لأي اعتبار سوى الأقدمية والكفاءة.**

**المادة:** 47

**تكفل حكومة الاقليم حق تأسيس النقابات والاتحادات المهنية والانضمام الحر إليها وينظم ذلك بقانون.**

**المادة:** 48

**الملكية الخاصة مصونة ولايجوز نزعها إلا لأغراض المنفعة العامة مقابل تعويض عادل وسريع يدفع قبل رفع يد المالك عنها أو حال أستملاكها وينظم ذلك بقانون.**

**المادة:** 49

**الأسرة هي الوحدة الاجتماعية الطبيعية والأساسية في المجتمع ولها الحق في التمتع بحماية المجتمع والحكومة ولذلك:-**

**أولاً: لايجوز عقد الزواج إلا برضى الطرفين المزمع زواجهما رضاءًا كاملاً لا إكراه فيه.**

**ثانياً: تكفل الحكومة حماية الأمومة والطفولة والشيخوخة وتأسيس مجلس استشاري لشؤون الاسرة.**

**ثالثاً: للأولاد الحق على والديهم في التربية والرعاية والتعليم وللوالدين الحق على أولادهم في الاحترام والرعاية لاسيما في حالات العوز والعجز والشيخوخة.**

**رابعاً: يحظر الاستغلال الاقتصادي للأطفال وتتخذ حكومة الاقليم الإجراءات الكفيلة بحمايتهم.**

**خامساً: تمنع كافة أشكال التمييز والعنف والتعسف في المجتمع والمدرسة والأسرة.**

**سادساً: تكفل حكومة الأقليم تأسيس دور خاصة لرعاية وحماية النساء اللواتي أفتقدن الامان العائلي لاسباب أجتماعية.**

**المادة:** 50

**لكل مواطن الحق في الرعاية الصحية وعلى حكومة الاقليم توفير وسائل الوقاية والعلاج وعليها حسب إمكانيتها ضمان حق من يفقد مصدر معيشته لظروف خارجة عن إرادته في حالة المرض و العجز و الترمل والشيخوخة.**

**المادة:** 51

**أولاً: تلتزم حكومة الاقليم وتعنى بالصحة العامة بإنشاء المستشفيات والمؤسسات الصحية ودور الرعاية الاجتماعية للمسنين وتكفل وسائل الوقاية والعلاج.**

**ثانياً: للأفراد والهيئات الأهلية إنشاء المستشفيات ودور العلاج الخاصة بإشراف السلطات المختصة في حكومة الاقليم وينظم ذلك بقانون.**

**المادة:** 52

أولاً: للمعوق حق أصيل في أن تحترم إنسانيته وله أياً كان منشأ وطبيعة وخطورة عوقه نفس الحقوق الأساسية التي تكون لمواطنيه الذين هم في سنه وله الحق في التمتع بحياة لائقة تكون طبيعية قدر المستطاع.

ثانياً: للمعوق الحق في العلاج الطبـي والنفسي والتعليم والوظيفة والاستفادة من الأعضاء الصناعية وأجهزة التقويم وكل ما يمكنه من إنماء قدراته ومهاراته إلى أقصى الحدود لتأهيله بغية دمجه في المجتمع.

ثالثاً: للمعوق الحق في أن تؤخذ حاجاته الخاصة بنظر الاعتبار في كافة مراحل التخطيط الاقتصادي والاجتماعي.

رابعاً: للمعوق الحق في الحماية من أي استغلال وفي أية أنظمة أو معاملة ذات طبيعة مميزة أو متعسفة أو حاطة بالكرامة.

خامساً: تتكفل حكومة الاقليم بالاهتمام بلغة الاشارة والكتابة بطريقة البرايل لمن له حاجة بها لعاهة في جسمه.

المادة: 53

تتكفل حكومة الاقليم برعاية جامعات كوردستان وصيانة حرمها وضمان مقومات شخصيتها المعنوية في اطار القانون.

المادة: 54

أولاً: تتكفل حكومة الاقليم برعاية العلوم والاداب والفنون وتشجيع البحث العلمي.

ثانياً: لكل فرد الحق في المشاركة في الحياة الثقافية والتمتع بفوائد التقدم العلمي وتطبيقاته والاستفادة من الحماية القانونية للمصالح المعنوية والمادية الناجمة عن أي أثر علمي أو فني أو أدبي من صنعه.

ثالثاً: لكل فرد الحق في حرية البحث العلمي والنشاط الإبداعي.

رابعاً: تتكفل حكومة الاقليم بحماية حقوق ملكية الاختراع والتصاميم والنماذج والعلامات المسجلة والأسماء التجارية وحقوق الأعمال الأدبية والفنية والعلمية.

المادة: 55

تتكفل حكومة كوردستان برعاية النشئ والشباب وذلك بـ:-

أولاً: حمايتهم من الأستغلال ووقايتهم من الجنوح.

ثانياً: تنمية ملكاتهم في شتى المجالات و تطوير قابلياتهم وصقل مواهبهم و تشجيع نشاطاتهم.

ثالثاً: إعدادهم تربوياً وترسيخ القيم الاخلاقية والوطنية الأصيلة وغرس روح المبادرة و توعيتهم بتراث أمتهم التاريخي والنضالي والانساني.

رابعاً: فتح المجالات أمامهم لأستثمار مواهبهم في المساهمة بمشاريع التنمية الاقتصادية والأجتماعية والثقافية.

خامساً: وضع الخطط والبرامج لتمكينهم من تولى مسؤلياتهم وأداء دورهم في المجتمع.

سادساً: تشجيع مبادراتهم الفردية والجماعية والاهتمام بمبتكراتهم وتأسيس المراكز اللازمة لرعايتها ودعمها مادياً ومعنوياً.

سابعاً: تشجيع الروح التعاونية والعمل الجماعي والممارسة الديموقراطية وتهيئة الوسائل لاستثمار اوقات فراغهم استثماراً منتجاً يصقل قابلياتهم ويزيد خبراتهم.

المادة: 56

ممارسة الرياضة حق لكل مواطن و على حكومة الاقليم تشجيع أنشطتها وتوفير مستلزماتها.

المادة: 57

أولاً: حماية البيئة (الارض, الماء,الهواء, النبات والاحياء) من مسؤولية الاشخاص الطبيعية والمعنوية ويتحمل محدث الضرر بأي منها مسؤولية اصلاحه اضافة لمسؤوليته الجزائية وفق القانون.

ثانياً: للمواطن حق أساسي في الحرية والمساواة وفي ظروف معيشية مرضية في بيئة إجتماعية وإقتصادية تتيح له العيش بكرامة ورفاهية وعليه واجب في حماية البيئة وتحسينها لصالح الأجيال الحاضرة والمستقبلية.

ثالثاً: تتكفل حكومة الاقليم معالجة مصادر تلوث البيئة والحدمنها ولاجل ذلك عليها السعى لتطوير الغابات وحمايتها وتوسيع مساحاتها والحفاظ على المناطق والاحزمةالخضراء داخل المدن وحولها وتطويرها وتوسيع انشاء الحدائق العامة والمحميات الطبيعية للحفاظ على الحياة البرية الطبيعية للاحياء والنباتات والانتاج الطبيعي وحظر إقامة الأبنية والمنشآت واستخدام الآليات والمكائن في المحميات الطبيعية وينظم كل ذلك بقانون.

المادة: 58

على حكومة الاقليم اتخاذ التدابير اللازمة لحماية المستهلك وتشجيع المستهلكين وتمكينهم من الدفاع عن حقوقهم بإيجاد الوسائل القانونية لتأسيس الاتحادات والجمعيات المختصة بذلك. وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك دکتۆر شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز د.شێرزاد احمد النجار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## الفصل الثالث

## الحريات

المادة: 59

لكل فرد حق التمتع بحرية الرأي والتعبير.

المادة: 60

تكفل حكومة الاقليم حرية النشر والطباعة والصحافة وحق الاجتماع والتظاهر والإضراب سلمياً وتنظم ذلك بقانون.

المادة: 61

حرية الاتصالات والمراسلات البريدية والبرقية والهاتفية والالكترونية وغيرها مكفولة ولايجوز مراقبتها أو التنصت عليها أو الكشف عنها إلا لضرورة قانونية أو أمنية وبقرار قضائي.

**المادة: 62**

**مواطنو اقليم كوردستان أحرار في السفر أو السكن خارج الاقليم أو العودة إليه.**

**المادة: 63**

**لكل فرد يتواجد بشكل قانوني داخل الإقليم حق التنقل فيه وحرية اختيار مكان إقامته ولا يجوز تقييد هذا الحق إلا لضرورات حماية الأمن القومي أو النظام العام أو الصحة العامة أو حقوق وحريات الآخرين بموجب القانون.**

**المادة: 64**

**تلتزم حكومة الإقليم بتعزيز دور مؤسسات المجتمع المدني ودعمها وتطويرها وضمان استقلاليتها لتحقيق اهدافها وينظم ذلك بقانون.**

**المادة: 65**

**لا إكراه في الدين، ولكل فرد حرية الفكر والدين والعقيدة وتتكفل حكومة الإقليم بضمان حرية مواطني كوردستان من مسلمين ومسيحيين وأيزيديين و غيرهم لممارسة عباداتهم وشعائرهم وطقوسهم واحترام الجوامع والمساجد والكنائس وأماكن العبادة الأخرى وتطويرها.**

**المادة: 66**

**يحظر أي شكل من أشكال عمل السخرة أو العمل القسري أو الطرد التعسفي ولا يجوز اللجوء إليه: أولاً: كوسيلة للإكراه أو التوجيه السياسي أو كعقاب على اعتناق آراء سياسية أو آراء تتعارض مذهبياً مع النظام السياسي أو الاقتصادي أو الاجتماعي القائم أو التصريح بهذه الآراء.**

**ثانياً: كأسلوب لحشد اليد العاملة واستخدامها لأغراض التنمية الاقتصادية.**

**ثالثاً: كعقاب على المشاركة في الأحزاب.**

**رابعاً:كوسيلة للتمييز العنصري أو الاجتماعي أو القومي أو الديني أو المذهبى أو السياسي.**

**المادة: 67**

**أولاً: حرية تأسيس الجمعيات والأحزاب السياسية أو الانضمام إليها مكفولة وتنظم بقانون.**

**ثانياً: لايجوز إجبار أحد على الانضمام إلى حزب أو جمعية أو إجباره على الاستمرار في العضوية فيها أو التخلي عنها.**

**ثالثاً: تضمن الجمعيات والاحزاب السياسية ممارسة المبادئ الديمقراطية في ادارة تشكيلاتها و تنظيماتها وحقوق منتسبيها.**

**رابعاً: لايجوز أن يكون الحزب فرعاً لحزب أجنبي أوتابعاً للمصالح والجهات الاجنبية.**

**خامساً: تلتزم الاحزاب والجمعيات في منهجها ونظامها وممارستها بالمبادئ والحقوق الاساسية الواردة في هذا الدستور وقبول الرأي الأخر والتعددية ونبذ العنف.**

**سادساً: يحظر على الاحزاب والمنظمات والجمعيات والأفراد إستخدام الدين أو مقتبسات كتبه المقدسة أو شعائره أو طقوسه كوسيلة للحط من مكانة الغير سياسياً أو إجتماعياً لتحقيق مكاسب حزبية أو أنتخابية أو غيرها.**

**سابعاً: تحظر الجمعيات التي تتعارض اهدافها أو أفعالها مع أحكام القوانين الجزائية أو تتخذ موقفاً مضاداً للنظام السياسي في الاقليم أو التعايش السلمي والتقارب بين المكونات القومية أو الدينية لشعب كوردستان.**

**المادة:** 68

**لكل فرد الحق في حرية الاشتراك في الاجتماعات والجمعيات السلمية ولاتفرض قيود على هذا الحق إلا طبقاً للقانون.**

**المادة:** 69

**تعتبر العهود والمواثيق والاعلانات الدولية الخاصة بحقوق الانسان المصادق عليها من قبل العراق أو المنضم اليها مكملة لاحكام هذا الدستور.**

**المادة:** 70

**يتمتع الاجانب بالحقوق والحريات المقررة في المواثيق الدولية المرعية والمعاهدات والأتفاقيات التي تكون جمهورية العراق الاتحادية طرفاً فيها و عليهم الواجبات المقابلة لها.**

**المادة:** 71

**لا يكون تقيد ممارسة اي من الحقوق والحريات الواردة في هذا الدستور أو تحديدها إلابقانون على أن لايمس ذلك التحديد والتقييد جوهر الحق أو الحرية إلابالقدر المعقول والمبرر لدى مجتمع مبنى على الديمقراطية والكرامة والمساواة والحرية والعدالة.**

## الفصل الرابع

## الواجبات

**المادة:** 72

**الدفاع عن الوطن وسلامة أراضيه وحماية مؤسساته الدستورية والحفاظ على الوحدة الوطنية والالتزام بالمثل النبيلة لنضال شعب كوردستان من اجل الحرية والديمقراطية واجب مقدس على كل مواطن.**

**المادة:** 73

**الالتزام بالدستور والقوانين ومراعاة النظام العام واجب على مواطني الاقليم.**

**المادة:** 74

**احترام وتخليد قادة ورموز الحركة التحررية الكوردية وثوراتها وشهدائها والحفاظ على كرامة ذويهم والپێشمەرگە القدامى والمناضلين المشاركين فيها واجب مقدس على حكومة ومواطني كوردستان.**

**المادة:** 75

**على كل مواطن حماية الملكية العامة والحفاظ على المال العام واحترام حقوق ملكية الغير.**

**المادة:** 76

على كل شخص المساهمة في الانفاق العام بما يستحق عليه من ضرائب و رسوم وفق القانون.

المادة: 77

على من يتولى منصباً رسمياً أو وظيفة عامة أداء مهامها بانضباط ونزاهة وشرف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاک عەونی بەزاز و کاک خەلیل و کاک دکتۆر محەمەد عومەر مولود, لەگەڵ کاک خدر بۆ تەواوکردنی, کاک محەمەد ئەحمەد ئیسماعیل فەرموو دانیشن, کاک عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## الباب الثالث

## سلطات اقليم كوردستان - العراق

المادة: 78

تتكون سلطات أقليم كوردستان – العراق من:

أولآ: السلطة التشريعية (برلمان كوردستان).

ثانياً: السلطة التنفيذية.

ثالثاً: السلطة القضائية.

## الفصل الاول

## السلطة التشريعية (برلمان كوردستان)

المادة: 79

برلمان كوردستان هو السلطة التشريعية في الاقليم والمرجع للبت في القضايا المصيرية لشعب اقليم كوردستان ويكون أعضاؤه ممثلين للشعب ويجري انتخابهم بالاقتراع العام الحر السري المباشر.

المادة: 80

أولاً: تعين طريقة انتخاب أعضاء برلمان كوردستان – العراق وكيفية إجرائه وتحديد موعده ونسبة التمثيل وشروط الناخب والعضو بموجب القانون.

ثانياً: يراعى في تكوين البرلمان التمثيل العادل للقوميات في اقليم كوردستان.

ثالثاً: عضو البرلمان يمثل شعب كوردستان ـ العراق بجميع مكوناته القومية والسياسية والدينية بصرف النظر عن انتماءاته أو منطقته الانتخابية.

المادة: 81

أولاً: الدورة الانتخابية للبرلمان أربع سنوات تبدأ من تاريخ اول اجتماع له.

**ثانياً: يجتمع البرلمان بدعوة من رئيس الاقليم خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ إعلان النتائج النهائية للانتخابات، وفي حالة عدم صدور الدعوة إليه يجتمع تلقائياً في الساعة الثانية عشرة ظهراً من اليوم التالي لانتهاء المدة المذكورة.**

**المادة:** 82

**يعقد البرلمان جلسته الأولى برئاسة أكبر أعضائه سناً وينتخب بالاقتراع السري رئيساً ونائباً للرئيس وسكرتيراً عاماً.**

**المادة:** 83

**يؤدي عضو البرلمان قبل المباشرة بمهامه اليمين الآتية:**

**(أقسم بالله العظيم أن أحافظ على مصلحة شعب اقليم كوردستان ووحدته وكرامته وحقوق وحريات مواطنيه وأن أقوم بمهام العضوية بصدق وإخلاص).**

**المادة:** 84

**يعتبر عضو البرلمان مستقيلآ من وظيفته بتأريخ أدائه اليمين الدستورية وله حق العودة إليها أولوظيفة مماثلة لها بعد أنتهاء مدة عضويته في البرلمان وتحتسب مدة عضويته في البرلمان لاغراض الترفيع والترقية والقدم والتقاعد.**

**المادة:** 85

**لايجوز الجمع بين عضوية برلمان كوردستان والعضوية في البرلمان الاتحادي أو المجالس المحلية أو البلدية أو الوظيفة العامة.**

**المادة:** 86

**للبرلمان دورتا إنعقاد في السنة أمد كل منها أربعة أشهر يحدد النظام الداخلي كيفية إنعقادهما ولاتنتهي الدورة التي تعرض فيها الموازنة العامة إلا بعد الموافقة عليها.**

**المادة:** 87

**يجوز تمديد دورة الانعقاد بما لايزيد عن ثلاثين يوماً لإنجاز المهام التي تستدعي ذلك بناء على طلب رئيس الاقليم أو رئيس مجلس الوزراء أو خمسة وعشرين من أعضاء البرلمان.**

**المادة:** 88

**يتم النصاب القانوني في البرلمان بحضور ألاغلبية المطلقة لاعضائه و تصدر قراراته بأغلبية أصوات الحاضرين ما لم ينص القانون على خلاف ذلك وإذا تساوت الاصوات فلرئيس البرلمان صوت الترجيح.**

**المادة:** 89

**لعشرة أو اكثرمن أعضاء البرلمان تقديم مقترح قانون أو قرار.**

**المادة:** 90

أولاً: لعضو البرلمان توجيه أسئلة لرئيس الوزراء ونائبه والوزراء حول الامور التى تخص مجلس الوزراء أو احدى الوزارات ويتولى قانون البرلمان ونظامه الداخلي تنظيم ذلك.

ثانياً: لعشرة من أعضاء البرلمان توجيه إستجواب لرئيس أو أعضاء مجلس الوزراء ولا تجري المناقشة في الاستجواب الابعد ثمانية أيام من تأريخ وصوله الى رئاسة مجلس الوزراء وإذا تمخض عن الاستجواب طلب حجب الثقة عن رئيس مجلس الوزراء اوعن أحد الوزراء، يكون حجب الثقة عن رئيس مجلس الوزراء بموافقة ثلثى أعضاء البرلمان، وعن الوزير بموافقة الأغلبية المطلقة لأعضاء البرلمان.

المادة: 91

تحدد حقوق وأمتيازات رئيس البرلمان ونائبه والسكرتير العام وأعضاء البرلمان بقانون.

المادة: 92

تحدد تفاصيل سير العمل في البرلمان وكيفية عقد جلساته العادية والاستثنائية وحالات انتهاء العضوية وكيفية ملء المقاعد الشاغرة بقانون البرلمان ونظامه.

المادة: 93

يمارس البرلمان الاختصاصات الآتية:

أولاً: البت في القضايا المصيرية لشعب اقليم كوردستان ـ العراق.

ثانياً: الموافقة على مقترح تعديل دستور الاقليم بأغلبية ثلثي عدد أعضائه شرط أن لاينتقص مقترح التعديل من الحقوق الاساسية والحريات المنصوص عليها فيه.

ثالثاً:

أ- تشريع القوانين للاقليم وتعديلها وإلغائها.

ب- تعديل تطبيق القوانين الاتحادية الخارجة عن الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية.

ج- تشريع القوانين ذات العلاقة بالاختصاصات المشتركة بين السلطات الاتحادية وسلطات الاقليم.

رابعاً: إعفاء رئيس الاقليم أو نائبه بالاغلبية المطلقة لاعضاء البرلمان بعد إدانته من المحكمة الدستورية لكوردستان في احدى الحالات الأتية:

أ- الحنث في اليمين الدستورية ب- انتهاك الدستور

ج- الخيانة العظمى.

خامساً: منح الثقة بالوزارة وأعضائها وحجبها عنهم بألاغلبية المطلقة لأعضاء البرلمان.

سادساً: إقرار السياسات المشتركة بين حكومة الاقليم والحكومة الاتحادية.

سابعاً: الرقابة على أعمال السلطة التنفيذية ومساءلة رئيس مجلس الوزراء ونائبه والوزراء، وفق القانون ونظامه الداخلي.

**ثامناً: إقرار الموازنة العامة لاقليم كوردستان والحسابات الختامية وإجراء المناقلة بين أبوابها والمصادقة على كل إنفاق لم يرد ذكره فيها.**

**تاسعاً: إقرار الخطط العامة للتنمية.**

**عاشراً: إنشاء الضرائب والرسوم وتعديلها وإلغائها.**

**حادي عشر: الفصل في صحة العضوية في البرلمان.**

**ثاني عشر: وضع نظامه الداخلي وتحديد ملاكاته وتقدير موازنته وتعيين موظفيه وتحديد رواتبهم.**

**ثالث عشر: تشكيل اللجان الدائمية والمؤقتة والتحقيقية في المسائل التي يرتأيها.**

**المادة: 94**

**لايجوز للبرلمان التنازل عن سلطاته التشريعية بأستثناء ماورد في الفقرة (سابعا) من المادة (104) من هذا الدستور.**

**المادة: 95**

**أولاً: للعضو حصانة برلمانية وله حرية الكلام ضمن الحدود المبينة في النظام الداخلي للبرلمان.**

**ثانياً: لايجوز تقييد حرية عضو البرلمان أو مراقبته إلا بموافقة البرلمان.**

**ثالثاً: لايجوز ملاحقة عضو البرلمان أو التحقيق معه أو تفتيشه أو تفتيش مسكنه أو مكتبه أو القبض عليه أثناء دورة الانعقاد من قبل أية جهة كانت دون أذن من البرلمان إلا في حالة التلبس بجناية مشهودة.**

**رابعاً: لايجوز ملاحقة عضو البرلمان أو التحقيق معه أو تفتيشه أو تفتيش مسكنه أو مكتبه أو إلقاء القبض عليه خارج دورات انعقاد البرلمان دون اذن من رئيسه إلا في حالة التلبس بجناية مشهودة ويخطر البرلمان فور انعقاده بما اتخذ من إجراءات بحقه.**

**المادة: 96**

**أولاً: للبرلمان حل نفسه بموافقة أغلبية ثلثي عدد أعضائه.**

**ثانياً: يحل البرلمان بمرسوم من رئيس الاقليم في الحالات الآتية:**

**أ- استقالة أكثر من نصف عدد أعضائه.**

**ب- عدم اكتمال النصاب القانوني لانعقاده خلال خمسة وأربعين يوماً من تاريخ دعوته للانعقادلبدء دورته الانتخابية.**

**ج- عدم منحه الثقة لثلاث تشكيلات وزارية مقترحة مختلفة ومتتالية.**

**ثالثاً: يصدر مرسوم بإجراء انتخابات برلمان كوردستان خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ حله وخلال مدة الشهرين السابقين على انتهاء دورته الانتخابية.**

**المادة: 97**

**في حالة حل البرلمان أو انتهاء دورته الانتخابية تجرى انتخابات جديدة لانتخاب برلمان جديد خلال مدة أقصاها ستون يوماً من تاريخ الحل أوخلال مدة الشهرين السابقين على انتهاء الدورة الانتخابية.**

المادة: 98

إذا انتهت مدة الدورة الانتخابية للبرلمان وتعذر إجراء انتخابات جديدة بسبب الحرب أو الكوارث الطبيعية فيستمر البرلمان في مهامه لحين انتخاب برلمان جديد وانعقاد جلسته الأولى. وشكراً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

**الفصل الثاني**

**السلطة التنفيذية**

**أولاً: رئيس اقليم كوردستان**

المادة: 99

اولاً: للاقليم رئيس يسمى (رئيس اقليم كوردستان) وهو الرئيس الأعلى للسلطة التنفيذية والقائد العام لقوات البيشمەرگە (حرس الأقليم) ويمثل شعب الاقليم وينوب عنه في المناسبات الوطنية والقومية ويتولى التنسيق بين السلطات الاتحادية وسلطات الاقليم.

ثانياً: يكون لرئيس الاقليم نائب يعاونه في أداء مهامه ويحل محله في غيابه ويكون نائباً للقائد العام لقوات البيشمەرگە.

المادة: 100

ينتخب رئيس اقليم كوردستان بالاقتراع العام السري المباشر من قبل مواطني الاقليم.

المادة: 101

تحدد طريقة انتخاب رئيس اقليم كوردستان وشروط الترشيح وكيفية اتهامه ومحاكمته وحالات انتهاء ولايته بموجب قانون.

المادة: 102

يؤدي رئيس الاقليم قبل مباشرته لمهامه اليمين الدستورية الآتية أمام برلمان كوردستان - العراق:-

(أقسم بالله العظيم أن أحافظ على حقوق ومكتسبات ووحدة ومصالح شعب اقليم كوردستان وأن أؤدي مهامي بصدق وإخلاص والتزم بدستور كوردستان ـ العراق) .

المادة: 103

تكون ولاية رئيس اقليم كوردستان أربع سنوات ويجوز إعادة انتخابه لولاية ثانية.

المادة: 104

يمارس رئيس الاقليم الصلاحيات التالية:

أولاً: اقتراح مشروعات القوانين والقرارات لبرلمان كوردستان - العراق

ثانياً: إصدار القوانين والقرارات التي يسنها برلمان كوردستان - العراق خلال عشرة أيام من تاريخ استلامها من قبل ديوان الرئاسة وله حق الاعتراض عليها كلياً أو جزئياً وإعادتها إلى البرلمان لإعادة النظر فيها ويكون قرار البرلمان بشأنها قطعياً وتعد مصادقاً عليها. في حالة عدم اصدارها ضمن المدة المذكورة.

ثالثاً: إصدار مرسوم بإجراء الانتخابات العامة لبرلمان كوردستان - العراق عند حله أو أنتهاء مدة دورته الانتخابية وذلك وفق المادة (96) من هذا الدستور مع مراعاة المدد المحددة في المادتين (96, و97) منه.

رابعاً: إصدار مرسوم دعوة برلمان كوردستان إلى دورة الانعقاد الأولى للدورة الانتخابية خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ إعلان النتائج النهائية وفي حالة عدم دعوته يجتمع البرلمان تلقائياً في اليوم التالي من انتهاء المدة المذكورة.

خامساً: حل برلمان كوردستان ـ العراق بمرسوم في الحالات التي ينص عليها هذا الدستور أو قانون برلمان كوردستان.

سادساً: إقالة الوزير بناءاً على إقتراح رئيس الوزارء.

سابعاً: إصدار مراسيم لها قوة القانون بعد التشاور و الاتفاق مع رئيس البرلمان ومجلس وزراء الاقليم وذلك عند تعرض اقليم كوردستان ونظامه السياسي أو الأمن العام فيه أو مؤسساته الدستورية لمخاطر داهمة تهدد كيانه وتعذر اجتماع البرلمان على أن تعرض تلك المراسيم على البرلمان عند أول اجتماع له فإن لم تعرض عليه أو عرضت ولم يقرها البرلمان زالت عنها الصفة القانونية.

ثامناً: العفو الخاص عن المحكومين بموجب القانون.

تاسعاً: المصادقة على أحكام الإعدام أو تخفيفها الى السجن المؤبد.

عاشراً: إعلان حالة الطوارئ في حالات الحرب أو الاحتلال أو العصيان أو الفوضى أو الكوارث الطبيعية أو أنتشار الاوبئة أو أية حالات طارئة أخرى على ان لاتزيد المدة الاولى عن شهر واحد وتكون التمديدات اللاحقة بموافقة الاغلبية المطلقة لاعضاء البرلمان ولمدة لا تزيد عن ثلاثة أشهر لكل تمديد وتنظم الاحكام الخاصة بحالة الطوارئ بقانون.

حادي عشر: دعوة مجلس الوزراء إلى الاجتماع بشكل استثنائي عند الاقتضاء ومناقشة المسائل المحددة التي يعقد الاجتماع من أجلها وترؤسه ذلك الاجتماع.

ثاني عشر: السماح بدخول قوات مسلحة اتحادية أو أية وحدات عسكرية أخرى الى الاقليم عند الاقتضاء بموافقة برلمان كوردستان ـ العراق على ان تحدد مهامها ومكان ومدة تواجدها.

**ثالث عشر: لرئيس الاقليم إرسال قوات الثيَشمةرطة (حرس الاقليم) أو قوى الامن الداخلي إلى خارج الاقليم بموافقة برلمان كوردستان- العراق.**

**رابع عشر:**

**أ- تكليف مرشح الكتلة البرلمانية الأكثر عدداً بتشكيل مجلس الوزراء خلال مدة ثلاثين يوماً من تاريخ تكليفه.**

**ب- يكلف رئيس الاقليم مرشحاً اخر لنفس الكتلة لتشكيل الوزارة عند إخفاق المرشح الأول بتشكيلها ضمن المدة المحددة في الفقرة (أ) أعلاه.**

**ج- في حالة إخفاق المرشح الثاني في تشكيل الوزارة المكلف بها فلرئيس الاقليم اختيار من يراه مناسباً وتكليفه بتشكيل الوزارة.**

**د- يجوز أن يكون المكلف بتشكيل الوزارة من بين أعضاء البرلمان أو غيرهم.**

**خامس عشر: إصدار مرسوم بقبول استقالة مجلس الوزراء أو الوزير عند حجب الثقة عن أي منهما.**

**سادس عشر: إصدار مرسوم بقبول استقالة مجلس الوزراء أو الوزير وتكليفهم على الاستمرار بمهامهم لحين تشكيل الوزارة الجديدة.**

**سابع عشر: إصدار مرسوم بتأسيس المكاتب الخاصة بالاقليم للشؤون الثقافية والاجتماعية والانمائية في السفارات والبعثات الدبلوماسية العراقية في الخارج.**

**ثامن عشر: تعيين أصحاب الدرجات الخاصة بناءًا على ترشيح الوزير المختص وموافقة مجلس الوزراء.**

**تاسع عشر: تعيين القضاة ورئيس وأعضاء الادعاء العام بعد ترشيحهم من قبل مجلس قضاء الاقليم.**

**عشرون: منح الرتب العسكرية لضباط الپيشمەرگە (حرس الاقليم) وقوى الأمن الداخلي وطردهم وإحالتهم على التقاعد وفق القوانين المرعية.**

**حادي وعشرون: منح الأوسمة والأنواط بموجب القانون.**

**المادة:** 105

**يحدد راتب ومخصصات رئيس الاقليم ونائبه بقانون.**

**المادة:** 106

**يكون لرئاسة الاقليم ديوان تعين تشكيلاته وواجباته بقانون.**

**المادة:** 107

**أولاً: إذا استقال رئيس اقليم كوردستان أو توفي أو أصيب بعجز دائمي ينتخب له خلفاً بنفس الطريقة المبينة في هذا الدستور.**

**ثانياً: عند خلو منصب رئيس اقليم كوردستان يتولى رئيس برلمان كوردستان القيام بمهامه لحين انتخاب رئيس جديد.**

**ثالثاً: عند غياب رئيس اقليم كوردستان عن الاقليم أو تمتعه بإجازة يتولي نائبه مهامه.**

**ثانياً: مجلس وزراء إقليم كوردستان**

**المادة: 108**

**مجلس وزراء اقليم كوردستان هو السلطة التنفيذية والإدارية في الاقليم ويؤدي مهامه تحت إشراف وتوجيه رئيس اقليم كوردستان.**

**المادة: 109**

**أولاً: يتألف مجلس الوزراء من رئيس مجلس الوزراء ونائبه و الوزراء ويحدد تشكيله بقانون.**

**ثانياً: يكون تكليف المرشح بتشكيل الوزارة وفق احكام الفقرة (رابع عشر) من المادة (104) من هذا الدستور.**

**ثالثاً: يقوم رئيس الوزراء المكلف باختيار نائبه والوزراء من بين أعضاء برلمان كوردستان أو غيرهم ممن تتوفر فيهم شروط عضوية برلمان كوردستان.**

**رابعاً: يقدم رئيس الوزراء المكلف قائمة بأعضاء وزارته إلى رئيس الاقليم للمصادقة عليها.**

**خامساً: يقدم رئيس الوزراء المكلف بعد مصادقة رئيس الاقليم، أعضاء وزارته إلى برلمان كوردستان طالباً منحهم الثقة.**

**سادساً: يترأس رئيس مجلس الوزراء جلسات المجلس باستثناء الجلسات التي يحضرها رئيس الاقليم. وشكراً.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس, كاك دكتۆر محەمەد عومەر مەولود فەرمووو.**

**بەڕێز د.محمد عمر مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة: 110**

**يؤدي رئيس واعضاء مجلس الوزراء اليمين الدستورية الاتية امام البرلمان بعد نيلهم ثقته وقبل مباشرتهم لمهامهم الرسمية (اقسم بالله العظيم ان احافظ مخلصاً على وحدة شعب وأرض كوردستان العراق واحترم الدستور والقوانين المرعية وأرعى مصالح الشعب رعاية كاملة) .**

**المادة: 111**

**يراعى التمثيل العادل للقوميات في تشكيل مجلس وزراء اقليم كوردستان.**

**المادة: 112**

**الوزراء متضامنون أمام برلمان كوردستان في المسؤولية عن الشؤون المتعلقة بمجلس الوزراء وكل وزير مسؤول بصورة منفردة عن أعمال وزارته وهو المسؤول الأول والمباشر عنها.**

**المادة: 113**

**يمارس مجلس الوزراء الصلاحيات والاختصاصات الآتية:**

**أولاً: تنفيذ القوانين والقرارات والأنظمة والمحافظة على أمن الاقليم والأموال العامة.**

ثانياً: رسم السياسة العامة للاقليم بالاشتراك مع رئيس اقليم كوردستان وتنفيذها بعد موافقة البرلمان عليها.

ثالثاً: إعداد مشاريع خطط التنمية وتنفيذها بعد إقرارها من البرلمان.

رابعاً: تقوم حكومة كوردستان مع الحكومة الاتحادية بادارة حقول النفط والغاز المستخرج من أراضي كوردستان العراق والمستغلة تجارياً قبل 15/ 8/ 2005 على ان يتم توزيع الموارد المتأتية منها بشكل عادل وفق الاســس المحددة في المادة (112) من الدستور الاتحادي وينظم ذلك بقانون ويكون مقياس الانتاج التجاري لاغراض تطبيق حكم هذه الفقرة هو إنتاج خمسة ألاف برميل يومياً خلال الاثنا عشر شهراً السابقة على تأريخ 2005/8/15.

خامساً: تقوم حكومة كوردستان مع الحكومة الاتحادية برسم السياسات الاستراتيجية اللازمة لتطوير ثروة النفط والغاز على أن تقترن بموافقة برلمان كوردستان ـ العراق.

سادساً: تتولى حكومة اقليم كوردستان كل ما تتطلبه حقول النفط والغاز غير المستخرج أو المستخرج غير المنتج تجارياً قبل 2005/8/15من عمليات الاستكشاف والاستخراج والادارة والتصنيع والبيع والتسويق والتصدير وغيرها وينظم ذلك بقانون ويكون مقياس الانتاج التجاري لاغراض تطبيق حكم هذه الفقرة هو إنتاج خمسة ألاف برميل يومياً خلال الاثنا عشر شهراً السابقة على تأريخ 2005/8/15.

سابعاً: ممارسة كل مالم ينص عليه في الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية من صلاحيات تنفيذية خاصة بالاقليم وفق المادة 110 من الدستور الاتحادي.

ثامناً: ممارسة ماتخوله له الصلاحيات المشتركة بين السلطات الاتحادية وسلطات الاقليم وفق احكام الدستور الاتحادي.

تاسعاً: إعداد مشروع الموازنة العامة للاقليم.

عاشراً: إعداد وتقديم مشاريع القوانين والقرارات لبرلمان كوردستان — العراق.

حادي عشر: إصـدار القــرارات التنفيذية والإدارية وفقاً للقوانين والأنظمة.

ثاني عشر: الإشراف على أعمال الوزارات والمؤسسات والمرافق العـامة في اقليم كـوردستان وتوجيهها ومتابعتها ومراقبتها والتنسيق بينها.

ثالث عشر: تعيين الموظفين وترفيعهم وفصلهم وعزلهم وإحالتهم على التقاعد وفقاً للقانون بما لا يتعارض مع قانون مجلس الخدمة المدنية في الاقليم.

رابع عشر: ترشيح ممثلي الاقليم في الهيئات الاتحادية المستقلة والوظائف الاتحادية لمن يكون بدرجة مدير عام فما فوق بموافقة برلمان كوردستان - العراق.

خامس عشر: إنشاء وتنظيم قوى الامن الداخلي للاقليم كالشرطة والامن و حرس الاقليم.

المادة: 114

أولاً: يعتبر مجلس الوزراء مستقيلاً في الحالات التالية:ـ

أ- استقالة رئيسه.

ب- سحب برلمان كوردستان الثقة من رئيسه.

ج- عند بدء ولاية جديدة لبرلمان كوردستان - العراق.

د- عند بدء ولاية جديدة لرئيس اقليم كوردستان.

هـ- وفاة رئيس المجلس.

ثانياً: يعتبر الوزير مستقيلاً إذا سحب برلمان كوردستان الثقة منه.

ثالثاً: يعتبر مجلس الوزراء المستقيل مجلساً لتصريف الاعمال لحين تشكيل المجلس الجديد.

المادة: 115

أولاً: تحدد بقانون كيفية إتهام رئيس مجلس الوزراء ونائبه والوزراء ومحاكمتهم.

ثانياً: تحدد بقانون راتب رئيس مجلس الوزراء ونائبه والوزراء ومخصصاتهم وإمتيازاتهم.

## الفصل الثالث

## السلطة القضائية

### أولاً ـ المبادئ العامة

المادة: 116

القضاء مستقل لا سلطان عليه لغير القانون.

المادة: 117

للقضاء الولاية العامة على جميع الأشخاص الطبيعية والمعنوية في أقليم كوردستان.

المادة: 118

تصدر الأحكام والقرارات القضائية وتنفذ باسم الشعب.

المادة: 119

القضاة غير قابلين للعزل إلا في الأحوال التي يجيزها القانون.

المادة: 120

يحظر على القاضي و عضو الادعاء العام ما يلي:

أولاً: الجمع بين الوظيفة القضائية و الوظيفتين التشريعية والتنفيذية وأي عمل آخر.

ثانياً: الانتماء إلى حزب أو منظمة سياسية أو العمل في أي نشاط سياسي.

المادة: 121

جلسات المحاكم علنية إلا إذا قررت المحكمة جعلها سرية مراعاة للنظام العام أو الآداب أو لحرمة الأسرة على أن يتم النطق بالحكم في جلسة علنية.

المادة: 122

**يحظر إنشاء محاكم خاصة أو استثنائية في الاقليم.**

**المادة:** 123

**تنظم بقانون المحاكم المختصة بالنظر في الجرائم ذات الطابع العسكري التي تقع من منتسبي قوات البيێشمەرگه وقوى الأمن الداخلي وكذلك الجرائم الواقعة فيما بين افراد قوات البيێشمەرگه او قوى الأمن الداخلي. وشكراً.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس, کاك  خدر سليمان فەرمووە.**

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة:** 124

**أولاً: لا يجوز فرض الاحكام الشخصية لديانة على اتباع ديانة اخرى.**

**ثانياً:لاتباع الديانات والطوائف غير المسلمة كالمسيحين والايزيدين وغيرهم انشاء مجالسها الروحانية واتباع الاحكام الخاصة باحوالهم الشخصية والتي تحدد بقانون وتنظر من قبل محكمة المواد الشخصية.**

**ثالثاً: تطبق احكام القوانين النافذة في الاقليم بشأن الاحوال الشخصية لغير المسلمين لحين سن قانون ينظم أحكام الاحوال الشخصية الخاصة بها.**

**المادة:** 125

**يحظر النص في القوانين على منع المحاكم من سماع الدعاوى الناشئة عنها.**

**المادة:** 126

**يحظر النص في القوانين على تحصين أي عمل أو قرار إداري من الطعن.**

**المادة:** 127

**يضمن القانون عدم تحيز الادارة ومعاقبة المتعسف في استعمال السلطة.**

**المادة:** 128

**لكل من يصيبه ضرر نتيجة تصرف او عمل او اهمال من تابعي الدوائر والهيئات الحكومية للاقليم اثناء مزاولتهم لاعمالهم حق المطالبة بالتعويض من الجهات المذكورة.**

**المادة:** 129

**الأحكام القضائية واجبة التنفيذ وان الامتناع عن تنفيذها او تعطيل تنفيذها يعد جريمة يعاقب عليها وفق القانون واذا كان المتهم موظفاً عاماً او مكلفاً بخدمة عامة يعزل من الوظيفة اضافة الى العقوبة الجزائية وللمحكوم له الحق في رفع الدعوى مباشرة الى المحكمة المختصة وتضمن الحكومة تعويضاً كاملاً له في حالة الضرر.**

**ثانياً. مجلس القضاء**

**المادة: 130**

**السلطة القضائية في الاقليم مستقلة وتتكون من مجلس القضاء والمحكمة الدستورية ومحكمة التمييز و مجلس الشورى و هيئة الأشراف العدلي وجهاز الأدعاء العام والمحاكم بمختلف درجاتها وأنواعها وهيئاتها وتنظم طريقة تشكيلها وشروط وإجراءات تعيين أعضائها ومساءلتهم بقانون.**

**المادة: 131**

**أولاً: يتكون مجلس القضاء من رئيس المحكمة الدستورية وأحد نوابه ورئيس محكمة التمييز وأحد نوابه ورئيس هيئة الإشراف العدلي ورئيس الادعاء العام ورؤساء محاكم المناطق الاستئنافية في الاقليم.**

**ثانياً: يتولى مجلس القضاء إدارة شؤون القضاء والإشراف على الهيئات القضائية وضمان استقلاليته وفقاً للقانون.**

**المادة: 132**

**أولاً: للسلطة القضائية ميزانية خاصة بها تلحق بميزانية الاقليم.**

**ثانياً: يعد مجلس القضاء مشروع ميزانية السلطة القضائية السنوية ويعرضه على برلمان كوردستان ـ العراق للموافقة عليها على أن يتم إدراج الرقم النهائي لها ضمن الموازنة السنوية للأقليم.**

## ثالثاً ـ المحكمة الدستورية

**المادة 133:**

**لكوردستان العراق محكمة عليا بأسم (المحكمة الدستورية لكوردستان) وتؤسس بقانون.**

**المادة: 134**

**أولاً: تشكل المحكمة الدستورية لكوردستان من سبعة أعضاء بما فيهم الرئيس يتم إختيارهم من بين القضاة وأساتذة القانون والمحامين الذين لاتقل ممارستهم في مجال القضاء أو التشريع أو التدريس أو المحاماة جمعاً عن عشرين سنة.**

**ثانياً: يكون إختيار أعضاء المحكمة الدستورية من قبل مجلس القضاء بالتشاور مع رئيس أقليم كوردستان.**

**ثالثاً: يتم تعيين أعضاء المحكمة من قبل رئيس الاقليم بمرسوم بعد مصادقة برلمان كوردستان على المرشحين.**

**المادة: 135**

**تنتخب المحكمة رئيسها من بين أعضائها.**

**المادة: 136**

**يؤدي رئيس وأعضاء المحكمة الدستورية ومحكمة التمييز اليمين القانونية أمام رئيس اقليم كوردستان ـ العراق قبل مباشرتهم لمهامهم. ويؤدي قضاة المحاكم الاخرى في الاقليم اليمين القانونية امام رئيس مجلس القضاء.**

**المادة: 137**

تختص المحكمة الدستورية بالامور التالية:

أولاً: تفسير نصوص دستور اقليم كوردستان ـ العراق.

ثانياً:

أ- الرقابة على دستورية القوانين بناء على طلب رئيس أقليم كوردستان أو مجلس الوزراء أو المتضرر المباشر.

ب- البت في مشروعية الانظمة والقرارات والتعليمات بناء على طلب المتضرر المباشر.

ثالثاً: البت في الدفع المقدم في دعوى مقامة أمام المحكمة بعدم دستورية القانون أو مشروعية قرارأو نظام أو تعليمات وعلى محكمة الموضوع استئخار الدعوى لحين البت في نتيجة الدفع.

رابعاً: تصديق نتائج الانتخابات العامة لرئيس اقليم كوردستان وبرلمان كوردستان العراق.

المادة: 138

تنظم بقانون شروط العضوية في المحكمة و سير العمل فيها وكيفية قبول الدعاوى والطلبات.

المادة: 139

احكام المحكمة الدستورية باتة وملزمة للكافة و إذا ما قررت المحكمة عند بتها في دستورية القوانين أو مشروعية الانظمة والتعليمات والقرارات إن أيا منها جاء مخالفاً للدستور أو القانون يتعين عليها أشعار السلطة المعنية في كوردستان لاتخاذ مايلزم من إجراءات لازالة المخالفة الدستورية أو لتصحيحها.

## رابعاً ـ الإدعاء العام

المادة: 140

ينوب الادعاء العام عن المجتمع ويتولى الدعوى العامة باسمه دفاعاً عن الحق العام وتحقيقاً للعدالة ويسهر على تطبيق القوانين الجزائية والاشراف على شؤون الضبط القضائي ومراقبة الخروقات القانونية وتنفيذ القرارات والاحكام والعقوبات.

خامساً ـ مجلس الشورى

المادة: 141

يؤسس بقانون مجلس شورى للاقليم يختص بما يلي:-

أولاً: الفصل في الطعون الخاصة بالاجراءات التأديبية والانضباطية وقضايا الخدمة الوظيفية ذات العلاقة بالعاملين في الدوائر الحكومية.

ثانياً: البت في قضايا تنازع الاختصاص بين الوزارات والمؤسسات والدوائر الحكومية في الاقليم بناءاً على طلب رئيس مجلس الوزراء.

ثالثاً: إعداد وصياغة مشروعات القوانين في الاقليم بطلب من رئيس الأقليم أو مجلس الوزراء أو الوزارات المختصة أو الجهات غير المرتبطة بوزارة.

**رابعاً: ابداء الرأي والمشورة في المسائل القانونية التي تعرض عليه من قبل الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة وكذلك البت في المسائل المختلف عليها بينها اذا احتكم اطراف القضية الى المجلس ويكون رأي المجلس ملزماً لها. وشكراً.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس, كاك محەمەد فەرموو.**

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

## الباب الرابع

## الإدارات المحلية والمجالس البلدية

**المادة:** 142

**تكون التقسيمات الادارية في اقليم كوردستان (المحافظة، القضاء، الناحية) واستحداثها وتعيّن وتغيّر مراكزها وتحديد وتعديل حدودها وفك إرتباطها والحاقها بوحدات إدارية اخرى بموجب القانون.**

**المادة:** 143

**أولاً: تعتمد اللامركزية الإدارية في ادارة الوحدات الادارية في أقليم كوردستان (المحافظة ، القضاء، الناحية) ويكون لكل منها مجلساً محلياً منتخباً بالاقتراع العام السري المباشر تبين طريقة انتخابه وتحدد صلاحياته ومهامه بقانون.**

**ثانياً: يكون لكل وحدة إدارية مجلس تنفيذي يترأسه رئيس الوحدة الادارية تبين كيفية تشكيله وتحديد صلاحياته ومهامه وعلاقته بالمجلس المحلي للوحدة الادارية ذاتها و والوزارات والمؤسسات المركزية في كوردستان بقانون.**

**المادة:** 144

**يكون لمركز كل محافظة وقضاء وناحية وكل قرية عدد سكانها ثلاثه الاف نسمة أو أكثر بلدية يديرها مجلس بلدي منتخب يتولى تقديم الخدمات العامة لمواطنيها بموجب القانون.**

**المادة:** 145

**أولاً: تتمتع المجالس المحلية والبلدية بالشخصية المعنوية.**

**ثانياً: يكون لكل وحدة إدارية أو بلدية ميزانيتها المستقلة.**

**المادة:** 146

**يراعى في تشكيل المجالس المحلية والبلدية التمثيل العادل للقوميات المتواجدة ضمن الوحدة الادارية أو البلدية. وينظم ذلك بقانون.**

## الباب الخامس

## الهيئات والمفوضيات المستقلة

المادة: 147

أولاً: تؤسس بقانون:-

أ. الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في اقليم كوردستان.

ب. مجلس الخدمة المدنية.

ج. ديوان الرقابة المالية.

د. الهيئة العامة للنزاهة.

هـ. مفوضية حماية حقوق الشعب. (إمبوتسمان)

و. المفوضية الخاصة بحقوق الكورد الفيليين.

ز. الهيئة العامة لسلامة وجودة المنتجات المحلية والمستوردة.

ح. هيئة كوردستان المستقلة للاعلام والاتصالات.

ثانياً: يؤسس بقانون:-

أ- المجلس الاستشاري للشؤون الاقتصادية و الاجتماعية.

ب- تكون مهمة المجلس تقديم المشورة في الشؤون الاقتصادية والاجتماعية لرئاسة الاقليم وبرلمان كوردستان - العراق ومجلس الوزراء.

المادة: 148

تخضع الهيئات والمفوضيات المشمولة بالفقرة أولآ من المادة (147) لرقابة برلمان كوردستان وفق القانون.

## الباب السادس

## الأحكام المالية

المادة: 149

اولاً: لا يجوز انشاء ضريبة او رسم او تعديلها او إلغائها او إعفاء احد منها ولا يجوز تكليف أحد بأداء غير ذلك من التكاليف إلا بقانون.

ثانياً: يعفى أصحاب الدخول المنخفضة من الضرائب بما يضمن الحد الادنى العادل للمعيشة وينظم ذلك بقانون.

المادة: 150

تتكون واردات اقليم كوردستان من:

أولاً: عائدات الضرائب والرسوم وأجور خدمات المرافق العامة وإيرادات المؤسسات والشركات والمصالح العامة في الاقليم وما يتم استيفاؤه من نفقات إدارة وجباية الضرائب والرسوم الكمركية وغيرها من الواردات الاتحادية في الاقليم.

ثانياً: عائدات استثمار الموارد الطبيعية في الاقليم.

ثالثاً: المنح والهبات.

**رابعاً: القروض الداخلية والخارجية الخاصة باقليم كوردستان.**

**خامساً: حصة الاقليم من عوائد الثروة النفطية والغازية ورسوم الكمارك والواردات الاتحادية الأخرى.**

**المادة:** 151

**تحدد السنة المالية بقانون.**

**المادة:** 152

**أولاً: يشرع في كل سنة مالية قانون الموازنة لاقليم كوردستان وتتضمن الواردات والنفقات التخمينية.**

**ثانياً: يقدم مشروع الموازنة للسنة المالية لبرلمان كوردستان- العراق قبل ثلاثة أشهر من انتهاء السنة المالية.**

**ثالثاً: في حالة تأخر إعداد أو تقديم الموازنة عن بداية السنة المالية لأي سبب كان تتولى حكومة الاقليم إعتماد صرف نسبة** (1/12) **من الاعتمادات المقررة في ميزانية السنة المالية السابقة لكل شهر تأخرت عنه الميزانية.**

## الباب السابع
## الأحكام الختامية

**المادة:** 153

**يحظر على رئيس الاقليم و رئيس برلمان كوردستان – العراق و أعضاء البرلمان و رئيس مجلس الوزراء و نائبه والوزراء والقضاة والمدعين العامين و نوابهم وأصحاب الدرجات الخاصة والمدراء العامين ومن هم بدرجتهم شراء أو استئجار شيء من الاموال العامة في الاقليم أو تأجير أو بيع شيء من أموالهم لسلطات الاقليم أو إبرام عقد مباشرة أو بالواسطة بوصفهم ملتزمين أو موردين أو مقاولين.**

**المادة:** 154

**لايعمل بأي نص دستوري أو قانون اتحادي ينتقص من صلاحيات اقليم كوردستان ـ العراق التي لاتكون داخلة ضمن الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية إلا بموافقة برلمان كوردستان وموافقة شعب اقليم كوردستان عليه في استفتاء بأغلبية المصوتين.**

**المادة:** 155

**اولاً: تسرى على الاراضي التي لم تتم تسويتها أو التي لم تكتسب قرارات تسويتها الدرجة النهائية في اقليم كوردستان حكم المادة (الثانية عشرة) من قانون الاصلاح الزراعي رقم** (117) **لسنة** 1970 **ويوقف نفاذ أحكام المادة (الثامنة) من القانون رقم** 90 **لسنة** 1975.

**ثانياً: تختص المحاكم بالنظر في دعاوى أستحقاق التعويض عن حقوق الاراضي التي تم وضع اليد عليها من قبل الحكومة لاغراض المنفعة العامة المشمولة باحكام الفقرة (أولا) أعلاه والتي لم يتسنى تثبيت الحقوق المتعلقة بها من قبل اللجان المختصة.**

**المادة:** 156

**تختص محكمة تمييز اقليم كوردستان إضافةً لاختصاصاتها الاعتيادية بتفسير نصوص هذا الدستور والبت في الدفع بعدم دستورية القوانين والقرارات والانظمة والتعليمات في الدعاوى المقامة أمام القضاء لحين تشكيل المحكمة الدستورية في كوردستان.**

**المادة:** 157

تنشر القوانين في الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان – العراق (وقائع كوردستان) ويُعمل بها من تأريخ نشرها إلاّ إذا نص فيها على خلاف ذلك.

المادة: 158

يعد هذا الدستور مصادقاً عليه بعد موافقة أغلبية المصوتين لشعب أقليم كوردستان العراق عليه في أستفتاء عام.

المادة: 159

أولاً: لرئيس الاقليم ومجلس الوزراء مجتمعاً أو نصف عدد أعضاء البرلمان اقتراح تعديل هذا الدستور على أن لايمس التعديل سلامة النظام الجمهوري البرلماني الديموقراطي للاقليم ووحدة ترابه.

ثانياً: لبرلمان كوردستان ـ العراق الموافقة على الاقتراح بأغلبية ثلثي عدد أعضائه.

ثالثاً: الاستفتاء حق لمواطني اقليم كوردستان ويحق لـ25٪ ممن لهم حق الانتخاب في الاقليم طلب اجراء الاستفتاء لموضوع معين على ان ينظم ويجرى وفق القانون.

رابعاً: يكون التعديل نافذاً بعد ستين يوماً من موافقة شعب الاقليم عليه في استفتاء عام باغلبية المصوتين.

المادة: 160

يعد هذا الدستور نافذاً بعد مضي ستين يوماً من تأريخ الموافقة عليه في الاستفتاء العام ويتولى رئيس الاقليم نشر هذا الدستور في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) خلال عشرة ايام من تأريخ الموافقة عليه في الاستفتاء العام. وشكراً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەو چەپڵەیە بۆ لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور بوو, بۆ ئەوەش بوو ئەو رەشنووسە, یان ئەو پرۆژەیە لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا بۆتە دەستوور پاش ئەوەی پێیدا دەچینەوەو هەمواری دەكەین لەسەر ئەو پێشنیارانەی كە دەكەن, زۆر سوپاستان دەكەم, من بە حەقیقەتدا لەبەر ئەوەی كاتەكە كەم بوو, لەبەر ئەوە زۆر شتی تر هەبوو نەمانخوێندنەوە, ئەویش تەوزیحات و تەفسیلاتی ترە, كە ئاماژە بەوە دەكاتن ئەو پرۆژەیە چۆن ئێستا حازر بووە, لەوانەشە پەرلەمان دەورەی پێشووی ئەندامانی پەرلەمان كۆبوونەوەیان لەسەر كردووە, موناقەشەیەكی زۆریان كردووە, دواتر حزبە سیاسیەكان كۆنفرانسیان لەسەر بەستووە, وەكو پرۆژەیەك جارێكی تر بۆ پەرلەمانیان ناردۆتەوە, پێشتریش لە ساڵی حەفتاكاندا موناقەشەی كراوەو پرۆژەی تەقدیم كراوە, یەعنی ئەمە جوهدێكی دەتوانم بڵێم جیل لە دوای جیلی گەلەكەمانە, تێكۆشەرانی گەلەكەمانە, ئەمڕۆ گەیشتۆتە ئەم رادەیەی كە دەتوانین سەربڵندی پێ بكەین, ئەمە ماندوو بوونی هەموو ئەندامان و ماندوو بوونی هەموو تێكۆشەرانی كوردستانە, ئومێد دەكەم لەم ماوەیەدا هەموومان وەكو عەرزم كردن بەشداری بكەین لە موناقەشە كردن و دەوڵەمەند كردنی تا 12/1, عینوانی بەریدی دەستووری لە تەلەفزیۆن و لە جریدەكان بلاّو دەكرێتەوە, بێجگە لەوەش

**خەڵك بۆی هەیە راستەوخۆ پەیوەندی بە لیژنەكە بكاتەوەو داوای كۆبوونەوە بكات, بەتایبەتی حزبە سیاسیەكان, یەعنی مولاحەزاتیان تەقدیم بكەن, ئینشائەڵلا لە مانگی دوازدەدا تەواوی دەكەین, ئومێدەواریشم كە ئەمڕۆ سەرەتای مانگی رەمەزانی پیرۆزە لە هەمووتان پیرۆز بێت و, وەختەكە كەس هەستی پێ نەكرد, لەبەر ئەوەی بەرۆژین كەس نەیوت نە بریسمە, نە درەنگە, ئنیشائەڵلا هەموو ساڵێك رەمەزان دووبارە دەبێتەوەو گەلەكەمان پێشكەوتوتر بووە, كێشەكانی چارەسەر كردووەو تیرۆر نەماوە, ژیان و بژێوی خەڵك باشتر بووە, ئەوانەی كە موسڵمانیش نین هاوبیرن و هادەنگن و هاوهەستن لەگەڵ موسڵمانان, ئەوانەی بە رۆژیش نینە, رێزیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی كە بە رۆژین, لەبەر ئەوە ئیعتیبارِ دەكرێت هەر هەمووی بە رۆژین, زۆر بەخێر بێن و سەرچاوان, كۆتایی بە دانیشتنەكەی ئەمڕۆمان دەهێنین تا بەیانی سەعات (11) كۆبوونەوەمان هەیە, زۆر سوپاس.**

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.كمال كركوكی)**
**جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8)

# دوو شەممە رێكەوتی 25\9\2006

# خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)

## دوو شەممە ڕێکەوتی 2006/9/25

کاتژمێر (11,20)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2006/9/25 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (8)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی گواستنەوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ژینگە.

**دانیشتنی یەکەم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11,20)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2006/9/25دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی گواستنەوە.**

**3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ژینگە.**

**ئێستا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم خاتوو (چنار) وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان, کاك (بورهان) وەزیری گواستنەوە, کاك (سەعد) وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان, وابزانم وەزیری ژینگە نەهاتووە, وابزانم فریا نەکەوتووە, زۆر بەخێر بێن ئومێدەوارم بە ئاسانی و بە پەلە ئیشەکان جێ بەجێ بن, داوای لێبووردن دەکەین ئەوەندەی کە تاخیر بووین لەسەر لیژنەی یاسایی بوو, ئێستاش هەندێك وردەکاری مابوو تەواو نەببوو, لیژنەی یاسایی فەرموو بۆ سەر مەنەصەکە, من دەمەوێت تۆزێك بە ئیجازەی ئێوە یەك دوو قسەی بکەین دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکەی دوێنێمان, کە بەڕاستی من خۆم رازی نەبووم لە دوو مەسەلە, یەك/ لە ئیعلام بەگشتی, کە دوێنێ کۆبوونەوەیەکی زۆر گرنگ بوو, میللەت چاوەڕوانی دەکرد کە ڕاستەوخۆ دانیشتنەکە ببینن و پەخش بکرێت, بەڵام نەیانکرد و هیچ گرنگیەکیان پێ نەداوەو تێ نەگەیشتوونە, ئومێدەوارم لە ئایندەدا ئەگەر مەسەلەی وا گرنگ هەبێت گرنگی پێ بدرێت و تەلەفزیۆنەکان بە ئەهمیەتی وەریبگرن, خەڵك دەبێت ئاشنا بێتن لەو دەستوورە, بۆ ئەوەی بتوانێتن موشارەکەی بکاتن, ئەگەر چی ئێمە هەوڵ دەدەین تەوزیعی ئەوە بکەینەوە, کە بڵاوی بکەینەوە لە ڕۆژنامەکان و سایتەکان و بیخەینە بەردەم خەڵکەوە.**

**دوو/ دیسان هەر تەلەفزیۆنەکان, بەپێی پرەنسیپی پەرلەمان و ئەوانە نەدەجوڵانەوە, هاتوچۆی ناو قاعەیان دەکرد, کە ئەمەش نابێتن لەگەڵ نیزامی داخیلی نابێت, ئەوە رەخنەیان لێ دەگیرێتن, هەندێ جاریش بە ئەندام پەرلەمانیان دەگوت زەحمەت نەبێت وەرە دوو قسەمان بۆ بکە, ئەندام پەرلەمانەکەش زۆر بە ئیعتیادی دەچووە دەرەوەو قسەی خۆشی بۆیان دەکردو دەهاتەوە, ئەمەش لەگەڵ ئەندامی پەرلەمان و مەسئوولیەتی ئەندام پەرلەمان ناگونجێت, جێگای رەخنەیە, ئینجا رەخنە لە ئێمە و رەخنەیە لە ئەندامی پەرلەمانیش, کە نابێت بە هیچ شێوەیەك کۆبوونەوە بەجێ بهێڵێت بەبێ ئیجازەی سەرۆکایەتی, ئەویش بە کارێکی (طارئ), کە چووە دەرەوەش ئیجازەی وەرگرت, چونکە ئیجازە وەرگرتن نییە بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە بۆ هۆڵی پەرلەمان, یاخود سێ چارێکی دی بگەڕێتەوە, ئیجازەکە بۆ پێنج دەقیقەیە, دە دەقیقەیە تا کارەکەی ئەنجام دەدات پێویستی بەوە هەیە بۆ تەلەفۆنێك, یان بۆ دەست شووشتێنێك, تەنیا بۆ ئەوەیە چوونە دەرەوە, بۆ ئەوەی نییە بچێت لە ژوورەکەی خۆی دانیشێت, یان لە**

فراکسیۆن دانیشێت گوێ نەداتە کۆبوونەوەو, ئەندام پەرلەمان یەکەم واجیبی ئەوەیە کە لە کۆبوونەوە بەشدار بێتن, بۆ ئەوەی بزانێت چی ڕوویداوەو دواتر قسەی لەسەر بکاتن, ئومێدەوارم ئەمە دووبارە نەبێتەوە.

خاڵێکی تریش ئەمڕۆ لە سەرۆکایەتی باسمان کرد, ڕەنگە ڕەخنە لە خۆمان بگرین, زۆر جار پەیڕەوی ناوخۆمان بە تەواوەتی جێ بەجێ نەکردووە, لەبەر ئەوەی لەمەودوا هەوڵ دەدەین زیاتر جێ بەجێی بکەین, بەتایبەتی لەسەر ئەو خاڵەی هەندێك لە ئەندام پەرلەمان زیاتر غائیب دەبێتن بێ ئاگاداری سەرۆکایەتی, بەبێ ئەوەی سەبەبێکی مەشروعی هەبێتن, ئێمە لەمەودوا بڕیارمان وا داوە, بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ یەکێك غایب بێتن بەبێ ئاگاداری و بەبێ سەبەبی مەشروع پەیڕەوی ناوخۆی لەسەر تەتبیق دەکەین, ئاگاداری خۆشی دەکەینەوە, ئەگەر ئەو غیابەی دووبارە کردەوەو بەردەوام بوو لە غیابی حزبەکەشی ئاگادار دەکەینەوە, ئێمە دەزانین هەڵبژاردنمان بەپێی لیستی حزبی بووە, لەبەر ئەوە ئەگەر غائیب بێت حزبەکەی ئاگادارمان نەکاتەوە, مەفروزە حزبەکەشی پێی بزانێتن, بۆیە ئومێد دەکەم ئەوانەی غائیب دەبن بەبێ هۆ غائیب نەبن و, ئاگاداری سەرۆك بکەنەوە, بۆ ئەوەی تەسجیل نەکرێن لە غیابدا, داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم ئامادە بن, کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی قانونی هاتوون, بەس ئەو māddeیە ئیستنساخ دەکەن, کە تازە داڕێژراوە, ئێستا دەگەنە جێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوە دەست بەو māddeیە بکەین, دەمەوێت تەزویحێك بکەم, ئەویش ئەوەیە لە موناقەشە کردنی دانیشتنی پێشتر, ئێمە لە زمنی ئەو māddeیە (المديرية العامة للاستثمار) لامان برد, بۆ ئەوەی بیکەینە دەزگایەکی تایبەت و, ئەو دەزگایەش شەخسیەتێکی مەعنەوی موستەقیلی هەبێت و, لە هەمان کاتدا ئەو دەزگایە میزانیەکی موستەقیلی هەبێتن, بۆیە ئێمە لەگەڵ برای بەڕێزم سکرتێری پەرلەمان کاك فەرسەت دانیشتین, ئەو māddeیەمان بە هەموو لایەك داڕشت, ڕەنگە جەنابی وەزیر ئاگای لێ نەبێت, ئەو māddeیە بە کوردی و بە عەرەبی ئێستا ئامادەیە دەیخوێنینەوە, لە هەمان کاتدا ئێمە مەهامی ئەو هەیئەتەمان دیاری کردووە بە خاڵ و, چۆنیەتی دانیشتنی و بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانیان, ئەمەش هەمووی بە māddeی تایبەت داڕێژراوە, ئێستاش ئەگەر ئەو برادەرانە بێن ئەو māddeیە دەیخەینە بەردەم بەڕێزتان, بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکرێت و ڕەئی جەنابی وەزیریش لە māddeکە بزانین چۆنە, بۆ ئەوەی مەساری خۆی وەرگرێت لە موناقەشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر نەصی ماددەکەت لەلایە بیخوێنەوە, فەرموو کاك ئەدهەم.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازە بدەی من روونکردنەوەیەکا یاسایی  هەی لەسەر پرۆژێ ئەڤێ وەزارەتێ و, وەزارەتێ پێش ئەڤێ و, ئەڤێ داتهێنیش, ئەگەر ئیجازە بدەی دوو دەقیقە تەوزیحێك بدەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە خۆمان نوقسانیمان هەیە تاخیر بووین, تۆ حەقت هەیە دوو دەقیقە قسەی بکەیت.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لە بیرا جەنابێ تە ما بێ رۆژا (9/4) ڤێ مانگێ پرۆژا وەزارەتێ کەهربا لەبەر دەست بوو هاتە تەصویت کرن, لە ڤێ پرۆژەدا هەندەك مودیریەت هاتە دانان, هەندێ مودیریەتی خوار تر لە مودیریەتی عام, لە ڤێرێشدا من گو ئەڤ شتەی پەرلەمان تەصویت بکات, دەبێت جەنابی وەزیرێ حەقێ گۆڕینا ڤێ تەصویتا نەبی, پاش جەنابێتە کو وەکی سەرۆکی پەرلەمان جەوابا من داوە کو ئەو مودیریەتت کە تو بەحس لێ تکەیت هاتنە حەزف کرن, یەعنی مەبەست چەند مودیریەتێك بوون لە مادده سێی پرۆژا یاسایێ کەهرەبا, بەری چەند رۆژاش کە ئەمە پروسا پرۆژەی وەزارەتا شەهید و ئەنفالە خستیە روو, دیسان من باس کریەوە کە لە هەندێك مودیریەتا تڤێ وەزارەتا تیکرار دەبێتەوە, داوا دکەم لە لیژنا یاسایی ڤە نەك دژێ موقیفا لیژنا یاسایی, بەلکی روون کردنەڤێکە, لیژنا یاسایی جەوابا من دایە ڤە حەڤە مەیێ دایە وەزارەتێك, یان وەزیرێك پێی هەڵستیتن هەندەك مودیریتە زێدە بکاتن, یان کەم بکات, لێرەدا رێزدار سەرۆکێ پەرلەمانێ, دەستوورا, یان پرۆژێ دەستوورا کوردستانێش دەرکەڤت, کە دوێنێ لە پەرلەمانا هاتیە بەر خوێندن لە ماددەی (94)دا بەحسێ حەقێ تەنازولێ دکەت, کە نابێت پەرلەمان تەنازول لە حەقی خۆی بکاتن, کو لایدێ چ بەحسی مادده (104) دکات لە دەستووردا, دەبێت ئەڤ ماددەی تێدا نەبێت پەرلەمان جەنابی دەر حەقی بکات, منیش ئەز کو گوتم هەر مودیریەتێك لە هەر وەزارەتێك پەرلەمان تەصویت دکات, دەبێت جەنابێ وەزیر, یان هەر وەزیرێ حەق نەبێت کە هەڵوەشێنێتەوە, ئەو مودیریەتەی کە حەقی وەزیرە هەڵیوەشێنێتەوە, یان زێدە بکات, یان ئیزافە بکات, ئەو با لە پرۆژەدا نەهێنێت و, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك شێروان وەڵامی دەدەیتەوە, یان من وەڵامی بدەمەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێشتریش تەوزیحم کرد, ئەو مەسەلانەی کە ئێمە دەست نیشانمان کردووەو, تەخویلی جەنابی وەزیرمان کردووە, مەسەلەی ئیدارییە, مەسەلەی تەشریعی قەوانین نییە, بە وەزیرمان نەگووتووە قانونێك دەربکات, ئەمە لە لایەك.**

**لە لایەکی ترەوە, مەبدەئی فەسڵی سوڵتات هەیە, راستە فەسڵی سوڵتات هەیە بەنیسبەت قانونی فیقهی دەستوورییە فەسڵێکی موتڵەق هەیەو, فەسڵی مەرینیش هەیە و, زۆریش هەیە سوڵتەی تەنفیزی دەیکاتن, بەڵام ئیشەکە تەشریعییە, لە هەمان کاتیشدا هەندێ ئیشی تەنفیزی هەیە ئێمە رادەسپێرین کە سوڵتەی تەنفیزی بیکات, واتا تەعاونێك و هاوکاریەك هەیە, تەنسیقێك هەیە لەو بابەتە لەنێوان سوڵتەی تەنفیزی و تەشریعی, یەعنی عیلاقەکە لەسەر مرونە دروست کراوە, ئەمە لە لایەکەوە.**

**لە لایەکی تریشەوە, ئەگەر نەصەکە بخوێنیەوە, نەصێك هەیە ئێمە دەسەڵاتمان دایە بە وەزیر, لە هەیکلی ئیداری وەزارەتەکە دەستکاری بکات, یەعنی دەسەڵاتێکمان نەداوە قانونێك دروست بکات, دەسەڵاتمان نەداوە تەشریعێك دەربکات, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس, کاك فەرسەت تەوزیحێکی دا تەوزیحەکەش ئەو قسەی کاك شێخ ئەدهەم راستە, کە ئەوە لە دەستووردا هاتووە, ئەگەر ئەو دەستوورە ئیقرار کرا, ئەو وەختی ئێمە مولزەم دەبین, بەڵام ئێستا دەستوور ئیقرار نەکراوە بە قانون, ئەو دەسەڵاتە دراوەتە وەزیر, پاش ئەوەی کە دەستوور دەنگی بۆ دەدرێت دەبێتە قانون, ئەو وەختی دەبێت قانونی وا ئەو مودیریاتانەی هەر نابێت بخرێتە پرۆژەکەوە, لە ئەساسەوە دەسەڵاتی وەزیرە, بەڵام کە ئێستا هاتۆتە پرۆژەکە وەکو هەیکەلیەت, ئێمە ئیقراری دەکەین لە قانوندا دەسەڵات دەدەینە وەزیر کە بیگۆڕێتن, پاش ئەوەی کە دەستوور تەصویت دەکرێتن, پێویستە ئەو جۆرە مودیریاتانە لە دەسەڵاتی وەزیرن نەخرێتە تەشکیلاتەوە, زۆر سوپاس, فەرموون ئێوە, بەنیسبەت ماددەی چوارەوە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە ماددەی سێ و چوارمان دەمج کرد, ئێستا لە ماددە چوارەوە دەست پێ دەکەین, ئەو ماددانەی کە ئامادەمان کردوون, لە حدودی شەش ماددەن بەنیسبەت ئەو هەیئەیە بە تەفسیل چووینە ناوی,تاوەکو کۆتایی تەشکیلاتی هەیئەکە دێت, ئێستاش برای بەڕێزم کاك زانا ماددەکە دەخوێنێتەوە, کە دەبێتە ماددەی چوار لە ئەسڵی پرۆژەکە.**

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی چوار ئەوە لەبەردەست جەنابتان دا نییە, پێشنیازی تازەیە لە دانیشتنی پێشتر تەکلیف کرا بووین کە صیاغەی بکەین.**

**ماددەی چوارەم:**

دەستەی گشتی بۆ بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی داهاتەکان, خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی و دارایی و کارگێرییە, فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات, کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت و خاوەن لێزانین و پسپۆڕی بێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی ماددەی چوار کە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی رابردوو راسپێردراین بۆ دارشتنی صیاغەیەکی نویٚ بۆ ئەو ماددانەی کە باسی لیٚ کران.

المادة الرابعة:

الهيئة العامة للادارة والاستثمار والارادات تتمتع بالشخصية المعنوية بالاستقلال المالي والاداري, يرأسها ويديرها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوە لە ئەنجامی موناقەشات بوو, تەکلیفی لیژنەی قانونی کرا کە صیاغەی وا بکاتن مودیریەت نەبێتن هەیئەت بێتن, ئەو صیاغەیە لەسەر رۆشنایی موداخەلاتی ئێوە بوو, کیٚ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, وەزیریش موافیقە, کیٚ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بەکۆی دەنگ وەرگیرا, دەستتان خۆش بێت, تکایە ماددەی تر.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:

دەستە بودجەیەکی سەربەخۆی دەبێت, کە چاوگەکانی ئامانەی خوارەوەن:

1- بەخشینی سالآنەی حکومەتی هەرێم.

2- پێدان و بەخشین و بارەبووەکان.

3- داهاتە داراییەکانی ئێستا.

4- دەستکەوتی چالاکیەکانی وەزارەت و دەستە.

5- ئەوەی لە پرۆژە وەبەرهێنەکان دەست دەکەوێت.

6- داهاتی پسوولەی یانەسیب بە مەرجێك بە یاسا رێك بخرێت.

7- بەرکەوتی وەزارەت بە قەرەبووەکانی حکومەتی فیدراڵی لەو زیانانەی بەر کوردستان و هاوولآتیانی کەوتووە لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی ئەنفال و بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

تكون للهيئة ميزانية مستقلة تمول من المصادر الاتية:

1- المنحة السنوية لحكومة الاقليم.

2- الهبات والتبرعات والمنح.

3- عائدات اموال الهيئة.

4- ربح نشاطات الوزارة والهيئة.

5- ما تدور عليها مشاريع الاستثمارية.

6- عائدات بطاقات اليانصيب على ان تصدر وتنظم بقانون.

7- استحقاق الوزارة من التعويضات الحكومة الاتحادية من الاضرار التي اصابت كوردستان ومواطنيها جراء حملات الاخفاء الانفال واستعمال الاسلحة لكيمياوية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمەش هەر لەسەر داوای موناقەشاتی ئێوە بوو, بەڵام من پرسیارێكم هەیە لە لیژنەی قانونی, ناكرێت ماددەی چوار و پێنج بكرێتە یەك ماددە ببێتە (أ و ب), بۆ ئەوەی هەمان مەوزوعە تێكەڵاوی مودیریاتەكان و وەزارەت نەبێتن, یەعنی تێگەیشتن هەبێتن, نازانم وەزیر ڕەئی چییە لەسەری؟ ئەوە باسی بودجەی سەربەخۆیی ئەو دەستەیە دەكات, بەڵێ.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله (وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەو دوو ماددەیە دەبێت جیاواز بێت, لەبەر ئەوەی ئەوەی چوارەم باس لەو كەسە دەكات كە بەڕێوەبەرەو ئیشراف دەكات دەبێتە سەرۆك, ئەوەی دیكە ئەو مەوریدانە باس دەكات كە بەدەستی دێنن, بۆ ئەوەی هەیئەكە بەكار بخرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر كەس موناقەشەی لەسەر نییە, دەیخەمە دەنگدانەوە, باشە سێ كەس قسە دەكەن, كاك محەمەد فەرەج, كاك سەردار و سۆزان خان, فەرموو كاك محەمەد.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وەكو پرسیار وایە بۆ تەوزیح یەعنی, ئەوەی ئیستیحقاقاتی تەعویز, ئەوە حقووقی هاووڵاتی نییە, یەعنی ئەو خەڵكەی زەرەرمەندە, ئایا ئەوە دەبێتە سەرمایە؟ یەعنی مافی خەڵكە.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله (وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە دەبێت جیهەتێك هەبێت سەرپەرشتی وەرگرتنی ئەو پارەیە بكات, بەیانی ئەگەر بدرێت و دوایی تەوزیع بكرێتەوە, ئەوە یەك.

دوو/ لە حالآت هەیە واریس نەماوە, ئەو كاتە دەبێت هەیئەی ئیستیسماری ببێتە واریس, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینم هەیە لەسەر ئەو خاڵەی كە باسی یانەسیب دەكات, بە حەقیقەت لە پێشتر باسی ئەوەی كردووە, كە مەصادری نەشاتاتی هەیئەو, ئەوەی تر ربحی و, پێم وایە ئەوە زیادەیە, كە باسی یانەسیب دەكرێت, لە قانون باسی تەفاسیل ناكرێت نەشاتات چۆنەو چی دەبێت, تەنها نەشاتاتەكە بەس بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر لێرە ئیجازەی نەدەینێ بە قانون, ناتوانێت دوایێ یانەسیب بكات, دەبێت ئیجرائاتێكی كامیل بكاتەوەو پرۆژە تەقدیم بكات بۆ یانەسیب و بێتە ئێرە تاكو بیكەینە قانون, لەبەر ئەوە ئەو دەسەلآتە لە ئێستا پێ بدرێت باشە, كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم عبدالله بحری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش لە ناو لیژنەی یاسایی هەمان بۆچوونم هەبوو, بەڕاستی یاسایەكی تایبەت هەیە بە دەركردنی یانەسیب, پێویست ناكات, تەنزیمی دەركردنی یانەسیبی كردووە, پێویست ناكات لێرە باس بكرێتن, چونكە شتێكی زیادە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یاسای یانەسیب نییە ئەوەی من بزانم, وەزارەتی ئامار هەیە, تایبەتە بە وەزارەتی ئامار, لەبەر ئەوە ئەوەی ناگرێتەوە بەو قانونەی بۆ وەزارەتی ئامار دەرچووە, ناتوانین هیچ وەزارەتێك یانەسیب بەكار بێنێت, سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من سوپاستان دەكەم كاك محەمەد پرسیارەكەی منی كرد, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ماددەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, یەك کەس لەگەڵی نییە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, زۆر سوپاس, تکایە ماددەی شەش.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: دەستە ئەنجومەنێکی کارگێڕی دەبێت, کە سەرپەرشتی سەرجەم چالاکیەکانی کارگێڕی و دارایی و هونەری دەکات, بەتایبەتیش ئەم کارانەی خوارەوە:

1- کار کردن بۆ بەرەو پێش بردنی کاری دەستەو پێڕەوا کارگێڕییەکانی دارایی و هونەرییەکانی.

2- دانانی سیاسەتی گشتی بۆ بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی موڵك و سامان و داهاتەکانی دەستە بەپێی ئامانجەکانی وەزارەت.

ئەوەی دەیخوێنمەوە لە لای جەنابتان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو رۆژەی کە موناقەشە کرا لەسەر ئەو دەستەیە دەستەی ئیستیسمارِ و ئەوانە, لەبەر رۆشنایی موناقەشەکان تەکلیفی لیژنەی قانونی کرا, لەگەڵ جەنابی وەزیر پێدا بچنەوەو صیغەیەکی بۆ دابنێن, لەبەر رۆشنایی موناقەشەی ئێوە, ئەو دەستەیە بەو شێوەیە بێتن تەعریفی داهاتی مەسئولیاتی و, ئەمە مەسئوولیاتیەتی و تەفسیلاتی ئەو ماددەیە, بیخوێنەوە کاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: دەستە ئەنجومەنێکی کارگێڕی دەبێت, کە سەرپەرشتی سەرجەم چالاکیەکانی کارگێڕی و دارایی و هونەری دەکات, بەتایبەتیش ئەم کارانەی خوارەوە:

1- کارکردن بۆ بەرەو پێش بردنی کاری دەستەو پێڕەوە کارگێڕییەکانی دارایی و هونەرییەکانی.

2- دانانی سیاسەتی گشتی بۆ بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی موڵك و سامان و داهاتەکانی دەستە بەپێی ئامانجەکانی وەزارەت.

3- داننان بە بودجەی ساڵانەی دەستە و حیسابە کۆتاییەکان و هەموار کردنی لەسەری.

4- رەزامەندی لەسەر گرێبەست و پەیمان و پابەندییە داراییەکانی لە چوارچێوەی بودجەی پەسند کراوی دەستە.

5- پەسند کردنی میلاکی دەستە.

6- لێکۆڵینەوە لەو بابەتانەی وەزیر دەیخاتە روو.

7- ئامادە کردنی راپۆرتی ساڵانەی گشتگیر سەبارەت بە کاری دەستە و چالاکیەکانی بۆ بەردەم وەزیر و پاشان رەوانە کردنی بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: تكون للهيئة مجلس إدارة يشرف على جميع النشاطات الادارية والمالية والفنية, ويتولى بوجه خاص مايلي:

1- العمل على تطوير عمل هيئة وانظمتها الادارية والمالية والفنية.

2- وضع سياسة عامة لادارة استثمار املاك واموال وايرادات الهيئة وفق اهداف الوزارة.

3- اقرار الميزانية السنوية للهيئة والحسابات الختامية واجراء التعديلات عليها.

4- الموافقة على العقود والتعاهدات والالتزامات المالية ضمن الميزانية المصدقة للهيئة.

5- تصديق ملاكات الهيئة.

6- دراسة المواضيع التي يعرضها عليها الوزير.

7- اعداد تقارير سنوية شاملة عن عمل الهيئة ونشاطاتها لاطلاع الوزير عليها واحالتها الى مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوەش زۆر موناقەشە کراوە, دوو کەس قسەی لەسەر دەکات, ئەویش سۆزان خان و کاک کەریم فەرموون.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من یەك پرسیار و روونکردنەوەم دەوێت, ئەمە هەئیەتێکە لەناو وەزارەتێکدا, ئەگەر شەخسیەتێکی مەعنەوی و موستەقیلی هەبێت, ئەو هەموو دەسەڵاتەی دراوەتە دەست, ئایا ئەوە لە دەسەڵاتەکانی وەزیر کەم ناکاتەوە, وەزارەتێکی دیکە لە ناو وەزارەتەکەیدا بێت, ئەمە یەك.

دوو/ دەڵێت موڵك و سامان هی دەستەیە, ئاخیر موڵك و سامان کەی هی دەستەیە, موڵك سامان هی وەزارەتە, چۆن دەبێت هی دەستە بێت, ئەی ئەگەر سبەی رۆژێ ئەو دەستەیە جیا بۆوە لەو وەزارەتە بە قەرارێك لێی جیا بۆوە, ئەی موڵك سامانی ئەو وەزارەتە لە دەستی دەچێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم/ دەستە, یان مودیریەت بەشێکە لە وەزارەت, وەزارەتیش بەشێکە لە حکومەت, حکومەتیش بەشێکە لە سەروەت و سامانی میللەت, لەبەر ئەوە موڵك و سامانەکە موڵکی وەزارەتە و هی وەزارەتیش موڵکی حکومەتە, حکومەتیش موڵکی میللەتە, دواییش تەبعەن لە ژێر چاودێری وەزیرەو وەزیر مەسئوولی

موباشیریەتی, وەزیریش مەسئوولە بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیران, ئەی ئەگەر دەسەلآتی نەبێتن, هەر مودیریەتێك بێتن ئەو دەسەلآتەی نابێت, میلاك دانان دەبێت مودیریەت بۆ خۆی دابنێت, نەك هەیئەش, مودیریەش بێت دەبێت مودیری عامەکەی ئیقراری میلاکی خۆی بکاتن و بەرنامەی خۆی بکاتن, فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم عبدالله بحری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی قانونیشدا لەگەڵ ئەوەدا نەبووم بەو شێوەیە روون بکرێتەوە, ئامانج و ئەرکەکانی هەیئە, من پێم باش بوو بە کورتی وەکو ئەوەی لە وەزارەتەکانی دیکە دانراوە بکرێتن (ئەرك و ئامانجەکانی دەستە بە ریسا رێك دەخرێت), واتا (مهام واهداف الهیئة تحدد بنظام), یەعنی هەروەکو بۆ وەزارەت جائیزەو بۆ هەیئەش دەبێت بەو شێوەیە بێتن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەو تەفسیلاتانە دەوڵەمەندی دەکات زەرەریشی تێدا نییە, لەبەر ئەوە بە ئەقلیەت رەئیت وا بووە, بۆیە ئەگەر رەئیەکەت قازانجی هەبوایە, یان یەکێکی تر لەگەڵ رەئیەکەت بوایە ئیقناعت دەکرد, بەلآم بە تەنیا جیاواز بووی, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەڕای ئەوەی جەنابت تەوزیحتدا, لەبەر ئەوەی سۆزان خان ئێمە ماددەیەکی موستەقیلمان هەیە لە پرۆژەکە, ئێستا دەیخوێنینەوە پاش ماوەیەکی دیکە, دەڵێت (تعتبر قرارات مجلس الادارة نافذة المفعول بعد المصادقة علیها من قبل الوزیر), یەعنی ئاخیر شت هەر دەبێت وەزیر موصادەقەی لەسەر بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ماددەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, دوو کەس لەگەڵیدا نییە, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, تکایە ماددەی دواتر.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم:

ئەنجومەنی کارگێری دەستە پێك دێت لە:

أ- سەرۆکی دەستەی گشتی بۆ بەڕەوەبردن و وەبەرهێنانی داهاتەکان بە سەرۆك.

ب- بەڕەێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت بە ئەندام.

ج- بەڕەێوەبەری کاروباری یاسایی بە ئەندام و بڕیار نووسی ئەنجومەن.

د- دوو شارەزا لەلایەن وەزیرەوە پاڵێوراون, کە خاوەن شارەزاو پسپۆڕن لە کاروباری دارایی و ئابوورییدا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

يتألف مجلس الادارة الهيئة من:

أ- رئيس الهيئة العامة لادارة واستثمار ايرادات رئيساً.

ب- المدراء العامين في الوزارة عضواً.

ج- مدير الشؤون القانونية عضو ومقرر المجلس.

د- خبيرين يرشحهما الوزير ومن ذوي الخبرة والاختصاص في الامور المالية والاقتصادية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش وابزانم تەفسیلاتە کەس خیلافی نییە, دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ماددەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, ماددەکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا, زۆر سوپاس, تکایە بڕۆ بۆ ماددە ئەسڵییەکە.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم: ئەنجومەن بەلایەنی کەم یەك کۆبوونەوەی مانگانە ئەنجام دەدات و, وەزیر, یان سەرۆکی دەستەی گشتی بۆیان هەیە بانگەشتەی بکەن بۆ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

يعقد المجلس مالايقل عن اجتماع واحد شهرياً, ويجوز للوزير او رئيس هيئة العامة دعوته لاجتماع الاستثنائي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش خیلافی لەسەر نییە, دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵی دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵیدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, تکایە ماددەی دواتر.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم:

بڕیارەکانی ئەنجومەنی کارگێری کاریان پێ دەکرێت پاش پەسند کردنی لەلایەن وەزیرەوە

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة التاسعة:**

**تعتبر قرارات مجلس الادارة نافذة المفعول بعد المصادقة عليها من قبل الوزير.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەوەش خاڵێكی ترە كە تەسبیتی كۆنترۆلی وەزیر دەكاتن, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ت زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا, زۆر سوپاس, فەرموو كاك شێروان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێستا دەگەڕێینەوە سەر ئەسڵی مەشروعەكە, لە ماددە پێنجەوە دەست پێ دەكەین, ماددە پێنجەكەش پاش ئەو تەعدیلاتەو ئەو گۆڕانكاریانە ژمارە دە هەڵدەگرێ, واتا دەبێتە ماددە دە لە ئەسڵی قانونەكە, ئێستا لە ئەسڵی پرۆژەكە دەخوێندرێتەوە, كە دەبێتە ماددە دە.**

**المادة العاشرة:**

**اولاً: يكون للوزارة مجلس استشاري ويتألف من:**

**أ- الوزير/ رئيساً.**

**ب- وكيل الوزارة/ عضواً يرأس المجلس في حالة غياب الوزير.**

**ت- المدراء العامون/ اعضاء.**

**ث- مستشار يختاره الوزير/ عضو.**

**ج- ممثل عن الوزارات التالية على ان لا يقل درجته عن مدير عام ( الصحة, التربية, الشؤون الاجتماعية, البيشمركة, المالية, الاعمار, الثقافة).**

**ثانيا:**

**أ- يعقد المجلس اجتماعاتها بدعوة من الوزير كلما دعت الحاجة لذلك.**

**ب- يختص المجلس بتقديم التوصيات الى الوزير وتكتسب التوصية صفة القرار الوزاري اذا نال تصديقه.**

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**رای لیژنەی قانونی.**

**شەشەم: هەرچی ماددەی پێنجەمی پرۆژەكەیە, كە دەبێتە( ماددەی دەیەم) بەپێی پێشنیازەكانی لیژنەی یاسا, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەكا, نوێنەرانی ئەو وەزارەتانەی لە ئەنجومەنی راوێژكاریدا هاوپشكن, وەزارەتی**

ناوخۆو نوێنەری وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و نوێنەری وەزارەتی فێرکردنی باڵایشیان بۆ زیادە بکرێن.

هەروەها بڕگە( ا) لە ( دووەم) لادەبرێ, چونکە, ئەوە هەر لە سازدانی کۆبوونەوەکاندا بەجێ هاتووە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی قانونی بە زمانی عەرەبی.

سادساً: فيما يتعلق بالمادة الخامسة من المشروع والتي تصبح برقم المادة ( العاشرة) وفق مقترح اللجنة القانونية: تقترح اللجنة اضافة ممثلي وزارات الداخلية ومناطق خارج الاقليم والتعليم العالي الى ممثلي الوزارات المشاركة في المجلس الاستشاري.

وكذلك حذف الفقرة ( أ) من ثانياً منها لكونه تحصيل حاصل في عقد الاجتماعات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تەعلیقی هەیە, مـن پرسـیارم هەیـە لـە جەنابی وەزیـر و لیژنـەی قانونی, هۆی زیـاد کردنـی ئـەو وەزارەتانە چییە؟

**بەڕێز چنار سعد عبدالله (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان مەسەلەی زیاد کردنی وەزارەتـی مـەعنی, وەزارەتەکـەی ئێمـە تـەعامول لەگـەڵ کۆمەڵـە کەسانێك دەکات, کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال, کە کێشەی تەندروستیان هەیە, کێشەی پەروەردەییان هەیە, کێشەی دەروونیان هەیە, کێشەی نیشتەجێ کردنیان هەیە, هەموو ئەو بوارانە, بۆیە وەزارەتەکـەی ئێمـە ناتوانێـت بە هەموو ئەرکانی هەڵبستێت, بۆیە دەبێـت تەنیسق بکـەین لەگـەڵ وەزاراتـی تـر, حـوزوری ئـەوان لەگـەڵ ئێمە لەو لیژنانە کارەکان دابـەش دەکـەین و بـە تەنسیق ئـەوە ئێمـە دەتـوانین زیـاتر خزمـەت بکـەین, لـە هەموو بوارەکان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستم وەزارەتە تازە پێشنیار کراوەکانە, وەزارەتی تەعلیمی عالی چ رەبتێکی هەیە.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومـان ئێمـە قوتـابی خوێنـدنی باڵامـان هەیـە, کـە منـداڵی شـەهید و منـداڵی ئـەنفالن لـە زانکـۆ و پـەیمانگاکانن, بۆیـە زۆر زەرووره پەیوەنـدیمان هـەبێتن لـە مەقاعیـدی دیراسـی بـۆ وەرگـرتنی کرسـی لـە ئیمتیازات دان بەوان  لە مەسائیلی خوێندنی باڵا. لە مەسەلەی کاروباری دەرەوەی هەرێم تەبعـەن زۆربـەی زۆری ئـەو ناوچـانەی کـە چـووینە دەرەوەی هـەرێم, بـۆ نموونـە کـەرکووك و خانـەقین و ئەوانـە, ئـەو مەنتیقانـەن کەسـوکاری شـەهیدانی لێیـە, هـەروەها پرۆسـەی ئـەنفال و ئـەو شوێنانەشـی گردۆتـەوە, ئـەو

خەڵكانەی كە دەبێت بگەڕێنەوە ناوچەكانی خۆیان و ئاوەدان بكرێنەوە, بۆیە لەگەڵ ئەوانیش دەبێت تەعامول بكەین, ناوەخۆش بەهەمان شێوە, بێگومان ئەمنیەت و پۆلیس و ئێمە تەعامولمان لەگەڵ ئەوانیش هەیە, لەگەڵ ئەوەی كە ئێمە كەسوكاری شەهیدانمان هەیە لەو وەزارەتە مەعنین فەرمانبەرن, كار دەكەن لە ناوچەكان, یەعنی زەرووره پەیوەندیمان هەبێت لەگەڵ هەموو دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر كەس تەعلیقی نییە, دەیخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموو ماددەیەكی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەروەكو ئاگادارن ماددە شەش ئێمە بەشێوەی هەیئە عیلاجمان كرد, ئێستا دەچینە ماددە حەوت لە ئەسڵی پرۆژەكە, پاشان ئێمە تەسەلسولەكان تەنزیم دەكەین, ماددەكە بەم شێوەیە:

المادة السابعة:

1- تعتبر جميع الاموال الخاصة بالمديرية العامة للاستثمارات اموالا عامة لا يجوز التصرف بها لغير أغراض هذا القانون.

2- تخضع حسابات الوزارة  واستثمارتها للرقابة المالية.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەشتەم: هەرچی ( ماددەی حەوتەم)ی پرۆژەكەیە, ئەوە, لیژنە پێشنیاز دەكا, لابرێ, چونكە زیادەیەو, ئەو دوو حاڵەتەش كە تێیدا هاتوون , بە دەقی یاسایی گشتی چارەسەر كراون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ثامناً: اما فيما يتعلق بالمادة(السابعة) من المشروع تقترح اللجنة حذفها لكونها زائدة والحالتين الواردتين فيها معالجتان بنصوص تشريعية عامة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیاری لیژنەی قانونی ئەوەیە, ئەو ماددەیە هەمووی حەزف بكرێت, كێ رەئی هەیە كە پێی وایە ئەو ماددەیە بمێنێت, یەعنی رەئیەكەی لیژنەی قانونی پەسند بووە بۆ حەزف كردنەكەی, دەیخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵی ئەوەیە ئەو ماددەیە حەزف بكرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, یەك كەس لەگەڵدا نییە, زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیراو ماددەكە حەزف دەكرێت, فەرموو بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێستا ماددەی هەشتەم لە ئەسڵی مەشروعەکە دەخوێنینەوە, بەڕاستی بڕێك تەداخولات لە ماددەکان هەیە, بۆیە دەچمەوە سەر مادده ئەسڵیەکان, بۆ ئەوەی ئەندامان سوڕەتێکی وازیحیان هەبێت لە مەسەلەکە, مادده هەشت لە هەمان کاتدا ئێمە لەگەڵ ماددەی یازدەمان دەمج کردووە, ئێستا ئێمە مادده هەشتەکە دەخوێنینەوە, پاشان قەراری دەمجەکە دەگەڕێتەوە بۆ جەنابتان.**

**المادة الثامنة:**

**اولاً: يحدد بنظام الهيكل التنظيمي لتشكيلات الوزارة واختصاصاتها.**

**ثانيا: للوزير استحداث مديريات واقسام او الغائها عند الحاجة.**

**ثالثا: للوزير تشكيل لجان دائمية او مؤقتة لغرض تحقيق ايا من مهام الوزارة الواردة في المادة الثانية من هذا القانون.**

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**رای لیژنەی یاسا.**

**نۆیەم: هەرچی ماددەی( هەشتەم و یازدە)یە لە پرۆژەکە, ئەوە, لیژنە پێشنیاز دەکا, لە یەك ماددەدا یەك بخرێن و, (تەسەلسولەکەی بۆ دابنرێت)و, بەم شێوەیەی خوارەوە دابرێژرێت:**

**یەکەم: ئەرکوفرمان و کارەتایبەتەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی بە پێڕۆ دیاردەکرێن.**

**دووەم: وەزیر بۆی هەیە, بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە, لە پێکهاتەکانی وەزارەتەکەدا, بەپێی پێداویستی کارو لە کاتی زەروورردا, بکاتەوە یان یەکیانبخا یان ئیلغایان بکات.**

**سێیەم: وەزیر بۆ بەجێ گەیاندنی هەر ئەرکوفرمانێکی وەزارەتەکە, کەلە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە, بۆی هەیە لیژنەگەلی هەمیشەیی یان کاتی پێك بهێنێ.**

**چوارەم: وەزیر, بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ بە ئاسانی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە, دەربهێنێ.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**راي اللجنة القانونية باللغة العربية.**

**فيما يتعلق بالمادتين( الثامنة و الحادية عشرة) من المشروع تقترح اللجنة توحيدهما ضمن مادة واحدة وتحت تسلسل المادة ( الحادية عشرة) وصياغتها كالاتي:**

**المادة الحادية عشرة:**

**اولاً: يحدد بنظام مهام وتشكيلات الوزارة واختصاصاتها.**

ثانياً: للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وحسب متطلبات عملها عند الاقتضاء.

ثالثاً: للوزير تشكيل لجان دائمية او مؤقتة لغرض تحقيق اي من مهام الوزارة الواردة في المادة الثانية من هذا القانون.

رابعاً: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس تەعلیقی هەیە لەسەر ئەوەی ئەو دوو ماددەیە دەمج دەكرێت لە ماددە یازدە لەو پرۆژەیەی كە خوێندرایەوە, فەرموو كاك محەمەد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم ماددەی هەشت تەشكیلەیە, بەلاّم ماددەی یازدە ئیصداری تەعلیماتە دوو شتی جیاوازن, مەگەر هەر بلێی كورت بێتەوە, ئەگینا دوو شتی زۆر جیاوازن, ئەمە ئیصداری تەعلیماتە, ئەوە تەشكیلاتە, یەعنی تەعلیمات و تەشكیلات وا نازانرێت تێكەلّ بكرێت بە یەك, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێم وایە هەر سێ خالّ سەلاّحیاتەو هی وەزیر, (استحداث) دەسەلاّتە, تەشكیل هەر دەسەلاّتە وەزیر دەیكاتن, ئەوی بڕگەی سێ ئەویش هەر دەسەلاّتە, لەبەر ئەوەی هەرسێكی باسی دەسەلاّتی وەزیر دەكات, بە پێچەوانەوە ئەو دەمجە زەروورییە, دەیخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەلّ رەئی قانونییە بە دەمجەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەلّ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, یەك كەس لەگەلّدا نییە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا ماددەی نۆ دەخوێنینەوە لە ئەسلّی مەشروع.

المادة التاسعة:

للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل و خارج الاقليم للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليه للمدة التي تراها مناسبا وذلك لغرض تحقيق اهداف الوزارة وتحدد حقوقهم والتزاماتهم من قبل الوزير وبعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا.

پێشنیازی لیژنەی یاسایی ئەوە هیچ تێبینییەكی لەسەر نییە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

اما فيما يتعلق بالمادة التاسعة من المشروع والتي ستصبح برقم المادة (الثانية عشرة) فأن اللجنة القانونية لا توجد لديها اية ملاحظات عليها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوەش شتێكی ڕۆتیینیە, دەیخەمە دەنگدانەوە, كەس مولاحەزەی لەسەر نییە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددە دە لە ئەسڵی پرۆژەكە دەخوێنمەوە.

المادة العاشرة:

يلغى قانون رقم/4 لسنة/1997 قانون مؤسسة الشهيد وقانون رقم/186 لسنة/1999 قانون المديرية العامة للانفال وقانون رقم 126 لسنة/2000 وقانون رقم 22 لسنة/2005, وتنقل جميع موجودات والعاملين في مؤسسة الشهيد والمديرية العامة للانفال مع كافة التزاماتهما المالية والمعنوية وديونهما الى الوزارة.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسایی.

هەرچی ماددەی دەیەمی پرۆژەكەیە, كە بووەتە ماددەی ( ) بەپێی پێشنیازی لیژنەی یاسا, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەكات بەم جۆرەی خوارەوە بێت: ((یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 1997, ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان, یاسای دەزگای شەهید, و بڕیارەكانی ژمارە 186 لە 1999/6/19 و 126 لە 2000/10/17 و22 لە 12ی كانونی دووەمی 2005ی ئیدارەی سلێمانی پووچەل دەكرێتەوە)).

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فيما يتعلق (بالمادة العاشرة) من المشروع والتي ستصبح برقم المادة( الثالثة عشرة) وفق مقترح اللجنة القانونية تقترح اللجنة صياغتها كالاتي: يلغى قانون رقم (4) لسنة 1997 قانون مؤسسة الشهد الصادر عن المجلس الوطني الكوردستاني والقرارات المرقمات 186 في 1999/6/19 و 126 في 2000/10/17 و 22 في 12/كانون ثاني/2005 الصادرات عن ادارة السلمانية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شەرحێك بۆ ئەوەی تێبگەن ئەوە بۆ ئیلغا كراوە, قەراراتێك لێرە تەوحیدی ئەو قەراراتانەیە زیاتر تەوزیحی تەوحیدیەتی, بەس من لێرە مولاحەزەیەكم هەیە مەجلیس وەزارەتەكە وەكو خۆی بنووسن (المجلس الوطني لكوردستان العراق), وەكو ناوەكەی خۆی بنووسە, فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە دەقی ئەسڵی پرۆژەكە لە مادده چوارەوە بە تەفسیلی باسی بەڕێوەبەرایەتیەكانمان دەكرد, وەكو قانونی هەر وەزارەتێك باس لە پارێزگاكان دەكات كە بەڕێوەبەرایەتی تیا بێت, بەلاّم بۆ حالّەتی ئەو وەزارەتە تایبەتمەندی هەیە, دەمانویست قسەی لەسەر بكەین بەسەریدا تێپەڕی, بۆ نموونە ناكرێت لە شارێكی وەكو سلێمانی بەڕێوەبەرایەتی هەبێت, رەنگە پەنجا خێزانی كیمیا لێدراو و ئەنفالی تیا نەبێت, بەلاّم لە ناوچەكانی تردا كە ئاشكران, دەكرێت بەڕێوەبەراتی لەو شوێنانە بكرێتەوە, كە زۆرینەی قوربانیەكانی تێدایە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە گوتمان جارێ وەزیر حەقی هەیە, دوایێ ئەوە زۆر موناقەشە كرا و, ناویشمان نەنا بۆ ئەوەی سبەی ماددەی 140 جێ بەجێ دەكرێت بگەڕێتەوە, ئەگینا پێشتر بەڕێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی و, بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەولێر و, بەڕێوەبەرایەتی گشتی دهۆك بوو, پێشنیاری ئێوە بوو كە ناوەكان نەگوترێت, بۆ ئەوەی لە دوارۆژ بتوانن بەڕێوەبەرایەتی كەركووكیش دابمەزرێت, نووسراوەو دەسەلاّت دراوەتە وەزیر كە بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە پارێزگاكان بكرێتەوە, كە هەیە ئێستا, كەواتە دەیخەمە دەنگدانەوە بەو تەفسیلاتەی هەیە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموو بزانم چی دەگوت.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێ نەگەیشین بەنیسبەت ئەو چاك كردنە, موجودات و بەزم و نەزمەكەیان حەزف كردووە جەنابی لیژنەی قانونی, ئێمە نازانین ئەمە مایەوە, نەمایەوە, رۆیشت, نەڕۆیشت, نابێت ئێمە ئاگادار بین و تەوزیحێكمان لەسەر هەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە تەحصیل حاصلە, كە مودیریاتت دەمج كردو ئیلغات كردەوە, ئەو مودیریاتانە هەمووی موڵكی وەزارەتە, ئەگەر نەنووسرێت ئەی بۆ كوێ دەچێتن, مودیریەت هەمووی لەوێ دەسەلاّتی سەروەتەكەی

عایدی مودیریەتە, یان مودیریەت عایدی وەزارەتە, دیسان دەڵێمە وەزارەتیش عایدی ئەنجومەنی وەزیرانە, هەمووش موڵکی کوردین.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەزگای شەهیدان هەمووی عایدی حزبەکان بوون, بۆیە من لێرە مەبەستم ئەوەیە, ئەوان عایدی حزبەکان بوون, ئەوانەی کە هی دەزگای شەهیدان بوون بزانین چی بەسەر دێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ لێرە سەهوی عایدی حزبەکان نەبوون, ئەو دوو قانونەی کە باسی دەکاتن لەوێ عایدی ئیدارەی سلێمانی بوون, لێرەش مەجلیسی وەتەنی پەرلەمان قەراری داوە عایدی حکومەت بوو, بۆتە موئەسەسە هەردووکیان دوو ئیدارە بوون, لە ساڵەکانی 1991 و 1992 وا بوو, بەلاّم کە ئەو دوو قانونە دەرچوو لەوێ عایدی ئیدارەی سلێمانی بوو, لێرەش عایدی ئیدارەی هەولێر بوو, بەڵێ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو فەقەڕەی ئەخیر ڕەنگە قسەی سۆزان خان بێت کە پەڕیوە, کە دەڵێت نەقلی موجوداتی شەهیدان و دەوائیری ئەنفال بۆ وەزارەت ڕەنگە پەڕی بێت, بەلاّم لە ئەسڵی مەشروعەکەدا ماوە, بەلاّم ئەوەی دیکە هەروەکو جەنابت ئیشارەتت پێدا, بۆ تەوزیحی ئەو قانونانەیە, قانونەکان لە مەشروعی وەزارەت بە تەوزیح نەهاتبێت, ئێمە تەوزیحیمان کردووە, ئەو یاسایانەی کە تایبەتن بە ئیدارەی سلێمانی و, ئەوانەی تایبەتن بە ئیدارەی هەولێر کە لە پەرلەمانەوە دەرچوون, تەنها بۆ تەوزیح و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر نەشنووسرێت هەر موڵکە, بەلاّم با بۆ تەئکید بنووسرێت, وەزیرە ڕەئیت چیە؟

**بەڕێز چنار سعد عبدالله (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ڕەئی لیژنەی یاسایی و ڕەئی بەڕێزتانم, لەبەر ئەوەی مەبەستم ئیلغا کردنەوەی ئەو دوو موئەسەسەی کە پێشتر یاسای پێ دەرچووە, ئێستا ئەگەر چی بەشێوەیەکی ڕەسمی وەزارەتەکە دامەزراوە, بەلاّم لەبەر ئەوەی یاسایەکە هەیەو ئیلغا نەکراوەتەوە دوو موئەسەسەکەش هەنە, بۆیە ئیلتیزام لەنێوان کارەکانی وەزارەت و موئەسەسەت دەبێت بمێننەوە, بۆیە لە پەرلەمان دەبێت ئەو یاسایانە ئیلغا ببێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئەو پێشنیارەی, کە نیوەی پێشنیاری سۆزان خان و نیوەکەی تر تەوزیحە, نیوەی پێشنیاری سۆزان خان و تەوزیحی لیژنەی یاسایی کە دەڵێت بە هەڵە لە چاپ دەرچووە بۆ تەقویەی ماددەکە ئیزافە بکرێتن, ماددەکە جارێکی تر بخوێننەوە بەو ئیزافەوە, هەر چەندە ئیزافە کردنی ئەو هینە, دەنگی بۆ درا, بەڵام ئیزافەکە بخوێنەوە, موافەقە دەکەین ئەو ئیزافەیە بۆ ماددەیەکی تر, یان باشتر وایە بیکەینە (أو ب), لە دواییدا ئیزافەی بکەن, بیکەنە فەقەرە یەك, پێشی ئەخیر فەقەرەیەکی تایبەت, ئێستا پێشنیار وایە ئەو ماددەیەی کە دەنگمان بۆ دا (أ) بێتن, (اولا) بێتن ماددەی دەیەمە, (ب) ئەوە بێتن کە ئەو مومتەلەکاتە تەحویل بکرێتە سەر وەزارەت, ئەگەر چی من ئێستاش دەیڵێمەوە نەشی نووسین تەحصیل حاصلە, بەڵام با بنووسرێت, بۆ ئەوەی نەوەك تەزویر بکات بڵێت ئەوە مودیر عامەی سلێمانییە, یان مودیر عامەی هینە, فەقەرەی دووەم بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانيا: تنقل جميع موجودات والعاملين في مؤسسة الشهيد والمديرية العامة للانفال مع كافة التزاماتهما المالية والمعنوية وديونهما الى الوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئێستا داوا دەکەم دەنگ لەسەر دوو شت بکرێت:

یەك/ ئەوەی کە دەنگمان بۆ دا فەقەرە (أ)ە.

دوو/ دەنگدان لەسەر فەقەرە (ب) بکرێتن (اولاً وثانیاً), کاك سەردار ئەگەر رەئیەکت هەیە ئێستا بیڵێ, دوایێ لە تەلەفزیۆندا بڵێی من موافیق نەبووم, فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەنگمان لەسەر ئەو فەقەرەیە دا, واتا دەنگمان لەسەر داوە نەمان گوتووە فەقەرە (أ)ە, یان (ب)ە بە کاملی ماددەکە, مادام دەنگمان بۆ داوە بۆمان نییە جارێکی دەنگی بۆ بدەینەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بەپێی رەئی کاك فەرسەتیش وایە, دەڵێ ئەو پێشنیارە تازەیە, ئەوە یەکەم (اولاً) بوو, پێشنیاری تر هاتە پێشەوە کە موافەقەت کرا, دەبێتە (ثانیاً), ئەوە (اولاً) بوو کە دەنگی بۆ درا لە هەمان ماددە, پێشنیاری تازە هاتە پێش هێشتا نەچووینە سەری کە (ثانیاً)ی هەبێت, لەبەر ئەوەی لە چاپ سەهو کراوە, ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە (ثانیاً) هەبێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, دوو کەس بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مادده یازده دەمج کرا هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن, ئێستا دەچینە مادده دوازده لە ئەسڵی مەشروعەکە بەو شێوەیە.**

**المادة الثانية عشرة: لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.**

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی نییە.**

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لا توجد لدى اللجنة القانونية اية ملاحظات عليها.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, تکایە ماددەی دواتر.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة عشرة: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هەرچی ( ماددەی سیازدەم)ی پرۆژەکەیە, کە بووەتە( ماددەی ) ئەوە, لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە دابرێژرێتەوە: ((دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن)).**

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**اما فيما يتعلق بالمادة (الثالثة عشرة) من المشروع والتي ستصبح برقم المادة (الخامسة عشرة) تقترح اللجنة صياغتها كالاتي: (على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو پێشنیارەی لیژنەی قانونی ئەوەیە, کە لەگەڵ هەموو قانونەکانی وەزارەتەکانی دیکە بەو شێوەیە نووسراوە, گونجاو ترە پێشتر باسمان کردووە, لەبەر ئەوە دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, تکایە ماددەی دواتر.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة عشرة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچی (ماددەی چواردە)ی پرۆژەكە یە, كە بووەتە( ماددەی ), ئەوە, لیژنە پێشنیازدەكا, بەم شێوەیەی خوارەوە دابرێژرێ:

( ئەم یاسایە, لە رۆژی دەركردنییەوە دەخرێتە كارو, لە وەقایعی كوردستاندا بلاّو دەكرێتەوە).

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

اما فيما يتعلق بالمادة ( الرابعة عشرة) من المشروع والتي ستصبح برقم المادة (السادسة عشرة) تقترح اللجنة صياغتها كالاتي:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش هەروەكو ماددەی پێشوو وەكو وەزارەتەكانی ترە, دەیخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الاسباب الموجبة**

اذا كان لشعب كوردستان – العراق ان يعتبر اليوم بنظامه السياسي القائم ومؤسساته الدستورية فانما الفخر يعود لمن ضحوا بحياتهم من اجل قيامها وصنعوا تاريخ شعبنا المجيد, وانارو درب مستقبله, اولئك هم شهداء الحركة التحررية الكوردستانية.

فوفاء لهم واكراماً لتضحياتهم وتقديراً لمكانتهم, كان لابد من ايجاد جهة متخصصة تتولى ما يتعلق بحقوقهم تنظيمات ومتابعة وتنفيذا وترعى شؤون من اصيب بعوق جراء نضاله في حقوق الحركة – عليه فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەكی نییە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لا توجد لدى اللجنة القانونية اية ملاحظات عليها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنیا مولاحەزەی ئەوەی هەیە (اذا كان شعب كوردستان – العراق ان یعتبر), (یعتبر) نابێت, (یعتز الیوم)ە دەبێت, غەڵەت كراوە, فەرموو كاك ئەدهەم.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە ئەڤەیە نووسین (ایجاد جهة متخصصة تتولى ما یتعلق بحقوقهم) هیچ فاریزە نییة, (تنظیمات ومتابعة), یەعنی لێرە دەبێتە چی و مانای چییە؟ لێرە نووسراوە (تنظیمات ومتابعة).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕاست دەفەرموویت ئەوەش دەبێت ببێتە (تنظمیاً ومتابعاً), فەرموو.

**بەڕێز پخشان عبدالله زنگنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ئەسبابی موجیبە ئەوەی من مولاحەزەم كرد, تەنها لایەنی عاتیفی مولاحەزە كراوە, لە كاتێكدا كە پرۆسەی ئەنفال, یەعنی لە دەست چوونی ئەو هەموو شەهید و ئەنفالانە, كێشەیەكی كۆمەلأیەتی و قانونی تا دوایی, یەعنی دروست كردووە, لەبەر ئەوەی دەبێت لە ئەسبابی موجیبە ئەوەی تیا بێت, بۆ چارەسەر كردنی ئەو وەزعە ئیجتیماعیەی ڕوویداوەو, ئەو قەزایانە و هەتا دوایی, یەعنی ئیشارەتێك بزەبت ئێستا من شتێكی حازر كراو نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێم وایە قسەكانی پەخشان خان ڕاستە, یەعنی پێم مەبدەئەكە باشە, بەلأم ئیعادەی صیاغە بكرێتەوە مولاحەزات وەربگیرێت, كە بەشێوەیەك بێت تەعبیر لە ئەسباب موجیبە بكاتن, كە ئەو وەزارەتە بۆ دانراوە, پێداویستی كەسوكاری شەهیدانە, چاك كردنی وەزعیانە, خزمەت كردن و خوێندنیانە, فەرموو كاك دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من جاری پێشووش, جارێكی تریش, بەداخەوە جاری پێشووش كە باسی ئەوەمان كرد دۆسیەی ئەنفال جیاوازە لە دۆسیەی شەهیدان, برای بەڕێزم دكتۆر كەمال خراپ لە من گەیشت, وایزانی من لە پلەی ئەنفالكراوەكان كەم بكەمەوەو, كەوتە باس كردنی دەرەجاتی شەهادەو بەرزی شەهیدان, هیچ گومان لەو مەسەلەیەوە نییە, بەلای منەوە وەزعی ئەنفال كراوەكان كەمتر نییە لە شەهیدان ئەگەر زیاتر نەبێت, ئەگەر شەهیدان بە جارێك شەهید دەكرێن, ئەوانە هەموو ڕۆژ شەهید كراون, هەندێك لەوانە شەهیدی زیندوون, جگە لەوە بەشێك لەوانە بێ سەرو شوێنن, ئێمە وەكو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان, وەكو نوێنەری خەڵكی كوردستان, ئێمە بەرپرسین بەرامبەر بە چارەنووسی ئەو ئەنفالكراوانە, ئەوانە هەندێكیان چارەنووسیان تاكو ئەمڕۆكە و ئەم ساتەش دیار نییە, یەكێك لە واجیباتەكان و ئەركەكانی ئەو وەزارەتە گەڕانە بەدوای چارەنووسی ئەو كەسانە سەدان هەزار كەسی خەڵكی بێ سەر و شوێن كردنی

كوردستان, ناوی وەزارەتەكە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوەكانە, نە مودیریەتێكی تایبەتی بۆ ئەنفالكراوەكان دانراوە, كە بەداخەوە وەزیر خۆی لێرە دانیشتووە, من لێرە چاوەڕوانم دەكرد لە كۆبوونەوەی پێشوو رای هەبێتن, بەداخەوە رای نەبوو, ئێستاش داوای لێ دەكەم رای خۆی پیشان بدات, نە لە ئەسبابی موجیبە باسی ئەنفالكراوەكان كراوە, نە لە وەزارەتەكە باسی ئەوە نەكراوەو كەموكوڕییەكی زۆرە بەسەرماندا تێپەری, بۆیە پێویستە شتێكی وای هەبێت, چونكە ئەو داخستنی مەلەفەو حیساب كردنیان بە شەهید لە زەرەری خەڵكی كوردستانە, چونكە كە خەڵك كوژراو شەهید كرا مەلەفەكەو دۆسیەكەی دادەخرێت, بەلاَم مەلەف و دۆسیەی ئەنفالەكان دەبێت بە كراوەیی بمێنێتەوەو, ئەمە لە بەرژەوەندی خەڵكی كوردستان دایە, بۆیە هیوادارم بە جددی بیر لەو مەسەلەیە بكرێتەوەو, جێگەیەكی بۆ بكرێتەوە لە ئەسبابی موجیبەی دەرچوونی ئەو یاسایەو, بۆ ئەوەی یاساكە لەگەڵ ناوی وەزارەتەكە بگونجێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله (وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زانیاری بۆ بەڕێز مامۆستای بەڕێزم دكتۆر دلێر, بێگومان ئەو وەزارەتە دابەش كراوە بەسەر دوو لایەنی ئەساسی شەهیدان و هەموو شەهیدانی كوردستان, ئەنفالیش هەر لەبەر مەسەلە سیاسیەكە هەوڵمان داوە ناوی ئەنفال بمێنێت, لەبەر ئەوەش زیاد كرا, مودیریەتمان هەیە تایبەت بە ئەنفال و, مودیریەتی تایبەتیشمان هەیە بە شەهیدان, یەعنی بەشێوەیەكی تایبەتی مامەلە لەگەڵ ئەنفال كراوە, كە دەڵێی مودیریەی عامەی شەهیدان و ئەنفال لە پارێزگاكان, ئەو مودیریاتە عامانە هەمووی دەبێتە دوو مودیریەتی جیا, واتا ئەنفال بە جیا, شەهیدانیش بە جیا, تەنانەت ئێمە لە هەڵەبجە نووسینگەیەك دەكەینەوە تایبەت بە شەهیدانی كیمیابارانی هەڵەبجە, یەعنی لە هەر شوێنێك سوقلی ئەو خەڵكە شەهیدانیان بە چ شێوەیەكە مودیریەتەكە ئەو ناوە وەردەگرێت, بۆیە ئەوە لە سەلاَحیاتی منە, وەكو لێرە ئاماژەی پێ كراوەو یاسا رێگەی پێداوە, تەئكید دەكەمەوە كە ئەو مودیریەتە هەیەو كاریشی لەسەر دەكەین, هەموو ئەو كارانەی كە ئێمە دەیكەین دابەشی دەكەین هەم بۆ شەهیدان و هەم بۆ ئەنفال پێكەوەیی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی شەرحەكە زۆر باش بوو, دوو جار باس هاتووە, یەكێكیان (المدیریة العامة لخدمات ذوي الشهداء والمؤنفلین).

دووەمیش/ لە موحافەزات, لە هەر موحافەزەیەك مودیریەكی تایبەتی هەیە (مدیریة شؤون الشهداء) و (مدیریة شؤون المؤنفلین), لەوێشدا مودیریەتی تایبەتی خۆی هەیە, فەرموو كاك دكتۆر كەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حەقیقەتدا ئێمە لە کوردستان زۆر شەهیدمان هەیە, وەکو جاری پێشوو ئاماژەمان پێ کرد, چ لە سەنگەر, چ لە زیندانەکان لە سێدارە دران, چ ون بوون, چ بە ئەنفال بردران شەهید بوون, ئێستا ئێمە دەگەڕێین بە دوای ئەم شەهیدانە, مانای ئەوە نییە مەلەفیان دادەخەین, ئەوانەی لە پرۆسەی ئەنفال شەهید کران و ون کران, ئەوانە ئێستا محکەمەو دادگاییان لەسەرەو, حەق و حقووقیان بە رەسمی دەمانەوێت وەربگرین, من شکم لەوە نییە شەهید کران, ئەوەی زیندووش ماوە شەهید حیسابە, ئەو ئەنفالکراوەی کە ئێستا ونە شەهیدە, چونکە کە ئەو حاڵەتەی بەسەر هات و بەو حاڵەتەی رۆیشت, بۆ ئەوەی ئەم وشەیان لێ جیا بکەینەوە لە بەرژوەندی ئەو خەڵکە سەر بەرزانە نییە, بەنیسبەت ئەو مودیریەتەش لە دانیشتنی پێشتریش ئیشارەتی پێ کرا, کە مودیریەتێك هەبێت بگەڕێت بە دوای ئەنفالکراوەکان, ئەویش وابزانم جێگای خۆی گرتووەو هەشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە, بەلاّم ئەسبابی موجیبەکە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە چاك دەکرێتەوە, ئیشارەت بەوە دەکرێت, ئەو مولاحەزاتانەی درا ئیشارەت بەوە دەکرێتن بە خزمەتکردنی, یەعنی ئەهدافەکانی ئەوەیە بە خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالەکان و بەدوا داچوونی کێشەکانیان, قانونەکە هەمووی بە ئەسباب موجیبەکەوە کە تەعدیل دەکرێت دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, قانونکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو رۆژەی من مەسەلەیەکم باس کرد مەسەلەی تەئهیل, دیار بوو لە دوای دانیشتنەکەش پرسیارم کرد لە جەنابت و لە کاك شێروانیش, کاك شێروان پێشنیاری وا بوو کە مەسەلەی تەئهیل باس کراوە لەو خزمەتانەی کە وەزارەت پێی هەڵدەستێت, بەلاّم من زۆر بە وردی دیراسەم کرد تەئهیلی تیا نییە, لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی ئەو خزمەتگوزاریانە موتەکامیل بێت و دەوڵەمەند بکرێت, مەسەلەی تەئهیل ئیزافە بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ تەوزیحت, پیرۆزبایی لە خاتوو چنار دەکەین بە تەواو بوونی و پەسند کردنی قانونی وەزارەتەکەی, بە ئومێدەوارین هەنگاوی باشتر بهاوێژێت, بۆ ئەوەی زیاتر رێکخستنی کاروباری وەزارەتەکەیان و پێشکەوتنیان و سەرکەوتنیان, هەر بژین.

فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك تێبینی بچووکم هەیە, لە هەموو دانیشتنەکان کە دەگوترێت وەقائیعی کوردستان لە رۆژنامەکان, ئێمە زاراوەیەکمان هەیە بە کوردی بۆ ئەوە (بویرن), ئەگەر تەماشای کەناڵی میزومیتیا بکەین دەنووسرێت (بویرنی ئیرۆ), یەعنی وەقائعی بویرنی کوردستان, لە لایەنی زمانەوانیەوە ئەو تێبینیەم هەبوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کۆتایی دەرچوونی یاسایەکەو دەنگدانی هەموو بەڕێزەکان سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی کە ئەزیەتیان کێشا لە ئامادە کردن و دەستکاری کردنی یاسای وەزارەتەکە و دەوڵەمەند کردنی, سوپاسی هەموو بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم, کە لێرە بەڕاستی بە روحێکی دڵسۆزیانە هەوڵیاندا یاسایەکە دەوڵەمەند بکەن و دەنگیان لەسەردا و, مەتەئکیدیشیان دەکەینەوە کە یاسای تر لەبەردەمەو ئیتریشمان لە پێشە, بەتایبەتی ئێستا پرۆژە یاسایەکەمان لەبەر دەستە, ئینشائەڵلا لەو نزیکانە دەدەینە لیژنەی یاسایی بە رێگەی ئەنجومەنی وەزیران, ئەویش پرۆژەی یاسای ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانە, زۆر لەو بابەتانەی کە بەڕێزان تەرحیان کرد, پێم وایە لەوێ چارەسەری دەکەین و باسی لێوە دەکرێت, دووبارە سوپاس و دەست خۆشیتان لێ دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێمەش سوپاست دەکەین, ئومێدەوارین پرۆژەکانی تر کە پێشکەش دەکرێن بە کوردیش پێشکەش بکرێت, تەنیا بە عەرەبی نا, ئێمە نووسراوێکمان کردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران دەڵێت ئەو پرۆژانەی کە لەمەودوا بۆمان رەوانە دەکرێت, تکامان وایە بە هەردوو زمان بۆمان رەوانە بکرێت, بەڵێ کاك بورهان.

**بەڕێز برهان سعید صۆفی (وەزیر گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەسەلەیە چارەسەر کرا, ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاساییش قسەمان کرد, دوو کەسی قانونی زمانەوانی با بڵێین موختەسین و شارەزان لەمەودوا هەموو پرۆژە یاساییەکان پێش ئەوەی بێتە پەرلەمان بۆ موناقەشە کردن با بە کوردیش بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێمە سەعاتێکمان لە پێشە تا کاتژمێر (30و1) دادەنیشین, ئەگەر دەڵێن پێنج دەقیقە ئیسراحەتتان بدەینێ, باشە, پاش حەوت دەقیقەی تر دەگەڕێینەوەی بۆ دانیشتنەکەمان.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان بەردەوام دەبین لە کۆبوونەوەکەمان, با لیژنەی قانونی بفەرموون, رەئی لیژنەی قانونی بخوێننەوە, وابزانم لیژنەی تریش هەن.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسا دەربارەی پرۆژەی یاسای وەزارەتی گواستنەوە لە هەرێمدا**

دوای خوێندنەوەی یەکەمی (پرۆژەی یاسای وەزارەتی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان – عێراق) لە رۆژی (2006/7/10)دا لە پەرلەمان, کە هەواڵەی لیژنەکەمان کرا, لیژنە دیراسەی پرۆژەکەی کرد و لەگەڵ وەزیری پۆست پێ سپێردراوی ئەم وەزارەتە نوێیەدا, کۆبۆوە, پاش گفتوگۆو راگۆڕینەوەش وا ئەم راپۆرتە بە راسپاردەو پێشنیازەکانی لیژنەوە لەسەر پرۆژەی یاساکە بە کۆی را وەك ئەمەی خوارەوە پێشکەش دەکەین:

یەکەم: لیژنەی یاسا تەئییدی پرۆژەی یاساکە دەکات, چونکە ئەم وەزارەتە تازە لە هەرێمدا دانراوە, پێشنیازیش دەکات دیباجەیەکی بۆ دابڕێژرێ و, ماددەکانی تەبویب بکرێن و بڕگەکانیشی رێك بخرێن و هەندێ هەموار و گۆڕینیش لە رشتەی هەندێ لە بەندەکانیدا وەکو لەم راپۆرتەدا بەرچاو دەکەون, ئەنجامبدرێن.

دووەم: لیژنە پێشنیاز دەکات دیباجەیەك بۆ یاساکە وەك ئەمەی خوارەوە دابڕێژرێ:

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگە (1)ی ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو و, لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق, ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە ( )ی رۆژی ( / /2006)یدا, بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی/2006**

**یاسای وەزارەتی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا**

سێیەم: لە بارەی ماددەی یەکەمی ئەسڵی پرۆژەکەوە, ئەوە لیژنە ئەمانەی خوارەوە پێشنیاز دەکات:

1- گۆڕینی (دەستەواژە)، کە لە دێڕی یەکەمی ماددەکەدا هاتووە، بۆ وشەی (زاراوە)، بۆ ئەوەی لەگەڵ رشتەی ئەو پێناسانەدا، کە لە یاساکانی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە بگونجێ و زیاتریش ماناو مەبەستەکان دەربڕێ.

2- زنجیرەی بڕگەکانی ماددەکە بە نووسین بنووسرێن.

چوارەم: هەرچی ماددەی دووەمی پرۆژەکەیە، ئەوە لیژنە ئەم پێشنیارانەی خوارەوەی بۆی هەیە:

ئامانجەکانی ئەم وەزارەتە

1-زنجیرەی رەنووسەکان (التسلسلات الرقمیە) بە نووسین بنووسرێن.

2- رستەی (بیناکردن و بەکرێدانی گەراجەکان) لە کۆتایی بڕگەی (3)دا زیاد بکرێت.

3- وەزیر خۆی پێشنیار دەکات رستەی (هەروەها هەموو جۆرە نووسینگەکانی سەربەش) بۆ بڕگەی (14) زیاد بکرێت، ئەوەش دەکەوێتە سەر رای پەرلەمان.

4- بڕگە یەکیش بە زنجیرەی (17) وەك ئەمەی خوارەوەی بۆ زیاد بکرێت:

(سەرپەرشتیکردنی نووسینگەکانی گواستنەوە لە هەموو خاڵەکانی پەڕینەوەی سنوورەکانی هەرێمداو وەرگرتنی کرێ و (رسوم)و بەکارهێنانی مەنەفێست، بەپێی یاساکان) ئەمە پێشنیازی وەزیرەو دەکەوێتە سەر رای پەرلەمان.

پێکهاتەکانی وەزارەت

پێنجەم: هەرچی ماددەی سێیەمی پرۆژەکەیە، ئەوە لیژنە ئەم پێشنیازانەی خوارەوەی لەسەری هەیە:

1-دووبارە داڕشتنەوەی هەردوو بڕگەی (یەکەم) و (دووەم).

2- هەردوو بڕگەی (1و2) لە (یەکەم)ی ماددەی حەوتەوە بگوازرێتەوە بۆ ئەم ماددەیەو زنجیرەی (سێیەم و چوارەم)یان پێ بدرێ، چونکە لە بابەتەکەوە نزیکن، ئامانج لەمەش هاودەنگبوونی پێکهاتەکانی وەزارەتەکەیە.

3- زنجیرە (سێیەم) – (راوێژکارەکان) بکرێ بە زنجیرەی (پێنجەم) و ماددەکەش وەکو ئەمەی خوارەوەی لێ بکرێ:

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی باڵاو بەرپرسی ئیش و کارو ئاراستە کردنی سیاسەت و سەرپەرشتیکردن و ریقابە کردنی وەزارەتەکەیەو، هەموو بڕیار و فەرمان و رێنماییگەلێکیش پێوەندییان بە ئەرکو فرمان و پێکهاتە و سەلاحییات و کاروباری دیکەی هونەری و دارایی و ئیداری و رێکخستنی وەزارەتەکەوە هەیە، بەپێی حوکمەکانی یاسا لە وەزیرەوە دەردەچێ، وەزیر بەرپرسە لەبەردەمی ئەنجومەنی وەزیراندا، چونکە خۆیشی ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەدا.

دووەم: بریکاری وەزارەت: لە چوارچێوەی سەلاحییاتدا کە وەزیر پێی دەسپێرێ یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاراستە کردن و سەرپەرشتیکردنی کاروباری وەزارەتەکەدا.

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.**

**چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.**

**پێنجەم: راوێژکارەکان, لە چوار کەس زیاتر نابن مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و خاوەن ئەزموون و کەردەش بن.**

**شەشەم: هەرچی ماددەی چوارەمی پرۆژەکەیە, ئەوە لیژنە هیچ تێبینیەکمان لەسەری نییە.**

**حەوتەم: دەبارەی ماددەی پێنجەم, تێبینیەکی ئەوتۆمان لەسەری نییە, تەنیا ئەوەندە نەبێ کە بڕگە (6)ی لێ لابرێ, چونکە ماددەیەکی سەربەخۆ لە یاساکەدا هەیە, ئەو بابەتەی چارەسەر کردووە, کە پاشتر لەم راپۆرتەدا دەکەوێتە بەرچاو.**

**هەشتەم: هەرچی ماددەی شەشەمە, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات ئیلغا بکرێ و لابرێ, چونکە دەکرێ لە پێڕۆی ناوخۆدا چارەسەر بکرێ.**

**نۆیەم: هەرچی ماددەی حەوتەمە, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات, کە:**

**1-هەردوو بڕگەی (1و2) لە ماددەکە ئیلغا بکرێن, چونکە پێشتر گوازراونەتەوە بۆ ماددەی سێیەم.**

**2- رشتەی ماددەکە وەك ئەمەی خوارەوەی لێ بکرێ:**

**وەزارەت لەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانەی خوارەوە پێك دێت:**

**یەکەم:بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ئیداری و دارایی: فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕیش بێت.**

**دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری گواستنەوەی سەربەژ (البری)و هێلەکانی ئاسن: فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕیش بێت.**

**سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پێشبینیی (الانواء) کەشوهەواو گومەلەزرە: فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕیش بێت.**

**چوارەم:دەزگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر: فەرمانبەرێ بە پلەی تایبەت سەرۆکایەتی دەکات و, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, یەکسەر بە وەزیرەوە وابەستە.**

**پێنجەم:دەزگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی: فەرمانبەرێ بە پلەی تایبەت سەرۆکایەتی دەکات و, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, یەکسەر بە وەزیرەوە وابەستە.**

**دەیەم: هەرچی ماددەی (هەشتەم و نۆیەمە), ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات بکرێن بە یەك ماددەی سێبڕگەیی و, بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:**

**یەکەم: ئەرکوفرمان و ئیشە تایبەتەکانی پێکهاتەی وەزارەتەکە بەپێرۆ دیار دەکرێن.**

**دووەم: وەزیر بۆی هەیە رێنماییگەلی پێویست بۆ بە سانایی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.**

**سێیەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە لە پێکهاتەی وەزارەتەکەدا بەپێی پێداویستی ئیشەکانیان بکاتەوە, یان بەکیان بخات, یان ئیلغایان بکات.**

**یازدە: هەرچی ماددەی دەیەمە, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:**

**(هەر دەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ کاری پێ ناکرێ).**

**دوازدە: هەرچی ماددەی یازدەیە, ئەوە لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:**

**(پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار).**

**سیازدە: هەرچی ماددەی دوازدەیە, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:**

**(ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنیەوە کاری پێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان دا بلاْو دەکرێتەوە).**

**چواردە: لە کۆتاییشدا لیژنە پێشنیاز دەکات: هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە) وەك ئەمەی خوارەوە دابڕێژرێ:**

**هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

**لەبەر ئەوەی وەزارەتی گواستنەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تازە دانراوە, بۆ ئەمەش کە دامودەزگاکانی ئەم وەزارەتە نوێیە, بەپێی رەوشی یاسایی هەرێمی کوردستان, بەرەو چاکتر بگۆڕدرێ و, چالاکی و توانستی پتر بکرێ و ئەرکوفرمانی خۆی بە ئاسانی پیادە بکاو, ئامانجە دەستنیشان کراوەکانی لە فەراهەم کردن و دامەزراندنی تۆڕەکانی هێڵی ئاسندا بێتەدی و کاروباری رێگای ئاسمانی و فرۆکەخانە مەدەنیەکان رێك بخرێن و سیاسەتی گشتیی گواستنەوە دانبرێ و, لە جێبەجێکردنیدا, سەرپەرشتی بکرێن و کەرتەکانی گواستنەوەی سەربەژ و (البری) رێگاکانی ئاسمانی رێك بخرێن و گواستنەوەی سەفەرکاران و شمەك (البضائع) بە هەموو جۆرەکانیەوە لە ناو شارەکانی هەرێم و لە نێوان شارەکانی هەرێم و دەرەوەیدا بەرێکوپێکی بەڕێوە بچێ و هەموو کاروباری گواستنەوە بەم وەزارەتە تازەیە بسپێردرێ, لەبەر ئەوانە بەزەروور زانرا, یاسایەك دابنرێ کە ئەرکوفرمانی ئەم وەزارەتە نوێیەو بەڕێوەبەرایەتیەکانیشی دیار بکات, بۆ وەدەستهێنانی هەموو ئەو ئامانجانە, ئەم یاسایە دانرا.**

**-تکایە سەیری بفەرموون و ئەسڵی پرۆژەکەو رای لیژنەی یاساییش بخەنە پێش چاوی ئەنجومەن تا گفتوگۆی لەسەر بکات و رای لەباری خۆیشی لەسەر دەربڕێ.**

**لەگەڵ رێزدا.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راى ليژنەى ياسايى بە زمانى عەرەبى.

**الى/ رئاسة المجلس الوطني الكوردستاني**

**م/ تقرير اللجنة القانونية**

قامت لجنتنا بدراسة مشروع قانون وزارة النقل لاقليم كوردستان - العراق المحال اليها بعد القراءة الاولى له في البرلمان بتاريخ 2006/7/10وإجتمعت مع الوزير المكلف بحقيبة الوزارة المستحدثة وبعد المناقشة والمداولة تقدم اللجنة تقريرها وتوصياتها وإقتراحاتها بشأن المشروع بإجماع الآراء وكما يلي:-

أولاً:- إن اللجنة القانونية تؤيد مشروع القانون نظراً لإستحداث الوزارة في الاقليم، وتقترح صياغة ديباجة له وتبويب مواده وتنظيم فقراته وإجراء بعض التعديلات والتغييرات في صياغة بعض بنوده والتي ستظهر لاحقاً من خلال هذا التقرير.

ثانياً:- تقترح اللجنة صياغة الديباجة للقانون وكالآتي:-

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان - العراق

إستناداً لحكم الفقرة (1) من المادة (56)من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل وبناءً على ماعرضه مجلس وزراء إقليم كوردستان – العراق قرر المجلس الوطني لكوردستان - العراق بجلسته المرقمة (   ) والمنعقدة بتأريخ / / 2006 تشريع القانون الآتي:-

**قانون رقم (   ) لسنة 2006**

**قانون وزارة النقل لاقليم كوردستان - العراق**

ثالثاً:- فيما يتعلق بالمادة الأولى من أصل المشروع تقترح اللجنة وتوصي بما يلي:-

1- تبديل (التعابير) الواردة في السطر الاول من المادة الاولى الى كلمة (المصطلحات) لتنسجم مع الصيغة المتبعة في سرد التعاريف المستعملة في القوانين الصادرة عن برلمان كوردستان و اضافة الى كونها أ كثردقة في التعبير عن المعنى المراد التعبير عنه.

2- تثبيت التسلسلات الكتابية لفقرات المادة.

رابعاً:- فيما يتعلق بالمادة الثانية من المشروع تقترح اللجنة بمايلي:

( اهداف الوزارة)

1- تبديل التسلسلات الرقمية الى التسلسلات الكتابية.

2- إضافة ( وانشاء وتأجير الكراجات) الى آخر الفقرة (3)

3- إضافة (وكذلك مكاتب النقل البرى بانواعها) الى الفقرة (14) بناء على إقتراح الوزير والأمر متروك للبرلمان.

4- وإضافة فقرة برقم (17) و بالصيغة التالية:-

(الاشراف على مكاتب النقل في كافة المعابر الحدودية للاقليم واستيفاء الاجور والرسوم و استخدام المنفيست وفق القوانين). وذلك بناء على اقتراح الوزير والامر متروك للبرلمان

(تشكيلات الوزارة)

خامساً:-أما فيما يتعلق بالمادة الثالثة من المشروع تقترح اللجنة مايلي:-

1-إعادة صياغة الفقرتين أولاً وثانياً.

2-نقل الفقرتين (1و2)من أولاً من المادة السابعة الى هذه المادة لكونهما قريبتين من الموضوع المعالج وبهدف تنسيق تشكيلات الوزارة وتحت تسلسلات ثالثاً ورابعاً.

3-تبديل التسلسل ثالثأ(المستشارون) بتسلسل(خامسا) وتكون المادة كالآتي:

أولاً:-الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها و توجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة وتصدر عنه وتنفذ بإشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والإدارية والتنظيمية وفق أحكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء بأعتباره عضواً متضامناً فيه.

ثانياً:- وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي يعهدها اليه من قبل الوزير.

ثالثاً: مكتب الوزير: يرأسه موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعة اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

رابعاً:مكتب وكيل الوزارة: يرأسه موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعة اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

خامساً:-المستشارون: لايزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة شهادة جامعة اولية ولهم خبرة و ممارسة.

سادساً:- فيما يتعلق بالمادة الرابعة من المشروع فلا توجد اية ملاحظات عليها.

سابعاً:- فيما يتعلق بالمادة الخامسة لا توجد اية ملاحظات سوى حذف الفقرة(6) منها لوجود مادة مستقلة في القانون تعالج الموضوع ستظهر لاحقاً من خلال هذا التقرير.

ثامناً:- اما بالنسبة للمادة السادسة:

تقترح اللجنة الغائها وحذفها لامكانية معالجتها في النظام الداخلي.

تاسعاً:- اما بالنسبة للمادة السابعة تقترح اللجنة مايلي:

1- الغاء الفقرتين 1و2 من المادة لسبق نقلهما الى المادة الثالثة.

2- جعل صياغة المادة كالاتي:-

تتألف الوزارة من المديريات العامة التالية:

أولاً:- المديرية العامة للشؤون الإدارية والمالية: يرأسها ويديرها موظف حاصل على شهادة جامعة اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص .

**ثانياً:- المديرية العامة لشؤون النقل البري و السكك الحديدية: يرأسها ويديرها موظف حاصل على شهادة جامعة اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص .**

**ثالثاً:- المديرية العامة للانواء الجوية والرصد الزلزلي: يرأسها ويديرها موظف حاصل على شهادة جامعة اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**رابعاً:مؤسسة المطار الدولي في اربيل: يرأسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعة اولية ويرتبط بالوزير مباشرة.**

**خامساً:مؤسسة المطار الدولي في السليمانية: يرأسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعة اولية ويرتبط بالوزير مباشرة.**

**عاشراً:-اما بالنسبة للمادتين الثامنة والتاسعة تقترح اللجنة دمجهما بمادة واحدة وبثلاث فقرات وصياغتها كالآتي:**

**اولاً: يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.**

**ثانياً: للوزير إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.**

**ثالثاً:للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات والاقسام والشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقاً لمتطلبات عملها.**

**حادي عشر:-اما بالنسبة للمادة العاشرة تقترح اللجنة صياغتها كالاتي:(لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون)**

**ثاني عشر:- اما بالنسبة للمادة الحادية عشرة تقترح اللجنة صياغتها كالاتي:**

**(على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).**

**ثالث عشر:- اما بالنسبة للمادة الثانية عشرة تقترح اللجنة صياغتها كالاتي:**

**(ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية(وقائع كوردستان).**

**رابع عشر:- واخيراً تقترح اللجنة صياغة الاسباب الموجبة لتشريع القانون كما يأتي:**

**الاسباب الموجبة**

**لاستحداث وزارة النقل في حكومة اقليم كوردستان وبغية تطوير اجهزة الوزارة وفق النهج التشريعي لاقليم كوردستان ومن اجل زيادة فعاليتها وكفائتها في اداء مهامها بمرونة وتحقيق اهدافها المرسومة لها في توفير وانشاء شبكات السكك الحديدية و تنظيم وادارة الاجواء و المطارات المدنية ووضع السياسة العامة للنقل والاشراف على تنفيذها وتنظيم قطاعات النقل البرى والجوي وتنظيم نقل المسافرين والبضائع بكافة انواعها داخل المدن وبين مدن الاقليم وخارجها واناطة مسؤولية شؤون النقل بالوزارة المستحدثه فقد اصبح من الضروري تشريع قانون يحدد مهام هذه الوزارة والمديريات المرتبطة بها ولتحقيق ما تقدم فقد شرع هذا القانون.**

راجين التفضل بالاطلاع و عرض اصل المشروع و رأي اللجنة القانونية بشأنه على المجلس للمناقشة وإبداء الرأي المناسب بصدده.

**مع التقدير**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی گواستنەوە ئەگەر تەقریری هەبێت.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چ مولاحەزەی وامان نەبوو, دوو خاڵ بوو, ئەویش بەڕێزان لیژنەی قانونی چارەسەریان کردووە, سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لیژنەی تەندروستیش تەقریریان هەبوو, ئەگەر مولاحەزە, دیارە مولاحەزەیان نییە, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**قانون وزاره النقل لاقليم كوردستان**

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير المعاني المبينة ازائها:

الاقليم:اقليم كوردستان العراق.

مجلس الوزراء:مجلس وزراء الاقليم.

الوزارة: وزارة النقل

الوزير:وزير النقل.

الوكيل: وكيل الوزارة

سلطات الوزارة:الوزارة هي المسؤولة عن جميع شؤون النقل بانواعها في الاقليم.

النقل البري:نقل المسافرين والركاب والبضائع داخل المدن وبين مدن الاقليم وخارجها وكذلك خارج العراق بواسطة السيارات والقطارات.

النقل الجوي:نقل المسافرين والبضائع بين مطارات الاقليم والعراق وخارجها.

الكراج:منطقة محددة من الارض مشيدة عليها مشيدات ومسقفات لغرض تسهيل عمليات نقل المسافرين داخل وبين المدن وخارجها.

المطار الدولي:مطار تعينه حكومة الاقليم في اقليمها للحركة الجوية دخولا وخروجا وتتخذ الاجراءات المتعلقة بالكمارك والهجرة والصحة والحجر الصحي للحيوانات والنباتات وغيرها من الاجراءات المتشابهة.

المطار:مساحة محددة على سطح الارض او الماء بما فيها من مباني ومنشات ومعدات مخصصة كليا او جزئيا لوصول ومغادرة وتحرك الطائرات.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا.

لە بارەی ماددەی یەکەمی ئەسڵی پرۆژەکەوە, ئەوە لیژنە ئەمانەی خوارەوە پێشنیاز دەکات:

1- گۆڕینی (دەستەواژە), کە لە دێڕی یەکەمی ماددەکەدا هاتووە, بۆ وشەی (زاراوە), بۆ ئەوەی لەگەڵ رشتەی ئەو پێناسانەدا, کە لە یاساکانی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە بگونجێ و زیاتریش ماناو مەبەستەکان دەربڕێ.

2- زنجیرەی بڕگەکانی ماددەکە بە نووسین بنووسرێن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فيما يتعلق بالمادة الأولى من أصل المشروع تقترح اللجنة وتوصي بما يلي:-

1- تبديل (التعابير) الواردة في السطر الاول من المادة الاولى الى كلمة (المصطلحات) لتنسجم مع الصيغة المتبعة في سرد التعاريف المستعملة في القوانين الصادرة عن برلمان كوردستان و اضافة الى كونها أ كثردقة في التعبير عن المعنى المراد التعبير عنه.

2- تثبيت التسلسلات الكتابية لفقرات المادة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوە لە هەموو وەزارەتەکان هەمان شت کراوە, لەبەر ئەوەی دەسەڵات دەدەینە لیژنەی یاسایی تەسەلسولەکە وەکو وەزارەتەکانی تر بێت, یەعنی بەو گۆڕین و پێشنیارانەی لیژنەی یاسایی, کەس موناقەشەی نییە, دەخەمە دەنگدانەوە بەو پێشنیارانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, تکایە ماددەی دووەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

اهداف الوزارة:

1-انشاء شبكات السكك الحديدية وربطها مع مدن العراق وخارجها وتأمين كافة مستلزماتها من الابنية.

2-تنظيم قطاعات النقل البري والجوي.

3-الاشراف على كراجات نقل المسافرين والبضائع.

4-تنظيم وادارة الاجواء والمطارات المدنية.

5-توفير متطلبات ادارة الحركة الجوية بما يؤمن من سلامتها وايسيابها بشكل سريع ومنظم.

6-انشاء المطارات والاشراف عليها وفق السياقات الدولية المعتمدة من منظمة (ICAO).

7-وضع السياسة العامة للنقل والاشراف على تنفيذها والتعاون مع الجهات ذات العلاقة.

8-تحسين مستوى اداء النقل ومنح التراخيص باستثناء النقل السياحي وفقا لضوابط تصدرها الوزارة.

9-انشاء وتوسيع واشراف محطات الانواع الجوية في عموم الاقليم.

10-المساهمة في حماية البيئة مع الجهات ذات العلاقة.

11-تشجيع المنافسة وتقدير قدرته التنافسية عن طريق الشركات والقطاع الخاص بما يخدم المصلحة العامة.

12-وضع جميع التعليمات اللازمة لضمان وتشغيل المطارات وفق السياقات المتبعة والمعمول بها دوليا.

13-تحسين مستوى اداء النقل الجوي وايجاد افضل البدائل والسبل لهذا الغرض.

14-منح تراخيص لشركات الخطوط الجوية للعمل في الاقليم لهذا الغرض.

15-احترام تطبيق جميع الاتفاقيات الدولية ذات الصلة بالنقل الجوي والبري.

16-زيادة نشاط محطات الانواء الجوية والرصد الزلزالي وفق السياقات الدولية وتوفير الاجهزة والمعدات اللازمة.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا.

هەرچی ماددەی دووەمی پرۆژەکەیە, ئەوە لیژنە ئەم پێشنیازانەی خوارەوەی بۆی هەیە:

ئامانجەکانی ئەم وەزارەتە

1-زنجیرەی ڕەنووسەکان (التسلسلات الرقمیە) بە نووسین بنووسرێن.

2- ڕستەی (بیناکردن و بەکرێدانی گەراجەکان) لە کۆتایی بڕگەی (3)دا زیاد بکرێت.

3- وەزیر خۆی پێشنیار دەکات ڕستەی (هەروەها هەموو جۆرە نووسینگەکانی سەربەش) بۆ بڕگەی (14) زیاد بکرێت, ئەوەش دەکەوێتە سەر رای پەرلەمان.

4- بڕگە یەکیش بە زنجیرەی (17) وەك ئەمەی خوارەوەی بۆ زیاد بکرێت:

(سەرپەرشتیکردنی نووسینگەکانی گواستنەوە لە هەموو خاڵەکانی پەڕینەوەی سنوورەکانی هەرێمداو وەرگرتنی کرێ و (رسوم)و بەکارهێنانی مەنەفێست, بەپێی یاساکان) ئەمە پێشنیازی وەزیرەو دەکەوێتە سەر رای پەرلەمان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا بە زمانی عەرەبی.

فيما يتعلق بالمادة الثانية من المشروع تقترح اللجنة بمايلي:

( اهداف الوزارة)

1- تبديل التسلسلات الرقمية الى التسلسلات الكتابية.

2- إضافة ( وانشاء وتأجير الكراجات) الى أخر الفقرة (3)

3- إضافة (وكذلك مكاتب النقل البرى بانواعها) الى الفقرة (14) بناء على إقتراح الوزير والأمر متروك للبرلمان.

4- وإضافة فقرة برقم (17) و بالصيغة التالية:-

(الاشراف على مكاتب النقل في كافة المعابر الحدودية للاقليم واستيفاء الاجور والرسوم و استخدام المنفيست وفق القوانين). وذلك بناء على اقتراح الوزير والامر متروك للبرلمان

(تشكيلات الوزارة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, خۆی مەهامی وەزارەت (16) مەهامە, ئەوەی لیژنەی قانونی پێشنیاری کردووە تەسەلسولەکە ئەوە شتێکی تەبیعییە, ئەو پێشنیارەی کە لە بڕگەی سێدا هاتووە, بزانین ڕەئی جەنابی وەزیر چۆنە, کاك شێروان پێکەوە ئەوانەتان کردووە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە پێشنیاری جەنابی وەزیر بوو, ئێمەش لە ڕاپۆرتەکە داخیلمان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ دەیەوێ لەسەر ئەو خاڵانە قسە بکاتن؟ فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی (11) لە فەراغی صیاغە دەخوێنیتەوە تەواوە, بەلأم لە (تشجیع المنافسة في مجالات النقل كافة وتقدير القدرة التنافسية) ئەوە ئیزافە بکرێت, ڕستەکە تێر تر دەکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە لەسەر خاڵی یەك لە مادده دوو, کە دەڵێتن هێلی شەمەندەفەر دروست بکەن, تەبعەن لە کوردستان نیمانە تاکو ئێستا, تەبعەن ئەوە ئیرشادە یەعنی دروست دەکەن, پێویستە لە شارە گەورەکان بۆ نموونە وەکو هەولێر شەبەکەی داخیلی هێلی شەمەندەفەری ئاسنی هەبێتن, بۆ ئەوەی ئیستیفادەی لێ بکرێتن, بۆ پاك و خاوێنی هەوا, بۆ کەم کردنی ئیزدیحامی هاتوچۆی سەیارات, زۆر زەرورییە ئەمە

بکرێتن, تەبعەن شەمەندەفەری ناو شار سێ نەوعی هەیە (مێترۆ) هەیە تا ژێر زەمینی دەچێتن, خەتەکی سەریع تر هەیە, کە لە دەورەی شار دەسورێتن و, خەتی سەر جادە هەیە هەمووشیان تەبعەن بە کارەبا ئیش دەکەن, ئەمە ئەگەر بکرێتن ئێمە لە ئالودەی هەوا رزگارمان دەبێتن, تا حەددێك, هەروەها ئیزدیحامی سەیاراتیش و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی وەزیری گواستەوە کاك بورهان فەرموو.

**بەڕێز برهان سعید صۆفی (وەزیری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان لیژنەی یاسایی.**

دیارە لە ئەهدافی وەزارەت ئەوەمان کردووە, لە نەقلی بەڕی (نقل المسافرین والرکاب والبضائع الکافة انواع داخل المدن وخارجها), یەعنی ئێمە ئەهدافی خۆمان سکەی حەدیدی لەناو شار, لەناو جا چی پێ دەڵێن میترۆی پێ دەڵێن, گرنگ ئەوەیە بێتەوە ناو شار بۆ شارەکانیش و بۆ دەرەوەی هەرێمیش, یەعنی شار و شارۆچکەو ناو شاریش, یەعنی کە ئێمە مەسئوولین لە سکەی حەدیدی, ئەوە ئەهدافی ئێوەیە بەڕاستی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خاڵی هەشتم لەلا تۆزێك وازیح نییە, ئەگەر بەڕێز جەنابی وەزیر دیاری بکات.

(8-تحسین مستوی اداء النقل ومنح التراخیص), من دەمەوێت بزانم تەرخیص دەدرێت بە کێ, مەبەستی کێ دەدات (التراخیص), ئەوەیان لە لای من دیار نییە.

خاڵێکی تریشم ئەوەیە, کە من پشتگیری لەو زیادەیە دەکەم, کە بەڕێز وەزیر پێشنیاری کردووە, نەقلی بەڕی بەڕاستی دەبێت لە ژێر چاودێری وەزارەتەکە دابێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرموو.

**بەڕێز برهان سعید صۆفی (وەزیر گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی هەشتەم (منح التراخیص), یەعنی روخسەت دانە بۆ شەریکاتی ئەهلی, ئێمە ئەو وەزارەتە ئیحتیکار نەکەین, با ئەو نووسینگانە لە دەست وەزارەتەکە نەبێت, هەمووی بخرێتە سەر دەستی ئەهلی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك دكتۆر كەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بەنیسبەت راپۆرتى یاسایى، كە بڕگەى یەك زیاد بكرێت (سەرپەرشتیكردنى نووسینگەكانى گواستنەوە لە هەموو خاڵەكانى پەڕینەوەى سنوورەكانى هەرێمداو وەرگرتنى كرێ و (الرسوم)) بەلاى منەوە ئەمە زیادە، چونكە ئەمە تەداخول دەبێت لەگەڵ ئیشوكارى وەزارەتى مالى، سنوور وەرگرتنى باج ئیتیحادى و وەزارەى مالیەى هەرێم هەردووكیان تەنیسیق دەكەن، چونكە پلەیەكى حەساسە، بە رەئى من ئەو بڕگە ئیزافە نەكرێت باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من وا تەوەقوع دەكەم خاڵى هەشت و خاڵى دوازدە لە ماددەى دوو زۆر هاوشێوەى یەكن، ئەگەر دەمج بكرێت باشە، ئەگەر بیخوێننەوە بە دەمجەكەوە پێتان باشە چۆن دەڵێت (دانانى هەموو رێنماییە زەروورەكان بۆ زامنكردن و وەگەرخستنى فڕۆكەخانەكان، بەپێى سیاقاتى كارپێكراوى نێودەوڵەتى و چاك كردنى ئاستى بەجێگەیاندنى گواستنەوەو دانى مۆڵەتان جگە لە گواستنەوەى گەشت و گوزار، بەپێى ئەو بەند و بەستانەى كە وەزارەت دەریان دەكات.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

فەرموو كاك بورهان.

**بەڕێز برهان سعید صۆفی (وەزیر گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

تێبینیم لەسەر قسەكەى كاك كەمال هەیە، باسى ئەوەى كرد كە دەڵێ نوقتە حدودیەكان بۆ مالیە بێت، باشە بۆچى یەعنى وەزارەتى نەقلى بەغدا بێت لە نوقتە حدودیەكانى ئێمە ئیشراف گەراجەكانمان بكات، وەزارەتى خۆمان نەبێت با رسومەكان بچێتەوە بۆ وەزارەتى مالیە، ئێمە موشكیلەمان نییە، موشكیلەمان ئەوە نییە كێ پارەكەى وەردەگرێت، پارەكە با وەزارەتى مالیە وەربگرێت، بەڵام بە چ حەقێك وەزارەتى نەقلى بەغداى عێراقى بێت مەنەفێست بكات و رسومات وەربگرێتن بەشێك بداتە ئێرەو، بەشێكیش بە ئەولا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

بە حەقیقەت راستە، لیژنەى قانونى چ رەئیەكتان هەیە لەسەر ئەو قسانەى كە كران.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتریش ئیشارەتم پێدا, ئەوە رەئی وەزیر بوو, جەنابی وەزیر ئەو پرۆژەیەش لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە بە حەقیقەت, حەق وایە لەو پرۆژانە ئێمە تەقید بە رەئی ئەنجومەنی وەزیران بکەین, راستە جەنابی وەزیر لێرە ئیشارەتی پێدا, بەڵام ئیمکان هەیە لێرە تەداخولێك هەبێت لە نێوان وەزارەتی دارایی و وەزارەتی نەقل لە وەرگرتنی رسوم و لە ئیشراف کردن لەسەر نوقاتی تر, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەو خاڵە دەبینیم دوو شت هەیە, شتەکە ئەسڵی گەراجەکان بەخۆی, یان خودی گەراجەکان لەگەڵ ئەو پارەی کە وەریدەگریت لە وەزارەتی مالیە, دووشت لێك جیا ناکەنەوە, ئەو جیاوازە, ئەوەش جیاوازە, وەزارەتەکە نووسیوویەتی گەراجەکە بەخۆیەتی, ئەویتر وەزارەتی مالیە باج و رسومات و هەموو شتێك وەردەگرێتن, بۆیە من پێم وایە لێك جیاوازە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەوەی دەزانم وەزارەتی مالیە زەڕائیب وەردەگرێت, ئەمە رسوماتە, یەعنی دوو شتی جیایە تێکەڵ نابن بە یەك, وەزارەتی مالیە ئیشەکەی زەڕائیبە هەر وەریدەگرێت, هەر دەبێت عایدی ئەو بێت, ئەمە مزەوەرگرتنە, ئێستاش هەر هەیە بەس بەلەدیات وەریدەگرێت, با بێت بۆ وەزارەت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حویزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی من ئەوەی کە خاڵی نۆ و خاڵی شازدە بکرێتەوە یەك, خاڵی (9-انشاء وتوسیع واشراف محطات الانواء الجویة في عموم الاقلیم), خاڵی (16- زیادة نشاط محطات الانواء الجویة والرصد الزلزالي وفق السیاقات الدولیة وتوفیر الاجهزة والمعدات اللازمة), یەعنی ئەو دوو خاڵە بکرێتەوە یەك, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ئیحسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی سێ هەیە لە ماددەکە دەڵێت (الاشراف على كراجات نقل المسافرين والبضائع), لەبەر ئەوە بە پێویست نازانین ماددەیەك ئیزافە بێتن و, هەندێکیش تریش بۆ زیاد بکرێتن, کە تەدەخول لە ئیشی وەزارەتی مالیە دەکاتن, لەبەر ئەوە دەڵێ خاڵی یەك زیادە, چونکە لە خاڵی سێ موعالجە کراوە, نەك بڵێ لە کوێ, لە هەر جێگایەك بێتن گەراج هەیە دەتوانێت ئیشراف لەسەر بکاتن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتا نەچیتە سەر حدود و نە پەڕیتەوە موعاناتی ئەو خاڵە نازانی, گەراجەکان بەتایبەتی هی سنوورەکان هەر ڕۆژەی سعرێك دادەنێن و ئەنواع شوروتیشی بۆ دادەنێن, ئەگەر هاتوو وەزارەت خۆی کۆنترۆلی ئەو وەزعە بکاتن, ناتوانێت ئەو ڕۆژانە لە (75$)ەوە بیکات بە (100$) و (150$) و (200$), یەعنی زەریبەکە هەموو دەکەوێتەوە سەر شانی ئەو خەڵکەی کە سەفەر دەکات لەو نوقتانەوە, جا من زۆر پشتگیری لە زیاد کردنی ئەو خاڵە دەکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مەسەلەی گەرەجەکان نە عیلاقەی بە وەزارەتی مالیەوە هەیە, نە عیلاقەی بە وەزارەتی نەقلەوە هەیە, ئەوە موساتەحەی بەلەدیاتە, بەلەدیات دەیکات, گەراجاتی داخیلی هی حدودەکان بەپێی سنووری بەلەدیە, سالأنە دەبێتە موساتەحە, ئەو کرێیە پاشان دەگەرێتەوە سەر وەزارەت, نەك وەزارەتی مالیە رەبتی پێیەوە بە گومرگ, نە وەزارەتی نەقلیش, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با منیش دوو قسە بکەم لەو مەوزوعە برێك یارمەتی کاك بورهانی بدەم, یەکەم/ نەقلی داخیلی بووە عایدی بەلەدیە, ئەوە نەقلی خاریجە, ئەوە یەك.

دوو/ کە دەڵێ حدودی, مانای ئەوە نییە یەکسەر دێتە سەر مێشکی زۆربەی, یەعنی ئەوە گومرگەو نازانم چ, نەقلی گومرگی ئیشراف لەسەر نەقلی گەراجاتی حدود دەکات, گەراجێك هەیە لە حدود بە تەئکید وەزارەتێك ئیشرافی لەسەر دەکات.

سێ/مەسەلەی واریدات، تەئکید ئەوە رسوماتە وەزارەت وەریدەگرێتن، بەڵام پارەکە دەچێتە بانك تەسجیل دەکرێت و تۆمار دەکرێتن لەسەر ئیراداتی وەزارەت، ئینجا لە زمنی میزانیەکە داخیل دەکرێتن و حیسابیشی بۆ دەکرێت، وەزارەتی مالیە دەزانێت، خۆم وەزیری مالیە بوومە هەر وەزارەتێك داهاتێکی لە بانکەکان تۆمار دەکرێت لەسەر حیسابی ئەو ئیراداتە، هیچ ئیشکالێك نییە، بەڵام ئەو خاڵە زەروورییە ئیزافە بکرێتن لە کۆتاییدا (ئیشراف کردن لەسەر مەکاتبی نەقل لە هەموو مەعابری حدودی، ئەو دوو خاڵەش کە کاك شێردڵ ئاماژەی پێ کرد بکرێتە یەك خاڵ، چونکە دووبارەیە، ئەوە لیژنەی قانونی پێی هەڵبستێتن، وابزانم نوقاتەکانتان هەمووی تەرکیز لەسەر ئەوانە بوو، فەرموو کاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك خاڵی گرنگ هەیە بێجگە لە مەکاتیب، شەریکاتی نەقل هەیە عالەمی لە نێوان دەوڵەتانیش ئیش دەکات، مەسەلەن لەنێوان تورکیا و عێراق، ئەو شەریکاتە مەوجودە، ئەو شەریکاتە ئیجازە وەردەگرێت، ئیجازەی تەئسیسی ئەو شەریکەیە زائیدەن موافەقەی وەزارەتی نەقل لە ژێر ئیشرافی وەزارەتی نەقل دەبێتن، ئەوانە کە مەنەفێست بەکار دەهێنن لەگەڵ وەزارەتی مالیە تەنسیقن، هەر بارێکی نەقل بکەن لە حدود ئەو ئیجرائاتە دەکرێت، ئیجرائاتەکە دوو بەشە، یەکێکیان کرێی نەقلە، ئەویتریان پارەی مەنەفێستەکە موحەدەدە، چەند دەفتەرێکە، ئەو شەریکاتانە پڕی دەکەنەوە، کە تەواو بوو، دووبارە دەفتەریان دەدەینێ، بۆ هەر یەك لە ئێمە چوار پێنج نوسخە تەنزیم دەکرێت، یەك هی خاوەن شتەکانە، یەك هی شەریکەیە، یەك هی گومرگە، یەك هی زەریبەیە، ئەوانە دابەش دەکرێتن، حەز دەکەم ئەوەی برێك بە فراوانی دیراسەت بکەن، لەبەر ئەوەی تەداخولات هەیە لەنێوان دوو وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز برهان سعید صۆفی (وەزیر گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر گەراجەکان عایدی بەلەدیە بن ئیشراف بکات، یەعنی بەلەدیە بێتن وەزارەتی نەقل مانای چییە؟ یەعنی خۆی بەلەدیەو گواستنەوەکان هەموو عایدی وەزارەتەکە بێتن، لەبەر ئەوەی ئیستیعداس کراوە.

دووەم/ئەو مەنەفێستانەی کە لە نوقتەی حدودیەکان دێن لە هەر شوێنێك، پارەکە نیوەی وەزارەتی نەقلی بەغدا وەریدەگرێت، ئەو مەنەفێستە بۆ بەناوی وەزارەتی نەقلی شەریکەی عامی بەڕێ بێت، بۆ بەناوی ئێمە نەبێت، با پارەکە وەزارەتی مالیە وەریبگرێتن هیچ موشکیلەمان نییە، خۆی کێشەکەمان لەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داهاتی وەزارەتی نەقل بەپێی تێگەیشتنی منیش، نازانم کاك فەرسەت و برادەران هەموویان لە دەسەڵاتی هەرێمە، ئەوە گومرگ نییە، لەبەر ئەوە لە جێگەی خۆیەتی ئەوە عایدی وەزارەتی نەقل بێتن، ئەو

فەقەرەیەش ئیزافە بکرێتن, بۆ ئەوەی ئەو کۆمپانیا ئەجنبەیانەش بگرێتەوە, کە وتت ئیشراف لەسەر مەکاتیبی نەقل, یەعنی مەکاتیبی نەقل چ حکومی بێتن, چ ناحکومی بێتن, دەبێت لە ژێر ئیشرافی وەزارەتی گواستنەوە بێتن, فەرمووو کاک دلێر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە دەبێت لێرە وشەی شەریکات ئیزافە بکرێت (مکاتب وشرکات النقل), چونکە مەکاتیب جیایە, شەریکات بە قانونی شەریکات تەنزیم دەبێت, یەعنی عەقدی شەریکە جیاوازە لەگەڵ مەکتەب لێرە, وشەی شەریکە پێم وایە لێرە زەرورەتە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوتت شەریکاتی نەقل جوملەکە مەتاتی دەبێتن, شەریکەی نەقلێك هەیە ڕەنگە مەکتەبێکی هەیە لە دهۆك, ڕەنگە مەکتەبێکی هەیە لە مەرسیم, جەنابت لە کێ دەگەیە ئەوێ, مەکاتیبەکە ئەوەیە لەسەر ئەرز هەیە, کە وتت شەریکە مومکینە لە کوێت هەیبێت, فروعی شەریکە مەکاتیبی هەیە, کە وتت (مکاتب النقل) ئەوان دەگرێتەوە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ئیلتیزاماتانەی هەر شەریکەیەك, هەتا ئەگەر فەرعیشی هەبێت لەسەر ئەرزی ئەم وڵاتە ئیلتیزاماتی لەسەر دروست دەبێت, ئیلتیزامات مەربوتە بە قانونی تەنزیمی قەوانین لەم وڵاتەیە, نەك لە هینی خۆی, فەرعی شەریکەکە لە هەر شوێنێك بێت ئیلتیزامی قانونی دەکەوێتە سەری, بەپێی قانونی ئەو وڵاتەی کە ئەو فەرعە لێیەتی, نەك ئەسڵی شەریکەکە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر وشەی (استخدام المنفیست) ئەو مولاحەزەیەم هەیە, من نازانم مەنەفێست موستەخدەمە خۆی, مەنەفێست لە هەرێمی کوردستان ئێستا ئیستیخدام کراوە, ئەو ئیستخدامەی لێرە هاتووە, ئەگەر جەنابی وەزیر تەوزیحێکمان بداتێ خراپ نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز برهان سعید صۆفی (وەزیر گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەنەفێستە لە بەغداوە دێتن, دێتە وەزارەتی مالیە, یەعنی لە وەزارەتی نەقلی بەغدا, ئێمە دەڵێین ئەو مەنەفێستە لە وەزارەتی گواستنەوەی ئێمەوە بچێتن بۆ وەزارەتی مالیە, بۆ ئەوەی ئەو سەهمەی ئەو

وەریدەگرێتن, ئەو پارەیەی وەزارەتی نەقلی بەغدا وەری دەگرێ, با ئێمە وەریبگرین, هەر دەبێت پارەکە بچێتەوە وەزارەتی مالیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بورهان مەنەفێست لەسەر بەزائیع, لەسەر چییە؟ لەسەر سەیارەکەیە, وابزانم ئەو سەیارەیەی لە دەرەوەی هەرێم دێت, جا ئەوە لە خاریجەوە دێت, لە بەغداوە مەنەفێستی دەوێت, ئەویش مەنەفێستی دەوێت, ئەوەش لە خاریجەوە هاتووە, من پێم وایە ئەمڕۆ تەواوی ناکەین, ئەو خاڵە تۆزێك لە لامان روون نییە بە حەقیقەت, بۆ برادەران روون نییە, لەبەر ئەوە لە دانیشتنی داهاتوو لەگەڵ وەزارەتی مالیە و ئەوانە قسە بکەین, بزانین مەسەلەی ئەوان لەگەڵ خۆشمان تەماشای دەستوور بکەین, بزانین دەسەڵاتی ئیتیحادی چیەو, هی ئێمە چیە؟ ئێستا ئەو ماددەیە موناقەشە کراوەو لەسەر ئەو خاڵەی ماوە, جارێکی تر کە هاتینەوە تەنها ئەو خاڵە دەخەینە دەنگدان, خۆی دەرنگیش داهاتووە موناقەشەکە دەخەینە دانیشتنی تر, فەرموو.

**بەڕێز کریم عبدالله بحری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو مەوزوعەی ئێستا ئیسارە کرا, پێم وایە خیلاف لە دەسەڵاتەکانە, دەسەڵات بدرێتە وەزارەتی گواستنەوەی هەرێمی کوردستان, یان وەزارەتی گواستنەوەی عێراق, کامیان ئەو دەسەڵاتە بەکار بێنن, ئێمە پێمان وایە لەو یاسایەی خۆماندا ئەو دەسەڵاتە بدەینە وەزارەتی گواستنەوەی هەرێمی کوردستان باشترە لە مەسەلەی مەنەفێست و رسومات وەرگرتن, هەموو وەزارەتێکیش بۆی هەیە لەو نەشاتەی کە ئەنجامی دەداتن رسومات وەربگرێتن, زۆر ئاساییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەصە دەستووریەکەم لا نییە, کێ نەصە دەستووریەکەی عێراقی لایە, بۆ ئەوەی حەسمی بکەین, ئەگەر نەصی دەستووری عێراقیتان لایە بزانن ئەو خاڵە لە دەسەڵاتی ئێمەیە, یان لە دەسەڵاتی ئیتیحادیە, زۆر وازیح نییە, دەتوانین خۆمان بیکەین, بەڵام بۆ پەلەی لێ بکەین, ئێمە هەر گوتمان سەعات (1و30) کۆتایی پێ دەهێنین, ئەو ماددەیە دوو سبەی سەعات (11) کۆ دەبینەوە, هەندێك دەڵێ بەیانی بێت, با سبەی ئیسراحەت بێتن و, چونکە دوێنێش کۆبوونەوە بوو, دوو سبەی سەعات (11) کۆ دەبینەوە, کۆتایی بە دانیشتنەکە دەینین, زۆر بەخێر بێن, سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9)**

**چوار شەممە رێکەوتی 27\9\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9)

## چوار شەممە رێكەوتی 2006/9/27

كاتژمێر (11,15)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2006/9/27 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەرێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەرێزمحمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەرێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێرۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بریاردرا دانیشتنی ژمارەی (9)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی گواستنەوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ژینگە.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمرۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێرۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بریاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11,15)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2006/9/27دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی گواستنەوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ژینگە.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بێن لە جێگای خۆیان دابنیشن, دووبارە بەخێرهاتنی بەرێز كاك بورهان وەزیری گواستنەوەو كاك سەعد وەزیری هەرێم دەكەین, كە لەگەڵمان بەشدارن لەم كۆبوونەوەیەدا, چاوەڕوان دەكرێت كاك داراش بێت, كاك عەونی ئێمە ئەو رۆژە لەسەر مادده چەند بوو, بەڵێ فەرموو كاك عەونی.

**بەرێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لە كۆبوونەوەی رۆژی دوو شەممە, كۆبوونەوەكە دواخرا بە مەبەستی ئەوەی زیاتر تاوتۆ بكرێت لەبارەی ئەو فەقەرەیەی كە جەنابی وەزیر داوای كرد بوو, كە ئیزافە بكرێت لەسەر ماددەی دووەم لە پرۆژەی

یاسای وەزارەتی گواستنەوە, ئێمە لە لیژنەی یاسایی گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە پاش دیراسەت کردنی ماددەکە بەشێوەیەکی تەواو و, مولاحەزەی ئەوە بکەین کە تەناقوز نەکات لەگەڵ دەستووری ئیتحادی عێراقی, لیژنە بڕیاری دا کە بڕگەکە بەو شێوەیە تەسبیت بێت: (الاشراف على مكاتب النقل في كافة المراكز والمعابر الحدودية في الاقليم واستيفاء الاجور والرسوم واستخدام المنفست وفق القوانين بالتنسيق مع الوزارات المعنية), واتا پشتگیری داواکاری جەنابی وەزیر دەکەین, سەبارەت ئەو خاڵە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك بورهان.

**بەڕێز برهان سعيد صوفي (وەزیری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە لەسەر ئەوە, بەس ئیشراف مەکاتب نا, شەریکاتی مەکاتیب, چونکە شەریکات گەورەترە لە مەکاتیب, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جائیزە ئەگەر شەریکاتیش ئیزافە بکرێتن, لەبەر ئەوەی ئیشراف دەکاتن لەسەر مەکاتیب, لەبەر ئەوەی شەریکاتیش لە هەمان شوێن بە واجیباتی خۆی هەڵدەستێت, ئەویش پەیوەندی بە دوو وەزارەت دەبێتن, وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی گواستنەوە, واتا ئیمکان هەیە شەریکاتیش ئیزافە بکرێتن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بورهان لەبەر ئەوەی مەکاتیبەکە باشترە, چونکە شەریکە ناتوانێت ئیشراف لەسەر هەموو شەریکات بکات, ئەگەر شەریکەکە تورکی بێت مەقەرەکە ڕەنگە لە مەرسین بێت, بەلأم مەکتەبی دەبێت لەو شوێنە, یان عێراقی بێت مەقەرەکەی لە بەغدا بێت مەکتەبی دەبێت, مەکاتیب واتا مەکاتیبی شەریکاتیش بگرێتەوە, هەموو مەکاتیب دەگرێتەوە, بەڵێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی قانون هەر شەریکاتێك کە لە کوردستان دادەمەزرێت, هەتا ئەگەر شەریکاتی بیانیش بێت, دەبێت فەرعی هەبێت لە کوردستان بە ئیجازەی وەزارەتی تایبەتمەند, واتا لە وەزارەتی بازرگانی موافەقەتی بۆ دەردەهێنێت, کە تەئسیس دەکرێت لە کوردستان, لەبەر ئەو هۆیەی وابزانم بڵێین (الاشراف على مكاتب وشركات نقل) زۆر شتێکی تەبیعییە, هیچ لە وەزعەکەی ناگۆڕێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کاك بورهان واز لە پێشنیارەکەی بێنێت, مەکاتیبەکە هەمووی دەگرێتەوە, هەر مەکاتیبەکە بێت و فەرعێکە لە شەریکەکە.

**بەڕێز برهان سعيد صوَفى (وەزيرى گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

باشە ئەو شەريكەيە شەريكەيەكى ناوەخۆ بوو, ئەو فەرعى دەچێتە ئەوێ, يەعنى با شەريكەشى لەگەڵ بێت خۆ هەر مەكاتيب نييە, ئەمە ئيجازەى نەقلى دەدرێتن لەگەڵ تيجارە, بەناوى شەريكە دەدرێت فەرعێكى دەچێتە ئەوێ.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

دوو شتى جياوازن لێرە باسى مەعابرى حدود دەكەين, ئەو شەريكاتانەى لە مەعابرى حدودن, بەلاَم تەعاون لەگەڵ شەريكاتى نەقل ئيجازە لە تۆ وەردەگرێت, ئەو قسانەى ئێستا لێرە كاك فەرسەت لەگەڵمدايە و دەوڵەمەندى دەكات مەمنونيشم, ئيشراف لەسەر ئيشەكان دەكەيت, كە پەيوەندى بەخۆتەوە هەيە, نەك هەموو شەريكە, مومكينە ئەوەى تر هەبێت, كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بەپێى قانونى شەريكات هەر شەريكەيەكى بيانى كار بكات لەناو هەرێم, ياخود لەناو عێراق, وەكو كاك عەونى باسى كرد, دەبێت تەڵەب بكات (طلب تأسيس), واتا ئيدارە تەعامولى لەگەڵ دەكات, نەك وەكو فەرعێك بۆ شەريكەى, بەڵكو وەكو شەريكەيەك كار دەكات, بۆيە كە بگوترێت شەريكەو مەكاتيب شتێكى زۆر ئاساييە, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:

فەرموو كاك كەريم.

**بەڕێز كريم عبدالله بحرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

هەر شەريكەيەكى نەقل ئەگەر ئيجازە وەردەگرێتن لە بەشى تەسجيلاتى شەريكات, دەبێت موافەقەتى وەزارەتى نەقليشى لەگەڵدا بێتن, چونكە مەعنيە بە وەزارەتى نەقل, بۆيە ئەگەر شەريكات لەگەڵ مەكاتيب پێكەوە بێت, شتێكى ئاساييە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

فەرموو كاك فەرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بە رەئى من ئيشراف لەسەر شەريكە ناكرێت, شەريكە وەزارەتێكى تر ئيجازەى پێدەداو مەرجى خۆى هەيە بە موجيبى قانونێكى تر دروست دەكرێت, بەس ئەو شەريكەيە وەكو كارى خۆى بەكار بێنێتن, ئيشى خۆى بەكار بێنێتن, دەچێت مەكتەبێك بۆ خۆى لە نوقتەى حدودى دادەنێتن, ئينجا چ مەقەڕى شەريكە هەر لە

نوقتەی حدودی بێتن, بەس ئەو فەرمانبەرانە ئەوەی ئیش و کاری نەقل دەکاتن, ئەوە خازعی ئیشراڤی وەزارەتی نەقلن, شەریکە بە خۆی بە رەئی من خازعی ئیشراڤی وەزارەتی نەقل نابێت, بەشێك لە شەریکەکە, بەشەکەش ئەوەیە ئۆفیسەکەیە, ئەو ئۆفیسەش فەرمانبەرێك, یان دوو فەرمانبەر لێی دادەنیشن وەصل بۆ خەڵك دەبڕن, تەعامول لەگەڵ خەڵك دەکەن, عقود لەگەڵ خەڵك دروست دەکەن, یان وەك نەفەر, یان وەك بار نەقلی جێگایەك بکەن, وەزارەتی نەقل بە رەئی من ئیشەکە مەحصورە بەوە ئیشراف لەسەر ئەو ئۆفیسانە بکاتن, لە دەرەوەی قانون ئیش نەکاتن, لە خارجی قانون ئیش نەکاتن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەعد.

**بەڕێز سعد محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی بۆ ئەو مەسەلەیە لەگەڵ وەزارەتی مالیە قسەمان کرد, ئەوانیش هەر تەئیدەن بۆ قسەی کاك فەرسەت, دوای پرۆسەی ئازادی عێراق شەریکەی نەقلی بەڕی با بڵێین لەوێ ئۆفیسەکەی ئیشی کردۆتەوە, فعلەن ئیشراڤی وەزارەتی نەقل بۆ ئۆفیسی شەریکە دەبێتن لە مەعامیل, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من لە بیرم بێت دوو مەوزوع بوو, مەسەلەی مەنەفێست و مەسەلەی ئەمە دوو شتی جیاوازن, تەبیعی لەسەر مەعابیری حدودی دەکرێت نوێنەری وەزارەتی دارایی لەوێ و مەسەلەی گومرگ کە عیلاقەی بە وەزارەتی نەقلەوە نییە, هەروەها نوێنەری وەزارەتی داراییش لەوێ بووە تاکو ئێستا, نوێنەری وەزارەتی نەقلیش هەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دەڵێم ئەمە دوو شتی جیاوازە مامۆستا مەنەفێست شتێکە, گومرگیش شتێکی ترە, روسوماتە حکومەتی هەرێم دەتوانێت وەریبگرێت, بەڵام حدود و ئەوانە گومرگ بێتن, دەبێت حکومەتی ئیتیحادی بێت بە ئیتیفاق و هاوکاری, من پێم وایە ئەو صیغەیەی کە پێشنیار کراوە کاك بورهان باشە.

**بەڕێز برهان سعید صوڤی (وەزیری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتیوانی لە رەئیەکەتان دەکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەی مەنەفێست دەمێنێت, پێم وایە ئەوەی ئێستا هەیە با وا بڕوات, مەنەفێستە لەلایەن وەزارەتی بەغداوە دەکرێت, بەلاّم پارەکەی لە لایەن خۆمانەوە وەربگیرێت, بدرێتە وەزارەتی مالیە, ئیداع بکرێت لە وەزارەتی مالیە لە بەرژوەندی وەزارەتی نەقل, دوایێ تەفسلاتەکەی و ئەرباحەکەی چۆن دابەش دەکرێتن, بەلاّم وەکو ئێستا هەیە چۆن هەیە با وا بڕواتن, تاوەکو تەفسیلاتی بۆمان بەدیار دەکەوێتن, ئەگەر پێویستی کرد تەعدیلی دەکەین, بەلاّم ئێستا ئێمە شتێك بلێین و خیلافی ئەو شتەی کە ئێستا هەیە, بە حەقیقەت خۆشمان لە لامان ئەو مەوزوعە زۆر وازیح نییە, ئەوەی پێم باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە, کە مەنەفێست لە بەغداوە بێت بۆ وەزارەتی نەقلەوە, بەلاّم داهاتەکەی لە وەزارەتی مالیە ئیداع بکرێتن بۆ حیسابی وەزارەتی نەقل, کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کۆبوونەوەی پێشوو داوا کرا بڕگەی نۆ و شانزدە کۆ بکرێتەوە لە ماددەکە, داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەی بداتە دەنگدان سەبارەت بە پەسند کردنی ئەو داواکاریە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەمووی هەروەکو یەکە, هەردووکیان وەکو یەکن, صیغە تەوحیدەکەی بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بەڕێز مامۆستا زانا بە زمانی کوردی بۆتان دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دامەزراندن و بەرفراوانکردنی بنکەکانی کەشناسی لە هەموولایەکی هەرێمداو بەپێی رەوش و رەفتاری نێودەوڵەتی بزاڤی وێستگەکانی کەشناسی و بوومەلەزرە پتر دەکات و جیهازو ئامرازو ئامێری پێویستی بۆ فەراهەم دەکات.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیەی کە خوێندرایەوە دەبێت بدرێتە دەنگدان, چونکە پاش ئەوی دێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خەریکی ئەوە بووین تۆ موقاتەعەت کردن, گوتم وابزانم پێشتر ئەو ماددەیەی کە ئیزافە کرا بخوێندرێتەوە بدرێتە دەنگدان, ئینجا بچینە سەر ئەو مەوزوعە, لەبەر ئەوەی عەرەبیەکەی وایە کاك عەونی بیخوێنەوە کوردیەکەشی فەقەرەی حەڤدە دواتر کە دەبێتە شازادە موشکیلە نییە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفقرة (17) (الاشراف على مكاتب النقل في كافة المعابر الحدودية في الاقليم واستفاء الاجور والرسوم واستخدام المنفست وفق القوانين بالتنسيق مع الوزارات المعنية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرپەرشتی نووسینگەکانی گواستنەوە لە هەموو خاڵەکانی پەرینەوەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستاندا, وەرگرتنی کرێ و (الرسوم) بەکار هێنانی مەنەفێست بەپێی یاساکان و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدارەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بڕگەی کە ئیزافە کراوەو ئیتفاقمان لەسەر کرد دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ دا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, باشە پەسند کرا, ئینجا بڕگەی نۆ و شازادە دەبێتە یەك حەزم دەکەم بیخوێننەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێتە خاڵی نۆیەم: بەپێی رەوش و رەفتاری نێو دەوڵەتی دامەزراندن و فراوان کردنی وێستگەکانی کەشناسی و رەقابەی بومەلەرزەو جیهاز و ئامراز و ئامێری پێویستی بۆ فەراهەم دەکات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز مامۆستا کاکە عەرەبیەکە دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

9-انشاء وتوسيع واشراف محطات الانواء الجوية في عموم الاقليم و زيادة نشاط محطات الانواء الجوية والرصد الزلزالي وفق السياقات الدولية وتوفير الاجهزة والمعدات اللازمة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە بڕگەی نۆ و شازادە دەبنە یەك, ئەوەی ئیزافە کرا بۆوە بڕگە حەڤدە, ئەوەی دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ دا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بەکۆی دەنگ وەرگیرا, هەموو ماددەی دوو دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر

سوپاس، کێ لەگەڵ دا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا سوپاس. پێشەکی بەخێرهاتنی کاك دارا وەزیری ژینگە دەکەین پێش چەند دەقیقەیەك بەشداری کردین بەخێر بێت سەرچاومان، ئینشائەڵڵا دەگەینە سەر ئەوانی تەواو دەکەین، ماددەی سێ تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ماددەی سێیەم بە زمانی عەرەبی لە ئەسڵی پرۆژەکە دەخوێنمەوە

المادة الثالثة:

اولا: الوزير:هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر لشؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون.

ثانيا: وكيل الوزارة:يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه، على ان يكون حاصلا على شهادة جامعية أولية.

ثالثا: المستشارون:لا يزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الاولية وله خبرة وممارسة.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی قانونی.

هەرچی ماددەی سێیەمی پرۆژەکەیە، ئەوە لیژنە ئەم پێشنیازانەی خوارەوەی لە سەری هەیە:

1-دووبارە داڕشتنەوەی هەردوو بڕگەی (یەکەم) و (دووەم).

2- هەردوو بڕگەی (1و2) لە (یەکەم)ی ماددەی حەوتەوە، بگوازرێتەوە بۆ ئەم ئامانج، لەمەش هاو دەنگبوونی پێکهاتەکانی وەزارەتەکەیە.

3- زنجیرەی (سێیەم) – (راوێژکارەکان) بکرێ بە زنجیرەی (پێنجەم)و، ماددەکەش وەك ئەمەی خوارەوەی لێ بکرێ:

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی باڵاو، بەرپرسی ئیش و کارو ئاڕاستە کردنی سیاسەت و، سەرپەرشتیکردن و پێکهاتەو سەلاحییات و، کاروباری دیکەی هونەری و دارایی و ئیداری و ڕێکخستنی ئەنجومەنی وەزیراندا، چونکە خۆیشی ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەدا.

دووەم: بریکاری وەزارەت: لە چوار چێوەی سەلاحییاتدا، کە وەزیر پێی دەسپێرێ، یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاراستە کردن و سەرپەرشتیکردنی کاروباری وەزارەتەکەدا.

سێیەم: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ، ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

پێنجەم: راوێژکارەکان: لە چوار کەس زیاتر نابن, مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و خاوەن ئەزموون و کەردەش بن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەوە وابزانم ماددەیەکە لە هەموو وەزارەتەکاندا تەواوە, بە عەرەبیش بیخوێننەوە, دواتر دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خامساً**- أما فيما يتعلق بالمادة الثالثة من المشروع تقترح اللجنة مايلي:-

1- إعادة صياغة الفقرتين أولاً وثانياً.

2- نقل الفقرتين (1و2) من أولاً من المادة السابعة الى هذه المادة لكونهما قريبتين من الموضوع المعالج وبهدف تنسيق تشكيلات الوزارة وتحت تسلسلات ثالثاً ورابعاً.

3-تبديل التسلسل ثالثاً(المستشارون)بتسلسل(خامسا) وتكون المادة كالآتي:

أولاً: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها و توجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة وتصدر عنه وتنفذ بإشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والإدارية والتنظيمية وفق أحكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء بأعتباره عضواً متضامناً فيه.

ثانياً: وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي يعهدها اليه من قبل الوزير.

ثالثاً: مكتب الوزير: يرأسه موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعة اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

رابعاً: مكتب وكيل الوزارة: يرأسه موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعة اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

خامساً: المستشارون: لايزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة شهادة جامعة اولية ولهم خبرة و ممارسة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کەس مولاحەزەی نییە دەخەمە دەنگدانەوە, فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بیخەیە دەنگدان تێبینیەکەمان هەیە, ئێمە لە لیژنەی یاسایی بڕیارماندا صیغەی هەیکەلی ئیدارەی وەزارەت, ئەو وەزارەتە وەکو وەزارەتەکانی پێشوو بکەین, با ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداریان لەو

بابەتە هەبێت, واتا هەیکەلی وەزارەت لەگەڵ مودیریاتی عامەکە هەموو دەبێتە ماددەك تێکەڵ دەبێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕیارتان دا پێشنیار بۆ ئێمە بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کۆبوونەوەی پێشوو باسمان لێ کرد, گوتمان ڕەئی ئەندامانی پەرلەمان وەربگرین لەسەر ئەو بابەتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چی تر هەیە ئیزافە بکرێت, پێشنیارەکەتان خوێندۆتەوە, باشە, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە داوای دەمجی ئەو سێ ماددەیە کرا, بە قەناعەتی من ئێمە ئەگەر لە موناقەشەکە ماددە بە ماددە بڕۆین بۆ تەصویت, پاشان ئەو سێ ماددەیە هەر سێکی دەمج بکرێتن, ئەوەی وەزیر و تەشکیلاتی وەزارەت, چونکە زۆر بە پەرت و بلاَوی هاتووە, سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ماددەی سێیەم بەپێی پێشنیاری لیژنەی قانونی دەخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش مەقسەدم ماددەی سێ و چوار و پێنجە, دەبێت دەمج بکرێن, بەلاَم ئێمە بۆ ڕێکوپێکی موناقەشەکە بڕوات, ماددە بە ماددە لەسەری تەصویت دەکەین, دوایێ ئەو سێ ماددەیە داوای دەمجمان کردووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش کە هاتنیە سەری وتمان دەمج بێت, ئێستا کێ لەگەڵ ماددەی سێیە بەپێی پێشنیاری لیژنەی قانونی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵی نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, ماددەکە بەکۆی دەنگ وەرگیرا, تکایە ماددەی چوارەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

**المجلس الاستشاري**

يتألف المجلس الاستشاري للوزارة من:

1-الوزير:رئيسا

2-وكيل الوزارة:نائب الرئيس.

3-رئيس مؤسسة المطار الدولي في اربيل:عضوا.

4-رئيس مؤسسة المطار الدولي في السليمانية:عضوا.

5-المدراء العامون في الوزارة:عضوا.

6-مستشارون وخبراء في مجال النقل اعضاء على ان لا يزيد عددهم عن اربعة:عضوا.

7-مدير شؤون القانونية:عضوا.

8-خبراء ومستشارين من خارج الوزارة التي يراه المجلس حضورهم ضروري وليس لهم حق التصويت:اعضاء.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی, هەرچی ماددەی چوارەمی پرۆژەکەیە هیچ تێبینیمان لەسەری نییە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سادساً:- فيما يتعلق بالمادة الرابعة من المشروع فلا توجد اية ملاحظات عليها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێکم هەیە, بۆ موئەسەسەیەك لە هەولێرو موئەسەسەیەکیش لە سلێمانی, یەعنی موئەسەسەی تەیران لە دنیادا یەك موئەسەسەی هەیە, موئەسەسەی تەیران لە هەولێر, موئەسەسەی تەیران لە سلێمانی, موجیبی نابینم یەك موئەسەسە بێتن, بەڕاستی ئنیتباهتان نەکردووە, کاك بورهان تۆ رەئیت چییە؟

**بەڕێز برهان سعید صۆفی(وەزیری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش رەئیمان وایە دەبێت, لەبەر ئەوەی ئیدارە تێکەڵ بۆوەتەوە, نابێت دوو موئەسەسە بێت, یەعنی لە شارێکی تریش مەتارێکی تر ببێتەوە, دەبێتە سێ موئەسەسە, لە شوێنێکی تر دەبێتە چوار, یەك موئەسەسەی تەیرانی مەدەنی هەبێت, سلێمانی و هەولێر مودیریەتی عامە بن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لیژنەی قانونی صیاغەیەکی بکات, رەئیسی موئەسەسەی تەیران, عوزوون هەر ئەوەندە, بڕگە چوارەکە شەتب بکرێتن, لە بڕگە سێشدا هەولێرەکە لابرێت (رئيس مؤسسة الطيران المدني في الاقليم عضواً), بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز گلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی قانونی, بەنیسبەت بڕگەی شەش و هەشت, بڕگەی شەش دەڵێ (مستشارون وخبراء في مجال النقل اعضاء على ان لا يزيد عددهم عن اربعة), یەعنی لێرە ژمارەکەیان تەحدید کراوە, کەچی لە بڕگەی هەشت هیچ ژمارەیەك نەهاتووە, یەعنی تەحدید نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی بڕگە هەشت هی ناو وەزارەت, وەڵلاهی مولاحەزەیەكی باشە, بڕگەی شەش (مستشارون وخبراء في مجال النقل) ئەگەر موستەشاری وەزارەت ببێتن پێویست ناكاتن وەزیر هینی دەكاتن, ئەوەی بڕگە هەشتەكە وەزیر خۆی تەقدیری دەكاتن, وابزانم فەقەرەی شەش هەر زیادە, بەڵێ كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خوبەڕائی پێشوو موستەشارن لە وەزارەت, فەرمانبەرن تەعین بووینە, ئەوانە خارجی وەزارەتن عیلاقەیان بەوانە نییە, بڕگەكە جیاوازە لە یەكتری, یەعنی (خبراء ومستشارون خارج الوزارة التي يراه المجلس حضورهم ضروري وليس لهم حق التصويت).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی چی, ئەوەلەن چوار زۆرە, دووەمینیش من پێم باشە ئەگەر وەزیریش ڕەئی هەبێت وای لێ بێتن (خبراء ومستشارون من داخل الوزارة وخارجها على ان لا يزيد عددهم عن اربعة), یەعنی مەجلسەكە لە دەرەوەو ناوەوە چوار كەس بێت, موافیقی.

**بەڕێز برهان سعید صۆفی (وەزیری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

موافیقم لەسەر ئەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك دكتۆر ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر وای لێ بكرێت, موستەشارەكانی ناو وەزارەت حەقی تەصویتیان دەسوتێت, وەكو ئەوانی تر بێت هەمان شت, چونكە لەوێ حەقی دەنگدانیان هەیە, بەلاَم لێرە حەقی دەنگدانیان نییە, تەنیا ئیستیشارییە, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بڕگەیە لاببەین, با حەقی دەنگدانیان هەبێت, دەوڵەمەندی دەكاتن, موستەشارە دێتە ماندوو دەبێت, خۆ موراقیب نییە, با وشەیە لاببەین, واتا حەقی دەنگدانیان هەبێتن, كاك عەونی صیغەكەی بەو شێوەیە بێتن شەشەم لا ببرێت, (خبراء ومستشارون داخل وخارج الوزارة التي يراه المجلس حضورهم ضرورياً), بەڵێ كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی هەشت وای لێ بێت (یحق للوزارة استدعاء الخبراء والمستشارین) وا جوانتر و باشتریش دەبێت (استعارة, یان استعانة في حالة ضرورة), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر (استدعاء) وشەیەکی قورسە, فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحقیقەت موستەشار ئیستیشارەی پێ دەکەیت, مەرج نییە بە قسەی بکەیت, لەبەر ئەوە بە رەئی من حەقی دەنگدانی نەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو مام رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا دەبینم نەقوستانیەك هەیە لە تەشیکلاتی وەزارەت, دەبێت هەر پارێزگارێك مودیریەکی عامەی هەبێت, تەمسیلی ئەو وەزارەتە بکاتن بۆ ئیشوکاری وەزارەت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز برهان سعید صۆفي (وەزیری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مودیریاتی عامەمان هەیە, مودیریەی عامەی نەقلمان هەیە هی هەمووی, لەبەر ئەوەی ئەو وەزارەتە ئیستیحداس کراوە تازە, ئێمە ناتوانین یەکسەر بە حەجمێك مودیریەتمان داناوە, دوایی کە مودیریەتەکە ئەوە بوو, ئینجا دەکەینە مودیریەی عامە, چونکە ناکرێت لە ئێستاوە هەیکەلێکی تەنزیمی گەورە دابنێین و وەزارەتەکەشمان نوێیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس دروستە تازەیە لە ئاییندەدا هینیان کرد, دەتوانن تەعدیلی بکەن, کاك حەمە قسەت هەبوو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر ئەو مەسەلەی موئەساسەکان, موئەسەسات تەنیا موئەسەساتی هەرێم دەبێت, مەسەلەسەی موستەشاریش, موستەشار شت تەرح دەکات, خۆ دەنگی نابێت, مەرج نییە هەموو بڕیارەکانی وەربگیرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر لێم قەبول بكەن تەفسیرێكی دەكەم, كە وتت موستەشار, ئەگەر نەتنووسی (لیس لهم رای), مانای وایە مەرج نییە موستەشار ڕەئی هەبێت, هەر لە ڕەئی موساعەدەت دەكاتن, مەبنووسە تەفسیرەكە ئەوەیە حەقی دەنگدانی نییە, موستەشارە قسەیەك دەكات, بە قسەی ناكەیت, دەمێنێتەوە سەر وەزیر و هینەكە, لەبەر ئەوەی ئەگەر وشەی موستەشارەكە نەینووسین, مانای ئەوەی كە ڕەئیەكی باش دەدات, جا دەمێنێتەوە سەر خۆت قەبولی دەكەیت, یان نا, كاك بورهان وەزیر چی دەڵێت حەقی دەنگدانیان هەبێت, یان نا, بە قسەی تۆ دەكەین.

**بەڕێز برهان سعید صوْفی (وەزیری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حەقی دەنگدانی نەبێتن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو پەخشان.

**بەڕێز پخشان عبدالله زنگنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێتو موستەشاری ناو وەزارەت و دەرەوەی وەزارەت هەمان شت بن, مانای وایە ئەوانەی دەرەوەی وەزارەت دەبنە بەشێك لە وەزارەتەكە, وابزانم بۆچوونی وەزارەت وا نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێتن موستەشاری ناو وەزارەت ڕۆژانەیە, ئەمە مەجلیسە, ڕەنگە مانگێ جارێك كۆببێتەوە, مومكینە ڕۆژێ جارێك وەزیر بانگیان بكات بۆ شتی بچووك ئەوانە وەزیر ئیستیفادەی لێ دەكات, بەڵام ئەمە تەنیا بۆ مەجلیسە بۆ پلاندانانە, بۆ مەسائیلی دوورو درێژە, مانگێ جارێكە, فەرقیان زۆرە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئاخیر صیغە ئەوەیە (8- خبراء ومستشارون من داخل الوزارة وخارجها الذين يرى المجلس حضورهم ضرورياً اعضاء).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

صیاغەكە دوایێ چاكی دەكەین, مەبدەئەكە تێگەیشتین, ڕەنگە عەرەبیەكە با موناقەشەی لەسەر نەكەین, صیاغەكەی دوایێ هینی دەكەین, كوردیەكە بخوێنەوە كاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

8- ڕاوێژ پێ كراوان و شارەزایانی بواری گواستنەوە لەناو وەزارەت و لە دەرەوەی وەزارەت ئامادە بوونیان بە زەروور دەزانێ بە مەرجێ لە چوار ئەندام تێنە پەڕێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەجالیسی ئیستیشاری دائیمەن تەوصیاتی هەیە, هەر كەسێك تەوصیەی بوو مافی دەنگدانی نییە, ئەمە تەوصیات بەرز دەكاتەوە بۆ ئەو جیهەتەی كە ئەمی داناوە, ئیتر پێویستی بە دەنگدان نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێرە حەقی دەنگدانی نییە شتێكە, بەلاَم تەصویتی لەسەر دەكرێت, باشە با بلێت وەكو وەزیر هینی كردووە, وەكو مەفهومی موستەشاریش ئەوەیە, بەس بە مەرجێ حەقی دەنگدانیان نەبێت ئەوەش ئیزافە بكەن, پێتان باشە كەس ئیعتیرازی لەسەر ئەوە نییە, بەلێ.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ رایەكەی وەزیر, بەلاَم پێویستە لە ئێستاوە قسە لەسەر بەڕێوەبەرەكانی پارێزگاكان بكرێت, چونكە ناكرێت رۆژێكی تر دانیشین تەواوی هەیكەلی وەزارەتەكە تەشكیل بكەیت, لە ئێستاوە دەكرێت بە تەواوی بێت و كاتی خۆی بكرێت لە كردنەوەی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من لە جیاتی وەزیر وەلاَمت دەدەمەوە, ئەمە وەزارەتێكی تازەیە, وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوەكان یەكجار ئیشێكی زۆری هەبێتن, حالیەن دامودەزگایەكی گەورەی هەبێتن لە سلێمانی, یان لە دهۆك و ئەوانە, وەزارەتێكە تازەیەو بە مودیریەتێك بێت, بۆ گەورە تۆ مودیریەتێكی عاممەت دانا, یەعنی فەرمانبەری زیاتری بۆ دادەنێیت, میزانیەی زیاتری دەوێت, بێجگە لە مەتاڕیش هیچی تر نییە, مەتاڕەكە دەتوانێت موئەسەسەیەكە لە نێوانی خۆیان دوایێ هین دەكەن.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەسەلەن ئێمە ئێستا كوردستان چەند سنوورێكی لەسەرە, بۆ نموونە تۆ باشماخت هەیە, فەیرۆز خانت هەیە, حاجی ئۆمەرانت هەیە بێتەوە بۆ سنووری دهۆكیش, خۆ ئەمانە هەمووی ناكرێت ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە وەزارەتەوە بێت, دەكرێت وەسیلەیەكی نزیكتر هەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێ تۆ زۆر هەڵە رۆیشتی, ئەوانەی لە ئەشماغێنە هەمووی وەزارەتی نەقل نین, هەیە گومرگە عایدی وەزارەتی مالییە, پەسەپۆڕەت و شتی وا هەیە عایدی وەزارەتی داخلییە, ئەگەر جێگایەكە فەرعی هەبێتن لە سلێمانی مودیریەی هەیە, بەلاَم مەرج نییە مودیریە عامە بێت, وەزیر خۆی دەتوانێت, ئەگەر زانی

پێویستی کرد گەورەی بکاتەوە, بڕیارێك لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دێت بە مەشروعێك جەلسەی بۆ دەکەین, بەلاَم ئێمە لە ئێستاوە بۆ گەورەی بکەین و, بەلێ.

**بەڕێز برهان سعید صوفی (وەزیری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ وەلاَمی ئەو خوشکە, ئێمە وەزارەتێکی نوێینە نامانەوێت گەورەی بکەین, یەعنی هەیکەل تەنزیمیەکەی زۆر گەورە بکەین.

دوو/ئێمە مودیریەتی نەقلی سلێمانیمان هەیە, هی دهۆکمان هەیە, هی هەولێرمان هەیە, هەروەها هەوا کەشناسی هەولێرمان هەیە, دهۆکمان هەیە, سلێمانیشمان هەیە, ئێمە لە هەموو قەزاکان فەرمانگەمان داناوە بۆیان, ئینجا فەرمانگەکە سەر بە مودیریەتی سلێمانییە, یان دهۆکە, یان هەولێرە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو کاك ئارام.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر تەئیدی ئەو بۆچوونە دەکەم, ئەگەر وەزارەت بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەبێت, کەواتە بڕگەی پێنجەم لەو ماددەیە زیادە, کەسێك نابێت بەشداری لە کۆبوونەوەی ئەو ئەنجومەن بکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سەرەتا باسمان لەسەر موئەسەسەکان کرد, موئەسەسەی مەتاڕی سلێمانی و هەولێر, ئێستا بوو بە بەڕێوەبەرایەتی, دوایی بوو بە موستەشار شتەکانمان لێ شێوا بەسەر یەکدا, جا من پێم باشە بە تەسەلسول وەکو باسم کرد, جا هەر بە تەسەلسول بێینە خوارێ, لەسەر ئەمەی موستەشارەکە, وەکو باقی وەزارەتەکانی دیکە کە هەر چوار موستەشاری هەیە, با ئەو فەقەرەیە بمێنێتەوە, فەقەرەی هێنانی موستەشاری دەرەوەی شار, جا حەقی دەنگدانی هەبێت, یان دەنگی وەربگیرێت, یان وەرنەگیرێت زۆر گرنگ نییە, لەبەر ئەوەی لە ماددەی سێ جەنابی وەزیر, لەبەر ئەوەی رەئیسی ئەعلایە بۆی هەیە ئەوامر و تەعلیمات دەر بکات, ئەگەر پێویستی بە خیبرەی ئیزافی بوو خارجی دەنگی ئەو چوار موستەشارە, با بە ئەوامرێك بە تەعلیماتێك خەبیرێك بانگ بکات و رەئیان لێ وەربگرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم موئەسەسەی تەیران لە مودیریە گەورەترە, دەتوانێت ئەو موئەسەسەیە مەتاڕی سلێمانی بیکاتە مودیریە عامە, ئەوە خۆیان دوایێ وەزیر پێشنیار دەکاتن, دەتوانێت بیکاتە مودیریە, من پێم باشە

موديريه بێت, ناوی گەورەی نەدەنێ بەڕاستی, موئەسەسەی تەیرانمان هەیە بەناو نییە خۆی, گرنگە, موهیمە ناوی بچووك بێت, گەورە بێت, ئەهمیەتی لەوە دایە چی گەورە بێت.

دوو/ بڕگەی شەش کە ئیزافە دەکرێت, ئەوە مەهامی مەجلیسی ئیستیشاری نالێتن موستەشار هەبێتن, یان نەبێتن, مەجلیسی ئیستیشاری لە کێ پێك دێت؟ لەو چوار موستەشارەی کە پێشتر ئاماژەی پێداوە لە تەشکیلاتی وەزارەت, ئێمە کە وتمان ئەو چوار موستەشارەی کە ئاماژەی پێداوە دروستن هەنە دەمجی بکەن لەگەڵ ئەوەی تر بڵێن مەجلیسەکە موستەشاری دەبێتن چ لە ناوەوە, چ لە دەرەوە, یەعنی لە ناوەوە خۆت چوارت داناوە, لەو چوارە دوانی دەهێنی بۆ ئەو مەجلیسە, لە دەرەوەش دوانی تر دەهێنی, سیانی تر دەهێنی تەحدیدمان نەکردووە, ئەوە مەهامی مەجلیسەکەیە, فەرموو کاك بورهان.

**بەڕێز برهان سعید صوفي (وەزیری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر پێشنیاری ئەو برادەرە کاك ئارام, دەڵێت موديريەتی عامە, ئێمە سێ موديريەتی عامەمان هەیە, موديريەتی عامەی دیوان, کەشناسی, لەگەڵ نەقل, جگە لە دوو موئەسەسە, یەعنی ئەمە پێنج کەس هەیە, جگە لە موستەشارەکە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فەرسەت و پێشتریش کاك رەشادیش پێشنیارێکیان ناردووە, لە بڕگەکەی دێینە سەری, لە تەشکیلاتی وەزارەتدا موئەسەساتی تەیرانی مەدەنی تەحدید دەکەین, ئەویش دوو موديريەتی عامەی دەبێتن, چەند موديريەتان هەیە؟ (مديرية عامة طيران في سليمانية, مديرية عامة طيران في اربيل), ئەگەر لە موستەقبەلدا دهۆکیش کراوە (مديرية عامة طيران في دهوك), دێینە سەر وی, باشە ئێستاکە ماددەکە, واتا کاك کەریم بڕگەی شەشەم نامێنێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە وەکو مولاحەزەیە بەڕاستی نازانم, مومکینە قابیلی نیاقاشیش بێت, ئێمە لە فەقەرەی دەڵێین رەئیسی موئەسەسەی مەتاڕ, ئەوە فەیدی ناکات, بەڵام مەتاڕی سلێمانی و مەتاڕی هەولێر دەولیەن مەعروفەو, لە ئەوساتی مەتاڕاتی دەولیش مەعروفە, ئەوە هیچ تەئسیر ناکاتە سەر ئیشوکارەکانیان, مەقسەدم ئەو خاڵەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەن لە هەندێ دەوڵەت دەڵێت (مؤسسة الطيران المصرية), یان (مؤسسة الطيران السورية), یان (مؤسسة الطيران اللبنانية), یەك موئەسەسەیە, هەشت نۆ مەتاڕیان هەیە, (حەلەبە, قامیشلییە), هەیە دەڵێتن (مديرية مطار قاميشلو, حلب) بەڵام یەك موئەسەسەیەیە, ناکرێت دوو موئەسەسە بێت لە وڵاتێکدا,

بەتایبەتی موئەسەسەکە هی حکومەت بێت, ئەگەر بوو بە مەتارِی ئەهلیش ئەوە کەیفی خۆتە, بەلاَم ئەوە هی حکومەتە, حکومەت دەبێت یەك موئەسەسەی هەبێت تەقسیمات, فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەوزیحێکم هەیە, ئەم موئەسەسەیە کە ئێستا نییە, ئەم دوو مەتارِە بەپێی قانون لە ژێر سەرپەرشتی ئەنجومەنی وەزیرانە, ئێستا ئێمە بەبی ئەوە ئەو ئەمرە لەغو بکەین, موئەسەسەیەکمان دروست کرد موئەسەسەکە وجودی نییە, ئایا ئەمە لە رووی قانونییەوە دەبێت؟ موئەسەسەیەك بۆ تەیرِان دروست دەکەین نییە, ئێستا ئەم دوو مەتارِە لە سەلاَحیەتی ئەنجومەنی وەزیرانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد ئەوەلەن ئەو پرۆژەیە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە, کە ئەو داخیلی کردووە موئەسەسەی تەیرِان, ئەنجومەنی وەزیران موافیقە موئەسەسەتی تەیرِان عایدی وەزارەتی نەقل بێت, ئەوە پرۆژەی ئەوانە, ئێمە لە رووی قانونییەوە پێمان باشە ئەو دوو موئەسەسەیە دوو موئەسەسە نەبێتن, تەسبیتی دەکەین لە قانوندا بۆ تەشکیلاتی وەزارەت و ئەوان پەیرەوی دەکەن, بەلاَم خۆی پێشنیارەکە لەوانەوە هاتووە, بە تەنیا خۆمان نین, نەوەك نا بە رەئی ئەوانمان دەکرد, کەواتە ئەوان موافیقن, کە ئەو موئەسەسەیە ببێتە موئەسەسەیەکی مەجلیس وزەرا لە رێگای وەزارەتی نەقلەوە, ئەو قانونەش تەسبیتی دەکاتن, بەلاَم ئایا دوو موئەسەسە بێت, یان نا, دیارە ئەوە موافەقەتان کرد یەك بێتن, بەپێی مەنتیق و بەپێی عورفی هەموو دنیا, ئەوە دیسان کاك فەرسەت مولاحەزەیەکی دا دەڵێت وەزارەت بە زووترین کات پرۆژەیەکمان بداتێ لە رێگای مەجلیس وزەرا بۆ موئەسەسەی تەیرِان, تەشکیلاتی و مەهامی دەبێت بە قانون بێت.

**بەڕێز کریم عبدالله بحری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم چۆن موئەسەسەمان بۆ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالان دروست کرد, هەر لێرە, هەر لێرەش لیژنەی یاسایی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی ئەو موئەسەسەیە پێك بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت کارەباوە خەبەرێکی ناخۆش دەڵێن لە سلێمانیەوە براوە, ئەگەر وا بروان نازانین, مانای وایە عامە لە هەولێریش کارەبا نەماوە, ئەگەر وا بێت دەبێت دانیشتنەکەمان دوا بخەین, فەرموو کاك بورهان.

**بەڕێز برهان سعید صۆفی (وەزیری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ وەلاَمەکەی کاك کەریم بەحری لەسەر ئەوە بوو ئێمە پرۆژەیەکمان هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ یەکخستنەوەی موئەسەسەی سلێمانی و هەولێر, لەبەر ئەوەی هەر یەکە بە شێوەیەك کار دەکات, لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەیە حازرە لە ئەنجومەنی وەزیرانەو تەقدیم بە پەرلەمان دەکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکە بهێنین, ئەوەی کە کاك کەریم گوتی یەعنی زۆر بە ئاسانی دەتوانین وەڵامی بدەینەوە, خۆ ئەگەر ئێمە شتێکمان بۆ وەزارەتێك کرد, مانای ئەوە نییە لەسەر وەزارەتێکی تر تەتبیق دەبێتن, هەر وەزارەتێك تەتبیقاتی خۆی هەیە, دوایێ مەسەلەی شەهیدان شتێکی ئیدارییە, ئەمە شتێکی فەنییە, دوو شتی جیاوازە مامۆستا کەریم بەحری, لیژنەی قانونیش ئینتیباهی ئەوەی کردووە, بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بیزەبت تەئیدی وەجهەی نەزەری جەنابتان دەکەین لەو رەئیە, دەمەوێت ئەوەش لێرە روون بکەمەوە, ئێمە لێرە یاسایەکمان دەرکردووە بۆ مەتاڕی هەولێر, رەنگە لە ئیدارەی سلێمانیش دەرچوو بێت, مومکینە ئەو دوو موئەسەسەیە لەوێ خۆیان ببیننەوە بەڕاستی, یەعنی ئەوە مەوزوعێکی وا سەهل نییە, مەوزوعێکی فراوان و دەزگایەکی فراوانی دەوێت بەڕاستی, نەك وەکو وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من جەلسەکە رەفع دەکەم بۆ نیو سەعات, ئەگەر کارەبا هاتەوە دێینەوە, ئەگەر کارەبا نەهات جەلسەکە دوا دەخەین بۆ رۆژی دوو شەممە سەعات (11) کۆ دەبینەوە, ئەگەر کارەباش هاتەوە نیو سەعاتی تر دەگەڕێینەوە بۆ کۆبوونەوەکە, بەڵام نیو سەعاتەکە وەکو دوێنێ عەرزم کردن سانیەکان (320 و 420) و ئەوانە نەبێتن, زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(کمال کرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 2\10\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10)

## دوو شەممە رێکەوتی 2006/10/2

کاتژمێر (11,15)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2006/10/2 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (10)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی گواستنەوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ژینگە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11,15)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2006/10/2دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی گواستنەوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ژینگە.

سەرەتا بەخێرهاتنی هەردوو وەزیری بەڕێز وەزیری گواستنەوە کاك بورهان, وەزیری ژینگە کاك دارا, وەزیری هەرێم بەڕێز کاك سەعد دەکەم, کە بەشدارن لەم کۆبوونەوەیە, داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم کە بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن, هەر بۆ مولاحەزەیەك بۆ خوشك و برایانی بەڕێز و ئەندامانی پەرلەمان, خۆتان دەزانن پرۆژەیەکی زۆرمان لەبەر دەستەو لە پێشمانە, بۆ ئەوەی وەکو یاسا پەسندی بکەین, ئەو یاسایانەی پەیوەندیان بە وەزارەتەکەوە هەیە, یاسایەکمان دەرکردووەو, ئەوەی ماویشە ئەو چەند یاسایەی لە وەزارەتی پێشوو هەندێك هەڵەی تێدا بوو پێی ماندوو بووین, ئێستاکە تەقریبەن ئەوانی تر بۆنەتە رۆتین تەشکیلاتی وەزارەتەو یەعنی شتێکی ئەوتۆ نییە, لەبەر ئەوە تۆزێك هاوکاری سەرۆکایەتی و لیژنەی

یاسایی بکەن, بۆ ئەوەی بە پەلە ئیشەکان جێ بەجێ بکەین, ئینشائەڵلا پێشی جەژن هەمووی تەواو دەکەین, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە دانیشتنی پێشتر گەیشتینە ماددەی پێنج, ئەگەر پێتان باش بێت ماددەی پێنج دەخوێنینەوە, لەگەڵ رەئی لیژنەی قانونی گوێ دەگرین, پاشان دەست بە موناقەشە دەکەین, زۆر سوپاس.

المادة الخامسة:

صلاحيات المجلس:

1-رسم واقرار السياسة العامة السنوية والمرحلية وبعيد المدى للوزارة.

2-اعداد الميزانية السنوية والحسابات الختامية للوزارة ورفعها الى الجهات المختصة.

3-ابرام الاتفاقات والعقود في مجال النقل مع الشركات المحلية وكذلك مع الاجنبية بعد استحصال موافقة الجهات المعنية.

4-اقرار خطة تطوير عمل الوزارة.

5-تنفيذ مشاريع النقل مع الشركات المحلية وفق المعايير المعتمدة.

6-استحداث ودمج والغاء مديريات واقسام عند الاقتضاء.

ئێمە لە راپۆرتەکە ئیشارەتمان بەوە داوە لە لیژنەی قانونی کە فەقەرە شەش لە ماددەکە حەزف بکرێت, بەڵام دوایێ کە ورد بووینەوە لە ماددەکە بە حەقیقەت, ئەم دەسەڵاتانە هی مەجلیسێکی ئیستیشاری نییە, ئەو مەجلیسە خۆی لە خۆیدا تەقدیمی تەوصیات دەکات, تەقدیمی موقتەرەحات دەکات, تەقدیمی تەوصیات دەکات خیتە دادەنێ بۆ وەزارەت, ئەوانەی تر هەمووی عیلاقەی بە وەزیرەوە هەیە, جگە لە فەقەرەی شەش نەبێت, ئێمە پێمان باشە تەنزیمی ئەو ئیشوکارەو چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو ئیشوکارە بە نیزام موعالەجە بکرێت, ئەگەر جەنابی وەزیر موافیق بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز برهان سعید صوّفی (وەزیری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لە رەئیەکەی لیژنەی قانونی دەکەم, لەبەر ئەوەی هەمووی لە سەلاحیاتی خۆمانە, کاتی خۆشی دوو موئەسەسە بوون, موئەسەسەی سلێمانی و, موئەسەسەی هەولێر, لەبەر ئەوە وای لێهات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی چوار چی لێهات کاکە, دەنگمان لەسەر داوە, یەعنی ئێستا پێشنیارتان ئەوەیە, کە ماددەی پێنج, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ماددەیەکمان داناوە بۆ دیاری کردنی مەهام و تەشکیلاتی وەزارەت و, مەجلیسی ئیستیشاری بەشێکە لە تەشکیلاتی وەزارەت, ئیمکان هەیە لەوێ ئەو مەسەلانە چارەسەر بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان ئەگەر زەحمەت نەبێت ماددەی چوار کاك فەرسەت پێی وایە ئێمە دەنگمان لەسەر ئەوە دا کە ڕەئیسی موئەسەسەی تەیڕان لەسەر هەموو ماددەکە دەنگمان نەداوە, بۆیە ماددەکە هەمووی بخوێنەوە, بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

المجلس الاستشاري

يتألف المجلس الاستشاري للوزارة من:

1-الوزير:رئيسا

2-وكيل الوزارة:نائب الرئيس.

3-رئيس مؤسسة الطيران المدني في الاقليم:عضوا.

4-المدراء العامين في الوزارة:اعضاء.

5- مدير شؤون القانونية:عضوا.

6- خبراء ومستشارين من داخل الوزارة وخارجها في مجال النقل الذين يراهم المجلس حضورهم ضرورياً اعضاء, على ان لا يزيد عددهم عن اربعة وليس لهم حق تصويت.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم:

ئەنجومەنی ڕاوێژکاری:

ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەت لەمانە پێك دێت:

1-وەزیر: بە سەرۆك.

2- بریکاری وەزارەت: بە جێگری سەرۆك.

3- سەرۆکی دامەزراوەی فڕۆکەخانەی مەدەنی لە هەرێم: بە ئەندام.

4- بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت: بە ئەندام.

5- بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی: بە ئەندام.

6- راوێژپێکراوان و شارەزایانی بواری گواستنەوە: لە ناوەوەی وەزارەت و دەرەوەی ئەوانیە کە ئامادە بوونیان بە زەروور دەزانرێت بە مەرجێ لە چوار ئەندام تێ نەپەڕێ و مافی دەنگدانیان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی پێنج کە خوێنتەوە, هیچ مولاحەزەتان نییە لەسەری, ئەگەر مولاحەزەتان نییە لەسەری بۆ ئەوەی جارێکی تر بخوێندرێتەوە بیخەینە دەنگدان, کاك شێروان کەس مولاحەزەی نییە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو ماددەی ئێمە پێشنیارمان کرد ئیحالەی نیزام بکرێت, جەنابی وەزیریش موافەقەتی کرد, ئینجا بەو حیسابە بێت دەبێت ئەو پێشنیارە بدرێتە دەنگدان کە ئیحالەی نیزام بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی کاك شێروان بچینە ماددەی چی, چی لێ بکەین.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی مەجلیسی ئیستیشاری خۆی لەخۆیدا ناوەکە بە خۆیەوە ئیستیشارات تەقدیم دەکات, تەوصیات تەقدیم دەکات, موقتەرات تەقدیم دەکات, حەقی ئیعدادی میزانیەی نییە, حەقی میزانیە, حەقی وەزارەتە, ئەوە یەك, ئیبرامی ئیتیفاقیات ئەوە حەقی وەزارەتە, رەسمی قەرارو سیاسەی عامیش موقتەراحات تەقدیم دەکات, رەزامەندیی وەزارەتی پێ وەردەگرێت, یان پێی وەرناگرێت, تەنفیزی مەشاریع عیلاقەی بە مەجلیسی ئیستیشارە نییە, ئەگەر تەوصیاتێك هەبێت, ئێمە مەشورەتێکی پێ بکەین, تەنها فەقەرە شەش نەبێ, بە قەناعەتی ئێمە ئەوانە هەمووی خارجی سەلاًحیاتی مەجلیسە, چونکە ئیشوکاری مەجلیسەکە ئیشێکی ئیستیشارییە بە تەوصیاتەوەو بە موقتەرەحاتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مانای وایە هەموو ئەو فەقەرانە حەزف بکەین, بەس فەقەرەی شەش ببێتە ماددەیەك, کەواتە موقتەرەحەکە ئەوەیە ئەو ماددەیە هەمووی ئیلغا بکرێت, فەقەرە شەشیش لە شوێنێکی ترە ئیزافە بکرێت, دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ ماددەی پێنجەم ئیلغا کرا, ماددەی شەش فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

يجتمع المجلس مرة واحدة كل شهر على الاقل وكلما دعت الحاجة وبدعوة من الوزير ويتم النصاب بحضور اكثرية الاعضاء وتتخذ القرارات باكثر الاصوات وعند التساوي يرجح الجانب الذي فيه الوزير.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنيارات بلێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو ليژنەی ياسا لەگەڵ ئەوەين كە ئەو ماددەيەش بچێتە نيزام, چونكە ئەوە عيلاقەی بە چۆنيەتی بەڕێوەبردنی ئيشوكاری مەجليسی ئيستيشاری هەيە, عيلاقەی بە كۆبوونەوەكان هەيە, عيلاقەی بە چۆنيەتی قەرار وەرگرتن هەيە, ئەوە لە نيزام ئيمكانيەت هەيە وەزارەت دەتوانێت نيزامێك دابنێت و چارەسەری ئەو مەسەلەيەش بكات, بۆيە ئێمە لەگەڵ ئەوەداين ئەو ماددەيەش ئيحالەی نيزام بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزيری گواستنەوە موافيقی.

**بەڕێز برهان سعيد صۆفی (وەزيری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

من پشتيوانی رەئيەكەی ليژنەی قانونی دەكەم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە ئەو ماددەيەش ئيقتيراح كرا ئيلغا بكرێت, بەڵام دوايێ نەصێك دەبێت هەبێت باسی ئەوە بكات, قسەت هەيە كاك كەريم.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە ئەو ماددانەمان ئيلغا كردەوەو نەمان هێشتن, دەبێت ماددەيەكی ديكە دابنێين, جێی ئەوە بگرێتەوە, بڵێين (تحدد مهام واجتماعات المجلس بنظام خاص تصدرها الوزارة), شتێكی وا دابنێين, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە داخيلی دەكرێت, بەڵام لە چوارچێوەی وەزارەتەكە خۆی, كەواتە ئەو ماددەيەش ئيلغا دەكەين, دەيخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دايە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نييە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ ماددەكە ئيلغا كرا, ئەگەر بتوانن لێرە ئيزافە بكەن كاك فەرسەت وا ئيقتيراح دەكات, ئەگەر صيغەكە لە لاتان حارز بێت باشە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئیمكان هەیە ئەوە لێرە چارەسەر بكەین, بەڵام پاشی ئەوەی ئێمە دەچینە تەشكیلاتی وەزارەت, ئەگەر فەقەرەی مەهام و ئەوانە بخەینە پاش تەشكیلاتەكە شاملی هەمووی دەبێت لە چوارچێوەی وەزارەت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

تشكيلات الوزارة:

اولا:تتألف الوزارة من:

1-مكتب الوزير:يراسه موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

2-مكتب وكيل الوزارة:يديره موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

3-دائرة الشؤون الادارية والمالية:يراسها موظف بدرجة مدير عام ذو الخبرة والاختصاص حاصل على الشهادة الجامعية الاولية.

4-دائرة شؤون النقل البري والسكك الحديدية:ويراسها موظف بدرجة مدير عام ذو الخبرة والاختصاص وله شهادة جامعية اولية.

5-دائرة الانواء الجوية والمرصد الزلزالي: يراسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية.

6-مؤسسة المطار الدولي في اربيل:ويراسها موظف بدرجة وكيل وزارة حاصل على شهادة جامعية اولية ويرتبط بالوزير مباشرة.

7-مؤسسة المطار الدولي في السليمانية:ويراسها موظف بدرجة وكيل وزارة حاصل على شهادة جامعية اولية ويرتبط بالوزير مباشرة.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:

پێكهاتەكانی وەزارەت:

یەكەم: وەزارەت پێك دێت لە:

1-نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكات, بڕوانامەی زانكۆیی هەبێ و چەند فەرمانبەرێكیش یاریدەی دەدەن.

2- نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكات, بڕوانامەی زانكۆیی هەبێ و ژمارەیەك فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

3- دایەرەی كاروباری كارگێری و دارایی: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتی دەكات, كە شارەزایی هەبێ و پسپۆڕ بێ و, بڕوانامەی زانكۆیشی هەبێ.

4- دایەرەی كاروباری گواستنەوەی زەمینی و هێڵی ئاسمانی: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتی دەكات, كە شارەزایی هەبێ و پسپۆر بێ و, بڕوانامەی زانكۆیشی هەبێ.

5- دایەرەی كەشناسی و رەسدی بومەلەرزە: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتی دەكات, بڕوانامەی زانكۆیی هەبێ.

6- دەزگای فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر: فەرمانبەرێك بە پلەی بریكاری وەزارەت سەرۆكایەتی دەكات, بڕوانامەی زانكۆیی هەبێ, یەكسەر بە وەزیرەوە دەبەسترێتەوە.

7- دەزگای فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی: فەرمانبەرێك بە پلەی بریكاری وەزارەت سەرۆكایەتی دەكات, بڕوانامەی زانكۆیی هەبێ, یەكسەر بە وەزیرەوە دەبەسترێتەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راى اللجنه القانونيه باللغه العربيه:

اما بالنسبة للمادة السابعة تقترح اللجنة مايلي:

1. الغاء الفقرتين 1و2 من المادة لسبق نقلهما الى المادة الثالثة.

2. جعل صياغة المادة كالاتي:-

تتألف الوزارة من المديريات العامة التالية:

أولاً: المديرية العامة للشؤون الإدارية والمالية: يرأسها ويديرها موظف حاصل على شهادة جامعة اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص .

ثانياً: المديرية العامة لشؤون النقل البري و السكك الحديدية: يرأسها ويديرها موظف حاصل على شهادة جامعة اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص .

ثالثاً: المديرية العامة للانواء الجوية والرصد الزلزلي: يرأسها ويديرها موظف حاصل على شهادة جامعة اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

رابعاً: مؤسسة المطار الدولي في اربيل: يرأسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعة اولية ويرتبط بالوزير مباشرة.

خامساً: مؤسسة المطار الدولي في السليمانية: يرأسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعة اولية ويرتبط بالوزير مباشرة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كە بوو بە (المؤسسة العامة للطيران المدني في الاقليم), یان (طيارات مدني), یان (دولي), لە بەغداش وایە (طيران دولي في الاقليم), ئەخیرەكەی ئەوە ئیزافە بكەن, كەواتە (المؤسسة طيران دولي في الاقليم), دواتریش (المديرية العامة في اقليم كوردستان), (المديرية العامة للطيران الدولي في السليمانية), (المديرية العامة للطيران الدولي في اربيل), (المديرية العامة للطيران المدني) راستترە, مولاحەزەی كاك محەمەدی راستە (المديرية العامة للطيران المدني), فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم (المؤسسة العامة للطيران المدني في الاقليم كوردستان), دەبێت لە ئاخیرەكەشی بۆ تەشكیلاتەكەی بنووسرێت (وتنظم تشكيلاتها بقانون), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە گوتمان لە ئاخیر ماددەیەك دەبێتن, ئاخیرەكەی دەبێت ماددەیەك ئیزافە بكەن (تنظم تشكيلات المؤسسة العامة للطيران المدني بقانون).

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم باشە ناوی هەولێر و سلێمانی هەر نەبێت, ببێتە بەڕێوەبەرایەتی, یان دەزگای تەیران لە پارێزگاكانی كوردستان, ئەوە یەك, بەس قسەیەكی ترم هەیە جەنابت باسی ئەوە دەكەی كە كات لەبەر چاو بگرین, كەچی لێرە جارێك بە كوردی, جارێك بە عەرەبی دەخوێندرێتەوە, ئەوە ساڵێكیشە ئێمە داوا دەكەین كە هەر بە كوردی بخوێندرێتەوە, وا كوردیەكەش پێش عەرەبیەكە دەخرێت, لە كاتێكدا لە كوردستان بەپێی یاساش بێت كوردی زمانی یەكەمە پێشی زمانی عەرەبی, ئێمە هەم لەبەر كاتەكە, هەم برادەرانی لیژنەی یاسایی زۆر جوان تەرجومەیان كردووە, كوردیەكەش لەبەر دەستمانە هیچ ئەشكالێك نییە بەڕاستی هەم كاتەكەشمان بۆ دەگەڕێتەوەو, هەمیش كوردیەكە زیاتریش بەیاخ و گرنگی پێ دەدرێت, لەبەر ئەوە داوا كارین لەمەودوا هەر بە كوردیەكە بخوێندرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەنگە بەنیسبەت تۆ موشكیلە نەبێتن, بەڵام بەنیسبەت ئێمەوە موشكیلەیە, هەتا ئێستا موستەڵەحاتی عەرەبییە نەبۆتە كوردی, ئینشائەڵلا رۆژێك دێتن هەموو موستەڵەحاتمان وەكو عەرەبی دەبێتن لە هەموو رووێكەوە لە رووی قانونی و هەموو شتێكەوە دەكرێتن, بەڵام ئێستاكە بە تەنیا كوردی خەلەلی هەیە, ئێستا ئەو دەستوورە دانراوە بە هەموو تەرجومەیە, بە هەموو گرنگیەی كە بە تەرجومە دراوە دەیان جار ئیعادەی نەزەر كراوەتەوە, ئینجا مولاحەزاتێكی زۆر هاتووە لەسەر ناحیەی قانونی و ناحیەی زمانەوانی,

رەئی لیژنەی قانونی دەکرێت هەر لەوێ ئەو ئیقتیراحەی کاك کەریم باسی کرد (وتنظم تشکیلاتها بقانون) ئیزافە بکرێت, بەڕێز وەزیری گواستنەوە مولاحەزەت نییە لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە باس کرا.

**بەڕێز برهان سعید صۆفی (وەزیری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی دەبێت بە مەتاری مەدەنی بنووسرێت, یەعنی تەیڕان مەدەنی لە هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوتمان ئەگەر بنووسرێت تەیڕان دەبێت بنووسرێت تەیڕان مەدەنی, ئەگەر بنووسرێت مەتار دەبێت بنووسرێت مەتاری دەولی, بەلاّم مادام تەیرانە دەبێت تەیڕان مەدەنی بێت, ئەگەر ئیجازە هەبێت وشەی تەیڕان, یاخود مەتار, هەرچەندە دەنگمان بۆ دا دوەلییە, یان مەدەنییە, ئەو وشەیە بە ئیجازەی ئێوە ئەگەر دەنگی بۆ بدەن لیژنەی قانونی خۆی ساغی بکاتەوە بەو صیغەیەی کە مولائیمە لە رووی قانونییەوە بنووسێتن, ئەگەر ئیجازە بدەن دەستتان بەرز بکەنەوە, چونکە ئەو وشەیە دەنگمان بۆ دا سەلاّحیەتی بدەینە لیژنەی قانونی چاکی بکاتەوە, (طیران مدني) (مطار دولي) زۆر ساغ نییە لە لامان دواتر چاکی بکەنەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو دەسەلاّتەیان بدەینێ دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ بڕیاری لەسەر درا, ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

4- المديرية العامة للطيران الدولي في اربيل: ويراسها مدير حاصل على الشهادة الجامعية الاولية ويرتبط بالوزير مباشرة.

5- المديرية العامة للطيران الدولي في السليمانية: ويراسها مدير عام حاصل على الشهادة الجامعية الاولية ويرتبط بالوزير مباشرة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم تەخویلمان کردن, بەلاّم حەسمەن بۆ خیلافات کاك شێروان (مؤسسة طيران المدني في الاقليم), ئەویتریش (المديرية العامة للمطار الدولي في اربيل) و (والمديرية العامة للمطار الدولي في السليمانية), ئەوە حەسمی دەکات, ئەوە باشە, ئەوە حەسم بوو ئینشائەڵلاّ, ئەگەر بیخوێننەوە بۆ ئەوەی ماددەکە هەمووی بخەینە دەنگدان, نوقتەی نیزامە فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەوەکەی وەزارەت خۆی هاتووە دائیرەی ئەنوائی جەوی, ئەوانە کردیانە بە مودیریەی عامە, دائیرەی ئەنوائی جەوی چەند فەرمانبەرێکی فەنی دەوێت, کە خۆیان ئیشی لەسەر بکەن پێی ناوێت مودیریەی عامە بێت, وەکو خۆی لە وەزارەت هاتووە دائیرەی ئەنوائی جەوی کافییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عادەتەن کە ناوی دائیرە دێت فەرمانبەرێکی لەوێ دادەنێن دەرەجەی نابێت لە دەرەجەی مودیر عام کەمتر بێت و, مەسەلەی دەوائیر لە لای ئێمە موتەبع نییە, لە بەغدا دەوائیر موتەبەعە, بۆیە ئەوەی موتەداوەلە لێرە مودیریات عامەیە, بۆیە بەو نەسەقە ڕۆیشتووین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ئیزافەیەك کاك شێردڵ, بۆچی هەر مودیریە عامە, چونکە هەر هەولێر و سلێمانی نییە, ئەنوائی جەوی لە قەزاو ناحیە و شارەکان دەبێت هەموو هەبێتن, شەرت نییە ئیلا مەتار هەبێت ئینجا ئەنوائی جەویت هەبێتن, جەنابی وەزیری گوستنەوە ڕەئی لەسەر ئەوە.

**بەڕێز برهان سعید صۆفی (وەزیری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە پێشنیارەکەی کاك شێردڵ ئەوەیە کە هەر مودیریەت بێت, ئێمە هەر خۆمان سێ مودیریەتمان هەیە مودیریەتی هەولێرمان هەیە, هی دهۆکمان هەیە, هی سلێمانیشمان هەیە, چەند فەرمانبەرێکی زۆرمان لەوێیە.

دووەم/ حەڤدە مەحەتەمان هەیە هی بومەلەرزە و ئەوانە, ئێستا مافمان بەوە پێ دەدرێت لە هەموو شوێنەکانی تر ئەوەی پێویستی بێت نوقتە حدودیەکان مەحەتەی لێ دابنرێت هی زلزالی, لەبەر ئەوە ئێمە بە پێویستی دەزانین ببێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی موئەسەسەی تەیران و ئەو مودیریاتەی کە ڕەبتن بە وەزیر, هەرسێکیان ڕەبتن بە وەزیر ئیزدیواجیە دروست ناکات, چونکە موئەسەسە ڕەبتە بە وەزیر, ئەو دوو مودیریەتەش ڕەبتن بە وەزیر, ئەی مەوقیعی موئەسەسەکە چییە؟ مەسئوولیەتی موئەسەسەکە چییە؟ ئیزدیواجیەت دروست ناکات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو مودیریەتەکە ڕەبتی موئەسەسەکەن, ڕەبتی وەزیر نین, ئەوە غەڵەتە, ئەوە صیغەی کۆنە, پێشتر دوو موئەسەسە بوو هەر موئەسەسەیەك ڕەبتی وەزیر بوو, موئەسەسەکە بە تەنیا دانران مودیریاتەکان تابعی موئەسەسەن, ئەوە تەصحیحی دەکەن, کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو تێبینی دەکرێت پێکهاتەی موئەسەسەکە تەئشیر نەکراوە لە قانون, دەبێت هەیکلی ئەو موئەسەسەیە لە زیمنی قانون بێتن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوتمان (تنظم ذلك بقانون), باسمان کرد, یەعنی کەوامان گوت تەشکیلاتەکە هەر لەویێ ئیزافە دەکرێتن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەجالمان بدەیێ, ئێمە لە سەرەتای موناقەشەش گوتمان ماددەی سێ و چوار و حەوت هەمووی عیلاقەی بە هەیکلی تەنزیمی هەیە, ئەو پاش و پێشەی کە کراوە, ئێمە هەموو بەشێوەیەکی مونەسەق دەینینە خوارێ لە ماددەی یەك, دوایێ بە بیرتان دەهێنینەوە, بۆ ئەوەی ئەو ماددانەی کە عیلاقەی بە هەیکەلیەتی وەزارەتەکەوە هەیە بدرێتە دەنگدان بە ماددەیەکی موەحەد بێنینە خوارێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئێستا حارزتان نەکردووە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گۆڕانکاری هاتە سەری, ئێستا مەسەلەی موئەسەسە هاتە گۆڕێ, مەسەلەی مەتار هاتە گۆڕێ تەداخولات بوو, بەس ئێمە دەتوانین عیلاقەی بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس من پێم وایە زۆر وازیحە دەنگدانیشی لەسەر بکەین, دوایێ صیغەکەی بدەینە لیژنەی قانونی بۆ ئەوەی بیکاتن, ئەوە باشترە, ئێستا گۆڕانکاریەکە وا بوو دوو موئەسەسەکە بوو بە یەك موئەسەسە لە هەرێم, مەتاری هەولێر و مەتاری سلێمانی بوو بە مودیریەی عامە سەر بە موئەسەسەکە دەبن, پاشانیش تەشکیلاتی موئەسەسەکە بە یاسایەك دیاری دەکرێتن, ئەو گۆڕانکاییە بووە, جا کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەی کە خوێندرایەوە کە ئیزافەم کرد دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, دوو کەس لەگەڵ دانین بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, دواتر لیژنەی قانونی ئەو سێ ماددەیە کە هەمووی عیلاقەی بە تەشکیلاتی موئەسەسەوە هەیە بەو تەعدیلاتەی کە ئیزافەتان پێ کرد, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە کە دەنگ دەدەین بە شتێك, دوایی سەلاحیات دەدەین بە لیژنەی قانونی هەموو شتێك بکات, ئەوە هیچ قانونی نییە, یەعنی عادەتێکی خراپیشە, یان ئەوەتە بە راست و رەوانی دەنگی لەسەر بدەین,

یان ئەوەتە تەئجیل بکرێت، حەسم بکرێت، چونکە لیژنەی قانونی سەلاَحیات نەدەنە ئێمە، کێ دەڵێ شتێك دەکەن ئێمە بە دڵمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم/ ئەوە خاڵی نیزام نییە، حەسم بوو و تەواو بوو.

دووەمیش/ دەسەلاَتمان نەداوەتە لیژنەی قانونی ماددەکە بگۆڕێت، دەسەلاَتەمان داوەتە لیژنەی قانونی صیاغەکەی بگۆڕێت، دوو ماددەکە خوێندراوەتەوەو دەنگیشمان بۆ دا، لەو ماددەیەش گۆڕانکارییە گوتمان دوو موئەسەسەکە دەبێتە یەك موئەسەسە شەرحمان کرد، هەرچەندە دەنگیشمان بۆ دا، بەلاَم بۆ ئەوەی خاڵی نیزامەکە وازیح بێتن، تەنیا دوو کەس موعتەریزە، بە زۆرینەی دەنگ هەموو موافیقن، مانای وایە دوو کەسەکەتان وجهەی نەزەری راستە لەگەڵ رێزم بۆ رەئیتان، بەلاَم فەرقەکەی ئەوەندەیە دوو موئەسەسەکە بوو بە موئەسەسەیەك (مؤسسة طیران الدولي في الاقلیم)، مەتاری هەولێر هەیە بوو بە مودیریەی عامە، مەتاری سلێمانی هەیە بوو بە مودیریەی عامە، تەشکیلاتیان بە قانونێك دەردەچێت، ئەوە بۆ ئەوەی کاتی نەکوژین و ئەوانە، صیاغەکەی بەو ئیتیفاقەی کە کرا دەدەینە لیژنەی قانونی صیاغەی بکات، ئەگەر خیلافێکی هەبوو لە دوارۆژ، دەتوانن لە رۆژنامە بنووسن، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ماددە هەشت دەخوێنینەوە لە ئەسڵی مەشروعەکە، تەبعەن صیاغەکەی بە رێك و پێکی نەهاتووە، ئێمە صیاغەیەکی ترمان بۆ داناوە.

المادة الثامنة:

تحدید تشکیلات ومهام الوزارة بنظام.

ئەوەی ئێمە دامان رشتووە لە لیژنەی قانونی بەو شێوەیە کاك عەونی دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا رەئی لیژنەی قانونی بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە، سەبارەت بە ماددەی هەشت و نۆ لە پرۆژەکەدا:

اما بالنسبة للمادتین الثامنة والتاسعة تقترح اللجنة دمجهما بمادة واحدة وبثلاث فقرات وصیاغتها کالآتي:

اولاً: یحدد بنظام مهام واختصاصات تشکیلات الوزارة.

ثانیاً: للوزیر إصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون.

ثالثاً: للوزیر استحداث او دمج او الغاء اي من المدیریات والاقسام والشعب ضمن تشکیلات الوزارة وفقاً لمتطلبات عملها عند الاقتضاء.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی.

هەرچی ماددەی (هەشتەم نۆیەمە), ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات بکرێن بە یەك ماددەی سێبڕگەیی و, بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

یەکەم: ئەرکوفرمان و ئیشە تایبەتەکانی پێکهاتەی وەزارەتەکە بەپێرۆ دیار دەکرێن.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ بە سانایی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە لە پێکهاتەی وەزارەتەکەدا بەپێی پێداویستی ئیشەکانیان بکاتەوە, یان بەکیان بخات, یان ئیلغایان بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای جەنابی وەزیری گواستنەوە لەسەر ئەو پێشنیارانە.

**بەڕێز برهان سعید صوفی (وەزیری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە رەئیەکەی لیژنەی قانونی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو دوو ماددەیەی کە خوێندرایەوەو پێشنیاری لیژنەی قانونی و جەنابی وەزیری گواستنەوەش موافیقە لەسەری, ئێوەش کەس ئیعتیرازی نییە لەسەری, دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بێینە سەر ماددەکانی کۆتایی, ئێمە لە ماددە پێنج لە سەلاحیاتی مەجلیس فەقەرەیەك هەبوو بەر ئیلغا کەوت, بەلام مانای ئەوە نییە ئەو فەقەرەیە پەیوەندی بە وەزیرەوە نییە, بە پێچەوانەوە, پەیوەندی بە وەزیرەوە هەیە, ئێستاش لێرە شوێنەکەی خۆیەتی ئەو فەقەرەیە زیندوو بکەینەوەو گفتوگۆی لەسەر بکەین, ئەویش ئەوەیە وەزیر بۆی هەیە ئیبرامی ئیتفاق و عقود بکاتن لە مەجالی گواستنەوە لەگەڵ شەریکاتی مەحللی و ئەجنەبی, پاش وەرگرتنی موافەقەتی جیهاتی موختەس, ئەوە لەغو کرا, پێویستە لێرە لە ماددە یەکدا عیلاج بکرێت, ئەوەش مەفتوحە بۆ ئێوەی بەڕێز و ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

صیغەیەکتان هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو صيغەيەی کە لە وەزارەتەوە هاتووە, با بڵێين (ابرام اتفاقيات والعقود في مجال النقل مع الافراد والشركات المحلية وكذلك مع الاجنبية بعد استحصال موافقة الجهات المعنية), موافەقەتی جيهەی مەعنی بەنيسبەت وەزارەتەکانی دیکە ئەنجومەنی وەزيرانە, جا ئەگەر بەو صيغەيە بێينە خوارێ (للوزير حق ابرام اتفاقيات والعقود في مجال النقل مع الافراد والشركات المحلية وكذلك مع الاجنبية بعد استحصال موافقة المجلس الوزراء), ئەوە خراپ نييە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هيچ مولاحەزەت هەيە.

**بەڕێز برهان سعيد صوٚفی (وەزيری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر هيچ مولاحەزەم نييە, پشتيوانی لە ڕەئيەکەی ليژنەی قانونی دەکەم, بۆ شەريکاتی ئەجنەبی دەبێت موافەقەی ئەنجومەنی وەزيران وەربگرين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەجنەبی موافەقەتی ئەنجومەنی وەزيران باشە, بەڵام مەحەلی بۆ چييە؟

**بەڕێز برهان سعيد صوٚفی (وەزيری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هی مەحەلی نازانم, ئاخير دوو ماددەکە تێکەڵە, دەڵێت بۆ مەحەلی و ئەجنەبی, هی ئەجنەبييەکە ئەنجومەنی وەزيرانە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی ئێمە هی مەحەليش پێی دەوێت, چونکە مەسەلەی مەبلەغی عقودەکە دەور دەبينێت, هەندێك سەلاحيات هەيە هی ئەنجومەنی وەزيرانە, ڕەنگە هەندێکيش هەبێت هی وەزارەت بێت, ئەگەر لەبەر ئەوە, ئەگەرنا پێم باشە مەحەليش داخيل بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بورهان فەرموو.

**بەڕێز برهان سعيد صوٚفی (وەزيری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن نازانم ئەوە مەسەلەن ئێستا لە مەتار هەيە نەوت دەکڕين, خۆی ئەو موئەسەسەيە موئەسەسەی سلێمانی مەتاری سلێمانی خۆی, هەولێريش خۆی دەسەلاتيان هەيە ئێستا بۆ خۆيان دەکڕن, بەڵام لەگەڵ

شەریکاتی ئەجنەبی لە مەحەلی، یەعنی ئەوان خۆیان ئێستا دەسەلاتیان هەیە، بەس لەگەڵ ئەجنەبی ئەوە ئەنجومەنی وەزیران خۆیان ئەو دەسەلاتەیان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش لەگەڵ رەئی وەزیرم بەڕاستی، هی داخیلی دەسەلاتی خۆیان بێت، تۆزێك لا مەرکەزیەت هەبێتن، پارەکە دەچێتە بانك بە حیسابی وەزارەت خۆی تەحدید کراوە، ئەگەر پارەی تێدا بێت و ئەوانە، بەلام هەموو شتێکی بچووك و گەورە بچێتە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵێ کاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێت بکرێتە (أ و ب) ئەجنەبیەکەو مەحەلەیەکە جیا بکرێتەوە، واتا بکرێتە دوو فەقەرە ئەجنەبیەکە موافەقەی ئەنجومەنی وەزیران بێت، ئەوەی مەحەلی لە سەلاحیەتی وەزیر بێت.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە رەئی جەنابی وەزیر دەکەین، بە حەقیقەت ئەگەر سەلاحیەتی ئەوەی نەبێت ئیتیفاقیات لەگەڵ شەریکەی مەحەلی بکات، ئەی سەلاحیاتی چی هەیە، ئەوە یەك.

دووەم/ پێم وایە لە بڕگەی ئاخیر دەبێت بە موافەقەتی جیهاتی مەعنیە بگۆڕێت، دەبێت بکرێتە (مجلس الوزراء)، سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە بۆچوونەکەی وەزیر دەکەم، سەبارەت بەوەی کە ئەوەی مەحەلی پێویستی بە ئیستحصالی موافەقەی ئەنجومەنی وەزیران نەبێتن، بەلام ئەوەی ئەجنەبی دەتوانین لێرەدا لە صیاغەکەدا بڵێین (وکذلك مع الاجنبية ولكن بعد استحصال الموافقة)، ئەگەر (ولكن)ەکەمان ئیزافە کرد، پێم وایە ئیستحصالەکە بەس بۆ ئەجنەبیەکە دەگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان زەحمەت نەبێت ناخوێنیەوە جارێکی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(للوزير ابرام الاتفاقيات والعقود في مجال النقل مع الافراد والشركات المحلية وكذلك مع الاجنبية بعد استحصال موافقة الجهات المعنية)، ئەوە ئەسڵی مەشروعەکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حا ئەگەر ئێمە بەس یەعنی بە تەنیا باسی ئەجنەبی بکەین, ئەوەی تر مەفهومی بەدیهییە کە دەسەلأتی وەزیرە بلێیت (ابرام الاتفاقيات والعقود في مجال النقل مع الافراد والشركات المحلية وكذلك مع الاجنبية بموافقة المجلس الوزراء).

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە صیغەکە بەو شێوەیە بێتن (ابرام الاتفاقيات والعقود في مجال النقل مع الشركات الاجنبية (بعد استحصال موافقة الجهات المحلية) والشركات المحلية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(للوزير ابرام الاتفاقيات والعقود في مجال النقل مع الشركات والجهات الاجنبية بعد موافقة مجلس الوزراء).

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیر بۆی هەیە ڕێککەوتننامە لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان لە بواری گواستنەوەدا مۆر بکات, دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی ئێستا موداخەلەکان وا بوو لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی قانونی نەبوو, تەئیدی ڕەئی وەزیری دەکرد, کە عقودی خارجی تەنیا دەبێتن, خوێندرایەوە, دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, کاک عەونی جارێکی تر بخوێنەوە, بۆ ئەوەی جارێکی تر تەسبیت بکات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(للوزير ابرام الاتفاقيات والعقود في مجال النقل مع الشركات والجهات الاجنبية بعد موافقة مجلس الوزراء).

المادة العاشرة:

لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون وعلى مجلس الوزراء تنفيذ احكامه.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر دەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ کاری پێ ناکرێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری لیژنەی قانونی بە زمانی عەرەبی.

المادة العاشرة:

لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوە رۆتینیە لە هەموو وەزارەتەکاندا هاتووە, ئەو پێشنیارەی کە کاک عەونی خوێندیەوە لە لیژنەی قانونی دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ئەویتریان تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ئەویتریان تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة:

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في وقائع كوردستان.

راي اللجنة القانونية: تقترح اللجنة صياغتها كالاتي:

(ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية(وقائع كوردستان).

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی:

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنیەوە کاری پێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان دا بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێتە مادده یازده و ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانونی وەزارەتەکە ئەسبابی موجیبەی نەبوو, ئێمە ئەسبابی موجیبەمان بۆ دانا, ئەگەر پێتان باش بێت.

**الاسباب الموجبة**

لاستحداث وزارة النقل في حكومة اقليم كوردستان وبغية تطوير اجهزة الوزارة وفق النهج التشريعي لاقليم كوردستان ومن اجل زيادة فعاليتها وكفاءتها في اداء مهامها بمرونة وتحقيق اهدافها المرسومة لها في توفير وانشاء شبكات السكك الحديدية و تنظيم وادارة الاجواء و المطارات المدنية ووضع السياسة العامة للنقل والاشراف على تنفيذها وتنظيم قطاعات النقل البرى والجوي وتنظيم نقل المسافرين والبضائع بكافة انواعها داخل المدن وبين مدن الاقليم وخارجها واناطة مسؤولية شؤون النقل بالوزارة المستحدثه فقد اصبح من الضروري تشريع قانون يحدد مهام هذه الوزارة والمديريات المرتبطة بها ولتحقيق ما تقدم فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەوەی وەزارەتی گواستنەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تازە دانراوە, بۆ ئەمەش کە دامودەزگاکانی ئەم وەزارەتە نوێیە, بەپێی ڕەوشی یاسایی هەرێمی کوردستان, بەرەو چاکتر بگۆڕدرێ و, چالاکی و توانستی پتر بکرێ و ئەرکوفرمانی خۆی بە ئاسانی پیادە بکاو, ئامانجە دەستنیشان کراوەکانی لە فەراهەم کردن و دامەزراندنی تۆڕەکانی هێڵی ئاسندا بێتەدی و کاروباری ڕێگای ئاسمانی و فڕۆکەخانە مەدەنیەکان ڕێك بخرێن و سیاسەتی گشتیی گواستنەوە دانبرێ و, لە جێبەجێکردنیدا, سەرپەرشتی بکرێن و کەرتەکانی گواستنەوەی سەربەژ و (البري) ڕێگاکانی ئاسمانی ڕێك بخرێن و گواستنەوەی سەفەرکاران و شمەك (البضائع) بە هەموو جۆرەکانیەوە لە ناو شارەکانی هەرێم و لە نێوان شارەکانی هەرێم و دەرەوەیدا بەرێکوپێکی بەڕێوە بچێ و هەموو کاروباری گواستنەوە بەم وەزارەتە تازەیە بسپێردرێ, لەبەر ئەوانە بەزەروور زانرا, یاسایەك دابنرێ کە ئەرکوفرمانی ئەم وەزارەتە نوێیەو بەڕێوەبەرایەتیەکانیشی دیار بکات, بۆ وەدەستهێنانی هەموو ئەو ئامانجانە, ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس لەسەر ئەسبابی موجیبە باوەڕ ناکەم خیلافی هەبێت, بۆیە هەموو قانونەکە دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, پیرۆزە, سەرکەوتووی ئینشائەڵڵا.

**بەڕێز برهان سعید صۆفی (وەزیری گواستنەوە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم, زۆر سوپاسی دەستەی صیاغە كردنی لیژنەی یاسایی دەكەم, زۆر سوپاسی پەرلەمانتاران دەكەم, چونكە ئەركو ماندوو بوونێكی زۆریان كێشا بۆ چاك كردنەوەی قانونەكەمان, داوای لێبووردنیان لێ دەكەین, چونكە تۆزێك بە نەقصمان كرد بوو, ئێمەش هەر لەسەر قانونەكە خزمەتی گەل و نیشتمانەكەمان دەكەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمەش هیوای سەركەوتنتان بۆ دەخوازین, بۆ چاك كردنی هەموو ئەدەواتی گواستنەوە, بەتایبەتی تەیارەكانمان بۆ زەبت بكەن.

كاك شێروان ئێستا دەست بە یاسای ژینگە, ئێوە خۆتان قانونەكەتان لایە, خوێندراوەتەوەش, لەبەر ئەوە قانونەكە بە كوردی مادده بە ماددەكە دەخوێندرێتەوەو لیژنەی یاسایی بە عەرەبی و كوردی رای خۆی دەدات, هەمووومان ماشائەللاّ باش دەزانین, ئینجا ئەگەر پێویست بوو رەئی وەزیر و بۆ چاك كردنەوەكان رەئیەك هەبێتن, فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی یاسای وەزارەتی ژینگەی هەرێمی كوردستان – عێراق**

ماددەی یەكەم:

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە واتاكانی بەرامبەریەتی:

1-هەرێم: هەرێمی كوردستان – عێراق.

2- وەزارەت: وەزارەتی ژینگە.

3- وەزیر: وەزیری ژینگە.

4- بریكاری وەزارەت: بریكاری وەزارەتی ژینگە.

5- ئەنجومەن: ئەنجومەنی پاراستنی ژینگە.

ئەنجومەنی پارێزگا: ئەنجومەنی پاراستنی ژینگە لە پارێزگادا.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**مشروع قانون وزارة البيئة لاقليم كوردستان – العراق**

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها:

1-الاقليم:اقليم كوردستان العراق.

2-الوزارة:وزارة البيئة.

3-الوزير:وزير البيئة.

4-وكيل الوزارة:وكيل وزارة البيئة.

5-المجلس:مجلس حماية البيئة.

6- مجلس المحافظة: المجلس حماية البيئة للمحافظة.

**الى رئاسة المجلس الوطني الكوردستاني**

**م/ تقرير اللجنة القانونية**

قامت لجنتنا بدراسة مشروع قانون وزارة البيئة لاقليم كوردستان – العراق المحال اليها بعد القراءة الاولى له في البرلمان بتاريخ 7/10 / 2006وإجتمعت مع الوزير المكلف بحقيبة الوزارة المستحدثة وبعد المناقشة والمداولة تقدم اللجنة تقريرها وتوصياتها وإقتراحاتها بشأن المشروع بإجماع الآراء وكما يلي:-

أولاً:- إن اللجنة القانونية تؤيد مشروع القانون نظراً لإستحداث الوزارة في الاقليم، وتقترح صياغة ديباجة له وتنظيم فقراته وإجراء بعض التعديلات والتغيرات في صياغة بعض بنوده والتي ستظهر لاحقاً من خلال هذا التقرير.

ثانياً:- تقترح اللجنة صياغة الديباجة للقانون وكالآتي:-

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان – العراق

إستناداً لحكم الفقرة (1) من المادة (56)من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل وبناءً على ماعرضه مجلس وزراء إقليم كوردستان – العراق قرر المجلس الوطني لكوردستان – العراق بجلسته المرقمة (   ) والمنعقدة بتأريخ  /  / 2006 تشريع القانون الآتي:-

**قانون رقم (   ) لسنة 2006**

**قانون وزارة البيئة لاقليم كوردستان - العراق**

ثالثاً:-فيما يتعلق بالمادة الأولى من أصل المشروع تقترح اللجنة وتوصي بما يلي:-

1-تبديل كلمة ( التعابير) الواردة في السطر الاول من المادة الاولى الى كلمة ( المصطلحات) تنسجم مع الصيغة المتبعة في سرد التعاريف المستعملة في القوانين الصادرة عن برلمان كوردستان و كونها أدق في التعبيير عن المعنى المراد التعبيير عنه.

2-تبديل التسلسلات الرقمية الى التسلسلات الكتابية لفقرات المادة وتقرأ المادة في حالة قبول مامقترح اعلاه كالآتي:-

3-حذف فقرة ( مجلس المحافظة .... الى) من المادة بـ لنظر لوجود مشروع لحماية البيئة في المحافظات في تشكيلة الوزارة و بأمكان الوزير الامر بتشكيل لجان في المحافظة عند الاقتضاء برئاسة المحافظ و عضوية الجهات ذات العلاقة.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی قانونی بە زمانی كوردی.

دەربارەی ماددەی یەكەمی ئەسڵی پرۆژەكە, ئەوە لیژنە ئەم پێشنیاز و راسپاردانەی خوارەوە پێشكەش دەكات:

1- وشەی (التعابير) كە لە دێری یەكەمی ماددەكەدا هاتووە, بكرێ بە (المصطلحات), بۆ ئەوەی لەگەڵ رشتەی پێڕۆ كراوی پێناسەكانی دیكەی یاساكانی پەرلەماندا بگونجێ و, ماناكەش بەشێوەیەكی روونتر و وردتر دەربڕێ.

2- زنجیرە رەنووسەكانی (التسلسلات الرقمية) بڕگەكانی ماددەكە بە نووسین بنووسرێن.

3- لا بردنی بڕگەی (مجلس المحافظة ..........الخ) لە ماددەكە, چونكە لە پێكهاتەكانی وەزارەتەكەدا لقەكانی پاراستنی ژینگەی پارێزگاكان هەنەو, وەزیریش دەتوانێ لە كاتی پێویستدا فەرمان بدا لیژنە لە پارێزگادا بەسەرۆكایەتیی پارێزگار و ئەندامێتی لایەنە پێوەندیدارەكان پێك بهێنرێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیری ژینگە رەئیت چییە؟ لەسەر پێشنیارەكانی لیژنەی قانونی.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پیشتیوانی لە رەئیەكەی لیژنەی قانونی دەكەم, پێشتریش موناقەشەمان كرد, پێویستە ئەو گۆڕانكاریانە بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(5-المجلس:مجلس الحماية البيئة في الاقليم كوردستان) ئیزافە بكرێت, كاك فەرسەت پێشنیارێكی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چونكە وەحداتی ئیداری لە لای ئێمە سێ دەرەجەیە, ناحیە و قەزاو موحافەزە, بە رەئی من هی موحافەزە ئەنجومەن بێت وەكو خۆی بمێنێت, قەزاو ناحیە ئەو وەختە ببێتە لیژنە, بەلأم موحافەزە لیژنە بێت لە قەزا زەرووریيە لیژنە هەبێت, لە ناحیەش زەرووریيە لیژنە هەبێت, بە رەئی من ئیلتیباس و تەداخولێك پەیدا دەكاتن, من لەگەڵ ئەوەمە پرۆژەكە چۆن هاتووە وا بێت, لە موحافەزە ئەنجومەن بێت, لە ناحیە و

قەزا وەزیر دەتوانێت لیژنە تەشکیل بکات, یان موحافز دەتوانێت لیژنە لە قەزاو ناحیە دروست بکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی نیزامت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی ژینگە جەنابتان دەزانن ڕەبتی بە لیژنەی تەندروستییەوە هەیە, ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی سەبارەت بە یاساکە مەفروز نییە لەوێ بخوێندرێتەوە, لیژنەی شارەوانیش بە هەمان شێوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی تەندروستی درەنگ هاتووە, فریا نەکەوتین بلاَویشی بکەینەوە, کاك فوئاد فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو گۆڕینی تەعابیرە بە موستەلەح, من پێم وایە لەو پێنج خاڵەی کە هاتووە, بەس هەرێم و ئەنجومەن موستەلەحن, ئەوانی تر هەر بە تەعابیر بمێنێتەوە باشترە, بەڵکو مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە بەرامبەریەتی هەرێم موستەلەحێکی جوگرافییە, ئەنجومەنیش با موستەلەح بێت, بەلاَم ئەوانی تر تەعابیرن, یەعنی موستەلەح نین بە مانای وشە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لە وەزارەتەکانی دیکە هەموو وامان کردووەو ڕۆیشت, بەلاَم زۆر جیاوازی نییە, ئەوانی ترمان هەموو وا لێ کرد, نابێت دوو هەبێتن, مەفهومیشە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی و کۆمەلاَیەتی.

لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەلاَیەتی پێشنیار دەکات پرۆژەی یاسای وەزارەتی ژینگەی هەرێمی کوردستانی – عێراق بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار بکرێت:

ماددەی یەکەم: پێشنیار دەکەین ئەم زاراوانەی خوارەوە بۆ ماددەکە زیاد بکرێن.

1- ژینگە/ هەموو ڕەگەزەکانی ئەو دەروبەرەیە کە بوونەوەرانی زیندووی تێدا دەژین.

پیسکەرەکانی ژینگە هەر ماددەیەکی ڕەق, یان غاز, یان ژاوە ژاو, یان تیشکی گەرمی, یان هەژاندن, یان لەراندن, یان شتی وەك بنەمای دیکەی زیندەوەری پێکەوە راست, یان بەشێوەیەکی لا بەلا ببێتە هۆی پیس بوونی ژینگە.

پیس بوونی ژینگە: بریتی یە لە بوونی ئەرکی سکەرەی بە ڕێژەو بەینی خەسلەتی و ئاسایی و نائاسایی کە یەکەو راست, یان بەشێوەیەکی لابەلا زیان بە مرۆڤ و بوونەوەرانی زیندووی تر بگەیەنێت, یان زیانی بۆ ژینگەکە هەبێت.

بەڕاستی ئەم زاراوانە پێویستە, چونکە ئەم وەزارەتە تازەیە, کرۆکی کاروباری ئەم وەزارەتە لە ئەم خالأنە دەسووڕێتەوە, لەبەر ئەوە پێویستە ئەم زاراوانە دیاری بکرێن و ئاشکرا بن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت دکتۆر, خۆی ئێمە موناقەشەی تەشکیلاتی وەزارەت دەکەین, قانونی مەهامی ژینگە, یەعنی با بڵێین ژینگە خۆی قانونێکی دەوێتن, ئەوەی کە جەنابت دەفەرمووی ئەو قانونەی کە بۆ ژینگە دەری بکەین, بەلأم ئێستا کاتی تەشکیلاتی وەزارەتە, چ مودیریەتێکی دەوێتن وەزیرە, جێگرە, مودیریەی فلانە, جا من حەز دەکەم جەنابیشت ئەو ماددانەی کە لیژنەکەتان تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە بیخوێنەوە, ئەگەرنا ئەو مولاحەزاتانە پێم وایە نەمخوێندۆتەوە, چونکە تازە پێمان گەیشت, پێم وایە بۆ قانونی ژینگە سوودی هەیە, مەسەلەن ماددەی یەکەممان خوێندەوە لەسەر تەشکیلاتە, وەزیر و جێگر و بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانە ئەوە تەشکیلاتە ئەگەر بچینە سەر موناقەشەی خودی قانونەکان لێمان تێك دەچێتن, بەڵێ کاك دارا.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە رای لیژنەی تەندروستی ئێمە ئێستا خەریکی نووسینەوەی پرۆژەی یاسای پاراستنی ژینگەین, کۆمەڵێك دانیشتنی لەسەر کراوە, لە پرۆژەکە پێناسەی ژینگەو تەلەوس و هەموو ئەو موستەلاحاتانەمان کردووە, لەبەر ئەوە لێرە پێویستی نەکردووە لە قانونی وەزارەت بیهێنین, سەبارەت بە پێشنیاری ئەنجومەنی پاراستنی ژینگە, ئێمە ئەو ئەنجومەنەمان لەسەر ئاستی وەزارەت هەیە بە بەشداری دوازدە وەزارەتی پەیوەندیدار, ئێمە گوتمان ئەنجومەنمان هەیە لەسەر ئاستی وەزارەتەکان لەسەر ئاستی پارێزگا, ئەگەر نەشی بێت, ئەوە بەڕێوەبەرایەتیمان هەیە هی ژینگە, لە کاتی پێویستیشدا دەتوانین داوا بکەین لە هەر پارێزگایەکدا دروست بکرێت, بەنیسبەت دروست کردنی لیژنە لە قەزاو ناحیەکان, ئەوە پێویست ناکات, هەر کاتێك وەزارەت پێویستی پێ بێت دەتوانێت دروستی بکات و داواش بکات لە هەر قەزاو ناحیەیەك کە لیژنەیەك دروست بکات لە کاتی پێویستدا, بەلأم بە پێویستمان نەزانیووە لەناو یاساکە دەرج بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ج ئێستا بێینە سەر خودی ماددەکە کە خوێندرایەوە, رەئی لیژنەی قانونی هەم موقەدیمەکەی بۆ زیاد بکرێت بەناوی خوای گەورەو ئەوانەو شتێکی رۆتینی لە هەموو یاساکان هاتووە.

ماددەی یەکەم تەعابیر بکرێتە موستەڵەحات لە هەموو قانونەکان وەکو خۆی هاتووە, لێرەشدا وا بێتن و دەقیق تریشە تەسەلسولاتەکان بگۆڕدرێتن لە یەك و دوو و سێ بۆ یەکەم و دووەم و ئەوانە, فەقەرەی مەجلیسی موحافەزە پێشنیازیان کردووە حەزف بکرێت, لەبەر ئەوەی فروعی حیمایەی بیئە هەیە لە موحافەزات, دەڵێت وەزیر بۆی هەبێتن تەشکیلی لیجان بکاتن لە پارێزگاکان, ئەگەر پێویستی کرد بە سەرۆکایەتی موحافز, ئەندامێیەتی ئەو لایەنانەی کە پێویستن, ئەو سەرۆکی لیژنەی بیئە بۆ موحافز بێتن, کاك فەرسەت رەئی وایە مەجلیس بێتن, نەك لیژنە, لە موحافەزەکان مەجلیس بێتن, لە قەزاو ناحیەکانیش لیژنە بێتن, فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان وایە لیژنە لە ئەنجومەن بچووکترە, ناکرێت لە وەزارەت هەر ئەنجومەن بێتن و, لە پارێزگاش هەر ئەنجومەن بێتن, ئەوە یەك.

دوو/ ئەنجومەنی پارێزگا لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای تر تێکەڵاو دەبێتن, دوو موستەڵەحە ناکرێتن لێرەدا زیکر بکرێتن.

سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەی تەندروستی من پێم وایە زیاتر باس لە یاسای پاراستنی ژینگە دەکات, نەك یاسای وەزارەتی ژینگە, نازانم لەگەڵ ئەوەدانیمە ئەوە لێرەدا باس بکرێت, ئەوەی لە راپۆرتی لیژنەی تەندروستیدا هاتووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی وەزارەت چییە ئەگەر فروع لە هینەکاندا مەجلیس بێت, یان فروع بێت.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەڵێین ئەنجومەن تەنها لەسەر ئاستی وەزارەت دەبێت, لە پارێزگا با هەر نەمێنێت, لە یاساکەش نەنووسرێت, هەر کاتێکیش پێویستی کرد, ئەو کاتە دەتوانین ئەنجومەنی ناوبنێین دروستی دەکەین, ئێمە مودیریەتمان دەبێت لە پارێزگاکان, هەر لەسەر ئاستی وەزارەت ئەنجومەنێك هەبێت بۆ پاراستنی ژینگە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە نەینووسیووە تەشکیلات, لێرە دەڵێت وەزیر بۆی هەیە لیژان دابنێت بۆ موحافەزەکان بە سەرۆکایەتی موحافز, نەیگوتووە دەبێت, یەعنی دەسەڵاتی داوەتە وەزیر بۆ دانانی ئەو لیژنانە, یەعنی وەکو قسەکەی تۆیە, بەڵام پرسیارەکە لەوە دایە, ئەگەر لە موحافەزە لیژنە بێت, ئەی لە قەزاو ناحیەکان چ بێت؟

لەبەر ئەوە ئەو پێشنیارەی کاك فەرسەت مەعقولە, خۆی سەر بە هەموو وەزارەتەکانەوە هەیە, مەسەلەن ئێستا ئەگەر ئەو لیژنەیەی دانا بۆ ژینگە لە سلێمانی, یان لە دهۆك, موحافز سەرۆکی دەبێتن, بەڵام

وەزارەتەكانی تر مودیر عامی تەندروستییە, مودیر عامی كارەبایە, هەمووی تێدا دەبێتن, بەڵێ كاك محەمەد.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی لیژنە لە پارێزگا بە رای من موحافز ناتوانێت لیژنەیەك بێت لە وەزارەتێكی تر بێت, ئەم دەتوانێت ئەمر بكات بۆ موحافز, لەبەر ئەوە جیاوازییەك هەیە لە نێوانیان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موحافز دەتوانێت, لەبەر ئەوەی موحافز مومەسیلی هەموو وەزارەتەكانە, راستە ئیدارەیان عایدی وەزارەتی داخیلییە, بەڵێ كاك محەمەد داوای كرد بوو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وا دەزانم وەزارەتی ژینگە ئەو وەزارەتەیە كە لە هەموو وەزارەتەكانی دیكەش دەچێتە خوارترەوە, یەعنی كە گوتمان بۆ قەزاو ناحیەكان, لە پارێزگاكاندا دەبێت مودیریەتی هەبێت, ئەمە كە دەڵێین لیژنە, من وا دەزانم لەناكاوە, كاتێك حاڵەتێكی ناخۆش روو دەدات شتێكی سرووشتییە كە پارێزگار دەبێتە سەرۆكی ئەو لیژنەیە, یان ئەو دەستەیە, یان هەر شتێك كە ناوی لێ دەنێین, ئەگینا لە حاڵەتە سرووشتییەكە دەبێت مودیریەت هەبێت, چونكە لە قەزاو ناحیەكان بە لای كەمەوە پارێزگای چوار پێنج قەزای هەیە, حەوت هەشت نۆ ناحیەی هەیە, مادام دەمانەوێت گرنگی بدەین بەوە, یەعنی وەحدەیەكی زۆر گەورەیە, یەكەیەكی زۆر گەورەیە لەو مودیریەتە, دەتوانین بڵێین لە یەكەی هەموو مودیریەتەكانی تر, لە وەزارەتەكانی تر زۆرتر دەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك ئارام.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا حاڵی حازر لە پارێزگاكانی كوردستان, ئەو لیژنەیە وجودی هەیە لیژنەی ژینگە, مەجلیسی ژینگە, هەتا ئێمە لەگەڵ چەند ئەندامێكی تری پەرلەمان بەر لە ئێستا لە یەكێك لە كۆبوونەوەكان مەجلیسی ژینگەی موحافەزەی هەولێر لە پارێزگای هەولێر بەشداریمان كرد, بینیمان لەوێ سەرجەم بەڕێوبەرایەتیە گشتییەكان لە وەزارەتەكانی تر ئەندام بوون و, قائمیقامەكانیش لە سنووری ئەو پارێزگایەو, پارێزگاریش بەرپرسی ئەو مەجلیسە بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێره:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی لیژنە و مەجلیس لە موحافزە لیژنە زۆرە, محافز رەئیسی لیژنەیە, لیژنەی ئەمنی هەیە محافز رەئیس لیژنەیە, لیژنەی تەوارئ هەیە محافز رەئیس لیژنەیە, لیژنەی لافاو و شتی وا هەیە بە ناوی لیژنەشە, کۆمەڵێك تەنزیمات و ئەو شتانە هەیە بە ناوی لیژنەیە, هەمووش محافز رەئیس لیژنەیە, یەعنی زۆر تەبیعییە کە محافز رەئیس لیژنە بێت, کە کۆمەڵێك لیژنە هەیە محافز رەئیس لیژنەیە, بەناوی لیژنەشە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو لیژنەیە لەبەر ئەوە گرنگی هەیە, چونکە قائیمقام و مودیر ناحیەکان هەموو ئەندامن تیایدا, هۆی هەرە سەرەکییەکەش چونکە موحافز جیهەی تەنفیزییە, لەبەر ئەوەی هەر سەر پێچییەك بێتن بڕیاری بدات ئەو لیژنەیە بۆ لابردنی کە ناگونجێت لەگەڵ ژینگە, ئەوەی پێی هەڵدەستێت بۆ لابردنی موحافزە, لەبەر ئەوە زەرووریيە موحافز رەئیسی ئەو لیژنەیە بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی وەحداتی ئیدارە, ئەو لیژنەیە لە پارێزگا بێت دەبێت لیژنەی بالأ بێت, محافز رەئیسی لیژنەی بالأ دەبێت, لە قەزاو ناحیەکاندا دەبێت فەرع بێت, نابێت مودیریەت بێت, چونکە ئەگەر مودیریەت بێت رەبتی بە محافەزەوە نابێت, وەکو دەبێتە مودیریەتەکانی دیکە, دەبێت بەشێوەیەك نیشانی بدەین, ئەگەر موحافز, یان قائیمقام, یان مودیر ناحیە رەئیسی لیژنەکان نەبن, هەر تەنها مەسەلە بەلەدیە و صحە نییە, سیاحەیە, صحەیە, بەلەدیەیە, هەتا شورتەش عیلاقەی بەو مەسەلەیەوە هەیە, پۆلیسی غابات پەیوەندی بەو مەسەلەوە هەیە, یەعنی ئەگەر رەئیسی وەحدەی ئیداری رەئیسی لیژنەکە بکرێت بە لیژنەی بالأ لە محافەزە, لە قەزا و ناحیەکان دەکرێت بە لیژنەی فەرعی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێمان وایە ئەو لیژنە بالآیە کە راستەوخۆ لەگەڵ وەزارەتدا پەیوەندی هەبێت ناو بنرێت ئەنجومەنی پاراستن و چاك کردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان و, لە پارێزگاکان ئەنجومەنی پاراستنی ژینگە, بەڕاستی تەئکیدیشی دەکەمەوە ئەرکی وەزارەتی ژینگە تەنها پاراستنی ژینگە نییە, ئەمڕۆکە ئێستا لە هەموو دنیا چاك کردنی ژینگە بەشێکە لە ئەرکەکانی ئەم وەزارەتە, لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ناوی ئەنجومەنەکەی سەرەوە کە پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕژێتەوە:

ئەنجومەنی پاراستن و چاك کردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت و, لە هەموو پارێزگاکاندا ئەنجومەنێك دابمەزرێت بەناوی ئەنجومەنی پاراستن و چاك کردنی ژینگە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم وایە پێشنیارەکەی دکتۆر فوئاد پێشنیارێکی چاکە, چونکە هەر بە تەنیا حمایە نییە, چاك کردنیشیتی, ئەو وشەیە تەبیعییە, ئێستا دەمێنێتەوە سەر ئەوە, ئایا موحافەزەکان مەجلیسی موحافەزە بێتن, یان لیژنەی موحافەزە بێت, فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێت لیژنەی بالآ بێت, چونکە لیژنەی ئەمنی هەیە لیژنەی بالآیە, هەموو قائیمقامەکان و مویر ناحیەکان ئەندامن لە لیژنەی بالآ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان, ئەگەر بوترێت لیژنەی بالآ لە موحافەزە لیژنەکانی تر خۆیان بە فەرعییە, تۆماتیکیەن و, چونکە رەئیسی وەحدەی ئیداریەکان رەئیسی لیژنەکە دەبێتن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیعتیادییە لیژنە بێت, چونکە لیژنەی تریشمان هەیە لەو بابەتەی, وەکو لیژنەی یەکلا کردنەوەی کشتوکاڵ لیژنە لە ناحیە هەیە, لە قەزا هەیە, لە موحافەزەش هەیە (لجنه الفصل في المنازعات الزراعية) هەمووشیان لیژنەیە ئیعتیادیشە, کە گوتت لیژنەی موحافەزە لیژنەی موحافەزە گەورەترە لە لیژنەی قەزا, کە گوتت لیژنەی قەزا گەورەترە لە لیژنەی ناحیە, ناوی خۆی لە خۆیدایە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە گوتت لیژنە کاك فەرسەتیش ئەو مولاحەزەی دا, یەعنی بە مانای موەقەت ناییێت, بەڵێ.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نابێت لیژنە بێت, چونكە لیژنەیەكی كاتییەو, ئەو ئەنجومەنە ئیشی بەردەوامی هەیە, دانیشتنی مانگانەی دەبێت, بە بەشداری بەڕێوەبەری گشتی زۆربەی دائیرەی پەیوەندیدارەكان, كە نزیكەی دوازدە وەزارەت دەگرێتەوە, بۆیە هەر دەبێت بەناوی ئەنجومەن بمێنێتەوە, ناوی لیژنە بۆ ئەوە نابێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەرج نییە ئەو هەموو لیژنانەی كە دادەنرێن لیژنەی كاتی بن, لیژنەی وا هەیە دائیمییە, ئینجا لە كاتێكدا كە ئێمە هەڵبژێردراین, ئەنجومەن پارێزگاكانیش هەڵبژێردران, ئەنجومەنی پارێزگاكان سەرپەرشتی هەموو لیژنەكان دەكەن, لەبەر ئەوە ئەگەر لیژنە بێت زۆر ئیعتیادییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من تەئیدی پێشنیاری وەزیر دەكەم, كە وەك پێشنیاری ئەسڵی كاك فەرسەتیش بوو, ژینگە قەزییەكی زۆر گرنگە, بەنیسبەت ئێمەوە راستە تازەیە, باوەڕتان هەبێت رەنگە دە ساڵی دیكە لە هەموو مەسەلەیەكی تر گرنگ تر بێت لە لای خەڵك پەیوەندیشی بە هەموو وەزارەتەكانەوە هەیە, پێویستی بە هاوكاری هەموو وەزارەتەكانە دەبێت, لەبەر ئەوە گرنگی پێدان و مەجلیس دروست كردن و پارێزگار خۆی سەرۆكی بێتن, ئەوانی تر ئەندام دەبن, مودیری عام بن زەروورییە, مودیری عامن لە سلێمانی, مودیر عامی بەلەدیە لە سلێمانی, مودیر عامی كارەبا, هەموویان ئەوانە پەیوەندیان پێوە هەیە, مودیر عامی وەزارەتی ناوخۆ كە لە سلێمانییە, مرور گەورەترینە كە پەیوەندی بە ژینگەوە هەیە, بۆیە پێم باشە مەجلیسی موحافەزە بێتن, قەزاو ناحیەكان لیژنە بێتن, یان فروع بێتن, ئەگەر كاك شێروان ئەو صیاغەیە بكەنەوە, موداخەلەكانیش زۆربەیان بەو شێوەیە رۆیشتن كە مەجلیس بێتن, یەعنی موقتەرەحەكە بەو شێوەیە بێت, یەعنی ئێستاكە ماددەكە وەكو خۆی دەمێنێت وەكو ئەسڵەكە, وەكو موقتەرەحی وەزیر, بەس ئەوەندەیە ئەو موقتەرەحەی كە حیمایە و تەحسین, یەعنی ئەگەر لیژنەی قانونی مانعی نییە مەجلیسەكە بمێنێت تەحسینەكەش ئیزافە بكرێت, ئەو ماددەی كە خوێندرایەوە ئەسڵەكەی, ئەو تەعدیلاتانەی لیژنەی قانونی ماعەدا ئەو فەقەرەیە لیژنە بێتن, یان مەجلیس, یەعنی لیژنەی قانونی پێشنیارەكانی هەمووی قەبولە, تەنیا ئەوە نەبیچتن كە ئەو مەجلیسەی كردۆتە لیژنە, موداخەلەكان و وەزیریش پیشگیریان لەو كرد, كە لیژنەكە ببێتە مەجلیس , یەعنی كەواتە شتەكان وازیحە, لیژنەی قانونی موقتەرەحەكانی بە موقەدیمەكەموە كە كلێشەیەكی دائیمی هەیە بە تەسەلسولەكەوە كە دەگۆڕێت دەبێتە یەك دوو سێ چوار, دەبێتە یەكەم و دووەم و سێیەم بە رەفز كردنی ئەوەی كە مەجلیسی كردۆتە

لیژنە, بە ئیزافە کردنی وشەکەی کاك دکتۆر فوئاد لیژنەی تەندروستی کە تەحسینیش, ئێستا وازیحە, یان بەس لای تۆ وازیح نییە, حەز دەکەن بیخوێننەوە کاك شێروان, فەرموو بە کوردیەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە واتاکانی بەرامبەریەتی:

1-هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- وەزارەت: وەزارەتی ژینگە.

3- وەزیر: وەزیری ژینگە.

4- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی ژینگە.

5- ئەنجومەن: ئەنجومەنی پاراستن و چاك کردنی ژینگە.

6- ئەنجومەنی پارێزگا: ئەنجومەنی پاراستن و چاك کردنی ژینگە لە پارێزگادا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, تکایە ماددەی دووەم.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

ئامانجی وەزارەت پارێزەریە لە ژینگە بە ڕێگای پاراستنی تەندروستی گشتی و دەرامەتی سرووشتی و جۆراو جۆر کردنی زیندنەوەر بە جۆرێك گەشە کردنی بەردەوام زامن بکات و لەو بوارەشدا هاوکاریی نێو دەوڵەتی و هەرێمایەتی بە دەست بێنێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

تهدف الوزارة الى حماية البيئة بالحفاظ على الصحة العامة والموارد الطبيعية والتنوع الاحيائي بما يضمن التنمية المستدامة وتحقيق التعاون الدولي والاقليمي في هذا المجال.

ئێمە وەکو سەرۆکی لیژنەی یاسایی لەگەڵ دەقی ماددەکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە گۆڕانێکمان پێشکەش کردووە, بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

ئامانجی وەزارەت ئەوەیە ژینگە چاکتر بکات و لە پیس بوون بیپارێزێت و سنوورێك بۆ بە تەندروستی و زیان پێ گەیاندنی دابنێ و, زەرەر نەگاتە مادده سروشتییەکان و جۆراو جۆری زیندەوەرەکان بە جۆرێك کە فراژوەکاری بەردەوام زامن بکرێت هاوکاریی نێو دەوڵەتی و هەرێمایەتی وەدیبێنێت.

لەڕاستیدا ئەو باس کردنەی کە لە پرۆژەی وەزارەتدا هاتووە, ئەمە ئەرکی وەزارەتی صحەیە دەڵێت (تهدف الوزارة الى حماية البيئة بالحفاظ على الصحة العامة), ئێمە بە عەرەبیەکە دەڵێین (تهدف الوزارة الى حماية البيئة من التلوث والحد من تأثيرات اشد على الصحة العامة), چونکە ئەمە ئەرکی وەزارەتی ژینگەیە, ئەی ئەگەر بەو شکلە بمێنێتەوە, ئەوە ئەرکی صحەی عامەیە بەڕاستی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دەڵێم کاك دکتۆر فوئاد ئەو وشەیەی لەوێ زیادتت کردووە, لێرەش ئیزافە بکەین هەر ئەوەندەیە (تهدف الوزارة الى الحماية وتحسين البيئة بالحفاظ على الصحة العامة من التلوث), ئەوە مەفهومی (تلوث)ی ناوێت, بۆ ئەوەی تێك نەچێت (والموارد الطبيعية والتنوع الاحيائي بما يضمن التنمية المستدامة وتحقيق التعاون الدولي والاقليمي في هذا المجال), یەعنی ئەو وشەیە (وتحسين)ەکە ئیزافە بکرێت, وابزانم غەرەزەکە تەواو دەبێت, کاك محەمەد.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو شێوازەی کە بۆ وەزارەتەکانی دیکە لەبەرمان گرت, هەمیشە ماددەی دووەم ئامانج بوو, یەعنی دەبێت ماددەی سێ و دووی بکەین بە یەك ئامانجەکانی وەزارەت, ئەوانەی کە لە خوارەوە دایڕژاوە هەموو ئامانجن, یەعنی کارو ئەرکی ئەم وەزارەتە بە پێی ئەو شێوازەی کە پێشتر لەبەرمان گرتووە, بەو شێوەیە بوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم پێم وایە ماددەی دووەم ئامانجە, ماددەی سێیەم واجیباتە, ئەرکەکانە, کاك فەرسەت پێشنیارێکی بەجێی هەیە, ئەگەر تەماشا بکەن کاك شێروان (وتحقيق التعاون الدولي والاقليمي في هذا المجال), ئەوە زەحمەتە بتوانێت ئەوەی بکات (والمساهمة والاستفادة من التعاون الدولي والاقليمي في هذا المجال), (والاستفادة) باشترە, چونکە ئێمە وا دادەنێین خەڵکی تر لە دەوڵەتی تر پێشکەوتوون لەو وەزارەتەدا, هاوکار بن لەگەڵ وەزارەت بۆ چاك کردنی ژینگە لە کوردستان, کاك جەمال.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئامانجی وەزارەت, ئەگەر ئیزافەیەك بکرێت بە رەئی من خراپ نییە, یاخود وەکو تەوزیحێك, ئامانجی وەزارەت پاراستن و چاك کردنی ژینگەیە (زەوی و ئاو و هەوا), چونکە مەسەلەی هەرێمایەتی ئاو کێشەیەکە بۆ تەلەوس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە وتت ژینگە, یەعنی ئاو و هەوا هەمووی دەگرێتەوە, بیئە یەعنی ئاو و هەواو زەوی و ئاسمان و هەمووی دەگرێتەوە, وشەکە زۆر شاملە, بەڵێ.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەبارەت بە زیاد کردنی حیمایەتی تەلەوس, ئەو تەلەوسە بە زیاد دەزانم, چونکە کە ئێمە پاراستنی ژینگە دەکەین لە تەلەوس نییە, جاری وا هەیە ژینگەکە خۆی پاکە, دەبێت بپارێزرێت, پاراستنی زیندەوەران و حەیوانات و باڵندەو دارو درەخت و, ئەوە مەرج نییە پیس بوونی ژینگە بێت, لەبەر ئەوە تەلەوسی ناوێت ماددەی دووەم هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە, بەنیسبەت تەحقیقی تەعاونی دەولیەکەش لە کوردیەکەش وا هاتووە (دەستەبەر کردنی هاوکاریی نێودەوڵەتی), یەعنی مەبەستمان ئەوەی بەگشتی بتوانین ژینگە شتێکی عالەمییە بەڕاستی و, پێویستی بە هاوکاری وڵاتانی دەرەوەی هەیە, بۆ ئەوەی چی بۆ خۆیان کردووە, بۆ ئێمەش بکرێت, بەو مەبەستە نووسیمانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئێستا ماددەی دووەم بە هی رەئی جەنابی وەزیرەوە بە عەرەبیەکەی وای لێ دێتن (تهدف الوزارة الى حماية وتحسين البيئة بالحفاظ على الصحة العامة والموارد الطبيعية والتنوع الاحيائي بما يضمن التنمية المستدامة والاستفادة من التعاون الدولي والاقليمي في هذا المجال), ئەگەر لیژنەی قانونی و لیژنەی تەندروستیش ئیکتیفا بەوە دەکەن, دەیخەمە دەنگدانەوە, ئەگەر مولاحەزەتان نییە, کاك دکتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەو شێوە تەعبیرە بمێنێتەوە (تهدف الوزارة الى حماية البيئة وتحسينها بالحفاظ على الصحة العامة), ئا ئەم فەقەرەیە تا ئێرە ئەرکی وەزارەتی صحەیە, بەلاَم ئێستا ئێمە وا بیگۆڕین بەم شێوەیە (تهدف الوزارة الى حماية البيئة وتحسينها من التلوث والحد من تأثيرات  على الصحة العامة), ئەمە ئەرکی وەزارەتی ژینگەیە بۆ پارێزگاری کردنی تەندروستی گشتی, لێرە لیژنەی تەندروستی گشتی بە حیمایەی بیئە و بە چاك کردنی تەئمین دەکەین, ئەوە ئەرکی ژینگەیە لێرە, بەلاَم بەو شێوەیەی کە گوتراوە بەڕاستی ئەوە ئەرکی وەزارەتی تەندروستییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێتن, بەلای من ئەو جوملەیە خراپ نییە (والحد من تأثيراتها السلبية), ئەگەر ئەوەی نەنووسین وا نییە, جانبی ئیجابی ئۆکسجینیشی تێدایە (والحد من تاثيراتها السلبية على الصحة العامة), بەڵێ.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاراستنی تەندروستی گشتی تەنها ئەرکی وەزارەتی تەندروستی نییە, بەڵکو ئەوە یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیەکانی وەزارەتی ژینگە لە زۆربەی قەوانینی دنیا ئەو ئامانجەی تێدایە هی وەزارەتی ژینگە, لە هەندێکیشیان ئیزافەی وشەی رەفاهیش دەکات, نەك هەر تەندروستی گشتی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە یەکێك لە ئەرکەکانی وەزارەتی ژینگە ئەوەیە, کە حەددێك دانێت بۆ بەکار هێنانی مولەوەسیش و سەرچاوەکانیشی, بۆ نموونە لە رۆژی نەورۆز بە هەزاران تایە دەسووتێندرێن, یەعنی حەددێکی بۆ مەوادە مولەوسەکان و سەرچاوەکانیش دابنرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە قسە دەکەن, ئەگەر ناوی نەڵێت, دوایێ لە پرۆتۆکۆلەکان ناوی دەرناچێت, فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئامانجی وەزارەت ئەمە شتێکی تازەیە لە وەزارەتدا هاتۆتە پێش, ئامانج یەکێکە لەو پەیڕەوانەی کە لە نیزامی رێکخراو و شەریکاتدا باس لە ئامانج و ئەهدافەکانی دەکرێت, ئەم یاسایەش ئەسبابی موجیبەی نییە, لەبەر ئەوەی لە مادده سێ باسی ئەرك و فەرمانەکانی باس لە ئیشو کارەکانی وەزارەت هاتووە, ئەوە یەکێکە لە ئەهدافەکانی وەزارەت کە ئیشی بۆ دەکات, من پێم وایە ئەو ئامانجە بخرێتە ئەسبابی موجیبەکەوەو باسی لەسەر بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز فخریە مصطفی محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم ئاراستەی وەزیرە, داوا دەکەم بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری فێر کردن و خوێندنی باڵا بەشێك لە کۆلیژی هەندەسە بەناوی (هندسة البیئة), ئەگەر پێی باش بێت بکرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی, من پێم وایە ئەگەر ئەو صیغەیە بخوێننەوە, بزانن من بۆتان دەخوێمەوەو کاك فوئاد و کاك شێروان, موناقەشەیەکی زۆریان کرد بە حەقیقەت دەتوانین ئیجماعەکەی

لەسەر بکەین (تهدف الوزارة الى حماية وتحسين البيئة بالحفاظ عليها والحد من تأثيراتها على الصحة العامة والموارد الطبيعية والتنوع الاحيائي بما يضمن التنمية المستدامة والاستفادة من التعاون الدولي والاقليمي في هذا المجال), کاك دارا موافیقی لەسەر ئەو صیغەیەی باسم کرد.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ژینگە خۆی تەئسیراتی سلبی نییە, تەئسیراتی سلبی لە جموجۆلی نەشاتی مرۆڤەوە دروست دەبێت, کار و کارخانەی هەموو ئەوانەی کە هەنە, مرۆڤ خۆی پیس کەری ژینگەیە, نەك ژینگە خۆی پیس بێت و تەئسیراتی سلبی هەبێت وشتێکی علمیشە تەبعەن, دوایی تەندروستی گشتی ئەرکی هەموو وەزارەتێکە, نەك هەر وەزارەتی تەندروستی, بەڵکو بەتایبەتی وەزارەتی ئێمە, ئەگەر ئەرکی ئێمە پاراستنی ئاو و هەواو خاك بێت, ئیتر تەندروستی گشتی چیە لەوە زیاتر, لەبەر ئەوە دەبێت لە جێگای خۆی بمێنێتەوە, بەلآم تەنها وشەی تەحسینی بۆ زیاد بکرێت, شتێکی خراپ نییە, باشە باشتری دەکات و دەوڵەمەندی دەکات, جگە لەوە ئەگەر وەکو خۆی بمێنێتەوە هیچ ئشکالێکی نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەسڵی ماددەکە خۆی هیچ عەیبێکی نییە, لەگەڵ رای وەزیر دام, ئەگەر تەحسینی حیمایەی بیئەی لەگەڵ زیاد بکرێت, ئەوەندە درێژ کردنەوەی ناوێت و ماددەیەکی کورتە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا هیچ باس لە ئاسار نەکراوە, چونکە ئاسار و مومحافەزە کردنی ئاسار و, ئیتیفاقیات کردن لەگەڵ یونیسکۆ بۆ چاك کردنی ئاسار و وەکو مەحمیات لە ئیشی وەزارەتی بیئەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە لە جێی خۆی هاتووە بەڕاستی لەڕووی ناوەڕۆکی ماددەکەوە زەروورە هەبێت, بەلآم شوێنەکەی پێم وایە گونجاو نییە, من پێم وایە پشتگیری رەئیەکەی ئەو بەڕێزە دەکەم, کە پێش من وتی بەڕاستی

ئەوە لە جێی ئەسباب موجەبەیە, ئەگەر بكرێت تەفسیلاتێكی بدرێتێ, ئەوە چارەسەری ئەو هەموو ئیشكالاتانەش بكرێت باشە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە پێشنیارێك جەنابی وەزیر ئەو ماددەیە هەمووی ئیلغا بكرێت و بخرێتە ناو ئەسبابی موجەبەكەوە, باشە دەیخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێت؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ ئیلغا كرا, تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

وەزارەت ئەم ئەرك و فەرمانانەی خوارەوە پیادە دەكات:

1-پێشنیاز كردنی سیاسەتی گشتی بۆ پاراستنی ژینگە لە پیس بوون و كاری چاكتر كردنی چۆنایەتیی ژینگە و خستنەڕووی بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسند كردن.

2- دەرچواندنی ڕێنمایە تایبەتیەكان بە دیار كەرو بەند و بەستە (ضوابط) پیسكەرەكانی ژینگەو چاودێری كردنی دروستی جێبەجێ كردنیان.

3- پلاندانانی ساڵانە و مام ناوەند دوور خایەن بۆ پاراستن و چاكتر كردنی ژینگە.

4- هاوكاری و هاوئاهەنگی لە نێوان وەزارەتەكان و ئەو لایەنانەشدا كە خەمخۆری پاراستنی ژینگەن.

5- پێشنیاز كردنی چوونە پاڵی هەرێم بۆ ڕێكەوتننامەو پەیماننامە پرۆتۆكۆڵە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەكان كە پەیوەستن بە ژینگەوە, وێرای بەدواداچوونی و جێبەجێ كردنیان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكانەوە.

6- بەدواداچوونی ساغڵەمی ژینگە لە ڕێگای ئەنجامدانی پشكنین و نوڕین سەبارەت بە پیسكەرەكانی ژینگەو ئەو هۆكارانەی كاریگەرن بەسەر ساغڵەمی ژینگەدا بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزراەتەكان و لایەنە پەیوەندیدارەكانەوە.

7- ئەنجامدانی ڕوپێویە ژینگەییەكان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكانەوە.

8- لابردن و چارەسەر كردنی ئاسەواری چەكی كیمیایی و, بەهاوكاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكانەوە بۆ پاككردنەوەی كێڵگەكانی مین و پاشماوەی چەك و جبەخانە, كە بوونەتە هۆی پیس بوونی ژینگە.

9- ئامادە كردن و بلاّو كردنەوەو هاندانی توێژینەوەو لێكۆڵینەوەی تایبەت بە پاراستن و چاكتر كردنی ژینگە.

10- هەماهەنگی و هاوكاری لەگەڵ دەزگاكانی وەزارەتی فێر كردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و لەگەڵ وەزارەتەكانی دیكەدا, بۆ دانانی توێژینەوەو لێكۆڵینەوە گەلی ژینگەیی و داهێنانی ناوەندی بۆ توێژینەوەی ژینگەیی لە وەزارەتەكەدا.

11- کار بۆ بلاّو کردنەوەی وشیاری و فەرهەنگی ژینگەیی و وەگەرخستنی رۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی بکات لەم بوارەدا, وێرای بۆنیادنانی توانستەکانی مرۆڤ لە رێگەی بەرپا کردنی کۆڕ و خولی راهێنانی تایبەت بە پاراستنی ژینگەو هاندانیان.

12- لێکۆڵینەوەی راپۆرتەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئاسەواری ژینگەیی, کە لایەنە بەرپرسەکان پێشکەشیان دەکەن لەمەر ئەو پرۆژانەی کە دادەمەزرێن و ئەوانەی ئێستا دامەزراون بۆ ئیقرار کردنیان, یان رەتکردنەوەیان لە ماوەی سی رۆژدا لەو رۆژەوەی کە پێشکەش بە وەزارەت دەکرێن.

13- کار کردن بۆ پاراستنی سروشت و دروست کردنی پاوانگەی سروشتی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

14- گرتنە بەری شێوازی پێویست بۆ مرۆڤ و پاراستنی ژینگە لە تیشکاوەری زیان بەخش و ئالودەگی ژینگەیی.

15- پشت بەستن بە نووسینگەو تاقیگەو لایەنە راوێژکاریەکان بۆ ئامادە کردنی راپۆرتەکانی خەملاّندنی کاریگەری ژینگەیی و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو شیکاری و پێوانەکان لە بوارەکانی پاراستنی ژینگە بەپێی ئەو مەرجانەی وەزارەت دیاریان دەکات و ئەمەش بە رێنمایی دەردەچێت.

16- دانانی بنەماگەلی ساغڵەم بۆ چارەسەر کردنی پاشماوەو زبڵ و خاشاک و کەرەستەی زیانبەخش و ترسناک.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

به رەئی من بە کوردیەکە بەسە, موفتەرەحەکەتان بە عەرەبی بخوێنەوە.

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فيما يتعلق بالمادة الثالثة من المشروع تقترح اللجنة وتوصي بما يلي:

1- تبديل التسلسلات الرقمية الى التسلسلات الكتابية.

2- تبديل كلمة( تعرض) من الفقرة(1) بـ كلمة( عرضها).

3- دمج الفقرتين 2 و 6 لأنهما قريبتان من الأهداف الواردة فيهما وتقرأ الفقرتان تحت تسلسل الفقرة(ثانياً) كالآتي:(متابعة سلامة البيئة من خلال إجراء الفحوصات المتعلقة بالملوثات البيئية والعوامل المؤثرة في سلامة البيئة بالتنسيق مع الوزارات والجهات المعنية وإصدار التعليمات الخاصة بالمحددات والضوابط للملوثات البيئية ومراقبة سلامة تنفيذها).

4- حذف كلمة الاقتراح من الفقرة (5)وإحلال جملة (العمل على) محلها.

5- إضافة كلمة (والمواد)إلى ما بعد كلمة (من الأسلحة والعتاد) في الفقرة(8)منها.

6- صياغة الفقرة (9) كالآتي(تشجيع إعداد ونشر الدراسات والبحوث الخاصة بحماية وتحسين البيئة).

7- جعل صياغة الفقرة(10)كالآتي: (التنسيق والتعاون مع مؤسسات وزارة التعليم العالي والبحث العلمي بخصوص الدراسات والبحوث البيئية واستحداث مركز البحوث البيئية).

8- حذف جملة ثلاثين يوماً)من الفقرة(12)وإحلال (مدة مناسبة) محلها.

9- إضافة كلمة (وجماليتها) إلى ما بعد كلمة (حماية الطبيعة) من الفقرة(13)منها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: نقترح اضافة فقرة اخرى اليها بالتسلسل (17) كالاتي:

17- متابعة الاستخدامات القائمة والمقترح الموارد الطبيعية وترشيدها ضمن سياسة الاقليم بما يحقق عدم الاضرار بالبيئة بالتنسيق مع الجهات المعنية.

ونقترح اضافة مايلي الى الفقرة العاشرة (خصوصا في المناطق التي تعرض للقصف بالمواد الكمياوية).

ونقترح اضافة مايلي الى الفقرة الثالثة عشرة من المادة الثالثة (وتنسيق مع الدوائر التخطيطية, او وزارة التخطيط بدلا من الوزارات والجهات المعنية).

ونقترح اضافة الفقرتين الآتيتين (المراقبة والاشراف على المؤسسات والمشاريع الحكومية والقطاع الخاص للتأكد من تقيدها بالمواصفات القياسية والمعايير والقواعد الفنية المعتمدة, وادراج المادة حماية وتحسين البيئية في جميع مناهج المراحل الدراسية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی ماددەكان, خاڵەكان زۆرن, ئەگەر جەنابی وەزیر لەسەر ئەو موقتەرەحەی لیژنەی قانونی ئیعتیرازی نییە, من موقتەرەحێكم هەیە, بۆ ئەوەی بە ئاسانی بچینە سەر هینەكە.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رەئیەی لیژنەی یاسایی دەكەم, بەڵام لە خاڵی دەیەمدا شتێك لا بردراوە, پێم وایە دەبێت ئیزافە بكرێتەوە (التنسيق والتعاون مع مؤسسات وزارة التعليم العالي والبحث العلمي والوزارات الاخرى بخصوص الدراسات والتعاون والبحوث البيئية واستحداث مركز البحوث البيئية في الوزارة), ئەمەیان لابردووە (الوزارات الاخرى) لەسەر ئەساسی ئەوەی بحوسی بیئی تەنها وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە, بەڵام من پێم وایە دەبێت (الوزارات الاخرى) ئیزافە بكرێتەوە, وەكو خۆی یەعنی چۆن هاتووە, لەبەر ئەوەی وەزارەتی تر هەیە بحوسی بیئی هەیە, وەزارەتی تەندروستی هەیە, وەزارەتی دەرامەتی ئاو و سامانی سروشتییە, وەزارەتی كشتوكاڵە كە ئێمە سوودی لێ وەردەگرین, بۆیە ئەگەر (الوزارات الاخرى) ئیزافە بكرێتەوە وەكو خۆی لێ بێتەوە باشترە, باقی تری لە خاڵەكان هەمووی پشتیوانی لێ دەكەم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی وەزارەتی تەندروستی قەبولە, کاک دکتۆر فوئاد.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو فەقەرانە راستە باس کراون, بەلاّم ئەم فەقەرانەی کە ئێمە پێشنیارمان کردووە, لەڕاستیدا بە دیقەت باس نەکراون, حەز دەکەی بە کوردیەکە بۆت بخوێنمەوە, یان بە عەرەبیەکەی, دەڵێت ئەو فەقەرەی کەوا ئێمە پێشنیار دەکەین ئیزافە بکرێت (متابعة الاستخدامات القائمة والمقترحة للموارد الطبيعية وترشيدها ضمن سياسة الاقليم بما يحقق عدم الاضرار بالبيئة بالتنسيق مع الجهات المعنية), یەعنی ئەو پرۆژانەی کە کراون و ئێستا پێشنیار دەکرێن سەرپەرشتی بکرێن بەشێوەیەك کەوا زەرەر بە بیئە نەگەیەنێت, من تەماشای فەقەرەکانم کردووە بە نەص شتێکی وا نەهاتووە, بۆ ئەوەی ئەم ئەرکەی وەزارەت دیاری بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کاک دکتۆر فوئاد, ئەو شەشەم و حەوتەمە ئەوە ناگرێتەوە.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسی پرۆژەکان دەکەم.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی دوازدە باسی پرۆژەکانە (دراسة تقارير تقدير الاثر البيئي التي تقدمها الجهات المسؤولة عن المشاريع التي تقام والقائمة حاليا واقرارها او رفضها خلال ثلاثين يوما من تاريخ تقديمها للوزارة), ئەوە ئەوانەی مودیریەتەکانی وەزارەتە, ئەرکەکانی سەرۆك و وەزیرە پرۆژەیەکە دەتوانین چارەسەر بکرێت, ئەوە لێرە مەبەستمان لە دیراسە کردن ئەوەیە هەموو ئەو پرۆژانەی کە هەن و لەمەودوا دەبێت, کە یەکێك لە کارەکانی وەزارەتە کە ئیشی بۆ دەکات تەقدیری ئەسەری بیئی بۆ دەکرێت, ئێمە لە خاڵی دوازدە ئیشارەتمان پێداوە, هەتا مودەشمان دیاری کردووە, دوایی لەسەر داوای لیژنەی یاسایی پێمان باش بوو مودەکە لا ببرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەسەر ئەو پێشنیازەی ئێوە کردتان خاڵەکان زۆرن, من پێم وایە خاڵی نۆیەم و دەیەم دەتوانین بکەین بە یەك (ئامادە کردن و بلاّو کردنەوەو هاندان بە هاوکاری خوێندنی بالاّو توێژینەوەی زانستی بۆ

**توێژینەوەو لێکۆلینەوەی ......... الخ), یەعنی ئەوە لە خاڵی دەیەم تەنها وەزارەتی فێرکردن و خوێندنی باڵای بۆ زیاد کردووە, نەوەکو هەر هەمان شتە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیە, ئەگینا دەتوانین (ئامادە کردن و بلاّو کردنەوەو هاندان بە هاوکاری خوێندنی بالأو توێژینەوەی زانستی بۆ توێژینەوەو لێکۆلینەوەی ......... الخ) هەردووکیان بکەین بە یەك.**

**2- قەناعەتی من خاڵی دوازدە زیادە, یەعنی لەوناو نیزامی وەزارەتدا هەیە, ئەوە راپۆرتێکە, موناقەشەیەکە, ئەوە هەموو لە ناو جەلسات موناقەشە دەکرێت, بە وەرگرتنی, یان بە وەرنەگرتنی.**

**3- خاڵی چواردەو پانزدەش هەر دەتوانین بیانکەین بە یەك (گرتنە بەری شێوازی پێویست بۆ مرۆڤ و پاراستنی ژینگە لە تیشکاوەری زیان بەخش و ئالودەگی ژینگەیی و بە پشت بەستن بە نووسینگەو تاقیگەو تەکنەلۆژیا) ئەوە وشەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت, ئەوە ماددەی چواردەش زیادە, بەلأم سێ خاڵی ترم هەیە, یەعنی وەکو پێشنیارێك لێرە دەکەم زۆر گرنگیشە:**

**یەکەم/ لە دنیا تەسروف بی و نیفایات, کە کاتی تۆ عیلاقاتت لەگەڵ دەوڵەت دەبێت نیفایات و شت روون دەکەنەوە ولأت, بەتایبەتی ئەو ولأتانەی کە تازە گەشە دەکەن دەوڵەتانی گەورەن و نیفایاتی زەری و ئەوانە دەبێت ئەم وەزارەتە لە ئامانجی خۆی دابنێت دژ بێت بە دروست بوونی هێنانی هەر جۆرێك لە نیفایات کە ئەو ولأتانە لە دەروبەری شار هەنە (النفايات الخطرة), (تصرف المواد والنفايات الخطيرة).**

**دووەم/ ئەو سەروەتەی کە لەم ولأتەدا هەیە, دەبێت ئاگاداری تەجاریب بین, هەندێ جار تەجاریبی ناوخۆیی دەبێتە شێواندن, دەبێت هەم وەزارەتی ژینگە چاودێریەکی هەبێت بەسەر ئەو ئەزموونانە, یان ئەو تاقیگانەی کە لە باری مەواد دا هەیە.**

**سێیەم/ ئالۆگۆڕ کردنی ئەو ماددە ترسناکانەی کە دەکرێن, مەوادی کیمیاوی, مەسەلەن لە ولأتی ئێمە دەبینین لە عێراقدا هەیە مەواد هەیە بۆ مێشك و شتن, دوایێ دەردەچێت خەڵکی پێ دەکوژن, هێنانی مەوادەکە لە ئەسڵدا خۆی دروستە, یەعنی قانونییە, بەلأم ئەمانە دەستکارییەکی دەکەن, یان مەسەلەن شتێکی دەکەن, دەبێت ئەو ماددە ترسناکانە کە لە ولأتدا هەیە لە رووی قانونییەوە مەسموحە, دەبێت وەزارەت زۆر وردکاری لەسەر ئەم مەوزوعە بکات و ئاگای لێ بێت, ئەوە یان بەکارهێنانی غەڵەتی لێ نەکرێت, یان وەکو بڵێی جارێکی دیکە صیاغەیەکی نوێ نەکرێتەوە لەناویدا, هەروەکو وتم ماددەی بۆ لەناو بردنی مێش, دوایی دەستکارییەکی دەکەن, یان موتوربەی دەکەن لە شتێکی تر و شتی گەورەتری پێ دەکەن, بە قەناعەتی من ئەو سێ خاڵە گرنگە وەزارەت لە ئامانجەکانی خۆیدابرێژێت, سوپاس.**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**فەرموو.**

**بەرێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئیش بەلکو ئەڤ وەزارەتە لە کوردستانێ و, هێشتا پیسیا ژینگێ نەگەیشتا مەترسی و کیچا دەوڵەتا ئەجنەبی و پیشەسازی هەی و, لبەر دروشما هەی بە عەرەبی دەخوێنمەوە (الوقاية خير من العلاج), یەعنی**

خۆپاراستن چاكترە لە چارەسەر كردن, بینیم خاڵە یازدەدا راسپاردەیەك لەلای وەزارەتا ژینگەێ بۆ وەزارەتا پەروەردێ هەبت كو قۆناغە سەرەتایی دابنێت بەلای كەم, هەندەك بابەت هەبن بۆ پتر هشیار كردنە قوتابیان و خوێندكاران بۆ پاراستنا ژینگەهێ, چونكە ماڵێك نییە قوتابیەك, دوو قوتابی نەبێت, ئەگەر هەر ماڵێك یەك دووەك لە كچكاتی بێنە راسپاردن و ژینگە بپارێزن, بێگومان ئەو دێ ماڵێ خۆشی رادەسپرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سێ خاڵم هەیە:

یەكەمیان: لەبەر ئەوەی وەزارەتی ژینگە پاراستنی ژینگە مانای پاراستنی ژیانە, پێم باشە دەسەڵات بدرێتە وەزیر سزا فەرز بكات لەسەر ئەو كەسانەی هەر كارێك ئەنجام دەدەن دەبێتە هۆی پیس بوونی ژینگە, یەعنی غەرامەیەك لەسەریان فەرز بكرێت.

دووەم: دانانی سندووقێك بەناوی سندووقی پاراستنی ژینگە, ئەو سندوقە تەمویلەكەی لە تەبەروعات بێت لەگەڵ ئەو غەرامانە, بۆ ئەوەی زیاتر وەزارەتەكە بە كارەكانی خۆی هەڵبستێت.

سێیەم: وەزارەت تەعەهودێك لەو كەسانە وەربگرێت, كەسی ئاسایی, یاخود كەسی مەدەنی یەعنی مەعنەوی لە كاتی بەكارهێنانی هەر ئامێرێك, یاخود هەر پرۆژەیەك دەكەن پابەند بن بەو پێوەرە دەوریانە بۆ پاراستنی ژینگە, یاخود تەعەهودێكیان لێ وەربگرێت, زەمانێك بۆ ئەوەی كە كارەكەیان كەوا كاریگەری سلبی نابێت بۆ سەر ژینگە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سێ چوار پێشنیارم هەیە بۆ جەنابی وەزیر:

یەكێكیان ئەوەیە كەوا ژینگە بچێتە هەموو شار و گوند و ئەوانە بەشێوەی رێكخراوەكان, تاكو بچێتە ناو هەموو توێژو چینەكان, ئەمە یەك.

دووش/ ئەمەی كەوا مامۆستا پیر خدر گوتی دانیشتن لەنێوان وەزارەتی ژینگە و وەزارەتی پەروەردە بكرێت, بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامە و مەنهەجی خوێندن هەر لە سەرەتاییەوە, تاكو هەستەكە دروست ببێت, چونكە من یەك شتم هەیە لەبارەی هەستكردن پاراستنی ژینگە پەیوەستە بە هەست, هەست كردن بە مەسئوولیەتەكەت ئینجا دەبێتە ئەرك, چونكە هەر تاكێك لە ئێمە رقابەیەكی ویژدانی بۆ خۆمان دروست بكەین, تاوەكو پاراستنی ژینگە بە ئەركی خۆمان بزانین, پاشان ببێتە ئەرك.

پێشنیارێکی تریشم هەیە هەر بەنیسبەت ئەو خاڵانەی لێرە هەنە, بەنیسبەت لێکۆڵینەوەی مەیدانی بکرێت بەشێوەی زانستی و ئەکادیمی, ئەوەش سەنتەری توێژینەوە دروست بکرێت, بەڵام دووبارە هەماهەنگی بکرێت لەنێوان وەزارەتی ژینگەو وەزارەتی خوێندنی باڵا لەگەڵ زانکۆ.

خاڵێکی تریشم هەیە بەنیسبەت پیس بوونی ژینگە, کەوا ئێستا ئێمە هەموومان دەبینین لە ماڵ و کۆڵانەکانی خۆمان واتا زبڵ بووتە کێشەیەکی سەرەکی, بەتایبەتی ئەو فەترەیەی کە دەبینین سەیارەکانی زبڵ زۆر کەم دێت, بەڵام زبڵیش کە کۆ دەکرێتەوە, دەبێتە سەرچاوەیەکی پیس بوونی ژینگەو سەرچاوەیەکی نەخۆشی, کەوا دووبارە هەماهەنگی بکرێت لەنێوان وەزارەتی ژینگەو وەزارەتی تەندروستی, ئەوەش بۆ ئەوەی یەعنی وەکو وڵاتی جیهان زبڵ وای لێ بکرێت, هەم لە مەترسیەکە رزگارمان بێت, هەم ئیستیفادەی لێ بکرێت بکرێتە بەشێوەی وزە, یان پەینی لێ دروست بکرێت.

خاڵێکی تریش پیس بوونی ژینگە سەرچاوەکەشی کەوا ئێستا ئێمە لە هەولێر هەموومان دەناڵێنین بوونی ئەو مۆلیدەکان, کەوا ئاو و هەواکانیان هەموو لێ پیس کردینە, دیسان تەنسیقێك لەنێوان وەزارەتی ژینگە و وەزارەتی کارەبا بکرێت, کەواتە دەبێت وەزارەتی ژینگە تەنسیق بکاتن لەگەڵ هەموو وەزارەتەکانی تر, بۆ ئەوەی شتێکی باش بینە کایەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت فەقەرەی سیازدە کە باس لە (العمل على حماية الطبيعة وانشاء المحميات الطبيعية) دەکات, من پێم وایە لەگەڵ ئەو فەقەرەی بێت, بۆ ئەوەی تەکمیلە بێت زیاتر, باس لە راوکردنی بە پەلەوەر و گیانلەبەرە تەبیعییەکانیش لەگەڵ بکرێت, چونکە ئەوانیش بەشێکن لە ژینگە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە راپۆرتمان هەبوو هی لیژنەی شارەوانی, بەڵام زۆری چارەسەر کراوە, تەنیا دوو سێ فەقەرەی گرنگ ماون, لەوانە موداخەلەمان دەبێت, یەك لەوانە لە ماددەی سێ, کە ئێستا ماددە دووە لە فەقەرەی پازدە پێشنیار دەکەین ئەو عیبارەیە ئیزافە بکرێت لە کۆتاییەکەی (عن طريق وسائل الاعلام والتوجيه المدرسي) لەسەر رستەکەی کە هاتووە, ئەوە ئیزافە بکرێت, دوایێ تەسەلسولی (17) ئیزافە بکرێت (17- الزام وزارة البلديات لتخصيص مساحات خضراء ضمن التصميم الاساسي عند قيامها فرز الاراضي للاحياء السكنية والتجارية بالاضافة الى الخدمات الصحية الاخرى), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ بتگوتبایە ڕاپۆرتم هەیە, سێ موداخەلەت کردووە, ئەوە چوارەم بوو, یەعنی وەکو ڕاپۆرتەکەی بخوێنیەوە وا بوو, فەرموو.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پیشتیوانی دەکەم کە خاڵی دوازدە نەمێنێت, چونکە ئەوە لە پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەتەوە جێی بکرێتەوە, لە خاڵی چوارەمیش (هاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێوان وەزارەتەکان) پێم باشە لە دوای ئەوە زیاد بکرێت ( ئەو لایەنە دەرەکی و ناوخۆیانەی کە خەمخۆی پاراستنی ژینگەن), یەعنی لایەنی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ زیاد بکرێتن, چونکە هەندێ جار لەگەڵ ناوخۆ و, هەندێك جاریش لەگەڵ دەرەوە زیاد بکرێت. کوردیەکەش هەرچەندە لیژنەی قانونی تەرجومەیان نەکردووە, وەکو خۆیان باس دەکەن, بەڵام (ساغڵەمی) تورکیان بۆ خستینە ناوێ, بۆ ئەوەی جارێکی تر بە عەرەبی ڕازی بین و, پێویستی بە دەستکاری کردنەوە هەیە, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردوو بڕگەی سێ و دوو لە ماددەی دووەم, چونکە ماددەی سێیەم بوو بە ماددەی دووەم هاوشێوەیەکی تەواوی یەکن و یەك ماناش دەدەن, من پێم وایە بکرێتە یەك بڕگە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەفزلیەتی قسە کردن بۆ کەسانەیە کە قسەیان نەکردووە, دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بەشی زۆری شارو شارۆچکە و دێهاتەکانی کوردستاندا ئاوەڕۆمان نییە, یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی پیس بوونی ژینگە بەداخەوە ئەو وشەیە بەکار دەهێنم ئەو چلکاوانەی کەوا لە هەموو شوێنێك دەبینین لە شارەکان, پێش شارۆچکە و دێهات, پێویستە یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەو وەزارەتە ئەوە بێت بە هاوکاری کردن لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەی پەیوەندیدارە, بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشە گەورەیە, کە سەرچاوەی پیس بوونی ژینگەیە لە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بە حەقیقەت تێبینیەكم هەیە, لەناو صیغەكان و باسەكاندا باسی پاك و خاوێنی دەكرێت, بەلأم حەز دەكەم ئەگەر ئیمكان بێت بە دیتێل بچینە سەر مەوزوعی سەیارە, سەیارە ئەمڕۆ لە كۆمەڵگای مەدەنی لە هەموو شوێنێك بۆ پاراستنی ژینگە دامودەزگایەكی تایبەتی هەیە, دەبێت راپۆرتێكی تایبەتی هەبێت, بۆ تازە كردنەوەی سەنەوی سەیارە, هەموو دوو ساڵ جارێك, چ لە ویلایەتە یەكگرتووەكان, چ لە ئەوروپا هەریەكیان سیستەمێكی تایبەتیان هەیە, دەبێت سەیارە بچێت چەك بكات بە ئسلوبێكی تایبەتی كۆمپیوتەری, یەعنی بتوانێت ئەوە بسەلمێنێت, كە ئەم سەیارەیە مەكینەكەی هەمووی ئیش دەكات و هیچ موشكیلەیەكی نییە, بۆ دروست كردنی دووكەڵ و هەندێ غازی تر, ئینجا دەتوانێت ئەو سەیارە لێ بخورێت, ئەگەر كارێكی وا بكرێت لەنێوان وەزارەتی ژینگەو وەزارەتی داخیلی, بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە شوێنێكەوە دەست پێ بكەین, چونكە ئەمە یەكێكە لە هەرە موشكیلە گەورەكان, كە ئەمڕۆ كوردستانیشی گرتۆتەوە, چونكە سەیارە یەكجار فراوان بووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئەوە دەكەم خاڵی پێنجەم لابدرێت, چونكە سیستەمی ئێمە سیستەمێكی فیدراڵیە, نەك كۆنفیدراڵی, ئێمە ماڤ ئەوەمان نییە داخیلی موعاهەدات و ئیتیفاقیاتی نێو دەوڵەتی بین, ئەوە یەك.

دوو/ خاڵی چوارەم پێم وایە هەم صیاغە و هەم ماددەكەش زیادە, صیاغەكەی موەفەق نییە, دەڵێت (التعاون والتنسیق بین الوزارات), دەبێت بگوترێت (مع الوزارات), نەك (بین الوزارات) ئەوە یەك.

ئەگەر ئەو خاڵە لابدرێت, پێم وایە لە خاڵی دەیەم باسی ئەوەی كردووە, كە دەڵێت (التنسيق والتعاون مع مؤسسات وزارة التعليم العالي والبحث العلمي والوزارات الاخرى), تەنها باسی (الجهات) نەكراوە, ئەگەر لێرە تەنیا وشەی (الوزارات والجهات الاخرى) لە خاڵی چوارەم زیاد بكرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دارا جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەكەم, كە بابەتەكەی ئێمەیان دەوڵەمەند كرد, ژینگەشیان دەوڵەمەند كرد بە تێبینیەكانیان, ئەو پێشنیازانەی بەڕێزیان كردیان, پێم وایە بەشی زۆری لە قانونی حیمایەی بیئە هەیە, كە دێتە بەردەستی جەنابتان, یەعنی بەشی هەرە زۆری لە قانونەكە باس كراوە, عقوبات و غەرامات

و قەزیەی سەیارات و سالآنە سەنەوی تازە ناكرێتەوە تا فەحصی بیئی بۆ نەكرێت, ئەو مەسائیلانە لەویّ باس دەكرێت پێتان دەگات, دەگەڕێتەوە ئەو بابەتانەی ئێمە لێرە باسمان كردووە, ئێمە مهاممان باس كردووە, هاتووین پوختەیەكمان باس كردووە, كاری ئێمە هوشیار كردنەوەی خەڵكە بەشێوەی جۆراو جۆر, ئیتر دوایی تەنزیم كردنی ئەركی سەر شانی ئێمەیە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو بخرێتە ناو مەنهەجی خوێندن و هەموو ئەوانە.

باسی ئەوەمان كردووە لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدار, ئێمە هەڵدەستین بە پاراستنی ژینگە, لەبەر ئەوەی ئەوەمان نووسیووە وەكو مەهام, ئێمە شتێكی گشتیمان نووسیووە لەناویشی ئەوەش دەگرێتەوە كێشەی زیراب, چی هەیە لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدار باسی بكەین, بۆیە ئێمە ئەو خالآنەمان وا نووسیووە, دوای دیراسەتێكی زۆر و سوود وەرگرتنیش لە مەهامی وەزارەتی بیئە لە زۆربەی ولآتانی دنیا هێناومانە, ئینجا هاتینە ئەو ئەنجامەو, پێشم وایە شتێكی زیادی تێدا نییە, ئەگەر ئیزافەیەكیش هەبێت, ئەوەی بەڕێزیان وتیان لەناو خاڵەكانی ئێمە جێیان دەبێتەوە, چونكە ئێمە زۆر بە گشتی خاڵەكانمان نووسیووە, بۆیە جارێكی تر دەڵێم داواكانیان زۆربەی لەناو قانونی حیمایەی بیئە جێی دەبێتەوە, كە لە داهاتوودا بێتە بەردەستتان و ئەو كاتە موناقەشەی بكەین, سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخمووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من گلەییم هەیە لەو شێوازە ئیدارە كردنەی كۆبوونەوە, من زیاتر لە بیست جار دەستی خۆم بەرز كردەوە بۆ گفتوگۆ, یەعنی بەڕاستی بە هیچ شێوەیەك چاوت هەڵنەبڕییە لای ئێمە, ئەوە خالێك.

دواتر لە هەموو دانیشتنەكانی پێشتر, كە ماددەیەك دەخوێندرایەوە, دەگوترا كێ موناقەشەی هەیە؟ ناوەكان دەنووسرا بەگوێرەی ناوەكان موناقەشەكان دەكرا, پاشان دادەخرا, ئێستا بەڕاستی هەر ئەو شێوازە نەماوە, هەر یەكە لە لای خۆی قسە دەكات و عەدالەتیش نییە لە قسە كردن, خەڵك هەیە دە جار قسە دەكاتن, خەڵكیش هەیە یەك جار مەجالی نەدراوە قسە بكات, نموونە خۆم بیست جار داوام كرد قسە بكەم, مەجالت نەدا قسە بكەم, زۆر سوپاسیتش دەكەم بۆ ئەو عەدالەتە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەشێكی گلەییەكەت قەبولە, ئەویش رەخنەیە لەوەی كەوا شێوەی موناقەشە كردنەكە نووسین بێت, بەلآم من تەسەورم نەدەكرد ئەو هەموو كەسە داوای قسە كردن بكەن, وەكو ماددەكانی تر چوار كەس, یان پێنج كەس قسەی دەكرد, پێویست بە نووسینی نەدەكرد, بەشەكەی تر مەرفوزە, لەبەر ئەوەی ئەوە یەكەمین جار نییە, دەیەمین جارە دەڵێم ئەگەر چاوم لە یەكێك نەبوو كەس مەقصود نییە, نیهائیەن بە موتڵەقیش دەیڵێم و, هیچ مەبەستێكم نییە بڵێم فلان كەس قسە بكەو, فلان كەس قسە مەكە, تەنیا ئەوانەی دوو

جار، یان سێ جار موداخەلەی دەکەن، رەنگە داوا بکەن، سەردار دوو سێ جار موداخەلەی کردووە، ئێستا خستومەتە ئاخیر، چاوم لێت نەبووە، ئەگەرنا هیچ موبەریرێك نییە رێگە نەدەم، قانونەکەش قانونێکی وا نییە بڵێم مەبەستێکم هەبێتن، یاخود بە ئیتیجاهێك بیڕوێنم، ئەو قانونە پابەندە بە هەمووما‌نەوە، من تەسەورم نەدەکرد ئەوەندە موداخەلە هەبێتن، من پێم وایە خاڵەکان زۆر دووبارەی تیایە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تەجروبە، ئەو موداخەلانەی کە کراوە لە (80٪)ی لەو خالاْنەدا هاتووە، رستەیەك لەوێ هاتووەو رستەیەك دەچێتە ئەوێ، پێشنیارێك دەچێتە ئەوێ و پێشنیارێکی تازە دێتن دەڵێم لە (80٪)ی، چونکە هەندێکی شتی نوێی تێدا بوو، لەبەر ئەوە من تەسەورم دەکرد، کە موناقەشەکە کەم بخایەنێتن، چوار کەس، یان پێنج کەس قسە بکاتن، بەس لەمەودوا وا دەکەین، کاك سەعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین (وەزیری هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم بۆ لەمەودوا، بۆ ئەوەی ئیستیفادە لە کات بکەین، وەکو جەنابیشت ئیشارەتت پێدا، ئەو لیژنانەی کە پەیوەندیدارن بەو وەزارەتانەی کە پرۆژەکانیان موناقەشە دەکرێت، مولاحەزەکانیان زووتر بدەنە جەنابی وەزیر، بۆ ئەوەی هەم خۆی ئامادە بکات، هەم با بڵێین ئەو تەنسیقەی لەنێوان لیژنەی قانونی و وەزیر هەیە، با بڵێین ئەوان مەسەلەکانیان هەموو بڕاندۆتەوە دێن لێرە عەرزی دەکەن لە پەرلەمان و ئیتر پەسند دەکرێت، یان موناقەشە دەکرێت، ئەوەش یەك لە کێشەکانە، بڕوا دەکەم هەندێك مەوزوع و میحوەر و شت دێتە پێش زیاتر لیژنەکان، یەعنی ئەوەی من مولاحەزە بکەم، جارێکی تریش هەر لەگەڵ بەڕێزتان باسمان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی ئیشەکانی ئێمە هین کردووە، خۆی دەبوایە لیژنەکان، هەرچەندە دڵنیام لیژنەی قانونی لەگەڵ وەزیر دانیشتوون، بەلاْم لیژنەی تەندروستی و لیژنەی شارەوانی پێشتر راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن و لەگەڵ وەزیر یەکلای بکەنەوەو، لەگەڵ یەکتری دانیشن و ئیشەکانیشمان ئاسان دەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئینشائەڵلاْ بۆ پرۆژەکانی تر، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەوەم پێشنیار کرد، کە لیژنەی ئێمە موشتەرەك دانیشین، کاتی ئەو راپۆرتانە دەنووسرێت، بەلاْم وەکو پێویست نەکرا، پێم خۆشە لە ئایندە ئەو مەشروعانەی حەوالەی ئەو لیژنانەی تایبەت دەکرێت لەگەڵ لیژنەی یاسا دانیشن بەیەکەوە کۆتایی پێ بێنن باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە مەسئوولیەتی هەمووتانە، ئێستا ئەوە من چوار جار رێگەم دا بە تۆ، لەبەر ئەوەی لیژنەی شارەوانییە، دەبوایە بێیت لێرە دانیشت و راپۆرتەکەش حازر بێت و تەوجیهی سەر ئەندامەکانیش کرا بێت، وەزیریش رەئی لەسەر دابێت بە هەماهەنگی پێکەوە بن.

ئێستا ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی, پێم وایە زۆر پێشنیاری ئیجابی تێدا هەیە بەڕاستی, ئەگەر ئەو مولاحەزەتانەی کە دران کاك شێروان, چیتان پێ باشە, هەندێکیان شتی باشی تیایە, رەئیتان بڵێن لەسەری تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەنیسبەت راپۆرتی خۆمان لەگەڵ جەنابی وەزیر هیچ خیلافێکی وامان نییە, تەنیا لە فەقەرە دە نەبێت, فەقەرە دەش مانعیمان نییە, کە وەکو خۆی بمێنێتەوە, ئەو گۆڕانکاریەی بەسەردا نەیەت و وەزارەتی ئوخرا بمێنێتەوە, ئەوانی تر هەمووی لەگەڵ بۆچوونەکانی جەنابی وەزیرین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەو فەقەرەیەی کە پێشنیار کرا ئیلغا بکرێتن, گوتیان دەسەلاتی هەرێم نییە, فەقەرە پێنج (اقتراح انضمام الاقليم الى الاتفاقيات والمعاهدات والبروتوكولات الاقليمية والدولية المتعلقة بالبيئة ومتابعة تنفيذها مع الجهات المعنية), گوتیان لەگەڵ هین ناگونجێت و ئیلغا بکرێت, رەئیت چیە جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو فەقەرەیە بە پێویست دەزانین, چونکە راستە ئێستا لەگەڵ پەرلەمانی عێراقی کێشەیەك هەبێت لەسەر ئەوە, لە سێ وەزارەتەکانی دیکەش هەر پێشتر بووە لەگەڵ کاك بورهانیش ئەوەمان نووسی ئیتیفاقیاتی دەولی, عوقود لەگەڵ دەوڵەتانی تر بە هەمان شێوە, ئێمە ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەین, کە خۆمان راستەوخۆ هەرێمی کوردستان داخیلی ئەو ئیتیفاقیانە بین کە تایبەتە بە ژینگە لە رێگای رێکخەرەی کاروباری (un) لە هەرێمی کوردستاندا, خۆشمان هەوڵمان بۆ داوە, ئەمەش یاساکە خۆ بۆ ئەمڕۆ نییە, هیوادارین لە ئایندەدا راستەخۆ وەکو هەرێمی کوردستان داخیلی ئەو ئیتیفاقیاتانە بین, بۆ ئەوەی بمێنێت باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی یەعنی دوو شتی جیاواز هەیە لەڕاستیدا, یەکێکیان ئەوەیە هەندێ مەسائیل هەنە پێویست بەوە ناکەن دەوڵەت بێت, دەتوانی بەناوی حزبیش ئیمزا بکەیت, مەسەلەن دژی ئیعدام حەرەکەیەکە سنووری دەوڵەتی بەزاندووە, ئێمە پێشی هەشت نۆ ساڵ پێش ئێستا, وەکو حزبیش پابەند بووین لێرە ئیمزا بکەین, کە دژی ئیعدام بین, دژی ئەلغام, مونەزەمات دێتن لەگەڵ ئەحزابی موعارەزە ئیتیفاق دەکاتن کە ئەلغام دەچێنن, بەلأم ئیتیفاقیاتی دوەلی, کە گوتت ئیتیفاقیاتی دوەلی یەعنی لە نێوان دەوڵەتانە, بۆیە دەبێت ئەو وشەیە بە شێوەیەك بێتن ئیحراجمان نەکات و واقیعیش بێت, ئیتیفاقاتی دوەلی یەعنی لە نێوان دەوڵەتی عێراق و ئێمە دەوڵەتێکی فیدراڵین, بەلأم ئەگەر بڵێی (الالتزام بالمواثيق والعهود الدولية التي ابرمت من اجل الحفاظ على البيئة), ئەوە دەکرێتن ئەوها, یان ئەگەر صیغەکە بمێنێتەوە بەشێوەیەکی تر

(الالتزام بالاتفافيات والمعاهدات والبروتوكولات الاقليمية والدولية المتعلقة بالبيئة ومتابعة تنفيذها والمصادقة عليها من قبل الحكومة الاتحادية).

**بەڕێز دارا محمد امين (وەزيری ژينگە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مەبەستمان ئەوەیە ئیتیفاقیاتی دەولی هەیە, موعاهەدات و پرۆتۆکۆل, ئێمە ئەگەر وەکو ئەندامێك وەربگرین تیایدا, ئیتیفاقیاتەکان زیاتر تایبەتن بە پاراستنی ژینگە, بۆیە ئەو ئیتیفاقیاتانە هیچ مانعمان نییە, وەکو ئیقلیمێك داخیل ببین, ئەو ئیتیفاقیەیە سەبارەت بە مەنعی نەفایاتی نەوەوییە, سەبارەت بە پاراستنی هەوایە, سەبارەت بە پاراستنی ئاوە, بۆیە ئەگەر ئێمە ئەم مەجالەممان ببێت, وەکو هەرێمیش بتوانین داخیلی ئەو ئیتیفاقیانە ببین, ئێمە وامان باس کردووە, نە خۆمان ئیتیفاقیەکە بکەین, ئیتیفاقیە نێودەوڵەتیەکە بۆ ئێمەش ببین بە ئەندام تیایدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بە رەغبەت بێتن ئێمە (100٪) لەگەڵتین, لە سەدا ملیۆنیش لەگەڵین, خوا دەکات دەبینە دەوڵەتیش لە موستەقبەل, بەڵام ئێستا دەبێت پابەند بین بەو دەستوورە, ئەو دەستوورە پێمان دەڵێتن ئیتیفاقیاتی دەولی لەلایەن حکومەت حەسرە, دەستوور حەسری کردووە بە حکومەتی ئیتیحادی, لەبەر ئەوە بۆ شتێك بڵێین تەنیا عاتیفیەن نەتوانین جێبەجێی بکەین, کەسیش ئیعتیرافمان پێ ناکاتن, شتێك بڵێن کە بگونجێتن لەگەڵ دەستووری عێراقی دەنگمان بۆ داوە, واقیعی بێتن, کەسیش نەڵێتن ئەوەتان نووسیووەو لەگەڵ دەستووری عێراقی ناگونجێتن خۆتان دەنگتان بۆ داوە, سەغرەیەك دەبێتن بە رەئی من, لەبەر ئەوە ئەگەر وشەی ئیتیفاقیاتی دوەلی کە محصولە لەنێوان دوەل دابنرێتن ئیلتیزام بەو ئیتیفاقیانە شتێکی چاکە.

**بەڕێز دارا محمد امين (وەزيری ژينگە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاساکەدا هاتووە (اقتراح انضمام الاقليم),ئێمە نەمان گوتووە, یەعنی ئێمە پێشنیازی ئەوە بکەین ئیقلیمیش بچێتە ناو ئەوانە, یەعنی ئەگەر پێشنیاریش هەر رێگە پێ نەدراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە عێراقەدا لەگەڵ کێ قسە بکەیت دەڵێت ئەوەم بۆچییە من نوێنەری تۆم دەوێت, یەکسەر دەڵێ من نوێنەری تۆم لەوێ ئیمزام کردووە, تۆ بۆچی هاتووی ئیمزا بکەیت, یەعنی ئەوە وەزارەت ئیحراج دەکاتن, دەڵێت شتێکت نووسیووە, ناگونجێت لەگەڵ واقیعێك, ئەوە ئەرکی منە, ئێستا هەندێك مەهامی موشتەرەك هەیە کێشەمان هەیە, چۆنیەتی دەرهێنانی نەوتی تازە, کە هاوبەشە چ هەلایەك دروست دەکات بە ناحەقە تەبعەن, جا شتێکە بە حەق نووسراوە حەسرە بەوە موهیمەی دەوڵەتی ئیتیحادییە, رەئی لیژنەی قانونی چییە؟ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

به حەقیقەت ئێمه چەند جاریش دووبارەمان کردۆتەوە, زانیارێکی وامان نییه لەسەر ولأتانی فیدراڵ لەسەر ئەو مەسەلانە, یەعنی ئەوە شتێکی واقیعی و شتێکی وازیحەیشه, عەجەبه چۆن تەعامول لەگەڵ بیئە دەکەن, ئێمه ئەو مەعلوماتەمان نییه, ئێمه موجەرد دەڵێین دەولییه عیلاقەی به سوڵتەی ئیتیحادی هەیە, ناتوانین ئیتیفاقیات بکەین, ئەوە حەقیقەتەکه بەو شێوەیە, بەلأم لێره ئەگەر بنووسرێت (العمل علی الانضام) مەسەلەن ئەوە بکرێت, یان نەکرێت, وابزانم هیچ زەرەرێکی نییه, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بەو شکله بێت دەنا زەرەری هەیە, بەلأم ئەگەر بڵێین (الالتزام بالاتفاقیات الدولیة), ئیلتیزام باشتره, یەعنی ئیلتیزام خۆ ئینزیمام نییه (الالتزام بالاتفافیات والواثیق الدولیة والاقلیمیة لحمایة البیئة ........الخ), فەرموو کاك نوری.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێك لەو کێشانەی کەوا پەیوەندیان به ژینگەوە هەیە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەوەیە, ئەوە دراوسێمانن, ئێستا پێش تۆزێك پرسیاری هەندێك کێشەی ئاوەڕۆم کرد له نێو ئێران و کوردستانی ئەم دیوە له لای ناوچەی تەوێڵەو ئەو ناوانه, حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت ئەو حەقەی بێت پەیوەندی بکات بەو دەوڵەتانەی ناوچەکەوە, بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کەوا پەیوەندیان به ژینگەوە هەیە لەگەڵ ئێران, لەگەڵ تورکیا, چونکه جاروباری وا هەیه هەندێك ئاو, یان شتی دی دەکەن دەبێتە هۆی کێشه دروست کردن, کێشەی گەورە بۆ ئێمه, حکومەتی هەرێم پێویسته پەیوەندی راستەوخۆ بکات لەگەڵ ئەو دەوڵەتانه, بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانه, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك دکتۆر, بەلأم ئەم پەیوەندیانه شتێکن زەروورییه‌نه, ئێمه دەڵێین ئیتیفاقیاتی دەولی, تۆ ئیتیفاقی دەولی یەعنی لەگەڵ ئێران, وەکو هەرێم ئیتیفاقێکی دەولی ئیمزات لەگەڵ دەکات, مومکینه ئیتیفاقێك لەنێوان کرماشان و سلێمانی بکرێت, دوو شاری سنوورین موحافەزە لەگەڵ یەکتری دادەنیشین و ئیتیفاق دەکەن چۆن حدود بپارێزن, چۆن ئاو دابەش بکەن؟ چۆن صناعات تەبادول بکەن, ئەوانه تەبیعییه, بەلأم که ناوت لێ نا ئیتیفاقیەی دەولی تۆ دەزانی لەو شتانه له قانونی دوەلی تۆ ئوستازی, من کاك فەرسەت فێرم دەکات, بەلأم تەعاون دەکرێت, بەلأم کەلیمەی ئیتیفاقیاتی دوەلی لەنێوان دوەله, هەر له ناوەکەشی وایه ئیتیفاقیاتی دوەلی.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە لە دەستووری فیدراڵی هاتووە, مەهامی حکومەتی مەرکەزییە, کاروباری دەرەوەیە, داراییە, دیفاعە نەهاتووە ژینگەش ڕاستەوخۆ کە حکومەتی فیدراڵی سەرپەرشتی بکات, کەواتە دەتوانین ئیشی بۆ بکەین لەو بوارەدا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە باسی ژینگە ناکەین مامۆستا, ئێمە دەڵێین (الاتفاقیات والعقود الدولیە), ئەوجا ئەو ئیتیفاقیاتە تەفسلاتەکەی ژینگەیە, صحەیە, چەکە, ئاوە, کە گوتت ئیتیفاقیات وەزاراتی خارجیە, یەکەم جار لیژنەکان دەچن, دوایێ وەزارەتی خارجیە دەچێت ئیمزای دەکاتن, یان وەزیری تایبەت دەچێت واتا وەزیری دەوڵەتەکە دەچێتن, خوا بکات لێمان قەبول بکەن, ئەگەر قەبولیان کرد وەرن دە جار دەگۆڕین, من ئەوەم پێ باشترە, بۆ ئەوەی وەزارەتەکە ئیحراز نەبێت, بۆ ئەوەی کە دەڵێین پەرلەمان قانونێکی دەرکرد, قانونەکە دەبێت واقیعیەتی هەبێت.

**بەڕێز پخشان عبدالله زنگنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای تێدەگەم ئیتیفاقیات و پرۆتۆکۆلاتی دەولی, ئەوانەن کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و هەیئاتی نێودەوڵەتی ترەوە هەیە, کە عێراق موصادەقەی لەسەر کردووە, یان ئینزیمامی بۆ کردووە, ئینجا بۆیە من ئەو صیغەیەی کە ئێستا باستان کرد بەباش دەزانم, بەڵام نەك (التي صودقت علیها من قبل الحکومة الاتحادیة وانما الدولة العراقیة), چونکە عێراق کاتی خۆی ئینزیمامی کردووە, موصادەقەی کردووە, تەوقیعی کردووە لەسەر چەند ئیتیفاقیاتێك وەکو موعاهەداتێك کە عیلاقەی بە بە زۆر ژیانی کۆمەڵایەتیەوە هەیە, هیچ قانونێکیش لە دوای ساڵی 2003ەوە دەرنەچووە بە ئیپتاڵی ئەو تەوقیعە, بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو صیغەیەی کە ئێستا گوترا, بەڵام نەك (الحکومة الاتحادیة), بەڵکو (الدولة العراقیة), کە مۆری کردووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەك شت هەیە کە گوتت دەولەی ئیتیحادی, یەعنی عائیلیش دەگرێتەوە بۆ؟ لە دەستووری عێراقدا دەڵێت ئەو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵە مولزەمە بە هەموو قەوانین و ئیتیفاقیات و موعاهەداتی دوەلی کە لەلایەن دەوڵەتی عێراق ئیمزا کراوە.

**بەڕێز پخشان عبدالله زنگنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دەستووری عێراقی ئەو فەقەرەیەی کە عیلاقەی هەبووە بە ئیلتیزامی عێراق, بە ئیتیفاقیات و موعاهەداتی دوەلی لابردراوە, نەماوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو ماددەیە زۆر موناقەشەی لەسەر کرا, لە ماددەکانیش تەداخولاتێکی زۆری تێدا بوو, هەرچەندە من دووبارەی دەکەمەوە لە (80٪)ی وارید بوون لەو خالأنەی کە ئیزافە کرا بوون, دوو سێ شت لە پێشە یەك پێشنیارێکی لیژنەی تەندروستییە کە فەقەرەیەك ئیزافە بکرێتن, رەئیەك وابزانم کاك سەردار بوو تەرحی کرد, ئەو بەندەی کە باسمان کرد پێنجەم ئیلغا بکرێت, هەروەها رەئی لیژنەی قانونی ئەوانە, من پێشنیار دەکەم, ئێستاش کاتەکە تاخیرەو هەمووشتان ماندوو بووینە دوای بخەین بۆ بەیانی, سبەینێش جەنابی وەزیر لەگەڵ لیژنەی قانونی پێش دەست پێ کردنی کۆبوونەوە رێك بکەون لەگەڵ لیژنەی تەندروستی لەسەر پێشنیارەکان, فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە کۆبوونەوەی سبەینێ کاتژمێر (9و30), یان (10) بێت, بەڕاستی کاتژمێر (11) درەنگە, ئەوە پێشنیارێکە پێم باشە, چونکە مومکینە ئەندامان قایل بن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە فەیدی ناکات, بەلأم سبەینێ دەبێت فرسەتێك بدەینە لیژنەی یاسایی و وەزیر و ئەوانی تر, بۆ رۆژانی تر فەیدی ناکات, سبەینێ ئەگەر تەواویشمان کرد, بۆ ئاگاداریتان رەنگە وەزارەتی دەرامەتە ئاویەکانیش دەست پێ بکەین, سبەینێ سەعات (11) کۆبوونەوەیە, کۆتایی دەینین بە دانیشتنەکەمان, بەخێر بێن, سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11)**

**سێ شەممە رێکەوتی 3\10\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11)

## سێ شەممە رێكەوتی 2006/10/3

كاتژمێر (11,10)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2006/10/3 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (11)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ژینگە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەكان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11,10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2006/10/3دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ژینگە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەكان.

سەرەتا زۆر بەخێر هاتنی وەزیری ژینگە كاك دارا, وەزیری دەرامە ئاوییەكاك كاك تەحسین, وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان كاك سەعد دەكەین, بەخێر بێن سەرچاوان, داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن, داواكارییەك بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان, ئەوەی راستی بێت پێرێ بە دەستم گەیشت (56) ئەندامی بەڕێز ئیمزایان كردووە, بۆ ئەوەی جەلسەیەك تەرخان بكەین بۆ گفتوگۆ كردن لەسەر ئەو ناوانەی كە لە رۆژنامەدا بڵاو كرانەتەوە, لەبەر ئەوەی (56) ناوە زۆریشە, بەڵام پێرێ من بەدەستم گەیشتووە, لە رۆژنامە خوێندومەتەوە تەسریحاتم خوێندۆتەوە, كە ئەو (56) ئەندامە داواكاریان داوا كردووە, بەڵام پێرێ بەدەستی سەرۆكایەتی گەیشتووە, بۆیە داوامان لە سكرتیاریەت كرد, لە كاك فەرسەت سكرتێری پەرلەمان كرد بیخاتە بەرنامەی كار, هەفتەی دادێ لە یەكەم جەلسەی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەكەین, هەر بۆ ئاگاداریتان نەڵێن پشت گوێ خراوە, تەسریحێكی تر نەخوێننەوە بڵێن

ئێمە ئەوە دە رۆژە, پێرێ گەیشتۆتە دەستمان, موناقەشەی لەسەر نییە, هەر ئەوەندەیە ئیعلانمان کرد, تەنیا بە فرستمان زانی تا لیژنەی قانونی دێت, گوتمان وەکو خەبەرێك رۆژی دوو شەممە باسی دەکەین, دوێنی کاك شێروان ئێمە لەو شوێنەی جەلسەکەمان کۆتایی پێ هێنا, گوتمان ئێوە لەگەڵ بەڕێز وەزیری ژینگە بگەنە ئەنجامێك و لەگەڵ لیژنەی تەندروستی شتێکمان پێشکەش بکەن, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەم بەیانییە کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا لەگەڵ بەڕێز وەزیری ژینگەو, لیژنەی تەندروستیش ئامادە بوو لەو کۆبوونەوەیە, دوای ئاڵوگۆڕ کردنی بیرو را سەبارەت بە مادده سێ, کە ئەهداف و مەهامی وەزارەتە, گەیشتینە ئەنجامێك کە صیغەیەك بۆ ئەو ماددەیە دابنێین, کە بریتییە لە ئیزافەکانی لیژنەی قانونی زائیدەن ئیزافەکانی لیژنەی تەندروستی زائیدەن تێبینیەکانی وەزیر, ئێستا ئێمە نەصەکەمان داڕێشتووە برای بەڕێزم کاك عەونی دەخوێنێتەوە, بۆ ئەوەی رەئی کۆتایی لەسەر بدرێت, سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

تهدف الوزارة الى حماية وتحسين البيئة بالحفاظ على الصحة العامة والموارد الطبيعية والتنوع الاحيائي بما يضمن التنمية المستدامة وتحقيق التعاون الدولي والاقليمي في هذا المجال, وتمارس المهام التالية:

1- اقتراح السياسة العامة لحماية البيئة من التلوث والعمل على تحسين نوعيتها وتعرض على مجلس الوزراء للمصادقة عليها.

2- متابعة سلامة البيئة من خلال اجراء الفحوصات المتعلقة بالملوثات البيئية والعوامل المؤثرة في سلامة البيئة بالتنسيق مع الوزارات والجهات المعنية واصدار التعليمات الخاصة بالمحددات والضوابط لملوثات البيئية ومراقبة سلامة تنفيذها.

3-وضع الخطط السنوية والمتوسطة وبعيدة المدى لحماية البيئة وتحسينها.

4- التعاون والتنسيق بين الوزارات والجهات المعنية بحماية البيئة.

5- العمل على إنضمام الاقليم الى الاتفافيات والمعاهدات والبروتوكولات الاقليمية والدولية المتعلقة بالبيئة ومتابعة تنفيذها مع الجهات المعنية بالتنسيق مع السلطات الاتحادية.

6- اجراء المسوحات البيئية بالتنسيق مع الجهات المعنية.

7- ازالة ومعالجة اثار الاسلحة الكيمياوية والتعاون مع الجهات ذات العلاقة لتنظيف حقول الالغام والمخلفات من الاسلحة والعتاد والمواد المسببة للتلوث البيئي.

8- نشر واعداد وتشجيع الدراسات والبحوث الخاصة بحماية وتحسين البيئة.

9-التنسيق والتعاون مع مؤسسات وزارة التعليم العالي والبحث العلمي والوزارات الاخرى بخصوص الدراسات والتعاون والبحوث البيئية واستحداث مركز البحوث البيئية في الوزارة, وبالخاصة البحوث المتعلقة باستخدام الاسلحة الكيمياوية في كوردستان.

10-العمل على نشر الوعي والثقافة البيئية وتفعيل دور المجتمع المدني في هذا المجال وبناء القدرات البشرية عن طريق اقامة الندوات والدورات التدريبية الخاصة بحماية البيئة وتشجيعها.

11-دراسة ومتابعة تقيم الاثر البيئي التي تقدمها الجهات المسؤولة عن المشاريع التي تقام والقائمة حاليا واقرارها او رفضها خلال مدة معقولة من تاريخ تقديمها للوزارة وبالتنسيق مع الجهات المعنية.

12-العمل على حماية الطبيعة وانشاء المحميات الطبيعية بالتنسيق مع الوزارات والجهات المعنية.

13-اتخاذ الوسائل اللازمة لحماية الانسان والبيئة من مخاطر الاشعاع المؤين والتلوث البيئي.

14—اعتماد المكاتب والمختبرات والجهات الاستشارية لاعداد تقارير تقدير الاثر البيئي واجراء الدراسات والتحاليل والقياسات في مجالات حماية البيئة وفق شروط تحددها الوزارة وتصدر بتعليمات.

15-وضع الاسس السليمة لمعالجة المخلفات والنفايات والمواد الضارة والخطرة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

ئامانجی وەزارەت: پاراستن و چاك كردنی ژینگەیە, بە ڕێگەی پاراستنی تەندروستی گشتی و دەرامەتی سروشتی و جۆراو جۆر كردنی زیندەوەر, بەجۆرێك گەشە كردنی بەردەوام زامن بكات, لەو بوارەشدا هاوكاری نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی بەدەست بێنێت, ئەو ئەركو فەرمانانە جێ بەجێ دەكات:

1- پێشنیاز كردنی سیاسەتی گشتی بۆ پاراستنی ژینگە لە پیس بوون و كاری چاكتر كردنی چۆنایەتیی ژینگە و خستنەڕووی بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسند كردن.

2- بەدواداچوونی سەلامەتی ژینگە لە ڕێگای ئەنجامدانی پشكنینی پەیوەست سەبارەت بە پیسكەرەكانی ژینگەو ئەو فاكتەرانەی كاریگەرن لەسەر سەلامەتی ژینگەدا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزراەتەكان و لایەنە پەیوەندیدارەكانەوە بە دەركردنی ڕێنمایە تایبەتیەكان بە دیار كەرو بەند و بەستە (ضوابط) پیسكەرەكانی ژینگەو چاودێری كردنی سەلامەتی جێبەجێ كردنیان.

3- پلاندانانی ساڵانە و مام ناوەندی و درێژ خایەن بۆ پاراستن و چاكتر كردنی ژینگە.

4- هاوكاری و هاوئاهەنگی لە نێوان وەزارەتەكان و ئەو لایەنانەشدا كە پەیوەستن بە پاراستنی ژینگە.

5- کار کردن بۆ چوونە پاڵی هەرێم بۆ رێکەوتننامەو پەیماننامە پرۆتۆکۆلە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکان کە پەیوەستن بە ژینگەوە, وێرای بەدواداچوونی و جێبەجێ کردنیان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتە فیدراڵیەکاندا.

6-ئەنجامدانی روپێویە ژینگەییەکان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

7-لابردن و چارەسەر کردنی ئاسەواری چەکی کیمیایی, بەهاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بۆ پاککردنەوەی کێڵگەکانی مین و پاشماوەی چەك و جبەخانە, کە بوونەتە هۆی پیس بوونی ژینگە.

8-ئامادە کردن و بلاْو کردنەوەو هاندانی توێژینەوەو لێکۆلینەوەی تایبەت بە پاراستن و چاکتر کردنی ژینگە.

9-هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ دەزگاکانی وەزارەتی فێر کردنی بالاْو توێژینەوەی زانستی و لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەدا, بۆ دانانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانی ژینگەیی و داهێنانی ناوەندی بۆ توێژینەوەی ژینگەیی لە وەزارەتەکەدا, بەتایبەتیش لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بەکارهێنانی چەکە کیمیاویەکان لە کوردستان.

10- کار بۆ بلاْو کردنەوەی وشیاری و فەرهەنگی ژینگەیی و وەگەرخستنی رۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی بکات لەم بوارەدا, وێرای بۆنیادنانی توانستەکانی مرۆڤ لە رێگەی بەرپا کردنی کۆڕ و خولی راهێنانی تایبەت بە پاراستنی ژینگەو هاندانیان.

11-لێکۆڵینەوەی و بەدواداچوونی راپۆرتەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئاسەواری ژینگەیی, کە لایەنە بەرپرسەکان پێشکەشیان دەکەن لەمەر ئەو پرۆژانەی کە دادەمەزرێن و ئەوانەی ئێستا دامەزراون بۆ ئیقرار کردنیان, یان رەتکردنەوەیان لە لە ماوەیەکی گونجاودا لەو رۆژەوەی کە پێشکەش بە وەزارەت دەکرێن, بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

12-کار کردن بۆ پاراستنی سروشت و دروست کردنی پاوانگەی سروشتی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

13-گرتنە بەری شێوازی پێویست بۆ مرۆڤ و پاراستنی ژینگە لە تیشکاوەری زیان بەخش و ئالودەگی ژینگەیی.

14-پشت بەستن بە نووسینگەو تاقیگەو لایەنە راوێژکاریەکان بۆ ئامادە کردنی راپۆرتەکانی خەملاْندنی کاریگەری ژینگەیی و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو شیکاری و پێوانەکان لە بوارەکانی پاراستنی ژینگە بەپێی ئەو مەرجانەی وەزارەت دیاریان دەکات و ئەمەش بە رێنمایی دەردەچێت.

15-دانانی بنەماگەلی ساغڵەم بۆ چارەسەر کردنی پاشماوەو زبڵ و خاشاك و کەرەستەی زیانبەخش و ترسناك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێتن سوپاستان دەکەم بەڕاستی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە, جەنابی وەزیر وابزانم ئیتیفاقتان کردووە لەسەر ئەو صیغەیە, ئەوە لەبەر ڕۆشنایی موناقەشەکانی دوێنێ بوو, یەعنی کەواتە خاڵی شەش لابراوە, خاڵەکانی تر هەندێك ئیزافات و شتی تیا کراوە, بەڵێ کاك زرار, ئەگەر خاڵی نیزامە فەرموو, چونکە دەرگای موناقەشەم نەکردۆتەوە, ماددەی دووەم دوێنێ ئیلغامان کرد, ئێستا ماددەی سێیەمە بۆتە ماددەی دووەم, من تەنیا یەك خاڵ حەز دەکەم موناقەشە بکەم, جارێکی تر تەئکید بکەمەوە خاڵی پێنج, ئەوە دوێنێ زۆر موناقەشەمان کرد, پێشتر نووسرا بوو (اقتراح انضمام), ئێستا دەڵێت (العمل على انضمام الاقليم), یەعنی برادەران من دەمەوێت شتێك نەنووسین دوایێ بڵێی نووسراوە, خەڵکەکە پێمان بڵێ ئاخر مەعقولە نەیزانن هەرێم بۆی نییە ئینزیمامی ئیتیفاقیاتی ئیقلیم بکاتن, ڕێککەوتنی دوەلی بکاتن, ئەوەش بە حەقیقەت لێمان قەبول ناکەن, دوێنێ کاك شێروان دەڵێ ئێمە نازانین ئەوە حەقمانە, یان نا, من پێم وایە ئێمە دەزانین, چونکە حەسب ئیتیفاقیە لە دەستووری عێراق دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیتیحادی فیدراڵی تەحدید کراوەو دەسەڵاتی ئێمەش تەحدید کراوە, ئیتیفاقیاتی دوەلی لە زمنی دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵییە, من دیسان دووبارەی دەکەمەوە, پێم وایە باشترە پابەند بین بەو ئیتیفاقە, ئەو ئیتیفاقەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ موصادەقەی لەسەر کردووە, ئێمە پابەند بین لەسەری, ئەوە پێم وایە باشتر و گونجاوترە, ئەگەر دەڵێن موناقەشەی لەسەر دەکەین, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لاریمان لەوە نییە, کە ئیتیفاقاتی دەولی, یان موعاهەداتی دەولی, یان پرۆتۆکۆلاتی دەولی هەمووی لە زمنی سەلاحییاتی ئیتیحادە, ئەوە قابیلی موناقەشە نییە, چونکە ئەگەر تەماشای ماددە (110) بکەیت لە دەستووری عێراقی کە پەسند کراوە بەتەواوی ئیشارەت بەوە دەدات, بەلام لێرەدا یەك خاڵ هەیە, لێرە دەڵێن (العمل) کارکردن, نەمان گوتووە داخیلی ئیتیفاقیاتی دوەلی, مەسەلەکە دەڵێ کارکردنە, ئینجا دەڵێ کار کردن پابەند بوو بێت, یان نا, مەسەلەکە ناگۆڕێتن بە قەناعەتی من.

دووەمیش/ تەنسیقە لەگەڵ سوڵتاتی ئیتیحادی, وا نییە بڵێی ئێمە ڕاستەوخۆ لەگەڵ سوڵتەی ئیتیفاق بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان خۆی حەز دەکەن بڵێن (العمل) چی دەڵێن مانیعمان نییە, بەلام شتێك بگوترێت بێتە قەبول کردن, ئایا دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ محکەمەی دەستووری کە دادەمەزرێت, ئەو حەقە بە ئێمە دەداتن ئێمە بچین ئیتیفاقیاتی دوەلی بکەین و, ئەو دەوڵەتانەش قەبولی دەکەن یان نا, من هەر ئەوەم پێ باشترە بنووسرێت پێ پابەند بوون بە ئیتیفاقیاتی دوەلی, ئەو ئیتیفاقیاتەی لە لایەن حکومەتی عێراقی

فیدراڵەوە پەسند کراون, دوو سێ کەس قسەی لەسەر بکاتن, دوێنێ زۆر قسەمان لەسەر کرد, کاک کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ژینگە لە زمنی سەلاحیات موشتەرەکە ئیقلیم لەگەڵ سوڵتاتی ئیتیحادی, بۆیە دەبێت ئەو ئیتیفاقیات و موعاهەداتەی دەوڵەتی ئیتیحادی پێی هەڵدەستێت رەسمی ئەو سیاسەتەی دەکاتن, دەبێت بە تەنسیق بێتن لەگەڵ سوڵتاتی ئیقلیم لەو بوارەدا, بۆیە بەو شێوەیەی کە ئێستا لیژنەی یاسایی هێنایەتی, شێوەکەی دروستە کە کار دەکاتن لەگەڵ ئەو وەزارەتە, بۆ ئەوەی بە تەنسیق لەگەڵ سوڵتەی ئیتیحادی, بۆ ئەوەی بچێتە ناو ئیتیفاقیاتی دوەلی, چونکە هەندێك ئیتیفاقیات هەیە, هەندێك پرۆتۆکۆلات هەیە تایبەتە بە ویلایات و ئیقلیم و ئەوانە, وەك ئەوەی لە پرۆتۆکۆلاتەکاندا هاتووە, بۆیە ئەوەی بە پەسند دەزانین هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بەس بۆ تەعلیق, ئەوە کار کردن نییە, دەسەلات دابەش کردن نییە لەسەر مەسەلەی ژینگە بڵێی موشتەرەکە, ئەوە تۆ دەڵێی کار دەکەن بۆ ئینزیمامی هەرێم, کاک فەرسەت دەڵێ قەبولیشی ناکات, کاک دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی جەنابت دروستە, ئەو ئیتیفاقیەی کەوا عادەتەن نێودەوڵەتین پەیوەندیان بە حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە هەیە, کەواتە ئێمە وەکو جەنابیشت ئاماژەت پێ کرد, ئێمە باشترە بڵێین پابەند بوونی هەرێم بەو رێککەوتننامەو یەعنی تۆزێك صیاغەکەی دەگۆڕێت (پابەند بوونی هەرێم بەو رێککەوتننامەو پرۆتۆکۆڵە هەرێمایەتیەو نێودەوڵەتیەکان, کە پەیوەستن بە ژینگە وێڕای بە دواداچوون نەك بەدواداچوونی, بەدواداچوون و جێبەجێ کردنیان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت هەموو ئیتیفاقیاتی دوەلی بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت دەوری تیا ببینێت, تەنها لە یەك شوێن رێگە دراوە, کە ئیتیفاقاتی دوەلی بکات, ئەو بارە ئابووریانەی کە فەسڵییە, مەسەلەن ئێستا لە هەندێك شوێن ویلایەت پێویستی بەوە هەیە لەگەڵ دەوڵەتێك ئیتیفاقێکی فەسڵی بکات بۆ سێ مانگ بۆ فرۆشتنی حاصلاتی زراعی و ئەو پێویستیانەی بۆ ئەوەی تاخیر نەبێت, ئەو ئیقلیمە زەرەری لێ نەکەوێت,

تەنها لەو مەجالانە دەتوانێت, ئەگینا مەسەلەی بیئە شێتکی کتوپڕ نییە, ئەمە دیراسەیەکی دوور و درێژەو بەردەوامەو, لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە پابەند بین لە رێگەی ئیتیفاقیاتی حکومەتی ئیتیحادییەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لای ئێمە دوو حاڵەت هەیە, حاڵەتێکیان ئەوەیە لە چوارچێوەی حکومەتی فیدراڵییەوە, حاڵەتێکی تایبەتی بۆ حکومەتی هەرێم هەیە, ئێمە ئێستا باس لە چوارچێوەی دەستووری کوردستان, یاخود دەستووری عێراق, مومکینە لەسەر دەستووری عێراق لە (25٪) داواکانی خۆمان بکەین, بەڵام ئێستا ئێمە قانونێك بۆ خۆمان دانێین, با سبەینێ ئەوان بێن رەخنەمان لێ بگرن, یاخود داوامان لێ بکەن, بۆیە من پێم وایە جگە لە ئیتیفاقیاتی عەسکەری و هەموو فیدراڵیەکانی دنیادا خوێندراوەتەوە, جگە لە ئیتیفاقیاتی عەسکەری و سیاسی هەرێم بۆی هەیە ئیتیفاقیاتی تیجاری و ئەوەی سیمار و کاری موشتەرەك و ئەوانە لەگەڵ شوێنەکانی تردا بکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فەرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەوزوعە بیزات عیلاقەی لەگەڵ ئەوە نییە, ئەوە ئیختیصاصی حکومەتی ئیتیحادیە, یان ئیختیصاصی ئێمەیە, ئەگەر گوتت ئیتیفاقیاتی دەولی یەعنی ئەو ئیتیفاقیەیە لەنێوان مەجومەعەیەکی دەوڵەتەکان کراوە, تۆ هەوڵ دەدەیت ئینزیمامی بۆ بکەیت, ئەو دەوڵەتانە قەبولت ناکەن, چونکە بە خۆت دەڵێی ئیتیفاقیاتی دەولی, تۆ دەولی نیی, لەبەر ئەوە بە رەئی من صیغەکە بەو شێوەیە خەڵکەکە سبەی ئیتهاممان دەکات بە جەهالەت, ئیستیحالەیەکی قانونی هەیە, قانونەن تۆ ناتوانیت ئینزیمان بۆ ئیتیفاقیەکی دەولی بکەیت, ئیتیفاقی دەولی موسبەقەن ئەو ئیتیفاقیە کراوە لەنێوان سێ چوار دەوڵەت, چۆن هەوڵی بۆ دەدەیت ئینزیمامی بۆ بکەیت, ئەوە فەرقە لەگەڵ حاڵەتێکی تر, تۆ وەك هەرێم بچیت ئیتیفاق لەگەڵ دەوڵەتێکی تر بکەیت, ئەوە دەتوانیت ئەوە بکەیت, ئەگەر موافەقەی حکومەتی ئیتیحادی لە زۆر دەساتیری فیدراڵی ئەو حاڵەتە هەیە, لە پرۆژەی ئێمەش هەیە, لە پرۆژەی دەستووریش هەیە, هەرێم حەقی هەبێتن ئیتیفاقێك لەگەڵ دەوڵەتێك بکاتن بە موافەقەی حکومەتی ئیتیحادی, بەڵام حکومەتی ئیتیحادی نابێت ئەو ئیتیفاقە حەجب بکات بێ سەبەب و بێ موبەریرێکی قانونی, ئەوە حاڵەتێکی جیاوازە لە هەردوو حاڵەتی تر, چەند دەوڵەتێك رێك کەوتوونە لەنێوان خۆیان ئیتیفاقیەتێکیان

دروست كردووه لەسەر بیئە, یان لەسەر مەوزوعێكی تر, تۆ دەڵێی من هەوڵ دەدەم ئینزیمامی بكەم, كاكە چۆن ئینزیمام دەكەیت, ئەو ئیتیفاقیە خاصە بە دەوڵەتەكان, لەبەر ئەوە مەوزوعەكە بە رەئی من ئەوی جەنابی سەرۆكی پەرلەمان باسی كرد, ئیلتیزام بەو ئیتیفاقیاتانە خاصەتەن ئەگەر بڵێین ئەوەی عێراق تەوقیعی كرد و ئینزیمامی بۆ كرد بێتن, ئەو صیغەیە باشترە, با خەڵكێك ئیتیهاممان نەكات پەرلەمانی كوردستان داوای شتێك دەكات قانونەن موستەحیلە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیعتیرازێك لەسەر ئەو پێشنیارانە نییە, ئەو چوار كەسەی قسەیان كرد, سێیان تەئیدی ئەو قسەكانی ئێمەیان كرد, بزانم ئەگەر لیژنەی قانونی موافەقەت دەكات كە بگوترێت (الالتزام), بۆ ئەوەی هەموو ماددەكە بخرێتە دەنگدانەوە, ئەگەر نا بۆ ئەو خاڵە رەئی وەزیر وەردەگرین, ئەو خاڵە چی دەڵێت, فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان وایە ئەگەر ئیتیفاقیاتی نێودەوڵەتی نەتوانین ئینزیمامی بۆ بكەین, ناتوانین ئیلتیزامی پێیەوە بكەین, ئێمە ئەگەر گوتومانە داخیلی ئیتیفاقیاتی دوەلی بین, ئیتیفاقیەی دەولی كە دەكرێتەوە, هەتا نەتەوە یەكگرتووەكان دەوڵەتێك دەتوانێت ئێستا دروست دەبێت بە مەرجی خۆی ئینزیمامی دەكات بۆ ئەوە, یەعنی رێگە نەگیراوە بەبێ ئەوە, بەتایبەتی ئیتیفاقیاتی بیئی, هەموو وڵاتێك بۆی هەیە بەو مەرجانە بەشداری بێت, عێراقیش یەكێكە لەو دەوڵەتانە, بۆی هەیە بەشداری ئیتیفاقیاتی دەولی بێت, ئێمەش گوتومانە (الإنضمام الى الاتفاقیات الدولیة بالتنسیق مع السلطات الفیدرالیة), ئێمە بە هاوكاری ئەوان داخیلی ئەو ئیتیفاقیە دەبین, ئەگەر ئەوا نەبێت عێراق ئینزیمام دەكات, ئیقلیمەكە ئێمەش تاكو ئێستا حكومەتی مەركەزی لە ئێمە نا پرسێتەوە بەڕاستی, مەحروم دەبین لە هەموو ئەو ئیتیفاقیە نێودەوڵەتیانەی لە بەرژەوەندی ئێمە دان, ئەگەر تەنها ئیلتیزام بێت, ئەو كاتە ئێمە تەنها لە واجیباتدا ئیلتیزامی پێوەی بكەین, بەلاَم لە حقووقدا هیچ بەشێكمان پێ نادەن, چونكە ئێمە هەر خۆمان لێرە رامانگەیاندووە پابەندین پێوەی, بەبێ ئەوەی ئەوان, ئەوان لە تەرەف موقابیل بۆ ئێمە بكرێت, چونكە ئەو پابەند بوونە كۆمەڵێك حقووقیش هەیە, ئێمە لێی بێ بەش دەبین, بۆیە ئەگەر بكرێت لە رێگەی حكومەتی عێراقیشەوە هەر بمێنێت, نووسیمانە بە تەنسیق, ئەگەر تەنسیقەكە بگۆڕین بۆ صیغەیەكی تر لە رێگەی سوڵتاتی ئیتیحادییەوە, كە ئێمە داخیل ببین, یان بەشێك بین لەوە, تا ئێمەش مەحروم نەبین, ئەگەر حكومەتی عێراقی خۆشی داخیل بوو, یەعنی حكومەتی مەركەزی ئیقلیمی بێ بەش نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەوە زۆر موناقەشەی لەسەر کرا, بەڵام ئەگەر عێراق شتێکی ئیمزا کرد ئۆتۆماتیکیەن تۆ مولزەمی پێی, هەموو ئەو ئیتیفاقیاتانەی کە ئیمزا دەکرێن لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئیمزا کراوەو ئیمزا دەکرێت, هەرێم مولتەزیمە پێی, ئەگەر خیلافی شتێکی هەبێتن لەگەڵ دەستووری خۆماندا ئیعتیراز هەبێتن, ئەو کاتی ئیعتیرازی لێ دەگرین, ئەوە جیاوازە.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەفو هەرێمەکانیش بۆیان هەیە داخیلی پرۆتۆکۆلات بن, ئەگەر موعاهەداتی دەولی بۆیان نەبێت, دەوڵەت بۆی هەبێت, بەس هەموو هەرێمە فیدراڵیەکان بۆیان هەیە داخیلی پرۆتۆکۆڵات بن, با ئێمە بەلایەنی کەم ڕێگەی ئەوەمان هەبێت, بۆچی دەرگا لە خۆمان دابخەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە پێمان وایە و هەرێم بۆی هەیە ئیتیفاقیات ئیمزا بکات و لە پرۆتۆکۆڵات داخیل بێت, عقود بکات, بەڵام نەك دوەلی, وەکو دوەلی ناکرێتن, تۆ ئێستا دەچیت لەگەڵ ولایەتێکی ئەمریکی ئیتیفاقی لەگەڵ دەکەیت دوو قۆلییە, دەبێتە دەستە خوشکی شارێکی تر, بەڵام کە وتت دوەلی, یەعنی لەنێوان دوەل, لێمان نەپرسن ئایا ئێوە دەوڵەتن ئەوەتان نوسییوە, فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە حەقیقەتن ئەو مەوزوعە موناقەشەیەکی زۆری لەسەر کراوە, بەس تەنها وەکو زانیاری کە من ئەمشەو هەوڵم دا کۆمەڵێك مەعلوماتی تر بەدەست بێنم, هەتا ئێستا زیاتر لە هەزار ڕێککەوتن هەیە لەنێوان وڵاتان لەسەر بیئە و, چەند یاسایەکی دەرچووە بەناوی (ئینترناشنال ئینڤایرمنت لۆ), ئەم پرۆتۆکۆڵات و ڕێککەوتنانە شەرت نییە هەموویان نێودەوڵەتی بێت, تەنها سێیان نێودەوڵەتییە, ئەوانی تر لەنێوان چەند وڵاتێك, یان هەتا هەندێ جار لەنێوان دوو وڵاتدا ئەنجام دراون و بەستراون, ئەوەی تر کە لێرەدا کە خاڵی گرنگ ئەوە بێت لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان بەشێك هەیە بەناوی پرۆتۆکۆڵات, لە دەقی مەسەلەی پرۆتۆکۆڵات ئاماژە بەوە نادات کە بڵێت ویلایەتە فیدراڵیەکان بۆیان هەیە ئەو پرۆتۆکۆڵانە ئیمزا بکەن, بەڵام دەقێکیش نییە کە ڕێگر بێت, ئەوەی کە پابەند بوون پێی, لە لایەکی تر کۆمەڵێك مونەزەماتی نێودەوڵەتی هەنە بۆ نموونە (ئینترناشنال ئینڤایرمنت لۆ گروپس), ئەو مونەنزەمانە کار دەکەن بۆ ڕاکێشانی ویلایەتەکان و وڵاتەکان بۆ پابەند بوون و موشارەکە کردن بەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیانە, ئێمە دەتوانین بە لایەنی کەم لە ڕێگەی ئەو مونەزەمانە کە ئەندام وەردەگرن هەتا لەسەر ئاستی, نەك تەنها ویلایەتێکی فیدراڵی, دەتوانێت پارتێکی سیاسیش بێت, یان

مونەزەمەیەکی (Ngo) بێت, دەتوانین هەوڵ بدەین لە ڕێگەی ئەو گروپانە پارێزەر پەروەردە بکرێت و, خۆشم وەکو هەرێمێکی فیدراڵی بتوانین موشارەکە بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد محمود عبدالله (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە جەنابی وەزیر هەیە بەڕاستی, یەعنی ئەگەر سبەینێکە ئێمە ئەو فەقەرەیەمان لەو یاسایە هەڵگرت, عێراق ئیمزای کرد لەسەر ئیتیفاقێکی نێودەوڵەتی, ئایا هەرێم بۆی هەیە مولتەزیم نەبێت بەو تەوقیعە؟

لە حاڵەتی دووەم ئەگەر هاتوو عێراق تەقیعی نەکرد لەسەر ئیتیفاقیەتەکە, هەرێم چۆن دەتوانێت خارجی دەوڵەتی عێراق بچێت ئەو ئیتیفاقیە مۆر بکات, یەعنی ئەوە تەناقوزە, هەتا ئەگەر ئەو فەقەرەیە ئێستا ئێمە لە ماددەکەش هەڵگرین, هیچ تەئسیر لەو پرۆژەیە ناکات لە دەستوور هاتووە ئیتیفاقیاتی نێودەوڵەتی حەسرە لە دەسەڵاتی مەرکەز, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم وشەی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی هەڵگرین (لەو کاتەی چوونە پاڵ هەرێم بۆ ڕێکەوتنامەو پەیماننامەو پرۆتۆکۆلەکانی پەیوەستن بە ژینگەوە), ئەوە هیچ ئیشکالێکمان بۆ دروست ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە باشە, بەلاَم بۆ زیاتر تەوزیح کردن هەرێم دەتوانێت بچێت لە جنێف لە کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بێت بۆ ژینگە, کۆنفرانسێك بۆ ژینگە کراوە, با بڵێتن کۆنفرانسەکە دوەلی بێتن بەس, ناوەکەی مونەزەماتی تێدا بێتن دەتوانێت ئیمزاش بکاتن, بەلاَم ئیتیفاقیاتی دوەلی لەنێوان دوەلە, ڕێگە نەدانە تۆ بیکەی, جا کە ڕێگەت نەدەن بۆ شتێك بنووسن بڵێن کاکە خۆی تەسروف دەکات وەکو دەوڵەت, وەلاَمی کاك بەڵێن ئەگەر بێتو دەوڵەتی ئیتیحادی ئیتیفاقی بکاتن لە بەرژەوەندیماندا نەبێت بۆمان هەیە شکایەت بکەین و ئیلتیزامیشی نەکەین, مەسەلەن سبەینێ خوانەخواستە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ لەگەڵ یەك لەو دراوسێیانەی ئێمە ئیتیفاقێکیان کرد لە بەرژەوەندی ئێمەدا نەبوو, وەکو زەمانی سەددام کە ڕێگەی دەدا هێزی دراوسێ بێتن داخیل بێتن, ئێمە دەتوانین شەکایەت بکەین هەر لەبەر ڕۆشنایی دەستوور, ڕێگاش

نادەین و حەقی خۆشمانە, ئەوە تەبیعییە, بەلاّم ئەمە مەوزوعێکی ترە, ئەو پێشنیارەی کاك زاناش باشە, بەلّێ کاك دکتۆر ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ڕێککەوتننامەیەك, هەر بەیاننامەیەك لەنێوان دوو دەولّەتیش ببەسترێت, ئەوە ئیتیفاقیەکی نێودەولّەتییە عیلاقەی بەوە نییە هەرێمایەتی هەیە, یان هەرێمایەتی نییە, لەبەر ئەوە تکام وایە لێرە پابەند بوونە, نەك شتێکی تر, بۆیە ئەگەر بکرێت, لەوانەیە گومان لەسەر ئەوە هەبێت عێراق بەشدارە, یان بەشدار نییە, دەتوانین ئەوە ئیزافە بکەین, مەسەلەن من پێشنیار دەکەم ئەگەر ئەو گومانە بەرەوێتەوە بلّێین (پابەند بوونی هەرێم بەو ڕێکەوتننامە و پەیماننامەو پرۆتۆکۆلە نێودەولّەتیانەی کە پەیوەستن بە ژینگەو کۆماری فیدرالّی عێراق بەشێکە تێداو, بەمەرجێك دژی بەرژەوەندی بالاّی گەلی کوردستان نەبێت, یان کوردستان نەبێت, وێڕای بەدواداچوون و جێ بەجێ کردنیان لەگەلّ لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە), یەعنی کە دەلّێین عێراق ئێمە پابەندین بە چ ڕێنماییەك, ئەو ڕێککەوتننامانەی کە عێراق بەشێکە لەو ڕێککەوتننامانە, بۆ خۆشمان ئەو هینە دەدۆزینەوە, بە مەرجێك دژی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان نەبێت, ئەوەشی تێدا ئیزافە بکەین, لەگەلّ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقەکە بەو شێوەیەی لێ دێت:

(کار کردن بۆ چوونە پالّی هەرێم بۆ ڕێکەوتننامەو پەیماننامەو ئەو پرۆتۆکۆلانەی کە پەیوەستن بە ژینگەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە ئەوها نابێت, مادام ئیختیلاف هەیە ئەو بڕگەی دەخەمە دەنگدانەوە بەڕاستی, (پابەند بوون بە ئیتیفاقیاتی دوەلی کە لەلایەن حکومەتی فیدرالّەوە تەصدیقی لەسەر کرا بێت).

پێشنیارەکەی تر هی لیژنەی قانونییە دەلّێت:(کار کردن بۆ چوونە پالّی هەرێم بۆ ڕێکەوتننامەو پەیماننامە پرۆتۆکۆلە), پێشنیاری یەکەم دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەلّ پابەند بوونە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەلّ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, ئەوەی لەگەلّ پابەند بوونە (67) دەنگە, ئەوەی لەگەلّ نییە (24) دەنگە, کەواتە پابەند بوون بنووسرێت, ئێستا هیچ خیلافێکی لەسەر نییە, ماددەکە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەلّ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەلّ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, زۆر سوپاس, تکایە ماددەی سێیەم.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی چوارەم لە ئەسڵی پرۆژەكە.**

**يەكەم: وەزير سەرۆكی باڵای وەزارەتە، بەرپرسيشە لە كارەكانی و ئاراستە كردنی سياسەتەكەی و هەموو بڕيار و فرمان و ڕێنماييەكان لە بارەی هەر شتێ پێوەنديی بە ئەركو فرمانی وەزارەت و پێكهاتە و دەسترۆييەكانی و كاروباری ديكەی هونەری و دارايی و كارگێری و ڕێخستنەوە هەبێ، بەپێی حوكمە ياساييەكان دەردەچێ و سەرپەرشتی خۆشی جێ بەجێ دەكرێت.**

**دووەم: بريكاری وەزارەت: لە چوارچێوەی ئەو دەسترۆييانەی كە پێی دە سپێردرێ ياريدەی وەزير دەدات، لە ئاراستە كردنی وەزارەت و سەرپەرشتی كردنی كاروباری وەزارەتەكەدا، مەرجيشە بڕوانامەی زانكۆيی هەبێ.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**أما بالنسبة للمادتين الرابعة والخامسة من المشروع تقترح اللجنة مايلي:**

**1-دمجها بمادة واحدة.**

**2-إعادة صياغة الفقرة(أولاً) كالآتي:**

**(تشكيلات الوزارة)**

**أولاً:- الوزير:هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها و توجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة وتصدر عنه وتنفذ بإشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والإدارية والتنظيمية وفق أحكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء بأعتباره عضواً متضامناً فيه.**

**3- حذف جملة (على أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية) من الفقرة( ثانياً) لان ذلك معالج بنص تشريعي وإعادة صياغتها كالآتي:**

**ثانياً:- وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي يعهدبها اليه من قبل الوزير.**

**4-إضافة عبارة (بدرجة مدير) بعد كلمة موظف في الفقرتين (1و 2) من المادة (الخامسة)المدمجة مع المادة الرابعة وتكونان تحت تسلسل( ثالثاً ورابعاً).**

**5-تبديل تسلسل (3) (المستشارون) بتسلسل (خامساً).**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەو دوو ماددەیە چوار و پێنج, دەمج كراوە بۆتە ماددەی سێ, ئەمەش شتێكی بەدیهییە لە هەموو وەزارەتەكانیش بە هەمان شێوە تەنزیم كراوە, ئەوە مەهامی وەزیرەو وەكیل وەزیرەو مودیر عامەكانە, لەبەر ئەوە باوەڕ ناكەم ئیعتیرازی لێ هەبێت, ئەگەر كەس ئیعتیرازی لێ نییە دەیخەمە دەنگدانەوە, یەعنی دوو ماددەكە دەبێتە ماددەیەك وەكو بۆ وەزارەتەكانی ترو دەسەلاَتەكانی تر كراوە, كەواتە ماددەی سێ بەو شێوەیە پێشنیاری لیژنەی یاسایی تەرحی كردووە, دەیخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, تكایە ماددەكەی تر.**

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی شەش لە ئەسڵی پرۆژەكە:**

**ئەنجومەنی پاراستن و چاك كردنی ژینگە.**

**دوێنێ وشەی چاك كردنمان زیاد كرد بەعام بۆ هەموو بڕگەكان دادەنێین:**

**ئەنجومەنی پاراستن و چاك كردنی ژینگە:**

**یەكەم: ئەم ئەنجومەنە پێك دێت لە:**

**أ-وەزیر: سەرۆك.**

**ب- بریكاری وەزارەت: بە جێگری سەرۆك.**

**ج- بەڕێوەبەری گشتی دیوان: بە ئەندام و بڕیاردەریشە.**

**د- نوێنەری هەریەكە لەم وەزارەتانەی خوارەوە, بە مەرجێ ئاستیان بەڕێوەبەری گشتی بن بە ئەندام:**

**1-وەزارەتی شارەوانی.**

**2- وەزارەتی پلاندانان.**

**3- وەزارەتی دەرامەتەكانی ئاو.**

**4- وەزارەتی ناوخۆ.**

**5- وەزارەتی كشتوكاڵ.**

**6- وەزارەتی تەندروستی.**

**7- وەزارەتی پیشەسازی.**

**8- وەزارەتی سامانی سروشتی.**

**9- وەزارەتی گەشتوگوزار.**

**فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوبەری گشتی سەرۆكایەتی دەكات و بەڕێوەی دەبات خاوەن بڕوانامەی زانكۆیی بێ, لە راگەیاندندا شارەزا بێ, لەم بەشانەی خوارەوەش پێك دێت:**

أ-بەشی ڕاگەیاندن.

ب- بەشی وشیار کردنەوە.

ج- بەشی هەماهەنگی کردن.

3- دایەرەی کاروباری هونەری و خۆپاراستن لە تیشکاوەری: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات, خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی و پسپۆڕیش بێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی:

أما بالنسبة للمادة السادسة (مجلس حماية البيئة)تقترح اللجنة ما يلي:

1-تبديل التسلسلات الرقمية إلى كتابية.

2-حذف التسلسل أولاً وصياغتها كالآتي: يشكل في مركز الوزارة مجلس يسمى (مجلس حماية وتحسين البيئة) ويرتبط بالوزير ويتألف مما يلي:

**أولاً:**- الوزير: رئيساً

**ثانياً:**- وكيل الوزارة: نائباً للرئيس.

**ثالثاً:**- المدير العام للشؤون الإدارية والمالية: (عضواً ومقرراً)

**رابعاً:**-ممثل بدرجة مدير عام الوزارات الآتية:- و إضافة وزارة التعليم العالي والبحث العلمي إلى الفقرة (رابعاً)منها وإعادة ترتيب تسلسلاتها على أن يكون تسلسل وزارة التعليم العالي والبحث العلمي(2).

**خامساً:**- عضو من الخبراء المختصين في حماية البيئة يسميه الوزير.

3-حذف الفقرة(ثانياً) لأنها من القواعد العامة ويورد في صلب القوانين العامة وليست هناك حاجة لبقائها ضمن المادة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جگە لە وەزارەتانەی کە مومەسیلەکانیان دیاری کراوە لەو ماددەیە, جەنابی وەزیر داوای کرد وەزارەتی نەقل ئیزافە بکرێت, لیژنەی تەندروستیش داوای کرد وەزارەتی تیجارە ئیزافە بکرێت, لیژنەی قانونیش داوای کرد وەزارەتی فێر کردنی بالاَ ئیزافە بکرێت, چونکە هەموویان پەیوەندیان بە وەزارەتی بیئەوە هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وامان پێ باشە ئەو سێ وەزارەتەش ئیزافە بكرێتە سەر ئەو مەجلیسەی (وەزارەتی تەعلیم عالی و پەروەردەو مواصەلاتیش), چونكە ئەو وەزارەتانە هەر هەموویان پەیوەندیان پەیوەندیان بە ژینگەوە هەیە, زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوە ژینگە بەر فراوانە, من پێم باشە هەر ئەو ماددەیە وای لێ بێت هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەكان, بۆ نموونە هەموو وەزارەت دەگرێتەوە, مەسەلەن وەزارەتی پێشمەرگەش دەگرێتەوە, ئەمڕۆ هێزێك لێرە بناری شاخێك لە ماوەی دە رۆژ دەبینی دارستانێكە تەختی كردووە, ئەوە هەم بۆ رێگە گرتن لەوەی, هەم بۆ بلاَو كردنەوەی هوشیاری كردنەوەی ژینگە, وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە, پێویستە ئەویشی تێدا بێت, لەبەر ئەوە ئەگەر هەموو بە یەكەوە بنووسرێت, هەموو وەزارەتەكانی تایبەتمەند, هەموو لایەنەكان دەگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دارا وەلاَمی ئەو دوو مولاحەزەیە بدەیەوە, تاوەكو لەسەرت ئاسانتر بێت.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی رەئی لیژنەی یاسایی دەكەم, گوتمان بۆ ئەوەی ئەنجومەنەكە با بلێین زۆر بەرفراوان نەبێت, بۆیە زیاتر ئەو وەزارەتانە پەیوەندیدارن, ئێمە خۆمان وەزارەتی نەقلمان داناوە, دیارە ئەو بەڕێزەش مەبەستی لە مواصەلات نەقلە, چونكە ئێستا جیا كراوەتەوە, پۆستە جیایەو, گەیاندنیش جیایە, خۆشمان وەزارەتی خوێندنی بالاَمان دانا, وەزارەتەكانی تریش ئەگەر پێویست بكات بۆ ئەو ئەنجومەنە دەعوەتیان بكەین و بەشدار بن و رەئی خۆشیان بلێن و, لەبەر ئەوە گوتمان لەوە زیاتر پێویست ناكات, ئەو رایەی لیژنەی یاساییمان پێ پەسندە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕێزم هەیە بۆ لیژنەی یاسا, بەس بەڕاستی لیژنەی ئاوەدانكردنەوە هەڵدەستێت بە چاك كردنی ئاو و ئاوەڕۆی هەموو گوندەكان, ئەوانەی لە دەرەوەی شارەوانییەكاندان, هیچ وەزارەتێك سەرپەرشتی ئەو ئیشانە ناكات, تەنها وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو ئەشغال نەبێت, باشە بۆچی لێرە نەیانووسیووە, یەعنی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو ئەشغال لە سەرەوەی هەموو وەزارەتەكان بنووسرێت, چونكە هەرچی گوندە, هەرچی ئەو ناوچەیانەی دەرەوەی شارەوانییە, بەڕاستی وەزارەتی ئەشغال و ئاوەدانكردنەوە دەیكات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار هەرەكی فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەبینیم لە مەجلیسی پاراستنی ژینگە زیاتر تەركیز كراوەتە سەر دەرەوەی وەزارەت, نەك ناوەوەی وەزارەت, بۆ نموونە لە بڕگە سێ دەڵێ (مدیر عام دیوان) تەنها, خۆی لەو وەزارەتەی سێ مودیر عام هەیە, یەكێكیان هی دیوانە.

دوو/ حماية البيئة والتوعية والاعلام.

سێ/ دائرة الشؤون الفنية والوقاية من الاشعاع.

پێویستە ئەوانە ئەندام لەو لیژنەیە, زیاتر تەركیز لەسەر ئەوانە بكرێت, ئەوانەش زیاتر موختەسن, نەك مودیر عامی دیوان, ئەوە یەك.

دووەم/ لە خاڵی چوارەم من پرسیار دەكەم, ئەگەر لەو وەزارەتە ئەندام بن, لەو ئەنجومەنە هەمووش بە پلەی مودیر عام بن, من زۆر بە عەمەلی نازانم, ئایا ئەنجومەن چۆن دەتوانێت كۆبوونەوەی خۆی بكات بە كۆ كردنەوەی ئەو هەموو مودیر عامە, من پێم وایە ئەگەر ئەوە لا بدرێت, چونكە لە بڕگەیەك هاتووە لەو یاسایە دەڵێت (هەموو جیهاتێكی موختەس و وەزارەت ئەم بنودانە جێ بەجێ دەكەن) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دارا فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بەرنامەی ئێمەدا نەبووە, وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە ئاو و ئاوەڕۆی لا بێت, سەبارەت بە ئیزافە كردنی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە, مانعیش نییە هەندێ جموجۆل و چالاكی ئەوانیش پەیوەندی بە ژینگەوە هەیە, پێویستی بە چاودێرییەوە هەیە, وەكو گوتمان لە كاتی پێویستدا بانگیان دەكەین, بەس وەزارەتەكەی ئێمە بە عینوانی ئەوەی وەزارەتێكی ئیشرافی رەقابییە, خەدەمی نییە, چاودێری جموجۆلی زۆربەی زۆری ئەو

وەزارەتانە دەكات, كە كاریگەریان هەیە لەسەر ژینگە, بۆیە بوونی ئەم ئەنجومەنە پێویستەو, مودیر عامی دیوانیش دانراوە وەكو بڕیادەری لیژنەكە, لەبەر ئەوە ئیزافە كراوەو, ئێمە خاڵێكیشمان ئیزافە كرد بوو پێشتر, نازانم لە خوێندنەوەكە نەما بوو (عضو من الخبراء المختصين في الحماية البيئة يسميه الوزير), بەڵێ ئەوەشمان هەیە, هەر جارێ كەسێكی پسپۆڕ لە زانكۆ, یان لە بوارێكی تردا بێت, لە زانكۆكان دەعوەتیان دەكەین, كە لەو بوارە بە زانیاریی دەوڵەمەندمان بكەن و سوودمان پێ بگەیەنن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوەی كاك رەشاد پێشنیارەكەی من و كاك وەزیریش وەڵامی دایەوە, بەڵام تەئكید دەكەمەوە, كە وەزارەتی پەروەردە گرنگە لەو وەزارەتەدا هەبێت, چونكە بە رای من بۆ دروست كردنی رۆشنبیرێكی ژینگە پارێزی وەزارەتی پەروەردە دەورێكی ئەساسی دەبێت, كە دەتوانێت باخچەی ساوایان و ئەو مەسەلەیە ئیشی لەسەر بكات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە وەزارەتێك كە زۆر گرنگە لەو ئەنجومەندا بەشداری بكات و, هەر لە ئەساسیشدا یەكێك لە ئەركو مەهامەكانی وەزارەتی ژینگە بڵاوكردنەوەی هوشیارییە, پێم وایە وەزارەتی رۆشنبیری لە رێگەیەوە دەتوانیت بڵاو كردنەوەو راگەیاندن دەورێكی كاریگەر ببینێت و, پێویتستە بەشدار بێت, لە هەمان كاتیشدا وەزارەتی بازرگانی زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بێگومان ماددەی شەشەم باسی ئەنجومەنی پاراستن و چاك كردنی ژینگە دەكات, من پێم وایە هەر سێ بەڕێوبەرایەتیە گشتی دیوان دەبێت تێدا بێت, نەك هەر تەنها بەڕێوبەری گشتی دیوانی تێدا بێت, بەڵكو هەرسێكی تێدا بێت, بەتایبەتی ئەمە ئەنجومەنێكی زیاتر راوێژكارییە, جگە لەوە بەڕاستی منیش لەگەڵ ئەو رەئیەم هەموو وەزارەتەكانی تێدا بێت, یەعنی نابێت هەندێك وەزارەتی تێدا بێت و, هەندێكیش تێدا نەبێت, هەندێ وەزارەت ئاماژەیان پێ كرد, كە فعلەن هەموویان گرنگن تێدا هەبن, زۆری ژمارەكەی خۆ

ئەم ئەنجومەنە هەموو رۆژ كۆ نابێتەوە, لێرە دیاری نەكراوە, بەس مەفروزە ماوەشی بۆ دیاری بكرێت, كەی كۆ ببنەوە, دوو مانگ جارێكە, سێ مانگ جارێكە, من پێم وایە بەڕاستی نوێنەری هەموو وەزارەتەكانی تێدا بێت, بەتایبەتی بەڕێوەبەرە گشتیەكانیش و, لە نووسینە كوردیەكەشی دەڵێت بە سەرۆك, ئەو (بە)یە زیادە, تكایە پێشی سەرۆك و جێگری سەرۆك, ئەو (بە)یە لا بدرێت, چونكە ئەو (-) بۆ خۆی مانای دەدات كە وەزیر سەرۆكە, پێویست ناكات, لە زمانی كوردیدا ئەو (بە)یە زیادە, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك دارا.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لاریمان نییە, ئەگەر وەزارەتی تریشی بۆ ئیزافە بكرێت و, ئەگەر بڕگەیەكەشی بۆ زیاد بكرێت ئەگەر پێویستی كرد وەزارەت بۆی هەبێت دەعوەتمان بكات و بەشداری هەبێت, ئەوەش هەر دەبێت, یەعنی لە بابەتەكەی ئێمە ناگۆڕێت, بەس ئێمە تەنها لەبەر زۆری مەجلیسەكە و ئەو وەزارەتانەی زۆرتر پەیوەندیدارن, یان بڕگەیەكی وا ئیزافە بكەین, كە هەر وەزارەتێك پێویستی كرد وەزارەتی ژینگە بۆی هەبێت دەعوەتیان بكات و بەشدار بن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر پێشنیار هاتە پێش, یەكەم/ ئەو مەشروعە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە, لیژنەی یاساش هەروەكو هەر ئەندام پەرلەمانێكی تر ئیزافەكی هەبووە, ئەو وەزارەتانەی دانەناوە, بەڵكو لە ئەنجومەنی وەزیران ئەو وەزارەتانە تاوتۆ كراوەو هاتۆتە پەرلەمان.

دووەم/ بە قەناعەتی ئێمە مودیر عامەكان ئەگەر لە وەزارەتەكان داخیل بێت, هی وەزارەت مانیع نییە, خۆی سێ مودیر عامە, یەكیان مودیر عامی دیوانە, دوو مودیر عام دەمێنێتەوە, ئەگەر هەرسێكیان داخیل هیچ موشكیلە نییە, بەنیسبەت ئەو وەزارەتانە كە هاتووەو ئیزافە كراوە, دوو سێ وەزارەت ئەمە ئەگەر داخیل بكرێت شتێكی باشە, ئەو بڕگەی كە جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا وەزارەتی پەیوەندیدار هەر كاتێك مەوزوعێك هاتە پێشەوە, جەنابی وەزیر دەتوانێت ئەگەر نەصێك لەو بابەتە دابڕێژرێت تەكامول دەكات, چونكە ئێمە ئەگەر پێنج شەش وەزیری تر ئیزافە بكەین, مانای ئەوەیە ئەنجومەنێكی ترمان لەوێ دروست كرد, نوێنەری وەزیر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەگەر هەر سێ مودیر عام داخیل بن باشترە, بەس ئەگەر بێتو یەكێك داخیل بێت, بە رەئی من لازمە یەكێكی وا بێت ئیختیصاصی بیئە بێت, مودیر عامی دیوان دوورترین ئیختیصاصە لە بیئە, مەفروزە منیش لەگەڵ رەئی كاك سەردارم مودیر عامی پاراستنی بیئە و تەوعیە و ئیعلامی بیئی ئەوە باشترە ببێتە مەقەریری مەجلیسی ئەنجومەن, نەكو مودیر عامی دیوان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دارا لەو پێشنیارەی كە هەیە, كە موقەریرەكە ئەو مودیر عامە بێتن, ئیعتیرازت هەیە.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم باشە موقەریری لیژنەكەمان سەرۆكی دیوان بێت, دوایێ بەڕێوەبەری دیوان باشترە, بەلآم لاریشمان نییە, مادام بەڕێوەبەری گشتییە لە وەزارەتەكەی خۆمان, ئەوە ئەگەر بگۆڕین هیچ كێشەیەكمان بۆ دروست ناكات, بەس وەكو موقەریری لیژنەكان بەڕێوەبەری دیوان دەتوانێت موتابەعەی ئیشەكان بكات و بەدوا داچوونی هەبێتن لەگەڵ وەزارەتەكانی دیكەدا, ئەوانیش وەكو ئەندام دەبن لە وەزارەت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەموو وەزارەتێك زەرووری نییە, كۆبوونەوەكە تەحدیدی دەكات, بڕگە هەیە دەتوانێت ئیزافەی بكات, نوێنەری هەر وەزارەتێك كە پێویست بێت, مەسەلەن هەندێ جار پەیوەندی بە وەزارەتی ئەشغال و ئاوەدانكردنەوە هەیە, چاوت بە وەزیر دەكەوێت مەسەلەن دەڵێ مودیر عامەكەت بنێرە, یان موختەسین بنێرە, وەزارەتی پەروەردە عیلاقەی ئەگەر پێویستی بەوە بوو كە تەوعیەیەك لە خوێندندا بكاتن, ئەو كاتە داوای دەكەین, یەعنی هەموویان هین بكەنەوە دەبێتە ئەنجومەنێكی وەزیرانی بچووك, موقەریریش كاك فەرسەت وای گوت ئەو نوێنەری تەوعیەی تێدا بێت, بەس موقەریر نزیكە لە وەزیر باشترە, بەس ئەوی تریش دەبێت لەوێ بێت, بۆ موناقەشە ناوەكان تەواو بوو, لەبەر ئەوە كاك شێروان ئەگەر صیغەیەك بڵێن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر پێتان باش بێت لە فەقەرە شەش بڵێین (ممثل عن الوزارات المعنية الاخرى عند الاقتضاء).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەگەر لە جیاتی مودیر عام (المدراء العامون في الوزراء), با هەموویان بەشدار بكەن, باشە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ناوی وەزارەتەكانی لەگەڵ دەبێت, بەلاّم فەقەرە شەش كردمانە ئەو وەزارەتانەی كە پەیوەندیدارە, بەڵێ بزەبت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پرۆژەیە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە, وەزیر خۆشی لێرەیە, ئەو وەزارەتانەی كە پێویست دەكاتن بە دیقەت بە ناوەوە بەشداری بكەن لەو ئەنجومەنە دیاری كراوە, ئەو وەزارەتانەی لەبەر رۆشنایی قسەكانی ئێوە, ئەوانیش زەروورن, بەلاّم بەپێی پێویست, یەعنی سبەینێ مەجلیسەكە پێی وا بوو كۆبوونەوەیەك بكاتن, بۆ ئەوەی مەسەلەی بیئە بخرێتە ناو مەنهەجی نیزامی پەروەردە, دەبێت چەند كۆبوونەوەیەك بكاتن و نوێنەری وەزارەتی پەروەردەی تێدا بێت, ئەگەر بەرنامەكە باسی ژینگە چۆن لە دەرەوەی شارەكان بكەینەوە و ئەوانە, ئەوە دەبێت وەزارەتی ئەشغال و ئاوەدانكردنەوەی تێدا بێت, هەروەها ئەو وەزارەتانەی كە باس كران, پەروەردەی ئەشغال و ئیسكانە, تەعلیمی عالییە, مواصلات گوتیان تێدایە, لەبەر ئەوە با بگوترێت نوێنەری ئەو وەزارەتانەی بەپێی پێویست, بەڵێ, كاكە لە وەزارەتەكانی تردا یەك خەبیر نییە, دائیمەن دوو خەبیرە.

**بەڕێز دارا محمد امين (وەزيرى ژينگە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە پرۆژەی یاساكەمان خەبیرمان هەیە, دەبێت هەشبێت, نازانم لای ئێوە نەهاتووە, جاری وا هەیە سیانیش پێویست دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك فەرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بە سیفەت ئەندام بێت, مەفروزە موسەمما بێت لە لیژنەكە ناوەكەی بێتن, ئەگەر وا ئیستیشارەی پێ بكرێت, بەڵكو ئەندامەتی هەبێتن و حەقی دەنگدانی هەبێت, ئەوە وەزیر دەتوانێت ئەوانە بێنێتە ناو ئەنجومەن, سوپاس.

**بەڕێز دارا محمد امين (وەزيرى ژينگە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئێمە باسمان كردووە, وەكو ئەوەی حەقی دەنگدانی هەبێت یەك خەبیرە موختەس لەو بوارە, بەلاّم وەكو ئەوەی ئیستیشاری بێت و بەشدارمان بكات, بۆمان هەیە چەند خەبیرێك دەعوەت بكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر موافیق بن كاك شێروان, ئەو فەقەرەیە كە دەڵێت (عضو من الخبراء المختصین في حمایة البیئة یسمیه الوزیر وله اشراف خبراء اخرین عند الحاجة), یەعنی ئەندام نییە, بەلاًم دەتوانین دەعوەتیان بكەین, باشە ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە بەو تەعدیلاتەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز قادر سعید** خضر **(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم لە ئەسڵی پرۆژەكە.

یەكەم: لە هەر پارێزگایەك ئەنجومەنێك دادەمەزرێ پێی دەڵێن (ئەنجومەنی پاراستنی ژینگەی پارێزگا), پارێزگار یان نوێنەرەكەی سەرۆكایەتی دەكات.

دووەم: ئەنجومەنی پاراستنی ژینگە لە پارێزگا لەو لایەنانەی پارێزگا كە پێك دەهێنرێ كە پەیوەستن بە پاراستنی ژینگە, بەپێی ئەو رێنماییانەی كە ئەنجومەن دەریدەكات.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة من المشروع, اللجنة القانونیة تؤید إبقاءها كما هي, بعد اجراء التصحیحات اللغویة واضافة كلمة تحسین الى ما بعد مجلس الحمایة وتقرأ كالاتي:

اولا:یؤسس في كل محافظة من المحافظات مجلس یسمى (مجلس حمایة وتحسین البیئة في المحافظة) یراسه المحافظ او من ینوب عنه یرتبط بالمجلس.

ثانیا: یتولى المجلس تشكیل مجلس المحافظة من الجهات المعنیة بحمایة وتحسین البیئة في المحافظة وبتعلیمات یصدرها المجلس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لە رەئیەكەی لیژنەی قانونی دەكەم, وەكو خۆی بمێنێتەوە, تەنها ئەو یەك دوو گۆڕانەی كە پێویستە بكرێت, وەكو خۆی بێت, هەر یەك دوو وشەیە ئیزافە دەكرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دارا بەنیسبەت دەرەوەی موحافەزە چۆنە.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە ئێمە دەڵێین موحافەزە, دیارە لیژنەیەك دروست دەکەین لە ناحیەکاندا, بەس پێویست نەکردووە, ئێمە لێرە, هەر لە سەلاحیەتی موحافز و وەزیرەکەیە دروست بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی پێی وایە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە, تەنیا وشەیەکی ئیزافە کردووە, (مجلس حماية وتحسين), گوتمان لە هەموو ماددەکان ئیزافەمان کرد, سێ کەس قسە دەکات, فەرموو گوڵناز خان.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مادام پارێزگامان هەڵبژاردووە بۆ دەرەوەی پارێزگاش قائیمقامەکان و بەڕێوەبەری ناحیەکان ببنە سەرۆکی لیژنەکەو هەیکەلی ئیداری ناوچەکان پێکهاتەیەك هەبێت بۆ ئەو شوێنانەی گونجاوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك محەمەد.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها لەو بڕگەی ئەخیر ئەو ڕێنماییانەی کە ئەنجومەن دەریان دەکات, باشتر وایە بنووسرێت وەزارەت دەری دەکات, چونکە دەبێت پەیوەندییەکی بەو وەزارەتەوە هەبێت, پەیوەندی بە بیئەوە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر پشتیوانی ڕەئی مامۆستا محەمەد دەکەم, لەبەر ئەوەی ڕێنماییەکان بۆ تەشکیلی ئەنجومەنەکەیە لەو لایەنانەی کە پارێزگا پێك دەهێنرێ, کە پەیوەستە بە ژینگە, ئەو ڕێنماییانە بۆ تەشکیلی ئەنجومەنەکەیە, نابێت ئەنجومەنی بالاتر دەری بکات, دەبێت وەزیر ڕێنماییەکان دەر بکات, بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی موحافەزەیەز

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە جیاتی جەنابی وەزیر و لیژنەی یاسایی ئەو سێ تێبینیە وەڵام دەدەمەوە, یەك دووەکیان بەنیسبەت لیژنەکانی دەرەوە, وەکو تێگەیشتم پێویست ناکات لە قانون ئیشارەت بکرێت, لیژنە دادەنێن, لەبەر ئەوە دەسەڵاتی ئیعتیادیە دەتوانێت لە قانون هاتبێت, یان نەهاتبێت, بۆی هەیە موحافز بڵێت بڕیارماندا

لیژنەیەك دروست بكەین لە پێنجوین بە سەرۆكایەتی قائیمقام بۆ ئەو مەسەلانە, ئەوە بەنیسبەت لیژنەوە.

بەنیسبەت پێشنیاری كاك محەمەد فەرەج و كاك زانا, هەردووكی هەر وەزیرە, لەویَ رەئیسی ئەنجومەنە, لێرە وەزیرە, ئەوەی كە شتی ئیداری شتێكە, ئەوەی كە بۆ بیئەیە عام, تەعلیماتی بیئەیە بەناوی رەئیس مەجلیس دەیكاتن, هەمان شت وەزیرە تەعلیماتەكە دەخواتن, بۆیە ماددەكە وەكو پێشنیاری لیژنەی قانونی بە ئیزافەی (وتحسین) دەخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, تكایە ماددەكە تر.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم لە ئەسڵی پرۆژەكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی ماددەی هەشت بخوێندرێتەوە, ئەوەش عیلاقەی بە تەشیكلاتی وەزارەتەوە هەیە, لەویَ دەمجمان كرد, دەبێت تەشكیلاتەكە لێرەو لەویَ نەبێتە ماددەی موتەفەریق, دەبێت ئەوەش دەمج بكەینەوە لەگەڵ زمنی تەشكیلاتی وەزارەت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فەرسەت تەوزیحێكی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو رۆژە كاك ئەدهەمیش مەوزوعێكی ئیسارە كرد, تەبعەن وەختی ئەوە نەهاتووە, چونكە ئەندامانی لیژنەی قانونی ئەندامانی لیژنەی دەستوورییینە, نەصێكمان لە پرۆژەی دەستووری هەیە پەرلەمان نابێت تەنازول لە سەلاحیاتی خۆی بكاتن, لێرە بە رەئی من لە ئێستاوە ئەو ئیحتیاتە وەربگرین, لە وەزارەتەكانی پرۆژەكان ئیقرار نەبووینە تاكو ئێستا, بەس باسی مودیریاتی عام بكەین, بەش و شوعبەكان بڵێین وەزیر بۆی هەیە, یان بڵێین بە نیزام دروست دەكرێن, پاشان سبەی پاش ئیقرار كردنی دەستوور با تووشی ئیحراج نەبین لەو مەوزوعە, ئەوەی رۆیشتووە تاكو ئێستا رۆیشت, بەس ئەوی تازە دێن, مادام وەزیر حەقی هەبێتن لەسەر ئەو بەش و شوعبانە ئیستحداسی بكاتن و ئیلغای بكات, بۆ ئێمە وەك لێرە سەلاحیات بدەین, چونكە ئەگەر ئێرە ئەمڕۆ ئەو سەلاحیاتەمان پێدان, پاش ئیقرار كردنی دەستوور حەق نییە ئەو گۆڕانكاییانە بكات, لەبەر ئەوە من پێشنیار دەكەم ئەگەر لیژنەی قانونی تەئیدم بكەن هەر باسی مودیریاتی عام بكەین و نەصێك دابێنین بۆ تەشكیلاتی بەش و شوعبە بە نیزام, یان وەزیر دروستی دەكات, كا رەئیان لەگەڵ چ ئیتیجاهێكە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر مەسەلەی تەشریع و مەسەلەی تەنازول رەئی جیامان هەیە بەڕاستی, لەگەڵ رەئیەكەی كاك فەرسەت نینە, بەڵام مانعیشمان نییە, بەنیسبەت تەشكیلاتی دوو مودیر عام تەحدیدی سەڵاحیاتی مەهامی بە نیزام بكرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دارا فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە لە وەزارەتەكانی پێشتر ناوی مودیریاتەكان نووسراوە, ئێمە كێشەیەكمان نییە, بەس لەوانەیە رووبەڕووی هەندێ كێشە ببینەوە, بۆ نموونە دائیرەی كەشناسی ئەنوائی جەوی بێتە سەر وەزارەتی بیئە, لەبەر ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی دنیا سەر بە وەزارەتی ژینگەیە, كاری ئەوان ئاو و هەواو بە دواداچوون و ئەو تاقیگایانەش كە لە وەزارەتی ژینگە هەیە كەمتر لەوێ هەیە, ئەگەر بمانەوێت بەڕێوەبەرایەتیەكی ئەوا بێنینەوە لای خۆمان, كێ ئەوەمان بۆ حەسم بكات, یەعنی ئەگەر بەس لە پەرلەمان ئیقرار كرا, ئەم مودیریەتانە لەم وەزارەتە بێت, لەوە دەچێت ئەم كێشانەمان بۆ حەل بكات, ئەوەی كە مایەوە پێویستە لە ئایندەدا ئیستحداسی بكەین لە سەڵاحیەتی وەزیر بێت, بەس كە لێرە ئقرار كرا ئێمە ئەوە لێرە یەكلا دەكەینەوە, ئەو كێشەیە لەگەڵ وەزارەتێكی تر, یان لەگەڵ مودیریەتێكی تر, ئەو بە نموونە باسی كەشناسیم كرد, بەڵام مانعیشمان نییە ئەگەر ئەو سەڵاحیاتە بدەنە وەزیرەكان, ئەو كاتە ئێمە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران ئەو كێشانە یەكلا دەكەینەوە, ئێمە مانعەتمان نییە ئەوەش لا ببرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان مادام جەنابی كاك وەزیر موافیقە و ئێوەش لاریتان نییە, لەگەڵ دەستووری تازەش دەگونجێتن بەو صیغەیە بێتن كە كاك فەرسەت پێشنیاری كرد, ئەگەر صیغەكە بخوێننەوە, بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە, بەس موناقەشە باوەڕ ناكەم لەسەری هەبێتن.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جارێ مادده هەشت هەروەكو ئیشارەتمان پێدا دەمج بكرێت لەگەڵ مادده سێ, ئەوە یەك.

دووەم/ ئێمە دەبێت بەو شكلەی كە هەیە, بەس مودیر عامەكان بخوێنینەوە, ئەوانی تر نابێت خورد بكەینەوە.

سێیەم/ ئەوەیە تەحدیدی تەشکیلاتی مەهامی وەزارەت بە نیزام, ئەوە لە مادده نۆ هاتووە, کەی هاتینە سەر مادده نۆ, ئەو کاتە عەرزی ئێوەی بەڕێز دەکەین.

ئێستا مەبدەئەکە بەو شکلە بێت مودیریات و ئەقسامەکان لە مودیریەی عامە جیا دەبنەوە بە نیزام تەشکیل دەکرێتن, تەنها مودیریاتی عام دەمێنێتەوەو, لە دوو فەقەرە دائیرە هاتووە, ئەو دائیرانشمان لە پێشنیاری لیژنەی قانونی کردووە بە مودیریەی عامە, هەر ئەوەیە مولاحەزاتی لیژنەی قانونی لەسەر ئەم برگەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی بەو شێوەیە بێتن, ماددەی هەشت پێش ئەوەی دەمجی بکەین دەبێت (المديريات العامة في الديوان ويديرها موظف بدرجة مدير عام..........الخ):

1- المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية.

گوتمان دائیرەکان دەبێتە مودیریە.

2- المديرية العامة لحماية البيئة والتوعية والاعلام البيئي.

3- المديرية العامة للشؤون الفنية والوقاية من الاشعاع.

یەعنی ئەو ماددەیە دەبێتە ئەو سێ مودیریە عامە, یەکەم جار ئەو تەعدیلە, یەعنی ئاماژە بەس بە مودیر عامەکە بکرێتن, لەبەر ئەوەی مودیریات لە دەسەلاتی وەزیرە, فەرموو کاک خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو وەزارەتانەی, ئەو قەرارەی کە ئێستا دەمانەوێت موافەقەی لەسەر بکەین بۆ وەزارەتە تازەکانە, وەکو کاک فەرسەتیش وتی وەزارەتەکانی پێشوو, ئەو نیزامە تەتبیق دەکەن, کە سەلاحیەتی لە میلاکات دانراوە, ئایا ئەوانە ئیلغا ناکرێنەوە, چونکە ئێستا تەناقوز دروست دەکات, ئێستا لێرە ئەوەی لاببەین, لەوێ ئەوان بمێننەوە, ئەوە دوو نیزامە, لەبەر ئەوەی ئەگەر بمانەوێت تەسبیتی بکەین, دەبێت ئەوانی تر ئیلغا بکەینەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەی کاک خورشید, ئێمە گوتمان دەستوور کە ئیقرار بکرێت, بەو شێوەیە دەبێت کە ئێستا باسمان کرد, بەلام ئەوانەی کە ئیقرار کراوەو ڕۆیشتووە, لەڕاستیدا موشکیلەیەك دروست ناکات بۆ ئەوان, بەلام کە دەستوورەکە ئیقرار کرا دەنگی بۆ درا, دەبێت هی ئەوان هەموار بکەینەوە, جا لەبەر ئەوەی مادام وایە, کە دەزانین ئەوەمان لە پێشە لە ئێستاوە با کارێك بۆ ئەوە بکەین, کە هەمووی دوارۆژی نەکەن, ئەوە کە کراوە دواتر ئیعادەی هین دەکەینەوەو هەموار دەکەینەوە, بەلام لە ئێستاوە کە دەزانین وای لێ دێتن و ئیشکالێکیش نییە, بۆیە ئەو پرۆژانەی کە لە پێشمانە وای لێ دەکەین, کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتا ئەو وەزارەتانەی پێشتریش, ئێمە ئەو فەقەرەیەمان داناوە (یحدد بنظام مهام وتشکیلات الوزارة), یەعنی هەتا ئێمە ئەوەش زیکر نەکەین دەڵێ وەزیر دەتوانێت لە نیزام داخیلیەکە گۆڕانکاری بکات, بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە پەرلەمانیش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئامانج صیغەی بۆ دەنووسین (یحدد بنظام تشکیلات).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە بە حەقیقەت هەروەکو گوتم رەئی جیامان هەیە, ئێمە مەسەلەن یەعنی ئەوە پەسندەو نەشمان دیتووە بە حەقیقەت وەزیر ئەگەر بیەوێت شوعبەیەك بگۆڕێت, ئەو گۆڕانکاریی شوعبەیە بێتە پەرلەمان, لە پەرلەمان کێ لەگەڵ ئەوەیە وەزیری تەندروستی فلان شوعبە دروست بکات, ئەوە بە حەقیقەت زەرووریيە, بۆیە ئەوەی کە لە نیزامدا هەیە زمنی دەسەڵاتی وەزیر دەبێت, دەتوانێت گۆڕانکاریەکان بەو شێوەیەی کە خۆی پێویستی پێ هەیە بکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دکتۆر ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە کرا شتێکی باشە, من پێم وایە ئەو وەزارەتانە کە پێشووتر لە یاساکانیاندا ناوی بەڕێوەبەرایەتیەکانیشان هاتبێت, هیچ ئیشکالێك لێرە دروست نابێت, بەپێچەوانەوە, ئەو وەزارەتانەش بەم رێنماییانەوە ئیستیفادە لەم رێنماییە تازانە وەربگرن, یەعنی هیچ تەناقوزێك دروست نابێت بۆی, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەو سێ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە هاتووە لە ماددەی هەشتەمدا, دووەم و سێیەم بکرێت بە یەکێك, لەبەر ئەوەی نزیکن لە یەکەوەو, سێیەمیش بکرێت بە کەشناسی, کەشناسی دەکرێت وەکو ئەنجومەنەکەی ئەوان ئەندامێك بێت لە ئەنجومەنی وەزارەتی نەقل, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس قسەی هەیە, كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەزارەتی ژینگە لە سەرەتاوە هاتووە كۆمەڵێك واجیبی هەیە, پێویستە ئەو وەزارەتە ئەو وەسیلەی هەبێت ئەو واجیباتانە جێ بەجێ بكات, یەعنی مودیریەتێكی زۆر گرنگ هەیە لێرە باسی لێوە نەكراوە, مودیریەتی رەسم و تەقیم, یەعنی ئەوە لێرە باس نەكراوە, ئەو مودیریەتانە رەنگە ئەو ئیشانە نەكات, كە كاتێك ئێمە بمانەوێت وەزعی ژینگە چۆنە, مودیریەتێكی وامان نییە لە وەزعی ژینگە نیسبەی تەلەوس لە بیئە ئەوە بكات, یەعنی مەفروزە مودیریەتی رەسم و تەقیمان هەبێت لە ژینگە, بۆ ئەوەی ئەو وەسیلەیەك بێت لە وەزارەتەوە بتوانێت ئەو ئەركانەی كە لە ماددەی دووەمدا هاتووە, بتوانێت جێ بەجێی بكات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوە وەزارەتێكی تازەشە, بەڕاستی پێداویستی خۆشی نازانێتن, كامە مودیریەت زۆر زەرووریيە, كامە مودیریەت زۆر زەرووری نییە, لەبەر ئەوە پاش ماوەیەكی تر ئیعادەی نەزەر دەكاتەوە, هەندێكی ئیلغا دەكات, هەندێكی تری تازە دروست دەكات, ئەو صیغەیە زەرووریيە هەبێت, بەڵێ كاك دارا.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هەر لەبەر ئەوەی هەیكلی وەزارەت زۆر گەورە نەبێت, لە بەڕێوەبەرە گشتییەكان تەنیا دوو مودیریەی عاممان داناوە, جگە لە دیوان, لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری هونەری, ئێمە مودیریاتێكی زۆرمان هەیە, ئەقسامێكی زۆر, ئەو قسمەشی تیایە كە بەڕێز باسی كرد, بەلاَم دیارە پێویستی بەوە نەكردووە ئێمە لێرە بینووسین لە سەلاَحیەتی وەزیرە قسمەكان, ئەگەرنا بۆ هەر یەكێك لەم كارانە قسمێكمان دروست كردووەو, مودیریەتێكی خۆی دەبێت, بەس مودیریە عامە نییە, بۆیە لێرە دەرج نەكراوە, لەبەر گەورە نەبوونی هەیكلەیەكەش, تەنیا نەمان كردووە بە مودیریەی عامەو, ئەو بەڕێوەبەرە گشتیانە ئەو دووانە دەمج ناكرێت, ئەو بەڕێزەی ئیشارەی پێدا, چونكە یەكێكیان بۆ وشیاری و راگەیاندنە, كاری جیاوازە, بەشێكی تریان بۆ كاروباری ئەكادیمی و فەنی وەزارەتەكەیە, كەش ناسی ئێستا لەسەر وەزارەتی گواستنەوەیە, لە ئایندەش دەكرێت نەقل بكرێتە سەر وەزارەتی ژینگە, ئەگەر ئێستاش نەكرێت هیچ كێشەیەكمان نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەو شتانەی كە من سەیرم كردووە لەسەر وەزارەتی ژینگە, شتێك هەیە پێشنیار دەكەم ئەگەر باسی بكەن خراپ نییە, ئەم وەزارەتە غەرامات دروست دەكات لەسەر ئەو دامودەزگاو شەریكاتانەی كە سەرپێچی دەكەن, هەروەها دوەلی مانیحەش یەعنی یارمەتیەكی باشی ئەم وەزارەتە دەدات, ئەم وەزارەتە سندوقێكی دەوێت لە ئەم شتانە نەچێتە ژمێریاری و, راستە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری, بەس سەر بە وەزارەتەكە خۆیەتی, بەلاّم ئەمە سندوقێكی تایبەتی دەوێت, بۆ ئەو سەرپێچیانەی غەرەمەیان دەكات, خۆ ناكرێت بدات بە وەزارەتێكی تر, بەلاّم دەبێت جێگایەكی هەبێت ئەو منحەو ئەو شتانەی كە لە دەوڵەتێكی تر لەو بوارە دەیدەن و, هەروەها ئەو شتانەی كە خۆی دەیكات لەوە كۆ دەبێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ پشتگیری ئەوەی مامۆستا محەمەد باسی كرد, ئێمە هەردووكمان هەیە, بەس لە قانونی حیمایەی بیئەیە كە دێتە لای جەنابتان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو دكتۆر دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە بەناوی دائیرەی پاراستنی ژینگەو وشیار كردنەوەو راگەیاندنی ژینگەیی, بەلاّم بەرێوبەرایەتی پلاندانان و بەدوا داچوون كراوە بە بەڕێوەبەرایەتیەكی ئیعتیادی, بە بیرو بۆچوونی من یەكێك لە ئەركە سەرەكیەكانی وەزارەتی ژینگە دانانی كۆمەڵە پرۆژەیەكە بۆ خاوێن كردن و چاك كردنەوەی ژینگەو پاراستنی, ئەمەش بەدواداچوون و پلاندانانێكی زۆری دەوێت, جگە لەوە پرۆسەی پلاندانان و بەدواداچوون لایەنێكی گرنگە لە مەسەلەی ژینگە, بۆیە من پێم چاكترە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان بكرێت بە بەرێوبەرایەتیەكی گشتی بە پێش ئەوانەوە دائیرەی پاراستنیش, چونكە لە ئەركەكانی پاراستنی ژینگە, ئەسڵەن هەر جگە لە راگەیاندن و هوشیار كردنەوە مەسەلەیەكی تیا نییە, بۆ پاراستنی ژینگە, بۆیە من پێم چاكە ئەوەیان بكرێتە بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی و ئەویتریان بكرێتە بەرێوبەرایەتیەكی ئیعتیادی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو قۆناغی یەكەم, لەبەر ئەوەی هەیكەلی وەزارەت زۆر گەورە نەبێت, ئەوە خاڵێكی زۆر گرنگ بوو كە ویستمان هەیكەلی وەزارەتەكە زۆر گەورە نەكەین و مودیریاتی عامە زۆر نەبێت.

دووەمیشیان/ كێشەیەكی تر ڕووبەڕوومان دەبێتەوە, ئەگەر ئەو مودیریات عامانە هەبێت, ئەویش نەبوونی كەوادیرە, ئێستا كەوادیرێك هەیە, لەوە دەچێت نائەهل بێت, بەڕاستی دەبێتە بەڕێوەبەری گشتی لە یەكێك لەو بەشانە, خۆشتان دەزانن هەموو یەكێك لە بەشەكانی ژینگەی كەسانی (پرۆپشنەلی) دەوێت, هەموو كەس ناتوانێت ئیشی تیا بكات, ئێمە لەبەر ئەوەی نەبوونی كەوادیری پێویست, كە بێت ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانە بەڕێوە ببات, یەكەم وتمان با هەر ئەوانە بەڕێوەبەرتیەیەك بن, تا لە داهاتوو بەپێی پێویست و لەگەڵ گەشە كردن و گەورە بوونیان داوا بكەین بكرێنە بەڕێوەبەرایەتی گشتی, ئەوە هەروا هێشتومانەتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان وابزانم دەبێت صیغەیەكمان بدەیتێ, چونكە بۆ ئەو پێشنیارانە جەنابی وەزیریش هەندێكی ڕوونكردەوەو وەڵامی دایەوە, ئەگەر شتێكی زۆر گرنگ نەبێتن, ڕەئی وەزارەتمان لا موهیمە بە حەقیقەت, ئەو خۆی دەتوانێتن زیاتر تەحدیدی پێویستی خۆی بكاتن, سبەی ئەگەر پێویستیەكی هاتە پێش و زەروور بوو, ئەو وەختە بۆمان دەنووسن و هەمواری دەكەین, بۆیە موافەقەت دەكەین, كاك دكتۆر دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیازەی من كردم جارێ بەڕێوەبەری گشتیەكان زیاد ناكات, بەس تەنها بەڕێوەبەرێكی ئیعتیادی دەكاتە گشتی و بەڕێوەبەرێكی گشتیش دەكاتەوە ئیعتیادی, ئەمە یەك.

جگە لەوە بەڕاستی ئێمە ژمارەیەكی زۆر پسپۆڕمان هەیە لە بواری ژینگە, كۆمەڵێكی زۆرمان هەیە كە بەشی بایلۆژییان تەواو كردووەو شارەزاییەكی چاكیان هەیە لە ژینگە, هەندێكێ كەس لە بواری هەندەسە شارەزاییەكی چاكیان هەیە, كۆمەڵە پسپۆڕێك هەیە لە بواری كیمیا بە هەمان شێوە دەتوانن لە بواری ژینگە كار بكەن, زانكۆكانی ئێرە ئەوەندەی من بزانم بەڕاستی پسپۆڕێك هەیە هەر ئیختیصاصی وردیان ژینگەیە, وەزارەت دەتوانێت سوودێكی باشیان لێ وەربگرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم مەوزوعەكە زۆر وا نییە موناقەشەی زۆر لەسەر بكرێت, ڕەئیەكەت مەنتیقی تێدایە, بەڵام ڕەئیەكە مادام زۆر جەوهەری نییە, ئێمە ڕەئی وەزارەتمان پێ لەلا پەسندترە, بەتایبەتی لیژنەی قانونی دیراسەتی كردووەو ئیقراریان كردووە, ئەگەر لە دوارۆژ ڕەئی تۆ ڕاست دەرچوو و داوایان كرد بە بیریان دەهێنینەوە, ئاخیر صیغە بۆ دەنگدان.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەسەلسولەكان ناخوێنمەوە, بۆ ئەوەی تەرتیب دەكرێت.

- المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية:يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على الشهادة الجامعية الاولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

- المديرية العامة للحماية والتوعية والاعلام البيئي: يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على الشهادة الجامعية الاولية وذو الخبرة الاعلامية.

- المديرية العامة لشؤون الفنية والوقاية من الاشعاع: يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على الشهادة الجامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوەو لە هەمان كاتیشدا دەچێتە ماددە سێ, بەو شێوەیەی خوێندرایەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم لە ئەسڵی پرۆژەكە.

ماددەی نۆیەم:

1-ئەرك و فرمان و تایبەتكارییەكان و پێكهاتەكانی وەزارەت بە ڕێسا دیار دەكرێت.

2- وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتیەكان و بەشەكان و هۆبەكان و یەكەكان لە كاتی پێویست دابمەزرێنێ, یان یەكیان بخات.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی.

اما بالنسبة للمادتين التاسعة والعاشرة من المشروع تقترح اللجنة دمجهما بمادة واحدة وإضافة فقرة أخرى إليها وصياغتها كالآتي:

أولاً:- يحدد بنظام مهام وإختصاصات تشكيلات الوزارة.

ثانياً:- للوزير إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

ثالثاً:-(للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقاً لمتطلبات عملها).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە لیژنەی قانونی پێشنیارەكەی تەواوە, یەعنی موناقەشەكان كران و دەنگمان بۆ دا تەئكیدی بۆ ئەوە دەكاتەوە, بۆیە دەیخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەكەی تر تكایە.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدە لە ئەسڵی پرۆژەكە.

هەر دەقێك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ, جێ بەجێ ناكرێت.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

اما بالنسبة للمادة الحادية عشرة/ تقترح اللجنة اضافة كلمة(مع) الى ما بعد كلمة يتعارض فيها,وتقرأ كالاتي:

(لايعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەكەی تر تكایە.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدە: پێویستە لەسەر وەزیرەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

اما بالنسبة للمادة الثانية عشرة تقترح اللجنة صياغتها كالاتي:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمەش وەكو هەموو وەزارەتەكانی ترە, دەیخەمە دەنگدانەوە, وەكو پێشنیاری لیژنەی یاسایی, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەكەی تر تكایە.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سیازدە ئەسڵی پرۆژە.

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان)دا كاری پێ دەكرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**اما بالنسبة للمادة( الثالثة عشرة) تقترح اللجنة صياغتها كالاتي: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية(وقائع كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەسڵی مەشروعەکە ئەسبابی موجیبەی نەبوو, لیژنەی قانونی صیاغەی ئەسباب موجیبەمان کردووە, ئێستاش دەیخوێنمەوە.**

**الاسباب الموجبة**

**بهدف حماية البيئة والحفاظ على الصحة العامة والموارد الطبيعية والتنوع الاحيائي بما يضمن التنمية المستدامة وتحقيق التعاون الدولي والاقليمي في مجال البيئة ومتابعة العوامل المؤثرة في سلامة البيئة وازالة ومعالجة اثار الاسلحة الكيميائية ومخلفات الاسلحة والاعتدة والمواد المسببة للتلوث البيئي لذلك اقتضى استحداث وزارة بأسم وزارة البيئة في الاقليم لتولي تلك المهام فقد أصبح من الضروري تشريع قانون يحدد مهام وأهداف هذه الوزارة والمديريات المرتبطة بها وتنظيم مهام كل منها ولتحقيق ما تقدم فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

**بە ئامانجی پاراستنی ژینگەو چاك ڕاگرتنی تەندروستی گشتی و دەرامەتی سروشتی و جۆراو جۆری زیندەوەر, بەجۆرێك کە فراژووکار بەدەوام زامن بکات, لە بواری ژینگەشدا هاوکاری نێودەوڵەتی ئیقلیمی بێنێتە دی و, ئەو بنەمایانەش کە زیان بە سەلامەتی ژینگە دەگەیەنن ریقابە بکرێن و ئاسەواری چەکی کیمیاوی پاشماوەی چەك و تفاق و ماددەی پیسکەری ژینگە چارەسەر بکرێن و ڕامالّدرێن, بەو ئامانجانە بە زەروور زانران, وەزارەتێك لە هەرێمدا بە ناوی وەزارەتی ژینگە دابندرێ, ئەو ئەرکو فرمانە بگرێتە ئەستۆ بەو جۆرە بە پێویست زانرا کە یاسایەك دابنرێت ئەرك و فرمان و ئامانجەکانی ئەم وەزارەتە نوێیەو ئیشوکاری بەڕێوەبەرایەتیەکانیشی دیار بکات و ئەرکو فرمانی هەر یەکێکیان ڕێك بخات.**

**جا بە ئاواتی دەستەبەر کردنی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە ئەم یاسایە دانرا.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنیا من لە ناحیە لوغەوی كاك شێروان, كاك عەونی, لە سەرەتاكەدا دەڵێت (بهدف), دەبێت وەلأمەكە لەویٚ (تقرر) بێت, نەك (لذلك اقتضى), بەلٚێ.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە تەرجومەیەكە بۆ وشەی (التنوع الاحیائی), ئیتر ئەم بەڕێزانە بە زیندەوریان تەرجومە كردووە, موشكیلە نییە.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە (التنوع الاحیائی) وەكو بەڕێز جەنابی وەزیر باسی كرد, بەڕاستی هەموو گیانلەبەرێك دەگرێتەوە, لەبەر ئەوەی زەرەریشی هەیە, زەرەریشی نییە, چونكە ئەو تەناسوبەی لە تەبیعەتدا هەیە پاراستوویەتی, بە هەموو گیانلەبەرەكان دەپارێزرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر نوری ئەو وشەیە بە عەرەبی, كامەی راسترە, بەجێی دەهێلین دوایی, ئەوە موشكیلە نییە, پێشنیاری لیژنەی قانونی كە ئەسبابی موجیبەی نووسیووە, دەیخەمە دەنگدانەوە, تەبعەن لەناحیە زمانەوانی پێدادەچینەوە, دەیخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, ئێستا قانونەكە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ یاسای وەزارەتی ژینگە دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, سوپاس و پیرۆزە, ئینشائەڵلا سەركەوتووی و ئەركەكانت جێ بەجێ دەكەیت, فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین (وەزیری ژینگە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاس و پێزانینی خۆم بۆ بەڕێز سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان و ئەندامانی بەڕێز لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و لیژنەی پەیوەندیدارەكان و یەكە یەكە ئەندامانی پەرلەمان, كە زۆر ماندوو بوون و ئەزیەتیان كێشا لەمانگی رەمەزان و هۆڵەكەش كەمێك گەرم بوو, ئەزیەتیان كێشا چەند رۆژێكە یاساكەی وەزارەتەكەی ئێمە تاوتوو دەكەن, سوپاس بۆ ئەو هاوكارییە, ئێمەش بەڵێن دەدەین بەپێی توانا و بە پشتیوانی خوا بتوانین ئیش بكەین بۆ خزمەت كردنی ژینگە كوردستان و پاك كردنەوەی هەرێم و جارێكی تریش زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێمەش جەلسەکە بۆ ماوەی (20) دەقیقە رادەگرین و ئیسراحەت دەکەین, لە سەعات یەك دادەنیشین تاکو سەعات (2).

**دانیشتنی دووەم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان کۆبوونەوەکەمان دەست پێ دەکەینەوە, جگە لە لیژنەی یاسایی تەکلیفی هیچ لیژنەی تر کرا بوو راپۆرت بنووسی, ئێمە داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین فەقەرە بە فەقەرە رای لیژنەی یاسایی بە کوردی و عەرەبی بخوێنێتەوە, بۆ ئەوەی سوود لە کاتەکە وەربگرین, لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێریش راپۆرتێکی کورتیان هەیە, ئەگەر ئەوان بە خێرایی بیخوێننەوە, لەبەر ئەوەی یەك لاپەرەیە, ئەگەر ئیجازە بدەن بیخوێنێتەوە, بۆ ئەوەی بچینە سەر ماددەکان, ئەگەر ئەندامە بەڕێزەکانیش بە رێکوپێك و پوختی رەئی خۆیان بڵێن و سوپاس, فەرموو راپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵ بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لیژنەکەمان وەکو لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە رۆژی 9/25 کۆبوونەوەی ئاسایی خۆمان گرێدا, پاش موناقەشە و وتوویژ چەند پێشنیاز و خاڵێکمان دەست نیشان کردووە, پاشان لەگەڵ جەنابی وەزیر دانشتین و گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی بیرو بۆچوونمان کردووە, ئێمە ئەم خاڵانەمان پێشنیاز کردووە:

1- سەبارەت بە ماددەی دووەم پێشنیاز دەکەین ئەم خاڵانە زیاد بکرێن:

1- گرتنەبەری رێ و شوێنی هاوچەرخ بە ئامانجی کەم کردنەوەی بەفیڕۆ چوونی ئاو لە کاتی بەکارهێناندا لە بوارە جیاجیاکاندا.

2- کردنەوەی بنکەیەك, یان بایەخدان بە راگەیاندن لە وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان, بۆ هوشیار کردنەوەی خەڵك و جوتیارەکان لە پێناو باش بەکارهێنانی ئاو و بەفیڕۆ نەدانی وەك سامانێکی نەتەوەیی گرنگی پێ بدرێت.

3- کێومالّ کردنی هایدرۆلیجی هەرێمی کوردستان و دیاری کردنی سامانی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی تیایدا و دانانی نەخشەی هایدرۆلیجی بۆ هەر ناوچەیەك.

2- سەبارەت بە ماددەی چوارەم خاڵی سێیەم, پێشنیازمان کردووە لە جیاتی بەکارهێنانی وشەی بریکاری وەزارەتەکان, نوێنەری وەزارەت بەکار بهێنرێت, کە لە زۆربەی پرۆژە یاساییەکانی وەزارەتەکان وا هاتووە (نوێنەری وەزارەتەکان), جگە لە بریکاری وەزارەتی دەرامەتی ئاویەکان, بۆ ئەنجومەنی راوێژکاری نوێنەر بەکاربهێنرێت, نەك بریکاری هەموو وەزارەتەکان, دوایی لە تەشکیلەی وەزارەتەکەدا, ئێمە پێشنیازمان کردووە, کە بەڕێوەبەرایەتیەك گرنگە بۆ ئێستای ئێمە, کە زیاد بکرێت, ئەویش بەڕێوەبەرایەتی گشتی

ئاوی ژێر زەوی, کە ئەوەش جەنابی وەزیر زۆری پێ چاکە بۆ ستراتیجیەتی ئێستای پاراستن و چاك ڕاگرتنی ئاومان, ئەو بەڕێوەبەرایەتیەمان بە زەروور زانیووە, ئەوە ڕاپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵ بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو ڕاپۆرتە, ئەگەر لە خاڵەکان هاتینە سەری ڕەئیەکی خۆت بدە, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ماددەی یەکەم بە کوردی دەخوێننەوە, فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی یاسای وەزارەتی دەرامەتی ئاوی هەرێمی کوردستانی عێراق

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە, لەم یاسایەدا ماناکانی بەرامبەریانە:

1- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- وەزارەت: وەزارەتی دەرامەتی ئاوی هەرێم.

3- وەزیر: وەزیری دەرامەتی ئاوی هەرێم.

4- بریکار: بریکاری وەزارەتی دەرامەتی ئاوی هەرێم.

5- ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاری دەرامەتی ئاو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راي اللجنة القانوني بالنسبة للمادة الاولى:

بالنسبة للمادة الاولى من المشروع لا توجد اية ملاحظات عليها سوى اعادة صياغة السطر الاول منها كالاتي (يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة ازاءها).

لتنسجم مع الصيغة المتبعة في سرد التعاريف المستعملة في القوانين الصاردة عن برلمان كوردستان وتبديل (الموارد المائية) الوارد في (خامسا) منها ب(الوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی.

دەبارەی ماددەی یەکەمی پرۆژەکە هیچ تێبینیەکمان لەسەری نییە, تەنها ئەوە نەبێ کە دێری یەکەمی بەم شێوەیەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:

(مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە), بۆ ئەوەی لەگەڵ رشتەی ئاسایی پێناسەکانی دیکەی ئەو یاسایانەدا, کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرکراون بگونجێن و وشەی (داهاتی ئاو)یش کە لە (پێنجەم)دا هاتووە, بکرێ بە (وەزارەت).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك تەحسین.

**بەڕێز تحسین قادر علی (وەزیری دەرامەتە ئاویەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایانی بەڕێزی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ بانگهێشت کردنمان بۆ موناقەشە کردنی یاسای وەزارەتەکەمان, لەبارەی ئەوەی کە ناو بران دەرامەتی ئاوی هەرێم بە عەرەبی ( الموارد المائیە), بە کوردی دەرامەت بەکارهێنراوە, بەلأم لە بەغدا هەمان سەرچاوەکان بەکار دەهێنێت, هەم دەرامەتە زیاتر جانبی مالی دیاری دەخات, جا ئەگەر مومکین بێت بە کوردیش هەر سەرچاوەکانی ئاو بەکار بێنین, ئەوە باشترە هەم لەگەڵ عێراقیش دەگونجێت, یەعنی بڵێین دەرامەت, دەرامەت وەکو وشە بڵێین, مەبەستم هەر ئەوەیە وەکو وشە بەسەر زماندا نایێت لە یەکەم رۆژیی کۆبوونەوە لە 5/7, ئەو وشەیە بە غەڵەت دەخوێندرێتەوە هەتاکو ئەمڕۆ لە پەرلەمان و, ماناکەشی بڵێین سەرچاوەکان باشتر مانای (ریسۆز) دەدات, وەك لە دەرامەت, دەرامەت یەعنی زیاتر جانبی مالی دەگرێتەوە, بەلأم سەرچاوەکان زۆر سەرچاوە دەگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ناو گۆڕینی وەزارەتەکان, دەسەلأتی ئەم هینە موناقەشە نییە, لەبەر ئەوەی ئێمە بە قانونێك هی ئەنجومەنی وەزیران لەوێین, دەبێت پرۆژەیەك لە ئەنجومەنی وەزیران بێت بۆمان و هەمواری ئەو قانونەی بکەین, بۆ ئەوەی ناوەکەی بگۆڕین, ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوێك پرۆژەیەکمان بۆ بنێرێت و پێشنیار بکرێت, بۆ ئەوەی ناوی بگۆڕێتن, بۆ ئەوەی ئاماژە بەو یاسایە بکەین, کە ناوی دراوە هەمواری بکەین و ناوەکەی بگۆڕین, لێرەدا ناتوانین ناوەکە بگۆڕین وەکو خۆی دەمێنێتەوە, بەلأم ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی وەکو هەموو وەزارەتەکانی تر تەبیعی کراوە, تەنیا یەك شت هەیە, پێنجەم ئەنجومەنی ئیستیشاری نووسراوە موارد مائیە و, ئیستیشاری بۆ وەزارەت, کەس ئیعتیرازی نییە دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, تکایە ماددەی دووەم.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

ئامانجی وەزارەت ئەوەیە کە:

یەکەم: ستراتیج و سیاسەت و پلانگەلێك بۆ بەرەو چاکتر گۆڕین (تطویر) و فراژو کردن (تنمیة)و وەبەرهانینی دەرامەتی ئاوی (سەر زەوی و ژێر زەوی)ی هەرێم دابنێ و، دیراسات لەسەر کەڵکی (جدوی) هونەری و ئابووریی پرۆژەکانی دەرامەتی ئاو ئامادە بکاو، بەستی ئاوو پرۆژەگەلی ئاودێری لە چوارچێوەی پلانە گشتیەکانی هەرێمدا دابمەزرێنێ و خزمەتیان بکێشێ (صیانة)و وەگەڕیان بخات و، سەلامەتیی بەستەکان هەڵسەنگێنێ و، لە ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی بە جۆرێ بەر خوردار بێ، شێوازی بەکار خستنی پڕ بە پێست (الاستخدام الامثل)ی سامانی ئاو وەدەست بێنێ و خاکی زەوی و زاریش بپارێزێ.

دووەم: دانانی پلانگەلی تایبەت بە بنبڕ کردنی مەترسییەکانی لافاوو کۆنترۆڵکردنی سێلاّوو نشێواو (احواض)ی رووبارەکان و، رێکخستنی دابەشکردنی ئاوو چاو کردنەوەو تێگەیاندنی خەڵکی لە گرنگیی پاراستنی سامانی ئاو.

سێیەم: زامنکردنی ئاو بۆ کەرتە بەکار بەرەکانی (المستهلكة) ئاوی (کشتوکاڵ و ئاوی خواردنەوە، بەکارهێنانی ناو ماڵ و بۆ گەشتوگوزار، بەکارهێنانی بۆ پیشەسازی و ئەفراندنی وزەی کارەبا..........هتد)، بەپێی پلانگەلی ئیقرار کراو، بەجۆرێ، کە لە هەرێمدا خزمەتی فراژوکاری (تنمیة) بکات، رای خۆیشی لەسەر داواکاریەکانی دامەزراندنی پرۆژەگەلێ دەدات کە پێوەندییان بە وەخزمەت خستنی ئاوەوە هەبێ.

چوارەم: سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی هەنگاوەکانی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی دەرامەتی ئاو، بەپێی پلانە ئیقرار کراوەکان، ئەمەش بەستەکان و ئەستێڵەکان (الخزانات)و پرۆژەکانی ئاوداشتن دەگرێتەوە.

پێنجەم: پاراستنی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی لە پیسی و پێشتریش لایەنەکانی ژینگە بگرێتەوە، بە جۆرێ کە لەگەڵ مەعاییری نێودەوڵەتیدا بگونجێ.

ئەو وەرگێڕانە وەرگێرانی لیژنەی یاسایی نییە، لەبەر ئەوەی هەندێ دەستەواژەی کوردی تێدایە بەڕاستی لەوانەیە لە جێی خۆیدا نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو رای لیژنە بە زمانی عەرەبیەکەی بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فيما يتعلق بالمادة الثانية لا توجد اية ملاحظات عليها، سوى حذف الكلمتين (السطحية والجوفية) الواردتين في السطر ما قبل الاخير من اولا من المادة لكونها مكررتين.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو رای لیژنەی یاسایی بە كوردی.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچی ماددەی دووەمە, ئەوە هیچ تێبینیەكان دەربارەی نییە, تەنیا ئەوە نەبێ كە هەردوو وشەی (السطحیة والجوفیة)كە لە دێری پێش كۆتایی هاتنی (یەكەم)لە ماددەكەدا هاتوون دووبارەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم ئێوەش ئیعتیرازتان نییە, فەرموو لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لای هەمووتان دیارە ئاو سەرچاوەیەكی ژیانەو سامانێكی نەتەوەیی بە نرخە یەك دوو پێشنیازی كورتمان كرد ئەویش:

سەبارەت بە ماددەی دووەم پێشنیاز دەكەین ئەم خاڵانە زیاد بكرێن:

1-گرتنەبەری رێ و شوێنی هاوچەرخ بە ئامانجی كەم كردنەوەی و بەفیڕۆ چوونی ئاو لە كاتی بەكارهێناندا لە بوارە جیاجیاكاندا.

2-كردنەوەی بنكەیەك, یان بایەخدان بە راگەیاندن لە وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەكان, بۆ هوشیار كردنەوەی خەڵك و جوتیارەكان لە پێناو باش بەكارهێنانی ئاو و بەفیڕۆ نەدانی وەك سامانێكی نەتەوەیی گرنگی پێ بدرێت.

3-كێومالْ كردنی هایدرۆلیجی هەرێمی كوردستان و دیاری كردنی سامانی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی تیایدا و دانانی نەخشەی هایدرۆلیجی بۆ هەر ناوچەیەك.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی مامۆستا مەسەلەی راگەیاندن ئەهداف نییە, وەسیلەیەكە وەزارەت پێی هەڵدەستێت, لەبەر ئەوەی پێویست ناكات, وەسیلەیەكە بۆ شەرح كردنی ئەهدافی وەزارەت, نەك هەدەف خۆی, دانانی دەزگای راگەیاندن لێرە جێی نابێتەوە, بەلاَم یەكەمیان ئەگەر تێدا نییە, كارێكی مەعقولە رێ و شوێنی هاوچەرخ بە ئامانجی كەم كردنەوەو بەفیڕۆ چوونی ئاو لە كاتی بەكارهێناندا لە بوارە جیاجیاكاندا, فەرموو.

**بەڕێز تحسین قادر علی (وەزیری دەرامەتە ئاویەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بایەخدان بە وشیار كردنەوەی گشتی بۆ بەكارهێنانی ئاو, هەروەها هەموو سامانەكانی تری كوردستان كارێكی باشە راستیەكەی, بەشێكی دەكەوێتە سەر وەزارەتەكەی ئێمە, كە پەیوەندی بە ئاوی ژێر زەوی و كاتێك كە بیرەكان بە مەحدودی بەكار بێن, یان پرۆژەكان پێویستە بڵێین بەكار بێن, بەشێكی

زۆریشی پەیوەندی بە وەزارەتەکانی ترەوە هەیە, بۆ نموونە ئاوی خواردنەوە پەیوەندی بە وەزارەتی شارەوانییەوە هەیە, کە ئەوانیش دەبێت بانگەشەی بۆ بکەن, راستیەکەی ئەمە خاڵێکی پۆزێتیفە هەم ئێمەو, هەم لاکانی تر تەئکیدی لەسەر بکەینەوە, بۆیە ئێمە پەسندی دەکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لیژنەی یاسایی هەمووی پەسند کردووە, لیژنەی کشتوکاڵیش هەمووی پەسند کردووە, بە ئیزافە کردنی خاڵی یەکەم و جەنابی وەزیریش پەسندی کرد, پێم وایە شتی عمومیاتە, کەسێکتان ئەگەر ئیعتیرازتان نەبێت, فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە کۆبوونەوەی خۆمان خاڵێکی ترمان ئیزافە کرد بوو لە ئامانجەکانی وەزارەت ئەویش: (کێوماڵ کردنی هایدرۆلیجی هەرێمی کوردستان و دیاری کردنی سامانی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی تیایدا و دانانی نەخشەی هایدرۆلیجی بۆ هەر ناوچەیەك).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەیەکی تر هاتووە (کێوماڵ کردنی هایدرۆلیجی هەرێمی کوردستان و, واتا دیراسەی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی, واتا دیاری کردنی سامانی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی تیایدا و دانانی نەخشەی هایدرۆلیجی بۆ هەر ناوچەیەك), واتا دیراسەی هەموو ناوچەکان ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی, لەگەڵ وەزیریش موناقەشەمان کردووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە فەقەرەی چوار و پێنج ئیزافەیە, ئەگەر بخرێتە سەر فەقەرەی یەك, کە ئەو وەزارەتە حەقی ئینشائی سدودی هەبێت تەحصیل حاصل حەقی ئیشراف و موتابەعەشی هەر بە یەك فەقەرە بێت بڵێت (انشاء واشراف ومتابعة السدود والخ)و, لە فەقەرەی ئەخیری کە ناوی (سطحي و جوفي) دەکات (الاستغلال والمحافظة على المياه السطحية والجوفية) بە یەك فەقەرە دێت, ئەو دوو فەقەرەیە بە رەئی من ئیزافەیە بکرێت بە یەك فەقەرە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كێومالْ (تمشيط) دەگەیەنێت, روو پێو مەسحەكەیە پێم وایە, وشەیەكی عەسكەرییە تەقریبەن, (مسح) رووپێو كردنە, نەك كێومالْ كردن, رووپێو باشترە لە كێومالْ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر رەئیت چیە لەسەر ئەو پێشنیارە دەڵێ دەمج بكرێت.

**بەڕێز تحسين قادر علی (وەزیری دەرامەتە ئاویەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بوارەكانی كاری ئەو وەزارەتە بریتییە لە ئاوی ژێر زەوی, پرۆژەكانی ئاودێری, سدود, راستیەكەی ئەو تەئكیدانەی كە كراوەتەوە لە پێنج خاڵە, بەڕێزانی لیژنەی كشتوكاڵیش خاڵێكی تریشیان خستۆتە سەر ئەوەیە كە هەر مەجالێك بە جیا بایەخی پێ بدەین, ئەگینا دەكرێت بڵێین ئەو ئامانجانە هەمووی ئەگەر نەكرێتن بە خاڵیش, دەكرێت بە شەرحێكی بۆ بكەیتەوە بەبێ ئەوەی خاڵیشی بۆ زیكر بكەین بڵێین ناوی بێنین, بەڵام جیا كردنەوەی ئەوە بووە كە هەر مەجالە بۆ خۆی قورساییەكی بخەینە سەر, كە لە ئامانجەكانی وەزارەتدا بایەخدانە بە هەموو سەیتەرەكانی كاری وەزارەتەكە, ئەگینا ئەوەی كاك عومەر گوتی مومكینە دەمج بكرێت, بەڵام جیا كردنەوەكەی بۆ بایەخدانی زیاترە بە هەر سەیتەرەیەك بە جیا, كە مودیریاتی عامە و مودیریاتی خۆی كاری لەسەر دەكات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێم وایە ئەو پێشنیارەی چوارەم لە یەكەمدا هاتووە, كە دەڵێی لە یەكەمدا پێش ئەخیر دەڵێی (لتحقيق الاستخدام الامثل للثروة المائية وصيانة التربة ضمن الخطط العامة للاقليم), ئەوە (الاشراف والمتابعة لتنفيذ مشاريع الموارد المائية وفقا للخطط المقررة وتشمل السدود الخزانات ومشاريع الري), هەمووی هاتووە, لە یەكەم و دووەمدا هەمووی هاتووە, لەبەر ئەوە پێم وایە چوارەم زیادەو ئیلغا بكرێتەوە, پێنجەم جێی خۆیەتی, ئەگەر چوارەم ئیلغا بكرێتەوەو موافیق بیت لەسەری, كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەسەلەی فەقەرەی چوارەم (سدود و خزانات)ی تێدایە, نازانم ئەوانەی سەرەوە دەیگرێتەوە, جەنابی وەزیر ئەگەر تەوزیحێكمان بداتێ, خراپ نییە.

**بەڕێز تحسين قادر علی (وەزيری دەرامەتە ئاويەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ببوورن بەنيسبەت سدودەوە لە خاڵی يەكەمدا باس لە دروست كردنی (السدود والمشاريع الاروائية)ی كراوە, بەڵام لە خاڵی چوارەمدا بەڕاستی تەئكيد لەسەر بڵێين دوای ئەوەی كە ئينشا دەكرێت, هەندێ سنووری كۆنكريتی نا, سنووری تورابی, يەعنی كاری زۆر هەيە بۆ سەرپەرشتی كردن و تەشغيل و صيانە و, هەروەها موتابەعەی هەموو پێكهاتووەكانی سەددەكان بڵێين, بۆ ئەوەی بزانين لە وەزعی تەبيعی خۆيەتی و سەلامەتی سەددەكان بكەين و, ئەدائی سەدەكە تەقيم بكەين, ئەوە زياتر تەئكيدە لەسەر ئەوە, راستە لە خاڵی يەكەمدا باس لە ئينشا كراوە, دەكرێت دەمج بكرێت, بەڵام ناكرێت حەزف بكرێت, چونكە بە حەزف كردنی فەراغێك دروست دەكات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی لە راستيدا ئەگەر بنووسرێتن تۆزێك دووبارەيە, ئەگەرنا, ئەگەر بتەوێت لە يەكەمدا بكەويە ناو زمان, من بە عەرەبيەكە دەڵێم هەموو ئەو شتانەی لە بڕگەی چوار هاتووە بە دەليل لە يەكەمدا هاتووە, كە وتت لە يەكەم (لتحقيق الاستخدام الامثل) ئەوە يەك (وتقييم سلامة السدود), ئەو دوو شتە هەموو ئەو بڕگە چوارە دەگرێتەوە صيانە و تەشغيلەكەشت نووسيووە, يەعنی هەم صيانەو تەشغيلەكە هاتووە, هەم تەقيم و سەلامەتی سدود كە ئيشراف و موتابەعە دەكات و چۆن تەقيمی دەكات, ئەگەر ئيشراف و موتابەعەی نەكەيت, ناتوانيت تەقيمی بكەيت, تەقيم يەعنی ئيشراق لەسەر بكەيت و موتابەعەی بكەت و ديراسەی لەسەر بكەيت, بزانين چۆن ئيش دەكات, تەقيم شاملترە لە ئيشراف و موتابەعەش, ئەگەر زۆر پێت باشە بمێنێتن, با بمێنێتن, خاڵی نيزام.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو ماددەيە بمێنێتن بەپێی جەنابی وەزير, دەبێت وشەی (لتنيفذ) لابدرێت (الاشراف والمتابعة المشاريع), چونكە لێرە گوتراوە تەنفيز, ئەگەر فەقەرەكە بمێنێت, تەنها ئەو وشەيە لا بدرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكە وەكو خۆی بمێنێت دەيخەمە دەنگدانەوە بەو مولاحەزەو ئيزافەی ليژنەی كشتوكاڵ كردی ئيزافە بكرێت, واتا دەبێتە شەشەم, يەعنی ئەو خاڵەی كە ليژنەی كشتوكاڵ ئيزافەی كرد جارێكی تر بيخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

گرتنەبەری رێ و شوێنی هاوچەرخ بە ئامانجی كەم كردنەوەو بەفيڕۆ چوونی ئاو لە كاتی بەكارهێناندا لە بوارە جياجياكاندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموو.

**بەڕێز تحسین قادر علی (وەزیری دەرامەتە ئاویەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی سێیەمیش مامۆستا باسی کرد, کە رووپێوەکە یەکێکە لە ئەرکە ئەساسیەکانی وەزارەتی سەرچاوەی دەرامەتە ئاویەکان, نازانم نەدرا دەنگدان قسەی لەسەر نەکرا.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بڕگەیەکی ترمان زیاد هەر ئەوەی بەڕێزان ئاماژەیان پێ کرد کێوماڵ بکرێتە رووپێو, ئەویش ئاوی ژێر زەوی سەر زەوی دیراسە بکرێت, ئەمەش ئامانجەو, پێشنیارێکیشمان هەیە ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیشی هەبێت, چونکە ئێمە ئاومان کامەیە؟ بیری ئیزتیوازیەکانە ئێستا بەبێ سەرپەرشتی, ئاوی سەر زەوی بلاوەو سەرپەرشتی نییە, ئێمە ئامانج نەبێت و بەڕێوەبەرایەتی نەبێت, کەواتە کۆکردنەوەی ئاوو پڕۆژەی چاکسازی ئاو چییە؟ بەس ئەو مولاحەزە هەبوو کێوماڵەکە بکرێتە (مسح) رووپێو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێوماڵ کردن یەعنی چی مامۆستا.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێ لە ئەسڵی پڕۆژەکە.

ماددەی سێیەم:

یەکەم:وەزیر/ سەرۆکی باڵاو بەرپرسی ئیشوکار و ئاراستە کردنی سیاسیەتی وەزارەتەکەیەو هەموو بڕیار و فرمان و رێنماییگەلێکیش پێوەندییان بە ئەرکو فرمان و پێکهاتەو سەلاحییات و کاروباری دیکەی هونەری و دارایی و ئیداری و رێکخستنی وەزارەتەوە هەبێ, بەپێی یاسا لە وەزیرەوە دەرچێ و خۆی سەرپەرشتیی جێ بەجێ کردنیان دەکات.

دووەم: بریکاری وەزارەت/ لە چوارچێوەی ئەو سەلاحیياتەی کە پێی دەسپێردرێ لە ئاراستە کردن و سەرپەرشتی کردنی کاروباری وەزارەتەکەدا یاریدەی وەزیر دەدات مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ.

سێیەم: راوێژکاران/ ژمارەیان لە چوار کەس زیاتر نابێ, مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و خاوەن ئەزموون و کەردەش بن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راي اللجنة القانونية باللغة العربية:

اما فيما يتعلق بالمادتين الثالثة والرابعة من المشروع تقترح اللجنة دمجها بمادة واحدة تحت رقم المادة الواحدة. فيما يتعلق بالمجلس الاستشاري تقترح اللجنة صياغة مادة مستقلة لها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر رەئیت چیە لەسەر ئەو پێشنیارە.

**بەڕێز تحسین قادر علی (وەزیری دەرامەتە ئاویەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرەدا باسی تەشکیلاتی وەزارەت دەکەین, وەکیل وەزیر, پێشنیارەکە راستیەکەی راست کردنەوەی رێکخستنەوەی صیاغەی دەربڕینەکانە, دیارە لیژنەی قانونی شارەزاییان لە رێکخستنەوەی قانونەکانی ئێستا و پێشتر و سالأنی تر هەیە, بەلای منیشەوە ئەوە پەسندە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی کشتوکالّ رەئیەکی هەیە, لەسەر تەوحیدەکە لە وەزارەتەکانی دیکە هەمووی وای لێ هاتووە, هیچ ئیشکالێك نییە, بەلأم مولاحەزەیەك لە لیژنەی کشتوکالّ هەیە گرنگە, با گوێمان لێ بێتن.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی چوارەم لە بڕگەی (ج) کە دەڵێت بریکاری وەزارەتەکان: بریکاری وەزارەتی کشتوکالّ و شارەوانی ئەندام بن لە ئەنجومەنی شارەوانی, ئێمە کردوومانە نوێنەری وەزارەتەکان, مەرج نییە بریکاری وەزارەت لەو مەجلیسە ئەندام بێت, نوێنەری وەزارەتەکان لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو, ئەوە مولاحەزەیەکی راستە.

**بەڕێز تحسین قادر علی (وەزیری دەرامەتە ئاویەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو پێشنیازە وا هاتووە, لەبەر ئەوە لە وەزارەتەکاندا راستیەکەی وەکیلی وەزارەت دەتوانێ تەمسیلی وەزارەتەکەی زیاتر بکات, بەڕێوەبەرایەتی گشتی کە مەسئوولی سەنتەرێکە بلێین, کە دێتە وەزارەتێك بۆ بەشداری لەو ئەنجومەنە, وەکیلی وەزارەت هەم دەسەلأتی زیاترە لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان, هەم تەمسیلی وەزارەتەکەی دەکات و ئەم بڕیارانەی لەم ئەنجومەن دەدرێت باشتر دەتوانێت بیباتەوە بۆ وەزارەتەکەی بۆ جێ بەجێ کردن, راستەیەکەی مەبەست لەوەیە, هەروەها لە یاساکانی پەرلەمانی ساڵی 1992ەوە دیسان ئەو ئەنجومەنی ئیستیشاریانە زۆربەی وا دارێژرا بوون, کە وەکیلی وەزارەت ئەندام بوون لە ئەنجومەنی وەزارەتەکان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستە ئێمە لە كاتی خۆی لە هەندێك وەزارەتدا فعلەن وەكیل وەزیرێكمان كردووە بە وەكیل وەزیر لە وەزارەتەكان, بەلاَم لە وەزارەتەكانی ئەخیری ئێستا دەلێن دەرەجەكەی لە مودیر عام كەمتر نەبێت, واتا مودیر عامیش دەبێت, وەكیل وەزیریش دەبێت, ئینجا رەئی كۆتاییش بۆ ئێوەی بەڕێزە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە حەلێكی وەسەتە, نوێنەری وەزارەت مەرجە لە دەرەجەی مودیر عام كەمتر نەبێت, ئەوە دەبێت مودیر عام, موستەشار, وەكیل وەزیریش, وەزیر خۆی وەزارەتەكە تەحدید دەكات, بەلاَم من ئەو پێشنیارەی موستەشارەكان ماددەیەكی بە تەنیایان هەبێت بۆچییە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەتوانین لە هەمان ماددەش بێینە خوارێ چ موشكیلەمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە رێك بخەن موستەشارەكان بمێنن, تەشكیلاتەكەیە با بمێنێت, دەمێنێتن لەسەر ئەوەی ئەو پێشنیارەی لیژنەی كشتوكاڵ, كە بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی زیاد بكرێت, بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی هایدرۆلیجی ئەمە چیە حەز دەكەن شەرحی لەسەر هەبێت.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وامان پێشنیار كرد بوو بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی هایدرۆلۆجی, بەس جەنابی وەزیر پێی چاكە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوی ژێر زەوی بێت, كە ئەمە زیاتر پەیوەندیدارەو, زیاتر موهتەمە بە قەزایەی ئێستای كە بیری ئیرتیوازی زۆر هەیە, بێ بەرنامەیەك هەیە, بەس ئەمە كۆی دەكاتەوە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە, مەبەستەكەی ئێمە ئەوە بوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز تحسین قادر علی (وەزیری دەرامەتە ئاویەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە راستەیەكەی هەر لە داڕشتنی مسوەدەی یاساكەمانە, هەر وامان داڕشت بوو پاش راوێژ كردن لەگەڵ شارەزاكانی وەزارەتی بەغدا كە یەكێك لە تەوجیهە گشتیەكانی ئەنجومەن ئەوە بوو تەشكیلاتەكانمان لەگەڵ تەشكیلاتی بەغدا كۆك بێت تا رادەیەكی زۆر, راستیەكەی لە كاتی ئەوەی دەوائیری رەی لە ساڵی

1918ەوە دروست بووە، ئاوی ژێر زەوی جیاواز بووە، مەجاری جیاوازە کە زیاتر جیۆلۆجیەکان کاری لەسەر دەکەن و، ئەوە موڵك و سامانێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، کە بە هەزاران هەزار ساڵ کۆبۆتەوە، راستیەکەی جیاوازە لەگەڵ پرۆژەکانی ئاودێری، بڵێین کە ئاوی سەر زەوی تەحەکوم پێ دەکات دەیهێنیتە سەر زەوییەکانی کشتوکاڵ و تەحویلی بۆ ئەرازی تری بۆ ئەم بەر و ئەو بەر و ئەوانە، بۆیە راستیەکەی کاتێك لەگەڵ لیژنەی یاساییش دانیشتین ئەو پێشنیارەمان تەقدیم کرد و بەڕێزیشیان تا رادەیەکی زۆر لە لایان پەسند بوو، جا زۆر بە باشی دەزانم کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوی ژێر زەوی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاودێری جیاواز بێت، دوو سەیتەری جیاوازن، دەوائیرەکانیشیان هەمووی جیاوازن، دائیرەکانیان لە موحافەزەکان هەموویان جیاوازن، یەعنی کۆکردنەوەیان لەوێ کارێکە کە پێشتر کراوە بۆچی ئاو وەزارەتی نەبووە؟ لە زیمنی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری مودیریەتێکی عام هەبوو، کە هەموو ئیشەکانی کردووە، بەس ئێستا وەزارەتی هەیە زۆر تەبیعییە، کە دائیرەکانی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خۆیدا کۆ بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیەك هەیە، ئەویش کاك فەرسەت ئیشارەتی پێدا لە مودیریەی عامە (للري والموارد المائية) هەر مەواردی ژێر زەویش ناگرێتەوە.

**بەڕێز تحسين قادر علی (وەزیری دەرامەتە ئاویەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر بێینە سەر ئەوە مودیریەی عامەی رەی و مەواردی مائی، دەتوانین بڵێین سدودیش دەگرێتەوە، یەعنی هەموو سەکتەری ئاو دەگرێتەوە، وەکو عەرزم کردن پێشتر ئێمە مودیریەتێکی عاممان هەبووە، لەبەر ئەوەی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری ئەو مودیریە عامەیە تەمسیلی هەموو سەکتەری ئاوی کردووە، بەلاَم ئێستا کە وەزارەتەکە تەشکیل دەبێت، دەبێت ئیشەکانی خۆی لەسەر ئەساسی تەخەسوس دابەش بکات، ئاوی ژێر زەوی مەجالێکی زۆر جیاوازە، یەعنی شتێك کۆی ناکاتەوە لەگەڵ ئاوی سەر زەوی، کە بڵێت ئەمە (ری و سدودە)، جا راستیەکەی وەزارەتەکەی ئێمە تەشکیل بوونی ئەوەیە کە بایەخ بە مەجالی ئاو بدات، خاوەنداریەتی بۆ مەجالی ئاو دروست بێت، کە ساڵانە لە سەد ملیار موکەعەب ئاومان هەیە لەسەر زەوی، لە ئاوی ژێر زەوی بە ملیارات مەتر موکەعەب ئاومان هەیە، تا ئێستا کۆنترۆل نەکراوە، بوونی ئەو مودیریەتە عامەو کۆکردنەوەی دائیرەکانی بڵێین خۆی مەجالێکی هەبێتن لە ئیهتیمام پێدانی پێوە، بۆ نموونە من بۆ هەر یەکە کردومانە موهیمەی هەر یەکە لەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانە ئەمە هی ئاوی ژێر زەوییە، کە حدودی دوازدە فەقەرەیە، کە ئەوە ئیشەکانی خۆی لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتییەوە دەتوانێت ئیدارە بکات، بەلاَم کە دوو شت کۆدەکەیتەوە، راستیەکەی ئەوە لەگەڵ مەهامی تەشکیلی وەزارەتەکە ناگونجێت، کە ئێستا ئێمە دروستمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەئیدی وجهەت نەزەرەکەی کاك فەرسەت دەکەین, کە مەواردی مائی هەموو سەرچاوەکان دەگرێتەوە, ئەوە یەك.

دوو/ ئێمە بەرەو ئەو ئیتجاهە دەڕۆین کە مەجالی ئەوە نەدەین تەزەخوم هەبێت لە وەزارەتەکان, ئەگەر ئەو مەسەلەیە چارەسەر کرا بێت لە مەواردی مائی کە دەیگرێتەوە, ئێمە بۆچی مودیریەتێکی عامەی تر دروست بکەین, تەنها بۆ جوفیە, ئەگینا دەبێت بۆ سەتحیەش مودیریەتێکی تر دروست بکەین, یەعنی مەوزوعەکە وەکو بڵێین بەر بلاّو دەبێتن, بۆیە بە حەقیقەت ئەو مودیر عامەی کە هاتووە لەسەر ئاستی وەزارەتەکەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی کە دەوڵەمەندن بە ئاوی ژێر زەوی, ئاوی ژێر زەوی ئەو ئاوەیە کە خۆت موسەیتەری بەسەریدا, ئاوی سەر زەوی خازیعە بۆ مەعاییری دەولی, یەعنی لە هەر شوێنێك ئاوی سەر زەوی هەبوو مەعاییرێکی نێوەدەوڵەتی هەیە ناهێڵێت تۆ هەمووی بەکار بێنیت, دەڕوات بۆ خەڵکی تریش, ئێمە لە کوردستان یەکێکین لەو ناوچانەی کە بە ئاوی ژێر زەوی دەوڵەمەندین, ئەم ئاوە هیچ خازیع نییە بۆ مەعاییری دوەلی, بەلاّم وەکو وەزیر گوتی ئێمە نەمانتوانی بەکاری بێنین, نەمانتوانی ئیستیفادەی لێ بکەین, کە دەوڵەمەنترین سەرچاوەیە بۆ ئاویش, بەلاّم ئێمە وەکو پێویست ئیستیفادەمان لێ نەکرد, بەلاّم گرنگی دانی لەم مەرحەلەیە ئێمە دەتوانین گەشەی پێ بدەین, ئەگەر مودیریەتێك نەبێت هەروا دەڕوات, ناتوانین وەکو پێویست سەیری بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لە ئەهدافەکانی وەزارەت باس لە (میاهی سەتحی و جوّفی) دەکات, بە وازیحی هێناویەتی, وەکو کاك محەمەدیش باسی لەسەر کرد و جەنابی وەزیریش تەئکیدی لەسەر کرد, زۆر ئاشکرایە کە ئاو لە کوردستاندا دەبێتە کێشەیەکی سەرەکی, چونکە ئێمە مەصادیری ئاومان زۆر کەمە, تەنیا ئەو ئاوەی کە لە ژێر زەوی کۆبۆتەوە, وەکو وەزیر شەرحی لەسەر کرد, کە بە چەندها ملیار مەتر موکەعب ئاو کۆبۆتەوە لە ژێر زەویداو, حەقێکی تەبیعی خۆمانەو, ئێستاش خەڵك زۆر ئاوی ژێر زەوی بەکار دەهێنێت زۆر سابیتە

له هەموو شارەكانی كوردستان خەڵك خەریكی هەڵكەندنی بیری ئیرتیوازیین, ئەمە پێویستی بە بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی هەیە كە سەرپەرشتی ئەو ئاوانە بكات, كە چۆن بەكار دەهێنرێت بەگوێرەی هەندێ تەعلیمات و زەوابت, كە وەزارەت بۆی تەحدید بكات, لەبەر ئەوەی دانانی بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی بۆ میاهی جۆفی من بە شتێكی زەرووری دەزانم, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

له هۆكاری دانانی ئەم یاسایە هاتووە, دەڵێت لەبەر دەوڵەمەندی هەرێمی كوردستان لەبەر سەرچاوەكانی ئاو ئەم یاسایە دانراوە, كە ئاویش ڕۆڵێكی گرنگ دەبینێت لە تەنمیەی وڵاتدا, بەڕاستی سەرچاوەكانی ئاو لە هەرێمی كوردستاندا ئاوی سەتحی مەبەستەمە لە (50٪)ی لە دەرەوەی هەرێمی كوردستانە, دەكرێت ئەمە لە ئایندەدا وەك فشارێك بۆ هەرێمی كوردستان بەكار بهێنرێت, ئەوەی كە هەمانە بەگوێرەی ڕاپۆرتە زانستیەكان لە بواری جیۆلۆجی, من بۆ خۆم جیۆلۆجیم خەزین و ئیحتیاتاتێكی زۆر گەورەی ئاوی ژێر زەویمان هەیە, كە تا ئێستا بەداخەوە بەهۆی نەبوونی تەكنەلۆجیاوە دەستی لێ نەدراوە, بۆیە من پێشنیاری لیژنەی كشتوكاڵ و جەنابی وەزیریش بۆ كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوی ژێر زەمینەوە زۆر بە پەسند دەزانم, دەتوانیت لە ئایندەدا لەو هەرەشەو مەترسیانەی كە دەكرێت لەبواری ئاوەوە بخرێتە سەر هەرێمی كوردستان بە دوورمان بگرێت و, لە دەستووری فیدراڵیشدا هاتووە تەحدید كردن و تەنزیم كردنی تەدەفوقی ئاو لە دەرەوە بۆ ناو هەرێمی كوردستان بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی دەكرێت, یاساكانی هەرێم ناتوانن ئەو ڕۆڵەی خۆیان لەوە ببینن, بۆیە من پشتیوانی لە دانانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوی جۆفی دەكەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە ئەوانەی قسە دەكەن, ئێستا ناوەكان تەحدید بووە, ناوەكانم نووسیووە, پێشنیارەكە كراوە قسەكان دووبارە نەبێتەوە, كاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە تەشكیلەی وەزارەت یەك نوقسانی هەیە, لە هەر موحافەزەیەك دەبێت یەك مودیریەی عامە هەبێت لە زمنی تەشكیلەی وەزارەت, لێرە دەبێت تەسبیت بكرێت, تەمسیلی وەزارەت دەكات لەو پارێزگایانە, لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك تاریق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی قسەیەكمان كرد, ئەو پێشنیازەی كە كردمان لەناو قاعەی پەرلەمان, ئەو پێشنیازەی پێشكەش كردەوە, ئێمە تەئیدی بكەین, بەڵام نازانم لێرە بۆ ئەو شتە نەكرا, ئەوە یەك.

دووەم/ ئاوی ژێر زەوی لە كوردستان بەشێوەیەكی زۆر بەربەرەڵلاّ دەكرێت, زۆر بیر لێ دەدرێت, ئەو شتەی كە لە دەرەوە دەكرێت ترۆمپایەك دانراوە, ئەو ئاوە سەرف دەكرێت قیاسی لەسەرە, دەبێت زیاتر سەرف نەكرێت, لە كوردستانیش دەبێت ئەوە هەبێت, بۆ ئەوەی چەندی پێویستە ئەوەندە, ئاوەكە دەڕوات و هەر ئەوها, من پێشنیار دەكەم ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییە زۆر پێویستە هەبێت و جێ خۆی بكاتەوە لەو یاسایە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ پشتگیری ئەو رەئیە من پێشنیار دەكەم خاڵی شەشەم بكرێتە (المديرية العامة للري والمياه السطحية) (والموارد المائية) لابرێت, چونكە پەیوەندی بە میاهی سەتحی هەیە, ئەو مودیریەش زیاد بكرێت, كە (المديرية العامة للمياه الجوفية), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئێمە دەزانین ئاوی سەر رووی زەمین ئەم ساڵ كەمەو ساڵێكی تر زۆرە, ئیتر بەهۆی باران, یان بەهۆی گرتنەوەی, یان بەهۆی بەردانەوەی بەنداوە, بەڵام ئاوی ژێر زەوی بە ئاسانی كۆ نابێتەوە, بە ئاسانیش جارێكی تر ئەگەر ئاوی ژێر زەوی بەتاڵ بوو خەزانەكانی پڕ نابێتەوە, لەبەر ئەوە ئێمە پێمان وایە ئاوی ژێر زەوی موڵكی نەوەكانی داهاتووە, موڵكی ئێستا نییە, یەعنی بۆ نەوەكانی داهاتووش پێویستە پارێزگاری لێ بكەین, تایبەتمەند كردنی ئەو مەسەلەیەو گرنگی دانی ئەو مەسەلەیە, بە كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی زۆر بە پێویستی دەزانین, كە جۆری گرنگی بایەخ پێدان, جۆری دیراسەت كردن و, جۆری هەوڵدان بۆ پاراستنی و هەوڵ دان بۆ باشتر بەكارهێنانی دەكەوێتە ئەستۆی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییە, بۆیە بە پەسندی دەزانین كە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە هەبێت بۆ زیاتر بایەخدان بە ئاوی ژێر زەوی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستی وەكو بەڕێزان ئیشارەیان پێ كرد, ئاوی ژێر زەمین زۆر زۆر گرنگە, یەعنی بەكارهێنانی زۆریشی تەئسیر لە كشتوكاڵ دەكات, چونكە كەم دەكات, كە كەمیش بوو مستەوای دەچێتە خوارەوەو جەفاف پەیدا دەبێت, بۆیە من بە گرنگی دەزانم كە مودیریەتێكی عامی بۆ دابنرێت, بەڵام خاڵی شەش چاك بكرێت (المديرية العامة للري والموارد المائية), ئەمە وا بكرێت كە تێكەڵاوی پەیدا نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا تەقریبەن رەئیەكی عام هەیە, دەیخەینە دەنگدانەوە دوایی, پێم وایە وەكو حەلێكی موناسیب لیژنەی قانونی رەئی بدات, هەم جەنابی وەزیر, ئەگەر خاڵی شەشەم (المديرية العامة للري والموارد المائية), هەر بكرێتە (المديرية العامة للري) یان (والمياه السطحية).

**بەڕێز تحسين قادر علی (وەزیری دەرامەتە ئاویەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەكرێت ئەو مودیریە عامە (المديرية العامة للري والمياه السطحية), دەكرێت بەو ناونیشانە بێت, یاخود (المديرية العامة للري) دیسان هەدەفەكە دەپێكێت, بەڵام میاهی سەتحی لەگەڵ بێت شاملترە بڵێین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی ئەگەر موافیقە لەسەر ئەوە, بۆ ئەوەی ئیشكالمان نامێنێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(المديرية العامة للري) هەمووی دەگرێتەوە.

**بەڕێز تحسين قادر علی (وەزیری دەرامەتە ئاویەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بەغداش دیسان هەر بەناوی (الري) هاتووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو فەقەرەیە چەند بگۆڕن نازانم, بەڵام ئەو (المياه الجوفية) مودیریەی زۆر پێویستە, لەبەر ئەوەی مەسدەرێكی زۆر گرنگە, ئەگەر لیژنەی یاسایی پێی باش بێتن.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز جەنابی وەزیر فەرمووی (المديرية العامة للري) ئەوە سەتحی و جۆفیش دەگرێتەوە, ماناشی ئەوە نییە, ئەگەر مودیریەتێكی عام بە ناوی سەتحی بوو میاهی جۆفی بە فیرۆ دەڕوات, ئەوە یەك.

دوو/ حەق وا بوو ئەو مەوزوعە لە ئەنجومەنی وەزیران، کە مودیریەتێکی عامە دادەنرێت یەکلا کرابوایەوە، ئێستا ئێمە خۆمان دەڵێین لەسەر ئاستی مودیریاتی عامە فەما دون، دەبێت لە دەسەڵاتی وەزیر بێت، بەڵام ئەگەر مودیر عامێك ئیزافە بکرێت، دەبێت پرۆژەیەکمان بۆ بێت، ئەو پرۆژەیەی کە هاتووە تەحدیدی ئەو مودیرییە عامانەی کردووە بە حەقیقەت، ئیزافە کردنی مودیرییە عامەیەك بە قەناعەتی ئێوە تەزەخومە، بەڵام ئەگەر بکرێتە (المديرية العامة للري)، بە قەناعەتی ئێمە سەتحی و جۆفی دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەوەی من لە مەبەستی جەنابی وەزیر تێگەیشتم بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاودێری مەبەستی ئاوی سەر زەوییە، مەبەستی ئەوە نییە دەمج بکرێت، ئەو مەبەستی ئەوەیە ئاوی ژێر زەمینیش بمێنێت، ئەوە یەك.

دووەم/ ڕەئی ئێمەش وەکو لیژنەی کشتوکاڵ بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، ئێمەش پسپۆڕیمان هەیە کە پێشنیارمان کردووە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پێشنیار و قسە تەواو، ئێستا ئەو پێشنیارەی لیژنەی کشتوکاڵ کە دەڵێت بەڕێوەبەرایەتیەکی تازە هەبێت (المديرية العامة للمياه الجوفية)، لە لایەن جەنابی وەزیرەوە پشتگیری لێ کرا، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەو مودیریەتە تازەیە زیاد بکرێت وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:

وەزیر بۆی هەیە لەگەڵ کەسانی تەبیعی و مەعنەوی لە خاوەن ئەزموون و پسپۆڕی ناو هەرێم، یان دەرەوەی هەرێمدا ڕێك بکەوێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکو فرمانێ کە پێیاندەسپێردرێ لە ماوەیەکدا کە وەزیر خۆی بە گونجاوی بزانێ دوای وەرگرتنی موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران، ماف و ئەرکیشیان لە لایەن وەزیرەوە دیار دەکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکە خرایە دەنگدانەوە, بەڵام ماددەکە هەمووی نەخرا دەنگدانەوە, پێم وابێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە مولاحەزەیەکی چاکە, من بە کاک فەرسەتم گوت مەسەلەی مەجلیسە ئیستیشارەکە حەسم نەبووە, کە پێشنیاری لیژنەی قانونییە کە مەجلیسی ئیستیشاری ماددەیەکی تایبەت بێت, بەڵام ئێمە پێمان وایە پێویست بە ماددەی تایبەت ناکات, ئەگەر لیژنەی قانونی سەحبی ئەوەی بکات, ئەو موقتەرەحەی خۆی کە ماددەیەکی تایبەت بێت, دەتوانین ماددەکە هەمووی بخەینە دەنگدانەوە, فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مانعیمان نییە ئەو پێشنیارەی خۆمان سەحب بکەینەوەو ببێتە یەك ماددە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئێستا ماددەکە بە هەموو گۆڕانکاریەکانیەوە و بەو خاڵەی کە ئیزافە کرا, بەوەی کە مەجلیسی ئیستیشاری هەر لە زمنی ماددەکە دەمێنێت و دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:

وەزیر بۆی هەیە لەگەڵ کەسانی تەبیعی و مەعنەوی لە خاوەن ئەزموون و پسپۆری ناو هەرێم, یان دەرەوەی هەرێمدا ڕێك بکەوێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکو فرمانێ کە پێیاندەسپێردرێ لە ماوەیەکدا کە وەزیر خۆی بە گونجاوی بزانێ دوای وەرگرتنی موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران, ماف و ئەرکیشیان لە لایەن وەزیرەوە دیار دەکرێن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددە شەشەمەکە بە عەرەبی دەخوێنینەوە, بۆ ئەوەی وازیح بێت, لەبەر ئەوەی ئەوە نییە, کە ئەوەی برای بەڕێزم کاك دلێر خوێندیەوە.

ماددە شەش لە ئەسڵی مەشروعەکە دەڵێت: (للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل الاقليم او خارجة للقيام بالمهام التي توكل اليهم ولمدة التي يراها مناسبة بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء وتحدد حقوقهم و واجباتهم من قبل الوزير). ئێمە تەئیدی ئەو ماددەیە دەکەین هیچ مولاحەزەمان نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وا دیارە کەس ئیعتیرازی نییە, دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دیارە ئەوەی خوێندمانەوە لەگەڵ عەرەبیەکە فەرقی هەیە لە ماددەکاندا, بۆیە وای لێهاتووە, ئێستا دیسان ماددەی شەشەم دەکات:

وەزیر بۆی هەیە کاتێ پێویست بکات بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی نوێ بکاتەوە, یان یەکیان بخات, یان ئیلغایان بکات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی.

فيما يتعلق بالمادة السابعة من المشروع تقترح اللجنة دمجها مع المادتين التاسعة والعاشرة وصياغتها كالاتي:

تحت رقم المادة السادسة:

اولاً: تحدد تشكيلات ومهام الوزارة بنظام.

ثانياً: للوزير: استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقاً لمتطلبات عملها عند الاقتضاء.

ثالثاً: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پێشنیارە وەکو وەزارەتەکانی ترە, ئەگەر کەس مانعی نەبێتن, دەیخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز تحسین قادر علی (وەزیری دەرامەتە ئاویەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر باشە کۆکرنەوەیەتی لە یەك ماددە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

تحل الوزارة محل وزارة الزراعة والري اينما وردت في القوانين والانظمة النافذة والتي تخص الموارد المائية.

لا توجد لدى اللجنة القانونية اية ملاحظات عليها غير ان رقمها تتغير وتصبح برقم المادة السابعة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة:

على وزراء الاقليم تنفيذ هذا القانون.

تقترح اللجنة القانونية صياغة المادة كالاتي:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش وەکو هەموو وەزارەتەکانی تر کلێشەیەکە لە هەموو وەزارەتەکان نووسراوە, موناقەشەش کراوە, دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەکەی تر تکایە.

فەرموو کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو یاساکاندا هاتووە, تەبعەن لە دوای ماددەی یازدە پێویستە بڵێین ماددەی دوازدە (لا یعمل باي نص یتعارض مع احکام هذا القانون), ئینجا ماددەی دوازدە ببێتە ماددەی سێزدە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کاك زرار عەجەلەی کرد, چونکە ئێمە لە راپۆرتەکەمان ئیشارەتمان بەوە داوە.

تقترح اللجنة القانونية اضافة مادة مستقلة الى القانون وكالاتي:

(لا يعمل باي نص قانوني يتعارض واحكام هذا القانون).

كذلك تقترح اللجنة القانونية صياغة (المادة الثانية عشرة) من المشروع وتحت رقم المادة (العاشرة) كالاتي:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پێشنیارە ئەویش لە هەموو وەزارەتەکاندا هاتووە, ئیزافە دەکرێتن, کاکە ماددەکە تازەکە بخوێنەوە, بۆ ئەوەی بخەمە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لا يعمل باي نص قانوني يتعارض واحكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەکەی تر تکایە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

**دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ئەسبابی موجیبە بخوێنەوە.**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆی دانانی ئەم یاسایە**

**لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق, هەرێمێکی دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئاوو, ئاویش بۆ زۆربەی بوارەکانی ژیان گرنگەو لە فراژوو کردن (تنمية) ئابووری و رێکخستنی پێوەندییەکان و سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و مەحەللی و گۆڕانکاریی رووداوەکانی ناو ولأتدا, رۆڵێکی گەورەی هەیە و بۆ ئامانجی فراژوو کردن و بەرەو چاکتر گۆڕینی (تطوير) سامان و دەرامەتی ئاوو, بەکارخستنی پڕ بە پێست (الاستخدام الامثل)ی سامانی ئاودا, پێویستی بەوەکرد وەزارەتێکی سەربەخۆ و پسپۆڕ بۆ کاروباری دەرامەتی ئاو دابمەزرێ, لەبەر ئەوانە ئەم یاسایە دانرا.**

**رای لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکمان نییە لەسەر هۆکاری دانانی ئەم یاسایە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڵێ.**

**بەڕێز پخشان عبدالله زنگنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێم وایە (اقليماً غنياً بالموارد المائية) زیادە, ئەگەر غەنیش نەبین, پێویستمان بە وەزارەتی مەواردی مائی هەیە, لەبەر ئەوە پێم وایە یەکسەر (لاهمية المياه) لەوێوە دەست پێ بکەن, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەکی بەجێیە, با خۆمان بە دەوڵەمەند نیشان نەدەین, بۆ ئەوەی بتوانین شەڕ بکەین کەس ئاومان لێ نەبڕێتن ( لاهمیة المیاه في اقلیم کوردستان العراق), ئەوە صیاغەکەی بکاتن, یەعنی پێشنیارەکە ئەوەیە نیوەی سەتری یەکەم لابدرێتن هەر لە ئەهمیەتەکەوە دەست پێ بکاتن و صیاغەشی بکاتن, کاك وەزیر.

**بەڕێز تحسین قادر علی (وەزیری دەرامەتە ئاویەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر بڵێین دەوڵەمەندین, یان دەوڵەمەند نین, بەڕاستی دوژمنەکانمان زیاتر دەزانن کە ئێمە دەوڵەمەندین, چونکە راستە رووپێوی ئاو بە تەواوی لە کوردستان نەکراوە, بەلآم ئێستا لە حدودی سەد ملیار مەتر موکەعب پەنجای لە دەرەوە دێت, بێجگە لە ئاوی ژێر زەوی ئەوەندەمان هەیە, ئەوەی کە بەکار دێت, ئەوەی کە کۆنترۆل کراوە تەنیا لە (10٪)ی ئاوی سەر زەوییە, یەعنی دە ملیار مەتر موکەعب لە رێگە ئەو دوو بەنداوەوە کۆنترۆل کراوە, لە (90٪)ی بە خۆڕایی دەڕوات و, راستیەکەی وتنی ئەوەی بڵێین کوردستان ولآتێکی دەوڵەمەندە بە ئاو, بۆ بیر هێنانەوەی ئەوەیە کە هێشتا ئیستغلال نەکراوە بەبێ سوود دەڕوات, راستیەکەی بۆ زیاتر هاندانی هەموو لایەکە, بۆ ئەوەی ئیستیفادە لەو دەوڵەمەندیەمان بکەین, کە خۆتان دەزانن لە داهاتوودا نەوت بایەخی لە ئاو زیاتر نابێت, ئاو رەنگە زیاتر بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وەزیر دەیەوێت بمێنێت با بمێنێت موشکیلەمان نییە, وەکو خۆی بمێنێتن, ئەسبابی موجیبە دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, هەموو قانونەکە دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, زۆر سوپاس, پیرۆزە, جارێ کاك تەحسین وەزیری دەرامەت و سەرچاوەی ئاو قسەی ماوە قسە دەکاتن, بەلآم پێش ئەوەی قسەی بکات رۆژی دوو شەممە سەعات (10)ی بەیانی کۆبوونەوەیە بۆ ئەو ناوانەی لە رۆژنامە بلآو کراوەتەوە لەسەر داواکاری (56) ئەندام, کە داوایان کردووە موناقەشە بکرێتن, پاشان خوێندنەوەی پرۆژەو ئەوانە و موناقەشەی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی, فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر موناقەشە دەکرێت, باشە موناقەشەی هەموو فایلەکان بکرێت, با بزانین مەوزوعەکە چۆنە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم/ (56) ئەندامی پەرلەمان ئیمزایان کردووەو تەحلیلشیان کردووە, ئۆتۆماتیکیەن کە لە نیوەی زیاتر بوو, دەبێت بخرێتە بەرنامەو دەنگدان, ئەگەر کەمتر بوو دەستەی سەرۆکایەتی بڕیاری لێ دەداتن, بۆیە

رۆژی دانیشتن مانای ئەوە نییە, موناقەشەیەکە دەکرێتن, هەر کەسێکیش ئازادە بە دەنگدان, بەس کە پرۆژەکە تەقدیم کرا بەو هەموو ناوانە, ناوەکانیش دەخوێندرێتەوە, لەبەر ئەوەی دەخرێتە بەر موناقەشە و موناقەشەی دەکەین, هەر ئەوەندە, ئەو وەختی بیر و را جیاوازە, حەز دەکەن قەرار دەدەین کە نهێنی بێتن, بە رەئی خۆتانە, فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز تحسین قادر علی (وەزیری دەرامەتە ئاویەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر سوپاسی جەنابی بەڕێزت و هەموو خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم, بەتایبەتی سوپاسی لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ دەکەم, کە ئەرکیان لەگەڵدا کێشا بۆ باش کردنی یاساکە, من داوا دەکەم کە لەمەودوا ئەو وەزارەتەی ئێمە لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی و رەخنەی لیژنە پەیوەندارەکانی ئەم پەرلەمانە بێت, زۆر ئیعتیزاز دەکەم بە یەکە یەکە ئەندامانی پەرلەمان و ئومێد دەکەم لە ئاستی ئەو ئەرکە دابین کە راسپاردراوین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش پیرۆزباییت لێ دەکەین, ئومێدەوارین سەرکەوتوو بیت لە ئیشوکارەکانتدا, وەزارەتێکی گرنگە دەرهێنانی ئەم یاسایە دەبێتە هۆی ئەوەی تەنزیم بکرێت و باشتر بکرێت و, مەجبور نابین بانگت بکەین بۆ لێ پرسینەوەو شتی وا ئینشائەڵلا, بەخێر بێت سەرچاوان, کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەینین, تا رۆژی دوو شەممە سەعات دە.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 9\10\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (12)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2006/10/9

كاتـژمێر (10)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی دوو شـەممە ڕێكـەوتی 2006/10/9 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق بـە سـەرۆكایەتی بـەڕێز عـدنان رشـاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێزمحمـد قـادر عبـدالله(د.كمـال كـەركووكی) جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژماره (12)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (12)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی دووەمی خـولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1-گفتوگۆكردن دەربارەی ئەو ناوانەی كە لە رۆژنامەكاندا بە تۆمەتی هاوكاری كردنی رژێمی لەناوچـوو بـلاَو بۆتەوە.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی بازرگانی.

3-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پیشەسازی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2006/10/9دا بەم شێوەیە بێت:

1-گفتوگۆكردن دەربارەی ئەو ناوانەی كە لە رۆژنامەكاندا بە تۆمەتی هاوكاری كردنی رژێمی لەناوچـوو بـلاَو بۆتەوە.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی بازرگانی.

3-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پیشەسازی.

بەڕێزان كۆبوونەوەكە بە نهێنی دەبێت تكا لە راگەیاندنەكان دەكەم بچنە دەرەوە, سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **عدنان رشاد مفتی** | **محمد قادر عبدالله(كمال كركوكی)** | **فرست احمد عبدالله** |
| **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان - عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13)**

**چوار شەممە رێکەوتی 11\10\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (13)
## چوار شەممە رێكەوتی 2006/10/11

كاتژمێر (10)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2006/10/11 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی دووەم، ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (13)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی بازرگانی.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پیشەسازی.

**دانیشتنی یەكەم:**

**بەڕێز محمد قادر عبداللە (د.كمال كركوكی):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2006/10/11دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی بازرگانی.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پیشەسازی.

لێرە بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەین، وەزیری بازرگانی و وەزیری پیشەسازی دەكەین، بەخێرهاتنی كاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەین. فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبداللە قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە دانیشتنەكەی پێرێ كە داخراو بوو، بڕیار وا بوو ئەو خاڵانەی لە كۆبوونەوەكە باس بكرێن، نەچێتە دەرەوە، كەچی ئەمڕۆ رۆژنامەی ئاوێنە هەمووی بلاَو كردۆتەوە، ئەوە ئەركی سەرۆكایەتی نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

ئێستا داوا لە لیژنەی قانونی دەکەین بێن بۆ شوێنی خۆیان دانیشن, داوا لە لیژنەی داراییش دەکەین بێت لە شوێنی خۆی دانیشێت, داوا لە سەرۆکی لیژنەی دارایی دەکەین راپۆرتەکەیان بە زمانی کوردی بخوێنێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا راپۆرتی لیژنەی یاسا و دارایی دەخوێندرێتەوە, سەرەتا دەست بە راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەکەین, برای بەڕێزم کاك کەریم دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسا دەربارەی وەزارەتی بازرگانی هەرێم**

دوای خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی بازرگانیی هەرێمی کوردستان عێراق لە رۆژی (2006/7/10)دا, لە پەرلەمان کە هەواڵەی لیژنەکەمان کرا, لیژنە دیراسەی پرۆژەکەی کرد و, لەگەڵ وەزیری پۆست پێ سپێردراوی ئەم وەزارەتە نوێیەدا, کۆبووەوە, پاش گفتوگۆ و را گۆڕینەوە, وا لیژنە راپۆرت و راسپاردەو پێشنیازەکانی خۆی لە بارەی پرۆژکەوە بە کۆی را وەکو ئەمانەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

یەکەم: لیژنەی یاسا تەئیدی پرۆژەی یاساکە دەکات, چونکە وەزارەتەکە تازە لە هەرێمدا دانراوەو پێشنیازیش دەکات دیباجەیەکی بۆ دابڕێژرێ, ماددەکانی تەبویب بکرێ و بڕگەکانی رێك بخرێن و هەندێ هەموار و گۆڕینیش لە رشتەی هەندێ لە بەندەکانیدا بکرێن, کە پاشتر لە راپۆرتەکەدا بەرچاو دەکەون.

دووەم: لیژنە پێشنیاز دەکات, دارشتنی دیباجەی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (56)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراوو, لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق, ئەنجومەن نیشتمانیی کوردستان – عێراق, لە دانیشتنی ژمارە( )ی ر رۆژی( / /2006)یدا بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

**یاسای ژمارە ()ی ساڵی 2006**

**یاسای وەزارەتی بازرگانیی هەرێمی کوردستان – عێراق**

سێیەم: دەربارەی ماددەی یەکەم لە ئەسڵی پرۆژەکە, پێشنیاز و راسپاردەی لیژنە ئەمانەی خوارەوەن:

1-دووبارە دارشتنەوەی دێری یەکەمی ماددەکە, تا لەگەڵ رشتەی پێرۆ کراوی پێناسەکاندا, کە لە یاساکانی پەرلەماندا هاتوون, بگونجێ.

2- زنجیرە رەنووسەکانی (التسلسلات الرقمية) برگەکانی ماددەکە بە نووسین بنووسرێن.

چوارەم: هەرچی ماددەی دووەمی پرۆژەکەیە, ئەوە لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

پێنجەم: هەرچی ماددەی سێیەمی پرۆژەکەیە, ئەوە زۆرینەی ئەندامانی لیژنە لەگەڵ ماددەکەن. وەلێ وەزیر پێشنیازی کرد برگەیەکی دیکەی بەم رشتەیەی بۆ زیاد بکرێ (دنەدانی کۆمپانیاکانی کەرتی بانکایەتی (المصرفي) و کۆمپانیاکانی بیمە کردن (التأمين)و, دووبارە هێنانەوەی بیمەی (محەللی و بیانی)و چالاکیەکانیان, بە جۆرێ کە هاوبەشبوونی کارا لە براڤ و بەرەو چاکتر گۆرینی بزاڤی ئابووریی هەرێمدا زامن بکات) لیژنەی یاسایش تەئیدی ئەو پێشنیازە دەکات و رای کۆتاییش رای پەرلەمانە, کەمینەیەکی ئەندامانی لیژنەکەشمان برگەیەکی پێشنیاز کرد لە بارەی ئاوەردەی (استيراد) هەندەران بۆ هەرێم, ئەوەشمان بۆ پەرلەمان بەجێ هێشتووە.

شەشەم: لەبارەی ماددەی چوارەمی پرۆژەکەیەوە, ئەوە لیژنە ئەمانەی خوارەوە پێشنیاز دەکات:

1-دووبارە دارشتنەوەی برگەی (یەکەم)ی ماددەکە, بەم شێوەیەی خوارەوە:

(وەزیر: سەرۆکی باڵاو بەرپرسی ئیش و کار و ئاراستە کردنی سیاسەت و سەرپەرشتی و ریقابە کردنی وەزارەتەکەیە, هەموو بریار و فرمان و رێنماییگەلێکیش پێوەندییان بە ئەرکو فرمان و پێکهاتەو سەلاحییات و کاروباری دیکەی هونەری و دارایی و ئیداری و رێکخستنی وەزارەتەکەوە هەیە, بەپێی حوکمەکانی یاسا, لە وەزیرەوە دەردەچێ, وەزیر لە بەردەمی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا بەرپرس دەبێ, چونکە خۆشی ئەندامێکی هاوکاری ئەنجومەنی وەزیرانە).

2- رستەی (مەرجیشە بروانامەی زانکۆی هەبێ) لە برگەی (دووەم) لابرێ, چونکە ئەوە بە دەقێکی یاسایی چارەسەر کراوە.

3- رستەی (بە پلەی بەرێوەبەر) یەکسەر دوای وشەی (فرمانبەر) لە هەردوو برگەی (سێیەم, چوارەم)دا زیاد بکرێت.

4- برگەی (شەشەم) بەم شێوەیە دابرێژرێ: (بەرێوبەرایەتی گشتی کاروباری ئیداری و دارایی). دانەی بەرێوەبەرایەتیەکانیشی لە برگەکە لا بدرێن.

حەوتەم: هەرچی ماددەی پێنجەمی پرۆژەکەیە, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات لا ببرێ, چونکە خۆی لە خۆیدا تەواو بووە, سەلاحییاتی وەزیرە, بەپێی یاسا, ئامانجەکانی وەزارەتەکە بێنێتەدی.

هەشتەم: هەرچی ماددەی (شەشەم و حەوتەمە), ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات بکرێن بە دوو برگە لە یەك ماددەداو, برگەیەکی تریشی بۆ زیاد بکرێ, بەم شێوەیەی خوارەوە دابرێژرێ:

یەکەم: ئەرکو فرمان و ئیشە تایبەتەکانی پێکهاتەی وەزارەتەکە بەپێرۆ دیار دەکرێن.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش, یان هۆبە, لە پێکهاتەی وەزارەتەکەدا بەپێی پێداویستی ئیش و کار بکاتەوە, یان یەکیان بخات, یان ئیلغایان بکات.

نۆیەم: هەرچی ماددەی هەشتەمە, ئەوە لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

دەیەم: هەرچی ماددەی نۆیەمە, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

(پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکانیش حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن).

یازدە: هەرچی ماددەی دەیەمی پرۆژەکەیە, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

(ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنیەوە کاری پێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە.

دوازدە: لیژنە پێشنیاز دەکات (هۆکارەکانی دانانی) پرۆژەی یاساکە, بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

**هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەوەی کە وەزارەتی بازرگانی تازە لە هەرێمی کوردستاندا دانراوەو بۆ ئەوەش کە بەپێی رەوشی یاسایی هەرێمی کوردستان, پێکهاتەو ئامانج و ئەرکو فرمانی ئەم وەزارەتە دیار بکرێن و بزاڤ و چالاکیی بازرگانیش لە هەموو مستەوایەکدا رێك بخرێن, بە جۆرێ کە فراژو کردنی (تنمیة)ئابووری لە هەرێمدا وەدەست بێنێ, وا بەزەروور زانرا کە یاسایەکی تایبەتی بۆ دابنرێ, ج بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە, ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی و ئابووری کۆبوونەوەی خۆی سازدا, سەبارەت بە پرۆژەی یاسای وەزارەتی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان, کۆمەڵە تێبینیەکی هەیە سەبارەت بە یاساکە.

سەرەتا لە رووی زمانەوانییەوە پێداچوونەوەیەکی دەوێت لە ناحیەی کوردیەکەی, عەرەبیەکەشی بە هەمان شێوە, هەندێك هەڵەی تێدایە, ئەوە بەجێ دەهێلین بۆ خەڵکی شارەزا و پسپۆڕ لەو بوارانە, بەلاّم هەندێ تێبینی تایبەتیمان هەبوو.

یەکەم: بەپێی ئەوەی وەزارەتی بازرگانی یەکێکە لەو وەزارەتە نوێیانەی کە تازە دامەزراوە, بۆیە پرۆژەی یاساکەی بەلامانەوە چاکە سەرەتا دیباجەیەکی هەبێت, بۆ ئەوەش پێویستە دیباجەیەکی بۆ زیاد بکرێت بەلامانەوە شتێکی چاکترە, لیژنەکەمان هیچ تێبینیەکی لەسەر ماددەکانی یەك و دوو نەبوو.

سەبارەت بە ماددەی سێیەم لیژنەکەمان پێی باشە:

أ- سەبارەت بە خاڵی هەشتەم, لە کۆتاییدا نووسراوە بەپێی یاسا بەرکارەکان, لەبەر ئەوەی وەزارەتی بازرگانی پەیوەندی هەیە زیاتر بە دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان, بۆیە هەندێ جار بەندەکانی دەستووری عێراقی فیدراڵی دەکەوێتە ئاراوە, بۆیە چاکترە بکرێت بە دەستوور و یاسا بەرکارەکان, بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە قابیلی تەئویلی نەبێت.

سەبارەت بە خاڵی دەیەم لە ماددەی سێیەمدا, لە کۆتاییدا ئێمە پێمان باشە ئەم دەستەواژەی بۆ زیاد بکرێت ( لەگەڵ دەستەبەر کردنی پابەند بوونیان بە یاسا بەرکارەکان, یەعنی بە عەرەبی دەبێت (وضمان التزامهم بالقوانين المرعية).

سەبارەت بە خاڵی یازدە لە کۆتاییدا ئەوەی بۆ زیاد بکرێت (گەشە کردنی ئایندەی مسۆگەر بکات), خاڵی یازدە دەڵێ (ئاراستەکردنی سیاسەتی بازرگانی بەرەو کاراکردنی چالاکیە بەرهەمهێنەکان (الانشطة الإنتاجية) تا ناردەنیش (التصدير) بە جۆرێك هان بدرێ کە لەگەڵ بارودۆخی گونجاوی خۆیدا بگونجێت), مەرج نییە تەنها لەگەڵ بارودۆخی گونجاودا خۆی بگونجێنێت, لە راستیدا دەبێت لەگەڵ گەشە کردنی ئایندەشدا خۆی بگونجێنێت و مسۆگەری بکات.

سەبارەت بە خاڵی دوازدە لە کۆتاییدا وشەی هەرێمەکان زیاد بکرێتن و ببێت بە بەشدار بوون لە پێشانگاکانی نێودەوڵەتی و هەرێمەکاندا ئامادە دەبێت.

پێمان چاکە خاڵێکی تر زیاد بکرێت و ژمارەی (13)ی بدرێتێ, بەم شێوەیەی خوارەوە:

13- کار کردن لە پێناوی پارێزگار کردن لە بەکاربەر (المستهلك), بەهۆی رێکخستنی نرخ و هاتوچۆی شتومەك و خزمەتگوزاریەکان و چاودێری کۆنترۆل کردنی جۆر (السيطرة النوعية), دیارە یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی وەزارەتی بازرگانی پارێزگاری کردنە لە خەڵکی موستەهلیك, بۆیە دەبێت لە رێگەی رێکخستن و کۆنترۆل کردنی هاتوچۆی شتومەکەوە بۆ پارێزگاری کردن لە بەرهەمهێنی ناوخۆ خەڵکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و, پارێزگاری کردن لەو جۆرە نەوعیەتە شتومەکانەی کە دەهێننە هەرێمی کوردستانەوە, بەداخەوە کە ئێستا کەلوپەلێکی زۆری ئێکس پایەر لە بازاڕەکانی کوردستاندا ساغ دەکرێتەوە بە خەڵکی کوردستان, بۆ ئەو مەسەلانە بەڕاستی پێویستە ئەو خاڵە ئیزافە بکرێت و پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانی خەڵك بکرێت.

جگە لەوە خاڵێکی تر زیاد بکرێت بە ژمارەی (14) کار کردن و پارێزگاری کردن لە بەرهەمهێنە نێوخۆییەکان, لە کۆتاییدا هۆکاری دەرچوونی ئەم یاسایە روون بکرێتە لە ئەسبابی موجیبە, لەگەڵ رێزماندا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

لیژنەی یاسایی ئێستا پرۆژەی یاسای وەزارەتی بازرگانی بە زمانی کوردی و عەرەبی ماددە بە ماددە بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مشروع قانون وزارة التجارة**

**المادة الاولى:**

**يقصد بالتعابير المعاني المبينة ازاءها:**

**1-الاقليم:اقليم كوردستان العراق.**

**2-الوزارة:وزارة التجارة.**

**3-الوزير:وزير التجارة.**

**4-وكيل الوزارة:وكيل وزارة التجارة.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی یاسای وەزارەتی بازرگانیی هەرێم**

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:**

**1- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**2- وەزارەت: وەزارەتی بازرگانی.**

**3- وەزیر: وەزیری بازرگانی.**

**4- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی بازرگانی.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

**رای لیژنەی قانونی ئەگەر مولاحەزەتان لەسەر هەیە, نییە, ئەوەش ماددەیەکە وەکو ماددەکانی پێشوو رۆتینییە, فەرموو کاک شێروان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە بەنیسبەت ماددە مولاحەزەیەکی وامان نییە, تەنیا مەسائیلی تەبویب و تەسەلسولات و صیاغە نەبێت, دەقی ماددەکە ئێمە تەئیدی دەکەین.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

**مەسائیلی صیاغە و پاش و پێش خستن, ئەوانە مەتروکە بۆ لیژنەی یاسایی, پاشان جێ بەجێی بکەن, ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن لەسەر ئەو ماددەیە, تاکو ناویان بنووسین, ئەگەر نییە بخەینە دەنگدانەوە, مولاحەزەیان نییە, ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟**

زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, سوپاس, ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

يهدف هذا القانون الى تنظيم عمل الوزارة في تنمية وتعزيز النشاط الاقتصادي والتجاري في حدود الاصلاح الاقتصادي الشامل, بما يعمل على الاستغلال الامثل للموارد والقدرات والامكانات المتاحة, بما فيها تقديم المقترحات السياسية والاقتصادية والتجارية وفق توجهات التنمية والتوازن الاقتصادي والاجتماعي في الاقليم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

ئامانجی ئەم وەزارەتە ڕێکخستنی کاری وەزارەتە لە گەشەپێدان و بەهێز کردنی چالاکی ئابووری و بازرگانی لە سنووری چاکسازی گشتگیردایە, بە جۆرێك کە بە چاکترین شێوە دەرامەت و تواناو توانستی بەردەست بەکار بێنێ, لەوانە پێشکەش کردنی پێشنیازە سیاسی و ئابووری و بازرگانییەکان بەپێی ڕێنماییەکانی گەشەسەندن و هاوسەنگی ئابووری و کۆمەلآیەتی لە هەرێمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ڕای لیژنەی یاسا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی ماددەکە تەئید دەکەین, هیچ مولاحەزەمان نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ڕای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو ڕای لیژنەی یاسایی هیچ تێبینەکمان نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئەندامە بەڕێزەکان, ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, سوپاس, ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة:**

**تتولى الوزارة المهام التالية:**

**1-تنظيم النشاط التجاري الداخلي والخارجي للقطاعات التابعة لحكومة اقليم كوردستان.**

**2-تشجيع القطاع الخاص والمختلط بما يخدم سهولة حركة انتقال عناصر الانتاج بين مدن الاقليم وخارجه.**

**3-المساهمة في تنظيم علاقات اقليم كوردستان مع الدول والمنظمات والشركات التجارية ذات الطابع التجاري والاقتصادي بما يخدم شعب كوردستان.**

**4-تشجيع توظيف رؤوس الاموال الوطنية, وجذب رؤوس الاموال الاجنبية لضمان تشجيع الاستثمارات في الاقليم وتنميتها في القطاعات المختلفة, وتوفير المناخ الملائم لها.**

**5-تطوير وتعزيز النشاط الاقتصادي والتجاري للقطاع الخاص بشكل يمكنه من اداء دوره في تحقيق توجهات التنمية الاقتصادية والتجارية, وبالتنسيق مع القطاعات الاقتصادية.**

**6-العمل على معالجة الوضع القانوني والاقتصادي للشركات القائمة التابعة للوزارة ضمن اختصاص حكومة الاقليم في رسم السياسة الاقتصادية والتجارية الداخلية, وايجاد اليات تنفيذ تتلائم ومتطلبات تطبيق تلك السياسات.**

**7-عقد الاتفاقات الاقليمية والدولية اللازمة لتنفيذ سياسة الاقليم الاقتصادية والتجارية الداخلية والخارجية, بما يخدم ويعزز النشاطين الاقتصادي والتجاري في الاقليم.**

**8-ضمان مساهمة الاقليم في مفاوضات وابرام الاتفاقيات والعقود الدولية ذات الطابع الاقتصادي والتجاري ضمن مفاوضات السلطة الاتحادية في تلك الاتفاقيات والعقود وفقا للقوانين النافذة.**

**9-التنسيق مع كافة الوزارات في الاقليم بما يخدم تعزيز النشاط الاقتصادي والتجاري.**

**10-تولي مهمة تسجيل ورقابة نشاط الشركات المحلية والاجنبية وفروعها والوكالات التجارية.**

**11-توجيه السياسة التجارية لتفعيل الانشطة الانتاجية لتشجيع التصدير بما يتلائم الاوضاع الاقتصادية السائدة.**

**12-تشجيع وتوفير الدعم للقطاع الخاص وتشجيعه لاقامة وتنظيم المعارض داخل الاقليم والتهيئة للمشاركة في المعارض الدولية.**

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی سێ یەم:**

**وەزارەت ئەم ئەرکوفرمانانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:**

**1-رێکخستنی چالاکی بازرگانیی ناوخۆو دەرەوەی کەرتەکانی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

2- هاندانی کەرتی تایبەت و کەرتی تێکەڵاو، بەجۆرێك کە توخمەکانی وەبەرهێنان بە ئاسانی لە نێو شارەکانی هەرێم ودەرەوەیدا چالاك بکەن.

3- هاوبەشی لە رێکخستنی پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتان و رێکخراوەو کۆمپانیا بازرگانییانەدا کە مۆرکی بازرگانی و ئابووریيان هەیە، بەجۆرێك کە سوود بە بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستانی ببەخشێ.

4- هاندانی وەگەرخستنی سەرمایەی نیشتمانی و، راکێشانی سەرمایەی بیانی، فەراهەمکردنی کەشوهەوای لەبار بۆ ئەم سەرمایانە, بۆ زامن کردنی هاندانی وەبەرهانین لە هەرێم و گەشە پێدانی لە کەرتە جۆربەجۆرەکاندا.

5- پەرەپێدان و بەهێزکردنی چالاکی ئابووری و بازرگانیی کەرتی تایبەت، هەماهەنگی لەگەڵ کەرتە ئابووریەکاندا، بە جۆرێك کە بتوانێ رۆڵی خۆی لە وەدیهێنانی پەرەپێدانی ئابووری و بازرگانیدا بگێڕێ.

6- کار دەکات بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی دانانی سیاسەتی ئابووری و بازرگانیی ناوخۆدا – کە ئەرکێکی تایبەتە بە حکومەتی هەرێم چارەسەری باری یاسایی و ئابووری ئەو کۆمپانیایە بکات کە ئێستا هەن و سەر بەم وەزارەتەن, هەروەها میکانیزمی لە باریش بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو سیاسەتە بدۆزێتەوە.

7- بەستنی رێکەوتننامەی هەرێمی و نێودەوڵەتیی پێویست بۆ بەجێ هێنانی سیاسەتی ئابووری و بازرگانیی ناوەکی و دەرەکی حکومەتی هەرێم، بەجۆرێك کە خزمەت بە هەردوو بزاڤی ئابووری و بازرگانی هەرێم بکات و بەهێزی بکات.

8- دەستەبەر کردنی بەشداربوونی هەرێمەکان لە دەسەڵاتی فیدراڵیدا, لە دانوستان و مۆر کردنی رێکەوتننامە و گرێبەستی نێودەوڵەتیدا، کە مۆرکی ئابووری و بازرگانیان هەیە, بەپێی یاسا بەرکارەکان.

9- بە هەماهەنگی کار لەگەڵ هەموو وەزارەتەکانی هەرێمدا بەجۆرێك کە بۆ بەهێز کردنی بزاڤی ئابووری و بازرگانیی لە خزمەتدا بێت.

10- ئەرکی تۆمارکردن و چاودێری کردنی چالاکی کۆمپانیا خۆجێیی و بیانیەو لقەکانیان و بریکارانی بازرگانی دەگرێتە ئەستۆ.

11- ئاراستەکردنی سیاسەتی بازرگانی بەرەو کاراکردنی چالاکیە بەرهەمهێنەکان (الانشطة الإنتاجية) تا ناردەنیش (التصدير) بە جۆرێك هان بدرێ کە لەگەڵ بارودۆخی گونجاوی خۆیدا بگونجێت.

12- فەراهەمکردنی پاڵپشتی پێویست بۆ کەرتی تایبەت و هەندانی ئەم کەرتە تا لە هەرێمدا پێشانگا و رێکیان بخات و, بۆ بەشدار بوونیش لە پێشەنگا نێودەوڵەتیەکاندا ئامادە بێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

رەئی لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

هەرچی ماددەی سێیەمی پرۆژەكەیە, ئەوە زۆرینەی ئەندامانی لیژنە لەگەڵ ماددەكەن. وەلێ وەزیر پێشنیازی كرد بڕگەیەكی دیكەی بەم رشتەیەی بۆ زیاد بكرێ (دنەدانی كۆمپانیاكانی كەرتی بانكایەتی (المصرفي) و كۆمپانیاكانی بیمە كردن (التأمين)و, دووبارە هێنانەوەی بیمەی (محەللی و بیانی)و چالاكیەكانیان, بە جۆرێ كە هاوبەشبوونی كارا لە براڤ و بەرەو چاكتر گۆڕینی بزاڤی ئابووریی هەرێمدا زامن بكات).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

تكایە لیژنەی یاسای با ئەو پێشنیارە وەزیر خۆی بكات, ئەگەر پێشنیاری وەزیرە با خۆی كەرم بكات.

**بەڕێز محمد رووف محمد (وەزیری بازرگانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارە تەبعەن پێشتر بیرمان چوو بوو, داوای لێ بووردن دەكەین, دوایش پێشنیارم كرد, ئەوانیش قەبولیان كرد, ئێستا نووسیانە, جا بۆیە لای خۆم نەمنووسی, چونكە لە لای ئەوان نووسرا بوو, باسی بانك لە مەهامی وەزارەت نەهاتبوو, كە مەسەلەیەكی گرنگە, لەبەر ئەوە پێشنیارم كرد, ئەمە دەقەكەیەتی (دنەدانی كۆمپانیاكانی كەرتی بانكایەتی (المصرفي) و كۆمپانیاكانی بیمە كردن (التأمين)و, دووبارە هێنانەوەی بیمەی (محەللی و بیانی)و چالاكیەكانیان, بە جۆرێكی كە هاوبەشبوونی كارا لە براڤ و بەرەو چاكتر گۆڕینی بزاڤی ئابووریی هەرێمدا زامن بكات).

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایش تەئیدی ئەو پێشنیازە دەكات و رای كۆتاییش رای پەرلەمانە, كەمینەیەكی ئەندامانی لیژنەكەشمان بڕگەیەكی پێشنیاز كرد لە بارەی ئاوەردەی (استیراد) هەندەران بۆ هەرێم, ئەوەشمان بۆ پەرلەمان بەجێ هێشتووە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

رای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی كۆمەڵە تێبینیەكی هەیە, سەبارەت بە خاڵەكانی (8و 10 و 11 و 12)ە, جگە لەوە پێشنیازی كردووە, كە دوو خاڵی تر زیاد بكرێت بۆ ئەم ماددەیە, ئەگەر جەنابت رێگە بدەیت بیانخوێنمەوە:

سەبارەت بە خاڵی هەشتەم، لە کۆتاییدا نووسراوە بەپێی یاسا بەرکارەکان، چاکترە بکرێت بە دەستوور و یاسا بەرکارەکان، بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە قابیلی تەئویلی نەبێت.

سەبارەت بە خاڵی دەیەم لە ماددەی سێیەمدا، لە کۆتاییدا ئێمە پێمان باشە ئەم دەستەواژەی بۆ زیاد بکرێت ( لەگەڵ دەستەبەر کردنی پابەند بوونیان بە یاسا بەرکارەکان، یەعنی بە عەرەبی دەبێت (وضمان التزامهم بالقوانين المرعية).

سەبارەت بە خاڵی یازدە لە کۆتاییدا ئەوەی بۆ زیاد بکرێت (گەشە کردنی ئایندەی مسۆگەر بکات)، خاڵی یازدە دەڵێ (ئاراستەکردنی سیاسەتی بازرگانی بەرەو کاراکردنی چالاکیە بەرهەمهێنەکان (الانشطة الإنتاجية) تا ناردەنیش (التصدير) بە جۆرێك هان بدرێ کە لەگەڵ بارودۆخی گونجاوی خۆیدا بگونجێت)، مەرج نییە تەنها لەگەڵ بارودۆخی گونجاودا خۆی بگونجێنێت، لە راستیدا دەبێت لەگەڵ گەشە کردنی ئایندەشدا خۆی بگونجێنێت و مسۆگەری بکات.

سەبارەت بە خاڵی دوازدە لە کۆتاییدا وشەی هەرێمەکان زیاد بکرێتن و ببێت بە بەشدار بوون لە پێشانگاکانی نێودەوڵەتی و هەرێمەکاندا ئامادە دەبێت.

پێمان چاکە خاڵێکی تر زیاد بکرێت و ژمارەی (13)ی بدرێتێ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

13- کار کردن لە پێناوی پارێزگاری کردن لە بەکاربەر (المستهلك)، بەهۆی رێکخستنی نرخ و هاتوچۆی شتومەك و خزمەتگوزاریەکان و چاودێری کۆنترۆل کردنی جۆر (السيطرة النوعية)، دیارە یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی وەزارەتی بازرگانی پارێزگاری کردنە لە خەڵکی موستەهلیك، بۆیە دەبێت لە رێگەی رێکخستن و کۆنترۆل کردنی هاتوچۆی شتومەکەوە بۆ پارێزگاری کردن لە بەرهەمهێنی ناوخۆ خەڵکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و، پارێزگاری کردن لەو جۆرە نەوعیەتە شتومەکانەی کە دەهێننە هەرێمی کوردستانەوە، بەداخەوە کە ئێستا کەلوپەلێکی زۆری ئێکس پایەر لە بازاڕەکانی کوردستاندا ساغ دەکرێتەوە بە خەڵکی کوردستان، بۆ ئەو مەسەلانە بەڕاستی پێویستە ئەو خاڵە ئیزافە بکرێت و پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانی خەڵك بکرێت، جگە لەوە خاڵێکی تر زیاد بکرێت بە ژمارەی (14) کار کردن و پارێزگاری کردن لە بەرهەمهێنە نێوخۆییەکان، بە مەبەستی بەرهەمهێنەری نێو خۆیی و نیشتمانی، زۆر جار کەلوپەلێك، یاخود بەرهەمێك لە کوردستاندا بەرهەم دەهێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هەمان کەلوپەل ئەگەر لە دەرەوەی کوردستان بهێندرێت نرخەکەی هەرزانترە، بۆیە پێویستە وەزارەتی بازرگانی میکانیزمێك دابنێت پارێزگاری بکات لەو بەرهەمهێنە هاونیشتمانییە، ئەمەش یەکێك دەبێت لە ئەرکەکانی وەزارەتی بازرگانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئێستا ئەو ئەندامە بەڕێزانەی دەیانەوێت لەسەر ئەو ماددەی قسە بکەن، تکایە هەر کەس ناوی بدە، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا یاسای وەزارەتی بازرگانی, وەزارەتی بازرگانی ئێمە بە وەزارەتێكی گرنگی دەزانین, بۆ ڕێكخستنی سیستەمی بازرگانی لە هەرێمی كوردستاندا زۆر پێویستە, لە ماددەی سێیەم زۆر خاڵی ئیجابی تێدایە, تەنها خاڵێك كە ئێمە بە لامانەوە گرنگ بوو و تێبینیمان كرد, حەزمان كرد بیخەینە بەردەمی جەنابتان و جەنابی وەزیر, ئەویش سیستەمی بازرگانی, یاخود سیستەمی بازاڕی كوردستانە, كە ئەویش سیستەمی بازاڕی ئازادەو, هیچ ماددەیەك و بڕگەیەكمان نەدیت كە ئیشارەت بەوە بدات, هەر بۆیە پێشنیار دەكەین بڕگەیەك زیاد بكرێت بۆ ئەو ماددەیە, ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە ئەگەر دەرفەت بدەن عەرزی جەنابتان بكەین:

(لەبەر چاو گرتنی بازاڕی كوردستان وەك بازاڕی ئازاد, وەزارەت هەڵدەستێت بە هاندان و چاودێری كردنی بەڕێوە چوونی بازاڕی كوردستان بەشێوەیەك لەگەڵ ئەو پرێنسیپەكانی بازاڕی ئازاد بگونجێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەی من لەسەر زمانەوانییە, دوای ئەوەی هەر ئەو یاسا و یاساكانی تریش, كە بە تەواوی دادەڕێژرێنەوە لە رووی زمانیەوانیەوە پێداچوونەوەیان بۆ بكرێت, پێش ئەوەی بڵاو بكرێنەوە بە تەواوی, ئەوە یەك.

دوو/ دوو وشە لێرەدا بەكار هاتووە یەكێكیان دنەدان بەمانای (تەشجیع), من پێم وایە گونجاوترە هاندان بەكار بهێنرێت لە جیاتی دنەدان.

دووەمیشان/ لە جیاتی ئاوردە هاوردە (استیراد)ە وا هاتووە, هەموومان نووسیووەو وا دەخوێندرێتەوە, ئەو دوو وشەیە ئالوگۆڕیان پێ بكرێت, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

سوپاس, كاك شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێكم هەیە لەسەر ئەو ماددەیە, ئەویش بڕگەیەك زیاد بكرێت بەم شێوەیە:

(وەزارەت مەسئوولە لە كردنەوەی بازاڕێكی هەمەچەشنەو هەمەیانە لەسەر حیسابی حكومەتی هەرێم بۆ مونافەسە كردنی بازاڕی ئازادی كوردستان).

یەعنی ئەو وەزارەتە بازاڕی خۆی هەبێت, کاتی خۆشی هەیبووە, ئەگەر بازاڕێك هەبێت, ئەو گرانایە ناکەوێتە بازاڕ و مونافەسەی بازاڕی ئازاد بکات, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

کاك دیلمان ئامێدی.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەم لەسەر ئیستیرادە, تەئیدی رای لیژنەی ئابووری دەکەم, هەروەها لیژنەی یاسایی, چونکە دەبێت برگەیەك هەبێتن بۆ (مرقابة وتنظيم الاستيراد), ئێستا فیعلەن بازاڕی کوردستان پڕە لە شتومەکی کارەبا تا دەکاتە مەوادی خواردن, ئەگەر ئەوە بێتن کە وەزارەت, یان حکومەت تەدەخول لە ئیستیراد نەکاتن, چونکە بازاڕی ئازادە, ئەمە لە یەکێتی ئەوروپی قەد تەداخولی بازاڕی ناکاتن, ئەگەر رێك نەبێتن لەگەڵ عەرز و تەلەب تەئسیری لە ئابووری و ئەوانە بکات, لەبەر ئەوە مومکینە لە فەقەرەی یەکەم لە کۆتاییەکەی کە دەڵێتن (تنظيم النشاط التجاري الداخلي والخارجي) لە پاش حکومەتی ئیقلیم دێتن و غەیر حکومیە, یانیش لە برگەی یازدەم ئەگەر فەقەرە نەبێتن, کە دەڵێتن (الانتاجية لتشجيع التصدير) لەوێ ئیزافە ببێتن (وتنظيم رقابة الاستيراد), سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

کاك دکتۆر نوری.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە, یەکێکیان ئەوانەی کەوا لە ماددەی سێیەم نووسراون بەشێکیان لەڕاستیدا ئامانجن, نەك ئەرك, بۆیە پێویستە ئەم ماددەیە جارێکی تر دابڕێژرێتەوە.
دووەم/ سەبارەت بە پێشنیازی جەنابی وەزیری بەڕێزی بازرگانی, کە کەرتی بانك و بیمە کە وشەیەکی فارسیە, ببێت بە ئەرکی وەزارەتی بازرگانی, من وا دەزانم ئەم دوو کەرتە تایبەتن بە وەزارەتی داراییەوە, وەزارەتی ئابووریمان نییە, بەلاّم ئێستا وەزارەتی ئابووری ئەرکی وەزارەتی داراییش دەبینێت کاروباری دارایی, بۆیە ئەم دوو شتە کەرتی بانك و ئەنشورەنس دەبێت لە ئەرکی وەزارەتی داراییدا بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

سوپاس, کاك عەبدولرحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە لە ماددەی سێ فەقەرەی حەوت و هەشت, فەقەرەی حەوت دەڵێت ئیتیفاق کردن لەگەڵ شەریکاتی دەرەوەو ناوەوە.

له فەقەرەی هەشت ئەمە دەکوژێتن, یەعنی خۆی دەڵێتن هەموو شتێك بە ڕێگەی مەرکەزی بێتن, کەوا بوو فەقەرە حەوت چۆن دەتوانێت ئەو ئیتیفاقیە بکاتن و لە فەقەرەی هەشت ئەم ڕێگایە نەداتن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

کاك فەتاح نەقشبەندی.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سێیەم من هەندێ لەنگی دەبینم لە عبیارەتەکانی لە مسودەی لە عەرەبیەکەی هاتووە, ئەویشیان ئەوەیە کە دەڵێتن (تنظيم النشاط التجاري), من پێم وایە ببێتە (تنظيم العمل التجاري) لە فەقەرە یەك, لە فەقەرەی دوو دەڵێت (تشجيع القطاع الخاص), پێم باشە ببێتە (تشجيع وتفعيل وتطوير القطاع الخاص والمختلط بما يخدم المصلحة وسهولة حركة الانتقال). لتوظيف

لە فەقەرەی چوارەم دەڵێت (تشجيع توظيف رؤوس الاموال الوطنية, وجذب رؤوس الاموال), من پێم باشە بگوترێت (العمل لتوظيف رؤوس الاموال الوطنية, وجذب رؤوس الاموال الاجنبية والاقليمية لضمان تشجيع وتطوير وتفعيل الاستثمارات في الاقليم) لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

سوپاس, کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەوەی ئەم وەزارەتە ئیزافەی بۆ بکەم, حەز دەکەم جەنابی وەزیریش گوێ لە مولاحەزەکەم بگرێت (بەپێی ئەو وەزارەتەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بازرگانی و سەرمایە و وەبەرهێنان و کەرتی تایبەتی و گشتی هەیە, بۆیە من پێم وایە ئەرکی ئەو وەزارەتە ئەوەیە دیراسات و لێکۆڵینەوە بکات لەسەر گۆڕینی کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت), بە عەرەبیەکە ئەوەیە, کە لە ئەرکەکانی وەزارەت دەبێتە هۆی ئەوەی (اعداد دراسات خاصة بتحويل الشركات القطاع العام الى القطاع الخاص ضمن سياسة العامة للاقليم وبالمراحل تتناسب مع التطور الاقتصادي والثقافي والاقليمي للمجتمع), سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

یەك مولاحەزەی تکایە ئەو بەڕێزانەی کە قسە دەکەن, بە تەنها بۆ سەرۆکایەتی قسە ناکەن, بەڵکو بۆ پەرلەمان قسە دەکەن و ئەو پەرلەمانتارانە بە وردی گوێی لێ بگرن, پاشان جەنابی وەزیر ڕەئی خۆی دەدات, فەرموو کاك ڕەشید.

**بەڕێز رشيد كريم رشيد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆتان دەزانن کە هەرێمی کوردستان خاوەنی کۆمەڵێك دەشتی فراوان و بە پیت و بەرەکەتە, وەکو دەشتی شارەزوور و دەشتەکانی هەولێر, کەندیناوەو قەراج, هەروەها دەشتی سەند لە زاخۆ مەسەلەی دەشتی

بتوێن, هەر یەکێکیش لەو شوێنانە کۆمەڵێك سایلۆی تیایە, سایلۆکانیش مودیریەتێکن سەر بە وەزارەتی بازرگانین, لەم بڕگانەدا ئیشارەت بە صیانە و پاراستنی تەندروستی و ئەوانەی کە یەکێکە لە ئەرکەکانی وەزارەت بایەخی پێ نەدراوە, من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە یەکێك لە بڕگەکاندا, بەتایبەتی لە بڕگە دە, کە ئیزافەی گرنگی بە سایلۆیەکان و فراوان کردنی و مەسەلەی تەسویق, کە کڕینی گەنم و جۆیە تەئسیری هەیە لەسەر نەش و نومای کشتوکاڵ, لە لایەکی تر مەوزوعی ئەمنی غیزائی و تیجارەت, بەڕاستیەکەی دکتۆریش ئیشارەتی پێدا شتێکی گرنگە, تیجارەت ئەو هاوردەیەی کە لە دەرەوە دێت, بە تایبەتی دەرمان بەشێکی زۆری لە ئیشەکانی ئەرکی تیجارەیە بۆ چاودێری کردن و گرنگ پێدانی, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە بۆچوونەکەی بەڕێز کاك دکتۆر نوری دەکەم, بەنیسبەت بانکەکان دەبێت بە رێگەی وەزارەتی مالیە ببوژێتەوە, لەبەر ئەوەی ئیلتیزامی مالی تێدایە سەر بە بانکی مەرکەزییە, بانکەکەش هەر تیجاری نییە, صناعییە, رزاعییە, سیاحییە, ئەوانە دەبێت هەر هەمووی لەسەر بکرێت و ببوژێتەوە.

دووەم/ بەنیسبەت حیمایەی ئینتاجی مەحەلی هەروەکو کاك دکتۆر دلێر ئیشارەتی پێدا, زۆر زۆر پێویستە ئەگەر بێتو زوو چارەی نەکەین, بەڕاستی کەرتی کشتوکاڵی واتا قیتاعی زراعی کوردستان تەقریبەن بەرەو کۆتایی دەچێتن, کە گەنم ئیستیراد دەکرێتن لە دەرەوە بە ($450) ئیستیراد دەکرێتن قیمەتی خۆیەتی کە دەگاتە ئێرە, کەچی بەرهەمی خۆمان, هەتا هی خۆمان پێ رادەگات تەسنیف دەکرێت بە سێ جۆر, لەوانەیە نەگاتە ($100)یش, یانیش کەمترە, زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە زراعەتەکە نەمێنێتن, زۆر زۆر پیرۆزە ئەوە حیمایە بکرێتن, پاشان حیمایەی موستەهلیك, ئەو مەوادانەی کە داخیلی کوردستان دەبێتن ئیشی بۆ بکرێتن لە سنوورەوە, ئەو مەوادانەی کە مولائیم نییە بۆ بەکارهێنانی هەر لە سنوور مەنع بکرێت, نەوەکو بێتە ناو بازاڕ بگیرێت و ئیتلاف بکرێت و ئیجرائاتی بۆ بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

جەنابی وەزیر رەئیت لەسەر پێشنیار و بۆچوونەکانی ئەندامە بەڕێزەکان.

**بەڕێز محمد** رووف **محمد (وەزیری بازرگانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێت وەڵامی ئەو تێبینیانە بدەمەوەو فرسەتیشم بدەن باسێکی وەزارەت بکەم, بۆ ئەوەی بەر چاو روون بن, ئەو وەزارەتە چۆن دامەزراوەو چی کردووەو, ئێستا چی دەکات بە کورتی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

بەس تکایە مولاحەزەکان بە کورتی زۆر تەفسیلی نەبێتن, ئەو مولاحەزەتانەی هەتانە لەسەر مەشروعی قانونەکە لەسەر مولاحەزەی ئەندامەکان وەڵامیان بدەیتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد رووف محمد (وەزیری بازرگانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت راو سەرنجی هەر دوو لیژنەی یاسا و دارایی و ئابووری سوپاسیان دەکەم, هەموو سەرنجەکانیان باشە, بەلاّم لەسەر یاسایەك هیچ قسەم نییە.

بەنیسبەت ئابوورییەوە لە خاڵی دەیەم دەستەبەر کردن (ضمان) ئەوە وەزارەت ناتوانێت دەستەبەر بکات, بەس دەتوانێت رەقابە بکات, لەبەر ئەوە مودیریەتێکمان بۆ رەقابە داناوە, لە هەر بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان و بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی.

خاڵی یازدە کە دەڵێت گەشە کردن, یەعنی مسۆگەر کردنی, کە مسۆگەر موستەلەحێکی قورسە, بەنیسبەت ئێمەوە زەمانی مسۆگەر کردنمان نییە, دەتوانرێت بگۆڕێت بۆ دەستەواژەیەکی تر, کە بگونجێت لەگەڵ برِگەکە, بەلاّم بە مەرجێك کەلیمەی مسۆگەر بگۆڕێت بۆ وشەیەکی تر.

خاڵی سیازدە, مەسەلەی کار کردن بۆ تەنزیمی سعر و چاودێری کردن, تەبعەن ئەوە هەمانە مودیریەتێکی سەربەخۆمان هەیە و, دەکرێت لە ئایندە ئیشی باشتری لەسەر بکەین.

خاڵی چواردەش دەبێت کار کردن بۆ پارێزگاری کردن لە بەرهەمە خۆییەکان, ئەوە باشە کاری لە پێناودا دەکەین, ئەوە کارێکی باشە, بەلاّم ئەوە تەبعەن ئەوە قسەی زوو هەڵدەگرێت, بەرهەمی نێوخۆیی چۆن حیمایە دەکرێت, زۆر لەو بەڕێزانەی تریش ئاماژەیان پێ کرد, ئەوە مەسەلەیەکی ئیقتیصادی موفەسەڵە, ئێستا قسەی لەسەر بکەین, لەوە ناچێت زوو بگەیە نەتیجەیەك تیادا, وەکو موناقەشەی زۆر لەسەر دەکرێت, بەپێی بەزایعی ئیقتیصادی سوق, کە ئیقتیصادی حور پیادەی دەکەین, لەگەڵ ئیقتیصادی مەرکەزی ئەوە مەسەلەیەکی خیلافیە لەویَ من ئێستا حەز دەکەم وەکو مەعلومەیەك بیزانن, هەموو ئەم بەڕێزانەی ئێرەو خەڵکی تریش, ئەو چاوەڕوانیەیان هەیە لە وەزارەتی ئێمەو , وەزارەتی کشتوکاڵیش بەتایبەتی, کە بتوانین ئینتاجی مەحەلی بپارێزین, حیمایەی بکەین, هەر من تەنها یەك رەقمتان پێ دەڵێم تەنی گەنمی ئەمریکی و ئوسترالی دەگاتە عێراق بە ($250), ئەمساڵ گەنمی مەحەلی وەرگیراوە تەنی بە (450000) دینار لێرە, یەعنی گەنمی مەحەلی گرانتر دەکەوێت, هەتاوەکو گەنمی ئەجنەبی, لەگەڵ ئەو رێگە دوورەش کەوا دەکەوێتە سەر مەسرەفی نەقل کردنەکەی, تەبعەن ئەمساڵ (450000) دینار لە حکومەتی مەرکەزی درا, لەبەر ئەوەی جوتیار تەشجیع ببێت, زەوی و زارەکان زیاتر ئاوەدان بکرێتەوە, خوتەیەك هەیە بۆ دوارۆژ, بۆ ئیکتیفای زاتی, لێرە بەنیسبەت ئێمەوە وەزارەتی تجارە و زراعە کۆبوونەوەی یەکەممان کردووە, بۆ ئەو مەسەلەیە ئاماژەی پێ کرا لە لایەن چەند بەڕێزێکەوە لێرە ئاماژەی پێ بکەین خراپ نییە, بەنیسبەت بونیەی تەحتی بۆ موستەقبەل کە خاڵی یەکەمی مەسەلەی ئیکتیفای زاتییە, بۆ هەندێ مەسەلەی ئیستهیلاکی بەتایبەتی هەلومەرجیش سازە لە کوردستاندا, لە ناحیەی ئاو و هەواوە, لە ناحیەی زەوی و زاری بە پیت و بەرەکەتەوە, ئێمە ئەوەمان کردووە بە ئەرکی خۆمان, وەکو ستراتیجیەتی وەزارەتی تجاری لە بەرنامەی ئەمنی غیزائی موستەقبەل بۆ کوردستان بۆ چوار

ساڵی ئاینده پرۆژەیەکمان تەقدیم کردووە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پلاندانان, بۆ دروست کردنی کۆمەڵە سایلۆیەك لە کوردستان, کە بەنیسبەت ئێمە تاقەی تەخزینی دەستەبەر بکەین, وەڵامی ئەو بەڕێزانەشە.

بەنیسبەت ئێمە تاقەی تەخزینی لە چوار ساڵەوە دەستەبەر بکەین, وەزارەتی زراعەش ئینتاجەکە بگەیەنێتە ئاستی ئیکتیفای زاتی, ئەوەی کەوا ئێمە دیراسەمان لەسەر کردووە تا ساڵی 2010 کوردستان پێویستی بە (900)هەزار تەن ئینتاج هەیە لە گەنم, بەپێی ئەوە ئێمە ئێستا بەو سایلۆیەی کە لە سلێمانیش هەیە قودرەی تەخزینی ئێمە (220) هەزار تەن گەنمە لە کوردستاندا, ئەو سایلۆیانەی کەوا لە کوردستان هەیە پێنج سایلۆن, ئەم سایلۆی لە هەولێر هەیە هەروەکو مەعلومات بیزانن لە ساڵی 1959 دروست کراوە (16) هەزار تەن قودرەی تەخزینی هەیە بەشی یەك مانگی ئێستای خەڵکی هەولێر دەکات, ئێمە ئەو دیراسەیەی کە تەقدیمان کردووە, ئەو (900) هەزار تەنە ئەو سایلۆیانە وەکو پرۆژە تەقدیم کراوە, ئێمە حیمایەی مەنتوجی نێوخۆیی دەکات و, هاوکاری دەکات بەنیسبەت مەسەلەی ئیکتیفای زاتی دانەوێلە بەتایبەتی.

تێبینی ئەو برا بەڕێزانە کاك ئارام رەسول, سیستەمی بازاڕی ئازاد ئەو فەقەرەیە زیاد بکرێت, منیش پێم باشە.

کاك شێخ جەعفەر وەزارەت مەسئوولە لە کردنەوەی بازاڕێ بۆ حکومەت, ئەمەش مەسەلەیەکە بەڕاستی جێگەی ئەوەیە دەبێت زۆر دیراساتی لەسەر بکرێت, ئێستا وەزیری بەغدا دیراسەیەکی تەقدیم کردووە, بۆ بووژانەوەو دروست کردنەوەی سەر لەنوێ ئەسواق مەرکەزی لە عێراقدا, پێش ئەوەش دیراسەیەك بۆ ئێمە پێشکەش کراوە لەلایەن برادەرانی دهۆکەوە, بۆ چۆنیەتی ئالیەتی بووژانەوەی سوق مەرکەزیەکان, لێرە حەز دەکەم ئەوەی بزانن سوق مەرکەزی تەبعەن دەبێت بەرنامەی بۆ دانێیت بۆ ئەوەی ببووژێنیەوە, ئەوە یەعنی دەبێت حکومی بکرێت, نموونەی عەمەلیتان عەرز بکەم, ئێمە دوو سوق مەرکەزیمان هەبووە یەکێکیان لە سلێمانی و ئەویتریان لە هەولێر, هی سلێمانی پێم وایە هەر فرۆشراوە کاتی خۆی, هی هەولێریش دراوە بە موساتەحە بۆ پەنجا ساڵ دوای تەعمیر کردنەوەی, ئێستا لە سوق مەرکەزی هەولێردا, بۆ ئەوەی تەسەور بکرێت ئەم جۆرە عەمەلیانە لەگەڵ بازاڕی ئازاد و ئەو سیستەمە ئابووریەی کە حکومەت پیادەی دەکات زۆر یەك ناگرنەوە, ئەمە تەنها گرفتی ئێمە نییە, گرفتی ئەو حکومەتانەیە کە لە مەرحەلەی ئینتیقالی دان لە ئیقتیصادی مەرکەزی بۆ ئیقتیصادی سوق, ئەمە گرفتێکە هەر حکومەتێك بەشێوازێك بیری لێ دەکاتەوە بە شێوازی چارەسەر کردنی, ئەم تەرحە هەموو رۆژێك دەکرێت, لێرە یەك نموونە عەرزتان بکەم, سوق مەرکەزی لە زەمانێکدا حکومەتی پێشووی عێراق لێرە سوق مەرکەزی هەبووە, سیازدە تا پازدە ناگاتە بیست کەس ئیدارەی کردووە, ئێستا ئەو سوق مەرکەزیە لە کوردستاندا (119) کارمەندی مەعاش خۆری هەیە و رۆژێ یەك سەعاتیش ئیشی نییە, ئەمە تەجروبەیەکە تەبعەن, ئێستا ئێمە سەر لەنوێ دەستی پێ بکەینەوە, حەتمەن باوەڕ ناکەم سەرکەوتن بە دەست بێنین, بەڵام

**خەریکی دیراساتی ترین, چی بکەین بۆ ئەوەی موونافەسەسەك لە بازاڕدا دروست بکەین, بە ئالیەتێك پرۆژەیەکمان حازر کردووە دەخەینە بەر دەستی حکومەت, ئەگەر پشتگیری لێ کردین بەشێوازی تر ئیستیفادەی لێ بکەین.**

**موراقەیەی ئیستیراد و تەصدیر تەبعەن ئەوە مودیریەتی رەقابەمان هەیە, دەتوانین ئەوە چالاك بکەین, تەبعەن ئەوە تەنها بە ئێمە ناکرێت کوالێتی کۆنترۆل جارێ دراوەتە وەزارەتی پلاندانان دەبێت دایبمەزرێنێت, ئەوە وەزارەتی پلاندانان دەبێت وەکو بەرنامە تەقدیمی بکات, وەزارەتی زراعەو صناعە و صحە و تجارە هەر چوار وەزارەت پێویستە بەشداری بکەن لە دامەزراندنی ئەو موئەسەسەیە, پێویستە مەرکەزیەن لە هەولێر هەمان بێت, لە هەرسێ پارێزگاکاندا هەبێت و لە هەرسێ سنوورەکانیشدا هەبێت, جا وەزارەتی تجارە بەشێك دەبێتن لە هاوکاری کردن لە دامەزراندنی ئەو سیستەمە.**

**دکتۆر نوری پێشنیاری ئەوەی کرد هەدەف و مەهام تێکەڵ بووە, لەوانەیە وا بێت دوایی قسەی لێ بکەن, بانك ئەرکی وەزارەتی داراییە ئەمە وەکو مولاحەزە برایەکی تریش باسی کرد, ئێمە نووسیمان تەشجیع بکرێت, نەمان نووسیووە دابمەزرێت, جا ئەگەر تەشجیعیشی لێ بسەنێنەوە ئەوە هیچ شتێکی وای نامێنێت, لەبەر ئەوە تەشجیع کردن, ئێمە ئێستا نوێنەری شەش حکومەت سەردانی منی کردووە, یەکێك لەو شتە سەرەکییانەی کە باسی دەکەن لە قانونی ئیستیسمار بۆ ئالیاتی جێ بەجێ کردنی بڕگەکان و ماددەکانی قانونی ئیستیسمار بریتییە لە دامەزراندنی بنوك, ئێمە هەتا بانك دانەمەزرێنین و سیستەمی بانك لە کوردستان و لە عێراقیشدا قانونی ئیستیسمار هەرگیز جێ بەجێ ناکرێت, جا هەموو وەفدی حکومەت لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەرەوە ئەجنەبیەکان و ناوخۆییەکان, یەکەم شت لەگەڵمان باس دەکەن, باسی تەسهیلاتی بانکیە چیان بۆ دەکرێت, ئەوانەی ناوخۆ داوای قەرز دەکەن, ئەوانەی دەرەوەش داوای گۆڕینی سیستەم دەکەن, حەزیش دەکەم وەکو مەعلومات بیزانن هەموو مانگێ, دوو مانگ سیستەمی تەعامولی لە بانکەکانی کوردستان گۆڕاوە لە ئالیەتی قەدیم بۆ سۆفت وێری تازە, کە ئەوە قۆناغێکی باشە هەنگاوێکیان ناوە, بەلاَم هێشتا گرفتی سەرمایەمان هەیە لە کوردستان, تەبعەن بەپێی قانونی مەرکەزی بانکی مەرکەزی عێراق هیچ بانکێك بۆی نییە لە (15٪)ی سەرمایەکە بدات بە قەرز بۆ ئیستیسمار, ئەو بانکەی کە ئێستا زۆرترین سەرمایەی هەیە لە کوردستاندا (40) ملیۆن دۆلاری هەیە, دەتوانێت حەوت ملیۆن دۆلار بکات بە ئیستیسمار بەشی یەك پرۆژە دەکات, لەبەر ئەوەی ئێمە داوامان کردووە لە حکومەت, ئەوانەی هاتوون لە ئەمریکا و بەریتانیاو لە بەلچیکا, لە ئیتالیا, لە هەندێ دەوڵەتی تری ئەورووپی, لە ئیمارات, کە فەرعی بانکە گەورەکان بێنە کوردستان, بۆ ئەوەی ئەو تەسهیلە بانکانە بکرێت.**

**کاك شێخ فەتاح دەڵێت تەنزیم نەشات بکرێت بە عەمەلی تجاری, تەبعەن ئێمە دەتوانین بەس نەشاتی تجاری تەنزیم بکەین, ئێمە خۆمان ئیشەکەمان پێ ناکرێت, نەشات و عەمەل وابزانم خیلافێکی لەفزییە, بەپێی ئەوەی ئەو باسی دەکات نەشاتێکی تجاری هەیە, ئێمە هەڵدەستین بە تەنزیم کردنی, هەروەها**

موستەلەحەکەی تر هەر عەمەل بوو, وابزانم بەنیسبەت ئێمەوە عەمەلی نییە, بچینە ژێر ئەو بارە گرانەو بیکەینە ماڵ بەسەر خۆماندا.

کاك بارزان دەڵێت کەرتی گشتی بگۆڕێت بۆ کەرتی تایبەت, واتا بە دیراسات, تەبعەن کەرتی گشتی ئێمە بریتییە لە کۆمپانیاکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی, کە سایلۆکانە, کۆمپانیاکانی ئاردە, پێنج شەشێکی ترمان هەیە بریتییە لە مەوادی غیزائی, تجارەی سەیارات و مەکائین, مەوادی ئینشائی, ئەمانە تەبعەن هەندێکیان دوانیان جارێ هەر نییە, تا لە کەرتی گشتی بیکەین بە کەرتی تایبەت, مەسەلەی مەکائین و سەیارات هەر ناوە, فەرمانبەرمان لەوێ داناوە تەعین کراوەو مەعاشی مانگانە دەخوات, هیچ ئیشێکی نییە, ئەوە چەند ساڵە سەیارەیەکی بۆ نەهاتووەو نەشی فرۆشتووە.

بەنیسبەت ئەویتریش کە ئێستا باسم کرد (119) کەسەکە ئەویش گشتییە, یەعنی کەرتی عامە, ئەمانە لە کوردستاندا هەن تەبعەن کاتی خۆی دوو مودیریەتی عام هەبوو, یەکێکیان لە سلێمانی, ئەویتریشیان لە هەولێر, ئێستا کراوە بە یەك مودیریەی عام, ئەوانە هەمووی دەبنە مودیریات تابعی ئەو مودیریەتە عامە دەبن, ئەمە تابعی هی بەغدان, هی ئێمە نین, وەزارەتی بازرگانی لە بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی جگە لە رەقابەی تجاری کە رەقابەی بازاڕ دەکات, کە تەنزیمی مەعارز دەکات بەهاوکاری کەرتی تایبەت, ئەوانی تری ئێمە هەڵدەستن بە ساغ کردنەوە, بە تەسویق کردنی ئەو شتانەی کەوا لە بەغداوە دێن لەسەرەوە بۆ خوار, یەعنی هەموو دانەوێڵەو هەموو مەسائیلەکانی تر, پرۆژەیەکمان ئامادە کردووە بیخەینە بەردەمی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران, کە ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کردووە, خۆراك لە بەغداوە بگوازرێتەوە بۆ کوردستان, وەکو حەز دەکەم دوو شتان پێ بڵێم ساڵی 2005 ئەو خۆراکەی کە پێی دەڵێن بودجەی حاکمە لە بەغدا لە ئێمەی دەبڕن, ساڵی 2005 شەش سەد و هەشت ملیۆن دۆلار لە بودجەی حکومەتی هەرێمیان بڕیووە بۆ خۆراکی کوردستان, یەعنی ئەو خۆراکەی کە بە خۆرایی دەدرێت بە خەڵك کە برنجە و رۆنە و شەکرە و تایتە و ئاردەو ئەوانەی تریش بوفولییاتە دەتان خوارد هەموو خەڵك بە خۆرایی وەریدەگرێت بەبێ هیچ موقابیلێك, ساڵی 2005 لە بودجەی ئێمە شەش سەد و هەشت ملیۆن دۆلار بڕاوە, ساڵی 2006 پێنج سەد و دە ملیۆن دۆلار بڕاوە, ئەوەی هەتاکو ئێستا پێمان گەیشتووە لەو پێنج سەد و دە ملیۆنە چوار سەد و پێنج ملیۆن و کەسرێك دۆلار بای ئەوەندە بۆ ئێمە هاتووە, تەقریبەن چواردە ملیۆن و نیو هێشتا نەهاتووە, قەرزە لای ئەوان, کە یەکێك لە قەرزەکان بریتییە لە حەوت هەزار تەن شەکری هەولێر قەرزە لە لای بەغدا, لەگەڵ هەردوو موحافەزەکەی تریش شتێکیان لایە, ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین ئەو خۆراکە بە موفاوەزاتێك بە بودجەکەیەوە بێتەوە کوردستان, بەڵام بە مەرجێك بودجەکەی تەرخان بکرێت لە میزانیەی حکومەت بۆ خۆراك, ئەگەر تەرخان نەکرێت خۆراکەکەش نامێنێت گرفتیش هەیە, لەگەڵ ئەوەی حکومەتی بەغدا تەبعەن مەرکەزییە قەراری ئەوەی داوە تا 2010 ئەم خۆراکە نەمێنێت, تەبعەن هەموو ئەو شتانەی باسی دەکەم فایلەکەم هێناوە, فایلی ئەوە کە لە بەغدا دەرچووە, ئەو خۆراکە بگۆڕێت لە قۆناغی یەکەم بۆ پارە, لە قۆناغی کۆتاییش پارەکە نامێنێت, سیستەمێکی تری کۆمەڵایەتی

ئابووری دادەنێن بۆ یارمەتی دانی ئەو خێزانانەی کە لە ژێر خەتی فەقرن, یان خەڵکی زۆر لەژێر خەتی فەقر و داماون یارمەتی ئەوانە دەدرێت.

مامۆستا حەمە رەشید باسی سایلۆکان و تەسویق و ئەمنی غیزائی کرد, پێم وا بی وەڵامم داوەتەوە, پرۆژەیە حازرمان کردووەو تەقدیمان کراوە.

کاك رەشاد ئەحمەد تەئکیدی لەسەر بانکەکان کردەوە, ئێمە تەنها تەشجیعی دەکەین و ئیشمان لەسەر ئەوە کردووەو بەردەوامیشین, حیمایەی موستەهلیك ئەویش وابزانم لە کوالێتی کۆنترۆل وەڵاممان داوە, کە ئەوە ئەرکی تەنها ئێمە نییە, ئێستا ئێمە لە موختەبەراتی ئارد لەگەڵ موختەبەراتی سایلۆکان دوو موختەبەرمان هەیە, لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی, ئەو گەنمەی کە دەچێتە ئاش دوایێ دەکرێتە ئارد, ئاردەکە فەحس دەکەین بەپێی ئەو جیهازانەی لەبەر دەستمان دایە, ئەگەر لە فەحس دەرچوو دەدرێت بە خەڵك بۆ خواردن, ئەو گەنمانەی کاتێك دێن بۆ سایلۆ, هەموو ئەو گەنمانە رەقمی سری لێ دەدرێت هی هەر جوتیارێك بێت, دوایی تەقریبەن شەش تا هەشت جیهازمان هەیە, هەر جیهازێك ئیختیصاصێکی تایبەتی خۆی هەیە, ئەو گەنمانە هەموو فەحس دەکات, ئینجا رەقمی لەسەر دادەنرێت تەشخیص دەکرێت, ئینجا ئەوەی بۆ خواردنیشە, تەبعەن سێ جۆر گەنمی ئەساسیمان هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئەو بەڕێزە مەبەستی هەموو مەواد غیزائیەك بوو, نەك تەنها گەنم, بۆ مەعلوماتی جەنابت.

**بەڕێز محمد رووف محمد (وەزیری بازرگانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر کوالێتی کۆنترۆل بە شێوە گشتیەکەی گوتم بکەین, دەبێت چاوەرێ بکەین تا وەزارەتی پلاندانان سیستەمەکە و موئەسەسەکە دادەمەزرێنێت, چ ئەرکێك بکەوێتە ئەستۆی ئێمە ئەنجامی دەدەین, ئەوە وەڵامی پێشنیارەکان بوو, بەڵام ئەگەر لێم وەربگرن دوو پێشنیارم هەیە لەسەر مەهامی وەزارەت, دوو شتی زۆر زەروورییە, تەبعەن یەکێکیان باسم کردووە, ئەوە زۆر موشکیلە نییە, دەکرێت مەهامی ئێمە بێت, دەکرێت پەرلەمانیش لیژنەی قانونی بگرێتە ئەستۆ, مەسەلەیەکی موهیمە تەبعەن, مەشروعی قانونی تجارەی ئەلیکترۆنی, تجارەی ئەلیکترۆنی گەورەترین تجارەتە دەبوایە لێرە بنووسرایە تەبعەن, لە عێراقدا قانونی بۆ دانەنراوە لە کوردستانیش نیەتی, پێویستە هەیبێت, چونکە تجارەی ئەلیکترۆنی تەلەفۆن و ئەنتەرنێت و هەر شتێك هەیە مونافەسەی نەوت دەکات لە عەلەمدا, ئەوە دەبێت بە قانون زەبت بکرێت, چونکە ئێستا مەسەلەن سێ دەزگای مۆبایل لە کوردستاندا هەیە, لەوانەیە لە چەند ساڵی ئایندە ببێتە چوار و پێنج و شەش, گەورەترین مەصدەرە بۆ کەرتی تایبەت و بۆ حکومەتیش لە رێی رسومات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

کاك محەمەد ئەگەر ئیجازە بدەیت, بەنیسبەت شتی تازە, ئێمە ئەو مەشروعە تەماشا دەکەین, کە بە رەسمی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان دێت و, لیژنەی قانونیش دیراسەتی کردووە, ئەوە مولاحەزاتی

لەسەرە, ئەگەر شتێكی تازە هەبێتن, پێویستە بگەڕێتەوە بە مەشروع بۆمان بێت, یان لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئیمزا بكەن و بۆمان تەقدیم بكەن, ئەویش دەبێت لیژنەی یاسایی ببینێت, موباشر شتێكی تازە لەناو پەرلەمان تەقدیم بكرێت, ببێتە مەشروع تەصویتی لەسەر بكەین, ئەوە نابێت, تكایە ئەگەر شتی تازەت هەیە داوا بكە بە ڕێگەی قانونی بۆمان بێت هەمواری بكەین بۆ جەنابت, زۆر سوپاس, كاكە حەمە ناوی نووسرا بوو لەبیرمان كرد, مولاحەزەیەكی هەبوو, ئەگەر مولاحەزەكەی نەگوتراوە, بیڵێت و پاشان جەنابی وەزیریش وەڵامی بداتەوە لەسەر مولاحەزەكە, تكایە فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو مولاحەزانەی من دەمویست باسی بكەم, زۆربەی زۆری برادەران باسیان كرد, جەنابی وەزیریش زۆری باس كرد, مولاحەزەكەی من ئەوە بوو چاودێری ئەو شتانەی دێتە كوردستان, یان بەرهەمە تایبەتیەكانی, مەسەلەی بانكەكان و سیستەمی بانكەكانی باس كرد, من مەبەستم فەرعی بانكەكان بوو, نەك تەنها بانكی تجارە و, بانكی زراعە و, بانكی فلان و ئەوانە هەوڵ بدرێت بۆی, مومكینە عیلاقەی بە هەندێ وەزارەتیشەوە بێت, مەسەلەی سایلۆكان باس كراوە مولاحەزاتم هەبوو, مەسەلەی بەرهەمی داخیلیش, ئێستا جلی كوردی لە چین دەدورێت هی ئێرە هەرزانترە وەك لەوێ, قوماشی هەورامی دروست دەكرێتن لێرە هەرزانترە وەك لەوێ, یەعنی ئەوانە كۆمەڵە شتێك هەنە ئێستا لە دەرەوە دێنە كوردستان لەوە هەرزانترە, یەعنی مەسەلەن ئەوانەش حەدد و حدودی بۆ دابنرێت, تەقریبەن هی من هەر ئەو مولاحەزاتانە بوون باسیان بكەم, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

سوپاس, لیژنە یاسایی ئەو پێشنیارانەی كە كرا كامی بە پەسند دەزانن وەریبگرن و ئاگادارمان بكەنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسە زۆر كرا و مولاحەزاتیش زۆر درا و جەنابی وەزیریش قسەی زۆری كرد, بەنیسبەت لیژنەی قانونی ئێمە هەروەكو لە راپۆرتەكەدا نووسراوە تەشجیعی ئەو فەقەرەیە دەكەین, كە جەنابی وەزیر پێشنیاری كرد بەنیسبەت تەشجیعی شەریكاتی قیتاعی مەصرەفی و شەریكاتی تەئمین و هەتا دوایی, راستە خۆی بنوك عایدی وەزارەتی داراییە, بەڵام تەشجیعیەكە ناكە بەڕاستی, هەروەكو جەنابی وەزیریش ئیشارەتی پێدا لە قانونی ئیستیسمار پێویستی بەو مەسەلانە دەبێت بەڕاستی, بۆیە لەوانەی وەزارەت نەتوانێت بەنیسبەت تەشجیعی ئیستیسماری هیچ بكات, ئەوە خاڵی یەك.

خاڵی دووەم/ بەنیسبەت خاڵی هەشتەم كە كاك دلێر ئیشارەتی پێدا, دەڵێت دەبێت دەستووریشی تێدا بنووسرێت (القوانین والدستور) ئیزافە بكرێت, بە تەئكید ئەو قەوانینانەی كە دەردەچێت, دەبێت لەگەڵ دەستوور یەك بێت, نەوەكو نابێت ئەو قەوانینە, ئێمە رەچاوی ئەو خاڵە دەكەین, وەئیلا ناكات مەسەلەی

دەستوور لە هەموو قانونێك ئێمە ئیعادەی بكەینەوە, ئەو قانونەی كە دەریدەكەین دەبێت دەستووری بێت و وا بێت.

بەنیسبەت ئیتیفاقی دەولی بەڕاستی ئێمە لە وەزارەتێكی تر ئەو موناقەشانە كرا, بەنیسبەت ئیتیفاقیاتی دەولی كە لە مادده هەشت هاتووە بەڕاستی ئێمە پێمان وایە ئیتیفاقاتی دەولی دیسان تەئكید دەكەین لە زمنی سەلاحیاتی حەسری سولتەی ئیتیحادییە, لە زمنی سەلاحیاتی هەرێم نییە.

سەبارەت بەوەی كاك ئارام باسی كرد, ئێمەش تەئیدی ئەوە دەكەین, كە ئیقتیصادی حور بێتە ناو مەسەلەكان.

موراقەبەی ئیستیراد, تەئیدی موراقەبەی ئیستیراد دەكەین, لە هەمان كاتدا تەئیدی حیمایەی موستەهلیك دەكەین كە كاك دلێر ئیشارەتی پێدا, كە ببێتە فەقەرە (13) لە ماددەی ناوبراو, ئێمە بە موختەسەری تەئیدی ئەو فەقەرانە دەكەین, دواییش رەئی ئێوەی بەڕێز و ئەندامانی پەرلەمانە, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

بەڕێزان ئێستا ئەو پێشنیارانەی كە كران و لیژنەی یاسایی پەسند كرد لەگەڵ ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, سوپاس, تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: تتشكل الوزارة من:

اولا:الوزير:هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون.

ثانيا:وكيل الوزارة:يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه, على ان يكون حاصلا على شهادة جامعية أولية.

ثالثا:مكتب الوزير:يراسه موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

رابعا:مكتب وكيل الوزارة:يديره موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

خامسا:المستشارون:لا يزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الاولية وله خبرة وممارسة.

سادسا:المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية وتتألف من:

أ-مديرية الافراد.

ب-مديرية الادارة.

ج-مديرية الشؤون المالية.

د-مديرية الرقابة والتدقيق الداخلي.

هـ-مديرية الشؤون القانونية.

و-مديرية التخطيط والمتابعة.

سابعا:المديرية العامة لتسجيل الشركات.

ثامنا:المديرية العامة للتجارة.

بەڕێز كريم بحرى عبدالله:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ماددەی چوارەم : وەزارەت لەمانە پێك دێت:

یەكـەم: وەزیـر: سـەرۆكی بـالآی وەزارەتەكەیـە، بەرپرسیشـە لـە كاروبارەكـان و ئاڕاسـتەكردنی سیاسـەتی وەزارەتەكـەی و، هـەموو بڕیـارو فـەرمان ورێنماییگـەلێك كـە پێوەنـدییان بـە كـار و فرمـان و پێكهاتـەو دەسـترۆییەكان و كاروبـاری دیكـەی هونـەری ودارایـی وئیـداری ورێكخسـتنی وەزارەتەكـەوە هەیـە، بـەپێی حوكمەكانی یاسا، ئەم یاسایە لە وەزیرەوە دەردەچێ. خۆشی سەرپەرشتی دەكات.

دووەم:بریكاری وەزارەت: لـە چوار چێوەی دەسـەلآتانەدا كـە پێـی دەسـپێردرێ یاریـدەی وەزیـر دەدات ، لـە رێنمایی كردنی وەزارەتەكە و سەرپەرشتی كردنی.

سـێیەم: نووسـینگەی وەزیـر: فرمانبـەرێك سـەرۆكایەتی دەكـا، بڕوانامـەی زانكـۆیی هـەبێ، ژمارەیێـك فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

چوارەم: نووسینگەی بریكاری وەزارەت: فرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكا، بڕوانامەی زانكۆی هەبێ، ژمارەیێك فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

پێنجەم: راوێژپێكراوەكان: ژمارەیان لە چواركەس زیاتر نابێ و، مەرجیشـە بڕوانامـەی زانكۆیـان هـەبێ و، شارەزاو كاراش (ممارس)بن.

شەشەم-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی كاروباری ئیداری ودارایی: لەمانە پێك دێت:

أ- بەڕێوەبەرایەتی تاكەكان و كارمەندان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی كارگێڕی.

ج- بەڕێوەبەرایەتی كاروباری دارایی.

د- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری لێوردبوونەوەی ناوخۆیی.

هـ- بەڕێوبەرایەتی كاروباری یاسایی.

و- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوون.

حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تۆماركردنی كۆمپانیاكان.

هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بازرگانی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی ماددەی چوارەمی پرۆژەکەیەوە, ئەوە لیژنە ئەمانەی خوارەوە پێشنیاز دەکات:

1-دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەکە, بەم شێوەیەی خوارەوە:

(وەزیر: سەرۆکی باڵاو بەرپرسی ئیش و کار و ئاراستە کردنی سیاسەت و سەرپەرشتی و ریقابە کردنی وەزارەتەکەیە, هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییگەلێکیش پێوەندییان بە ئەرك و فەرمان و پێکهاتەو سەلاحییات و کاروباری دیکەی هونەری و دارایی و ئیداری و ڕێکخستنی وەزارەتەکەوە هەیە, بەپێی حوکمەکانی یاسا, لە وەزیرەوە دەردەچێ, وەزیر لە بەردەمی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا بەرپرس دەبێ, چونکە خۆشی ئەندامێکی هاوکاری ئەنجومەنی وەزیرانە).

2- رستەی (مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ) لە بڕگەی (دووەم) لابرێ, چونکە ئەوە بە دەقێکی یاسایی چارەسەر کراوە.

3- رستەی (بە پلەی بەڕێوەبەر) یەکسەر دوای وشەی (فەرمانبەر) لە هەردوو بڕگەی (سێیەم, چوارەم)دا زیاد بکرێت.

4- بڕگەی (شەشەم) بەم شێوەیە دابڕێژرێ: (بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری ئیداری و دارایی). دانەی بەڕێوەبەرایەتیەکانیشی لە بڕگەکە لا بدرێن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ڕای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی و ئابووری هیچ تێبینیەکی نییە لەسەر ماددەی چوارەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکەن, فەرمووو با ناویان بنووسین.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان سورەتێکی وازیحیان هەبێت لە مەسەلەکە, ئەوەی کە لیژنەی قانونی دەست نیشانی کردووە, ئیعادەی صیاغە دەکاتەوە بەنیسبەت تەعریفی وەزیر و دەسەڵاتەکانی وەزیر, وەکو وەزارەتەکانی تر.

خاڵی دوو/ مودیر ئیزافە کراوە بەنیسبەت مەکتەبی وەزیر دەرجەکەی دەبێت مودیر بێت.

خاڵی سێ/ بەنیسبەت وەكیل وەزیر (ان یكون حاصلا علی شهادة جامعیة اولیة)، ئەوە بە نەصێكی تەشریعی چارەسەری بۆ كراوە، پێویست ناكات لێرە دووبارە بێتەوە.

خاڵی پێنجەمیش/موفرەداتی مودیریە عامە بۆ كاروباری دارایی و ئیداری، بە ئیتیفاق لەگەڵ جەنابی وەزیر لەغومان كردووە، چونكە دەسەڵات دراوەتە هەیكلی تەنزیمی بەخۆی دابمەزرێنێ بە نیزام و ئیستیحداسی مودیریات و ئیلغا و دەمج دەسەڵاتی پێدراوە، بۆیە ویستمان وەكو وەزارەتەكانی تر نەسق وەربگرین، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

تەنها دوو كەس دەیانەوێت قسە بكەن، كاك رەشاد و كاك عیزەدین، فەرموو كاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پێكهاتەی وەزارەت، ئەو وەزارەتە بەشێكی زۆر گەورەی بەخۆیەوە گرتووە، ئەویش مودیریەی عامە تجارەیە، پێشنیار دەكەم بكرێتە دوو مودیریە عامە تجارەی داخیلی و خارجی، لەبەر ئەوەی چەند شەریكەیەك هەیە، ئەگەر ئەمڕۆش نەبێت لە ئایندەدا حەتمەن بەكار دەكەوێت یەك لەوانەش شەریكەی عامەی سەیارات، كە زۆر زۆر زەروورییە ئێستا ببوژێتەوە، یان بودجەی بۆ دابنرێت، یان وەكو پێشتر وەزارەتی تجاری بەغدا سەیارەیان بۆ شەریكات دەفرۆشت بە عمولەیەكی موحەدەد دەبووە ئیراد بۆ وەزارەت، ئەوەش لە ئایندەدا دەكرێت داوا بكرێت بودجەی بۆ دابنرێت و ئەو تجارەتە بكرێت لە كوردستان، چەند شەریكاتی تر هەیە مەوادی ئینشائی بەخۆیەوە وەردەگرێت ئەجهیزەی تر هەبوو، ئەوانە دیراسەتێكی جوانی بۆ بكەن، بووژاندنەوەی ئەسواقی مەركەزی زۆر زۆر پێویستە، هەر نەبێت كەرتی فەرمانبەران ئیستیفادەی لێ دەكەن، دوایش دەبێتە موناقەسەیەك بەرامبەر بە بازاڕ نەوعیەتی ئەو كارانەی كە دێت نەوعیەتی باش دێتن لە موناقیسی خۆیان وەزارەت دەتوانێت ئیتیفاق بكات لەگەڵیان ئەو شتانە بێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

كاك عیزەدین فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە وەزارەتەكانی تر ئێمە دوو خاڵمان زیاد كردووە، بەڵام لێرەدا نییە، ئەوە سەبارەت بە سەڵاحیاتی وەزیر، لەدواییدا (وله تخویل بعض صلاحیاته لوكیل الوزارة والمدراء العامین ومن یراه مناسباً) ئەوە لێرە نییە، لە وەزارەتی تر ئیزافەمان كردووە، ئەوە یەك.

دووەم/ سەبارەت بە وەكیلی وەزارەت (ان یكون حاصلاً علی شهادة جامعیة اولیة تخصوصیة)ش، ئەوەش ئیزافەمان كرد بوو لە وەزارەتەكانی تر، هەردووكیان لێرەدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

دكتۆرە هالە فەرمووو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مـن تـەنها پرسـیارێكم هەیـە لـە جـەنابی وەزیـر (دائـرة السـیطرة النوعیـة والتقـیس)، ئـەوە هەیـە لـە مودیریەتـەكان، ئەگـەر هەشـبێت كـام مودیریەتـە؟ ئـەو وەزارەتـەش مەجلیسـی ئیستیشـاری نییـە وەكـو وەزارەتەكانی تر، ئەگەر وەڵاممان بداتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

بەڕێز جەنابی وەزیر.

**بەڕێز محمد رووٴف محمد (وەزیری بازرگانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ قسەیەكم نییە دەستیان خۆشت بێت، بەنیسبەت پێشنیاری ئەوانەی كۆمەڵێك بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی بازرگانی تر هەیە، بكرێت بە دوو بەش كۆمەڵێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تر دابمـەزرێ، ئێمـە ئـەم داخیلـی و خارجییەمان پێشنیار كـرد بـوو، سـەرۆكایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران لایـان بـرد، گوتیـان تەرشـیقی ئیـداری دەكـەین لـە وەزارەتـدا، بەتایبـەتی هەنـدێ وەزارەت قـەرەباڵغ نـەكرێت، سـەیتەرەی نـەوعی ئێمـە رەقابـەی تجاریمان هەیە هەردووك یەك شت دەكات لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

لیژنـەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمـەش لەگـەڵ دامەزرانـدین مودیریـاتی عـام نـین، چـونكە تـەقلیص كـراوەو ئێمـەش بـەرەو تەقلیصـی مودیریات و دامودەزگاكان دەڕۆین، بۆیە ئێمەش تەئیدی جەنابی وەزیر دەكەین لەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

لیژنـەی دارایی.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بەڕاستی تێبینیەكانمان زیاتر لایەنی ئیداری و قانونی نەگرتۆتەوە، ئێمە لە تێبینیەكانماندا هـەوڵمان داوە جەخت بكەینە سەر لایەنی دارایی و ئابووری، جگە لەوەی بەڕاستی من تێبنی دەكـەم ئەگـەر رێـم پـێ بدەن، هەندێ بابەت هەیە پەیوەندی هەیە بەسەر مەسەلەی نەزەری و تێڕوانینەوە بۆ مەسەلەكان، لێرەدا هەندێك شت هەیە زۆر بە هەڵە سەیر دەكرێت، بۆ نموونە بـەڕێز جـەنابی وەزیـر باسـی كۆنـترۆڵی بـازاڕ و

سەیتەرەی نـەوعی وەك یـەك شت تەماشا دەكات, ئەمـە دوو شتی زۆر زۆر جیاوازە مامۆستا, جگـە لـەوە بەڕاستی تەماشایەكمان هەیە, تێڕوانینێكمان هەیە, كە ئێمە لە سیستەمێكی ئابووری سۆسیالیستی هاتووین بـۆ سیستەمێكی ئـابووری كەپیتالیستی, ئەمـە هەڵەیـەكی زانستی زۆر زۆر گـەورەو قەبەیـە, ئەمـە هیـچ زانستێك و هیچ بیرو باوەڕێكی زانستی ئەمەی قەبول نییە, ئـەم تێڕوانینـەی هەڵەی ئێمـە كێشـەیەكی بـۆ دروست كـردووین, كـە هـەموو ئـەو هەنگاوانـەی دەنـێین بـەناوی زانستی راست نییـەو لـە كۆتاییـدا بـەرەو دەرئەنجامێكی غەڵەتمان دەبات, ئێمە وا تەسەور دەكەین كە ئەو سیستەمەی كـە صـەددام حوسـێن پیـادەی كردووە, سیستەمێكی سۆسیالیستی بووە, لە راستیدا لە عێراقدا دەوڵەت نەبووە, دەوڵەت عیبارەت بـووە لـە حیزبی بەعس, حزبی بەعسیش عیبارەت بووە لـە سـەددام حوسـێن, لەبـەر ئـەوە هەرچی شت لـەو ولأتـە كراوە لە بەرژەوەندی بەعس و سەددام و بنەماڵەكەیاندا بووە, ئەمە زۆر زۆر دوورە بە تێڕوانینی تیۆرییدا و زانستییەوە بۆ سۆسیالیزم, لەبەر ئەوە بوونی كۆمەڵێك دامودەزگای گشتی سەر بـە دەوڵـەت مانـای ئـەوە نییە ئەو سیستەمە سەرمایەدارییە, هەر بۆ نموونـە مـن لێـرە دەیهێنمـەوە واتـا سـەرمایە پێشكەوتووەكانە لەولأتە یەكگرتوەكانی ئەمریكاوە تا دەگاتە ژاپۆن و سوید و ولأتانی تری سەرمایەداری, دەوڵەت راسـتەوخۆ دەچێتە نـاو بەرهـەمهێنان و بازرگـانی و دابـەش كردنـەوە, ئەمـە مانـای ئـەوە نییـە ولأتـە یـەكگرتووەكانی ئەمریكا سۆسیالیستیە, ولأتە یەكگرتووەكان ئەمریكا سالأنە بە هەزار تەن فرێ دەداتە دەریـاوە, بـۆ ئـەوەی پارێزگاری لە نرخی گەنم بكات و, پارێزگاری لە بەرهەمهێنـەرەكانی خـۆی بكـات, ئەمـە بـۆ ئـەو ناكـات بـە سۆسیالیستی, بەلأم ئەگەر حكومەتی هەرێمی كوردستان یاسایەك دەربكات لـە وەزارەتـی بازرگـانی بەنـدێك ئیزافـە بكرێـت, بـۆ ئـەوەی پارێزگـاری لـە بەرهەمهێنـەری نـاوخۆیی و جوتیارەكـان و خـاوەن كارگەیـەكی نێوخۆیی بكات, بۆ پارێزگـار كردنـی كەلوپەلەكـەی ئـیتر دەبێـت بـە سۆسیالیستی و لـە یاسـای نێودەوڵـەتی لایـداوە, لەبـەر ئـەوە بەداخـەوە, ئێمـە تێبینیمـان هەیـە لەسـەر تێبینیـەكان بەڕاسـتی, سـەیتەرەی نـەوعی شتێكی ترە, راستە دامودەزگایەكی دابنرێت بۆ سەیتەرەی نەوعی, بەڕێز.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

داوا لە لیژنەی دارایی دەكەین پێشنیارەكەی خۆی تەحدید بكاتن, بۆ ئـەوەی لیژنـەی یاسـایی رەئـی لەسـەر بدات.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیارێمان نییە, ئێمە تێبینیمان هەیە لەسەر وەلأمەكەی بەڕێز وەزیـر سەبارەت بەوەی سـەیتەرەی نەوعی و.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

تكایە ئەگەر پێشنیار نییە, جەنابی وەزیر كەرم بكە.

**بەڕێز محمد رووف محمد (وەزیری بازرگانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خوشکە بەڕێزە پرسیاری کرد گوتی هەتانە, یان نییە, منیش وەڵامم داوە گوتم سەیتەرەی نەوعیمان نییە, نەوەکو مودیریەت, نەوەکو دەزگا, تەنها وەکو رەقابەی تجاریمان هەیە, ئەگەر پێشنیارە بۆ دامەزراندن ئەوە موناقەشەی دەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت دەزگای تەقیس و سەیتەرەی نەوعی ئێمە دەتوانین دەزگایەکی عاممان داناوە, بۆ هەموو هەرێم بەڕاستی وابزانم ئەگەر غەڵەت نەبم لە وەزارەتی پلانـدانان ئەو دەزگایە هات, بۆیە ئەوە شمولی هەموو هەرێم دەکات, پێویست ناکات لە هەموو وەزارەتێك, ئێمە دەزگایەك, یان مودیریەتێك دانێین بەنیسبەت تەقیس و سەیتەرەی نەوعی, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

بەڕێزان ئێستا ماددەکە لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەخەینە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, سوپاس, ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل و خارج الاقليم للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليه للمدة التي تراها مناسبا وذلك لغرض تحقيق اهداف الوزارة وتحدد حقوقهم والتزاماتهم من قبل الوزير وبعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم : وەزیر، بۆی هەیە، دوای وەرگرتنی رەزامەندیی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران گرێبەستی لەگەڵ کەسانی سروشتی و کەسانی مەعنەویدا بۆ ماوەیەك کە خۆی بە لەباری بزانێ لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا بکات, کە شارەزایی و پسپۆڕیان هەبێ بۆ راپەڕاندنی ئەرك و فرمانێك کە پێیان دەسپێردرێ بە مەبەستی وەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت.

ماف و ئیلتزاماتیشیان لە لایەن وەزیرەوە دیار دەکرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

رای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ شتێكمان سەبارەت بە ماددەی پێنجەم نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

رای لیژنەی یاسایی بەكوردی و عەرەبی.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حەوتەم: هەرچی ماددەی پێنجەمی پرۆژەكەیە, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەكات لا ببرێ, چونكە خۆی لە خۆیدا تەواو بووە, سەلاحییاتی وەزیرە, بەپێی یاسا, ئامانجەكانی وەزارەتەكە بێنێتەدی.

أما بالنسبة للمادة الخامسة: تقترح اللجنة إلغاءها لان ذلك تحصيل حاصل ومن صلاحيات الوزير قانوناً لتحقيق أهداف الوزارة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

ئەندامە بەڕێزەكان دەیانەوێت قسە بكەن, ناویان بنووسم, كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەك تێبینیم هەیە بەنیسبەت ئەو عقودەی كە دەكرێت داخیل و خارج, پێم وایە جیا بكرێتەوە باشترە, بۆ ئەوەی جەنابی وەزیر برێك دەستی كراوە بێت, هەموو شتەكان بە موافەقە بێت تەعقیدات پەیدا دەكات, ئەو فەقەرەیە بكرێتە دوو بەش, (أوب) ئەوەی داخیلیە زمنی سەلاحیاتی خۆی بێت, ئەوەی خارجییە لە موافەقەی مەجلیسی وەزەرا بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

دكتۆر ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پیشتگری بۆچوونەكەی لیژنەی یاسایی دەكەم, لەوانەیە بۆ تەئكید كردن بێت, لەگەڵ رێزمدا, لەوانەیە ماددەكانی كەم بێت, ئەگەرنا پێویست بەو ماددەیە ناكات, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ڕەئی لیژنەی یاسایی زۆر صائیبە, چونکە لە ماددەی دوو لە ئەهدافی وەزارەت ئەو باسە هاتووە, بەخۆی ئەوە تەحصیل حاصلە هەر لە ئیشەکانی وەزیری بەڕێز خۆیەتی, من پێم وایە لەگەڵ ڕای لیژنەی یاسایی ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت, چونکە زیادە, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

کاك فەرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ڕەئی کاك ڕەشادم بەنیسبەت تەعاقود لەگەڵ خەبیرەکان, چونکە وەزارەتی شەخصیەی مەعنەوی خۆی هەیە, یەك لە موقەویماتی شەخصیەی مەعنەوی خۆی تەعاقودی هەبێتن, وەزیریش مەفروزە هەندێك سەلاّحیاتی هەبێتن, چ دەمێنێتن, لەوانەیە مەجلیسی وەزیران سەلاّحیاتی مەبلەغەکەی بۆ تەحدید بکات, لێرە لەگەڵ خەبیرەکانە, نەك لەگەڵ شەریکات, بە ڕەئی من ئەوەی داخیلی با سەلاّحیاتی وەزیر بێت, ئەوەی خەبیری ئەجنەبی بێتن دوور نییە, هەندێك شتی تر لەناو مەوزوع بێتن, با بە موافەقەی مەجلیسی وەزیران بێتن, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم سورەتێکی وازیحیان هەبێتن, ئەوە عەقدێکی موقاوەلە نییە, عەقدێك نییە لەگەڵ شەریکەیەك, ئەوە عەقدێکە بۆ هێنانی خەبیرەکان, تەعاقودێکە بۆ ئیستیفادە لەو خەبیرانە, چ لە ناوەوەی هەرێم بێت, چ لە دەرەوەی هەرێم, بە قەناعەتی ئێمە مادام وەزیر شەخصیەی مەعنەوی خۆی هەیە, سەلاّحیاتی مالی و ئیداری هەیە, ئەوە لە زمنی سەلاّحیاتی ئیدارییە, کە تەعاقود بکات یەکێك بێنێت بیکاتە خەبیر, یان یەکێکی بێنێت بیکاتە موستەشار, چ لە ناوەوە بێت, چ لە دەرەوە بێت, ئەگەر لە دەرەوە بێت ئیمکان هەیە بەواستەی ئەنجومەنی وەزیران بێت, لە ناوەوەش بێت بەخۆی تەعاقودی لەگەڵ دەکات, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

تکایە نەصەکە بەتەواوی بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الخامسة:**

**للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل و خارج الاقليم للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليه للمدة التي تراها مناسبا وذلك لغرض تحقيق اهداف الوزارة وتحدد حقوقهم والتزاماتهم من قبل الوزير وبعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

**فەرموو.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لێرەدا لەو ماددەیە باسی شەخسی مەعنەوی و تەبیعی دەکات لە ناوەوەو لە دەرەوەی هەرێم, واتا ئەو شەخسەی کە تەعاقودی لەگەڵ دەکرێت, ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم لەوانەیە بیانیش بێتن, شەریکاتی بیانی هەیە, کەسانی بیانی هەیە لە ناوەوەی هەرێمن, باس لە کەسەکان ناکاتن, بیانی بن, یان خۆماڵی بن, باس لەوە دەکاتن لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم بن, لەوانەیە لەناوەوەی هەرێم بێتن, بەڵام بیانی بێتن, بۆیە پێویستە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی لەگەڵدا بێتن, سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

**ئێستا دوو ڕەئی هەنە, ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی پێشنیاری تازەی.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**کاک شێروان وا دیاری کرد ئەوەی لە ناوەوەی هەرێم بێتن حەقی جەنابی وەزیر هەیە تەعاقودی لەگەڵدا بکات, کاک کەریم ڕەئیەکی موناقیزیدا, بە ڕەئی من با لیژنەی قانونی تەوحیدی ڕەئی خۆی بکات, من پێشنیارم ئەوەیە ئەوەی ناو هەرێم بێتن قەصدم هاووڵاتی بێتن وەزیر بۆی هەیە تەعاقودی لەگەڵدا بکاتن وەك خەبیر, تەبعەن وەزارەتەکانی تریش هەر وا بوو, حەقی هێنانی خەبیرێکیان هەبوو بۆ مەجلیسی ئیستیشاری, ئەوەش نەفسی شتە, ئەوەی ئەجنەبی بێت من دەڵێم دەوری جەوانبی ئەمنی و ئیداری تێدا بێتن, با بە موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت, بەس پێش ئەوەی ئەوە بکەین, با لیژنەی قانونی تەوحیدی ڕەئی خۆی بکاتن.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

**کاک شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەناو راپۆرتەکە هەمووومان رەئیمان موەحەدە, رەنگە کاك کەریم ئەوەی تەفسیر کرد بەشێوەیەکی تر, بەس رەئی رەسمی رەئی راپۆرتەکەیە هەمووومان پەسندمان کردووە, ئێمە لەگەڵ ئەوە داین ئەوە لە دەسەڵاتی وەزیرە, ئیمکان هەیە دەسەڵاتی خۆی بەکار بێنێتن, شەخسیەتی مەعنەوی موستەقیل هەیە, ئیستیقلالی مالی و ئیداری هەیە, پێمان وایە لە زمنی دەسەڵاتی وەزیرە, ئێمە لەگەڵ ئیلغای ئەو ماددەینە, دوایی رەئیش رەئی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزە, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئی من لەگەڵ رەئی لیژنەی قانونی دایە, من تەنها روونم کردەوە, کاك فەرسەت باسی ئەوە دەکاتن هی ناوەوە کە تەعاقودی لەگەڵ دەکرێتن بەس لە سەلاحیاتی وەزیر خۆیەتی, من دەڵێم مەرج نییە هی ناوەوە خەبیری خۆماڵی بێتن, یان خەڵکی هەرێمی کوردستان بێتن, لەوانەیە خەبیرەکە بیانیش بێتن, بۆیە دەبێت رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی لەگەڵدا بێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئێستا ئەمە وازیحە, ئەوەی ئەجنەبی بێتن سەلاحیەتەکەی جۆرە نەوعێك دەبێتن, بەلام ئەگەر هاوولاتی بێت شێوەیەکی تر دەبێتن, ئەگەر پێشنیارەکە بەو شێوەیە دابڕێژێ, سوپاس.

لیژنەی یاسایی ئاخیر رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە رەئیمان گوتوە, ئێمە لەگەڵ رەئیەکەی خۆمانین, ئێمە لەگەڵ ئەوە داین لە زمنی دەسەلاتی وەزیر بێت, دووبارە تەئکید دەکەمەوە با رەئی ئێمە بدرێتە دەنگدان, ئەگەر دەنگی هێنا بەخێر بێن, ئەگەر دەنگیشی نەهێنا هەر بەخێر بێن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز محمد رؤوف محمد (وەزیری بازرگانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من رای خۆم لەسەر ئەوەیە ئەو ماددەیە بمێنێت, چونکە وەکو هەندێ ماددە نییە بە تەکمیلە بکرێت, یان تەفسیر بکرێت, موتەزەمین بکرێت لە ماددەیەکی تردا, مانەوەی زەرووورە ئەگەر بشکرێت بەو

دوو فەرعەوە شتێکی باشە, چونکە ئەمە مەسەلەیەکی قانونییە, ئەگەر ئەو سەلاحیاتە بە وەزیر بدرێت ئاسانتر دەبێت ئەو عەقدانە بکات, بەلام ئەگەر نەدرێت دەبێت بۆ هەموو عەقدێك گەورە بێت, یان بچووك بێت موراجەعەی ئەنجومەنی وەزیران بکات, بکرێت بە دوو بەش داخیلی و خارجی خراپ نییە, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئێستا دەخەینە دەنگدانەوە, رەئی پێشنیاری لیژنەی قانونی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییەی دەست نیشانی کردووە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ دووبارە لیژنەی یاسایی بخوێنەوە, بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەلێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی تێناگەم ئێوە سێ چوار رۆژ پێش ئێستا هەمان ئەو پێشنیارەی کاك فەرسەت لە موناقەشەی پرۆژە یاسای سەرچاوە ئاویەکان ئەو پێشنیارەمان تەبەنی کرد, دەکرێت لە وەزارەتێك بە نەوعێك ئیقرار بکەین و لە وەزارەتێکی تر بە نەوعێکی تر, یەعنی ئێمە لە وەزارەتی سەرچاوە ئاویەکان وامان پێشنیار کرد ئەوانەی ناوەخۆن و لە ولاتی ئێرەن لە سەلاحیاتی وەزیرە, ئەوانەی بیانین لە سەلاحیاتی ئەنجومەنی وەزیرانە, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من ئەو پێشنیارەی ئێمە دامانناوە, بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی رێك و پێك بدرێتە دەنگدان, ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەوە ئێمە لە خالی دووەم پێشنارێك دابڕێژین بکەین بە دوو فەقەرە, وەکو ئێوەی بەڕێز عەرزتان کردووە, ئەوە بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

پێشنیارەکە جارێکی تر بخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر** مصطفی:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچی ماددەی پێنجەمی پرۆژەکەیە, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات لا ببرێ, چونکە خۆی لە خۆیدا تەواو بووە, سەلاحییاتی وەزیرە, بەپێی یاسا, ئامانجەکانی وەزارەتەکە بێنێتەدی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئێستا پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەخەینە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

يحدد مهام اعمال وتشكيلات الوزارة بنظام.

**بەڕێز کريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم:

ئەرك و فرمانەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پەیڕەوی ناوخۆ دیار دەکرێن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

رای ليژنەی ياسايی.

**بەڕێز عبدالکريم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچی ماددەی (شەشەم و حەوتەمە), ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات بکرێن بە دوو بڕگە لە یەك ماددەداو, بڕگەیەکی تریشی بۆ زیاد بکرێ, بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

یەکەم: ئەرکو فرمان و ئیشە تایبەتەکانی پێکهاتەی وەزارەتەکە بەپێرۆ دیار دەکرێن.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە رێنماییگەلی پێویست بۆ ئاسانی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش, یان هۆبە, لە پێکهاتەی وەزارەتەکەدا بەپێی پێداویستی ئیش و کار بکاتەوە, یان یەکیان بخات, یان ئیلغایان بکات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

رای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقی شاوەيس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز محمد رووف محمد (وەزیری بازرگانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

**ئەندامە بەڕێزەكان ئەوانەی دەیانەوێت قسەی لەسەر بكەن, فەرمووو كاكە.**

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بە رەئی من ئەو پرۆژەیە زۆری لە نیزام داخیلەیەكەیە, وەزیر دەسەلاًتەكەی ئەوەیە, دەستەلاًتی وەزیرە, جاری پێشوو باسمان كردووە, یەعنی هەندێكی هەروەكو نیزام داخیلەیەكە هاتووە, هەمموو كەس دەزانێت دەسەلاًتی وەزیر زیاتر لەسەر ئەوە تەئكید دەكاتەوە, دەبوایە ئەوەی پێشتر باس كراوە, یان لە وەزارەتێك باس كراوە, پێویست ناكات هەمموو كاتێك دووبارە بكەینەوە, شتەكە لە نیزام داخیلیەكە هاتووە, بۆیە من تەنها ئەو مولاحەزەیەم هەبوو, سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

**لیژنەی قانونی جارێكی تر پێشنیارەكە بخوێنەوە.**

بەڕێز **عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**هەرچی ماددەی (شەشەم و حەوتەمە), ئەوە لیژنە پێشنیاز دەكات بكرێن بە دوو بڕگە لە یەك ماددەداو, بڕگەیەكی تریشی بۆ زیاد بكرێ, بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:**

**یەكەم: ئەركو فرمان و ئیشە تایبەتەكانی پێكهاتەی وەزارەتەكە بەپێڕۆ دیار دەكرێن.**

**دووەم: وەزیر بۆی هەیە رێنماییگەلی پێویست بۆ ئاسانی جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.**

**سێیەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش, یان هۆبە, لە پێكهاتەی وەزارەتەكەدا بەپێی پێداویستی ئیش و كار بكاتەوە, یان یەكیان بخات, یان ئیلغایان بكات.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

**ئێستا ئەو پێشنیارەی لیژنەی قانونی دەخەینە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەكەی تر تكایە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة السابعة:لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.**

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی حەوتەم: هەر دەقێ لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ كاری پێ ناكرێت.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

ڕای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەكمان لەسەر نییە, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

ئێستا ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەكەی تر تكایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:على الوزارات تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم: پێویستە لەسەر وەزیرەكان حكومەكانی ئەم یاسایە بخەنە كار.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

ڕای لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچی ماددەی نۆیەمەوە, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەكات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

(پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەكانیش حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

ڕای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەكمان لەسەر نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

جەنابی وەزیر, ئەندامە بەڕێزەكان, ئێستا پێشنیارەكە دەخەینە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەكەی تر تكایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بلاْوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقی شاوەيس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە لەسەر ئەو ماددەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

جەنابی وەزیر, ئەندامە بەڕێزەکان, کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بزانم لە رۆژی دەرکردنیەوە, نەك لە رۆژی بلاْوکردنەوەی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچی ماددەی دەیەمی پرۆژەکەیە, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

(ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنیەوە کاری پێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاْو دەکرێتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز انور محمد خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بوو بە ماددەی هەشت, نەبوو ماددەی نۆیەم, چونکە ماددەی پێنجەم و حەوتیشمان لابرد.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

خۆیان ئیشارەتیان پێ کرد, ئێستا رەئی لیژنەی یاسایی دەخەینە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الاسباب الموجبة**

**نظراً لاستحداث وزارة التجارة في حكومة اقليم كوردستان وبغية تحديد تشكيلاتها واهدافها ومهامها وفق النهج التشريعي لاقليم كوردستان ولتنظيم نشاطها التجاري على جميع الاصعدة بما يحقق التنمية الاقتصادية في الاقليم فقد اصبح من الضروري تشريع قانون خاص بها ولتحقيق ما تقدم فقد شرع هذا القانون.**

**ئەو ئەسبابی موجیبە لە لیژنەی قانونی صیاغە كراوە, ئەگەر مولاحەزە هەبێت.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لیژنە پێشنیاز دەكات (هۆكارەكانی دانانی) پرۆژەی یاساكە, بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:**

**هۆكارەكانی دانانی ئەم یاسایە**

**لەبەر ئەوەی كە وەزارەتی بازرگانی تازە لە هەرێمی كوردستاندا دانراوەو بۆ ئەوەش كە بەپێی رەوشی یاسایی هەرێمی كوردستان, پێكهاتەو ئامانج و ئەركو فرمانی ئەم وەزارەتە دیار بكرێن و بزاڤ و چالاكیی بازرگانیش لە هەموو مستەوایەكدا رێك بخرێن, بە جۆرێ كە فراژو كردنی (تنمیة)ئابووری لە هەرێمدا وەدەست بێنێ, وا بەزەروور زانرا كە یاسایەكی تایبەتی بۆ دابنرێ, ج بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە, ئەم یاسایە دانرا.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

**ئەندامە بەڕێزەكان كێ مولاحەزەی هەیە لەسەر ئەوە قسە بكات؟ نییە, جەنابی وەزیر مولاحەزەت نییە, نییە, ئێستا هەموو قانونەكە و ئەسبابی موجیبە دەخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, قانونەكە بە كۆی دەنگ وەرگیرا و سوپاس, پیرۆزبایی لە بەڕێز وەزیری بازرگانی دەكەین, ئومێدەوارین یاساكە جێ بەجێ بكەن و كارەكانیان ئەنجام بدەن, ئێستا بۆ ماوەی نیو سەعات ئیسراحەت دەدەین, دوای ئەوە جەنابی وەزیر وتەیەكی هەیە بۆ ئێوەی بەڕێز تكایە لە شوێنی خۆتان دابنیشن, فەرموو.**

**بەڕێز محمد رووف محمد (وەزیری بازرگانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**دەست خۆشی و سوپاسی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمان دەكەین, بۆ ئەو چەند وەختەی زەحمەتتان كێشا بۆ هەموار كردن و بڕیاردان لەسەر ئەو یاسایە.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

**سوپاس و سەركەوتوو بن لە كار, تكایە سەعات (12و15) لێرە حازر بن, بۆ ئەوەی لەگەڵ رێزدار وەزیری پیشەسازی و پرۆژەكەی وەزارەتی پیشەسازی دەست پێ بكەین, سەركەوتوو بن.**

**دانیشتنی دووەم:**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین, بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2006/10/11دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی بازرگانی.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پیشەسازی.

لیژنەی یاسایی و لیژنەی پیشەسازی با کەرم بکەن بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان, قانونی وەزارەتی پیشەسازی دەست پێ دەکەین, بەخێرهاتنی وەزیری پشەسازی, ئومێدەوارین کارەکان بە ڕێکوپێکی بڕوات, لیژنەی یاسایی فەرموو دەست پێ بکەن.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە وەزارەتی پیشەسازی دەخوێنینەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

خاڵی نیزام فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە چەند جارە داوا بکەین, ئێستا لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتی خۆی بە درێژی بە کوردی و عەرەبی دەخوێنێتەوە, جارێکی تر دێن ماددە بە ماددە دەخوێننەوە, وەختێکی زۆر بەفیڕۆ دەڕواتن, ئێمە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هەموو لامانە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

ئێمە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بە کوردی دەخوێنینەوە, ئەوەش یاسایەکە پێویستە ئەندامە بەڕێزەکان بە وردی گوێیان لێ بێت, ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی دەخوێندرێتەوە, بۆ ئاگاداریتان.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم کوردی و عەرەبیەکە نییە, یەعنی مەفروزە ئێستا لیژنەی یاسا ماددەی یەکەم بخوێنێنەوەو بخرێتە موناقەشە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بۆ/سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق**

**ب/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسا لەسەر پرۆژەی یاسای وەزارەتی پیشەسازی هەرێم.**

دوای خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پشەسازیی هەرێمی كوردستان – عێراق, لە پەرلەمان لە رۆژی (2006/7/10)دا, هەواڵەی لیژنەكەمان كرا, لیژنەش دیراسەی كرد و لەگەڵ وەزیری پۆست پێسپێردراوی نوێدا كۆبووەوە, دوای وتووێژو ڕاگۆڕینەوە وا ڕاپۆرت و ڕاسپاردەو پێشنیازی خۆمان دەربارەی پرۆژەكە بە كۆی را وەك ئەمانەی خوارەوە پێشكەش دەكەین:

یەكەم: لیژنەی یاسا تەئیدی پرۆژەی یاساكە دەكات, چونكە ئەم وەزارەتە تازە لە هەرێمدا دانراوە, پێشنیازیش دەكات دیباجەی بۆ دابڕێژێ و ماددەكانی تەبویب بكرێن و بڕگەكانی ڕێك بخرێن و, هەندێ هەموار و ڕاستكردنەوەش لە هەندێ لە بەندەكانیدا بكرێن كە پاشتر لەم ڕاپۆرتەدا دەخرێنە بەرچاو.

دووەم: لیژنە پێشنیاز دەكات, داڕشتنی دیباجەی بەم جۆرەی خوارەوە بێت:

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق**

پشت بە حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (56)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراوو, لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق, ئەنجومەن نیشتمانیی كوردستان – عێراق, لە دانیشتنی ژمارە( )ی ر رۆژی( / /2006)یدا بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

**یاسای ژمارە ()ی ساڵی 2006**

**یاسای وەزارەتی پیشەسازیی هەرێمی كوردستان – عێراق**

سێیەم: دەربارەی ماددەی یەكەم لە ئەسڵی پرۆژەكە, پێشنیاز و ڕاسپاردەی لیژنە ئەمانەی خوارەوەن:

1- دووبارە داڕشتنەوەی دێری یەكەمی ماددەكە بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕشتەی پێڕۆ كراوی پێناسەكانی دیكەدا كە لە یاساكان پەرلەمانی كوردستاندا بەكار هاتوون بگونجێ.

2- زنجیرە ڕەنووسەكانی (التسلسلات الرقمیة) بڕگەكانی ماددەكە بە نووسین بنووسرێن.

چوارەم: هەرچی ماددەی دووەمی پرۆژەكەیە, لیژنە ئەم پێشنیازو ڕاسپاردانەی خوارەوەی هەیە:

1- زنجیرە ڕەنووسەكانی (التسلسلات الرقمیة) بەنووسین بنووسرێن.

2- گۆڕینی وشەی (تتولى) لە سەرەتای ماددەكە بۆ وشەی (تهدف).

3- لە بڕگەی (8)دا وشەی (توفیر) زیاد بكرێ و لە دوای (الصناعیة)دا دابنرێ.

**پێنجەم: هەرچی ماددەی سێیەمی پرۆژەکەیە لیژنە ئەم پێشنیاز و راسپاردانەی خوارەوەی هەیە:**

**1- زنجیرە رەنووسەکان (الرقمية) بە نووسین بنووسرێن.**

**2- دووبارە دارشتنەوەی برگە (1) وەکو ئەمەی خوارەوە:**

**(وەزیر: سەرۆکی باڵاو بەرپرسی ئیش و کار و ئاراستە کردنی سیاسەت و سەرپەرشتی و ریقابە کردنی وەزارەتەکەیە، هەموو بڕیار و فرمان و رێنماییگەلێکیش پێوەندییان بە ئەرکو فرمان و پێکهاتەو سەلاحییات و کاروباری دیکەی هونەری و دارایی و ئیداری و رێکخستنی وەزارەتەکەوە هەیە، بەپێی حوکمەکانی یاسا، لە وەزیرەوە دەردەچێ، وەزیر لە بەردەمی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا بەرپرس دەبێ، چونکە خۆشی ئەندامێکی هاوکاری ئەنجومەنی وەزیرانە).**

**3- رستەی (مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ) لە بڕگەی (دووەم) لابرێ، چونکە ئەوە بە دەقێکی یاسایی چارەسەر کراوە، رستەی (لە لایەن وەزیرەوە) لە کۆتایی بڕگەکەدا زیاد بکرێ.**

**4- گواستنەوەی هەردوو بڕگەی (1و2)ی ماددەی چوارەمی پرۆژەکە بۆ ماددەی دووەم دوای ئەوەی کە رستەی (بە پلەی بەڕێوەبەر)ی بۆ زیاد دەکرێ، تا زنجیرەی (سێیەم و چوارەم) لە ماددەی سێیەمدا وەربگرن.**

**5- زنجیرەی (3) راوێژکارەکان ببێ بە زنجیرەی (پێنجەم).**

**شەشەم: هەرچی ماددەی چوارەمی پرۆژەکەیە ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابرێژرێ:**

**"ماددەی چوارەم: وەزارەت لەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتییانەی خوارەوە پێك دێت:**

**یەکەم:بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ئیداری و دارایی: فەرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکات و بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆریش بێ، ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەش کە لە پرۆژەکەدا هاتوون، پێوەی واوەست دەبن، رستەی (بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی)یشی لێ لا بدرێ، چونکە بەپێی ناونیشانەکە خۆی بەڕێوەبەری گشتییە – زنجیرەی ژمارە (3)یش بکرێ بە (یەکەم).**

**دووەم: زنجیرەی ژمارە (4) بکرێ بە (دووەم) (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بە دواداچوون)، رستەی (بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی)یشی لێ لا بدرێ، چونکە بەپێی ناونیشانەکە خۆی بەڕێوەبەری گشتییە، بەڕێوەبەرایەتیەکانیش کە لە پرۆژەکەدا هاتوون پێوەی واوەست دەبن.**

**سێیەم: زنجیرەی ژمارە (5) بکرێ بە (سێیەم)، (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پیشەسازی)، رستەی (بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی)یشی لێ لا بدرێ، چونکە بەپێی ناونیشانەکە خۆی بەڕێوەبەری گشتییە، بەڕێوەبەرایەتیەکانیش کە لە پرۆژەکەدا هاتوون پێوەی واوەست دەبن.**

**حەوتەم: هەرچی ماددەی پێنجەمی پرۆژەکەیە ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات کە:**

**1-(یەکەم) لە سەرەتاوە لا بدرێ و وشەی (المستشارين) کە لە بڕگەی (3)دا هاتووە، بکرێ بە (المستشارون).**

**2- بڕگەی (دووەم) لا ببرێ، چونکە ئەوە بە پێڕۆی ناوخۆ چارەسەر دەکرێ.**

3- بڕگەی (سێیەم) بکرێ بە بڕگەیەکی سەربەخۆ لە ماددەی حەوتەمدا و بەشێوازێکی دی دابڕێژرێ, وەك دواتر لەم راپۆرتەدا دەردەکەوێ.

هەشتەم: هەرچی ماددەی شەشەمی پرۆژەکەیە لیژنە پێشنیاز دەکات لا ببرێ, چونکە ئەوە سەلاًحییاتی وەزیرەو بەپێرۆ چارەسەر دەکرێ.

نۆیەم: هەرچی ماددەی حەوتەمی پرۆژەکەیە لیژنە پێشنیاز دەکات, بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

یەکەم:ئەرك و فەرمان و ئیشە تایبەتەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕۆی دیار دەکرێن.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە رێنماییگەلی پێویست بۆ بە ئاسانی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە, لە پێکهاتەکانی وەزارەتەکەدا بکاتەوە, یان یەکیان بخات, یان ئیلغایان بکات.

دەیەم: هەرچی ماددەی دەیەمی پرۆژەکەیە لیژنە پێشنیاز دەکات ئیلغا بکرێ, چونکە زیادەیە.

یازدەم: هەرچی ماددەی نۆیەمی پرۆژەکەیە لیژنە هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە.

دوازدەم: هەرچی ماددەی دەیەمی پرۆژەکەیە لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

(پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکان, حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن).

سیازدە: هەرچی ماددەی یازدەمی پرۆژەکەیە لیژنە پێشنیاز دەکات, بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

(ئەم یاسایە, لە رۆژی دەرکردنیەوە کاری پێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاًو دەکرێتەوە).

چواردەم: دەربارەی هۆکاری دانانی یاسایەکە, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

**هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەوەی وەزارەتی پیشەسازی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تازە دانراوە دایەرەکانی کارەباشی لێ دابڕ کراوە, بەو ئامانجەش کە کەر پشەسازیەکانی هەرێم یەك بخرێن و سەرپەرشتیی چالاکی و ئاراستە کردنیان بە باشی پیادەکرێ و ریقابەی چۆنێیتی رەنێوهاتە (المنتجات) پیشەسازیەکان, بۆ مسۆگەر کردنی ئەوەی کە لەگەڵ شەرتوشرووت و مواصەفاتی پێرۆ کراودا جووت یەك دەگرنەوەو بە ئامانجی چاککردنی جۆرەکانیان و رێکخستنی ئیش و کاری وەزارەتەکە و بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی, لەبەر ئەوانە بە زەروور زانرا یاسایەك دابنرێ ئەرك و فرمان و ئامانجەکانی وەزارەتەکەو بەڕێوبەریەتیەکانی دیار بکات و ئەرکو فرمانی هەریەکەیان رێك بخات, جا بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

لیژنەی پیشەسازی فەرمووو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی پیشەسازی هەندێ تێبینی خۆی هەیە لەسەر پرۆژەی یاسای وەزارەتی پیشەسازی هەرێمی کوردستان.

**بۆ/ سەرۆكايەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان**

**ب/ راپۆرت**

له رێكەوتی 2006/8/3 لیژنەكەمان لیژنەی پیشەسازی و وزە كۆبوونەوەیەكی ساز كرد, بۆ گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پیشەسازی هەرێمی كوردستانی عێراق بەپێی نووسراوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان له رێكەوتی 2006/7/13, دوا خوێندنەوە و گفتوگۆ كردنی خاڵەكانی پرۆژەكە, لیژنەكەمان ئەم تێبینیانەی هەبوو لەسەر پرۆژەكە:

یەكەم: ماددەی دووەم:

لیژنەكەمان بە پێویست دەزانی ئەم دوو خاڵە زیاد بكرێت لە دوای خاڵی (18)و بەم شێوەیە:

19- هاندانی پەرەپێدانی پیشەسازی و پیشەسازی دەست و پیشەو پێشكەش كردنی ئاسانكاری بۆ مەبەستی پێش را بردن و بەرفراوە كردن.

20- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی بۆ چالاك كردنی بەنكەكانی پیشەسازی بۆ پێشكەش كردنی پشتیوانی پێویست بۆ پرۆژە پیشەسازەكانی كارتەكانی تایبەت و تێكەلا بە هەرێم.

دووەم – ماددەی سێیەم

خاڵی یەكەم: وەزیر بۆی هەیە هەندێ دەسەلاتەكانی خۆی بداتە بریكاری وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكانی و هەر كەسی تر.

خاڵی دووەم: لیژنەكەمان بە پێویست دەزانی ئەم وشەی (پسپۆڕی) زیاد بكرێت لە كۆتایی خاڵی دووەم, ئەمەش وا دەگەیەنێ كەوا بریكاری وەزارەت پێویستە بڕوانامەی پسپۆڕی هەبێت لە بواری پیشەسازی, چونكە وەزیر پۆستێكی سیاسیە گرنگ نییە كەو پسپۆڕی هەبێت لەم بوارەو رستەكەش بەم شێوەیە دەبێت:

خاڵی سێیەم: لیژنەكەمان بە پێویست دەزانێ ئەم رستەیە (فیعلی و خزمەتیان لە دە ساڵ كەمتر نەبێت) زیاد بكرێت لە كۆتایی خاڵی سێیەم.

3- راوێژكاران: لە چوار كەس زیاتر نەبن, بە مەرجێ بڕوانامەی زانكۆیان هەبێت و شارەزاو ئەزموونداری فیعلی بن و خزمەتیان لە دە ساڵ كەمتر نەبێت.

سێیەم – ماددەی چوارەم: لیژنەكەمان بە پێویستی دەزانێ زیاد كردنی وشەی (پرۆژەكانی پیشەسازی) لە خاڵی (أو ب) بەم شێوەیە بێت:

أ- بەڕێوەبەرایەتی كارگە و پرۆژەكانی پیشەسازییە حكومیەكان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی كارگەو پرۆژەكانی پیشەسازی ئەهلیەكان.

چوارەم – ماددەی پێنجەم: لیژنەكەمان بە پێویستی دەزانێ ئەم رستەیە بگۆڕێت, بەم شێوەیە دەبێت:

5- هەر شارەزایەكی پسپۆڕێكی دی كە وەزیر لەناو وەزارەت, یان لە دەرەوەی وەزارەتەكەوە دایبنێ: ئەندامە.

پێنجەم – لابردنی خاڵی سێیەم لە ماددەی پێنجەم بۆ ماددەی شەشەم خاڵی سێ، چونکە لە دەسەڵاتی وەزیرە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

لیژنەی یاسایی ماددەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پیشەسازی بە کوردی و عەرەبی بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ماددەی یەکەم دەخوێنمەوە:

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازائها:

1-الاقليم:اقليم كوردستان العراق.

2-الوزارة:وزارة الصناعة.

3-الوزير:وزير الصناعة.

4-وكيل الوزارة:وكيل وزارة الصناعة.

5-المجلس:المجلس الاستشاري للوزارة.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم بە زمانی کوردی.

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

1- هەرێم: هەرێمی کوردستان - عێراق.

2- وەزارەت: وەزارەتی پیشەسازی.

3- وەزیر: وەزیری پیشەسازی.

4- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی پیشەسازی.

5- ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاریی وەزارەت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

رەئی لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: لیژنەی یاسا تەئیدی پرۆژەی یاساکە دەکات، چونکە ئەم وەزارەتە تازە لە هەرێمدا دانراوە، پێشنیازیش دەکات دیباجەی بۆ دابڕێژێ و ماددەکانی تەبویب بکرێن و بڕگەکانی رێك بخرێن و، هەندێ هەموار و راستکردنەوەش لە هەندێ لە بەندەکانیدا بکرێن کە پاشتر لەم راپۆرتەدا دەخرێنە بەرچاو.

دووەم: لیژنە پێشنیاز دەکات، داڕشتنی دیباجەی بەم جۆرەی خوارەوە بێت:

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق**

**پشت بە حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (56)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراوو, لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق, ئەنجومەن نیشتمانیی کوردستان – عێراق, لە دانیشتنی ژمارە( )ی ر رۆژی( / /2006)یدا بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:**

**یاسای ژمارە ()ی ساڵی 2006**

**یاسای وەزارەتی پیشەسازیی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**سێیەم: دەربارەی ماددەی یەکەم لە ئەسڵی پرۆژەکە, پێشنیاز و راسپاردەی لیژنە ئەمانەی خوارەوەن:**

**1- دووبارە داڕشتنەوەی دێری یەکەمی ماددەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ رشتەی پێڕۆ کراوی پێناسەکانی دیکەدا کە لە یاساکان پەرلەمانی کوردستاندا بەکار هاتوون بگونجێ.**

**2- زنجیرە رەنووسەکانی (التسلسلات الرقمية) بڕگەکانی ماددەکە بە نووسین بنووسرێن.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

**لیژنەی پیشەسازی مولاحەزەیان نییە, ئەندامانی بەڕێز کەس تێبینی هەیە لەسەر ماددەی یەك, نییە, ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, ماددەکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا, تکایە ماددەکەی تر.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية: تتولى الوزارة توجيه النشاط الصناعي في الاقليم وتطوير وتنمية القطاع الصناعي العام والمختلط والخاص في مجال الصناعات التحويلية والتركيبية والمعرفية, وتمارس لتحقيق اهدافها ما ياتي:**

**1-اقتراح سياسة التصنيع و وضع الاهداف والمؤشرات للقطاعات الصناعية في اطار خطط التنمية في الاقليم.**

**2-اعداد الخطط السنوية والمتوسطة وبعيدة المدى للقطاعات الصناعية.**

**3-اعداد دراسات الجدوى الفنية والاقتصادية للمشاريع الصناعية واقتراح ادراجها في خطط التنمية في الاقليم.**

**4-تنفيذ المشاريع الصناعية والخدمية المقررة.**

**5-الاشراف على انشطة القطاعات الصناعية وتوجيهها وتقويم نتائج تنفيذ خططها كما ونوعا وايجاد الحلول المناسبة لها.**

**6-اجازة تأسيس المشاريع الصناعية او توسيعها وتغيير اغراضها بعد اعداد دراسة الجدوى الفنية والاقتصادية للمشروع.**

**7-الرقابة على نوعية المنتجات الصناعية بما يضمن مطابقتها للمواصفات المعتمدة وتقديم الارشادات والتوجيهات بشأن تحسين نوعية هذه المنتجات.**

8-تأسيس المجمعات الصناعية والخدمات اللازمة لها في اطار خطط التنمية الصناعية في الاقليم.

9-وضع خطط البحث والتطوير الصناعي للقطاعات الصناعية بما يخدم اهداف خطط التنمية من اجل تحسين نوعية المنتجات والخدمات الصناعية وتطوير العمليات الانتاجية وتخفيض كلفها وادخال تقنيات جديدة.

10-اتخاذ الاجراءات الخاصة بحماية البيئة ودراسة مشاكل تلوثها بالتنسيق مع وزارة البيئة في الاقليم وايجاد الحلول لها بقدر تعلق الامر بأنشطة الوزارة.

11-تنمية وتطوير القوى العاملة في الوزارة من خلال الدورات التدريبية والتعاون مع الجامعات والمعاهد الفنية والمراكز والمؤسسات المتخصصة ذات العلاقة داخل وخارج الاقليم.

12-تطوير انظمة عمل الادارات الصناعية بأنشطتها المختلفة ومتابعة تطبيقها.

13-ادارة قاعدة معلومات للمعرفة العلمية والتكنولوجية والمواصفات الفنية المتعلقة بمختلف انشطة الوزارة.

14-متابعة تنفيذ الضوابط والتعليمات الخاصة بالسلامة الصناعية المهنية في العامل.

15-تشجيع تصدير المنتجات الصناعية الوطنية.

16-للوزارة الحق في المشاركة في المعارض الصناعية داخل وخارج الاقليم.

17-التعاقد مع الخبراء الاجانب والشركات والمؤسسات الصناعية والمتخصصة للعمل في دوائر ومعامل الوزارة بعد موافقة رئاسة مجلس الوزراء.

18-التعاون والتنسيق مع مراكز البحوث العلمية والتكنولوجية الدولية والمكاتب الاستشارية لتطوير عمل الوزارة بعد موافقة رئاسة مجلس الوزراء.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

وێڕاى تەرجومەكەى بە كوردى بەو شێوەیەى خوارەوە دەخوێنمەوە.

ماددەى دووەم: ئەم وەزارەتە لە هەرێمدا ئاراستەكردنى چالاكى پیشەسازى و پەرەپێدانى گەشەپێدانى, یان بوژاندنەوەى (تنمیە) كەرتى پیشەسازیى گشتى و تێكەلاَو و تایبەتیش لە بوارەكانى پیشەسازى (تەحویلى)و پێكهێنەكى و مەعریفیدا دەگرێتە ئەستۆو, بۆ وەدیهێنانى ئەم ئامانجەشى ئەم كارانەى خوارەوە پیادە دەكات:

1-لە چوارچێوەى پلانگەلى گەشەپێدان, لە هەرێمدا پێشنیازى سیاسەتى پیشەدار كردن و دەست نیشان كردنى ئامانجەكان و پێویست بۆ كەرتە پیشەسازییەكان دادەنێ.

2- پلاندانان سالاَنەو, پلانگەلى ماوەى مام ناوەند و پلانگەلى ماوەى دوور بۆ كەرتەكانى پیشەسازى ئامادە دەكات.

3- لێكۆلَینەوەى بوارى سوودى هونەرى و ئابوورى بۆ پرۆژەگەلى پیشەسازى ئامادە دەكات و پێشنیارزیش دەكات كە لە پلانگەلى گەشەپێدان (تنمیە) هەرێمدا تۆمار بكرێن.

4- پرۆژەی پیشەسازی و خزمەتگوزاریی بڕیاردراو جێ بەجێ دەکات.

5- سەرپەرشتی چالاکی کەرتەکانی پیشەسازی دەکات و ڕێنماییشیان دەکات و ئەنجام گەلی بەجێ هێنانی پلانەکانیش لە رووی چەندێتی و چۆنێتیەوە هەڵدەسەنگێنێ و ڕێگا چارەی لە باریشیان بۆ دەدۆزێتەوە.

6- پاش ئامادە کردنی لێکۆڵینەوەی باری سوودی هونەری و ئابووری بۆ هەر پرۆژەیێ, ئەوجا مۆڵەتی دامەزراندی پرۆژە گەلی پیشەسازی, یان بەرفراوانکردنیان, یان گۆڕینی مەبەستەکانیان دەدات.

7- چۆنێتی بەرهەمە پیشەسازیەکان (المنتجات الصناعیە) بە جۆرێ دەخاتە ژێر چاوەوە, کە لەگەڵ خەسڵەتە دیارکراوەکاندا چونیەك زامن بێ و رابەرێتی و ڕێنماییگەلی خۆیشی بۆ چاکتر کردنی چۆنێتی ئەو بەرهەمانە (المنتجات) پێشکەش دەکات.

8- لە چوارچێوەی پلانگەلی گەشەپێدان (التنمیە)) پیشەسازی لە هەرێمدا کۆمەڵگەی پیشەسازی ساز دەداو خزمەتگوزاریی پێویستیان بۆ دابین دەکات.

9- پلاندانان بۆ لێکۆڵینەوەو پەرەپێدان بۆ کەرتەکانی پیشەسازی بە جۆرێ دادەنێ کە سوود بە ئامانجەکانی پلانگەلی گەشەپێدان ببەخشێ, ئەمەش بۆ ئەوەیە کە چۆنێتی بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییە پیشەسازیەکان چاکتر ببن و ئیشوکاری بەرهەمەکان (الانتاجیە) بەرەو باشرتر بگۆڕدرێن و ئەرکو خەرجیان کەمتر ببێ و تەکنیکی تازە بابەتیان بچێتە ناو.

10- بەهاودەنگی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی هەرێمدا، ئیجرائاتی تایبەت بە پاراستنی ژینگەو لێکۆڵینەوەی کێشەگەلی پیسبوونی ژینگە دەگرێتە بەرو، هەندەی پێوەندیشی بە بزاڤی وەزارەتەکەوە هەبێ، ڕێگا چارەیان بۆ دەدۆزێتەوە.

11- لەڕێگای خولی مەشق و، بەهاوکاریی زانکۆکان و پەیمانگە هونەرییەکان وناوەندو دەزگا پسپۆڕەکانی پێوەندیدار، لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا، هێزی کار لەناو وەزارەتەکەدا، گەشە پێ دەکات و بەرەوچاکتری دەگۆڕێ.

12- سیستەمی کاری بەڕێوەبەرایەتیە پیشەسازییەکان چالاکییە جۆربەجۆرکانیانەوە پەرەپێدەداو دەگۆڕێ و، بەدووی جێبەجێکردنیاندا خەمخۆردەبێ.

13- بنکەی زانیاری، بۆ مەعریفەی زانستی و تەکنۆلۆجی و مواصەفاتی هونەریی پێوەندیدار بە چالاکییە جۆربەجۆرەکانی وەزارەتەکەوە بەڕێوە دەبات.

14- بەدواداچوونی جێبەجێکردنی بەندو بەست و ڕێنماییگەلی تایبەت بە سەلامەتیی سەنعەتگەری و پیشەگەریی ناو کارگەکاندا دەچێ.

15- هاندانی هەناردنی بەرهەمەکانی پیشەگەری نیشتمانی دەدات.

16- وەزارەت ماڧ خۆیەتی بەشداری لە پێشانگا پیشەسازییەکانی ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا بکات.

17- دوای ڕەزامەندیی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەت لەگەڵ شارەزایانی بیانی و کۆمپانیاو دەزگا پیشەسازی و پسپۆڕەکاندا، ڕێك دەکەوێ کە لە دەزگاکان و کارگەکانی وەزارەتەکەدا کار بکەن.

18- دوای ڕەزامەندیی سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەت لەگەڵ ناوەندەكانی لێكۆڵینەوەی زانستی و تەكنۆلۆجیە نێودەوڵەتیەكان و، نووسینگە راوێژكاریەكاندا بۆ بەرەوچاكتر گۆڕینی ئیش و كاروباری وەزارەتەكە هاوكاری دەكات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچی ماددەی دووەمی پرۆژەكەیە, لیژنە ئەم پێشنیازو راسپاردانەی خوارەوەی هەیە:

1- زنجیرە رەنووسەكانی (التسلسلات الرقمیة) بەنووسین بنووسرێن.

2- گۆڕینی وشەی (تتولى) لە سەرەتای ماددەكە بۆ وشەی (تهدف).

3- لە بڕگەی (8)دا وشەی (توفير) زیاد بكرێ و لە دوای (الصناعية)دا دابنرێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

رای لیژنەی پیشەسازی.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لە ئەهدافی وەزارەتی پیشەسازیدا حیرەفی و یەدەوی نەهاتووە, لیژنەكەمان بە پێویست دەزانرێ ئەم دوو خاڵە زیاد بكرێت لە دوای خاڵی (18)و بەم شێوەیە:

19- هاندانی پەرەپێدانی پیشەسازی و پیشەسازی دەست و پیشەو پێشكەش كردنی ئاسانكاری بۆ مەبەستی پێش را بردن و بەرفراوە كردن.

20- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی بۆ چالاك كردنی بانكەكانی پیشەسازی بۆ پێشكەش كردنی پشتیوانی پێویست بۆ پرۆژە پشەسازەكانی كارتەكانی تایبەت و تێكەلاْ بە هەرێم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

جەنابی وەزیر رەئیت لەسەر پێشنیارەكانی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پیشەسازی.

**بەڕێز وداد خورشید عثمان (وەزیری پیشەسازی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت صناعاتی یەدەوی لێرە تەحدیدی نەكردووە, بە عام باسی صیناعات دەكات, بەلاْم ئەگەر لە بیدایەتی ماددەی دوو (في مجال الصناعات التحويلية والتركيبية والمعرفية واليدوية), ئەوە نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مانعیمان نییە ئەوە ئیزافە بکرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئەندامە بەڕێزەکان ئەوانەی دەیانەوێت قسەی بکەین, با ناویان بنووسین, دکتۆرە رۆژان فەرمووو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی دووی مادده دوو, پرۆژەکە وێنەی عەرەبیەکەم لایە, بۆیە پێشنیارەکە بە عەرەبی دەڵێم, (اعداد الخطط السنوية والمتوسطة وبعيدة المدى للقطاعات الصناعية), ئەگەر وشەی (تطوير والقطاعات الصناعية القائمة وانشاء القطاعات الجديدة) زیاد بکرێت, وابزانم باشترە, چونکە پلانەکان دەبێت ئەو مەبەستە دیاری بکرێت, لەبەر چی ئەو پلانانە وەزارەت دایدەنێت, هەروەها بڕگە شەش باسی ئیجازەی تەئسیس دەکات, باسی ئیلغا کردنەوەی نەکردووە, کاتێ ئیجازە دەدەیێ مەرجەکانی تێدا بێت, کە دەست بەکار بوو, هەندێك لەو مەرجانە لە دەست دەدات, ئایا مافی ئەوەی نییە ئیلغای ئیجازەکە بکات, یان تەرخیصەکە لەو مەشروعە وەرگرێتەوە, ئەگەر بڕگەیەك بە تەشجیعی ئیستیسماری صناعی زیاد بکرێت پێم باشە, نازانم بەڕێز وەزیری پیشەسازی رەئی چیە بەڕائاتی ئیختیراع زیاد بکرێت, سجلات هەبێت لە وەزارەت مەنحی تەراخیص بکرێت, تەراخیصی ئیجباری هەبێت, سجلاتیش هەبێت بەڕائاتی ئیختیراعی تێدا بپارێزن وەکو خاڵێك زیاد بکرێت لە مەهامی وەزارەت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

نازناز خان فەرمووو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەم فەقەرەیە زیاد بکرێت (لە پێناوی بە پیشەسازی کردنی کۆمەڵگەی کوردستان و پێگەیاندنی کادیری پیشەسازی لە هەموو رووێکەوە, پێویستە وەزارەت هەماهەنگی تەواوی هەبێت لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو دروست کردنی کۆمەڵەی پیشەسازی, کە تێیدا قوتابخانەی پیشەسازی و کارگەی بەرهەمهێنان هەبێت, بۆ ئەوەی قوتابیان لەوێدا بەشێوەیەکی پراکتیکی فێری پیشەو بەرهەمهێنەری صناعی بن, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو صناعەت مەعریفەیەکەم نەزانی چیە؟ حەز دەکەم دوایی وەزیر روونکردنەوەیەکمان بداتێ, بزانین صناعەتی مەعریفی چیە کە لە یەکەمەوە هاتووە.

له خاڵی چوارەمدا دەڵێت (تنفیذ المشاریع الصناعیة والخدمیة المقررة)، خەدەمی باوەڕ ناکەم عایدی وەزارەتی صناعە بێت، خەدەمی عایدی وەزارەتی شارەوانییە، لێرەدا کۆمەڵە هاووڵاتیەك هەنە، تەبعەن ئەوانە کێشەیان هەیە، ئەوانە هەمووی کارگەو ئیشی دەستیان هەیە، کارگەکانیان عیبارەتە لە کاری دەست، وەزارەت تاکو ئێستا هیچ دەستێك راناکێشێت بۆ ئەو خەڵکانە، ئەوانە ئیشەکەیان وایە کە بەدەست دەبێت بکرێت، یەعنی هیچ مەکینەی تیا نییە، ئێستا ئەو خەڵکانەی کە موراجەعەی وەزارەتی صناعە دەکەن، چ بۆ پارچە زەوییەك بێت، یان بۆ هەر شتێك بێت، بە هیچ شێوەیەك تەعامولیان لەگەڵدا ناکەن، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم لێرەدا، کاتێك کە باسی صناعات دەکرێت صناعاتی دەستی ئیزافە بکرێت، چونکە ئەوانە مەجبور دەبن دەچن لەناو شاردا شوێن دەگرن و تەلەوسیش بڵاو دەبێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت فەقەرەیەکی تایبەتی دابنرێت بۆ صناعاتی دەستی، چونکە هەیە و زۆریشە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئەوە وەزیر خۆی داوای کرد ئیزافە بکرێت، ئەوە صناعاتی یەدەوییە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو شتێك بۆیان، چونکە گرنگ نییە لێرە بنووسرێت یەدەوی، یان نەنووسرێت، بەڵام کاتێك هاووڵاتیەك، کێ بوو کە موراجەعەتی وەزارەت دەکات، پێی دەڵێت تۆ صناعاتی دەستیت هیچت لەلای من نییە، ئەو کێشەیە روو بەڕوو بۆتەوەو، کەسانیش هاتوون داوای ئەویان کردووە، کە ئەوە باس بکرێت.

له خاڵی سیازدە دەڵێت (ادارة قاعدة معلومات للمعرفة العلمیة والتکنولوجیة والمواصفات الفنیة المتعلقة بمختلف انشطة الوزارة)، ئەگەر ئەوە مەبەستی وەبسایتە، یاخود مەرکەزێکی مەعلومە، ئەگەر مەرکەزی مەعلوماتە، بانکی زانیارییە، ئەوە قەیدی ناکات، بەڵام چ پێویست دەکات لەناو یاسایەك بنووسرێت، ئێمە وبسایتێك دروست دەکەین، ئەوە کاری وەزارەتە ئۆتۆماتیکی بۆ خۆی دروستی دەکات، بۆ گەشە کردنی خۆیەتی، لێرەشدا باسی تەسویق کردن نەکراوە، باسی تەصدیر کراوە لە خاڵی پازدە (تشجیع تصدیر المنتجات الصناعیة الوطنیة)، بەڵام باسی تەسویق نەکراوە، ئێمە کێشەمان نییە، هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی صناعاتێکی موهیمان هەبێت و تەصدیری بکەین، ئیتر ئینشائەڵڵا دەشمان بێت، بەڵام ئەگەر هەشمان بێت، دەبێت لە ناوەوە تەسویق بکرێت خەڵکەکە قیمەتی بزانێت، ئینجا لە دوایێ بیر لەوە بکرێتەوە، کە چۆن تەصدیر دەکرێت، لە هەمان کاتیشدا من پشتگیری لەو دوو خاڵە دەکەم، کە لیژنەی پیشەسازی داوای کردووەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

سوپاس، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەس هەندێ ئیزافەم هەیە, بەنیسبەت ماددەی دووەم فەقەرە پێنج هاتووە (الاشراف على انشطة القطاعات الصناعية وتوجيهها وتقويم نتائج تنفيذ خططها كما ونوعا وايجاد الحلول المناسبة لها) ئیزافە بکرێت لەسەری (وحماية انتاجها), ئەوە یەك.

بەنیسبەت فەقەرە شەش, لە پاش ئەوەی (اجازة تأسيس المشاريع الصناعية او توسيعها وتغيير اغراضها بعد اعداد دراسة الجدوى الفنية والاقتصادية للمشروع من قبل الهيئة الخاصة في الوزارة), هەیئەتێکی تایبەت دەبێت لە وەزارەت دیراسەی ئەو جەدوایە بکاتن, سوپاس.

فەقەرەی هەشتەم (تأسيس المجمعات الصناعية والخدمات اللازمة لها في اطار خطط التنمية الصناعية في الاقليم بالتنسيق مع الوزارات المعنية), چونکە هەر وەزارەتی صناعە نییە, وەزارەتی شارەوانی و کارەباش دەگرێتەوەو دەوریان هەبێت لە دروست کردنی ئەو نەوعە موجەمەعەیە.

خاڵێکی تر بەنیسبەت مەشاریعی صناعی و خەدەمی باس کرا, صناعە دوو بەشە, صناعاتی کوبرا هەیە, صناعات هەیە (خدمات ما بعد البيع)ی پێی دەڵێن (گراجات الغسل والتشحيم) تۆرنە و تۆرنەچی, مکوی, موختەبەراتی تەسویر, ئەوانە لە زمنی صناعیە, بەلاَم پێیان دەڵێن (خدمات ما بعد البيع), ئیعتیبار دەکرێت خەدەماتی صناعییە.

فەقەرە دە (اتخاذ الاجراءات الخاصة بحماية البيئة ودراسة مشاكل تلوثها بالتنسيق مع وزارة البيئة والوزارة البلديات), چونکە وەزارەتی شارەوانیش تەرەفە لە مەوزوع, ( في الاقليم وايجاد الحلول لها بقدر تعلق الامر بأنشطة الوزارة), زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

سوپاس, کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی صناعە وابزانم هەر لە سەرەتاوە ئیشەکانی بە دوو جۆر دابڕێژرێت باشە, وەکو لە هەموو دنیادایە, تەنانەت لە هەندێ وڵات, یەعنی وەزارەتێکی تایبەتی هەیە بە صناعەتی خەفیفە, یەعنی صناعەتی قورس و صناعەتی سووك, دوەلی نامیە کە عێراقیش یەکێکە لەوانە, یەعنی لەم دەوروبەرە هەمووی قورساییەکەی لەسەر صناعەتی خەفیفەیە, صناعەتی قورس لەم ناوچەیەدا نییە, هەتا بۆ نموونە ئەم حەوزەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە هەموویەوە ئینتاجی قورس لە (4٪)ە, ئیسپانیا بە تەنها لە (7٪)ە, لەبەر ئەوە دەبوایە ئەم وەزارەتەی ئێمە هەر لە سەرەتاوە گرنگیەکی زۆر ئەساسی بە صناعەتی خەفیفە بدا, یەعنی بیکات بە دوو بەشەوە, بەشێکی صناعاتی قورس کە ئێمە نیمانە, بەس لەمەودوا

ئیشی بۆ دەکات, بەشی دووەم صناعاتی سووك, تەنانەت لە ئەخیریشیەوە کە لە پێکهاتەکەی جێگەی خۆیەتی دوو مودیریەت هەبێت, مودیریەتێك بۆ قورس, مودیریەتێك بۆ سووك, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرە حەوت باسی خاسیەتە دیاری کراوەکان دەکاتن, بەلآم ئیشارەت بەوە نەدراوە کام خاسیەت مواسەفاتی عالەمییە, ئیقلیمییە, خۆماڵیە, مەفروزە لێرە مواسەفاتی عالەمی لێرە زیاد بکرێتن.

لە فەقەرە هەشت باسی کۆمەڵگەی پیشەسازی ساز دەدا, یەعنی ساز دەدا نازانم سازدان بەڕاستی بۆ ئەوەیە , یان دادەمەزرێنێ, یان دروست دەکات.

فەقەرەی دوازدە لە (بەدووی جێ بەجێ کردنی خەمخۆر دەبێت), یەعنی مەفروزە ئەو خەمخۆریەش لێرە هەڵبستێت, یەعنی بەدووی جێ بەجێ کردنیاندا دەچێت, یەعنی ئەوە کوردیترە.

فەقەرە شازدە بە رای من زیادە (وەزارەت مافی خۆیەتی بەشداری لە پێشانگا پیشەسازییەکانی ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا بکات), نازانم ئەو فەقەرەیە بۆ لێرە بێتن, مافی خۆیەتی یەعنی ئەو فەقەرەیە زیادە.

فەقەرەی حەڤدەو هەژدەش بە رەئی من لێرە جێیان نابێتەوە, دەچێتەوە فەقەرەی تر, یەعنی ئەوە هەردووکیان لە نیزام داخیلی دێت, نەك لێرە لە ئەرکەکانەوە هاتووە, نیزامی ئیدارییە, نەك ئەهداف, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

کاك دیلْمان ئامێدی فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئیدی رەئی کاك محەمەد فەرەج دەکەمەوە, ئێمە لە قۆناغێکی ئینتیقالیینە, لەم قۆناغەدا ئێمە زیاتر پێویستیمان بە پرۆژەکانی بچووك و مامناوەندیە, ئەم سیاسەتی ئابووریەش کە هەموو ئەو ولآتانەی کە چاکسازی ئابووری دەکات و تەبەنی کردووە, تا ئێستا یابان لە (30٪)ی ئیعتیمادی لەسەر پرۆژەکانی بچووك و مامناوەندی کردووە, تەمویلەکەش مومکینە بێتن لە دوەلی مانحە و صندوق نەقدی دەولی و قوروزی حکومەت, پێشنیارێکی موحەدەدم هەیە وەکو صیغەیەك زیاد ببێتن بەو شێوەیە بێت (تشجیع انشاء المشاریع الصناعیة الصغیرة والمتوسطة وایجاد آلیات التمویل لها), زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

کاك عبدالرحمان اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە لەسە ئەو ماددەیە, ئێمە دەبێت موحاوەلە بکەین پێش هەموو شتێك خۆمان لە بەستنەوە بە ئابووری دەرەوە رزگارکەین. کەچی ئێستا زۆر دەبینی گەلێك لە کارگەکان و مەعامل و ئەوانە لە کوردستان راگیراون و ئیش ناکاتن, بۆ نموونە لە شاری ئاکرێ کارگەی زەیتی خواردن هەیە روونی زەیت, ئەوە دوو ساڵە راگیراوە, ئێمە دەبێت بچین ئەو زەیتە لە دەرەوە بێنین, ئەمە بەخۆی دەبێتە واوەستە بوونی ئابووری لەگەڵ جێگەی دەرەوە, لەبەر ئەوە کە دەڵێن ئێمە زەیتی بێنین هەرزانترە لەگەڵ ئەوەی لێرە دروستی بکەین, مومکینە وا بێتن, بەلأم ئەگەر ئێمە لێرە دروستی بکەین, ئێمە دوو ئەهداف, سێ ئەهداف ئیستیفادەی لێ دەکەین:

1-دەتوانین فەلاحەکان تەشجیع بکەین گوڵە بەرۆژە بچینن, بازاڕیش بۆ بەرهەمەکان پەیدا دەبێتن, ئەوە لەوێ ئیشی خۆیان دەبینن, عەمەلەش ئیش دەکات, زۆر ئیستیفادەی تێدایە, لەبەر ئەوە پێویستە ئەو کارگانە بکەونە ئیش, جا چ لە قیتاعی عامە بێتن, چ لە قیتاعی تایبەتی بێتن, ئەوە بە سیاسەتی حکومەتە مەربوتە, بەلأم کارکردنیان زۆر زەروورییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

هەر بۆ مەعلوماتت کارگەی زەیتی ئاکرێ, ئەوە بە نەوعێك گوڵە بەرۆژە کار دەکات, ئەوە لە کوردستان نییە, بۆیە لە دەرەوە زەیت دەهێنن بۆ ئاگاداری, کاك سەردار هەرکی فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگە حەوت هاتووە دەڵێت (الرقابة على نوعية المنتجات الصناعية بما يضمن مطابقتها للمواصفات المعتمدة), من لێرە پرسیار دەکەم ئەو مواسەفات موعتەمەدە کێ تەحدیدی دەکات, کام وەزارەتەو بە کام یاسا تەنزیم کراوە, ئێمە هەتاکو ئێستا ئەو سەلأحییەتەمان نەداوەتە وەزارەتی پیشەسازی, کە سەلأحیەتی خۆیەتی پێشتر دەبێت ئەو سەلأحیەتەی بدەینێ, ئینجا مافی ئەوەی بدەینێ, کە رەقابەی لەسەر ئەو نەوعیەتەی بکات, بۆیە من پێم وایە ئێمە لە هەمان بڕگە چارەسەری بکەین, پێشنیار دەکەم صیغەکەی بەو نەوعە بێت (7-تحديد المواصفات لنوعية الجودة المنتجات الصناعية والرقابة عليها وتقديم الارشادات والتوجيهات بشأن تحسين نوعية هذه المنتجات).

لە بڕگەی شازدە پشتگیری لە کاك بەڵێن دەکەم بە حەقیقەت ئەوە زیادە, دەعوەت لە موشارەکە کردن لەو مەعرەزەی بەپێی دەعوەت دەبێت, بۆ خۆیان مافی ئەوەیان هەیە بەشدار بن, بەلأم کە وەزارەت بەشدار دەبێت لەو دەعوەتە لە رێگەی خودی وەزارەت بەشدار نابێت, لە رێگای ئەو موعامیل و ئەو قیتاعی خاص بەشدار دەبێتن, بۆیە پێم وایە ئەگەر ئەو بڕگەیە بگوترێت (الاشراف على المشاركة القطاع الصناعي في المعارض داخل وخارج الاقليم) سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

كاك بارزان فەرمووو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من تێبینم لەسەر بڕگەی هەشت هەیە (تأسيس المجمعات الصناعية والخدمات اللازمة لها في اطار خطط التنمية الصناعية في الاقليم)، من پێم باشە وای لێ بێت، ئەگەر بەڕێزان و لیژنەی قانونی رازی بن، (تأسيس المجمعات الصناعية وفقا لدراسات الجدوى وتوزيعها جغرافياً حسب نوعية الصناعة وتوافر الامكانيات وتقديم الخدمات اللازمة لها)، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

فەرموو كاك حاتەم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لە بڕگەی یازدە ماددەی دوودا هاتووە دەڵێت (لەڕێگای خولی مەشق و، بەهاوكاریی زانكۆكان و پەیمانگە هونەرییەكان و ناوەندو دەزگا پسپۆڕەكانی پێوەندیدار، لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا، هێزی كار لەناو وەزارەتەكەدا، گەشە پێ دەكات و بەرەوچاكتری دەگۆڕێ)، لێرە بە قەناعەتی من بگوترێت لە رێگای خولی مەشق و بە هاوكاری زانكۆكان و پەیمانگاكانی پیشەسازی و هونەرییەكان، چونكە پەیمانگای پیشەسازی هونەرییەكان دەكاتە تەكنەلۆجیەكان، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز وداد خورشيد عثمان (وەزیری پیشەسازی):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

تەبیعی صناعەت دەڵێن دوو بەش صناعەت هەیە، قورس و سووك، ئێستا قانونی ئیستیسمار هەیە، ئەوە ئەو شتانە تەوزیع كراوە، مەشاریعی گەورەو مەعامیلی گەورە لەو ناحیەیە عایدی ئیستیسمارە.

بەنیسبەت رەقابە، ئێمە تەماشای ئەوەی دەكەین لەسەر چ ئەساسێك ئەوە رەقابە دەكرێت، ئێمە ئەو مەعامیلانەی كە دێن ئیجازە لە ئێمە تەلەب دەكەن مواسەفاتی خۆیان دەڵێن مەسەلەن ئەو مەعمەلە ئینتاجی چیە، بۆمان دەڵێن، ئێمە ئەوە تەعقیب دەكەین، ئێمە ناچین لە بازاڕ شتەكان و یان شتی دی هەیە تەعقیب بكەین، بەگوێرەی ئەو ئەساسەی كە دەدەنە ئێمە، ئێمە لەسەر ئەوانە رەقابە دەكەین.

یەكێكیان باسی ئەوەی كرد كە مەعاملەكان داخراون، ئەوە تەحصیل حاصلە كە ئێمە ئیجازە دەدەین مەرجمان هەیە، ئەو مەرجانە كە لەسەری تەنفیز كرا، یەكەم جار جەزای دەدەینێ، یەعنی دادەخرێت، ئەگەرنا دووبارەو سێ بارە هەر نەیكرد مەعمەلەكە قەپات دەكەین ئەوە شتێكی واریدە.

تەتویر کە دەڵێن لێرە تەئسیسی، دەڵێن تەتویر، تەتویر لە زۆر جێگا باس هاتووە، ئێمە بۆ تەتویر و تەشجیع موحاوەلە دەکەین لەو قانونانە، لەوانە ئێستا ئێمە لە مودیریەی مەرکەز تەدریبمان هەیە لەگەل یوئێن ئیتیفاقمان کردووە، سێ مەرکەزی تەدریب بۆ مەعامیلی ئەهلی و حکومیەکان، هەتا ئێستا هی حکومیەکان راوەستاوە لە سێ موحافەزە دروست بکەین بەیارمەتی یوئێن، ئێمە بە یارمەتی تەدریبی ئەوانە دەکەین و تەتویریان دەکەین، مەعلومات گوتیان ئیدارەی قاعیدەی مەعلومات، ئەوە مەبەست ئەوە نییە ئەو قاعیدە، ئێمە مەرکەز مودیریەکمان هەیە ئەو مەعلوماتانەی کە تازە لە دنیا بە دیار دەکەوێتن، ئێمە ئەوانە کۆ دەکەینەوە لە لای خۆمان، ئەو مەشاریعانەی کەدێت، یان ئەوەی کە داوای دروست کردنی مەعامیل و ئەوانە دەکاتن پێیان دەڵێین جەدوایان بۆ دەردەینین، چەند مەسرەفیان دەچێت.

گوتیان صناعەی مەعریفیە، تەبعەن ئێمە لێرە سێ جۆرمان گوتوە، تەحویلیە یەعنی ئەوەی تەحویل کردن کە ماددەی خام تەحویل دەکەین بۆ صناعە، ترکیبیە یەعنی تەجمیع کردن، ومەعریفییە ئەوەیە ئەساس تۆ کە شتێك دروست دەکەیت، یەکەم جار ئەساسی ئەو مەعمەلەیە ئەوە مەعریفییە، یەعنی یەکەم جار مەعریفەتەکەی دادەنیت، ئێوەش تەرحتان کرد یەدەوی و حەرفیشی لەگەڵ بێتن، هەرچەندە ئەوە تەحصیل حاصلە، چونکە ئێمە لێرە تەحدیدمان نەکردووە، چ نەوعە صناعەیەك بەشێوەیەکی گشتییە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن زۆر لەسەر ئەو مەوزوعە موناقەشە و قسە کرا، ئەوەی ئێمە بۆی چووینە لەو موناقەشاتانە ئەو خاڵانەیە بە حەقیقەت، بەنیسبەت ئەوە حیرەفی زیاد بکرێت، ئێمەش تەئیدی جەنابی وەزیر دەکەین کە داخیل بکرێت یەدەوی و حیرەفی، چونکە هەرچەندە تەحصیل حاصلیشە، ئەگەر زیکریش بکرێت هیچ زەرەری نییە.

بەنیسبەت مواسەفاتی موعتەمەدە پێم باشە (المواصفات المعتمدة دولياً) ئەگەر ئیمکان بێت ئەوە ئیزافە بکرێتن.

بەنیسبەت هی دووەمیش (اعداد الخطط السنوية والمتوسطة وبعيدة المدى للقطاعات الصناعية مع مراعاة التوزيع الجغرافي) ئەوە ئەگەر ئیزافە بکرێت خراپ نییە، بەنیسبەت فەقەرە دوو.

بەنیسبەت خاڵەکانی تر ئەوەی لیژنەی پیشەسازی پێشنیاری کرد مەسەلەی تەوزیع و تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی دارایی بۆ چالاك کردنی مەساریفی صناعی، ئەگەر بکرێتە بڕگەیەکی زیادە، ئێمەش هیچ لاریمان نییە و تەئیدی دەکەین.

بەنیسبەت رۆژان خان باسی بەڕائەی ئیختیراعی کرد, من پێم وایە ئەگەر بەڕائەی ئیختیراع داخیل بێت شتێکی باشە, بەنیسبەت ئەو وەزارەتە تایبەتمەندی خۆی هەیە, بەڕائەی ئیختیراع لە یەك لە بڕگەکان زیاد بکرێت پێم شتێکی باشە.

ئەمە بەڕاستی ئەو مولاحەزاتانە بوو لە کاتی موناقەشە کردن بۆمان دەست نیشان کرا, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کركوکی):**

لیژنەی یاسایی ئەگەر صیاغە بکرێت, لیژنەی صناعە ڕەئی خۆتان دەربڕن, لیژنەی صناعە ڕەئی خۆت بڵێ, تا لیژنەی یاسایی صیاغەی خۆیان تەواو دەکەن, ئەگەر مولاحەزەت هەبێت, باشە سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردوو مولاحەزەی پیشەسازی بە نەزەر وەرگیراوە, لیژنەی یاسایی پشتیوانی لێ دەکاتن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کركوکی):**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی کاك شێروان باسی ئەوەی کرد ئەگەر پێشنیارەکە بگۆڕێت (المواصفات المعتمده عالمیاً), بەحەقیقەت نەمزانیوە مواسەفاتی موعتەمەدەی عالەمی هەبێتن, ئەوە وەکو یاسای ژینگە نییە, مواسەفاتێك هەبێتن هەموو وڵات بەکاری بێنن, ئەو مواسەفاتە هەر وڵاتێك مواسەفاتی خۆی هەیە بەپێی خوتەتی تەنمیە ئەوەی لەو وڵاتە هەیە تۆ ئەو مواسەفاتە دادەنێیت, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کركوکی):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا داواکاریەك کرا, کە خاڵی (18) کە باسی تەعاقود دەکرێت, گوتمان وەکو قانونەکانی تر بچێتەوە شوێنی خۆی, لێرە لە ئەهدافی وەزارەتەکەوە نووسراوە, لیژنەی یاسایی باسی نەکرد.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کركوکی):**

سوپاس, کاك جەمال قاسم.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە ئەگەر ئیمکان هەبێت ئیزافە بکرێت لە یەکێك لە خاڵەکاندا, وەزارەت ڕێگر بێت لە فرۆشتنی مەعامیلی قوتاعی عام و خاص بۆ مەبەستی داخستن, مەسەلەن لێرە هەندێ شەریکات هەیە دێن

لێره مەعامیل دەكرن، بۆ ئەوەی دایبخەن، یەعنی رێگە بگیرێت لەو مەعاملانە لەو فرۆشتنانە، هیچ كاتێك مەجالی ئەوە نەدەن شەریكەیەكی بیانی بێت یەكێ لە شەریكەكانی ئێمە بكرێت، بۆ ئەوەی دایبخات، ئەمە زۆر گرنگەو یەكێكە لە واجیباتەكانی وەزارەتی صناعە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

لیژنەی یاسایی تكایە ئاخیر صیغەتان، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، لێرە دەتوانین ماددەكە لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاسایی و رەئی وەزیر و تەئیدی بخەینە دەنگدانەوە، پێشنیاری كاك جەمال قاسمیش ئەگەر بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، فەرموو كاك رەشاد..

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فرۆشتنی مەعامیل قەزائیەن دەفرۆشرێت، ناكرێت مەنع بكرێتن، بەڵام زەوابتی بۆ دابنرێت، مەعمەلێك قابیلە بۆ فرۆشتن، قابیلە بۆ موساهەمە كردن، قابیلە بۆ تەنازول ئەوە قانونیەن موخالیفە ناكرێت، دەبێت بە شتێكی تر چارەسەری لێ بكرێتن، دوو شت هەیە ئەگەر رێگە بدەن، بەنیسبەت مواسەفات باس كرا زۆر، خۆی مواسەفات دوو مواسەفات هەیە لە هەموو دنیا عالەمی هەیە، هی ئەو دەوڵەتەش هەیە، ئێستا لێرە مواسەفاتی عێراقی هەیە و عالەمیش هەیە، ئەو دوو مواسەفاتە ئیشی پێ دەكرێت بە رێگەی وەزارەتی تەختیتەوە دابەش دەكرێتە سەر هەموو وەزارەتەكان و پابەند دەبن پێی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

ئەگەر لیژنەی یاسایی ئاخیر مولاحەزەیان نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جگە لەو مولاحەزەتانەی نیشانماندا مولاحەزەی ترماوە؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

ئێستا ماددەكە لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاسایی و وەزیر دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەكە بە كۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی تر لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

1-الوزير:هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون.

2-وكيل الوزارة:يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه, على ان يكون حاصلا على شهادة جامعية الاولية.

3-المستشارون:لا يزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الاولية وله خبرة وممارسة.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**یەكـەم: وەزیـر:** سـەرۆكی بـاڵای وەزارەتەكەیـەو ، لـە ئـیش وكـارو ئاراسـتەكردنی سیاسـەتی وەزارەتەكـە بەرپرسەو, هەموو بڕیارو فەرمان ورێنماییگەلێ كە پێوەندییان بە كارو فرمان و پێكهاتەكان و دەسـەڵاتیان و كاروباری دیكەی هونەری ودارایی وكارگێری و رێكخستنی وەزارەتەكـەوە هـەبێ، بـەپێی حوكمـەكانی ئـەم یاسایە، لەوەزیرەوە دەردەچن و خۆی سەرپەرشتی دەكات.

دووەم:بریكاری وەزارەت: لە چوار چێوەی ئەو دەسەڵاتانەدا كە پێی دەسپێردرێ یاریدەی وەزیر دەدات ، لە رێنمایی كردنی وەزارەتەكە و سەرپەرشتی كردنی كاروبارەكانیدا, مەرجیشە بڕوانامەی زانكۆی هەبێ.

راوێژپێكراوەكان:لەچواركەس زیاتر نابن، دەشبێ بڕوانامەی زانكۆیان هەبێ و، شارەزا و خاوەن ئەزموون و (ئەزموندار) بن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بە زمانی كوردی.

هەرچی ماددەی سێیەمی پرۆژەكەیە, ئەوە لیژنە ئەم پێشنیاز و راسپاردانەی خوارەوەی هەیە:

1- زنجیرە ڕەنووسەكان (الرقمية) بە نووسین بنووسرێن.

2- دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی (1) وەكو ئەمەی خوارەوە:

(وەزیر: سەرۆكی باڵاو ، بەرپرسی ئیش وكارو ئاڕاستەكردنی سیاسەت و سەرپەرشتكردن و ریقابەكردنی وەزارەتەكەیەو، هەموو بڕیارو فەرمان ورێنماییگەلێكیش پێوەندییان بە ئەركوفرمان و پێكهاتەو سەڵاحییات و كاروباری دیكەی هونەری ودارایی وئیداری ورێكخستنی وەزارەتەكەوە هەیە، بەپێی حوكمەكانی یاسایە لە وەزیرەوە دەردەچێ, وەزیر لەبەردەمی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا بەرپرس دەبێ ، چونكە خۆیشی ئەندامێكی هاوكاری ئەنجومەنی وەزیرانە).

3- رستەی (مەرجیشە بڕوانامەی زانكۆی هەبێ) لە بڕگەی (دووەم) لابرێ, چونكە ئەوە بە دەقێكی یاسایی چارەسەر كراوە, رستەی (لەلایەن وەزیرەوە) لە كۆتایی بڕگەكەدا زیاد بكرێ.

4- گواستنەوەی هەردوو بڕگەی (1و2)ی ماددەی چوارەمی پرۆژەکە بۆ ماددەی دووەم دوای ئەوەی کە ڕستەی (بە پلەی بەڕێوەبەر)ی بۆ زیاد دەکرێ, تا زنجیرەی (سێیەم و چوارەم) لە ماددەی سێیەمدا وەربگرن.

5- زنجیرەی (3- ڕاوێژکارەکان – ببێ بە زنجیرەی پێنجەم).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئەو دوو فەقەرەیەی کە دەتەوێ زیاد بکرێ بخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ) لە بڕگەی (دووەم) لابرێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئەو دوو فەقەرەیەی ویستت بێتە ئەوێ, ئەوەشمان بۆ بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گواستنەوەی هەردوو بڕگەی (1و2)ی ماددەی چوارەمی پرۆژەکە بۆ ماددەی دووەم دوای ئەوەی کە ڕستەی (بە پلەی بەڕێوەبەر)ی بۆ زیاد دەکرێ, تا زنجیرەی (سێیەم و چوارەم) لە ماددەی سێیەمدا وەربگرن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

لیژنەی پیشەسازی فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سێ خاڵمان هەیە سەبارەت وەزیر خاڵی یەکەم لە کۆتایی خاڵەکەدا ئەم ڕستە زیاد بکرێت (وەزیر بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بداتە بریکاری وەزارەت و بەڕێوەبەرەکانی گشتی و هەر کەسی تر), ئەوە لە گشت وەزارەتەکاندا ئیسبات بووە, بەس لێرە تەسبیت نەبووە.

سەبارەت بە بریکاری وەزارەت, چونکە وەزارەتێکی تەخەصوصییە, میهەنییە, نابێت شەهادەی پسپۆڕی زانکۆیی لە شەهادەی زانکۆی زراعە, ئان ئیختیسار بێت, ئێمە بە پێویستمان زانی بە پسپۆڕی زیاد بکرێت لە بریکاردا.

بە هەمان شێوە لە ڕاوێژکارەکان خزمەتیان لە دەساڵ کەمتر نەبێتن زیاد بکرێت لە فەقەرەی سێیەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ڕەئی لیژنەی قانونی تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكیل وەزیر, یان مودرا عامین و, یان ئەو فەرمانبەرەی كە خۆی دەیەوێت هەندێك لە دەسەڵاتەكانی خۆی بداتێ, ئێمە پشتگیریی لێ دەكەین, بەنیسبەت ئەگەر ئیزافە بكرێت, پسپۆڕیەكەش ئێمە هیچ مەنیعەتمان نییە, لە زۆربەی وەزارەتەكان ئەو فەقەرەیە هاتووە, ئەم دوو فەقەرەیە ئێمە تەئیدی دەكەین, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

جەنابی وەزیر هیچ مولاحەزەتان نییە, ئێستا ماددەكە لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاسایی و لیژنەی پیشەسازی دەیخەینە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, لیژنەی یاسایی تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: تتكون تشكيلات الوزارة مما ياتي:

1-مكتب الوزير:يرأسه موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

2-مكتب وكيل الوزارة:يديره موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

3- المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها:

1-مديرية الشؤون الادارية.

2-مديرية الافراد.

3-مديرية الشؤون القانونية.

4-مديرية المالية.

5-مديرية الاعلام والعلاقات.

6-مديرية الرقابة وتدقيق الداخلي.

4-المديرية العامة للتخطيط والمتابعة:

ويرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية في الاقل ومن ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها:

أ-مديرية الشؤون الفنية.

ب- مديرية المشاريع والاستثمارات.

ج-مديرية تخصيصات الخطة والكلفة.

د-مديرية مركز المعلومات والمعرفة العلمية.

5- المديرية العامة للصناعة:

يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها:

أ-مديرية المعامل الحكومية.

ب-مديرية المعامل الاهلية.

ج-مديرية السيطرة النوعية.

د-مدير الشؤون التجارية.

بەڕێز كريم بحرى عبدالله:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ماددەی چوارەم: پەیكەری وەزارەتەكە لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1- نووسینگەی وەزیر: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆكایەتیی دەكا، بڕوانامەی زانكۆی هەبێ، ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

2- نووسینگەی بریكاری وەزارەت: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆكایەتی دەكات، بڕوانامەی زانكۆی هەبێ، ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

3- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی كاروباری ئیداری ودارایی: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتیی دەكا، بڕوانامەی زانكۆی هەبێ و، لەو ئیشەدا شارەزاو پسپۆڕ بێ ئەمانەی خوارەوەش داوەستەی دەبن:

أ- بەڕێوەبەرایەتی كاروباری كارگێری.

ب- بەڕێوەبەرایەتی كاروباری (الافراد) تاكەكان.

ج- بەڕێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی.

د- بەڕێوبەرایەتی دارایی.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و پێوەندییەكان.

و- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و وردبینی (تدقيق) ناوخۆیی.

4- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتی دەكا، بە لایەنی كەم بڕوانامەی زانكۆی هەبێ و، لەو ئیشەدا شارەزاو پسپۆڕ بێ ئەمانەی خوارەوەش داوەستەی دەبن:

أ- بەڕێوەبەرایەتی كاروباری هونەری.

ب- بەڕێوەبەرایەتی پرۆژەگەل و وەبەرهێنانەكان (الاستثمارات).

ج- بەڕێوەبەرایەتی پارەی تەرخانكراو و ئەركو خەرجی پلان.

د- بەڕێوبەرایەتی ناوەندی زانیاری و مەعریفەی زانستی.

5- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پیشەسازی: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتیی دەكا، بڕوانامەی زانكۆی هەبێ و ، شارەزا و پسپۆڕ بێ, ئەمانەی خوارەوەش داوەستەی دەبن:

أ- بەڕێوەبەرایەتی كارگە حكومیەكان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی کارگە ئەهلیەکان.

ج- بەڕێوەبەرایەتی زەمانەتی چۆنێتی.

د- بەڕێوبەرایەتی کاروباری بازرگانی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ڕای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچی ماددەی چوارەمی پرۆژەکەیە, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات, بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

ماددەی چوارەم: وەزارەت لەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتییانەی خوارەوە پێك دێت:

یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ئیداری ودارایی: فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێ, ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەش کە لە پرۆژەکەدا هاتوون, پێوەی واوەست دەبن, ڕستەی (بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی)یش لێ لا بدرێ, چونکە بەپێی ناونیشانەکە خۆی بەڕێوەبەری گشتییە – زنجیرە ژمارە (3)یش بکرێ بە (یەکەم).

دووەم: زنجیرەی ژمارە (4) بکرێ بە (دووەم) (بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون), ڕستەی (بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی)یشی لێ لا بدرێ, چونکە بەپێی ناونیشانەکە خۆی بەڕێوەبەری گشتییە, بەڕێوەبەرایەتیەکانیش کە لە پرۆژەکەدا هاتوون پێوەی داوەست دەبن.

سێیەم: زنجیرەی ژمارە (5) بکرێ بە (سێیەم) (بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پیشەسازی), ڕستەی (بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی)یشی لێ لا بدرێ, چونکە بەپێی ناونیشانەکە خۆی بەڕێوەبەری گشتییە, بەڕێوەبەرایەتیەکانیش کە لە پرۆژەکەدا هاتوون پێوەی داوەست دەبن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ڕای لیژنەی پیشەسازی فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم: لیژنەکەمان بە پێویست دەزانێ زیاد کردنی وشەی (پرۆژەکانی پیشەسازی) لە خاڵی (أو ب) بەم شێوەیە بێت:

أ- بەڕێوەبەرایەتی کارگە و پرۆژەکانی پیشەسازی حکومیەکان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی کارگەو پرۆژەکانی پیشەسازی ئەهلیەکان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

جەنابی وەزیر ڕەئیت لەسەر ئەو پێشنیارانە.

**بەڕێز وداد خورشید عثمان (وەزیری پیشەسازی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخۆی ئەساسەن مودیریەتی صناعەی عامە, (مدیریة عامة للصناعة) هەمووی شمول دەکات, فەرقی نییە, ئەوە مودیری مەعاملەکانە, تەماشای مەعاملەکان دەکات, ئەگەر ئەو مەعەمەلە مەشاریع بێت, یان هەر بە خۆی مەشروعە, پێم وایە زیادە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئەندامانی پەرلەمان کێ دەیەوێ موناقەشە بکات, تەنها دوو کەس, فەرموو مام رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو مودیریەتە, لەبەر ئەوەی مەشاریعی قیتاعی خاص بەخۆیەوە دەگری, وا باشترە ناوی ببێتە (مدیریة التنمیة الصناعیة لمشاریع القطاع الخاص), چونکە یەك لە ئەهدافەکانی وەزارەت تەنمیەیە تەنمیەی مەشاریعی قیتاعی خاصە.

بەنیسبەت (ج)یش هاتووە (مدیریة السیطرة النوعیة) بکرێتە (مدیریة التقییس والسیطرة النوعیة), چونکە لە ئەسنای فەحس دوو شت فەحس دەکرێت, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

بەپێی پێشنیاری یاسایی ئەوانە دەڕواتە نیزام, فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی وشەکە واوەستەیە, داوەستە نییە, ئەوە یەك.

دووەم/ صناعاتی گەورە هەیە, مەسەلەن صناعاتی هەندەسی و پیترۆکیمیایی, غیزائی, نەسیج و صناعاتی سەیارات و مەکائین و زۆرمان هەیە, ئەمە سەر بە چ بەڕێوەبەرایەتیەکن دیاری نەکراوە, ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

تکایە رەئیەکەت بە وازیحی بدە, بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایی رەئیەکەت وەربگرن.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەنگی دەرنەچووە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

مودیریاتی فەرعی دەچێتە نیزام, لیژنەی یاسایی ئاخیر تێبینیتان هەبێت, بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە, ئێستا ماددەکە لەگەڵ پێشنیارەکانی لیژنەی قانونی دەخەینە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز

**بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, تكایە لیژنەی قانونی ماددەكەی تر.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة الخامسة:**

**اولا/المجلس الاستشاري للوزارة ويتألف من:**

**1-الوزير:رئيساً**

**2-وكيل الوزارة/نائباً للرئيس.**

**3-مستشاريين/اعضاء.**

**4- المدراء العامين/اعضاء.**

**5-اي موظف اخر يراه الوزير مناسبا/عضواً.**

**ثانيا:يعقد المجلس الاستشاري للوزارة اجتماعا اعيتاديا شهريا او كلما دعت الحاجة, ولا ينعقد المجلس الا بحضور رئيسه او من ينوب عنه عند غيابه, ويتولى تقديم الاستشارة في الامور التالية:**

**1-ستراتيجية التصنيع و وضع الخطط لها وفق سياسة التنمية الاقتصادية في الاقليم.**

**2-تنسيق العمل بين المديريات العامة للصناعة وتوحيد اساليبه في القضايا المشتركة بينها واقتراح التعليمات وتقديم التوصيات بهذا الشأن.**

**ثالثا: استحداث او الغاء او دمج مديريات ضمن المديريات العامة.**

**بەڕێز كریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی پێنجەم: ئەنجومەنی ڕاوێژكاریی وەزارەت: لەمانەی خوارەوە پێك دێت:**

**1- وەزیر: سەرۆكە.**

**2- بریكاری وەزارەت: جێگری سەرۆكە.**

**3- ڕاوێژكارەكان: ئەندامن.**

**4- بەڕێوەبەرە گشتییەكان: ئەندامن.**

**5- هەر فەمانبەرێكی دی وەزیر بەشیاوی دەزانێ: ئەندامە.**

**دووەم: ئەنجومەنی راوێژپێكراوی وەزارەت مانگانە, یان هەركاتی پێویست بكات, كۆبوونەوەیەكی ئاسایی ساز دەدات, ئەم ئەنجومەنە بە ئامادە بوونی سەرۆكەكەی نەبێ, یان ئەگەر خۆی دیار نەبوو بە ئامادە بوونی جێگرەكەی نەبێ, كۆنابێتەوە, ئەنجومەن راوێژكاریی خۆی لەسەر ئەم كاروبارانەی خوارەوە پێشكەش دەكات:**

1-ستراتیجی پیشەدار کردن و دانانی پلانەکانی, بەپێی سیاسەتی گەشە پێدانی (سیاسة التنمیة) ئابووری هەرێم.

2- کارکردن بەهاودەنگی لەنێوان بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پیشەسازیداو یەکخستنی شێوازەکانی کار لە مەسەلە هاوبەشەکانی نێوانیاندا, هەروەها پێشنیاز کردنی ڕێنمایی و پێشکەش کردنی راسپێریی لەو بارەیەوە.

سێیەم: کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی نوێ, یان پوچەڵ کردن, یان یەکخستنی چەند بەڕێوەبەرایەتیەك لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکاندا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچی ماددەی پێنجەمی پرۆژەکەیە, ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات کە:

1- (یەکەم) لە سەرەتاوە لابدرێ و وشەی (المستشارین) کە لە بڕگەی (3)داهاتووە بکرێ بە (المستشارون).

2- بڕگەی (دووەم) لابرێ, چونکە ئەوە بە پێڕۆی ناوخۆ چارەسەر دەکرێ.

3- بڕگەی (سێیەم) بکرێ بە بڕگەیەکی سەربەخۆ لە ماددەی حەوتەمدا و بەشێوازێکی دی دابڕێژرێ, وەك دواتر لەم راپۆرتەدا دەردەکەوێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەیەك هەیە لەوانەیە لەبیرمان چوو بێت بەڕاستی لە وەزارەتەکانی دیکە بەکارمان هێناوە, ئەویش موستەشارەکان وەکو عەدەدێکی ستاندەر نابێت لە چوار زیاتر بێت, لێرە بە مەفتوحی هاتووە, پێمان باشە لە چوار زیاتر نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

رای لیژنەی پیشەسازی.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: لیژنەکەمان بە پێویستی دەزانێ ئەم رستەیە بگۆڕێت, بەم شێوەیە بێت:

5- هەر شارەزایەکی پسپۆڕێکی دی کە وەزیر لەناو وەزارەت, یان لە دەرەوەی وەزارەتەکەوە دایبنێ: ئەندامە.

چونکه لێره نووسراوه (اي موظف اخر يراه الوزير مناسباً/عضواً), لێره تەبديلمان کرد (اي خبير اختصاصي يختاره الوزير من داخل الوزارة, او خارجها), ئەوه يەك.

سەبارەت بە فەقەرەی سێیەم (ثالثاً) لابرێ, لە خاڵی سێیەم لە ماددەی پێنجەم بۆ ماددەی شەشەم, چونکە لە دەسەڵاتی وەزیرە, ئەوە لە ماددەی پێنجەم خاڵی سێیەم زیادە, بچێتە ماددەی شەشەم (استحداث او الغاء او دمج مديريات ضمن المديريات العامة), سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز وداد خورشيد عثمان (وەزیری پیشەسازی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ لیژنەی قانونی موتەفیقین, بەس لێرە (اي موظف اخر يراه الوزير مناسبا/عضوا), منیش وا دەبینم ئەو وشەی موەزەف دەلالەت لە موەزەفی وەزارەت دەکات, مەفتوح بێت ئەگەر لە موئەسەسەی صناعاتەکانی تر وەردەگرێت باشترە, هەر شارەزا بێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئیدی پێشنیاری لیژنەی پیشەسازی دەکەین لەو مەسەلە بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین لە فەقەرەی پێنجەکە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئەندامە بەڕێزەکان مولاحەزەتان هەیە, فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ئەنجومەنی راوێژکارییە لە هەندێ وەزارەتەکانی دیکەشدا هەمان بووە, لەڕاستیدا جگە لە راوێژکاران و وەزیر و بریکاری وەزیر کە ئەندامن, یان فەرمانبەرێکی تر کە وەزیر پێی باش بووە, لە هەندێ حاڵەتی تر, ئێمە لە وەزارەتەکانی دی نوێنەرایەتی هەبووە لەو ئەنجومەن راوێژکارییە, بەپێی بڕگە یەکی ماددەی دووەم, کە راستەوخۆ پەیوەندی بە وەزارەتی بازرگانیەوە هەیە, تۆزێك پێش ئێستا یاسایەکەی دەرچوو, لە هەمان کاتیشدا ئەنجومەنی راوێژکاری لە وەزارەتی پیشەسازی هەمیشە بەشێك لە گفتوگۆیەکان پەیوەندی بە ژینگەوە دەبێت, بۆیە من پێشنیار دەکەم نوێنەرایەتی هەردوو وەزارەت, وەزارەتی بازرگانی و ژینگە لەو ئەنجومەنەدا بەشدار بن, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە كە دەڵێین خوبەرا, خوبەرای ناوەوە و دەرەوەی وەزارەت جائیزە, هەر كاتێك مەوزوعێك تەرح كرا, پەیوەندی بە وەزارەتێك هەبوو, ئیمكان هەیە خەبیری ئەو وەزارەتە ئیستیدعا بكات و جەنابی وەزیر و رای بپرسی, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

كاك دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە هەرچەندە ئاماژەشی پێ كرا, كە راوێژكارەكان ئەندامن, بەس تەئكیدیش بكرێتەوە, كە ژمارەیان لە چوار كەمتر نەبن, بەنیسبەت پێنجەم هەر فەرمانبەرێكی پسپۆڕی دی كە وەزیر بە شیاوی بزانێ, ئەمە پەڕیوە, یان نەكراوە.

دووەمیش, من پێم وایە بەم شێوەیە بمێنێتەوە (ئەنجومەنی راوێژپێكراوی وەزارەت مانگانە, یان هەركاتی پێویست بكات, كۆبوونەوەیەكی ئاسایی ساز دەدات) لێرەوە كۆتایی پێ بێت, ئەویتر نەصێكی پێویست ناكات, دەچێتە نیزامەوە, هەتا ئێرە دروستە بمێنێتەوە, بەڵام پاش ئەوەوە بەنیسبەت منەوە پێویستی بە شەرح نازانم, لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كاك دكتۆر ناصح ئیشارەتی پێدا بە نەزەر ئیعتیبارمان وەرگرتووەو پەیڕەویشی دەكەین, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

ئێستا ماددەكە لەگەڵ پێشنیازی لیژنەی قانونی دەخەینە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, لیژنەی قانونی ماددەكەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

1-للوزير تشكيل لجان دائمية او وقتية حسب الحاجة.

2-للوزير منح المخصصات للعاملين وفقا لطبيعة العمل او الموقع الجغرافي او المسؤولية الوظيفية او الخبرة و وفقا للتعليمات.

**بەرێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم:

1- وەزیر بۆی هەیە لیژنەگەلی هەمیشەیی، یان لیژنەگەلی کاتی، بەپێی پێویست پێك بهێنێ.

2- وەزیر بۆی هەیە بەپێی رێنمایی دەرماڵە بەکارمەندان بدات، بەپێی سروشتی کارەکەی، یان بەپێی جێگەی جوگرافی، یان بەپێی بەرپرسیارێتیی وەزیفی، یان بەپێی شارەزایی لە کارەکەیدا.

**بەرێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەرێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

هەرچی ماددەی شەشەمی پرۆژەکەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات لا ببرێ، چونکە ئەوە سەلاحییاتی وەزیرەو، بە پێڕۆ چارەسەر دەکرێ.

**بەرێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

رای لیژنەی پیشەسازی فەرموو.

**بەرێز عزالدين سليم خديدا:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە لەسەر ئەو ماددەیە، بەس تەنها خاڵی سێیەمی ماددەی پێنجەم بێتە ماددەی شەشەم، سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەرێز وداد خورشيد عثمان (وەزیری پیشەسازی):**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

تێبینیمان نییە تەئیدی رای لیژنەی یاسایی دەکەین.

**بەرێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

لیژنەی یاسایی ئاخیر پێشنیارتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵی سێیەم هەر لە راپۆرتی خۆماندا هاتووە, بەڕاستی داوای نەقلم کردووە, تەصویتیشی لەسەر کرا, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئەندامە بەڕێزەکان, ئەوانەی دەیانەوێت قسە بکەن, دیارە هەموو موافیقن, لیژنەی یاسایی ئاخیر پێشنیارتان بخوێننەوە, بۆ ئەوەی بدەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ پێشنیارمان نییە, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئێستا ماددەکە لەگەڵ پێشنیازی لیژنەی قانونی دەخەینە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, لیژنەی قانونی ماددەکەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

تحدد مهام وتشكيلات الوزارة بنظام.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: ئەرکو فرمان و پێکهاتەکانی وەزارەتەکە لە پەیڕەوی ناوخۆ دیار دەکرێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچی ماددەی حەوتەمی پرۆژەکەیە, لیژنە پێشنیاز دەکات بکرێ بە سێ بڕگە و بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

یەکەم: ئەرکو فرمان و ئیشە تایبەتەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بەپێڕۆ دیار دەکرێن.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە رێنماییگەلی پێویست بۆ بە ئاسانی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی، یان بەش، یان هۆبە، لە پێکهاتەکانی وەزارەتەکەدا بکاتەوە، یان یەکیان بخات، یان ئیلغایان بکات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

رای لیژنەی پیشەسازی.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان لەسەر ئەم ماددەیە نییە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

جەنابی وەزیر رات چیە.

**بەڕێز وداد خورشید عثمان (وەزیری پیشەسازی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رای لیژنەی یاسایی داین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئەندامە بەڕێزەکان، کاک تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا یەك تێبینیم هەیە، ئەویش روون کردنەوەیە، ئەو تەرجومە کوردیە ئێمە بەرپرسیار نین لێی، چونکە تۆمار دەکرێت، چونکە کوردیەکە هی ئێمە نییەو بەرپرس نین، ئەگەر برادەران گلەییان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئێستا ماددەکە لەگەڵ پێشنیازی لیژنەی قانونی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، لیژنەی قانونی ماددەکەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: ترتبط مديرية الصناعة في المحافظات بالوزارة.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم:بەڕێوەبەرایەتیەکانی پیشەسازی لە پارێزگاکاندا دەبەسترێن بەم وەزارەتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

ڕاى لیژنەى یاسایى.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە لەسەر ئەو ماددەیە, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

ڕاى لیژنەى پیشەسازى.

**بەڕێز عزالدين سليم خديدا:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیم لەسەر ئەو ماددەیە نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

جەنابى وەزیر.

**بەڕێز وداد خورشيد عثمان (وەزیرى پیشەسازى):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

تەئیدى ڕاى لیژنەى یاسایى دەكەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

بەڕێزان ئەندامان ئەگەر مولاحەزەتان هەیە, كاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەو مودیریانە زەرووریيە لە موحافەزات بمێنن, لەبەر ئەوەى مەعمەلێكى زۆر هەیە لە سلێمانى و لە دهۆك.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكى):**

ماددەكە لەغو بكرێت, نەك مودیریەتەكە, سوپاس, ئێستا ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ ئیلغاى ئەم پێشنیارەیە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە زۆرینەى دەنگ وەرگیرا, لیژنەى قانونى ماددەكەى تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: لا يعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ماددەى نۆیەم: هەر دەقێ لەگەڵ حوكمەكانى ئەم یاسایەدا نەگونجێ كارى پێ ناكرێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

رای لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچی ماددەی نۆیەمی پرۆژەكەیە هیچ تێبینیمان لەسەری نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

رای لیژنەی پیشەسازی.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز وداد خورشید عثمان (وەزیری پیشەسازی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رای لیژنەی یاساییین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

ئەندامە بەڕێزەكان, ئێستا ماددەكە لەگەڵ پێشنیازی لیژنەی قانونی دەخەینە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, لیژنەی قانونی ماددەكەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددە دە كە ئێستا بووە ماددەی هەشت: پێویستە لەسەر وەزیرە پێوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە بەجێ بهێنن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی ماددەی دەیەمی پرۆژەكە, لیژنە پێشیاز دەكات, بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

(پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

رای لیژنەی پیشەسازی.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز وداد خورشید عثمان (وەزیری پیشەسازی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئیدی رای لیژنەی یاسای دەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئەندامە بەڕێزەکان، ئێستا ماددەکە لەگەڵ پێشنیازی لیژنەی قانونی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، لیژنەی قانونی ماددەکەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في وقائع كوردستان.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدە دەکاتە ماددەی نۆیەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاو کردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)دا، کاری پێ دەکرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچی ماددەی یازدەمی پرۆژەکە، لیژنە پێشیاز دەکات، بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

(ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنیەوە کاری پێ دەکرێ و، لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

رای لیژنەی پیشەسازی.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

ئەندامە بەڕێزەکان, ئێستا ماددەکە لەگەڵ پێشنیازی لیژنەی قانونی دەخەینە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, لیژنەی قانونی ئەسبابی موجیبە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الاسباب الموجبة**

**نظرا لفك ارتباط دوائر الكهرباء عن وزارة الصناعة والكهرباء واستحداث وزارة الكهرباء, ودمج قطاعي الصناعة في الادارتين (اربيل والسليمانية) في الوزارة الواحدة, وبهدف تنظيم اعمال الوزارة والمديريات العامة التابعة لها, فقد اصبح من الضروري اصدار قانون يحدد مهام واهداف هذه الوزارة والمديريات العامة المرتبطة بها وينظم مهام كل منها ولتحقيق ما تقدم, فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

**لەبەر ئەوەی کە دەزگاکانی کارەبا لە وەزارەتی پیشەسازی و کارەبا دابڕ کراوە, وەزارەتی نوێی کارەبا دامەزراوە,لە هەردوو کەرتی پیشەسازیش لە ئیدارەی (هەولێر و سلێمانی) لە یەك وەزارەتدا یەکیان گرتەوە, بۆ ڕێکخستنی ئیش و کاری ئەم وەزارەتەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پێویستی بەوەکرد یاسایەکی بۆ دەرچێ ئەرك و فەرمان و ئامانجەکانی ئەم وەزارەتەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی دیار بکاو, ئەرك و فەرمانی هەریەکەیان ڕێك بخات و ئەم ئامانجانەی سەرەوەش بهێنێتەدی لەبەر ئەوە ئەم پرۆژەیە کرا بە یاسا.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کرکوکی):**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی (هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە) ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات, بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

**هۆكارەكانی دانانی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەوەی لە حكومەتی هەرێمی كوردستاندا، وەزارەتی پیشەسازی تازە دانراوەو، دایەرەكانی كارەبایشی لێ دابڕكراوەو، بۆ ئەوەش كە كەرتە پیشەسازییەكانی هەرێم یەكبخرێن و سەرپەرشتیی بزاڤ و ئاراستەكردنیان بكرێ و موراقەبەكردنی جۆرو چۆنێتیی رەنێوهاتە پیشەسازییەكان (المنتجات الصناعية) مەیسەرببێ ولەگەڵ مواسەفاتی بەركاردا چونیەك زامن بێ و، چۆنێتییان چاكتر بكرێ و، ئیش وكاری وەزارەتەكەو بەڕێوەبەرایەتییەگشتییەكانیشی رێك بخرێن، لەبەر ئەوە، زەرووڕەت وەهای پێویست كرد كە یاسایەك بۆ دیاركردنی ئەرك وفەرمان و ئامانجەكانی وەزارەتەكەو بەڕێوەبەرایەتییەكانی دابنرێ و ئەرك وفەرمانی یەكە بەیەكەیان رێك بخات، جا، بۆ وەدیهێنانی ئەوانە ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

ئەگەر كەس مولاحەزەی نییە لەسەر, ئێستا ئەسبابی موجیبە لەگەڵ قانونەكە دەخەینە دەنگدانەوە, پێشنیاری دیباجە كە لە لایەن لیژنەی یاساییەوە كراوە, لەگەڵ گشت ماددەكان دەخەینە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, زۆر سوپاس بۆ هەمووتان, سوپاسی جەنابی وەزیریش كە وتەیەكی هەیە بۆ ئێوە, فەرموو.

**بەڕێز وداد خورشید عثمان (وەزیری پیشەسازی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاسی هەموو لایەكتان دەكەین, بەتایبەتی لیژنەی یاسایی لە كاتی پشووشیان بەردەوام بوون لە كارەكانیان, زۆر سوپاسی هەموو لایەكتان دەكەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كركوكی):**

ئێستا كۆتایی بەم دانیشتنە دەهێنین, سوپاس و پیرۆزبایی لە جەنابی وەزیر دەكەین, ئومێدەوارین ئیش وكارەكانیان بەپێی ئەو یاسایە ببات بەڕێوەو, سەركەوتوو بێت تێیدای, رۆژی دوو شەممە سەعات دە دانیشتنی پەرلەمان دەبێتن, بۆ دوو یاسای تر كە لەبەر دەستمان دایە, كە یەكێكیان وەزارەتی گەشتوگوزار, وەزارەتی گەیاندن, خۆتان بۆ ئامادە بكەن, رۆژی دوو شەممە سەعات دەی بەیانی لێرە بن و سەركەوتوو بن و خوا حافیز.

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.كمال كركوكی)**
**جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**